# مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## (سەردەمی دووبەرەکی و شەڕ و لێک دابڕان)
## بەرگی ٤

نووسینی: قاسم قازی

مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

(سەردەمی دووبەرەکی و شەڕ و لێک دابڕان)

بەرگی ٤

نووسینی: قاسم قازی

هەڵەگر: موعتەسەمی نوورانی

دیزاین: شاروخ ئەڕژەنگی

چاپی یەکەم سوید ٢٠١٩

چاپی چوارم سوید ٢٠٢٥

چاپ و بڵاو کراوەی 49books

www.49plusbooks.com

ISBN: 978-91-89734-33-3

ISBN vol 4: 978-91-89734-37-1



مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

## ناوەرۆک


بەشی ٦٣ ........ ٩
بووژانەوە یان ترازان لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات ........ ٩
کۆمەڵەی کومونیستی کوردستان. ........ ١٢
ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور. ........ ١٣
چاپ کردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان" لە کوردستانی باشوور ........ ١٤
گۆڤاری ڕێگا ........ ١٦
دامەزراندەوەی حیزبی دێموکرات لە شاری باکۆ ........ ١٨
حیزبی دێموکرات لە ژێر دەستەڵاتی حیزبی توودە دا. ........ ٢١
بەشی ٦٤ ........ ٢٩
بنەماڵەی پێشەوا قازی لە نیوان ساڵەکانی ١٣٢٦ تا ١٣٣٢ دا. ........ ٢٩
بەشی ٦٥ ........ ٣٥
ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٧ تا ١٣٣٢ ........ ٣٥
قات و قڕی لە زستانی ١٣٢٧ دا ........ ٣٥
هەڵبژاردنی دەورەی شازدەهەمی مەجلیسی شوڕای میللی ........ ٣٨
کوژرانی ڕەزمئارا لە ساڵی ١٣٢٩ ........ ٣٩
کومیتەی مەهابادی حیزبی دێموکرات ........ ٤١
محەممەدی مەولوودی ........ ٤٣
موسەدیق بوو بە سەرۆکی وەزیران ........ ٤٧
هەڵبژاردن لە مەهاباد بۆ دەورەی ١٧مەجلیسی شوڕای میللی ........ ٥١
بەشی ٦٦ ........ ٥٥
کومیتەی کاک ( کومیتەکانی ئازەربایجان و کوردستان) ........ ٥٥
ڕاهێنانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە هۆی حیزبی تودە. ........ ٥٦
کارەکانی موسەدیق لە ساڵەکانی ١٣٣١ تا ١٣٣٢ ........ ٥٨
بەشی ٦٧ ........ ٦٢
ڕاپەڕینی جوتیاران لە ساڵی ١٣٣٢ ........ ٦٢
فستیواڵی جیهانی لاوان لە بوخارست ........ ٦٧
کومیتەی "کوردستان" ........ ٦٨
بەشی ٦٨ ........ ٧١
کودەتا ........ ٧١
شکستی کودەتای دژی گەلی لە ساڵی ١٣٣٢ ........ ٧١
سەرکەوتنی کودەتای دژی گەلی لە ساڵی ١٣٣٢ ........ ٧٤
بەشی ٦٩ ........ ٨٠
وەزعی ئەندامانی حیزب لە دوای کودەتای ساڵی ١٣٣٢ ........ ٨٠
کوڕی ڕەش چاوی بە شا کەوت ١٣٣٢ ........ ٨٠
ئەغیار بوونەوە ئەندامانی حیزب بە دوای کودەتای ساڵی ١٣٣٢ ........ ٨١
چاپی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٣٣٣ ........ ٨٩
عیسمەتی قازی(کچی پێشەوا) خۆی کوشت ........ ٩١
پەیمانی بەغدا لە ساڵی ١٣٣٤ ........ ٩٤
بەشی٧٠ ........ ٩٥

قوتار بوونی حیزبی دێموکرات لەژێر چەنگی حیزبی تودە لە ساڵی ١٣٣٤ ........ ٩٥
یەکەم کۆنفرانسی حیزبی دیموکرات لە ساڵی ١٣٣٤ ........ ٩٥
کارەکانی کۆنفرانسی یەک ........ ٩٩
دامەزرانی ساواک........ ١٠٠
گیران و دەربازبوونی نەسرینی قاسملوو........ ١٠١
گیرانی دوکتور قاسملوو ........ ١٠٧
دوکتور قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق دەچنە ئوروپا........ ١١١
بەشی ٧١........ ١١٦
لە ساڵێ ١٣٣٧ زەبری گورچووبڕ لە تەشکیلاتی حیزب کەوت ........ ١١٦
گیرانی عەزیزی یۆسفی........ ١١٦
شاڵاوی گرتنی ئەندامانی حیزب لە ساڵی ١٣٣٨ ........ ١٢٣
بەشی ٧٢........ ١٣٥
رێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ژێر حوکمی ئیعدام دا........ ١٣٥
بەشی ٧٣........ ١٣٩
کۆدەتای١٤ ی ژووئیەی ١٩٥٨ عێراق ١٣٣٧ ........ ١٣٩
گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤییەت........ ١٣٩
گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو لە ئوروپا بۆ عێراق........ ١٤٢
چەند ئیتلاعێک لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران ........ ١٤٣
هەڵاتنی ئەندامانی حیزب بۆ عێراق لە ساڵی ١٣٣٨ ........ ١٤٧
کۆمۆنی سولەیمانییە........ ١٤٧
چوونی دوکتور قاسملوو بۆ کۆموونی سولەیمانییە و دەرکرنی لە عێراق........ ١٥٠
گوێزتنەوەی کۆموونی سولەیمانی........ ١٥٤
کاریگەری گشتی شۆڕشی ١٩٥٨ لەسەر حیزبی دێموکرات........ ١٥٥
کوشتنی ئەسعەد خودایار ........ ١٥٧
بەشی ٧٤........ ١٦١
حیزبی تودە و یەکگرتنەوەی لەگەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان........ ١٦١
پێنجەمین کونگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ساڵی ١٣٣٩ ........ ١٦٣
بەشی ٧٥........ ١٦٥
شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ ........ ١٦٥
رۆڵی حیزبی دێموکرات لە شۆڕشی ئەیلوول دا........ ١٦٦
بەشی ٧٦........ ١٧٦
شۆڕشی سپی لە ساڵی ١٣٤١ ........ ١٧٦
ئاخوندەکان دژی شۆڕشی سپین........ ١٧٩
بەشی ٧٧........ ١٨٣
شاڵاوی گرتنی ئەندامانی حیزب لە ساڵی ١٣٤٢ ........ ١٨٣
پەیوەندی ئەندامانی حیزب لە زیندان دا لە ساڵی ١٣٤٣........ ١٨٥
کێشەی ئەندامانی حیزب لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق لە کوردستانی باشوور ........ ١٨٦
کوشتنی مەلا محەمەدی خالیدی(خۆڕخۆڕە)........ ١٩٧
بەشی ٧٨........ ٢٠١
کۆمەڵەی رەزگاری کوردستان ........ ٢٠١
بەشی ٧٩........ ٢٠٨

کومیتەی ساخکەرەوە لە ساڵی ١٣٤٣ ........ ٢٠٨
بەیانییەی کومیتەی ساخ کەرەوە ........ ٢١٥
کار و تێکۆشانی کومیتەی ساخکەرەوە ........ ٢٢٨
بەشی ٨٠ ........ ٢٤١
کونگرەی ٢ ی حیزبی دیموکرات ........ ٢٤١
ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزبی دێموکرات ........ ٢٤٩
بەیاننامەی کونگرەی ٢ ........ ٢٥٠
لەمەڕ ناوەندیەتی حیزبی: ........ ٢٥٩
دژکردەوەی ئەندامانی حیزب بە بڕیاراتی کۆنگرەی ٢ ........ ٢٦٦
بەشی ٨١ ........ ٢٧٣
مەلایی و جەلالی ........ ٢٧٣
هێرشی بارزانی بۆ سەر باڵی مەکتەبی سیاسی و تێکشکانی پاشماوەی کومیتەی ساخکەرەوە ........ ٢٧٦
بەشی٨٢ ........ ٢٨٢
ئاکامی کومیتەی ساخکەرەوە ........ ٢٨٢
تەقە لە شا لە ساڵی ١٣٤٤ ........ ٢٩١
بەشی ٨٣ ........ ٢٩٢
ناکوکی نیوان رێبەری حیزبی دێموکرات بە دوای کۆنگرەی ٢ دا ........ ٢٩٢
گیران و راکردنی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٥ (١٣٤٤) ........ ٢٩٣
زیزبوون و تۆرانی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی دێموکرات ........ ٢٩٦
بەشی ٨٤ ........ ٣٠٠
گەڕانەوەی دەستەکانی رێبەری حیزب بۆ ناوخۆی وڵات لە ساڵی ١٣٤٤ ........ ٣٠٠
دابەش بوونی ئەندامانی حیزب بەسەر پارتی و جەلالی لە ساڵی ١٩٦٤ ........ ٣٠٩
کوشتنی سەدیق ئەنجیری ........ ٣١١
بەشی ٨٥ ........ ٣٢١
بێدەسەڵات بوونی ئەحمەد تۆفیق لە لای شۆڕش دا ........ ٣٢١
دوور خستنەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆ کانی ماسی ........ ٣٢٣
بەشی ٨٦ ........ ٣٢٨
کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات ........ ٣٢٨
حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٤٥ ........ ٣٣٤
چاپی رۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ (١٣٤٤- ١٣٤٥) لە ئوروپا ........ ٣٣٧
بەشی ٨٧ ........ ٣٣٩
حیزبی دێموکرات بەر لە راپەڕینی ٤٦-٤٧ ........ ٣٣٩
گیرانی مونتەقیمی قازی ........ ٣٥١
شێوە کاری تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە دەهەی ٤٠ و٥٠ دا ........ ٣٥٧
نەحۆ پاشائی (باپیر شکاک) ........ ٣٥٩
بەشی ٨٨ ........ ٣٦٢
جوڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ ........ ٣٦٢
حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات ........ ٣٦٢
بەشی ٨٩ ........ ٣٦٨
شەڕەکانی ساڵی ١٣٤٦ ........ ٣٦٨
بەشی ٩٠ ........ ٣٧٦

دەستی ڕێژیمی ئێران و هەڵسوکەوتی شۆڕش بە دژی خەباتی چەکداری ٤٦- ٤٧ ........ ٣٧٦
جاشێتی ........ ٣٨٣
زیندانی ڕێژیم و زیندانیانی حیزبی دێموکرات ........ ٣٨٦
بەشی ٩١ ........ ٣٩١
ڕاپەڕینی ٤٦- ٤٧ (ساڵی ١٣٤٧) ........ ٣٩١
ڕێکەوتنی نابەدڵی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٤٦ ........ ٣٩١
بەشی ٩٢ ........ ٤٠٢
ڕێکخراوی شۆڕشگێری حیزبی تودە ........ ٤٠٢
کوڕوشی لاشایی ........ ٤٠٢
بەشی ٩٣ ........ ٤٠٨
شەهیدانی ساڵی ١٣٤٧ ........ ٤٠٨
شەهید بوونی سمایلی شەریفزادە ........ ٤٠٨
مەلا ئاوارە ........ ٤١٤
گیرانی سولەیمان موعینی ........ ٤٢٣
ڕەنگ دانەوەی کوشتنی سولەیمان موعینی ........ ٤٣٦
شەهیدان عەوڵا موعینی و مینە شەم ........ ٤٣٨
محەممەد ئەمینی موعینی ........ ٤٤٢
شەهیدانی کێوی حاجی کیمی ........ ٤٤٣
مراد شیرێژ ........ ٤٤٨
شەهیدان محەممەد ڕەسۆمەرەی و فەقێ عەلی شیوەسەڵی (عەلی ڕەش) ........ ٤٥٠
شەڕی گوێزە کوێرە ........ ٤٥٢
ئەشکەوتی خەزاڵێ ........ ٤٥٣
بەشی ٩٤ ........ ٤٥٥
هۆیەکانی تێکشکانی جوڵانەوەی ٤٦ -٤٧ ........ ٤٥٥
بەکرەجۆ ........ ٤٥٩
بەتالیونی شەهید پێشەوا ........ ٤٥٩
بەشی ٩٥ ........ ٤٦٢
ئاکامی جوڵانەوەی ٤٦ -٤٧ ........ ٤٦٢
کۆی کوژراوکانی جوڵانەوەی ٤٦-٤٧ ........ ٤٦٦
بەشی ٩٦ ........ ٤٧٠
کۆنفڕانسی ٢ لە ساڵی ١٣٤٨ (١٩٦٩) ........ ٤٧٠
ئەحمەد تۆفیق پەنا بۆ بەغدا دەبا ........ ٤٧٢
بەشی ٩٧ ........ ٤٧٧
ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئوروپا و ڕووی دزێوی حیزبی تودە بە دوای ساڵەکانی ٤٦-٤٧ ........ ٤٧٧
بەشی ٩٨ ........ ٤٨٤
١١ ئازار١٩٧٠ ........ ٤٨٤
بەشی٩٩ ........ ٤٨٧
کومیتەی سەرکردایەتی کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ........ ٤٨٧
تێکەڵ بوونەوەی ڕێبەری بەشەکانی حیزب ........ ٤٨٧
دامەزرانی پەیوەندی دیپلۆماسی کومیتەی سەرکردایەتی کاتی ........ ٤٩٢
بەشی ١٠٠ ........ ٤٩٥

کۆنفرانسی٣ ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١)........................................................ ٤٩٥
دارژتنی بنەمای دۆستانە لە گەڵ پارتی دێموکرات ..................................... ٤٩٩
کۆ کردنەوەی ئەندامانی حیزب لە یەک شوێن ......................................... ٥٠٠
کلاسی کادر لە کۆنفرانسی٣ ساڵی ١٩٧١ ............................................. ٥٠٥
ریکخستنی تەشکیلاتی و بڕیاری نیزامی................................................ ٥٠٧
شەهید بوونی مەلا قادر وردی(وێنە)................................................... ٥٠٨
رادیۆ................................................................................... ٥١١
کورتەیەک لە ژیانی دوکتور قاسملوو.................................................. ٥١٢
بەشی ١٠١ ............................................................................ ٥٢٤
تەیمووری بەختیار .................................................................... ٥٢٤
ژێنراڵ مەحموود پەناهیان ............................................................ ٥٢٧
بەشی ١٠٢ ............................................................................ ٥٣٠
شەهید کردنی هاشم ئەقەلوتولاب(قادر شەریف) ..................................... ٥٣٠
بەشی ١٠٣ ............................................................................ ٥٣٣
ئیستعفا و دەرکردن ئەحمەد تۆفیق.................................................... ٥٣٣
دامەزرانی کۆمەڵەی رێبەرایەتی کاتی حیزبی دێموکرات لە لایەن ئەحمەد تۆفیق .... ٥٣٥
گرتن و بزر کردنی ئەحمەد تۆفیق ..................................................... ٥٣٧
کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق.............................................................. ٥٤٥
بەشی ٨٦.............................................................................. ٥٥٠
کۆنگرەی٣ ی حیزبی دێموکرات ....................................................... ٥٥٠
رادیۆ "دەنگی کوردستانی ئێران"...................................................... ٥٦٠
کتێبی تاریک و روون.................................................................. ٥٦١
رێکخستنەوەی نوێی تەشکیلاتی حیزب ................................................ ٥٦٢
دابەش کردنی رێبەری حیزب بەسەر وڵات و ناوچەکان دا ............................ ٥٦٤
بەشی١٠٥............................................................................. ٥٦٧
چاوپێکەوتنی فەشەلی هەیئەتی حیزبی دێموکرات و حیزبی تودە لە ساڵی ١٩٧٤ ..... ٥٦٧
دوکتور قاسملوو لە پراگ تووشێ کێشە بوو........................................... ٥٦٩
رۆژنامەی کوردستان.................................................................... ٥٧٣
بەشی ١٠٦ ............................................................................ ٥٧٥
ئاخر قۆناغەکانی شۆڕشی ئەیلوول .................................................... ٥٧٥
کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٥ ...................................... ٥٨١
رێکەوتنی ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ ............................................ ٥٨٥
بەشی ١٠٧ ............................................................................ ٥٨٨
وەزعی گشتی حیزبی دێموکرات بە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥........................ ٥٨٨
گەپ و قەشمەری نێو ئەندامانی حیزب .............................................. ٥٩٥
دادگای خەیاڵی مامۆستا هێمن........................................................ ٥٩٥
ئەنوەر سادات سەردانی بەغدا دەکا.................................................... ٦٠٥
بەشی ١٠٨ ............................................................................ ٦٠٨
شۆڕشی گولان ١٩٧٦(رێبەری کاتی).................................................. ٦٠٨
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ١٩٧٥ ................................................. ٦١٢
بەشی ١٠٩ ............................................................................ ٦١٩

پەیوەندی حیزبی دیموکرات و رێکخراوی موجاهدین و چریکی فیدائی................................................٦١٩
ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێران..........................................................................................٦١٩
چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران............................................................................................٦٢٠
بەشی ١١٠ ........................................................................................................................٦٢٤
گەڵاڵەی سیامی لە سالی ١٣٥٥(١٩٧٦)..................................................................................٦٢٤
گەڕانەوەی پێشمەرگە حیزبی دێموکرات بۆ نێوخۆی وڵات لە ساڵی ١٣٥٥ ..........................................٦٢٥
گرتنی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمیتەی رابەر ١٩٧٧......................................................................٦٢٧
کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لە پاریس لە ساڵی ١٩٧٧ .........................................................................٦٢٩
سەفەری هەیئەتی حیزب بۆ وڵاتی یەمەن و دەورەی نیزامی............................................................٦٣١
سەفەری دوکتور قاسملوو بۆ لیبی لە ساڵی ١٩٧٧ ...........................................................................٦٣٤
گیرانی کەریم نستانی و ئەحمەد نستانی ١٩٧٧ ...............................................................................٦٣٥
بەشی ١١١ ........................................................................................................................٦٣٩
ستراتیژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد......................................................................................٦٣٩
بەشی ١١٢ ........................................................................................................................٦٤٥
دوکتور قاسملوو و داڕشتنی پلانی کار و کێشەکانی نێوخۆیی حیزب..................................................٦٤٥
شەڕی ئەندامانی رێبەری و ئەگەری جوێبوونەوە لە حیزب دا؟.......................................................٦٤٨
بەشی ١١٣ ........................................................................................................................٦٥٨
هێز و توانای ئێران لە دەهەی چل و پەنجاکان دا.....................................................................٦٥٨
مەقالەی "ئێران و ئیستیعماری رەش و سوور"........................................................................٦٦٢
بەشی ١١٤ ........................................................................................................................٦٦٦
ئازاد بوونی عەزیز یۆسفی.......................................................................................................٦٦٦

## بەشی ٦٣

## بووژانەوە یان ترازان لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات

ڕووخانی کۆماری کوردستان، شوێنەواری دڵتەزێنی لە سەر هزر و بیری کۆمەڵانی خەڵک کوردستان دانا و هیوای وەدیهێنانی دەستەڵاتی نەتەوەیی کوردی لە نێو زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا تێکروخاند. بەشێک لە ئەندامانی دیاری حیزب، ئەوانە نەگیران و هەڵنەهاتن، نائومێد و بێ هیوا، یان خۆیان شاردەوە، یان وازیان لە سیاسەت هێنا و لە ژێر تەوژمی حکومەتی نیزامی ئێران دا، هەوڵیان دا تا ژیانیان ئاسایی ببێتەوە و وەدوای کار و گوزەران خۆیان کەوتن. هێندێکیش، بە تایبەتی کەسایەتییەکانی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە حکومەتی نیزامی ئەوکات دا تێکەڵ بە کاروباری بەرتەسکی کۆمەڵاتیەتی و فەرهەنگی بوون و هەوڵیان دا لەو ڕێگایە دا خزمەت بە میللەتەکەیان بکەن. وەجیها خانمی شوجاعی لە وتوێژ لەگەڵ مریەمی قازی کە لە ڕوژنامەی ژمارە ٢٢ "پەیامی کوردوستان" بڵاو بووە، لەسەر هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بە دوای کۆمار دا دەڵێ کە کومیتەی ژنانی دامەزراندوتەوە و بە هاوکاری فەوزییە خانمی ئەیوبییان، خانم موبەللغی و خانم ڕەحمەتی کە هەر سێکییان دوکتور بوون و دەورەکانی فێرکاری خەییاتی، گوڵدۆزی، فەڕش چنی، جوان کاری و... داناو و منداڵانی قوتابخانەکانیان فێری پاک و خاوێی و وەرزش کردووە و هانی ئەو ژن و کچانەیان دا کە تەمەنیان لەسەرێ بوو و کلاسی تایبەتیان بۆ داناون و دواتر هێندیکیان توانیان زانکۆ تەواو بکەن.

لە لایەکی دیکە کار و کردەوەکانی سەردەمی کۆمار و هەڵسوکەوتی ئازایانەی بەڕێوەبەرانی کۆمار لە دادگای نیزامی دا، بە جۆرێک فەرهەنگ و کلتوری خۆڕاگری و بەربەرەکانی لە نێو هێندێک لە جیلی نوێی ئەندامانی حیزب دا پێکهێنا کە بە دوای ڕووخانی کۆمار دا، لە چەند لاوە وەک "مەهاباد" و "باکۆ" و "تاران" و کوردستانی باشوور، بە بی هاودەنگی لەگەڵ یەکتر، بە شێوازی جوراجۆر، هەوڵ بدەن تا حیزبی دێموکرات ببووژێنەوە.

زیندوو کردنەوە حیزبی دێموکرات، کە لەسەردەمی ئازادی و سەربەستی دا بە بەرنامە و بۆ بەڕێوەبەری وڵات دامەزرا بوو و بۆ ماوەیەک، دەستکەوتی نەتەوەیی زۆر گەورەی بە دەست هێنابوو، ئاسان نەبوو. لە هەلومەرجی نوێ دا، گەڵاڵە و پلانی تایبەت بە خۆ و کەسی بە توانا و لێهاتووی دەویست و دەبوو بە نەهێنی و شاراوەیی بە سیستمی و قەوارە و بێچمی نوێی تەشکیلاتی نەهێنی، بە پەیوەندی تاک لەگەڵ تاک، یان لە فۆڕمی هێشوویی دابڕێژترێ. ئەو شێوە کارەش نەیدەتوانی هەیمەنە بۆ حیزب بگەڕێنێتەوە کە دەوڵەتی کوردی دامەزراند بوو چەند ساڵ بوو ڕێبەری بەشێک لە مەڵبەندی کوردستانی دەکرد. لە لایەکی دیکەش ئەو کادرە لێوەشاوانەی حیزب کە توانایان هەبوو کەمێک باری لێکەوتووی حیزب ڕاست بکەنەوە، یان گیرا بوون یان پەرەوازەی هەندەران ببوون. جیا لەوانە سەفی کۆمەڵانی خەڵک و ئەو پێکهاتە عەشایرێ کە پێگەی

سەرەکی حیزبی دیموکرات بوو، نەمابوو و فاتیحای خوێندرا بوو و بە تایبەتی هەڵسوکەوتی دزێو و ناجوانمێرانەی زۆربەی عەشایر، یارمەتی بەوە نەدەکرد کە خەباتکاران پشتیان پێ ببەستن.

بۆیە ئەندامانی حیزب لە ئەکتیڤ و کارا کردنەوەی حیزبی دێموکرات دا، تووشی کەند و کۆسپ و هەڵەی زۆر گەورە بوون و چوونکە پاڵپشتی حەرەکەی نەتەوەیی کە ئەوکات لە سیستمی عەشایری دا خۆی دەنواند، نەما بوو، ئاسایی بوو بە لای بیری چەپ و مارکسیستی دا بکەون و پشت بە روناکبیران و زەحمەتکێشان ببەستن.

لەو سەردەمەدا بیروبوچوونی چەپ، نەتەنیا لە ئێران بەڵکوو لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، لە ژێر رێبەری حیزبەکانی برای سەر بە شووڕەوی دا، زۆر بە هێز بوو و کاریگەری زۆری لەسەر حیزب هەبوو، بۆیە بەشێك لە ئەندامانی حیزب بەو ئاقارە دا کەوتن و حیزبی دێموکراتیان دەو رەهەندە هاویشت.

لەو قۆناغەدا هەوڵ دان بۆ کار و تێکۆشانی دوبارە، بە لای ئەمنییەوە زۆر سەخت و دژوار ببوو و جیا لە حکومەتی نیزامی، زۆر کەس ببوونە سیخوڕی رێژیم و لە حاست خەڵک دەستیان لە هیچ خراپەیەک نەدەپاراست. رەحمانی قازی لە کتێبی رۆژگاری ون بوو دا دەنووسێ: هەر لەو ساڵە دا کە ئێستا حکومەتی نیزامی هەر مابو زۆر کەس دەلینگیان لە خەڵک هەڵماڵیبو و ڕاپۆرتیان دەدا و کەسانی بێ چارەیان دەخستە زیندان و توشی کێشەیان دەکردن. کەسانێکی وەک عەزیز لوتفی و عەبدوڵای شافعی و مستەفا بلوری خۆیان تەرخان کردبو بۆ خزمەت کردن بە دەوڵەت و بەردەوام گرفتیان بۆ خەڵک دروست دەکرد.

سەرەڕای ئەو گرفتانەی کە لەسەر رێگای خەباتی تێکۆشەرانی حیزب دا هەبوو، رێژیمی ئێرانیش پلانی گەورەی بۆ لە بار بردنی پەیوەندییەکانی نێو ئەندامان و تەشکیلاتی حیزب داڕشت بوو. دوکتور شیرازی لە لاپەڕەی ٢١٦ کتیبەکەی دا دوای ئەوە باس لە زیندانی بوونی خۆی دەکا، دەڵێ، لەگەڵ زیندانییەک بەرەورووو بووە کە بەردەستی نیزیکی تیمسار ئوویسی بوو و ئەو پێیگوت بوو کە دوای رووخانی کۆماری کوردستان، بەشی ئەمنییەتی ئەرتەشی ئیران، هەوڵی دا کە هۆی ئەو یەکریزی و یەکگرتوویەی کە کوردەکان لە کاتی دامەزرانی کۆمەڵەی سەردەمی پێشەوا دا هەیان بوو، بدۆزنەوە و دژکردەوەی بۆ ببینەوە بۆ ئەوەی بن بڕی بکەن و نەهێلن پەرە بستێنێ. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێویست بوو بەخیلی و درۆێ و بێرێزی و جنێوو و بوختان و دەنگۆ ساز کردن و بە خراپە باس کردن لە نێو ئەوان دا پەرە پێبدرێ و جیلی نوێیان فێری مادەی هۆشبەر بکرێن. ئەو کەسە هەروەها  گوتوویە کە بۆ ئەو مەبەستە کەسانیک دەورەی تایبەتیان دیت و رەوانەی ناوچەکان کران.

سەرەڕای ئەو کۆسپانە هێندێک لە ئەندامانی حیزب، یان راستەوخۆ بۆخۆیان یان بە هاوکاری رێکخراو و کەسانی دیکە، هەوڵی دامەزراندنەوەی حیزبی دێموکراتیان دا. نووسینی تراکت و شەونامە بە دژی رێژیم، بە نەهێنی دەستی پێکرد کە کارگێڕانی سەرەکی ئەوکارانە بریتی بوون

رەحیم سوڵتانی و عەزیزی یوسفی و عەبدوڵای ئیسحاقی و عوبیدوڵای ئەیوبیان و هاشمی حوسێن زادە و ...

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٧٩ کتێبی ئاڵەکۆک دا کە حامید گەوهەری کۆی کردوتەوە، خۆی و محەممەد شاپەسەند و قادری مەحموود زادە و عەزیزی فەرهادی بە زیندووکەرەوەکانی سەرەکی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٢٦ دادەنێ و دەڵێ سەدیقی خاتەمیش لە ساڵی ١٣٢٧ دەستی کردەوە بە حیزبایەتی.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا، کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە، لەسەر ئەکتیڤ نەبوونی ئەندامانی کومیتەی ناوەند و رێبەرانی کۆمار بە دوای روخانی کۆماری کوردستان دا دەڵێ: ئەو رێبەرایەتی‌یە پاش کۆماری ئیدامەکاری‌یەکی نەما. یانی پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد هیچکام لەو رێبەرانە نەهات دەست بە زیندووکردنەوەی تەشکیلاتی حیزبی بکاتەوە. تەنانەت بەرەبەرە کە تێکۆشان دەستی پێ کردەوە زۆر کەمیان بەشداری‌یەکەیان فەعال بوو ئەوانی هەرە سەرێ نەبوون. بۆ نموونە: ″حسین فروهر″ یەکێك لەوانە بوو کە بەشداری‌یەکی فەعالی هەبوو لە زیندووکردنەوەی تەشکیلاتی حیزبی‌دا. ئەوانی دیکە وەکوو لایەنگرێکی ئێستا بەشدارییان دەکرد. یانی ئەگەر لە هەلومەرجی ئێستادا هەبان، پێمان دەگوتن لایەنگر.

دوکتور قاسملوو هەر لەو سەرچاوەدا دەڵێ: چونکە ئەوانەی کە هەڵسووڕ بوون‌و دەستیان بە زیندووکردنەوەی حیزبی دێموکرات کرد لە ئەساس‌دا لاوەکان بوون و لە نەتیجەدا بەرەبەرە رێبەرایەتی کەوتە دەست ئەوان.

بەم چەشنە رێبەرایەتیی پێشوو نەماو بۆ قوناغی تازە پێویست بوو رێبەرایەتی‌یەکی تازە پێك بێ. ئەو رێبەرایەتی‌یە کە دەبوایە پێك بێ هەم لەباری وەزعی تازە پێویست بوو رێبەرایەتی‌یەکی تازە بێ‌و هەم لەباری تەمەنیشەوە. چونکە ئەوانەی کە هەڵسووڕ بوون و دەستیان بە زیندووکردنەوەی حیزبی دێموکرات کرد لە ئەساس‌دا لاوەکان بوون و لە نەتیجەدا بەرەبەرە رێبەرایەتی کەوتە دەست ئەوان.

هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی٤٤ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باواجیی کۆیە" لە زمانی کاکی، کاک محەممەدی کەریمی(قاقە) کە یەکێک لە تێکۆشەرانی ئەو قۆناغەی شاری بانە بوو دەنووسێ کە لە ساڵی ١٣٢٧ یان ١٣٢٨ سێ کەس لە کادرەکانی حیزب کە یەکیان هاشمی حوسێن زادە بوو لە مەهاباد را هاتوون و لە کێوی دووزین"ی بانە چاویان پێکەوتووە و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتیان دامەزراندووە.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ٧٨ ئاڵەکۆک دا دەنووسێ کە لەگەڵ محەممەد شاپەسەند و قادری مەحموودزادە و عەزیزی فەرهادی، لە رەشەمەی ساڵی ١٣٢٦ بە مەبەستی زیندوو کردنەوەی حیزبی دێموکرات، ویستیان بیانییەک بڵاو بکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە پیویستیان بە رێکخراوێک بوو کە یارمەتیان بدا. بۆیە دەچنە لای ئیحسانی تەبەری نوێنەری حیزبی تودە لە تاران کە ئەوکات

حیزبەکەی ئازاد بوو و جارجار لە کانوونی ئاشتی تاران قسەی بۆ خەڵک دەکرد. تەبەری پییان دەڵێ کە ئێوە بە پێکهێنانی شانەیەکی ٤ کەسی ناتوانن بەیاننامەیەکی ئەوتۆ بڵاو بکەنەوە بۆیە باشترە بچنەوە بە نەهێنی خەبات بکەن و شانەی شار و دێی ڕێکخراوەکان ببوژێننەوە و دوایە بەیاننامە بڵاو بکەنەوە.

بە پیی لاپەڕەی ١٥٤ بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی، هەوەڵین هەنگاو بۆ بووژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەهاری ساڵی ١٩٤٧ هەڵێندرا. مەلا ئەمجەد کوڕی خەلیفە مەلاحەسەنی قەڵا و خەڵکی گوندی "قەڵای رەسوڵەسیت" لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان، کە ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات و هونەرمەندێکی زانا و خەت خۆش و مۆرهەڵکەن بوو، بە خەتێکی جوان و زێڕین، نووسراوەیەکی بە نەهێنی بڵاو کردەوە و تێیدا نووسێ: کۆماری مەهاباد نەڕوخاوە. حیزبی دیموکرات هەر ماوە. گەلی کورد خەباتی خۆێ درێژە پێ‌دەدا. هەر کەس ئەم نووسراوە دەبینێ لە سەری فەڕز و واجبە کە حەوت نووسخەی لەبەر بنووسێتەوە و بڵاوی بکاتەوە بۆ حەوت کوردانی بخوێنێتەوە. وەزیفەی دینی هەموو کوردێکە.

جێی ئاماژەیە کە بە لای غەنی بلوریان و عەبدوڵا حەسەنزادە، زۆربەی نووسراوەکانی کەریمی حیسامی جێی شک و گومانن و ئەوان بە راستی نازانن.

## کۆمەڵەی کومونیستی کوردستان.

هەر لە چوارچێوەی بەردەوامی خەبات و تێکۆشان دا، لە هاوینی ساڵی ١٣٢٧ سوڵتان ئاغای شێخ ئاقایی و رەحیم سوڵتانیان هەوڵیان دا، کە بە ناو و ناوەڕکی نوێ، بە رواڵەت حیزبی دێموکراتی کوردستان زیندوو بکەنەوە. ئەوان لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە دەبی دەرس لە مێژوو وەربگیردرێ و وەرزێر و هەژار و فەقیری شار و دێ، دژی دەرەبەگ و چەوسێنەران هان بدرێن و رێکخراوەی "کۆمەڵەی کومونیستی کوردستان " ک . ک. ک" یان دامەزراند.

لە ژێرنووسێ لاپەڕەی ١١٦ کتێبی "کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزافی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان" لە نووسینی سمایلی بازیار، بە نەقڵ لە سارمخانی سادق ورەزیری هاتووە کە لە بەهار یان هاوینی ساڵی ١٣٢٦ رەحیمی سوڵتانی و رەحیم خەڕازی لە تاران چوونە لای و داوایان لێکردوە کە بە مەبەستی تێکۆشانی سیاسی یارماتیان بکا. ئەوان مانگێک دواتر دیسان دەچنەوە لای سارمخان و داوای لێدەکەن کە نامەیک کە بۆ ستالینیان نووسیبوو بۆیان بەڕێ بکا و سارمخان جێبەجێی دەکا.

هەر لەو سەرچاوە دا بە نەقڵ لە لاپەڕەی ٦٦ بەرگی ٢ ی پێداچوونەوە لە نووسینی کەریمی حیسامی هاتووە کە کۆمەڵەی کۆمۆنیستی بە هاوکاری سادق وەزیری پەیوەندی بە سفارەتی رووس دەگرن و ئەوان دەڵێن کە حیزبی توودە کۆمۆنیستە و ئامۆژگاریان دەکەن کە دوو حیزبی کۆمۆنیست لە وڵاتێک دا ئیمکانی نییە و باشترە هەر بە ناوی حیزبی دێموکرات درێژە بە تێکۆشان بدەن و لەوەش باشتر ئەوەیە کە بچن لەگەڵ حیزبی توودە هاوکاری بکەن.

ماموستا هێمن لە لاپەڕەی ٣١ تاریک و روون دا، دوای ئەوە باسی خەباتی ئاشکراو پەرەگرتنی حیزبی تودە دەکا، لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکرات دا دەنووسێ: حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کەم کەم بوژاوە و کادرە لاوەکانی دەستیان کردەوە بە خەبات. پیاو هەق بڵێ حیزبی تودە لەو سەردەمەدا لە بوژاندنەوەی حیزب دا رۆڵێکی باشی یاری کرد. تەنانەت لە پاراستنی ناوی حیزب دا. چوونکە هێندێک لە لاوە ئازادیخواز و کەم ئەزموونەکان خەریک بوون ناوی حیزب بگۆڕن و بیکەن کۆمەڵەی کومونیستی کوردستان و وەک بیستومە بەڕێوەبەرانی حیزبی تودە مانیع بوون.

تەمەنی گۆڕینی ناوی حیزبی دێموکرات، بە رێکخراوی کۆمەڵەی کومونیستی کوردستان، زۆری نەخایاند و بە پێی لاپەڕەی ١٦٤ بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، دواتر رەحیمی سوڵتانیان و رەحیمی خەڕازی، چوونە لای سارمەئەدینی سادق وەزیری و دوای راوتەکبیر، بڕیاریان دا کە ئەو رێکخراوەیە هەڵوەشێنن و تێکۆشان هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بێ، بەڵام لە ژێر تەشکیلاتی حیزبی توودەدا.

## ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور

ئەندامانی هەڵاتوو و ی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور، دەبوو سەرەتا شوێنێک بۆ ژیان و گوزەران خۆیان ببینەوە و کەسێک هەبێ داڵدەیان بدا و لە مەترسی بیانپارێزێ. بەشێک لە ئەندامانی حیزب وەک زیرۆ بەهادوری، فەرماندەی بەشێک لە هێزەکانی کۆمار تا گەڕانەوەی شیخ ئەحمەدی بارزانی بۆ عێراق، لەگەڵ بارزانییەکان بوو. ئەو دوایە خۆی تەسلیم بە دەوڵەتی عێراق کرد و دوای ئازاد بوون لە زیندان را بۆ شاری سامڕە راگوێزرا و و دواتر لە ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم کەوت و بە دژی ملا مستەفا کەوتە شەڕ و کوژرا. بەشێکی دیکە لە ئەندامانی حیزب پەیوەندیان بە ئەندامانی نەهێنی پارتی دیموکراتی کوردستانی و حیزبی شوعی عێراقەوە گرت.

ئەوکات وەزعی کوردستانی باشوور ئاڵۆز بوو و راست لەو سەروبەندی دا، پیاوەکانی شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموودی حەفید، دەگەڵ عەشایری پشدەر، شەریان بوو و گوندەکانیان لێک دەسووتاند. سەرەرای ئەوانە ئەندامانی حیزب زۆریان پەنایان بۆ شیخ لەتیف برد و شێخ ئەگەرچی خاوەی ٧٠ گووند بوو بەڵام هەمیشە قەرزدار و نێومالْ روت و بێفەڕش و پێخۆر بوو. بە گوێرەی قسەکانی ماموستا هەژار، شێخ زۆر میوان گر و دڵاوا و تا خودا حەز دەکا کار نەزان و بێ سەلیقە بوو. داهاتەکەی هەموو چەند نۆکەرێکی شەلات دزیویانە. بۆخوی جارێک بە ماموستا هەژاری گوتبوو: ئێمە بەرەی کاک ئەحمەدی شێخ پێمانەوە نایە رێک و پێک بین. ماڵە شێخ مەحمودیش وەک ماڵە من وایە.

لە وەزعێکی وا دا ئەندامانی حیزب، لە بیر دامەزراندنی حیزب و دەرکردنی گۆڤار و بەیاننامە بووژانەوەی حیزبی دێموکرات دا بوون. زەبیحی دەیزانی دامەزراندنەوەی حیزبی دیموکرات زۆر

زەحمەتە بۆیە بیری لە دامەزراندنەوەی کۆمەڵەی ژ- ک دەکرد کە دەکرا نەهێنی و زۆر بەربڵاو نەبێ.

محەممەد شاپەسەند لەسەر هەوڵدانی زەبیحی بۆ دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٩٥٨ لە لاپەڕەی ١٩٩ بیرەوەرییەکانی دا، دەنووسێ کە زەبیحی هەوڵی دامەزراندنەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان یان حیزبی دێموکراتی دا. ئەو گەڵاڵەیەی لە مێشکی دا داڕشت بوو بۆی جێبەجێ نەبوو. حیزبی دێموکرات پارچە پارچە ببوو و حیزبی تودە وەک مۆرانە گەرای تێدا دانا بوو. زەبیحی لەگەڵ یەک یەکی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە ڕێبەری حیزبی دەزانی و تەنانەت کادرەکانیش قسەی کرد، بەڵام ئامادەی هاوکاری لەگەڵ ئەو جورەی کە زەبیحی دەیهەویست نەبوون. شاپەسەند لە لاپەڕەی ٨٣ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: حدکا هەمان (ژ. ک) دوێنێ بوو، بەڵام تۆزێک ڕێکوپێکتر. ئەوە توودە بوو داری دەخستە ناو چەرخی خەباتی (حدکا)وە. زەبیحی ئەمەی لە زووەوە پێشبینی کرد بوو کە تودە نایەڵێ حدکا سەربەخۆ بمێنێتەوە. هاوینی ١٩٤٨ (١٣٢٧) تا رادەیەک لەم ئاواتە دێرینەی خۆی نیزیک ببۆوە.

## چاپ کردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان" لە کوردستانی باشوور

گۆڤاری "نیشتمان" بڵاو کراوەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژ- ک بوو کە یەکەم ژمارەی لە مانگی پوشپەڕی ١٣٢٢ (جولای ١٩٤٣) دوو مانگ دوای دامەزرانی کۆمەلە، لە شاری تەوریز بە هۆی عەبدولڕەحمانی زەبیحی چاپ بوو و سەرجەم تا جۆزەردانی ١٣٢٣ مانگی مەی ١٩٤٤، لە ٦ بەرگ دا، نۆ (٩) ژمارەی لێ بڵاو بۆوە. ژمارەکانی ٣ و ٤ ، هەروەها ٧ ، ٨ ، ٩ لە یەک بەرگ دا چاپ بوون. وەک دەگوترێ بەشێک لە چاپی ئاخرین ژمارە(٧ و ٨ و ٩) لە مەهاباد چاپ کرا بەڵام بەدوای ئەو ژمارانەدا، گۆڤاری نیشتمان چاپ نەکرا و بە هۆکاری نادیار، بڵاو نەکراوە. محەممەد شاپەسەند لە کتێبی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ بۆ چاپی ئەو گۆڤارە پیت و کەرەسەی پێویستیان بۆ پەیدا کرد و لە ژێرخانی خانووی "وێنەتان" ویستیان ڕۆژی پەیدا کردنی ئەو دەزگایە بکەنە بناغەی گۆڤاری نیشتمان لە مەهاباد و ژمارە ١٠ی پێ چاپ بکەن، بەڵام نەکرا.

ژمارە ١٠ ی گۆڤاری نیشتمان کە ئاخرین ژمارە بوو، بە سیاسەتێکی جیاواز، لە ساڵی ١٩٤٨دا لە ئاوایی سیتەک، لە ماڵ شێخ لەتیف لە کوردستانی باشوور، لە هەشتاوهەشت لاپەڕەدا، بە هۆی مامۆستا زەبیحی و غەنی بلوریان و محەممەد شاپەسەند لە چاپ درا.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ١٧٧ چێشتیی مجێوردا لەسەر چاپ کردنەوەی دوبارەی گۆڤاری نیشتیمان بە هۆی مامۆستا زەبیحی دەنوسی: زەبیحی لە سیتەک لە ماڵە شێخ (لەتیف ) دەژیا و دوایە ببوە بە هاوکاری هەمزە عەبدوڵا رەئیسی حیزبی پارتی و لە سولەیمانی دامەزرابو، جارێک هاتە بەغدا و گوتی دەمهەوی چاپخانەیەک پێکەوە نێم، لولەومولەم لێکداوە و هێندێک وردە ئامراز و حەرفم ماوە، با بیکڕین. نیازم وایە((نیشتمان)) ی کۆمەڵە زیندوو کەمەوە ...



له راستەوە: مامۆستا زەبیحی - محەمەد شاپەسەند – حەسەن قزڵجی

غەنی بلوریان و محەممەد شاپەسەند دوای ئەوە لە تاران لە ئیحسانی تەبەری نائومید بوون و هەروەها چونکە هەردودکیان مەشموول بوون و دەبوو بچنە سەربازی، بڕیاڕیان دا هەڵێن و بچنە کوردستانی باشوور و بە هاوکاری پارتی دێموکرات، بۆ بووژانەوە حیزبی دێموکرات بەیاننامە دەربکەن. بۆیە ئەوان چوونە ماڵە شێخ لەتیف لە ئاوایی سیتەک و بە هاوکاری عەبدولڕەحمانی زەبیحی و حەسەن قزڵجی، چاپخانەیەکیان ساز کرد و چەند بەیاننامەیان دەردا.

شاپەسەند لەسەر راسپاردەیی شێخ لەتیف چوو بۆ شاری سولەیمانییە و بە هاوکاری شێخ حوسینی ئاسنگەر، لە ماوەی یەک مانگ دا چاپخانەکەی ئامادە کرد. هەرچەند غەنی بلوریان لە کتێبی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ کە دەستی لە چاپی گۆڤاری نیشتمان دا نەبوو، بەڵام شاپەسەند لە لاپەڕەی ٦٤ پاشکۆی دووی بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ بە هاوکاری مامە غەنی و زەبیحی گۆڤاری نیشتمانی ژمارە دەیان چاپ کردووە. شاپەسەند دەنووسێ کە ٣٠٠ ژمارەیان لە بەغدا و سولەیمانی بڵاو کردەوە و باقیش بە سێ وەجبە کە جاری ئاخر ١٥٠ ژمارە بوو، مامەغەنی لەگەڵ خۆی بردییەوە بۆ مەهاباد. شاپەسەند دەنووسێ مامە غەنی کە گەڕاوە بۆ مەهاباد لەگەڵ توودەییەکان کەوت و خۆی لە چاپی گۆڤاری نیشتمان دەرهاویشت تا بە ناسیونالیست تاوانبار نەکرێ.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی "رۆژگاری ون بوو" دا دەنووسێ: هەوەڵ رۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی (١٩٤٨ی زایینی) بوو، هەواڵیان دامێ نەوەد دانە گۆڤاری دایکی نیشتمان (مەبەست گۆڤاری نیشتمانە) لە کوردستانی ئەو دیو ڕا هاتووە . دەبێ من و غەنی بلوریان و قادر حەمیدی بچین لە پشتەپ وەریان بگرین و بڵاویان بکەینەوە. ڕۆیشتین بۆ پشتەپ و گۆڤارەکانمان وەرگرت و زۆر بە نهێنی هێنامانەوە ناو شار لە ناو ئەو کەسانەی متمانەمان پێیان بو بڵاومان کردەوە.

مامۆستا هێمن لە لاپەرەی ٣١ تاریک و روون دا لە پەیوەندی لە گەڵ گۆڤاری نیشتیمان دا دەنووسێ: ژمارەیەک نیشتمان بڵاو بۆوە و گەیشتە دەستم و هومێدم پەیدا کرد کە خەباتەکەمان پەرە بگرێتەوە. هەرچەند راپۆرتیان لێدام کە لە نووسینی ئەم گووارەدا دەستم هەیە بڕێکیان ئەمبەر و ئەوبەر پێکردم و بە خودای دەستێکیان بە یاڵوبژی دا هێنام و پوڵ چایەکیان لێئەستاندم. بەڵام ئەوە چوو و رابرد نەمزانی لە کوێ چاپ کرا و هەر بە شێوە نووسین نووسەرەکانم ناسین.

ماموستا هەژار هەر لە لاپەڕەی ١٧٧ چێشتی مجێور دا دەنوسی: زەبێحی لە سولیمانی لە گەڵ هەمزە عەبدوڵا کێشەیان لێ‌پەیدا ببو... لە داخان چوبوە حیزبی (تەحەڕوڕ) و ببوە شیوعی. ژمارەیەک نیشتیمانی چاپ کرد و تێری تاریفی شیوعی و غەیبەتی کاربەدەستانی پارتی کردبو. شێعرێکی منیشی(کە نازانم کامە بو) تێدابڵاو کردبووە. پارتی گلەیان لێ‌کردم.

دوکتور عیزەدین مستەفا رەسوڵ لە لاپەڕەی ٢٣٦ کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی ماموستا عەبدولرەحمانی زەبیحی" دەنووسێ کە زەبیحی ئەو ژمارەیەی لە سیتەک دەر کرد و هێرشی بۆ سەر هەمزە عەبدوڵا و پارتی کرد بوو و دەڵی کە ئەمن پێمگوت کە چۆن ئەو حەقت بە خۆت داوە ئەو گۆڤارە دەربکەی ئەوە ئی حیزبێک بووە و تەواو بووە.

غەنی بلوریان لاپەڕەی ٨٢ ی ئاڵەکۆک دا باسی ئەوکاتە دەکا کە لەگەڵ زەبیحی و حەسەنی قزلجی و شاپەسەند لە ماڵە شێخ لەتیف بوون و دەڵێ کە شیخ گلەیی لە پاڕتی و حیزبی شوعی هەبوو و لێیان نارەحەت بوو. نامیلکەیەکی بە دژی پارتی نووسیبوو داوای لەئەوان کرد کە ئەو نامیلکەی بۆ چاوپ بکەن بەڵام ئەو و حەسەنی قزلجی موخالیف بوون.

دەرچوونی ئەو مقالەیە بە دژی پاڕتی، بوو بە هۆی ئەوە کە پارتی دێموکرات لە "مرۆڤ"ی ژمارە ٢ بڵاوکراوەی نێوخۆیی خۆیان دا، لە ژێر ناوی "نیشتمان لە دەورەی دووهەمیدا ئەبێتە زمانحاڵی کۆمەڵێک ئاژاوەچی" وڵامیکی توند بەو وتارە بدەنەوە.

چاپی گۆڤاری نیشتمان دژ بە ریکخراوێک پارتی، یەکەم هەنگاوی دوبەرەکی نانەوە لە نێوان رێکخراوەکانی کورد و بەزاندنی هەموو پرنسیپەکانی هاوکاری نێوان حیزبی دێموکرات و پارتی دێموکرات و ناسپاسی بە دژی عەشیرەتێک بوو کە لە کاتی خۆیدا پشتیوانی هەرە سەرەکی کۆمار بوون و ئێستاش یان ی وڵاتی شووڕەوی ببوون یان گەڕابوونەوە بۆ عێراق.

دوای چاپی ژمارە ١٠ نیشتمان رێژیمی ئێران، دەوڵەتی عیراق لە شوێنی چاپخانەکە ئاگادار کرد و زەبیحی و قزلجی هەڵاتن بۆ بەغدایە و لە لای کوردێکی ئێرانی بە ناوی عەبدوڵا، کە کابارەی هەبوو و زۆربەی وەزیرەکانی سەردەمی نووری سەعید هاتوچۆیان دەکرد، گیرسانەوە و دەستیان بە کار کرد.

## گۆڤاری رێگا

قزلجی و زەبیحی و غەنی و شاپەسەند پێکەوە زۆر تەبا نەبوون تا بەیەکەوە کار بکەن و لەسەر پلانێکی بۆ دامەزراندنەوەی حیزب یان بۆ دەرکردنی گۆڤار بڕیار بدەن. وەزعییەتی ژیان و گوزەران و ئەمنیشیان رێگای ئەوەی پێینەدەدان کە لە شوێنێک جێگیر بن و بارەگایەک دابمەزرێین. قزلجی رازی بە دەرکردنی بەیاننامە بە دژی پارتی نەبوو و دواتر غەنی بلوریانیش خۆ لێدەرهاویشت.

لەو ماوەدا بە هۆی غەنی بلوریان و حەسەن قزلجی لە ئاوایی سیتەک لە شاری سولەیمانی لە کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٧ لە ٦ لاپەڕەدا، گۆڤاری رێگا بە زبانی کوردی و فارسی بە چاپ

گەیی. حەسەن قزڵجی بە نازناوی "پێناو" و غەنی بلوریانیش بە نازناوی تەیمور" وتاری فارسی و کوردییەکەیان نووسی.

لەسەر ئەوە کە بۆ ڕۆژنامەی کوردستانیان چاپ نەکرد و گۆڤاری ڕێگایان هەڵبژاردوە، غەنی لە لاپەڕەی ٨٢ ئاڵەکۆک دا دەڵێ بۆ ئەوەی دوژمن وریا نەبێتەوە و لە دژی کۆنە دیموکراتەکان ڕاست نەبێتەوە.

دوو دروشمی سەرەکی، لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو گۆڤارەدا بەدی دەکران کە بریتی بوون لە: پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدەکانی ڕێگای ئازادی. بژی ئازادی و ئازادیخوازی، بمرێ ئیستیعمار و دیکتاتوری.

سەرەڕای ئەوانە محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٥٢ بیرەوەرییەکانی دا، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە غەنی بلوریان بە هەڵە چووە و گۆڤاری ڕێگا، ئۆڕگانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد نەبوو بەڵکوو گۆڤاری نیشتمان بوو و گۆڤاری "ریگا" ئۆڕگانی کومیتەی کومۆنیستی کوردستانی(ک .ک. ک) بووە و خاوەن ئیمتیازەکەشی کاک ڕەحیمی سوڵتانیان بووە کە لە تەورێز چاپی کردوە نەک غەنی بلووریان.

مامۆستا هێمن لە کتێبی تاریک و روون دا دەنووسێ: ژمارەیەکیش ڕێگا دەرچوو و پێم گەیشت. یەکێک لە نووسەرەکانم دیت و بەڵێنی هاوکاریم پێدا، بەڵام بە داخەوە ئەویش تێداچوو.


عەزیزی یۆسفی

غەنی بلووریان لە سەفەر بۆ کوردستانی باشوور، زۆرتر وشەی بوغڕەنجی بەکار دێنا بۆیە برایم ئەحمەد نوێنەری پارتی دێموکرات ناوی بوغرەنجی لەسەر دانابوو.

لە پاییزی ١٣٢٧ غەنی گەڕاوە بۆ مەهاباد و بە دزی گۆڤاری ڕێگا بڵاو کردەوە. ژمارەیەک کەوتە دەستی روکنی ٢ بەم بۆنەوە لە مەهاباد و دەوروبەر نیزیک بە ٣٠٠ کەس گیران. عەزیزی یۆسفی و سەدیقی خاتەمی و غەنی بلوریان، سەید خدری سەید نیزامی، حەسەنی موفتی، مستەفای سوڵتانیان، سەید محەممەد ئیسحاقی و عەبدوڵا نەهرێ و جەعفەراغا کەریمی کە ئەفسەر کۆماربوو و تازە ئازاد ببوو، گیران و بە ٢ تا ٦ ساڵ زیندان، یان بە دوور خستنەوە لە زێدی خۆیان مەحکوم کران.

## دامەزراندەوەی حیزبی دێموکرات لە شاری باکۆ

دوای رووخانی کۆماری کوردستان، هێندێک لە قوتابییانی کوردی دەورەی ئەفسەری، لە باکۆ پێتەختی ئازەربایجانی سەرو مابونەوە و چەند کەسێکی دیکەش کە هاتنەوە بۆ ئێران دواتر پەنایان بۆ رووسیە بردەوە. گشت ئەوانە و ئەندامانی پێشووی فرقەی، بە هۆی باقرۆف، لە پێناو بەرژەوەندی وڵاتی گەورەی رووس لە چوارچێوەی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، سازمان دران.



رەحیمی سەیفی قازی قازی

ئەو رێکخستن و سازماندانە بە پێی هەلومەرج و پەیوەندی دیپلۆماسی دوو وڵاتی ئیران و رووس گۆڕانی بەسەر دادەهات. لە ٢٩ مانگی رەزبەری ١٣٢٦ مەجلیسی ئیران رێکەوتنی نەوتی ئێران - سادچیکۆفی پەسەند نەکرد. ئەوە بوو بە هۆی تورەیی رووسەکان و ئەوان تەشکیلاتی فرقە و ئەو کەسانەی کە سەر بە کۆماری کوردستان بوون، بە دژی ئێران تەیار کردەوە و لە رۆژنامەکانیان رایانگەیاند کە ئازەربایجانی ئێران بەشێکە لە قەفقاز و ئازەربایجانی سەروو. دەزگای رادیۆ لە بیزوائاباد لە نیزیک مردەکان دامەزرا و چەشمئازەر بوو بە وێژەری بەشی ئازەری و علی گەلاوێژ بەشی کوردی و حاتەمي بەشی فارسی بەڕێوە دەبرد و محەممەد بیریا بەرپرسی گشتی رادیۆ و تەبلیغات و بڵاوکراوەکان بوو. لە یەکەم قۆناغ دا ١٠٠ کەس لە ئەندامانی فرقە کلاسی مارکسیستیان بۆ داندرا.

ڕەحمانی حەلەوی لە لاپەڕەی ٩٢ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" چاپی یەکەمی سوئێد کە ڕەسووڵی سوڵتانی وەریگێڕاوە، باسی چاپی ڕۆژنامەی کوردستان لە باکۆ دەکا و دەنووسێ ڕۆژێک رەحیمی سەیفی قازی کە لە مەدرەسی حیزبی دەیخوێند، کوردەکان کە بریتی بوون لە سەید عەبدولعەزیز، گەلاوێژ، زولفەقاری، شەڵماسی، حیسامی، گەرمیانی، ئەیوبی، وەتەمیشی و حەلەوی کۆ دەکاتەوە و دەڵێ کە ئیمتیازی ڕۆژنامەی کوردستانی وەرگرتووە و داوای کرد کە بۆ چاپەکەی یارمەتی بکەن. ئەوان ئەو پێشنیارە پەسەند دەکەن و دوایەش رەحیمی قازی پێیان دەڵی کە هەرکەس پاسپۆرتی ئێرانی هەیە دەبێ بیدڕنێ. هەر زولفەقاری و وەتەمیشی، حەلەوی بە پاسی ئێران چووبوونە باکۆیە و ئەو پێشنیارەیان بە لاوە سەیر دەبێ و پرسیار لە رەحیمی قازی دەکەن کە ئایا ئەو بڕیارە، ئی خۆیەتی یان ئی سەرکردەکانی سۆڤییەت؟ بە پێی قسەکانی ڕەحمانی حەلەوی، ڕەحیمی قازی دەڵێ" چ فەرق دەکا" و ئیدی ئاگاداری مەترسی ئەو بڕیارەیان ناکا. حەلەوی دەنووسێ کە لەوانەیە ئەو پلانە، بەرنامەی رەحیمی قازی و غولام یەحیا بوو بێ. پاش رۆژی چوارم، یەکجێ ئەو کەسانە کە سێ ساڵ بوو لە زانکۆی پزشکی باکۆ دەیانخویند، سوار پاپۆڕ دەکەن و دەیاننێرنەوە بۆ ئێرانێ. ئەوانە بە تایبەت رەحمانی حەلەوی بەڵای زۆر گەورەی بەسەر هات.

حەلەوی دوایە بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن بە قاچاغی گەڕاوە بۆ سۆڤییەت، بەڵام گیرا و لە زیندانە سەختەکانی سەرووی رووسیە، بۆ ماوەی ٧ ساڵ بێگاری و کاری زۆرەملی پێکرا و پاشان ئازاد بوو .

بە پێی لاپەڕەی ٩٠ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" لە نووسینی ڕەحمان حەلەوی: پێشوازییەکی گەرموگوڕیان لێ کرا، هەموویانیان لە کالخۆز و کارگە و کێڵگەکاندا وەبەر کار نا. تەنانەت ژنەکانیشیان بێکار نەکرد .

مەلامستەفا دوای پاشەکشە مێژووییەکەی بەرەو سۆڤییەتلە باکۆ جێگیر کرا، ئەو بۆ راپەڕاندنی کاروباری کەڵکی لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە باکۆ وەرگرت. بەڵام ئەوان وەک دیلمانج لەژێر دەستەڵاتی رێکخراوی ئەمنییەتی ئازەربایجان دا بوون و دەبوو چاودێری بەسەر کارەکانی مەلا مستەفا بکەن و بە کاربەدەستانی دەوڵەتی رابگەیەنن و ئەوش بوو بە هۆێ ئەو کە مەلامستەفا لێیان نارەحەت بێ.

نووسرەتوڵای جەهانشاهلوو ئەفشار جێگری پیشەوەری لە لاپەڕەی ٣٠٨ کتێبی "ئێمە بێگانەکان"لە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکرت لە باکۆ دەنووسێ کە دوای کوشتنی پیشەوەری بەڕێوەبەرایەتی نوێ فرقە لە کۆڵانی خاقانی لە باڵەخانەیەکی دەستی بەکار کرد. بەشیکی کەمی ئەو باڵەخانەیە درا بە کومیتەی فرقەی دیموکراتی کوردستان. ئەفشار دەنووسی کە تا ئەو جێگایەی کە لەبیری بێ ئەندامانی ئەو کومیتەیە بریتی بوون لە مەلامستەفا بارزانی و دوو هاوڕێ و مراد رەزمئارا(سەروانی تۆپخانە هاوکاری بەشی ئەمنییەتی رووس) و رەحیم سەیفی قازی و عەلی گەلاوێژ. فرقەی دێموکراتی کوردستان نووسراوەکانی رادیو فرقەی ئازەربایجانی وەردەگێڕاوە سەر کوردی و لە ٢٠ دەقیقە دا لە رادیۆ بڵاویان دەکردەوە. هەروەها پەڕێک لە چوار لاپەڕەی رۆژنامەی ئازەربایجان، درا بە رۆژنامەی کوردستان، ئۆڕگانی فرقەی دێموکراتی کوردستان.

ئەفشار لێرەدا باس دەکا کە مەلا مستەفا لەو شوێنە عەلی گەلاوێژی ناسییەوە و لە ئاکاری ئەو و رەحیم قازی و کوردەکانی دیکە توڕە بوو. ئەفشار لە درێژەدا دەنووسی کە عەلی گەلاوێژ و رەحیم سەیفی قازی دەستیان لە سیخوڕی لەسەر مەلامستەفا هەڵنەگرت. دوایە بارزانییەکان لەوێ راگوێزران و رێبەرانی شووڕەوی بە فرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیان رایگەیاند کە رەحیم سەیفی قازی و عەلی گەلاوێژ وەک ئەندامی کومیتەی فرقە دیاری بکرێن. ئەفشار یەک شتی دیکەش بە نووسراوەکەی زیاد دەکا کە روون نییە مەبەستی لە چییە و دەڵی جارێک باقرۆڤ گوتی "مەلا مستەفا دەیەویست بە دەست ئێمە ببێتە هەمەکارەی ئێران".

لەسەر توانایی و دەستەڵاتی کوردەکان لە باکۆ، دوکتور ئاسۆ لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە رەحیم قازی لە ساڵی ١٣٣٢ جێگری غولام یەحیا بوو و عەلی گەلاوێژیش وەک کارمەندی پلە بەرزی ئیدارەی سیاسی فرقەی دێموکرات بوو.



عەلی گەلاوێژ

ڕەحمانی حەلەوی کە پێشتر بۆ خوێندن چوو بوو بۆ باکۆ لە لاپەڕەی ٩١ کتێبی "لە مەهابادەوە تا بایکانۆر" بە خراپ باسی کەسایەتی ڕەحیمی قازی دەکا و دەنووسێ :

ڕەحیمی سەیفی قازی بە یارمەتیی غوڵام یەحیا هەرچۆنێك بوو لە قوتابخانەی حیزبی جێی خۆی کردەوە و لە مووچە و دەرەتانە باشەکان خۆی پشکدار کرد و وردە وردە حەزی سەرکردایەتیی کوردە ئاوارە و دەربەدەرەکان و ئێمەی خوێندکاری کە ئیتر کەس ڕووی نەدەداینێ، کەوتە سەر. هەبوونی ژەنەڕاڵ بارزانی لەو کارەدا بۆ وی کۆسپێکی گەورە بوو. ئینجا بەینیشی لەگەڵ سەید عەبدولعەزیز خۆش نەبوو .

لەو نێوەدا بەڕێزان حیسامی و سەید کەریم و گەرمانیشیان هێنایە پانسیۆنەکەی ئێمە. وەکی سەید کەریم دەیگێڕاوە، ئەوەندەیان نامە بۆ ستالین و بێریا نووسی و لەبەری پاڕانەوە، تا لە دوورخراوەیی هێنایاننەوە و هێنایاننە لای ئێمە .

وردە وردە سەرپەرشتیاریی ئێمەی نێو پانسیۆنەکەیان کە نۆ کەس بووین، بە ڕەحیماغا ئەسپارد. ئەو بوو بە دەمڕاستمان. هەڵبەت بۆ ئێمە فەرقێکی نەبوو، ئینجا خۆ ئەو لە ئازەربایجانییەك هەر باشتر بوو، بڵێی و نەڵێی کورد بوو، لەوانە بوو هەستێکیشی هەبێ، بەڵام چونکە دایکی ئازەری بوو، زیاتر لەگەڵ ئەوان بوو تا ئێمە. ئیتر ئەودەم ڕەحیماغا گەنجێکی سادە بوو و ئەگەر کارێکی چەوتیشی کردبایە، ئەوە لە بن سەری غوڵام یەحیا و ئەوانی دیکەدا بوو، کە ئاخری چزووەکەی خۆشیان لە کوردە ڕاستگۆ و دڵسۆزەکان وەشاند و پێوەیان دان.

دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٢٨٤ ی بیروەرییەکانی دا باسی ژیانی دوکتور مستەفا شەڵماشی، یەکێک لەئەندامانی دیکەی حیزب لە ساڵی ١٣٣٣ لە "باکۆ" دەکا کە بە خۆی و دوکتور ئیرینا نیکولایونیای ژنی و خەسو و خەزوری، زۆر بە فەقیری ژیاوە و بۆ ئەوەی کۆتەکەی تازە کاتەوە، لەبەر نەداری تەقەڵەکانی هەڵبڕیبوو و بە بەراوەژوویی دەبەری کردوە. هەروەها دوکتور ئاسۆ دەگێڕێتەوە کە مستەفای شەڵماشی چۆن بە دزی خەسووی، چەند پارەماسی بۆ کوڵاندوە.

بەگشتی حیزبی دێموکرات هەم لە نێوخۆی ئیران و هەم لە باکۆ بوو بە لقی حیزبی تودە و فرقەی دێموکرات و سەربەخۆیی سیاسی تەشکیلاتی خۆی لەدەست دا.

هەرچەند فرقەێ دێموکراتی ئازەربایجان دوای پەنابردن بۆ شووڕەوی، دووبارە بە هۆی حیزبی کمونیستی ئازەربایجان لە "باکۆ" ڕێکخستراوە بەڵام حیزبی تودە لە نێوخۆی ئێران دا هەر ئەوی بەسەر هێنا کە بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی هێنا.

## حیزبی دێموکرات له ژێر دەستەڵاتی حیزبی توودە دا

سەرکەوتنی دەوڵەتی محەمەد رەزا شا بە سەر جوڵانەوی ئازەربایجان و کوردستان کە بە هاوکاری دەولەتی ئینگلیس و ئەمریکا بە ئەنجام گەیی، بوو بە هۆی نفووزی زیاتری ئەو دوو دەوڵەتە لە ئیران دا. ئاشکرایە کە دەوڵەتی ئینگلیس لەمێژ بوو لە کاروباری ئیران دا دەستی باڵای هەبوو، بەڵام ئەمریکا بۆ یەکەم جار بوو کە ئاوا بە بەربڵاوی دەکەوتە نێو پارسەنگی کێشەکانی ئیران و لە بە دەستهینانی ئیمتیازی زیاتر لەگەڵ ئینگلیس دەکەوتە کێبەرکێ. بەڵام ئەوی کە هەر دوو وڵاتی مەجبوور بە هاوکاری دەکرد، مەترسی نفوزی دەوڵەتی شوورەوی بوو کە بە پشتیوانی حیزبی تودە دەیتوانی بۆیان مەترسیدار بێ.

لە لایەکی دیکەوە دوای ئەو دەوڵەتی شوورەوی نەیتوانی ئیمتیازی نەفتی شیماڵی ئیران بە هۆی زەختی نیونەتەوەیی بەدەست بێنێ و لە ساڵی ۱۹٤٦ هێزەکانی لە ئیران دا کشاندەوە، بۆ پڕ کردنەوەی دەستەڵاتی خۆی لە ئێران دا، هەوڵی دا تا لە پێگەی حیزبی تودە، کە هەمووکات نۆکەر و ئاڵقە بەگوێی رووسان بوو، کەڵک وەرگرێ و لە ساڵی ۱۳۲٦ رادیویەکی بە ناوی رادیۆ "سڕی" کە هەواڵی شارەکانی کوردستانیشی بڵاو دەکردەوە، لە باکۆ دامەزراند.

کاتێک کە ئەندامانی حیزب بە زۆر هۆکاری سەرەکی نەیانتوانی رێبازی پێشووی حیزب بگرنەبەر و سەروەری رێکخراوەیی حیزب بپارێزن، زۆر زوو کەوتنە ژێر هێژموونی حیزبی تودە و بوونە بە بەشێک لە لقی ئیالەتی ئەو حیزبە.

بنج و بناوانی بیری حیزبی توودە و بەگشتی چەپ لە ئێران دا، دەگەڕێتەوە بۆ کرێکارانی ئازەری کە بۆ کار لە ئازەربایجان را دەچوونە قەفقاس لە رووسییە و لە گەڕانەوە دا، روانگە و بیروبۆچوونی سوسیاڵ دێموکرات (بوڵشویکی) و شێوەی ژیان و گوزەرانی ئەویان دەگوازتەوە بۆ نێو ئێران. لە ژێر کاریگەری ئەوانە دا، لە ساڵی ۱۲۹۹ لە شاری ئەنزەلی لە باکوری ئێران، یەکەم کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست گیرا و رێکخراوەکانی کرێکاری ئەو حیزبە لە زۆربەی شارەکانی ئێران دامەزرا و گۆڤار و رۆژنامەیان بڵاو کردەوە. لە ساڵی ۱۳۰٦ بە هۆی رەزا شا، ئەو حیزبە نایاسایی راگەیندرا و قاچاغ بوو. بەڵام رێبەرانی ئەو حیزبە بە تایبەتی تەقی ئەرانی و سەرهەنگ سیامەک و کامبەخش، بە نەهێنی درێژەیان بە خەبات دا و کارگەری زوریان لەسەر بیری چەپ لە ئێران دانا و زۆریان پەرە پێدا. تا لە ساڵی ۱۳۱٦ دەوڵەت رەزاشا ٥٣ کەس لە ئەندامانی هەڵسووری ئەو حیزبە دەستبەسەر کرد. بە دوای هێرشی هاوپەیمانان لە ۳ ی خەرمانی ۱۳۲۰ بەشێک لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست کە چەند ساڵ بوو لە زیندان دابوون، لە ۷ رەزبەری ساڵی ۱۳۲۰ حیزبی "توودە"یان دامەزراند. ئەو حیزبە لە ماوەیەکی کەم دا پەرەی ئەستاند و لە ساڵی ۱۳۲٥ لە حکومەتی قەوام دا، بە وەرگرتنی ۳ پۆستی وەزارەت، بەشداری لە حکومەت دا کرد.

حیزبی توودە لە سیاسەتی نێونەتەویی دا لایەنگری سەرسەختی وڵاتی سۆڤییەت بوو و قەت نەیتوانی خۆی لەو بەستراوەییە کە زیانی گەورەی بە خۆی و کۆمەڵگای ئێران گەیاند، دەرباز بکا.

هۆکاری ریشەیی ئەو ئاڵوگۆڕە فکرییە لە حیزبی توودەدا، واتا هێژموونی حیزبی تودە بەسەر حیزبی دێموکرات دا، تا رادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لەو کاتەدا لە ناو حیزبیی تودە دا پێکهات. بەر لە ساڵی ١٣٢٧بەشێکی زۆر لە کادرەکانی حیزبی تودە، وەک خەلیلی مەلکی و ئەنوەر خامەیی و ... لە حیزبی تودە جویّ بوونەوە و لە لایەن دەوڵەتی سوڤییەت کەوتنە بەر هێرشی توند. دوای ئەو رووداوە، حیزبی تودە، دووهەم کونگرەی خۆی بەست و کۆماری ئازەربایجان و کوردستانی بە ڕەوا زانی و ئیعترافی بە حەقانییەتی ئەوان کرد.

بە رەوا ناسینی جوڵانەوەی کورد لە لایەن حیزبی تودە، بوو بە هۆی دڵگەرمی ئەندامانی حیزب و هەوڵیان دا پەیوەندی بە حیزبی تودەوە بگرن و لە پێکهێنانی ئەو پەیوەندیەدا، هێندێک کەسایەتی کورد کە لە حیزبی تودە نیزیک بوون وەک سارمخانی سادق وەزیری و سەدیق ئەنجیری کە بەرپرسی یەکێتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان لە کاتی کۆماری کوردستان دا بوو، رۆڵی کاریگەریان هەبوو.

لەو بارەوە جەلیلی گادانی لە لاپەڕەی ٦٧ ی کتێبی ٥٠ساڵ خەبات دا ئاوا دەنوسێ: لەم بوارەدا حەرەکەتی باشیان کرد و لە رێگەی کاک سارمئەلدینی سادق وەزیری کە قازییەکی تێکۆشەر و زانای خەڵکی سنە و دانیشتووی تاران و کادرێکی بە توانای حیزبی تودە بوو، هەروها بە هۆی کاک سەدیقی ئەنجیری کە هەمان تێکۆشەری بەرپرسی گۆڤاری هاواری نیشتیمان ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دێمۆکڕاتی دەورەی کۆمار بوو و وەک مامۆستا دوور خرابۆوە و لە تاران دەژیا، ئەم کارە جێبەجێ بوو و لە ساڵی ٢٧ دا پەیوەندییەک دامەزرا و بەڵێنییان دا پشتیوانی لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بکەن. ئەو هاوکارییە لەسەر ئەو ئەساسە دارێژترا کە حیزبی دیمۆکڕات پەیرەوی لە رێبەری حیزبی تودە بکا، بەڵام بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە تیکۆشانیان درێژە بدەن.

بێشک لەو سەردەمەدا بڕیاری تێکەڵ بوونەوە لەگەڵ حیزبی تودە دەبێ بە هۆی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات درابێ کە لە هیچ کوێ دا ناوی نەهاتووە. لە راگەیندراوی کومیتەی ساخکەرەوە لە ساڵی ١٣٤٣ نامەی دەست لە کار کێشانەوەی ئەحمەد تۆفیق بە رێکەوتی ١١ بانەمەڕی ١٣٤٠ هاتووە کە دەڵی ١٢ ساڵە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتە کە وابوو دەبێ لە ساڵی ١٣٢٨ کۆبوونەوە کرا بێ و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات هەڵبژێر درابن.

دەبێ بگوترێ ئەو ئیعتراف پێکردن و بە هێند گرتنە لە لایەن حیزبی تودە، بۆ حیزبی دیموکراتیکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو بۆ حیزبێ دێموکراتێک بوو کە دەبوو بە بەشێک لە حیزبی تودە واتا لقێک لەو حیزبە.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ دا چاپ بووە، لەسەر رادەی کاریگەری تەشکیلاتی حیزبی تودە لەسەر حیزبی دێموکرات دەڵێ: ... بەڵام جەرەیانی دووهەم کە پاش کۆمار بە تایبەت دەستی پێ کردبووو لە زەمانی "مصدق"و پاش "مصدق"یش زۆر بەرچاو بوو، جەرەیانی توودەیی بوو. چونکە ئەو تەشکیلاتە کە زیندوو کرایەوە لەڕاستیدا بە یارمەتیی حیزبی توودە بوو. حیزبی توودە هەرچەند

یارمەتی دابوو، حیزبی دێموکرات زیندوو بێتەوە، بەڵام بە کردەوە هەر ناوەکەی حیزبی دێموکرات بوو و تەواوی خەتی سیاسی و ڕێبازەکەی و هەتا دەستووری تەشکیلاتی، هەموو لە تارانەوە لە لای حیزبی توودەدا بۆی دەهات!

ئەمە ببوو بە هۆی ئەوە کە حیزبی توودە شێوەی کارکردنی خۆشی بهێنێ کە دیارە فەرقی هەبوو لەگەڵ شێوەی کارکردنی عەشیرەتی. نهێنیکاری و فێربوونی ئوسووڵی کاری نهێنی، پێکهێنانی شانە، پێکهێنانی کومیتە و بەگشتی پێکهێنانی تەشکیلات هەموو لە حیزبی توودەدا هاتە نێو حیزبی دێموکرات.

بە دوای پێکهێنانی ئەو پەیوەندییە، حیزبی تودە بەڵێنی دا کە بۆ زیندوو بوونەوەی حیزبی دێموکرات، لە باری کادر و ڕێنوێنی کاری تەشکیلاتی یارمەتی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بکا.

بە پیچەوانەی ئەو نووسینانە و روانگەی زۆر کارناس یا نووسەری بیرەوەرییەکانی مێژووی حیزبی دێموکرات، تێکەڵ بوون لەگەڵ تودە بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕێکی گرینگ و قوڵ لە بنەمای حیزبی دێموکرات و شوینەواری چەوتی ئەو گوڕانکارییە، تا ساڵەها دواتر لە سەر سیاسەت و بۆچوونی حیزب کاریگەری نیگەتیفی هەبوو. سارمخان و سەدیقی ئەنجیری بەوکارەیان زیانی گەورەیان بە حیزبی دێموکرات گەیاند و لە داوی حێزبێکیان هاویشت کە هەر ئەوکات ناکارامەیی و هەلپەرەست و بێ پرنسیپیەکانی بە ئاشکرا دەرکەوت بوو.

هاوکاری حیزبی تودە لەگەل حیزبی دێموکرات وەک دوو حیزبی هاوکار و برا نەبوو، بەڵکوو وەکوو حیزبێکی ملکەچ و بەستراوە بە حیزبی تودە بوو و لەو قۆناغە بە دواوە قەت حیزبی تودە، حیزبی دێموکراتی بە رەسمی نەناسی.

بە دوایٚ ئەو ڕێکەوتنە دا پێگە و نفووزی حیزبی تودە لە نێو حیزبی دێمۆکڕات دا، پەرەی ئەستاند. ئەندامی حیزب لە غەیرە کوردستان وەک شارەکانی تاران و ... دەکەوتنە نێو شانە و کۆبونەوەکانی حیزبی تودە. دیارە ئەندامانی حیزبی تودەش لە کوردستان دا لە کۆبونەوەکانی حیزبی دا بەشدار دەبوون. ئەوجار لە لایەن حیزبی تودە بۆ ئاموزش، تەنانەت بۆ بەڕیوەبردنی کومیتەکانی حیزب، کادر دیاری کران و ناردرانە کوردستان. کادرەکان بە فارسی دەدوان و باسی سوسیالیسم و ئیمپریالیسم دەکرا و زۆر کەس لێیان حاڵی نەدەبوو. ئەگەر کەسێک وەک ئەندام وەرگیرا با دەیانگوت وەرە ببە بە حیزبی با ناوت بچتە تاران یان مەسکۆ.

لەو سەردەمەدا حیزبی دێموکرات پەیرەو و پڕۆگڕامی نەبوو و لەژێر هێژموونی حیزبی توودە دا کاری دەکرد. کادرەکانی سەروی حیزب، خۆیان بە تودەیی دەزانی و بوون بە ئەندامی حیزبی تودە، شانازێکی گەورە بوو. خەباتی نەتەوایەتی و باسی مەسەلەی کورد نەدەکرا و سەرەرای ئیمکاناتی زۆری تەبلیغاتی، بە کوردی رۆژنامە و گۆڤار بڵاو نەدەکراوە. تەواوی باس و ئاخاوتنەکان لە بارەی مەسەلەی چینایەتی و دەژایەتی لە گەل ئاغا و دەرەبەگەکان بوو. قەت باسی نەتەوایەتی لە بڵاوکراوەکانی حیزبی تودە، نەهاتە گۆڕێ. ئەندامانی حیزبی بە تاوانی تودەیی بوون دەگیران و محاکمە دەکران. لە دادگاکان دا، کەس لە سەر ئەندامەتی حیزبی دێموکرات پرسیاری لێ نەدەکرا.

ڕێژیم لەوکارەدا، بە ئاگادارییەوە ئەو کارەی دەکرد و دەیویست باسێک لە کێشەی نەتەوایەتی کورد، نەیەتە ئاراوە.

حیزبی تودە لە حەرەکەتەکانی ئەمریکایی باشور و ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتیوانی دەکرد بەڵام کە دەگەیشتە حەرەکەتەکانی کوردستان دەبوو بە بوچوون و ڕوانگەی "ئەوە تەوتیئەی ناتۆ یان بابەتێکی ئاڵوزە و دەبێ بە پارێزە بۆی بچین و..." هەڵدەسەنگێندرا و لێک دەدراوە.

عەبدوڵلا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٤٠ کتێبی ئەزموونی خەبات کە بە هۆی هەیاس کاردۆ کۆ کراوەتەوە لەسەر بە ئەندام بوونی حیزب لەو قۆناغەدا دەنووسێ: ... دەڵێم ئەو کەسەی منی دەعوەت کرد بۆ حیزب نەیدەزانی حیزب چیە. هەر دەیگوت داخڵ بووی؟ داخڵی چی؟ چۆن داخڵ نەبووی؟ گوتم ئی چی؟ گوتی ئی حیزب. گوتم حیزب چیە؟ گوتی حیزبی خۆن. لە ئاخری دا گوتی وەرە بتبەمە کن کەسێکی بزانێ حیزب چیە. ئەویش دوایە هێندێک شتی پێگوتم. مەسەلەن دڵخۆشیی منیان دەدایەوە ئەگەر ئەتۆ ناوت بنووسی، ببی بە ئەندامی حیزب ناوت دەچێتە تارانێ. تەنانەت ناوت دەچێتە مۆسکۆیەش...

عەبدوڵلا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٤١ ئەو سەرچاوەدا لە درێژەدا دەڵێ: ... ئەمن لەبیرمە، ئەو وەختی دەرکم نەدەکرد کادری حیزبی دەهات قسەی بۆ دەکردین. بە فارسی قسەی بۆ دەکردین. باسی مەسایلێکیشی بۆ دەکردین وەک سۆسیالیسم و ئیمپڕیالیسم و زوڵم و زۆری ئیمپڕیالیسم و ئەوانە کە غیرەتمان نەبوو هەر با باسی خۆم بکەم غیرەتم نەبوو بڵێم بابە لێت حاڵی نابم. دەنا بەڕاستی لێی حاڵی نەدەبووم. لەعەینی حاڵ دا پێم شانازییش بوو کە ئەو کابرایە لە تارانێ ڕا هاتوە کاری حیزبی دەگەڵ ئێمە دەکا.

تەنیا ناوی حیزب پاراسترابوو و هیچی تر. بیروباوەڕێ تودەیی و دەستور و بڕیارەکانی حیزبی تودە، دەنێردران بۆ کوردستان و بەو پێیە کارەکان بەڕێوە دەچوون. ڕۆژنامەکانی "چەلەنگەر" و "شەهباز" و "بە سوی ئایەندە" کە سەر بە حیزبی تودە بوون، هەوینی سەرەکی بیروڕای ئەندامانی حیزبی دێموکرات بوون و ئەندامانی حیزب لە بیر ئەساسنامە و تێکۆشان بە ناوی حیزبی دێموکرات دا نەبوون..

ئەحمەدی قازی لە دەستنووسێک دا لەسەر پەیوەندی تەشکیلاتی حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات دا دەنووسێ:

ئەو سەردەمە من تەمەنم ١٧ ساڵان بوو. وردە وردە سەرم لە سیاسەت دەخورا و جاروبار شێعری سیاسی و تەنزاویم بۆ ئەموئەو دەگوت. من هەموو کات بە کوردی شێعرم دەگوت و دەکوردایەتیدا زۆر توند بووم. توودەیی یەکان و تەنانەت ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتیش زۆریان ئەم کارە پێ خۆش نەبوو. لەبیرم ناچێ جارێک شێعرێکم بە کوردی دانابوو کە لە ئەنجومەنی ئەدەبی بیخوێنمەوە بەڵام گوتیان زۆر ناسیۆنالیستانەیە و ئیزنیان نەدام بچمە پشت میکرۆفۆن! چەند دێرێکم لەو شێعرە لەبیر ماوە هەر بە یادگار لێرەدا دەیانووسمەوە. دیارە شێعری باش نین بەڵام بۆ ئەو تەمەن و سەردەمەی شێعرەکەی تێدا گوتراوە خراپ نەبوون:

نیوەشەو شەق بوو هەڵستام بچمە سەیری دەشت و باغ
باغی رەنگین پر لە کۆلارە و لە سیسارگ و لە زاغ
گوڵ هەمووی رەنگی پەڕی بوو لالە جەرگی پر لە داغ
بولبول و قومری و قەناری پاکی بێ مەیل و دەماغ
دڕووە زەردە و قەڵچغ و قەڵغان و مۆسک و چەقچەقەن
جێ نشینی سوێسن و لالە و وەنەوشە و یاسەمەن
....
سەر زەمینی عەدڵ و دادە بۆتە هێلانەی ستەم
پایتەختی پێشەوایە بۆتە پێ شێلی عەجەم
سەنگەری ئەو بەبری کۆسارە وڵاتی بارزان
بۆتە جێگەی زوڵم و جەوری عارەبە لێنگ رووتەکان
ئاسمانی کوردەواری پر لە هەوری نەگبەتە
ئەی خودا هەڵکەی شەماڵێ بەسیە نۆرەی رەحمەتە

ئەوەی من ئەودەم بە تێگەیشتنی ساوا و مندالانەی خۆم تێی گەیشتبووم ئەوە بوو کە بزوتنەوەی حیزبەکەمان ( حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ) لە جێی خۆی دانیە و بە شوێنی سروشتی خۆیدا ناروا. باسێک لە کوردایەتی نەبوو، ناوی کوردستان و کۆمار و پێشەوا فەرامۆش کرابوو. رۆژنامەی کوردی یا لانی کەم گۆڤارێکی مانگانە و شتێکی لەو چەشنە بڵاو نەدەکراوە. تەنیا لە رۆژنامەیەکدا بە ناوی چەلەنگەر جاروبار شێعرێکی کوردی بڵاو دەبۆوە کە باسی دەرەبەگ و ئاغای زاڵم و ئیستیعماری دەکردە ناوەرۆک...

لە هێندێک بۆنەو موناسەبەدا خۆپێشاندان دەکرا کە لە هەمووان دا دروشمی چەپەکان و شیوعیەکان بە تایبەتی حیزبی توودە دووپات دەکرایەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا زیاتر لە شەش حەوت ساڵ لە رووخانی کۆماری کوردستان تێنەپەری بوو. بەڵام کەس نەیدەوێرا باسی بکا و دەبوایە هەموو بە لێنین و ئەستالین و ئەرتەشی سوور هەڵبڵێن و هاودەردی و دڵسۆزی خۆیان بۆ فڵان کارگەری ئەسپانی یا ئەمریکی یا... کە دەستی وەبەر ماشێنی کارخانەیەک کەوتووە، یا قاچی بریندار بووە نیشان بدەن و هەزار جنێو بە "سەرمایەدار" و سەرمایەداری بدەن!

پیاوێکمان لە لا بوو بە ناوی بایزی عەولارەشی، زۆر جار دەروێشتە نێو ئەم خۆ پێشاندان و بەزم و هەرایانە. جارێکیان لێی پرسیم: "ئەرێ میرزا ئەحمەد، ئەوانە بۆ باسی کورد ناکەن و ئەو ئیستعمارە کێیە، هێندەی جنێو پێ دەدەن!؟ بابم ئەمن کوردم و کوردستانم دەوێ". من تا ئەو

جێیەی  توانیم روونم کردەوە و کاک بایز چیتر بۆ خۆ پێشاندان نەچوو، جار جارەش نێوی باوکی ئەستالینی دێنا.

سەید عەلی رەحمانی لە لاپەڕەی ١٩٠ کتێبی "بەشێک لە بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی ژیانم" دا دەنووسێ: ... دەمانزانی کە دایکی ماتیاس راگووشی، سەرۆکی ئەوکاتەی مەجارستان لیباسیشۆری دێیەکەی خۆیان بووە! ماوتسەتۆنگ و لیوشاوچی کرێکاری کانی خەلووزی بەردی وڵاتی خۆیان بوون! بە چاکی دەمانزانی مۆریس تۆرێز، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە، کریکاری شیرینی پەزی بووە! بەڵام نەماندەزانی ئەمارەتە کوردییەکان چی و کێ بوون! یان شێخ سەعیدی پیران کێ بوو و چی کردوە. یان کۆماری ئازەربایجان و کوردستان ریشە و ماهیەتیان چ بووە. چونکە ئەو کاتە لایان وابوو ئەوانە قسەی ناسیونالیستین نابێ باسیان لێ بکرێ.

ئاکار و رەوشتی حیزبی تودە بۆ بوژانەوەی حیزبی دێموکرات، هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە نیو ئەندامانی حیزب دا لەناو برد. سەروەری بڕیاردان و سەربەستی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکڕاتی شێواند و شوێنەواری ئەو هاوکارییە بۆ ساڵەهای ساڵ، زۆری زیان بە بیروباوەڕی حیزب گەیاند. دواتر بە زەحمەت و زیانێکی زۆر، حیزب توانی سەربەخۆیی خۆی وەدەست بێنێتەوە بەڵام کاریگەری چەوتی بیری تودە، لە نێو حیزب دا گەرای داکوتا و پەیوەندی تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆی حیزبی دێموکرات بەجورێک گورێ کە تازە زۆر زەحمەتە حیزب بتوانی لەو داوە رەها بێ و جیا لە خەتی فکری، زۆر لە بیروبۆچوون و لێکدانەوە چەوتەکان و ناکۆکی و ناتەبایی و لیک دابڕان و ترۆ کردن و بوغزاندن و پێکەوە نەحاوانەوەی نێوخۆی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە ئێستاش دا، هەر لە گۆڕی حیزبی تودەوە هەڵدەستێ و میراتی تودەیە بۆ حیزب بە جێماوە و لەو پەیوەندییە تەشکیلاتییەوە سەرچاوە دەگرێ.

هەوڵ دان بۆ دامەزرانی حیزبی نەتەوەیی

هاوکات لەگەڵ گشت ئەو هەوڵانە بۆ بوژانەوەی حیزبی دێموکرات، یان دامەزرانی رێکخراوی سیاسی، هێندێک نیشتمان پەروەری کورد وەک عەلی مەولەوی و ئەحمەدی قازی و ... هەبوون کە بیری نەتەوایەتیان هەبوو.

عەلی مەولەوی لەسەرەتا دا ئەندامی سازمانی جەوانانی حیزبی توودە بوو، دوایە گۆڕا و لە زیندان دا بە توندی بەرهەڵستی توودەییەکانی دەکرد و دژی کمونیست بوو. سەید حەسن هاشمی دەگێڕێتەوە کە عەلی مەولەوی لە چاوپێکەوتنێک دا، بە سەلاحی موهتەدی گووتووە کە رۆژێک دادێ، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە بوونی کۆمۆنیسم شەرم لە خۆی بکا.

ئەحمەدی قازی لە دەستنووسێک دا دەڵێ کە لە ساڵەکانی ٣٠ رێکخراوێکی نەتەوەییان دامەزراندووە و دەنووسێ: هەر لەسەر ئەم بیری کوردایەتییە دەگەڵ هێندێک لە هاوکلاسییەکانم وەک عومەری قازی و لەتیف نەقشی و چەند کەسێکی دیکە حیزبۆکەیەکی نەتەوەخوازمان پێکهێنا بوو و بانگەشەی کوردایەتیمان دەکرد. هەرەشەمان لێکرا کە ئەو کارە نەکەین و زۆری نەخایاند کە کودێتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ دامودەزگای هەموو حیزب و سازمانەکانی تێکەوە پێچا و هەڵسووڕانی سیاسی بۆوە نەهێنی.



عەلی مەولەوی

لەو قۆناغەدا وڵاتانی جیهانی سێهەم لەژێر کاریگەری بیری چەپی مارکسیستی دا بوون. لە وڵاتی سۆڤییەت ئەو ئیدئۆلۆژییە بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ ئازادی و دێموکراسی مافی نەتەوە بندەستەکان کەڵکی لێوەرگیرا و حیزبە چەپ و سوسیالیستەکانی برا، هەر ئەوە سیاسەتەیان رەچاو گرت کە ئاکامەکەی سەروەری نەتەوەی باڵا دەست بوو. تەوەری ئەو سیاسەتە بە رواڵەت چارەسەری پرسی زەحمەتکێشان بوو و لە هەموو کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا جێی گرت و پروپاگەند لە رادەبەدەری بۆ کرا. حیزبی دێموکراتیش لەوداوە کەوت و وەک حیزبە برا بوو بە لایەنگری توندی شووڕەوی و لە تەواوی ماوەی خەباتی خۆی دا، نەیتوانی خۆی لەو بەربەستە خەیاڵییە رزگار بکا.

ئەحمەد قازی لە دەستنووسێک دا ئاماژە بە پێکهاتەی جیاوازی وڵاتی سۆڤییەت دەکا کە چۆن ک. گ. ب بەشی ئەمنی ئەو وڵاتە، نەتەوەکانی ترک، تاتار، مەغول، قرقیز، تاجیک، قەفقاز، کورد، فارس، ئانجار، چەرکەس، چەچەن، گورجی، رووس و ئیسلاو و تورکەمەن کە هیچ نیزیکایەتێکیان پێکەوە نییە و دوژمن یەکەن بە زۆر و بەزەبری چەک و بە کوشتن، لە دەوری یەک کۆ کردەوە دەوڵەتێکی کارتۆنیان لێ پێکهێنان و هەوڵیا دا هەستی سەربەخۆیی‌یان تێدا بکوژن و دەنووسێ: لەوێدا ناسیونالیزم، وەک چەمکێکی ئیستعماری و ئەمپریالیستی دژ بە ئەنترناسوناڵیسم و پێشکەوتنخوازی تەعبیر دەکرا و هەرکەس لەم بابەتەوە دوابا، دەیانبردە مەنفاکانی سیبری کە گەڕانەوەی لەوێ مەحاڵ بوو.

ئەحمەد قازی لە درێژەدا دوای ئاماژە بە ئامرازی گوشار و جەنایاتی ستالین دەنووسێ: لە کاتێک دا یەکێتی سۆڤییەت دەگەڵ هەستی نەتەوەخوازی ناوخۆی بەمجورە کە بە کورتی باسمان کرد، دژایەتی دەکرد، نەیدەتوانی لە جیرانەتی خۆیدا پشتیوانی لە بزافە ناسیوناڵیستی‌یەکان گەلانی ژێر دەستی رۆژهەڵاتی ناوین بکا. چونکە رەنگدانەوەیەکی سەلبی بۆ ناوخۆی سۆڤییەت لێدەکەوتەوە. هەر لەبەر ئەوەش بە حیزبە چەپەکان ئەسپیردرا بوو کە تا دەتوانن خشکەیی و تێپەڕانە دەگەڵ ویستی نەتەوایەتی گەلانی ناوچە بە تایبەتی نەتەوەی کورد، هەڵس و کەوت بکەن و جێبەجێ کردنی ئارەزووی نەتەوایەتی و گەیشتن بە وڵاتی ئازاد و سەربەخۆ، بخەنە پاش وەدیهاتنی سوسیالیزم (تحقق سوسیالیزم) و تێک رووخانی دنیای سەرمایەداری و ئەمپریالیزمی سەرەڕۆ لە جیهان دا (شیر دا بۆ داپیر دا...)حیزبە چەپەکان تا ئەو جێگەی توانیان ئەم سیاسەتەیان بەڕێوە برد و زۆریشی تێدا سەرکەوتوو بوون. حیزبە کوردستانیەکان هەموو چوونە ژێر باری ئەم

سیاسەتە و تا رادەیەکی زۆر لە نەتەوەکەیان دابڕان و رەخنەیان لە بزاڤەکانی پێشووی نەتەوەیی خۆیان دەگرت و بە یاغی بوونی فیئۆدالی و کۆنەپەرەستانە و دژ بە پێشکەوتنخوازی لە قەڵەمیان دەدان. کوردایەتی کردن بە چەمکێکی دواکەوتوانە دەزاندرا و هەرکەس کۆڵە سەوادێکی بوایە، هێندێک رستە و چەمک و رازاوەی مارکسی دەکرد بنێشتە خۆشکە و رەنگی سوور و زەرد و شینیان دەکردە هیمای شۆڕشگێڕی و دە زوڕنای سوسیالیستیان دەتووڕاند.

جیا لەوانەش هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلێتیکی کوردستان و دابەش بوونی بەسەر چوار وڵاتی دوژمن و نەبوونی ئیدئۆلوژی پاڵپشت بۆ بابەتەی نەتەوەیی و کاریگەری ئایینی ئیسلام، پرسی نیشتیمانی نەتەوەی کوردی لاواز کرد. لە بەرانبەر بەو هەموو زوڵم و زۆرییەی کە لە کورد دەکری، هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی کە بە کوردایەتی هیما دەکرێ، لاوازە و نەبووتە ئامرازێک پتەوە قایم بۆ خەبات. جیا لە خەیانەتکاران، بابەتی نەتەوەیی تەنانەت زۆر جار لە لای خەباتکارانیش رواڵەتی قەشمەری و گەمە بە خۆوە دەگرێ. عومەر قازی دەیگێڕاوە کە لەساڵەکانی ۱۳٤۰ دا لە لایەن کومیتەی حیزب لە تاران، قوتابێکی زانکۆی ماڤ بۆ رێنموونی کومیتەی حیزب هاتە مەهاباد و پێیگوتووە کە دەبی بیری نیشتمانی لە ناو خەڵک دا پەرە پیبدەن و نابێ کاسبکار و دوکانداری شار سەودا لەگەڵ تورک و فارس بکەن و شتیان پێبفرۆشن. عومەری قازی دەیگێڕاوە کە هەر ئەو کەسە پاش ماوەیەک لە مەهاباد ئاشقی کچە تورکێک بوو. ئامۆزای خۆی کە دەزگیرانی بوو تەلاق دا و کچێکی تورکی هێنا و تەنانەت ناوی تورکی لەسەر منداڵەکانی دانا. ئەو کەسە ماوەیەک لە زیندانی تاران گیرا. دەستی بەسەر گوڵەکانی حەساری زیندان دادێنا کە ناوی کچەکانی لەسەر دانابوون و هۆڕەۆڕ دەگریا.

## بەشی ٦٤
## بنەماڵەی پێشەوا قازی لە نیوان ساڵەکانی ١٣٢٦ تا ١٣٣٢ دا


مینا خانم قازی

هەرچەند بە دوای رووخانی کۆماری کوردستان، ماڵە پێشەوا لە ژێر چاوەدێری دائیمی دەزگاکانی ئەمنی وڵات دابوون، بەڵام مینا خانم خێزانی پێشەوا پەیوەندی چڕی لەگەڵ ئەندامانی حیزب هەبوو. کاریگەری سەردەمی کۆمار و هەوڵ و تیکۆشانی ئەو لە رێکخراوی ژنانی سەردەمی کۆمار و باوەڕی پێشەوا بە پرسی ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ، ئەوی هان دا کە سەرەڕای ئەو هەمووە زەبر و زەنگەی کە رێژیم بەسەر ماڵەکەی دا هەیبوو، بە پێی توانا لێبڕاوانە لە پێناو ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات دا تێبکۆشێ و یار و یاوەر و هاوکاری ئەندامانی حیزبی دێموکرات بێ.

جیا لە میناخانم کە لەو بوارەدا نەقشی بەرچاوی هەبوو، لە کچەکانیش دا، عیسمەت خانم وەک ئەندامی حیزب زەحمەتی زۆر کێشا و لێبڕاوانە کاری کرد. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٤٠٢ کتیبی "قازی محەممەد" دا، لەسەر عیسمەت خانمی قازی دەنووسێ: عیسمەت خانمی کچی پێشەوا یەکێک بوو لەو ئەندامانەی ڕێکخراوی ئافرەتانی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان کە دواتر لە ساڵی ١٣٢٨ (١٩٤٩) لە زێندوو کردنەوە حیزبی دیموکراتدا بەشداری چالاکەی هەبوو.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٤٠٢ ئەو سەرچاوەیەدا لە زمانی سوهەیل قازی کچی پێشەوا دەنووسێ: عیسمەت خانمی خوشکم دەستی هەبوو لە زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکراتدا و ئەو هاوکاریی کاک غەنی بلوریان و کاک عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" دەکرد لە زێندوو کردنەوەی حیزبدا، بەڵام کە ئاشکرا بوو بەهۆی نائومێدی خۆی کوشت کە نەکەوێتە دەست پیاوانی حکومەت. کاک سلێمان موعینی و ژمارەیەکی تر زۆر بە ئێمەوە ماندوو بوون. ساڵی ١٣٣٢- ١٩٥٣ ماڵی ئێمە وەک بنکەی حیزبی تودەی لێهاتبوو. کاک ڕەحمان قاسملوو بۆ ماوەی نزیک بە حەوت مانگ لە ماڵی ئێمە بوو...

هەروەها کوڕی رەش ئاماژە بە عەبدوڵا ئێسحاقی ناسراو بە ئەحمەد توفیق، مستەفا ئێسحاقی، خەلیل سەدیقی، عوسمان یوسفی، ئەسەدی کاک ئاغازادە، عەزیز یوسفی، داریوش سوڵتانیان، سەید عوبەیدوڵا ئەیوبیان و هتد دەکا کە کارەکانی ماڵە پێشەوایان راپەراندووە.

هەر لەوچوارچێوە دا، حامید گەوهەری لە زمانی مستەفا ئیسحاقی برای ئەحمەد تۆفیق دەنووسێ: ماڵی پێشەوا سێ دەرگا و سێ حەساری هەبوو، دەرگای حەسارێکیان لەسەر شەقامی شێروخورشید، لەبەر دەم گۆمی قازییەوە دەستی پێدەکرد و وەسەر بەرزاییەکەی تەنیشت مزگەوتی شادەرویشی دەکەوت. دەرگای دووەم و سێیەم لەکن مزگەوتی شادەرویشی بوون کە یەکێک لەوانە

پیاوان پێدا دەڕۆیشتن و ئەوی تریان بۆ تەویلەی حەیوانەکانیان دەچوو و ئەویش حەسارێکی خۆی هەبوو کە پێیاندەگوت حەرسای شێخ ئیمامی. دوای لە سێدارەدرانی پێشەوا، هیچ کەس نەیدەوێرا هاتوچۆی ماڵی مینا خانم بکات. ئێمە ژمارەیەک لە کوڕە گەنجەکانی ئەو سەردەمی مەهاباد کە بە بنەماڵە پێوەندیمان بە کۆمار و پێشەوا و منداڵەکانییەوە هەبوو، لە حەرسای شێخ ئیمامی دا کۆترمان ڕاگرتبوو، هەموو ڕۆژێ بە بیانووی کۆترەکانمانەوە سەردانی ئەو حەسارە بەتاڵەمان دەکرد و زستانیش دەچووین بەبێ ئاگادار کردنەوەی مینا خانم و منداڵەکانی بەفری بانەکانمان بۆ دەماڵین. دیارە ئێمە ئەم چەند کەسەمان پێوەندیی ڕاستەوخۆمان بە عیسمەت خانمەوە هەبوو. ئەو کچێکی ڕۆشنبیر و خەباتکار و چاونەترس بوو.


کچەکانی پێشەوا قازی محەمەد

لە گەڵ هەموو ئەو ئەرکە نیشتیمانی و شۆڕشگێڕانە، کەسانی خراپ و نفس نزم و بچووک، لە ناو حیزب دا پەیدا بوون کە لە پەیوەندی ئەندامانی حیزب و بنەماڵەی پێشەوا کەڵکی خراپیان وەرگرت. یەکێک لەو کەسانە عەوڵا بارزانی بوو. ئەو پاش ڕۆیشتنی بارزانییەکان خۆی شاردبووە و چووە تارانێ و لەوێ لە گەڵ ئەندامانی حیزبی یەکی گرتبووە. دوای کودەتای ساڵی ١٣٣٢ هاتە مەهاباد و دواتر هیندێ دراو و زێڕی ماڵە پێشەوا قازی مەحەمەدی دزی و هەڵاتەوە بۆ عێراق و ناوی خۆی گۆڕی و لە هەولێر نیشتەجێ بوو. هەر لەوبارەوە سوهەیلی قازی لە کتێبی حامید گەوهەری دا دەڵێ: جارێک لەلایەن یەکێک لە میوانەکانەوە کە نامەوێ ناوی بێنم، دزیمان لێکرابوو، سەرگورد وەکیلی سەرۆکی شارەبانی مەهاباد هاتە ماڵمان، گوتی من بۆ ئەوە نەهاتووم دز ببینمەوە، بەڵکوو پتر بۆ ئەوە هاتووم کە بزانم کێ هاتووچۆی ماڵی ئێوە دەکات و بە دایکمی گوت: ″ئاگاتان لەخۆتان بێ کە لەژێر چاودێری دان″.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە سوهەیل خانم دەڵێ: کە لە مهاباد بووین، بە بەردەوامی ڕۆژنامەنوسی بیانی لە ئەڵمانیا، فەڕەنسا، ئوتریش و شوێنی ترەوە دەهاتن. من بۆخۆم نوسەری کتێبی "جاسوس چشم آبی"م لە ماڵی خۆمان دیوە. ئەو خانمێک بوو هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد. هاتنی ئەوانە هەندێک جار لەگەڵ مەئمور و هەندێک جاریش خۆیان بە بیانووی گەڕان بە شاردا دەهاتنە لای ئێمە و ڕوکنی دووەمیش بە بەردەوامی ئازاری دەداین.

چاوەدێری بەسەر ماڵە پیشەوا بە هۆی ئەرتەش و ساواک و روکنی ٢ بەڕێوە دەچوو. ماڵ و سامانی ماڵە پێشەوا مۆر و مۆم کرابوو. مینا خانم ناچار بوو بۆ کەڵک وەرگرتنی لە کەلوپەلی نێو ماڵی خۆیان دەبوو ڕوکنی دووەم ئاگادار بکا تا ئەوان بێن و پێداویستییەکانی بدەنێ. مینا خانم بە

زەحمەت و کوێرەوەری توانی باڵی بەسەر منداڵەکانی داکێشێ کە گەورەترینیان ١٤ ساڵ و چکۆڵەترین ٥ مانگانە بوو. بە پێی بڕیاری دەوڵەت دەبوو بە قازانجی دەوڵەت دەست بە سەر مڵک و ماڵی قازییەکان دابگیرێ و فەرمانی بەڕێوەبردنی بە ئیدارەی دارایی مەهاباد و مەراغە درا بوو. بەڵام بە پێی لاپەڕەی ١٧١ کتێبی مێژووی بنەماڵەی قازی، چونکە سەرپەرەستی ئەو بنەماڵانە ئێعدام کرا بوون، مڵک و ماڵیان زەوت نەکرا و دەوڵەت رادەی ١٠٠٠ تمەنی مانگانە یارمەتی بۆ منداڵەکانی پێشەوا بڕێوە.

سەرەڕای ئەوانە خەڵکی دڵسۆزی ئەوتۆ زۆر بوون کە لەوپەڕی مەترسی و نیگەرانی دا هەوڵیان دەدا بە شێوەیەک خزمەت بە ماڵە پیشەوا بکەن. سوهەیل خانمی قازی دەڵێت: خەڵکی کاسپکار و کۆمەڵێکی زۆری لاوی مهاباد لەگەڵمان بوون و یارمەتی ئێمەیان دەدا و پارێزەری ئێمە بوون. کاتێک دەچووین بۆ خوێندنگە و دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەکەمان، لاوەکان دووراو دوور چاویان بەسەر ئێمەوە بوو کە نەکات کەسێک زیانمان پێ بگەیەنێت. لە زستاندا ئێمە کە لە خەودا بووین و بەفر وڵاتی دادەپۆشی، گەنجەکان بەبێ ئەوەی کە ئێمە ئاگادار بکەنەوە، دەچوونە سەربانی ماڵەکەمان بەفرەکانیان دەماڵی.

ئەگەر کاربەدەستانی ڕێژیم لە لایەک زەبر و زەنگ هەڕەشە و گوڕشە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ ماڵە پێشەوا دەکرد لە لایەکی دیکەش لە دەروون دا بنەماڵەی شا لەمەڕ ئێعدامی قازییەکان هەستیان بە گوناح دەکرد و بە هۆی باوەڕی ئیسلامی پێانخۆش بوو عەفوو بکرێن. سەرئەنجام پێنج ساڵ دوای لە سێدارەدانی پێشەوا بە فەرمانی شا بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی بە ماڵە پێشەوا کرا و حامیدی گەوهەری لە زمانی سوهەیل خانمی قازی دەنووسێ: سوڕەیا هاوسەری محەمەد ڕەزا شا، داوای دیتنی دایکمی کرد، بەڵام دایکم ڕازی بە دیتنی نەبوو. سوڕەیا ناچار بوو عەلەوی کیا ئاجودانی شا بنێرێتە مهاباد. ناوبراو هات و لە ماڵی میرحوسێنی کاکاغازادە کوڕی خاڵی دایکم، چاوی بە دایکم کەوت. لەو دیدارەدا، عەلەوی کیا بە دایکمی گوتبوو: "شا دەیەوێ لەگەڵتان ئاشت بێتەوە و عەلی بنێرێتە دەرەوی وڵات کە درێژە بە خوێندن بدات." دایکم بۆ ڕزگار کردنی عەلی برام ڕازی بوو کە ئەو بڕوا و ئێران بەجێبهێڵێت و بچێ لە دەرەوەی ئێران درێژە بە خوێندن بدات. بەڵام عیسمەت خانمی خوشکم و حیزبی تودە ڕازی نەبوون کە کاک عەلی برام لەلایەن شاوە ڕەوانەی دەرەوە بکرێت. ئەوە بوو، سپەهبود ئاریانا هاتە ماڵمان و گوتی: "پێویستە عەلی بڕوات، ئەگەرنا دەبێ زیندانی بکرێت و لە زینداندا بمێنێتەوە." دایکم داوای لە حیزبی تودە کرد کە عەلی بنێرێ و لەو کێشەیە ڕزگاری بکات کە ئەو کارەیان نەکرد و دایکیشم دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو ساڵ ڕازی بوو کە عەلی بچێت و بخوێنێت.

بە پێی کتێبی حامیدی گەوهەری، کوڕی ڕەش ڕۆژی ١٩٥٥/٣/١٠ لە ئێرانەوە ڕەوانەی ئەڵمانیا کرا. میناخانم و کچەکانی دوای ڕۆیشتی کوڕی ڕەش رووی ئاسوودەییان نەدیت و هەموو جاری دوای سەردانی هەر کەسێک، لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرا. بۆیە لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بە ناچاری مهابادیان بەرەو تاران بەجێهێشت و حامید گەوهەری لە زمانی سوهەیل خانمی قازی

دەنووسێ: نزیکەی ١٧ ساڵم بوو کە بەهۆی گوشاری ڕوکنی دووەمەوە مهابادمان بەجێهێشت و ماڵمان چوو بۆ تاران و دایکم لە ئەمیر ئاباد، نزیک نەخۆشخانەی ١٠٠ قەرەوێڵەیی خانوویەکی بە کرێ گرت. لە تاران عیفەت خانمی خوشکم بەشی یاسای لە زانکۆ دەخوێند و ئێمەش تا ڕادەیەک ژیانی ئاراممان هەبوو، بەڵام کە ڕۆژنامەنوس لەگەڵ مەئموری ساواک دەهاتن، ئازارمان دەبینی و برینی دڵمان دەکولایەوە. ئەوانەی دەهاتن بە تێکڕا لە کتێبخانەی بابمیان دەکۆڵییەوەو دەیانویست بزانن بابم چۆن کتێبێکی خوێندوەتەوە.

سەرەڕای هەمووی ئەوانە چاوەدیری توندی ڕێژیم بەسەر بنەماڵە و کردەوەی ناشایستی دزی کردنی لە ماڵە پیشەوا و خۆکوژی نادیاری عیسمەت خانم و زۆر بابەتی دیکە بوو بە هۆی ئەوە کە بنەماڵەی قازییەکان هەڵسوکەوتەکانیان سنووردار بکەن. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی یەکی بەرگی دووی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە دوای ٣ ساڵ زیندانی لە ساڵی ١٣٣٦ کاتێک ئازاد بوو چووتە ماڵە پێشەوا. میناخانم خیزانی پیشەوا بە ساردی وەریگرتووە و خانمە خانمەش کچی مەڕحوی سەدری قازی، بەخێرهاتنی نەکردووە.

بە گشتی تا دوو ساڵ پێش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێ ماڵێ پێشەوا دەگەڕان. منیر خانم کچی پێشەوا دەڵێ کە ڕۆژێک هاتبوون بۆ گەڕان ئەمن لە سەر لێواری حەوزی حەوشە فەوزێی خوشکم بە دەستەوە بوو کە چاوم بەوان کەوت لە ترسان فەوزێەم خستە حەوزەکەوە کە دەریان هێناوە ئاوی لە زگی چوو بوو.

گوشاری ڕێژیم بۆ سەر ماڵە پێشەوا جارجار رواڵەتی سووک و ترۆکردنی هەبوو، لەو بارەیەوە عەلی قازی دەڵێت: دوای هەرەس هێنانی کۆمار زۆرمان ئازار بینی لەلایەک خەڵک دڵسۆزییان بۆ دەکردین و لە لایەکی تردا کاربەدەستانی حکومەت باوکی منداڵە هاوتەمەنەکانی منیان بانگ دەکرد و هەڕەشەیان لێ دەکردن کە نابێ کوڕەکانیان لەگەڵ من کە گوایە کوڕی تاوانبار بووم، قسە بکەن... ڕۆژێک لە بەردەگای ماڵی خۆمان، بەردم دەهاویشتە نێو تەویلەی ماڵەکەمان، لەو کاتەدا پاسەوانێک هات و بەتوندی لەمنی دا...



ماڵە پێشەوا

زەخت بۆ سەر بنەماڵەی قازی هەر بەوە کۆتایی نەهات و ئەفسەرانی ڕێژیم تەنانەت ویستیان گۆڕی قازییەکانیش تێک دەن و سوهەیل خانمی قازی دەڵێت: ڕۆژانی هەینی، ئێمە دەچووینە سەر قەبران و سەردانی مەزاری بابمان دەکرد، ئەوانەی ماڵیان لە قەبرستانی مەلا جامی

نزیک بوو، بەو کارەی ئێمەیان دەزانی و دوای نوێژی بەیانی دەهاتنە لای ئێمە. وەرەهرام کە ئەفسەر و فەرماندەی لەشکری مهاباد بوو، گۆڕستانی مەلا جامی تێکدا و دەرەختی لێ چاند. کاتێک گەیشتە نزیک قەبری قازی باوکم و هەڤاڵانی، کۆمەڵێک لە خەڵکی نزیک گۆڕستانەکە خۆیان کێشایە سەر قەبرەکە و گوتیان بۆڵدزێرەکان بەسەر ئێمەدا بێنن و قەبرەکە تێک بدەن. وەرەهرام کە ڕێز و حورمەتی بۆ ماڵی ئێمە هەبوو و ماڵەکەی جیرانی ماڵی ئێمە لە ماڵی کەمالی میرزا شافعی دا دەژیا، بە ڕاشکاوی بە دایکمی گوت: "تێکدانی گۆڕستانی مەلا جامی بە فەرمانی شایە و مەبەستیش ئەوەیە کە مەزاری قازی بۆ دواڕۆژ نەبێتە زیارتگەی خەڵک." وەرەهرام لەژێر گوشار و ڕەخنەی خەڵکی مەهاباددا مەزاری قازی تێک نەدا و هەروەک ئەو گوتبووی مەزاری بابم بوو بە زیارەتگە و کۆبوونەوەی عاشقانی کوردستان و لە هەموو شوێنێکی کوردستان و دەرەوەی کوردستانەوە سەردانیان دەکرد.

عەبدوڵای قازی لە کتێبی "وڵاتی من" دا لەسەر کارەکانی وەرهرام دەڵێ: قەبرستانی مەلاجامی کە بەشێکی زۆری شار، لە مەیدانی سێ ئاشان را هەتا مەیدانی وڵاغانی داگرت بوو، تێك دا و روخاندی و تەنیا لە بەشی ماڵە سەید تەهای، چەند قەبرێکی هێشتەوە کە بە پیاوچاك، بە نێوبانگن و دواتریش گومبەزیان لەسەر دروست کرد. قەبری پێشەوا قازی مەحەممەد و سەیف و سەدری قازی، چوونکە کەوتبووە بناری داشامەجیدی تێك نەدرا بەڵام لەو دواییانەدا قەتعەبەندی کرابوو بۆ ئەوەی کە بیفرۆشن کە تایفەی ئێمە کڕیاننەوە و نەیانهێشت ببێتە خانوو. دیارە بۆ ئەوەی ئەگەر خەڵك چوون بۆ زیارەتێ، یان ئەگەر ویستیان دوعایەك شتێك بخوێنن، لە ژێر بەفر و باران دا نەمێننەوە و تەڕ نەبن، خانوویەکمان لێ دروست کرد. بەڵام ئەویش ماڵێك داگیری کرد و بە جێی نەدەهێشت. تا ئاخر بە هەزار چەقەچەق توانیمان ماڵەکەی دەرکەین قیل سپی بوو و بە ناچار خانوەکەشمان ڕووخاند.



ماڵە پێشەوا

عەبدوڵای قازی لە درێژەدا دەنووسێ: لە پێش هاتنی وەرەهرام، فەرمانداری شار ویستبووی قەبری مەلاجامی تێك بداو بیکاتە مەیدان. بەڵام وەك دەڵێن ژنی فەرماندار خەون بە مەلاجامییەوە دەبینێ‌و بە مێردەکەی دەڵێ کە دەست لەو قەبرستانە نەداو لە کۆڵی بێتەوە. بەڵام فەرماندار بە قسەی ناکاو ویستوویەتی تێکی بدا. بە هەڵکەوت فەرماندار لە پلیکانان بەردەبێتەوەو لاقی دەشکێ و ئەوجار لە بڕیاری خۆی پاشگەز بووەتەوە.

وەرەهرام ئەو قەبرستانەی تێك دا بۆ ئەوەی گومبەزی مەلاجامیش تێك بدا بە فێڵا بە شۆفیری بۆلدزێرەکە دەڵێ: "لوتێکی بۆلدزێرەکە بگەیەنە ئەو گومبەزەو خراپی بکە، ئەمنیش لە پێش چاوی خەڵك لێت تورە دەبم و لێت دەدەم". بەم شێوەیە بە شەپڵاغەیەك گومبەزەکە تێك درا. ئێستا گۆڕی مەلاجامی گومبەزی لەسەر دروست کراوەتەوەو لە مەیدانێك بەو نێوە هەڵکەوتووە.

عەبدوڵای قازی لە بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ: ... لەوکاتیدا شا هاتە مەهابادێ. وەرەهرام دەستوری دا کە خەڵك دەبێ بە تەواوی تواناوە شاری بڕازێننەوە. میناخانم خێزانی پێشەوا کە زۆر لە ژێر کۆنترۆڵ دابوون بە ناچاری فەڕشی بەسەر دیواری دا بەردابووە. ئەویش شا گوتبووی نیسبەت بەو بنەماڵەیەی چاکەی بکەن. ئەوە بوو کوڕی ڕەشیان بردە تارانێ بۆ ئەوەی لە ژێر چاوەدێری خۆیان دا پێیبخوێنن و کۆنترۆڵی بکەن.

ئەوکات لە شارەداری میوانداریان لە شای کرد و چوونکە جێگایان کەم بوو هاتن خانووی مەحکەمەیان لە ئێمە ئەستاند و لە داڵانەکەی بە هۆی ئاشپەزی تایبەتی خۆیان چێشتیان سازکرد. سەرهەنگێك و چوار ئەفسەریش بۆ نان خواردنێ هاتنە دیوەکەی باپیرم (قازی مونعیم) کە لەسەر حەوزخانەی بوو. کە زانیان ئێمە قازین، نێوچاوانیان تێکنا و گووتیان ئەوانە ئامۆزای مەلا مستەفای بارزانین. ئێمەش گووتمان چاویان دەرێ قەحبەبابانە با هەروا بزانن. دوای نان خواردنێ بە لالووتی وەدەرکەوتن. لەو سەفەرەدا شا دۆستێکی کچی لەگەڵ خۆی هێنابوو گوایە زۆر جوان بوو. لە فڕۆکەخانەی تەورێز یان ورمێ دەبێ، شا هەر چاوەروانی ئەو کچەی دەکا کە بگاتێ و لەگەڵ ئەو سواری فڕۆکە بێ. وەرەهرام تووڕە دەبێ و بە شای دەڵێ: "بفرمائید سوار شوید (فەرموو سوار بە)". ئەویش شا دەڵێ: "ئاخر با خانمی فلانی بێ". وەرەهرام دەڵێ: "فەرموو سوار بە فڕۆکە نیزامییە، جێگای ژنان نییە". ئیدی شا بە ناڕەحەتی سوار دەبێ.

دیارە خۆشەویستی وەرەهرام لە لای خەڵکی مەهاباد، لە پەیوەند لەگەڵ ئەو رق و بێزاری و نفرەتە بوو کە لە بنەماڵەی شایان هەبوو. عەبدوڵای قازی لە وڵاتی من دا دەنووسێ: ماوەیەك دواتر عەلیرەزا برای شای هاتە مەهاباد. بۆ پێشوازی خەڵکیان لە مەیدانی چوارچرایە کۆکردەوە. خەڵك هەموو یەکرا دەیانگووت زیندە باد وەرەهرام و هیچ کەس زیندە باد شای بە زاری دا نەدەهات. عەلیرەزا دەچێتەوە تارانێ و بە شای دەڵێ کەس نێوی ئەو ناهێنێ و ئەوە هەر وەرەهرامە کە پاشای ئەو مەملەکەتەیە. ئەوە بوو بە هۆی لابردنی وەرەهرام و بریانەوە تارانێ و بێکاریان کرد. تەنانەت گوماشتەیەکیشیان نەدایە خزمەتی بکا.

# بەشی ٦٥

## ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٧ تا ١٣٣٢

## قات و قڕی لە زستانی ١٣٢٧ دا

زستانی ساڵی ١٣٢٧ سەخت و تۆش بوو و بەفر زۆر باری و گەنم و جۆ دەری هاویشت و قات و قڕی سەرانسەری ئێران، بە تایبەتی ئازەربایجان و کوردستانی گرتەوە. وەزعی ژیانی خەڵکی کوردستان لەوپەڕی خراپی دا بوو و خەڵک لە بەهار دا هەرزن و گەنمە شامیان چاند و گەنم و جۆی هاوەردەی عێراق یارمەتی بەوە کرد کە خەڵک لە برسان نەمرن. هەرچەند رێژیمی شا زۆر بە دژی شووڕەوی تەبلیغاتی دەکرد، بەڵام لەوێ گەنمیان هێنا کە لە سەر دەستی ئاغاوەت، بە قەرزی سەر خەرمان و بە بەڵگە، بە سەر خەڵک دا دابەش کرا. ئاغاکان ئەو گەنمەیان بە زیادەوە وەرگرت و لەگەڵ دەوڵەت بە سود و سەلەم خورەکانیان دەفرۆشت و ئەوانیش بە گران دەیانداوە بە خەڵک.

لەو قاتی و قڕی دا، لە کوردستان کەس لە برسان نەمرد بەڵام مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی٣٣ تاریک و روون دا باسی خەڵکی ئازەری دەکا و دەنووسێ: لە بەهار دا خەڵکی دێهاتی ئازەربایجان لە حاڵێک دا کە وەک خەزەڵی پاییز لە برسان هەڵدەوەرین و پیاو ئاگری بۆ تێبەردەبوون بە کوردستان وەر بوون. گەلی کورد جاریکی دیکەش پیاوەتی و نان بدەیی و میوانداری خۆی نیشان دا.

هەر دەستەیەک رووی لە هەر ئاوەدانییەک دەکرد، خەڵکی ئەو ئاوەدانییە بە پیریانەهوە دەچوون و ژەمێکیان تێر دەکردن و بەرێیان دەکردن. زور ماڵی وا هەبوون ئەو ژەمە بۆخۆیان هیچیان نەدەخوارد...

کە بەهار کامڵ بوو، نیشتیمانەکەی کوردستانی رەنگین و بژوێن، باوەشی دایکانەی بۆ ئەو برسی و رەش و روتانە ... کردەوە. لە نواڵە زەنوێرەکانی دا سفرەی نیعمەتی بە هەڵز و مەندۆک و بیزا و کارگ و کوڕادە و زڕەمەندی و سیوەڵووکە و وینجە کێویلکە و کەنگر ریواس و ئەسپنگ و ئالەکۆک و دۆری و ترشۆکە بۆ رازاندنەوە...

ئەو مێگەلە شپرزە و سەرگەردانە و بێشوانە بە چیا سەرکەشەکانی کوردستانی ئێران دا هەڵکشا و گڵۆپکی ئەو گیایانەی هەڵپساند و خۆی پێ تێر کرد و شۆڕ بۆوە بۆ گەرمە سێری کوردستانی پڕ خێر و بەرەکەتی عێراق و وردە وردە دانگەرێزەی کردتا بەسەر خێروخۆشیان داکەوت. لەوێ کەوتە فەرعانە. دەغڵ و دان فەریکە ببوو، خانەخوێش هەر کورد بوو، بە دڵ بوو، بە بەزەیی بوو، ئینسان بوو و دلسۆزانە میوانداری کرد و بەخێوی کرد.

تەقە لە شا لە ساڵی ١٣٢٧

لە ١٥ رێبەندانی ١٣٢٧هەتاوی، شا بە لیباسی نیزامی چووە زانکۆی تاران تا لە جێژنی ساڵانەی زانکۆ دا بەشداری بکا. لە کاتی دابەزین لە ماشین، لە بەر دەرکە بە هۆی عەکاسێکەوە، لە دوو میتری را تەقەی لێکرا. شا خواروخوار لە بەری هەڵات و سێ گوللە وە کڵاوی سەری کەوت و زیانی


شا بە برینداری

پێنەگەیی. بەڵام گوللەی چوارەم، لای راستی کوڵمەی هەڵدڕی و بە لێوی سەرەوە و بە بن کەپۆی دا تێپەڕی و بە قەوڵی مامۆستا هێمن "تۆزقاڵێک دەم‌ولێو و پشتی رووشاند". ئاخر گوللەش لە دەمانچەکەدا گیری کرد و وێنەگر دەمانچەکەی بە توڕەیی بە عەرزی دادا. لەو کاتەدا ئەفسەرانی پارێزگاری شا وێنەگرەکەیان دایە بەر دەسرێژ و کوشتیان و نەزانرا چ کەسانیک لە پشت ئەو کارەوە بوون. دواتر دەرکەوت کە ئەو کەسە، لە گەڵ هێندێک لە توندڕەوانی ئیس لامی و حیزبی تودە، لە پەیوەندی دابوو و هەروەها دۆستە کچەکەی، کچی باغەوانی سفارەتی ئینگلیس بوو.

ئەو رۆژ سەرۆکی وەزیران محەممەد ساعدی مەراغەی، نەخۆش بوو و لە ماڵە خۆیی بوو. شەو رەزم ئارا رەئیسی ستادی ئەرتەش چووە سەردانی و پێیگوت کە هێرشکەر، پیاوی ئایەتوڵا کاشانی بوو و یەکیک لە لایەنگرانی ئەو، کارتی هەواڵدەری وێنەگری، بە ناوی هەواڵدەری رۆژنامەی"ئاڵای ئیسلام" ی داوەتێ. دوای ئەو تێرۆرە، ئایەتوڵا کاشانی، بۆ لوبنان دوور خراوە. دواتر کە رەزم ئارا ترۆر کرا، زۆر کەس پێی وابوو کە کاشانی ئاگادار و لە پشتی ئەو روداوە بووە. ئەوکات دەنگۆی ئەوە هەبوو کە رەزم ئارا بە پشتیوانی ئەمریکا و ئینگلیس ویستویەتی دەسەڵاتی تەواو بە دەستەوە بگرێ و ببێتە سەدری ئەعزەمی ئیران. گوایا ناسری فەخرئارای، لە گەڵ رەزم ئارا و چەند کەس لە بەرپرسانی حیزبی تودە پەیوەندی هەبووە و پیلان کوشتنی شا، بە دەستی ئینگلیسییەکان و بە هاوکاری رەزم‌ئارا داڕێژتراوە.

ئەو تێرۆرە یەک حەوتوو دوای بەستنی پەیمانی (ئیلحاقی) نەفت لە نێوان ئینگلیس و ئێران دا، رووی دا. دوکتور بەقایی و حوسێن مەکی، نوێنەری مەجلیسی ١٥ دژی ئەو پەیمانە ئیلحاقییە بوون و هەمووکات لە رێنمایی دوکتور موسەدیق کە خانە نشین بوو، کەڵکیان وەدەگرت.

بە بریندار‌بوونی شا، ئەو بیانۆ کەوتە دەست دەستەودایرەی شا کە هەڵکوتنە سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و سەرکوتیان بکەن و لە وڵات دا زیاتر دیکتاتوریی داسەپێنن.

تقەی ناسری فخرارایی بە سەر حیزبی تودە داهات و شا بە بیانووی ئەوەی کە ناسر فەخرئارایی تودەیی و هەروەها بە هۆی ئەوە کە حیزبی تودە، لەو رۆژە، لە ئیمامزادە عەوڵای نیزیک تاران، مێتینگیان پێکهێنا بوو، ئەو حیزبەی هەڵوەشاوە راگەیاند. ئەو مێتینگە بە بۆنەی ساڵرۆژی، شەهید بوونی تەقی ئەرانی رێکخرا و گوایا مەبەستیش ئەو بوو کە ئەگەر شا کوژرابا، حیزبی تودە کودەتای کرد با. بە دوای ئەو تێرۆرە دا لە زوربەی شارەکانی ئێران، بە تایەت لە تاران و لە مەهاباد خەڵک گیران و زیندان پڕ بوون و زۆر کەس لە زێدی خۆیی دوور خرانەوە. دیارە زۆری پینەچوو رۆژنامەکانی حیزبی تودە بە نەهێنی دووبارە بڵاو بوونەوە و هێندیک لە رێبەرانییان توانیان لە زیندان رابکەن.

هەر لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو بە هۆی ئەوی لە پاریس خۆپێشاندانی بە دژی شا پێکهینا بوو لە فەڕانسە دەرکرا. دوکتور. حەسەن شەتەوی لە لاپەڕەی ٧٦ کتێبی چارەنووس (باسێک لە سەر رەچەڵەک و لک و پۆپەکانی بنەماڵەی قاسملوو دەنووسێ: کاک رەحمان ساڵی (١٣٢٧) ١٩٤٨ دەرسەکەی تەواو دەکا و بۆ پشووی هاوین دەگەرێتەوە ورمێ و لە پێکهێنانەوەی یەکیەتی لاوان دیمۆکراتدا کە بەشی حیزبی تودەی ئێران بوو، بەشدار دەبێ چونکە قوتابییەکی زۆر زیرەک بووە، بووڕسی دەولەتیی دراوەتێ و ئاخری ساڵی (١٣٢٨)١٩٤٩ چۆتە پاریس لای ئەحمەدئاغای برا گەورەی کە هەشت ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو و یەک دوو ساڵ پێشتر بۆ خوێندن چوو بووە پاریس. لەوێ لە زانستگەی سۆربۆن ناوی خۆی نووسیوە...

....لەو بەینەدا رۆژی ١٥ی رێبەندانی ١٣٢٧(١٩٤٨) لە زانستگەی تاران تەقە لە شا دەکرێ، بەو بۆنەیەوە کاک رەحمان لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی خوێندکاریدا لە پاریس بە توندی دژی شا قسە دەکا. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی باڵوێزخانەی ئێران لە پاریس لێی بە رقدا بچێ و لە ئاکامدا هەم بوورسەکەی دەچێ و هەم لە فەرانسە دەردەکرێ.

بە دوای تەقە کردن لە شا، کوردستانیش لە شەپۆلی راونان و گرتن، بێ بەش نەبوو و لە مەهاباد هێندێک لە تێکۆشەرەکانی ئەو سەردەمیان گرت و بۆ زیندانەکانی مەهاباد و ورمی‌یان رەپێچەک دان.

شا بەو سەرکوت و زەبروزەنگە توانی پێگەی دەسەڵاتی خۆی لە نێوخۆی وڵات بە هێز بکا. تەنانەت ریژیم هەوڵی دا کە دژبەرانی خۆی لە دەرەوەی وڵاتیش لە ناو بەرێ. بە پێێ لاپەڕەی ١٦٥ بەرگی یەکی بیرەوەییەکانی کەریمی حیسامی، لە پاییزی ١٣٢٨ نامەیەکی رەمزی پێگەیشتوە کە دەوڵەتی ئێران، داوای لە حکومەتی عێراق کردوە کە حەسەن قزلجی و زەبیحی و هەژار و سەمەدی کە لە سولەیمانییە لە لای شێخ لەتیف پەنا درابوون بگیرێن. کەریمی حیسامی باس لەوە دەکا کە هەر نامەکەی پێدەگا بە پەلە بە هۆی تەتەر حیزبی شوعی لە عێراق ئاگادار دەکا کە ئەوان ئاگادار بکرێن تا جیگایان بگوێزنەوە.

جیا لەوانە، لە رێکەوتی ٣٠ فەروەردینی ١٣٢٩ لە مەجلیسی ئێران یاسای دەست بەسەرداگرتنی هەموو موڵک و ماڵی خەتابارانی ئازەربایجان و کوردستان پەسەند کرا و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیان داگیرا. بە پێی ئەو یاسایە تا ئاخری مانگی رەشەممەی ١٣٣٣ دەوڵەت و شرکەتەکان و خەڵک دەبوو داخوازیەکانی خۆیان لە سەر موڵک و ماڵی ئەو خەتابارانە بدەن بە کۆمیسیونێک کە بۆ ئەو مەبەستە پێکهات بوو. بە پێی ئەو یاسایە زۆربەی ماڵ و سامانی بەڕیوەبەرانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بە رواڵەت درا بە زیان لیکەوتوانی دەرەبەگ و فئۆداڵ.

دیارە هینديێک لەوانەی کە لە گرتنەوەی ئازەربایجان لە ساڵی ١٣٢٥ دا، لە ترسی کوشتن بۆ ئازەربایجان سەرو هەڵات بوون، لە رێگای جوراجۆر خوازیاری ئەوە بوون کە رێگا بدرێن بگەڕینەوە بۆ ئێران. بۆیە لە ساڵی ١٣٢٨ ئیران و شووڕەوی رێک کەوتن کە ئەوانە بە بێ مەترسی بگەڕێنەوە بۆ ئێران. ئەوانە نەیان دەتوانی بەرهەمی کاری خۆیان بە شێوەی پارەی رووسی "رۆبڵ" بێننەوە بۆ ئێران، بە ناچار هەموو

سامانەکەیان دا بە شتومەکی وەک سەماوەر و دوربین و ... تا بە فرۆشتنەوەیان لە ئێران ماوەیک پێی بژین. بەڵام ئەوانە هەر کە گەیشتنەوە بۆ ئێران، لە باغی مێهران کۆ کرانەوە و وەک ئەسیری شەڕ رەفتاریان لەگەڵ کرا. هەموو کەل و پەلەکەیان دەستی بە سەر داگیرا و بە بێ رێزی و هەرشە و گوڕشە لیکۆلینەوەیان لەگەڵ کرا و بە پەروەندی قورس، رەوانەی دادگای نیزامی کران و حوکمی ١٠ ساڵ و ١٥ ساڵ و ئێعدامیان بۆ بڕدراوە.

## هەڵبژاردنی دەورەی شازدەهەمی مەجلیسی شوڕای میللی

محەممەد رەزاشا لە ساڵی ١٣٢٨ تا هەڵبژاردنی دەورەی شازدەهەم (لە مانگی رێبەندانی ئەو ساڵە) نوێنەرانی هەر دوو مەجلیسی سەنا، کە ئەوەیان نیوەی ئەندامانی بۆخۆی دیاری دەکرد و مەجلیسی شوڕای میللی لە تاران هەڵوەشاندەوە و مەجلیس بە بێ بەشداری نوێنەرانی تاران، دەستی بە کار کرد.

بەر لە هەڵبژاردن دەورەی شازدەهەم هێندێک کەسایەتی میللی و نیشتمانی، وەک دوکتور موسەدیق لە دژی یاسای هەڵبژاردن مانیان گرت و توانیان هێندیک بوچوونی خۆیان بە سەر وەزاڕەتی ناوخۆ دا بسەپێنن.

لە سەر پیداگری دوکتور موزەفەری بەقایی مامۆستای زانکۆ و حۆسێن مەکی دەرەجەداری پێشووی هێزی هەوایی کە لە بابەتی میللی کردنی نەوت لە دژی لەندەن لە مەجلیس دا لیبڕاوانە کاریان دەکرد، دوکتور موسەدیق بۆ مەجلیسی دەورەی ١٦ خۆی پاڵاوت.

پاش چوار مانگ، هەڵبژاردنی تاران لە ژێر تەوژم و زەخت و زۆری دەوڵەت دا بەڕێوە چوو و لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٩ئاکام هەڵبژاردنی شاری تاران راگەیندرا. موسەدیق و کەسایەتییە میللییەکانی ئێران لە هەڵبژاردن دا دەنگی باشیان هێناوە و هەشت لە دوازدەی کەسی نوێنەرانی تاران، دامەزرێنەر، یان لایەنگری جەبهەی میللی بوون. کاشانی کە لە کاتی تیرۆری شا دا بۆ لوبنان دوور خرابووە، بە نوێنەری تاران هەڵبژاردرا. ئەو لە مانگی جۆزەردان گەراوە بۆ ئێران و لە لایەن خەڵک پێشوازێکی بێ وێنەی لێکرا و لە پەیامێک دا رایگەیاند کە دەستێ بێگانە لە پشت تێرۆری شا دا بووە و هەروها رایگەیاند کە نەوتی ئیران ئی هەموو خەڵکی ئێرانەو دژی قەرادادی ئیلحاقی نەوتە.

بۆ ئەو مەجلیسە، نوینەرانی شارەکانی ئابادە و شاری کورد و مەهاباد و نەجەف ئاباد و نوێنەری دووهەمی کرمان، دەستنیشان نەکران.

لە پاییزی ساڵی ١٣٢٩دا دیسان جبهەی میللی، بابەتی میللی کردنی نەوتی هێنا گۆڕێ. شەڕێکی تەبلیغاتی توند لە لایەن حیزبی تودە و جەبهەی میللی و ئۆرگانەکانی دەوڵەت دەستی پێکرد. گرینگترین کێشەی ئەو سەردەمە، کێشەی نەوت بوو کە لە ساڵی ١٩٣٣ ئیمتیازی هەڵێنجانی لە باشووری ئێران درابوو بە ئینگلیس. موسەدیق هەر لە کاتی دەستەڵاتداری قەوام دا، دژی ئیمتیازی نەوت بە هەر وڵاتێکی دەرەوە بوو. حیزبی تودە وەک رێکخراوێکی بەهێز کە نفوزێکی زۆری لە

نێو ئەرتەش دا هەبوو، بەو سیاسەتە سەربەخۆیە کە بەرگری لە دانی نەوتی شیمال بە شورەوی دەکرد، تورە بوو و دژایەتی توندی موسەدیقی دەکرد و وای نیشان دەدا کە میللی کردنی نەوت، نابێتە هۆی چارەسەری کێشەکان.

موسەدیق بە پشتیوانی ئایەتوڵا کاشانی بۆ میللی کردنی نەوت لێبڕاوانە تێکۆشا. هەر لە گەرمەی هەلبژاردن دا، حوسێنی ئیمامی لە توندرەوانی (فدائیانی ئیسلام) لە رۆژی ١٣ خەزەڵوەر ١٣٢٨ واتا رۆژی عاشورا، لە مزگەوتی سپەهسالاری تاران بە دەمانچە عەبدولحوسێنی هەژیر، وەزیری بە دەسەڵاتی دەرباری شای کوشت. ئەو دانی بە تاوانەکەی دانا و گوتی چونکە هەژیری پێ خائین بووە بۆیە کوشتویە.

سەرەرای ئەوە کە ئیمامی رایگەیاند کە کەس لەو کارەدا دەستی نەبووە، بەڵام دەوڵەت، موسەدیق و هێندیک لە هاورێیانی و کوری ئایەتوڵا کاشانی بە ناوی سەید مستەفا گرت. دوکتور موسەدیق بۆ ماڵەکەی لە ئەحمەد ئاوا دوور خراوە و ئەوانەی دیکەش، دوای یەک مانگ زیندانی ئازاد کران.

بە دوای ئازاد بوونی هاوکارانی موسەدیق، ئەویش رێگای پێدرا کە بگەرێتەوە بۆ مەیدانی سیاسەت و رێبەری دەستەیەکی نارێکی یەکنەگرتووی بە ناوی جەبهەی میللی بە دەستەوە گرت. لە لایەکی دیکە لەو سەردەمەدا سپەهبود حاجی عەلی رەزم ئارا، سەرۆکی ستادی ئەرتەش، لە مەیدانی سیاسەت دا ئەکتیڤ ببوو. ئەوکات کەسانێک لەو باوەرەدابوون کە ئەمریکا و ئینگلیس لە ترسی زاڵبوونی کمونیسم بە سەر ئیران دا، خوازیاری ئەوەن کە کەسێکی بە توانا، وەک رەزمئارا تەنانەت بە شێوەی دیکتاتۆریش بێ، دەسەڵاتی ئێران بە دەستەوە بگرێ.

## کوژرانی رەزمئارا لە ساڵی ١٣٢٩

لە ماوەیەکی کورت لە بەرێوەبەری ئێران دا "هەژیر" سەرۆکی وەزیران تێرۆر کرا، "ساعیدی مەراغەیی" گۆردرا و هەروەها لە مانگی پوشپەر لە ناکاو "عەلی مەنسوور" دەستی لە کار کێشاوە و هەر ئەو رۆژە سپەبوود حاجی عەلی رەزم ئارا، بە پێچەوانەی ویستی شا، بە پشتیوانی ئینگلیس، بە سەرۆکی وەزیرانی ئێران هەلبژێردرا.

رەزمئارا کەسایەتێکی زیرک و ورد و شارەزا و لە دەستەبەندی و کەڵک و کوڵەکی سیاسی دا، مامۆستا و پسپۆر بوو. لایەنگرانی شا، لە دانانی پلانی تێرۆر بۆ سەر گیانی شا، لەو بە گوومان بوون. شەش مانگ دوای سەفەری شا بۆ ئەمریکا، رەزمئارا بە سەرۆکی وەزیران هەڵبژێردرا. زۆر کەس پێیوابوو کە ئەمریکا لەو بارەوە دەستی هەبوو و تەنانەت رۆژنامەکانی ئەمریکایش هەر ئەو بووچوونەیان بڵاو کردەوە. بەڵام هیچ بەڵگەیەک بۆ راستی ئەو بابەتە لە گۆرێ دا نەبوو. هەرچی بوو ئەمریکا لە سەرەتا دا پێشوازی لە سەرۆک وەزیری رەزمئارا کرد و هێوادار بوو کە ئەو بتوانێ کێشەی ئێران چارەسەر بکا. بەڵام وردە وردە رەزم ئارا لایەنگری نەما. ئەو داوای ٢٥٠ میلیون دۆلار قەرز لە ئەمریکا کرد، بەڵام ئەمریکا نەیدایە و تەنیا رازی بە ٢٥ میلیون دولار بوو کە ئەویش

نەگەیی. رەزم ئارا لە هەوڵی ئەوە دابوو کە لە گەڵ رووس و ئینگلیسیەکان دۆستایەتی بکا و گیروگرفتی بۆ هاتوچووی دیپلۆمات کارەکانی ئەمریکایی دانا و ویستی کێشەی نەوت لە گەل ئینگلیس، بە شێوەی قەراردادی نێوان ئەمریکا و عەرەبستان چارەسەر بکا.



رەزمارا

لە لایەکی دیکەش موسەدیق و بە گشتی نوێنەرانی مەجلیس لە کێشەی نەوت دا، رەزمئاران بە خەتابار دەزانی. لایەنگرانی کاشانی و زۆر لە مەلاکان و تەنانەت رێبەرانی جەبهەی میللی، قسەیان لە پێویستی کوشتنی رەزم ئارا دەکرد.

لەو گێرە و کیشانەدا رەزمئارا مەسەلەی نەوتی بۆ حەل نەکرا و لە کاروباری ولاتیش دا، بەو باوەڕە گەیشت بوو کە بە شێوەی دیکتاتوری وڵات بەڕێوەبەرێ. مەجلیس ببستێ و نوێنەرانی مەجلیس بگری و زیندانیان بکا. رەزمئارا ئەو بۆچوونەی لە ئەمریکایەکان نەشاردەوە و لە وتارێکی تووند دا کە بوو بە هۆی نەمانی، لە دژی میللی کردنی نەوت راوستا و سوکایەتی بە خەڵکی ئیران کرد و گوتی "ئیرانی ئەفتاوە یان لولێنەیان بۆ سازنابی، دەتووانن سەنعەتی نەوت بەڕێوە بەرن"؟

ئەو بووچوونە توند و سەرەڕۆیانەی رەزمئارا لە گەڵ ئەو دێموکراسی و شێوە حکومەتدارییەی کە ئەمریکایەکان لەوکات دا، باوەڕیان پێی بوو نەدەهاتەوە. بەمشێوەیە رەزمئارا لە لایەن جەبهەی میللی و ئەمریکا و دەربار و ئایەتوڵا کاشانی، بەشێوەهایەک بەرهەڵەستی کرا.

لەو مەیدانەدا دوکتور موسەدیق لە هەموو کەس توندتر بوو و لە کۆبوونەوەی پارلمانی ئێران، لە رۆژی ٨ پووشپەڕی ١٣٢٩بە رۆالەتێکی حماسی گوتی: خوا شاهیدە ئەگەر ئێمە بکوژن و لەت لەتمان بکەن، ناچینە ژێر باری دەوڵەتی ئەو شێوە کەسانە، لە سەر حەق خوێن دەڕێژین، خوێن دەڕێژین. لێدەدەین، قەیدێ ناکا دەکوژرین. ئەگەر ئەتۆ ئەرتەشی؟ ئەمن لە تۆ ئەرتەشیترم. دەتکوژم، هەر لیرە دەتکوژم.

پیویست بە هەرشە و کوشت و کوشتار موسەدیق نەبوو، رۆژی ١٦ رەشمە، لە مزگەوتی شا، لە پرسەی ئایەتوڵا فەیز دا، رەزمئارا تێرۆر کرا. خەلیلی تەهماسبی کە دارتاشێکی ٢٦ ساڵانە و یەکێک لە ئەندامانی تروریستی فدائیانی ئیسلام بوو، بەرپرسایەتی ئەو کوشتنەی بەستۆ گرت و بوو بە قارمانی نەتەوەیی ئیران.

هەرچەند تەهماسبی بەرپرسایەتی قەتڵەکەی بە ستۆوە گرت، بەڵام کەسانی نیزیک بە کاشانی، بابی رووحانی فدائیانی ئیسلام، هەمووکات ئەوەیان لە زبانی ئەو بیستووە و تەنانەت نوسیویشیانە کە ئایەتوڵا تا ئاخری ژیان قەت تەهماسوبی بە قاتڵی رەزمئارا نەزانیوە.

هیندیک له موخالیفانی شا، دەرباریان بەو قەتڵە تاوانبار دەکرد و دەیانگوت عەلەم که له کابینه دا بوو و نیزیک له شا بوو و زۆر پێی له سەر ئەوە داگرتووە که رەزمئارا بچێته ئەو پرسەیە و کیشکەکانی ئەو رەزمئارایان کوشتووە.

کوژرانی رەزمئارا روون نەبووە و هەروا به شاراوەیی ماوە. پاسەبان "سادق رەجەب بی ددان" له ریکەوتی ١٦ رەشمە له سەر ئەو قەتلە ئاوا دەگێڕێتەوە: کاتژمێری دەوچارەگی بەیانی له نیو مزگەوتی شا دا خەریکی کێشک دان بووم. له کاتی هاتنە ژووری جەنابی ئەشرەف سەرۆکی وەزیران هەر له بەر دەرکە، بوو به تەقە. کەسێک که لیباسی ئاسایی لەبەر دابوو، له مەودای ٤ میتر را، به دەمانچه سێ گووللەی به سەرۆکی وەزیرانەوە نا...

سادق رەجەب باس دەکا که چوون له گەل کێشکەکانی دیکه به فەوری قاتڵ و دوو کەسی دیکە، که یەکیان چەقۆی پێی بوو ویستبوویان هەڵێن، دەگرن. ئەو له سەر شوێنی گوللەکان دەڵی یەک وە دمووچاوی و یەک وەبنانگوێ و ئەوی دیکەش له پشت سەری درابوو و له نیوچاوانی هاتبووە دەرێ.

بەر لەوەی که رەزمئارا ببێ به سەرۆکی وەزیران، شا پێشنیاری ئەو پۆستەی به موسەدیق کرد، بەڵام ئەو قبووڵی نەکرد و له بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: بکوژی رەزمئارا هەر کەس بوو، زەحمەتی شای کەم کردەوە، چوونکه چەند رۆژ بەر لەو روداوە دەیهەویست ئەمن له جێگای ئەو دابنێ که قبووڵم نەکرد و داوای لێبووردنم کرد و بکوژ کاری خۆی کرد.

دوکتور قاسملوو له لاپەڕەی٤٠ کتێبی "چل ساڵ خەبات" دا لەسەر رەزمئارا دەنووسێ: ... رۆژی ١٦ی رەشەمەی ساڵی ١٣٢٩ رەزم ئارا کوژرا. له دوایی دەرکەوت هەر نەبێ دوو دەستەی سیاسی پێیان خۆش بوو رەزم ئارا بکوژرێ یا راستەوخۆ دەستیان له کوشتنی رەزم ئارا دا هەبوو. یەکیان مەزهەبی یەکان به رێبەرایەتی ئایەتوڵا کاشانی بوون که دوژمنایەتیی خۆیان لەگەڵ رەزم ئارا نەدەشاردەوە. ئەوی دیکەیان حەمەرەزاشا بوو که پێێ ناخۆش نەبوو رەزم ئارا بکوژرێ. چونکه بەرە بەرە ئەو شەخسیەت و نفووزەی که رەزم ئارا له نێو ئەرتەشی ئێران دا و هەروەها له نێو وڵات دا پەیدای کردبوو، مەترسی‌یەک بوو بۆ دەسەڵاتی شا و پاشایەتی.

## کومیتەی مەهابادی حیزبی دێموکرات

به دوای جێگیربوونی پەیوەندی تەشکیلاتی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی تودە، گشت رێکخستنەکانی کوردستان به هۆی کومیتەی مەهاباد بەرێوە دەچوو. دوکتور قاسملوو له باسێکی مێژوویی دا که له پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ له مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە دەڵێ: له پێش‌دا کومیتەیەك پێك هات بەناوی ″کومیتەی مەهاباد″ که پاش ″٢٨مرداد″ کرا به ″کومیتەی کوردستان″...

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ١١٤ کتێبی "ئاڵەکۆک دا دەڵێ کە ساڵەکانی ١٣٣٠ کومیتەی حیزب لە شار و لە دیهات دامەزران و لە شارەکان دا توێژ و لایەنەکانی کۆمەڵ لەسەر بنەمای کاریی و پیشەیی وەک کومیتەی سەڕاجان و شیرنی فرۆشان و کەوش فرۆشان دامەزرا.

لەو قۆناغەدا کومیتەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کومیتەی مەهابادەوە بەڕێوە دەچوو. غەنی بلوریان دوای ئەوە باسی سەید کامیل شاعیری گەورە دەکا کە لە ناوچەی خۆی کومیتەی دێهاتی دامەزراندووە، لە لاپەرەی ١١٥ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا لە سەر بەرپرسایەتی ئەندامانی حیزب لە شارەکانی دیکەی کوردستان رۆژهەڵات لە ساڵی ١٣٣٠ دەنووسێ: من بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ شارەکانی سەردەشت و سنە بووم. عەزیز بەرپرسی سەقز و بۆکان بوو، رەحیمی سوڵتانیان بەپرسی نەغەدە و پیرانشار بوو. هاشمی حوسێن زادە کە کادرێکی لێوەشاوەی حیزب بوو، نێردرا بۆ سەقز تا بە نهێنی لەوێ بژی و هاریکاری کۆمیتەی سەقز بکات. هەروەها هاشمی حوسێن زادە و سەدیقی خاتەمی ئەندامی کۆمیتەی جوتیاران بوون. هاشم بە کاروباری ناوچەکانی ″چۆمی مەجید خان″ و ″شامات″ و ″محاڵ″ رادەگەیشت و سەدیقی خاتەمی ناوچەکانی گەورک و مەنگوری سەرپەرەشتی دەکرد.

جلیل گادانی لە لاپەڕەی ٩٦ پەنجا ساڵ خەبات دا، لەسەر بەڕێوەبەری کارەکانی حیزب لەو سەردەمەدا، دەنووسێ: کاک رەحمان قاسملوو و سێ کادری حیزبی تودە کە بە خۆشی‌یەوە هەر سێیەک کوردبوون، بە ناووەکانی بەهرامی (بهنام)، شەهلایی (پیرۆت) و جەواد (حوسێن) لە گەڵ جەلیل گادانی و دوایەش کاک کەریمی حیسامی کە بە وەزعێکی شپرزە لە گەڵ نەفەرێکی دیکە بە ناوی عەولا بارزانی کە ئێستاش ناوی راستی بۆ نوسەری ئەم دیرانە ئاشکرا نەبوو، لە شاری مەهاباد بە دڵگەرمییەکی زۆرەوە خەریکی بەڕێوەبردنی کارەکان بوون...

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ١١٤ کتێبی "ئاڵەکۆک دا لە باسی ئیحسانولا دا دەنووسێ: ئیحسانوڵلا نزیکەی حەوت مانگ لە لای ئێمە مایەوە، پاشان حیزبی تودە کەسێکی تری بۆ ناردین بە ناوی "جەوهەری" کە کرێکارێکی خەڵکی سنە بوو. جەوهەری سەرەرای شارەزایی لە کاری رێکخستن و تەشکیلاتدا، دەستی لە کاری شانۆگەری و هونەریشدا هەبوو و زۆری یارمەتی پێکردین. ئەویش نزیک بە مانگێک لە لامان بوو. بەڵام کۆمیتەی ئێمە لەو کاتەوە هێز وتوانای بە خۆوە گرت کە قاسملوو هاتە لامان. قاسملوو بە هەموو شێوەیەک هاوکاری دەکردین. بەڵام بە ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات نەدەژمێردرا.

لە کوردەکانی دانیشتووی تارانیش جیا لە قاسملو "سارمەدین سادق وەزیری " قازی دادگا و "سەدیقی هەنجیری ئازەر" کارمەندی باڵای ئیدارەی فەرهەنگ هاوکاریان دەکردین.

غەنی بلوریان دەڵی بۆ راکێشانی ئەندام بۆ نێو حیزب پەیوەندیان بە سەرۆک عەشایر و کەسانی وەک هۆمەر پاشا و مام رۆستەمی سوسنی لە ناوچەی سەردەشتەوە گرت کە لە زەمانی رەزاشادا چەتەی نیشتیمان پەروەر بوون.

کومیتەی مەهاباد تەنانەت کەڵکی لەو عەجەمانەش وەرگرت کە سەردەمی کۆمار ئەفسەری فرقەی دێموکرات بوون و پەنایان بۆکوردستان هێنا بوو وەک بەحرولعلوم و قاسمی ئەحمەدی و عەلی عەجەم و ئەوانی کردە ئەندامی حیزب. غەنی بلوریان لەسەر بەحرولعلوم دەنووسێ کە گوند بە گوندی ناوچەکانی مەحاڵ و شارویران و شامات و گەورک و مەنگوڕان دەگەڕا و کەوشی بە خۆڕایی بۆ خەڵک چاک دەکرد.

بە گوێرەی قسەکانی غەنی بلوریان، لەو قۆناغە دا حوسێنی زێرینگەران و حەمەدی مەولودی قاچاغچییەتیان دەکرد و کتێبێ و نووسراوەی کوردیان دێنا و هەستی کوردایەتیان لە نێو خەڵک دا بە هێز دەکرد.

## محەممەدی مەولوودی

یەکێک لە کادر و فەرماندە قارەمانەکانی کۆماری کوردستان بوو. دوای پاشەکشەی نەمر مەلا مستەفای بارزانی بۆ رووسیە، ویستی بچێتە لای شێخ لەتیف، بەڵام لەگەڵ ئەفسەرە کوردە قارەمانەکانی بەشداری کۆماری کوردستان، گیران و بۆ چەند ساڵ زیندانی کرا. بەکرێگیراوانی رێژیم لە زیندانەکانی عیراقیش لە کۆڵێ نەبوونە و دەیانەویست بیگێڕنەوە بۆ ئێران و ئێعدامی بکەن. دوای ئازاد بوو ماوەیەکی زۆر لە لای شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی گیرساوە و تا ساڵی ١٣٣٠ قارەمانانە لەبەرانبەر هێزەکانی رێژیم دا، لەسەر سنوورەکانی کوردستان لە نیوان عێراق و ئێران دا بەربەرەکانی کرد.

حەمەدی مەولوودی لە ساڵی ١٣٣٠ لەگەڵ مەحەمەد عەولا چەپە و هاشم لە شنۆ گیران و بردیاننە ژاندارمەری نەغەدە و بە تاوانی قەتڵ لە سەردەمی کۆمار دا رایانگرتن. کەریمی حیسامی بۆیان بوو بە دەستەبەر و بە بەرتیل ئازادی کردن. حەمەد لە ساڵی ١٣٣٠دا، بە رێگای پاشەکشەی بارزانییەکان دا پەنای بۆ شووڕەوی برد و لەوێ بۆ ماوەی ٣ ساڵ زیندانی و بێگاری کێشا. دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٢٦٠ بیرەوەرییەکانی دا باسی حەمەدی مەلودی لە سیبریا دا دەکا و دەڵێ کە لەنەکا چاوی

بە ئەو کەوتووە کە لەبەر فەقیری و نەداری قونچکی سیغاری کۆکردوتەوە و کێشاوێتی. حەمەد دوای تەواو بوون لە زیندانی و بێگاری، ئازاد بوو و چوو بۆ "قوبا" لە نیزیک "باکۆ" پێتەختی وڵاتی ئازەربایجان و لەوی لە باغێکی دا، کیشکی دارە سێوانی داوە و لە خانووکەی دا ژیاوە.

حەمەدی مەولوودی لە باکۆیە لە هەڵوێستی مەلا مستەفا و رەحیمی قازی ناڕازی بوو و دەنووسێ کە مەلا مستەفا لە لای هێندێک کەس ناوی ئەوی بە خوێڕی هێناوە و لە وڵام دا گلێی لە مەلا مستەفا دەکا و دەڵێ ئەدی ئەوکات کە بە خۆیی و پێشمەرگەکانی، لە نێو شکاکان گیانی مەلا مستەفا و ١٢ کەسی ئەوی لە مردن نەجات داوە، بۆ خوێڕی نەبوو و لە لاپەڕەی ٣١٧ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر کێشەی مەلا مستەفا و رەحیمی قازی دەنووسێ: ڕەحیم کوڕێکی ئاسایی بوو، ئێستاش کەس ئەو ناناسێت، تاڵ و سوێری نەدیبوو، منداڵ بوو، ناردبوویان بۆ خوێندن. لەبەر

خاتری گۆڕی قازی حورمەتیان بۆ دادەنا، کەچی دەگەڵ مەلای دابەستبوو. ئەودەم دەوری "باقرۆف"ی بوو. باقرۆف پیاوی وەک ڕەحیمی خۆشدەویست. بە قسەی کەسانی وەک ڕەحیمی قازی زۆر کەسی ئازار دا و تووشی بەڵایەی کردن، یەکیان من. کە هاتمە خاکی شۆڕەوی هەر ناوی مەلام دەهێنا و دەمگوت مەلامستەفا من دەناسێت. ئەوە منیش نازانم کە ڕەحیم لەلای باقرۆف و دەوڵەتی ئازەربایجانەوە وەک مار بە مەلا مستەفایەوە داوە و وای بۆ تێچاندووە نەبێتەوە. منی داماو و لە هەموو شتێک بێخەبەریش هەر دەمگوت مەلا مستەفا دەناسم. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە واریدی خاکی شۆڕەوی بووم لەسەر ئەو قسەیەی گرتیانم و یەکسەر لە زیندانیان کردم. زۆریان ئەزیەت و ئازار دام. دەمێک دەیانگوت تۆ جاسووسی و دەمێکیش دەیانگوت "شێخ" ئەتۆی ناردووە بۆ لای "سەید عەزیزی". خولاسە منیان دانابوو بە خائین و جاسووس. هەرچی باسی خۆمم بۆ دەکردن و دەمگوت بڕۆن لەو کوردانەی ئێرە بپرسن، ئەوان هەموو ئەمن دەناسن، کەچی کەس نەبوو باوەرم پێبکات و کەسیش نەبوو بە فریام بگات.


محەمەد راتبی (حەمەدی مەولوودی)

بەڵێ، لەولا مەلا بە پیاوی ڕەحیم قازیم دەناسێت و خۆم لێنادات و بە خوێڕیم ناو دێنێت، لەولاشەوە ڕەحیم کە زانیبووی ناوی مەلا مستەفام هێناوە، لێم بە ڕق داکەوتووە و خۆم لێنەناس دەکات. خواش کارێکی وای کرد کە باقرۆف و دەستە و دایرەکەی بە خائین دەرچوون و هەموو بە جەزای خۆیان گەییشتن و تەرتوتونایان کردن. ئینجا من بەڕەڵڵا کرام و حورمەتیان گرتم. کە هاتمە دەرێ بە ڕەحیمم گوت ئاخر پیاوی چاک ئەوەندەی من لە گرتووخانە بووم بۆ تاقە جارێک لە منت نەپرسی؟ جوابەکەی ئەوە بوو: نەمزانیوە. درۆی دەکرد، ئەو ماشەی باقرۆفی بوو. تەنانەت ڕۆژێکی هاتە ئەو گرتووخانەیەی کە منی لێ گیرابووم. لە داڵانەکەی بەرانبەرم تێپەڕی و لە ئاستی من ڕووی دەولای کرد.

محەمەدی مولودی برایەکی هەبوو بە ناوی محەمەد ئەمین. ژاندارمی ئێرانی لە سنووری عێراق گرتبوویان و لە ساواک زیندانی کرابوو و زۆریان ئازار دابوو بە چەشنێک کە تێکچوو بوو. ئەویش پەنای بۆ شووڕەوی برد بەڵام لەگەڵ کەس، تەنانەت لەگەڵ براکەی خۆشی نەدەحاواوە. جارێک بە محەممەدی برایی دەڵێ: کاکە ئەمن بۆیە هاتووم هەتا لە خزمەتت دابم.

محەممەدیش دەڵێ: خودات دێنمە تکایە ئەمن لەبەر تۆ لە عێراقێ را هەڵاتم بۆ شووڕەوی ئیستا نازانم بۆ کوێ هەڵێم.

جارێک حەمەدمیین لەگەڵ ئازەرییەک بەشەر دێ و بە تاپڕ تەقەی لێدەکا و برینداری دەکا. دەگیرێ و بە ٥ ساڵ زیندانی و بێگاری مەحکوم دەبێ. ئەو لەگەڵ کەس نەدەحاواوە تا بە دوای

رووخانی کۆمارەکانی شووڕەوی، گەڕاوە بۆ مەهاباد و لە لای سەدێ کەپرێکی بۆخۆی ساز کرد و تێدا دەژیا.

دوکتور ئاسۆ لە درێژەدا، لە لاپەڕەی ٤٧٨ دا، لەسەر محەممەد مەولوودی دەنووسێ کە لە رووسیە وەک ردێن سپی چاوی لێدەکرا و دوو ماڵی هەبوو. بە یادی کاتی شەڕی پارتیزانی، ژووری یەکێک لە ماڵەکانی، لە هەموو لایەک کون کون کرد بوو و لەو کونانەڕا چاوەدێری بە سەر دەوروبەری دا دەکرد. کەسێکی قسە خۆش بوو و بە مەلانەسرەدین بە ناوبانگ بوو. جارجار تووڕە دەبوو بەڵام زوو پەشیمان دەبووە.

وریا ماملی لە لاپەڕەی ٣٣١ کتێبی "کورد بوون" بە نەقڵ لە بیرەوەرییەکانی  دوکتور ئاسۆ، باسی حەمەدی مەولوودی دەکا و دەنووسێ کە هەمووکات ئارەزووی بوو کە کوڕە تاقانەکەی کە ناوی عەبدولرەحمانە، بەڵام لە خۆشەویستیان پێیان گووتوە "خانە" بچێ بۆ لای و رێبازی بابی بگرێ و نیگەرانی ئەوە بووە کە ببێتە پیاو خراپ. دوکتور ئاسۆ دەڵی کە حەمەد دائیم لەگەڵ رەحیم ئاغای قازی لە شەر دابوو و لەگەڵ یەک نەدەسازان و دەچووە ماڵە رەحیماغا و رادیۆ و تێلویزۆن و هەر شتێک کە لەبەر دەست بایە هەلیدەگرت و ژنی رەحیماغاش هیچی نەدەگوت و دەستی وەبەر نەدەهێنا. رەحیماغاش تورە نەدەبوو دەیگوت کاک حەمەد ئیختیاری ماڵی ئەوی هەیە.

حەمەدی مەولوودی لە سەردەمی کۆمار دا دەرەجەی کاپیتانی درایە و دوایە بوو بە سەرهەنگ و لە شەڕەکانی کۆمار دا دوو سەرهەنگی ئێرانی بە ئەسیری گرت. کاتێک کە شتکانیان پشکنێ دوو کۆتری نامەبەریان دۆزێوە. کۆترەکان لە قەفەز دەردێنێ و یەکێک لە سەرهەنگەکان هاوار دەکا کە ئەوانە کۆتری نامەبەرن. حەمەدی مەولوودی سەری هەردووکیان هەڵدەقەنێ و دەڵێ ئەوانە دەبرژێنم و دەیانخۆم تا نامەی ئێوە بۆ دەزگای سەڵتەنەتی نەبەن.

حەمەدی مەولوودی بە دوای رووخانی کۆمار لە ناوچەکانی مەهاباد و بۆکان و سەردەشت دا، درێژەی بە خەباتی پارتیزانی دا و پێش ئەوەی پەنا بۆ شووڕەوی بەری لە ساڵی ١٣٢٨ تا ساڵی ١٣٣٠دا، هەر زەبرێکی کە لە هێزەکانی رێژیمی ئێران دەدرا، لەویان دەزانی. دەوڵەت بۆ رادەست کردنی ئەو پارەیەکی زۆری تەرخان کرد بوو.

وریا ماملی لە لاپەڕەی ٣٧١ کتێبی "کورد بوون" بە نەقڵ لە مامۆستا هەژار باسی قسە خۆشەکانی حەمەدی مولوودی دەکا و دەڵی جاریک لە لای تورجان لە شاخی مابووینەوە. ناردمانە ماڵە حاجی بابە شێخ کە نانمان بۆ بنێرێ و بۆ ١٨ کەسان ٩ نانی بۆ ناردین. بڕیارم دا تۆڵەی لیبکەمەوە. لە قاوەخانەی بەدران ٨ تا ٩ ئێستر بە بارەوە بەسترابوونەوە. پرسیارم کرد کە ئەوانە چن؟ گوتیان جیازی بووکی حاجی بابە شێخە. حەمەد ماڵەکان دەبا و دەڵێ بە حاجی بڵین حەمەد بارەکانی برد. حەمەدی مەولوودی بارەکان دەبا بۆ عێراقێ و دەیانفرۆشی و دەڵێ حاجی بابە شێخ نامەی بۆ شێخ عەلائەدینی زینوێ نووسێ و گرتیانم و ئاخرین پووشکەیان لێ ئەستاندمەوە و حەمەد دەیگوت نەمدەزانی شێخ لەسەر یەکتر دەکەنەوە.

حەمەدی مەولوودی ئاواتی بەرزی هەبوو و بە پێی لاپەڕەی ٣٩٥ کتێبی "کورد بوون" رووناک کچی حەمەدی مەولوودی لە سەر ئەو خەریتەیەی کە بابی بە دیوارێوە هەڵاوەسیوە پییگوتوە: ئەوە نەخشەی کوردستانی گەورەیە. بەداخەوە ئەو چوار دەوڵەتە لێیان لەت کردووین و داگیریان کردووە. بەڵام بۆ خەم نابێ، چون دەزانم هەرچوار پارچە یەک دەگرێتەوە. گەر منیش بمرم و نەیبینم، دڵنیام کە نەوەی داهاتووی کورد خوێنی بۆ دەڕێژن و لە بێگانان وەریدەگرنەوە. ڕۆڵە ڕووناک؛ پێمخۆشە ئەوە بزانی کە لێرە لە ئازەربایجان حەز ناکەم بمرم. دەیگوت: کە شۆڕەوی داوە، تەپکەیە، هەرکەس پێوەبێ، دەربازبوونی نییە. تڕاویلکەیە، هەر لە دوورەوە جوانە، بەڵام پووچە و چی تێدا نییە. لێرە خۆم بە یەخسیر دەزانم. دەیگوت: پێمخۆشە لە دواهەناسەکانم لاق لەسەر خاکی خۆم دابنێم، جا بمرم. گوێم لە وشەی کوردی بێ، جا بمرم. بای کوردستان وە ڕوومەتم کەوێ، جا بمرم. لەناو خەڵکی خۆمدا بمرم. کە مردم با خاکی کوردستان لە ئامێزم بگرێ و لەناویدا بنێژرێم. جا کە هاتوو نەمردم و جارێکی دی کوردستانم دیتەوە، دەتبەمەوە کن خوشک و براکانت و ناو ئەو خەڵکەی ئەوێ، ئەودەم دەزانی کە بابت کێ بووە!

لە هەموو تەمەنمدا تەنیا یەکجار دیتم کە بابم گریا و فرمێسک لە چاوی هات. ئەویش کاتێک بوو کە لە بەرامبەر تلێڤیزیۆنی دانیشتبووین و هەواڵەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانمان چاو لێدەکرد. لەپڕ تێلێڤیزیۆن گوتی کە شا ڕۆییشت و  خومەینی هاتەوە. ئیتر بابم دەستی کرد بە گریان و لە چاوانی بە هێشوو ئەسرین دەهاتنە خوار. نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە دەتوانێ بچێتەوە کوردستان. دەیگوت یانی من دەتوانم کوردستان ببینمەوە؟ من دەتوانم منداڵەکانم ببینمەوە؟ من دەتوانم خەڵک و خاکەکەم ببینمەوە؟ زووزوو ڕووی تێدەکردم و دەیگوت: ڕۆڵە جوان حاڵی بە بزانە ئەو تلێڤیزیۆنە ڕاست دەکات یا درۆ؟ با من دڵم خۆش نەکەم.

گەر بۆ یەکەمجار هاتمەوە کوردستان، ئاوات و قسەکانی باوکم لە گوێچکەمدا دەزرینگانەوە. نەمدەزانی چی بکەم کە ڕۆحی باوکم شاد بکەم، لەپڕ هاتە زەینم کە بۆچی خاکی کوردستانی بە دیاری بۆ نەبەم؟ لەوچێک خاکی پیرۆزی کوردستانم  بۆ هێنا و لەسەر گۆڕەکەی ڕشاندم و گوتم باوکە گیان ئەوەش ئەو خاکەی ئاواتت بوو بۆی دابێیەوە و ماچی کەی و لە ژێریدا بنێژرێی.

حەمەدی مەولوودی لە ساڵی ١٣٥٧  لە باکۆیە لە خۆشی رووخانی رێژیمی پەهلەوی تێرتێر دەگری و بە کچەکەی دەڵی یانی ئەمن دەتوانم بچمەوە کوردستان و منداڵەکانم ببینم، خەڵک و وڵاتەکەم ببینمەوە؟ رووناک کچی حەمەدی مەولوودی لە لاپەڕەی ٣٩٧ لەسەر گەڕانەوە بابی دەڵێ: ... ئێمە لە ″قوبا″ دەژیاین. ڕۆژێک کاک ڕەحیم قازی لە ″باکۆ″ تەلەفۆنی بۆ باوکم کرد و گوتی ئێستا لە ئێران شا ڕۆیوە و دەتوانی سەفەر بکەیەوە بۆ کوردستان، بەڵگەکانتم بۆ بنێرە با کاروباری سەفەرەکەت بۆ جێبەجێ کەم. ئەویش هەموو شتێکی بۆ نارد. بلێت کڕا و بابم خۆی ساز کرد بۆ گەڕانەوە بۆ مەهاباد. شەوێک پێش سەفەرەکەی، ئەوەندە دڵخۆش بوو کە حەجمینی نەبوو و بەردەوام لە ژوورەکەی دەهات و دەچوو. تا بەتڵێکی لای نیوەشەو لەلای مامەوە پاشان بە زۆری ناردمێوە بۆ ماڵە خۆم و گوتی بەڵام بەیانی زوو وەرەوە ببە بۆ باکۆ. بە قسەم کرد. بەیانی کە

چوومەوە دەبینم دەرگام لێناکاتەوە. لە دەلاقەوە چاوم لێکرد ئەوە باوکم بە کراوات و ئامادە لەسەر مۆبڵەکە دانیشتووە. هەرچی هاوارم کرد وەڵامی نەدامەوە. دەلاقەکەم شکاند و چوومە ژوور، بە داخەوە دیتم کە جەستەی بێگیانی سارد بۆتەوە و جەڵتەی دڵ لێیداوە و کۆچیدوایی کردووە. بۆ من کە هیچکات مرۆڤی بێگیانم نەدیتبوو تا ماوەیەک تووشی شۆک ببووم و تەواو نەبووم، بەتایبەت کە ئەو کەسەش باوکم بێ. تەنانەت کە ئێستاش دێتەوە یادم، خەم و ترس و یادی باوکم، دەبێتە سندەکوڵێک و بەر بە ئەوکم دەگرێ. دوایی لە گۆڕستانی شاری "قوبا" بە خاکمان ئەسپارد.

حەمەدی مەولوودی لە "باکۆ" لە چەند بەرگ دا بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوە بەڵام هەموو جارێ تێدا چوون و ئەو پێیدا چۆتەوە و دیسان نووسیوێتیوە. دواجاری تورە دەبێ و بۆخۆی دیهەوی هەموویان لە ناو ببا بەڵام کچەکەی پێشی پێدەگرێ و چەند بەشێکیان دەپارێزێ. کاک وریا کوڕی کاک محەممەدی ماملی ئەو دەستنووسانە پەیدا دەکا لە کتێبێک دا بە ناوی کورد بوون" تۆماریان دەکا. ئەو کتێبە ئێستا لەبەر دەست دایە بێ وینەیە و بەڵگەنامە و گەنجێکی نایابە لە رووداوەکانی ١٠٠ ساڵی رابردوو.


موسەدیق

حەمەدی مەولوودی لە ساڵی ١٩٧٩دا، لە تەمەنی ٨٠ ساڵی دا لە شاری باکۆ کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسیەتی خۆی، کچەکەی هاتە مەهاباد و لۆچێکی خاک بردەوە و لەسەر گۆڕەکەی دانا.

هەر لە پەراوێزی چارەنووسی ئەندامانی دیکەی حیزب جێی ئاماژەیە لە بەهاری ساڵی ١٣٢٩ قادری مەحموودزادە و عەزیزی فەرهادی کە لە رووسییەڕا گەڕابوونەوە بۆ مەهاباد، بڕیاریان دا کە بگەڕێنەوە بۆ باکۆ و ئێران بەجێ بێڵن. قادر خوێندی و دوکتوری وەرگرت و دواتر چوو لە هەولێر خزمەتی خەڵکی کرد و دوایەش گەڕاوە بۆ مەهاباد بەڵام عەزیزی فەرهادی لە باکۆ بە تەنافی خۆی خینکاند و کۆتایی بە ژیان هێنا.

## موسەدیق بوو بە سەرۆکی وەزیران

کاتیک سپەهبوود رەزمئارا بە هۆی فدائیانی ئیسلام بە تاوانی بەکرێگیراوی بۆ بریتانیا تێرۆر کرا، حوسێنی عەلا بوو بە سەرۆکی وەزیران و بێ ئەوەی پرسی پێ بکرێ گەڵاڵەی میللی کردن نەوت، لە ٢٤ رەشەمە ١٣٢٩لە مەجلیسی شورای میللی و لە ٢٩ ئەو مانگە، لە مەجلیسی سەنا پەسەند کرا.

رۆژی ٧ بانەمەڕ ١٣٣٠ حوسێنی عەلا لە بەر ئەوەی کە بۆ میللی کردنی نەوت پرسی پێنەکراوە، دەستی لە کار کێشاوە. هەر ئەو رۆژە لە پاڕلمان، یەکیک لە نوێنەران نیزیک لە دەرباری شا بە ناوی جەماڵی ئیمامی، هەستا حەوا و رووی لە موسەدیق کرد و گوتی ئەتۆ هەر قسەت هەیە و هەر رەخنە دەگری، ئێستا ئەتۆ دەتوانی ببی بە سەرۆکی وەزیران بەڵام لە دەستت نایە چوونکە پیاوی کارێ نی.

موسەدیق بە دوای ئەو قسانەدا هەستا حەوا گوتی: بە هۆی ئەو وتارە لەو هاوکارم سپاس دەکەم. ئەو ئەمنی بۆ سەرۆکی وەزیران کاندید کرد و ئێستاش ئەمن قبووڵی دەکەم.

مەجلیس بەو قسانە شێوا و بوو بە هەڵا و پێشنیار کرا کە دەنگی بۆ ئەو پێشنیارە وەربگیرێ. بەڵام بەر لە دەنگ دان، موسەدیق کە لە رادەی ئێران و جیهاندا بە ناوبانگ ببوو هەستا حەوا و کاغەزێکی لە گیرفانی دەرێنا و گوتی ئەوە گەڵاڵەی میللی کردنی نەوتە، ئەوەڵ ئەوە واژۆ بکەن ئەوجار ئەمن دەبمە سەرۆکی وەزیران. ئەو پێشنیارە پەسەند کرا و موسەدیق بۆ مەبەستەکانی دەست بە کار بوو و هەوەڵ کاری، هەوڵ دان بۆ میللی کردنی نەوتی ئێران بوو کە لە ژێر دەسەڵاتی شرکەتی نەوتی ئێران-ئینگلیس دابوو.

بۆ میللی کردنی کردنی نەوت پێویست بوو لە دادگاکانی نێونەتەوەیی دا بەرهەڵەستی دەولەتی ئینگلیس و لە حەقی خەڵکی ئێران دیفاع بکرێ. ئەوکارە مۆرە و کەسی تایبەتی خۆی دەویست و لە ٨ ی بانەمەڕی ١٣٣٠ بە پێچەوانەی نەزەری شا، دوکتور موسەدیق بوو بە سەرۆکی وەزیران و لە رێکەوتی٢٩ ی جۆزەردانی١٣٣٠بە پشتیوانی جەبهەی‌میللی، بە سەرۆکایەتی مهدی بازرگان، هیئەتێکی ناردە ئابادان تا دەست بە سەر شرکەتی نەوت دابگرن.

تێوەڕۆچوون لە گەڵ قازانج و بەرژەوەندی ئینگلیس و وەدەرنانی سروسیپاڵیان، ئاوا سادە نەبوو و نەدەکرا بە ئاسانی جێ پێی ئینگلیس لە شیرکەتی نەوت دا ببڕێ. ئەگەرچی ئینگلیس لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا سەرکەوتنی بە دەستهێنا، بەڵام هەر بە هۆی ئەو شەڕە زیانی ماڵی زۆری پێگەییشت. بۆیە ئەو شرکەتە بۆ ئینگلیس شا ڕەگی ژیان بوو و نەدەبوو بە ئاسانی لە دەستی بدا و هەوڵی دا کە بە شێوەیەک لە گەڵ موسەدیق بسازی. بەڵام موسەدیق لەوە کەللەڕەقتر بوو کە مل بەو کارە بدا. بۆیە بریتانیا بڕیاری دا کە موسەدیق نەهیڵێ. کارمەندەکانی لە ئێران بردەدەر و نەفتی ئێرانی تەحریم کرد. کار کێشایە رێکخراوی نێونەتەویی جێهانی و موسەدیق چووە ئەمریکا و بۆ یەکەم جار وەک نوێنەری وڵاتێکی فەقیر، لە تریبۆنی ئەو رێکخراویە بە دژی سیاسەتی ئیستعماری قسەی کرد. موسەدیق گوتی کە ئەوە تەنیا کانگای سروشتی ئێمەیە و حەقی ئێمەیە کە چوون کەڵکی لێوەرگرین.

بە دوای میللی کردنی نەوت دا، ئینگلیس لە ئێران دەرکرا و رێگا بۆ هاتنی سەرمایەی ئەمریکا خۆش کرا. گەڵاڵەی میللی کردنی نەوت لە سێ خاڵ پێکهات بوو. ئیران دەبوو بە خاوەنی گشت کانگا و دامەزراوەکانی نەوت و ئیدارە و بەڕێوەبردن و هەڵێنجان و پاڵاوتنی نەوت. هەروەها دەوڵەتی ئێران دەکەوتە نێو بازارەکانی نێونەتەوەیی و کۆتایی بەسەر دەسەڵاتی پاوانخوازانەی ئینگلیس بە سەر نەوتدا دەهات.

هاوکات لەگەڵ ئەو رووداوانە، ئاڵای ئینگلستان لە سەر کونسولخانەی ئەو وڵاتە لە خوزستان هاتەخوارێ و ئالای ئێران لە سەر شیرکەتی نەوتی ئێران هەڵکرا. زۆر کەس پیروزبایی لە موسەدیق کرد. کەریمی حیسامی وەک ئەندامی حیزبی دێموکرات لە نەغەدەرا پەیامی پیرۆزبایی بۆ نارد. پەیامەکە لە سەر رادیو تاران خوێندراوە و موسەدیق بە پەیام وڵامی دابووە و سپاسی کرد بوو.

بەڵام حیزبی تودە رەخنەی لە کەریمی حیسامی گرت و ئەو کارەی بە خراپ زانی. بە بڕوای حیزبی تودە چونکە کەریمی حیسامی کەسێکی ناسیاوە، ئەوکارەی دەبوو بە هۆی خوشەویستی موسەدیق لە نێو خەڵک دا.

نەوت میللی کرا و ئارەزوی گەورەی خەڵکی ئێران هاتە دی، بەڵام ئەوەی دەبوو لە جەوهەری ئەو ئاواتە بێتە دی، قەت جێبەجێ نەبوو. بەڕێ کردنی نەوت بۆ دەرەوە یەکجێ قەتع بوو و شەریکە نەوتییەکانی جێهان، جێگای نەوتی ئیران کە ٦٦٠ هەزار بەرمیل لە رۆژ دابوو، بە کانگای دیکە پڕ کردەوە.

ئینگلیس هێزەکانی خۆی لە عیراق دا لە حاڵەتی ئامادەیی دا راگرت و کشتییە تۆپدارەکانی ناردە کەنداوی فارس و بە تەمای پیادەکردنی هێزەکانی بوو. بەڵام "هری ترۆمەن" سەرکۆماری ئەمریکا هەڕەشەی لە دەوڵەتی ئینگلیس کرد کە ئەگەر هێرشی نیزامی بۆ ئیران بکا، ئەمریکا دەست لە سەر دانانێ و بێ دەنگ نابێ. ئەو هەڵوێستە لەبەرانبەر بەو دژکردەوانەدا بوو کە ئینگلیس بە دژی ئێران دەیکرد.

ئەمریکا پشتیوانی لە کارەکانی موسەدیق کرد و هەر لەوکاتانەدا، موسەدیق سەردانی ئەمریکای کرد و لەوێ زۆر رێزی لێگیرا. رووسەکانیش لە حەیفی ئینگلیس رازی بە میللی کردنی نەوت بوون. لەو گیرە و کێشانەدا، رووسەکان کە لە سەرەتا دا لە گەڵ موسەدیق سارد بوون، سیاسەتەکەیان گۆڕی. جەوهەری ئەو سیاسەتە تازەیە ئەوە بوو کە یارمەتی بە موسەدیق بکری تا بە سەر ئینگلیس دا سەرکەوێ و دوایەش بە هۆێ دەست و پەیوەندییەکانیان (حیزبی تودە) بە شێوەی چەکوسڵەواکی، وەلابنرێ. رووسەکان هەموو شتیکیان ئامادە کردبوو. تەنانەت ئەبولقاسمی لاهوتی شاعیر و سیاسەتمەداری گەورەی ئیرانی کە لە رووسییە پەنابەر بوو، وەک رێبەری ئیران دیاری کرا.

لەوکاتەدا ئەمریکا یارمەتی نێو میلیون دولاری ساڵی ١٣٢٩ی ئێرانی، لە ساڵی ١٣٣١ کرد ٢٤ میللیون دولار. دواتر لە رەشەمەی ١٣٣٠ دا موسەدیق لە وتوویژ لە گەڵ هەواڵنیرێکی ئەمریکایی، سەبارەت بە پشتگرتنی میللی کردنی نەوت، سپاسی میللەتی ئەمریکایەی کرد.

ئەمریکا پێیوابوو کە بە رێگای ئاشتیانە هەموو کێشەکان بەتایبەتی نەوت چارەسەر دەکا و هەروەها بەرەی دژ بە کمونیسم، بە هێز دەکا. هری ترۆمەن لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە رێبەرانی وڵاتانی ئاسیایی، هەر کە کمونیست نەبن، ئەمریکا دەبێ یارمەتیان پێبکا. بەڵام ئایزنهاوێر کە دواتر هاتە سەرکار، هەڵوێستی توندتربوو و پێیوابوو کاتێک دەبی بە رێبەرانی ئەو ولاتانە یارمەتی بکرێ کە، لێبڕاوانە بە دژی کمونیسم رابوستن. بە پێی ئەو سیاسەتە، "سیا"(ئاژانسی ناوەندی ئەمریکا) کە پێشتر ناوی (ئۆ.ئیس.ئێس) بوو، بە مەبستی لایەنگری لە موسەدیق، لێبڕاوانە دەسبەکار بوو. یەکێک لە کارەکانی ئەو رێکخراوەیە بێ قیمەت کردنی شاعیر و ئەفسەری ژاندارمەری ئەبولقاسمی لاهوتی بوو کە لە شاری ئیستالین‌ئاو( دووشەموو) دەژیا. سیا ئەو دەنگۆیەی بڵاو کردبووە کە هەر لاهوتی بە دەسەڵات بگا، رێگا بە ئیشتراکی کردنی ژنان دەدا. هەروەها هیندێک کەچە شاعیر دیاری کران تا بە شێوەی لاهوتی شێعر بڵێن و پێویستی وەلانانی ئایینی ئیسلام بە شێعر هەڵببەستن. سیا

تەنانەت مردنی لاهوتیشی بە درۆ خستە سەر زاران. سەیر لەوەدابوو رادیو مسکۆ ئەوەندە بێ خەبەر بوو کە ئەو دەنگۆیەی وەک هەواڵ بڵاو کردەوە و حیزبی تودەش لە تاران پرسە و سەرخۆشی بە شکۆیان بۆ دانا.

بە دوای میللی کردنی نەوت، شا و دەستەودایرەو هێندێک لە نوێنەرانی مەجلیس و ئەرتەش، بە هاوکاری دەوڵەتی ئینگلیس لە دژی موسەدیق راوەستان و ئەو مەجبوور بوو لە مانگی پوشپەر دەست لە کار بکێشێتەوە.

دەست لە کارکێشانەوەی موسەدیق بوو بە هۆی خۆپێشاندان لە زۆر شوێنی وڵات و خەڵک بە تێکرایی دەنگ، داوای هاتنەوە سەر کاری موسەدیقیان کردوە. لە ٣٠ پوشپەڕ، خۆپێشاندانی گەورە لە زۆر شوێنی وڵات بەڕەوێوە چوو. هێزەکانی ئەرتەش ئەگەرچی هێندێک لە خەڵکیان کوشت، بەڵام خۆپێشاندانەکەیان بۆ سەرکوت نەکرا و لە بەرانبەر نارازییاندا، پاشەکشەیان کرد و شا کە یەک رۆژ بوو قەوامولسەلتەنەی کرد بوو بە سەرۆک وەزیران، ئەوی لابرد و داوای کرد کە موسەدیق بێتەوە سەر کار. ئەوجار موسەدیق بە دەسەڵاتی زۆرەوە هاتەوە سەرکار و بوو بە فەرماندەری گشتی ئەرتەش و دەیتوانی وەزیری بەرگری دیاری بکا.

دیارە ئەوە رواڵەتی بابەتەکان بوو. دەستەودایرەی شا و دەوڵەتی ئینگلیس و هەروەها دواتر ئەمریکاش کە لە موسەدیق نائومێد ببوون، بە نەهێنی خەریکی ئاڵۆزی و شێواندن و لە بار بردنی وەزعەکە بوون. یەکەم کاری ئەوان ئەوە بوو کە پێش بە فرۆشتنی نەوت بگرن.

گرینگترین کێشەی موسەدیق باری ئابووری بوو. نە نەفتی بۆ فرۆشرا و نە وڵاتێک یان ئۆڕگانێکی نێونەتەوەیی ماڵی پشتی گرت. سەرای هەموو ئەوانە موسەدق بۆ کورت کردنەوەی دەستی شای لە کاروباری وڵاتدا، بەهەموو شێوەیەک تێکۆشا کە لە هیچ شتێک کۆتایی نەکا.

موسەدیق بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەو گیروگرفتانەی کە بۆی هاتە پێش، سیاسەتی بوژاندنەوەی ئابووری نەتەوەیی هێناگۆڕی کە ئەوکات لە جیهان دا باو بوو. بەڵام ئەو سیاسەتەش وڵامدەر نەبوو. بەگشتی کێبەرکێی نیوان شا و دەربار و هێزی کونەپەرستی، وەک هێندێک لە ئاخوندەکان و کەسانی شارلاتان، وەک دەستەو دایرەی شەعبان بێ مێشک، کە پوڵ و ئیمکاناتیان هەبوو و وڵاتانی ئەمریکا و ئینگلیس پشتیوانی بوون لە لایەک و هێزی پێشکەوتوو و نیشتیمانپەروەر لە لایەکی دیکە، بە توندی بەردەوام بوو. دیارە بەرەی پێشکەوتو پێکەوە هاوئاهەنگ نەبوون و دائیم حیزبی تودە کە زۆر بە هێزبوو کارشکێنی موسەدیقی دەکرد.

لەو قاڵمەدا کە دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیسی ١٧ دەبوو دەستی پێ بکا، سەرتیپ ئەفشار توس، سەرۆکی گشتی شارەوانی کە دۆستی زۆر نیزیکی موسەدیق بوو رفێندرا و کوژرا.

## هەڵبژاردن لە مەهاباد بۆ دەورەی ١٧مەجلیسی شورای میللی

مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٣٠(١٩٥١) بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمان ئێران دیاری کرا. لە لایەن حیزبی تودە، بۆ شاری مەهاباد سارمخانی سادق وەزیری دەست نیشان کرا. دوکتور مەحەممەد موکری (کەیوان پوور) و جەعفەرخانی حەیدەری و پاشاخانی ئاختەوڵی و نەوشیرەوانی کە خەڵکی سەقز بوو رۆژنامەیەکی دەر دەکرد و مەلایەکی عەجەم بە ناوی ئیمامی خۆیی کە ئەرتەش پشتیوانی لیدەکرد، بۆ کاندیدای مەهاباد، خۆیان پاڵاوت. هەروەها سولەیمانی ئەنەوشیرەوانی و رەحمەتی شافعیش کاندید بوون.

بە پێی قسەکانی غەنی بلوریان بەر لەوی نوێنەر بۆ مەهاباد دیاری بکرێ، حیزبی تودە داوای لە حیزبی دێموکرات کرد کە نوێنەرێک بنێرەتە تاران تا پێکەوە ئەو بابەتە تاوتوێ بکەن. رەحیمی سوڵتانیان چووە تاران و لەگەڵ حیزبی تودە لەسەر سارمخان سادق وەزیری ساغ بوونەوە.

محەمەدی موکری بەرپرسی کارگێری وەزارەتی پەروەردە و فێر کردن بوو و لە ئەمریکاییەکان نیزیک بوو، وەک نوێنەری جەبهەی میللی لە مەهاباد کاندید بوو. سەیر ئەوە بوو دوکتور هاشمی شیرازی کە بە قسەی غەنی بلوریان لە بەشی پاراستنی حیزبی تودە لە ژێر دەستی دوکتور یەزدی دا کاری دەکرد، هەوڵی دەدا تا موکری دەنگ بێنێتەوە.


سارمخانی سادق وەزیری

دوکتور شیرازی لە لاپەرەی ١٦٩ کتێبەکەی دا دوای ئەوەی دەڵێ کە هەرچی دەیکرد کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئاگادار دەکردەوە، دەنووسێ کە "مۆلێر" کاربەدەستی گەورەی ئەمریکایی لە تاران داوای لێکردوە کە یارمەتی دوکتور موکری بکا و کارتێکیشی داوەتێ کە پێشانی عومەرخانی شکاکی بدا. عومەرخانی شکاک چوونکە سەوادی نەبوو بە هۆی دوکتور شیرازی نامەیەک بۆ شێخ حوسێن کوڕی شێخی بورهان دەنووسی. دوکتور شیرازی دوایە دەچتە پەسوێ بۆ لای مام عەزیزی کوڕی قەرەنیاغای مامەش کە خۆشەویستی شا و سەرهەنگی ئیفتخاری بوو. بە پێی لاپەڕەی ٢٠٢ بیرەوەییەکانی شیرازی، لەوی مام عەزیز بە دوکتور شیرازی دەڵێ کە دوکتور موکری وەدوای کڵاوی خوار کەوتووە. ئەورۆ رەئیسی ستادی لەشکر بانگی کردوتە مەهاباد و پیگوتووە کە شا دەستووری داوە کە دوکتور سەید حەسەن ئیمامی، ئیمام جومعەی تاران دەبێ ببیتە نوێنەری مەهاباد لە مەجلیس.

هەڵبژاردنی دەورەی ١٧ بە رواڵەت ئازاد و کومیتەی چاوەدێر لە تاران و لە شارەکان پێکهات بوو. خەڵکی مەهاباد کە تا ئەوکات لە ژێر زەبروزەنگی حکومەتی نیزامی دا بوون و ئەرتەش لە هەموو بوارێکەوە دەستەڵاتی بە سەر خەڵک دابوو، بە تەواوی خۆیان بۆ دەنگ دان بە سادق وەزیری ئامادە کرد. سارمخان خەڵکی سنە بوو کە لە شاری تاران دادەنیشت. ئەو کەسایەتێکی نیشتیمانپەرو و زانا و وەکیلی پایە یەکی دادگوستەری بوو. ئەو سەردانی مەهابادی کرد و لە لایەن

خەڵکەوە پێشوازی چاکی لێکرا. نوێنەرایەتی سارمخان بۆ ئەو دەورەیەی مەجلیس رواڵەتێکی تایبەتی هەبوو و لە نێو خەڵکی شاری مەهاباد دا هەستێکی نیشتیمانی بە هێزی پێکهێنا و هەموو خەڵک پشتیوانیان لێکرد.

کاتێک چەند رۆژ بەر لە هەڵبژاردن، سادق وەزیری هاتە مەهاباد. هێزی نیزامی رێژیم لە دەروازەی شار پێشیان پێگرت و ویستیان ساکەکەی بپشکنن. سارمخان ئازایانە لە دژیان راوەستا و رایگەیاند کە تا نوێنەری دادستان نەیە نایەڵی ساکەکەی بپشکنن. ئەو هەڵوێستەی سارمخان وەرەی خەڵکی بەرز کردەوە و کاتێک نوێنەری دادستان هات و سارمخان رێگا درا کە بچتە ناو شار، لە گەڵ پێشوازی بێوێنەی خەڵک بەرەورِوو بوو. ئەو لە ماڵە حاجی ساڵحی خەرِازی میوان بوو.

غەنی بلوریان دەنووسێ کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی ١٧ دا، سەرباز بە شاردا بڵاوببوونەوە و نیزیک بە ٢٠ کەس لە ئەندامانی حیزبیان گرت و هەموو رۆژی بە قۆڵبەستراوەیی بە خەیابان دا دەیانگێرِن تا خەڵک بترسێنن. بەڵام ئەو زیندانیانە بێ گوێدان بە شەپ و زللەی سەربازان لە خەیابانەکان دا دروشمیان دەدا و داوایان دەکرد خەڵک نەترسن دەنگ بە سادق وەزیری بدەن.

یەکێک لە کارەکانی ئەندامانی حیزب، دیاری کردنی "پارێزەرانی بەرگری کردن لە ئازادی هەڵبژاردن" بوو. غەنی بلوریان لە لاپەرِەی ١٣٠ کتێبی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ: لە ئەندامانی کۆنی حیزب کە بە کۆنە دێموکرات دەناسران وەک حوسێنی فروهەر، مستەفای سوڵتانیان، خەلیلی خوسرەوی، وەهابی بلوری، سەدیقی حەیدەری و چەند کەسی تر کۆمیتەیەکمان پێکهێنا و چونکە ئەوانە ئێمەیان قەبوول نەبوو و بە منداڵیان دەزانین، رەحمانی قاسملوومان کرد بە بەرپرسیان. بە فەرهەنگی کوردەواریش ئەوکات نەدەکرا، کور ببێتە بەرپرسی بابی خۆی، بەڵام قاسملوو کە خەڵکی مەهاباد نەبوو، بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە ئەندامی حیزب بێ، ئێمە بۆ ئەو کارە کەڵکمان لێوەرگرت.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ١٣٠ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا دەنووسێ بە هۆی دوکتور قاسملوو کە بەرپرسی کەسایەتییە کۆنە دێموکراتەکانی حیزب بوو داوا لە ئاغاکان کرا کە دەنگ بە سارمخان بدەن بەڵام ئەوان گوتیان کە ئەگەر دەوڵەت داوا بکا دەنگ بە ئیمام جومعە خۆیی بدەن، ناچارن ئەو کارە بکەن.

رێژیم زۆری هەوڵ دا دەست لە دەنگ دان وەربدا و بە قازانجی شا بیگۆرِی و غەنی بلوریان لە لاپەرِەی ١٣٢ دا دەنووسێ حاجی ساڵحی شاتری کە سەرۆکی ئەنجومەنی شار بوو، ئاگاداری کردوتەوە کە دەیانەوەی بەر لە بژاردنی دەنگەکان دەستی تێوەردن و بە قازانجی خۆیان بیگۆرِن. غەنی بلوریان دەنووسێ کە بە چ چەرمەسەری و کێشە و لێدان و کوتانێک توانیویانە نەهێڵن دەنگەکان بشێوێنن و سەرجەم ئیمام خۆیی وەک نوێنەری شا ٣٢ دەنگی هێناوە و باقی دەنگەکان بە سارم خانی سادق وەزیری درا.

عەبدوڵای قازی لە کتێبی "وڵاتی من" دا لەسەر ئەو هەڵبژاردنە دەنووسێ: لەبیرمە لە رۆژی هەڵبژاردن دا، خەڵکێکی زۆر لە گەرِەکی جوولەکان کە ئێستا بۆتە پاساژی شافعی کۆببونەوە و

دەچوون تا لە شارەداری دەنگ بدەن. ئیمە دەستەیەك بووین لە نێو خەڵك دا دەگەراین و هەوڵمان دەدا تا دەنگەکان بە قازانجی سارم خان بگۆڕێن.

ئەوکات خەڵکی دێهات خوێندەواریان نەبوو، دەبوو دەنگەکانیان بۆ بنووسرێ. ئەمن بۆ ئیحتیات بە قەدرا ٢٠ دەنگی ئەو ئایەتولایەی کە دەوڵەتی دەست نیشانی کردبوو، لە گیرفانم نابوو بەڵام بە قازانجی سارم خان دەنگەکانم دەنووسی. دوایە بەو فێڵەیان زانی و هاتن ئەمنیان گرت و بردیانمە شارەداری و لەوێ ئەفسەرێك خستمییە ژێر پرسیاران و گووتی بۆ وات کردووە. ئەمنیش ئەو بەرگانەی ئایەتولاکەم لە گیرفانی دەرهێناو گووتم ئەوتا ئەمن بۆ ئەوەی تەبلیغات دەکەم. ئەویش سەری راوەشاندو و پێکەنی‌و گووتی برۆ بەڵام ئاوا بە ئاشکرا کاری وامەکە.

کەریمی حیسامی دەڵی کە راست لە کاتی دەنگ دان دا، لە تاران را بۆ شاری نەغەدە تێلگراف کرا کە هەڵبژاردن ١٠ رۆژ وەدرەنگی کەوێ. دوای دە رۆژ هەڵبژاردن دەستی پێکردەوە و سارمخان لە مەهاباد لە ٢٠٠٠ دەنگ ١٨٠٠ دەنگ و لە نەغەدە لە ٤٨٠ دەنگ ٤٠٠ دەنگیی هێناوە.

مامۆستا هێمن لە لاپەری ٤٠ کتێبی تاریک و روون دا لەسەر هەڵبژاردنی ئەو دەورەیەی مەجلیس دەنووسێ: لە رێفراندۆمی مۆسەدیق دا هێزی کۆنەپەرەستی وهێزی ئازادیخوازی زۆر باش رادەی دەستەلاتیان دەرکەوت، بە تایبەتی لە کوردستاندا. بۆ نموونە لە شاری مەهاباد کە دەنگ دان ئازاد بوو و وەک گوتم هێشتا کۆنەپەرەستی و ئەرتەش کەم تاکورتێک جوولەیان مابوو، تەنیا دوو کەس بە قازانجی دەربار دەنگیان دا، ئەویش وەک شاهیدێکی زیندوو ئاگام لێ‌هەیە لاوێکی زۆر پاک و چاک لە داخی چەپرەوی ئەندامێکی بێ‌کەڵکی حیزب دەنگی دا و پتر لە پێنج هەزار دەنگ بە قازانجی موسەدیق درا. بەوەڕا دیارە خەباتی دژی ئیمپریالیستی چەندەی پەرە گرتبوو.

دەنگ نەهێنانەوەی نوێنەری شا، لە دەنگ دانی مەهاباد، بۆ رێژیم جێگای سەرشۆڕی بوو. بۆیە ئەرتەش و ژاندارمەری بە ئاشکرا هەڕەشەیان کرد و کێشەیان بۆ خەڵک خولقاند. دەستیان لە سندوقی دەنگەکان وەردا و سەرەرای ئەوەی سارم خان زیاتر لە ٨٥ لە سەدی دەنگەکانی هێنابووە، بەڵام رێژیمی ئیران رێزی بۆ دەنگی خەڵک دانەنا و حەسەنی ئیمامی، ئیمام جومعەی تاران بە نوێنەری مەهاباد دیاری کرا. دواتر کەسانێک لە کومیسیونی هەڵبژاردن شکایەتیان کرد، بەڵام کەس گوێی نەدانێ و دوای کودەتای ٢٨ ی گەلاوێژ سارم خان گیرا و بۆ چەند ساڵ زیندانی کرا.

دوای تەواو بوونی هەڵبژاردن، دوکتور موکری چووە فەڕانسە و لە شۆڕشی ئیسلامی دا، گەڕاوە ئێران و بوو بە سەفیری ئێران لە شوورەوی. لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران دا دا خۆی پاڵاوت بەڵام هەر دوو رەئی هیناوە.

زۆربەی نوێنەرانی مەجلیسی ١٧ سەر بە شا بوون و موسەدیق هێچ کاری بۆ نەکرا. ئەو دەبوو تەکلیفی خۆی لە گەل ئەوانە روون بکاتەوە. چونکە زۆر لەو نوێنەرانە، وەک ئیمامی بە زۆری و بە فێل ببوونە نوێنەری داسەپاوی رێژیم بە سەر خەڵک دا. بۆیە موسەدیق لە هەوڵی مانگی

گەلاوێژ لە ڕێگای رادیو تارانەوە داوای لە خەڵک کرد کە تەکلیفی ئەو و پاڕلمان روون کەنەوە. یان دەنگ بە مانەوەی یان نەمانی پارلمان بدەن.

موسەدیق لە ١٢ گەلاوێژ لە تاران و لە ١٩ گەلاوێژ لە هەموو شارەکانی ئێران پەنای بۆ ڕێفراندۆم برد و داوا لە خەڵک بکا کە بە بەڵێ یان نەخێر دەنگ بۆ هەڵوەشانەوەی پارلمان بدەن. شا دژی هەڵوەشاندنەوەی پارلمان بوو بۆیە دوو سندوق داندرا. "بەڵی" کە دەنگ دان بوو بە موسەدیق و "نەخیر" کە دەنگ دان بە ویستی شا. لە مەهاباد سندوقی بەڵێ لە مزگەوتی "هەباس ئاغا" بوو و سندوقی نەخێر لە حاجی سەید باییز بوو. لە لایەن حیزبی دێموکرات غەنی بلوریان و ئەحمەد تۆفیق و هاشم حوسێن زادە دیاری کران تا خەڵکی گەڕەکەکانی شار بۆ دەنگ دان هان بدەن و کۆبوونەوەیەکی گەورە کە کومیتەی ژنانی حیزبی دێموکرات تێیدا هەڵسووڕ بوو، لە بەر دەرکی مزگەوتی هەباساغا پێک هات. لەو شوێنە غەنی بلوریان و عەزیزی یۆسفی بەرپرسی بوون و هەموو خەڵکی شار مەهاباد دەنگیان دا بە بەڵێی موسەدیق و تەنیا یەک کەس دەنگی دا بە نەخێری شا. ئەو پرسە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستانی، وەک سنە، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، بانە و ... گرتەوە و دەنگ درا بە بەڵێ و موسەدیق پارلمای هەڵوەشاندەوە.

دەنگ دان بە نەمانی مەجلیسی ١٧ زەبربێکی گورچووبڕ بوو بۆ شا و بۆ دەوڵەتی ئەمریکا و ئینگلییس و دیاربوو ئەوان بە هێچ شێوەیەک ئەو حەڕەکەتی شۆڕشگێرانەیەی موسەدیق قبووڵ ناکەن و دەستیان کرد بە داڕشتنی پیلانێکی گەورە لە دژی موسەدیق.

## بەشی ٦٦

## کومیتەی کاک ( کومیتەکانی ئازەربایجان و کوردستان)

هەرچەند فرقەیٚ دێموکراتی ئازەربایجان دوای پەنابردن بۆ شووڕەوی، دووبارە بە هۆی حیزبی کمونیستی ئازەربایجان لە "باکۆ" رێکخستراوە، بەڵام حیزبی تودە لە ئێران دا هەر ئەو بەڵایەی بەسەر هێنا کە بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی هێنا و کردییە لقی ئیالەتی خۆی.

دوای رووخانی کۆماری کوردستان، حیزبی تودە لە کۆنگرەی دووهەمی خۆی دا پشتیوانی لە مافی خودموختاری گەلی کورد و ئازەری کرد و لە پلینۆمی ٦ ی حیزبی توودە دا کە خەرمانانی ١٣٢٧ گیرا، بڕیار درا کە درێژە بە وتوویژ لەگەل فرقە بدرێتەوە و لە گەلاوێژی ١٣٢٩ چوارچێوەی یەکێتی دوو حیزب پەسەند کرا. کومیتەیەکی هاوکاری بە ناوی کومیتەی "کاک" کە لە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی خۆی دابوو، لە حیزبی دیموکڕات و فرقەی دێوکراتی ئازەربایجان پێکهێنا. یەکەم نوێنەری بەرپرسی کار لەو کومیتەیەدا، هەوەڵ سارمخانی سادق وەزیری و دوایە دوکتور قاسملوو بوو.

پەیوەندی حیزبی دێموکرات لە گەڵ حیزبی تودە و فرقەی دێموکراتی ئازربایجان و هاتنی کادرەکانی حیزبی تودە بۆ ناو حیزب، بوو بە هۆی ئەوە کە تەشکیلاتی حیزب وردە وردە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان وەک سنە و سەقز و بانە و بۆکان و نەغەدە و سەردەشت و ورمێ و ... پەرە بستێنێ و لە زۆر جێگا، بە رواڵەت کومیتەی حیزب دامەزرێ.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە دەڵێ: ...کومیتەی مەهاباد کە پێکهات (کە پاش کودیتای ٢٨ی مورداد بوو بە کومیتەی کوردستان و ئەو وەختە لە هاوڕێیانی سنە رەحمەتی شەریعەتیش لە کومیتەدا بەشدار بوو) شێوەی بەڕێوەچوونی بەم جۆرە بوو کە لە تاران کۆمیسیۆنێك پێك هاتبوو بە ناوی ″کاك″ (یانی کۆمیسیۆنی ئازەربایجانی کوردستان). لەو کۆمیسیۆنەدا نوێنەری ئازەربایجانی تێدا بوو کە دیارە کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە دیاریی کردبوو و نوێنەری کوردستانیشی تێدا بوو کە ئەویش حیزبی توودە دیاریی کردبووو ئەو وەختە ″کاك سارم سادق وەزیری″ بوو.

کومیتەی "کاك" کاری ئەوە بوو کە دەستووراتی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی توودەی بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات ڕادەگەیاند بۆ جێبەجێکردن. یارمەتی ماڵیشی دەدا، هەرچەند زۆر کەم بوو بە نیسبەت ئەو یارمەتی‌یەی کە دەدرا بە ئازەربایجان و بە نیسبەت ئەو داهاتەی کە حیزبی توودە ئەو وەختە هەی‌بوو.

دوکتور قاسملوو لە پەڕاوێزی لاپەڕەی ٢٣٧ کتێبی چل ساڵ خەبات دا دەنووسێ کە تا کۆدەتای ٢٨ گەلاوێژ، دوکتور حوسێنی جەودەت سەرپەرەشتی "کاك" و سارم ئەدینی سادق وەزیری بەرپرسی کوردستان بوو بەڵام بە دوای کودەتا و گیرانی سارمخان دا دوکتور قاسملوو بوو بە بەرپرسی کوردستان و موهەندیس عەلەوی بوو بەرپرسی "کاك".

## راهێنانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە هۆی حیزبی تودە



دوکتور قاسملوو

لە ژێر کاریگەری بەستراوەیی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات بە حیزبی تودە، هێندێک پەیوەندی نوێ لە بوارەکانی تەشکیلاتی، فیر کردن و راهێنان، لە نێو حیزب دا هاتە ئاراوە. بە دوای ئەکتیڤ و کارا بوونی ئەندامانی حیزب لە مەهاباد بە تایبەتی بە دوای ساڵی ١٣٣٠ دا و بەشداری چالاکانەی ئەوان لە خۆپێشاندانەکانی میللی کردنی نەوت و جێژنی کرێکاران و رۆژی ژنان دا، ئەندامانی حیزبی دێموکرات داوایان لە حیزبی تودە کرد تا کادری سیاسی بۆ بارهێنانیان بنێرێ.

حیزبی تودە بۆ رێنوێنی ئەندامانی حیزب، کرێکارێکی کارخانەی چیتسازی نارده مەهاباد. ئەو پەیوەندی بە سارمخان سادق وەزیری، کە رابیتی نیوان کومیتەی حیزبی دێموکرات لە مەهاباد و حیزبی تودە لە تاران بوو، هەبوو. سارمخان لە رۆژنامەی "شاباز" دا کاری دەکرد و یەکیک لە بەرێوەبەرانی "کومەڵی میللی خەبات دژی ئیستیعمار" بوو.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٢٢ بەرگی ٨ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە سارمخان سادق وەزیری بەرپرسی پەیوەندی لە گەڵ حیزبی دێموکرات بوو و لە سەرەتا دا کرێکارێکی کارخانەی چیت سازی بە ناوی جەواهێریان نارده مەهاباد و پاشان دوکتور قاسملوویان نارد.

غەنی بلوریان لە بیروەوەرییەکانی دا کە چل ساڵ دواتر لەژێر ناوی کتێبی "ئاڵەکۆک" دا بە هۆی حامید گەوهەری کۆ کراوەتەوە، بە پێچەوانەی بەڵگە و نووسراوەکان، زۆر رواڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆبوون دەدا بە کەسایەتی خۆی و بە تەشکیلاتی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات کە لەگەڵ راستییەکانی ئەوکات یەک ناگرنەوە. گەنی بلوریان پەیوەندی حیزبی دێموکرات و حیزبی تودە بە هاوکاری نیوان دوو حیزب دادەنێ و لە لاپەڕەی ١١٢ دا دەنووسێ، کە وەک ئەندامی حیزب هەستمان کرد کە کاڵ و ساواین و پێویستمان بە یارمەتی هەیە. بۆیە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە لەگەڵ رەحیمی سوڵتانیان و رەحیمی خەڕازی چوونە لای فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان. ئەوانە نامەیەک دەنووسن و دەچنە لای کەسێک بە ناوی ئیرانشەهری کە نوێنەی لێپرساوی کومیتەی "هومام"ی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو و نامەکەی دەدەنی و داواکەیان رادەگەیەنن. ئیرانشەهری کە نامەکە دەخوێنێتەوە دەڵی، ئەوکەسانەی کە ئەو نامەیەیان نووسیوە دەتوانن ئەو کارەش بکەن.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ١١٢ کتێبی "ئاڵەکۆک دا لە باسی پەیوەندی حیزبی دێموکرات و تودە دا دەنووسێ:

حیزبی توده که دیتی خاوەن هێزین له کوردستاندا پێوەندی پێوە گرتین. ئەوە له حاڵێکدا بوو، که "عەبدولرەحمانی قاسملو" تازە له ئوروپا گەرابۆوە و له چکوسلواکی کلاسی مارکسیست لینینستی تەواو کردبوو. حیزبی توده رەحمانی قاسملوی نارد بۆ مەهاباد. ئەو بەشداری کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی بەرێوەبەری حیزبی دێموکراتی کرد، که له ماڵی ئێمه بەسترا. لەو کۆبوونەوەیەدا، قاسملوو پەنجەی بۆ پێوەندی نێوان حیزبی توده و حیزبی دێموکرات راکێشا و دوای چەند پرسیارێک له ئێمه گوتی: "حیزبی توده پێی خۆشە هەر کارێکی له دەست بێ بۆ ئێوەی بکات".

لەم کۆبوونەوەیەدا، مەسەلەی پێوەندی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توده، مەسەلەی چاپی بەڵگەی یارمەتی، که له جیاتی "تەمر" یان بۆ چاپ کردین و مەسەلەی چاپ و ناردنی رۆژنامە هاتە بەرباس. ئێمه داوای چاپخانەیەکمان لێکردن و گوتمان ئەگەر حیزبی توده ناتوانێ چاپخانەمان بداتێ، داوا دەکەین رۆژنامەمان بۆ چاپ بکات. هەروەها داوامان کرد حیزبی توده کادرێکمان بۆ بنێرێ تا له باری شێوە کاری نهێنی حیزبی و کاری رێکخستندا یارمەتیمان پێ بکا. گوتمان تەنیا حیزبی توده له ئێران دا حیزبی پێشرەوە و پێویستە یارمەتیمان پێ بکات و ئێمه لەم باوەڕەداین که تا ئێستا بۆ به ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە کۆتایی کردوە.

تا ئەوکاتەی قاسملوو به نوێنەرایەتی حیزبی توده لەگەڵ ئێمه دانەنیشتبوو، ئێمه پێوەندی راستەوخۆمان به حیزبی تودەوە نەبوو، و فیرقەی دێموکرات له "تەورێز"ەوە رۆژنامەی بۆ دەناردین. قاسملوو، شکڵی رەسمی دا به پێوەندی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توده و پاش رێفراندۆمیش بۆخۆی وەک نوێنەری حیزبی توده هاتە لامان و له نیزیکەوە یارمەتی پێدەکردین.

دوای گەڕانەوەی قاسملوو بۆ تاران، حیزبی توده کادریکی بۆ ناردین به ناوی "ئیحسانوڵا" که "بەهایی" و ئەندازیارێکی شەریکەی نەوتی "ئابادان" بوو. ئێحسانوڵلا له ئابادان قاچاخ بوو، حیزبی توده له لایەک بۆ ئەوەی ئەو له دەست رژیم بپارێزن و له لایەکی ترەوە یارمەتی به ئێمه بکات، ئەوی نارد بۆ مەهاباد. ئیحسانوڵڵا هەر چەندە مرۆڤێکی به تەمەن نەبوو، بەلام زۆر زانا و تێگەیشتوو بوو. ئەو کتێبی بۆ دیاری دەکردین که بیخوێنینەوە و له کۆبوونەوەی حیزبیدا باسی لەسەر بکەین و ئەگەر پرسیارێکمان هەبا لێمان دەکرد.

هەر لەو بارەوە جەلیلی گادانی له لاپەڕەی ۸۳ کتێبێ ۵۰ ساڵ خەبات دا دەنووسێ که حیزبی توده بۆ راهێنانی کادر و ئەندامانی حیزب له ساڵەکانی ۱۳۳۰ و۱۳۳۱ دوو کادری نارده مەهاباد که هەرجارێ مانگێک دەمانەوە و دوایە دەگەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان. ئەوان چونکە کوردییان نەدەزانی، نەیانتوانی له گەڵ وەزعی کوردستان رابێن. تا له بەهاری ۱۳۳۲ حیزبی توده، چوار کادری نارده مەهاباد که دوویان کورد بوون. لەوبارەوە جەلیل گادانی هەر لەو لاپەڕەیەدا دەنوسێ:

یەکیان کاک عەبدولرەحمان قاسملوو بوو، گەرچی بەینێکی دوور و درێژ له هەندەران خەریکی فێربوون و خوێندن ببوو و تارادەیەک له داب و نەریتی گەلەکەی دوور کەتبووە بەڵام به زانایی خۆی زۆر زوو جێگای خۆی کردەوە و ئیبتیکاری کارەکان و سەرۆکایەتی گشتی به دەستەوە گرت.

به پیی ئەو نوسراوەیە کەسەکەی دیکه ناوی نەهێنی "بهنام" بوو که خەڵکی جنوبی کوردستان بووە و له بواری تەشکیلاتی دا شارەزا بووە.

## کارەکانی موسەدیق لە ساڵەکانی ١٣٣١ تا ١٣٣٢

تەحریمی نەوت پشتی موسەدیقی شکاند و بەڵێنییەکانی بۆ بەجێ نەگەیی. ئینگلیس دەستی بە سەر چەند کەشتی هەڵگری نەوتی ئێران داگرت و ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە شیرکەتەکانی نەوت لە معامله لە گەڵ ئێران بترسن و حازر نەبوون نەوتی ئیران بکڕن. لە لایەکی دیکە هەرچەند لە هەوەڵەوە نیوان شا و موسەدیق پەیوەندێکی دۆستانە لە گۆڕێ دابوو، بەڵام پێداگری موسەدیق لە سەر هەقی دیاری کردنی وەزیری شەر، کە شا بە پاوانی خۆی دەزانی، بوو بە کێشەی گەورە لە نێوان ئەوان. هەروەها شا بەوەی کە خزینەی بەتاڵ بوو و فەقیری و نەداری بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتبوو، توڕە بوو. ئەو لە موسەدیقی دەپرسی ئەدی کوا ئەو بەڵێنییانەی کە دابووت.

موسەدیق ئاگاداری رادەی خۆشەویستی خۆیی بوو. بۆیە هەوڵی دا لەو رۆاڵەتە کەڵک وەرگرێ و لە رۆژی ٢٥ پووشپەڕی ١٣٣١ دەستی لە کار کێشاوە. شا بە پێچەوانەی رای خۆی، داوا لە ئەحمەدی قەوام کە پیر و نەخۆش و کەنەفت بوو کرد کە دەوڵەت پێکبێنێ. قەوام هەر کە بە دەسەڵات گەیی، لە سەر رادیۆ وتارێکی بڵاو کردەوە و هێرشی کردە سەر ئەو کەسانە کە بە شێوەیەکی هەستیارانە هەوڵیان دا، نەوت میللی بکرێ. ئەو هێرشی کردە سەر ئایەتوڵا ئەبولقاسمی کاشانی گەورەترین لایەنگری موسەدیق و بیزاری خۆیی لەوە دەربڕی کە دین لە سیاسەت وەربدرێ.

لەوکاتە دا حیزبی تودە بە مەبەستی پشتیوانی لە موسەدیق بە فەوری دەستی بە خۆپێشاندان کرد و هێندێک شوێنیان تێکوپێکدا. رۆژی ٢٨پووشپەڕی ١٣٣١ ئایەتوڵا کاشانی لە دژکردەوەیەکی توووند دا لە دژی قەوام گوتی: ... ئەمن راشکاوانە دەڵێم، کە لە سەر تەواوی خەڵکی موسوڵمان لازمە کە لە پێناوی جێهادی گەورەدا، بۆ ئاخرین جار لیبراوانە بێنە مەیدان و بە پارێزەرانی سیاسەتی کولۆنی بسەلمێنن کە هەوڵی ئەوان لە بەدەستەوە گرتنەوەی دووبارەی رابردوو مەحاڵە.

هاوکات جەبهەی میللی بە سەرۆکایەتی موسەدیق، رۆژی ٣٠ ی پووشپەڕی، وەک پشووی فەرمی راگەیاند و داوای لە کۆمەڵانی خەڵک کرد، کە بە دژی قەوام بڕژێنە شەقامەکان. رۆژێک دوای ئەو ئیتلاعیە، ئایەتوڵا کاشانی بە پشتیوانی لەو بانگەوازە گوتی: تا خوێن لە شادەمارەکانی من و ئەو میللەت من دابێ، ناچمە ژێر باری ئەوەی کە قەوام بە سەر ئێمەدا حوکم بکا.

کاشانی قسەی ئاخری کرد. کۆمەڵانی خەڵک لە تاران و شارە گەورەکان بە پشتیوانی موسەدیق و بە دژی قەوام رژانە سەر شەقام. توندو تیژی نەیتوانی پێش بە خۆپێشاندان بگرێ و قەوام نەیتوانی وڵات ئارام بکاتەوە. بۆیە ئێوارەی ئەو رۆژە، شا پاشەکشەی کرد و داوای لە قەوام کرد لە سەروکایەتی وەزیران دەست بکێشێ. قەوام یەکجێ قبووڵی کرد. هەر ئەوکات بە پێشنیاری شای، حوسێنی عەلا، وەزیری دەربار چووە مەجلیس و وەلاچوونی قەوامی راگەیاند و داوای لە نوێنەران کرد کە کەسێک وەک سەرۆکی وەزیران هەلبژێرن. لە ٦٤ نوێنەری بەشدار لە مەجلیس دا، موسەدیق ٦١ دەنگی هێناوە. شا تەواوی ئەو پێشنیارانەی کە موسەدیق پێی لە سەر داگرتن، قبووڵ کرد و جارێکی دیکە فەرمانی سەرۆکی وەزیری بۆ موسەدیق دەرکرد.

موسەدیق بۆ هێور کردنەوەی دڕدۆنگی شا سەبارەت بە سیاسەتەکانی خۆێ، لە پشتی قورئانێک، رستەیەکی نووسی و بۆێ نارد کە نووسرا بوو "ئەو قورئانم بە گژ داچێ، ئەگەر بە دژی قانوونی ئەساسی کارێک بکم و رێژیم ئێران بگۆڕم و بیکەمە سەرکۆماری.

بە دوای ئەوەدا کە موسەدیق دەسەڵاتی بەدەست گرتەوە، بە پێی بڕیارێک، مەجلیس بۆ ماوەی ٦ مانگ دەسەڵاتی بێ سنووری دایە و ئەو دەیتوانی بێ پرسی مەجلیس، هەر یاسایەکی بیهەوێ پیادەی بکا. لەوکاتە دا ئێران لە دادگای لاهە لە کێشە لە گەڵ لەندەن بردبوویەوە و ئێستا موسەدیق لەوپەڕی توانا و خۆشەویسترین کەسی ئێران بوو. وەزارەتی شەڕیی کرد بوو بە وەزارەتی بەرگری و لە دەستی شا دەرێنا و دووجار دەستەڵاتی بێ سنووری لە مەجلیسی ئیران وەرگرت، بۆ ئەوەی هەر کارێک کە پێیخۆش بوو بەڕێوەی ببا. ئەو کونسولگەرییەکانی ئینگلیسی لە شارەکانی ئێران داخست و هەرچەند بە پێی قانوونی ئەساسی هەڵوەشانی مەجلیس لە دەست شا دابوو، بەڵام موسەدیق یاسای پێشێل کرد و مەجلیسی داخست و لە نێو خەڵکی کوچەو بازار دا رایگەیاند کە مەجلیس ئیرەیە.

هەلویستی موسەدیق لەو دەستەڵاتە رەهایە دا بو کورد و نەتەوەکانی دیکە شوێنیستی و دزێو بوو و ئەوەش لە  ئۆرگانی "ئێرانی ئازاد" ی جەبهەی میللی دەردەکەوت کە لە ساڵی ١٣٣٢ لە نووسراوەکانی دا رەخنەی لە حیزبی تودە دەگرت کە بۆ لە بڵاوکراوەکانیان دا دەنووسن گەلانی ئێران" دەبێ بنووسن گەلی ئێران.

موسەدیق دژی خودموختاری بوو و بە لێک بڵاو بوونی ئێرانی دادەنا. بە پێی پەراوێزی لاپەڕەی ١٩٥ کتێبی چل ساڵ خەبات لە نووسێ دوکتور قاسملوو: موسەدیق لە قسەکانی خۆی لە مەجلیسی شازدە دا گەلاڵەی قانوونی پێشنیار کراوی رەزمارای بە گەلاڵەی لێک بڵاو بوونی ئێران و پێکهاتنی خودموختاری لە ئوستانەکان دانا. موسەدیق گوتی: جەبهەی میللی دژی هەر قانوونێکە کە ببێتە هۆی لێک بڵاو بوونی وڵات...

موسەدەیق لە رفراندۆمێکی گشتی لە رێکەوتی دووی ئووتی (١١ گەلاوێژ) دا، بە رادەی ٩٩/٤ لە سەدی دەنگ مەتمانەی خەڵکی ئیرانی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی هێناوە.

ئەگەر سەردەمیک موسەدیق دژی سیستمی دیکتاتۆری بوو، ئێستا شای بێ دەسەڵات کردبوو و بۆخۆی تەواوی دەسەڵاتی لە دەستی خۆیی دا کۆ کردبووە. تەنانەت دیاری کردنی وەزیری دەرباریشی بە سەر شادا سەپاندبوو. دەفتەری کاری خوشک و براکانی شا دەستیان بە سەر داگیرابوو و دەستووریان پێدرابوو کە ئێران بەجێبێڵن. لەوڵامی ئەو پرسیارە کە لەوە ناترسی کە لە نەبوونی مەجلیس دا، شا لە سەر کاری لاببا، دەیگوت شا ئەو غیرەتەی نییە کە ئەمن وەلا بەرێ. موسەدیق سەردانی شای نەدەکرد و نەدەهێشت بیبینێ و لە رێورەسمی سڵاوی نەورۆزی لە ١٣٣٢ دا خۆی لە نەخۆشی دا و نەچووە لای تەنانەت بەشێک لە یارمەتی دیاری کراویشی لێبڕی.

بە پێی کتێبی "ساڵەکانی من لە کۆشکی سپیی‌دا" سەرۆک کۆمار ئایزنهاور لەو باوەڕەدابوو کە دوای ئەو رێفراندومە موسەدیق زۆر لە تودەیەکان نیزیک بۆتەوە و چاوەڕوانی ئەوە بوو کە رووسەکان ٢٠ میلیون دولاری بدەنی.

موسەدیق لە بەهاری ١٣٣٢ لە رووسەکان نیزیک بووە و ئەو بابەتە بۆ ئەمریکایەکان سەخت و گران بوو و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی بێ سنوور سەرەتای نائومیدی ئەمریکا بوو بە نیسبەت موسەدیق.

لەو هەلومەرجەدا، حیزبی توده لە هەموو ئورگانەکانی دەوڵەت بە تایبەتی ئەرتەش دا رەخنەی کردبوو و بە نەهێنی زیاتر لە ٦٠٠ ئەفسەری دەرەجەی باڵای ئەرتەش ئەندامی بوون.

ئەگەر رووسەکان زۆریان پێخۆش بوو ئینگلیس پێێ لە ئێران ببڕێ، دەبوو بە هەموو توانایەک هەوڵ بدەن نەهێڵن جێ پێی ئەمریکاش لە ئێران بکرێتەوە و ئەو سیاسەتە لە سەرانسەری دنیا پەیرەوی لێدەکرا و دیاردەیەکی جیهانی بوو. ئەو سیاسەتە لە ئێران بە حیزبی توده ئەسپێر درا و بۆ ئەوان ببوو بە نەخۆشێکی هەمیشەیی و دائیم بە توندترین شێوە دژایەتی ئەمریکایان دەکرد. ئەوان ئەمریکایان بە ئیمپرالیسیمی لە حاڵی پەرستاندیان دەزانی و هەوڵیان دا لە پێش چاوی خەڵک دزێوی بکەن.

لەو قۆناغەدا لە سەر پیشنیاری موسەدیق شا ئامادەبوو ئێران بەجێ بێڵێ. بە پێی قسەکانی شا، ئەو سەفەرە دەبوو بە نەهێنی و بە رێگای زەوی دا بێ. چوونکە لەوانە بووە خەڵک پێبزانن و بێنە فڕۆکەخانە و نەیەڵن شا بڕوا. شا دەبوو لە رێگای عیراق و لوبنان ... بۆ ماوەی دوو مانگ بۆ چارەسەری نەخۆشی بچی بۆ دەرەوەی وڵات. شا دەڵی لە سەر پێشنیاری موسەدیق ئامادە بەو کارەبوو و ئەو گوتوویە بۆ ئەوەی لە ماوەیە دا لە نەبوونی ئەودا بتوانی هیندیک لە سیاسەتەکانی بەجێ بگەیەنێ. بەڵام ئەو سەفەرە ئاشکرابوو و موخالیفانی موسەدیق لە دەربار کۆ بوونەوە و داوایان لە شا کرد کە بمێنێتەوە.

موسەدیق ئەو قسانەی رەد دەکردەوە و دەیگوت کە شا بۆخۆی ئەو پێشنیارانەی کردووە و تەنانەت دەڵی کە لایەنگرانی شا ویستیان لە کاتیماڵئاوایی لە گەڵ شا، لە رێکەوتی ٩ رەشەمەی ١٣٣١ لە دەربار بیکوژن. لەو پلانەدا چەند ئەفسەر لە گەڵ چەند چەقۆکێش دەبوو موسەدیق بکوژن. موسەدیق بە دوای چاوپێکەوتن لە گەڵ شا، بە دەرکەیەکی نەهێنی دا، خۆی دەرباز کرد و پەنای بۆ ستادی ئەرتەش برد.

هێندێک تاوانی دیکەش دەدرا پاڵ موسەدیق و دەیانگوت کە ئەو دەیەوی پاشایەتی قاجار ببووژێنیتەوە کە بۆخۆی لەو بنەماڵەیەی بوو. حوسێن مەکی یەکێک لە دۆستە نیزیکەکانی موسەدیق کە دواتر لە گەڵ دژبەرانی موسەدیق کەوت، دەڵی کە موسەدیق، ئەکبەر میرزای سارمولدەولەی نارده ئوروپا تا چاوی بە منداڵەکانی محەمەد حەسەن میرزا وەلیعەهدی ئەحمەد شا، بکەوێ. بەڵام دوکتور سێحەت، دوکتوری تایبەتی ئەو گوتبووی منداڵەکانی محەمەد حەسەن میرزا، قبووڵیان نەکرد بوو.

لە رۆژەکانی هەوەڵی مانگی خاکەلێوەی ١٣٣٢ جەوانانی دێموکرات کە سەر بە حیزبی توده بوون، دەستیان بە خۆپێشاندان کرد و لە گەڵ لایەنگرانی دەوڵەت دەسبەیەخە بوون و دروشمی دژی دەوڵەت و ئەرتەش و ئینگلیس و بە تایبەتی ئەمریکایاندا. "یانکی(ئەمریکایی) بۆ دەرەوە" سەرتۆپی دروشمەـکان بوو.

لەو وەزعەدا ئەمریکایەکان خوازیاری ئەوە بوون کە رێکەوتنی ئینگلیس وەک گشت پەیمانەکانی شرکەتەکانی نەوتی ئەمریکا لە گەڵ وڵاتانی دیکە، بە رێژەی ٥٠ بە ٥٠ بێ و ئەوە بۆ ئیران دەسکەوتێکی گەورە بوو. ئەمریکا نەیدەتوانی لەوە باشتر بۆ ئێران رازی بێ چوونکە پەیوەندی لە گەڵ گشت شرکەتە نەوتییەکان تێک دەچوو.

ئاخری پێشنیاری دانیشتنی هاوبەشی نێوان ترۆمەن و چرچیل، لە مانگی فەورییەی ١٩٥٣ زستانی (١٣٣١ ) بە موسەدیق کرا. ئەو پێشنیارە لە بناغەدا دژایەتی ئەوتۆی لە گەڵ میللی کردنی نەوت نەبوو.  موسەدیق رازی بوو و تەنانەت لە دەفتەری شیرکەتی میللی نەوت، شیرنی و میوە داندرا کە جێژن بگرن، بەڵام لەوکات دا موسەدیق چاوی بە دووکەس لە مشاوەرەکانی کەوت و پەشیمان بووەوە و رازی بەو قەرارادە نەبوو. زۆر کارناسی گەورەی نەوت، ئەوەی بە گەورەترین خەتای موسەدیق دەزانن.

لەو سەردەمەدا ئایەتوڵا کاشانی و زۆربەی دۆستانی موسەدیق کە لە جەبهەی میللی یان نوێنەری مەجلیس بوون، ریگای خۆیان لە موسەدیق جوێ کردوە، کەوتنە بەرەی دژبەرانی ئەو. سەرلەشکر فەزللوڵا زاهیدی وەزیری پێشووی وڵات لە کابینەی موسەدیق دا و دوکتور موزەفەری بەقایی کرمانی، نوێنەری تاران لە مەجلیس دا، بە تاوانی کوشتنی بەرپرسی شارەبانی لە ژێر چاوەدیری دابوون. ئایەتوڵا کاشانی رێی بە ئەوان دا تا لە مەجلیس مان بگرن. کاشانی و زۆربەی مەلاکانی کە مەترسی ئەوەیان هەبوو ئیران بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کمونیسم، خوازیاری مانەوەی شا بوون.

ئەو کارەی کاشانی بوو بە هۆی تورەیی موسەدیق و ئەو بە هۆی هاوکارەکانی توانی لە مەجلیس دا، کاشانی لە سەرۆکایەتی مەجلیس لابا. چەند رۆژ دواتر دەوڵەتی موسەدیق بە هۆی یەکیک لە دۆستانی کەوتە بەر رەخنە و لیپرسینەوە. موسەدیق نیگەرانی ئەوە بوو دەنگی زۆرینەی لایەنگرانی، لە مەجلیس لە دەست بدا، بۆیە بێ پەیوەندی بە شاوە راستەوخۆ مەجلیسی هەڵوەشاندەوە.

موسەدیق نەیدەتوانی لە دوو بەرەدا بەشەرێ و ئەو کارە ژیرانە نەبوو. ئینگلیس توانی بە ئەمریکای بسەلمێنی کە موسەدیق کمونیستێکی تۆخە و مەترسیدارە. هەیئەتەکانی ئەمریکا و ئینگلیس پێکەوە دانیشن و ئینگلیسیی‌کان مەجبوور بوون لە بازاری نەوت دا جێ پێیەک بدەن بە ئەمریکایە. بەمشێوەیە وردە وردە سیاسەتی ئەمریکا گۆڕدرا و لە ئینگلیسییەکان نیزیک بوونەوە. ئەوان کەم کەم لە هەوڵی دۆزینەوەی کەسانی دیکە دابوون و سەرلەشکر فەزللوڵای زاهیدیان دێتەوە. زاهدی پێشتر لە ژێر فەرماندەری رەزاشا دا، شیخ خەزعەل کە بە پشتیوانی ئینگلیسێیەکان لە خوزستان قەیامی کرد بوو، گرت و نیشانی زولفەقاری پێدرا. ئەو لە کاتی هاتنی هێزەکانی ئینگلیس و رووس و داگیر کردنی ئێران دا، فەرماندەری لەشکری پارێزگای ئیسفەهان بوو. ئینگلیسیەکان گرتیان و بۆ ماوەی٣ ساڵ بۆ فەلەستینیان دوور خستەوە.

ئاخر ئەمریکایەکان بۆ لابردنی موسەدیق بە کودەتا، بەو شەرتە کە دڵی شای بەدەست بێنن، رازی بوون. شا ملی بەو کارە نەدەدا و لە ئینگلیسییەکان کە ئەو بەلایەیان بە سەر بابی هێنابوو، دڕدۆنگ بوو.

## بەشی ٦٧

## ڕاپەڕینی جوتیاران لە ساڵی ١٣٣٢

گشت بوارەکانی سیاسی و ئابووری فەرهەنگی کە بە دوای کۆمار دا لە کوردستان دا جێگیر بووو، گۆڕانکاری قووڵی لە کۆمەڵگەی هەژاری کوردستان دا پێکهێنا کە مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی٣٦ تاریک و روون دا ئاوای هەڵدەسەنگێنێ: ... وەزعی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات و نەداری و دەستکورتی زۆربەی خەڵک و زۆرداری کاربەدەستانی دەوڵەت و تاوان و خەیانەتی چینی دەستەڵاتدار، بوو بە هۆی ڕاپەڕینێکی فیکری بێوێنەی زەحمەتکیشانی کوردستان و هەست بە مەسئولییەت کردنی ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ و لەخۆبردووی نەتەوەکەمان.

ئەو ڕاپەڕینە فیکرییە و ئەو هەست بە مەسئولیەت کردنە بوون بە هۆی ئەوە کە چینی چەوساوە و توێژی ڕووناکبیری کورد زۆر لە جاران بە بڕواتر و ئامادەتر لە دەوروبەری  حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆ ببنەوە. پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد قەت وەک ساڵەکانی ٢٩ و٣٠و٣١ و٣٢ هەلومەرجی لەباری عەینی و زەینی بۆ خەباتی ڕەزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەڵنەکەوتوە.

ڕاپەڕینی جوتیاران و زەحمەتکێشان خەباتی نیشتمانی و رزگاریخوازانەی نەتەوەیی نەبوو. ئەو ڕاستییە لە لاپەڕەی ١٢٠ کتێبی "اسرار محاکمە قاضی محمد و یارانش" هەروەها لە بەڵگەکانی حکومەت کە لە لایەن فەرمانداری گشتی کوردستان، وەزارەتی کشوەر لەسەر جمجۆڵی ئەندامانی دەستەچەپی و ڕاگەیندراوی حیزبی توودە،  لە ساڵوەگەڕی شەهید بوونی قازی محەمەد لە ساڵی ١٣٣٢ دا، دەردەکەوێ کە دەنووسن لە شەقام و کۆڵانان و لەسەر تابلۆی دادگوستەری دا، وشەی دزێو بە دژی کاربەدەستانی باڵای وڵات نووسراوە و هەروەها لە لایەن حیزبی تودەوە رادەیەکی زۆر کارتی پیرۆزبایی جێژنی نەورۆز لە ماڵان هاویشتراون.

مامۆستا هێمن لە کتێبەکەیدا دەنووسی کە لەو سەردەمە دا حیزبی دێموکرات لە ژێر کاریگەری حیزبی تودە دا بوو و زیاتر گرنگی بە خەباتی چینایەتی دەدا و لە حاست خەباتی نەتەوایەتی کەمتەرخەمی نواندووە.

یەکیک لە کارەکانی موسەدیق، بەربەرەکانی لە گەل دەسەڵاتی یەکجار زۆری ئاغاوەت بوو کە خاوەنی زەوی و زار و دەستەڵاتی تەواو بە سەر جوتیاران دا بوون. موسەدیق لە جیاتی ئیسلاحاتی زەویوزار، یاسای ٢٠ لە سەدی بە پەسەندی مەجلیس گەیاند. بە پێی ئەو یاسایە، دوای ئەوەی ئاغا بەشی خۆی تەواو لە جووتبەندە وەردەگرت، دەبوایە ٢٠ لە سەدی ئەوەی وەریگرتوە بیگەڕێنێتەوە بۆ شورای ئاوایی و لەوەش١٠ لە سەد بۆ جووتبەندان دەگەڕاوە و دەیەکەی دیکەش، خەرجی کاروبار و پێداویستییەکانی ئاوایی دەکرا. ئەو یاسایە هەرچەند چارەسەرێکی ئەساسی و بنچینەیی نەبوو و ئەرتەش کە لایەنگری شا بوو دژی بوو، بەڵام گوڕوتینێکی تایبەتی خستە نێو دڵی خەڵکی دێهات. لە لایەکی دیکەش مالیکەکان بەو یاسایە لە ڕادەبەدەر تووڕە بوون و بە بەرتیل و هەڕەشە و گوڕەشە، بە گشتی بە هەموو شێوەیەک دژی ڕەعییەتەکان دەست بە کاربوون.

لە ژێر کاریگەری ئەو یاسایە و سیاسەتی حیزبی تودە و شوێنەواری ئەو وەزعە لە سەر حیزبی دێموکرات، لە کوردستان خەباتی کرێکاری و جوتیاری و دژایەتی لە گەڵ ئاغا و بەرەی ئیمپریالیزم، رۆژ بە رۆژ لە پەرستاندن دابوو. کومیتەی وەرزێڕی دامەزرا و بە رێکوپێکی دەستی بە کارکرد. ئەوان لە مزگەوتان کۆ دەبوونەوە و سوێندیان دەخوارد کە پشتیوان و پشتگری یەک بن. موسەدیق کە ئاڵا هەڵگری ئیسلاحی زەویوزار بوو لە لای خەڵک خۆشەویست و وێنەی لە هەموو ماڵان هەبوو و دروشمی یان مەرگ یان موسەدیق، وێردی سەر زاران بوو.

مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی٣٨ کتێبی تاریک و روون دا دەنووسێ: جووتیارەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٣١ – ١٩٥٢ دا لە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان راپەڕین و بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستانی ئێران دا ناتەبایی چینایەتی گەیشتە رادەی تەقینەوە و چینی چەوساوەی وڵاتەکەمان بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی کوردستان دا توانی بەسەر چینی دەستەڵاتدار دا زاڵ بێ.

جوتیارەکان هەر بە هێزی خۆیان توانیان لەبەری فەیزوڵابەگیان و چۆمی بۆکان و چۆمی مەجیدخان و شامات و بەشێکی محاڵ بێ خوێنرێژی و ئازار دان و خراپە، ئاغاکان لە گوندان دەربکەن و بە خاووخێزانەوە لە شاری بۆکانیان پەستێون و لەوێش دا گەمارۆیان بدەن و بە پەلە خەریکی چەکدار بوون بن.

محەممەد نووری شاعیری گەورەی کورد کە لە رووداوەکانی ساڵی ١٣٣٢ لە ناوچەی بۆکان دا رۆڵی سەرەکی هەبوو، لە لاپەڕەی ٥٨ کتیبی "شەوێک و خەویک" دا باسی هۆکارەکانی ئەو راپەرینە دەکا و دەنووسێ، کە موسەدیق دەیهەویست لە دێهات دا ئالوگۆرێکی دنیا پەسەند بە قازانجی وەرزێڕان پێک بێنێ، بەڵام لەگەڵ محەممەد رەزا شا، یەک را نەبوون و ئەو جیاوازێ بۆچوونە کاری لەسەر هەڵسوکەوتی رەعیەت و ئاغایان کرد و ئاغاکان لایەنگریان لە شا و رەعییەتیش لە موسەدیق دەکرد. تا لە مانگی گەلاوێژی ١٣٣٢ شا هەڵات بۆ بەغدا و لەوێ را بەرەو ئوروپا تێیتەقاند.

محەممەد نووری لە لاپەڕەی ٥٩ کتێبەکەیدا باسی کودەتا دەکا و دەنووسێ: کاتێک ئامریکا و ئینگلیس و ئوروپا زانیان دوکتور موسەدیق بە قەولی پەتۆ و پەنایە، بەرگری لە هۆمەنی کۆمۆنیستەکان پێناکرێ و چەند وەزیرێکی هۆگر بە کۆمۆنیستەکانیشی لە کابینەی دا هەیە، وەپەلە کەوتن و بەرنامەی کودەتایان بە دەستی سپەهبود زاهیدی دارشت. دوای سێ رۆژ کە کودەتا سەری گرت، شایان ناردەوە بۆ ئێران و موسەدیقیش گیرا. جا وەرە ئەوجار کەرێ بێنە و مەعرەکەی بار کە! دامودەزگای لایەنگرانی شا کەوتنە پاڵاوتنی (پاکسازی) ئەرتەش لە تاقمەکانی کۆمۆنیستی و "چەپ"ی و خاوێن کردنەوەی پایەگای شا و ئیداران لە لایەنگرانی، مارکسیست و کۆمۆنیست و دژبەرانی رێژیمی شا. لە دیهاتیش دا ئاغاوەت و مالیکەکان بەربوونە تاڵان کردن و دەرکردن و کوشتنی رەعێەتە سەربزێوەکانی لایەنگری موسەدیق، کە پێیان وادەبێ خەرج و پیتاک و بێگاری لە گوندان دا نامێنێ. هەتا نیزیکەی مانگ و نیوێک، بگرە و بەردە و هەڵێ هەڵێ، لە دێهاتتان دا

سێبەری شوومی خۆی خست بووە سەر رەعێتە رۆژەڕەشەکان. خوا دەزانێ لەو بگرەوبەردانەدا چەند ماڵ تاڵان کران و  و دەربەدەری هەندەران بوون.

ناتەبایی و دژایەتێ نیوان دوو چینی ئاغا و رەعییەت، لە کوردستان دا، لە ناوچەی بۆکان گەیشتە حاستێکی ئەوتو کە لە رێبەندانی ۱۳۳۱ جوتییارانی، گووندەکانی گۆل، ئاڵبلاغ و یەکشەوە، لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر و دوایە لە ناوچەی فەیزوڵابەگی، دژی ئاغاوەت راپەڕین. ئاغاکان گوندەکانیان بەرەو شاری بۆکان بە جێهێشت. ئەو راپەڕینە ناوچەی فەیزوڵابەگیشی گرتەوە. جووتیاران لە چۆمی مەجیدخان، شامات و شارویران و ناوچەی سندووس، کومیتەی خۆیان دامەزراند. نوێنەری ئەو کومیتانە هەوڵیان دا تا یاسای سەدی ٢٠ کە لە لایەن دەوڵەتەوە پەسەند کرا بوو، پیادە بکەن. چونکە ئەرتەش و دەوڵەت نوینەرایەتی دوو ئۆڕگانی جیاوازیان دەکرد و کوردستانیش هەمووکات لە ژێر هێژموونی و زەختی ئەرتەش دابوو، ئاشکرابوو کە جوتیاران بە شێوەی ئاسایی سەر نەدەکەوتن. بۆیە ئەو ڕاپەڕینە، رواڵەتێکی توند و تیژی بە خۆوە گرت. ئەندامانی حیزبی بە ئاشکرا لایەنگری جوتیاران بوون. لەولاشەوە سەرهەنگ مزەفەر زەنگەنە فەرماندەی پادگانی مەهاباد، بە لەشکرێکی کۆک و پۆشتە، بە هانای دەرەبەگەکانەوە چوو و چەکی لە ئیختیار نان.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٨٧ بەرگی ٢ ی پێداچوونەوە دا دوای ئەوە دەڵی کە وەرزێرەکان ئاغاکانیان لە گوندەکان دەرکرد دەنووسێ: ... ئاغاکان روو دەکەنە بۆکان لەژێر سەرکردایەتی و دمڕاستی قاسماغای ئیلخانیزادە دا کۆ دەبنەوە، چەک لە ژاندارمە وەردەگرن بۆ پەلاماردانی گوندەکان خۆ ئامادە دەکەن.

ئاغاوەت بە پشتیوانی هێزەکانی دەوڵەت، بی بەزەیانە جوتیارەکانیان سەرکوت کرد و تەنانەت بێشکەی منداڵی چەند مانگەیان بە لانکەوە لە چۆمی هاویشت. سەرتیپ موزەفەری لەگەڵ دەربەگەکانی سەقز و بۆکان و محاڵ و شارویران بە تانک و تۆپ هێرشیان کردە سەر جوتیاران و تێکیان شکاندن و لاشەی دەیان وەرزێڕی شۆرشگێڕیان بە چۆمی بۆکان دادا.

شاعیر محەممەد نووری کە لە هاوینی ساڵی ۱۳۳۲ لە ئاوایی گۆلێ میرزای برایماغا، بوو، لە لاپەرەی ٦٠ کتیبی "شەوێک و خەوێک" دا، لە سەر ئەو راپەڕینە دەنووسێ: کوتیان لەو کاتەدا، دەستەیەک گۆپاڵ بە دەست و تفەنگ لە شان، شاڵاویان بۆ  ماڵە مامۆستا شێخ عیزەدین بردووە. رامکردە لای برایم ئاغای قارەمانی و پێمگوت: پێتوایە جوانە، دەستەیەک چۆماغ بەدەست هەڵکەنە ماڵی سەید و عالمێکی وا کە ئەوڕۆکە لە کوردستان دا هاوتای نییە؟ کوتی نەمزانیوە. خێرا برۆ بابچین و بزانیین کێن و بۆ چوون. بە پەلە گەیشتینە پێش دەرکی ماڵی مامۆستا. دەستەیەک کوتەک بەدەستی ئاغاوەتەکانی لاوە، دەورەی حەسارەکەیان دابوو. سەیزادەی ژنی مامۆستا بە درێژایی حەسارەکەیان شاڵەکەی لەسەر عەرزی راخست بوو کە وەسەر شاڵەکە نەپەڕن. برایم ئاغای قارەمانی پیاوێکی دیندار و لە سەرەخۆ بە ئابروو بوو. کە ئەو دیمەنەی دی ناڕەحەت بوو و چۆماغ بەدەستی تەکاندنەوە و چووینە ژوورێ. مامۆستا لە گۆشەیەکی دیوەکە هەڵتروشکا بوو و

سەیزادەی خێزانیشی لە پەنای خزی بوو. برایم ئاغا چووە پێشێ و دەستی ماچ کرد و کوتی" سەید ئەمن لە خەجاڵەتی جەدی تۆ لە قیامەتێ چۆن سەر هەڵێنم؟ بە جەدی تۆ ئەو بەرنامەی لە گۆلێ، پیادە دەکرێ کار و ویستی من نییە. مامۆستا فرمێسکی هاتە خوارێ و هیچی نەگوت. ئەمن هەڵمدایە و کوتم: ئاغای قارەمانی، دەبوو رێنەدەی خزم و خیش رەعییەتەکانی خۆیان بە کوتانەوەی رەعییەتی "گۆلێ" تۆ چاوترسێن کەن؟ لە پاشان برایماغا زۆری دڵخۆشی مامۆستا ی داوە و داوای لێبوردنی کرد و هاتینەدەرێ.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١١٩ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا دەڵی لە کۆتایی پاییزی ساڵی ١٣٣١ کێشەی نێوان موسەدیق و بنەماڵەی پەلەوی زۆر زەق ببووە و هێندێک لە ئاغایانی دەوروبەری بۆکان زەویان بە خەڵک فرۆشت بوو پارەکەیان وەگرت بوو بەڵام حازر نەبوون قەباڵەی زەویکانیان بدەنێ. یەکێک لەو کەسانە کە زەوی کڕی بوو ناوی حاجی قاسم بوو کە بەرگ دروو بوو. ناوبراو خەڵکی لە خۆ کۆ دەکاتەوە و بە فیتی جەبهەی میللی ئێران دنەیان دەدا کە دژی ئاغاکان راپەڕن. غەنی بلوریان لە درێژەدا دەنووسێ کە کومیتەی حیزب لە مەهاباد بۆ پێشگیری لە رووداوی ناخۆش، عەزیزی یۆسفی و غەنی بلوریان نارده بۆکان تا بەرگری لە کێشەکە بکا و لە درێژەدا لە لاپەڕەی ١٢١ دا دەنووسێ: ئێمە زۆرمان هەوڵدا بۆکان ئارام بکەینەوە، بەلام بنەماڵەی ″ئیلخانی زادە″ کان بە پشتیوانی تیپی مەهاباد بە سەرۆکایەتی ″موزەفەری زەنگەنە″ کۆڵیان نەدا. سەرئەنجام راپەرینەکە شکڵی عەمەلی بە خۆوە گرت. لە ژمارە گوندێکدا فئوداڵەکان گوندییەکانیان پەلاماردا و لە ژمارە گوندێکی تر گوندییەکان ئەو کارەیان کرد. ئەوان ماڵ و عەنباری چەند فئوداڵێکیان تاڵان کرد و چاڵە گەنمی ئەوانیان دەرهێنا. جوتیارەکان چەکدار نەبوون و بە شەنە و داسان هێرشیان دەکردە سەر ماڵی چۆلکراوی ئاغاکان. بنەماڵەی ئیلخانی زادە، ماڵی حاجی قاسمی خەیاتیان لە بۆکان سوتاند. حاجی قاسم رایکرد و من ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣ ئەوم لە ″زینوێ شێخی″ دیتەوە کە بەرگ درویەتی دەکرد.

لە درێژەی ئەو روداوەدا، دەرەبەگەکان بە پشتیوانی ئەرتەشی ئێران هێرشیان کردە سەر خەڵکی بۆکان و خەریکی دەستدرێژی بۆ سەر ناموسی خەڵک بوون کە ١٢ کچ لە ترسان خۆیان لە چۆمی بۆکان هاویشت و خنکان و لە گوندەکانیشدا ماڵی وەرزێرەکانیان تاڵان کرد و بەمجۆرە بەسەر بزووتنەوەی جوتیارانی ناوچەی بۆکاندا زاڵ بوون.

ئەوانەی کە دەستیان لە راپەرینەکەدابوو گیران و دوور خران و دەربەدەرکران. سەدان کەس لە ماڵەکانیان دەرکران کە هێندێکیان پەنایان بۆ ئاواییەکانی ساروقامیش و حاجیابات برد. کاتێک کە ئاغاکان ویستیان لەوێشیان هەڵقەنن، سالار میرزا فەتاحی قازی بێ ئەوەی چەکی هەبێ، هەرشەی کرد کە بە چەک جوابیان دەداتەوە بە گوترە بە پیاوەکانی دەستور دابوو تا "تفەنگان لە دیواران دەرینن" و بە مشێوەیە هەڕەشەکەی سەری گرت و ئەو خەڵکەی کە پەنای بۆ ئەو گووندانە برد بوو، پارێزران.

هەر لەوبارەوە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢١٣ بەرگی یەکی کتێبەکەی دەنووسێ: لە گوندەکانی ئارنە و قەڵاتان و دیلانچەرخ ١٣ ماڵی قەرە و جوتبەندەیان دەرکرد بوون. لە باڵغچی میرزا سەدیق مامی غەنی بلوریان، ماڵی ئێمەی دەرکرد بوو. لە ناوچەی بۆکان بە دەیان ماڵیان دەر کرد بوون و لە هیچ کوێ رایان نەدەگرتن.

پیاوەتی و ئینسانییەت و ئازایەتی خانمە خانمی سەدری قازی نابێ لە بیر بچێتەوە. زۆر لەو ماڵانەی دەردەکران ئەو لە گوندی گوێجەلی و برایمابات خانووی دەدانێ و رایدەگرتن.

کەریمی حیسامی هەر لەوبارەوە لە لاپەڕەی ٩١ بەرگی ٢ پێداچوونەوە دەنووسێ:

لە ناوچەی سندوس خاوەن ملکی گوندەکانی (حەڵب و کۆیک و یونسلیان) کە بە (ماڵە خەلیلی) ناسراون، هەموو وەرزێرە دەرکراوەکانی گوندەکانی (قەڵاتان و دیلانچەرخ و قارنە) پەنا دەدەن و دەیانحاوێننەوە. لە ناوچەی شنۆ (موزەفەرخانی زەرزا) ماڵە ( برایم لێتانی) رادەگرێ و خانوو زەوی و جێگای دەداتێ. ماڵە برایم لێتانی سەردەستەی وەرزێرانی راپەڕیوی ناوچەی بۆکان و مەحاڵی یەختەچی بوو. ناوبراو دەردەکەن و لە هیچ کوێ رایناگرن تا لە ناوچەی شنۆ خۆ دەگرێتەوە. بنەماڵەی لێتانی هەمیشە لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات دابوون و لە پیاوەتی و جوامێری دا بە ناوبانگ بوون.

ئەجار بە قسەی غەنی بلوریان هێزی ئەرتەش لە مەهاباد ٧٠ تا ٨٠ کەسی گرت بوو هەروەها زۆر بنەماڵەی وەرزێڕەکان رایان کرد بوو بۆ مەهاباد و دوایەش لە سەر داوای ئاغاکان، هێندێک لە رەعییەتەکان بۆ ئاوایی داشخانە راگوێزران کە تازە ساز کرابوو.

جیا لەوانە ئەندامانی حیزب ئەوانەی کە لە دەورانی کۆماری کوردستان دا زیندانی بوون و هەم ئەوانەی کە لە رێبەندانی ساڵی ١٣٢٧گیرابوون، وەک سوڵتانی حاجی باغر (سوڵتاناغا شێخ ئاقایی) کە ئازاد ببوون، ترس و خۆفیان نەمابوو و چالاک ببوون. ئەوانە لە زۆربەی ئیعترازەکانی دژی شا، بۆ پشتیوانی کردن لە موسەدیق بەشداریان دەکرد و لە رێنمونی و هاوکاری راپەرینی جوتیاران لە ساڵی ١٣٣١ دا دەستی باڵایان هەبوو.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٨٥ بەرگی ٢ پێداچوونەوە لەسەر دامەزرانی کومیتەی وەرزێڕان دەنووسێ: لە کوردستان لەسەر رێنوێنی حیزبی تودە بە شێوەی خەباتی سەرانسەری ئێران و لە ژێر چاوەدێری کومیتەی مەهاباد (کومیتەی گشتی وەرزێرانی کوردستان) لەم کەسانەی خوارەوە پێک دێت: سوڵتانی شێخاغایی، کەریمی حیسامی، سەدیقی خاتەمی، هاشم اقل الطلاب، سەید رەسوڵی کولتەپە). خەباتی وەرزێرانی کوردستان شێوەیەکی تایبەتی بۆ خەبات بەرێوە دەبات.

یەکەم کومیتەکانی وەرزێری لە دێهات ناوی حیزبی تودەیان لەسەر نیە و بە ناوی (حیزبی دیموکرات) کار دەکەن .

دووەم لە گوندەکان شورای ٥ کەسی دادەمەزرێنن، شەرتیش نیە ئەندامی حیزب بن. ئەندامانی شوڕا سوێند دەخۆن کە پشتی یەک بگرن و خەیانەت بە یەکتر نەکەن.

ماموّستا هێمن دەڵی دەبوایە لەوکاتە دا حیزبی دێموکرات دروشمی خەباتی چەکداری هەڵگرتبا و جڵەوی ئەو شۆڕشەی بەدەستەوە گرتبا کە زوربەی شۆرشگێڕانی ئەو راپەڕینە ئەندامی حیزبی دێموکرات و حیزبی تودە بوون.

لەسەر وەزعی ئەوکاتی ئەو راپەڕینە کەریمی حیسامی لە لاپەرەی ٢٠٨ بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکان دەنووسێ کە کومیتەی حیزب لە نەغەدە دوای هەڵسەنگاندنی وەزەعی جوتیاران بە گشتی، چەند بڕیاری گرینگی دا و هەوڵی دا تا جموجۆڵی ئاغاکان بخاتە ژێرچاوەدیری و هێزی بەرگری لە لاوان پێک بێنێ و مەڕ و ماڵاتی وەرزێڕان کە زەوت کرابوو و بۆ فروشتن دەناردرانە بازارەکان، بستێنێتەوە.

ئاکار و کردەوەی ئاغا و ئەرتەش لە رۆژنامەکانی تاران دا دەنگی داوە بەڵام لە کۆتایی دا راپەڕینی جوتیارانی ناوچەی بۆکان بە هوێ ئاغا و هێزەکانی دەوڵەت سەرکوت کرا. ئاغاکان، ئەو وەرزێرانەی کە بە رواڵەت سەربزێویان کرد بوو، لە گووندەکانیان دەرکردن. هەر لەو پەیوەندییەدا، لە نەغەدە کەریمی حیسامی و کاک حەمەدی قادری" کاپیتان قادری" و مستەفای ئاغا مەجید، کاک سەعەد، ئەحمەد حەڵەب، مەحمود حەڵەب، سەدیقی عەلایی، حەمەدی خانێ، هەمزە ئاشەوان، مەحەمەدی سوفی رەسوو و قاسمی پینەچی، گیران.

## فستیواڵی جیهانی لاوان لە بوخارست


کەریمی حیسامی

لە ساڵی ١٣٣٢ حیزبی تودە بڕیار دا کە نوێنەرانی لاوانی دێمۆکڕات لە فستیواڵی جیهانی لاوان، لە بۆخارست بەشدار بن. بۆ ئەو مەبەستە لە ١٥ جوزەردانی ١٣٣٢ لاوانی شاری مەهاباد و هێندێک شوێنی دیکە، لە باغی میکائیل کۆبوونەوە و ئاهەنگیان گیرا. لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامەیە مزەفەری فەرماندەی پادگان لەنەکاو فەرمانی بە هێزی دیژبانی و شارەبانی دا تا تەقە لە بەشداران بکەن و لاوێک بە ناوی حەسەن رەمەزانی کوژرا و چەند کەس دیکە برینداربوون. ئاهەنگ تێکچوو و لاوان تەرمی حەسەنی رەمەزانییان هەڵگرت و بەرەو شەقامەکانی شار وەڕێکەوتن. خەڵک رژانە سەر شەقام و شەڕی دەستەویەخە لە گەڵ هێزە ئەمنییەکان دەستی پیکرد. لە ئاکام دا ٤٠ تا ٥٠ کەس لە خەڵکی شار گیران. دوایە خەڵک بە حورمەتەوە جەنازەی حەسەنیان ناشت.

بە دوای ئەو رووداوەدا، هەر ئەو شەوە هێندێک لە کادر و ئەندامانی حیزب لە تێلگرافخانە مانیان گرت و راستەوخۆ پەیوەندیان بە دوکتور موسەدیقەوە گرت و داوای ئازاد بوونی گیراوەکان و سەزای قاتلان و دەست درێژەدەرانی ئەو جنایەتەیان کرد. دوای چەند رۆژ زیندانییەکان ئازاد

کران و بۆ ڕێزگرتن و پێزانیین لە خەڵک، زیندانییەکان بە تێکڕا چوونە تێلگڕافخانە و لەوێرا سەربەرزانە، بەرەو ماڵ بونەوە.

دواتر چەند کەس وەک کەریمی حیسامی و خەلیل سەدیقی و عیسمەتی سەلیمی، وەک نوێنەری لاوان بۆ تاران هەڵبژێردران کە لەوێ تەنیا کەریمی حیسامی بۆ بەشداری لە فستیواڵی جێهانی لاوان لە بوخارست دیاری کرا. خەلیلی سەدیقی کە دەنگ خۆشێکی بە ناوبانگی مەهاباد بوو، لە تاران بەرنامەیەکی گورانی کوردی بەڕێوە برد کە لە لایەن بەشداربوانەوە بە باشی پێشوازی لیکرا.

جێی ئاماژەیە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٣٦ کتێبی "ئاڵەکۆک دا باسی ڕووداوی کوشتنی حەسەن ڕەمەزانی دەکا و ئەو پێیوایە کە لە ساڵیادی ڕۆژی کرێکاران دا ئەو ڕووداوە قەوماوە.

هاوکات لەگەڵ بەڕێوە چوونی فستیواڵی لاوان لە بوخارێست، وڵاتی ئێران شڵەژا و کودیتا کرا. نوێنەرانی ڕێکخراوی لاوان، یەک لە وان کەریمی حیسامی، دوای تەواو بوونی فستیواڵ، لە ڕێگای بەندەر پەهلەوی گەڕانەوە بۆ ئێران. کاتێک گەیشتنە بەندەر پەهلەوی هەموویان یەکجێ دەسبەسەر کران و و لە فەرمانداری نیزامی سەر و سمێڵیان تاشین و دوای بێحورمەتی و لێدان بردیاننە شاری ڕەشت. دوایە لەوێشڕا بردیاننە تاران و پاش چەند ڕۆژ بە زەمانەت ئازاد کران.

ماوەیەک دوای کودەتا، ڕۆژێک کەریمی حیسامی لە تەورێز توشی هەمزە خەلیل دەبێ کە لە ئاغاکانی ناوچەی شامات بوو و لە گەڵ ڕوکنی دووی ستادی ئەرتەش هاوکاری دەکرد و دژی حیزبی تودە و دێموکرات بوو. بە پێی لاپەڕەی ٢٤٣ بەرگی یەکی بیرەوەرییەکان، بە کەریم حیسامی کە زیادە لە حەد لایەنگری ڕووسان بوو دەڵێ، باسی ڕووسانم بۆ بکە.

کەریمی حیسامیش بە دەنگی بڵیند دەڵێ: مەبەستت یەکیتی کۆمارەکانی سووییەتی سوسیالیستێیە؟

هەمزە خەلی دەڵی: ئەتۆ واشی گەورە مەکە ئیدی. ڕووس هەر ڕووسە ...

## کومیتەی "کوردستان"

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ کە لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە، لەسەر ڕێکخستنی حیزب لە پاش کودەتا دەڵێ: لە سایەی تێکۆشانی ئەو لاوانە کە زەمانی دوکتور "مصدق" پێش هات تا ڕادەیەك ئیمکانات بۆ تێکۆشان ئامادە کرابوو. لە پێشدا کومیتەیەك پێك هات بەناوی "کومیتەی مەهاباد" کە پاش "٢٨مرداد" کرا بە "کومیتەی کوردستان".

لەو سەردەمەدا لە کوردستان دا عەزیز یوسفی، ڕەحمەتوڵا شەریعەتی، غەنی بلوریان و عەبدوڵا ئیسحاقی و دوکتۆر عەلی مەولەوی، قادر شەریف، ئەسعەد خودایار کاری حیزبیان ڕادەپەڕاند. قاسمی سوڵتانیان، عەوڵا حەکیمزادە و یونسی بلوریان. ئەندامانی پەیوەندی دار بە کومیتەی شار

مەهاباد بوون و هاوکات لە گەڵ ئەوانە، لە لایەن حیزبی تودە، کوردێکی کرماشانی بۆ یارمەتی لە گەڵ رێکخراوی لاوان، دیاری کرابوو کە لە کوبوونەوەی کومیتەی شار دا بەشدار دەبوو.

لە پەیوەندی لە گەڵ کاری ئەو کومیتەیەدا، جەلیلی گادانی و سەعادەت، کچی پورە توبا بە بەفر و سەرما و سەخڵەتی و بێ وچان، لە کار دابوون. هەروەها خانمە خانمەی قازی، کچی شەهید سەدری قازی، یەکیک لە تێکۆشەرانی بە توانای ئەوکات بوو کە چەند جار لە لایەن کاربەدەستانەوە هەرەشەی لێکرا، بەڵام لە هیچ یارمەتی و هاوکارییەک دریغی نەکرد و ماڵەکەی دائیم ناوەندی کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزب بوو.

لەگەڵ دژوار بوونی خەبات و تێکۆشان، رەحیم سوڵتانیان و کەریم وەیسی حیزبیان بە جێهێشت. لە زستانی سەختی ساڵی ١٣٣٢ دا، ئەسعەدی خودایار کە چوو بوو بۆ عیراق، گەڕاوە بۆ کوردستانی ئێران و لە ئاوایی قەرەچەلان چاوی بە کەریمی حیسامی کەوت. نامەی غەنی بلوریان و ١٣ هەزار تمەنی دایە.

لەسەر پێناسەی هزر و بیری ئەندامانی حیزب لەو قۆناغەدا دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ کە لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە دەڵێ: بەڵام هەر لەو وەختەدا دوو جەرەیان هەم فکریو هەم لە شێوەی کاردا، لەو کومیتەیەدا کە رێبەرایەتی بوو بەرچاو دەکەوت: یەکێکیان پاشماوەی جەرەیانی ژ - کاف بوو (بۆیە دەڵێم ژ - کاف، چونکە حیزبی دێموکرات لەواقیعدا ماوەی ئیمکانی فەعالییەتی یەکجار کەم بوو، لە حاڵێکدا ژ - کاف پێشتر تەقریبەت زەمینەی دوو ساڵ، سی ساڵ فەعالییەتی هەبوو). شێوەی فکرکردنەوەی ژ - کاف لەباری بیروباوەڕەوە دوو شتی تێدا بوو: یەکەم ناسیۆنالیزمێکی تۆخ کە داوای رزگاریی هەموو میللەتی کوردی دەکرد، کە ئەو شێوە بۆچوونە لە چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی ئەو وەختەشدا دیارە، دووهەم، لەباری کارەوە شێوەیەکی عەشایری هەبوو کە ئەم شێوە کارە لە کۆمەڵی کوردەواری خۆمان هەڵقولابووو فەردی بوو نەك دەستەجەمعی...

...بەڵام جەرەیانی دووهەم کە پاش کۆمار بە تایبەت دەستی پێ کردبووو لە زەمانی "مصدق"و پاش "مصدق"یش زۆر بەرچاو بوو، جەرەیانی توودەیی بوو.

بە دوای کودەتای ٢٨ گەلاوێژ و بێ هەڵوێستی حیزبی تودە، چەشنێک باوەڕ بە خۆ بوون و بیری گەڕانەوە بۆ هیمای نەتەوەیی و دوورکەوتنەوە لە حیزبی تودە، لە نێو ئەندامانی حیزب دا پێک هات. لەو کاتەدا کومیتەی مەهاباد بڕیار دا کە ئاڵای کوردستان، لە سەر شاخەکانی دەوروبەری شار بچەقێنێ و لە سەر دیوارەکانی شار دروشم بنووسرێ. ئەندامی تودەی کوردی کرماشانی، دژی ئەو بڕیارە بوو. هەرچەند کومیتەی حیزب لە مەهاباد ویستان کە حاڵی بکەن کە ئەوە ئەوانن بڕیار دەدن، بەڵام ئەو گویی نەدا بەو قسانە و نەیدەسەلماند و دەیگوت حیزبی دێموکرات چەس؟ من هەوەڵ جارە ئەم قسەیە ئەبیسم. من تەنیا حیزبی تودە دەناسم. بەمشێوەیە ئەو کۆبوونەوە بەجێهێشت.

له سەرما و سەخڵەتی ئەو ساڵەدا، کادری کرماشانی حیزبی تودە، پەڵپی گرت کە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ تاران. هەروەها سولەیمان موعینیش نەخۆش کەوت بوو و دەبوایە بۆ لای دوکتوری پسپۆڕ بچتە تەورێز. ئەوانە نەدەکرا بە سواری ماشێن بە ئازادی بەڕێ بکرێن. بە ناچار کەریمی حیسامی بە شەو، بە زەحمەتی زۆر، بە شاخان دا، لە شار دەربازیان دەکا و دەیانگەیەنێتە تەورێزێ.

کومیتەی حیزب لە شەوی دووی ڕێبەندان دا، پلانی هەڵ کردنی ئاڵا و نووسینی دروشمەکانی بە باشی بەڕێوە برد. هێزەکانی ڕێژیمی بەو چالاکییە لە رادەبەدەر نیگەران بوون و خەڵکێکی زوریان گرت و زۆریان لیدان. تەنانەت دوای لێدان و کوتانی زۆر، هێندێک کەسیان وەک مەحموود خوسرەویان داغ کرد.

## بەشی ٦٨
## کودەتا
## شکستی کودەتای دژی گەلی لە ساڵی ١٣٣٢

کیشە نەوت و کێشەی شا و کردەوەکانی موسەدیق لە مەجلیس دا و پشت تێکردنی هێندێک لە دوستانی موسەدیق و نەبوونی ئارامی و خراپ بوونی وەزعی گوزەرانی خەڵک، ڕێگای پێکهاتنی کودەتای خۆش کرد.

لەم کاتانەدا موسەدیق بە ئاشکرا دژایەتی شای دەکرد و دەستەی سازماندراوی دەنارده شارەکان تا بە دژی ئەو خۆپێشاندان بکەن. چوونکە ئەمریکایەکان یارمەتی پێویستیان بە موسەدیق نەکرد بوو، ئەو خۆپێشاندانانە پێی ئەوانیشی گرتەوە و تەنانەت لە چەند موستەشاری ئەمریکاییش درا.

لەو سەروبەندە شاهدوخت ئەشرەفی پەهلەوی خوشکی شا کە بۆ دەرەوەی وڵات دوورخرابووە، لە سویس پەیوەندی بە ئەمریکایەکانەوە گرت. دوایە بە دزی گەڕاوە بۆ ئێران و براکەی هان دا تا موسەدیق وەلابنا. سوڕەیا ئەسفەندیاری ژنی شا لە بیرەوەرییەکانی دا کە بەناوی "کۆشکی تەنیایی" بڵاوی کردەوە، دەنووسێ کە شەوێک لە وڵامی پرسیارێکی شا دا کە گوتی ئەرێ بەڕاستی دەبی موسەدیقی لە سەر کار وەلابنێم؟ وڵامی شای داوە و لێی توڕە بوو و پێیگوت: پیاو بێزت لێدەکا، چی دیکە هەقت نییە خۆت ئاوا داماو و غەرقی ماتم و غەم بکەی. دەبی ببێوە بەو پیاوە، کە پەسەندی من بووی، بە خۆت داوەرەوە. ئەگەر موسەدیق لە سەر کار بمێنێتەوە، ئیرانێ پێشکێش بە رووسان دەکا!

هەر ئەو شەوە، شا بڵێنی وەلانانی موسەدیق دا. کاتی خۆی، حوسێن مەکی کە لە ئێران دا بە سەربازی لەخۆبردووی نیشتیمان بە ناوبانگ بوو، جارێك لە سەر ئەو توندرەویانەی کە موسەدیق لە گەڵ شا کردی لێی‌دەپرسێ کە ناترسێ کە کودەتات لێبکا. موسەدیق لە وڵام دا دەڵی کە ئەوەی بیهەوی کودەتا بکا بە شەق لێی دەدەم.

سەیر لەوەدا بوو ئەو کودەتایە کە دارێژترا، ناوی "چەکمە" یان "بوت" یان تیپا(تی. پی. ئاژاکس) یان "پوتین"... بوو و مەبەست بە شەق وەدەرنان بوو.

لە وەزعێکی ئەوتۆ دا ئەمریکا، کرمیت روزوێلتی نارده ئێران تا هەلومەرجی کودێتا پێک بێنێ. ئەو دەستی کرد بە رەشوەدان بە هەواڵدەرەکان تا بە دژی موسەدیق بنووسن. هەروەها بە پارە و بەرتیل، توانی رایی هێندێک لە پارلمانتارەکان بگۆڕێ. روزوێلت هێندێک لە لاتەکانی تارانی بۆ پێکهێنانی کیشەو هەڵا و ئاڵۆزی و کاری تێکدەرانە دامەزراند تا لە شەقامەکانی تاران دا بە رواڵەت، پشتیوانی لە موسەدیق بکەن و دروشمی کمونیستی بدەن. ئەوجار روزوێلت لە بەرانبەر بەوانەدا، دەستەیەکی دیکە دامەزراند، تا لە گەڵ ئەوانە بەشەڕ بێن.

جلیل گادانی لە لاپەڕەی ٨٧ نیو سەدە تێکۆشان دا دەنووسێ: دوای سی ساڵ کە بەڵگە نەهێنی‌یەکانی بەرچاو دەخرێن و بڵاو دەبنەوە دەردەکەوێ کە ئایدێن روزوێلت نوینەری تایبەتی سیای ئەمریکا بۆ ئەم مەبەستە بە پارەوە هاتبووە تاران و بۆ ئەوەی نەبیدری و نە ناسرێ، لە

سفارەتی ئەمریکا دەپەتوویەکییەوە دەپێچرێ و لە ماشێنێک دا درێژ دەکرێ و دەچێتە کۆشکی شا و بێ ئەوەی کەس بزانێ هەر لەو ماشێنەدا مولاقاتی یەکتر دەکەن و بە دوورودرێژی لە سەر پیلانەکە دەدوێن.

لە سەرەتا دا کەم کەس ئەمریکایان بە دارێژەری ئەسلی ئەو کودەتایە دەزانی و ئەوە کاتێک ئاشکرا بوو کە کرمیت روزولت نەوەی سەرکۆمار روزوێلت و سەرۆکی پێشووی سیا لە قبرس، لە کتێبێک دا بە ناوی "دژی کودەتا" نەهێنییەکانی ئاشکرا کرد. ئەو٣ حەوتو پێش لە کودەتا هاتە ئێران. پیشتر لە لەندەن لە گەڵ ئینگلیسییەکان ساخ ببۆوە و پلانی کودەتای دارشت و بەرپرسایەتی بەرنامەکەی بەستۆوە گرت.

پلانی وڵانانی ئەوجارەی موسەدیق بەمشێوەیە بوو کە دەبوو شا دوو فەرمانان دەر بکا. یەک وەلانانی موسەدیق، دووهەم دانانی سەرلەشکر زاهیدی بە سەرۆکی وەزیران کە پێشتر بە تاوانی سیخوڕی بۆ ئاڵمانی نازی لە لایەن ئینگلیس و ئەمریکاوە گیرا بوو. بە پێی قانوونی ئەساسی ئیران، وەلانانی سەرۆکی وەزیران لە ئیختیاری مەجلیس دابوو، بەڵام بە پیی رەواڵ، شا دەیتوانی لە نەبوونی مەجلیس دا کە موسەدیق ئینحلالی کرد بوو ئەو کارە بکا. ئەحمەد شای قاجار لە رابردودا، زۆرجار ئەو کارەی کردبوو. ئەگەر موسەدیق رازی بەو فەرمانە نەبایە، دەبوو سەرلەشکر زاهدی موسەدیق و کابینەکەی دەسبەسەر بکا و بۆخۆی دەسەڵاتی تەواوی بە دەست بگرێ.

بەر لە کودەتا شا لە گەڵ مەلەکە سورەیا چوونە شاری کلاردەشت لە شمالی ئێران. لەوی لە رۆژی ٢٣ گەلاوێژ فەرمانی وەلانانی موسەدیق و دانانی زاهدی واژۆ کرد. سەرهەنگ نێعمەتولای نەسیری بەرپرسی گاردی سەلتەنەتی لە سەعەتی ١١ شەو رۆژی ٢٤ گەلاوێژ فەرمانی شای بە زاهدی گەیاند. بەڵام بەیانی زووی رۆژی دواتر، واتا رۆژی ٢٥ فەرمانی شا بە موسەدیق گەیشت.

لە شەوی ٢٥ گەلاێژ، سەرهەنگ نعمەتولای نەسیری بە هیزێکی نیزامییەوە چووە ماڵە موسەدیق و لە لایەن شایەوە فەرمانی لە سەر کار لابردنی بۆ برد و پێی رادگەیاند کە لە لایەن شایەوە، سپەهبود زاهیدی بۆتە سەرۆکیوەزیران.

موسەدیق کە گوایا بە هۆی حیزبی توده لە کودەتا ئاگادار کرا بوو، ئەو فەرمانەی بە جەعل و دەستکرد زانی و پێی سەیر بوو کە بۆ بەو بێوەختییە بە هێزی چەکدار، فەرمانی لابردنی دراوە و لە بیرەوەرییەکانی دەڵی: ئەگەر ئەو بڕیارم لە رۆژی رووناک دا پێگەیشتبا و ملکەچ نەبام، ئەوکات ئەمن کەسێکی یاغی بووم.

موسەدیق بە فەوری دەستووری گرتنی نەسیری دا. هێزەکانی لایەنگری موسەدیق لە تەواوی شار جیگیر بوون و نوینەرانی دژی موسەدیق و ئەفسەرانی مەشکووک دژ بە موسەدق دەسبەسەر کران. بەشی زرێیی ئەرتەش کە دەبوو بە دوای راگەیاندنی فەرمانی شا، دەسبەکار بێ، هیچی بۆ نەکرا. شا بێ ئەوەی کەس ئاگادار بکا هەڵات بۆ بەغدا و لەوێشڕا بە تەیارەیەکی ئینگلیسی بەرەو ئیتالیا تێ‌تەقاند. بەیانی زوو کرمیت روزوێلتیان بە تێلگڕاف لە خەو هەستاند کە پلانەکەی سەری نەگرتووە و پێیان گوت کە خۆی دەربازکا، دەنا دەکوژرێ.

گەڕان پشکنیین بۆ دۆزینەوەی زاهدی دەستی پێکرد و بری ١٠ هەزار تمەن جایزە بۆ گرتنی دیاری کرا. لە رۆژنامەکان دا شا بە خائین و نیشتیمان فرۆش و جنایەتکار نێوزەد کرا و هەروەها دەستوور درا ناوی شا لە رێژەی بەیانی و ئێوارەی سەربازان دا بسڕێتەوە و زۆربەی پەیکەرەکانی خۆی و بابی سەرەوژێر کران.

خەڵک بە هەڵاتنی شا و سەرنەکەوتنی کودەتا، رژانە سەر شەقامەکان و دەستیان بە خۆشی و شادی کرد و رۆژانی ٢٥ و ٢٦ گەلاوێژ لە سەرانسەری ئێران، مێتینگ و خۆپێشاندان سازکرا و سرودی شاهەنشاهی جێی خۆی دا بە سرودی نیشتیمانی و دروشمی پێکهێنانی حکومەتی کۆماری درا.

رۆژی ٢٦ گەلاوێژ بە بۆنەی هەڵاتنی شا، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دا خۆشی و شادی کرا و مێتینگ پێکهات. لە مەهاباد لە مەیدانی مزگەوتی هەباس ئاغا، میتینگێکی گەورە بە بەشداری زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک بەڕێوە چوو. دوکتور حەسەن ئەیوبی و حەسەن داودی و سەدیق حەیدەری و سەید عەزیزی ئەیوبییان قسەیان کرد و دوو خوشک بە نوێنەرایەتی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان وتاریان دا. ئەوجار مامۆستا هێمن شێعری بەغدا نیوەی رێیەت بێ، خوێندەوە کە ئاوایە:

**بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ**

خاین، خوێڕی، درۆزن، بەدفەڕ، شەڕانی، سەرشۆڕ
پیاوکوژ، تاوانبار، ڕووڕەش، ناکەس، ملهوڕ، دیکتاتۆڕ
خەڵکی ئێران بە دەس تۆ کرابوون زیندەبەگۆڕ
ئەوە تۆی لێت قەوماوە، دەریان پەڕاندووی هەی گۆڕ
دە بڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ
ئەی دوژمنی ئازادی، ئەی نۆکەری ئیستیعمار
بەدەس تۆ چوونە سەردار، مەزن، پێشەوا، سەردار
بە دەستووری بێگانە دەسووڕا چەرخی دەربار
زاڵ بوو بەسەر دەربارا، پاڵە، جووتێر، کرێکار
دە بڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ
کەی سێبەری خودا بووی، ئەی سێبەری نەهاتی
لە سایەی تۆدا دیمان شەڕ و گرانی و قاتی
لە خزمەت باوکی خۆتدا لە پیاوکوشتن ڕاهاتی
هەر کە خەڵک لێت ڕاسا، بۆی دەرچووی و هەڵاتی
دە بڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ
پشتت لە میللەت کردووە پەنات بردووە بۆ دوژمن
بەدرەقەی ڕێگای تۆ بێ تووک و نزای پیاو و ژن

دوژمنی گەل هەمیشە بە مەرەدی شا دەچن
هەر دیکتاتۆڕ تێدەشکێ، هەر گەلن رزگار دەبن
دە بڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ
گزیری گوێ لەمست بووی تۆ بۆ شیرکەتی نەفتی
کلکی ئاغات کێشراوە بۆیە هێندە کەنەفتی
پێمانەوە نووسابووی، هەر وەکوو قیل و زەفتی
نەکەی بگەڕێیەوە، حالا کە رفتی . . . رفتی
دە بڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ
مەهاباد - ١٣٣٢/٦/٢٦


مامۆستا هێمن

لەو مێتینگەدا بەرپرسانی ئیداری شار، وەک حیشمەت و حاجی سمساری کە بەرپرسی پۆست و تێلگراف و دادستانی مەهاباد بوون و لایەنگرانی شا، وەک حەسەنی داودی بە دژی رێژیم وتاریان خوێندەوە. هەر لەوکاتەدا نێوی شەقامەکانی شاری مەهاباد وەک زۆربەی شوێنەکانی دیکەی ئێران گوڕدرا و شەقامی پەهلەوی بە ٢٥ ی گەلاوێژ و شەقامی شاپور بە شەقامی پێشەوا نێودێر کران.

ئەوجار موسەدیق لە فکری ئەوە دابوو کە کاری شاێ تەواو بکا و کۆتایی بە بنەماڵەی پاشایەتی پەهلەوی بێنێ.

## سەرکەوتنی کودەتای دژی گەلی لە ساڵی ١٣٣٢

بە دوای تێک شکانی کودەتا، کرمیت روزوێلت هەڵنەهات و بریاری دا بە دزی لە ئێران بمێنێتەوە و بەرنامەکە بە ئاکام بگەیەنی. زۆر کەس لە کارەکانی ئەو بە گومانن و دەڵین کەس ناتوانی لە ماوەیەکی کەم دا، ئەو کارانە بکا و دەبێ زیاتر لە سەری بکۆڵدرێتەوە.

تێکشکانی کودەتا و هەموو ئەو خۆشی و شادی و ئازادییە، تەنیا سێ رۆژی خایاند و بەڕواڵەت بەرەی پیشکەوتوو کارقایمی نەکرد و هەوڵ نەدرا بە یەگگرتوویی و وریایی کارەکان بە باشی بەڕێوەبەرن و نەهێڵن بۆ جارێکی دیکە، کۆنەپەرەستی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێتەوە. ئەو قسەیەی مامۆستا هێمن تەواو لەجێی خۆی دایە کە لە لاپەڕەی٣٧ کتیبی تاریک و روون، لەسەر موسەدیق دەنووسێ: بە بڕوای شەخسی من ئەو پیاوە مەزنە هەڵەیەکی مێژوویی کرد، ئەویش ئەوە بوو ئەوەندەی بە گژ دوژمنی دەرەوەدا چوو بە گژ دوژمنی ناوخۆ دا نەچوو.

عەبدوڵای قازی لە کتێبی "وڵاتی من" دا دەنووسێ: ئەوجار پاش ٢٤ سەعات مووسەدیق تێکچوو، ئەمن چووبوومەوە دێ و ئەگەر گەڕامەوە لە نزیك ئاوایی لاچینێ پێیانگووتم مووسەدیق تێکچووە. وەك بروسکەیەك لێمدا زۆر نارەحەت بووم. گووتم ئاخر چۆن تێکچووە؟ گووتیان وەڵلا شا هاتەوە. ئەوجار هێمن هەڵات. لێیان پرسی بوو ئەوە چییە، گووتبووی: ئەوجار نۆرەی منە کە بەغدا نیوەی رێیەم بێ.

کرمیت رۆزوێلت سەرەتا بە ناوی لایەنگرانی موسەدیق و کمونیسم، دەستەیەک لاتولوتی رژاندە ناو شەقامەکان کە دەبوو دوکان و بازاڕەکان تاڵان بکەن و پەنجەران بشکینن و تەقە لە مزگەوتان بکەن. دوایە دەستەی دیکە کە لایەنگرانی یاسا و دژی هەرەج مەرەج بوون، دەبوو هێرشیان بۆ بکەن. بە پێی بەرنامە لە رۆژی چوارشەموو ریکەوتی ٢٨گەلاوێژ ١٣٣٢ تەواوی ئەو دەستە لات و لوت و چەقۆکێشانە، بە دروشمی زیندەباد شا و مەرگ بۆ موسەدیق، بە پشتیوانی ئەمریکا و ئینگلیس لەچەند قۆلەوە، رژانە شەقامەکان. لە سەرەتا دا رادەیان کەم بوون بەڵام وەردە وردە زۆر بوون و و بە هۆی ئەوە کە لە گەڵ دژکردەوەی هێزە ئەمنییەکان بەرەورو نەبوون، لە گەڵ هیزی نیزامی هیرشیان کردە سەر شارەبانی و ئیدارات دەوڵەت و ئێزگەی رادیۆ و دەستیان بەسەر داگرتن.

سەرلەشکر فەزللوڵای زاهیدی لە حەشارگە هاتەدەر و بە سواری تانک چووە کۆشکی سەرۆک وەزیران و خۆی وەک سەرۆک وەزیرانی دیاریکراو لە لایەن شایەوە ناساند و بەڵێنی گەڕانەوەی شای دا.

لەوکاتە دا هێزێکی ئەرتەشی پەلاماری ماڵە دوکتور موسەدیقیان دا کە لەگەل بەربەرەکانی توندی پارێزەران، سەرهەنگ مومتاز و سەروان عەلی ئەکبەری شوجاحیان بەرەوڕوو بوو. بەڵام بێسەروبەری و کەسبەکەسی دەوڵەتی موسەدیق و سستی و بێبەرنامەیی هێزە نیشتیمانپەروەرەکان لە لایەک و تەوژمی ئەو پەلامارە و بە بەرنامەبوونی لایەنگرانی شا لە لایەکی دیکە، بە رادەیەک بوو کە دوکتور موسەدیق خۆی پێڕانەگیرا و خۆی شاردەوە. لە تەقە و لیکدانی ماله موسەدیق دا نیزیک بە ١٠٠ کەس کوژران.

هەر لەوکاتەدا سەرلەشکر باتمانقلیج لە ستادی ئەرتەش، فەرماندەری بەستۆوە گرت و بۆ بەدەستەوە گرتنەوەی شاری تاران، لەشکری دووی زرێیی، رەوانەی شار کرد. هاوکات لە کرماشانیشەوە سەرهەنگ بەختیار، خۆی گەیاندە تاران و بەمشێوەیە هێزەکانی سەر بە شا بە ئاسانی دەسەلاتیان بە دەست گرتەوە. موسەدیق هەڵات و کودەتا سەرکەوت. شا کە ٢ رۆژ پێشتر بۆ دەرەوەی وڵات هەڵات بوو، خێرا گەڕاوە و ئەو رۆژە، بە رۆژی خۆشبەختی ئیرانیان نێودیر کرا و بوو بە رۆژی یاری بەختی ئازمایی.

لە دەیان هەزار لایەنگری موسەدیق و حیزبی تودە کە رۆژانی پێشتر شەقامەکانیان قۆرغ دەکرد، هەواڵێک نەبوو. باس لەوە دەکرا کە موسەدیق لە ترسی لایەنگرانی حیزبی تودە هەرچەشنە خۆپێشاندانێک تەنانەت ئی لایەنگرانی خۆشی کە زۆر بە نەزم و رێک و پێک نەبوو، قەدەغە کرد

بوو. هەروەها دەگوترا کە خەڵک لە خۆپێشاندانەکانی حیزبی توده ئەو مەترسییەیان بۆ هاتبووە پێش کە ئەو حیزبە، موسەدیق لابەرێ و بە هاوکاری رووسان، بۆخۆی دەولەت دامەزرێنێ.

ئەو روداوە لە مێژووی نوێ ئێران دا زیاتر لە هەر بابەتێکی دیکە تاوتوێ کراوە و زۆری لە سەر نوسراوە. بەڵام ئەوەی کە جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە زۆر شت بە درۆ نووسراوە. بۆ نمونە شەعبان جەعفەری کە بە شەعبان بێ مێشک بە ناوبانگ بوو و بە سەردەستەی چەقۆکێش و لاتەکان ناسرابوو و هەروەها دوکتور موزەفەر بەقایی کرمانی کە بە بەڕێوەبەری کودەتا بە ناوبانگ بوو، لە زیندان دابوون. هەروەها دەگوترێ کە ئەو کودەتایە بە دەست ئەمریکایە کراوە. بەڵام لەو کودەتایەدا، هەردوو ولاتی ئەمریکا و ئینگلیس تێیدا بەشدار بوون و هەر دوو پارەیان بۆ تەرخان کردبوو. تەنانەت مورەکانیش زۆرتر سەر بە ئینگلیس بوون.

لەسەر کردەوەی دەستەی لات و لووت و چەقۆکیش، بە دژی لایەنگرانی موسەدیق لە کوردستان دا، عەبدوڵای قازی لە کتێبی "وڵاتی من" دا دەنووسێ: ئەوجار دەستەیەك، کاپیتان رەمەزانیان پێکهێنا و لەگەڵ عەجەمی شاڕلاتان و شەڕ فرۆش و خراپ دەستیان بە خەڵك گرتن کرد و لە خەڵکیان دەدا و ئەوەی بە تایبەتی لیباسی کوردی لەبەر دا بایە لێیان دەدا. ئێمەش هەر لە نیگەرانی دا بووین. مەحمودی پاسەبان بە خۆی و بە دوو پاسەبان بە وێدا تێپەڕی بەڵام باش بوو هیچی نەگووت و وەبەر لێدان نەکەوتین. ئەوجار فەتاحی قەرەپەپاغ و جەلیلی برای کە ماڵەکەیان لە بەرانبەری شارەداری بوو، ستادێکیان لە ٦٠ـ٥٠ عەجەمی گۆپاڵ بەدەست پێکهێنابوو و لە خەڵکیان دەدا. دوایە ئەمن بەرەو ماڵا چوومەوە، لە رێگایە تورکێك هاتە پێش و گووتی: ″ها ئەوە ئەتۆ بووی دوێنێ لە لای بێستانی سووڵتانی ئەسپت بۆ برا گەورەکەت برد کە هەڵێ″. ئەمنیش بە تووڕەیی گووتم: ئەوە بە تۆ مەڕبووت نییە. ئیدی سەرم بەرداوە و رۆیشتم، باش بوو وەبەر لێدان نەکەوتم.

سەرەرای ئەوانە گروهبانەکانیش لە خەڵکیان دەدا و ئەوانە تەنانەت جوابی ئەفسەرەکانیشیان نەدەداوە و لە راستی دا ئەوان بوون کە حکوومەتی شایان نەجات دا.

لەو سەروبەندەدا رۆژێك رەحیمی ئەسکەندەری لەبن دیواری دانیشتبوو و ئەمنیش لەلای راوەستابووم. برایمی خەلیلی کە پاسەبان بوو بەوێ دا هات و ڕووی لە رەحیمی کرد و بە تەوسەوە گووتی: ها ئەوە ئاوی ئەژنۆت مردووەتەوە، پێرێ کێ بوو لە باغی عەزیز ئاغای رەقس و سەمای دەکرد و چەقەنەی لێدەدا، ئێستاش ئاوا بە کەسادی هەڵتروشکاوی.

ئەو وەزعە ٤ رۆژی خایاند، بەڵام وەزعی مەهاباد قەت ئارام نەبووە. ئەگەر شا و مووسەدیق لە تارانێ دەست بە یەخە بووبان، لە مەهابادێ خەڵکیان وەبەر شەپان دەدا.

گرینگترین هۆکاری شکستی دەوڵەتی موسەدیق دەگەڕێتەوە بۆ بێبەرنامەیی حیزبی توده و هاوکاری نەکردنی ئەو رێکخراوەیە کە ئەوکات لە هەموو بواراندا، تەیارترین و بە هێزترین رێکخراوی چەپی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. تەنانەت لە کوردستانیش ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکرات کە لە ژێر هێژموونی حیزبی توده دابوون، بە هەموو تواناوە بە دژی کودەتا

ئاماده و چاوەڕوانی فەرمان بوون، بەڵام ئەو حیزبە متەقی لێوە نەهات. حیزبی توده دوای کودەتا، لە٣٠مانگ، بە رواڵەت بڕیاری دا بەهەموو شێوەکانی سیاسی و نیزامی لە دژی کودەتا راپەڕێ، بەڵام دیسان هەر قسەبوو و هێچ دژکردەوەیەکی لە خۆ نیشان نەدا و تەنانەت بە پڕوپاگەندا و تەبلیغات، تەواوی خەتاکانی خستە سەر ئەستۆی بەرەی نیشتیمانی (جەبهەی میللی). ئەوە لە حاڵێک دا بوو کە رێکخراوەکانی نەهێنی حیزبی تودە، بە تایبەتی سازمانی ئەفسەران لە نێو تەواوی هێزەکانی زەوی و ئاسمانی و دەریایی ئەرتەش دا ریشەیان داکوتابوو. هەم پارێزەری ماڵە موسەدیق، عەلی ئەکبەری شوجاعیان کە کوردی کرماشان بوو و هەم ئەفسەری هێرشکەرەکان، وەک هوشەنگ قوربان نیژاد کە فەرماندەی یەکەی زرێهی بوو، ئەندامی بە وەجی حیزبی توده بوون.

رێکخراوی نەهێنی ئەفسەرانی حیزبی توده زیاتر لە ٦٠٠ کەس دەبوون کە پلەی زۆر باڵای ئەرتەشیان هەبوو و زۆربەی ئۆڕگانەکانی ئەرتەشی و ژاندارمەری و شارەوانی و ئەمنی ئێرانیان بەڕێوە دەبرد. بۆ نموونە سەرگورد سەمەدی خێرخاه ئەندامی چاوەدێری شا بوو کە حیزبی تودەی لە هەموو هەڵسوکەوتەکانی زاهیدی کە بە نەهێنی لە باغی سەبا دا پلانی کودەتا بەڕێوە دەبرد ئاگادار کردبوو و ئەوان بە موسەدیقیشیان گوتبوو، بەڵام موسەدیق پێیوابوو کە دەستەڵاتی تەواوی بەسەر ئەرتەش داهەیە. ئەوجار حیزبی توده زۆر بە ئاسانی دەیتوانی پێش بە کودەتا بگرێ و تەنانەت شا و زاهیدی بکوژێ، بەڵام دەبێ رووسەکان رازی نەبووبن و حیزبی تودەش لە قسەیان دەرنەدەچوون. رووسەکان پییان وابوو کە موسەدیق لایەنگری ئەمریکایە و دەستەڵاتی ئەو وڵاتە لە ئێران دا پەرە پێدەدا.

حیزبی توده لە نێو کەسانی تایبەتی نێو کۆشکی شا، وەک پارێزەر و ئاجودان و هەروەها بەرپرسی دادگاکانی ئەرتەشدا، رەخنەیان کرد بوو. ئەوانە هەموویان گیران و زۆربەیان ئێعدام یان بە زیندانی درێژخایەن مەحکوم بوون.

بەمشێوەیە حکومەتی موسەدیق کە بە گەورە پیاوی رۆژهەڵات بە ناوبانگ ببوو کۆتایی هات. حکومەتی نیزامی بە فەرماندەری سەرتیپ تیموری بەختیار، دامەزرا و عەمەلیاتی گەورەی گرتن و راونان دەستی پیکرد. لایەنگرانی موسەدیق و رێبەرانی حیزبی توده گیران. هیوا و هۆمیدی رووناکبیران و نیشتیمانپەروەرانی ئێرانی بووە بە بڵقی سەرئاو و زۆریان کە لایەنگری حیزبی توده بوون، لەو حیزبە دابڕان و زۆریانیش نائومێد بوون.

سەیر لەوەدایە، لە حاڵێکدا رێژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، کەسایەتی موسەدیق بە هیند ناگری و بە تایبەتی خومەینی کە ئەوکات لە فدائیان ئیسلام نیزیک بوو، تەنانەت لە موسوڵمان بوونی موسەدیق بە گومان بوو. ئەوجار خومەینی بۆخۆی دەستووری دا کە ناوی خەیابانی موسەدیق لە سەر یەکیک لە خەیابانەکانی شاری تاران کە بەدوای رۆیشتنی شا دا نێودیر کرابوو لا بچێ، کەچی رێژیمی ئێران پێێ لە سەر ئەوە دادەگری کە ئەمریکا لەمەڕ لەسەر کار لابردنی موسەدیق داوای لێبووردن لە ئێران بکا.

دواتر خاتمی مادام ئولبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆک کۆماری کلینتۆن دا، رایگەیاند کە ئەمریکا لە کودەتای دژێ سەرۆک وەزیری خۆشەویستی خەڵکی ئێران، رۆڵێکی کاریگەری هەبوو و بە داخ بوونی خۆی لەو کارە رایگەیاند و گوتی: بیشک ئەو کودەتایە بو پەرەستاندنی رەوتی سیاسی لە ئیراندا، کردەوەیەکی دواکەوتوانە بوو.

هەروەها سەرکۆماری ئەمریکا "ئۆباما" لە ژوئێن ساڵی ٢٠٠٩ لە قاهیرە گوتی: ئەمریکا لە گەرمەی شەڕی سارد دا، لە روخاندنی دەوڵەتیک لە ئێران دا دەستی هەبوو کە بە شێوەی دێموکراتیک، لە لایەن خەڵکەوە هەلبژێردرابوو.

بە دوای کودەتای ٢٨ گەلاوێژ دا ئیران کەوتە بەرەی رۆژئاوا و پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ئیران زۆر بە هێز بوو. ئەمریکا بە بری ٢٣ میلیون دولاری یارمەتی فەنی ساڵانە و ٤٥ میلیون دولار یارمەتی راستەوخۆ بە دەوڵەتی زاهدی کرد. ئەو کودەتایە لەسەر پەیوەندی بازرگانی و نیوان ئەمریکا و ئیران کاریگەری زۆر بوو و زۆری پێنەچوو ریگای کۆکاکۆلا و ماشێن و شەڵواری جین و فیلمەکەنی ئەمریکایی بۆ ئێران کراوە. پێشکەوتوترین کەرەسەکانی شەڕ کە تەنیا ئێران و ئەمریکا هەیان بوو و تەنانەت نەدەدرا بە ئینگلیسیش، درا بە ئیران. ئەمریکا حازر بوو هەموو شتێک بە غەیری ئەتۆم بدا بە ئێران. بە دوای ئەو رووداوانەدا زۆری پێنەچوو رێژیمی ئێران کەوتە نێو پەیمانی بەغدا.

موسەدیق کە لە بانەمەڕی ١٣٣٠ دا ببوو بە سەرۆکی وەزیران، دوای دوو ساڵ و٣ مانگ مانەوە لە پۆستەدا، لە ٢٨موردادی ١٣٣٢ لە سەر کار لابرا، لە دادگای نیزامی دا محاکمە کرا و بە ٣ ساڵ زیندانی تاکەکەسی مەحکوم بوو. دوای تەواو بوونی زیندان، گەڕاوە بۆ ئاوایی ئەحمەد ئاوا و تا ئاخری عومر، لە ژێر چاوەدێری دەوڵەت، لە گۆشەگیری دا ژیانی بە سەر برد. ئەو لە رەشەمەی ١٣٤٥ لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا بە هۆی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. ئەو تەواوی ماوەی دەستەڵاتی بۆ میللی کردنی نەوت و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی شا و جێگیرکردنی بنەماکانی یاسای مەشروتە تەرخان کرد و خوازیاری ئەوە بوو کە لە پەیوەندی لە گەڵ وڵاتان، هەلسوکەوتەکانی سەدەی ١٩ وەلابنرێ و پێوەندی نوێ دابمەزرێ. ئەو لە دایک و لە بابی ڕا لە بنەماڵەی ئەشراف بوو. لیسانس و فەوق لیسانسی رشتەی ماڤی لە زانکۆی "سورڕبۆنی" پاریس وەرگرت بوو و بۆ وەرگرتنی دوکتورا چوو بووە زانکۆی "نوشاتۆل"ی سویس.

لە سەردەمی مەشروتە دا موسەدیق چالاک بوو و کاتی دەسەڵاتداری رەزا شادا، ئەو پشتیوانی لە هێندێک کارەکانی کرد. بەڵام موسەدیق دژی ئەوە بوو کە رەزاشا سلسلەی قاجار هەڵبوەشێنێ و ببێتە پاشا. ئەو لایەنگری نیزام پاشایەتی مشروتە بوو و پێی وابوو کە رەزاخان نابێ ببێ بە شا و دەبێ ببێ بە سەرۆکی وەزیران.

بەڵام رەزاخان بوو بە رەزاشا و موسەدیق بە تاوانی ئەو بووچوونە، بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ مەجبوور بە خانەنشینی و دووری لە سیاسەت بوو. ئەو دوای ئەو ماوە و گەڕاوە بۆ ناو سیاسەت و بوو بە نوێنەری مەجلیس.

به گشتی دوای کودیتای ٢٨گەلاوێژ، یاسای میللی کردنی نەوت، کە بەرهەمی خەبات و دوورودرێژی خەڵکی ئێران بوو پێشێل کرا. ئازادییە دیموکراتیکەکان نەمان. ڕێکخراوە سیاسییەکان بە توندی هێرشیان کرایە سەر و رۆژنامە و گۆڤارەکان داخران. بە هەزاران کەس گیران و زیندانی کران و بە سەدان کەس ئێعدام، یان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژران.

لە مەهاباد ژمارەیەک لە خەڵک وەک عەبدوڵای ئیسحاقی و حوسێن فروهەر گوڵە ریحان کە شێرژنێکی ئازا بوو، گیران و زۆربەی ئەندامانی حیزبیش ی ناوچەی مەنگوڕان بوون.

## بەشی ٦٩

## وەزعی ئەندامانی حیزب لە دوای کودەتای ساڵی ١٣٣٢

## کوڕی رەش چاوی بە شا کەوت ١٣٣٢

ڕێژیمی ئێران ماوەیەک پاش کودەتای ٢٨ گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢، زۆربەی گیراوەکانی ئازاد کرد و زۆربەی هەڵاتووەکانیش پاش ٤ مانگ گەڕانەوە سەر جێی و رێی خۆیان. دیارە ئەگەر زیندانییەک پەشیماننامەی نووسیبا و داوای عەفووی لە شا کرد با هەر زوو ئازاد دەکرا.

لەو قۆناغەدا هێندێک رووداو روویان دا کە کاریگەری زۆر خراپیان لە سەر وەزعی حیزب دانا. رەحیمی سوڵتانیان مەسئولی یەکەمی کومیتەی کوردستان لە مەهاباد، کە لە پاش کودیتا رای کرد بوو و لە ناوچەی مەحاڵی ئاختاچی خەریکی کاری حیزبی بوو، حیزبی ئاگادار کرد کە یان ماڵ و منداڵی بۆ بەخێو بکەن، یان خانمە خانمە(کچی سەدری قازی) لە ئاوایی گوێگجەلی خانووی بداتێ، دەنا خۆی تەحویل دەداتەوە. زۆری پێنەچوو رەحیم سوڵتانیان چووە ماڵە شێخ رەحیمی شەمسی بورهان لە ئاوایی باجەوەند و خۆ تەسلیم کردەوە. ئەو رایگەیاند کە هەر دۆستی حیزبە، بەڵام ناتوانی درێژە بە خەبات بدا. ئەو کارە زور زیانی بە تەشکیلاتی حیزب گەیاند. چەند رۆژ دوای گەڕانەوە ئەو، لە کۆڵانی مزگەوتی حەجەمان، ئاژان پێشیان پێگرت و زۆریان لێدا.



عەلی قازی (کوڕی رەش)

روداوێکی دیکە کە کاریگەری خراپی لە سەر ورەی خەڵک و ئەندامانی حیزبی دێموکرات دانا ئەو بوو کە عەلی قازی (کوڕی رەش) چووە دەربار و چاوی بە مەحەمەد رەزاشا کەوت و دەگوترێ کە دەستی ماچ کردوە و وینەکەی لە پشتی بەرگی گۆڤاری تەرەقی دا چاپ کراوە.

ئەو چاوپێکەوتن بە لای هەموو تێکۆشەرانی ئێرانی بە تایبەتی کورد، ناخۆش و گران بوو و زیانێکی زۆری بە ورە و ئیمانی خەڵک و لە کەسایەتی ئەو دا. دیارە دەگوتری کە داوا لە دوکتور کەماڵی قازی کوری سەدری قازیش کرا کە بچێ شا ببینی، بەڵام ئەو قبووڵی نەکردوە.

بە دوای چاوپێکەوتنی شا و کوڕی رەش ئەو دەنگۆیە هەبوو کە کوڕی رەش دەستی شای ماچ کردووە. کوڕی رەش لە سایتی ئینتیرنێتی رۆژهەڵات تایمز لە، روونکردنەوەیەکدا ماچکردنی دەستی شای ئێران بە توندی رەت دەکاتەوە و لەمەڕ سەرهەڵدانەوەی ئەو تۆمەتە لەچەند خاڵ دا رای خۆی ئاوا دەردەبڕێ و دەڵێ: چاوپێکەوتنی من لەگەڵ شای ئێران، حەقیقەتی هەیە. ئەو چاوپێکەوتنە بۆ ساڵی ١٩٥٣ دەگەڕێتەوە کە من ئەو کات تەمەنم ٢٠ ساڵان بوو. بەڵام ئەو دیدارە نە لە سەر داوای من بوو و نە بە حەز و ئارەزووی من. هەروەها تایبەت بە منیش نەبوو. بەڵکوو

له سەر فەرمانی شاو لە ڕێگای فەرماندەی ئەرتەشی ئێران لە ئازەربایجانی ڕۆژاوەوە بوو کە دەبوو من و ژمارەیەک لە کەسایەتی و سەرۆک عێل و عەشیرەتەکانی کوردستان، بڕۆینە تاران. ئەوەندەی بۆ من دەگەڕێتەوە، بەش بە حاڵی خۆم، هەتاکوو لەو ژوورەدا کە منی لێدانرا بوو، شا لێم وەژوور نەکەوت، نەمدەزانی بۆ ئەوە بانگ کراومەتە تاران کە شا ببینێ. ڕکێش کردنی من و کەسانی وەک من و ئەوانی دیکەش بۆ دیتنی شا، تەنیا حاڵەتی لەو جۆرە نەبووە. هاوکات نیشانەی پشت لە کورد کردن و روو لە دوژمن کردنیش نەبوو. بەڵکوو راست بە پێچەوانەوە، ئەوە شای ئێران بوو کە سەبارەت بە شەهید کرانی سمایلاغای سمکۆ و پێشەوا و هاورێکانی، لە حاست ئێمەدا شەرمەزار بوو و پاکانەی بۆ خۆی کرد. ئەگەر ئامانجی تایبەت و گرێ و گۆڵی دەروونی لە پشت داڕشتنی ئەو تۆمەتەوە نەبایە، دەبوو پاکانەی شای ئێران لە حاند کوڕی پێشەوا و کوڕی سمایلاغای سمکۆ؛ بە سەرکەوتن و سەرشۆڕیی بنەماڵەی پەهلەوی و ڕێژیمەکەیان دابندرایە.

کوڕی رەش لە خاڵێ ٣ دا دەڵێ: وەک نەریتی ئەو جۆرە چاوپێکەوتنانە، راپۆرت و وێنە و دیمەنەکانی دیداری ئێمە لە هەر دوو گۆڤاری "تهران مصور" و "ترقی" دا چاپ و بڵاو کرانەوە. ئێستا ئەو دوو گۆڤارە لە بەر دەستدان. ئەوانەی ٤ دەیەیە ئەو تۆمەتە دەم بە دەم دەگوێزنەوە و دەیڵێنەوە، ئەگەر وێنەیەکیان پیشانی خەڵکدا کە من کڕنۆشم بۆ شا بردبێت و دەستم ماچ کردبێت، ئەوە ئامادەی هەموو سزایەکم و موستەحەقیی هەموو ئەو ئازارانەم کە بە بیانووی ئەوەوە دراوم.

## ئەغیار بوونەوە ئەندامانی حیزب بە دوای کودەتای ساڵی ١٣٣٢

سستی و بێ هەڵوێستی و دەست لەسەر دانانی حیزبی تودە لەمەر کودەتای ٢٨ گەلاوێژ، کە دەستی باڵای لەناو داموودەزگاکانی دەوڵەتی دا هەبوو و زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران پشتیوانی بوون، بوو بەهۆی سەرکەوتنی و جێگیربوونەوەی کۆنەپەرەستی و دیکتاتۆری لە ئێران دا. زۆربەی کادر و ئەندامانی ریبەری و ئەفسەرانی نیزامی ئەو حیزبە گیران کە دوایە زۆریان لە زیندانەکان دا، یان تۆبەنامەیان نووسی، یان بوون بە هاوکاری ڕێژیم. ئەو وەزعییەتە بوو بە هۆی ئەوە کە کومیتەی "کاک" کە کومیتەی هاوکاری نیوان حیزبی دێمۆکڕات و فرقەی ئازەربایجان لە ژێر چاودێری حیزبی تودە دا بوو، لێکهەڵوەشێتەوە و هەر ڕێکخراوەیە بۆخۆی کار بکا و بچتەوە نێو قاپیلکی خۆیی.

هەڵسوکەوتی ڕێبەری حیزبی تودە، کاریگەری زۆر خراپی لە سەر باوەڕ و ورەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکڕات دانا و تا رادەیەکی زۆر تووشی نائومیدی کردن. ئەو رواڵەتە فرقەی دێموکراتیشی گرتەوە. بەڵام ورده ورده چەشنێک باوەڕ بە خۆبوون و هەستی سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی لە نێو ئەندامانی حیزبی دێموکرات دا، پەرەی ئەستاند.

دوای سەرکەوتنی کودەتای ٢٨ گەلاوێژ و گەڕانەوەی شا، زەبروزەنگ و گرتن و ڕەشبگیری و ڕاونان و کوشتن، لە سەرانسەری ئێران دەستی پێکرد و تەوژمی هێرش بۆ سەر ئازادی، بە توندی کوردستانیشی گرتەوە و زۆر کەس گیران.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا لەسەر وەزعییەتی ئەوکاتی شاری مەهاباد دەنووسێ: هەر کە شا گەڕاوە بۆ ئێران، خێر بێ و بێر بێ و بە سەر خەڵک دا بڕژێ. سوپا و ژاندارمەری و پۆلیس لە گیانی خەڵک بەربون و هەرچی بیست ساڵ لەوەی پێشیش قسەیەکی کردووە لە ناوەڕاست شەقام بە لێدان و کوتان دەیانگرت و دەیانبردنە زیندانی شارەوانی و سوپا و دەست بە جێ دۆسیەی پڕ لە بۆختانیان بۆ ساز دەکرد . ئەوەی لە شەقام و کۆڵانیش وە دەستیان نەکەوتبا خۆیان لە ماڵەکانیان ڕو دەکرد و بە زەبری تفەنگ و باتۆم بە لێدان دەیانبردن. ماوەی چەند ڕۆژ ئەو بەزمە بەردەوام بوو...

هێندێک کەس لە ئەندامانی حیزب توانیان هەڵێن یان خۆ بشارنەوە و پەنا بۆ عێراق یان ناوچەی مەنگوڕان بەرن. غەنی بلوریان و ئەسعەدی خودایار ئاوارەی هەندەران بوون و هەڵاتن بۆ کوردستانی عیراق. سولەیمان موعینی و سەدیق ئەنجیری بە نەهێنی لە تاران مانەوە. بە قسەی کەریمی حیسامی سولەیمان موعینی لەو بڕوایەدا نەبوو کە پولیسی ئێران، خۆی خزاندبێتە ناو ئۆرگانەکانی حیزبی تودە...

بە پێی لاپەڕەی ٩٧ کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات، لە نووسینی جەلیل گادانی، کادرەکانی حیزب مەجبوور بە بەجێهێشتنی شارەکان بوون. کاک عەزیز یوسفی و سەید عەوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) لە ورمی ڕاو نران. جەلیل گادانی بۆخۆی دووجار گیراو و دوایە بە بڕیاری حیزب، بوو بە کادری تەواو وەختی دێهات.

ڕەحمانی قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون بوو دا دەنووسێ: ... لەو گیروداره دا مامە قاسم قازی(قاسمی قادری) و مستەفا موئمنی و سەدیق خاتەمی و من لە ترسی گرتن و لێدان لە شار ڕۆیشتینە دەر و بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ خۆمان لە کێوەکانی دەوروبەری "قازی ئاوا" شاردەوە.

بە دوای ئەوانەدا یوسفی ریزوانی و غەنی بلوریان و سولەیمان موعینی و حوسین فروهەر و سمایلی حیسامی لە کات و شوێنی جیاواز دا گیران و دەستبەسەر کران. سەروان حەساس کە خەڵکی سنە بوو و کاتی خۆی پارێزەری پێشەوا قازی مەحەمەد و سەر بە روکنی دوو بوو، لە دوای کودیتای ساڵی ١٣٣٢ بوو بە پاریزەری دیارکراوی دەوڵەت بۆ ئەو زیندانییانە.

حوسین فروهەر حەبسی ئەبەدی بەسەر داسەپا و دوای تێپەڕ کردنی ١٥ ساڵ زیندان و دوور خراوەیی لە دوورگەی خارک و برازجان، بە هۆی نەخۆشی سیل ئازاد کرا و چەند ساڵ دواتر کۆچی دوایی کرد. حوسێنی زێڕینگەران (فروهەر) یەکێک لە کەسایەتییە گەورەکانی جوڵانەوەی کورد و بەرپرسی کۆمەڵەی ژ.ک بوو. برایمی یۆنسی نووسەری گەورەی کورد لە لاپەڕەی ٦٦ ی کتێبی "هەتا سبی ماڵئاوا"، لە سەر حوسێن فروهەر دەنووسی: وەبیرم دێ لە زینداندا دەگەڵ خەباتگێڕی بە ساڵداچووی کورد، حوسێنی فروهەر ئاشنا بووم کە بە تاوانی ئەوە لە راکردنی شادا بە سێ زمانی

کوردی و تورکی و فارسی رووی له خەڵک کردبوو گوتبووی: ″ئێمه شامان ناوێ، بیز شاه ئیستەمرخ، ما شاه نمیخواهیم″. حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاندبوو و دوای هەوڵێکی زۆری بنەماڵەی و چەورکردنی سمێڵی کاربەدەستان، ببوو به حەپسی ئەبەد، پێشتریش دەساڵی زیندانی و دوورخراوەیی کێشابوو.

حوسێن فروهەر له زیندان دا به کەڵک وەرگرتن له کتێبێ یاسای سەزای گشتی، گیراوەکانی رێنموونی دەکرد و نامەی بۆ دەنووسین. ئەو سیلی هەبوو و له چلەکان له زیندان دا شوێنی تایبەتی و غەزای چاکی دەدرایه، بەڵام لەوێ خۆی نەدەگرت و داوای دەکرد بیبەنەوه بەشی گشتی که زۆربەی زیندانییەکان دەترسان لێی بگرنەوه.

به دوای ئەوانەدا، نیزیک به ٧٠کورد له ئەندام و لایەنگرانی حیزب، بۆ تاوتوێ کردنی ئەو وەزعه، له تاران کۆ بوونەوه. دوای باس و رایەکی زۆر، سولەیمان موعینی و کەریمی حیسامی که تازه له فستیواڵی لاوان له رۆمانی را گەڕابووه و ئازاد کرابوو، بڕیاریان دا که بۆ کار بگەڕێنەوه بۆ کوردستان. ئەوان له تەوریز دەچنه ماڵه زڕدایکی سولەیمانی موعینی و رۆژی دوایی له ماڵه ئەحمەدی قاسملوو چاویان به دوکتور قاسملوو دەکەوێ. کەریمی حیسامی له لاپەرەی ٢٤٢ ی بەرگی یەکی بیرەوەییەکانی دا له زبانی دوکتور قاسملوو له سەر وەزعی مەهاباد دەڵێ: کەس له شار دا نەماوه. من ماوەیەک له ماڵی پێشەوا خۆم شاردۆتەوه پاشان سواری گوێدرێژ بووم به نێوی کارداری باخی تا وسوکەند هاتووم. لەوێ سواری ئوتوبووس بووم چوومه ورمێ و ئێستاش دەچمەوه تاران...

حیزب خۆ بۆ خەباتی پارتیزانی ئاماده دەکا. له بەهاردا شەڕی پارتیزانی دەست پێدەکەین. پێویسته ناوی ئەو کەسانەی که دەتوانن له خەباتی پارتیزانی دا بەشدار بن بنووسرێ...

کەریمی حیسامی له لاپەڕەی ٩٧ بەرگی ٢ ی پێداچوونەوه دا دەنووسێ: دوای دیتنی قاسملوو گەرامەوه کوردستان و له گوندی ساروقامیش چوومه ماڵی ئاغای سالاری میرزا فەتاحی، باسی بارودۆخی وڵاتمان کرد و گوتیان تاقه کادرێکی حیزبی به ناوی (عەوڵا بارزانی) لەم ناوه دەسوورێتەوه. ناردم عەولا بارزانیان دیتەوه. دوو سێ رۆژ له لام بوو. پاشان ناردمەوه مەهاباد. دوای کودیتا که ئەندامانی حیزبی مەهاباد چۆل دەکەن، له تاران بریار دەدەن عەوڵا بارزانی که له ناوچەی نەناسراو بوه بینێرنەوه مەهاباد که کاری حیزبی بکات. ناوبراو که له تاران پێشتر کوڕی رەشی ناسیبوو، دەچێته ماڵی پێشەوا، بەڵام پاش ماوەیەک رۆژێک دەرفەت دێنێ هێندێ ئاڵتون و پارەی ماڵی پێشەوا  ئەوەی دەستی پێرادەگا دەیدزێ و بزر دەبێ. ساڵەکانی دوای ٧٠ بیستمان له هەولێر ناوی خۆی گۆڕیوه و بۆته شۆفیری ئوتوبوسەکانی ناو شار.

عەوڵا بارزانی کێ بوو؟ ئەو کابرایه کوردێکی کوردستانی گەرمێن بوو لەگەڵ بارزانییەکان هاتبوه ئەمدیو. دوای رۆیشتنی بارزانییەکان ناوبراو له ناوچەی شنۆ دەمێنێتەوه و دەگیرێ. دەیبەنه زیندانی تەورێز و چەند ساڵ له بەندیدا دەبێ. دوای ئازاد بوونی دەچێته تاران و به ئاشنایەتی لەگەڵ کوردان دەبێته ئەندامی حیزبی توده و ئەوان دەنێرنەوه کوردستان. با بزانین کادرێکی

حیزبی تودەی ئێران بە ناوی (محمد رزگار) لە بیرەوەریەکانی خۆیدا چۆن باسی عەولا بارزانی دەکات؟

.... لە لایەن کومیتەی ئەیالەتییەوە کابرایەکیان بۆ لقی حیزبی ئێمە (لقی سەلسەبیل) نارد بە ناوی ( عبداله بارزانی) ئەسپاردیان کە لە بارەی جێگا کار و ژیانەوە یارمەتی بدەین. پیاوێک بوو ٢٨-٣٠ ساڵە. فارسی و کوردی و عەرەبی باش دەزانی. زۆر جار لە کاتی سەرخۆشیدا هەوڵمان دەدا ژیننامەی بزانین. بەڵام هەر چەندی سەرخۆش دەبوو دەیگووت لە بارزانییەکانی عێراقم. کاتی چوونی بارزانییەکان بۆ سۆڤییەت گیراوە و چەند ساڵ لە زیندانی تەورێز دابوە و هەر لەوێش بۆتە ئەندامی حیزبی تودە. کاتێ لێمان دەپرسی ئەو فارسیە لە کوێ فێر بووی، دەیگووت لە زیندانی تەورێز تورکی و فارسی فێر بووم. عەولا بارزانیمان لە کانگای ئاوی تاران وەک دارتاش دامەزراند. لەگەڵ خاو و خێزانمان بوو بە ئاشنا و هاتووچۆی ماڵەکانی دەکرد و کاتی بێکاری هاورێیانی حیزبی لقی (سەلسەبیل) پارەیان دەدایە. پاشان دەرکەوت عەولا بارزانی جاسوسێکی زرنگی سازمانی ئەمنیەت بۆە و هاتۆتە نیو حیزبی تودەوە. دوای کودیتا عەولا بارزانی بڕیار دەدا بچێتەوە عێراق و میراتی باوکی لە مامی بستێنێ. ماوەیەک بزر دەبێ، ئێمە لێی بێ خەبەر بووین. پاشان سەر و کەلەی لە تاران پەیدا دەبێ و لەگەڵ عەلی قازی (کوری قازی محمد) دەگەرێ. عەولابارزانی کە لە سەفەری عێراق گەرابۆوە دەیگووت: چەندین هەزار تمەن پارەی هێناوە، ئەمجارە دژی عەلی قازی دەدوا. ئێمە گومانمان لەوەدا نەما کە پارەیەکی زۆری هەیە، بەڵام لەوە بەشک بووین کە داخوا چۆتە عیراق و میراتی وەگیر کەوتوە؟ ئەم پرسە بۆ ئێمە مەتەڵ بوو. تا رۆژێک بە هەڵکەوت بە شەقامی سوپادا تێدەپەریم، عەولا بارزانیم دیت لەگەڵ عەلی قازی دەگەرێ. گورج بۆ (سەمەد)م گێراوە. بڕیارماندا لەسەر هەست بین و دردۆنگی خۆمان بە برادەرانی سەرەوەش راگەیاند. بە عەولا بارزانیشمان گوت: " شانەکان هەڵوەشاون و تێکۆشان راوەستاوە. ئاشکرا بوونی رێکخراوی نیزامی حیزبی تودەش بیانوێکی باش بوو. بەڵام عبداله دەیگوت: شانەکان لەسەر شەقامیش کۆدەبنەوە. هەمیشە هاواری بوو کە بۆچی چەند شانەیەکی حیزبی بە من ناسپێرن. بەسەرچوو من چوومە شورەوی. پاش ٧ساڵ نامەیەکی (سەمەد)م پێگەیشت، نووسیبووی: "لەبیرت ماوە کە لە ئاخرین رۆژەکانی رۆیشتنت گوتت لە عەولا بارزانی خۆتان بپارێزن. پاش سەفەری تۆ عەولا بارزانی هەموو هاورێکانی ئێمەی پێوە کرد. من ماوەیەکی زۆر لە ژێر ئەشکەنجەدا بووم. چونکە لە ماڵی ئێمە سەنەد و بەڵگەیان دۆزیبوونەوە. ئەو کەسەی چەند ساڵ نان و نمەکی ئێمەی کردبوو خەیانەتی پێکردین. دەرکەوت جاسوسی نێونەتەوەیی بوە. ئێستا ناردوویانەتە سوریا لە وێ خزمەت بە ئەربابی بکات".

سەید رەسووڵی دێهقان (بابی گەورە) کە ماڵەکەیان هەمیشە مەکۆی پێشمەرگە و ئاواران بووە، لە کورتە ژیاننامەی خۆیدا، ئاماژە بە ئەوەی دەکا کە دوای ساڵی ١٣٣٢ عەزیزی یوسفی، عەولای ئیسحاقی، سەدیقی خاتەمی، عەلی رۆستەمپوور، قادری رەحمەتولایی، خەلیل سەدیقی، حاجی هاشمی نانەوا، سمایل نەمەشیری، حەمەدەمینی راتبی، ئەسعەدی خودایار و هاشم ئەقەلوتوڵلاب

و کەسانی دیکە دەچوونە ماڵە ئەوان لە ئاوایی کەڵەکۆکەیٚ سەریٚ دەمانەوە و وەک کوڕی ماڵیٚ ڕێزیان لێدەگیرا. ئەوان لەوێش لە ئەمان دانەبوون و دائیم ژاندارمەیان بە دواوەوە بوو. لەوبارەرە سەید رەسووڵ دێهقان دەگێڕێتەوە: جاروبار راپۆرت دەدرا و ژاندارم دەهاتن و بە پوولێک رازی دەکران و دەڕۆیشتن. جارێک عەزیزی یوسفی و سەدیقی خاتەمیان گرت. سەدیقە سوور گوتی: ″نوێژیٚ دەکەم″ ڕێگایان دا و نوێژەکەی دابەست و گوتی: ″بابی گەورە! کوڕە بە پوولێک رازیان بکە، دەنا دەردی سەگانمان دەدەنیٚ″ هەرواش بوو بە پوولێک رازی کردن و نەیانبردن.

سەید رەسووڵ لە ژیاننامەکەی دا دەڵیٚ کە لە ئاخری پاییزی ١٣٣٢ لە کەڵەکۆکەی سەریٚ، لە ماڵە سەید مستەفای ئامۆزای بە هۆی کاک عەزیزی یوسفی بووتە ئەندامی حیزب و ئەندامی کومیتەی لاجان کە بەرپرسەکەی کاک حەمەدی قادری(حەمەدی رێویان) و ئەندامەکانی مەلا رەحمانی لاهیجی و سەید حاجی کەڵویٚ و حوسێن لاسوور بوون.

ماڵە سەید رەسوڵ بابی گەورە دواتر گوێزراوە بۆ شووێنێک کە هەر بۆخۆیان ئاوەدانیان کردەوە بە ناوی سەید ئاوا. سەید رەسوڵ دوای ئەوە باس دەکا کە بە دائیم عەزیزی یوسفی لەویٚ دەماوە و ئەوی بۆ کاروباری حیزب رێنموونی کردوە و دەنوسیٚ: ئەوە سەیدئاواش ئاوەدان بۆتەوە، بە یەکجاری بۆتە بنکەی حیزب و دوکتور قاسملوو و عەوڵای ئیسحاقی زۆرتر بۆ سەردانی کارەکانی حیزب لە ناوچەدا دەهاتن و زۆر بە جوانی کاری تەشکیلاتی بەرەو پەرەسەندن دەڕۆیشت و لە راستیدا سەید ئاوا ببوو بە پەناگا.

سەید رەسووڵ لە درێژە دا دەنووسی کە عەوڵای ئیسحاقی لە گەڵ دۆکتور قاسملوو بۆ کاری تەشکیلاتی دەهاتن و جاری وابوو بە چەند مانگ دەمانەوە. سەید رەسوول باسی ئایشیٚ مام عەلی و ئەحمەدی مامعەلی دەکا کە چۆن بۆ حیزب قەڵاو پشتیوان بوون و لە دوکتور قاسملوو هەتا ئەسعەدی خودایاری کە کادری تەشکیلاتی لاجان و شنۆ و نەغەدە و ورمیٚ بوو و ناوی نەهێنی(مەلا عەلی) بوو و زۆربەی کادرەکانی دیکەی حیزب دەباوەشی ماڵی ئەوانەدا حەساونەوە و بە مانگ و ساڵ و خزمەتیان کراوە.

یەکێک لە شوێنەکانی دیکەی مانەوەی ئەندامانی حیزب ئاوایی سیاقۆڵ بوو. ئەحمەد کاکەمەمی لە نووسراوێکی ئینتیرنێتی دا دەنووسیٚ: لە ڕۆژگارێکی ئەنگوستەچاوی پڕ تەنگەتاوی حوکمی ژاندارمی دڵ و دین کوێری بێگانەی پڕ بەهانە، کە کەڵ بە موو بەند و فیل لە ترسان بیٚ دەنگ بوو، دێوەخان و ژوور و ئاغەڵ و بن بەرد و دۆڵی... ″سیاقۆڵی حەمەڕەش″ و خانەقا و بەر دەرگا و خەڵوەت و ئەشکەوتی کەڵەکۆکە و سەیداوای سەید رەسوڵی بابی گەورە، ببوونە مەکۆی حەسانەوە و کۆشک و قەڵای پاراستن و سەنگەری بەرگری... ئەم خەباتکارانە.

کاکەمەمی لە درێژە دا روو بە حەمەرەشی سیاقۆڵی دەنووسی: بەڵام بزانە هەموو بەهاران هەمووساڵان هەتا هەتایە، گوڵە خاشخاشەکانی خڕیٚ گوڵان، مامخ، خڕیٚ بناوان، کانی مام سەیدە... و گۆڵەمێلاقە و شلێرەکانی زینداندەریٚ، گوڵبەهارە، خڕیٚ گاجووتان... شوێنی حاشارگەی


سەید رەسوڵ بابی گەورە

خەباتکارانی دێمۆکرات، دوکتور قاسملوو، عەزیز یۆسفی، سولەیمان موعینی، ئەسعەدی خودایار، سەدیقی ئەنجیری، یۆسف ریزوانی... بە یادتان دەپشکوون...

لەو قۆناغەدا، رەوتی بوژانەوە و چاکسازی و لەخۆ بردوویی و زەحمەت و تێکۆشانی ئەندامانی حیزب، لە رادەبەر و لەبەیان نایە و لە سەر شوێنی مانەوەی کادرەکانی سەرووی حیزب، ئەحمەدی کاکە مەممی دەنووسێ: شوێنی تایبەتی دوکتور قاسملوو، کاک عەزیز یۆسفی و کاک سولەیمان، زۆرتر ماڵی حاجی سمایل کاکەمەمی سیاقۆڵ بوو. ببۆ وێردی سەر زاری ئەم خەباتکارانە و لە نێوخۆیان دا بە یەکتریان دەگۆت: ئەتۆ ئاشەوان، گاوان، گاجووت، ئەسپ و کەری کێی؟ ئەمەش لەوەڕا داکەوتبوو کە شەوێک کاک عەزیزی یۆسفی لە ماڵی حاجی سمایل نیگەران و خەفەتبار و خەمۆش دەبێ. حاجی بەو پەڕی دڵپاکی و دڵسۆزییەوە دڵخۆشی دەداتەوە و پێی دەڵێت: کاکە میرزا گیان قەت خاییلەت بە دڵی دا نەیە و غەریبی نەکەی، ئێرە هەتا ئەتۆ پێن ڕازی بێ، هەمیشە ماڵی خۆتە، کاولاشی خۆتە، هۆڵ و تەوێلەی خۆتە... کاک عەزیزیش دەڵێ: مام حاجی گیان ئەمیش کوڕی تۆم، ئاشەوانی تۆم، گاجووتی تۆم، کەر و بارگینی... تۆم.

باشم لە بیرە کاک عەزیز کەوا و پاتۆڵێکی ڕێ ڕێی دەبەردا بوو و هەمیشە دەستەنوێنێکی گەورەیان بۆ دادەنا و پاڵی وێدەدا. چاو گەورە و سەر و سمـێڵێکی ڕەش و جوان. کەم قسە و بە ئەدەب.

دیارە لە کارەکان دا هەڵەش هەبوو و خۆڕێکخستن لەگەڵ ئەرکەکان بێ کێشە نەبوو و ئەحمەد کاکەمەممی لە زمانی حەمەی حاجی سەعیدی ئیبراهیمی سەردەشتێ کە یەکێک لە خەباتکارانی گەورەی ئەو سەردەم بوو دەنووسێ: لە سیاقۆڵ بووین لاوێک بە ناوی(عەزیز فەللاحی) هاتە سیاقۆڵ. جووتە کەوشیکی شارەیی دەپێ دابوو. ئەوکات کەوشی خەڵکی لادێ لاستیکێکی سادە بوو و سەری بە قایش بزمارکوت دەکرا. ڕەحمان(دوکتور قاسملوو) لێی تووڕە بوو و پێی کوت: ژاندارم شوێنت هەڵدەگرن و دەبێ هەر ئێستا بگەڕێیەوە و یا ئەوە کەوشیکی گوندییانە دەپێ کەی، یا دەبێ هەر بە قەراغ ڕێیاندا بڕۆی و شوێنت دیار نەبێ... هەر ئەو ڕۆژەش ناردیەوە شار.

یەکێک لە حاشارگەکانی شەوانەی کاک دوکتور قاسملوو و کاک عەزیز یۆسفی تەویلەیەک بوو کە لە تەویلەی ماڵی حاجی ڕا بۆ دیوی تەوێلەی ماڵی (ڕەسوو بلوێر) کون کرا بوو. بۆ دەربازبوونیش لە پشتەوەڕا بودڕێکی بۆ لێدرابوو.

لە درێژەدا ئەحمەد کاکەمەممی دەنووسێ: جارێکی دیکەش کە کاک دوکتۆر و کاک عەزیز لە مەزرای حاجی(ئێمە) لە سەر کانی "خڕی بناوان" خۆیان حاشاردابوو. حاجی و کاردارەکانی لەخوارتر خەریکی خەرمان بە با کردن بوون و من و پوورە(حەلیم)م نانمان بۆ بردبوون و هەر لەو

کاتەشدا هەر لەم مەزرایە لە تەنیشت شاخەسووران کە کچی گوندی"حاجی مامیان" هاتبوونە گەسکان، سەید قادری سەید ئەحمەدی ئاشق و شەیدای سەوداسەر کە هەر خەڵکی سیاقۆڵ بوو، هەلەکە دەقۆزێتەوە و دەچێ داوا لە سەیزادەی دڵداری دەکا(خوشکی سەیدمستەفا) ڕەگەڵی کەوێ و ئەویش جوابی ناداتەوە و سەیدی ئەوینداری بێ قەرار بە زۆر پیلی دەگرێ و ڕایدەکێشێ. هەر ئەوەندەمان زانی، بوو بە هاوار هاواری کچان، باپیرم ڕای کرد و کچەی لە دەست سەیدقادر دەرهێنا. کاک دوکتۆر و کاک عەزیزیش بە دەنگی زاق و زوقی ئەو کیژانەوە هاتن خوار. وەک ئێستا ئەم دەستەواژانەی خوارەوەم لەبیرە: ئەوە نا ئینسانیە، لە ژێر پێ نانی حقوقی بەشەڕە، وەحشیگەرییە، بەربەرییەتە... سەید وەک شێری برسی نێچیری لە دەست دەرهاتوو خۆی لە دەست باپیرم دەرباز کرد و ڕوو بەم دوو تێکۆشەرە: سەگبابی سەرڕووتینە ئەنگۆ دەڵێن چێ، هەر ئێستا دەچم حەجەمی پۆستی (گوێچکەدەرێ)تان دێنمەسەر. حەزی لێدەکەم، خۆشم دەوێ، خزمی خۆمە...

ڕێژیمی ئێران بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دا تا شوین و پێگەی ئەندامانی حیزب ببینێتەوە و بۆ ئەو مەبەستە نەتەنیا لە خەڵکی خراپی خۆجێی کەڵکی وەردەگرت بەڵکوو سیخوڕی تایبەتیشی تەرخان کرد بوو. ئەحمەدی کاکەمەممی لەو بارەوە باسی کابرایەکی دژی کورد دەکا کە ئێستا خزمەکەی لە ئەمریکا تلوێزۆنی داناوە و دەنووسێ: دەوڵەت کابرایەک تارانی بە ناوی ئاغای″لیمۆنادی″ کە پیاوێکی وێچوو و ڕەنگ پیاوانە و بە فەرهەنگ و بە رووالەت ڕیزداربوو، بە بیانووی دارکڕین دەنێرێتە سیاقۆڵ. وەک ئێستا بەرگ و قەڵافەتیم لەبیرە. بۆ یەکەم جار بەرگی ئەفەندی(عەجەم)ی دەهاتە گوند، هەم بۆم سەیر بوو و هەم جوان... لە سەر چۆمی ″سیاقۆڵ″ بیست تا سی دارە چنار و پەڵکی لێبوو. ″لیمۆنادی″ هاتبوو چەند دانە لەم دارە چنارانەی کڕیبوو. دوو پیاویشی(سمایلی عەوڵای هەباسی و ڕەسوو شاڵی) بە کرێ گرتبوون. شەقە مشاری درێژی بۆ بڕینەوە هینابوون (ئێمە منداڵان دەچووین بڕەی دارەکانمان بۆ جوانی دەهێناوە). نیزیک بە چەند مانگ هاتۆچۆی دەکرد و بە هەفتە لە ماڵی کاک حەمەد رەشی سیاقۆڵ دەماوە. ئەم دوو کرێکارە دەبوایە تەنیا ڕۆژێ هەشت نۆ کاتژمێر زیادتر کار نەکەن. ئەم چنارانە بە ئەندازەی باری گوێدرێژ شەقە و موورە موورە بکەن. جا بە پشتی گوێدرێژ ببرانە سەر جادەی مەهاباد سەردەشت(سیاقۆڵ جادەی ماشێنی نەبوو). لە وێرا بە ماشینی(ئارام) ببرانە مەهاباد و لەوێرا بەڕێ کرابانە تەورێز. لە کارگەی شەمچە(شخارتە)سازی تەوەکولی تەورێز بکرابانە شەمچە...

لەبیرمە گەلێک جار باپیرم (حاجی سمایل) بە حەمەڕەشی دەگوت: حەمەد گیان بابی بابم ئەو کابرایە هەرمەنییە (لیمۆنادی) چاوی خایەنن، ڕایمەگرە.

ئەحمەد کاکە مەممی هەر لەوبارەوە باسی کەسێکی دیکەش دەکا کە دەبێ سیخوڕی ڕێژیم بوو بێ و دەنووسێ: "ئارام" کابرایەکی بە ڕەگەز ئەرمەنی بوو. ماشێنێکی باریی گازی رووسی هەبوو، لە نێوان مەهاباد و سەردەشت بە ڕواڵەت باری کێشی دەکرد. بەڵام قەت لە ٢٠ تا ٣٠ کیلۆمیتر لە کاتژمێردا توندتری لێ نەدەخوڕی. خواردن و پێخەف و کەتری و چادانی خۆی پێ بوو.

هەر شەوە لە گوندێکی سەر جادە دەماوە و قەت گوندێکی پاشقول نەدەدا. لای خەڵکی خۆشەویست بوو، بە زمانێکی شیرینی کوردی و ئەرمەنی و فارسی تێکەڵ قسەی دەکرد. چوون و هاتنەوە لانی کەمی ١٠ ڕۆژی دەگرت.

هەر لە چوارچێوەی کار و تێکۆشانی ئەندامانی حیزب دا دوکتور قاسملوو لەسەر کارەکانی خۆی لەو قۆناغەدا دەنووسێ: لە بەهاری١٣٣٢ وە راستەوخۆ لە تێکۆشانی حیزبیدا بەشداریم کردوە و لە ئۆرگانەکانی حیزبیش دا مەسوولییەتم هەبووە لە هەموو رووداوە گرینگەکانی٣٢ ساڵ مێژووی حیزب لە نیزیکەوە ئاگادارم...

کەریم حیسامی و محەممەد قادری، لە ئەندامانی بەرزی حیزب، لە رێکەوتی ١٥ پووشپەڕی ١٣٣٣ گیران. پێشتر کەریمی حیسامی لە سەر پێشنیاری مینا خانم، خێزانی پێشەوا بۆ پێڕاگەیشتن بە مولْکەکەیان، ماڵەکەی بردە ئاوایی ئاغەڵیان کە ببوو بە مەکۆی ئەندامانی حیزب.

محەممەدی قادری کە بە کاپیتان قادری یان حەمەدی رێویان بە ناوبانگ بوو، یەکیک لە فەرماندەکانی سەردەمی کۆمار بوو کە بە هۆی ئازایەتی لە شەڕ دا، رێزی لێگیرا و لە ژمارە ٦٠ رۆژنامەی "کوردستان" دا هاتووە کە محەممەد قادری لەگەڵ ١١ پێشمەرگەی دیکەی شەڕی قاروا، میداڵی قارەمانێتی وەرگرت. ئەو خوێندەوار و شارەزا بوو و بە دوای رووخانی کۆمار چووە عیراق و لە گەڵ شوعییەکان لە پەیوەندی دابوو. کاپیتان حەمەدی قادری دژی ئاغاوەتان بوو و رەعییەتەکانی هان دەدا کە بێگاری نەکەن. ئەو ئارەق خۆڕێکی قەهار و قەت قڕانێکی لە باغەڵ دانەبوو و ئەگەر پارەی هەبایە دەیدا بە سندووقی حیزب.


کاپیتان قادری( کاک حەمەدی سەروکانی)

کاپیتان قادری کەسایەتێکی قسە خۆش بوو، کەریمی حیسامی دەگێڕێتەوە کە لە زیندان دا داوای کاغەز و قەڵەمی کردووە کە شکایەت بکا کە بۆ گیراون. کاپیتان قادری پێشی پێدەگرێ و دەڵێ: هەر سێک تەڵاقم کەوێ نایەڵم قەڵەمی پێدابێنی. لێگەڕێ با کەمێک بحەسێنەوە و یەک دوو جەمی باش بخۆین. خۆ ئێمە لە گەڵ نان و شیرێژی ″سەروکانی″ چاومان کوێر بوو.

کاپیتان قادری لەسەر ئەوە کە یەکێک لە مامۆستاکانی ئاشنای لە قوتابخانەی گوندەکەیان، کچی ئاغایەکی هەڵگرت، بە هۆی براکانی سەرکۆنە کرا و لە گوندەکەی دەریان کرد. ئەو هەستی شێعری هەبوو و کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢١٩ بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی ئاماژە بە شێعرێکی کاپیتان قادری دەکا و دەنووسێ:

کورده هەســتە، پشــت ببەســتە، رامەوەســتە، توند برۆ
وەختی ئیشــە، دامەنیشــە، دەســتەو ئەژنۆ و رەنجەڕۆ
گەرچی مێژوونووس دەنووســن، میللەتی کوردی رەشــید
مـن دەڵێم کـەمتر لـە جوونـە خـان و ئـاغـا بێ درۆ
نیشــتیمـان دایکی مـەبوو گـایـان و ئـاغـا چی نـەگوت
مۆشــێ گـەر دایکی بگێن بێشــک دەڵێ ئـەی دایـەرۆ
گـەرچی خۆشــی خـانـە، رەبی خـانی وا بـەزیـاد نـەبێ
دوژمنی مـە شـــەو بێـداره ئێمـە نووســتووین نیوەڕۆ.

کەریمی حیسامی دوای ئازادبوون لە زیندان، لە چومی مەجیدخان، بە کاری حیزبی گیرساوە. غەنی بلوریانیش لە تەورێز نەماوە و گەڕاوە بۆ کوردستان و جارجار دەچووە سنە و سەقز یان دەچووە کوردستانی عیراق و پەیوەندی بە کەسایەتی و حیزبەکانی ئەوێ دەگرت و بە فرۆشتنی تەمر و ئارمەکانی کۆمار، پارەی بۆ حیزب پەیدا دەکرد.

## چاپی رۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٣٣٣

لە سالەکانی٣٠تا ٣٢ لە نێو ئەندامانی حیزب دا، باسێک لە بڵاوکراوەی کوردی نەبووە و تەنیا نووسراوە نەهێنییەکانی حیزبی تودە، تەوەری زانیاری و بردنە سەری پلەی زانستی ئەندامان بوو. مامۆستا هێمن نایشاریتەوە کە لەو قوناغە دا، بە پێی پێویست نەیتوانی لە رێگای نووسین و هونەر دا، خزمەتی گەلەکەی بکا. باوەر بە دەرکردنی بڵاوکراوەی کوردی رواڵەتی دواکەوتوانەی هەبوو و مامۆستا هێمن لە لاپەڕەی٣٩ تاریک و روون دا دوای ئەو کە دەڵی بۆ چاپی نووسراوەی کوردی زۆری هەوڵ دا، دەنووسێ: ... بەڵام بە داخەوە زۆرم گوێ نەدەدرایە و تەنانەت چەپرەوی وامان هەبوون کە لە عەینی نەخوێندەواری و نەزانی دا گاڵتەیان بەوجۆرو بیروبڕوایە دەکرد و بەردیان لە ئەژنۆی خۆیان دەدا.

مامۆستا هێمن دەڵی دوایە لە گەڵ دۆستێک کە ئەویش بیروڕای ئەوی هەبوو، بڕیاریان دا کە رۆژنامەی کوردستان چاپ و بڵاوبکەنەوە، بەڵام بە هۆی کودێتای ٢٨گەلاوێژ لێک دوور کەوتنەوە.

لەو سەردەمەدا بەشێک لە ئەندامانی حیزب، بە کارقایمی درێژەیان بە ئەرکی خۆیاندا و بۆ یەکەم جار لە دوای روخانی کۆماردا، رۆژنامەی کوردستانیان لە نێوخۆی وڵات دا بڵاو کردوە. ئەو رۆژنامەیە بە یارمەتی ماڵی حیزبی تودە لە تەورێز بە چاپ گەیی.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ کە لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە، باسی یارمەتی حیزبی تودە بە هۆی کومیتەی "کاک" بۆ چاپی رۆژنامە دەکا و دەڵێ: کومیتەی ″کاك″ کاری ئەوە بوو کە دەستووراتی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی توودەی بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات ڕادەگەیاند بۆ جێبەجێکردن. یارمەتی ماڵیشی دەدا، هەرچەند

زۆر کەم بوو بە نیسبەت ئەو یارمەتی‌یەی کە دەدرا بە ئازەربایجان و بە نیسبەت ئەو داهاتەی کە حیزبی توودە ئەو وەختە هەی‌بوو. دوای ٢٨ی مورداد ئەم یارمەتی‌یەش درا کە لە چاپخانەی تەوریز ڕۆژنامەی ″کوردستان″ چاپ ببێ کە هەتا ٥ ژمارە لەو ڕۆژنامەیە چاپ بوو.
لێنا (نەسرین قاسملوو) لە لاپەڕەی ١٢٢ کتێبی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا... باسی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان لە تاران دەکا و دەنووسێ: دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی ڕۆژنامەی کوردستانیان دەرکرد. لێناش لەگەڵ ئەوان دەست بەکار بوو و لاپەڕەبەندی و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی بە ئەستۆوە گرت و جیا لەوانەش کێشکی دەکێشا.
لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٣٢ غەنی بلوریان لە عێراق را گەڕاوە بۆ ئێران و لە تەوریز لە گەڵ سولیمان موعیی و عەزیزی یوسفی و قادری یوسفی و یەک دوو کەسی دیکە کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە هەم ڕۆژنامەی کوردستان دەر بکەن و هەم بۆ رێک و پێک کردن و زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب هەوڵ بدەن.
غەنی بلوریان لە لاپەرەی ١٥٢ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا لەسەر چاپ کردنی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەرەتای ساڵی ١٣٣٣ بە هۆی خۆی و دوکتور قاسملوو و عەزیزی یۆسفی و سەدیقی ئەنجیری دەنووسێ: ئێمە ئەو چوار کەسە کۆ بووینەوە و لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامە کوردستان بریارماندا، قاسملوو ئێمە بە ڕێبەرانی فێرقەی دێموکرات بناسێنێ و ئێمەش داوایان لێبکەین بۆ چاپی ڕۆژنامەی کوردستان یارمەتیمان بدەن. ڕێبەرایەتی فیرقەی دێموکرات بۆ چاپی ڕۆژنامەی کوردستان یارمەتی پێکردین و ئێمە لەسەرەتای ساڵی ١٣٣٣-١٩٥٤ یەکەم ژمارەی کوردستانمان دەرخست. سەدیقی هەنجیری و عەزیزی یوسفی بە زمانی فارسی وتاریان بۆ کوردستان دەنووسی و من دەمکردن بە کوردی و بۆ خۆشم بە کوردی وتارم دەنووسی. ئەو نامە و وتارانەش کە بە زمانی فارسی لە کوردستانەوە دەگەیەشتن، من دەمکردن بە کوردی و قاسملوو بە سەریاندا دەهاتەوە. قاسملوو هەروەها بە زمانی کوردیش وتاری دەنووسی. هەموو بەیەکەوە ڕۆژنامەکەمان مۆنتاژ دەکرد و من دەمبرد بۆ چاپخانەی فیرقەی دێموکرات. ئەوان نووسراوەکانیان تایپ دەکرد و پاش تەواو بوونیان من هەڵەکانم راست دەکردەوە و پاشان چاپ دەکران. دوای چاپی ″کوردستان″ ئورگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی و ″ئازەربایجان″ ئورگانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ئەوانمان دەبرد بۆ ماڵی ئەندامێکی فیرقە بە ناوی ″حوسێن″ کە لە سۆڤییەت گەرابۆوە و لەو ماڵەوە بڵاومان دەکردنەوە. ئیمە کوردستانی ژمارە ١ و ٢ مان بە ″مەحمودی مەنگوری″ دا ناردەوە مەهاباد، بەڵام پاشان لەگەڵ برادەرانی فیرقە بریارماندا تەتەرێکی هاوبەشمان هەبێ بۆ ناردنی ڕۆژنامەکانی کوردستان و ئازەربایجان. لە هەر ژمارەی کوردستان ١٠٠ دانەمان دەنارد بۆ کوردستانەکانی ژێر دەستی عێراق و تورکیە و ١٩٠٠ دانەشمان لە کوردستانی ژێر دەستی ئێراندا بڵاو دەکردەوە.
خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان نامەیان بۆ دەناردین. مامۆستا هێمـن لە نامەیەکدا سوپاسی لێکردبووین. ڕێکخراوەکانی کوردستانی ژێر دەستی عێراق داوای ژمارەیەکی پتریان لێدەکرین. بەڵام ئێمە نەماندەتوانی پتر لە دوو هەزار دانە چاپ بکەین. زۆرمان هەوڵدا چاپخانەیەک لە ورمی

دانیین. بەڵام سەرنەکەوتین. دوای بڵاو کردنەوەی هەشت ژمارەی کوردستان، چاپخانەی فیرقە ئاشکرا بوو. "جەعفەری قەوسی" سەرنووسەری رۆژنامەی ئازەربایجان گیرا و رژیم دەستی بەسەر چاپخانەکە داگرت. دوای ئاشکرا بوونی چاپخانەی فیرقە، ئێمە لە ترسی پەلاماری مەئموورەکانی حکومەتی ئێران لەگەڵ قاسملوو چووین بۆ تاران . ئەوەش دەبێ بڵێم کە عەزیزی یوسفی بە دوای دەرچوونی دووهەمین ژمارەی کوردستاندا لە مسافیرخانەی "شەبستەری" گیرا و نزیک بە ساڵێک لە زیندان مایەوە.

مامۆستا هێمن دەڵی دوای کودێتای ٢٨گەلاوێژ دۆستێکی ئاواتەکەی بەجێ دەگەیەنی و ٤ ژمارەی رۆژنامەی کوردستان بە چاپ دەگەیەنێ، بەڵام دوایە بۆخۆی و رۆژنامەکە گیران.

## عیسمەتی قازی(کچی پێشەوا) خۆی کوشت

عیسمەت کچی پێشەوا قازی محەممەد، یەکێک لە کادرە هەڵسووڕەکانی حیزب لە دەهەی ٣٠ دا بوو، لە کۆتایی ساڵی ١٣٣٣ (١٩٥٣) بە هۆی نادیار خۆی دەرمانداو کرد. عیسمەت خانم دەزگیرانی دوکتور شیرازی بوو و هەرچەند سوهەیل خانم خوشکی خۆ کوشتنی ئەو دەبەستێتەوە بە ئاشکرابوون لە کاری تەشکیلاتی دا، بەڵام لەو سەردەمە پڕ گرێ و گۆڵەدا رەنگە هۆکاری دیکەش هەبێ کە باس نەکراوە و بە شاراوەیی ماوەتەوە.

لەو سەردەمەدا ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە هەڵسوکەوتی حیزبی تودە تووڕە بوون و خۆیان ئامادە دەکرد کە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو حیزبە بپچڕن. بەڵام دوکتور شیرازی کە کەسێک زیرەک و وریا و خۆ تیهەڵقوون و سڕاوی بوو نەتەنیا هەر کاری بۆ حیزبی تودە دەکرد بەڵکوو پەیوەندی قووڵیشی لەگەڵ سفارەتی ئەمریکا لە تاران هەبوو. رەنگە ئەوە بوو بێتە هۆی نائومیدی عیسمەت خانم و خۆ کوشتنی.



عسمەتی قازی

لە تەواوی دەیەکانی ٢٠ تا ٦٠ هەتاوی ئەم سەدەیە، دژایەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر دروشمی مەرگ بەر ئیمپریالیزمی ئەمریکا دا بوو کە حیزبی تودە هێنایە ناو ئەدەبی سیاسی. لەو قوناغانەدا هاوکاری لەگەڵ رێژیمی شا بە تایبەتی لەناو خەباتکاران و رووناکبیران دا مایەی شەرمزاری بووە.

لەسەردەمی کۆمار دا دوکتور شیرازی بە راسپاردەیی سەدری قازی، دەرسی کوردی بە ئارچی باڵ روزوێلت سەروانی ئەرتەشی ئەمریکا دەگوت. روزوێلت هەموو زبانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی و فەڕانسەوی بە باشی دەزانی. بە پێی لاپەرەی١١٩ بیرەوەرییەکانی شیرازی دوایە روزوێلت کەسێک بە ناوی مۆلێر بەو دەناسێنێ کە پلەوپایەی نەبوو بەڵام لە سەفیری ئەمریکا دەست رۆیشتر بووە.

بە پیی لاپەڕەی ١١٢ کتێبی شیرازی، لە ساڵەکانی هەوڵی دەهەی٤٠ دا گەورەکانی کورد لە تاران کە زۆربەیان کاری گەورەیان لە دەوڵەت دا هەبوو، کۆمیتەی "کۆمای رەش"یان پێکهێنا. ئەو

کۆمیتەیە بە هۆی دوکتور سمایل خانی ئەردەڵان و سارمخان سادق وەزیری پەیوەندیان بە ئیحسان نووری پاشاوە هەبووە. ڕۆژێک حاجی عەزائولمەماڵکی ئەردەڵان داوا لە ئیحسان نووری پاشا دەکا کە کەسێکی شیاوی بۆ کارێکی گرینگ بۆ ببینێتەوە. دوکتور شیرازی هەڵدەبژێردرێ کە بچی پەیوەندی بە ئەمریکاوە بگری کە ئایا دەوڵەتی ئەمریکا سەبارەت بە کورد چ دەڵێ.

دوکتور شیرازی لە درێژەدا دەڵی: لەگەڵ ئاغای مۆلێر" کە ئارچی باڵد روزوێلت پێیناساند بووم پەیوەندیم گرت. مۆلێر گوتی کە ئەو ناتوانی ئەو وڵامە بداتەوە و دەبێ پرس بە ئەمریکا بکا. ئەمریکا پاش چەند ڕۆژ وەڵامیان داوە کە دەیانەوێ لە نیوان پاکستان و ئیران و تورکییە و عیراق پەیمانێکی ئەمنییەتی پێک بێنن. ئەورۆ بە قازانجی ئەمریکا نییە کە ئەو وڵاتانە لەخۆی عاجز بکا. بەڵام ئەمریکا بەڵێنی بە کورد دەدا کە ئەگەر لەگەڵ شووڕەوی بەشەڕ بێن ئەمریکا کوردستانی گەورە لەهەر چوارپارچە پێک دێنێ.

شیرازی لە درێژە دا دەڵێ کە ئەو وڵامەی داوەتەوە بە ئێحسان نووری پاشا و هەروەها چوونکە ئەندامی حیزبی تودەش بووە ئەوانیشی ئاگادار کردوە. دوکتور شیرازی لە لاپەرەی ١٢٢ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە رۆژیک مۆلێر بانگی کردوە و پێگوتووە کە ئەویان(شیرازی) بۆ کاریکی گەورە لە نەزەر گرتووە و لەوانەیە لە نیوان شووڕەوی و ئەمریکا شەڕ روو بدا. ئەوکات ئەو دەبی ببێ بە چاو و گوی ئەمریکا لە ناوچەدا. بۆیە دەبێ چەند دەورەی تایبەتی ببینێ و مانگانە ٥٠٠ تمەنیشی بۆ براوەتەوە. شیرازی لەگەڵ حیزبی تودە و ئیحسان نووری پاشا قسە دەکا و دەچتە دەورەی فێربوونی مۆرس و موخابرات و پەیامی رەمز و وینە هەڵگرتن بە دوربینی تایبەتی و زۆر شەوان بردویانە لە فڕۆکەخانەکانی مێهرئاباد و قەڵعە مورغی وینەی تەیارەیان پێهەڵگرتووە. شیرازی لە درێژەدا دەڵێ هەموو مانگێ ٥٠٥ تمەنەکەی تەحویلی حیزبی تودە دەدا.

شیرازی دەنووسی کە دوای ئەوە کە لە حیزبی تودە ئیستعفای داوە، بە دژی ئەو دەنگۆیان ساز کردووە کە بۆتە سیخوڕی ئەمریکا و ویستوویانە بێ ئابڕووی بکەن.

ئەو ڕووداو و پەیوەندییە گوماناوییانە ڕەنگە بوو بێتە هۆی ئەوە کە عیسمەت خانم کۆتایی بە ژیانی بێنێ. دوکتور شیرازی لە کاتی خۆکوشتنی عیسمەت خانم لە زیندان دابوو. کاتێک کە ئازاد بوو لەگەڵ هەواڵانی ویستی گوڵێک بباتە سەر قەبری دەزگیرانەکەی، بەڵام خەڵکی مەهاباد کە ئاگاداری هاتنەوەی شیراز بوون، لە ریوڕەسمی بەشکۆ و بێ وێنەدا، لە حاڵێکدا سەرباز تفەنگ بە دەست دەوری گۆڕستانی شاریان گرتبوو، چوونە سەرقەبران.

شیرازی بۆ مەرگی عیسمەتی قازی هۆنراوەیەکی داناوە کە بە دەنگی هونەرمەندی گەورەی کورد، محەمەد ماملی بە گۆرانی گوتراوە:

زەمـانە گـوڵـێـکـی داو و لـێـی ســـتـانـدم
بـۆنـم پـێـوە نەکـرد لـێـی هەڵـپســـانـدم
ریشـــەی جەرگ و دڵم بوو ئەو گوڵەی من
فەلەک زۆر بـێ بەقـا بـوو لـێـی رفـانـدم

ئای غەریبم، وای غەریبم، ئاخ غەریبم
سووتا جەرگم، لە دەست چوو حەبیبم
شایی و شینم تێکەڵ بوو ئاخ دڵی من
بەهارە و پەڕپەڕ و ژاکا گوڵی من
وەرن لێگڕا بۆ شین پاڵ دەن وەشانم
زگی سووتاوە ئەوڕۆ نیشتمانم
ئای برا رۆ، وای برا رۆ ئاخ برا رۆ
بەهاری من، چلەی زستانە بێ تۆ
سەبەب کارت زەلیل و قوڕب بەسەر بێ
هەتا ماوە لە دونیا دەربەدەر بێ
بە دڵ تەنگی نەبینێ رووی خۆشی
دڵی پڕ غەم، بەشی خوێنی جگەر بێ
ئاخ بە بێ تۆ، وای بە بێ تۆ، ئاخ بە بێ تۆ
وەکوو شەو رۆژی من تاریکە بێ تۆ
بە سەت ئاوات و حەسرەت چوویە بن خاک
بە جێت هێشتم لە خۆڕا ئەی کچی چاک
شکا پشتم نەماوە هێزی ئەژنۆم
بە تەنیا مامەوە بێکەس وەکوو خۆم
ئای دلی من وای دڵی من ئاخ دڵی من
لەخۆڕا پەڕپەڕ و ژاکا گوڵی من
لە باغی تازە دا کێ گوڵم بێ
لەجێاتی تۆ چ کەس خاوەن دڵم بێ
لە رێگای خزمەتی خەڵکی وڵاتم
وەکوو تۆ غەمخۆری هۆز و گەلم بێ
ئای گوڵەکەم وای گوڵەکەم بۆن خۆشەکەم
لە پاش باڵای تۆ من دڵ بە کێ خۆش کەم
غەریب مابووم لە تارانێ بۆ وات کرد
ئەسیر مابووم لە زیندانێ بۆ وات کرد
لەبەر خاتری خۆشەویستت بۆ وات کرد
لەبەر تاقە براکەی خۆت بۆ وات کرد
ئای بۆ وات کرد، بۆ وات کرد، ئاخ بۆ وات کرد
لە سەر چی ماڵە من و خۆت خراپ کرد

## عەلی قازی (کوڕی ڕەش) چوو بۆ ئاڵمان

مینا خانم، خێزنی پێشەوا لە ساڵی ١٣٣٤ رازی بوو کە کوڕی رەش بچی بۆ ئاڵمان و شەش رۆژ دوای نەمانی عیسمەت خانم، لە ڕۆژی ١٩٥٥/٣/١٠ کوڕی رەش بەرەو ئاڵمان وەرێکەوت. حامیدی گەوهەری لە زمانی کوڕی رەش دەنووسێ: دوای دەرچوونم لە ئێران لە دوو شاری مونیخ و برلین خوێندم. ساڵی ١٩٦٣ بەشی یاسا و زانستی سیاسیم تەواو کرد و هەر لەو ساڵەدا لە لایەن ڕژێمی شاوە کرام بە دیپلۆمات. تا ساڵی ١٩٧٨ لە پلەی دیپلۆماتکاری ئێران، لە ئەڵمانیا کارم بۆ ڕژێمی شا کرد. ساڵی ١٩٧٨ کە ئالۆزیی کەوتە شارەکانی ئێرانەوە، هەموو دیپلۆماتکارەکانی ئێران لە بەشە جیاوازەکانی بازرگانی، ئابووریی و ڕاگەیاندن، بانگهێشتی ئێران کرانەوە و ئەڵمانیایان بەجێهێشت، بەڵام ئیزنیان بەمن نەدا کە بگەڕێمەوە ئێران و لە ئەڵمانیا مامەوە.

## پەیمانی بەغدا لە ساڵی ١٣٣٤

بە دوای کودەتای ٢٨گەلاوێژ ساڵی ١٣٣٢، حکومەتی شا بە پشتیوانی وڵاتانی ئەمریکا و ئینگلیس و یارمەتی ماڵی ئەمریکا و بانکی جیهانی، وردە وردە بە هێز بوو. ئەردەشیری زاهیدی سەرۆکی وەزیران، بایەخی تایبەتی دا بە ئەرتەش و لە نێو ئەوان دا زۆر خۆشەویست بوو. بۆیە پەرەستاندنی نفوزی سەرۆکی وەزیران، ببوو بە هۆی نیگەرانی شا و لە بەهاری ١٣٣٤ دا زاهیدی لە سەر کار لابرد و حوسێنی عەلای، لە جێگەی ئەو دانا. لە سەردەمی دەسەڵاتداری حوسێن عەلا، ڕێکخراوی ئەخوانولموسلمین دامەزررا و دواتر لە مزگەوتی شا لە تاران، تەقەیان لە حوسێن عەلا کرد. بە دوای ئەو روداوەدا چەند کەس لە بەڕێوەبەرانی ئەخوانولموسلمین گیران و نەوابی سەفەوی و سی کەسی دیکە ئێعدام کران.

هەر لەو کاتەدا پەیمان بەغدا، لە نێوان وڵاتی ئێران و پاکستان و تورکییە و عیراق و ئینگلیس، لە ژێر چاوەدێری دەوڵەتی ئەمریکا دا، بەسترا. ئەو پەیمانە وەک پەیمانی سەعد ئاباد، بەشێکی هەبوو کە پەیوەندی بە جوڵانەوەی کوردەوە هەبوو.

لە ٢٥ خەزەڵوەری ساڵی ١٣٣٤ حوسێن عەلا سەرۆکی وەزیران، لە حاڵێکدا رۆژێ پێشتر تەقەیان لێکرد بوو، بە سەری هەڵپێچراو چووە بۆ بەغدا و ئەو پەیمانەی واژۆ کرد. ئەو پەیمانە لە سەر داوای ئەمریکا بۆ بەربەرەکانی لە دژی بەرەی سووڤییەت پێکهات.

## بەشی٧٠

## قوتار بوونی حیزبی دێموکرات لەژێر چەنگی حیزبی تودە لە ساڵی ١٣٣٤

## یەکەم کۆنفڕانسی حیزبی دیموکرات لە ساڵی ١٣٣٤

دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٣٢، پچڕانی حیزبی دێموکرات لە حیزبی ناشۆڕشگێڕ و هەڵپەرەستی حیزبی تودە، ببووە بە باسی سەرەکی گشت کادرەکانی حیزب و گرتنی کونفرانسێک کە بتوانێ جێگای کۆنگرە بگرێتەوە و وڵامدەری کێشەکانی حیزب لەو قۆناغە دژوارە دا بێ، بوو بە پێویستێکی سەرەکی. لە جۆزەردانی ١٣٣٤ کۆتایی مای ١٩٥٥، هێندێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە ماڵی سدیق ئەنجیری ئازەر لە تاران بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی وەزعی حیزبی تودە و روون کردنەوەی وەزعییەتی تەشکیلاتی حیزب لەگەڵ حیزبی تودە کۆبوونەوە. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٥٥ کتێبی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ: من داوام لە برادەران کرد، بێن لە تاران کۆبینەوە، سلێمان موعینی، هاشم ئەقەلەتولاب، حەمەدەمین ڕاتبی، عەبدوڵا ئیسحاقی و ئەسعەد خودایاری هاتن بۆ تاران. ڕەحمان قاسملوو و سەدیق ئەنجیریش بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد، سەدیق ئەنجیری لە حیزبی تودە بڕابوو و زۆر بەجیددی هاوکاریی ئێمەی دەکرد. ... لەو کۆبوونەوەیە کە بەهاری ساڵی ١٣٣٤- ١٩٥٥ بەسترا ئەو خاڵانەی خوارەوە کەوتنە بەرباس و لێکۆڵینەوە:

١ - پساندنی پێوەندیی لەگەڵ حیزبی تودە، بەهۆی ڕەگاژۆیی کردنی پۆلیس لەنێو ڕێکخراوەکانی حیزبی تودەدا، هەرچەشنە پێوەندییەک لەگەڵ ڕێکخراوەکانی حیزبی تودە، لەوانە بوو ئەندامانی حیزبی دیموکراتیش تووشی گیروگرفت بکا. لەبەر ئەوە داوامان لە ڕەحمان قاسملوو کرد و گوتمان ئەگەر پێتخۆشە هاوکاریی لەگەڵ حیزبی دیموکرات بکەی، دەبێ پێوەندیی خۆت لەگەڵ حیزبی تودە بپچڕی. من بە قاسملووم گوت بەو گرفتەی کە بۆ حیزبی تودە خوڵقاوە، ئەگەر تۆ پێوەندیی بە ئەوانەوە بگرێ و بێیەوە لای ئێمە، لەوانەیە ڕێکخراوی ئێمەش ئاشکرا بێ. قاسملوو کە لەبیر و بۆچوونی ئێمە گەیشت، بەڵێنی پێداین کە لەگەڵ حیزبی تودە پێوەندیی ناگرێتەوە و دەبێتە ئەندامی حیزبی دیموکرات.

٢ - شیکردنەوەی کارەساتی ٢٨ ی گەلاوێژ. لە لێکۆڵینەوەی کارەساتی ٢٨ ی گەلاوێژدا بەو ئاکامە گەیشتین کە ئەو کارەساتە بە هۆی نەبوونی ورەی شۆڕشگێڕانە لەناو ڕێبەرایەتی حیزبی تودەدا و هەڵوێست وەرنەگرتنی خورت و جددیی و بە پەلە لە لایەن ڕێبەرانی حیزبی تودەوە، "شا و زاهیدی" توانییان کودیتا بکەن. لەبەر ئەوە بڕیارماندا بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نامەیەک بۆ ڕێبەرانی حیزبی تودە لە دەرەوەی ئێران بنوسین و لە هەنگاوی لاواز و بێورەیی ڕێبەرانی حیزبی تودە لەسەرهەڵدانی کارەساتی ٢٨ ی گەلاوێژ، ڕەخنە بگرین. بڕیار ئەوە بوو قاسملوو ئەو نامەیە ببات بۆ ئەوروپا و بیدات بە ڕێبەرانی سۆڤیەت و کۆپییەکیشی بدات بە سەرۆکایەتی حیزبی تودە لە دەروەی وڵات و ڕێگەیەک بکاتەوە بۆ پێوەندیی ڕاستەوخۆی حیزبی دیموکرات لەگەڵ سۆڤیەت.

بە دوای ئەو کۆبوونەوە دا، هەرچەند وردە وردە جاش و خۆفرۆش و سیخوڕ زۆر ببوو و کۆکردنەوەی چەند کەس لە یەک شوێن، مەترسیدار بوو، بەڵام ریبەڕایەتی سەرەکی حیزب بڕیاری گرتنی کۆنفڕانسی یەکیان دا.

لەو کاتەدا کومیتەی "لاجان"ی حیزبی دێموکرات، پاش کومیتەی بانە، بەهێزترین تەشکیلاتی حیزب بوو. ئەو کومیتەیە لە لایەک ببووە بە پردێک لە نێوان شارەکانی ورمێ و شنۆ و نەغەدە و لە لایەکی دیکە، سەردەشت و بانە و سەقز و تا رادەیەکیش شارەکانی بۆکان و هەوشار و مەهابادیشی پێکەوە گرێ دەدا. ماڵە سەید رەسوڵ بابی گەورە، لە ئاوایی "سەید ئاوا" ببووە بە ناوەندی کۆبوونەوە و قەلەمندارەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات.

رێبەرایەتی حیزب، کاری ئامادەکردنی کۆنفڕانسی دەست پێ‌کرد و نوسراوەیەک کە زۆرتر بە هۆی عەزیزی یۆسفی لە سەر کار و کردەوەکانی حیزبی تودە نووسرا بوو و لەگەڵ بڕیاراتی کۆبوونەوەی تاران دەهاتەوە، ئامادە کرا. لەو نووسراوەدا راوبۆچوونەکانی حیزبی تودە لە بارەی نەوتی شیمال و کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان و هاوکاری نەکردن لە گەڵ موسەدیق و بێ هەڵوێستی سەبارەت بە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ، کەوتە بەر رەخنە.

سەید رەسووڵ بابی گەورە لە کورتە ژیاننامەکەی خۆی دا، ئاوا باسی ئەو کۆنفڕانسە دەکا: "هەر لە ساڵی ١٣٣٤ دا کۆبوونەوەیەکی رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چیای قەڵاتەڕەشێ، پشتی ماڵی سەیدئاوا، گیرا، کە هەر لەو کۆبوونەوە بڕیار درا تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەموو جورە پەیوەندییک لە گەل تەشکیلاتی حیزبی تودەی ئیران بپسێنێ. بەڕاستی دوکتۆر قاسملووش لەوبارەوە نەخشی بەرچاوی هەبوو کە ناوی(حەسەن) بوو. ئەوکاتی کادری رابەری بەشدار لەوکۆبوونەوەدا، ئەو ناوانەی خوارەوە بوون: ـ ١ عەزیزی یوسفی ٢ ـ عەوڵای ئیسحاقی٣ ـ دوکتور قاسملوو ٤ ـ ئەسعەدی خودایاری ٥ ـ هاشمی ئەقلوتوڵلاب

زۆر لەو کەسانەی کە لەو کۆبوونەوەدا هەڵبژێردران، لە راستی دا پێشتریش بەڕێوەبەری حیزب بوون کە دوایەش لەو کۆنفڕانسەدا هەڵبژاردرانەوە.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ ی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە، دوای ئەوە دەڵێ کە کومیتەی کوردستان تا ساڵی ١٣٣٤ هەر بەو ناوە تێکۆشاوە باسی سەربەخۆ بوونی حیزب دەکا و دەڵێ: بەکورتی ئەو رێبەرایەتی‌یە هەتا ساڵی ١٣٣٤ بەناوی ″کومیتەی کوردستان″ فەعالییەتی هەبوو. بەرەبەرە وەزعی داخلیی حیزبی توودە تێک چوو، ئەفسەرەکان گیران و زۆر کەس ئیعدام کرا. دەرکەوت حیزبی توودە ″پولیس زدە″ بووە، بۆیە ئێمە ئەودەم کۆبوونەوەیەکمان پێک هێنا کە لەوانەی ئێستا لەم جەمعەدا هەن کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور و ئەمن تێیدا بەشدار بووین. ئەو کۆبوونەوەیە کە پاشان ناومان نا″کۆنفڕانسی یەکەمی حیزب″ لە گوندی ″کەوتەر″ی مەنگوڕانی مەهاباد بە نهێنی پێک هات. لەوێدا ئێمە بڕیارمان دا لەگەڵ حیزبی توودە قەتعی رابیتەی تەشکیلاتی بکەین و حیزبی دێموکرات بۆخۆی سەربەخۆ فەعالییەتی خۆی بکا. چونکە هەم نەزەرمان ئەوە بوو حیزبی توودە لەسەر مەسەلەی ″مصدق″و

هەم لەسەر کودیتای ٢٨ی مورداد چەوت رۆیشتوە، هەم نەزەرمان ئەوە بوو کە پولیس زەدە بووە و هەر تەماسێک لەگەڵ حیزبی توودە لە تاران بگیرێ، نەتیجەی ئەوە دەبێ گیری پولیس بکەوین. ئەوە بوو کە قەتعی رابیتەمان کرد. لەو وەختەوە ئیعلامان کرد کە حیزبی دێموکرات خۆی سەربەخۆ فەعالییەت دەکا. بەشدارانی کۆنفرانسی یەکەم ئەوەی لە بیرم بێ غەیری خۆم و کاک عەبدوڵلا عیزەتپوور، بریتی بوون لە: عەزیز یوسفی، عەبدوڵلا ئیسحاقی، ئەسعەد خودایاری، هاشم ئەقەلەتوللاب "قادر شریف"، پێم وایە هەموومان حەوت هەشت کەس زیاتر نەبووین. ئێمە ئەو وەختە لەبەر خاتری ئەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو تەماسمان لەگەڵ حیزبی توودە هەبوو، بیروباوەڕی توودەییمان تێدا زۆر بەهێز بوو. بۆیە پێمان وابوو ئەو تەشکیلاتەی حیزبی توودە کە لەنێو خۆی وڵاتدا فەعالییەت دەکا، چەوت رۆیشتوە. بەڵام ئەوانی دەرەوە وەک "رادمنش"و "ئەسکندری"و ئەوانی دیکە باشترن. لەسەر ئەو ئەساسە کومیتە کوردستان بڕیاری دا کە ئێمە لە دەرەوە پێوەندییان لەگەڵ بگرین و من بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مەئمووریەتە چوومە عێراق و لەوێڕا چوومە دەرەوە. لە دەرەوە پێوەندیم گرت، هەم لەگەڵ حیزبی توودە و هەم لەگەڵ سۆڤیەتییەکان. لەو تەماسەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٣٤ یانی ٣٤ ساڵ لەوە پێش و بە دوور و درێژی قسەم دەگەڵ کردن، ئەوان گوتیان: "بەڵێ داخوازەکانتان راست و ڕەوایە و جێبەجێیان دەکەین، تۆ بگەڕێوە داخلی وڵات و بە هاوڕێیانیش بڵێ.

حیزبی تودە بەو بڕیارە زۆر تورە بوو و دواتر لە ساڵی ١٣٤٦ لە ئوروپا بە چاوی کەریمی حیسامیان دادابووە کە ئەوە کاری قاسملوو بووە ویستوویەتی حیزبی تودە بە هێند نەگرێ و تۆڵەی لێبکاتەوە. لەوبارەوە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٥٢ بەرگی٣ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە لە ساڵی ١٣٤٦رێبەری سەروی حیزبی تودە، بانگیان کردە ئاڵمان و داوایان لێکرد کە سەفەر بکا بۆ کوردستان و چاوی بە سولەیمان موعینی بکەوێ و قەراریک دابنێ کە لە عێراق یان لە لوبنان چاویان پێک بکەوێ.

ئەوان داوا دەکەن کە ئەو سەفەرە نەهێنی بێ و نابی دوکتور قاسملوو ئاگادار بێ. کەریمی حیسامی بۆی سەیر دەبی و زۆری پێناخۆش دەبی و پرسیار دەکا کە بۆچی قاسملوو هەڵداوێرن؟ دوکتور رادمەنیش دەڵێ: لە سەر قاسملوو تەجروبەمان هەیە. ئەو ئەندامی حیزبی تودە بوو، ئێمە ناردبوومانە کوردستان، بەڵام هۆی بنەڕەتی لێکپچرانی حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات قاسملوو بوو.

جەلیل گادانی لە لاپەڕەی ٩٨ کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات دا دەنووسی کە لەو کۆنفرانسە دا، بەرنامە و پەیرەوی نیوخۆی حیزب پەسەند کرا و حیزب سیاسەتی دژی ئیمپریالیستی و دژی سیستمی شاهەنشاهی و دەرەبەگایەتی گرتەبەر و داوای جێگیربوونی سێستمی کۆماری، کە جێگری سەرۆک کۆمار کورد بێ، کرد. هەروەها وشەی ئێران بۆ یەکەم جار بە ناوی حیزبی دێمۆکڕات زیاد بوو و بوو بە حیزبی دێمۆکراتی کوردوستان ـ ئێران. هەروەها بڕیار درا کە وەک پێشوو پەیوەندی راستەوخۆ بە حیزبی تودە نەمێنێ و حیزب سەربەخۆ بێ.

دیاره جەلیلی گادانی لەوەی کە دەڵێ لە کۆنفڕانسی یەک دا ناوی حیزب گۆڕدرا، بە هەڵە چووە و ئەو ئاڵوگۆڕە لە کۆنفڕانسی ۳ دا کراوە کە حیزب بوو بە "حیزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران).

هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەری و دیاری کردنی موشاویر وەک ئەرکێکی دیکەی کاری ئەو کۆنفڕانس بووە. بە پێی لاپەڕەی ۱۰۰ کتێبی ۵۰ ساڵ خەبات، ئەو کەسانە وەک ڕێبەری حیزب هەڵبژێردران: دوکتور قاسملوو، غەنی بلوریان، عەزیزی یۆسفی، ڕەحمەتوڵای شەریعەتی(کە خەڵکی سنە بوو)، سەید عەوڵای ئیسحاقی و هەروەها دۆکتور عەلی مەولەوی وەک موشاویر دیاری کرا.


سمایل قاسملو

دیارە کاک سەید ڕەسووڵ دێهقان، لە کورتە ژیاننامەکەی دا، غەنی بلوریان وەک موشاویر ناو دەبا. دابەش کردنی پۆست و شوێنی کاری ڕێبەری، بە شێوەی خوارەوە بووە: ۱ ـ دوکتور قاسملوو بەرپرسی گشتی و پەیوەندی نیوخۆ و دەرەوە ۲ ـ غەنی بلوریان، کار لە جنوبی کوردستان ناوەندی سنە۳ ـ عەزیزی یۆسفی، کار لە شیمالی کوردستان ناوەندی ورمێ ٤ ـ ڕەحمەتوڵای شەریعەتی، کار لە جنوبی کوردستان ناوەندی سنە ٥ ـ سەید عەولای ئیسحاقی، کار لە مەهاباد و دەوروبەر ٦ ـ دوکتور عەلی مەولەوی، کار لە سەقز و تاران.

هەروەها سولەیمانی موعینی و کەریمی حیسامی کە تازە لە زیندان ئازاد ببوون، لە گەڵ هاشم حوسێن زادە و یوسفی رزوانی، بۆ کار لە مەهاباد و جەلیل گادانی و ئەسعەد خودایار و هاشم ئەقەلولتولاب و حەمەدەمینی راتبی، بۆ کار لە دێهات دیاری کران.

ئەگەرچی لە کۆنفڕانسی یەک دا، حیزبی دێموکرات سەربەخۆیی خۆیی ڕاگەیاند، بەڵام زۆربەی ڕێبەرانی حیزب دەستیان پێ لە حیزبی توودە هەڵنەگیرا و بەشێوەیەک بەسترانەوە بەو حیزبە و حیزبی توودە وەک مڵۆزمێک دائیم بە بیر و ئەندیشە، بە دەستێوەردان لە کاروباری حیزب، لە بەلارێدان و هەترە بردنی دەستی هەڵنەگرت.

لەو قۆناغەدا کاری تەشکیلاتی بە ڕێکوپێکی بەرەو پێش دەچوو و بۆ ناوەندی پیرانشار و ئاواییەکانی دەوروبەر، کومیتەیەکی بەهێز بە ناوی "بڵباس" پێکهات. هەروەها کومیتەی حیزب لە شاری بانە کە بە دوای کودەتای دژی گەلی ساڵی ۱۳۳۲ تێکۆشانی نەما بوو، دەست بە کار بووە و محەممەد کەریمی (قاقە) و عەبدولقادری سەلیمی و کەریمی وسووقی بەڕێوەیان دەبرد. دیارە دواتر هاشمی ئەقەلولتولاب (قادر شەریف) وەک کادری حیزب سەردانی ئەو کومیتەیەی دەکرد.

ئەو کومیتەیە لە ماوەیەکی کەم دا زۆری پەرە ئەستاند و تا گیرانی سمایلی قاسملوو بەسەر سێ کومیتە دابەش بوو. هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ٧٦ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ

باوەجیی کۆیە" دەنووسێ: من ئەوکات ئەندامی حیزب نەبووم بەلام ئەو جۆرەی لە کاکم ( کاک محەممەد) بیستووە لە پێش گیرانی سمایلی قاسملوو ناوچەی بانە سێ کومیتەی بووە، یەکیان کومیتەی شار کە کاکم بەرپرسی یەکەم بووە. کومیتەی باکوور کە ناوچەی نەمەشیر و کیوی بلۆو و دەشتەتاڵی دەگرتەوە بەرپرسی یەکەم زیندوویاد مەجیدی ئەحمەدی و کومیتەی باشوور کە ناوچەی بۆیەن و پشت ئاربەبای دەگرتەوە بەرپرسی یەکەم مەلا محەمەد ئیمامی بووە. کادری نهێنی حیزب لەو ناوچە زیندوویاد قادر شەریف بووە و جارو بار هیندێکی تر لە کادرەکان هاتووچوویان کردووە. بەڵام لە گرتنی قاسملوو دا دەرکەوت کە هەموو کادرە نهێنەکان ئاگایان لە تەشکیلاتی حیزب هەبووە و ئەوە کەمایەسییەکی گەورەیە بۆ حیزبێکی نهێنی. ئەوەندەی من بزانم لانیکەم بەرپرسی یەکەمی ناوچەکان پێوەندییان پێکەوە هەبووە و ئاگایان لە کار و تێکۆشانی ناوچەکانی یەکتر هەبووە.

ئەوجار کەسانی وەک محەممەد بەحرولعلوم و قاسمی سوڵتانیان و هاشمی جەلالی و سمایلی قاسملوو و زور کەسایەتی دیکە، هاتنە ناو ریزەکانی حیزب و لێبڕاوانە کار و چالاکییان دەست پێکرد.

گرینگرین کاری ئەو کۆنفڕانسە، سەربەخۆبوونی حیزب لە هەموو بوارەکانی تەشکیلاتی و سیاسیی و ئەو کارە لە میژووی حیزبدا، وەرچەرخانێکی گەورە بوو.

لەم کاتانەدا ڕێژیم بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دا تا شوێنی ئەندامانی حیزب ببینێتەوە. زۆری نەکێشا، دەزگای ئەمنییەتی ساواک و رایەڵەی سیخوڕی ڕێژیم کە ڕۆژ بەرۆژ بە هێزتر دەبوو، توانی لە نێو ڕێکخراوی حیزب دا رەخنە بکا. لە ساڵی ١٣٣٥ غەنی بلوریان بە ناوی نەهێنی "پەڕتەوی" لە شاری سنە گیرا و دوای شناسایی بە سێ ساڵ زیندان مەحکوم بوو.

## کارەکانی کۆنفڕانسی یەک

لەم سەردەمەدا ئەندامانی حیزب لە کوردستان و لە تاران لێبڕاوانە دەست بە کار بوون و لەمەر وەزعییەتی کوردستان بڕیاری گرینگیان دا. دەبوو رۆژنامەی کوردستان دەربکرێ و کومیتەی بەرزی کوردستان، کە تا شاری سنەی دەگرتەوە و بەرنامەی بۆ کار لە کرماشانیش هەبوو، دامەزری و هەروەها پێشنیاری شەڕی چەکدارانە کرا.

مامۆستا هێمن لە لاپەرەی ٤٢ کتێبی تاریک روون دا باس لە خەباتی چەکداری دەکا و دەنووسێ: هەرچەند هێندێک لە تێکۆشەران پێشنیاری هەڵایساندنی شۆڕشی چەکداریان دا و لەبیرمە کاغەزێکم بۆ هات کە چاوەنۆر بە بەوزوانە چەک بڵاو دەکەینەوە و شۆڕش دەست پێدەکرێ. بەڵام چ باس نەبوو. بێگومان لەو وەختەدا کە عەشیرەتی مەنگوڕ لەو شوێنە سەخت و قایمە دا هاوکاری حیزبی دەکرد، دەست پێکردنی شۆڕشی چەکدارانە کارێکی محاڵ نەبوو.

کەریمی حیسامی کە ئەوکات وەک بەرپرسی کومیتەی شاری مەهاباد دیاری کرابوو لە لاپەڕەی ٢٤٦ بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانی دا، دەنووسێ کە لەو کاتەدا کە حیزب بە رواڵەت خۆ بۆ

شەڕی چەکداری ئامادە دەکرد، ئەو بەیاننامەیەکی بۆ چووە کە تیدا داوا کرابوو کە ژمارەی شانەکانی شار و گوند و ئەندامان و ناوی ئەو کتێبانەی کە لە شانەکان دا دەخوێندرێنەوە و داهاتی مانگانە، بنێردرێن.

پێشتر گوترا کە لە لایەن رێبەری حیزب دوو نامە نووسرا کە دوکتور قاسملوو دەبوو لە دەرەوەی وڵات بیگەیەنێتە دەستی کاربەدەستانی سۆڤییەت و رێبەری حیزبی تودە کە دوژمن رەخنەی تێنەکرد بوو. دوکتور کارەکەی کرد بەڵام دواتر ئەونامانە کێشەیان بۆ خولقاند و هێندێک پەڵپیان پێگرت کە نامەکانی نەگەیاندووە. دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ ی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە، لەوبارە دا دەڵێ: لە دەرەوە پێوەندیم گرت، هەم لەگەڵ حیزبی توودەو هەم لەگەڵ سۆڤیەتی‌یەکان. لەو تەماسەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٣٤ یانی٣٤ ساڵ لەوە پێش‌و بە دوورو درێژی قسەم دەگەڵ کردن، ئەوان گوتیان: بەڵێ داخوازەکانتان راست‌و رەوایەو جێبەجێ‌یان دەکەین، تۆ بگەڕێوە داخلی وڵات‌و بە هاوڕێیانیش بڵێ. نومایەندەی حیزبی توودە ″رادمنش″ بوو (لەو وەختەوە رادمنش هەر پێی دەگوتم ئەمن لە ژیانمدا هەر سوپاسگوزاری تۆم، چونکە ئەتۆ نەبای نەیاندەهێشت من لە یەکیەتیی سۆڤیەت بێمە دەرو ئەو یەکەم جارە کە هێشتویانە بێمە پڕاگ بۆ چاوپێکەوتنی تۆ!)

بەهەر حاڵ هەتا من گەڕامەوە "کیانوری"و هەموو ئەوانەی دیکەی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی توودە کە لە نێوخۆی وڵات بوون، چووبوونە دەرێ و ئەوەی کە مابوو وەك "یزدی"و "علوی" گیرابوون. لە نەتیجەدا بڕیارمان دا کە ئێمە بۆ خۆمان فەعالییەتی خۆمان درێژە پێ بدەین.

بە دوای ئەو کۆنفڕانسەدا پەیوەندی نێوان حیزب دێموکرات و رێکخراوەکانی عێراقیش بە هێز بوو. دوکتور قاسملوو هەر لەو سەرچاوەدا دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان دەڵێ: لە جەرەیانی ئەم فەعالییەتەدا، بۆ یەکەم جار لە عێراق پێوەندیمان لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراق گرت کە ئەو وەختەش سێ چوار دەستەش بوو و دەگەڵ هەر سێ چوار دەستەکە پێوەندیمان گرت. دەگەڵ پارتی پێوەندیمان گرت کە ئەویش دوو دەستە بوو. بەم چەشنەو بەرەبەرە لەگەڵ رێکخراوەکانی کوردستانی عێراقیش ئاشنا بووین‌و لەگەڵ عێراق ئاشنا بووین.

### دامەزرانی ساواک

بەشی ئەمنی و ئاسایشی لە هەر وڵاتێک دا، گرینگی تایبەتی هەیە و ئەرک و وەزیفەی ئەو دەزگایە بەستراوەتەوە بە پێشکەوتوویی و چەشنی سیستیمی ئیداری و دەستەڵاداری ئەو وڵاتە. ڕوکنی دووی ستادی ئەرتەش ئێران لە ژێر کاریگەری نیزامی دیکتاتۆڕی ئێرانی سەردەمی پاشایی پەهلەوی دا، یەکێک لە دڕندەتری دەزگاکانی سەرکوتگەری جێهان بوو. ئەو دەزگایە لە پیش شەڕی دووهەمی جیهانی بە هۆی ئەفسەرانی ئێرانی، کە لە فەڕانسە دەیانخوێند، لەسەردەمی رەزا شا دا دامەزرا. کار و ئەرکی ئەو ئیدارەیە، کۆکردنەوە و زانیاری و سیخوڕی لە سەر فەرمانبەرانی ئەرتەش و خەڵکی ئاسایی و وڵاتانی دەرەوە بوو. لە ساڵی ١٣٣٢ بە دوای کودەتای ئەرتەش دا، حەسەنی پاکرەوان لە

سەرۆکایەتی ئەو دەزگایە لابردرا و سەرهەنگ مستەفا ئەمجەدی بوو بە بەرپرسی روکنی ۲ و هێندێک ئاڵوگۆڕی تێدا پیکهێنا و زانیاری و ئەمنییەتی نێوخۆیٚ وڵاتیشی پێ ئەسپیردرا.

تا پێش دامەزرانی ساواک لە ساڵی ۱۳۳۵ دا، بەشێکی زۆر لە خەباتکارانی کورد بە هۆی روکنی ۲ کەوتنە ناو زیندان و بەر ئەشکەنجە و ئازاری دڕندانە دران. ئیدارەی ساواک لە رەشەمەی ساڵی ۱۳۳۵ وەک یەکێک لە دامودەزگاکانی دەوڵەت سەر بە سەرۆکی وەزیران دامەزرا و مەجلیسی شوڕای میللی دەنگی پێدا. تەیموری بەختیار لە بەشی نیزامی لابرا و بە سەرۆکی ئیدارەی ساواک دیاری کرا. شا بۆ کونترۆڵ کردنی بەختیار، گرینگی دا بە روکنی ۲ و سەرلەشکر حاجی عەلی کیای کردە سەرۆکی ئەو ئیدارەیە کە زۆر دژی بەختیار بوو. ئەرکی ساواک بەدەستهێنانی زانیاری بۆ پارازتنی ئەمنی وڵات و بەربەرەکانی لەگەڵ سیخوڕان و دژبەرانی نیزامی سەلتەنەت و خەتاکارانی بەشی نیزامی بوو.

لە ساڵی ۱۳۴۲ بەشەکانی تایبەت بە ساواک زۆری پەرە ئەستاند و زیاتر لە ۵۰۰۰ ئەفسەر و رادەیەکی زۆر هەواڵدەر و سیخوڕ، تەواو وەخت کاریان تێدا دەکرد و بە پێی رۆژنامەی نیوزویک لە ساڵی۱۳۵۳ (۱۹۷٤) رادەی ۳ میلیون کەس لە خەڵکی ئێران بە چەشنێک پەیوەندیان بە ساواکەوە هەبوو.

## گیران و دەربازبوونی نەسرینی قاسملوو

لە ساڵەکانی دوای کودەتای ۱۳۳۲ لێنا (نەسرین) خێزانی دوکتور قاسملوو و منداڵەکانی لەگەڵ سمایلی قاسملوو لە تاران بە نەهینی دەژیان و هەر جاریٚ بۆ شوینێک جێگۆڕکێیان دەکرد. ژیانیان سەخت و دژوار بوو و دوکتور قاسملوو بە دائیم لە مەئموورییەتی حیزبی دابوو و زۆرجار ئەوەندە بە درەنگی دەهاتەوە ماڵێ کە منداڵەکانی نەیاندەناسییەوە. دوکتور زۆر جار لەو مەئمورییەتانە لە مەترسی دەکەوت. جارێک پۆلیس لە زەنجان لە ئوتوبووس دایبەزاند و پرسیاری لێکرد کە بۆچی چەمەدانی پێنییە. دوکتۆر بەرلەوی پۆلیس ڕایگریٚ کیفێکی دەستی پێ بوو کە مەدارێکی حیزبی تێدا بوو. خێرا لە لای شۆفێرەکەی شاردێوە و دوایە بەر لەوە وڵامی پۆلیس بداتەوە، سیغارێکی بۆ خۆی و سیغارێکیش بۆ پۆلیسەکە داگیرساند و پێیگوت، بۆ جاری وا بۆ تۆش نەهاتووەتە پێش کە چەمەدانت پێ نەبیٚ؟ پۆلیسەکە دەڵێ با ئەگەر سەفەری کورتم کردبێت چەمەدانم نەبردووە. دکتۆریش دەڵێ باشە ئەمن بۆ سەرەخۆشی دۆستێکم دەچم. پۆلیسەکە دەڵێ کەوابوو بۆخۆت سڵامەت بی و ئیزنی دەدا کە بڕوا.

بە دژواربوونی کاری تەشکیلاتی لە کوردستان دا، ئەندامانی حیزب ڕایان کرد بۆ تاران و ماڵە دوکتور قاسملوو بوو بە مەکۆیٚ ئەندامانی سەرووی حیزب وەک، عەزیز یۆسفی و غەنی بلوریان و ئەحمەد تۆفیق و سولەیمانی موعینی و سەعید کوێستانی و ...

جیا لەوانەش، شەوێک لە نیوەشەودا، کیانووری ئەندامی سەرووی حیزبی تودە بە لیباسی ئەفسەری بە نهێنی، هاتە ئەو ماڵە و لە زەنگی دەرکەی دا. ئەوان زۆر نیگەران بوون. کاتێک دەرکەیان کردەوە و دیتیان کیانوورییە، مەترسیان نەما. ئەو، ماوەیەک ماوە و لەگەڵ دوکتور قاسملوو دوو بە دوو لە ژوورێک دانیشتن و پێکەوە زۆریان قسە کرد و دوایە ڕۆیشت.

مانەوەی ئەندامانی سەرەکیی حیزب بۆ چەند مانگ لە یەک شوێن، کە هەرکام بەرپرسی مەڵبەندێکی کوردستان بوون، کارێکی شیاو نەبوو و نەمانی ئەوانە بە مانای نەمانی حیزبی دیموکرات بوو. بۆیە ئەوان بۆ خۆیان بڕیاریان دا کە بڵاوەی بکەن. بەڵام پارەیان نەبوو کە بچن بۆ شوێنێکی دیکە.
سەرئەنجام دوکتور قاسملوو لە گەڕەکیەکی فەقیرنشینی تارانماڵێکی بە کرێ گرت. ماڵی تازەش بوو بە مەکۆی هاوڕێیان حیزبی کە بۆ ناخواردن، یان بۆ کۆبوونەوەی حیزبی دەهاتن. دوایە حیزب بڕیاریدا کە دکتۆر قاسملوو بۆ کاری حیزبی بڕوا بۆ دەرەوەی وڵات و منداڵەکانیشی لەگەڵ خۆی بەرێ. بەرپرسانی حیزبی داوایان لە لێنا کرد کە منداڵەکانی وەکوو کورد باربێنی. لێنا چوو بۆ سفارەتی چەکوسلۆواکی بەڵام بە هۆی ئەوی لەکاتی هاتنی بۆ ئێران دا گرفتی هەبوو، پاسپۆرتی بۆ جێبەجێ نەبوو. بە هۆی پارێزەریش هیچی بۆ نەکرا. پۆلیس دەیگوت کە لێنا دەبێ بۆ خۆی بۆ وەرگرتنی بێ بۆ ئیدارەی پۆلیس. لێنا ئەگەرچی لە پۆلیس نیگەران بوو بەڵام دواتر بڕیاری دا کە بچێ بۆ ئیدارەی پاسپۆرت. لێنا زگ پڕ و دوو ژیان بوو و لەبەر ژانی زگی دەینالاند. ئەو دەبوو هێندێک بەڵگە و دوکیۆمێنت بۆ سفارەتی چک بەرێ و لە وێشڕا بڕوا بۆ نەخۆشخانەی شۆڕەوی. سەدیقی ئەنجیری زۆری یارمەتی لێنا کرد و لێنا چەند ڕۆژ دوای منداڵ بوون چوو بۆ ناوەندی پۆلیس کە تیمسار بەختیار بەسەری ڕادەگەیشت. لەوێ دوای چەند سەعات ڕاگرتن، بردیانە ژووری تەیمووری بەختیار، بەرپرسی هێزەکانی شاهەنشاهی و پۆلیسی دەوڵەتی و ڕوکنی دووی ئێران. بەختیار فەڕەنسەوی دەزانی و لێنا گوتی کە فارسی نازانێ و بە ئینگلیسی قسەی کرد. بەختیار دەیزانی کە لێنا زۆر باش فارسی دەزانێ، بەڵام لێنا خۆی لە گێلیدا و هەر حاشای کرد. بەختیار پێیگوت کە دوایە مەعلووم دەبێ کە فارسی دەزانی و ناردی دوو فایلیان هێنا و لە یەکیان دا نووسرابوو کە لێنا فارسی زۆر باش دەزانێ.
بەختیار پێیگوت کە بە هۆی پێوەست بوونت بە بزووتنەوەی تاوانبارانەی هاوسەرەکەت، هەر ئیستا دەتخەمە زیندانەوە و بانگی دوو سەربازی کرد. دوایە ئەفسەرێکی باڵا بەرز هات کە ئینگلیسی دەزانی و پرسیاری لە لێنا کرد کە عەبدولڕەحمانی قاسملوو مێردی ئەوە. لێنا وەڵامی داوە کە بەڵێ. ئەفسەرەکە گوتی دەتوانی پێمان بڵێی لە کوێیە و دەتوانین چاومان پێ کەوێ؟ لێنا گوتی نا چونکە بۆخۆشم نازانم لە کوێیە. ئەفسەرەکە قسەکانی بۆ بەختیار گێڕاوە و بەختیار بە تووڕەیی گوتی تا پێمان نەڵێ لێرە دەمێنێتەوە. ئەوە دوو سەربازیش چاوەڕێی ئەو دەکەن.
بە پێی لاپەڕەیی ١٦٠ کتێبی نەسرین خانم، دوای ئەوە ئەفسەرەکە قسەکانی بۆ لێنا گێڕاوە. لێنا هەستا حەوا و کۆرپەکەی لە باوەش گرت و گوتی وا دیارە چونکە ئەمن نازانم مێردەکەم و ئەوان لەکوێن، دەبێ بۆ هەمیشە لە زینداندا بمێنمەوە. دوایە بە توندی گوتی لێمگەڕێن با بڕۆم منداڵەکەم برسییەوە و پێش وەخت لە دایک بووە و بۆخۆم ناسازم. ئەوجار گوتی ڕووتان وەرگێڕن دەبێ شیر بدەم بە منداڵەکەم. بەختیار بە تووڕەی ڕووی وەرسووڕاند و بە ئەفسەرەکەی گوت کە ئەو ژنە شارومەندی ئێرانە و ئابڕووچوونی لێناکەوێتەوە. بەڵام ئەفسەرەکە گوتی کە ئەوە بە ڕەگەز ئەورووپاییە و سفارەتی چەک ئاگادارە کە هاتۆتە ئێرە. ئەگەر شتێک ڕوو بدا، شا هەڵوێستی دەبێ و لە درێژەدا، گوتی: تەیموور لە لای شای پێگەیەکی باشت نییە.
ئەفسەرەکە کە دیار بوو لە بەختیار زۆر نزیکە، پێیگوت ئەو ژنە و منداڵەکەی لە ماڵێ لەژێر چاودێری بگرە و مەیەڵە بڕوا بۆ دەرەوە، ئەوکات بە ئاسانی دەستت بە عەبدولڕەحمان و هاوڕێکانی ڕادەگا.

دوایە بەختیار فەرمانی کرد کە تا کاتێک مێردەکەی خۆی بە پۆلیس نەناسێنێ، لێنا پاسپۆرتی نەدرێتێ و لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر بێ. دوایە بەختیار بە دوو سەربازەکەی گوت کە ئەو خانمە ببەنە لای سەرهەنگ زیبایی. هەر کە ناوی زیبایانیان هێنا، لێنا ئەژنۆی نوشتاوە و زۆر ترسا. چونکە ئەو ئەشکەنجەگەرێکی بەسام بوو. کەس لە چەنگ ئەشکەنجەکانی ئەو دەرباز نەببوو. ئەو کەسێکی کورتە باڵاو بوو و سەری وەک هێلکە دەچوو کە بە ملییەوە نووسابوو. جەستەشی هەر وەک هێلکەیەکی زەلام دەچوو. نیوچاوانی گرژ و توورە و دمپیس و دم هەراش بوو.

زیبایی ڕووی لە لێنا کرد و بە توورەیی گوتی: چ سیحرێکت کرد کە ئەو پیاوە ئیزنی دای بڕۆیەوە؟ دوای بێ ڕێزی و بێ حورمەتێکی زۆر، لێنا گوتی کە حاڵی نابێ و زیبایی ناردی بە دوای دیلمانج دا و دیسان ئەفسەرەکەی لای بەختیار هاتەوە و سڵاوی کرد.  زیبایی وڵامی نەداوە و بە توورەیی بە ئەفسەرەکەی گوت کە پێی بڵێ هەتا حەشارگەی مێردەکەمان پێنەڵێ ناهێڵین بڕواتەوە بۆ ماڵێ. ئەفسەرەکە گوتی، بەختیار ئیزنی داوە.

زیبایی گوتی، ئەدی ئەگەر هەڵێ؟

- ئەتۆ دەبێ ڕێز لە ئەمری بەختیار بگری.

زیبایی گوتی: کەوا بوو هەموو ڕۆژێ دەبێ سەعاتی ٩ بەیانی خۆی بە من بناسێنێ.

لێنا گوتی کە ناتوانێ هەموو ڕۆژێ بە دوو منداڵەوە بێتە ئێرەوە و پارەی نییە و لە شوێنێکی دوور دەژی.

زیبایی گوتی، چاو چەند بێ حەیایە، دەبێ هەموو ڕۆژێ بێ!

دوایە، دیلمانجەکە لە لێنای پرسی کە لە حەوتوو دا، چەند جار دەتوانێ بێ؟

ئاخر لێنا بە دوو ڕۆژ لە حەوتوو دا، واتا ڕۆژی دووشەممە و ڕۆژی پێنجشەممە، ڕازی کردن.

ئەفسەرە دیلمانجەکە دەبوو لێنایی بەرێتەوە ماڵێ و ماڵەکە بپشکنێ. کاتێک کە گەیشتنەوە ماڵێ، مینا کچە گەورەکەی لێنا لە حەوزە لیخنەکەی ماڵەکە کەوت بوو و وەخت بوو بخینکێ. ئەفسەرەکە کە وەزعەکەی ئاوا دیت، بێ ئەوەی ماڵەکە بپشکنی ڕۆیشت. هەر ئەو ڕۆژە ساحەب ماڵ داوای لە لێنا کرد کە ماڵەکەی بۆ چۆل کا. لینیاش لەگەڵ سەدیقی ئەنجیری هەر بەو شەوە ڕۆیشتن و حەشارگەیەکی دیکەیان دیتەوە. سەدیق ئەنجیری کورد و ئەندامی حیزب دیموکرات و مامۆستای دواناوەندی و شاعیر بوو. لەگەڵ هاشم کە فارس بوو، دەبوو بە جێگای دوکتور قاسملوو ئاگایان لە لێنا و منداڵەکانی بێ و دەرفەتی چوونە دەریان بۆ بڕەخسێنن. لەو ماوەیەدا لێنا هەوڵی دا لە لای جەمیلە خوشکی هاشم فێری نووسینی زمانی فارسی بێ و لە ماوەی سێ مانگدا، تا ڕادەی چوار ساڵ چووە پێشێ و کاتێک دەستی بە خوێندنی پۆلی پێنج کرد، جەمیلە کە لێنای زۆر خۆش دەویست، ئاوری تێبەر بوو. لێنا توانی پەتووی پێداداو لە مردن ڕزگاری کا. بەڵام برینەکە سەخت بوو و دوای ٩ مانگ جەمیلە لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد. بنەماڵەکەیان هەرچی هەیان بوو بۆیان خەرج کرد، تەنانەت ماڵەکەشیان بۆ لە گرەو نا، بەڵام فایدەی نەبوو. بۆیە هاشم دەبوو بە دوای بژیوی ماڵەکەی کەوێ.

لەو وەزعییەتە دا دوکتۆر قاسملوو کە لە دەرەوەی وڵات چاوەڕوانی منداڵەکانی بوو، گەڕاوە بۆ ئێران و دیسان منداڵەکانی لە نەهێنیدا دیتەوە و بۆ یەکەم جار چاوی بە هیوای کچی کەوت.دوکتۆر قاسملوو پارە و پاسپۆرت و بلێتی تەیارەی بۆ لێنا ئامادە کرد و داوای لێکرد کە بچی بۆ بەغدا و لەوێ

ڕا بچن بۆ ئۆروپا. ڕۆژێک لێنا و سمایلی قاسملوو خۆیان ئامادە کرد و منداڵەکانیان پێچاوە و بەرەو کوردستانی عێراق وەڕێکەوتن.
دکتۆر قاسملوو بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ حیزب چووە بۆ ئۆروپا. لنیا لە لاپەڕەی ١٩٣ کتێبەکەی دا باسی ئەوە دەکا کە چۆن دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ چەند کەسی دیکە لە زستاندا بە سەر گۆمێکدا دەڕۆن و سەهۆڵ دەشکێ و ئەوان زۆر بە زەحمەت نەجاتیان ببوو. دوکتور وەخت بوو لە سەرما ڕەق هەڵێ و تای گرتوە و تووشی وڕێنە بووە بەڵام چاوساغەکە کێشەی نەبوو.
لە سەفەر بۆ عێراق، لێنا دەبوو ڕۆڵی هاوسەری سمایل قاسملوو بگێڕە و خۆی لاڵ کا و وابنوێنێ کە دەیهەوێ بچێتە کەربەلا تا چاک بێتەوە. ئەوان بە زنجان و مەراغە و میاندوا و بۆکاندا تێپەڕین و چوونە سەقز و دوای نان خواردن لەماڵێک، بردیانن بۆ هۆتیلێک. ئەو ژوورەی کە گربوویان زۆر پیس بوو و مێش دار و دیواری ڕەش هەڵگێڕا بوو. مێشەکانیان دەرکرد. لێنا بێزی هەستا و هێڵنجی دەدا و دەهات بڕشێتەوە. بەیانی لە شار وەدەرکەوتن و لە گوندێک سێ پیاو و منداڵێکی ١٤ ساڵانە بوونە چاوساغیان و بە جیبێکی شڕ وەڕێکەوتن. سمایل دەبوو ڕۆڵی هاوسەری لێنای لەبیرنەچێ و لێناش دەبوو ڕۆڵەی لاڵ بگێڕێ. بە هەوراز و دۆڵ و نشێوی سەخت و ماە دا ڕێگایان بڕی و دوایە بەسەر شوێنی چاودێری ژاندەرمان دا داکەوتن و دوای لێپرسینێکی زۆر، دیسان وەڕێکەوتن. لە لێڕەواوەرێکدا بە سەر ماڵێک دا کەوتن کە کوڕێکی سەرزەلامی زۆربڵەیان هەبوو کە بە دوو سەر بەناوبانگ بوو. ئەو زۆر شۆخ بوو و چونکە لێنا قسەی نەدەکرد بجنێوی پێ دەدا و دەگوت "دایکت دەگێم". لێنا هیچی نەدەگوت و بە ئینسانێکی بێ ئەدەب دەزانی. ئەو کوڕە دواتر بووە بە پێشمەرگە و لە زەمانی شادا کوژرا. ئەوان لەوێڕا ڕۆیشتن و لە ماڵێکی زۆر بەلاوە، لە گوندێک کە ئاغاکەی جاش بوو، لایاندا. لەو کاتەدا سمایل بە حەرز داکەوت و تێکچوو قسەی حەلەق مەلەق و وڕێنەی دەکرد و ئەویشیان لێ بوو بە بەڵا. باش بوو کەمێکیان ئاو بە دموچاویدا کرد، چاک بۆوە.
ئەوان لە ترسان لەنێو ماڵەکەدا نەمانەوە و لە نێو لێرەوارەکەدا خۆیان شاردەوە. دوایش ماڵەکە خواردنێکی گەرمی بۆ هێنان. ئەوان ئەو ماوەیە هەر خواردنی سادیان خوارد بوو. لەوکاتەدا ئاگادار کران کە ژاندارم بە شاخانەوەن و بە دوای پێشمەرگەکان دا دەگەڕێن، بۆیە ڕۆژی دوایە درێژەیان بە ڕێگادا تا گەیشتنە شوێنێک کە هەموو شت گۆڕدرا. گوندێک بە پاڵ گردێک کە تەژی بوو لە شینای و لە جوانی، دەرکەوت. پێشمەرگە لە دوور ڕاوەستا بوون و پێدەکەنیین و قسەیان دەکرد و چاوەڕوانی ئەوانەیان دەکرد. یەکێک لە پێشمەرگەکان کە بە جامانە دموچاوی داپۆشیبوو لێیان نزیک بووە و لێنا بە چاوەکانی ڕا دکتۆر قاسملووی ناسییەوە. پێک شاد و شوکور بوونەوە و ئەو شەوە لە بن داراندا نووستن. بەڵام لێنا لەبەر پرخەی پێشمەرگان خەوی لێ نەکەوت. دوایە هەستا، ئەگەر تەماشای کرد هیوا لە لای نەماوە. پێیوا بوو کە چووتە لای پێشمەرگەکان نووستووە. هەموو لێفەکانی لەسەر لادان و هەمووی هەستاندن. نەیدیتەوە، زۆر گەڕان هەر نەیاندیتەوە، دوایە دکتۆر هاتەوە و لە جێگای خۆیدا لێی نووستەوە. لەوەی کە دکتۆر گرنگی بە منداڵەکەی نەدابوو، لێنا زۆر تووڕە بوو. دوایە دیسان چوو بگەڕێ. لە گۆشەیەک دانیشت و دەستی بە گریانی کرد. لە شوێنێک ڕەشایەکی بەرچاو کەوت، ئەگەر چوو هیوا بوو، بە ئارامی نووستبوو و لە غوڕابی خەوێ دابوو. بۆ بەیانی دیسان وەڕێکەوتن و بنکە کاتی حیزبیان بە جێهێشت. لێنا لاقی بلۆقی کردبوو و تەقی بوو بەڵام بەو وەزعە دەبوو بڕوا تا گەیشتنە نزیک سلێمانی. لەوێ سێ کەس لە هاوڕێکانیان گەڕانەوە ئەوانیش دەبوو لە

ماڵێک ماوەیەک چاوەڕوان بن تا بیانبەن بۆ بەغدا. دوای حەوتویەک مانەوە لەو شوینە، سیارەیەکی جیب هات و ئەوانی بردە بۆ بەغدا. لەوێ دەرکەوت کە بلێت و پاسپۆرت و پارە ئامادە نەکراو و دەبوو پاسپۆرتی ژنێک بە دوو منداڵەوە بدۆزنەوە و کاری لێنیای پێ جێبەجێ بکەن. ئەوکات سەردەمی نووری سەعید بوو. لەو ماڵەدا چەند پیاوی لێبوو، تۆفیق ناوێک بەسەریان ڕادەگەیشت، لەبەر باری ئەمنی سماعیلیان بردە شوێنێکی دیکە. لێنا ٨ مانگ لە بەغدا ماوە. بەڵام هەر بە ماوەیەک لە شوێنێک بوو. جارێک بردیان بۆ ماڵە پیاوێک بە ناوی حەمەسوور کە لەگەڵ برا و زاواکەی و دایک و باوکی پێکەوە دەژیان و نزیک بە ٢٥ کەس دەبوون. لەوێ ژنەکان زۆر بە بێ ڕێزی لەگەڵ لێنا دەجووڵانەوە چونکە پێیانوابوو حەمەسوور بە نەهینی ئەوی هێناوە و منداڵەکانیش، منداڵی ئەون. دوایە حەمە سوور لە دەرەوەی بەغدا، ماڵێکی دیکەی بۆ دۆزینەوە کە کۆشک بوو و سەردەمێک، ئی شازادەیەکی بە ماڵ و خزمەتکارەوە بوو. ئەو کۆشکە ناوی وێشوومە بوو و کوردێک کرێ بووی و کەسی تێدا نەبوو. کارەبای نەبوو، تاریک بوو. دەبوو لێنا تەنانەت مۆمیش هەڵنەکا و کەس نەدەبوو بزانی کە کەس لێرە دەژی. لە حەوتوویەکدا کەسێک دووجار لە شەو دەهات و شتی بۆ دێنان. سڵاووعەلێکی دەکرد و قسەی دیکەی نە دەکرد و دەڕۆیی.

ئەو خواردنەی دەیهێنا کەم بوو، لێنا و منداڵەکانی تێر نەدەبوون. بۆیە لێنا بە تکا و پاڕانەوە هەرچۆنێک بێ کابرای ڕازی کرد کە کەمێکی بیسکوێت بۆ بێنێ. ژیان لەو کۆشکەدا، زۆر بەسام بوو و لێنا و منداڵەکانی بە دەنگی هاشە هاشی ژوور و داڵانەکانی ناو کۆشک دەترساند. بەو گەرمایە نەیاندەوێرا پەنجەرە و درکان بکەنەوە و وەخت بوو بخینکێ. دوایە لەو کۆشکەڕا چوونە ماڵی نیژاد کە دۆستی دوکتور قاسملوو بوو و هەر لە پڕاگەوە یەکتریان دەناسی. ئەو ژنێک و دوو منداڵی هەبوو و خێزانیش لە پراگ بوو و لەگەڵ لێنا یەکتریان خۆش دەویست. بەڵام ژنی نیژاد دەبوو بچێتەوە بۆ کوردستان و لێنا و منداڵەکانی ڕۆڵی خێزان و منداڵی نیژاد بگێڕن. شەوێک کاتژمێری ٢ بەیانی، نیژاد لێنای وەخەبەر هێنا و داوای لێکرد کە چای ساز کا و و کوتی کە میوانی هەیە و دەبێ لە لایان بمێنێتەوە. لێنا بەو فەرمانە زۆر تووڕە بوو بەڵام چارە نەبوو. میوان هاتن و لێنا لەلایەن دانیشت.

پیاوەکان هەموو ئاغابانوویان لەسەر بوو و لێنا سەری بەرداوە بۆوە. دوایە بە هەڵکەوت چاوێکی بە سەردا گێڕان. پیاوەکان مێزەرەکانیان لابرد بوو. ئیوابوو سەری تاس بوو و ئیوابوو قژی هەبوو. لێنا هیچی نەناسینەوە. پیاوەکان پێکەنین و لێنا دەنگی پێکەنینی یەکیانی ناسیەوە. ئەو مێردەکەی بوو. ئەوەندە کز ببوو سەری تاشی بوو کە نەیناسییەوە. لێنا بە ڕابواردنی ئەو پیاوانە وەخت بوو لە پڕمەی گریانی بدا. هەستا و چوو لە ژوورەکەی خۆی و دەستی بە گریانی کرد. دکتۆر گەیشتە لای و لە ئامێزی گرت. ئەو چەند مانگ بوو بە شاخانەوە بوو.

لێنا لە لاپەڕەی ٢٣٨ دا دەنووسێ کە لەوکاتەدا حیزبی دیموکرات تووشی نسکۆ ببوو، زۆر لە ئەندامانی گیرابوون. دوکتۆر و هاوڕێکانی بە مەبەستی ڕاکێشانی شۆڕەشگێڕان لە سەرانسەری کوردستاندا خەریکی جەولە بوون. هێشتا خۆر دەرنەکەوتبوو کە عەبدوڕەحمان و هاوڕێکانی وەدەرکەوتن.

تۆفیق لە بەشی بیناسازیدا کاری دەکرد و بە سەر کرێکاران ڕادەگەیشت. لێنا دیسان جێگۆرکی پێکرا و ئەوجار بۆ ماڵێک کە سێ پیاوی گەنجی تێدا بوو، ناردرا. یەکیان جەلاڵ تاڵەبانی بوو کە خوێندکاری بواری یاسا بوو و زانکۆی بەجێ هێشتبوو لە ترسی پۆلیس ڕایی کردبوو. ئەو کەسێکی میهرەبان و زۆر بلە بوو. ئەو پیاوانە هەموو ناوی خوازراویان هەبوو و تاڵەبانیش ناوی "نەسرین" کە گوڵێکی سپییەو

و لە کێوان دەڕوێ، بۆ لێنای هەڵبژارد. ئەو ناوە جێی گرت و ئێستا کورد بە لێنا دەڵێن نەسرین. ئەوجار پاش ماوەیەک دیسان لەوێش ڕۆیشتن و چوون بۆ پیسترین شوێنی بەغدا. ماڵێکی کۆنی قەدیمی، دیوارەکانی قەڵشی بوو و درزی دابوو. پەنجەرە و دەرکەکانی شکا بوون و لێنا ناوی نابوو، هێلانەی شەمشەمە کوێرە. دوایە حەمەسوور و سمایلی قاسملوو و ئازەربایجانییەک بە ناوی حاجی ئاغا کە لێنا پێیوا بوو تەتەرە و پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی کوردەکانی عێراق و ئێرانە، هاتنە ئەو ماڵە و ئەوانیش لەوێ نیشتەجێ بوون. منداڵەکان سەرەتا سمایلیان نەناسێوە، بەڵام دوایە خێرا ئامبازی بوون و لە خۆشیان شاگەشکە بوون. ئەو ماڵە هەزار جار باشتر بوو لە کۆشکی مەرەگهێنەری وێشوومە. خاوەنی ئەو ماڵە پیرژنێکی بە خۆوە بوو کە چارشێوی سەرتا پا ڕەشی بە خۆی دادەدا و هەمووجارێ بێ پرس دەهات و کورسییەکی دادەنا و دادەنیشت و دەستی بە قسان دەکرد. لیباسەکانی پیس بوون و شاڵی نێوچاوانی لەبەر پیسی بریقی دەهات و دەستی بە قسان دەکرد. لێنا کە دیسان خۆی لاڵ کردبۆوە  چایەکی ڕەشی لە پێش دادەنا و بە بزە دەیدواند. دوای هاتنی ئەو ژنە هەمووجارێ ماڵە پڕ دەبوو لە ئەسپێ. نەیاندەزانی کە ئەو ئەسپێیە لە کوێرا دێ. ڕۆژێک کە ئەو پیرەژنە دەیهەویست بڕوا، لە بەرامبەر تیشکی خۆر دا دیتیان کە ئەسپێی هەزارەزیلە وەڕێکەوتوون. بەم شێوەیە کانگای ئەسپیان ئاشکرا بوو. بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو ژنە سەردانیان بکاتەوە، دەبوو کارێکی بکەن. حەمەسوور بیانوویەکی دۆزیوە و بە ژنەکەی گوت کە لێنا تووشی نەخۆشی درمی بووە و باشترە نەیەتە ماڵیان و ژنە تەرکی ئەوێی کرد.

پاش ٨ مانگ تۆفیق پاسپۆرتێکی بۆ هێنان کە تێیدا ڕوخساری لێنا بە عەبا داپۆشرا بوو و ناوی ببوو بە فاتمە. میناش ببوو بە کوڕ و ناوی ئەمین بوو هیواش وەک خۆی مابۆوە. هەموویان دەبوو هەوڵ بدەن کە شناسی تازەی خۆیان فێربن. مینا وەک کوڕان بە پێوە میز بکا و لێنا فێر بێ کە چۆن عەبای عێراقی بە خۆی دادا کە ئەوەیان کێشەیەکی گەورە بوو. سەرەڕای ئەوانە ئەو کارە بۆ ئەوان بوو بە گەمەیەکی خۆش. بەڵام لەوکاتەدا کێشەیەک هاتە ئاراوە و پەیوەندینی نێوان عێراق و سووریا کێشەی تێکەوت و پچڕا و ئەو تەیارەی کە دەبوو لە بەغدارا بچێت بۆ دمێشق و ماوەی هەشت مانگ بوو کە مامۆستا هەژار و قەدری عێزەدین و زەبیحی چاوەڕوانی بوون، هەڵوەشا.

تۆفیق کە بەسەر کارەکانی لێنا ڕادەگەیشت کەسێکی مرچ و موون بوو، بەڵام زۆری ڕێز لە لێنا دەگرت و لێنا شانازی بەو دەکرد. تۆفیق پێیگوت کە دەبێ بچێتەوە تاران و لەوێ ڕا سەفەر بۆ دەرەوە بکا. ئەو ئاگاداری کردەوە کە دوکتۆر قاسملوو تا ١٠ ڕۆژ بەر لە ئێستا لەوێ بوو و یارمەتی دەکا. ئەو هەواڵە بۆ لینیا جێگای سەرسوڕمان بوو. دواتر دوای ئەوەی لێنا گەیشتە دەرەوەی وڵات، تۆفیق دەستبەسەر کراو بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە کرا. بەڵام ئەو هیچی نەدرکاند و ئازایانە مقاوەمەتی کرد. دوایە زیندانی هەتا هەتایی بۆ بڕاوە و بە بنەماڵەکەشیان ڕاگەیاند کە نەماوە و کوژراوە. هەواڵی مەرگی تۆفیق کاریگەری مەرگی برایەک بوو بۆ لێنا. بەڵام کاتێک لێنا گەڕاوە بۆ ئۆرووپا و زانکۆی تەواو کرد و لە یەکێک لە زانکۆکانی پڕاک وانەی دەگوتەوە، کوردێکی باشوور سەردانی دەکا و دزدانێکی دەستکردی چنراو بە مت و مۆرو و زەنگیانە دەداتێ و دەڵێت تۆفیق لە زیندان ئەم جزدانەی بۆ تۆ دروست کردووە و منی ڕاسپاردووە کە بە تۆی ببەخشم و بڵێم کە ئەو ئەوتۆی لە یاد نەکردوە.

هەواڵی مەرگی تۆفیق ڕاست نەبوو و لێنا بە مانی ئەو زۆر خۆشحاڵ دەبێ. ساڵی ١٩٧٠ کاتێک لینیا گەڕاوە بۆ بەغدا، تۆفیق ئازاد ببوو. ئەو بانگێهشتنی لێنای کرد. تۆفیق ژنێکی جوان و دوو منداڵی هەبوو.
بەمشێوەیە دوای ٨ مانگ لێنا هەموو بەرنامەکانی لێ پووچەڵ بۆوە، بۆیە بە ناچار لەگەڵ منداڵەکانی بە پاسێکی شڕو و تەقوولۆق بە ڕێگای خانەقیندا، بە زەحمەتێکی زۆر بەرەو تاران وەڕێککەوتن و گەیشتنە لای دکتۆر قاسملوو و لێنا لە سەرمان دوو حەوتوو نەخۆش کەوت.
ئەو ماوەیە کە لێنا لە بەغدا بوو، دکتۆر قاسملوو و سمایلی قاسملوو دەست بەسەر کرابوون و لنیا لە لاپەڕەی ٢٥٨ کتیبەکەیدا دا دەنووسێ کە دوکتور ئەشکەنجە کرا بوو و شوێنی برینێک لەسەر ڕەکەی سنگی هەبوو.
دوکتور قاسملوو بۆ دەرباز بوونی منداڵەکانی بلێتی سووریيەی کڕی و ئەوان چوون بۆ ئەوێ و دەبوو قەدری جان کە شاعیر و مرۆڤ دۆست و کوردی تورکیيە بوو و بە هۆی کۆمەڵ کوژی تورکان لەوێ ڕای کرد بوو و هاتبوو بۆ دمێشق، یارمەتیان بکا. ئەو لنیا و منداڵەکانی بردە ماڵە خۆیان و دواش لە لە هۆتێلێک ژوورێکی بۆگرتن. بۆ گەڕان و هاتووچۆ زۆری یارمەتی کردن. پاش دوو مانگ، بلێت ئامادەبوو و ئەوان چون بۆ پڕاگ و لەوێ ڕێکخراوی خاچی سوور بە شێوەیەکی کاتی وەریگرتن و لە ناوەندی شار لە هۆتێلێکی چوار ئەستێرەی دانیان. پاش چەند حەوتوش دوکتور قاسملووش لەنەکاو لێیان پەیدا بۆوە و پێک شاد بوونەوە. پاش ماوەیەک خاچی و سوور ژوورێکی ١٢ میتری چوار گۆشەی لە بنای پەنابەرانی دانێ بەڵام بەشی تەندروستی دەوڵەت، بە هۆی شێدار بوونی ئەو شوێنە، لێنایی لە بەشێکی تەندروستی قەرەنتینە کرد و بە گریان و شیوەن هیوای لێئەستاندن. لەو ماوەیەدا، لێنا حەقی هەبوو هەر لە دوورەوە سەیری منداڵەکانی بکا و تەنیا یەکجار توانی لە ئامێزیان بگرێ.
ئەوان لە پڕاگ هەر ئەو پاسپۆرتە ساختەیان هەبوو کە لە بەغدا سازیان کردبوو و دوای ٨ ساڵ ئەوجار توانیان بە ناوی قاسملوو پاسپۆرتیان هەبێ. لێنا پاش زەحمەتیەکی زۆر توانی لە زانکۆ ناونووسی بکا و درێژە بە خوێندن بدا.

## گیرانی دوکتور قاسملوو

دوای کۆنفرانسی یەک و سەربەخۆ بوونی حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسملوو بۆ پەیوەندی گرتن بە حیزبی کمونیستی شوڕەوی و حیزبی تودە، چووە دەرەوەی وڵات و دوای ئەنجامی کارەکانی خێرا گەڕاوە بۆ کوردستان، بەڵام دواتر لە داوی ڕێژیم کەوت و گیرا. دوکتور حەسەن شەتەوی لە لاپەڕەی ٧٧ کتێبی "چارەنووس" دا دەنووسێ کە دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٣٤ (١٩٥٥) دووبارە گەراوە بۆ چێکۆسلاواکی. دەگەڵ ئەوەی کە یەکێک لە زیرەکترین خوێندکارەکانی ئەوێ بوو، بەڵام بە هۆی کاری سیاسیی نەیتوانی خوێندنەکەی درێژە بدا و گەڕواە.
غەنی بلوریان لە لاپەرەی ١٩٢ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا لەسەر گرتن و دەرباز بوونی دوکتور قاسملوو دەنووسێ: ڕەحمانی قاسملوو و سمایلی قاسملوو دەچن بۆ کۆبوونەوەی حیزبی تودە کە سەرهەنگ

″زیبایی″ ش به ناوی ″سالاری″ بازرەسی حیزبی تودە تێیدا بەشدار دەبێ. سالاری (زیبایی) لە قاسملوو دەپرسێ:

-"ئێمە تەنیا ئاغای عەزیزی یوسفی مان هەیە لە کوردستاندا یان کەسێکی تریشمان هەیە کە بەناوبانگ بێ وخەڵک ڕێزی بگرن و حیسابی لەسەر بکەن وکاری حیزبی بکا؟ ئەو هەروەها دەڵێ: "ناسینی ئەو جۆرە ئینسانە خاوەن رابردوانە بۆ ئێمە زۆر پێویستە". رەحمانی قاسملوو لە وڵامدا رادەگەیەنێ:

"لە حاڵی حازردا کەسێکی ئاوام بە مێشکدا نایە، پێویستە بە دوای کارکردندا ئەو جۆرە کەسانەمان بۆ رون بێتەوە". دیارە قاسملوو ئاگادارێکی زۆری لەسەر بەدەنەی حیزبی دێموکرات نەبوو، ئەو بۆ ماوەیەکی کەم بەپرسی پێوەندی حیزبی تودە لەگەڵ رێبەرانی حیزبی دێموکرات بوو. ئەو تەنیا هاوکاری ئێمەی دەکرد و شناختێکی ئەوتۆی لەسەر بەدەنەی حیزب نەبوو.

دوای تەواو بوونی ئەو کۆبوونەوە، ساواک پشو بە رەحمان و سمایلی قاسملوو نادات و دەستبەجی هەردووکیان دەگرێ و دەیانباتە "تیپی زرەهی" تاران، لەوێ سەرهەنگ زیبایی دەچێتە لایان و پێیان دەڵێ:

-"من دەناسن"؟ ئەوانیش وڵام دەدەنەوە و دەڵێن:

- تۆ ئاغای سالاریی

- "نەخێر من سەرهەنگ زیبایی م " ئینجا سەرهەنگ زیبایی روو لە رەحمانی قاسملوو دەکات و دەڵێ:

- "بلێ بزانم دوێنێ پرسیارم لێکردی بۆچی وڵامی دروستت نەدامەوە و درۆت لەگەڵ کردم".

- من درۆم نەکردوە. من کادری حیزبی تودەم و تازە لە ئوروپا گەراومەتەوە و تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم ئەویش لە ساڵی ٣١-٣٢ دا بەپرسی پێوەندی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دێموکرات بووم. من لە نیو کوردەکاندا جیا لە عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان کەسی تر ناناسم و ئەو کەسەش کە من بە ناوی عەزیزی یوسفی هیناومە بۆ کۆبوونەوە، عەزیزی یوسفی نیە، بەڵکو سمایلی قاسملوویە، کە لە ماڵی میوان بووم و بە تکا هێناومە بۆ ئەو کۆبوونەوە.

سەرهەنگ زیبایی بۆی دەردەکەوێ رەحمانی قاسملوو ئاگای لە وەزعی نێو حیزبی دێموکرات نیە، بەڵام پێێ رادەگەیەنێ ئەگەر ئامادە نەبێ هاوکاری ساواک بکا، دەساڵت زیندانی دەکەن. رەحمان بۆ ئەوەی خۆ رزگار بکا. ئامادە دەبێ بۆ ساواک بنووسێ، ئامادەیە هارکاریان لەگەڵ بکا و بەمجۆرە پاش چەند رۆژ بەندی ئازادی دەکەن. رەحمانی قاسملوو لە نامەیەکی چەند لاپەرەیی دا روداوی گیران و چۆنیەتی ئازاد بوونەکەی بۆ رێبەرایەتی حیزبی تودە نووسیوە کە من دوای شۆرشی ساڵی ١٩٧٩ز نووسراوەی قاسملووم وەچەنگ کەوت.

سمایلی قاسملووش هەر بەم شێوەیە لە زیندان ئازاد بوو. دوای ئازاد بوونیان، ڕەحمان بە سمایلی دەڵێ: "من بەڵێنی هاوکاریم بە ساواک داوە، بەڵام ئامادە نیم هاوکاریان لەگەڵ بکەم و ناچارم ئێران بە جێ هێڵم". سمایل کە ئاوا دەبینێ، دەڵێ: " تۆ بۆچی منت لەو گێژاوە هاویشت، ئێستا من چ بکەم؟ "ڕەحمان، سمایل ڕازی دەکا ژن و منداڵەکەی بە "سەقز" و "بانە" دا بۆ بگەیەنیتە "سلیمانی" و ماڵی "نژادی ئەحمەد عەزیزئاغای" و لەوێوە ڕەحمان ئەو دەباتە "چەکوسلاواکی" تا درێژە بە خوێندنەکەی بدات.



دوکتور قاسملوو

دوکتور قاسملوو دوای ئەوە گەڕاوە بۆ تاران لە ساڵی ١٩٥٥ گیرا. بۆ دەرباز بوون لە چەنگی ڕێژیم کە ئەوکات لە نێو ئەندامانی حیزبی تودە دا باو و بڕیاری حیزبی تودە لەسەر بوو، ئەویش بڵێنی هاوکاری دا و خۆی نەجات دا. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٣ بەرگی ٢ بیرەوەرییەکانی دا لەو بارەوە دەنووسی کە ڕوون نییە کە دوکتور قاسملوو بە چ فێڵ و تەڵکە یان بڵێنییەک توانی پاش چەند ڕۆژ ئازاد بێ و بێتەوە کوردستان.

جێی ئاماژەیە لەو قۆناغەدا، کەریمی حیسامی لە نووسراوەکانی دا بە ڕەشبینی دەڕوانێتە دوکتور قاسملوو و تەشەر و لاتاوی زۆر پێدادەدا. بەڵام ئەو دەیزانی کە ئەوکات لاوانی حیزبی تودە لە نامەیەک دا، داوایان لە زیندانییەکان کرد کە بە هەر شێووەیەک بێ پەشیماننامە، تەنانەت بە تەنەفورنامەش، کارێکی وابکەن کە ئازاد بکرێن و زۆر کەس بەو شێوە خۆیان ڕزگار کرد.

د. حەسەن شەتەوی لە لاپەڕەی ٧٧ کتێبی "چارەنووس" دا دەنووسێ: هاوینی ساڵی ١٣٣٦(١٩٥٧) کاک ڕەحمان بۆ تێکۆشانی نهێنی دەگەڕێتەوە ئێران و پاش ماوەیەک لە تاران لە لایەن پۆلیسەوە دەگیرێ. کاک ئەحمەدی قاسملوو کە ئەدەم لە تاران دەژیا بۆ ئازادکردنی دەکەوێتە هەوڵ و تەقەلا. بەڵام سەرهەنگ زیبایی بۆ بەردانی کاک ڕەحمان داوای بەرتیلی کردبوو، کاک ڕەحمانیان دەگەڵ دوو پۆلیس ناردەوە ورمێ. ئەمن لە پۆلی یازدەی ناوەندی بوم کە ئەو خەبەریان دا بە مەمەدئاغا. چونکە موحەممەدئاغا نەیدەتوانی ئەو پووڵە زۆرە کە داواکرابوو لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا دابین بکا. داوای یارمەتی لە بابم حەمەدەمین ئاغای شەتەوی کرد و ئەویش بە کۆمەگی دۆستێکی بە ناوی میرزا تەقی پووڵەکەی پەیدا کرد کە وابزانم ٢٥٠٠ تمەن بوو. پووڵەکەیان دا و کاک ڕەحمان لە ورمێ تەحویلی باپیرم درایەوە. هەر بە شەو ناردیانە گوندی قاسملوو و شاردیانەوە. دوای دوو مانگان ئەمن دەگەڵ کاک یوسف کوردنیژاد دوو کەس لەگەڵی چووین و لە گەڵی شێخی ئەومان بەرێ کرد و ئەمن و مامۆستا کوردنیژاد هاتینەوە. کاک ڕەحمان لە شنۆیە ڕا بە کۆمەگی بنەماڵەی زەرزا کە سەرۆکەکەیان مووساخان زاوای مەمەدئاغا بوو، چوو بووە باشووری کوردستان و بە یارمەتی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق چوو بۆوە پراگ.

دوای ئەوە دوکتور قاسملوو منداڵەکانی بە هۆی سمایل قاسملوو بەڕێ کرد بۆ عێراق. ئەوان نەیانتوانی دەرباز بن و دوای ٨ مانگ سەختی و کوێروەری گەڕانەوە بۆ ئێران. لەو ماوەیە دا کە لێنا لە بەغدا بوو، دکتۆر قاسملوو و سمایلی قاسملوو دەست بەسەر کرابوون و لنیا لە لاپەڕەی ٢٥٨ کتێبەکەی دا لە ئاخاوتن لەگەڵ دوکتور دەنووسێ: کاتێک کە تۆ لە بەغدا بوویت، من دەستبەسەر بووم.

لێنا: چۆن؟ کێ خەیانەتی لێ کردیت؟

عەبدولڕەحمان: پرسیار مەکە و قسەکانم پێ مەبڕە! هاوکات لەگەڵ من ئیسماعیلیشیان گرتبوو.

لێنا: کەواتە بۆیە نەهات بۆ بەغا؟ بەڵام لەوێ بە منیان دەگوت کە باشە و هیچ کێشەیەکی نییە.

عەبدولڕەحمان: "قسەکانم پێ مەبڕە... هەردووکانمانیان ئەشکەنجە کرد". دواتر عەبدولڕەحمان شوێنی برینێکی لەسەر ڕکەی سینگی نیشان دا و لە وتەکانی بەردەوام بوو. لە پێیەکانمەوە هەڵیانواسی بووم لێیاندەدام. بە پێی ئەو پرسیارانەی لێیان دەکردم و هەر ڕۆژە لە ڕۆژی دیکە جیاواز بوو، تێگەییم کە ئیسماعیل ناوی چەند کەسێکی پێداون. هەر بۆیەش من پێم گوتن ئەگەر ئیسماعیل ئازاد بکەن، ئامادەم قسە بکەم و ئەوەش کە ئیسماعیل زۆر شت نازانێت و ئەوەی پێ گوتوون هەڵەیە و ڕاست نییە. بە پێچەوانەوە هەموو ڕاستییەکان من دەیانزانم و ئەگەر دەتانەوێ قسە بکەم دەبێ پێش هەموو شتێک ئیسماعیل ئازاد بکەن. لەو ڕووەوە کە ئەوان دیانزانی من لە ئیسماعیل زۆر زیاتر زانیاریم لایە، هەر بۆیەش ئیسماعیلیان ئازاد کرد. پاشان، ئەوان هەموو ڕۆژێک کاغەز و قەڵەمیان بۆ دەهێنام، بۆ ئەوەی، ئەوەی دیزانم بینووسم. من سێ لاپەڕەم لە ناوی ئەو کەسانەی کە مردبوون و یان چووبوونە دەرەوەی وڵات و لە ئەمنیەتدا بوون، بۆ پڕکردنەوە، لەگەڵ شی کردنەوەیەک لە دۆخی حیزب، دۆخێک کە لە ڕاستیدا لەمێژ بوو چیدیکە کەڵکی نەمابوو و بە کار نەدەبرا. چەند ڕۆژ لەسەر یەک ناچاریان کردم هەمان سیناریۆ بنووسمەوە و داوایان لێکردم ئەوەی ڕۆژی پێشووتر نووسیومە، بینووسمەوە. نەدەبوو هەڵە بکەم! (لێنا دەیزانی کە هاوسەرەکەی زەینێکی بە قووەتی هەیە).

دواتر داوایان لێکردم هاوکارییان بکەم. دەیانویست بچنە کوردستان و ئەو شوێنانەی من لە ڕاپۆرتەکەمدا باسم کرد بوو ببینن. تەنانەت لە ئەگەری هاوکاریدا، بەڵێنی ئازادی و پارەشیان پێدام. سەرەتا پێشنیارەکەیانم قبووڵ نەکرد. بەڵام پاش بیرکردنەوە، قبووڵم کرد. من بە باشی نەمدەزانی ئیسماعیل دانی بە چی داناوە و نەشمدەزانی کە هاوڕێیانمان ئاگاداری گیرانەکەی من و ئیسماعیل هەن یان نە، نەمدەزانی حەشارگەی خۆیان گۆڕیوە یان نە. بە پێچەوانەوە بیرم لەوە کردبووەوە کە لەگەڵ گەیشتنم بە کوردستان، چۆن خۆم لە دەست مەئموورە پۆلیسەکان ڕزگار بکەم، چونکە بە باشی شارەزای ناوچەکە بووم. هەر بۆیەش، لاپەڕەیەکم لەسەر ئەساسی هاوکاری لەگەڵ ساواک واژۆ کرد.

لێنا (نەسرین قاسملوو) لە دریژەدا لە لاپەڕەی ٢٥٩ دا دەنووسێ: بەو پێیە دوو پیاوی چەکداریان خستە تەک عەبدولڕەحمان بۆ ئەوەی بڕوات بۆ کوردستان. عەبدولڕەحمان کە شارەزای کوێستانەکانی کوردستان بوو، لە چاخانەی گوندێک دا کە پێشتر شوێنی هاتوچۆی خۆی بوو، ئەو دوو چەکدارەی دانا بوو و پێیگوتبوون کە بۆ ئەوەیکە هاوڕێکانی تووشی شک و گومان نەبن، پێویستە پێش هەموو شتێک، بە تەنیا پەیوەندییان پێوە بکات. تەنانەت پێیگوتبوون کە پەیوەندی بە پۆلیسی ئەو ناوچەوە بکەن بۆ ئەوەی لە کاتی دەسبەسەرکردنی هاوڕێکانیدا، یارمەتییان بدەن.

لێنا کە هاوسەرە خۆشەویستەکەی خۆی بە ڕادەی پێویست دەناسی، دەیزانی کە زۆربەی کاتەکان، خەڵک دەکەونە ژێر کاریگەریی خووە سەرنجڕاکێشەکانی عەبدولڕەمانەوە، ئەو دوو مەئموورە پۆلیسەی دەهێنایە پێش چاوی خۆی کە چلۆن، وێڕای گوێ ڕاگرتن لە گاڵتەکانی عەبدولڕەحمان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری سەرنجی عەبدولڕەحمان بە نیسبەتی خۆیانەوە.
لە شاخەکانی کوردستاندا عەبدولڕەحمان وەکوو ماسی بوو لە دەریادا و دەیزانی کە هاوڕێکانی، هەموویان، گەلێک لەو گوندە دوورن.
دواجار عەبدولڕوحمان دانپێدانانەکەی خۆی بەو ڕستەیە کۆتایی پێ هێنا: "ڕەنگە ئەو دوو مەئموورە هێشتاش لەوێ چاوەڕوانی گەڕانەوەی من بن" و ئەم وتەیەی خۆی بە دەنگێکی نەوی و چەشنێک لە ئاسوودەیی دەربڕی و پاشانیش گوتی: من حەزم دەکرد خۆم ئەو شتانەت بۆ باس بکەم، نەک ئەوەی لە زاری خەڵکی دیکە و بە شێوەیەکی دیکە بیبیسیتەوە".
لێنا: بەڵام چۆن وێراوتە بگەڕێیتەوە بۆ تاران؟
عەبدولڕەحمان: تۆش باش دەزانی بنی بەرهەیوان هەمیشە تاریکە.
لێنا لە دوایە دا دەنووسێ بەو دانپێداهێنانەی دوکتور قاسملوو کەس نەگیرا و حیزبیش وەک خۆی ماوە.
لێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنییەتی گیرانی دوکتور قاسملوو بە دوای شەهید بوونی دا سەردانی ماڵە ئەحمەد ئاغا برایی دوکتوری کرد و لەسەر گیرانی ئەو لە لاپەڕەی ٢٦١ کتێبی "ئۆروپاییەک لە نیو کوردان دا" دەنووسێ: گێڕانەوەی ئەحمەدئاغا جیاواز بوو. بە پێی وتەی ئەو، پاش دەستبەسەر بوونی عەبدولڕەحمان، سەرهەنگ زیبایی کە بە دڕندایەتی و سادیسم ناوبانگی دەرکردبوو، سەردانی ماڵی ئەحمەدئاغا دەکات. زیبایی وەکی دیکەش بە گەندەڵ و بەرتیل خۆر بەناوبانگ بوو. زیبایی بە دانی بەڵێنیی هەڵسووکەوتی نەرمونیان و یان ئازادکردنی زیندانییەکان، داوای پارە و پێشکەشی لە بنەماڵەکانیان دەکرد. بەو شێوەیە ئەو ببووە یەکێک لە ساماندارترین پیاوەکانی ئێران. لە بەرانبەر ئازادکردنی عەبدولڕەحمان دا، داوای پێنج هەزار تمەنی لە ئەحمەد ئاغا کردبوو.
زیبایی پیاوێکی گەندەڵ بوو. وەزعییەتی بنەماڵەی زیندانیەکانی دەزانی و بەو پێیە داوای پارەی لێدەکردن. بەمشێوەیە پارەیەکی زۆری بە دەست هێنا بوو. ئەحمەد ئاغا و بەزیبایی قەولدا کە پارەی بداتێ و ئەویش بڵێنی دا کە ڕەحمان ئازاد بکا. دوای ئازادبوونی دکتۆر قاسملوو ڕۆژنامەکان زۆریان لەسەر نووسی و تەنانەت بە خائینییان ناساند.
ڕێکەوتی گرتنی دوکتورقاسملوو دەبێ ساڵی ١٣٣٦ بێ و چوونکە لێنا لە باسی دەرکردنی قاسملوو لە کۆنگرەی دووی حیزب دا بە هۆی ئەحمەد تۆفیق، باسی حەوت ساڵ لەمەوبەر دەکا کە لایەن ساواکەوە دەستبەسەر کرابوو.

## دوکتور قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق دەچنە ئوروپا

لە ساڵی ١٣٣٥ دا بە پێشنیاری دوکتور قاسملوو، بەڕێوەبەری حیزبی دێموکرات بڕیار دا کە ئەو و ئەحمەد تۆفیق بۆ وتووێژ لە گەڵ حیزبی تودە بچنە ئوروپا و عەزیز یۆسفی بە بەرپرسی حیزب

دیاری کرا. ئەوان سەرەتا چوونە بانە و دوایە چوونە کوردستانی باشوور و بە هاوکاری حیزبی شوعی چوونە ئوروپا. بەڵام لە دەرەوەی وڵات کێشەیان لێ‌پەیدا بوو.

دوکتور قاسملوو پێشینەی دۆستایەتی لەگەڵ ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراقی هەبوو و هەر لەو سەفەرە دا توانی ناکۆکییەکانی نێوان ئەوان باش بکاتەوە. سمایل بازیار لە لاپەرەی ١٩٦ کتێبی "کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان" بە نەقڵ لە هوشمەند عەلی مەحموود، لەسەر گاریگەری دوکتور قاسملوو لەسەر بەشەکانی حیزبی شوعی عێراقی دەنووسێ: پێوەندیی قاسملوو لەگەڵ هێزە چەپەکان لە عێراق دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٥ ئەو بە هۆی بیر وبۆچوونە مارکسییەکانی خۆیەوە هەوڵی داوە رۆڵی سیاسی خۆی باش نیشان بدا لە گەڵیان و بە تایبەت کاتێک لە ساڵانی پەنجای سەدەی رابردوو کە چەپەکان لە سێ باڵی جیاواز پێکهاتبوون، وەک (وحده الشیوعیین)، (رابه الشغلیه) و(وحده العمل). قاسملوو چەند جار بە نهێنی سەردانی عێراقی کردووە و چاوی بە یەکە یەکەی ئەو لایەنە جیاوازانە کەوتووە و هەوڵی زۆری لەگەڵ داون بۆ یەکگرتنەوە و یەک پارچەیی یان کە سەرەنجام هەوڵەکانی جێی خۆیان گرت و یەکیان گرتەوە لە ژێر ناوی حیزبی شیووعی.

لە بەیاننامەی ئاشکرا بوونی کومیتەی ساخکەرەوە دا باسی ئەو سەفەرە و مەبەست و ماوەکەی و هەڵسوکەوتی ئەحمەد تۆفیق هاتووە و تێیدا نووسراوە: کۆمیتەی ناوەندیش لە پووشپەڕی ١٣٣٦ دا لە ڕووی لێکۆڵینەوە و بەرژەوەندیی وەزعی گشتیی ئێران و بە تایبەتی کوردستان و هەروەها وەزعی گشتیی جیهانی هاتە سەر ئەو ڕایە کە بە هەموو هێز و توانایەکەوە هەوڵ و تەقەلا بدرێ بۆ کەڵکوەرگرتن لەو هەلە هەلکەوت و بە نرخە. بەم جۆرە دەستکرا بە دانانی نەخشە و پیلان لە هەر بارێکەوە و بڕیاردرا کە بۆ وەرگرتنی نەزەری گشتیی جیهانی هەروەها ڕاکیشانی سەرنجی گەلانی ئازادیخواز دوو کەس بنێردرێنە دەرەوە. ئەوە بوو ئەحمەد تۆفیق بە ناوی مەسئول و رەحمانی قاسملوو بە ناوی مشاویر رەوانەکران.

ئەو مەئمورییەتە کە پێویست بوو زۆر گورج و گۆڵانە ئەنجام بدرێ ١٣ مانگی خایاند و لەو ماوە دوور و درێژەدا ئەحمەد تۆفیق نەک هەر ئەرکە پێسپێردراوەکانی بەجێ نەگەیاند بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستیدایە ئەو کردەوە گلاو و تاوانباریانە:

١ – لادانی لە رەوت و رێبازی حیزبایەتی و هەروا لەخۆدا نواندنی حیزب لەبەرچاوی هەموو کۆڕ و کۆمەڵە دیموکراتییەکانی هەندەران.

٢ – چاندنی تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکایەتی و بە دوزمانی و فیتنەگێڕی لە نێو رێکخراوە سیاسییەکاندا و ڕاگەیاندنەوەی ئەو کردەوە ناپەسندانەی بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبمان.

٣ – رەفتار کردی ناڕەوا و دوژمنانەی دوور لە شێوەی حیزبایەتی دەگەڵ رەحمانی قاسملوو. بەم جۆرە بە کۆڵێک تاوانبارییەوە گەڕایەوە.

ئەو کردەوە و ئاکارانە بوونە هۆی نزمبوونەوەی حورمەت و ناوبانگی حیزبمان لەبەر چاوی گشتیی و دەرەوە هەروەکو بوونە هۆی بەجێ نەگەیاندنی ئەو کارانەی خرابوونە ئەستۆی.

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی٣٥ کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم" باسی چوونی دوکتور قاسملوو (حەسەن) و ئەحمەد تۆفیق و قادر شەریف دەکا کە لە کۆتایی مانگی جوزەردانی ساڵی ١٣٣٥ سەردانی ناوچەی بانەیان کرد و لەوی بۆ ئەندامانی حیزب بە زبانی سادە دوکتور قاسملوو باسی ئابووری و ئەحمەد تۆفیق باسی دامەزران و نەمانی کۆماری کوردستانی کردوە.

ئەوان لە مەزارای ئەندامێکی حیزب خانوویەکیان بۆ حیزب دروست کرد و دەزگای تایپیان لێ دانا. دوکتور قاسملوو لەو سەفەرە دا ناردی بە دوای نەسرینی خیزانی و منداڵەکانی لە تاران، تا بچنە ئەوێ و لە وێڕا لەگەڵ خۆی بە ڕێگای عێراق دا بیانبا بۆ ئورووپا. سەفەری نەسرین خانم و منداڵەکانی لە زۆر کتێبان دا هاتووە. مامەغەنی لە لاپەڕەی ١٩٣ و ١٩٤ کتێبی ئاڵەکۆک دەنووسێ: ”سمایل ژن و منداڵەکەی ڕەحمانی قاسملووی گەیاندبووە سلێمانی و ڕەحمانیش بە یارمەتی بنەماڵەی زەرزا بە شنۆدا چووبووە ئەو جێیە. لە سلێمانی ژن و منداڵی قاسملوو گەڕابوونەوە چەکوسلاواکی و پاشانیش ڕەحمان خۆی چووبوو، بەڵام سمایل لەوێ مابۆوە. ئەحمەد تۆفیق کە دەبینێ سمایل بە بێکاری دەخولێتەوە، داوای لێدەکات و دەڵێ مرۆڤێکی خوێندەواری و باشترە تا کارەکەت جێبەجێ دەبێت بچی بۆ ناوچەی بانە. سمایل قاسملوو دەچێتە ناوچەی بانە و بە نازناوی حوسێن دەست بە کاری حیزبی دەکات”.


دوکتور قاسملوو- هێلێن قاسملوو

مەحەمەد خوسرەوی لە لاپەڕەی ١٨٦ کتێبی "سەربردەی بانە" لە سەر ئەو بابەتە دەنووسێ: ... گوایە هاوسەری د. قاسملوو لە لایەن چەند کەسەوەوە هێندراوەتە ماڵی باوکم بەو مەبەستەی کە کارئاسانی بۆ بکا بەرەو عێراق، بەڵام وا دەردەکەوێ بەهۆی ئاڵۆزی و نالەباری وەختەوە ئەو ژنە ماوەی چەند ڕۆژێک دەمێنێتەوە و فێر دەکرێ هەر کەس ویستی قسەی لەگەڵ بکا وەڵام نەداتەوە و لە قسەشدا خۆی وەک کەڕولاڵ نیشان بدا. هەر بۆیە کاتێک ژنانی ئاوایی کە دەهاتنە ماڵی ئێمە و ئەو ژنەیان دەدی وەک کەڕولاڵ دەیاننناسی. دایکم پێی دەگوتن ئەوە خزمێکی خۆمانە و بە ئەمری خوا شەو لە خەو ڕاپەڕیوە و قیژاندوویەتی، ئیتر هەم کەڕ بووە و هەم لاڵ. ئێستا دەمانەوێ ڕەوانەی لای شێخی کەوانەدۆڵی بکەین. توخوا ئێوەش دوعای بۆ بکەن بەشکم خوا ڕەحمی پێبکا و چاک ببێتەوە. هەر لەو ڕۆژانەدا پیرەژنێک دەچێتە ماڵی ئێمە و ئەو ژنە دەبینێ و بە خەیاڵی خۆی چاکەی لەگەڵ دەکا، لێی دەچێتە پێشەوە و دوای هێندی قسەکردن لەگەڵیدا، لە وەرنەگرتنەوەی پرسیارەکانیدا تا هێزی تێدایە دوو زللە لەملاولای ڕوومەتی دەدا. ئیتر ژنە پڕ بە دەمی ئەقیژێنێ و پیرەژن هاوار دەکا سەگە لێی دوور وەکەون. ئیتر بە پەلە دایکم لێی دوور دەخاتەوە و دەڵێ وازی لێبینن. دایکم دەڵێ پورێ گیان، ئەوە کاری من و تۆ نییە، کاری مشایەخانە. ئیتر ئەو ژنە بەڕێ دەکرێ. ئەو کاتە ماڵی عەبدوڵلا بەگ لە گوندی ڕەشەقەڵات بووە. ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەو ژنەدا بوون سەرەڕای دوو کچی خۆی بریتی بوون لە شەهید قادر شەریف و خوالێخۆشبوو فەقێ حەسەنی

شوێی. ئەو خانمە بە هۆی خاڵە عەبەوە ڕەوانەی لای بەڕێز مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی دەکرێ. چەند ڕۆژێک لەوەبەدوا گوزارشی ئەم مەسەلەیە بە ساواک دەگات و لەو بارەوە چەند جار باوکم کەوتە بەر لێکۆڵینەوە ئەزیەت و ئازار و ماڵ پشکنین".

ڕەشید ئەحمەدی لە درێژەدا لە لاپەڕەی٣٦ کتێبەکەی دا دەنووسێ: ... کاتێ گەیشتینە ئەو شوێنە، دیتم کاک حسێن کە سمایلی قاسملوو بوو لەوێیە و خاتوونێکی بەڕواڵەت بیانی و دوو منداڵی چکۆڵەی پێیە و لەوێ دانیشتوون. کاتێ ئێمەیان دی بە پیرمانەوە هاتن. ئەو خاتوونە باوەشی بە دوکتۆردا کرد و بەگەرمی یەکتریان بەخێرهاتن کرد. دوایی ئێمەشیان بەخێرهاتن کرد و تێکڕا دانیشتین. دوکتۆر ڕووی تێکردم و گوتی ئەو خانمە خێزانی منە و ناوی نەسرینە.



دوکتور قاسملوو- هێلێن قاسملوو- ئەحمەد

ڕەشید ئەحمەدی لە سەر چۆنییەتی شێوەی هاتنی منداڵەکانی دوکتور قاسملوو لە لاپەڕەی٣٨ کتێبەکەی دا دەنووسێ: ... لە کاتێکدا سمایلی قاسملوو لە تارانەوە هێناویەتی تاکو شاری سەقز. مەجید خانی ئەحمەدی بە جیپێکەوە ئەچێت بۆ سەقز بە دوایاندا و لە سەقزەوە مەجید خان و سمایلی لەگەڵدا بووە تا بەردەم گوندی ڕەشەقەڵات. ئیتر پێشتر تەرتیباتی بۆ کراوە و فەقێ حەسەنی گوندی شوێی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی خەڵکی شوێ کە هەموویان هاوڕێ حیزبی بوون، ئێستر دەهێنن و بەرەو گوندی شوێ ڕێدەکەون. لە گوندی شوێ ڕاستەوخۆ دێن بۆ ماڵی مستەفای سەعید خولە لە مێوەکاژاوی سەر بە گوندی ″ئەنجێنە″. کاتێ من و دوکتۆر قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق لە کیوەرۆوە چووین بۆ شوێنی ناوبراو، خانمی قاسملوو لەگەڵ سمایل لەوێ بوون.

دوکتور قاسملوو و منداڵەکانی و ئەحمەد تۆفیق بەهاوکاری حیزبی شوعی عێراق لە ڕێگای بەغداوە رۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات و لەوێ دوکتور لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق کێشەیان لێ پەیدا دەبێ. دەڵێن کە گوایا ئەحمەد تۆفیق گوتویە کە قاسملوو ویستویەتی بە تودەیانی بفرۆشێ ئیدی گەڕاوەتەوە بۆ کوردوستانی باشوور.

لە بەهاری ساڵی ١٣٣٧(١٩٥٨) کەریمی حیسامی و ئەحمەد تۆفیق لە ئاوایی سیاقۆڵ چاویان بە یەک کەوت و کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٧ بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکانی دا، لە زمانی ئەحمەد تۆفیق لە سەر دوکتور قاسملوو دەڵێ: ئەو خەریکی کاری خۆیەتی پەیوەندی بە حیزبەوە نەماوە، بە فێڵ منی برد بووە ئوروپا کە بە حیزبی تودەم بفرۆشێ.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٠٠ بەرگی ٢ ی کتێبی "پێداچوونەوە" دا لەسەر بیروباوەڕی ئەحمەد تۆفیق دەنووسێ: عەبدوڵای ئیسحاقی تا سەفەری ئوروپا و تێکچوونی لەگەڵ دوکتور

قاسملوو لەسەر بیروباوەری توندی تودەیی، خەباتی چینایەتی دریژە پێداوە و پاش غەنی بلوریان یەکێ لە ئەندامانی چەپی کومیتەی پێنج نەفەری کوردستان بوو.

کێشەی دوو ئەندامی سەرووی حیزب، شوێنەوارێکی گرینگی لە سەر تەواوی بوارەکانی نێوخۆی حیزب دانا. ئەگەر ئیدئۆلۆژی و بیری حیزبی تودە روانگە و ئەیدەی حیزبی دێموکراتی شێواند و بەسەر حیزب دا ببوو بە بەڵا، دووبەرەکی نیوان دوکتور قاسملوو و ئەحمەد تۆفیقیش، زیانی زۆری بە تەشکیلاتی حیزب گەیاند.

لەو قۆناغەدا جێپێی ئەندامانی حیزب بۆ کوردستانی باشوور بە تەواوی کرابووە و سەرەڕای گرفتەکانی نێوخۆیی حیزب، کێشەکانی ناو باڵی چەپی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق کە بریتی بوون لە هەمزە عەبدوڵا، نێژاد ئەحمەد، عەزیز ساڵح حەیدەری، خوسرەو تۆفیق ... و باڵی راست کە بریتی بوون لە برایم ئەحمەد و عەلی عەبدوڵا و ... هەروەها ناکۆکی نێوان پارتی دێموکرات و حیزبی شوعی، شوێنی زۆر خراپی لە سەر وەزعی حیزبی دێموکرات دانا.

بە پێی قسەکانی کەریمی حیسامی، لەو کاتەدا ئەحمەد تۆفیق، روانگەی بە نیسبەتی وڵاتی سوڤییەت بە تەواوی گۆڕدرا بوو و داوای کتێبی "کتاب سیاه و سیر کمونیسم در ایران" لە نووسینی بەختیار سەرۆکی ساواکی ئێران و ئەو کتیبانە کە دژی سووڤییەت نووسرا بوون دەکرد و ئەندامانی حیزبی بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبانە هان دەدا.


ئەحمەد تۆفیق

دیارە ئەحمە تۆفیق داوای گۆڤاری "عیبرت"یشی دەکرد کە سەرانی حیزبی تودە لە زیندان دەریان دەکرد و باسی خەیانەتەکانی خۆیانیان دەکرد. ئەوجار لە کتێبی "جاسوس چشم آبی" دا چاوپێکەوتنی زێڕۆبەگی هەرکی تێدا بوو.

لەو بەینە دا زۆربەی ئەندامانی سەرەکی حیزب لە داوی رێژیم کەوتن و دوکتور قاسملوو لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ خاکەلێوەی ١٣٦٨ دا دەڵێ: ئەو بەڕێوەبەرییە بەو شێوەیە مابوو تا ساڵی ١٣٣٧ کە بەداخەوە کاك عەزیز یووسفی و پاشان لە ساڵی دوایی کاك رەحمەت شەریعەتی و غەنی بلووریان کە ئەویش ئەندامی کومیتەی کوردستان بوو، گیران و بە دوای ئەواندا تەشکیلاتی حیزب لێك هەڵوەشا. منیش کە ماوەیەك پێشتر چووبوومە دەرێ لەوێ مامەوە. بەم جۆرەش ئەم رێبەراتییەش تێك چووو ئیدامەکارییەکەی نەما.

## بەشی ٧١

## لە ساڵی ١٣٣٧ زەبری گورچووبڕ لە تەشکیلاتی حیزب کەوت

## گیرانی عەزیزی یۆسفی

دوای ئەوە ئەحمەد تۆفیق وەک بەرپرس و دوکتور قاسملوو وەک راوێژکار بە پێی بڕیاری کومیتەی کاتی حیزب لە ساڵی ١٣٣٦ لە رێگای عێراقەوە چوون بۆ ئوروپا، لەوی کێشەیان لێ پەیدا بوو و ئەحمەد تۆفیق گەڕاوە بۆ عێراق و گۆڕانی فکری زۆر تیدا پێکهات کە رێبەرایەتی حیزب لە نێوخۆ دا پێی ناڕەحەت بوو. بۆیە بڕیار درا کە عەزیزی یۆسفی بچتە عێراق و ئەحمەد تۆفیق بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی رۆژهەڵات و بچێ لە سنە کار بکا. لە بەشێک لە بەیاننامەی کومیتەی ساخکەرەوە کە لە ساڵی ١٣٤٣ لە دژی ئەحمەد تۆفیق دەرچووە، باسی ئەو بابەتە دەکا و دەنووسێ:

لە مانگی گەلاوێژی ١٣٣٧دا لەسەر ئەو کردەوە و ئاکارە ناجوامێرانە لەلایەن هەندێک لە هەواڵانی کۆمیتەی ناوەندییەوە ئەحمەد تۆفیق بانگ کرا بۆ لێپرسینەوە و موحاسەبە کردن بەڵام بۆ خۆشاردنەوە و هەڵاتن لەبەردەمی لێکۆڵینەوەی تاوانباریەتی دەورێکی پڕ لە شەیتەبازانەی (گانگستەر) بە شێوەی هەڵلاوبگر گێڕا. هەر لەودەمەیدا بوو کە بە بۆنەی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە کۆماری عێراق پێکهات بانگی هاوبەشییەتی نیشتمانی و برایەتیی کورد و عەرەب بەرزکرایەوە بۆیە هاواڵانی حیزبمان بەپێویستیان زانی کە ئەحمەد تۆفیقی تاوانبار لەژێر چاودێری و مەسئولییەتی هاواڵێکی تردا بنێرنە کوردستان بۆ لێگێڕانەوەی هاوڕێیانی دیاریکراو و پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوە.

هەروەها سەرێکیش لە کۆماری عێراق بدەن بۆ ئەوەی لەو دەرفەتە هەڵکەوتە سەبارەت بە مەبەستی باس لەسەرکراوی سەروو کەڵک وەربگیرێ.

لێرەدا پێویستە روونی بکەینەوە کە مەبەست لە ناردنی ئەحمەد تۆفیق تەنیا لەبەر شارەزایی بووە بەڵام بەداخەوە لە نێوەی ڕێگادا هاواڵی مەسئول لە لایەن دوژمنەوە دەستگیرکرا. ئەحمەد تۆفیق مانەوەی بە تەنیایی خۆی بەدەرفەت زانی و یەکسەر بە هەڵەداوان چوو بۆ کۆماری عێراق و لەوێ لە ژێر ناوی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کەوتە هەڵوێستی گێرەشێوێنی و تێکدەرانە و دەستێوەردانی نالەبارانە و هەستان بە پێچەوانەی هەر جۆرە یاسا و ڕێبازی حیزبایەتی و چاندنی تۆی دووبەرەکایەتی و فیتنەگێری لە نێوان رێکخراو و کۆمەڵە سیاسییەکانی عێراق و هەروەها پیاوانی سەربەخۆی کورد لە کوردستانی عێراق بە تایبەتی دەورێکی پڕ لە سوور و ئاگربارانەی بەرامبەر بە پارتی دێموکراتی کوردستان دەگێرا.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ١٩٤ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا، بە شێوەیەکی دیکە ئەو بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە و باسی جیاوازی بیری و روانگە عەزیز یۆسفی و ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی ١٣٣٧ دەکا و دەنووسێ: بەر لە گەرانەوەی ″بارزانی″ لە سۆڤیەت لە ٢٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨دا، عەزیزی یوسفی و ″ئەحمەد تۆفیق″ لە سەر گەلالەیەک بۆ پرۆگرامی دوا رۆژی حیزب ناکۆکی پەیدا دەکەن. هەرچی ئەحمەد تۆفیق بوو، لە چوارچێوەی دەوڵەتی پاشایەتیدا خودموختاری دەویست و عەزیز

له چوارچێوەی رژیمی کۆماری دێموکراتیدا. عەزیز، بە رووخانی رژیمی ″فەیسەڵ″ لە عێراق دەرفەت پەیدا دەکات بچێتە باشووری کوردستان و دەقی گەڵاڵەکەی خۆی ئاراستەی هەڤالانی جێگیر لە باشووری کوردستان بکات و رای ئەوانی بۆ راکێشێ...

هەر بە پێی ئەو لاپەڕەیە، غەنی بلوریان باسی گرتنی عەزیز یۆسفی و ئێعتراف کردنی لەسەر سمایل قاسملوو لەساڵی ١٣٣٧ دەکا دەنووسێ: ... بە ئومێدەوە لە ″کەرەج″ سواری ئوتوبوس دەبێ و بێخەبەر لەوە کە ساواک بە شوێنی‌یەوە، بەرەو″ورمێ″ دێ. لە ورمی لیباس دەگورێ و جلی کوردی دەبەر دەکات تا بە شێوەی نەناسراو بچێتەوە مەهاباد و لەوێوە دەربازی باشووری کوردستان بێ.

لە پاسگای "باڵانیش" کە لە ٢٠ کیلومیتری جادەی ورمی بۆ مەهاباد، ژاندرمان ئوتوبوسەکە رادەگرن و قاو دەکەن: "عەزیزی یوسفی دابەزێ". عەزیز بە پەلە گەڵاڵەی پرۆگرامەکە دەخاتە نێو زاری، بەڵام ژاندەرمە دەگەنە سەری و بە مستان لە زار و ئەوکی دەردێننەوە و قۆڵبەست دەیبەن بۆ ژاندرمەری ورمێ. ئوستوار "محەمەدزادە"ی ژاندەرم کە ئەندامی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە، گرتنی کاک عەزیزی یوسفی بە کۆمیتەی فیرقەی دیموکرات لە شاری ورمێ رادەگەیەنێ، کە "کازمی پوور" لێپرساوی بوو، بەلام چونکە حیزبی دێموکرات لە سەر بریاری کۆبوونەوەی "تاران " پێوەندی خۆی لەگەڵ حیزبی تودە و فیرقە دێموکراتی سەر بە حیزبی تودە بری بوو، کۆمیتەی فیرقە نەیتوانیبوو یا نەیویستبوو خەبەری کاک عەزیز بە هەڤالانی ئێمە لە مەهاباد راگەیەنێ.

ژاندرمەری ورمێ "عەزیز" دەباتە تاران و تەسلیمی "ساواک" ی دەکا و لە زیندانی "قزل قەلعە" رایدەگرن.

سەرهەنگ "زالتاش" و سەرهەنگ "عیسا پژمان" کە کوردی خەڵکی "سنە" بوون، دەکرێن بە مەئموری پشکنینی عەزیز و لەمەڕ پرۆگرامەکە لێێ دەپرسن . کاک عەزیز لە وڵامدا دەڵێ :

- عەبدوڵلای ئیسحاقی دەچوو بۆ "کوێت" و ئەوەی دا بە من بیبەم بۆ ورمێ و ئێوارەی رۆژێکی دیاریکراو لە سەر پردی "شەهرچایی" بیدەم بە "حوسێن" ناوێک. من چوومە سە قەرار و حوسێن نەهات کە ئەوی بدەمی.

سەرهەنگ "زالتاش" و سەرهەنگ "عیسا پژمان" بە لێدان و ئەشکەنجە عەزیز ناچار دەکەن کە راستی مەسەلەکە بدرکێنێ و لە ئەنجامدا ناوی حوسێن کە هەمان "سمایلی قاسملوو" بوو دێتە گۆڕێ. عەزیز لەم روانگەوە کە ژاندارم وەک پێشوو لە گوندەکانی کوردستاندا دەسەڵاتی نیە و ناتوانێ دژواری بۆ کادیرەکانی حیزب بخوڵقێنێ و گوندییەکان پارێزگارییان لێدەکەن، ناوی حوسێن دەدرکێنێ. ئەو بیری لەوە نەکردبۆوە کە ئێستا ساواک بە هۆی بەشەکانی پاراستنی ژاندرمەری و مەرزبانی لە هەموو جێیەک ریشەی داکوتاوە و دەیان کۆلکە مەلا و ئاغا و تەنانەت کوێخا کاری بۆ دەکەن و دەتوانێ جێگەی سمایل بدۆزێتەوە.

لێنا (نەسرین قاسملوو) لە لاپەڕەی ١٧٤ ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا... باسی دەستبەر بوون دەکا و دەنووسێ: ماوەیەک پاش ئەو پشووەی کە پێکەوە لە گوندی قاسملوو بردمانەسەر، عەزیز دەسبەسەر بوو و کەوتە زیندان و ئەشکەنجە کرا. ڕێژیمی پاشایەتی بە تاوانی هەڵسووڕانی

پیلانگێرانه به دژی شا و ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ٢٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند.

**گیرانی سمایل قاسملوو**



لە ڕاستەوە: ١- قادر شریف ٢- ئەحمەد تۆفیق ٣- سمایلی قاسملوو ٤- قادر تەگرانی ٥- کەریمی حیسامی ٦- مەلا باقی لە ساڵی ١٩٥٨

دوای گەڕانەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆ باشووری کوردستان، عەزیزی یۆسفی و ڕەحمەتی شەریعەتی بەرپرسانی حیزب لە تاران، بڕیاریان دا کە ئەحمەد تۆفیق لە کوردستانی عێراق را بگەڕێتەوە بۆ ئێران و لە سنه کاری نەهێنی بکا و عەزیز یوسفی وەک نوێنەری حیزب بچێ بۆ ئەوێ. عەزیزی یوسفی لە تاران را گەڕاوە بۆ کوردستان کە بچێ بۆ کوردستانی باشوور. بەڵام هەروەک مامە غەنی لە لاپەرەی ١٩٤ کتێبی "ئاڵەکۆک" دەنووسێ لە گەڕانەوەدا لە گووندی باڵانیش، لە لوری هێنایانە خواری و گیرا.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە عەزیزی یۆسفی نێوی نەهێنی سمایلی قاسملووی درکاند کە حوسێن بوو. پاش ماوەیەک سمایلی قاسملوو گیرا. ئەو کادرێکی خوێندەوار و تێکۆشەر و لێهاتووی زانکۆ و دۆستی نیزیکی ئەحمەد تۆفیق بوو کە لە ساڵی ١٣٣٥ بە پێشنیاری ئەو وەک کادری تێکۆشەری حیزب لە ناوچەی بانە دەستی بە کار کرد. بە پێی دەنگۆیەک ناوبراو دوای ئەوەی لە گەڵ دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٣٥ بۆ ماوەی ٤٨ ساعەت لە تاران گیران، بەڵێنی هاوکاریان بە ڕێژیم دا و ئازاد کران. سمایل قاسملوو هاتەوە کوردستان و درێژەی بە کار و تێکۆشان دا. ئەو خوازیاری ئەوە بوو کە بۆخوێندن بچتە دەرەوەی وڵات. بەرپرسانی حیزب قەولیان پێدا کە پاش ماوەیەک، بەڕێ بکەن. ئەو سێ ساڵ لە کوردستان ماوە و زەحمەتی زۆری کێشا، تا لە مانگی ڕەشەمە ١٣٣٧ (١٩٥٩) لە گەڕانەوە لە کوردستانی باشوور، لە نیزیک شاری بانە گیرا و بردیانە مەهاباد و لەوێ هەموو شتی درکاند و ئیعترافی لە سەر هەموو کارەکانی کرد و هەرچی نەهێنی و شێوەی کاری تێکۆشان و ناوی ئەندامانی حیزب بووە، ئاشکرای کرد.

لێنا(نەسرینی قاسملوو) لە لاپەڕەی ١٨٠ کتێبەکەی دا، لەسەر سمایلی قاسملوو دەنووسێ: ئیسماعیل ئامۆزای عەبدولڕەحمان: ئەو گەنجێکی زیرەک و گەلێک فێداکار بوو و لە ناخی دڵەوە ئەندامەتی خۆی لە حیزبی دیموکرات دا پی خۆش بوو. ئەو ئیسماعیل بوو کە لە ساڵی ١٩٥٧ دا لێنا و منداڵەکانی لە ڕێی شاخەکانی کوردستانی ئێرانەوە بۆ کوردستانی عێراق ئاودیو کرد و هەتا بەغا لەگەڵیان چوو. لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ تاران گیرا و خرایە زیندانەوە.

پاش ئازاد بوون لە زیندان، ڕێبەری حیزب پێشنیاری پێکرد واز لە سیاسەت بهێنێت و درێژە خوێندنەکەی بدات و ئەویش بە قسەی کردن و درێژەی بە خوێندنەکەی دا. پاش کۆتایی هاتنی خوێندن، ئەندازیارێکی بەناوبانگی لێدەرچوو و ژیانی هاوبەشی پێکهێنا. منداڵێکی بوو و دواجار لە تەمەنی ٦٠ساڵیدا کۆچی دوایی کرد...

سمایلی قاسملوو کادرێکی هەڵسووڕ حیزب بوو و جیا لەوی کە لە ناوچەی بانە و ... کاری دەکرد، سەردانی عێڕاقیشی دەکرد. بە پێی لاپەرەی ٦٦ ی کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باواجیی کۆیە" لە نووسینی هاشم کەریمی، ئەو نامیلکە و گۆڤارانەی کە لە عێراق را بۆ ئەندامانی حیزب لە بانە بەڕێ دەکران، ناوی قادر تەگەرانی لەسەر بوو کە سیخوڕی هەمە لایەنەی دەوڵەتانی ئیقلیمی ئێران و عێراق و گشت ڕێکخراوەکانی پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسی و ... بوو.

لە سەر شێوەی گرتنی سمایل قاسملوو، غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٩٥ کتێبی ئاڵەکۆک دا دەنووسێ: سمایل لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٣٧- مارسی ١٩٥٩، بەهۆی ئاغایەکی خەڵکی نێزەڕۆ بە ناوی ڕەحمان خان لە نزیک گوندی نەمەشیر لە بانە لە داوی مەئمورەکانی مەرزبانی دەکەوی.

لە بەیاننامەی دامەزرانی کومیتەی ساخکەرەوە لە ساڵی ١٣٤٣ دا ئەحمەد تۆفیق تاوانبار کراوە کە بە هەڵوێستی خراپی بۆتە هۆی گیرانی سمایلی قاسملوو و دەنووسێ: هەروەها بە دەستێوەردانی لە کاروباری کۆمیتەکانی نزیک سنوور و ″بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی حیزب و ئیعترافاتی خائینانەی اسماعیل قاسملوو″ لە کاتی گیرانی کە بەرهەمی تەئسیراتی ناحەزانەی تاوانبار ئەحمەد تۆفیق بوو سەرئەنجامی پەلاماری دڕندانەی ١١ی خەزەڵوەری ١٣٣٨ی بۆسەر حیزبمان پێکهێنا ...

لە خاڵی ٥ راگیندراوی دامەزرانی کومیتەی ساخکەرەوە دا، هەر ئەو باتە بە شێوەیەکی دیکە دووپات بۆتەوە و نووسراوە:

٥ – دەربڕینی نەهێنییەکانی حیزب و تەئسیری کردەوە نالەبارەکانی لەسەر روحیەی مەعنویاتی ئیسماعیلی قاسملوو کە بوو بە هۆی پەلاماردانی بەرینی ساڵی ١٣٣٨ی دوژمن بۆسەر حیزبمان.

لە سەر شێوەی گرتنی سمایل قاسملوو، رەشیدخان لە زبانی مەجیدخان، بەرپرسی کومیتەی دێهات لە بانە، لە لاپەڕی٤٣ کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم" ئاوا دەگێڕێتەوە: فەرماندەی گومرگ، سەروان شەهبازی، بەیانییەک زوو بە خۆی و چەند سەربازێکەوە دەڕوات بەرەو گوندی نێزەڕۆ. لە گوند دەردەچێت تا دەگاتە شوێنێک بە ناوی نێزەڕۆ کۆن کە چوار پێنج کیلۆمەترێک لە گوندی نێزەڕۆوە دوورە. سەروان شەهبازی و سەربازەکان سەر ڕێگاکە دەگرن تاکو سمایل دێت، ئەوجار دەیگرن و لەگەڵ خۆیان دەیهێنن بۆ شار و بە هەموو ڕاستە خیابانی نێو شاردا دەیهێنن بۆ ئیدارەی گومرگ. کەسانێک لە خەڵکی شار کە ئەندامی حیزب بوون هەستیان کردبوو کە ئەو کەسە وەک کەسێکی سیاسی دەچێت بەڵام دروست نەیانزانی بوو کێیە. بەڵام ئەوەی کە خەڵک دەیانگێڕایەوە دیار بووە کە کەسێکی ئاسایی نەبووە، جلوبەرگێکی ڕێکوپێکی لەبەردا بووە. بۆ ئەوەی باشتر بزانین ئاخو هەواڵەکە چەندە ڕاستە ڕۆژانە لە هەورەبانیماڵێکەوە کە بەسەر

حەوشەی گومرگدا ئەیڕوانی تەماشامان دەکرد. ڕۆژێک دیتمان ئەوە سمایلە لە حەوشەکەدا پیاسە دەکات. ئیتر گومانمان نەما لە گرتنی سمایل.

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٤٦ کتێبی بیرەوەرییەکانی دا لەگەڵ مامە غەنی هاوڕا نییە و دەنووسێ کە ڕەحمان خان خەڵکی نمەشیرە نەک نێزەرۆ و لە سەر ئەو بڕوایەیە کە سمایلی قاسملوو بە دڵخوازی خۆیی، خۆی تەحویل داوەتەوە و دەنووسێ: ئەگەر سمایل بە حەز و ویستی خۆی بۆخۆی ڕاستەوخۆ خۆی تەحویل نەداوە لانیکەم ئەیتوانی بۆ دەرەوە ڕاسپێرێ کە بە زۆری ئەشکنجە و لێدان خۆی بۆ ڕانەگیراوە و لەسەر هەموو بەدەنەی حیزب ڕاستی گوتووە، نەک ڕاسپێرێ و بڵێ من قارەمان بووم و هیچم نەگوتووە، تاکو حیزب غافڵگیری ساواک نەبێت و بیرێک لە داهاتووی ئەندامەکانی بکاتەوە. دیارە ئەو کارەی سمایل نیشانەی دڵسۆزی و هاوکاری بووە بۆ ساواک. لەلایەکی دیکەشەوە من پێم وایە ئەو کاتە کە سمایل لە بانە بە هەر شێوەیەک کەوتۆتە دەست مەئمورانی شا، هاوڕێیانی بانە ئامادەییان هەبووە بە هەر چەند پارە و بەرتیل بکرێت سمایل ئازاد بکەن و کەسانێکی بەناوبانگی بانەشیان ناردووە بۆلای سەروان شەهبازی و بەڵێنی پارەی باشیان پێداوە. بەڵام بۆچی سمایلی ئازاد نەکردووە، شتەکە لەوە دەچێت کە سمایل پێشتر پەیوەندی هەبووە و شوێنی تایبەتی دیاری کردووە بۆ خۆتەحویلدان. چونکە ڕاست شەهبازی دەچێتە ئەو شوێنە و زۆری پێ ناچێ سمایل دەگاتە ئەوێ. بە قسەی کەسانێک کە لە نێزەڕۆ دەژین و ئێستا لە ژیاندان، شتێکی دیکەش جێگای ئاماژەیە کە وەکو عادەت هەمیشە ئەو کادرە گەڕۆکانە کە هاتوچوویان دەکرد، جلوبەرگی ئاساییان لەبەردەکرد، وەك جلوبەرگی خەڵکی گوندەکان. بەڵام ئەم جارە کە سمایل لە عێراق گەڕاوەتەوە جلوبەرگی گرانبەها و شارستانیانەی لەبەردابووە و جانتایەکیشی بەدەستەوە بووە کە جێگای سەرنج بووە، لە کاتێکدا پێش ئەو سەفەرە هەرگیز بەو شێوە لە ناوچەدا هاتوچووی نەکردوە. ئەم نموونانە وا نیشان ئەدەن کە سمایل وەکو حەزی خۆی، خۆی بەدەستەوە داوە. هەروەها سەروان شەهبازی نەیوێراوە بە پارە ئازادی بکات، چونکە سمایل خۆی نەیویستووە ئازد بکرێت.

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٤٣ کتێبەکەی دا ئاماژە بە بوونی دوو کومیتەی حیزب لە شاری بانە و لە دیهاتی بانە دەکا و دەڵی کە محەمەد کەریمی بەرپرسی شار و مەجید خانی ئەحمەدی بەرپرسی دێهات بوو و هەردوو کومیتەکەش سەربەخۆ بوون. ئەوانە هەوڵیان داوە کە سمایل ڕەزگار بکەن و دەنووسێ: کاک محەممەد بە مەجید خان ئەڵێت سمایل ئێستا وا لە خانووی گومرگدا لەژێر دەسەڵاتی سەروان شەهبازی، ئەفسەری ئیدارەی گومرگ، دایە و زیاتر لە بیست سەربازیش لەو خانووەدا دەژین. تا ئێستاش زۆرمان هەوڵداوە بەهۆی چەند کەسایەتی شارەوە و هەروەها بەڵێنی پارەیەکی باشیشمان پێداون بەڵام حازر نەبوون ئازادی بکەن. ئیتر نازانم هۆیەکەی چییە. بەداخەوە تا ئێستا هەوڵەکانمان بۆ ئازادکردنی بێ سوود بوون. لە کاتێکدا خۆت ئەزانی کەم کار هەیە لەم وڵاتە بە پارە جێبەجێ نەکرێت.

لەسەر هەوڵدان بۆ ئازادی سمایل قاسملوو رەشید ئەحمەدی لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: مەجید خان گوتی دوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکەمان بۆ ئازادبوونی سمایل بڕیارمان دا بنێرین ئەحمەد خانی ساڵوک بە هاوکاری هاوڕێیانی گوندی شوێ کە ئەندامی حیزبی بوون، چەند تفەنگیان بۆ پەیدا بکەین. هەرچەند ناوچەکە لە لایەن حکومەتەوە بێ چەک کرابوو بەڵام زۆر کەس بە نهێنی چەکیان هەبوو. بڕیارمان دا کە ڕۆژانە بیاننێرین بۆسەر ڕێگای کەلیخان لە سەر ڕێگای بانە سەقز و بە شێوەی نهێنی چاودێری جادەکە بکەن و هەرکات جیپ یان هەر ماشینێکی سەربازی هات تەقە لە دەوروبەری ماشینەکە بکەن بەڵکو بتوانن سمایل ڕزگار بکەن. تەنانەت ئەو بڕیارەشمان دا کە ئەگەر هات و لەو تەقە و لێکدانەدا سمایل نەیتوانی دەرباز بێ یان ماشینەکە نەیویست ڕاوەستێ تەقە لە ماشینەکە بکەن و ئەگەر سمایلیش لەو تەقە و لێکدانەدا بکوژرێت، لەپێناو پاراستنی بەشی زۆری ئەندامانی حیزب ئەو بڕیارەمان بە بڕیارێکی دروست دانا و لەسەری ساخ بووینەوە. بەڵام بەداخەوە تا ئێمە کەوتینەخۆ بۆ ئامادەکردنی تیمی ڕزگارکەر، هەواڵمان زانی ئەوان بە ڕێگایەکی دیکەدا واتە ڕێگای  بانە مەریوان سەقزدا کە نزیکەی سی کیلۆمەتر لە بانەوە دووره، بە دوو ماشین سەربازەوە بەرەو سەقز ڕەوانەیان کردبوو. ئەم هەوڵەشمان سەرنەکەوت. دوایین بڕیارمان ئەوە بوو کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە شارەکان و دێهات خۆمان بپارێزین تاکو هەواڵێکمان لە سەرەوە بۆ دێت. بەڵام نەمانتوانی هیچ بڕیارێک بدەین و تەنیا بەو ئاکامە گەیشتن هەتا هەواڵێک لە هاوڕێیانی سەرەوە وەردەگرین ئەندامانی کۆمیتە بە تێکڕا بە شێوەی نیوەنهێنی لە ماڵی خزمان و دۆستان کات بەسەربەرین.

بە دوای گرتنی سمایل قاسملوو ئەندامانی حیزب دائیم لە ترس و نیگەرانی دا بوون. رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٤٤ کتیبەکەی دا دەنووسێ: دوای دوو مانگ ڕۆژێک لە کاتی هەرە چاوەڕوانیدا نامەیەکی کۆمیتەم بۆ هات کە ئەمە نێوەڕۆکی بوو: پاش چاوەڕوانی، هاوڕێ قادر شەریف ئاگاداری کردین کە بە دوای گیرانی سمایلدا هەموو هەوڵێکمان خستەگەڕ تاکو بتوانین بەهۆی کەسوکاریەوە دیدار لەگەڵ سمایلدا پێکبێت بەڵکو لە وەزعیەتی ئاگادار بین و بەخۆشییەوە توانیمان یەکێک لە کەسوکاری سمایل لەژێر ناوی (ملاقات) دیداردا بنێرین بۆ زیندان و دیداری سمایل بکات. لەو دیدارەدا سمایل ڕایسپاردووە کە من خۆڕاگر بووم و هیچ شتێکم نەگوتووە. هاوڕێیان دەتوانن بە دڵنیاییەوە کارەکانی خۆیان بکەن و منیش بەڵێنتان ئەدەمێ کە هەر خۆڕاگر دەمێنمەوە. لەوە زیاتر قادر شەریف هیچ قسەیەک و ڕێنوێنییەکی تایبەتی بۆ کۆمیتە نەبوو.

سەرەرای ئەو زانیاریانە کە لە گرتنی سمایل قاسملوو بە دەست دوژمن کەوت، رێژیم بۆ دەستبەسەرداگرتن تەشکیلاتی حیزب، هێچ دژکردەوەیەک لە خۆ نیشان نەدا و بۆ زیاتر رەخنەکردنە ناو ئۆرگانەکانی حیزب، خۆی لەو بابەتە گێل کرد و دەستی لە هیچ کەس نەوەشاند و دەزگاکانی ئەمنییەتی رێژیم، تەشکیلاتی حیزبیان خستە ژێر چاوەێری ورد. لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٣٧ غەنی بلوریان و کەریم حیسامی کە بەرپرسی شاری مەهاباد بوو گیران و وەرهرام پێیان دەڵی دەبێ لە رۆژی ٢١ سەرماوز دژی حکومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان و دەوڵەتی عێراق و

مەلامستەفا و حیزبی تودە، قسان بکەن دەنا زیندانی دەکرێن. ئەوان بڕیاریان دا هەڵێن بۆ عێراق. دوایە غەنی بلوریان چووە ماڵە وەهابی برای لە نەغەدە کە هاوکاری ساواک بوو و ئەو تکای بۆ کرد و وازیان لێهێنا. کەریمی حیسامیش چووە بۆ ئاوایی سیاقۆل تا بە هاوکاری قاسمی سوڵتانیان کە ئەندامی حیزب و ناوی نەهێنی فەتاح بوو بچی بۆ کوردستانی عیراق. بە جێگای کەریمی حیسامی هاشمی حوسێن زادە بوو بە بەرپرسی کومیتەی شاری مەهاباد. هەر لە کاتەدا عەزیز فەلاحی کە بە رەشە قاچاغچی بەناو بانگ بوو و تازە لە زیندان ئازاد ببوو گیراوە. بەڵام ماڵە ماوەڕانی بۆی بوون بە زامن و ئازادیان کرد. ئەویش هەڵات بۆ ئاوایی سیاقۆڵ و لەگەڵ کەریمی حیسامی هەڵاتن بۆ کوردستانی باشوور.

حەوت مانگ دوای گرتنی سمایل قاسملوو، واتا لە رێکەوتی ٢٧ گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٨ دا جەلیل گادانی لە ناوچەی بۆکان و هاشم جەلالی لە ناچەی هەوشار شناسایی کران و گیران. ناوی نەهینی جەلیلی گادانی، کەریمی ئەمینی بوو ماوەیەک هیچی نەدرکاند و ١١ رۆژ بە توندی ئەشکەنجە کرا. دوای ئەوە کە هوویەتی ئەسڵی دەرکەوت و لەگەڵ سمایل رووبەروو کرا وەک خۆی لە لاپەڕەی ١١٠ ی کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات دا ئاماژە پیدەکا، لە لای رێژیم ئیعتراف بەوە دەکا کە هاتووە خۆی تەسلیم بکاتەوە و ئەویش ناوی کەسانیک ئاشکرا کرد.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٣٥ ی بەرگی ٢ ی کتێبی پێداچوونەوە دا، لەسەر جەلیلی گادانی دەنووسێ: بەڵام لە پایزی ئەو ساڵەدا، جەلیلی گادانی یەک لەو کادرانەی کە لە دێهات دەسورایەوە و پێوەندی یەکی زۆری لەگەڵ خەڵک و ئەندامانی حیزب لە ناوچەکەدا هەبوو، بە هۆی کابرایەکی ساواکی ناسراو بە ناوی بیژەنی میرموکری دەگیرێ و دەکەوێتە بەر دەستی ژاندارم و ساواکی حکوومەتی تاران، بە داخەوە کاک خەلیل لەبەرانبەر ئازار و ئەشکەنجەی وەحشیانەی ژاندارمە و ساواکدا تاقەت ناهێنێ وەزمان دێت و هەرچی دەیزانێ دەیڵێ. یەکی دیکەش لە کادرەکانی دێهات لە ناوچەی هەوشار بە ناوی هاشمی جەلالی دەگیرێ و بە گرتنی ئەو دوو کادرەی شارەزای ناوچەکان، زەبرێکی قورس وە رێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات دەکەوێ.

هاشمی جەلالی لە سەرەتا دا خۆی ڕاگرت و لەژێر ئەشکەنجە دا هیچی نەدرکاند، بەڵام کاتێک لەگەڵ سمایلی قاسملوو رووبەروو کرا، هەموو شتی درکاند و وەک سمایل قاسملوو هاوکاری رێژیمی کرد.

هاشم جەلالی دوای ئەوە هاوکاری دەزگای ئەمنی ریژیمی کرد، ئازاد بوو بە فێل و بە ئیزنی ڕێژیم چووە سولێمانی و لە کۆمۆنی ئەندامی حیزب کە لە ئێران رایان کرد بوو، لەبەر چاوی ئەندامانی حیزب باسی ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاری خۆی و ئەوەی کە ریژیم بە چ مەبەستێک ناردویەتی، کرد و بەڵینی دا کە دەست بە کار و تیکۆشان بکاتەوە.

رەشید ئەحمەدی لە لاپەرەی ٧٠بیرەوەرییەکانی دا باسی سەردەمی کۆموونی سولەیمانی دەکا و دەڵی شەوێک کۆیان کردینەوە بە بەشداری ئەحمەد تۆفیق و کەماڵ... هاشمی جەلالی باسی زیندانی خۆی بۆ کردین و لەو بارەوە گوتی: من ناوم هاشم جەلالی‌یە، کادرێکی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێرانم، لەلایەن ساواکەوە ماوەیەک لەمەوپێش لە ناوچەی بۆکان گیرام و بردیانم بۆ تاران. لە سەرەتاوە نەیاندەناسیم و بە گومانەوە گرتبوویانم. هەرچەند زۆر ئەشکەنجە درام بەڵام هیچ شتێکم نەدرکاند. ڕۆژێک سمایلی قاسملوویان هێنا و ڕووبەڕوویان کردین. ناوبراو هەموو ڕاستییەکی لەسەرم گوتبوو. لە وەڵامدا گوتم من ئەم کەسە ناناسم، بەڵام سمایل گوتی من تۆ باش دەناسم، تۆ کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی و ناوت هاشمی جەلالی‌یە. بە دوای ڕۆیشتنی سمایل‌دا چەند جەلادێکی ساواک هاتن و بە چەند کەرەسەی ئەشکەنجەوە کەوتنە گیانم. بەڕاستی ئیتر خۆم بۆ ڕانەگیرا، ئەوەی دەمزانی و دەمناسی بۆم باسکردن. ماوەی دوو حەوتووی پێچوو هەندێ برینەکانم چاک بوونەوە و پێم ڕادەگەیشتن. پێشنیاری هاوکارییان پێکردم و گوتیان ئەگەر کارمان لەگەڵدا بکەیت چیت لێمان بوێ بۆت ئەکەین و ئازادت ئەکەین، دەنا لەژێر ئەشکەنجەدا ئەتکوژین. ڕاستییەکەی زۆر ترسابووم لە ئازار و ئەشکەنجە، بۆیە قەوڵم پێدان کە کاریان لەگەڵدا بکەم بەو شەرتەی ئازادم بکەن. ئەوانیش قەولی ئازادکردنی مینان دا بەو مەرجەی کە بێم بۆ ئێرە بۆنێو ئێوە و هەواڵی ڕووداوەکانی ئێرەیان بۆ بنێرمەوە و هاوکارییان بکەم. هەروەها گوتیان ئێمە دوای چەند مانگ بە شێوەیەک خۆمان پەیوەندیت لەگەڵ دەگرین، تۆ چاوەڕوان بە. بەو جۆرە من چەند حەوتوویەک لە زیندان مامەوە و پاشان ئازادیان کردم و گوتیان بڵێ هیچم نەگوتووە بە دەلیلی ئەوەی نەناسراوم و ئازادیان کردووم." ئیتر هەستا و لە پشتێنی هەوراز خۆی ڕووت کردەوە. شوێنەواری ئەشکەنجەی پێوە دیار بوو. لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی "هەروەک بەڵێنم بە هاوڕێیان داوە، هەروەها بەڵێن بە ئێوەش ئەدەم کە حازر نیم بە هیچ جۆرێک هاوکاریی ڕێژیم و ساواک بکەم و ئەو بەڵێنەی کە بە ساواکم داوە لە ترسی گیانی خۆم بووە و ویستم بە هەر جۆرێک بێت خۆم ڕزگار بکەم لە دەستیان. ئێستا کە ڕزگار بووم حازری هیچ هاوکارییەکی ساواک نیم و حیزبیش هەر کار و ئەرکێکم بۆ دائەنێت حازرم ئەنجامی بدەم. هەر تاقیکارییەکەم لەسەر دەکەن مافی خۆتانە، منیش حازرم هەموو تاقیکارییەکانی حیزب جێبەجێ بکەم تا ئەو جێگایەی متمانە بەدەست دەهێنمەوە.

### شاڵاوی گرتنی ئەندامانی حیزب لە ساڵی ١٣٣٨

چەند ڕۆژ دوای گرتنی جەلیلی گادانی لە ٢٧ گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٨ هاشمی جەلالی گیرا و دوای ئەوان، ڕەحمەتی شەریعەتی و دوکتور مەولەوی لە تاران گیران. چوونکە هاشمی حوسێن زادە و یۆسفی ڕێزوانی لە بەرپرسانی کومیتەی مەهاباد پەیوەندیان بە ئەوانەوە هەبوو، بۆیە بە ناچار هەڵاتن بۆ عێراق. غەنی بلوریان و سولەیمانی موعینیش بڕیاریان دا کە هەڵێن بەڵام غەنیش گیرا.

ڕێژیم بە بەشداری سمایل قاسملوو و هاشمی جەلالی ستادێکی لە مەهاباد دامەزراند و لە ١١ خەزەڵوەری ١٣٣٨بە هاوبەشی ساواک و شارەوانی و ڕێکخراوەکانی حیزب دەستی پێکرد و سەرجەم نیزیک بە ٢٤٠ کەس لە کادر ئەرتەش و ژاندارمەری و لە دوو سێی کەڕەت دا، پەلاماری

گشتی بۆ سەر و ئەندامەکانی ئەکتیڤی حیزب، لە سەرانسەری کوردستان گرت. هێزە ئەمنییەکانی ئێران دەیانزانی کێ دەگرن و لە کوێ دەیگرن، تەنانەت دەیانزانی ئەگەر لە ماڵێش نەبی لە کوێ بیگرن.

رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٤٨ کتێبەکەی دا دەڵی کە سەرهەنگ مودەرەسی بە سەد سەربازەوە هاتە ناوچەی بانە و بە مەبەستی گرتنی ئەندامانی حیزب داوایان لێدەکا کە لە ماڵێک کۆ ببنەوە. ئەوان لە مەبەستەکەی حاڵی دەبن، بەشێکیان خۆیان دەرباز کرد و هەڵاتن بۆ کوردستانی عێراق.

ئەوانە کە گیران یەک بە یەک لە گەڵ سمایل قاسملوو بەروڕوو کران و هەرچی کرا بوو، ئەو لە لای ساواک، بە چاوی زیندانییەکانی داداوە. لەو گیراوانە رادەی ١٢٠ کەس، دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە زیندانەکانی تەورێز و تاران راگیران و دواتر سەزایان بە سەردا سەپا.

لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کونگرەی٣ ی حیزبی دیموکڕات دا. ئاماژەی بە گرتنی نیزیک بە ٢٥٠ ئەندامی حیزب کراوە و هۆیەکانی ئەو روداوەش دەبەستێتەوە بە بوونی چەشنی کاری کۆن و سونەتی تەشکیلاتی و دووبەرەکی لە سەرۆکایەتی حیزب دا.

دوای ئەوەی سمایلی قاسملوو لە سەر ئەندامانی حیزب هەموو شتێکی لە لای کاربەدەستانی دەوڵەت درکاند، لە سلولی تایبەتی دا رادەگیرا و تێکەڵ بە زیندانییەکانی دیکە نەدەکرا. جارێک بە هەڵکەوت ئەو و عەزیزی یوسفی و جەلیل گادانی دەکەونە سلولێک. بە پێێ لاپەڕەی ١٠٩ی ٥٠ ساڵ خەبات، جەلیل گادانی دەنووسێ: ئێمە و باقی هەوالان بەر لەوەی لە قزڵقەڵاڕا بە ماشین بمانگوێزنەوە بۆ فڕۆکەخانەی نیزامی دۆشان تەپە و لەوێڕا بە تەیارەی نیزامی بمانبەن بۆ تەورێز، پێشتر هیچ مەجاڵێکمان نەبوو بە دانیشتن و قسەکردن سمایل قاسملوو ببینین، چەند دەقیقە بۆ بەرەوڕوو کردنیش بۆ ناساندنەوەی من نە هیچ ئاکامێکی بوو، نە جگە لە یەکتر مۆڕ بوونەوە چی تێدا دەکرا. لەو ماوەشدا کە من لە قزڵقەڵا بووم، جگە لە حەوتوویەک مانەوە لەژێر بورجێکی ناخۆشی گەرمی پڕ لە مشک، دوایەش ١١ ڕۆژی ژێر ئەشکەنجەی دوبارە کە هەموو جارێ بە ئامبولانس دەیانبردمە شار بۆ شوعبەی ساواک لە شەقامی سپەند و یەکسەر دەیانبردمە ژێرزەمین و وەرم دەگەڕانێ، باقیەکەی لە بەندیخانەی گشتی لەلای کاک عەزیز یوسفی و باقی بەندییەکانی غەیرە کورد بووم. سمایلیش لە تەواوی ئەو ماوەدا مەگەر بۆ ڕووبەڕووکردن، دەنا بە کەس نیشان نەدراوە و لە بەندی ئینفرادیدا بووە. کاک عەزیز کە چەند مانگ پێش ئێمە لە قزڵقەڵا بووە، جگە لە جارێک نەیدیبوو. ئەویش مەجالی قسەکردنی لەگەڵ نەبووە. لە ماشین و تەیارەی بەینی تاران تەورێزیش، پیاوچاکمان! (سیخوڕ) زۆر لەگەڵدا بوون، نەدەکرا لەسەر شتی جیددی باس بکەین. کە گەیشتینە تەورێز و بردیانین بۆ بەندیخانەی ساواک، دەرکەوت بە پێچەوانەی ئەوی لە ئاسمانی تەورێز و رەنگە پێشتریش پێیان ڕاگەیاندین، شەش هۆدەی تاکەکەسیمان بۆ چۆڵ کەن و هەر کاممان بەرنە جێگایەک، کارەکە جێبەجێ نەکرابوو. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە هێشتا برایانی ئازەری لێمابوون کە کاریان ناتەواو بوو و بۆ تاران بەڕێ نەکراون. سەیر ئەوە بوو کە ویستمان بمانبەنە

بەندەکان کە دەرکەوت دوو دانە زیاتر نییە کاک عەزیز لە پێشەوە بوو، سمایل لە نێوەڕاست و منیش لە دواوە. بە کاک عەزیزم گوت بەڵکو وا بڕۆین هەر سێکمان پێکەوە بکەوینە سلوولێک، بەپێی تەجرەبە دەشمانزانی کە ڕەنگە هەر ئەو ئێوارە جێگاکانمان جیا کەنەوە. بە ڕێکەوت ڕاست وا دامەزراین و ئەو سێ کەسەمان کەوتینە سلوولێک. لەوێ لەجیاتی لێک تووڕە بوون لەگەڵ سمایل بە نەرمی جووڵاینەوە و گوتمان کارەکە کراوە و نەدەبوو وا بکەی بەڵام ئێستاش ئەگەر لە وتەکان و ئەو هەموو شتەی گوتووتە پەشیمان بیەوە، بۆ ئێمە زۆر باش دەبێ و حوکمی خۆشت سووکتر دەکەی. لە وەڵامدا زۆر ئاسایی و لەسەرخۆ گوتی پێم سەیرە ئێوە داوای ئاوا لە من دەکەن و دەوێرن شتی ئاوا بێننە گۆڕێ، من لە ڕۆژی هەوەڵدا بۆخۆم بە مەیلی خۆم بێ ئەوەی پتەیەکەم لێدەن، هەموو شتم گوتووە. پێم وایە خزمەتم کردووە، ئەو خەڵکە لەبەر چنگی کەسانی وەکو ڕەحمان و عەبدوڵلا نەجات دەدەم. ئەوانە خەیانەت بە خەڵک دەکەن و بە منیشیان خەیانەت کرد و قەولیان پێدابووم بۆ خوێندن بمنێرن بۆ دەرەوە، ئەو کارەیان نەکرد، منیش بەم تەرزە تۆڵەم لێکردنەوە".

هاشم کەریمی لە لاپەڕەی ٦٨ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجی کۆیە" لە زمانی محەممەد کەریمی(قاقە) بەرپرسی کومیتەی شاری بانە کە لەسەر ئێعترافی سمایلی قاسملوو گیرا و بە سەختترین شێوە ئەشکەنجە کرا دەنووسێ:

لە زیندان من رووم تێ نەئەکرد. لە حاڵێکدا هەموو رۆژێک لەگەڵ عزیزی رەحمەتی ومام غنی و کاک جەلیلیش ئەهاتن، ئەچوونە دیوی سەردەشتیەکان کە زۆریان تودەیی بوون وەک غفور، سمایله... یوسف و... تا رۆژێک لە حەوش یا لە لە ساڵۆن تووشم بوو. سڵاوی کرد و ئەحواڵپرسی و هۆی بێ موبالاتی منی پرسی و منیش پێم وت: کە تۆ خەیانەتێکی گەورەی کرد. دوای بەحسێکی زۆر وتی: من ئەو ماوە چاوم لێت بوو لە پشت کڵاو رۆژنەکە رائەکشایت، تەماشای دیوەکەی منت ئەکرد، جا ئەو وەختە گوتی من بۆ خۆم تەسلیم کرد و ئەگەر بمویستبا هەڵێم، زۆر ئاسان بوو، پەنجەرەکە کە بۆ کۆڵانی حاج حەمە صالح بەگ ۲ میتر بوو. مشتێکم لە سەربازەکە کە بە دیارمەوە بوو ئەدا و تفەنگەکەیشم هەڵئەگرت و بازم ئەدا و لەوێوە ئەچوومەماڵی ساڵە خرە.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ۲۳۹ دا لەسەر کەسایەتی سمایل قاسملوو دەنووسێ:

سمایل ئینسانێکی نەجیب و مێهرەبان بوو. ئەو هەرگیز لە زیندان دا سەری بۆ جاسوسی کردن بۆ ساواک نزم نەکرد. ناوبراو کاتی گیرانی زۆر گەنج و کەم ئەزموون بوو و هیچی لە سیاسەت نەدەزانی...

ئەوەی جێگای ئاماژەیە، ڕێژیم بە ڕادەیەک لە نیو تەشکیلاتی حیزب دا رەخنەی کردبوو و ئاگاداری کاری ئەندامان بوو کە خۆڕاگری و ئیعتڕاف نەکردن، یارمەتی بە هێج شتێک نەدەکرد. بۆیە زوربەی ئەو زیندانیانە ئێعترافیان بە کارەکانی خۆیان کرد.

سەرەرای رەخنەکردنی هێزەکانی ئەمنی لە نیو تەشکیلاتی حیزب، ئەو هێرشە، رواڵەتی رەشبگیریشی هەبوو و کەسی وابوو، بێ تاوان بوو بەڵام گیرا و حوکمی زیندانی بۆ براوە. لەو

ڕەشبگیرییە بەربڵاوەدا، زۆر کەسیش کە لە خۆیی نیگەران بوو و خۆیی لە مەترسی دا دەدی، هەڵات و پەنایان بۆ کوردستانی باشوور برد.

دیارە غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٩١ کتێبی ئاڵەکۆک، لە بەشی "ڕەحمانی قاسملوو" دا بە نارونی باسی شالاوی گرتنی ئەندمانی حیزب لە ساڵی ١٣٣٨ دەکا و زۆر هەوڵدەدا بێ بەڵگە لە گرتنی ١٢٠ کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات دوکتور قاسملووی تێوەبگلێنی. ئەگەرچی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٣٤ پەیوەندی خۆی لەگەڵ تەشکیلاتی حیزبی تودە پچڕی بوو بەڵام غەنی بلوریان دەنووسێ کە حیزبی تودە قاسملووی مەئمور کرد کە بەدەنەی حیزبی دێموکرات بە ئەرسەلانی پوریا گرێ بدا و ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئاشکرا بوونی ڕێکخراوەکانی حیزب و گیرانی ئەو ١٢٠ کەسە.

ئەرسەلانی پوریا ئەندامی کومیتەی ئەیالەتی حیزبی تودە بوو. دوای ئاشکرا بوونی ڕێکخراوی سەربازی حیزبی تودە، گیرا و بەڵێنی هاوکاری بە ساواک دا.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ١٩٢دا دەنووسێ کە حیزبی تودە ئاگاداری ئەوە نەبوو کە ئەرسەلان فریوی ساواکی خواردوە و دەڵێ دوای ئەوە قاسملوو پەیوەندی بە ئەرسەلانی پوریا دەگرێ، ئەرسەلان پێی دەڵێ کە بچی لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی تودەدا بەشدار بێ و قاسملوو دەڵێ چاوەڕوانی عەزیزی یۆسفی یەکێک لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتە کە لە مەهاباد را بێ. کاک عەزیز ئەوڕۆژە ناگاتی دوکتور قاسملوو داوا لە سمایلی قاسملوو دەکا کە لەگەڵی بچی.

غەنی بلوریان نیوان ساڵەکانی ١٣٣٤ و ١٣٣٨ تێکەڵ بە یەک دەکا و ئەو دەزانێ کە لە ساڵی ١٣٣٤ پەیوەندی حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات کۆتایی هاتووە و لە ساڵەکانی١٣٣٦ و ١٣٣٧ دوکتور قاسملوو هاتووچۆی ئوروپای کردووە. غەنی پێشتر دەڵێ کە قاسملوو ئەندامانی حیزبی نەدەناسی. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر ئەو ئاگاداری تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات نەبووە ئەدی بۆ گرتنی ئەندامانی حیزب بەو دەبەستێتەوە. گرتنی ئەندامانی حیزبی دێموکرات پەیوەندی بە تەشکیلاتی حیزبی تودەوە نییە بەڵکو بە شێوەی کار و گیرانی عەزیزی یۆسفی و سمایلی قاسملوو لە ساڵی ١٣٣٧ و گیرانی جەلیلی گادانی و هاشمی جەلالی لە ساڵی ١٣٣٨ وە هەیە کە لەژێر ئەشکەنجە دا گشتیان ئیعتڕافیان کرد.

ئەگەرچی ناوی تەواوی گیراوەکانی ئەم قۆناغە لەبەردەست دانییە، بەڵام جەلیل گادانی لە لاپەڕەی ١١٤ کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات دا، ناوی هێندیک لە کادر و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی هێناوە، وەک: لە تاران دوکتور عەلی مەولەوی و ڕەحمەتولای شەریعەتی، لە سنە هاشم شێخانی، باقر خۆشبین، سەید عەتا یونسی، ڕەجەبی(ئیستوار ڕەجەبی لە دژبانی تاران یا لە قزلقەڵا لە ژێر ئەشکەنجەدا شێت بوو، بە دەرمان خۆی کوشت)، ڕەحیم بەغدادی، لە سەقز، قادر دەباغی، لە بانە محەممەد کەریمی، خەلیل دەوڵەتی، مەلا محەمەد ئیمامی، حوسێن بەدیعی، لە بۆکان حوسێن فاتحی، مەلاقادر خورسەندی، لە مەهاباد کە لە هەموو شوێنێک زۆرتری لێگیرابوو، عەزیزی یۆسفی، غەنی بلوریان، حەسەن ڕەستگار، فتاح کاویان، خەلیل گادانی، قاسم ئەحمەدی، لە دەوری میاندواو

ڕەحیم جەوانمەرد قازی، لە نەغەدە ئەحمەد ئاهەنگەری، سەدیقی عەلایی، لە پیرانشار، محەمەد قادری، مەلارەحمان لاهیجانی، سەید رەسوڵ دهقان، لە شنۆ کاک خدری خانلەری، وەستا ئەحمەد گەزوێ نەجاڕ، لە ورمێ ئەحمەد و محەمەد نێهزەتزادە، عەبدوڵا عەبدوڵاهی، محەمەد داستانپور، مام رەحمانی تەشی(مام رەحمان لە بەندیخانەی قەسر پاش دوو ساڵ زیندان تووشی نەخۆشی دڵ هات، لەبەر بێ دەرمانی و پێڕانەگەیشتن هەر لەوێ فەوتی کرد)، سولیمان ئازەر. لە شاهیندێژ، ئیبراهیم مەولائی، رەزا ئەکبەری و... لە سەردەشت، غەفور ئیبراهیمی، یوسف سنەیی، محەمەدئەمین حەسەنپوور، سمایلی سمایلزادە. لە دەوروبەری سەردەشتیش دوو کوردی دڵسۆزی بە تەمەن بە ناوەکانی کوێخا ئەمەری قەلەڕەشێ ناسراو بە ″ئەمەر پاشا″ و مام روستەمی بیوران و کوڕەکەی خدر محەمەدپوور. لە ناوچەی رەبەت، مەلا خدر عەباسی و حەسەن دەشتی.

لە نیو ئەوانەدا، عەزیزی یوسفی و رەحمەتوڵای شەریعەتی، کومیتەی ناوەندی و دوکتور عەلی مەولەوی و غەنی بلوریان، موشاوێری کومیتەی ناوەندی حیزب بوون.

رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٦٢ کتێبی بیرەوەرییەکانی داله سەر ناوی گیراوەکانی شاری بانە دەنووسێ: لەنێو شار محەممەدی کەریمی، کەریم وسوقی، سمایل سەرشیوی، خەلیل دەوڵەتی، خەلیل ئەحمەدزادە و شەریف فەتاحی. لە دێهات، لە گوندی نەمەشیر مەجید خان ئەحمەدی، عەزیز خان ئەحمەدی. لە گوندی سوتوو مامە قالە ناسراو بە مامە قالە سوتوویی. لە گوندی ئەنجێنە خاڵە مستەفا ناسراو بە خاڵە مستەفای هەنجیرە ڕەشکە. هەروەک پێشتر باسم کردووە شێخ ئەحمەد خەڵکی شابەدینی کوردستانی عێراق لە ماڵی مندا گیرا. لە گوندی ساڵوکی سەروو ئەحمەد خانی ئەحمەدی. لە گوندی نێزەڕۆ حسێن خانی ئەحمەدی. لە گوندی دۆڵە هەرزن مەلا کەریم، ناوبراو فقێ بوو و لەلای مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی دەرسی مەلایەتی دەخوێند. مەلا ڕەحیم خەڵکی گوندی مەنیجەڵانە و وەکو پێشنوێژ لە دوڵهەرزن مەلا بوو، بەڵام لەو کاتەدا لە شوێنێک بووە کە بەردەستی جەللادانی ساواک ناکەوێت و بە جێگای مەلا ڕەحیم، مەلا کەریم دەگیرێت. مەلا کەریم لەبەر ئەوەی لە زیندان کەس قسەی لەسەر ناکات و بە هەڵەش بە جێگای مەلا ڕەحیم گیرابوو، دوای مانگ و نیوێک ئازاد دەکرێت. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە سەرەتا لە هاوڕێیانی بانە محەممەد کەریمی، مەجید خان ئەحمەدی و کەریم وسوقی بانگ دەکرێن بۆ پرسیار و وەڵام. چەند ڕۆژ ئەشکنجە و ئەزیەت دەدرێن، دوایی لەبەر ئەوە سمایل قسەی لەسەر کردبوون ناچار دەبن دان بە پلەی مەسئولیەت و حیزبی بوونی خۆیاندا بهێنن. لەم دواییانەدا دوای ئازادبوونی جەماعەت و چوونەوەی من بۆ ئێران مەجید خان ئاوای بۆی باس کردم، گوتی کاتێ زانیم کە سمایلی قاسملوو هەموو شتێکی لەسەر گوتووین ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر دراین و هیچ چارمان نەما مەجبور گوتم بەرپرسی تەشکیلات ڕەشید ئەحمەدی بووە کە ناوی هاوڕێیان لەلای ئەو بوون و من هەر ئەوانە دەناسم کە گیراون و ئەوانەش کە هەڵاتوون و بەو شێوەیە لە کۆڵم بوونەوە. منیش و کاک محەممەدی کەریمی و کاک کەریمی وسوقی کە ئەشکەنجەیەکی زۆر دراین تەنیا ناوی هەڵاتووەکان و ئەوانەی گیراون وەکو ئەندام باس کردوون لەبەر ئەوە سمایل ناوی هەموو

ئەو هاوڕێیانەی ئاشکرا کردبوو کە گیرابوون. من بە هاوڕێیانم گوت ناوتان ئاشکرا کراوە لەلایەن سمایلەوە، خۆتان مەخەنە ژێر ئەشکنجە با وەکو ئێمەتان بەسەر نەیەت چونکە لەدوای ئەشکنجەیەکی زۆر هەر ناچار دەبن کە ئەندام بوونی خۆتان قبوڵ بکەن، دەنا لە بانە ئەندامانی دیکەمان هەبوون کە نە ناسران، نە گیران و نە هەڵاتن.

هەر لەسەر ناوی گیراوەکان، رەشەی فەلاحی (قاچاغچی) لە لاپەڕەکانی ١٢٩ و ١٣١ کتێبی دیسان بارزانی دا دەنووسێ کە لە ١١ گەلاڕێزانی ١٣٣٨ دەستیان کرد بە گرتنی ئەندامانی حیزب و لە لاپەڕەی ١٢٩ و ١٣١ دا دەڵێ کە حوسێن فروهەر و رەحیمی جەوانمەردی قازی لە زیندانی مەهاباد گیرا بوون و فەتاحی حەسەنخاڵی پێشمەرگەی قارەمانی سەردەمی کۆمار و ئەحمەدی ئیلاهی لە ورمێ زیندانی بوون.

رادەی ئەشکەنجە و ئازار، وەک لێدان و کوتان و شێلاق کاری و دەست لە قەپان دان و هەڵاوسین، بەگشتی ئەو بەڵایانەی کە بەسەر ئەو زیندانییانەیان هێنا، لە گێڕانەوە نایە. بە پێی ژیاننامەی سەید رەسووڵ دیهقان، زیندانی دوای ئیقرار بە ئەندامەتی لە حیزبی دیموکرات دا، دەبوو ئیعتراف بەو سێ مەبەستەش بکا: ١ ـ ئەندامی حیزبێکم کە دارای مەرام و رەوییەی ئیشتراکییە ٢ - ئەندامی حیزبیکم، کە ئامانجمان تیکدانی رێژیمی سەلتەنەتییە٣ - ئەندامی حیزبێکم، کە کوردستانی گەورەمان پێکدێنا و (بارزانی) بە سەرۆک کۆمار هەڵبژارد.

بە پێی ئەو سەرچاوەیە، لەو کاتەی دا سەزای هەرکام لەو خالانە کە مادەی٣١٧ دەگرتەوە، ئێعدام بوو و لە سەر خاڵی سێهەم، کاپیتان محەممەدی قادری لە پەروەندەکەی دا نووسی بووی: ″سەرۆک کۆماری کوردستان گۆترە نییە بە هەڵبژاردن دەبێ، خوا دەزانێ کێ دەکرێ بە سەرۆک کۆمار.

لەسەر هەڵس و کەوتی ئەو زیندانییانە لەگەڵ یەکتر، جلیل گادانی لە لاپەڕەی١١٦ کتێبی ٥٠ساڵ خەبات دا گیراوەکانی ئەم سەردەمە بە دوو دەستە دابەش دەکا. دەستەیەکی ٨٠ کەسی کە تەنیا جلیلی گادانی وەک مەهابادی لە گەڵیان بووە و رەوانەی زیندانی قەسر کران. ئەوانە لە زیندان دا زۆر پێکەوە تەبا بوون. دەستەی دیکە کە هەمویان خەڵکی مەهاباد بوون، لە دیژبانی مەهاباد زیندانی کران. ئەوانە دوای چەند مانگ ناردران بۆ تاران و تێکەڵ بە ئەوانی دیکە بوونەوە. بە دوای ئەوە دا ناخۆشی و ناکۆکی لە نێو ئەواندا دەستی پێکرد. بە پێی نوسراوەی جلیل گادانی کێشەکە لە نیوان غەنی بلوریان و عەزیزی یوسفی وەک نوینەرانی چەپ لە لایەک و دوکتور عەلی مەولەوی وەک باڵی راستی حیزب دێموکرات، لە لایەکی دیکە دا بوو.

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٩٩ کتێبی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" لەسەر کەسایەتی دوکتور عەلی مەولەوی دەنووسێ: لە ڕاستیدا دووبەرەکی لە نێوان دوکتور مەولەوی و کاک غەنی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە نێوان کوردەکاندا پێک نەهێنابوو کە ببێتە هۆی ئەوەی نێوان و ڕەفتارمان تێک بدا بە جۆرێک هاودەردی و هاوسۆزی لەنێوان هەمووماندا هەبوو. کاک عزیز هەر لە کۆمۆنی ئێمەدا بوو، کاک غەنیش درەنگانێک لەگەڵ چەند کەس لە ئێمە جیابوونەوە. دوکتور مەولەوی

بەتوندی دژی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ببێتە پاشکۆی حیزبی توودە، هەر لە بنەڕەتدا دژی سیستمی کۆمۆنیستی بوو. لای وابوو کورد نەتەوەیەکە و پێویستە حیزبی تایبەتیی خۆی هەبێ. گۆیا لە کۆبوونەوەی حیزبیدا لە تاران گوتوویە: "ستالین دیکتاتۆرە". هەر لەم کۆبوونەوەیەدا زللەیەکیان لێ داوە و دەریان کردوە و بۆ ساڵێک دەنگیان لێ گۆڕیوە [بایکۆتیان کردوە]. کاک غەنی بلووریان کە هاوڕێی بووە لە جادە تووشی هاتوە ڕووی لێ وەرگێڕاوە و نەیدواندوە! کاک عەزیز خۆی لەم باسانە نەدەدا، هەموو لایەک بە کورد و ئازەری و توودەییەوە ڕێزیان بۆ دادەنا لە ڕاستیدا من خۆشم هیچ باسێکم لە کاک غەنی نەدەبیست  کە بەرگری لە حیزبی توودە بکا دژی سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. سەرەڕای ئەمەش خەڵکەکە زۆربەی بەلای دوکتور مەولەویدا شکابوو، بە باوەڕی من دوو هۆی هەبوو، یەکەم ئەوە کە دوکتور بوو، زۆر بە دەرد و گرفتاری و نەخۆشیی خەڵکەکەوە ماندوو بوو، دووهەم لە لێکدانەوەکانیدا زۆر هیوا و هومێدی دەدا بە کوردەکان کە زوو ڕزگاریان دەبێ و ئازاد دەکرێن. چوونکە وەزعی نێونەتەوەیی و ناوچەکە ئەمە دەخوازێ.

سەبارەت بە ئێرانیش دەیگوت شای ناچار دەکەن هێندێک ڕیفۆرم و ئاڵوگۆڕ بکا، هەر لەسەرەتاشەوە ڕای وابوو کە لە کەشوهەوای سیاسیی ئێستادا کوردان ناکوژن.

لەسەر توانایی لە ڕادەبەدەری دوکتور عەلی مەولەوی لە بابەتی پزشکی دا، حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ١٠٢ ی بیرەوەرییەکانی دا باسێ ئەوە دەکا کە چۆن کوێخا ئەمەری قەلەڕەشێ و کەسانی دیکە کە بە سەکتە دەم و چاویان خوار ببوو نەجات داوە. یان تەنانەت چۆن جاروبار ئەفسەر و پاسەوانی زیندانیش ژن و منداڵی نەخۆشیان هێناوە بۆ لای دوکتور، یان باسی نەخۆشەکەیان کردووە و ئەو نووسخەی بۆ نووسیون.

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ١٠٤ کتێبی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" دەڵێ کە جارێکی لەسەر وەزعی ناوچە پرسیاری لە دوکتور عەلی مەولەوی کردووە و دەنووسێ:... ڕۆژێک ئەم دەنگۆ و باسانەم لەگەڵ دوکتور مەولەوی هێنا گۆڕێ بە درێژی باسی وەزعی ناوچەکە و ئێرانی کرد، گوتی ئەمریکاییەکان پێوەندیان پێوە گرتووم، گوتم دوکتور ئەو باسانە بۆ لەگەڵ کوردەکان ناکەی؟ گوتی دوای نانی ئێوارە کۆیان کەوە قسە دەکەم. گەڕام هەموویانم ئاگادار کرد، وابزانم ١٥ کەس دەبووین، تێکەڵاو بوو هەر مەهابادی نەبوون، دوکتور باسەکەی دامەزراند.

لێکدانەوەی دوکتور مەولەوی لەسەر وەزعی ناوچە و کورد

لەوە ڕا دەستی پێ کرد "ئەمریکاییەکان فشاریان بۆ شا هێناوە ئاڵوگۆڕ پێک بێنێ، ئەگینا لەوانەیە وەزعێکی وەکوو عێراقیش بۆ ئێران بێتە پێش. شا بۆیە ناچارە هێندێک ڕێفۆرم بکا. وەزعی عێڕاقیش زۆرتر کەوتۆتە بەر کارتێکەریی شۆڕەوی و کۆمۆنیستەکان کە لەوێدا باڵا دەستن، لە ڕوانگەی ئەمریکا و ڕۆژئاواوە، تەنیا کوردەکانن کە دەتوانن لەسەر مافی خۆیان گیروگرفت بۆ حکوومەتی ناوەندی پێک بێنن و لاوازی بکەن، بۆیە ئەمریکا فشاری بۆ حەمە ڕەزا شا هێناوە کە سیاسەتێکی نەرمتر سەبارەت بە کوردەکان پەیڕەو بکا. دیارە باسی ئەوەی نەکرد، کە ئەمریکاییەکان

پێوەندیان پێوە گرتوە، چ بووە و چی ڕابردووە لە نێوانیاندا. بە گوێرەی هەڵسوکەوتی کاک عەزیز و کاک غەنیش دەردەکەوت، کە کەس هاتوە لە گەرمێنێوە، پێوەندیی پێوە گرتوون، هەر ئەوەندەیان باس دەکرد کە، ئێمە نەزەری خۆمان داوە، من بەش بە حاڵی خۆم لەوە زیاترم بۆ ڕوون نەبۆوە.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ٢٥٠ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا لەسەر هەڵسوکەوتی دەستەی عەلی مەولەوی دەنووسێ: ژمارەی زیندانی خۆراگر لە نێو کوردەکاندا زۆر نەبوون. تەنیا چەند کەسێکی خەڵکی سەردەشت و مەهاباد بوون، کە توانیان پیاوانە ماوەی زیندانی خۆیان بەرنە سەر و ژمارەیەکیش بەخشران کە لە جێگەی خۆیدا باسیان لێدەکەم.

لەو نێوەدا، دوکتور"عەلی مەولەوی" گیانی خۆراگری لاواز بوو، ئەوانەی وەک ئەو لە دەوری کۆ ببوونەوە و دژی ئێمە بوون. لاوەکانی سەردەشتی و "سەدیقی خاتەمی"، "کەریمی خامچی"، "حەبیب پەنا" و "سەید رەسوڵی بابی گەورە" و ژمارەیەکی تر لە زینداندا باوەریان بە خۆراگری هەبوو. ژمارەی هاوبیرانی مەولەوی لە زینداندا کەم نەبوون و تەنانەت کەسانی تری وەک مەلا "عەبدوڵلای سەرباز" و " ئەحمەدی نهضت زادە" و چەند کەسی تریش هەبوون، کە کاری پۆلیسیان لەسەر ئێمە دەکرد و نەیاندەهێشت کوردەکان لێمان نزیک بنەوە و قسەمان لەگەڵ بکەن.

حەسەنی رەستگار کە غەنی بلوریان ئێعترافی لەسەر کرد و گیرا، لە لاپەڕەی ٧٩ی بەرگی یەکی کتێبی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" دا باسی گۆشەیەکی بچووک لەو ئەشکەنجانە دەکا کە کردوویانە و دەنووسێ: ڕۆژێکی ئێوارە دەرگا کرایەوە، بە ناو بانگیان کردم، دووکەس بوون، بردیانم بۆ ژوورێکی گەورە. سەرهەنگێک و چەند کەس ڕاوەستابوون. کەسێکی شێواو و داتەپاو لەبەر مێزی سەرهەنگ ڕاوەستابوو، لە پێشدا نەمناسی، دوایی کە لێی ورد بوومەوە، کاک غەنی بوو، سەرهەنگ تێوەی خوڕی و گوتی: ئەمەی دەناسی؟ گوتی بەڵێ، گوتی کێیە؟ گوتی: (حەسەنی ڕەستگار) گوتی چ کارەیە لە حیزبدا؟ گوتی: (بەرپرسی ڕێکخراوی لاوانە)، گوتی پێی بڵێ دەبێ چ بکا، کاک غەنی ڕووی تێ کردم گوتی حەسەن خۆت بەکوشت مەدە، هەموو شت تەواو بووە، چاوت لە منە چیان بەسەر هێناوم؟ هەموو بەدەنم لەرزی گوێم لە تەپەی دڵم دەبوو، بە کاک غەنییان گوت بڕۆ، سەرهەنگ گوتی: دادەی.. تێمڕۆ هاتن بە ٥_٦ کەسان بە زەحمەت بۆیان وە ئەرز کەوتم. لەسەر تەختەیەکی پان درێژیان کردم، یەک سواری سەرم بوو، دوو لاقیان گرتبووم، دام گژانێ بە شەللاقان، هەتا شل و کوت بوون لە سەر و پشت و سمتانیان دام. یەک دووجار ڕاپەڕیم و هەستامەوە، ئەم جار بە شەلاق و شەپ و زللە، هیچ جێگایەکی لەش پارێزراو نەبوو، چاو و سەر و زگ و گوندێن و هەر کوێ با. سەرهەنگ کە شۆرەتی (وەزیری) بوو، فەرمانی دا دەستبەندی قەپانی بێنن. هێنایان بە هەموویان دەستی ڕاست و چەپمیان لە پشتەوە بەستن، سەرهەنگ بۆخۆی هێندێکی بە قامچی دوولا لە سەرو گوێلاکم دا، هاوار و داد و بێداد هێچ فایدەی نەبوو. فەرمانی دا سەرهەنگ، گوتی دەستبەندی بکەنەوە. لە بەزەیی نەبوو، دیتی زۆر بە دەستبەندی قەپانی ناڕەحەت نیم وەکوو ئەوانی پێش خۆم کە دەستبەندی قەپانی کرابوون. لام وابێ خۆشیان ماندوو بوون، سەیر ئەوەیە هیچیشیان لێ

نەدەپرسیم، هەر کوتان و لێدان بوو. سەرهەنگ گوتی جارێ بەسە، دەستیان لێ هەڵ گرتم و گوتی بیبەنەوە. دوو لە شکەنجەگەرەکان هاتنە بن پیلم بەرەو ژوورەکەیان بردم، داوام کرد، نەختێکم ئاو دەنێ زۆر توونی بووم، یەکیان گوتی باشە، ئەوەی دیکە گوتی نابێ. تکام کرد گوتم وەزعم خراپە ئەوەی توورە گوتی بەجەهەنەم، ئەوەی دیکە گوتی سەبرت بێ، چوو دۆلکەی ئاوێی هێنا، لە شێرەی حەوشە ئاوی تێ کرد بۆی هێنام، هەرچەند تێرم نەخواردبۆوە، نەموێرا زۆری لەسەر بڕۆم. بردیانمەوە ژوورەکە، حەمەد چاوەڕوانم بوو، حەمەد کە منی بەم حاڵەوە چاو پێکەوت زۆر تێک چوو، گوتی حەسەن چ بوو؟ چیان لێ پرسی؟ گوتم: حەمەد کوشتیانم هێچیان لێ نەپرسیم، نەقڵی غەنی و لێدان و پێدانی سەرهەنگم بۆ گێڕایەوە، زۆری پەرۆش بووم. پەتوویەکی خۆی بۆ ڕاخستم، هێندێک نانە ڕەقەی گل دابۆوە، هێنای گوتی بخۆ، گوتم هیچم بۆ ناخۆرێ دامپۆشە. نازانم چەندی شەو بوو، خەوم لێ کەوت. شەکەت بووم، قەت لە ژیانمدا ئەوەندە زەلیل و بێ دەسەڵات نەبووم، غروورم تێک شکابوو، سەرەڕای ئەو هەموو لێدانەی ئەو هەمووە جنێوە سووکەی پێیان دابووم، بەیانی لەتاو ژانی هەموو بەدەنم بەخەبەر هاتم. چرپان چرپان پەیدا بوو، گیراوەکانیان دەبرد بۆ ئاودەست سەربازیان فێر کردبوون جنێوان بدەن و پەلە لە خەڵکەکە بکەن زوو لە ئاودەست بێنە دەر. دەرگای ئێمەیان کردەوە یاڵلا زووبن زوو زوو، حەمەدی ڕەش هاتە بن پیلم گوتم دەستم لێ مەدە، ناتوانم، هەرچی هەوڵی دا جووڵەم نەکرد، ڕۆیشت و هاتەوە، زۆرم بۆ بە پەرۆش بوو، کەمێکی پێ چوو، دیسان سەموونە ڕەقە و هێندێک پەنیر هات، بۆم نەخورا. کوڕێکی سەربازی جەوان سەرجۆخە بوو، گوتمان بابە ئێمە سەربازمان نەکوشتوە لەسەر سیاسەت گیراوین، خەڵکی لای شیراز بوو، دیار بوو شتێکی لێ حاڵی بوو سەری ڕاوەشاند. گوتم زۆرم تینوە، چایەک، ئاوێک، گوتی سەبرتان بێ با ئەوانە بڕۆنە ژووری (مەبەستی ساواکییەکان بوو). دوایی دۆلکە ئاوێک، دۆلکە چایەک و دوو کەڵپە قەندی هێنا، لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا گوتی زوو بمدەنەوە، بەپەلە ئاو و چایەکەم خواردەوە، بە کونی دەرگاکە چاوی لێ بوو، زوو دەرگای کردەوە دۆلکە ئاو و چای لەبن هەنگڵ نان و دەرگای داخستەوە و ڕۆیی. ئەوە هەر لەسەر هەستم مەبادا بانگم کەنەوە بۆ لێدان یان حەمەدی ڕەش بانگ کەن. بە دوای نیوەڕۆوە، دەنگی هاوار هاوار پەیدا بوو، هۆدەی شکەنجە و لێکۆڵینەوە زۆر لە ئێمە دوور نەبوو، دەنگ دەگەیشتە ئێمە، شەو داهات. نیوەڕۆ نە من نە حەمەد نانمان بۆ نەخورابوو، دەرگا کرایەوە، زەندەقم چوو، گوتم ڕەنگە بانگم کەنەوە بۆ لێپرسین و ئەشکەنجە. سەربازە بوو هێندێک نۆکاوی ساردی هێنابوو لەگەڵ هێندێک سەموونە ڕەقە. هەرچۆنێک بێ بە ناچاری خواردمان، درەنگانی شەو قفڵی دەرگا کرایەوە بە ناو منیان بانگ کرد بۆ دەرەوە، بە یارمەتی حەمەد هەستام یەک هاتە ژوورێ گوتی وادیارە لەسەر دایکت نازان دەکەی، ساواکی بوو. بە هاوڕێکەی گوت کە ئەویش ساواکی بوو وەرە دەستی دەیە، بە هەر دووکیان ڕاستیان کردمەوە بردیانم. ئەمجارەیان (سەرهەنگ وەزیری) سەرگوردێکی جەوانی لەلا بوو، سەرهەنگ ڕووی لە سەرگوردی کرد و گوتی: ئەوەیە، ڕووی لە من کرد گوتی ئاقڵ بووی؟ گوتم بەڵێ، گوتی نا نا وەرن. ٥_٦ شکەنجەگەری ساواکی کە لە پشت دەرگا چاوەڕوانی فەرمان بوون ڕژانە ژوورەوە، جارێ بە شەق و زللە و کۆڵە مستان دایان گرتم، زۆرم هەوڵ

دەدا جێگای هەستیاری لەشم وەکو چاو و زگم ... بپارێزم. فەرمانی دا ڕامخەن بەسەر تەختە پانی شەلاقیان داخستم. یەک هاتە سەر سەرم دوو بۆ سەر لاقان، سەرهەنگ بۆخۆی شەلاقی بەدەستەوە گرت، دایگرتم، هاوار هاوار پوولێکی ناکا، سەرم لە تەختە دا بێهۆش بم نەبووم، لەپڕ بێ ئەوە بزانم چدەکەم بە فەننێک ئەوەی سەر سەرم بەردایەوە لاقم ڕاوەشاند دوو کەسی سەر لاقیشم بەلا داکەوتن، ڕامالّم بۆ سەرهەنگی برد کە شەلاقی بە دەستەوە بوو، لە دەستی نووسام شەلاقم گرت، هاواری دەکرد لێی دەن بیکوژن، ئاگام نەکرد چەندم وێ دەکەوێ پچڕ پچڕ شەلاقم لە دەست دەرهێنا پالّم بە دیوارەوە دا، هەر زللە و شق و مست بوون دادەوەرین. سەرئەنجام شەلاقیان لەدەست دەرهێنامەوە. ڕایانخستمەوە ئەمجارە سەرگورد هاتە مەیدانێ بە دوو لۆیی، ئەوەندی توانی لە سەری دام، وەزعم شڕ بوو سەرم لە گێژەوە دەهات، لێم دوور کەوتنەوە، بەم سەرمایە ئاویان هێنا بە سەریان داکردم، هێندێک بەرچاوم ڕووناک بوونەوە. هەستم بە ئێش و ئازار نەدەکرد سەرهەنگ نامەیەکی دەرهێنا گوتی: ها بیخوێنەوە ئەوە جەوازی دەفنی تۆیە، وەک سەگ دەتکوژین لەو دەشتە ژێر خاکت دەکەین، ئاقلّ بووی؟ گوتم بەلێ، گوتی: باشە سەرگورد ئەوە دامەوە دەست تۆ. ئەگەر ئاقلّ نەبوو تەحویلم دەوە...

سەرجەم پاش ٦ مانگ ئەشکەنجە و ئازار، سەزای ئەو ١٢٠ کەسە دیاری و بە سێ بەش دابەش کرا. حەوت کەس سەزای ئیعدام (لە هێندێک سەرچاوە دا باسی ٥ کەس کراوە) و ٥٤ کەس بەزیندانی ئەبەد و باقی بە ١٥ سال و ١٠ ساڵ و ٥ ساڵ و٣ مەحکوم کران.

بە کورتی بە گیرانی ئەندامانی حیزب، زەبریکی گورچووبڕ و قەرەبوو نەکراو لە تەشکیلاتی حیزب کەوت. مامۆستا هێمن لە لاپەری ٤٢ کتێبی تاریک و روون دا لەسەر وەزعییەتی حیزب لە ساڵی ١٣٣٨دا دەنووسێ: ساڵی ١٣٣٨ ساڵێکی زۆر شووم بوو لە مێژووی ژیانی من دا. لەو ساڵەدا سازمانی ئەمنیەت گەورەترین زەبری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و جوڵانەوەی ئازایخوازی گەلی کورد وەشاند کە بێگوومان لەو سەردەمی دا دەکرا بە بەهێزترین رێکخراوی سیاسی و رێکوپێکی ئێرانی بزانرێ.

هەر لە درێژەی ئەوباسە دا، غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٢٠٢ دا دەنووسی هیچکام لە کادرەکانی سەروی حیزب کە گیران شکەنجە نەکران. کاتێک سمایلی قاسملوو ئاشکرای کردن ئەوان هەرچی دەیانزانی بە ساواکیان گوت و راز و نەهێنی ئەو ١٢٠ کەسە هەموو ئاشکرا بوو و نەیاندەتوانی خۆ لە ئەندامەتی حیزب رزگار بکەن.

غەنی بلوریان ئاوا دەڵی بۆخۆشی ئێعترافی کرد و نێوی کەسانێکیشی برد بوو بەڵام هەر لەسەر ئەوەی کە حازر نەبوو رابردووی خۆی بنووسێ بە دڕندەترین شێوەکان ئەشکەنجە کرا. غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٢١٦ دا دوای ئەوە باسی ئەشکەنجە کردنی خۆی دەکا، لەسەر ئەشکەنجە و خۆراگری ئەندامانی حیزب لە ساڵی ١٣٣٨ دەنووسێ کە لە زیندان دا سەید محەممەد مەولایی کە کادری حیزب لە مەڵبەندی هەوشاری بوو لە رادەبەدەر ئەشکەنجە کرا، بەڵام زۆر پیاوانە خۆی ڕاگرت. هەروەها غەنی دەنووسێ کە سەید محەممەد مرادی لێپرسراوی پیرانشاریش زۆر بێ بەزەیانە

ئەشکەنجە کرا، غەنی بلوریان و عەزیز یۆسفی و رەحمەتی شەریعەتی داوایان لە سمایل قاسملوو کرد کە لەسەر محەممەد مرادی قسەکانی وەربگرێتەوە و سمایل بە قسەیان دەکا و بە مەئموورانی رێژیم دەڵێ ئەوەی کە ئەشکەنجە دەکرێ، ئەو کەسە نییە کە ئێوە گرتووتانە و ئازاد دەکرێ.

زۆر لە زیندانیانی ئەو دەورەیە سەرەڕای ئێعتڕافی ئەو کەسانە، ئازا و خۆڕاگر بوون و نێوێ کەسیان نەدەرکاند. مریەمی قازی لەسەر رەحیمی جەوانمەردی قازی باپیری کە لەو قۆناغە دا گیرا و لە رادەبەدەر ئەشکەنجە کرا، لەژێر ناوی "گۆچانی بابە گەورە" دەنووسێ: بابەگەورەم چوار جار گیرا کە جاریکیان بە ئێعدام مەحکووم بوو بەڵام بابی(سالاری میرزا فەتاحی قازی) بە فرۆشتنی سەدان سەر مەڕ و ماڵات لە مەرگ نەجاتی دا. جاری دیکە بە سێ سال و جارێکی دیکەش بە ٥ سال زندان مەحکوم بوو. من نازانم بۆ بابە گەورە قەت باسی شەوانی زیندانی بۆ نەکردین. بەڵام دواتر لە بیرەوەرییەکانی عەلی عەمووییی دا کە وینەیەکی جوانی بابەگەورمی تیدا چاپ کردووە، باسی یەک ساڵ ئەشکنجەی کوشەندەی هەموو شەوێی ئەو دەکا کە خۆڕاگر بووە و هیچی نەدرکاندووە و دەنووسێ، هەموو شەوێ عەبدولرەحیمان بە پێی خۆی دەبردە شکەنجەگایە و دوای چەند ساعەت بە بووراوی لەسەر پەتوێکی بۆگەن فڕێیان دەداوە نێو ژووری بەند. عەمووییی دەنووسێ کە تا یەکسال ئەوەندیان ئازار دا، کە توانایان نەما و عەمووییی لە حاڵێک دا کە دەگری، ئەوەی بە بابە گەورەم گوتبوو کە لە رادیۆ پەیکی ئێران بیستوویەتی کە ئەشکەنجەگەر خۆی کووشتووە. عەمووییی وەک گەورەترین قارەمانی بەند باسی بابەگەورم دەکا و دەنووسێ کە وەختیک دەیانبرد ئێمە بە توندی پیمان بە عەرز دادەدا و ئەگەرچی دەیزانی کە بۆ کوێ دەبەن و چۆن گۆشت و پێستی لیدەکەنەوە و لە خوێن دا شەلاڵی دەکەن بەڵام پێدەکەنی...



رەحیم جەوانمەردی قازی

دایکی بابەگەورەم ئەوەندی فرمێسک بۆ کوڕەکەی هەڵوەراند تا کوێر بوو و بینایی چاوی نەما و بێ ئەوەی چاوی بە کوڕەکەی بکەوێتەوە، دڵی تۆقی و ئەوجار بابەگەورەم لە غەمی لە دەست دانی دایکی دا، لە جیاتی ئەو فرمێسکی ماتەمینی بۆ هەڵدەوەراند.

رەحیم جەوانمەردی قازی لە ئەفسەرانی کۆمار کوردستان و پێشمەرگەی پارێزەری پێشەوا قازی محەممەد بوو کە نیزیک بە ١٠ ساڵ لە زیندان دا بوو. ئەو ئاغای ئاوایی ساروقامیش و لە نێو خەڵکی ئاوایی و ناوچەدا زۆر خۆشەویست بوو. لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا ویستی ئاوایی بەجێبێڵێ و بچتە مەهاباد. خەڵک پێشیان پێگرت و نەیاهێشت بڕوا و گوتیان کە بێ ئەو ناحاوێنەوە. کاتێک وەفاتی کرد خەڵک پەیکەری زێڕینیان لی سازکرد و ویستیان لە نێو ئاوایی دایبنێن، بەڵام فەرمانداری میاندواو ریگای نەدا و ئیستا پەیکەرەکە لە ماڵێک پارێزراوە.

یەکێکی دیکە لە قارەمانانی خۆڕاگری ئەم قۆناغە حەمەڕەشی سیاقۆڵێ بوو کە یەکەم جار ساڵی ١٣٣٨- ١٣٣٩ کەوتە زیندانی ڕێژیمی شای و لە زیندانی "قزڵەقەلعە"ی تاران ئەشکەنجە درا و وەک یەکێک لە قارەمانان و ئازاترین خۆڕاگرانی ژێر ئەشکەنجە ئەو دەورەیە ناوی دەرکەوت. ئەحمەد کاکەمەمی لە سایتی ئینتێرنێتی دا لەسەر حەمەدی ڕەش دەنووسێ: ... جەستەی زامار و ڕەش و شین کرا و ئازاری گەورەی ڕوحی درا بەڵام هەرگیزا و هەرگیز نەهێنیەکی نەدرکاند و بەڵێنی حیزبی نەشکاند.

ئەم خۆڕاگریی حەمەڕەش بە گوێی سپەهبود"تەیمووری بەختیار" سەرۆک و دامەزرێنەری ئەوکاتی ساواکی ئێران (١٣٣٩– ١٣٣٣ ک، خ) گەیشتەوە و بە بیانووی لێکۆڵینەوەی زیاتر داوای حەمەڕەشی کرد.

- من ئازایەتی و خۆڕاگریی و وەفاداریت سەبارەت بە و هاوفکرانت تەحسینت دەکەم، بریا سەرانی حیزبی تودەش وەک تۆ خۆڕاگر و وەفادار بان! تۆ جێی باوەڕ و موتمانەی منیشی، ڕەنگە ڕۆژێک بێمە کوردستان و ببینە هاوڕەزم، دەبێ بەڵێنی هاوکاریم پێ بدەی...


کاک حەمەدی سیاقۆڵی(حەمەدی ڕەش)

کاک حەمەد پێکوت: بەڵێنی نهێنیکاری ئێستات پێ دەدەم، بەڵام ئێستا کە ملم لە ژێر داری ئیعدامەوە و بەندی مان و نەمانم بە موویەکەوە بەندە، ناتوانم بەڵێنی سبەشت پێ بدەم. بەڵام کە چوومەوە کوردستان و جەنابیشت هاتی بەڵێنیەکە قایمتر دەکەم.

ئەو ساڵانەی(کۆتایی چلەکانی کۆچی هەتاوی) کە تەیموور بەختیار هەڵاتە عێراق و دەیەویست لە دژی نیزامی حەمەڕەزا شا ڕاپەڕێ. بە هۆی (عەبدولڕەحمانی زەبیحی) کە پێوەندی نیزیکی دەگەڵ(بەختیار) هەبوو، نامەیک بۆ حەمەڕەش دەنێرێت کە بچێتە عێراق و هاوکاری بکات. کاک حەمەد نامەکەی پێشان دام کە بە هۆی نەمر کاک سەید ڕەسوولی ورچان کە بۆ دابین کردنی ژیانی بنەماڵەی هاتۆچۆی گەرمێنی دەکرد هاتبوو. حەمەڕەش بۆی گێڕامەوە: چونکە بڕوام بە هەموو کەس نیە هەر بە قسە وەڵامم داوتەوە: من تەجرەبە و ئەزمونی خەباتم لە دژی دەستەڵاتی ئێران لە وڵاتی عێراق تاقی کردۆتەوە و بڕوام بە خەباتی دەرەوەی وڵات نییە، بەڵام هەر کاتێک هاتیەوە کوردستانی ئێران و دە تفەنگت دەگەڵ بوون، بەڵێن بێت منیش ١٠٠ تفەنگ بەدەستی ئازمودەت رەگەڵ خەم.

بە دوای پەلاماری بەربڵاوی ڕێژیم بۆ سەر ئەندامانی حیزب لە کوردستان، ڕێژیم جارێکی دیکە هێرشی کردە سەر پاشماوەی تەواوی ڕێکخراوەکانی حیزبی تودە و جەبهەی میللی و فرقەی دیموکرات و دەستبەر و زیندانی کردن.

## بەشی ٧٢
## ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ژێر حوکمی ئیعدام دا

لە ساڵی ١٣٣٨ دادگای گیراوەکانی حیزب دەستی پێکرد و لە یەکەم دادگا دا، عەزیزی یۆسفی، غەنی بلوریان، ڕەحمتی شەریعەتی و سمایلی قاسملوو حوکمی ئیعدامیان درایە و ئەوانی دیکەش دە ساڵ تا ئەبەدیان بۆ بڕاوە. ئەو زیندانیانەی کە بە حوکمی ئیعدام مەحکوم ببوون، چەند مانگ لە ژێر بەڕێوەبردنی ئەو حوکمە دا مانەوە. دوایە لە دادگای دووهەم دا حوکیمی ئێعدامی سمایل بوو بە ئەبەد بەڵام ئی ئەوانی دیکە نەگۆڕا و بڕیار بوو لە ماوەی ١٠ ڕۆژ دا ئێعدام بکرێن.

هەر لەو کاتانەدا بابی ڕەحمەتی شەریعەتی دێتە زیندان تا چاوی بە کوڕەکەی بکەوێ و پیامی ژێنڕاڵ بەختیاریان بۆ دەبا و کە ئەگەر ئەوانە (بلوریان و شەریعەتی و یۆسفی) ڕازی بن شریتێک وەک تۆبەنامە پڕ بکەنەوە، ئێعدام ناکرێن. بە پێی لاپەڕەی ٢٣٨ کتێبی "ئاڵەکۆک" بابی رحمەت بۆ وڵام دێتە لایان و لێیان دەپرسێ: بیرتان لێکردەوە دەبێ چ بکەن؟′ ڕەحمەت لە وڵام دا بە باوکی گوت: بیری ئێمە هەر ئەوەیە کە پێم‌گوتی. بابی ڕەحمەت بە بیستنی ئەو گوتنە سەری داخست و ڕۆیشت.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ٢٢٧ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا، لەسەر بارودۆخی خۆیان لەم کاتانەدا دەنووسێ: چوار ڕۆژ بە سەر حوکمی ئێعدامی ئێمەدا تێپەری. من لە ناخی دڵمەوە ئاڵۆز و خەمبار بووم و لەبەر پەنجەرەی هۆدەکە دانیشتبووم و بۆ لاواندنەوەی دڵی خۆم و هەڤاڵانم نارنارۆکانم دەگوت. لەو حاڵەدا بینیم کاک ڕەحمەتی شەریعەتی کە هەڤاڵی زۆر نەجیب و مێهرەبانمان بوو، چووە گۆشەیەیەکی هۆدەکە و وەک هەوری بەهاران فرمێسک هەڵدەرەوڕێنێ و خەریکی نووسینی وەسیەتنامەیە.

ڕەحمەت ژن و پێنج منداڵی هەبوو. نابراو پێشتر کارمەندی ئیدارەی ماڵیەی سنە بوو و جیا لە مووچەی حکومەتی کە بۆ منداڵەکانی بە جێ هێشتبوو، چی تری نەبوو. باوکی ڕەحمەتیش "یادی بەخێر بێ" هەر لەو ئیدارەیە کاری دەکرد و خانەنشین کرابوو، بەڵام بە دوای گیرانی ڕەحمەتدا دەستی بە کار کردبۆوە، کە ئەوە تەنیا ئومێدی ژن و منداڵەکانی ڕەحمەت بوو. گریانی خەمباری ڕەحمەت هەستی منیشی بزواند و خەمی چەند قات کردم. منیش تازە زاوا بووم و خەبەری لە دایک بوونی دوو کچۆڵەی دوانەم لە ژێر ئەشکەنجەی ساواک لە زیندانی تەورێز دا لە "کەریمی خامچی" خەڵکی مەهاباد بیست، کە بە دوای ئێمەدا گیرابوو. عەزیز دڵی پر ببوو و خۆی لە ژێر پەتو خزاندبوو، کە چاوی بە ئێمە نەکەوێ. بە دوای دادگای یەکەمدا، من وەسێەتنامەیەکی کورتم نووسیبوو و دابوومە دەست "قاسمی خوسرەوی" کە لەگەڵ ئێمە گیرا بوو، تا لە دەرفەتێکی لەباردا بۆ بنەماڵەکەمی بنێرێ. عەزیز لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە تۆ بۆچی وەسێەتنامە نانووسێ؟ گوتی:

-"چ بنووسم، نه ماڵم هەیە و نە ژن و منداڵ، کابرایەکی سەڵتم. زۆر کەس بەسەرهاتی ژیانم دەزانێ و پەکیشم بەوە ناکەوێ، بە مردوویی لە مێژووی خەباتی کورد دا باسم بکەن. دڵنیام مردنم بۆ پەز زیانی نیە و رەنگە تا زیندووش بم کەس چاوی بەرایی نادات تەماشام بکات و گەلێکیشم زەم و سەرکۆنە دەکەن و دەڵێن بۆچی خۆت دە ئاور هاویشتووە و بۆ چی کارو کاسپێک نادۆزییەوە و منداڵی خەڵک تووشی سیاسەت و چەرمەسەری دەکەی، بەڵام لە دوا رۆژدا گەلێکم خزم و دۆست بۆ پەیدا بێ و ئەوان پێم هەڵبڵێن".


غەنی بلوریان و مەرزەی خێزانی

- کاکی خۆم، خۆ ئێمەش بیرەوەری نانووسین، چەند دێرێک دەنووسین بۆ منداڵەکانمان تا ئەوان بزانن ئێمە لە رێگای نەتەوەکەماندا گیانمان لە دەست داوە.

-"مرۆڤی تر هەن کە لە جیاتی من ئەوە بڵێن لە دوا رۆژدا".

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٩٤ کتێبی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" لەسەر وەزعی ئەو ئێعدامیانە دەنووسێ: ڕۆژێک هاتن داوایان کرد عەزیز یوسفی، ڕەحمەت شەریعەتی، غەنی بلووریان، خۆیان ئامادە کەن دەیانگوازنەوە بۆ زیندانێکی دیکە. ئێمەش و ئەوانیش گومانمان نەما کە بۆ ئێعدام کردنیان دەبەن. دەست لە مل کردن و گریان بۆ ماڵئاوایی دەستی پێ کرد، ڕۆژی وا ناخۆش بۆ زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئێمە نەبینرابوو، وەسیەت و ڕاسپاردەی زارەکی دەستی پێ کرد، کاک عەزیز لە من زۆر نیزیک بوو، بە چاوی تەڕەوە سەری هێنا پێش گوتی: "حەسەن فڵان کەس دەناسی؟" گوتم بەڵێ. گەرووم گیرا گریانم بۆ دەرنەبرا، چونکە بە شێوەیەک هاودەرد بووین،(زوود باش، زوود باشی) عەجەمان لەوێ ڕاوەستێ لە کەش و هەوایەکی زۆر ناخۆشدا بردیانن بۆ دەرەوەی زیندانە ژێر زەمینەکەی ئێمە. ژوورەکانمان خەم و پەژارە دایگرتبوون، ڕەنگە هەر کەس لەبەر خۆیەوە بیری لە چارەنووسی ئەوان و خۆی دەکردەوە کە چیی بەسەر دێ، ئەم ڕۆژ و شەوەمان زۆر بە سەخت و دژوار تێپەڕاند.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ٢٣٨ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا باسی رابردوو و هەڵوێستی رەحمەتی شەریعەتی لە زمانی خۆیەوە دەکا و دەنووسێ: ”عەبدوڵلای ئیسحاقی بە زۆر منی راکێشا بۆ نێو رێبەرایەتی حیزب، زۆرم پێگوت ئەوەندەم بەسە کە لێپرسراوی حیزب لە شاری سنەم، بەڵام دەستی لێ هەڵنەگرتم، ئەمرۆ بۆم دەرکەوتووە کە راستم بەو گووتوە و ئێستاش بە ئێوە دەڵێم، کە من تا پای ئێعدامتان لەگەڵ هاتووم. ئەگەر رژیم خۆی چاوپۆشی لە ئێعدام کردنم بکات، من لای خۆم بەڵێنیم داوە چی تر وەشوێن سیاسەت نەکەوم و بچم درێژە بە ژیانی ئاسایی بدەم و لەوە زیاتر لە خۆمدا شک نابینم. من خێزانم زۆر خۆش دەوێ و هەر پێنج منداڵیشم پتر لە گیانم خۆش دەوێن و رام وایە پێویستە خزمەتی ئەوان بکەم . ئەگەر رژیم ئێعدامی نەکردم، بۆ ئازاد بوونی خۆم لە

زیندان جگە لە جاسوسی و خۆفرۆشی هەموو کارێک دەکەم. پەشێمان نامەیان بۆ دەنووسم و لە جێژنی دەوڵەتیدا بەشداری دەکەم. دەزانم ئێوە بە نرخی گیانی خۆتان لە کردەوەکانتان پەشیمان نابنەوە و درێژە بە ڕێگای خۆتان دەدەن. منیش بۆ ئێعدام لەگەڵ ئێوەم و لەگەڵ ئێوە رادەوەستم و بۆ رزگار بوونم لە ئێعدام تەسلیم نابم، بەڵام ئەوەی راست بێ، ناتوانم لە زینداندا بمێنمەوە و وەک ئێوە تاقەت ناهێنم و هەر ئەوەشم بە بابم گوتووە. سەربەرزی ئێوە بە ئاوات دەخوازم و داوام ئەوەیە لێم ناراحەت نەبن".

ڕەحمەت ئینسانێکی نەجیب و راست و بە بەقا بوو. ئەو هەموو بەڵێنییەکانی بە جێ گەیاند و لەگەڵ ئێمە پیشنیاری سەر لەشکر بەختیاری ڕەد کردەوە و ئامادە نەبوو بۆ رزگار کردنی خۆی لە مەرگ تەسلیمی ویستی ساواک بێ. وڵامی ئێمە بە ساواک ئەو راستیەی دەسەلماند کە لە تەواو بوونی دە رۆژکەدا ئێعدامامان دەکەن.

بە هاتنە سەرِ کاری عەبدولکەریم قاسم لە عیراق، شا مەترسییەی ڕێنیشت و بۆ بەربەرەکانی لە دژی حکومەتی قاسم، بە پێشنیاری ئەمریکایەکان، بۆ راگرتنی دڵی کوردانی باشووری کوردستان، لە ئیعدامی ئەوانە پاشگەز بووە و زیندانی ئەبەدیان بۆ بڕاوە. دیارە نارەزایەتی دۆستان و ئەندامانی حیزب لە عێراق و لە کوردستانی باشوور و دەرەوەی وڵاتیش، کاریگەری لەسەر بڕیاری شا هەبوو.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٢٢٩ بە نەقڵ لە داریوشی فروهەر دەنووسێ کە ژێنراڵ دۆگۆل و ئاندرە مالرۆ نووسەری گەورەی فەڕانسە و سۆکارنۆ و عەبدولناسر داوای بەخشینی ئەوانەیان کرد بوو.

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٦٢ کتێبەکەی دا لە زبانی ئەحمەد تۆفیق دەڵێ، بۆ کەم کردنەوەی حوکمەکان، شەخسی بارزانی داوای لە کۆڕ و کۆمەڵی جێهانی کردوە کە زەخت بخنە سەر حکومەتی شا. سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٣٩ بە بۆنەی ئەوەی فەرەح ژنی شا کوڕی بوو، دەرەجەیەک لە حوکمی زینانییەکان شکا و ئی ئەوان بوو بە ئەبەد.

حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ٩٣ بیرەوەرییەکانی دا باسێ هەوڵ و تێکۆشانی دوکتور عەلی مەولەوی بۆ کەم کردنەوەی تاوانی ئەو زیندانیانە دەکا و دەنووسێ: ڕۆژێک دەچوومە ئاودەست پێش من دوکتور مەولەوی چوو بوو، تەماشام کرد لە دەرگای دەرەوەی زیندان کە بە چەندین پلیکان لەسەرەوەی زیندان بوو، و بە میلەی ئاسن داڕێژرابوو، و دەرەوەی لێ دیار بوو، دوکتور مەولەوی لەگەڵ کەسێک لەو دیوی دەرگا قسە دەکا. سەرکار ئیستیوار چەند پلە خواردتر ڕاوەستاوە، چوومە سەرئاو و گەڕامەوە، باسی هیچم نەکرد. دوای منیش دوکتور هاتەوە ئەوەیش باسی هیچی نەکرد. کاتی بەناو هەواخۆری چووینە دالانی زیندان بۆ گەڕان، هەمووی وابزانم ١٠-١٢ میتر بوو، بەیەکەوە دەستمان بە گەڕان کرد، گوتم: "دوکتور ئەوە عەبدوڵڵا چۆن ئێرەی دۆزیوەتەوە؟ چۆنیان ڕێگە پێداوە؟" عەبدوڵڵا، برا چووکەی دوکتور مەولەوی بوو لە تەورێز خوێندکاری پزیشکی بوو، دوکتور گوتی حەسەن لەگەڵ ئەم ئیستیوارە خەریکم، چەند جار گوتوویە هەر کارێکت هەبێ ئەنجامی دەدەم، منیش ناردوومە بۆ ماڵەوە، ڕامسپاردووە عەبدوڵڵا بێ بۆ

تاران و بەهۆی ئەم ئیستیوارە کە ئادرەس و تەلەفۆنی خۆی دابوو بە خێزانم دەمبینێتەوە، کە عەبوڵڵا هاتووە ئاگاداری سەرکار ئیستیواریان کردۆتەوە، ئەویش عەبدوڵڵای هێنا بۆ لام، چەند شتم پێدا ڕاسپاردوە. گوتومە بەهۆی (سەدیق ئەنجیری) کە کەسێکی زۆر ئەمینە خەبەر بدەن بە مەلا مستەفا، کە هەرچی لە دەستی دێ بیکا بۆ ڕزگار کردنی ئەم ئێعدامیانە و خۆپێشاندانی گەورە لە بەغدا و شارەکانی کوردستان وەڕێ بخرێ.

کاک (سەدیق) ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگیی ئێران و فەرانسە بوو، زمانی فەڕانسەشی باش دەزانی، کتێبێکی (ژان پل سارتیری) بە فارسی وەرگێڕابوو گۆیا دوور بە دوور ئاشنایەتیی لەگەڵ نووسەری گەورەی فەڕانسەوی بە ناوی (ئاندەرە مالرۆ) هەبووە، کە ئەودەم ئێمە لە زیندان بووین ئەویش بۆتە (وەزیری فەرهەنگی فەڕانسە). لە دەورانی سەرکۆماریی (ژێنراڵ دۆگۆل)دا، گۆیا شای ئێران لەگەڵ ژینەڕاڵ (دۆگۆل) نێوانی زۆر خۆش بووە. دوکتور مەولەوی گوتی ڕامسپاردوە بەم هۆیەوە کاک سەدیق پێوەندی بگرێ بە (ئاندەرە ماڵرۆ) یان خۆی یان بەهۆی (ژێنڕاڵ دۆگۆلەوە) داوا لە شای ئێران بکەن، ئەو کوردانەی بە ئێعدام حوکم دراون، لێیان ببورێ. چەند ڕۆژی خایاند دیسان چاوپێکەوتن لەبەر دەرگای زیندان دووپات کرایەوە، دوکتور باسی ئەوەی کرد کە لە شارەکانی کوردستانی عێراق خۆپیشاندانی گەورە کراوە بە لایەنگریی ئێمە و ئێعدامییەکان. ئەوەشی باس کرد کە گۆیا (ئاندرە ماڵرۆ) پەیامەکەی وەرگرتوە و بەڵێنی داوە بیگەیەنێتە (دۆگۆل) کە بەم زووانە سەفەری تاران دەکا. هەتا ئێرە هیچ باسێکی ئێعدام کردنی هاوڕێیانی ئێمە لە گۆڕێدا نییە، چونکە دەبوایە بۆ ئێعدامی ئەو کەسانە شا مۆری بکا، یان پلەیەک دابشکێنێ بیکاتە حەبسی هەتا هەتایە. دەنگۆی ئەمەش هەبوو کە (ئایەتوڵڵا مەردوخی) هاتووە بۆ تاران چاوی بە شا بکەوێ و داوای بەخشین بۆ ڕەحمەتی شەریعەتی بکا.

بە دوای لێبووردنی شاهانە زەبر و زەنگ بە دژی زندانیان کەمێک کەم بۆوە و لە گەڵیان بە نەرم و نیانی جوڵانەوە. ئەو زیندانیانەی کە حوکمی ئێعدامییان درابوو، ئیعدام نەکران. دیارە ئەو رواڵەتە، زیندانیانی ساسیی ئازەری کە لەگەڵ ئەوانە گیرابوون و حوکمی ئەبەدیان درابۆیە، نەگرتەوە و ئەوان ئیعدام کران.

## بەشی ٧٣
## کۆدەتای١٤ ی ژوویەی ١٩٥٨ عێراق ١٣٣٧
## گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤییەت

کوردستانی باشوور بە دوای تێکشکانی ئێمپراتووری عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەش بوونی ئەو دەوڵەتە، وەسەر وڵاتی تازە دروست کراوی عیراق خرا. بەشی سەرووی رۆژئاوی باشووری کوردستانیش خرایە سەر دەوڵەتی سورییە. کۆمەڵانی خەڵکی نیشتیمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستانی باشوور، لەسەرانسەری سەدەی ١٩ دا لێبراوانە بە شەڕ و بەربەرەکانی بۆ ماڤەکانی خۆیان هەوڵیان دا، بەڵام سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا.

لە ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨) عەبدولکەریم قاسم لە دژی نیزامی پاشایەتی لە عێراق کودەتا کرد و کۆتایی بە حکومەتی نووری سەعید هێنا کە لە ئاڵقەی پەیمانی سیتۆ و هاوپەیمانی نێوان وڵاتانی حاکم بە سەر کوردستان و ئەمریکا و ئینگلیس بوو. مەلک فەیسەڵ پاشای عێراق و مەلک عەبدوڵا کوڕی و نوری سەعید کوژران و دەسەڵات کەوتە دەستی ئەفسەرانی نیزامی.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٣٧ بەرگی ٢ بیرەوەرییەکانی دا لەسە کودەتای عەبدولکەریم قاسم دەنووسێ: سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ بوو رادیۆ مەسکومان کردەوە گوێمان لە خەبەر بێ. هەوڵ خەبەری گوتی: رێبەرانی پەیمانی بەغدا بۆ پێشوازی لە پاشای عێراق لە فڕۆکەخانەی ئەستەنبوڵ کۆ ببوونەوە. بەڵام ئەو نەهات بۆ هەمیشەش هەر نەهات. لە عیراق شۆڕشی نیزامی کرا سەرهەنگ عەبدولکەریم قاسم رێبەری شۆڕش  کاروباری وڵاتی گرتە دەست.

بە چوونەدەری عێراق لە پەیمانی سیتۆ، ناوی ئەو پەیمانە گۆڕدرا و بوو بە پەیمانی سنتۆ کە لە راستی دا، ئاڵقەی نێوان پەیمانی ناتۆ لە ئوروپا، لە گەڵ پەیمانی سیتۆ لە ئاسیایی باشووری رۆژهەڵات بوو و ئەوانی پێکەوە گرێ دەدا.

لەو ساڵەدا، شای ئێران سەفری شورەوی کرد و پیشوازێکی باشی لێکرا و تەواوی ئەو ١١ تۆن زێڕەی وەرگرتەوە کە لە زەمانی موسەدیق دا، دەوڵەتی شورەوی حازر نەبوو بێداتەوە بە ئێران.

بە هاتنە سەرکاری عەبدولکەریم قاسم، چەشنێک هیوای گەیشتن بە ئازادی و جێگیربوونی دیموکراسی لە گشت وڵات دا پەری ئەستاند و لە بەیانییەی راگەیاندنی حکومەت دا، بۆ یەکەم جار لە بەندی٣ ی دەستووری کاتی ئەو وڵاتەدا،  کورد، وەک نەتەوە حیسابی بۆ کرا و وەک میللەتی عەرەب، لە هەموو شت، هاوبەش کرا.

کۆدەتای عێراق لە سەر خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەری زۆر بوو. خەڵک دائیم لە قاوخانان بە دەنگی بڵیند رادیۆ بەغدایان دەگرت و خۆشحاڵ بوون و ترسی جموجۆڵی گەورە دڵی کاربەدستانی رێژیمی ئێران داگرت بوو.

بە پێی لاپەڕەی ٣٧١  کتێبی دوکتور ئاسۆ لەوکاتەدا مەلا مستەفا بارزانی لە مەسکۆ زۆرتر پیاسەی دەکرد و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە گەورەتری هەڵەی هەر کەسێک ئەوەیە کە وڵاتەکەی

بەجێ بێڵێ و ئەو لە وەرگرتنی ماشێن خۆی دەپاراست بۆ ئەوە بتوانی رۆژێک بەسەر کیوەکانی کوردستان دا زاڵ بێتەوە. مەلا مستەفا لەو کودوتایە کەڵکی وەرگرت و لە شوڕەوی را پیرۆزبایی لە عەبدولکەریم قاسم کرد و داوای کرد کە بۆ پشتیوانی ئەو بگەڕێتەوە بۆ عێراق. عەبدولکەریم قاسم سپاسی کرد و رادیو بەغدا خەبەری دا کە مەلامستەفا دەگەڕێتە بۆ عیراق.

بەرلە گەڕانەوەی بارزانی و هەڤاڵانی لە یەکێتی سۆڤیەت، باڵێکی چەپی پارتی دیموکرات لایەنگری حیزبی شیوعی عێراق بوو کە بەچەشنی لایەنگرانی حیزبی تودە لە حیزبی دیموکرات دا، بە بەردەوامی پارتی دیموکراتیان تووشی کێشە دەکرد و هێزێکی کارامەش نەبوو کە بتوانێ بەرپەرچیان بداتەوە. هەمزە عەبدوڵا کەسی یەکەمی ئەو باڵە، سکرتێری پارتی دیموکرات بوو. ئەو بە ڕاشکاوی دەیویست سیاسەتەکانی حیزبی شیوعی لەناو پارتیدا پیادە بکات و لە ڕاستیدا پارتی دیموکراتی وەک لقێکی حیزبی شیوعی لێکردبوو. ناوبراو، ئیبراهیم ئەحمەد، کەسایەتی دووەمی نێو پارتی بەوە تاوانبار دەکرد کە ڕاستڕەوە و بە شوێن بورژوازیی عەرەب کەوتووە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە خودی ئیبراهیم ئەحمەدیش کەسایەتییەکی چەپ و هەڵگریی تیۆریی ماوتستۆنگ بوو. ئەو لە چلەکانی سەدەی پێشودا، چەندان وتاری لەسەر وڵاتی چین و کەسایەتی مائۆ لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردبۆوە، بەڵام دژی خەباتی نەتەوەیی نەبوو.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٤٥ کتێبی "بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی" لە نووسینی "کریس کۆچرا" و وەرگێڕانی "حەسەن رەستگار" بە دوای ئەوە برایم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٥٠ بوو بە سکرتێری پارتی دێموکرات، ئەو حیزبە زیاتر بەرەو چەپ رۆییشت و پارتی دێموکرات لە دوای کۆنگرەی سێهەم لە ساڵی ١٩٥٣ دا بوو بە حیزبێکی مارکسیست لێنینیست کە دەوڵەتی فیدڕاڵی کوردی لە چوارچێوەی عێراق دا دەویست بەڵام خەبات بە دژی کۆنەپەرەستی و بە دژی ئیمپریالیستی پێش دەخست.

مەلامستەفا و پێشمەرگەگانی بارزانی لە رووسییە، بە پەلە خۆیان بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق ئامادە کرد. ئەوانەی کە لە بەشی ئورووپایی رووسیە دەژیان، داوایان لێکرا کە ئەگەر پێیانخۆشە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، لە شاری مەسکۆ و ئەوانەی کە لە ئوزبەکستان بوون لە شاری "ویرۆفسکی" کۆببنەوە. دوایە هەمووی ئەوانە بە ژن و بە منداڵ بە شەمەندەفەر خۆیان گەیاندە بەندەری "ئۆدیسا" لە سەر دەریای رەش و سواری کەشتی "کرۆزیا" بوون. رادەی ئەوانە بریتی بوو لە ٤٦٠ پیاو و ١٠٨ ئافرەتی رووس و ئوزبەک ... و ٢٢٥ منداڵ. لە کۆی بارزانییەکان تەنیا ٧ کەسیان نەهاتنەوە و زیاتر لە٣٠کەسیشیان لەوێ کۆچی دواییان کرد. کشتی "کرۆزیا" لە ماوەی ١٦ رۆژ دا، دوای تێپەڕ بوون بە دەریای رەش و سپی و ناوەڕاست و کاناڵی سوئێز و دەریای سوور و ئۆقیانووسی هێند و کەنداوی فارس دا، لە رێکەوتی ١٩٥٩/٤/١٦ (١٣٣٨/١/٢٧) گەیشتە شاری بەسرە و لە گەڵ پێشوازی گەرمی خەڵک بەرەوڕوو بوو.

مەلا مستەفا بارزانی بە کەشتی نەهاتەوە بۆ عێراق. ئەو لە مەسکۆ را چوو بۆ پراگ پێتەختی چەکوسڵواکی. کاتێک کە مەلا مستەفا گەیشتە پراگ، برایم ئەحمەد، سەرۆکی پاڕتی و شێخ سادقی

برازای مەلا مستەفا، لە بەغدا را بۆ پێشوازی چوونە ئەوێ و لەوێڕا لەگەڵ مەلا مستەفا هاتنە قاهیرە و پاش چاوپێکەوتن لە گەڵ جەماڵ عەبدولناسر، بە تەیارە هاتنەوە فرۆکەخانە بەغدا و بە بەشداری هەزاران کەس لە کورد و عەرب، پێشوازێکی گەرمیان لێکرا.

لە سەر ئەو پێشوازییە مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٢٨٤ چێشتی مجێوردا دەنووسێ: "عەرەب و کورد تێکەڵاو، شیعاردان گوێی عاسمانی کەڕ دەکرد. گوتیان کوردێک کە لە سەر شانان داندراوە، دزێک کەڵاشەکانی دزیوە. کوردە هاواری کردوە: "کەڵاشەکەم"، حەشامات لێگرا گوتویانە "کەڵاشەکەم، کەڵاشەکەم"، لایان وابوە ئەمەش شیعارێکە بە زبانی کوردی.



عەبدولکەریم قاسم - مەلا مستەفا بارزانی

لەو گەرانەوەیەدا مەلامستەفا لە لایەن عەبدولکەریم قاسم زۆری ڕێز لێگیرا و لە قەسری نوری سەعید جێگیر کرا کە ببووە قبلەی کورد و عەرب و وێنەی ئەوان پیکەوە گەورە کرابۆوە و لە شەقامان دەفرۆشرا.

بارزانی دوای گەڕانەوە بۆ بەغدا، لە یەکەم کۆبوونەوەدا، هەمزە عەبدوڵا کە بریکاری بوو و دەرسی حقوقی خوێند بوو، وەلا نا و برایم ئەحمەد کە ئەویش وەکیلی خوێند بوو، لە جێگای ئەو دانا. ئەوانە هەرچەند پێکەوە خزم بوون و خوشکی برایم ئەحمەد، خێزانی هەمزە بوو و برازایەکی هەمزە، خێزانی برایم ئەحمەد بوو، بەڵام لە سەر ریاسەت دائیم شەڕیان بوو.

هەمزە عەبدوڵا دوای ئەوە وەلا نرا، لە گەل شوعییەکان کەوت. حیزبی شوعی کە هەموو کات لە ژێر زەخت و زۆری حاکمانی عیراق دابوو، بە کودەتای قاسم ژیانەوە. چوونکە مەلامستەفا دوازدە ساڵ لە شورەوی ژیا بوو، شوعییەکان بە کمونیستیان دەزانی و زۆریان ڕێز لێدەنا. لە لایەکی دیکەش ئەندامانی پارتی دیموکرات زۆر لە ژێر شوێنەواری شوعییەکان دا بوون و ئەوانیان بە مامۆستای خۆیان دەزانی. بەڵام ئەوەی راست بێ، حیزبی شوعی باوەڕی بە کێشەی نەتەوەیی نەبوو و ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری بەرپرسانی یەکەمی ئەو حیزبە کورد بوون، بەڵام بە عەرەبی دەدوان و بە شەرمیان دەزانی کە بڵێن کوردن. ئەوان هەر ئەو هەڵسوکەوتەیان سەبارەت بە کێشەی نەتەوەکان هەبوو کە حیزبی تودە لە ئێران دا هەیبوو. مامۆستا هەژار لە لاپەرەی ٢٨٥ چێشتی مجیوردا لەوبارەوە ئاوا دەنووسێ: کورد لە سولەیمانی لە خۆ پێشاندانێکدا داوای خوێندنی زمانی خۆیان و پەرەپێدانی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیان کرد بو. حیزبی شوعی لە سولیمانی شیعاریان دەدا: (مەعاریفی قەلیاسانمان ناوی). بە سوکایەتی کوردستانیان کردبوە قلیاسان( کە پرد و ئاوێکە لە خواری شاری سولیمانی). دەیانگوت پتر لە سەد هەزار ئیمزا، کە ١٨ هەزار ئیمزای

کوردی کمونیست بوە، بۆ قاسم هاتوە کە: ″نەکەی ئیدارەی فەرهەنگی سولیمانی بدەی بە کوردەکان، چونکە ئەمە جیاوازی خوازییە″.

جێگیر بوونی حکومەتێکی دەستەچەپی لە عێراق پارسەنگی ناوچەی گرینگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕی. زۆر دەستەڵات و هیزی ناوچە و جیهانی هەستیان بە مەترسی گەورە کرد و بە دەست تێوەردانی لاوکی و راستەوخۆ هەوڵیان دا یەکێتێ کورد و عەرەب بشێوی و نیزامی قاسم لە عیراق دا جێگیر نەبێ. دۆستایەتی مەلا مستەفا و عەبدولکەریم قاسم زۆری نەخایاند و شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردەوە.

هێزێ بارزانی نەحەسانەوە و دیسان دە شەڕێکی گەورەی درێژخایەن دا، تیوەگلان. میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی هەڤاڵ و راوێژکاری گەورەی مەلا مستەفا، دوای گەڕانەوە لە سووفییەت لە کاری سەربازی دەستی هەڵگرت و خۆی خانە نشین کرد. ئەو لە مانگی ۱۰ ی ۱۹۸۷ کۆچی دوایی کرد.

## گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو لە ئوروپا بۆ عێراق

پاش کۆدەتای ١٤ تەمووزی ۱۹۵۸، مەلامستەفا دوای ۱۱ ساڵ مانەوە لە شورەوی لە رێی گەڕانەوە بۆ عیراق، ماوەی۲۰ رۆژ لە چەکوسلۆاکی چاوەڕوانی ویزا بوو. لە ماوەدا لە پراگ چاوی بە دوکتور قاسملوو کەوت و دوکتور لەوێ بڕیاری دا کە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و لەوبارەوە لە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ۲۷ دا دەنووسێ: پێویستە ئەوە بڵێم کە پاش شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم لە عێراق لە ساڵی ۱۹۵۸- ۱۳۳۷ مەلا مستەفا بارزانی کە خەریک بوو بگەڕێتەوە عێراق، زۆر ئیسراری کرد کە منیش کە ئەوکات لە پراگ بووم بگەڕێمەوە. لە نەتیجەدا پێکەوە گەڕاینەوە عێراق...

چەند مانگێک دەبوو کە نەسرینی قاسملوو و منداڵەکانی بە زەحمەت و چەرمەسەرێکی زۆر لە سورییەڕا گەیشتبوونەوە لای دوکتور لە پراگ. مەلا مستەفا سەردانیان دەکا و نەسرین لە لاپەڕەی ۲٦۷ کتێبی ″ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا لەو بارەوە دەنووسێ کە ئێوارەیەک مەلا مستەفا لە ماڵە دکتۆر قاسملوو میوان بوو و پێشنیاری بە دوکتور کرد کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لە نزیکەوە خەبات بکا. دوکتور بە خێرا ئەو پێشنیارەی قبووڵ کرد. لێنا (نەسرین قاسملوو) بەو بەڵێنەی زۆر نیگەران بوو و بۆی پرسیار بوو کە چارنووسی منداڵەکانی چی لێدێ. دکتۆر پێیدەڵێ کە ئەمن بڕیاری خۆم داوە و تا رزگاری کوردستان ناگەڕێمەوە بۆ ئێرە و لەوێ دەمێنمەوە. ئەتۆش بڕیاری خۆت بدە. دوای ماوەیەک لێناش ئامادەبوو کە بگەڕێتەوە و دکتۆر قاسملوو ئاگاداری کرد کە ئەوان سەرەتا دەبێ خانوویەک لە بەغدا پەیدا بکەن و دوایە لێنا بگەڕێتەوە بۆ چیکوسلۆواکی و منداڵەکانی لەگەڵ خۆی ببا بۆ بەغدا. دیارە لێنا دەبوو زانکۆ وەلابنێ. ویزای گەڕانەوە بۆ بەغدا سێ مانگی کێشا و کاتێک گەیشتە ئەوێ، دۆخی بەغدا گۆڕدرابوو بەرەو ئاڵۆزی دەچوو. ململانی عەبدوڵکەریم قاسم و نەیارانی پەری ئەستاند بوو.

دوکتور قاسملوو لە پراگ کەوتبووە ناو کێشەکانی رادمەنشی و کیانووری و ئەو بە لای رادمەنش دا کەوت بوو و بە تاوانی ئەوەی کە لە یەک ساڵی رابردوودا لە گەڵ رێکخراوەکانی کوردی عێراقی هاوکاری کردووە، بۆ کۆبوونەوەکان بانگ نەدەکرا. ئێحسانی تەبەری گلەی دەکا کە بۆ ئەو بۆ کۆبوونەوە بانگ ناکرێ.

لە لاپەرەی ٥٨ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق..." لە نووسینی حامید گەوهەری، لە زمانی دوکتور عێزەدین مستەفا دەگوترێ کە گوایا دوکتور قاسملوو دوای یەک ساڵ دووری لە کوردستان لە نامەیەک دا بۆ مەلا مستەفا، کە دەبێ ئەو سەروبەندە بێ، لەسەر وەزعییەتی حیزبی دیموکرات دەنووسێ:

## چەند ئیتلاعێک لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران

کاری حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە تایبەتی پاش کودەتای ساڵی ١٩٥٣ پەرەی گرت چونکو حیزب دەستی پێکرد بەوە کە سەربەخۆ کار بکات و کاری کوردستان هەر خۆی بەرێتە پێش. ئەو ناوچەیانە کە زۆرتر حیزبی دیموکراتی کوردستان نفوذی تێدا هەیە ئەمانەن: شاپور "سەلماس"، ئورمیە "رضائیە" و دەوروبەری مەهاباد و سەردەشت و شنۆ و سندوس و تەواوی ناوچەی دەوروبەری ئەم شارانە، سەقز و بانە و دێیەکانی دەوروبەری بانە، شاری سنە و دوروبەری و شاری کرماشان کە تازە حزب خەریکە تێیدا تێ بکۆشێ.

ئەو ناوچانەی کە بزوتنەوەی نەتەوایەتی زۆر تێدا بە هێزە ئەوانەن: ناوچەی جەلالی و شکاکان، مەرگەوەر و تەرگەوەر، ناوچەی مەنگوران و پیران و لاجان، دێیەکانی دەوروبەری شنۆ و مهاباد و ناوچەی پشدەریان تا حدودی عراق، ناوچەی بانە و دەوروبەری ناوچەی جوانرۆ و هەورامان. بزوتنەوە لە حدودی عراق و ایران لە شنۆوە هەتا کرماشان زۆر بە هێزە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە زۆربەی ئەو دێیانە سازمانی "منظمە"ی هەیە و چەند سازمان کۆمیتەیەکی بەخش تەشکیل دەدەن. چەند کۆمیتەی بەخش، یەک کومیتەی محلی تەشکیل ئەدەن و لە شارەکانیش کۆمیتەی شارەکان هەیە. لە سەر کۆمیتەی شارەکان کۆمیتەی مەرکەزییە کە خەبات رێنوێنی ئەکات. ئەو سێ نەفەرەی کە ئێستا لە کوردستانی ایران کاری حزبایەتی بە دەستەوەیە و ئەفرادی کومیتەی مەرکەزین ئەوانەن :

١- عبدالله اسحاقی

٢- عزیز یوسفی

٣- رحمت اله شریعتی

ژمارەی ئەندامانی حزب بە چاکی لێم مەعلووم نیە، چونکو ئێمە جارێ لەبەر نهێنی بوونی کارەکە ژمارەمان کەمە. لە پاشان ئەوە ساڵێک زیاترە من لە کوردستان دوورم لە حاڵێکدا لەو یەک ساڵەدا زۆر گۆرانی گەورە لە ژیانی سیاسی کوردستاندا هاتۆتە پێش کە بە قازانجی بزووتنەوەی حزب بووە، بەڵام هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێستا دەبێ بە هەزاران بیان ئەژمێری.

دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، سەرەتا دوکتور قاسملوو و دواتر ڕەزا ڕادمەنیش سکرتێری یەکەمی حیزبی تودەی ئێران، لەگەڵ پەرویز حیکمەتجوو گەڕانەوە بۆ بەغدا و ئەوانە لە پەنای حیزبی شیوعی، لە بەغدا جێگیر بوون.

دوکتور قاسملوو، لە بەغدا لە ماڵێک دا دەژیا کە پێشتر ئەحمەد تۆفیق و سمایلی قاسملوو و قادر شەریف(هاشم ئەقللولتولاب) و مەلا باقی لێی نیشتەجێ ببوون. دوکتور لە بەشی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا دەستی بە دەرس گوتنەوە کرد و خیزانیش لەسەر راسپاردەی مەلا مستەفا لە وەزارەتی ئیسکان لە لای مامۆستا نووری شاوەیس دامەزرا. هەر لەو ساڵەدا کەریمی حیسامی کە لە ساڵی ١٣٣٦ ئازاد ببوو، لە مەهاباد رایکرد و چوو بۆ بەغدایە. ئەحمەد تۆفیق، دوکتور قاسملووی بە ئەندامی حیزبی نەدەزانی و کەریمی حیسامی لە زمانی ئەوەوە لە لاپەڕەی ٥٧ بەرگی دووی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: رەحمان سەڵاحیەتی حیزبی نیە، قسەی لە سەرە لە تاران گیراوە، قەولی هاوکاری دابوو بە ساواک. لە سەفەری ئوروپاش بۆم دەرکەوت کە لە گەڵ تودەیە. دەیهەویست بە دیاری بماندا بە تودە. بەڵام ئەوانیش بڕوای پێناکەن.

نەسرین قاسملوو لە لاپەڕەی ٢٦٩ کتێبی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا" لەسەر ژیانی خۆی و دوکتور قاسملوو لەم قۆناغە دا لە بەغدا، دەنووسێ کە دەزگای ئیستخباراتی عێراقی چوونەدەری ئەوانی لە بەغدا بۆ کوردستان قەدەغە کردبوو. ئەوان لەگەڵ پەرویزی حیکمەتجوو ویلایەکی نیوە کاولیان بە کرێ گرت. لێنا لە دووری منداڵەکانی ئازاری دەکێشا و ئەو نامانەی کە لە لایەن سەرپەرستی منداڵەکانی لە وەزعی ئەوان ئاگاداری دەکردنەوە ئۆقرەی لێبڕی بوو. لەبەر ئەوەی پێویستیان بە پارە بوو، بڕیاریان دا، لێنا کار بکا. کارێکیان لە وەزارەتی نیشتەجێ کە وەزیرەکەی کەسێکی گەنج و جوان و میهرەبان و کورد بوو بە ناوی عەونی دیتەوە و لنیا مانگانە بە ٣٠ دینار دامەزرا. کاری ئەو دیلمانجی بوو و دەبوو لە ٩ بەیانی تا ٣ ی پاش نیوەڕۆیە لە وەزارەتخانەکە بێ. دوای ١١ مانگ لە مانەوەی ئەوانە، وەزعی حکوومەت بەرەو ئاڵۆزی چوو و لەو ماوەیەدا دکتۆر دوو جار سەردانی کوردستانی کردو و لە سەفەری دووهەمدا تووشی کێشە بوو.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ ی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە، لە سەر شێوەی کاری ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی ١٩٥٨ دا دەڵێ: ئینجا عەبدولاێ ئیسحاقی کە مابوو وەك بەڕێوەبەری ئەسڵی هاتو پێکەوە کۆبووینەوە. دیسانەکە هەوڵی ئەوەمان دا کە بەڕێوەبەریی حیزب زیندوو بکەینەوە.

جموجۆڵێکیش لە نێوخۆی ئێران پێك هاتبوو. بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵە سەرنەکەوت. چونکە پاش ماوەیەك ئەو شێوە عەشیرەتی‌یە کە پێشتر باسم کردو مەلا مستەفاش پێشی خۆش بوو، لە نێو ئێمەدا جێگیر بوو. عەبدوڵلا ئیسحاقی (احمد توفیق) کە تێگەیشتنی زۆر کەم بووو زۆریش لە خۆڕازی بوو، هیچ موتالیعەی نەدەکرد کە شت فێر بێ. لە نەتیجەدا ئەو شێوە عەشایریەی پێ باش بووو کەوتە ئەو خەتە.

هەر لە لاپەڕەی ٥٧ دا کەریمی حیسامی لە زمانی ئەحمەد تۆفیقەوە دەنووسێ: دەمەوی ئاگادار بی باسی کاری حیزبی لە لای رەحمان ناکەین.

لە لاپەڕەی ٥٨ ئەو سەرچاوەیە دا هاتووە کە دواتر دوکتور قاسملوو لە کۆبوونەوەیەک دا، بە شێنەیی گلەی لە ئەحمەد تۆفیق دەکا و ئەو ماڵە بەجێ دێڵێ. بەمشێوەیە مەیدان بۆ ئەحمەد تۆفیق بە تەواو ئاوەڵا بوو. کەس نەبوو بەرهەڵەستی بکا و ئەو بە تەنیا خۆی بە حیزب دەزانێ. لە لایەکی دیکە، کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٥٩ بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکانی دا لەسەر ئەحمەد تۆفیق دەنووسێ: بە ریایی‌ومەڕایی و دانی هێندێ خەبەری بە درۆ بە مەلامستەفا خۆی لە لای مەلا مستەفا نیزیک کردوە.

چوونکە دوکتور قاسملوو بۆخۆی لە زانکۆی بەغدا دەرسی کوردی دەگوت و خێزانیشی لە وەزارەتی کار دامەزرابوو و هەروەها زورتر لە گەڵ ئەندامانی حیزبی تودە و حیزبی شوعی عێراق و هەروەها مامۆستا هەمزە و نیژاد و خسرەو تۆفیق دەگەڕا و لە گەڵ پەرویزی حیکمەتجوو لە ماڵێک دا دەژیان، ئەحمەد تۆفیق تاوانی تودەیی لێ‌دەدا.

بە پێێ لاپەڕەی ٦٧ ی بەرگی٢ ی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، تا رووداوی موسڵ، دوکتور قاسملوو لە لای مەلا مستەفای بارزانی بە قەدر بوو و دەنووسێ: زۆر نیزیک و بە قەدر بوو بەڵام بە هاتووچۆی ماموستا هەمزە نیژاد و خسرەو تۆفیق و دووزمانی ئەحمەد تۆفیق لای مەلامستەفا، قەدری نەمابوو مەیدان بۆ ئەحمەد تۆفیق ئاواڵە بوو بە کەیفی خۆی رایدەدا.

ئەودەم مەلامستەفا، مامۆستا هەمزە و نیژاد و رێبەرایەتی ئەودەمی پارتی لە سەر کار وەلانابوو و برایم ئەحمەدی بە سکرتێری پارتی دیاری کرد بوو. ئەو کەسانەی لەوانیش نیزیک بوون لەبەر چاوی مەلامستەفا دەکەوتن.

بە پێی لاپەڕەی ٩٣ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، کاتێک مەلامستەفا دەچی کە داوای پەنابەری بۆ کەریمی حیسامی بکا، لە رێگایە پێی دەڵێ: ئەتۆ بۆچی... قاسملوو خائینە، هەمزە خائینە، نیژاد خائینە تۆ چت لە قاسملۆ داوە.

بەو پێیە وردە وردە دوکتور قاسملوو لە کۆبوونەوەکان دوور خراوە. هاوکات لە گەل ئەو رووداوانە، ئەحمەد تۆفیق پەیوەندی لە گەڵ ئیدارەی ئەمنی عێراق پەیدا کرد و کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٦٨ بەرگی دووهەمی کتێبەکەی دا ئاماژە بەو پەیوەندییە دەکا و لە زبانی ئەحمەد تۆفیق دەڵێ چووتە لای عەبدولمەجید مودیری ئەمنی عێراق و کارتێکی ١٥٠ دینار کە حیزب بۆ کۆ کردنەوەی یارمەتی چاپی کرد بوو، پێفرۆشتووە.

جیا لەوانەش دڕدۆنگ بوون و بی باوەڕی و قەتیس بوونی بیری دوگمی تودەیی و سوسیالیستی لەناو ئەندامانی حیزب دا، ئەوانی نیسبەت بە یەک بێ ئیعتیماد کرد بوو. بۆ نموونە لەو کاتانەدا لە کۆبوونەوەیەک دا ئەحمەد تۆفیق رادەگەیەنی کە ئەمریکا هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە کە یارمەتی بە کورد بکا. بەو قسەیە زۆربەی ئەندامانی حیزب هەڵدەبەزنەوە و کەریمی حیسامی کە سۆسیالیستێکی زۆر تۆخ بوو، بە هاوفکری لە گەڵ قاسمی سوڵتانیان، لە ٨ خاڵ دا بۆ روون

کردنەوەی وەزعی حیزب، نامەیەک بۆ غەنی بلووریان دەنووسێ و داوای لێدەکا بۆ چارەسەری ئەو وەزعە بێتە کوردستانی باشوور. خاڵەکانی ئەو نامەیە بریتی بوون لە، ئەحمەد تۆفیق یەک ساڵ مەسئولییەتی لێ بستێندرێتەوە و کارە چەوتەکانی مەحکوم بکرێن. مەحکوم کردنی ناسیونالیزمی ویشک و بەرچاو تەنگ. پەیوەندی و دۆستایەتی لە گەڵ پارتی و حیزبی شوعی و حیزبی تودە و هەوڵ دان بۆ دەرکردنی رۆژنامە و گرتنی کۆنفرانس یان کونگرە. هەروەها روون کردنەوەی وەزعی دوکتور قاسملوو. ئەو نامەیە بە شێوەیەک دەگاتەوە دەستی ئەحمەد تۆفیق و نیوان ئەو و کەریمی حیسامی(ساڵە تۆفیق) کە تا ئەوکات زۆر دۆستانە بوو، تێک دەچی و دۆسییەی کەریمی حیسامی وەک دوکتور قاسملوو لێدێ

لە وەزعێکی ئەوتۆ دا، بۆ روون کردنەوەی وەزعی حیزب، رۆژێک دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی دەچنە لای برایم ئەحمەد کە ئەوکات سکرتێری پارتی دێموکرات بوو. ئەوان داوای لێدەکەن کە تا هاتنی چەند ئەندام لە ئێران را، کەس حەقی نەبێ کە وەک نوێنەری حیزب خۆ بناسێنێ. بە پێێ لاپەڕەی ٧٧ بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، برایم ئەحمەد دەڵێ: ئێمە ئەحمەد تۆفیق بە نوێنەری حیزب دێموکراتی کوردستان دەناسین. ئێوە شەو رۆژ لە گەڵ هەمزە و نێژاد دژی پارتی کار دەکەن، ئێوە لە گەڵ شیوعییەکانن. بێجگە لە ئەحمەد تۆفیق ئێمە هیچ کەسی تر بە نوێنەری حیزبی دێموکرات ناناسین.

کاک رەحمان( دوکتور قاسملوو) گوتی: کاک برایم ئەمن ئەحمەد تۆفیقم وەک نوێنەری حیزب بە ئێوە ناساندوە. ئێستاش هەر ئەمن دەڵێم کە ئەو نوێنەری حیزبی دێموکرات نییە.

کاک برایم گوتی: ئێمە خۆمان باشتر دۆست و ناحەزی خۆمان دەناسین، ئێوەش بە نوێنەری حیزب نازانین.

ئەوانە لەوێرا وەدەر دەکەون و دەچنە سەردانی مەلا مستەفا. لەوی دوکتور قاسملوو کە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٨٣ بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکانی بە رێبەری حیزبی دێموکراتی دەناسێنی، داوا دەکەن کە بۆ باس لە سەر وەزعی حیزب، کاتێکیان بداتێ. بە پێی لاپەڕەی ٧٧ بەرگی دووهەمی بیرەوەییەکانی کەریمی حیسامی، لە شەوی ١٩٥٩/١٠/٦ ئەندامی حیزب لە ماڵە مەلامستەفا کۆ دەبنەوە. لەوی دوای قسەکانی مەلامستەفا، ئەحمەد تۆفیق قسە دەکا و کەریمی حیسامی بەو تاوانبار دەکا کە شەو و رۆژ لە گەڵ مامۆستا هەمز و نێژاد دایە. محەمەد حاجی سەعید بە شوعی تاونبار دەکا. بە عەزیز فەلاحی دەڵی کە لەخۆڕا رایکردوە و قەت سیاسی نەبووە. بە دوکتور قاسملوو دەڵێ کە ئەو ئەندامی حیزبی تودەیە و دەیهەوی حیزبی دێموکرات لە کوردایەتی بشواتەوە.

قسەکانی ئەحمەد تۆفیق بە توندی رەد دەکرێنەوە و کەریمی حیسامی ئەو قسانە بە بێ ویژدانی و خستنە ژێرپێی شەرف و کەرامەت لێک دەداتەوە. سەرەرای هەمووی ئەوانە مەرحومی مەلا مستەفا دەڵێ: من ئەحمەد تۆفیق بە نوێنەری حیزبی دێموکرات دەناسم.

کەریمی حیسامی لە وڵام دا دەڵی: ئێمە دەبێ نوێنەری حیزب دیاری بکەین. ئەگەر ئاوا بێ ئێمە مەجبوورین بەیانێک دەربکەین و کردەوەکانی ئەحمەد تۆفیق بۆ خەڵک روون کەینەوە.

مەرحوم مەلا مستەفا بەو قسانە تورە دەبی و دەڵێ: ئەو کارە بکەن بەیانتان لەسەر دەردەکەم، بە خائینی کوردتان دەناسێنم، لە عێراق وەدەرتان دەنێم.

دوکتور قاسملوو لە وڵامی مەرحومی مەلا مستەفا دەڵی: کاک کەریم تورە بوە ئێمە بەیان دەرناکەین ئێستا کە تۆ وا بڕیار دەدەی با وابێ.

دوای ئەوانە شەوێک ئەحمەد توفیق دەچێتە سەر ماڵە حیزب و دەست بە سەر هەموو کەرەسەکان دادەگری و رایدەگوێزی. کەریمی حیسامی لە لای عەزیز شەمزینی گلەیی دەکا و داوا دەکا کە شتەکان بگەڕێنێتەوە، بە پێی لاپەڕەی ٨٠ بەرگی ٢ ی بیرەوەرییەکان دا: زۆر بە ناحەق و بێ شەرمانە هێرشی بردە سەر پێشەوا قازی محەمەد.

## هەڵاتنی ئەندامانی حیزب بۆ عێراق لە ساڵی ١٣٣٨
## کۆمۆنی سولەیمانییە

چەند مانگ دوای گیرانی سمایلی قاسملوو، لە ساڵی ١٣٣٨ پەلاماری رێژیم بۆ سەر رێکخراوەکانی حیزب دەستی پێکرد و بە سەدان کەس لە ئەندامانی حیزب بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی ساواک، بۆ کوردستانی باشوور هەڵاتن و لە شاری سولەیمانییە گیرسانەوە. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی٣٦٦ کتیبی چێشتی مجیور ئاماژە بەوە دەکا کە ئەحمەد تۆفیق دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سوفییەت، چوو بۆ کوردستانی باشوور و لەوی لە گەڵ کۆمەڵێک کوردی ئێرانی هەڵاتووی دەستی ژاندارم، کومۆنێکیان پێک هێنا کە ئەحمەد سەرۆکیان بوو و وادیار بوو سەرۆکایەتی حیزبی دیموکراتیشی دەکرد. پێشتر ئەحمەد تۆفیق وەک بەرپرسی یەکەمی حیزب لە کوردستانی باشوور بوو. ئەو لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و هەڵاتووەکانی لە شاری سولیمانییە لە خانوویەک دا، بە ناوی "کۆمۆنی سولەیمانییە" کۆ کردەوە.

ئەوانە لە سەرەتا دا خۆیان تەسلیم بە مەقەڕەکانی پارتی کرد کە لەگەڵ حکومەت وڵاتیان بەریوە دەبرد و پاش ماوەیەک میوانداری، تەسلیم بە حکومەتی عێراق کران. لەوانە هەر رۆژە دەستەیەک دەبوو بچنە سەرای حکومەت لە سولەیمانی و بە بەشداری نوێنەری ئەمن و ئەرتەش و پۆلیس و ئەحمەد تۆفیق دەستیان بە قورئان دادابا و وڵامی پرسیاریانیان داباوە و ئەحمەد تۆفیق زەمانەتی کردبان، ئەوکات دوای مانگێک مافی پەنابەری سیاسیان بۆ دەهاتەوە.

ئەحمەد تۆفیق بە سەر کۆموون رادەگەیشت و زۆر رۆژان لەوێ بوو و ئەگەر ئەو نەچووبا، قاسم سوڵتانی ئەندامی تێکۆشەری حیزب کە نازناوی کەماڵ ئەحمەد بوو، سەردانی ئەوێ دەکرد. دیارە بەڕێوەبەرایەتی حیزب لە سولەیمانییە خانوویەکیان بە کرێ گرت بوو کە کەس پێینەدەزانی. ئەگەر ئەندامانی کۆمۆن کارێکیان هەبایە، دەبوو رابوەستن تا لە ماڵە حیزب را کەسێک بێ و بیانبینێ.

کەریمی حیسامی لە بەرگی دووی بیرەوەرییەکانی لە لاپەڕەی ٨٦ دا لە سەر هەڵسوکەوتی ئەحمەد تۆفیق لە گەڵ ئەندامانی راکردودا ئاوا دەنووسێ: بە نێوی کۆمون لە خانویەکدا دەژیان و سیستمێکی پۆلیسی بەسەردا زاڵ کردبوون. نەیدەهێشت هیچ کەسیان لە سولیمانیەوە بۆ بەغدا و شارەکانی دیکەی کوردستان سەفەر بکا. تەنانەت دەبوایە بۆ نێو شاری سولەێمانیش ئێجازە وەرگرن.

رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٦١ کتێبی چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم بە وردی چۆنییەتی کۆمۆن باس دەکا و دەنووسێ: نزیک بە مانگێک لە بارەگای پارتیداماینەوە. ئیتر مانگانەی پەنابەریمان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دەهات. هاوڕێیانی بەڕێوەبەرایەتی بڕیاریان دا کە مانگانەی هەموان بدرێت بە بەشی ماڵی (قاسم سوڵتانی) واتە کەمال ئەحمەد کە بەرپرسی بوو. لە مانگدا هەر یەکەی دوو دینارمان ئەدرایێ بۆ هێندێ خەرجی پێویست لە کاتێکدا مانگانەکەی من دوو ئەوەندەی مانگانەی هاوڕێیان بوو، بەڵام منیش هەر دوو دینارم وەردەگرت لە مانگدا. بەدوای هاتنی مانگانەکەمان هاوڕێیان کەوتنە بیری خانوویەکی گەورە کە جێگای هەموومانی تێدا وەبێت. ئەودەم گەڕەکێکی تەواو مەسیحینشین هەبوو لە سلێمانی. خێرخواز و پیاوچاکێکی مەسیحی بێ بەرامبەر خانوویەکی گەورەی پێشکەش کردین لە گەرەکی ئەسحابە سپی کە زۆر گەورە بوو و جێگای هەموومانی تێدا دەبۆوە. گواستمانەوە بۆ ئەو خانووە و ناومان نا ″کۆمۆن″. بۆ ڕاخەری ژوورەکان حەسیر و بۆ هەریەک لە هاوڕێیانیش لێفە و سەرینێکیان بۆ کڕین. کاک حەمەئەمین شاناز کە ئەندامی حیزب بوو و پێش ئاوارەبوونمان لە ماڵی ئێمەدا لە کیوەرۆ کاری ئاشپەزی بۆ دەکردین، قۆڵی هیمەتی هەڵماڵی و دەستیدایە خواردن دروستکردن بۆمان. بە تەنیا خواردنی هەموو ئەو جەماعەتەی دروست دەکرد. بەڵام هاوڕێیان هەر ڕۆژە چەند کەسێک بە نۆبە بەرپرسی پاک و خاوێنیی هەموو ژوورەکان و نان هێنان و هەڵگرتنی سفرە و چایی لێنان و شتنی قاپ و کەوچک و پێویستییەکانی ڕۆژانە بوون.

رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٦٣ دا باسی هەڵسووکەوتی ئەندامانی حیزب لە ناو کۆموون دا دەکا و دەنووسێ: کۆمەڵێک لە هاوڕێیان بە مەبەستی فێربوونی نووسین و خوێندنی زمانی کوردی چووبوونە قوتابخانە و لە پۆلی پێنجی سەرەتایی شەوانە دەیانخوێند. من و میرزا دوو لەو قوتابیانە بووین. مامۆستاکانمان زۆر ڕێزیان دەگرتین و هەوڵیان ئەدا لەگەڵماندا فێری نووسین و خوێندنی زمانی کوردی بین. هەرچەند بەهۆی بڵاوکراوەکانی حیزبەوە هێندێک کوردی فێر بوو بووین بەڵام ئەوە زۆر کەم بوو. ناوی دوو مامۆستام لەبیر ماون، مامۆستا عەبدوڵڵا ئەژدەر و مامۆستا عوسمان سەعید. مامۆستاکان هەردووکیان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. ئێمە ڕۆژانە بێکار بووین. ئەو بێکارییە ڕێوشوێنی خراپی لەسەرمان دانابوو. لەبەر بێتاقەتی و بێوازی هەریەک لە بیری ماڵ و منداڵ و ژیانی وڵات لەلایەکیش پاشەڕۆژی نادیار ڕۆژانە دەچووینە چایخانەیەک بە ناوی چاخانەی جومعە کە هەندێک لە خەڵکی سلێمانی ناویان نابوو چاخانەی ئێرانییەکان. بەشی زۆری هاوڕێیان بە ڕۆژ لەوێ کۆدەبوونەوە. لەلایەکی دیکەش هاوڕێیان کلاسێکی سیاسییان لە

یەکێک لە ژوورەکانی کۆمۆن بۆ ئەو کەسانەی کە تازە هاتبوون بۆ سلێمانی بۆ پێکهێنابووین. مامۆستاکەی کاک هاشمی حوسێن زادە بوو، واتە قادر حەسەن. لەجیاتی مێژووی کوردستان ئینقلابی حیزبی کۆمۆنیستی چینی بە قەڵەمی "مائۆتسەتۆنگی" بۆ باس دەکردین و بە دەرس پێی دەگوتین. ئەو کلاسە و ئەو دەرسە بۆ ئەوکات و زروفەی کوردستانی عێراق زۆر باوی نەمابوو، بەڵام هاوڕێیان هەر بە گەز و ڕبەی کوردستانی ئێران دەیانپێوا. بەڕاستی کەمتر لە هاوڕێیان تاقەتی گوێگرتنیان هەبوو، بۆیە زۆرتر ڕوومان کردبووە چایخانەی جومعە کە یەک لەوان بۆخۆم بووم... ژیانی کۆمۆن هەر دەهات و بەهۆی زۆربوونی هاوڕێیانەوە زەحمەتتر دەبوو. گیروگرفت، ناڕەزایی و پرتەوبۆڵە لە هەموو لایەکەوە سەری هەڵدابوو...

لەو ماوەیەی کە ئەندامانی حیزب لە لای پارتی میوان بوون خەڵک و دەستە و تاقمی سیاسی سەردانیان دەکردن و یارمەتی زۆریان پێکردن کە پارتی وەری دەگرت. دوای ئەوە ئەندامانی حیزب وەک پەنابەر وەرگیران جێگاکەیان گوێزتەوە.

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٥٦ کتێبەکەی دا ناوی ئەو کەسانەی کە لە کۆموونی سولەیمانیە بوون بەمشیوەیە هێناوە: دەکرێت سەرجەمی ئەم هاوڕێیانە نزیك بە ١٠٠ کەس بە ژن و منداڵەوە مەزندە بکەم. پێم خۆشە وەکو یادکردنەوەش بێ، ناوی ئەو هاوڕێیانە بهێنم کە لەبیرم ماون. یەکەم دەستە کە ئێمە بووین لە گوندەکانی کیوەرۆ، ئەنجێنە، بڵەسەن، هەروەک لە لاپەڕەکانی پێشودا باسم کردووە. بەدوای مانگێکدا بەرودوا هەر چەند ڕۆژ لە بانەوە ئەم کەسانەی دیکە بە ئێمە زیاد بوون: لە شار میرزا عەبدوڵلا نەعلبەندی، (تێبینی: لەبەرئەوە لەوەدوا ناوی میرزا عەبدوڵلا زۆر دێت، تەنیا بە ناوی میرزا دەینووسم). لە گوندی دۆڵهەرزن مامۆستا مەلا ڕەحیم وردی کە پێشنوێژ و مامۆستای ئەو گوندە بوو. لە گوندی ئارمردە عەبدوڵلا خانی ئەحمەدی، عەبدوڵلا مارف ناسراو بە عەبە ڕەشکەڵ، ساڵح پەراکەندە ناسراو بە ساڵح گزیر، عەبدوڵلا ڕەنجدیدە، ساڵح ناوێک کە ناسراو بوو بە ساڵح کوێر، شێخ شەریف دانیشتووی کۆخی میرەوسوی ئارمردە، محەممەد حاجی شەریف و حەمە مەلا. ئەوەی لەبیرم بێت تەنیا عەبدوڵلا خان ژن و منداڵی پێبوو. لە گوندی نیروان محەممەد سەلیمی و عبدوڵلا خوسرەوی ناسراو بە عبدوڵلا بەگ. لە گوندی تاژان محەممەد ساڵح کەریم، مەلا محەممەدی نەسروڵلایی و عەلی مەرجان. لە گوندی زەربەنێ دەروێش عوسمان و شەریف عەباس کە لەم دواییانەدا حەجی کرد و بوو بە حاجی شەریف. لە گوندی شوێ فەقێ حەسەن و حەمەزارا، ئەویش دوای ماوەیەک ژن و منداڵی بۆ هات، ئەحمەد پیرۆز، حمەی شەریف ئاغا، ئەحمەد ساڵحی، ئەحمەد قالە ناسراو بە مەلا ئەحمەد، ڕەحمان هۆشمەند، خولە عاسی و حوسێن کەریمی. لە شارەکانی دیکە ئەوەی من لەبیرم مابێ و بیانناسم لە سەردەشت عەبدوالخالق شافعی و سەعدون زەکی. لە شاری مەهاباد و دەوروبەر خەلیل سەدیقی هونەرمەند و گۆرانیبێژ، ڕەحمان ناسراو بە ڕەحمانی جەلیل کەڵەباب، هاشم حسێنزادە کە ناوی خۆی گۆڕی بە قادر حەسەن، قادر ئاغای چوارگا، ڕەشید ناسراو بە ڕەشە قاچاخچی و سلێمان موعێنی کە لە کوردستانی عێراق بە فایق ئەمین دەناسرا. لە شاری سنە برادەرێک کە زۆریش لێک نزیک بووین بەڵام

بەداخەوە ناوەکەیەم لەبیر نەماوە و هیچ سەرچاوەیەکەم شک نەبرد کە پرسیاری بۆ بکەم و ناوەکەیەم بیربێتەوە. ئەوەندی من بزانم ئەو هاوڕێیە خزمی نیعمەتی‌یەکانی سنە بوو. لە شاری بۆکان هاشم جەلالی دوای چەند مانگ هات، لە جێی خۆیدا ڕوونکردنەوەیەکم لەسەر ناوبراو هەیە کە پێوستە باس بکرێت. لە نەغەدە سەعید کوێستانی. سەرجەم ئەو هاوڕێیانەی کە ناوم هێناون یەکترمان دەناسی، بۆیە ناویانم لەبیر ماون.

## چوونی دوکتور قاسملوو بۆ کۆمووونی سولەیمانییە و دەرکرنی لە عێراق

ئەندامانی کۆمۆن بە توندی لە ژێر چاوەدیری ئەحمەد تۆفیق دابوون کە مەبادا پەیوەندی بە دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی بگرن. دوکتور قاسملوو ئەوکات لە بەغدا بوو. ڕۆژێک دوکتور بە مەبەستی سەردانی برادەرانی کۆمونی سولەیمانییە، حیزبی شوعی ئاگادار دەکا و دەچتە سولەیمانیە و لە هۆتێلێک دەگیرسێتەوە. ئەحمەد تۆفیق ئاگادار دەبێ و سولەیمان موعینی دەنێرێتە لای. لەوبارەوە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٨٧ بەرگی دووی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: ”بە داخەوە ئەودەم سولێمان کەوتبوە داوی ئەحمەد تۆفیق و لە قسەی دەرنەدەچوو” و سولەیمان دەس بە قسان دەکا و تۆزێکیش دژی تەکرەوی ئەحمەد تۆفیق دەدوێ”. ئەوانە لەوێ قەراردادەنێن کە بەیانی دوکتور قاسملوو بچێتە لای برادەران کۆمۆن و قسەیان بۆ بکا. ڕۆژی دوایی دوکتور بە تەنیا دەچێتە کۆمون. بە پێی لاپەڕەی ٨٨ ی بەرگی دووی بیرەوەرییەکانی حیسامی، ئەحمەد تۆفیق ئەندامانی حیزبی لێی هاندەدا و دەڵێ: کاکە، براینە، ئەو کەسەی ئێوەی توشی ئەو ڕۆژە کردوە، برا و دۆست و خزمی ئێوەی بە گرتن داوە، ئەوەتا لە بن دەستانە. جا دەڵێن چی و چی لێدەکەن خۆتان دەزانن.

هێندێک کەس لە دوکتور راست دەبنەوە و قسەی سووک و ناحەزی پێدەڵێن. دوکتور دەیهەوی وەدەرکەوی بەڵام پێشی پێدەگرن و دەڵێن: ناهیڵین بڕۆی هەروا بە هاسانی نەجاتیت نابێ.

لەو هەڵاوبگرەدا دوو کەس لە ئەندامانی حیزبی کمونیستی عێراق خۆ دەگەیەننە خانووی کۆمۆن و بە زۆری خۆ بە دەرکەی دادەکەن و دەچنە ژوور. دوکتور نەجات دەدەن و لە گەڵ خۆیانی دەبەن. دوکتور قاسملوو لە لای کەریمی حیسامی گێڕابوویەوە کە ئەگەر برادەرانی حیزبی کمونیست نەبان بێگومان دەیانکوشت.

چەند مانگیک بوو دوکتور قاسملوو و خێزانی گەڕابوونەوە بۆ عێراق و کاریان دەکرد. لەژێر چاوەدێری دابوون و حەقی چوون بۆ کوردستانیان نەبوو. نەسرین قاسملوو لە لاپەڕەی ٢٧٤ کتێبی "ئوروپاییەک لە وڵاتی کوردانداا لەسەر هیرش بۆ سەر قاسملوو لە زمانی خۆیەوە دەنووسێ: من لە هۆتێلێک گیرسامەوە، شەو درەنگان لەگەڵ هاوڕێیانی حیزب قەراری دیدارم هەبوو. ئەوان، بە تایبەتی، لەو پەڕی سنوورەوە بۆ قسەکردن لەگەڵ من هات بوون. ڕێک لەو کاتە دا کە خۆم ئامادە کردبوو لە هۆتێلەکەم وەدەرکەوم، دۆستێکی کوردی عێراقی بە پەلە خۆی بە ژوورەکەمدا کرد. بەرانبەر هۆتێلەکە، دوو پیاو چاوەڕێی منیان دەکرد، بۆ ئەوەی بە خەنجەرم لێمدەن. بەو پێیە، دیار

بوو کەسێک خەیانەتی لێکردووم. هەر بۆیەش، ئێمە لە دەرکەی پشتەوە چووینە دەرەوە و من چی دیکە نەگەڕامەوە بۆ ئەو هۆتێلە. ئەم ڕووداوە بووە هۆی تێکچوونی پلانەکانمان. دۆزینەوەی شوێنیکی نوێ بۆ دیدارەکەمان. ماوەیەک کاتی گرتین و ناچاریش بووین کات و ساتی کۆبوونەوەکانمان بگۆڕین. هەر بۆیەش من هەندێ درەنگتر لە کاتی دیاریکراو گەڕامەوە...

ڕەشید ئەحمەدی هەر لەوبارەوە لە لاپەڕەی ٦٣ ی کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم" دا دەنووسێ: قاسملوو هات بۆ سلێمانی کە من تا ئەودەم نەمدەزانی لە کوێ دەژی و پلەوپایەی لە حیزبدا چییە. دیار بوو بە خێزانەوە لە بەغدا دەژیا. کاتێ هات بۆ سلێمانی قسە و قسەڵۆک زۆر بوون. وا دەرکەوت ئەحمەد تۆفیق سەردانی د. قاسملووی بۆ کۆمۆن پێ خۆش نەبوو. تەنانەت چەند هاوڕێیەک قسەی ناخۆشیان بە د. قاسملوو گوتبوو. ئەو ئێوارەیە کە دوکتۆر هات بۆ کۆمۆن من لەو کاتەدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی دیکە لە فێرگە بووم و دەرسی کوردیمان دەخوێند. کاتێک هاتینەوە هاوڕێیان وەزعەکەیان بۆ گێڕاینەوە و گوتیان بڕیاردراوە کۆبوونەوەیەکی بەرین پێکبێت بۆ هەموان و هەردوو هاوڕێیان کاک دوکتۆر و کاک ئەحمەد بەشدار دەبن و قسەمان بۆ دەکەن. هەر شەو پێمانگوترا بۆ بەیانییەکەی کەس نەچێتە دەرەوە و هەموو حازر بین. لە گەورەترین ژووری کۆمۆندا کۆبووینەوە. هەر چۆنێک بێ بە پاڵەپەستۆ دامەزراین. دەوروبەری پەنجاه هەتا شەست کەس ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بووین. نەمران جیابەجیا هاتنە ژوورێ. دیار بوو بەیەکەوە نەهاتبوون و لەوە دەچوو هەر یەک لە شوێنێکەوە هاتبن. لە سەرەتاوە دوکتۆر قاسملوو قسەی کرد و لە قسەکانیدا ئەحمەد تۆفیقی بە پیاوێکی سەرەڕۆ و تەکڕەو ناساند و گوتی ئەحمەد تۆفیق ئەو ماوە هیچ پرس و ڕایەکی نەکردووە و تەنیا وەکو خۆی هەستاوە بە ئەنجامی کارەکان و ناتەوای زۆرە لە کارەکانیدا کە بە زیانی حیزب تەواو بوون. ئەمە کورتەی قسەکانی بوو و بۆ بەشی زۆری قسەکانی بەڵگەی دەهێنایەوە. دوایی ئەحمەد تۆفیق گوتی ڕەحمان قاسملوو ڕاست ناکات، ناوبراو بە هۆیەکەوە کە جێگای گومانی حیزب بووە، هەڵپەسێردراوە و نێردراوە بۆ وڵاتێکی دەرەوە بۆ ماوەیەک تاکو بزانین ئەو گومانەی لەسەریەتی دەڕەوێتەوە یان نا. دیارە من وەکو کەسی یەکەمی ئەو حیزبە مەسئولیەتم لەئەستۆ بووە و بە باشی ئەرکی خۆم ئەنجام داوە. ئەحمەد تۆفیق لە درێژەی قسەکانیدا گوتی قاسملوو تودەییە، لێرەش دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و هاوکاری حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی تودەی ئێران دەکات لە بەغداد، ئەوەش بۆتە هۆی ناڕازیبوونی برادەرانی پارتی و شەخسی مەلا مستەفای بارزانی لە حیزبی دیموکرات. من کەسێکی وام وەک حیزبی دێموکرات قبوڵ نییە و بەو شێوە بیرکردنەوە زیانی گەورە بە حیزبەکەمان دەگەیەنێ. لێرەدا کاک دوکتۆر زۆر ناڕەحەت بوو و قسەکەی لە ئەحمەد تۆفیق بڕی و گوتی ئەحمەد ڕاست ناکات، ئەگەر من هەڵپەسێردراوم بۆچی ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی حیزبم بۆ هاتووە بۆ دەرەوەی وڵات؟ ئەگەر پێویست بێ ئەوا ئەو ڕاپۆرتانەتان پیشان ئەدەم. ئەحمەد گوتی فەرموو نیشانی بدە! دوکتۆر لە وەڵامدا گوتی ئێستا پێم نییە، ئەگەر لازم بوو ئامادم نیشانیان بدەم. هەروا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی ئەگەر گومانم لەسەر بووە چۆن بووە حیزب منی ناردووە

بۆ وڵاتێکی سۆسیالیستی کە دۆستی ئێمەن، بەڵام ئەوان ئاگادار نەکراون لەو مەسەلەیە. ئەو کارە دوورە لە ئوسولی دیپلۆماسی و خیانەتە بەو وڵاتە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە من بۆ کاری دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات بووم و پەیوەندیم بە حیزبی تودەوە بە ئاگاداری حیزب بووە و خۆشم بە تودەیی نازانم، و دوای ماوەیەک هاتوومەوە بەغدا. بە دوای قسەکانی دوکتۆردا دەنگەدەنگ زۆر بەرز بۆوە لە هەردوو لاوە خەریک بوو کۆبوونەوەکە تێکچێت، بەڵام هەر چۆنێک بێت کەوتینە نێوان و بێدەنگمان کردن. دوای کۆمەڵێک باس و لێکۆڵینەوە ئەحمەد تۆفیق پێشنیاری کرد کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دیاری بکرێت بۆ ڕاستی و دروستی قسەکانی هەردوو لا و بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕابوردووی کارەکان لەڕێگەی ئارشیڤەوە. دوکتۆریش ئەوەی پێ زیاد کرد بە سەردان و پرسیار لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی تودەی ئێران لەسەر کەسایەتیی هەر دوو لا. ئەحمەد تۆفیقیش ئەوەی دوبارە پێی زیاد کرد کە سەردانی پارتی دیموکراتی کوردستان و تایبەت شەخسی مەلا مستەفا بارزانی. لەسەر ئەو ئەساسە لیژنەیەك دیاری کرا کە بریتی بوو لەم کەسانە: لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە، سلێمان موعێنی و کەمال ئەحمەد، واتە قاسمی سوڵتانی. لەلایەن دوکتۆر قاسملوو، یوسف رێزوانی و عەبدوڵڵا عێزەتپور. منیش بە تێکرای دەنگی هاوڕێیان لەلایەن ئەندامانی تەشکیلاتەوە هەڵبژێردرام. ئەم پێنج کەسە وەک لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دیاریکراین.

ڕەشید ئەحمەدی لە درێژە دا لە لاپەڕەی ٦٥ دا دەنووسێ: دوای دیاریکردنی لیژنەکە حەوتوویەکی پێچوو هەتا ئامادەکاریمان بۆ کرا و چووین بۆ بەغدا. وەک لەبیرم بێت کاک یوسف ڕێزوانی و کاک عەبدوڵڵا عێزەتپور لە بەغدا بوون، تەنیا کاک کەمال ئەحمەد و کاک سولێمان موعێنی و من لە سلێمانییەوە ڕۆیشتین و شەو چووینە هوتێل رشید کبیر. دروست نازانم سەعات چەندەی شەو بوو کە خانمی قاسملوو زەنگی لێدا و داوای منی کردبوو. دوای سڵاو و ئەحواڵپرسی گوتی چەند ڕۆژێکە لە موخابەراتی عێراقیەوە ئاگادارکراوین کە لە عێراق بڕۆین و سبەینێ دوایین ڕۆژی مۆڵەتمانە و دەبێ لە عێراق دەرچین. دیارە ئەمە دەستێکی لەپشتەوە هەیە و ئێوەش وەک لیژنەی لێکۆڵینەوە هاتوون بۆ بەغدا. ئەگەر تواناتان هەیە لانیکەم تا ئاکامی لێکۆڵینەوە و سەفەرەکەی ئێوە کارێکی وا بکەن کە ئیجازەمان بدەن ئێمە لە عێراق بمێنینەوە. دوای تەلەفۆنەکە منیش بە هاوڕێیانم گوت کە خانمی دوکتۆر ئاوا دەڵێت. کاک کەمال ئەحمەد گوتی بەیانی لەگەڵ کاک ئەحمەد قسە دەکەین. بەیانی ئەحمەد تۆفیق هات بۆلامان و قسەی تەلەفۆنەکەی خانمی دوکتۆرمان بۆ باس کرد و لە وەڵامدا گوتی ئێمە دەسەڵاتی موخابەراتمان نییە.

هەر لە پەیوەندی لە گەڵ ئەو باسەدا کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٨٩ بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: دوای گەڕانەوەی سەردانی دوکتۆر قاسملوو لە کۆمۆنی سلێمانی کۆمیتەیەک لە پێنج کەس پێکدێنن کە بچنە بەغدا لەگەڵ من و کاک ڕەحمان قسە بکەن. ئەندامانی کۆمیتە بریتی بوون، لە سولێمان موعێنی، ئەحمەد تۆفیق، عەوڵای عێزەتپور، یوسفی ریزوانی و ڕەشید خانی کیوەرۆ، ئەوانە هاتنە لای من بەڵام ئەحمەد تۆفیقیان لەگەڵ نەبوو. گوتیان کۆمیتەیەکمان پێکهێناوە کە لەم ناکۆکییە بکۆڵێتەوە. گوتم ئەگەر دەسەڵاتی ئەوەتان هەیە تاوانبار

سزا بدەن، ئەحمەد تۆفیق‌یش ئامادە دەکەن لە کۆبوونەوەدا دانیشێ کە ئامادەم لەسەر ئەساسی ئەو نامەیە کە بۆ غەنی بلوریانم نووسیوە هاوکاریتان بکەم."

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٦٧ کتێبەکەی دا بووچوونی کەریمی حیسامی ڕەد دەکاتەوە و دەنووسێ: دەمەوێ دوو خاڵ ڕوون بکەمەوە. خاڵی یەکەم، کاک کەریم ناوی ئەحمەد تۆفیق وەکو یەکێک لە لیژنەکە ناودەهێنێ کە لەڕاستیدا کاک ئەحمەد یەکێک لەو کەسانە بوو کە لیژنەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات نەک ئەندامی لیژنەکە. دوبارەی دەکەمەوە ئەو کەسەی کە لای کاک کەریم لەقەڵەم کەوتووە بە جێگەی ئەحمەد تۆفیق، کەمال ئەحمەد بووە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە من ئەو کاتە ئاگام لە کاک کەریم نەبووە ئاخۆ لە کوێیە و نەشم دەناسی و ئەو لیژنەیەش تەنیا لێکۆڵینەوەی لەسەر قسەی دوکتۆر قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق بووە نەک لەسەر کاک کەریم. منیش لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە ئەو ناویان دەهێنێ نەچوومە ماڵی کاک کەریم و لەو سەفەرەدا کاک کەریمم هەر نەدیوە. ئەگەر کاسانێکیش چووبن ئەوا من نازانم و ئاگام لێیان نییە.

جیا لە کێشەی خۆبەخۆی ئەندامانی حیزب لە کۆمۆنی سولیمانییەدا، ڕێژیمی ئێران هەوڵی دا لە ئەندامانی گیراوی حیزب، وەک سیخوڕی کەڵک و وەرگرێ. یەک لەوان هاشم جەلالی بوو کە لە پەیوەندی لەگەڵ سمایلی قاسملوو دا گیرا و زۆر ئازار درا بوو. ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەرەی٧٠بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە بە بەڵینی هاوکاری ناردرا بۆ کۆمۆنی سولەیمانییە و لەوێ ئیعترافی کرد کە ڕێژیمی ئێران بۆ سیخوڕی ناردوە.

نەسرین قاسملوو لە لاپەڕەی ٢٧٤ کتێبی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردانداً" لەسەر دەرکردنی خۆیان لە زمانی دوکتور قاسملووە دەنووسێ: پارێزگار بۆ سبەی کاتژمێری ١٠ی بەیانی لە هەردووکمانی گێڕاوەتەوە: دەیناسم، پیاوێکی باشە. دواجار، دەیتوانین لێرە بڕۆین.

پارێزگار پیاوێکی میهرەبان و ڕوو خۆش بوو (هەڵبەتە بۆ لینا زیاتر لە ڕادەی پێویست) خۆڵکی کردن دانیشتن و ئەمری کرد قاوەیان بۆ بێنن. لەگەڵ عەبدولڕەحمان باسی کەم بایەخ و بابەتی ڕۆژانەی دەکرد و هاوکات، وەکوو نەریتێکی باوی ئەم وڵاتانە، لە پەستا دەیگوت: "بە خێر بێن" و عەبدولڕەحمانیش هەر جارە بە هەمان فۆرموولی ڕەچاوکردنی ئەدەب، سپاسی دەکرد. تا ئەوکاتەی کە کاتی هۆکاری بانگهێشتنەکەی گەییشت (لینا بە عەرەبی قسەی نەدەکرد، بەڵام بە گشتی لە ناوەرۆکی باسەکەیان تێدەگەیشت).

لە ڕاستیدا بەڕێز پارێزگار، بە داخ بوو لەوەی کە ناچارە پێیان ڕابگەیەنێت کە ماوەی مانەوەیان لە عێراق بە سەرچووە و ئەوان دەبێ لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا، ئەو وڵاتە بەجێبێڵن و لەو ڕووەوە کە هۆکاری بڕیارەکەیان پێڕانەگەیاندووە، ناتوانێت هیچ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر بدات. بە ڕوونی دیار بوو کە درۆ دەکات و هەر بۆیەش پرسیار کردن لەو، چ سوودێکی دەبوو؟ سەرەڕای ئەوەش، ئەوان بە هێنانە ئارای وردەکارییەکانی سەفەرەکیان، توانییان بۆ یەک ڕۆژی دیکەش ئیزنی مانەوە وەربگرن، هەر کە گەیشتنە ماڵەوە، لینا لە خۆشحاڵی ئەوەی کە سێ ڕۆژی دیکە لە پڕاگ دەبوو، شایی لە دڵیدا دەگەڕا...

دوای گەڕانەوەی ئەوانە بۆ چەکوسلۆواکی بە زەحمەت خانوویەکی ٣ ژووریان پەیدا کرد. پاش داگیرکردنی چەکوسلۆواکی لە ساڵی ١٩٦٨ دکتۆر قاسملوو لە گوتنەوەی وانە لە قوتابخانەی باڵای

موتاڵا ئابوورییەکان ( EHEE ) بەردەوام بوو. لێنا لە لاپەڕەی ٢٧٧ کتێبەکەی دا دەنووسێ: عەبدولڕەحمان دەستی کرد بە وانە گوتنەوە لە قوتابخانەی باڵای موتالە ئابوورییەکان ( EHEE ) و زۆری نەخایاند کە دەستی کرد بە نووسینی بڕوانامەکەی خۆی و بۆ وەرگیرانی وەکوو (بەربژاری زانست) پاش وەرگیرانی وەکوو بەربژار، دەستی کرد بە نووسینەوەی بڕوانامەی دوکتۆرای دەوڵەتییەکەی و داکۆکیی لێکرد. دواتر، دەستێکی پێدا هێنایەوە و وەکوو کتێبێک چاپی کرد. هاوکاتیش وتارگەلێکی بۆ ڕۆژنامە دەنووسی و هەروەها بوڵتەنی "کوردستان"ی بڵاو دەکردەوە ( هەمان بوڵتەن کە لێنا لە ئێران لە بڵاوکردنەوەیدا هاوکاری کردبوو).

چەند مانگێک پاش گەڕاونەوەیان بۆ پراگ، لێناش لە زانکۆی شارل (Charles) لە کۆلێژی فەلسەفە دەستی کردەوە بە خوێندن. پاش کۆتایی پێهێنانی، قوتابخانەی باڵای موتاڵا ئابوورییەکان کە پێویستیان بە مامۆستای زمانی ئینگلیسی هەبوو، پۆستی ئاسیستانی بە لێنا دا. پاش دوو ساڵ، پلەی لێنا بوو بە یاریدەدەری مامۆستای زانکۆ دبەرزبووە. هیچ کاتێکی ئازادی بۆ نەمابووە. لە لایەکەوە وانەی دەگوتەوە، بە کاروباری ناو ماڵ ڕادەگەیشت و لە خوێندندا یارمەتی کچەکانیشی دەدا و لە لایەکی دیکەشەوە، بە کاروباری کوردەکان و یارمەتیدانی هاوسەرەکەی لەو بوارەدا ڕادەگەیی، ئەم کارەشی، هەموو کاتە ئازادەکان، پشووی کۆتایی حەوتوو و ڕۆژانی پشووی فەرمیی لێ داگیر دەکرد.

## گوێزتنەوەی کۆمۆونی سولەیمانی

بەڕێوەبەرانی کۆمۆن لە وەرزی هاوین دا، چەند خانووی کرێکاری چیمەنتۆی سەرچنار کە چول ببوو، وەگرت و ئەندامانی کۆموون، سەڵت و خێزاندار، تێکڕا گوێزتیانەوە بۆ ئەوەێ. بەڵام زۆری بە سەر دا تێنەپەڕی، پەیوەندی پارتی و حیزبی شیوعی بەرەو خراپ بوون چوو و هێندێک لە ئەندامانی حیزب بە لای شیوعی داکەوتن و هەروەها بە هۆی ئاڵوگۆر لە سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم کە بە لای شوێنیزمی عەرەب داکەوت بوو، پشتیوانی لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە کزی دا و بڕیار درا کە ماڤی پەنابەریان لێ بستێندرێتەوە و بۆ شارە عەڕەبەکان بگوێزرێنەوە. ئەو بڕیارە، بەڕێوەبەری حیزبی ناڕەحەت کرد و ئەحمەد تۆفیق گلەیی و گازەندەی لە ئەندامان گرت کە بۆ پەیوەندی بەهێز لە گەڵ شیوعییەکان دەگرن. مەلا ڕەحیم وردی کادری بەوەجی حیزب لە شاری بانە بە توندی بەرپەرچی قسەکانی ئەحمەد تۆفیقی داوە و ئەوی بە خەتابار زانی. هەر بە دوای ئەو دڵئێشێ دا، مەلا ڕەحیم وردی خۆی تەحویل داوە ( ناوبراو دواتر گەڕاوە بۆ مەیدانی خەبات و لە پێناوی ئازادی بۆ وڵات دا گیانی لە دەست دا).

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٧٥ کتێبەکەی دا هۆکاری تێکچوونی کۆمۆن باس دەکا و دەنووسێ: زۆری پێنەچوو کۆمۆن ئاشبەتاڵی کرد. چەند هۆکار بوونە هۆی ئەو ئاشبەتاڵە. یەکەم هۆی بنەڕەتی سەرەتای تێکچوون و پاشگەزبوونەوەی حکومەتی قاسم لە بەندی ٢ی دەستوری عێراق بوو کە بریتی بوو لەوەی کە کورد و عەرەب هاوبەشن لە عێراقدا. ئەوە بوو بە هۆی بەهێندنەگرتن و

ساردبوونەوە بەرامبەر بە مەسەلەی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق. هەر ئەوەش کاریگەری لە هەموو لایەنەکەوە لەسەر ئێمە دانا، وەک گواستنەوە بۆ شارە عەرەبنشینەکان، ڕاوەستانی مانگانە دوای شەش مانگ لە هاتنمان و پێنەدانی کار. ئەمانە هەموو هۆکار بوون بۆ هەڵوەشانی کۆمۆن. هۆکاری دیکە، بێ ئەزمونی ڕێبەرایەتی لە شێوەی ئیدارەکردنی کۆمۆن، نەبوونی بەرنامەیەکی دروست بۆ پەروەردەکردنی هاوڕێیان، نەدۆزینەوەی کار و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە. ئەو گرفتانە بوونە هۆی ئاشبەتاڵ.

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٧٦ کێبەکەی باسی کێشەکانی کۆمۆن و پاکانە بۆ ئەحمەد تۆفیق دەکا و دەنووسێ: لەو کاتەدا ئێمەش وەک قورساییەك کەوتبووینە سەر شانی ئەحمەد تۆفیق و گیروگرفتمان زۆر بوو. ئەو جەماعەتەش، واتە ئێمە، هەموو بێ ئەزمون بووین و نەماندەتوانی بەشێک لەو قورساییە هەڵگرین و یارمەتی بدەین. بەڕاستی ئەحمەد تۆفیق تەنیا بوو، دەنا پیاوێکی ئازا، خاوەن بیرێکی نەتەوەیی، دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمان و ماندوویی نەناس بوو. ئەم بێکەسی و هەلومەرجە نالەبارە کە بۆی پێشهاتبوو تووشی هەڵچوون و بڕیاری نادروست و هەڵەی دەکرد. هەر ئەوەش بوو کە لەو بەشە زەمانییەدا سەرکەوتوو نەبوو. دوای ئاگادارییەکەی کەمال ئەحمەد سرتە و پرتە، ناڕەزایی و ڕۆیشتنەوەی بە کۆمەڵ بە تەسلیم بوونەوە دەستپێیکرد. دەتوانم بڵێم لە سەرەتای زستانی هەمان ساڵ، واتە ١٩٦٠، ئەوەی من ئاگام لێی بێت و لەبیرم مابێ جەماعەتێکی زۆر کەم لەو قۆناخەدا ماینەوە...

جێگای ئاماژەیە لەو قۆناغەدا هەرکام لە ئەندامانی حیزب کە خۆیان تەحویلی ئێران دەداوە، خەڵکی هەرکوێیەک بان، دەیانبردنە رۆکنی ٢ مەهاباد کە ئەوکات وەرەهرام فەرماندەی سپا بوو.

کۆمونی سولەیمانی زوو هەڵوەشاوە و هیندێک لە راکردووەکان گەڕانەوە بۆ ئێران و تەسلیم بە حکومەت بوونەوە. یوسفی ڕێزوانی و عەوڵای عیزەتپوور چوونە لای پەرویزی حیکمەتجوو کە لە حیزبی تودە جوێ ببووە و دەیهەویست حیزب دروست بکا. حیکمەتجوو یارمەتی پێ دەکردن و دوایە عەوڵای عیزەتپور ناردە بۆ ئێران و ئەو لەوێ گیرا.

لەو سەردەمەدا دوکتور فەرەیدوون کەشاوەرز لە رووسیەڕا چوو بۆ بەغدا و بە هۆی مەلامستەفا، پەنابەری وەرگرت و لە نەخۆشخانەی منداڵان دەستی بە کار کرد. ئەو دژی حیزبی تودە بوو بە خائینی دەزانیین.

## کاریگەری گشتی شۆڕشی ١٩٥٨ لەسەر حیزبی دێموکرات

هاتنە سەرکاری دەستەڵاتی قاسم و وەلاچوونی دەسەڵاتی پاشایەتی، شوێنەوارێکی گرینگی لە سەر جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات بە رێبەری حیزبی دیموکرات دانا. رێژیمی عێراق بە ئاشکرا خەڵکی ئێرانی بۆ بەربەرەکانی لە دژی رێژیمی پاشایەتی ئێران هان دا. ئەو وەزعە تا رادەیەکی زۆر کاری کردە سەر بوژانەوە و پەرەستاندنی رێکخراوەکانی حیزب و بوو بە هۆی ئەوە کە کوردستانی باشوور، ببێتە پەناگای خەباتکارانی حیزبی دێموکرات و هەر مەترسییەک کە بۆ

ئەندامانی حیزب لە نێوخۆدا پێک دەهات، خێرا سنووریان دەبەزاند و لە کوردستانی باشوور جێگیر دەبوون.

بە گشتی لە پەڕاوێزی شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم دا، هیوایەکی گەورە بۆ ئەندام و لایەنگرانی حیزب پێکهات کە ئەو گۆڕانکارییە، کاریگەری باشی لەسەر جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ.

ئەندامانی حیزب نەتەنیا لە باشووری کوردستان بەڵکوو لە ئازەربایجانی شووڕەویش بەو وەزعە دڵگەرم بوون و پەیوەندی شووڕەوەی و دەوڵەتی عێراق و دۆستایەتی کورد و عەڕەب کاریگەری خستە سەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتی شووڕەوی سەبارەت بە کوردەکانی نیشتەجێیی ئەوێ. دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٣٧٦ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە لە ساڵەکانی دوای ١٣٣٧ لەسەر داوای ڕەحیمی قازی، ئەو و عەلی گەلاوێژ و عەوڵای ڕەزمئارا مامۆستای کوردی کرماشان، بوونە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان. ناوبراو دەنووسێ ئەوکارە بۆیە کرا کە پووڵی ئەو لاپەرەیەی ڕۆژنامەی کوردستان کە ٦٠٠ تا ٧٠٠ ڕوبڵ بوو نەکەوێتە دەست غولام یەحیا و بیخوا...

ئەوجار دوکتور ئاسۆ لە لاپەڕەی ٤٠٩ باسی ئەوە دەکا کە هەر لە سەروبەندی تیکچوونی نیوان حکومەتی قاسم و مەلامستەفا، دوکتور قاسملو لە باکۆ چوتە مالەکەی و داوای لیکردووە کە بگرێتەوە بۆ کوردستان و لەوی خزمەت بکا بەڵام ئەو قبووڵی نەکردووە.

لەگەڵ ئەو ئاڵووگۆڕانە لە ساڵی ١٣٣٨ مامۆستا هەژار بۆ چارەسەری نەخۆشەی سییەکانی چوو بۆ باکۆ. لە لایەن کاربەدەستانی حیزبی کمونیستی ئازەربایجان و شاعیران و نووسەران پێشوازێکی شایانی لێکرا و چەند ڕۆژ لە هۆتێلیکی گەورەی ئەو شارە میوانداری لێکرا. دوایە چوو بۆ مەسکەو و ماوی ٦ مانگ لە هۆتێلێکی نیزیک شاری مەسکۆ لەژێر چاوەدیری دوکتورانی بە ئەزموون دا، چارەسەر کرا.

هەر لە ساڵی ١٩٥٨، عەلی قازی کە لە باڵوێزخانەی ئاڵمان کاری دەکرد، توشی پێکانی ئوتۆمبیل بوو ڕژێمی شا لە تاران ئیزنی بە مینا خانمی دایکی دا کە بچێت بۆ ئەڵمانیا و سەردانی بکات. حامیدی گەوهەری لە زمانی سوهەیل خانمی قازی، کچی پێشەوا دەنووسێ کە لەوێ رووسەکان بە نهێنی مینا خانمیان بانگهێشتی مۆسکۆ کردوە و لەوێ لەلایەن دەوڵەتی سۆسیالیستی یەکیەتی سۆڤیەت، پلەی "دایکی کورد"یان پێ بەخشی و میدالیان دایە.


کوڕی ڕەش-مینا خانم-ڕەحیم سەیفی قازی

بە گوێرەی نووسینی حامید گەوهەری هەر لەو ساڵەدا شای ئێران چوو بۆ فەڕەنسا و لە پاریس چاوی بە عەلی قازی کەوت. شا دڵگرانی خۆی سەبارەت بە گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی بۆ عێراق پێڕاگەیاندوە و ئەویش بۆ ئارام ڕاگرتنی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو پێشنیازی ئاراستەی

شا کرد و لەو بارەیەوە کوڕی ڕەش دەڵێت: ساڵی ١٩٥٨ کاتێک مەلا مستەفای نەمر گەڕایەوە بۆ عێراق، دەوڵەتی ئێران زۆر لەوە دەترسا کە گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ کوردستان نەکا ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەبەر ئەوە شای ئێران داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ من کرد. سەفارەتی ئێران بۆ ئەم مەبەستە منی برد بۆ پاریس. لەوێ شای ئێران پەرۆشی خۆی بەرامبەر بە گەڕانەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی دەربڕی. لە منی پرسی: ″ئێمە چ بکەین بۆ کورد؟″گوتم ئەگەر ئیزن بدەن کوردەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن و ڕۆژنامە و ڕادیۆیان بە زمانی خۆیان هەبێ، دەبێتە هۆی دڵخۆشی کوردانی ڕۆژهەڵات. شا ″جیهانگیر تەفەزولی″ سەفیری سەیاری ئێرانی مەئمور کرد بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پێشنیازانە، هاوکاریی من بکات. من جیهانگیر تەفەزولیم بە دۆکتۆر کامەران بەدرخان ناساند. دیارە دوکتۆر بەدرخانیش هەمان داواکانی منی هەبوو. یەکەم هەنگاو لەو ڕێگایەدا چاپکردنی ڕۆژنامەی کوردستان بوو لە مانگی مای ١٩٥٩دا لە تاران و دەست پێکردنی ڕادیۆی کوردی تاران بوو لەو ساڵەدا.

لە لایەکی دیکە هەرچەند بە جێگیربوونی ریژیمی قاسم و پێکهاتنی دەستەڵاتی کوردی لە عێراق، پشت و پەنایەک بۆ ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە کوردستانی باشوور پەیدا ببوو، بەڵام پەروازە بوون و جێگیربوونی کادرە تێکۆشەرەکانی حیزب لەو مەڵبەندە، بوو بە هۆی ئەوە کە کار و تیکۆشان لە نێوخۆی وڵات دا لە کزی بدا. نەهینیکاری کە بۆ کار و تێکۆشان لەوکات دا پێویستێکی سەرەکی بوو، کەم ببێتەوە و ڕێکخراوەکانی حیزب ئاشکرا بن. بێکاری و دوور بوونی ئەندامانی حیزب لە مەیدانی تێکۆشان و خۆ بەستنەوە بە ڕێکخراوەکانی کوردستانی باشوور و شوین دانان و کارکردنی ئەوان لە سەر ئەندامانی حیزب، وردەوردە بوو بە هۆی ئەوە کە هەست بە بەرپرسایەتی بە رۆژهەڵاتی کوردستان لە کەمێی بدا و ئەندامان لێکتر دڕدۆنگ بن و کێشە و ناکۆکی و زۆر دیاردەی چەوتی دیکە، لە نێو ئەندمانی حیزب دا پەیدا بێ.

لەوکاتەدا پەیوەندی بارزانی و عەبدولکەریم قاسم بەهیز و کاتێک سەرهەنگ شواف لە موسڵ بە دژی عەبدولکەریم قاسم کودەتای کرد، مەلا مستەفا تێکیشکاند و هەروەها شێخ رەشید و ئاغایانی پشدەر کە دژی دابەشکردنی زەویوزار بوون، لە وڵات دەر کران و پەنایان بۆ ئێران برد.

دۆستایەتی مەڵا مستەفا و عەبدولکەریم قاسم زۆری نەخایاند و شەڕ لە بارزان دەستی پێکرد. عەبدولسەلام عارف لە یارانی نیزیکی عەبدولکەریم قاسم کودەتای کرد و قاسم کوژرا. عارف ماوەیەکی زۆر بە پشتیوانی هێزەکانی میسر و سووری بە دژی کوردان بە شەرهات بەڵام نەیتوانی بە تەواوی بە سەر کوردستان زاڵ بێ. تا لە هێلیکۆپتێر بەربۆوە و تێداچوو. بە جێگای ئەو عەبدولرەحمان عارف هات. ئەویش ماوەیەک شەڕی کوردانی کرد تا دوایە لە گەڵ کورد پەیمانی ئاشتی بەست.

## کوشتنی ئەسعەد خودایار

لە گەڵ ئەو ناکوکیانەی کە لە نیوان ئەحمەد تۆفیق لە لایەک و دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی لە لایەکی دیکە پەیدا ببوو، هەر کەس کە پەیوەندی بە ئەوانەوە گرتبا دەکەوتە بەر

غەزەبی ئەحمەد تۆفیق. لەوبارەوە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٨٧ بەرگی دووی بیرەوەرییەکانی دا، ئاماژە بە کوژرانی ئەسعەدی خودایار دەکا کە فیدای ئەو سیاسەتە چەوتە بووە. بە پێی ئەو سەرچاوەیە، ئەسعەد دوای٣ ساڵ حەبس لە زیندانی ئازاد بوو. ئەو بە ئیزنی ساواک، بۆ کاسبی هاتووچوی عێراقی دەکرد و هەرجار کە بۆ ئیزن وەرگرتن دەچووە ساواک، غەنی بلوریان و کەریمی حیسامی کە ئەوکات هێشتا بۆ باشووڕ هەڵنەهات بوو، ئاگادار دەکردوە. لە هەڵای ساڵی ١٣٣٨، ئەسعەدی خودایاریش رایکردە کوردستانی باشوور بەڵام نەچووە کۆمۆنی سولیمانی و لە قەڵادزێ دەماوە و جارجار دەچووە بەغدا و پەیوەندی بە دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی دەگرت. لە یەکێک لەو سەفەرانە دا لە گەڕانەوە بۆ کوردستان، ئەحمەد تۆفیق لە گەڵ چەند کەسی دیکە وەدوای دەکەون و دەیکوژن.

بە پێی ئەو لاپەڕە و ئەو سەرچاوەیە، کەریمی حیسامی دەنووسێ: وەک بڵاو بۆوە خەریک بوون کە قاسمی سوڵتانیانیش بکوژن، بەڵام وەک دەیانگوت مام جەلال لە فریای هات بوو نەجاتی دابوو.


ئەسعەد خودایار

جەلیل گادانی لە لاپەرەی ١٢٤ی ٥٠ ساڵ خەبات لە سەر کوشتنی ئەسعەدی خودایار بە دەستی ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی ١٣٣٩ دەنوسی: تووشی رەشبینییەکی سەیر دەبی و لەم پێناوەدا لە ساڵی٣٩ دا بێ لێکۆڵینەوە و زانیارێی پێویست فەرمانی کوشتنی یەکێک لە باشترین هاوڕێیانی حیزب، کاک ئەسعەد خودایاری دەرکرد کە لە رێگەی قەڵادزێ - سوونێ دەیکوژن.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٩٤ کتێبی حەقیقەتی مێژوو، لە وڵامی پرسیاری بیژەنی ساعدی، لەسەر کوشتنی ئەسعەدی خودایار دا، دەڵێ: ئەسعەدی خودایاریش روون بوو، کە ئەحمەد تۆفیق کوشتوویەتی، بە غەدریش کوشتی، ئەسعەدی خودایاری لە زیندان بوو، لە زیندان کە قسەی لەگەڵ دەکەن، قەولی هاوکاری دەدا، بۆ ئەوەی ئازاد بکرێ. بەڵام پاش ئازاد بوونی کە دێتە عێراق، راست دەچێتە لای حیزب، لای ئەحمەد تۆفیق، دەڵێ ئەمن بەو شێوەیە ئازاد کراوم، بۆ ئەوەی نەگیرێمەوە و خیانەتیش نەکەم، هەلاتووم و هاتوومەتە ئێرە، ئیدی کەس باوەرم پێ نەکا، کەس وەکوو حیزبییەک پەیوەندیم پێوەنەگرێ، وەکوو هەڵاتوویەک لەم وڵاتە دەژیم. لەسەر ئەوەش کوشتیان، بە باوەری من ناحەق بوو، دیارە داستانەکەی درێژترە.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ١٨٥ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا لەسەر کار و تێکۆشان و لەناوچوونی ئەسعەدی خودایار بە دەست ئەحمەد تۆفیق بە درێژە دەنووسێ:

زۆر جار باسی "ئەسعەد" کراوە، بە داخەوە دەرفەتێکی لەبەر بۆ من هەڵنەکەوت کە ئاماژە بە چارەنووسی ئەو کادیرە وریا و تێکۆشەرە لێهاتووە حیزبی دیموکرات بکەم. لێرەدا بە پێویستی

دەزانم بۆ روون بوونەوەی ئەو کەسانەی "ئەسعەد" باش ناناسن و لە تێکۆشانی ئاگادار نین، چەند دێرێک بنووسم. ئەسعەدی خودایاری خەڵکی "بیجار" بوو. کاتی دامەزرانی کۆماری کورد لە مەهاباد ناوبراو دەرەجەدار روکنی ٢ی ئەرتەشی ئێران بوو لە سەقز، بەلام بە هۆی هەستی پتەوی کوردایەتی خۆی پێرانەگیرا و بە چەکەوە لە ئەرتەش رایکرد و پاڵی بە کۆماری کوردەوە دا و لە کۆماری کورد دا کرا بە ئەفسەر و لە سوپای نەتەوەیی دا خزمەتی دەکرد.

پاش رووخانی کۆمار، ناوبراو دەربازی کوردستانی باشووری کوردستان واتە کوردستانی ژێردەستی عێراق بوو. ساڵی ١٣٢٨-١٩٤٩ بەنهێنی گەرایەوە بۆ مەهاباد و لە ماڵی "فاتمی چاوشینی" پۆلیس گرتی. ناوبراو وەک گشت تێکۆشەرانی سەردەمی کۆمار وەبەر بەخشینی گشتی کەوت و لە زیندان ئازاد کرا، بەلام پاش ماوەیەک هاتەوە ریزی خەبات لە حیزبی دیموکراتدا.

ئەسعەد تێکۆشەرێکی نەترس وچالاک و مرۆڤێکی پاک و لێهاتوو بوو. دوای کودیتای شا و زاهیدی دژی دوکتور "مصدق" لە ٢٨ی گەلاوێژ ١٣٣٢-١٩٥٣ دا، ناوبراو چووە کوردستانی بندەستی عێراق و پاش ماوەیەک کە من چوومە ئەو هەرێمە، لەگەڵ من و حەمەدەمینی راتبی بە یەکجاری گەرایەوە بۆ ناوچەی "مەنگوران" و خۆی بە "قادر شەریف" ناساند و تێکۆشانی حیزبی دەست پێکردەوە.

لە ساڵی ١٣٣٤-١٩٥٥ کە من لە شاری سنە گیرام و پاشان بردیانم بۆ زیندانی سەربازخانەی مەهاباد، ئەسعەد و حەمەدەمینی راتبی شیان لە دەرەوەی شاری مەهاباد گرتبوو و پاش ئەوەی منیان بۆ دادگای دووهەم رەوانەی "تەورێز" کرد، ئەوانیشیان بە کەفیل ئازاد کرد. لە ساڵی ١٣٣٥-١٩٥٦ سەر لە نوێ ئەسعەد و حەمەدەمین گیرانەوە و رەوانەی زیندانی "قزل قلعە"ی تاران کران و پاش ماوەیەک دادگا ئازادی کردن. لە تاران "ساواک" داوای لە ئەسعەد کردبوو کە هاوکارییان لەگەڵ بکات، بەڵام ناوبراو ئیزنی وەرگرتبوو ماوەیەک بیر لەو پیشنیارە بکاتەوە. بەمجۆرە، ئەو لە تارانەوە دەگەرێتەوە بۆ مەهاباد و دەچێتە ناوچەی "مەنگوران" و چاوی بە "قادر شەریف" و "ئەحمەد تۆفیق" دەکەوێ. ئەسعەد کە گیرا ئەندامی کۆمیتەی "بڵباس" بوو. بۆ ئەوەی سەر لە نوێ بگەرێتەوە سەر بەرپرسایەتی خۆی دەبوایە بچێتە لای "قادر شەریف" کە لێپرسراوی کۆمیتەی بڵباس بوو و لە گوندی "سیسێر" دەمایەوە.

ئەحمەد تۆفیقیش کە ئەوکاتە بەرپرسی یەکەمی حیزبی دێموکرات بوو، بەرلەوەی بچێتە باشووری کوردستان لەو مەڵبەندە دەمایەوە. ئەسعەد لە تۆیی قسەکانیدا پیشنیاری "ساواک" بۆ " ئەحمەد" دەگێرێتەوە و دەڵێ: "ساواک پاش ئازاد بوونم لە زیندانی "قزل قلعە"ی تاران داوای هاوکاری لێکردوم و من بۆ ئەوەی دژی خۆم هانیان نەدەم، گوتومە ئیزنم بدەن ماوەیەک فکر لە پیشنیارەکەتان بکەمەوە، بەڵام ئێستا کە گەراومەتەوە ئێرە، باکم لە "ساواک" نیە و ئیتر ناگەرێمەوە بۆ مەهاباد، ئەحمەد لە وڵامی ئەسعەد دا دەڵێ: -"ئەوە هەلێکی باشە کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بتوانین کەسێک لە ناو "ساواک" دا جێگیر بکەین و بتوانین ئاگاداری کردەوەکانیان بین

و بۆ پاراستنی حیزب لەو هەلە سوود بەرین. بە رای من تۆ دەبێ وەک مەئموری حیزبی دێموکرات بچیەوە بۆ مەهاباد و ئەگەر "ساواک" دیسان داوای هاوکاری لێکردی قەبووڵی بکەی.

ئەسعەد دژی ئەو بۆچوونەی ئەحمەد رادەوەستێ، بەڵام "قادر شەریف" لای بۆچوونی ئەحمەد دەگرێ و دەڵێ: "ئەسعەد تۆ مرۆڤێکی بە ئیمانی و باوەری پتەوت بە حیزبە و لە روکنی ٢ی ئەرتەشی ئێرانیش کارت کردوە و گونجاوی ئەو کارەی و دەبێ قەبووڵی بکەی. ئەوە ئەرکی تۆیە و پێویستە بە قازانجی حیزب ئەنجامی بدەی". ئەسعەد لە وڵام دا دەڵێ: "خەڵکی مەهاباد و شوێنەکانی تر من بە نیشتمان پەروەر و تێکۆشەر دەناسن و رێزم دەگرن، بەڵام ئەو کارە دەبێتە هۆی پرینگانەوەی خەڵک لە من و وەبەر "لەعنەت "تیان دەکەوم".

بە کورتی ئەحمەد و هاشم بە تۆبزی بەسەریدا دەبرن و ئەحمەد پێی دەڵێ: "بۆ ئەوەی ساواک وەرتگرێ، ئێمە بە ناوی حیزب لە مەهاباد لە قاو دەدەین کە ئەسعەد جێگای باوەری حیزب نیە." بەمجۆرە ئەسعەد بە فەرمانی حیزب خۆ دە ساواک دەخزێنی و گەلێکی کاری بە نرخ بۆ حیزب ئەنجامدەدا.

من کە لە زیندان گەرامەوە بۆ مەهاباد، ئەسعەد بەسەرهاتەکەی بۆ گێرامەوە و منیش چۆنیەتیەکەم لە "قادر شەریف" پرسی و ئەو گوتی: "بەڵێ ئەسعەد راستی کوتووە و ئەو لەسەر بریاری ئێمە ملی بۆ ئەو کارە راکێشاوە و تۆش دەبێ ئاگات لێ بێ و دوری لێنەکەی و نەهێڵی نارەحەت بێ. چونکە ئەگەر تۆ پشتی تێبەکەی، لەوانەیە پاشگەز بیتەوە و تەنانەت کارێک بداتە دەستی خۆی و زیانی پێ بگات". بەو پێیە من ئاگام لە ئەسعەد بوو و ئەویش بەمە دڵی خۆش بوو، کە من دووریم لێ نەدەکرد.

ماڵی ئەسعەد حەشارگەی حیزب بوو. دیدارەکانی نهێنی من لەگەڵ ئەو کەسانەی لە دەرەوەرا دەهاتن لە ماڵی ئەسعەد ئەنجامی دەگرت. "عەبدوڵلای عیزەت پوور" هەوەڵین کادری نهێنی حیزب بوو کە بەشەو دەهات بۆ ماڵی ئەسعەد و من چاوم پێێ دەکەوت. ئەسعەد لە گشت کاراندا ساواکی هەڵدەخەڵەتاند و هەڤاڵانی ئێمەی دەپاراست. لە سەردەمی "کەریم قاسم" دا، ساواک ئەسعەدی دەنارد بۆ باشووری کوردستان تا بە بیانووی هێنانی ماڵی قاچاغ، دەنگ و باسی عێراق و کوردستانی بۆ بێنێتەوە. ناوبراو دەچووە لای ئەحمەد تۆفیق و ئەویش کە باوەرپێکراوی سەرۆک بارزانی بوو، چەند وێنەی کەریم قاسم و بارزانی و چەند بەیان و رۆژنامەی رێکخراوەکانی عێراقی دەدایە و ئەویش بە هیندێک قسەی بەتاڵ دەگەرایەوە بۆ مەهاباد و دەیدان بە ساواک. کارەکانی ئەسعەد زۆر بە نهێنی ئەنجامیان دەگرت و جیا لە "ئەحمەد" تەنانەت منیش ئاگاداریان نەبووم. ئەسعەد بۆ ئەوەی من و "هاشمی حوسێن زادە" و "یوسفی ریزوانی" کە لێپرسراوی کۆمیتەی حیزب لە مەهاباد بوون، لەدوا رۆژ تووشی مەترسی نەبین، زۆر شتی لای ئێمە نەدەدرکاند و تەنیا بەپرسی کارەکانی نابراو ئەحمەد تۆفیق بوو.

تەنیا ئەرکێک کە من بە ئەسعەدم راسپارد ئەوە بوو، کە من بۆ ئەوەی "هاشمی حوسێن زادە و یوسفی ریزوانی" لە مەهاباد لە داوی پۆلیس نەکەون، ئەوانم بە ئەسعەد دا نارد بۆ باشووری

کوردستان، که تەسلیمی ئەحمەد تۆفیق یان بکات، که ئەو کارەی کرد. هەر که هاشم و یوسف مەهابادیان بە جێ هێشت، ساواک وەدەست وپێ کەوت و ئێستا ئەسعەد لە باشووری کوردستان نەگەرابۆوە، کە هێرشی ساواک بۆ سەر ئەندامانی حیزب دەست پێکرا و ئێمە گیراین. هەر که خەبەری گیرانی ئێمە بە گوێی ئەحمەد تۆفیق دەگات، ناوبراو بۆ ئەوەی ئەسعەدیش نەگیرێ، رێگە بە گەرانەوەی دەگرێ و دەڵێ: "ساواک هێرشی سەرتاسەری بۆ کردوین و گەلێک لە هەڤاڵانمان گیراون و ژمارەیەکی زۆریش رایانکردوە و خەریکن دێنە لای ئێمە. من دەچم بۆ دیتنی هەڤاڵانی راکردومان و تۆش لیرە بمێنەوە و لە چوونەوە خۆت بپارێزە و مەترسیت لێدەکەم. ئەسعەد دڵنیا بوو کە ساواکی فریو داوە و لەم روانگەوە کە ئەوان ئاگایان لە کردەوەی ئەو نیە، بۆ گەرانەوە پێدا دەگرێ و دەڵێ:

"ئێستا کە گشت هەڤالان گیراون و کەس نیە کاروباری حیزب راپەرێنێ، بۆچی من نەچمەوە؟ دڵنیام ساواک نەیتوانیوە سەر لە کاری من دەربێنێ و من دەتوانم بە باشی ئەرکی حیزبی بە ئەستۆ بگرم و نەهێڵم حیزب لەبەر یەک بچێ". ئەحمەد رازی نابێ ئەسعەد بگەرێتەوە و دەڵێ:

گیرانی تێکرای هەڤاڵان هەروا ئاسایی نیە و دەبێ هەڤاڵانی گیراو لە تاران شتیان درکاندبێ و ناوی تۆش هاتۆتە ئاراوە و بێگومان چونکە تۆ ئەرکێکی گرنگ و پر لە مەترسیت بە ئەستۆ بووە، وەک ئەندامانی تر تەماشات ناکەن و لەناوت دەبەن .

ئەسعەد ئەوەندە ئیمانی بە کاری خۆی دەبێ، کە بە بێ ئیزنی ئەحمەد رێگە دادەگرێ کە بگەرێتەوە بۆ مەهاباد. بەڵام ناوبراو لە کردەوەی ئەسعەد وەشک دەکەوێ و دەڵێ نەکا "ئەسعەد" خۆی ئەو پەندەی بە سەر حیزب دا هێنابێ و هەڤاڵانی لە داو خستبێ. لەبەر ئەوە چەند چەکدار دەنێرێتە سەر رێگەی ئەسعەد و فەرمانیان پێدەدات بیگەرێننەوە و ئەگەر هاتوو ملی نەدا بیکوژن. ئەسعەد بایەخ بە قسەی راسپاردەکانی ئەحمەد نادات و هەر ئەو ولامەیان دەداتەوە کە بە ئەحمەدی دابۆوە و ئەوانیش لە نزیکی "قەبری عوسمان" لەسەر سنوری دەسکردی ئێران و عێراق دەیکوژن. بەمجۆرە ئەسعەد کوری باش و نەجیب و تێکۆشەر لە نێو چوو.

بە دوای روون بوونەوەی گیرانی ئێمەدا کە پەنجە بۆ چۆنیەتییەکەی رادەکێشم، ئەحمەدی تاوانبار لە بەرامبەر ئەو کارە ناحەزەدا، کە دەرحەق بە ئەسعەد کردبووی، نازانێ چۆن وڵام بداتەوە. ناوبراو لە بەرامبەر پرسیاری ئێمەدا کە لە زیندانەوە بە هۆی "هاشمی جەلالی" لێمان کردبوو، لە نێو کادیرەکانی حیزبدا بڵاوی کردبۆوە کە "ئەسعەد" بۆ مەئموریەتی حیزبی نێردراوە بۆ باکووری کوردستان واتە کوردستانی تورکیە، بەڵام دوا جار هەموو شت رون بۆوە.

## بەشی ٧٤

## حیزبی تودە و یەکگرتنەوەی لەگەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان

کەش و هەوای هاتنە سەرکاری عەبدولکەریم قاسم لە عێراق بوو بە هۆی ئەوە کە حیزبی تودەش وەخۆ بکەوێ. دوکتور رادمەنش سکرتێری حیزبی تودە، لە ساڵی ١٩٦٠ (١٣٣٩) دا هێندێک

له کادرەکانی حیزبی تودەی بۆ کار و تێکۆشان نارده عیراق تا لەو دەرفەتەی ئەوێ کەڵک وەرگرن تا تەشکیلاتی خۆیان له نێو ئێران دا زیندوو بکەنەوە. حیزبی توده هەوڵی دا وەک پێشوو حیزبی دێموکرات ببستێتەوە به خۆ و بیکاتەوە به بەشێک له ڕێکخراوی حیزبی توده له کوردستان دا.

هەروەها لەوکاتانەدا فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و حیزبی توده یەکیان گرت. ئەوانە پێشتر بەیەکەوە نیوانیان خۆش نەبوو و بێشک دەوڵەتی شووڕەی دەبێ بۆ باشتر بوونی پەیوەندیی ئەو دووانە هەوڵی دابێ.

به پێی لاپەڕەی بەرگی ۲ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی له ساڵی ۱۹٦۰ دا ڕەحیمی قازی له نامەیەک دا بۆ دوکتور قاسملوو له پراگ دەنووسێ که حیزبی توده و فرقه له باکۆ دەیانەوی ببن به یەک. دوایه کەریمی حیسامی و دوکتور قاسملوو لەگەڵ رادمەنش دادەنیشن و رادمەنیش دەڵی که دەبێ لەگەڵ حیزبی دێموکراتیش دابنیشین.

پیشتر له کاتی ناکۆکی حیزبی توده و فرقەی دێموکرات دا، عەلی گەلاوێژ که ئەندامی کومیتەی ناوەندی فرقەی دێموکرات بوو، له کۆنفرانسی فرقەدا هێرش کرده سەر حیزبی توده. دوای یەکگرتنەوەی ئەو دوو حیزبە، حیزبی توده ئەو قسانەیان له عەلی گەلاوێژ وەدڵ گرت. کاتێک که ئیرەج ئەسکەندەری بوو به بەرپرسی تەبلیغات، به بیانووی ئەوەی که عەلی گەلاوێژ دەنگی ناخۆشە و مەلامستەفا گوێ بۆ رادیو پەیکی ئیران راناگرێ، عەلی گەلاوێژ له رادیو لابرد. ئەوکات عەلی گەلاوێژ و حەسەن قزلجی له رادیوی پەیکی ئێران کاریان دەکرد بەڵام حەقیان نەبوو باسی کوردستان بکەن. ئەوان مەجبوور بوون تەنیا وتاره فارسییەکان بکەن به کوردی و بڵاوی بکەنەوە. هەروەها تا کاتێک که عەلی گەلاوێژ و دوکتور رەحیمی سەیفی قازی ئەندامی سەرکردایەتی فیرقەی ئازەربایجان بوون، به ناوی ئۆڕگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لاپەڕەیەکی رۆژنامەی کوردستانیان بڵاو دەکردەوە. به یەکگرتنەوەی حیزبی توده و فیرقه ئەو رۆژنامەیه داخرا. هەڵویستی ئەو ڕێکخراوانە بوو به هۆی ئەوە که عەلی گەلاوێژ و دوکتور رەحیمی سەیفی قازی، به رواڵەت زیاتر ئاوڕ له کوردایەتی بدەنەوە.

کاتێک له ساڵی ۱۹٦۱ له نیوان گەلی کورد و دەوڵەتی عیراق شەڕ دەستی پێکردەوە، له ژێر شوێنەواری ئەو راپەڕینەدا، حیزبی توده هاته سەر ئەو باوەڕە که رۆژنامەیەکی به کوردی بڵاو بکاتەوە. بۆیه پیویستیان به هاوکاری دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی له دەرەوەی وڵات هەبوو. حیزب توده دەیهەویست ناوی رۆژنامەکه "مەردوم" بێ بەڵام دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی دەیانگوت دەبێ "کوردستان" بێ. ئاخر بڕیار درا که دوکتور رەحیمی قازی و دوکتور سوڵتانی وەتەمیشی و عەلی گەلاوێژ بچنه پراگ و له گەڵ دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی کۆببنەوە و له سەر کاری رۆژنامه ساغ ببنەوە.

بۆ ئەو مەبەسته له ساڵی ۱۹٦۳ تەنیا عەلی گەلاوێژ چووه پراگ و لەوی له سەر دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان ساغ بوونەوە و دەستەی نووسەران دیاری کرا. لەو کۆبوونەوەدا دوکتور قاسملوو وەک سەرنووسەر دیاری کرا که ئەوە بوو به هۆی تورە بوونی عەلی گەلاوێژ و له کار

کردن وازی هێنا. دواتر محەمەد موهتەدی کە بۆخوێندن چوو بوو بۆ پراگ، بوو بە هاوکاری ڕۆژنامەی کوردستان.

## پێنجەمین کونگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ساڵی ١٣٣٩

بە دوای هاتنە سەرکاری عەبدولکەریم قاسم و هاوکات لە گەڵ خەبات و تێکۆشان لە بەشەکانی کوردستان، کەسایەتی و ئەندام و لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی کورد لە ئوروپا، لە حاستێکی کراوە و سەربەست دا، کۆڕ و کۆمەڵی کوردیان پێک هێنا و هەوڵیان دا ویست و داوخوازەکانی گەلی کورد، لە کۆمەڵگای دەرەوەدا، بە گوێ خەڵک بگەیەنن.


کامڕان بدرخان

لە ٢٢ ی مانگی ئوتی١٩٦٠ پێنجەمین کونگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە برلینی ڕۆژئاوا دەستی بە کار کرد. لە کاتی چوونە ژووری ئێحسان پاشا، سرودی ئەی ڕەقیب لێدرا. لەو کۆبوونەوەدا دوکتور کامەران بەدرخان بەشدار بوو. بە پێێ لاپەڕەی ١٢٦ بەرگی دووی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، دوکتور بەدرخان لە دوکتور قاسملوو توڕە بوو و لەمەر تێکچوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کە لە ساڵێ ١٩٥٦ بە هۆی چەند نیشتیمانپەروەریەک دامەزرابوو، ئەوی بە خەتابار دەزانی. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٢٧ دا ئاوا باسی ئەو بابەتە دەکا: ساڵی ١٩٤٩ ڕەحمان قاسملوو، ئەحمەدی قاسملوو و نورەدین زازا، عیسمەت شەریف و چەند کەسی دیکە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد پێک دێنن کە ناوەندەکەی لە سویس بووە، پاشان ئیرەجی ئەسکەندەری لە پاریس بە ڕەحمان و ئەحمەد قاسملوو دەڵێ کە پێکهێنانی ئەو کۆمەڵەیە لەسەر بناخەی نەتەوەیی لە گەڵ ″مارکسیزم″ نایەتەوە. ئێوە دەبێ بچنە نێو یەکێتی خوێندکارانی ئێرانی کە سەر بە حیزبی تودە بوو. ئەوانی دیکەش هەر کەس لە گەڵ خوێندکارانی وڵاتی خۆیان هاوکاری بکەن. ئەو دەمە دەوڵەتی ئێران بۆرسی خوێندکاری ڕەحمان قاسملووی بڕیوە. حیزبی تودە هێناویەتە پراگ و لە چکوسلواکیا بۆرسی خوێندکاری بۆ وەرگرتوە. بەڵام بەیاننامەی لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیشی پێ بڵاو کردۆتەوە.


دوکتور قاسملوو لە کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا

لەسەر ناوەرۆک و کار و بۆچوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، جێی وەبیر هێنانەوەیە کە بە پێی قسەکانی مەحەمەد موهتەدی کە لە لاپەرەی ١٥٦ بەرگی دووی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی دا هاتووە، دواتر نورەدین زازا لە پاریس را بەیاننامەیەکی بۆ کۆمەڵی دەوڵەتانی بێ لایەن نارد و لەوێ خویندراوە. لە ٦ لاپەرە بەیاننامەکەدا، تەنیا دوو خەت باسی ئێران کرابوو کە ئەویش دوکتور بەدرخان بەوە تورە بووە کە بۆچی بە خراپە باسی ئێران کراوە.

ئەوکات پێکهاتەی ئەو کونگرەیە زورتر لە ژێر هێژمونی پارتی دێموکرات دابوو و بابەتەکان بەرباس ئەوە بوو کە ئایا عەشیرەتی بەختیاری کوردن یان نا. هەروەها داوا لە حکومەتی ئێران بکرێ کە لە کوردستانی ئێران قوتابخانەی کوردی تەنانەت عەرەبی بکاتەوە، باس لە ئیستیعمار و ئیمپریالزم لە بەرنامەدا بێ یان نا.

## بەشی ٧٥

## شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١

دەستێوەردانی دەرەکی، بە تایبەتی رێژیمی شا لە کاروباری عیراق و هەڵسوکەوتی شووڤێنیستی عەرەب و نەبوونی حکومەتێکی نیشتیمانی پێشکەوتوو و زۆر هۆکاری دیکە، بوونە هۆی ئەوە کە شۆڕشێکی گشتگیر و هەمە لایەنە لە تەواوی چین و توێژەکانی کورد، بە دژی دەسەڵات ناوەند، ساز ببێ. راستە کە سەرەتای ئەو راپەرینە بە دژایەتی ئاغاوەت بە دژی دابەش کردنی زەویوزار دەستی پێکرد و ئەوەش کردەویەکی دواکەوتوانە بوو، بەڵام تەوەری سەرەکی کێشەکە ئەوە بوو کە عەبدولکەریم قاسم نەیتوانی بە بەجێیگەیاندنی مافەکانی کورد، رێبەراتی کورد، بە تایبەتی مەلا مستەفا بارزانی، وەک پاڵپشت بۆخۆی بهێڵێتەوە. مەڵا مستەفا نەیدەتوانی لە لاوە دابنیشی و دەست لە سەر دەست دابنێ و رێگا بدا، عەرەب بێن و عەشایری کورد کە دژی دابەش کردنی زەوییەکانیان بوون، لە ناو بەری. عەبدولکەریم قاسم دەبوو لە ریگای رێبەرایەتی کورد بۆ چاکسازی، بۆ ئیسلاحی زەوی یان ئیدارەی مەڵبەندی کوردستان، کە ئەو ئێعترافی پێکرد بوو، هەوڵ بدا.

راپەڕین واتا شەڕ و پێکدادان، لە نیوان ئاغاوت کە دژی دابەش کردنی زەوییەکانیان بوون و هێزی حکومەت، لە رۆژی یەکی مانگی ئەیلول واتا ١١ مانگی سپتامبری ١٩٦١ لە ناوچەی "کۆیە" و "رانیە" و "خەلەکان" دەستی پێکرد.

ئەو راپەڕینە، رێژیمی عێراقی لە گەڵ کۆمەڵێک گیروگرفت کە لە کۆتایی دا بە نەمانی تەواو بوو، بەرەو روو کرد. لە حاڵێکدا وڵاتانی ئەمریکا و ئینگلیس و تورکییە و ئێران بە تەواوی دژایەتی قاسمیان دەکرد، گرینگترین هەڵەی ئەو، ئەوە بوو کە بە دژی کوردی شەڕی سەرانسەری راگەیاند. ئەو کێشەیە بوو بە هۆی ئەوە کە مەلا مستەفا بە تەواوی لە عەبدولکەریم قاسم نائومێد ببێ و سەرەرای کەمی کەرسەی بەرگری و خۆراگری و ئیمکاناتی پێشمەرگە، راپەڕینی چەکدارانە دەست پێبکا و رێبەرایەتی شۆڕش سەرانسەری کوردستان بە ستۆوە بگرێ. بە مشێوەیە شەڕێکی ماڵوێرانکەر بە تەواوی مانا لە سەرانسەری کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەی بارزان دەستی پێکرد و رەوتێکی دوور و درێژی بە خۆوە گرت کە بە شۆڕشی ئەیلوول بە ناوبانگ بوو. ئەو شۆڕشە بە زۆر قوناغی جواراجور دا تێپەڕی و لە ساڵی ١٩٦١ تا ساڵی ١٩٧٥ لە خۆ دەگرێ.

سەرەتای ناکۆکییەکان بە دوای کێشەی موسڵ دا و لەو قۆناغەدا رووی دا و نیوان حیزبی شیوعی و پارتی دێموکرات بەرەو خراپ بوون چوو. پارتی وەک حیزبێکی نەتەوەیی دەیهەویست زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئاغا و عەشایری نیشتمانپەروەر لە خۆ کۆکاتەوە و حیزبی شیوعیش دەیهەویست چینی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ لای خۆی راکێشێ و پرسی نەتەوەیی بە هیند نەدەگرت. لەو نێوەدا ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە رێبەری ئەحمەد تۆفیق، بێلایەن نەبوون و زۆر بە لای پارتی داکەوت بوون و جاری وابوو زیاتر لە پارتی دێموکراتیش دژی شیوعییەکان بوون.

## رۆڵی حیزبی دێموکرات لە شۆڕشی ئەیلوول دا

بەر لە دەست پێکردنی شۆڕشی ئەیلول، ئەحمەد تۆفیق کەوتبوو ناو کێشەی دەستە و گروپ و کەسایەتییەکانی عێراق. هەروەها هەر لەو کاتەدا، ناکۆکی و ناتەبایی لە ناو ریزەکانی حیزب دا پەرەی گرت بوو و نارەزایەتی بە دژی ئەحمەد تۆفیق لەوپەڕی خۆی دا و ئەو بە رادەیەک کەوتبووە بەر رەخنە و گازەندەی ئەندامانی حیزب کە ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە. لە راگەیندراوی کومیتەی ساخکەرەوە کە لە ساڵی ١٣٤٣ بڵاو کراوە ئاماژە بە نارەزایەتی و ئیستیعفای ئەحمەد تۆفیق بەمشێوەیە کراوە: دیسان تاوانبار ئەحمەد تۆفیق کەوتە تەقەلا بۆ تێکدانی ئەو بنچینەیە بە کەڵکوەرگرتن لە بەزیو و مەسڵەحەت پەرستان، هەروا بە یارمەتی سازمانی ئەمنی عێراق کە پێوەندییەکی بە هێزی لەگەڵدا بەستبوو بەرهەمی ئەو کردەوە خائینانە بوو بە هۆی بڵاوبوونەو و لێکپچڕانی هاوڕێیان هەریەکەو بە جۆرێک. دوابەدوای پەرتەوازەیی و دەربەدەری برادەرانمان ( کۆمیتەی کاتی) کەوتە هەوڵ و تەقەلادان بۆ ئەوەی ئەحمەد تۆفیق بهێننە بەردەمی لێکۆڵینەوە و پرسیار بە پێی توانا حورمەت وگیانی حیزبە پێشڕەوەکەمان لە کەڵبەی خوێناوی ئەو گورگە هارە بپارێزرێت بە هەر قیمەت و هەوڵێک بوو تاوانبار سازکرا بۆ ئەوەی بێتە کۆڕی کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوە و حساب دەگەڵ کردنی. لە ڕۆژی دیاریکراو کۆبوونەوە دەستپێکرد دوای ٨ رۆژ درێژەپێدان بەو کۆبوونەوەیە تاوانبار ئەحمەد تۆفیق بە مەرگە مەلە و پەلەقاژە کردنی بۆ هەڵاتن و خۆ دزینەوە لە بەردەمی لێپرسینەوەی مێژوویی هیچ چارەسەرێکی بۆ تەقڵەبازی و خۆلینگدان نەمایەوە بێجگە لەوەی کە سەر شۆڕ بکات و چاوی پڕ لە خەیانەت و تاوانباری لە عەرزی بێدەنگی ببڕێ و ئیستعفای خۆی تەقدیم کرد کە ئێستا لامانە و وا لە خوارەوە ئەیخەینە بەرچاو:

هاوڕییانی بەڕیز، بەڕێوەبەرانی کاتی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان

وێڕای سڵاو و حورمەت سەرەڕای ئەوەی دەزانم دەبوایە زۆر بە درێژی لەو نووسراوەدا بدوابام و نووسیبام بەڵام چونکو چکاوەکەم بەزار بۆتان باس کرد ئیتر بە پێویستم زانی لێرەش لەسەر نەڕۆم. دیارە درێژەی ئەو نووسراوە لە دواییدا بە درێژی پێشکەشی دەکەم.

هەل و هەوایەکی کەوا ئێستا دەنێو هاوڕییاندا خولقاوە لەپێشدا بەزۆر بۆنانەوە بەرامبەر من بە هەموو لاو سەرێکدا لێکم داوەتەوە (قۆناخی) ئەرکی چۆڵکردنی (کورسی) و مەسئولیەتی خستۆتە سەر ئەستۆم وا بەدوای دوازدە ساڵ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ماوەیەک لە کەنار دادەنیشم تا کۆبوونەوەی بەڕاست و بەرزی ( کۆنگرە)حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم جۆرە لەو جۆرە لەو بەروارەدا پێشکەش دەکەم.

دیسان سڵاو و حورمەت هاوڕێتان عەبدوڵڵا اسحاقی

١١ی بانەمەڕی ١٣٤٠- ١٩٦١/٤/٢٩

ئەحمەد تۆفیق خودی حیزب بوو، لە بەرانبەر کەس دا بەرپرس نەبوو و کەسایەتێکی ئەوتۆش نەبوو کە لەبەرانبەری دا رابوەستێ. بۆیە دەست لە کارکێشانەوەی رواڵەتیکی فورمالیتەی هەبوو.

بە دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول، کێشەکانی نێوخۆیی حیزب وەلا نران و ئەحمەد تۆفیق خێرا دەست بە کار بوو و ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی ئێران و لە کوردستانی باشوور دا بە هەموو تواناوە بۆ سەرخستنی ئەو راپەڕینە تێکۆشان. سەرەتا ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان چەکدار بوون و لەچەند دەستەدا، لە نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستان سازمان دران. ئەوجار تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات، لە نێوخۆی وڵات دا شێلگیرانە چەند کومیتەی دامەزراند، کە بۆ کۆ کردنەوەی یارمەتی بە شۆڕشی ئەیلول رۆڵی گرینگیان هەبوو.

ئەمیری قازی لە لاپەڕەی ٤٦ کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" دەنووسێ کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کومیتەیەکی حیزبی لە ٧ کەسی کە بریتی بوون لە سەلاح موهتەدی، عەزیزی ژیان، حەمەدەمینی سیراجی، مستەفا ئیسحاقی، سولەیمان شافعی، ئەمیری قازی، بۆ یارمەتی کۆ کردنەوە دامەزرا.

بە پێی ئەو سەرچاوەیە، بە هۆی ئەوە کە حەمەدەمینی سیراجی زۆر لە گەڵ بیرۆکەی کوردستانی نەبوو، لابرا و باییز شیروانی جێی ئەوی گرتەوە. هەروەها بە هۆی تەقینەوەی کورەخانە و کوژرانی سولیمان شافعی، حەسەنی باباتاهیری لە جێگای ئەو دیاری کرا.

ئەو کومیتەیە دواتر زۆر پەرەی ئەستاند و ناوی بوو بە "کومیتەی بەڕێوەبەری کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان" و جگە لە یارمەتی و کەرەسەی پیویست کە دەبوایە کۆی بکاتەوە و بەڕێی بکا بۆ شۆڕش لە باشووری کوردستان، ئامانجی دیکەشی هەبوو و دەیهەویست پەیوەندی بە پاڕتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپاوە بگرێ.

دوایە ئەو کومیتەیە پەیوەندی بە رێبەری حیزب لە کوردستانی باشووروە گرت و سولەیمان موعینی لەوێرا گەڕاوە و پەیوەندی پێوە گرتن و لە کۆبوونەوەیەک دا، پێکەوە چوارچێوەی کارەکانیان دیاری کرد و قسە لە سەر ئەوە کرا کە حیزب دەبێ دوو رێبەری، دەرەوە و ناوەوەی وڵاتی هەبێ و لە یەکێک لە کوبونەوەکاندا، ئەمیری قازی بۆ پەیوەندی بە ئوروپا دیاری کرا و کاک فایق داوای لێکرد کە بچێتە کوردستانی باشوور و چاوی بە مەرحومی مەلامستەفا و ئەحمەد تۆفیق بکەوی و بگەڕێتەوە بۆ ئێران و بروا بۆ دەرەوە. بەڵام دواتر لە سەر پێشنیاری ئەمیری قازی، سەلاح موهتەدی وەک نوێنەری حیزب لە ئوروپا دیاری کرا. ناوبراو لە گەڵ محەمەدی ئێلخانیزادە و کاک فایق(سولەیمان موعینی) بە مەبەستی نوێنەرایەتی ئوروپا بەرەو کوردستانی باشوور وەڕێکەوتن.

ئەوکات کێشە و ناکۆکی نیوان بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی پەرەی گرت بوو و سەلاح موهتەدی و محەممەد ئیلخانی زادە کاتێک گەیشتنە باشووری کوردستان، لە ئاوایی "شابەدین" لەگەڵ مام عەلی، بە هۆی باڵی مەکتەبی سیاسی گیران و بۆ زیندانی ماوەت بەڕێ کران. ئەو خەبەرە بە ئەحمەد تۆفیق لە ناوچەی بارزان گەیشت و ئەویش خیرا مەرحومی مەلا مستەفا ئاگادار کرد. بە پێی لاپەڕەی ٥٣ بیرەوەرییەکانی ئەمیر قازی، مەلا مستەفا بە فەوری نامەیەکی بەو ناوەرۆکە بۆ مەکتەبی سیاسی نووسێ: ئەو گیراوانە دەگەڵ منن، گرتنی ئەوان یانی گرتنی بارزانی و هەر خراپەیەک دەگەڵیان بە مانای خراپەیە دەگەل بارزانی.

نامەی نێردراو و کاری خۆی کرد و ئەوان ئازاد کران. کاری سەرەکی ئەو کومیتەیە لە نیوخۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ شۆڕشی کوردستان باشوور بوو. ئەحمەد قازی لە دەستنووسێک دا دەنووسێ: دەوان ڕۆژاندا ئەرکی ئێمە دە حیزبدا زۆرتر ئەوە بوو ئەوەندی دەتوانین یارمەتی و پێداویستییەکانی پێشمەرگە و دام ودەزگای شۆڕش لە کوردستانی ئەودیو دابین بکەین. لەو پێوەندییەدا توانیمان یارمەتی زۆر بە کەڵک بە شۆڕش بکەین و یارمەتییەکەش بریتی بوو لە پووڵ، داودەرمان، جل و بەرگ، خواردەمەنی، پۆتین و کەوش و کەڵاشی سووک و... ئەو یارمەتییانە لە شوێنە سنوورییەکان کۆ دەکرانەوە و بە بارى ئێستر یا کۆڵەبار دەناردرانە ئەودیو.

زۆر ئینسانی فەقیر کە کەس حازر نەبوون بە هۆی نەداری داوای یارمەتیان لێبکا، بۆخۆی گۆرەوی و سەرکلاوە و شتی دیکەی پێشکێش دەکرد. ئەو گەلەکۆمەگێ بە رادەیەک بوو کە کەسانی سەر بە ساواکیش هەم بۆ ناساندن و هەم بۆ خواردنی پارەی خەڵک، داوایان یارمەتیان لە خەڵک دەکرد.

پێویستی یارمەتی بە بەرەی شەڕ، بوو بە ئەرکێکی نیشتیمانی گشتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کریس کۆچێرا لەسەر یارمەتی کوردەکانی ئێران بە شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٦٢ دەنووسێ:

"لە ساڵی ١٩٦٢ دا یارمەتی کوردەکانی ئێران گرینگییەکی زۆرتر پەیدا دەکا. بەڵام ئێستا ئەم یارمەتی یە بە شێوەیەکی دیکەیە: کوردەکان لە سنوورەکانەوە کە ئەرتەشی عێراق بۆی چاوەدێری ناکرێ، یارمەتی خۆیان بۆ بارزانی دەنێرن، ئەم یارمەتییانە ئەو دەرفەت و ئیمکانە بۆ بارزانی پێک دێنن کە گەمارۆی ئابووری دەوڵەتی عێراق بە هێند نەزانێ و درێژە بە خەباتی خۆی بدا. خۆراک، پۆشاک، پووڵ، چەک و تەقەمەنی بە دەست کەسانی ئاسایی، بەڵام زۆرتر بە دەست ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەگاتە دەستی بارزانی. لە هاوینی ١٩٦٢ بەلاوە ژێنەراڵ بارزانی لە راستیدا شەبەکەیەکی بە رێبەری عەبدوڵلای ئیسحاقی کە زۆرتر بە ئەحمەد تۆفیق ناسراوە، لە بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوە "هەر ئەم شەبەکەیە کاری هێنانی ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێرانی لە کۆتایی ١٩٦٢ ەوە ئەنجام داوە، تا یەکەمین گوزارشتەکانی خۆیان لەسەر شۆرشی کورد بنێرنە دەرەوە".

لە رەوتی شۆڕشی ئەیلوول دا، زۆربەی ئەندامانی حیزبی دیموکرات، لە ناو بەشە جواوجورەکان دا، بەو پەڕی دڵسۆزی، وەک پێشمەرگە، دەستیان بە کار و تێکۆشان کرد و لە زۆربەی شەڕە گەورەکاندا، ئازایانە بەشدار بوون و شەهیدیان دا.

ئازوقەی پێشمەرگەکانی حیزب و وەک باقی پێشمەرگەکان بە پێی سەر بووە و جار جاریش ئەگەر پیویست با سولەیمانی موعینی(کاک فایق) یان ئەحمەد تۆفیق داوایان دەکرد یان بارزانی بە پێی پێویست یارمەتی پێ دەکردن. کارە سەرەکییەکانی شۆڕش کەوتبوو سەر ئەستۆی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و ئەوان بە لێهاتوویی کارەکانیان رادەپەڕاند. بە پێی لاپەڕەی ١٢٣ کتێبی"٥٠ سال خەبات" نووسینی جەلیلی گادانی، سەدیقی ئەنجیری نامەی مەلا مستەفا بۆ سفارەت رووس لە

تاران برد و هەروەها یەکەم هەواڵدەر کە توانی رووداوەکانی کوردستان بە گوێ هەموو دنیا بگەیەنێ، ئەحمەد تۆفیق لە بیروت را بە قاچاغی هێنای.

بە گشتی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر رێنموونی حیزبی دێموکرات بە تەواوی توانا و ئەوەی بۆیان کرا و لە دەستیان هات لە یارمەتی بە پێشمەرگەی شۆڕش دریغیان نەکرد. کەل و پەل و بەرگ و لیباس و پێڵاویان بۆ پەیدا کردن و لە نێوخۆی ئێران دا بریندار و نەخۆشەکانیانلە ماڵان حەشار دەدا و چارەسەریان بۆ دەکردن. لە شەڕی "قورمە" کە پێشمەرگەیەک بریندار بوو، بۆ دەرمان کردن نێردرایە مەهاباد. دوای مەعالیجە بابەتەکە ئاشکرا بوو و بە پێی لاپەڕەی ١٤١ کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات، لە نووسینی جەلیل گادانی، سەید محەمەد ئیسحاقی و محەمەد ماملێ، هونەرمەندی گەورەی کورد و عەوڵای حەکیمزادە و عەلی جانداران گیران. سید محەمەد لە زیندان دا فەلج بوو و چاک نەبۆوە و تا ئاخری عومر لە ماڵێدا لە جێیەدا کەوت.

جێی ئاماژەیە لە بڵاو کردنەوە و گەیاندنی یارمەتی بە شۆڕش گلێی و گازەندەش هەبوو و کەسانێک بە دز تاوانبار دەکران. لە بیانییەی کومیتەی ساخکەرەوە لە ساڵی ١٣٤٣ ئاماژە بەو پارە و پوڵێکی زۆر کراوە کە ئەحمەد تۆفیق وەریگرتووە و روونی نییە کە چی بەسەر هاتووە و تەنیا لە چەند خاڵ دا باسی ٦٠٣٠٠ و ٤٤٠٠٠ و ١١٠٠٠ و ٥٠٠٠ دوڵار و ٦٠٠٠ دینار و ١٢٠٠٠٠ تمەن کراوە و لە بەیانەکە دا هاتووە کە بەشێکی خوراوە.

یارمەتی حیزب بە شۆڕشی کورد، بێ سنوور بوو هەر لەو چوارچێوەیە دا نەبوو بەڵکوو بە پەرەستاندنی ئاڵۆزی لە نێوان پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسی پاڕتی دا، حیزبی دێموکرات بە دەرکردن گۆڤاری دیسان بارزانی، سیاسەتی باڵی مەکتەبی سیاسی و پەیوەندی ئەوان بە بەغدا و بە تاران و شەڕ نەکردنیانی لە قاو دا.

ماموٚستا هەژار لە لاپەڕەی ٣٧٤ کتێبی چێشتی مجێور" دا لەسەر کێشەی باڵی مەکتەبی سیاسی و ئەحمەد تۆفیق و دەرکردنی گۆڤاری دیسان بارزانی دەنووسێ: دەستەی ئەحمەد تۆفیق کە لە زەمانی قاسم دا هاتبونە دیوی عێراق، لە سنووری لای بانە گیرسابوونەوە کە لە ئێران دوور نەکەونەوە. پارتی بۆ تێک نەدان دەگەڵ ئێران مەنعیان کرد بون. چەند کەسێکیان لێ گرتبون کە تەحویلی ئێرانیان دەدەینەوە. بارزانی دور لە وڵاتی بادینان بو. هەر چۆنێک هاواریان گەیاندبویە. ئەحمەد دەگەڵی تێکدابون. نەشرەیەکی بە پۆلی کۆپی بە ناوی ″دیسان بارزانی″ دەردەکرد. پارتی زۆر لەوە تورە بون. جارێک کورێکیان بەو نەشرەیەوە گرتبو، ناوی ″عومەر نگلی″ لاوێکی سنەیی بو، زۆریان لێدابو، نازانم چۆن بەردرابو. بەو حاڵەش بە هەمو ترس و لەرزی رێگەوە، نەشرەیەکانی هێنا بەغدا. لە بەغدا زۆرم بە ئەحمەد گوت: ″هەر شتێ کەمترین کێشە و دوبەرەکی بنێتەوە زۆر زەرەرە″. دیارە ئەویش کاری خۆی بە باش دەزانی و دەیگوت: ″تۆش ئەگەر وەک من لە ناو جەرگەی کارەکەدا بای، حەقت بەلاما دەدا...″. جا کە گەیبونە بارزانی، دیسان پارتی و ئەحمەد یەکرتیان دەدزا. پارتی لای وابو ئەحمەد بوختان و درۆیان بۆ هەڵدەبەستێ و بارزانییان لی تیژ دەکا، نازانم تا کوێ راستیان دەکرد، بەلام وەک چەند شتێکم لێ گێرانەوە، لە زۆر جێدا حەق بە ئەحمەد بو.

ئەوجار حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی شێنێ پاراستنی زیندانی شۆڕشی بەدەستەوە گرت. ئەوە کارەش بوو بە هۆی ئەوە کە لە ناو ئەندامانی حیزب دا کیشە ساز بێ و کەسانێک، ئەو کارەیان بە باش نەدەزانێ و دژی بوون. عەبدوڵا حەسەن زادە لە لاپەڕەی٦١ کتێبی "ئەزموونی خەبات" باسی ئەوە دەکا کە بەستۆوەگرتنی زیندانی شۆڕش خاڵی سەرەکی ناکۆکی نیوان عەبدوڵای ئیسحاقی و سەدیق ئەنجیری بوو و لە زبانی ئەنجیری دەنووسێ: بابە ئەو کارە بۆ کاری ئیمەیە؟ ئێمە کە دەمانەوێ کۆمەک بە بزوتنەوەی کورد بکەین، بۆ زیاد لە هەموو شتێکی بووینە ″دژخیم″. ئاخر ئەو کەسە لە زیندانێیە رقی لەو کەسە هەر هەڵدەستێ کە زیندانەوە. ئێمە لێرە بۆ بووینە زیندانەوان؟ باشە با پێشمەرگە بنێرینە جەبهە. با کارێکی موفیدی دیکە بکەین. بەڵام کاک عەبدوڵای ئیسحاقی کە بڕیار بە دەستی ئەسڵی هەر ئەو بوو، زیندانی وەرگرتبوو.


مەلا مستەفا بارزانی - سولەیمان موعینی

سەرجەم یارمەتی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی کوردستانی رۆژهەڵات و باشوور دا، بواری سیاسی و نیزامی و ئیداری و یارمەتی ماڵی و شتوومەک لە خۆ دەگرت. پلە و پایەی رێبەرانی حیزب لەسەرێ بوو و ئەحمەد تۆفیق و سولەیمانی موعینی لە لای بارزانی خۆشەویست و جێی مەتمانە بوون. ئەمیری قازی لە لە لاپەڕەی١٢٣ کتێبەکەی دوای ئەوە دەڵێ کە لە سولیمانییە چاوی بە کاک فایق کەوت دەنووسێ: پاشان پرسیم لەو هەلومەرجە ناخۆشەدا چۆن و لەبەر چی گەیشتۆتە سلیمانی! بە پێی وتەی کاک فایق دەبێ کاربەدەستێکی حکومەتی لە بەغداڕا هاتبێتە سلیمانی و پڕۆژەیەکی نوێی هێنابێ بۆ لێکلاکردنی کێشەی شۆڕش و حکومەت. بارزانیش دەبێ وای بە باش زانیبێ کە کاک فایق بێ بۆ سلیمانی و ئەو دەراوە تاقی بکاتەوە. نانی نیوەڕۆمان هەر لە ژوورەکەی مندا خوارد، پاشان کاک فایق بە دوای کارەکەیدا رۆیشت، نیزیک بانگی شێوان گەڕاوە لامان و گوتی:″ کابرای راسپێردراو دوای کڵاوی خوار کەوتووە، چی تازەی پێ نییە″.

ئەمیر قازی باس لەوە دەکا کە لە حاڵێک دا لە رێگایە ئەرتەش بە تانک و تۆپ تەقەی لە شاخان دەکرد کە پیشمەرگەی لێبوو، بەڵام ئەو هەیئەتە بە بەرگەی بارزانی و لە حاڵێکدا لە هەموو سەیتەرەکان لە لایەن لەشکرەوە کونترۆڵ دەکران، بەڵام بە ئازادی گەڕانەوە بۆ قەڵادزێ و کاریان پێیان نەبوو.

ئەمیر قازی لە درێژە دا دەنوووسێ کە بەهاری لە سالی ١٩٦٤ لە مەقەڕی سەنگەسەر کاک ئەحمەد تۆفیق چەشنە وەکالەتێکی بارزانیان هەبوو و هەرجێیەک بارەگای بارزانی لێبایە کاک ئەحمەد و کاک سولیمان لە دەوری دەبوون و بە گشتی بۆ راپەراندنی کارەکانی شۆڕش وەختی

سەرخوراندنیان نەبوو و نەیاندەتوانی بە کێشەکانی حیزب رابگەن. بەگشتی تا دوای گرتنی گونگرەی دووش، کاک فایق لە لای مەلا مستەفا دەستی زۆر دەڕۆیی و بۆ هێندێک جێگای تایبەتی تەنانەت پەیوەندی بە حکومەتی عێراق، وەک نوێنەری ئەو کەڵکی لێوەردەگیرا.

بە گشتی بەرنامەی یارمەتی دان بە شۆڕشی چەکدارانەی کوردستان، بە لای خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەرکێکی گەورەی نیشتمانی بوو. هەموو کەس لە عەشیرەت و رووناکبیر و بازاری و وەرزێر و فەقیر و دەوڵەمەند ئامادەی یارمەتیدان بوون. شێعری نیشتیمانی مامۆستا هەژار نوقڵی مەجلیسان بوو. ناوی مەلا مستەفای بارزانیش ئەفسوونێک بوو کە تروسکەی هیوای دەخستە دڵ و دەروونی رووناکبیرانی کورد و غەیری کورد لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا. وێنەی بارزانی بە هەر کەسێک درا با، بە شانازیەوە وەریدەگرت و ئەوەندەی دەتوانای دا با یارمەتی دەکرد.


مەلا مستەفای بارزانی - قادر شەریف

شۆڕشی ئەلیول راپەڕینیکی زۆر گەورە بوو و ببووە بە کیشەیەکی جێهانی و دەبوو پاڵپشتی بە هێزی نیونەتەویی هەبێ. لەژێر کاریگەری ئەو شۆڕشە دا تا رادەیەک هەلێکی باش بۆ کورد رەخسا. ئەحمەدی قازی لە دەست نووسێک دا دەنووسێ: دۆستێک دەیگێراوە کە بارزانی نەمر دوکتور عوسمانی ناردبووە لای شا تا پێی بڵێ بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد متمانەی بە پەیمان و بەڵێنی شاهەنشا هەبێ، پێویستە سیاسەتی دوڵەتی ئێران بەرانبەر بە کوردی ناوخۆی ئێرانیش ئاڵ و گۆری بەسەر دابێ و هێندێک ئیمتیاز بدرێ بە کوردەکان. شا لە جوابدا گوتبووی "من کوردان باش دەناسم، ئەگەر مەودای گەزێک دەرفەتیان بدەمێ، هەزار گەز دەچنە پێشێ و ناچارم وریا بم و زۆریان مەیدان پێ نەدەم".

پیوێست بوو کە گشت لایەکانی شۆڕشی ئەیلول بە وردی تاووتوێ بکرێ و هەڵسەنگێندرێ. دەوڵەتی عیراق پشتیوانی گەورەی رووسانی هەبوو و کەرەسە و پێداویستییەکانی شەڕ، بازارێکی گەرمی بۆ ئەوان پێک هێنا بوو. ئەگەرچی چەند جار لە نیوان کورد و دەوڵەتی عێراق دا، هەوڵی نێوبژی کردنیان دا، بەڵام زەختیان بۆ رێژیمی عێراق نەهێنا. بۆیە کورد لە رووسان نائومێد ببوون و تەنیا یارمەتی دەری شۆڕشی کوردستانی باشوور، کوردی رۆژهەڵات بوو و ئەوە بە رادەیەک بەرچاو بوو کە ریژیمی ئێران ناچار بوو کە ئەوکارە لە دەست کوردان دەر بێنی و بۆخۆی بە دەستەوەی بگرێ تا لەو رێگایەدا، دەست لە کاروباری جوڵانەوەی کورد وەر بدا و بە لاڕێی دا بەرێ.

شا کە بە کەیفی خۆی خەڵکی ئێران، بە تایبەت کوردی دەچەوساندەوە، ئەوجار لێبڕاوانە تیکۆشا کە گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە تەواوی بتوێنێتەوە و لە کەش و هەوایەکی ئەوتۆ

دا، بە فێڵ تێکۆشا وەزعی کوردستان ئارام کاتەوە و بەشێک لە زیندانیانی سیاسی کوردی ئێران ئازاد بکا و رۆژنامەی کوردستان دەربکا.

بەمشێوەیە رێژیمی ئێران تێکۆشا لە کێشە و ئاڵوزییەکانی عێراق بە دوو مەبەست کەڵک وەرگرێ، هەم بە یارمەتی بە جوڵانەوەی کورد رەوتی شۆڕشگێڕانەی بزوتنەوەکە بە لاڕێ دا بەرێ، هەم بتوانی زەبر لە هێزەکانی عێراق بوەشێنی و پێش بە سەقامگرتنی حکومەتی قاسم بگرێ. لەو کێشەیەش دا وڵاتانی رۆژئاوا هاوپەیمانی ئێران بوون و بەتایبەت کیسێنجێر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مەتمانەی پێدان و بە دیاری کردنی یارمەتێکی ١٦ میلیون دۆلاری بە جوڵانەوەی کورد، ئەو دڵگەرمییەی لە نێو رێبەرانی شۆڕشی کورد پێکهێنا کە ئەوجار پشتیان بەرنادری و خەیانەتیان پیناکرێ و کوردەکان پەیمانی هاوکاری دەگەڵ دەوڵەتی ئێرانیان قبووڵ کرد.

لەو قۆناغەدا کێشەی کورد گەورە بووە و وڵاتانی دراوسێ دوژمنی کورد پلانی دەست تێوەردانی کوردستانیان داڕشت و لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٣ دەوڵەتانی ئەندامی سنتۆ لە شاری "ئیزمیر"ی تورکیە کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە ئیران و تورکیە بە ناوی "عەمەلیاتی دەجلە" لە لای سولیمانی و موسڵ بێنە ناو خاکی عیراق و راپەرینی کورد تێک بشکێنن. دەوڵەتی شورەوی لە بەیاننامەیەک دا، دەستێوەردانی ئەو وڵاتانەی لە کێشەی نیوخۆیی عێراق مەحکوم کرد. هەروەها ئاندرە گرمیکو وەزیری دەرەوەی شووڕەوی لە مانگی گەلاوێژی ١٩٦٣ رایگەیاند: دەوڵەتی یەکیتی سوڤییەت لە بەرانبەر دەستتێوەردان لە گیروگرفتەکانی نێوخۆی عیراق دا دەست لە سەر دەست دانانێ.


مەلا مستەفای بارزانی - ئەحمەد تۆفیق

ئەگەرچی پرسی کورد لە باشووری کوردستان کەوتبووە نێو پارسەنگی نێونەتەوەیی، بەڵام کۆمەڵگای جێهانی ئاگاداری رووداوەکانی کوردستان نەبوو. کەس نەبوو جەنایاتی رێژیمی عیراق و کاولکاری کوردستان ئاشکرا بکا و هەموو شت کپ و بێدەنگ و دەرخۆنەی بەسەر داکرابوو.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا ئەندامانی حیزبی دیموکرات، لێبڕاوانە تێکۆشان پەردەی ئەو کپ و بێدەنگییە بشکێنن و بە هینانی هەواڵدەری بێگانە لە ئێران و لوبنان رووداوەکانی کوردستان بە گوێ دنیا بگەیەنن. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ١٣٢ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق..." دەنووسێ کە بارزانی لە سەرەتادا پێشنیاری "ویلیام ئیگڵتن جۆنز" نووسەری کتێبی "کۆماری کوردستان"ی کرد کە لە شاری ئیسفەهانی ئێران نیشتەجێی بوو و لە کۆماری کوردستان لە مهاباد بووە و دواتریش لە کەرکوک ژیابوو و لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مێژووی کورد هەبوو. ئەحمەد تۆفیق بۆ هێنانی ئیگلتۆن هەوڵی دا و شێخ جەمیلی مەردۆخی راسپارد کە بە ڕێگای خزمەکانییەوە لە سنە را بچێ و ناوبراو ببینێ. شێخ جەمیل

بۆی جێبەجێ نەبوو و ئەحمەد تۆفیق ئاگادار دەکاتەوە و بە پێی بیرەوەرییەکانی شێخ جەمیل مەردوخ کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی ئامادەی کردوە، مردوخ دەگەڕێتەوە کوردستانی باشوور و ئەحمە تۆفیق و سولەیمان موعینی دەبێنی و دەڵێ کە کارەکەی بۆ نەکراوە. ئەحمەد تۆفیق توڕە دەبێ و بۆخۆی کارەکە دەگرێتە ئەستۆ و لەگەڵ مەردوخ دەچتە تەوێڵەوە دوایە دەچنە شاری سنە و بەهۆی شێخ موعتەسەم و شێخ عەبدولاوە کولەباڵێکی هەورامیان کرد بووە بەر و بە ماشێن چووبوونە تاران. ئیگلتۆن بەهۆی ناسەقامگیریی تەندروستی داوای لێبوردنی کرد بوو و لە جیاتی خۆی، پێشنیاری نوسەر و ڕۆژنامەنوسێکی تری ئەمریکی کرد بوو کە لە لوبنان نیشتەجێ بوو بەناوی دانا ئادەمز شمیدت.

حامید گەوهەری لە درێژەدا، لە لاپەڕەی ١٤٣ کتێبەکەی لە زبانی ئەمیری قازی کە ئەوکاتە لە کۆمیتەی حیزبی دیموکرات کوردستان دا لە تاران بووە دەنووسێ: ئێمە وەک کۆمیتەی تاران ئاگاداری ئەو مەئموریەتەی ئەحمەد تۆفیق نەبووین. ئەو بەهۆی شێخ جەمیل مەردۆخییەوە ڕاستەخۆ خەریکی ئەوکارە بوو. تەنانەت ئاگاداری ئەوەش نیم کە ئیگلتن بۆچی نەهات بۆ کوردستان، بەڵام بیستم کە ناوبرا ئادامز شمیدتی ناساندبوو کە لە لوبنانەوە بیباتە کوردستان.

دواتر بە دوای چوونی ئادام بۆ باشوری کوردستان، بە ڕاسپاردەی ئەحمەد تۆفیق دوو گروپ ڕۆژنامەنوس هاتن بۆ تاران، وەک بزانم تەلەیفونی مستەفا ئیسحاقی، سلێمان شافعی، یان حەسەن بابا تاهیرییان پێبوو. گوتیان ئێمە هاتووین بچین بۆ عێراق، لەبەر دانیشگای تاران قەرارمان لەگەڵیان دانا، من چووم ئەوانم بینی. بەشێوەی نەناسراو بە فڕۆکە بردمن بۆ تەورێز. لەوێ لەگەڵ ڕەسوڵی فەتاحی و سەید ئەبوبەکری هیدایەتی حاجی کەندی وەرمانگرتن و لەگەڵ ئەحمەد قازی و ڕەسوڵ فەتاحی ئەوانمان ڕەوانە کرد. وەک لەبیرم بێ، ٢٠ ڕۆژ لە کوردستان مانەوە.

جاری دووەم گروپێکی سێ کەسیمان لە تاران وەرگرت و برادەرانی ئێمە بە قەتار ناردبوویانن بۆ مەراغە. ئەو جارە من خۆم چووم لە قەتاری مەراغە وەرمگرتن و ڕەوانەی باشورم کردن و جاری سێیەم دیسانیش گروپێکی سێ کەسیمان لەگەڵ سەلاح موهتەدی لە قەتاری مەراغە وەرگرت و ڕەوانەمان کردن. ڕێکخەری هەمووی ئەوانە ئەحمەد تۆفیق بوو.

ئەحمەد تۆفیق پاش ٢٥ ڕۆژ گەڕاوە بۆ کوردستانی باشوور و لەوێش را بارزانی ڕەوانەی لوبنانی کرد. ئەو بە هاوکاریی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا چووە بۆ بیروت. ئەو سەرەتا پێوەندیی بە عیسمەت شەریف وانلی، یەکێک لە کوردە خەباتکارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە سویسی گرت تا بەڵکوو هاوکات لەگەڵ ڕازیکردنی شمیدت بۆ هاتن بۆ کوردستان، بەهۆی ناوبراوەوە بتوانێ ناوندێکی کوردیی بۆ بزووتنەوەی کورد لە ئەوروپا دامەزرێنێ. لەو بارەوە عیسمەت شەریف وانلی دەڵی کە ئەحمەد تۆفیق پێیگوتووە کە: بارزانی دەخوازێ لە دەرەوە بە سوود و قازانجی ئێمە و جوڵانەوە کار و خەبات بکەی.

دوکتور عیسمەت شەریف کە ئەوکات سەرۆکی یەکیەتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بوو دەڵێ، کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢وە بۆ قازانجی جوڵانەوە کورد خەریکی کار و خەبات بووە

و کۆمیتەیەکی بە نێوی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی میللەتی کورد، بە پێشنیازی ئەحمەد تۆفیق دامەزراندوە و لە بیروت بە نوێنەرایەتی بارزانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لەودا ئاماژەی بۆ هەموو ئەو ڕووداوانە کردوە کە لەو ماوەیەدا لە باشوری کوردستان و عێراق ڕوویاندا بوو.

ئەحمەد تۆفیق لە بیروت لە هۆتێلی سان جۆرج، لە قەراخ دەریا بەنێوی موراد، لەگەڵ هەواڵدەرییەکانی ئوروپایی و ئەمریکایی پەیوەندی دەگرێ و توانی "دانا ئادەمز شمیدت" ڕۆژنامەنوسی ئەمریکی "نیویۆرک تایمز" وەک یەکەم ڕۆژنامەنوسی بیانی ڕازی بکا لەگەڵی بێت بۆ باشوری کوردستان. شمیدت لە سەفەرێکی ٥٩ ڕۆژیدا، لە نزیکەوە چاوی بە مەلا مستەفای بارزانی و دۆخی نالەباری کوردستان و تاوانەکانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم کە چۆن کوردستان بۆمباران و کاول دەکا، کەوت و لە گەڕانەوەیدا، چەندان وتاری لە بارەی کورد و شۆڕشەکەیدا نووسی و وێنەی ئەو جەنایەتانەی بڵاو کردەوە.

دانا ئادەمز شمیدت لەو سەفەرەدا کتێبێکی سەبارەت بە گەشتەکەی و ڕووداوەکانی کوردستان نووسێ. جۆرج. فەتحوڵا کتێبەکەی وەرگێڕایەوە سەر زمانی عەرەبی و ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل لە عەرەبییەوە کردی بە کوردی. دوکتۆر محەمەدی مەجدییش لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕایەوە سەر زمانی فارسی. مامۆستا هەژار لەسەر ئەو کتێبە دەنووسێ: ماوەیەکی زۆر لە دڵمدابوو کە هەلێک بخولقێت دەربارەی دۆستی ناکامم عەبدوڵا ئیسحاقی ″ئەحمەد تۆفیق″ کە چەند ساڵێک پێکەوە ژیابووین و لە زۆربەی شادییەکان و ناکامییەکان شەرێکی یەکتر بووین شتێکی لەسەر بنوسم.

بە هەڵکەوت، وەرگێڕانی عەرەبیی کتێبی "دانا ئادمز شمیدت" هەواڵنێری ناسراو و ناوداری ئەمریکیم بەناوی "گەشتێک بۆلای پیاوانی ئازا" بەدەستم گەیشت کە ئەو لەگەڵ وەرگێڕانی فارسیی ڕێزدار دوکتۆر محەمەد مەجدی بەراورد بکەم. کتێبەکەم تا دوالاپەڕ خوێندەوە و لە ڕاستیدا چێژم لێوەرگرت. شتێک کە لە کتێبەکەدا زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، بایەخدانانی نوسەر بە کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق بوو. لە ئازایەتی بێهەوتای، لە توندوتۆڵی و شادبوونی، لە وەفاداریی ئەو سەبارەت بە کورد و کوردستان، لە سەداقەتی سەبارەت بە بارزانی، لە پایەداریی مەڕام و سەرچاوەی ئازادییخوازیی، بەشێوەیەک ستایشی دەکات کە گێڕانەوەی لە قەڵەمی من و کەسێکی تر نایەت. هەر کەسێک دەیەوێ لە ئەحمەد تۆفیق "عەبدوڵا ئیسحاقی شتێکی ڕاستین بزانێت، داوا دەکەم کتێبی دانا ئادم شمیت بخوێنێتەوە.

هەژار ١٣٦٢/١٠/١٠ کەرەج

گەشتی "دانا" لە ١٩٦٢/٧/٤ دەستی پێکرد و لە ١٩٦٢/٩/١ کۆتایی هات و موسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٩٠ کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی ڕەزگاریخوازی کورد" دوای هێنانەوەی هێندێک نموونە لە ئازایەتی ئەحمەد تۆفیق لە زمانی گەورەترین فەرماندەکانی شەڕ، لەسەر هێنانی ئەو هەواڵدەرە دەڵێ کە: کارەکەی سەرسامکەر بوو، بوو بە مایەی کردنەوەی دەرگەی شۆڕش بۆ جیهانی دەرەوە

کە هیچی لەبارەی شۆڕشەوە نەدەزانی، ئەوەش بوو بە هۆی زنجیرەیەک وتار کە لە بارەی شۆڕشەوە لە دوو رۆژنامەی نیویۆرک تایمز و کریستیان ساینس مۆنیتردا بڵاوی کردنەوە...

جێی ئاماژەیە کە لەبەرانبەر بەو کارە گرینگانە دا، کومیتەی ساخکەرەوە لە ساڵی ١٣٤٣ لە دەرکردنی بەیاننامەی خۆی دا، هێرشی توندی دەکاتە سەر ئەحمەد تۆفیق و لەمەر هەوڵ دان بۆ هێنانی هەواڵدەر لە ئێران و لوبنان، بە سیخوڕ و پیاوی ئەمریکایەی تاوانبار دەکا و دەنووسێ: ئەوجا راستەوخۆ خۆی هاویشتە باوەشی قیبلەگای لەمێژینەی ئیمپریالیزم، ئەوە بوو بەهۆی چەند زۆڵە کوردێکی سەر بە ئەمریکاییان دەگەڵ ویلیام ئیگڵتن، بەڕێوەبەری دەرەوە، دوو دەزگای جاسوسی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیوەندی بەست وبۆ ریزە ئیتصالاێکی جاسووسی خۆی گەیاندە مەنتیقەی هەورامان و مەریوان و دەگەڵ ش، م،ح کە شا و دەزگاکانی بە تایبەتی ئەمریکاییەکان حیسابی لەسەر دەکێشن کەوتە گفتوگۆ تا بەهۆی وەرگرتنی گەلێکی خیانەت لەناوبراو پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکاییان ساز بکەن، دوو رۆژ درێژەکێشانی وتووێژ لەو بارەیەوە بڕیاردرا ش،م،ع بە تەدارەکاتی پێویستی هەڵبستێ و نەتیجەکەی بەهۆی پۆستەی تاران-بەغداوە لە ئەحمەد تۆفیق مەعلوم بکاتەوە. لەسەر ئەو بڕیارە خەیانەتکارە گەیشتە بەغدا و ش،م،ع بۆ قسەوباسی پێسپێردراوی خائین بۆ شوێنەکانی دیاریکراو رۆیشتە تاران. ئەمریکاییەکان بۆ ئەوەی باشتر بتوانن ئەو خائینە بگرنە باوەش وایان بە باش زانی لە نزیکەوە بیبینن جا لەبەر ئەوە لە تارانەوە بە نووسراوەی پێویست ئاگادار کرا ئەحمەد تۆفیقی خائین کەوتە رێگا و هاتە سلێمانی و لێرەوە خۆی گەیاندە شاری سنە و هەرلەوێ لەگەڵ ناوبراو بە ماشێنی تایبەتی چوونە تاران.

کومیتەی ساخکەرەوە لە درێژەی بەیاننامەکە دا دەنووسێ: خائین ئەحمەد تۆفیق پاش بە جێهێنانی ئەرکەکانی پێسپێردراوی لە سەرەتای شۆڕشی کوردستانی عێراقدا لە لایەن دەزگای جاسوسی ئەمریکاوە ئەمری پێکرا بۆ وەرگرتنی تەعلیماتی جاسوسی هەروەها پەیوەندی بە (مەرکەزی سەرپەرشتیکەری ساواک) ی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بچێتە لوبنان.

بەو جۆرە گوایە خائین ئەحمەد تۆفیق بۆ مەسڵەحەتی شۆرش چۆتە لوبنان بەڵام ناوبراو لە پێناوی بە ئەنجامگەیاندنی ویستەکانی دەزگای جاسوسیدا ئەندامەتی رەسمی و مەوقعییەتی تایبەتی بۆ دیاری کرا. هەروەها کارتی تایبەتی بۆ شوێنەکانی پێویست درایە ئێستاش لە لایەتی.

## بەشی ٧٦

## شۆڕشی سپی لە ساڵی ١٣٤١

نیزامی ئاغا و ڕەعییەتی یەکێک لە دەورانەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە کە لە زۆربەی وڵاتان دا بەشێوە و بیچمی جیاواز هاتۆتە ئاراوە و کوردستانیش لەو نەزمە کۆمەڵایەتییە بێ بەری نەبووە. سیستمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان پێگەی بەهێز نەبوو نەیتوانی بناغەیەکی گەورە ئیداری لە وڵات دا پێک بێنی و گشت عەشیرەتەکان لە چەند ناوەندی گەورەی دەستەڵات دا کۆ کاتەوە، تا وەک وڵاتانی تر دواتر ببا بە بناغەی ئەزموونێک بۆ ئیدار و بەڕێوەبەری وڵات. پێبەپێی ئەو ژێرخانە، سەرخانی کۆمەڵگای کوردستانیش فەشەل بوو و بێچم و فۆڕمی ئیتینیکی قەومی و نەتەوەیی، هەروەها چین و تووێژ و لایەکانی کۆمەڵگای کورد، وەک ئاغا و ڕەعییەت و ڕەشایی، هیچکام ڕەوتی ئاساییان نەپێوا.

تەوەری بنچینەیی نیزامی دەردەبەگایەتی ئەوەیە کە خەڵکی ڕەش و ڕووت و ڕەعییەت لەژێر دەستەڵاتی ئاغا یان مالیک یا فیئۆداڵ دا، لەسەر زەوی کار بکەن و لەبەرانبەر دا، ڕادەیەک لەو بەرهەم و حاسڵاتە کە زۆرتر سەدی بیست یان دەو دوو بوو، دەدرا بە ئاغا. جیا لەو ڕادەیە کە دیاری کرا بوو ڕەعییەت دەبوو باج و خەراجی دیکەش وەک جێژنانە و بێگاری و دابین کردنی ئاوردوی ماڵ و تفاقی ماڵاتی ئاغا بدا و هەمووکات ئامادە بێ بۆ ڕاپەڕاندنی بڕیاری شەڕ و هەڵا و بەرنامەکانی ئاغا. لە غەیرە ئەوە دا، هەر کەمتەرخەمێک دەبوو بە هۆی ئەوە کە ڕەعییەت، تاوانی گەورە بدا و لە ئاوایی دەربکرێ یان سەزای گەورەی بەسەر داسەپێ.

ڕەعییەت هیچ کەسایەتی و ڕێزی نەبوو و لە هەموو بوارێکەوە دەچەوساوە و وەک مرۆڤ سەیری نەدەکرا. ئەحمەدی قازی لە دەستنووسێک دا لەسەر هەڵسوکەوتی هێندێک ئاغاوەت دەنووسێ: ساڵی ١٣٣٨ کە ڕەئیسی ئیدارەی پەروەردەی بۆکان بووم، هاتوچۆی یەکێک لە ئاغا گەورەکانی ئەو شارەم دەکرد. پیاوێکی دەوڵەمەند و سەخی بوو، دیوەخانی گەورەی هەمیشە پر بوو لە میوانی جۆراوجۆر. ڕۆژێک لەو دیوەخانە دانیشتبووم، سێ چوار کەسی ئاسایی کە لە سەر و پۆتەڕاکیان دا دیار بوو ڕەعیەت یا دەست و پێوەندن، هاتنە لای ئاغا و بێ ئەوەی سڵاو بکەن یا دانیشین، بە ترس و لەرزەوە دەستیان کرد بە قسە کردن و لە قسەکردندا سەریان بەردابۆوە. برازای ئەو ئاغایە دۆستی نیزیکم بوو، پاش وەدەرکەوتن لە دیوەخان لێم پرسی: ئەو چەند کەسە کە هاتنە لای ئاغا بۆ چی سلاویان نەکرد؟ گوتی لە لای ئێمە ڕەعیەت و دەست و پێوەند مافی سڵاوکردن و دانیشتنیان لای ئەرباب نیە و نابێ دەقسە کردنیشدا چاو دەچاوی ئەرباب ببرن!

دەهەی ٤٠ لە سیاسەتی گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دا، گرینگێکی تایبەتی هەیە. لە ساڵی ١٣٣٨ (١٩٥٩) دەوڵەتی عیراق لە پەیمانی بەغدا هاتە دەرە و لە مانگی مارس دا، یەکەم پەیمانی نێوان دەوڵەتی عێراق و ڕووس بەسترا. هەر لەو ساڵە دا پەیمانی هەڵبەستنی بەنداوی گەورەی ئەسوان، لە نیوان ڕووس و میسر دا واژۆ کرا.

هەرچەند، داهاتی نەوتی ئێران زیاد ببوو و جیا لەوەش ئەمریکا بە میلیون ها دۆلاری یارمەتی بە ڕێژیمی ئێران دەکرد، بەڵام بە هۆی گەندەڵی و فەساد لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتی‌دا، خەڵک فەقیر و ئەمریکا لەوە دەترسا کە ئێران بکەوێنە داوی کۆمۆنیسم.

لە ساڵی ١٣٣٩ شەریف ئیمامی بە جێگای دوکتور ئیقباڵ بوو بە سەرۆکی وەزیران. لەو سەردەمەدا توێژی مامۆستایان داواخوازی پێراگەیشتنی زیاتریان دەکرد و لە خۆپێشاندانیک‌دا، یەکیان لێکوژرا. شەریف ئیمامی نەیتوانی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە وڵات دا پێک بێنێ و وەزعەکە باشتر بکا. بۆیە لە ڕێکەوتی ١٦ بانەمەری ١٣٤٠ دەستی لە کار کیشاوە.

لە ساڵی ١٩٦١ "جان ئێف کنێدی" بوو بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا. ئەو بە پێچەوانەی نیکسۆن کە دۆستی شای ئێران بوو، لەمەر مەترسی کۆمۆنیسم لە ئێران دا، زەختی لە شا کرد کە چاکسازی و ڕیفۆرم لە وڵات دا بکا. شا دوکتور عەلی ئەمینی کە لە بنەماڵەی قاجارەکان و لە گەڵ رابرت، برای جان ئێف کنێدی دۆست و لە ئەمریکایەکان نیزیک بوو و پێشتر لە کابینەی زاهدی دا، وەزیری مالی و دارایی بوو، بۆ بەجێگەیاندنی ئیسلاحات، بە جێگای ئیمامی دیاری کرد. ئەمینی دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات، داوای لە شا کرد کە ڕێگای بدا کارەکانی خۆی بەڕێوەبەری و بەڵێنیشی دا بە شا کە داواکانی جێبەجێ بکا.

لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٤٠ شا وەک یەکەم قۆناغ، فەرمانی دابەش کردنی زەوی مڵکدارە گەورەکانی دا بە ئەمینی، کە یەک لە پێنجی زەوی ئاغاکانی دەگرتەوە. بیرۆکەی داڕژتنی ئەو ڕێفۆڕمە تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕاوە بۆ سەردەمی دوکتور موسەدیق. ئەمینی لە کارەکانی دا بە توندی بەردەوام بوو. جەلیلی گادانی لە لاپەڕەی ١١٩ی ٥٠ ساڵ خەبات دا دەنووسێ: ناوبراو بێ مەحتەلی هێندێک کاری کرد کە لە ئێران تا ئەودەم نەکرابوو. بەختیاری بەرپرسی ساواکی وەلا نا، سپهبدحاجی عەلی کیا، علوی مقدم، سەرلەشکر زرغام، سەرتیپ روح ئەللا نوحی، سەرتیپ ئەحمەد ئاجودانی گرت کە بە ریز بەرپرسایەتیەکانیان، سەرۆکی روکنی ٢ ستادی ئەرتەش، سەرۆکی شارەوانی گشتی، وەزیری گومرک، بەرپرسی قەند و شەکر و بەرپرسی ئیدارەی کارەبا بوون. هەروەها سپهبود ئازمودەشی کە ماوەی ٩ ساڵی دوای کوودیتای ٢٨گەلاوێژ، حوکمداری یەکەمی بەشی قەزایی بوو، گرت. زۆر حوکمی کە ئەوان دابوویان، هەڵوەشاندەوە. بەشێکی بەرچاو لە بەندییەکانی لە ساڵەکانی ٤٠-٤١ بەردران. ئەو بەردانە بەشێکی بەرچاو لە بەندییەکانی حیزبی ئێمەشی دەگرتەوە.

سەرەڕای ئەوانە ئەمینی بە هۆی دژایەتی شا لە مەڕ کەم کردنەوەی بودجەی ئەرتەش، نەیتوانی کارێک بکا و وازی لە سەرۆک وەزیری هێنا و شا لە رۆژی ٢٨پووشپەڕ ١٣٤١ ئەمیر ئەسەدوڵای عەلەمی کردە سەرۆکی وەزیران و لە رۆژی ٦ ڕێبەندانی١٣٤١ لە ڕێفراندومێک دا، گەلالەیەکی ٦ مادەیی کە بە شۆڕشی سپی بە ناوبانگ بوو بە خەڵک پێشنیار کرد. ئەو گەڵاڵەیە لە لایەن خەڵکەوە پەسەند کرا. خاڵەکانی ئەو ڕێفراندۆمە بریتی بوون لە هەڵوەشانەوەی نیزامی ئاغا و رەعییەتی، میللی کردنی لێڕەوارەکانی هەموو وڵات، بەشداری کردنی کرێکاران لە قازانجی کارخانەکان،

ئیسلاحی یاسای هەڵبژاردن و مافی بەرابەری ژن و پیاو و دامەزرانی سپای زانست و ... دیارە دواتر ١٢ خاڵی دیکەش بەو خاڵانە زیاد کران. لە شۆڕشی سپی دا مافی کەمە نەتەوەییەکان و ئازادی حیزب و گروپی سیاسی بە گشتی ئازادی سیاسی، باسی لێوەنەکرا.

هەر لەو ساڵەدا سێ کەس لە زیندانییە سیاسییەکانی کورد واتە عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان و جەلیل گادانی گوێزرانەوە بۆ زیندانی بورازجان لە باشوور کە یەکێک لە سەخترین زیندانەکانی ئێران بوو.

لە بەهاری ساڵی ١٣٤١ شا بۆ سەردان هاتە کوردستان. تاهیری ئیلخانیزادە لە لاپەڕەی٧٦ کتێبی "ئاورێک لە موکوریان" دەنووسێ کە عەوڵای ئێلخانیزادە، نوێنەری شارەکانی سەردەشت و بۆکان و مەهاباد بەرپرسی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی پێشوازی لە شا بوو. ئەو بڕیاری دا بوو جادەی نیوان میاندواو تا مەهاباد ئاپڕژین بکرێ و هەر عەشیرەتەی تاق لیبدا و بە فەڕش بیڕازێنێتەوە و دەستەی سواران لە قەراغ جادە بە ریز رابوەستن. بەمشێوەیە لەو بەینەدا نیزیک بە ١٠ تاق، بە نوێنەرایەتی هەموو عەشیرەتەکان لێدرا. شا لە زۆربەیان رادەوەستا و عەوڵای ئیلخانیزادە کەسەکانی بە شا دەناساند. بە پێی لاپەڕەی  ٧٩ ی ئەو سەرچاوەیە لە دەروازەی نیزیک شار دا سەید محەممەدی زەنبیل و شێخ محەممەدی کوڕی شێخی بورهان و مەلا حوسێنی مەجدی و زۆر مەلا و کەیخودای مەهاباد راوەستابوون. مەلا حوسێنی مەجدی مقالە و شێعرێک کە بۆخۆی دایناوبوو، خوێندێیەوە. دوایە شا چوو لای شێخ محەممەد و عەبدوڵای ئێلخانیزادە ئەوی ناساند و گوتێ: شێخ محەممەد شەمسی بورهان رەئیسی تەریقەتی مەشایخی برهان. شێخ محەممەد عەوڵاغای ناسێوە و گوتی: تۆ عەوڵای مەحموود ئاغای؟ گوتی بەڵێ، رووی دە عەوڵاغا کرد و بە فارسی گوتی: اسم شا چیست؟(شا نێوی چییە؟)، عەوڵاغا گوتی مەحتەل مام هیچم نەگوت. شا حاڵی بوو مۆڕەیەکی لێکرد. جەنابی شێخ دووبارە گوتییەوە اسم شا چیست؟عەوڵائاغا گوتی شا تەماشایەکی منی کرد و پێکەنی یانی پێی بڵێ. عەوڵائاغاش گوتبووی ئەعلاحەزرەت محەممەد رەزاشا شاهەنشاهی ئێران. شێخ گوتی نێوی چکۆلەیم دەوێ دوعایەک هەیە بەسەری دا دەخوێنم بە زەمانەتی من بە سەلامەتی دەچێتەوە سەر تەختەکەی تاران. کە بە فارسی ئەوەی گوت ئەوجار شا پییخۆش بوو کوتی منیش محەممەد. شیخ لە شا هاتە پێشێ دەستی بڵیند کرد بەرانبەری سەری دوعایەکی دوور و درێژی خوێندەوە نێوی محەممەد رەزاشای تێدابوو...

شا دوایە بە نێو ئاپۆرای خەڵک دا چوو بۆ ستادی لەشکر. تاهیری ئێلخانیزادە لە لاپەڕەی ٧٩ کتیبەکەدا دەنووسێ: کاتێ دابەزی چوو ژوورێ، بە هەرا و چەپڵەرێزانی خەڵک دووبارە هاتەوە سەربالکۆنەکەی بەرانبەری شەهرداری، دەو وەختەی دا مەنگوڕەکان لێیان بوو بە شەر، لایەنێک هێرشیان کردە سەر تایەفەیەکی دیکە کە عەولائاغای مەنگور سەرۆکیان بوو. لە نێو شەڕی ئەوانەدا مەیدان شێوا، خەڵک فیتووی لێدەدا، شا لە ترسان هەڵاتەوە ژوورێ و سەرباز بە مەیدان وەربوون بە لێدان وکوتان، خەڵکی مەیدانیان چۆل کرد و هەموو مەنگورەکان کە شەریان بوو گیران و برانە شارەبانی. دیار بوو شا زۆر ترسابوو، پێی وابوو ئەو شتانە لە دژی ئەوە، دەستووری دابوو نوێنەری

مهاباد ئیلخانیزاده بانگ کەن. فەوری حکوومەت نیزامیان لە شاری بەرێوە برد، بڵیندگۆ دەیکوت هەر کەس لە دەرێ بێ تەقەی لی دەکرێ. کۆچە و خەیابان و بازار چۆڵ کرا، کون بەکون لە عەولائاغا دەگەران، لەماڵە حاجی حەمەدەمین ئاغای مەعرووفی دیبوویانەوە و بە پەلە بردیانە لای شا.

عەوڵائاغا کوتی کاتێک گەیشتمە ستاد، فەرماندەکانی لەشکری گارد کە لە تاران را دەگەڵ شا هاتبوون بە پەلە بردیامنە تەبەقەی سەرێ لای شا، کە چوومە ژوورێ شا لە ترسان رەنگی تەواو گۆرابوو، رووی تێ کردم کوتی: "این چە افتضاحیست؟"، کوتم" قربان چیز مهمی نیست"، ئەوجار هاتە پێشێ کوتی: "این جریان و حرکات بر ضد من است؟"، منیش جوابم داوە کوتم: "نەخێر ئەوە دوو تایەفە ناکۆکیی کۆنیان هەیە، بیستوویانە سەرۆکی یەک لەو تایەفانە دێتە خزمەت تۆ، کوتوویانە دەبێ ئێمەش بەرن دەنا نایەڵین ئێوەش بچنە لای شا، لەسەر هاتنی خزمەت تۆ لێیان بۆتە کێشە. عەوڵائاغا کوتی بەو قسانەی من شا کەمێک هاتەوە سەرخۆ، رووی تێ کردم کوتی: دەتوانی کۆتایی بەو کێشەیە بێنی؟ کوتم بەڵێ، فەوری تەواوی دەکەم، بە فەرماندەکانی کوت برۆن لە ئیختیاری دابن، عەوڵائاغا دێتە دەر، دەچێتە زیندان و هەموو مەنگورە گیراوەکان دێنێتە دەر و ئاشتیان دەکاتەوە و لە هەر تایەفەیەک سێ کەس دەبا بۆ لای شا. کوتی شا زۆری پێ خۆش بوو چونکە هەموویان چوون دەستیان ماچ کرد و زۆر بە ئێحترامەوە راوەستان. شا ئەسڵەن باسی شەڕو کێشەی نەکرد. لەوێ رۆژێوە شا لە مەنگوران دەترسا، هەر بەو هۆیەوە بوو عەوڵائاغای مەنگوری بردە تاران و چاکەی زۆری دەگەڵ کرد. ئەوەش بڵێم عەوڵائاغا لیستێکی نووسیبوو کە بچنە میاندواو بۆ پێشوازی شا، حاجی سمایل ئاغاش لەو لیستەدا نووسرابوو بەڵام خۆی نەخۆش کردبوو نەچوو، کوتیان بۆ نایا دەبوو بێ، برایم ئاغا کە زۆر حازر جواب و قسەخۆش بوو کوتی:" کورە لێیگەرێن، سوێند سوێند، چۆن دێ"، هەموو حاڵی بووین مەنزووری سوێندی زەمانی ژ-ک بووە.

عەزیز ئەحمەدی دەڵی ئەوکات لە دیوەخانی سەلیم ئاغا لە ئاڵوەتان بووە کە حەسەنی مام رەسووڵی لە مەهاباد را گەڕاوە و گێڕایەوە کە لە نیوان دوو عەشیرەتی مەنگوڕ دا شەڕ ساز بوو، بێشک ئەگەر شا لەوێ مابا، بە تاوانی کودەتا بە دژی حکومەت هەموویان دەگیران.

## ئاخوندەکان دژی شۆڕشی سپین

هەرچەند شۆڕشی سپی شا و خەڵک، ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی نەبوو، بەڵام تا رادەیەکی زۆر وەرچەرخانێکی گەورەی لە کۆمەڵگای ئێران دا پیکهێنا و زیاتر لە یەک میلیۆن و نیو بنەماڵە، بوونە خاوەنی زەوی.

ئەوکارە بێ کێشە نەبوو و ئاخوندەکان کە بە تایبەتی دژی ئازادی ژنان بوون، لە ١٥ جۆزەردان ١٣٤٢ لە شارەکانی قوم و تاران خۆپێشاندان بە دژی گەلاڵەی ٦ مادەیی بەرێوەبرد. ئەو ناڕەزایەتییانە بە توندی سەرکوت کران، بەڵام ئەوە نەبوو کە خاشەبڕ بکرێ. یاسای کاپیتولاسیۆن و دوورخستنەوەی خۆمەینی، دژایەتی بەشێکی گەورەی لە ئاخوندەکانی پارێزەری دواکەتوویی

لێکەوتەوە و پەرەیان بە کێشەکە دا و هێرشی توندیان کردە سەر شا. ئەوجار بۆ چەند مانگ لە پارێزگای فارس، لە نێوان عەشایر و دەوڵەت دا شەر و پێکدادان رووی دا.

هاوکات لە گەڵ ئەو ئاڵۆزییانە، هێندێک لە رێکخراوەکانی سەرانسەری، لەو دەرفەتە کەڵکیان وەرگرت و دەستیان بە هێندێک جموجۆڵ کرد.

رۆژی ١٣ ی جۆزەردان ١٣٤٢ خۆمەینی لە رۆژی عاشوڕایە زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر شا و لە قسەکانی دا گوتی: ئەی ئاغای شا! ئەی جەنابی شا! ئەمن ئامۆژگاریی تۆ دەکەم، دەست لەو کارانە هەلگرە ئاغا! خەریکن فریوت دەدەن... ئەمن پێمخۆش نییە رۆژێک کە بیانەوەی ئەتۆ بڕۆی، هەموو شوکرانە بژێر بن... ئاوا کایە بە میللەت مەکە. ئاوا دژایەتی لە گەڵ مەلایان مەکە. ئەگەر بۆت دەنووسن و دەدنە دەس و پێت دەلێن بیخوێنەوە، فکری لێبکەوە. بۆچی لە گۆترە و بێ بیرکردنەوە ئەو قسانە دەکەی؟

...خوا بکا لەوە کە دەڵێی کە مورتەجعینی رەش وەک حەیوان گڵاون و میللەت دەبی لەوان دووری بکا، مەبەستت لە مەلاکان نەبێ، دەنا ئەرکی ئێمە چەتوون و کێشەی تۆ سەخت دژوار دەبێ ...

بە دوای ئەو قسانەدا، خومەینی لە سەعات ٤ بەیانی رۆژی ١٥ جۆزەردان لەماڵەکەی خۆی لە شاری قوم گیرا و رەوانەی تاران کرا. لە گەڵ دەستبەسەر کردنی خومینی، بەشێک لە رێبەرانی (نێهزەتی ئازادی)، وەک موهەندیس بازرگان و ئایەتوڵا تاڵەقانی و دوکتور سەحابی و حێزەتوڵای سەحابی و... گیران.


خومەینی ١٣٤٢

لایەنگرای خومەینی بە بڵاو بوونەوەی هەواڵی دەسبەسەر بوونی ئەو، لە شاری تاران رژانە شەقامەکان و دەستیان کرد بە ئاور تێبەردانی شوێنە حوکمییەکان و خۆپێشاندانی گەورەیان بە دژی شا دەستی پێکرد و هێزەکای ئەرتەش تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد و رادەیەک خەڵک کوژران. دەوڵەت بە سەرۆکایەتی ئەمیر ئەسەدوڵای عەلەم، بە گرتنی هێندیک لە خویندکاران ئایینی و کەسانی حیزبی موئتەلیفەی ئیسلامی، ئەوانەی کە لەو ئاڵۆزییانەدا دەستیان هەبوو، توانی ئەو خۆپێشاندانە دامرکێنێ.

ئەو ئاڵۆزیانە سەرەتای دەسپێکی دژایەتی توندی خومەینی لە گەڵ شا بوو. کاتێک راپرسی بۆ شۆڕشی سپی کرا، خومینی بە فەرمی دەنگ دانی بە حەرام زانی و تەحریمی کرد.

لە سەردەمی مەشروتییەت را کە شێخ فەزلوڵای نووری وەک لایەنگری توندی مشرووعییەت لە سێدارە درا، تا ئەو سەردەمە، دەوڵەت هیچ ئاخوندێکی ئێعدام نەکردبوو و لە قانوونی ئەساسی مەشروتییەت دا، ئێعدامی مەراجعی تەقلید قەدەغە کرابوو. خومەینی مەرجەع نەبوو و مەترسی ئیعدام کردنی ئەو، لایەنگرانی نیگەران کرد بوو. دوکتور موزەفەری بەقایی، یاری دوکتور موسەدیق

که دوای ماوەیەک لە زیندانی ئازاد ببوو، لە نامەیەکی سەر ئاوەڵا دا، داوای لە مەلا گەورەکان کرد کە بەرگری لە ئیعدامی خومەینی بکەن. هێندێک لە ئاخوندە گەورەکان یەک لەوان سەید کازمی شەریعەتمەداری چووە تاران و لەوی بە درۆ شەهادەتی دا کە خومەینی مەرجەحی تەقلیدە. سەرەرای ئەو چاکەیە کە ئەو لە گەڵ خومەینی کرد، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧، شەریعەتمەداری مەجبوور کرا، بێتە سەر تلەڤزیۆن و دان بە دژایەتی لە گەڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران دابنی و دوای ئەوەش زۆری پێنەچوو مرد. فتوای ئاخوندەکان بوو بە هۆی ئەوە کە خومەینی ئیعدام نەکرێ.

شا دەستی بە ئیسلاحات کرد کە بە شۆڕشی شا و خەڵک (شۆڕشی سپی) ناوزەد کرا. ئەو ئیسلاحاتە لە لایەن ئەمریکایەکان پێشوازی لێکرا و کاتیک لە ساڵی ١٣٤١ لیندون جانسون وەک جیگری سەرۆک کۆمار هاتە ئیران، رێزی لەوکارانە گرت. دۆستایەتی ئەمریکایەکان لە گەل ئێران لە رادەبەر بوو و ئەگەر ئینگلیسیەکان، ئێرانییەکانیان بە کەسانی دروزن و حوقەباز و چاخان دەزانی، ئەوان ئیرانیان پێ گەورە بوو. دۆستایەتی نیکسون تا مردنی شا هەر بەردەوا بوو و لە گەڵ "ئەنوەر سادات" لە رێورەسمی بە خاک ئەسپاردنی لە وڵاتی میسر دا بەشداری کرد.

شۆڕشی سپی لە رۆژی شەشی ریبەندان ١٣٤١ دەنگی بۆ وەرگیرا و بە رادەی ٥٥٩٨٧١١ دەنگ لە بەرانبەر بە ٤٠١٥ رەئی، دەنگی هێناوە. شا لە دژی ئەو مەلایانەی کە دژی شۆڕشی سپی بوون، رایگەیاند کە ئەوانە دژی هەرکارێکی باش و بە قازانجن.

بە دوای ئەو رێفورمانە دا لە سەرانسەری ئێران بە تایبەتی لە دیهات بوو بە خۆشی و شادی. رەعییەت و رەشایی و بە گشتی وەرزێڕان جێژن و ئاغاوت و مڵکدارە گەورەکان ماتەمیان گرت. لە کوردستان هیندێک لە ئاغاکان کوردستانی رۆژهەڵاتیان بە جێهێشت و پەنایان بۆ کوردستانی باشوور بردە.

سەرەرای ئەوانە، رادەی دژایەتی لەگەڵ ئیسلاحات، کە بە هۆی مەلاکان هان دەدران، لە زیاد بوون دابوو. شا فەرمانی بە ئەمیر ئەسەدوڵای عەلەم دا تا جێی خۆی بدا بە حەسەنعلی مەنسوور کوڕی رەجەبعەلی مەنسوور کە لە زەمانی رەزا شادا، سەرۆکی وەزیران بوو. مەنسوور لە رۆژی ١٣٤٣/١/١٨ خومەینی ئازاد کرد و دڵنەوایی داوە. خومەینی دوای ماوەیەک مانەوە لە تاران، گەڕاوە بۆ شاری قوم. ئەو لە دژایەتی شای کۆڵی نەدا و زۆری پێنەچوو هەروا بە توڕەیی بە دژی شا و داموودەزگای دەوڵەت، لەوەی کە گوایا روحانییەت و شا لە سەر شۆڕشی شا و میللەت هاودەنگن، بە توندی دووا و رەخنەی گرت و گوتی: کام شۆڕش؟ کام میللەت؟ ئەو شۆڕشە پەیوەندی بە روحانی و خەڵکەوە هەیە؟ ... خومەینی ئەگەر لە داریش بدەن موافقی ئەو شۆڕشە نییە.

ناوەرۆکی شۆڕشی سپی بە تایبەتی ئازادی دان بە ژنان و ماڤی بەشداربوون لە مەجلیسی پیران و شوورای میللی دا، کە تا ئەوکات لە وڵاتی سویسیش جێبەجێ نەکرابوو، بیانووی بو مەلایەکی بێ ناو نیشان وەک خومەینی رەخساند، تا بگاتە رادەی ئایەتوڵاکانی وڵات. ئەو لە تێلگڕافێک دا گلەیی

و گازەندەی خۆی لەوە دەربڕی کە لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی ئیالەتی و ولایەتی دا، ئیسلام وەک شەرت لە دەنگی دهنگدەران و هەلبژاردن دا، دیاری نەکراوە و حەقی دەنگ دراوە بە ژنان.

دژایەتی خومەینی لە گەڵ شا لە ئاشتی نەهاتوو بوو و لە رۆژی ٤ ی خەزەڵوەری ١٣٤٣ رۆژی لە دایک بوونی شا، بە دوای ئەوە ماڤی پارێزبەندی سیاسی لە سەزادان درا بە موستەشارانی ئەمریکایی کە مەجلیس لەبری ٢٠٠ میلیون دۆلار قەرز لە ئەمریکا، پەسەندی کردبوو، خومەینی دەرهەڵبوو گوتی: نیزامی و موستەشارانی ئەمریکایی چ قازانجییەکیان بۆ تۆ هەیە؟ ئاغا، ئەگەر ئەمریکا ئەو وڵاتە داگیر کردووە، ئیدی ئەو نەڕە نەڕەت لە چییە؟...

خومەینی لە قسەکانی دا هێرشی توندی کردە سەر شا و مەجلیسی بە نۆکەری ئەمریکا ناساند. هێزەکانی ئەمنی بە داوای ئەو قسانەی خومەینی دا، لە شەوی ١٣ خەزەڵوەری ١٣٤٣ هێرشیان کردە سەر ماڵە خومەینی و گرتیان و راستەوخۆ دە تەیارەیان نا و بەڕییان کرد بۆ تورکییە. خومەینی لە وێرا چوو بۆ نەجەف و ماوەی ١٤ ساڵ بە دوورخراوەیی لەوێ ماوە.

لە نەبوونی خومەینی دا زۆربەی ئاخوندەکان بە بێ دەنگی، رێفۆرمی شایان بە باش زانی و پەسەندیان کرد. لەو قۆناغەدا شا بە بردنەسەری قیمەتی نەوت، لە یارمەتی ١ میلیارد دۆلاری ئەمریکا بێ نیاز ببوو و هەموو ئەسلەحە و چەک و چۆڵێکی پێشکەوتووی وەک فڕۆکەی ئێف ٤ و تەیاری بار هەڵگری ١٣٠و تانکی ئێم ٤ و ئەنواعی ساروخ و تۆپی دوور هاوێژ و... کڕی بوو. لە ساڵی ١٣٤٣ نیکسۆن بەلێنی دا هەموو چەکێک بدا بە ئیران جیا لە چەکی ئەتۆمی. شا تەنانەت سفارشی هێندێک چەکی کرد کە ئەمریکا بۆخۆی نەیبوو. شا دۆستی زۆر بە دەستەڵاتی لە ناوەندی بڕیاردانی ئەمریکا، وەک براکانی میلیاردێر راکفلێر و هێنری کێسینجێر هەبوو.

کیسێنجر وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەمریکا بۆخۆی نابی رۆڵی ژاندارم لە دنیایەدا بگێڕێ و دەبێ یارمەتی بکا بە دۆستانی تا بۆخۆیان بە تەنیا پاریزگاری لە خۆیان بکەن. ئیران لەوبارەوە بۆ ئەمریکا لە رادەبەدەر گرینگ بوو و ئەو بووچوونە بە دوکترینی نیکسۆن واتا راگەیاندراوی" گوام" بە نێوبانگ بوو.

لەو سەردەمەدا لە رۆژی ٦ ریبەندانی زستانی ١٣٤٣ مەنسوور، سەرۆکی وەزیران لە بەرانبەری مەجلیسی شوڕای میللی دا، بە هوی کەسێک بە ناوی بوخارائی تێرۆر کرا و پاش ٥ رۆژ مرد. لە رێکەوتی ١٣٤٤ /٣/٢٦ بوخارایی و چەند کەس لەوانەی کە لە کوشتنەکە دەستیان هەبوو و لە لایەنگرانی حیزبی موئتەلیفە ئیسلامی بوون، ئێعدام کران. ئەوجار هووەیدا هاتە سەر کار.

# بەشی ٧٧

## شاڵاوی گرتنی ئەندامانی حیزب لە ساڵی ١٣٤٢

کاریگەری وەزعی کورد لە باشووری کوردستان و ئەکتیف و کارا و دڵگەرم بوونی ئەندامانی حیزب بە جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی عێراق بوو بە مەترسی گەورە بۆ کاربەدەستانی ئێران و جارێکی دیکەی پەلاماریان بۆ سەر ئەندامانی حیزب دەست پێکرد. ساواک بە هۆی سیخوڕەکانی یەک لەوان مەلا محەممەدی خوڕ خوڕە توانی بوو رەخنە بکاتە ناو ریزەکانی حیزب و لە مانگی رەشەمەی ١٣٤٢ (١٩٦٣) هیرشی بەر بڵاو بۆسەر تەشکیلاتی حیزب لە سنە و مەهاباد و لە شاری تاران دەست پێکرد و بە سەدان کەس گیران و بە سەدانیش خۆیان شاردەوە یان هەڵاتن بۆ باشووری کوردستان و تێکەڵ بە شۆڕشی کوردستان بوون.

کەسانی وەک و ئەمیرقازی و مونتەقیمی قازیش یەکەم دەستە بوون کە لەو قۆناغەدا ئاوارەی کوردستانی باشوور بوون و بە دوای ئەوانیش دا حەمەدەمینی سیراجی، سمایلی شەریفزادە، سالاری حەیدەری هەڵاتن بۆ ئەوێ و خۆیان دەرباز کرد. ئەوجار لە گشت شار و دیهاتی کوردستان تاق و لوق پەنایان بۆ کوردستان هینا تەنانەت ئەو ئاغاوەتانەش کە رازی بە رێفۆرمی شا و دابەشکردنی زەوی و زار نەبوون، هەڵاتن بۆ عیراق.

ئەحمەدی قازیش یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە رەشبگیرێ مەهاباد دا لەگەڵ زۆر کەسی دیکە گیران و بە سیارە و شەمەندەفەر بردیانن بۆ تاران و لە رەش نووسێک دا دەنووسێ: پاش چەند ساعەتێک مانەوە لە مەراغە، دیسان سەروچاویان پەتووپێچ کردینەوە و بەرەو ئیستگای قەتاریان بردین و دە کووپانیان پەستاوتین. کووپە هەر جێگای شەش کەس بوو. بەڵام دە تا دوازدە کەسیان دە هەر کوپەیەک دەپەستاوت. گوێم لێبوو یەک یەک دەیانهێنان و لە تەنیشت یەکتر دایاندەنان. بەمجۆرە قەتارێک پڕ لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە شپرزەیی و دە بارێکی نالەبار دا، بەرەو جارەنووسیکی نادیار بەرەو تاران وەڕێکەوتین. هەوای گەرم و خەفەی کووپە و پەتووی دەوری سەروچاومان نەفەسی بڕیبووین. دەستیان نەبەستبووین. سەبرێکی هیندێکم لە پەتۆکەم هەڵداوە و چاوێکم بە دزی لە دەوروبەر کرد. سەربازێکی دیزە و خوین تاڵ لەبەر دەرکی کووپە راوەستا بوو. دەستم کرد بە دووعا کردن و پارانەوە لە شیخ و مەشایخان. هاوارم کرد یا شێخ ئەحمەدی قازی بە فریامان بگەی! هاواڵەکانم بەمجورە حاڵی کردن و ئەوانیش دەستیان بە کرد بە دوعا کردن و ناوی خۆیان درکاند، یا شێخ عومەری قازی، یا شێخ عەزیزی شاڕوخ، یا شێخ یۆسفی خوسرەوی و چەند شیخی تریش! بە جۆرێک لە هیچ خانەقایەک ئەوەندەی ئەم کووپەی قەتارە شێخ وەدەست نەدەکەوت! کابرای کێشکچی بەردەرگا بە فێڵەکەمانی زانی و دەستی کرد بە هەرەشە و گوڕەشە و بیدەنگی کردینەوە.

سەید عەلی رەحمانی یەکێک لە ئەندامانی حیزب لە شاری سنە، لە لاپەڕەی ١١ کتێبی "بەشێک لە بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی ژیان ..." دا لەسەر رەشبگیری ئەندامانی حیزب دەنووسێ: شەوی ٢٩ی رەشەمەی ١٣٤٢ من وێرای ١٧ کەسی دیکە لە شاری سنەوە و هەروەها لە سەر یەک ٢٥٤ کەسی تر لە سەرانسەری کوردستانی ئێران بە تاوانی ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ″ ئێران″ گیراین و بردیانین بۆ تاران. دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی سەخت بۆ ماوەی شەش مانگ لە زیندانی قزلّقەلعە، بەرە بەرە و پۆل پۆل ئازادیان کردین! دیارە جەوەکە لە قازانجی ئێمە بوو. لەو ٢٥٤ کەسە سێزدە کەس ماینەوە کە ٤ نەفەریان خەڵکی شاری سنە بووین. من و سەید سەدیقی برام و محەمەد رەحیم غەریقی و مەلا ئەمین محەمەدی خەڵکی ئاوایی نوێن لە هەورامانی تەخت. ئێمە ئەو سێزدە نەفەرە بۆ ماوەی ١٤ مانگ لە ژێر حوکمی ئێعدامدا بووین! لێکۆڵینەوەیەکی فەرمایشی لە دادگای نیزامی دا دەستی پێ کرد و ٢٥ جەلەسەی خایاند. ئەڵبەت بە شێوەی رۆژ نا رۆژێک. لە نەتیجەدا حوکمەکەیان شکاند و کردیان بە سێ تا شەش ساڵ... یەکێک لەو کەسانەی کە شەش ساڵ حوکم درا من بووم کە دوای تێپەربوونی ٤ساڵ هەمووماں ئازاد کراین.



ئەحمەدی قازی

بەشێک لە زیندانیانی ساڵانی دەهەی ٤٠ لە زیندانی قەسری قەجەر بریتی بوون لە ١- مارف ئاغای شێخ ئاقایی ٢- سوارە ئیلخانیزادە ٣- ئەحمەدی موفتی ٤- محەممەد غەریقی ٥- مەلا محەممەد بانەیی ٦- مەلا مستەفای حەیرانی ٧- رەسووڵی فەتاحی ٨- ئەحمەدی قازی ٩- عومەری قازی ١٠- قادر سوڵتانپەنا ١١- مستەفا باشۆکی ١٢- حوسێن کورد نژاد(کوردپوور) ١٣- عوسمان عەلیار ١٤- سەید رەحمان ئابیدەر ١٥- عەزیز شاڕوخ ١٦- محەممەد سوڵتانی ١٧- مناف حەقتەلەب ١٨- قاسم ئاغای موهتەدی ١٩مەلا مەحەممد لاچینی(خوڕخوڕە) ٢٠- مەلا محەممەد عەباسی ٢١- عومەر شێخ محەممەدی ٢٢- حەسەن حیسامی٢٣- سڵەمانی عەلیار ٢٤- مەلا برایم رۆستەمی ٢٥- وەستا محەممەد شووشەبڕ ٢٦- عەبدولخالەقی سەعدی ٢٧- مەلا عەزیز ٢٨- مەلا کەریمی ئیندرقاشی ٢٩- حاجی شەیبانی ٣٠- یۆسفی خوسرەوی ٣١- عەوڵای جەماران ٣٢- قادر قارەمانی ٣٣- مەلا عوسمان ئازادی٣٤ سەید سەدیق ئابیدەر ٣٥- سەید مستەفا تەهازادە ٣٦- مەلای خانی ٣٧- ئاغای دەبیری ٣٨- حاجی بابیز ٣٩- مەلا سەید محێدینی کانێ سێوانی ٤٠- حەسەنی جەوانمەرد ٤١- حەڵەبی نەغەدە ٤٢- لەهونی خەڵکی پاوە کە کوڕی ئەفەسرێکی ئیفتخاری بوو ئێعدام کرا. ٤٣- عەزیز فەلاحی ٤٤- محەممەد رەوشەنفکر ٤٥- سەید سەدیقی ئابیدەر ٤٦- غەریقی ٤٧- رەحیم بەغدادی ٤٨- موتەقیم قازی ٤٩- رەحمان شەریفزادە ٥٠- قوولەی ئیسحاقیای ٥١- سەید حەسەن باباتاهیری ٥٢- عەزیز ژیان ٥٤- عەلی حەسەنیانی ٥٥- رەحمان مسباحی و...

بەر لەوانە حوسێنی فروهەر و دوکتور عەلی مەولەوی و ڕەحیمی جەوانمەردی قازی و... گیرا بوون و لەو زیندانەدا بوون.

## پەیوەندی ئەندامانی حیزب لە زیندان دا لە ساڵی ١٣٤٣

زۆربەی گیراوەکانی ئەندامی حیزب لە دوای ساڵانی ١٣٤٠ کە لە چینی و توێژی جیاواز پێکهات بوون، لە زیندانی قەسر کە لە سەروی تاران هەلکەوتووە ڕاگیرابوون. ئەوانە دوای ئەوەی لە لێکۆڵینەوە و لێدان و کوتان و سلول نەجاتیان بوو، لە زیندانی گشتی دا کۆ کرانەوە کە فارس و تورکیشی لێ بوو. ئەوان مانگانە بڕە پارەیەکیان بۆ برابۆوە و دەیان نارد لە دەرێ ڕا شتیان بۆ دەکڕین و بە تەنیا یان یان چەند کەس هاوبیر، وێکڕا کۆ دەبوونەوە و خواردنیان ساز دەکرد.

ئەوانەی کە پییان خۆش با بەیانان و ئێواران بۆ ماوەی ١٥ تا ٢٠ دەقیقە لە حەسارێ زیندان سەفیان دەگرت و دوعایان بۆ شا دەکرد و ئامینیان دەگوت.


عومەری قازی

هەڵسوکەوت و ئاکاری ئەوانە جێگای سەرنج بوو. یەک وەک ڕەحیم بەغدادی لێبڕاوانە هەوڵی دەدا بخوێنێ و شەهادەیەک وەرگرێ. کەسانێکیش لە دەورە و وانەی دوکتوران و ماموستایان بەشداریان دەکرد و فێری زمانی بێگانە ۆ برین پیچی و دەرزی لیدان دەبوون. یەک بە قوماری پەڕ و شەترنج و تەختە نەرد خۆی سەر قاڵ دەکرد. عەجەمێک کە بە دۆڕاندن زۆر قەڵس بوو، لە کاتی قوماری پەڕان دا کوردەکان لە پشت سەری ڕادەوستان و بە بەرانبەریان دەگوت، کەلیچە سێ لۆ یا چەند لۆ پێیە و پێیان دەدۆڕاند و قەڵسیان دەکرد. ڕۆژێک پێی دەزانی و تووڕە دەبێ و یەک بە خۆی دەگوڕێنێ: کەڵێچە ئەوەی پێیە و ئەوەی پێ نییە، عەیبێ ناکەن فێڵی دەکەن، ئەو کەڵێچە کەڵێچە و لەچییە؟

هەر لەو چوارچێوەیە دا عومەر قازی دەیگێڕاوە کە، یەک مێش کوژێک دەست دەدایە و هەرکەس لە گەرمایی نیوەڕۆ دا مێشێکی لێ نیشتبا، تەق لێیدا و لە خەوی ڕادەپەڕاند. هەرچی دەیانگوت کوڕە عەیبە وا مەکە فایدەی نەبوو. تا ڕۆژێکی یەکێک لە غوڕابی خەوێ دا پڕی پێداگرت و لە ئاوێی حەوزێی هاویشت. یەک پیاسەی دەکرد و بە دەوری حەسارێ دا دەخولاوە. یەکێک بوو قەدەمی لێدەداو لەوسەر دەگەڕاوە دەیگوت ژیان لە عەراب دایە (مەبەستی عەزاب و ناڕەحەتی بوو) و لەوسەریش کە دەگەڕاوە دەیگوت، رووح لە عەڕاب دایە. دەستەیەکیش خۆیان لە شتی دەدا و هەموو ڕۆژی دەچوونە دەفتەری زیندان و داوایان دەکرد کە پارەی ئەو هۆتێلەیان

بۆ نادرێ و ڕێگا بدەن دەچینە هوتێلێکی دیکە. مەئمورانی زیندانیش دەیانگوت، نا ئێرە بە خۆڕاییە و دەچوونەوە ناو بەندێ. دەستەی جیاوازی فکریش زۆرجار لە نیویان دا دەبوو بە باس و لەسەر مەڕامی خۆیان بەرگریان دەکرد. تەنانەت یەک سمێلی وەک ستالین دەهێشتەوە و یەک سەری وەک مائۆ چاک دەکرد. لە نێو فارسەکان دا کەسێکی تێدا بوو کە جارجار دەچووە سەر کورسییەک و کابینەی کۆماری رادەگەیاند کە بۆخۆی سەرۆک کۆمار بوو. لەو کابینەیە دا مەرحومی مەلا مستەفا وەزیری بەرگری بوو.



عەزیزی شاروخ

ئیواش هەبوو لەسەر تەختەکەی درێژ دەبوو لە خەیاڵ دەچوو ئەگەر کەسێک دەستی وە تەختەکەی کەوتبا، توڕە دەبوو دەیگوت: ئەها لێت تێک دام.

نگەر پرسیار کرابا کە چیی لێتێک چووە؟ دەیگوت: لە خەیاڵی خۆم دا کۆماری کوردستانم پێک هێنابوو و بۆخۆم ببووم بە سەرکۆمار.

ئەگەر لێیان پرسی با، باشە دووبارە پێکی بێنەوە، دەیگوت: ئەو خەیاڵ پڵاوانە کوا وا بە ئاسانی جێبەجێ دەبێتەوە؟ دەبێ زۆری بۆ بڕۆی.

دەستەیەک گۆرانیان دەگوت و داوتیان دەگێڕا و جارجارەش عەزیزی شاروخ لە پەنایەک را دەستی لە بنانگوێ دەنا و دەیچریکاند:

لە زڕەی زنجیر دڵت نەلەرزێ
پەیوەند بۆ لەشە نەوەک بۆ ژیان
زیندانی قەسرت قەڵا قەڵایە
دیوار کون نەکراو دەرکی پۆڵایە.

دیارە لە نیو ئەوانەش کەسانی سیخوڕ و بەزیوی تێدا بوو کە خەریکی هێنان و بردنی قسە و سیخوڕێ کردن بوون و بۆ ئەوەی زیندانییەکەیان بە ئازاری خەڵکی دیکە کەم بکەنەوە.

## کێشەی ئەندامانی حیزب لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق لە کوردستانی باشوور

ئەندامانی حیزبی بەشداری شۆڕشی ئەیلوول، یەک دەست و یەکگرتوو و یەک مەڕام نەبوون و ڕێبەرێکی یەک دەست لە گۆڕێ دانەبوو و لە ڕێبەری کۆنفڕانسی یەک، دوکتور قاسملوو دەر کرابوو ئەوانی دیکە لە زیندان دابوون و تەنیا ئەحمەد تۆفیق لە باشووری کوردستان بوو کە بە لای مەلامستەفا زۆر خۆشەویست بوو و ئەو تەنیا لەبەرانبەر بەو دا خۆی بە بەرپرسیار دەزانی.

پەیوەندی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ مەڕحومی بارزانی هەر لە کاتی گەڕانەوەی مەلامستەفا لە رووسیە دەست پێدەکا و ئەو ڕێز و خۆشەویستییە دواتر پەرەی ئەستاند. بە دوای پەرەگرتنی ناخۆشی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفا، ئەحمەد تۆفیق بە هاوکاری سولەیمان موعینی

ڕۆژنامەیەکی بە ناوی دیسان بارزانی بە دژی باڵی مەکتەبی سیاسی دەرکرد. بە پێی لاپەرەی ٤٨ کتێبی لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم لە نووسینی ئەمیری قازی، ئەو ڕۆژنامەتە خاوەنی بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردایەتی و یەکێتیخوازی نەتەوایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئەوکات بووە. بارزانی وەک سەرۆکی گشتی خەباتی رزگاریی نەتەوایەتی ناوزەد کردوە و ناساندویەتی. بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆژنامەیە ببووە هۆی نارەحەتی و تووڕەبوونی مەکتەبی سیاسی پارتی کە دژی مەلا مستەفا بوون و ئەوان ئەندامانی حیزبی دێموکرات و ئەوانەی کە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق بوون بە "جەماعەتی دیسان" ناو دەبرد.

ڕەشیدی فەلاحی لە لاپەڕەی ٢٧ ی کتێبی "دیسان بارزانی" دا دەنووسێ کە ئەو گۆڤارە ٩ ژمارەی لێدەرچوو و دوایە بە فەرمانی بارزانی ڕاگیرا.

بەگشتی ئەحمەد تۆفیق لەو وەزعییەتەی کە بۆی رەخسا، کەڵکی خراپی وەرگرت. هاوسەنگەرانی وەلا نا یان لەخۆی پرینگاندنەوە و تەنانەت دوو کەس لە نیزیکەکانی خۆشی کوشت و وەزعێکی پێکهێنا کە زیانی زۆری بە خۆی و بە حیزب و تەنانەت بە بارزانی گەیاند.

کیشە و گیروگرفتی نێو ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان، باڵێ بەسەر وەزعی ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی وڵاتیش دا کێشا. ئەمیر قازی لە یەکەم سەفەر بۆ کوردستانی عێراق لە زستانی ساڵی ١٣٦٣ دەچێتە لای مەرحومی مەلا مستەفا. بە پێێ لاپەڕەی ٧٠کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسیەکانم" ئەندامانی حیزبی هەر لە کومیتەی بۆکانەوە بە ئەمیری قازیان ئەسپارد بوو کە ئەگەر گەیشتە عێراق هەوڵ بدا کێشەی حیزب لە گەڵ برادەران حەل بکا و ئەگەر نەکرا لە گەل مەلامستەفا باسی بکا. کاتێک ئەمیری قازی ئەو بابەتەکە لە گەڵ مەرحومی مەلامستەفا باس دەکا، ئەو لە جوابی ئەو دا دەڵێ: ئێوە حیزبی سیاسین، من هەر کوردێکم! ئێوە خۆتان دەبێ هەوڵ بدەن ناکۆکییەکانتان چارەسەر بکەن، لەوبارەوە ئەگەر منیش خزمەتیکم لە دەست هات درێغێ ناکەم. ئەوەندەیە، ئێوە کەیفی خۆتانە ئەحمەدتان دەوی یان نا، من ئەحمەدم پێ باشە و ئەحمەدم پێ دەوێ، من بە برادەریی ئەحمەد رازیم. ئەگەر ئیوە پیویستیتان پێی نییە بیدەن بە من.

بە پێی لاپەڕەی ١٠٧ کتێبی سەربردەی ژیانم لە نووسینی مەلا ڕەسوڵ پێشنماز لە ساڵی ١٩٦٣ کێشەی نێوان ئەحمەد تۆفیق و زۆربەی ئەندامانی دیکە حیزب لە چیای بڕادۆست پەرەی ئەستاند و مەرحومی مەلا مستەفای بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشەیە ئەندامانی حیزبی کۆ کردەوە و لیی پرسین: ئێوە چیتان لە گیانی ئەحمەد دەوێ...؟

مەلا ڕەسوڵ دەڵێ پێمان وت: ئێمە هاتووین... بۆ خەبات کردن چ لێرە بێت چ لە کوردستانی ئێران، نەهاتووین لێرە هەر بخۆین و بنووین و پاسەوانی بکەین. نە دێڵن بچینە شەڕ، نە ڕێگای چوونەوەی وڵاتمان هەیە. نە کاری سیاسی خۆمان دەکەین.

مەرحومی مەلا مستەفا وتی: ئێوە چیتان پێدەکرێت؟

ئێمە گوتمان: ئەگەر ڕێگامان بدەێت ئێمە لە سەر سنوور بنکە بکەینەوە و هاتوچۆی وڵات بکەینەوە، دەتوانین هەم کاری خۆمان بکەین و هەم پیتاک و یارمەتی بۆ ئێوە کۆ بکەینەوە...

ئەوکات تەنیا باڵی مەکتەبی سیاسی پەیوەندی بە هێزی لە گەڵ ڕێژیمی ئێران هەبوو و بارزان پەیوەندی بە ئێرانەوە نەبوو. کوردێکی سنەیی بە ناوی عیسا پەژمان لەو پەیوەندییەدا بەرپرسیار بوو.

مەرحومی مەلا مستەفا ئەو بۆچوونەی پەسەند کرد و گوتی: ئێوە کارتان بە ئەحمەد نەبێت بۆخۆتان لە گەڵ سولەیمان بڕۆن کوێتان پێباشە بنکەی لێ بکەنەوە. من نامەتان بۆ دەنووسم.

بەمشیوەیە ئەوان چیای برادۆستیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی. ئەوکات ماڵە سەعید کوێستانی لە زینوێ شێخی بوو و ئەو پەیوەندیێ نێوان ئەحمەد تۆفیق و خەڵکی نێوخۆی کوردستان بوو و نامەی ئەوێی دێنا و دەبرد. دوایە حیزب لەوێ بنکەی دانا و حەسەن ڕەستگار بوو بە بەرپرسی بنکە.

ئەوجار سولەیمان موعینی لە گەڵ دەستەیەک پێشمەرگە چووە سونێ و کەپریان ساز کرد و مەقەڕیان دانا و دوایە لەگەڵ چەند کەس کە بریتی بوون لە خۆی و مەلا ڕەسوڵ و مینە شەم و عەبدول نەستانی و کەریم نەستانی بەرەو ولات وەڕێکەوتن.

ئەو سەفەری٣ مانگی خایاند و ئەوان چاویان بە زۆر کەس کەوت و تەنانەت لە زۆر شوێن خەڵکیان کۆ کردەوە و بە کۆ قسەیان بۆ کردن.

بە پێێ لاپەڕەی ١١٩ کتێبی سەربردەی ژیانم لە نووسینی مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، لە گەڕانەوە و کار لە نێوخۆ دا، عەلی قازی نامەیەکی بۆ سولەیمان موعینی دەنووسی و کە تێیدا دەڵێی کە چت بەو شاخ و کێوە داوە ئەو ناز و نیعمەتەت بۆ بەجێهێشتوە؟ هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە سولەیمان موعینی بە توندی جوابی ئەو نامەیە دەداتەوە.

دوای ئەو گەشتە پێشمەرگەکان دەگەڕێنەو بۆ سونێ و لە سەنگەسەر ئەحمەد تۆفیق دەبینن و ڕاپۆرتی کار وتیکۆشانی خۆیانی دەدەنی و ئەو یارمەتییەی کە کۆ کرابووە ئەحمەد تۆفیق دەینێڕی بۆ بارزانی.

ئەودەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان، جیا لە تاقمێک پێشمەرگەی ئازا، کە سەرپەلەکەیان شەهید مینەشەم بوو، سێ بنکەی دیکەشیان هەبوو کە بریتی بوون لە بنکەی باڵەکایەتی لە زینوێ شێخی، بنکەی سوونێ، لە نزیک سنووری سەردەشت و بنکەیەکیش لە سەنگەسەر، لە نزیک بارەگای سەرۆک بارزانی.

بە پێی لاپەڕەی ١٣٥ کتێبی سەربردەی ژیانم لە نووسینی مەلارەسوڵ پیشنماز، لەو قۆناغەدا وردە وردە پەیوەندی نیوان ئەحمەد تۆفیق و زۆر لە ئەندامانەی حیزب دەشێوێ و زیاتر درزیان تێدەکەوێ و ئەو کەسانەی خوارەوە زیاتر لێک نیزیک بوون: ١ - حەسەن ڕەستگار٢ - حوسێن مەدەنی٣- قادر شەریف ٤ - سەعید کاوە ٥ -خەلیل شەوباش ٦ - قادر قازی(مامەند) ٧ - جەعفەر کەریمی ٨ - عەبدوڵا سەردەشتی خەیات ٩ - خدر مەرەسەنە ١٠ - سەید فەتاح ١١ - ڕەحمان سەدیق (ڕەشید سمێڵ) ١٢ - مەحەمەد ئاغازادە ١٣ - حەسەن نەغەدەیی ١٤ - یونس ئاهەنگەر

نەغەدەیی ١٥ -  عوسمان عەزیزان ١٦ - قادر قاچاغچی ١٧ - حەسەن شاممان (ئەلیاس) ١٨ - عوسمان سەعید بابی ١٩ - ئەحمەد جەوانمەرد ٢٠ - مەلا رەسوڵ پێشنماز.

دیارە کەسانی ئەوتۆش وەک قادر لاچینی هەبوو کە پەیوەندیان بە هەر دوولاوە هەبوو. هەروەها  کەسانی وەک قادر شەریف و سەعید کوێستانی بە دژی بارزانی و ئەحمەد تۆفیق بوون و بە هۆی کەسانێکەوە پەیوەندیان بە مام جەلالەوە هەبوو.

پاش ماوەیەک ئەوانە بڕیار دەدەن کە بنکەکانی پێشمەرگە کە زۆربەیان لایەنگرای ئەوان بوون دەستیان بەسەردا بگرن و ڕۆژێک بە چەند پێشمەرگەوە دەچنە سەر بنکەی سونێ کە مەلا رئوف بەرپرسیان بوو. کێشەیان لێ پەیدا دەبی و چەک لێک دەکێشن و مەلا رەسوڵ پێشنماز لە حەسەن برازای ئەحمەد تۆفیق و پێشمەرگەیەکی دیکە دەدا و مەقەڕەکە بەدەستەوە دەگرن. مەلا رەسووڵ لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: دوای ئەو ڕووداوە، ″مەبەست ڕووداى سەنگەسەر″ من لەگەڵ جەعفەر کەریمی، سەید فەتاح و بەگشتی ٧- ٨ کەس چووین بۆ مقەڕی سونێ، من لە بیانوو بووم، داوای زێتم کرد، حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق گوتی: نیمانە. گوتم برادەرینە من بە شاهیدی ئێوە، ئەم کۆڵەپشتیانەی هەڵواسراون، دەگەڕێم ئەگەر زێتیان تێدا نەبوو، ئەوە دەڕۆین، بەڵام ئەگەر زێتیان تێدابوو، دەبێ ئێوە ئەم مقەڕە بەجێهێڵن. هەموو بێدەنگ بوون. کە یەکەم کۆڵەپشتی گەڕام، ٢ یان ٣ زێتی تێدابوو، من قسەی سوکم بە ئەحمەد تۆفیق گوت، پێشمەرگەیەک بە ناوی محەمەد خەڵکی گوندی دەلاوانی نزیک زینوێی شێخی کە بڕنویەکی درێژی پێبوو، هاوکات لەگەڵ لە چەخماخدانی، جنێوی بە مندا و منیش لەو و لە حەسەن برازای ئەحمەد تۆفیقم دا و جگەلە ڕئوفی مەلا حەسەنی، ئەوانی ترم لە مقەڕەکە دەرکرد. حەسەن بە دمولوت و سەرسنگی خوێناوی دەچێت بۆلای ئەحمەد تۆفیق لە سەنگەسەر. ئەحمەد تۆفیق بۆ یەکەم جار بوو کە بچێ شکات بکات، ئەو حەسەنی بردبووە لای مەلا مستەفا. لە ئەنجامدا بەیانی ڕۆژی دوایی، چەند پێشمەرگەی بارزان و چەند پێشمەرگەی حیزبیان ناردبوو کە ئێمە بگرن، بەڵام بەرلە گەیشتنیان، سلێمان موعینی خۆی گەیاندە ئێمە و ئێمەی بە ڕێگای دیلەومێرتک دا کە گوندی مامەشان بوون، گەیاندە قەڵادزێ و توشی ئەو ژمارەیە نەبووین کە لە سەنگەسەرەوە هاتبوون.

مەلا رەسوڵ پاش تێپەڕ بوونی نیزیک بە ٥٠ ساڵ داوای لێبوردن لەو پێشمەرگەیە دەکا کە لێی داوە و بێ ئەوەی مرۆڤە ناراستەکان بناسێنی لە لاپەڕەی ١٣٨ کتێبی سەربردەی ژیانم دەنووسێ: .... لە بارەی ئەو کوڕە گەنجەی کە لێمدا یەکجار پەشیمانم و ئەگەر ماوە داوای لێبوردنی لێدەکەم و بە راستی ئەوە قبووڵ دەکەم کە ئەوکات زیاتر گوێڕایەڵی مرۆڤی ناڕاست و ئاژاوەگێڕ بووم و ئەوان هانیان دەدام کە ئەو جۆرە شتانە بکەم...

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ١٧٤ کتێبی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" دا باسی توڕەبوونی مەلا مستەفا دەکا و لەسەر چەک کردنی مەقەڕی سونێ و دەنووسێ: من کەش و هەواکەی بنکەم بەدڵ نەبوو، لەگەڵ یەک دوو کەس گەڕامەوە بۆ قەڵادزێ، نازانم شەو لە قەڵادزێ گیر بووم یان یەکسەر چوومەوە سەنگەسەر کە گەیشتمەوە کاک فایق گوتی ئەوە چبووە؟ گوتم هیچ بۆچی،

گوتی مەلا مستەفا مەفرەزەی ناردوە مەلا ڕەسوڵ بگرن، ئەگەر دەستیش بکاتەوە بیکوژن. گوتم بۆ چبووە، گوتی کاک ئەحمەد ڕاپۆرتی داوە بە مەلا مستەفا کە ئەوانە بە فیتی مەکتەبی سیاسی چوون دەستیان بەسەر بنکەی سونێ داگرتوە، مەلا مستەفاش توڕە بووە و مەفرەزەی ناردووە. داستانەکەم بۆ کاکفایق گێرایەوە و داوام لێکرد کارێک بکا لە لای مەلا مستەفا. کاک فایق بەرەو قوتابخانەی سەنگەسەر ڕۆیشت کە بارزانی لە وێ دادەنیشت، گەڕایەوە گوتی مەلا مستەفا دوو سێ میوانی هەیە گوتوویە، دوای ئەوان با بێن بۆ لام، هەستە با بچین دوای ئەوان نۆرەی ئێمە دێ. لەگەڵ کاک فایق هەستاین چووین بۆ بارەگای مەلا مستەفا. زۆری نەخایاند میوان ڕۆیشتن، بانگی ئێمەیان کرد چووینە ژوورەوە مەلا مستەفا وەکوو عادەتی ئاسایی خۆی یەک پێ هەستا لەبەرمان و بە توڕەییەوە گوتی ئەو مەلا ڕەسووە کێیە یاخی بووە؟ دەچێ مەقەڕی داگیر دەکا بۆ مەکتەبی سیاسی، بۆ من مردووم؟ ڕاوەستام هەتا مەلا مستەفا قسەکانی تەواو بوو، گوتم مەلا مستەفا ئەو قسانەی عەرزی جەنابتیان کردوە هیچی ڕاست نییە، کێشەیەکی چکۆڵە بووە لەسەر ڕۆن زەیتی بۆ تفەنگ خاوێن کردنەوە و هیچی دیکە، نە بنکە تاڵان کراوە و نە دەستی بەسەر داگیراوە، ئەو قسانەی من عەرزت دەکەم بە موو خیلافی تێدا نییە. فەرمووی تۆ خۆت لەوێ بووی؟ گوتم بەڵێ لەوێ بووم ئەو جار هێندێکی پیش خوارنەوە. زۆر بە تووڕەیی گوتی من ژاندارمی ئەحمەد تۆفیقم خەڵکم پێ دەگرێ، خەڵکم پێ دەکوژێ؟ ئەوەندی لە بیرم بێ کاک مەسعود بارزانیش ئەو ئێوارەیە لەلای مەلا مستەفا بوو، هیچ قسەی نەکرد، جار جار بزەی دەهاتێ. دوای ئەم وتووێژەی، من و کاک فایق هەستاین بڕۆین، مەلا مستەفا فەرمووی فایق ئەتۆ و حەسەن ئاقڵ بن وێکڕا گوتمان بەڵێ و هاتینە دەرەوە. نازانم کاک ئەحمەد چۆنی بەو دیدارە زانیبۆوە یەگجار زۆر نارەحەت بوو، بە زەحمەت ئێمەی دەدواند.

پاش ئەو ڕووداوانە حەسەن رەستگار تووشی مەلا رەسووڵ پێشنماز دەبێ و لە مەترسی ڕووداوەکان ئاگاداری دەکا و داوای لێ دەکا کە بۆ ئەوە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق تووشی کێشە نەیە، لە مەقەڕی سونێ نەمێنێ و لەگەڵ ئەو بچێ بۆ مەقەڕی زینوێ شێخی.

دەستەی حەسەنی رەستگار بە کردەوە مەقەری زینوێی شێخانیشیان لە ئیختیار دابوو کە ئەحمەد تۆفیق زۆری پێ توڕە بوو. بۆیە ئەو لە لای مەرحومی بارزانی سکاڵا دەکا. مەلا مستەفا پێیوابوو کە مام جەلال دەستی لەو روداوە دا هەیەو و پاش ماوەیەک مەفرەزەیەک پێشمەرگە بە فەرماندەری زەکی بارزانی کە چەند پێشمەرگەی حیزبیشی لەگەڵ بووە دەچنە زینوێ شێخی و ئەوان چەک دکەن. حەسەنی رەستگار دەڵێ کە زۆری بۆ سەیر بووە و بۆی نەچۆتەوە سەریەک کە بۆ چەکیان دەکەن و لە لاپەڕەی ١٧٥ بیرەوەرییەکانی دەنووسێ: ڕۆژێک هەواڵیان پێداین ئەوە دەگەنە زینوێ. کاک ڕەسوو گوتی بشمکوژن من چەک دانانێم، ڕەشید سمێڵ (ئاڕەحمانی شێلم جاران گوتی ئەمن چەکی خۆم نادەم بە کەس هەرچەند هەوڵم لەگەڵ دان فایدەی نەبوو). سەرئەنجام ساخ بووینەوە کە ئەوان لە بنکە نەمێنن بچن بۆ ماڵی خدر ڕەسوو کە دۆستمان بوو. کاتێک گەیشتنە بەر دەرگای بنکە من بە پیریانەوە چووم، زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنیانم کرد. کاک

زەکی بارزانی خۆی خەڵکی ئاکرێ بوو، بەڵام بە بارزانی لەم ناوە نێوە بانگی دەرکردبوو. سێ چوار سەر سووری لەگەڵ بوو، بەڵام لە هەمووی سەیرتر سەید بایزی حاجی سەید مەجیدی چل سەیدانیان لەگەڵ بوو، خەڵکی مەهاباد و ئامۆزای کوڕە پووری من سەید تەها حوسێنی بوو. سەید بایزی حوسێنی کەسێکی ٤٥ ساڵەی ورگ زلە بوو کە لە شاری مەهاباد بە کابرایەکی ئارەق خۆری قومار باز دەناسرا، لە ترسی قەرزداران ڕایکردبوو، بێجگە لە سەید بایز هەشت نۆ دە پێشمەرگەی خۆشمان هاتبوون کە یەک لەوان قەیماس (کوێخا مارف)ی گۆرین بوو.

حەسەن رەستگار لە درێژەدا لە لاپەڕەی ١٧٥ دا دەنووسێ: هاتنە ژوورەوە دوای ئەحواڵ پرسی کاک زەکی نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دای بە دەستی من، کە خوێندمەوە دەستخەتی کاک فایق (سولێمان موعینی) بوو کە نووسرابوو، بە دەستووری حیزب پێویستە بنکە و چەک و چۆڵ تەحویل بدەی و خۆت بە بەڕێوەبەریی حیزب بناسێنی. (نامەکە هاوپێچ کراوە و لە بەشی کۆتاییدا دەخرێتە بەرچاو]). کاک زەکیش بە داوای لێبوردنەوە گوتی لەسەر فەرمانی مەلا مستەفا هاتووم بۆ ئەوەی کێشەتان لە نێو پەیدا نەبێ، چەکەکانتان بدەنەوە بە کاک ئەحمەد. هەرچی سەرم هێنا و برد سەرم لەو نامەی کاک فایق دەر نەدەچوو کە من نە تەنیا لەگەڵ کاک فایق هیچ ناکۆکیم نەبوو، بەڵکوو لەسەر کار و کردەوەکانی کاک ئەحمەد تۆفیق هاوڕا بووین. گوتم کاک زەکی زۆر بەخێر بێن، ئێمە کێشەیەکمان لەگەڵ فەرمانی بارزانی نییە، کێشەی نێو خۆمانە، ئەویش هیوادارم لەسەر دەستی مەلا مستەفا چارەسەر بێ. لەو کاتەدا یەک دوو لە شڵەو وقوڵەکانی کاک ئەحمەد هاتنە ژوورەوە. هێندێک قسەیان بە گوێی کاک "زەکی"دا چپاند، کاک زەکی بە دەنگی بەرز گوتی بەمن فەرمان دراوە کارم بە کەس نەبێ، هەر کەس چەکی نەدایەوە ڕەسیدێک لە کاک مەلا حەسەن وەربگرن ئەو بۆخۆی وڵامی مەلا مستەفا داتەوە. کە کاک زەکی وای گوت زانیم ئەوە ڕاپۆرتیان لە مەلا ڕەسوڵ و ڕەشید سمێل داوە. بە قسەکانی کاک زەکی دڵم حەسایەوە. کەس دەنگی لێوە نەهات، دەستمان پێکرد، چەک و چۆڵ و کەرەسەی بنکەمان تەسلیم بە کاک زەکی کردەوە. بۆ تفەنگی مەلا ڕەسووڵ نامەیەکم دا بە کاک زەکی کە بەرعۆدە دەبم لە دواییدا ئەو تفەنگە بڕنویەش تەسلیم بکەمەوە و بۆ ڕەشید سمێل (ئاڕەحمانی شیلم جاران) گوتم تفەنگی خۆیەتی، پێویست ناکا و کاک زەکیش لەسەری نەڕۆیی. بە دوای ئەم ئاڵوگۆڕەدا ئێمە هەستاین لە بنکە دەرکەوتین. ئەوەی لە یادم مابێ بێجگە لە مەلا ڕەسوو، ڕەشید سمێڵ، خۆم و مامەندی قازی، سەعیدی حەمە حەسەنی کە ئێمە پێمان دەگوت سەعید سەقەلی، سەید فەتاح، محەممەد کاکاغا زادە و، حەسەن نەغەدەیی بووین.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ١٩٣ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق ..."دا دەقی نامەی سولیمانی موعینی بۆ حەسەنی رەستگار هێناوە کە هەڕەشەی لێکردوە و داوای لێدەکا کە ئەو کەل و پەلانە بگێڕێتەوە و تێیدا نووسراوە:

هاورێ حسن رستگار

وێرای سڵاو

لەسەر پەسەندی کۆمیتەی بەڕێوەبەری حزب پێم ڕاگەیندرا کە ئەو فەرمانەی ژێرەوەت پێ ڕابگەیەنم.

١- پێویستە بە بێ تاخیر بۆ دانی ڕاپۆرتی کار و ئەشیای بنکەی زێنوێ و مخارجات و تحویلی لیستە بێت بۆ لای بنکەی سونێ.

٢- لە عبارەتی ئەو نوسراوە و ئەو بروارە تۆ نە مەسئولی بنکەی زێنوێ و نە حەقی هیچ جورە پەیوەند و مکاتبەی حیزبیت هەیە لە دیوی گەرمێن و کوێستان تا روون بوونەوەت.

٣- نەهاتنت بۆ بەردەم کۆبوونەوەی حیزب لە پاش ئەو تەمەرد و دەستەبازی کە کردت بە هەڵاتنی دوایی تۆ لە بەر دەمی مەرکەزیت و لێ پرسینەوەی حیزب دەژمیردریت و جزات توندتری حیزبیتان لەسەر دەبیندریت.

لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان

فایق ئەمین

٨ی رەشەمەی ١٣٤٢ هەتاوی ١٩٦٤/٢/٢٧

دوای ئەوە دەستەی حەسەنی رەستگار دەچنە دەچنە سەنگەسەر، سەعیدی سەقڵی بڕیار دەدا کە واز لە حیزبایەتی بێنێ و دەچێ لە هەولێر دادەنیشێ. حەسەن رەستگار بۆی سەیرە دەبێ کە بۆ سولەیمانی موعینی چەکی کردووە و بەرپرسایەتی لێ ئەستاندوتەوە. بۆیە لەوکاتە را لە فکری ئەوە دا دەبن کە بە هاوکاری مەلا مستەفا هەوڵ بدەن کۆنفڕانس بگرن و داوای چاوپێکەوتی مەلا مستەفا دەکەن. دیارە کەسانی دیکەش وەک قادر شەریف و سەعید کوێستانی و حوسێنی مەدەنی ئەو کارەیان بێ کەڵک زانیوە و حازر بە نەبوون چی دی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق هاوکاری بکەن و بیریان لە دروست کردنی تەشکیلاتی دیکە کردوتەوە. سەرەڕای ئەوانە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا مستەفا دیاری کرا و حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ١٧٨ دەنووسێ: ڕۆژی چاوپێکەوتنی بۆ دیاری کردبووین، چەند جار بەیەکەوە کۆبووینەوە کە چی لەگەڵ مەلا مستەفا باس بکەین و چۆنی باس بکەین؟ سەرئەنجام لەسەر ئەوە ساخ بووینەوە کە داوا بکەین مەلا مستەفا دوو کارمان بۆ بکا: یەکەم کاک ئەحمەد ناچار بکا کۆنفڕانسێک بگرین و بە شێوەیەکی حیزبی ڕێبەرییەک بۆخۆمان هەڵبژێرین، دووهەم ئەگەر ئەوە قبووڵ نەکرێ مەلا مستەفا کەسێکمان بێجگە لە کاک ئەحمەد تۆفیق وەکوو بەرپرس بۆ دیاری بکا، ئێمە هەمووومان پێی ڕازین، هەمووشمان پێمان لەسەر ئەوە داگرت لە کۆبوونەوەکەدا کەس بە مەلا مستەفا نەڵێ ماموستا چونکە هەموومان بیستبوومان کە مەلا مستەفا بەم وشەیە زۆر تووڕە دەبوو. ڕۆژی دیاریکراو لە قەڵادزێوە بەرە سەنگەسەر بە ماشێن دەرکەوتین، کە گەیشتینە سەنگەسەر یەکڕاست بەرەو قوتابخانەی سەنگەسەر ڕۆیشتین کە مەلا مستەفا لەوێ دادەنیشت و پێشوازیی لە میوانان دەکرد. لە سەعاتی دیاریکراو بانگ کراین بۆ ژووری دانیشتن، مەلا مستەفا یەک پێ لەبەرمان هەستا چاک و چۆنیەکی گەرمی لەگەڵ هەموومان کرد. سیگار کێشان لای مەلا مستەفا ئازاد بوو لە سیگاری خۆی کە لە تووتن و پەڕ هەڵی دەبەستێ هەر یەکە سیگارێکی بۆ هاویشتین، چایان هێنا هێندێک بە شەرمەوە چامان خواردەوە، لە ڕاستیدا

بارزانی کۆبوونەوەکەی بۆ قسەکردن ئامادە کرد، ئەوجار کەوتە قسە فەرمووی "پێم بڵێن بۆچێ هاتوون؟" هەروەکوو پێشتر باسمان لێ کردبوو، من وەجواب هاتم گوتم بۆیە هاتووینە خزمەتتان کە ڕێگە چارەیەکی گونجاومان بۆ کێشەی ئێمە و کاک ئەحمەد بۆ دیاری بفەرمووی، ئەوجار بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆم ئەوەی پێم وابوو کاک ئەحمەد خراپ دەڕوا و کارەکانی بە قازانجی حیزبی ئێمە و شۆڕش نین باسم کرد. لە وڵامدا فەرمووی ئەوکاتی ئەحمەد لیباس و شمەکی پێداویستی دەگەیاندە ئێمە ئێوە لە کوێ بوون؟ منیش عەرزم کرد من لە زیندانی حەمە ڕەزاشا بووم لەسەر کوردایەتی، ئەو برادەرانەش هەر کامەیان کاروباری باشیان هەبووە و خۆیان بە کوردی دڵسۆز زانیوە هاتووین ئەگەر کارێکمان لەدەست بێ خزمەتی شۆڕش بکەین. بەڵام کاک ئەحمەد بەو ڕەوشە تایبەتمەندییەی خۆیەوە زۆر جار لە جیاتی قازانج زەرەر دەگەیەنێ. دوای هێندێک قسە و باس، فەرمووی با ئەحمەدیش بێ قسەی خۆی بکا، هەر چەند ئێمە گوتمان پێویست ناکا قبوڵی نەکرد. دیار بوو کاک ئەحمەدیش هەر لە قوتابخانە بوو. بە حەرەسێکی گوت بانگی ئەحمەد بکەن. کاک ئەحمەد تۆفیق هێندێک بە شێواوی وە ژوور کەوت. بارزانی بە دابی خۆی بە گورجی لەبەری هەستا و ئەویش دانیشت، بارزانی هێندێک لە قسەکانی ئێمەی بۆ کاک ئەحمەد باس کرد و گوتی تۆ دەڵێی چی ئەحمەد؟ کاک ئەحمەد دەستی پێ کرد بە هێرش کردن و بەتایبەتی بۆ سەر کاک سەعید کوێستانی، تۆمەتبار کردنی ئێمە بە هاوکاریی مەکتەبی سیاسی و دەستەبەندی دژی کاک ئەحمەد. منیش چونکە قسەکانی کاک ئەحمەدم بە ڕەوا نەدەزانی زۆر لە قسەکانی کاک ئەحمەدم وڵام دانەوە کە کاک ئەحمەد ناچار بوو بڵێ: "ئەزبەنی من کوردایەتی دەکەم و حیزبایەتی ناکەم". لە شتێکیشدا کە کاک ئەحمەد بەیاننامەیەکی زۆر غەیرە سیاسیی بڵاو کردبۆوە من ڕەخنەم لێ گرت، بارزانی فەرمووی ئەحمەد ئەو ئیشانەت باش نین. ئەو جار کاک سەعید بۆ بەرگری لە خۆی و وڵامدانەوە بە کاک ئەحمەد دەستی بە قسە کردن کرد، هەر لە پێشەوە گوتی مامۆستا ئیجازەم بدە وڵامی کاک ئەحمەد بدەمەوە، هەر لە پێشەوە مەلا مستەفا بە تووڕەیی فەرمووی پێم مەڵێ مامۆستا من مامۆستا نیم. کاک سەعید هێندێک تێک چوو، دەستی بە قسە کردن کردەوە دیسان لە زاری دەرپەڕی گوتی مامۆستا، مەلا مستەفا دەهری بوو گوتی ئاخر من پێم خۆشە پێم بڵێن سەگ، پێم بڵێن بەراز، پێم نەڵێن مامۆستا. ئەم جارەیان کاک سەعید هەر زۆر تێک چوو. ئێمەش زۆر ناڕەحەت بووین کە خەریک بوو کارەکەمان لێ تێک دەچوو. بێدەنگی و ماتییەک بە سەر کۆبوونەوەکەماندا هات. کاک سەعید دەیویست هەڵەکە پینە کاتەوە و قسەکانی تەواو کا وە قسە هات و دیسان گوتیەوە مامۆستا، ئەمجارەیان مەلا مستەفا بە تەواوی تووڕە بوو، فەرمووی ئەمجارەیان لە زارت بێتە دەرێ .... وادەکەم هەتا وابچێ. ئەحمەد کەیفی بەو بەزمەی ساز بوو وردە بزەی دەهاتێ. ئێمەش بە تەواوی نیگەران بووین کاک سەعید ڕەنگی گۆڕابوو، سەرئەنجام مەلا مستەفا هاتەوە دەنگ و فەرمووی من ئەحمەد بە ئێوە ناگۆڕمەوە. ڕووی لە کاک سەعید کرد و گوتی ئەتۆش سێ جارت پێ گوتم مامۆستا سێ هەیوات (مانگ) دەگرم. بەڕاستی ئێمە نەماندەزانی چۆن خۆمان لەم کۆبوونەوەیە ڕزگار کەین. لەلایەک هەموو هیواکانمان بەم

کۆبوونەوەیە گرێ دابوو کە مایەپووچ دەرچووبوو، لە لایەکی دیکەوە هاوڕێکەمان تووشی گرتن هاتبوو لەلایەن بارزانیەوە کە بۆ ئێمە لەم کاتەدا زۆر بە گران تەواو دەبوو. لەم کێشە و بێشەیەدا قادر شەریف خۆی بێدەنگ کردبوو، زۆر بە کەمی وەقسە دەهات. سەرئەنجام لەم کەش و هەوا ناخۆشەی کۆبوونەوەدا من هاتمە دەنگ گوتم ئەگەر مەلا مستەفا ئیجازە بفەرموێ دەڕۆین. فەرمووی بڕۆن، بەڵام ئەوە (ئاماژەی بە کاک سەعید کرد) دەمێنێتەوە. ناچار هەستاین و هاتینە دەرەوە، خۆ نەدەکرا قسە لە قسەی مەلا مستەفادا بکەین. بە ناهومێدی بەرەو قەڵادزە گەڕاینەوە، لە ماڵی عەوڵای مامە لاوە کۆبووینەوە، لە بیری ئەوەدا بووین چارەیەک بۆخۆمان بدۆزینەوە، چارەش هەر بارزانی بوو ڕێگەی دیکەمان پێ شک نەدەهات. دوای چەند ڕۆژ نیزیک وابزانم جێژنی قوربان بوو، هاوڕێیان داوایان لەمن کرد کە بەبۆنەی جێژنەوە بچم داوا لە بارزانی بکەم کاک سەعید ئازاد بکا. من نازانم بۆ پێم باش نەبوو بچم، پێشنیارم کرد، کاک حوسێن مەدەنی و کاک قادر شەریف بچن. سەرئەنجام ئەم دوو هاوڕێیە قبووڵیان کرد کە بچن. دوای نیوەڕۆ ڕێکەوتن بۆ ئێوارە گەڕانەوە و کاک سەعیدیان لەگەڵ خۆیان هێنابۆوە، زۆریش کەیف ساز بوون. دیار بوو مەلا مستەفا ٥ یا ١٠ دیناریشی جێژنانە دابوو بە کاک سەعید، هەر هەمووومان بە هاتنەوەی کاک سەعید و دیداری دووبارە لەگەڵ بارزانی خۆشحاڵ بووین. لەو بەینەدا بۆ ئەوەی لە کێشە و شڵتاخی کاک ئەحمەد تۆفیق بە دوور بین من ڕەسووڵی ئامۆزام قەناعەت پێ هێنا کە تفەنگەکە بداتەوە بە ئەحمەد تۆفیق.

بەمشێوەیە دانیشتنی حەسەنی رەستگار و حوسێن مەدەنی و قادر شەریف و سەعیدی کوێستانی لەگەڵ مەلا مستەفا و ئەحمەد تۆفیق سەری نەگرت و بە توڕەبوونی مەلا مستەفا تەواو بوو. ئەوجار بە رواڵەت بۆ ئەوەی لە کێشە و شڵتاخی کاک ئەحمەد تۆفیق بە دوور بن، حەسەنی رەستگار، مەلا ڕەسووڵ ئامۆزای قانع دەکا کە تفەنگەکە بداتەوە بە ئەحمەد تۆفیق.

کێشەکانی نێوخۆیی حیزب درێژەی کێشا و ئەحمەد تۆفیق بە ناچار پەنای بۆ مەلا مستەفا بردەوە و لە نامەیەک دا دوای گلەیی و گازەندە کە وەک جاران لەگەڵی گەرم و گوڕ نییە، داوای ئەستاندنەوی پارە لە سەعید مەلا کەریم، خدر رۆستەم، حەسەن رەستگار و قادر شەریف دەکا و هەوەها داوای گرتن و حەبس کردنی سەعید مەلا کەریم و قادر شەریف و سەعید سقلی بە تاوانی دزی و فراکسیۆنبازی و رەهبەریی فراکسیۆن و ئیهانەتی بە مقەدەساتی میللی نەتەوەی دەکا و دەنووسێ:

گوندی " سونێ"

١٩٦٤/٢/١٨

رابەری خۆشەویست مستەفا بارزانی

لەو کاتە باریک و ئاستەمەدا بە دوای چەند جار کۆبوونەوەمان بە پێویستمان زانی لەگەڵ پەیمان تازەکردنەوەی لەگەڵ جەنابت بیروڕای بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان پێشکێش بکەین.

(١ ) وا تەمەنی حزبی دێموکراتی کوردستان دەبێتە ١٩ ساڵ بە درێژی ئەو ١٩ ساڵە  لە ڕێگای خزمەت و تێکۆشانی راستەوخۆ بۆ نەتەوەی کورد لای نەداوە و بەردەوام  خۆی کردۆتە پرد بۆ دەربازبوونی لە هەموو تەنگو چەڵەمەیەک و بەردەوام شعاری خەباتی  لە خزمەتی ڕێگەی کوردایەتی لەسەرووی هەموو ئاکار و کردەوەکانماندا بووە. بۆ ئەو ٦ ساڵەی دوایی  هەموو نەتەوەی کورد و جەنابت بە شاهد دەزانین کە چلۆن لە هەموو کات و زەمانێکدا لە خۆشی و ناخۆشیدا  بە هۆی هێندێ کادری بە دیمەنی کوردستانی عێراق بار و لایەنی کورد و بیری بەحەق و دلسۆزانەی جەنابتی گرتووە و بەوەفاترین برا بچووکی جەنابت بوون و هەشین.

ئەوە لەو دیوەی کوردستانی عێراق بۆ ئاگاداریتان لە دیوی کوردستانی ئێرانیش حیسابی هەموو هەنگاوەکانی ورد و درشتی خۆی کردووە کە بە پێی سوودی کورد بە تایبەتی شۆڕش و تەعلیماتەکانی جەنابت بێت. و لەو چوارچێوە دەرنەچووین و هیوادارین دەریش نەچین و لە زۆر شوێن و کردەوەدا تاکتیک و هەڵکەوتی  کردۆتە قوربانی سودی رێگەی کوردایەتی و شۆڕش.ڕا و بیروڕای ئەندامان و لایەنگرانی حزبیشمان بە هەموو تواناوە لەسەر کوردایەتی پەتی و ساخ و رێگە و رێبازی بارزانییانە بۆ خزمەتی قەوم و نیشتمان تەبلیغ کردووە و شیعاری کاری تەبلیغاتمانە.

وە  هەرکات دیویەتی دەستی ناحەزان و دوژمنانی کورد و تەماح پەرستان یەک یان چەند هاوڕێی حزبی ئێمەی هەڵخەتاندووە و لای داون لەو ڕیبازەی کە  گرتوویەتە بەر،  تا سەرحەدی توانا تەقەلای ئیسلاح و گێڕانەوەی داوە، کاتێ کە مەعلوم بووە کە بێ سوودە ئەودەم بۆ ساڵم و ساغمانی لەش ورە و ڕیبازی  ئەم لادەرانەی لە خۆی دوور کردووەتەوە. لە کوردستانی ئێرانیش زۆرجار تووشمان بەو جۆرە هەڵویستانە بووە لە دیوی کوردستانی عێراقیش جەنابت نەک شاهد بەڵکوو وەک بابی دڵسۆز و خەمخۆر بە هەموو تواناوە ئەم نەجۆش و دەردانەتان لە ئێمە دوور کردۆتەوە. ئەویش دیسان نیشانەی وەفای ئێمەیە بە خاوێن مانەوەی ڕیزی  لە گێرەشێوێن و دز و جاسووس و پیاوی پیس. جا بۆیە بە ناوی کادر و بەڕێوەبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر داوی گشتی هەموو ئەندامان و چەکداران لە جبهە و بنکەکانمان و لەسەر داوای مەسئولان و کادرانی حزبی داوا لە بەڕیزتان ئەکەین بۆ وحدەت و ساغ مانی لەشی  لە وجودی ئەو تەفرەقەچیانە ئەوانە کە بۆمان ئاشکرا و لە رۆژ رووناکترە.

ئەلف – ئەو جەماعەتەهەموو چەکەکانیان کە چەکی حزب و لەشکرییە لییان بستێندرێتەوە چونکو بە قەد ١٠ برامان لە جبهە بێ چەکن وەیان چەکی ئەمانەتی خەڵکیان لایە.

ب- ئەوانەی حیسابی پارە و پوولیان لە پێیە بەر ئەمری حیساب دانەوە بکرێن" سەعید مەلا کەریم، خدر رۆستەم، حەسەن رەستگار و قادر شەریف".

ج- داوای گرتن و حەپسکردنی ئەم سێ کەسانە دەکەین- سەعید مەلا کەریم- بە تاوانی دزی و فراکسیۆنبازی و دەست تیوەردان لە دیوی کوردستانی ئێران- قادر شەریف- بە تاوانی رەهبەریی فراکسیۆن و دەوری رەئیسی بۆ تەحریک و ترس لە دوارۆژی بۆ دیوی کوردستانی ئێران- سەعید سقلی- بە تاوانی ئیهانەتی بە مقەدەساتی میللی نەتەوەی کورد و بیری پیسی.

(٢ ) لەوکاتەدا وتوویژ و مفاوەزەتان لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف دەستی پێ کردوە چەند باوەڕی  دەخەینە بەرچاوی هەق بینتان.

* سازان و تەفاهم لەگەڵ عەبدولناسر و یان جەنابی عەبدولناسر لە عێراق ئێمە زۆر بەسوودی دوارۆژی کوردی دەزانین نە لەبەر ئەوە کە گوایە عەبدولناسر دڵسۆزە بۆ کورد وەیان متفاهمە، بەڵکوو وا بە قازانجی میللەتی کورد دەزانین چوونکە وڵاتەکەمان کەوتووەتە دەستی تورک و ئێران و دەسەڵاتی قەومی عەرەبی کە ئاڵاداری جەماڵ عەبدولناسرە خۆ بکاتە جیرانی ئەم دوو حکوومەتە" تورک و ئێران" وابیر دەکەینەوە لە پەنا یەک بوونی ئەم ٣ دەسەڵاتە " ئەنکارا- تاران- قاهیرە" درەنگ یان زوو ئیستیدام و لێدانی قاهیرە کە نەتەوایەتییە لەگەڵ تاران و ئەنکارا کە زۆرتر سەر بە بێگانەن و دوژمنایەتی خوێنی و نەتەوایەتیشیان هەیە دەست پێ دەکات. چوونکە نقابی خیلاف و گرێی نراوەدەیان زۆرە.

* هەست بە بوونی ساردییەکی تەواو لە نێوان جەنابت و بەڕیوەبەرانی پارتی دەکەین و بەداخەوە لە هێندێ شوێن هێندێ ئیستیدام رووی داوە لەو کاتەدا داوای ئێمە لە بابی دڵسۆزمان ئەوەیە بەپێی توانا و حیکمەتتان ڕێگەی هێدی و سوودی عامە بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگوچەڵەمەیە.

* - لەمەڕ وەزعی ئێمە داوامانە زیاتر و زۆرتر جاوی خۆتان بدەنە حاڵ و کاری ئێمە و حزبی ئێمە بە مەعنای هەقیقی و ڕاستەقینە جەنابت بە ڕابەر و سەرۆکی خۆی دەزانێت کەوابوو هەق وایە زیاتر و زۆرتر ئیهتمامی خۆتان بدەنە ئیدارە و حاڵی ئێمە. " هەرچەندە بە پێی توانا وەختی جەنابت ناگرین چوونکە دەزانین جەنابت دەبێ بە زۆر شوێن وکاری گرینگی تر ڕابگەن."

* - لە بەریزتان داوامانە کە بۆ حورمەت و ئیعتباری  بە پێی ئیمکان ڕێگە بە پێوەندی خەڵکی دیوی ئێران بەسەر قوڵە و قاعیدەکانی ناوچەی کوردستانی عێراق نەدەن و یان ماوە نەدرێ کە لەو دیوەڕا هەرکەس هەوەسی کرد تاخمێک پێشمەرگە دوای خۆی بدات و بڕوات بۆ دیوی ئێران وەک عەزیز سورمێ و یان عەبدولکەریم لە باڵەکایەتی و یان ڕەحمانە رووت و مەلا ئەبوبەکر لە لای ماوەت ئەوانە زۆر زەرەر و زیانی حزبی و کوردایەتیان لە ئێمە داوە و ئەوەی ئێمە ١٠ ساڵە دامان ناوە دەچن بە چەند رۆژ دەیڕووخێنن.

(٣) لەو کاتەدا کە ساڵ بەرەو تازەوەبوون دەڕوات بە پێویستی دەزانین ئێمەش پەیمان و وەفای خۆمان تازە کەینەوە بە ڕیگە و ڕێبازی بارزانییانەی جەنابت بە تەعلیمات و فەرماندەیی حەکیمانە و کوردانەی جەنابت. پەیمان ئەدەین کە  چەکدارێکی بە بیروباوەڕ و ئازا و هەڵسووڕی پشتی جەنابت بێت لە هەموو کات و دەورو زەمانێکدا.

سەرکەوتنی دوایی بۆ شۆڕشی پیرۆزی کورد

شاد بێ گیانی پاکی شەهیدەکانی شۆڕش.

سەربەرزی بۆ هێزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە ژێر ڕابەریی ڕاستەوخۆی مستەفا بارزانی

بژی کورد بژی کوردستان بژی حزبی دیموکراتی کوردستان.

کادر و بەڕێوەبەرانی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان ١٩٦٤/٢/١٨

لە درێژەی ئەو ڕووداوانەدا کێشەکانی نێو ئەندامانی حیزب چارەسەر نەکرا و ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر پەرەی گرت. ڕۆژێک سەعید کوێستانی دەچتە لای حەسەنی ڕەستگار پێی دەڵێ کە حیزبی شوعی ئاگاداریان کردووە کە ئەگەر هەڵ نەیەن مەلا مستەفا دەیانگرێ و ئیدی ئەوانیش بڕیار دەدەن کە هەڵێن بۆ ناوچەی ژێر فەرمانی باڵی مەکتەبی سیاسی.

لە بەیاننامەی حیزبی دێموکرات کە دواتر بە دژی بە کومیتەی ساخکەرەوە دەرچوو، ناوی سەرجەم ئەو دەستە و گروپە نیوخۆیی و دەرەوانە هاتووە کە ئەوکات حیزب دێموکرات بە ڕێبەری ئەحمەد تۆفیق، بە دژبەری خۆی زانیون و تێیدا نووسراوە:

بەڵام دوژمن بەم چەشنە دەستی لە جەنگ لەگەڵ میللەتی ئێمە نەکێشاوەتەوە. ئەم جارەیان دەستیداوەتە حیزب سازی و دەستەبەندی و هەر ڕۆژەی بەناو نیشانێکی جیاواز گورز لە یەکریزی حیزبەکەمان دەوەشێنێ. لە سەر کێلی گۆرستانی دوژمن ئەو بەشەی کە لە جەنگدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکشکاوە بەم شێوەیە ناو دەبرێت.

حیزبی پان ئیرانیست، حیزبی سادات، سعادت ملی، کومیتەی تنورش، دەستەبەندی ڕەحمانی قاسملوو و خیانەت و خۆفرۆشی ئیسماعیلی قاسملو، دەستەبەندی ئەو شوێنکەوتە شکست خواردووە، واتە هاشمی حوسێن زادە "قادر حسن" ئەو مرۆڤە ناکام و تازەکار کە هێشتا دەمی بۆنی شیری لێ دێت واتە سەلاحەدینی ئیلخانی زادەی موهتەدی "مستەفا" م.ب.س" مەلا ئەبوبەکرە شەلەی فەلسەفی، کێلی مەزاری تازە داڕێژراو بە ناوی "کۆمیتەی ساخکەرەوە" کە دوا سەرکەشیی و خیانەتەکانی قادر شەریفە. نووسراوەی سەر کێلی مەزاری ئەو سەگوڕەی دوایی و ڕەنگرێژی ئەو کارە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی ڕاونراوە کە خودی خۆی پەروەردەی دەستی "سەنتۆ" و ساواکە.

## کوشتنی مەلا محەمەدی خالیدی(خۆڕخۆڕە)

لە ساڵی١٣٤٣ بە هۆی خەیانەتی مەلا محەمەدی خۆڕخۆڕە، شاڵاوێکی گەورە ڕەشبگیری لە مەهاباد دەستی پێکرد و دواتر شارەکانی دیکە و تەنانەت شاری تارانیشی گرتەوە. ئەحمەدی قازی لە دەست نووسێک دا باسی سیخوڕ مەلا محەممەد خوڕ خوڕە دەکا کە لە کۆبوونەوەی حیزبی دا بەشدار بووە و دەنووسێ:

مەلایەک بە ناوی مەلا محەممەد کە مەلا و پێش نوێژی گوندی "خورخورە"ی شاروێران بوو. پاڵتۆیەکی قورس و ئەستووری دەبەردا بوو، لە تەنیشت کوورەش دانیشتبوو ئارەقەی ڕەش وشینی دەرکرد بوو. چەند جارم پێگوت کە پاڵتۆکەی داکەنێ، بەڵام بە قسەی نەکردم. پاشان لە زیندانی قزل قەلعەی تاران بۆمان دەرکەوت کە ئەو شەوە زەبتی سەوتێکی دەبن پاڵتۆکەی نابوو تا قسەی ئەو عالەمە زەبت  کا و بیدا بە ساواک.

مەلای خوڕخوڕە بە هۆی مەلا شێخ عێزەدینی حوسێنی بە ئەندامەتی حیزبی ناسێندرا و ئەحمەدی قازی لە دەرێژەدا دەنووسێ: ڕۆژێکیان مەلا خوڕخوڕەیان هێنا ڕووبەڕووم. مەلا ئیعتڕافی لەسەر کردم و بە ئەندامێکی گرینگی کومیتەی شاری مەهابادی نێوبردم و باسی کۆبوونەوەی ئەو شەوی کرد کە لە ماڵە من لە محکەمەی قازی دا گیرا بوو.

ڕەحمان قازی لە کتێبی ڕۆژگاری ون دا دەنووسێ: وەک باسی دەکرا مەلا محەممەد پیاوی حکومەت بوو و لە گیرانی کوردەکان دا زۆری خزمەت بە ساواک کردبوو. لەو کات دا پیاوێک بە ناوی درودیان کە هاوڕێی ڕاوی من بوو دادستانی مەهاباد بوو. لای نیوەڕۆ ناردی بە شوێن من دا. کاتێک چوم کوتی وەک ئاگاداری مەلا محەمەد لە خوڕخوڕە کوژراوە و ساواک گومانی لە بنەماڵەی ئێوەیە. فەرمانیان کردووە هەموتان بگیرێن. بۆ ئەوەی لە داوی ساواک نەکەوی بڕۆ و لە مەهاباد مەمێنە. منیش هەر ئەو ڕۆژە ڕۆیشتم بۆ تاران. لە میوانخانەی هیمەت ژورم گرت و چاوەڕێی ڕوداوەکان بووم. دوای چەند ڕۆژ باباغای حوسێنی هاتە میوانخانە. پرسیاری باس و هەواڵم لێ کرد. کوتی بنەماڵەی ئێوەیان بە گشتی گرتووە. ئەو هەواڵە زۆر دڵگرانی کردم بەڵام دەستم بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیشت. ڕۆژی چوارشەمۆ داهات و چومە زیندانی قەسر کە کاک ئەحمەد و کاک عومەر لەوێ گیرابون. داوای چاو پێکەوتنم کرد و ڕیگەیان پێ دام بیانبینم. کاتێک ئەو هەواڵەم پێ دان بە کوژرانی مەلا محەمەد خۆشحاڵ بوون و بە گیرانی خزمەکان دڵ نیگەران بوون. ماوەی بیست ڕۆژ لە تاران مامەوە. ڕۆژێک بەڕێز خەلیل مووەفەقی خاوەنی چاپەمەنی مەهاباد و کەسێکی ناسیاو بوو هاتە میوانخانە. پرسیاری مەهابادم لێکرد. کوتی مامە قادرت بە پێشنیاری دکتۆری ساواک ئازاد کراوە چون کوتویەتی نەخۆشە و نابێ لە زیندان دا بمێنێتەوە. هەروەها مامە وەهابت بە دانانی سەنەد و تاپۆی موڵک ئازاد کراوە. هەروەها کاک محەمەدی ئامۆزات و میرزا عەبدوڵای برات لەو ڕۆژانە دا ئازاد دەکرێن. بە بیستنی ئەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بووم. ڕۆژی چاوپێکەوتن هات و چوومە زیندان و هەواڵەکەم بە کوڕەکان دا و بۆخۆم گەڕامەوە مەهاباد.

عەبدوڵای قازی کە بەتاوانی کوشتنی مەلا محەممەد گیرا، لە کتێبی "وڵاتی من" دا دەنووسێ: مەلا محەممەدی خوڕخوڕە کوڕی مەلا کەریمی لاچینی، کە پیاوێکی کەڵەگەتی کەپۆ زەلامی ناحەز بوو، بە ساواکی دەرچوو و ئیعتڕافی کرد و هەرچی هەبوو و نەبوو گووتبوی...

... ڕێژیم بە فێڵ ئەو مەلا مەحەممەدەشی لەگەڵ ئەو زیندانییانە خست بوو بۆ ئەوەی لەوێش ڕاپۆرتیان لێبداو لە ڕاستی دا، هەر بەنێو زیندانی بوو و زۆر شەوان بۆ ڕابواردن بە دزی دەیانبردە دەرەوەی زیندان. زیندانییەکان ئەوەیان دەزانی بۆیە كاك عومەری مامم هەڕەشەی لێدەکاو دەڵێ: "وەڵلاهی وای ناخۆی ئێمە تا سەر لێرە نابین جا ئەو کارانە بکە". ئەوانی دیکەش هەر کەسە بە جۆرێك سەری دەخەنە سەریو ئەزییەتی دەکەن...

... مەلا مەحەممەد پێش ئەوان ئازادکرا و دوایە حیزبی دێموکرات کووشتی. لە سەرە مەرگ دا دەڵێ کە قازی کوشتیانم. ئەو قسەیە بۆ تایفەی ئێمە، بە تایبەتی بۆ من خوار بووە و هاتن لە کۆنەدێ گرتیانم. مامە قادر و مامە وەهابیشم بەو قەتڵە تاوانبار کران. مامە وەهابم گیرا بەڵام

دوای لێپرسینێکی زۆر، پاش٣ ڕۆژ ئازادکرا. بەڵام مامە قادرم هەر نەگیرا چوونکە لەگەڵ ڕەئیسی پاسگایە دۆستایەتی هەبوو نەیانگرت. محێدین ئاغا و سەید ڕەحیمی سەید جامی زۆریان هەوڵدا کە ئازادم بکەن و نەگیرێم بەڵام فایدەی نەبوو. محێدین ئاغا بە دادگوستەری دەڵێ: "خاوەنی ئەو پەروەندەیە بۆ گرتن نابێ، ئەوە فەقیرە و کۆشێکی منداڵ بە ڕیشەوەیە. وەڵڵاهی هەتا بەری نەدەن لێرە ناڕۆم". بازپرس دەچێتە دەرێ و بە تەلەیفوون لەگەڵ ساواك قسە دەکا و دێتەوە بە محێدین ئاغای دەڵێ: "خودا شاهیدە بە قازانجێتی کە بچێتە زیندانێ. ئەوە تازە بۆ دەرێ نابێ بەڵام لە زیندانێ لە کۆڵی دەبنەوە". بەم شێوەیە بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژان زیندانی کرام. لەسەر مەلا مەحەممەد و مەلا قادری لاچینێ زۆریان لێکۆڵینەوە لێکردم و ئەمنیش ئەوەی دەمزانی ئاوا گێڕامەوە: "ژنی ئەو مەلا مەحەممەدە نێوی گوڵێیە و کچی مام عەزیزی خەڵکی دێی خۆمانە (کۆنەدێ) و لەگەڵ ئێمە جیرانن. ڕۆژێك مەلا مەحەممەد لەگەڵ مەلا قادری هاتبوونە کۆنەدێ و شەو لە ماڵە مام عەزیزی بوون. بۆ نانخواردنی شەوێ ئەمنیشیان دەعوەت کرد. ئەگەر چووم مەلا مەحەممەد هەواڵی رادیۆ عەرەبییەکانی گرت بوو. ئەمن باش لە هەواڵەکەی تێنەگەیشتم بەڵام ئەو گووتی کە خەبەر خۆشە و سەدام گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردان لابردووە و وەزع باش دەبێ. دوایە بۆخۆیان لەگەڵ مەلا قادری دەستیان بە سرت و خورت کرد.

ئەو شەوە ئەمن زوو بەجێم هێشتن، بەیانی خەریکی سواغی بانی بووم. بانەکە بڵیند بوو دەیڕوانییە خوارەوەی قەبرستانی ماڵان. ئەگەر تەماشام کرد مەلا مەحەممەد و مەلا قادر لەبەر سێبەری دارە سنجووەکەی نێو قەبران دا، دانیشتبوون و شتیان دەنووسی. نازانم ئەو نامەیە بۆ حیزبێ بوو یان بۆ دەوڵەتێ".

دیارە ئەوکات مەلا قادر ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو و قاچاغ بوو. ناوبراو خزمی لە کۆنەدێی زۆر بوو زوو زوو دەهاتە ئەوێ.

لەو ڕووداوەدا بە گشتی ئەمن بێ تاوانبووم و لەسەر من چیان بۆ ساغ نەبووە.

ڕەحیمی محەممەد زادە کە ئەوکات مێرمنداڵ بوو لەسەر چۆنییەتی کوژرانی مەلا محەمەد دەنووسێ: لە بیرمە شەوێک لە نێوان شەو و ڕۆژ بوو لە دەرگای دیوی خەوی باوکمیان دا، باوکم چووە دەر و پاش یەک دوو خولەک هاتەوە ژوور و بە نیگەرانیەوە کوتی: دەڵێن مەلا محەمەد کوژراوە. لیباسی دەبەر کرد و دەگەڵ کۆمەلێکی دیکە بۆلای ماڵی مەلا محەمەد چوون.

پاش یەک دوو کاتژمێر باوکم گەڕاوە، ئێمە تازە لەخەو هەستابووین و بە نیگەرانیەوە دەوری باوکمان دا و پرسیمان چ بووە؟ باوکم بە ترس و بە پارێزەوە ئاوای باس کرد کە بکوژ، کۆلکەدارێک کە لە حەوشی ماڵی مەلا محەمەد بووە هێناوەتە بەر پەنجەرە و ئەوکات شووشەی پەنجەرەی شکاندوە و بە دەمانچە چەند گوللەی لە مەلا محەمەد داوە و کوشتوویە. باوکم دەیکوت کابرا زۆر زیرەک بووە، نەیهێشتووە گوللەیەک وە گوڵێی ژنی و منداڵەکانی بکەوێ و دەقیق لە مەلا محەمەدی داوە.

باوکم دەیکوت مەلا خالیدی باوکی مەلا محەمەد کە ئەوکات بە تەمەن بوو و ڕێشێکی سپی جوانی هەبوو، لەسەر جەنازەی مەلا محمەمەد دانیشت بوو و بە دەم گریانەوە هەر پەیتا پەیتا دەیکوت: محەمەد چەند جارم پێکوتی خەراپەی خەڵکی مەکە، خەراپەت وەڕێ دێ.

لە بیرمە جارێکی دیکەش لای نێوەڕۆیە باوکمیان بۆ لای ماڵی مەلا محەمەد بانگ کردوە. ئەوجارەیان رەئیسی پاسگای مەمیەند (ممیند) دەگەڵ چەند ژاندەرم بۆ ئامادە کردنی راپۆرت هاتبوون. باوکم کوتی رەئیسی پاسگا کە تورک زمان بوو بە تورکی لە مەلا خالیدی پرسی: کیم سەنن ئۆغلۆی ئولدرب؟ (کێ کوڕەکەی تۆی کوشتووە؟)

مەلا خالید بە کوردی دەڵێ جەنابی رەئیس قاتڵی کوڕەکەی من مەلا محەمەدی  کوڕی خدریە ئەویش ئەو لە زینووی شێخی لە کوردستانی عێراقە.

رەئیسی پاسگا: منم ئەلم ئۆرایە ئیتشمر(ئەمن دەستم وەوێ راناگا). بۆ لاردان بیر ئیکی نەفەر دێگنان توتم( لەوانە لێرەن یەک دوو کەسان بڵێی با بیانگرم.)

مەلا خالید: ئەوانەی لێرەن هیچیان بکوژی کوڕەکەی من نین.

رەئیسی پاسگا: منم ئەلم عیراقە ئێتشماز. (دەستی من ناگاتە عێراق).

ئیدی رئیسی پاسگا خوڕخوڕە بە جێهێشت.

رەحیمی محەمەد زادە لەسەر گیراوەکان دەستی مەلامحەمەد دەڵێ کە شەهید مامۆستا مەلا برایمی رۆستەمی و مستەفای باشۆکی و میرزا عەبدوڵای محەمەدی و مەلا مستەفای حەیرانی لە پەیوەندی لەگەڵ راپۆرتی مەلا محەممەد گیران و لە زیندان دا، لەگەڵ ئەو رووبەڕویان کردبوون و زۆر ئەشکەنجە کرابوون. لەسەر بکوژی مەلا محەممەد، رەحیمی محەممەد زادە دەڵێ: پاش ئەوەی بووم بە پێشمەرگە لەسەر بکوژی مەلا محەمەد لە ئەم و ئەو دەمپرسی، لە کەسێکم بیست کە کوتی مەلا محەمەد خالیدی لە سەر بڕیاری حیزب بە وەسیلەی سەید رەسوڵی ورچان کوژرا، دیارە نازانم تا چەندە راستە.

## بەشی ٧٨
## کۆمەڵەی ڕەزگاری کوردستان



لە ڕاستەوە: سالاری حەیدەری - سەلاحی موهتەدی

پەیوەندی خراپ و لەگەڵ یەک و نەحاوانەوە و بوونی کیشە و ناکۆکی لە نیو ئەندامانی حیزب دا، لە دوای ساڵانی ١٣٤٠ بوو بە هۆی ئەوە کە سەلاح موهتەدی بە ناوی "مستەفا" و محەمەد ئیلخانی زاد بە ناوی "کاوە"، حیزبی دیموکرات بەجێ بێڵن و ڕێکخراوێکیان دامەزراند بە ناوی "کۆمەڵەی ڕەزگاری کوردستان". کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٢٩ بەرگی ٢ ی کتێبی پیداچوونەوە"، بە نەقڵ لە سەعید کوێستانی لەسەر دامەزرانی ئەو ڕێکخراوە بە هاوکاری مام جەلال دەنووسێ: ساڵی ١٩٦٣ لەسەر داوخوازی ئەحمەد تۆفیق کۆبوونەوەیەکمان لە ئالانێ پێکهێنا... هەواڵێک لە سەلاحەدینی موهتەدی و محەممەدی ئیلخانیزادە نەبوو. دیار بوو لە نێوان ئەحمەد تۆفیق و ئەوان دا سارد و سڕی پێکهاتبوو... لە فایقم پرسی بۆچی کاوە و مستەفا نەهاتوون؟ گوتی: لەگەڵ ئەحمەد نێوانیان ساردە تکایە جاری باسی مەکە بزانیین چی لێ‌دێتەوە... دوای ماوەیەک بۆمان روون بووە، نەک هەر لەگەڵ یەک نەماون، بەڵکوو دژایەتی یەکتریش دەکەن. دوایی بۆم دەرکەوت ئەحمەد تۆفیق بۆیە باسی غەیبەتی سەلاحەدین ناکا، دەیویست بزانێ نیزیکی و دووری ئەوان لەگەڵ بارزانی بە کوێ دەگا. کاتێک زانی کە ناتوانن نەزەری بارزانی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، ئەحمەد تۆفیق بۆی لە سیمی ئاخر دان. ئەوەی نەدەبوو لە ڕاست کاوە و مستەفا بیکا، کردی.

لەوەڕا دەردەکەوێ کە "کۆمەڵەی رزگاری" ناوبراو دوای ئەم ناکۆکییە بە ڕێنوێنی مام جەلال ساز کراوە. "... کاتێک گەیشتینە قەڵلادزێ، بۆ سبەینێ حوسێنی مەدەنی پێشنیاری پێکردم و گوتی: مام جەلال لە قەڵادزێیە با بچینە لای چاومان پێیبکەوێ و هێندێک مەسائیلی خۆمانی لەگەڵ باس بکەین... ئەوە بوو لەگەڵ مام جەلال کاتمان دانا و شەو چووینە لای. باسەکەمان دامەزراند و هێندێ شتمان لەگەڵ باس کرد. مام جەلال پێشنیاری پێکردین لەگەڵی بچینە لای مستەفا و کاوە. واتا (کاک سەلاحەدینی موهتەدی و کاک محەمەد ئیلخانیزادە). ئێمە پێش ئەوەی بزانیین بۆ دەچین، پێمانگوت ناتوانیین لەگەڵ ئەوان پێک بێین و کار بکەین. چونکە لەو سەروبەندەدا بوو کە مستەفا و کاوە بروشۆرێکیان وەک بەرنامە بە نێوی "کۆمەڵەی رزگاری" دەرکرد بوو بڵاوببۆوە. ئێمە بە دەستخەت ئەو بەرنامەمان دەست کەوتبوو.

عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٢٦٠ کتێبی "ئەزموونی خەبات" دا لە سەر دامەزران و کاری ئەو ڕێکخراوەیە دەنووسێ: ئەوەی ئەمن لێم دیتن شتێکی یەک لاپەڕەیی یان یەک‌لاپەڕ و نیوی بوو

کە هێندێک ئامانجی تێدابوون. دیارە ئامانجەکان ئامانجی گەورە بوون وەک کوردستانی گەورە و پێکهێنانی کوردستانی ئازاد و لەو شتانە.

کۆمەڵەی رزگاری هەرچەند کارێکی بۆ نەکرا بەڵام یەکەم جویبوونەوەی ژیرانە لە حیزبی دیموکرات دایە کە ناوی خۆی بە حیزبی دێموکرات نەبەستەوە و خۆی لەشەڕ و کێشەی دوو باڵی و دوو دەستەیی نەجات دا.

لە سەر بڵاو کردنەوە و کارو تێکۆشانی ئەو رێکخراوەیە، عەبدوڵا حەسەنزادە هەر لە لاپەڕەیەدا دەڵی کە چەند ساڵ لەمەوبەر لە میوانێکی دا سەلاح موهتەدی گوتی: دوژمنایەتیمان کرا، نەیانهێشت ئەو کۆمەڵە رزگاری‌یە پێکبێنین.

عەبدوڵا حەسەنزادە لە وڵامی سەلاح موهتەدی دا دەڵی: ئەو دوژمنایەتی‌یە خەیاڵی‌یەی بۆ دەتاشی. کێ ناوی ئێوەی بیست؟ کام رۆژنامەتان، کام رادیۆتان، کام بەیانتان، کام تەشکیلاتتان؟

هەر لەوبارەوە عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ۹۸ کتێبی حەقیقەتی مێژوو، لە وڵامی بیژەن ساعدی کە دەپرسێ، کۆمەلە رەزگاری چۆن دروست بوو، دەڵێ:

بەڵام دواتر پێم وایە ساڵی ١٣٤٤ بوو، واتە ساڵی ١٩٦٥ بۆخۆم بەیانێکم دی بە دەستی هاورێیەکەمەوە یەک لاپەر بوو، نەی دەهێشت بیبینم. گوتم: ئەوە چییە؟ گوتی: هیچ ، گوتم : خۆ لە منی ناشاریەوە، دایە دەستم، گوتی: بە دیاریکراوی پێیان گوتووم بە هەر کەسی نیشان دەدەی پێی نیشان بدە، بەڵام بەفڵان کەسی نیشان مەدە، کاتێک بینیم بەرنامەی کۆمەڵەی رزگاری بوو، شوعارەکەیان شوعاری سەربەخۆیی کوردستان بوو، هێرشی راستەوخۆی بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان تێدا نەبوو، بەڵام خۆ جودا کردنەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

رەشید ئەحمەدی دوای ئەوە لە گەڵ مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی لە کومیتەی ساخکەرەوەدا دەست بە کار بوو، سەردانی کۆمەڵەی رەزگاری دەکا و لەوبارەوەوە لە لاپەڕەی ١١٠ کتێبی چەند "لاپەڕەیەک لە ژیانم دا" دەنووسێ:... بە گەرمی بەخێرهاتن کراین. دەستکرا بە قسەوباسی سیاسی و حیزب و ئەحمەد تۆفیق. بۆم دەرکەوت ئەو برادەرانە حیزبێکی تازەیان بە ناوی کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان دامەزراندوە و جەماعەتی مەکتەبی سیاسی یارمەتییان دەدەن و هاتوچووی ئێران و چالاکیی سیاسیان هەیە. لە ژوورەکەیاندا دەزگایەکی تایپکردنم بینی کە کۆمەڵێک بەیاننامە و نووسراوەیشی لە دەوروبەر بوو. جەماعەت جموجووڵی سیاسییان لێ دیار بوو و بەتەواویش لە حیزب دوور کەوتبوونەوە و هیچ هیوایەکیان بە حیزب نەمابوو و سەرگەرمی کاروباری حیزبی تازەی خۆیان بوون.

دەگوترێ لە ساڵی ١٩٦٣ دا هەرچەند مامۆستا هەژار و مەلا باقی زۆریان دیفاع لە سەلاحی موهەتەدی و محەمەد ئیلخانی زادەی و مام عەلی کە خەڵکی گەوراکایەتێ بوو کرد، بەڵام مەلا مستەفا بە قسەی ئەحمەد تۆفیق هەر دەریکردن.

پاش ماوەیەک سەلاح موهتەدی و مەحەمەد ئیلخانیزاد گەڕانەوە و تەسلیم بە ئێران بوونەوە. هەژار لەوبارەوە لە کتیبی بەرو موکوریان دا لە شێعرێک دەڵێ:

کاوه بۆ کوتکی شکاو بێ چەرمە خوێنی لاوان کە لەبیرکا شەرمە
مچە گردەڵ کە بەرەو باو بۆوە گشتە یان پێچی دڕا و خاو بۆوە

سەلاح موهتەدی کەسایەتێکی زانا و زیرەک بوو. چوونکە کورتەباڵا بوو هەژار پییگوتووە مچە گەردەڵ. لەوبارەوە عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٢٦٠ کتێبی "ئەزموونی خەبات" دا، لە زمانی سەلاحی موهتەدی قسەیەکی خۆش دەگێڕێتەوە: ... ئەو وەختی کە کاک سەلاح لە عێراق بووە، شەوێکیان لەنیوە شەوێدا دایکی وەخەبەر دێ و دەست دەکا بەگریانێ. حاجی ڕەحماناغا، بابی کاک سەلاح ڕووحی شاد بێ وەخەبەر دێ دەڵێ ئەوە بۆ دەگری چ باسە؟ ئەویش دەڵێ وەڵڵا خەونم بە سەلاحیەوە دیوە. بابیشی دەڵێ خەون هیچ نیە، بخەوە. دەڵێ ناوەڵڵا حەتمەن شتێکی بەسەر هاتوە. دەڵێ کچێ خەون هیچ نیە گوێی مەدەیە. خۆلاسە دەست هەڵناگرێ هەتا لێی دەپرسێ خەونەکەت چی بوو؟ ئەویش دەڵێ دەخەوێم دا سەلاح نوستبوو، لێفەیەکی بەخۆی دا دابوو. ئەگەر بەسەری دا دەدا لاقی وەدیار دەکەوتن، ئەگەر بەلاقی دا دەدا، سەری وەدیار دەکەوت. حاجی ڕەحماناغا دەڵێ دەبزانە خەونەکەت هیچ نییە. ئاخر چ لێفەیەک هەیە بە کوڕی تۆ ڕانەگا؟ هەرچی لێفەی دنیایە هەیە لەسەر و لاقی سەلاحی زیادە.


لە راستەوە بۆ چەپ، مام علی عەجەم - فەتاح کاکەرەزا - جەمیل مەردۆخ - سەلاح موهتەدی - حەسەن ئاغا قالوی – مەلارەسول پێشنماز

سەلاح موهتەدی و محەممەد ئیلخانیزادە لە ساڵی ١٣٤٣ گەڕانەوە بۆ ناوخۆی وڵات، کەس پشتیوای لێنەکردن و بە پێی لاپەڕەی ١٧٥ چەپ لە ئیران دا، کاک سەلاح گیرا و حوکمی ئیعدامی درایە بەڵام دوای ٢ ساڵ ئازاد بوو.

لە کتێبی "کوردستان، ئیمپریالیزم و گروهە بەستراوەکان" دا کە سپای پاسداران دەری کردوە، هاتووە کە لە کاتێ خۆی لە زیندانی ورمێ لە وڵامی ئەو پرسیارە کە چ خزمەتێکی بە وڵات کردوە، سەلاح موهتەدی وڵام دەداتەوە کە ئەگەر لە زیندانی ورمێ بووە، پەیوەندی بە تووسی نیژادەوە هەبوو کە ساواکی بووە و دوایەش لە تاران لەگەڵ بەرپرسانی ساواک لە پەیوەندی دابووە.

بە پێی ئەو نووسراوانە، گوایە لە ساڵی ١٣٥٠ سەلاح موهتەدی لەگەڵ شاعیری گەورەی، سوارەی ئیلخانیزادەی ئامۆزای کە ئەندامی سەرووی بەشی لێکۆڵینەوەی رادیۆ تلویزۆنی ئێران بوو، بۆ بەشداری لە کۆنگرەی کوردی قوتابیانی زانکۆکانی نیشتەجێ لە ئوروپا دەچنە ئەوێ، تا زانیاری بدەنەوە بە ئێران.

محەممەدی ئیلخانیزادە بە دوای شۆڕشی گەلانی ئیران دا، گشت ڕووداوەکانی سالانی ٤٠ نووسی بوو. ئەو داوای لە ڕێکخراوی کۆمەڵە کرد کە بۆی چاپ بکەن، بەڵام نەیانکرد. دوایە برد

بوویە تەشکیلاتی مەهاباد لە ئاوایی "دەرمان" تا حیزب بۆی چاپ بکا. لەویش جەوهەر و کاغەزی پێویست نەبوو و رایان ئەسپارد بوو کە بیهێنی تا بۆی چاپ بکەن، بەڵام زۆری نەبرد کە شێوەیەکی نادیار کوژرا و تێداچوو.

کۆمەڵەی رزگاری یەکەم جوێبوونەوە لە حیزبی دێموکراتە، کە بە ناوی جیاواز دامەزرا و وەکوو دابڕانەکانی دوایی نەبوو کە هەر بەناوی حیزب جوێ بوونەوە و کێشە زۆریان بۆخۆیان و بۆ حیزب پێکهێنا.

راگەیندراوی کۆمەڵەی رەزگاری لە کاتی دامەزرانی دا بە دەستەوە نییە بەڵام وەک دەگوتری نیزیک بە ١٠ ساڵ دواتر لە لایەن حیزبی بەعسەوە بە شێوەی زارەکی پەیوەندی بە رێبەرانی ئەو رێکخراوە گیراوە و ئەوانیش لەگەڵ نامەیەک پڕۆگرامی"کۆمەڵەی رەزگاری کوردستان" یان بۆ ناردوون. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٥٨ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی دا باسی مرادی رەزمئاوەر(مراد عەزیز) کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان بوو دەکا کە دوایە بوو بە هاوکاری بەعس و پەیوەندی لەگەڵ کورد و فارس و تورکی ئێرانەوە دەگرت و زانیاری دەداوە بە رێژیمی بەعس. ناوبراو دوایە بوو بە هاوکاری ژێنڕاڵ پەناهیان و کەریمی حیسامی دەنووسێ کە مراد بە رێکەوتی ١٩٧١/٧/٥ یاداشتێکی لە مەر دامەزرانی "کۆمەڵەی رەزگاری کوردستان" لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەچەنگ دەکەوێ کە بۆ رێژیمی بەعسی دەنێرێ و کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٥٩ بەرگی چوار دا تۆماری کردووە.

کەریمی حیسامی لەگەڵ پڕۆگرامی کۆمەڵەی رەزگاری دەقی ئەو نامەشی هێناوە کە ئەوان بۆ حیزبی بەعسیان نووسیوە. لە نامەکە دا، هیوای وەدیهاتنی ئامانجی گەورەی نەتەوەی عەرەب و نەمانی سەهیۆنیست کراوە و دەنووسێ کە کۆمەڵە رەزگاری کوردستان نیشتیمانی و نەتەوەییە و بۆ رووخانی حکومەتی شا تێدەکۆشی و ئێستا خەریکی خۆ سازمان دانە و خۆ لەشەڕی چەکداری دەبوێرێ و ...

کەریمی حیسامی لە لاپەرەی ٢٣٠ بەرگی ٢ ی کتێبی "پێداچوونەوە" دا دەقی نامەی رێبەرانی کۆمەڵەی رزگاری بۆ حیزبی بەعسی هێناوە و دەنووسێ:

یادداشتی دەزگای دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان بۆ بەریز قیادەکانی قومی و قطری حیزبی بەعسی عەرەبی اشتراکی تێکۆشەر

١٩٧١/٧/٥ - ٢٨٥٣/٤/١٤

پاش پێشکێش کردنی جوانترین و گەرمترین سلاوی شۆرشگیرانەمان سەرکەوتنتان لە پێناوی ئامانجی گەورەی نەتەوەی عەرەبی برا دا بۆ وەرگرتنەوەی خاکی عەرەبی داگیرکراو لە چنگی صهیونیست و ئیستعمار و رزگارکردنی هەموو ئەرزی عەرەب ئاوات و ئارەزومانە.

هاورێیانی بەرێز، ماوەیەک لەمەو پێش بە شانازیێیەوە دەعوەتی شفاهی برایانەی ئێوەمان پێگەیشت بۆ پێشکێش کردنی پرۆگرام و پێرەوی (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) لەگەڵ یادداشتێکی

کۆمەڵە دا بۆ ئەوەی لە نیازی کۆمەڵەکەمان بگەن. ئەوا لەسەر داوخواستی خۆتان ژمارەیەک لە پرۆگرام و پێرەوی کۆمەڵەمان پێشکێش کردن لەگەڵ ئەم داخوازیانەی خوارەوە:

١- هیوادارین دوای خوێندنەوە دراسەکردنی تەواوی پرۆگرام و پێرەوی کۆمەڵە زیاتر هەنگاو هەڵبگرن بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی لە نێوان هەر دوولادا.

٢- مەوجودیەتی کۆمەڵە بپارێزن. وەک حیزبێکی نیشتمانی نەتەوەیی، چونکە مانەوەی کۆمەڵە بە نهێنی گەورەترین مەرجی بناغەیی و هاوکاری ئێمەیە لەگەڵ  ئێوەی بەرێز دا. لەبەر ئەوە کە خەباتی ئێمە خەباتێکی دور و درێژ و دژوارە، هەر وەک خۆتان دەزانن هەر دەستەیەک هەست بە بزوتنەوەی کرا لە لایەن دەزگا جاسوسی‌یەکانی شاوە ئیتر نامێنێ و بنەبر دەکرێت و ماوەی ئیشکردنی نادرێت لە ناو کوردستانی ئێراندا. هەر وەک ئەو دەستە و جەماعەتە کە ئێستە بە ناو حیزبن و بە ناوەرۆک هیچ. بەلام ئێمە بە پێچەوانە هوموو‌کات ویستومانە بە ناوەرۆک شت بین.

٣- کۆمەڵەی رزگاری کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە هێشتا جگە لە نەتەوەکەی خۆی یارمەتی دەرێکی نەبوە و سەر لێ شێواو ودەربەدەریش زۆرە بە تایبەت لە دەرەوەی کوردستانی ئێراندا، خۆی بە هیچ لایەکدا هەڵناوەسیوە.

٤- هەمووکات کۆمەڵەمان ئامادەی هاوکاری و پەیوەندی بوە لەگەڵ هەر دەستە و حیزبێکدا کە هاوکاری بکات بۆ بە دەستهێنانی گەلی کورد لە مافە نەتەوایەتییەکانیدا وەکو لە پرۆگرام دا دیاری کراوە.

٥- بە پێی بیرو باوەڕی  ئێمە و لێکدانەوەی پڕ لە تەجروبەمان لە ظروفی ئیمرۆدا لە کوردستانی ئێران ئیمکان و رێگای هیچ جۆرە قیامێکی چەکدارانە نیە. جولانەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ئێراندا لەگەڵ شکست روو بەروو ئەبێت بەڵام بۆ حیزبێکی بە تاقەت و ئارام و لەسەر خۆ رێگای رێکخستن و تنظیمی حیزب هەیە و ئەبێ هەر لەو رووە کار بکرێت.

٦- کۆمەلەمان پیرۆزبایی ئەکات لە بەیانی ١١ ئاداری میژوویی کە حیزبی بەعسی عەرەبی اشتراکی بریاری لەسەردا بە پێی مادەی ٦ی پرۆگرامی کۆمەڵە کە ئەڵێ (کۆمەڵە پشتیوانی ئەکا لە هەر ئیمتازێکی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی کە هەر بەشێک لە بەشەکانی گەلی کرد لە ناو سنووری ئێستادا بە دەستی دەهێنێ).

٧- کۆمەڵەمان لەگەڵ هەر جیهەتێکی سیاسیدا هاوکاری ئەکات بۆ رووخانی حکوومەتی شای خائین و دەستکردی ئیستعمار و هاوکاری صهیونیست بۆ ئەوە بگاتە مافە نەتەوەییە زەوتکراوەکان.

٨- لە کۆتاییدا داوای ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە:

ئەلف - وەڵامەمان بدەنەوە تا چ رادەیەک ئامادەی هاوکارین.

ب- هەر لەو رێگایەوە پێوەندیمان پێوە بگرن کە تا ئێستا گرتووتانە.

ج- هیوادارین وتووێژمان بەردەوام بێت ئەگەر پێویست بوو.

لەگەڵ باشترین رێز و ئیحترامی زۆردا، دەزگای دامەزرێنەری (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان ) مۆری کۆمەڵە

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٣٢ ی بەرگی ٢ ی پێداچوونەوە دا دەقی پڕۆگرامی ئەو ڕێکخراوەیە هێناوە:

**پرۆگرامی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان**

بە ناوی خوا:

مادەی یەکەم: ناوی حیزب "کۆمەڵەی رزگاری کوردستان"

مادەی دووهەم : ئەم کۆمەڵە پێکهاتوە لەو کەسانەی کە لە رەگەزی کوردن وە یا دانیشتووی کوردستانن و باوەریان بە پرۆگرامی ئەو کۆمەڵە هەیە.

مادەی سی یەم: کۆمەڵەی رزگاری کوردستان باوەری هەیە کە کورد یەک نەتەوەیە و لە نیشتمانێکی لێک نەپچراودا ئەژی کە کوردستانە وە ئیعتراف ناکا بەم سنوورانەی کە بێگانە دایناوە.

مادەی چوارەم: کۆمەڵە خەبات دەکا بۆ وەدەستهێنانی مافی ئازادی و سەر بەخۆیی گەلی کورد لە کوردستاندا.

مادەی پێنجەم: خەباتی ئێمە خەباتێکی (نەتەوەیی گشتی و قەومی و جەماهیری‌یە) شۆرشگێرانەیە لەسەر بناغەی کوردایەتی و بە ڕێگای دێموکراتیدا دەروا.

مادەی شەشەم: کۆمەڵە بە هەموو توانایەکەوە تێدەکۆشێ بۆ کۆ کردنەوە و ڕێکخستنی هەموو چینەکانی گەلی کورد لە ناو ڕێکخراوەیەکی سیاسی و (ناسیونالیستی) بۆ پێشرەوی ئەو خەباتەی کە مادە پێنج رایدەگەیێنێ.

مادەی حەوتەم: کۆمەڵە پشتیوانی دەکا لە هەر ئیمتیازێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە هەر بەشێک لە بەشەکانی گەلی کورد لە ناو سنووری ئێستادا بە دەستی دینێ وە دەعوەتی ئەو حکوومەتانە دەکا کە دەسەڵاتیان هەیە بە سەر کوردستان بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی هێمنی و ئاشتیخوازانە ددان بەو مافانەدا.

مادەی هەشتەم: ئەم کۆمەڵە لە ظروف و شەرایتی ئەمرۆی میللەتی کورد دا بە گوێرەی ناوچەکان و دەستوری پرۆگرام بۆ ئەو مەبەستانە تێدەکۆشێت:

١- زیندوو کردنەوەی زمانی کوردی کە زمانی نەتەوەی گەلی کوردە لە کوردستاندا.

٢- دامەزراندن و فێرگەی قوتابخانەی کوردی

٣- پەرە پێدانی ئەدەب و زانیاری نەتەوایەتی لە ڕێگای دەرکردن و بڵاو کردنەوەی رۆژنامە وگۆڤار و هەموو شوێنەوارێکی نووسەرانی کۆن و نوێی گەلی کورد.

٤- رێز گرتن و رەواج پێدانی تەقالیدی نەتەوایەتی و پاراستنی سوننەتی میللی لە جل و بەرگی کوردی‌یەوە هەتا جێژن و بیرەوەریە نەتەوییەکان.

٥- بەشدار کردنی جوتیار لە ئاو وزەوی پێویست و پاراستنیان لە هەر چەشنە زوڵم و زۆرێک لەگەڵ تۆڵەی عادیلانە بۆ خاوەن زەویەکانی پێشوو.

٦- بەشدار کردنی کرێکاران لە مافی قانونی و عادیلانەی کار لەگەڵ مافی پێکەوەنانی سەندیکا ( نقابە) و مافی شەریک بوون لە مەجلیسی بەرێوەبەریی کاردا.

٧- بەر بەستکردنی زوڵم و زۆر لە ناو هەموو چینەکانی گەلی کورد دا و بەشدار کردنی هەر فەردێک لە مافە ئینسانیەکانی.

٨- لابردنی ئەو دوو بەرەکی و براکوژی‌یە کە داگیرکەرانی کوردستان خستوویانەتە بەینی عەشیرەتەکان و هەموو چینەکانی گەلی کوردەوە بۆ بەربەرەکانی کردنی بیر و رای نەتەوایەتی و دامەزراندنی بناغەی بە هێزی برایەتی لە ناو هەموو ئەفرادی میللەتی کورد دا.

٩- تێکۆشان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بە هۆی کارگە و کێشانی رێگا و بەرەپێدانی پیشەسازی و زیاد کردنی داهاتی نەتەوایەتی (عوائد میلی)

مادەی نۆهەم: - کۆمەڵە بۆ ژیانی ئابوری گەلی کورد و دامەزراندنی بناغەیەکی ئیقتیسادی بە هێز و پێشکەوتوانە بۆ کوردستان کەڵک وەردەگرێ لە تەجاروبی عیلمی و عەمەلی میللەتانی تازە پێگەیشتوو لەم بارەوە بە هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ ظروف و واقعیەتی کوردستاندا.

مادەی دەهەم: کۆمەڵەی رزگاری کوردستان ددان ئەنێ بە مەوجودیەتی هەموو کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان کە لە کوردستاندا ئەژین بە مەرجێک باوەڕیان بە رزگاری کوردستان هەبێ و بۆ ئەم مەبەستە خەبات بکەن.

مادەی یازدەهەم: کۆمەڵە ددان ئەنێ بە مافی وەک یەکی ژن و پیاودا.

مادەی دوازدەهەم: کۆمەڵەی رزگاری کوردستان ئامادەی برایەتی و هاوکاری‌یە لەگەڵ ئەو رێکخراوە کوردیانەدا کە هەڵگری بیر و باوەری کوردایەتین.

مادەی سێزدەهەم: کۆمەڵە سیاسەتی دەرەوەی بێلایەنی و دۆستی ئەو هێزانەیە کە یارمەتی مەسەلەی کورد بدەن. هەروەها باوەرێکی پتەویشی هەیە بە مەنشوری نەتەوە یەکگرتوەکان و ئیعلامیەی جیهانی حقوقی بەشەر و میثاقی کۆنگرەی باندۆنک و ئامادەی پشتیوانی خەباتی گەلانی جیهانە بۆ رزگاری و ئازادی یان بە پێی توانا و چاوەروانی دۆستایەتی و یارمەتی‌یە بۆ رزگاری و ئازادی گەلی کورد لە لایەن هەموو گەلانی جیهانەوە.

مادەی چاردەهەم: کۆمەڵەی رزگاری کوردستان باوەری هەیە کە کورد لقێکی سەر بە خۆیە لە رەگەزی ئاریا و ئامادەی گرتنی پێوەندی دۆستایەتی و برایەتی‌یە لەگەڵ لقەکانی تر.

مادەی پازدەهەم: کۆمەڵە ئایینی پاکی ئیسلام بە مەزهەبی رەسمی کوردستان ئەناسێ و رێز و ئێحترامی هەموو ئایینەکانی تر ئەگرێت کە دانیشتوانی کوردستان باوەریان پێی هەیە.

دەزگای دامەزرێنەری کۆمەڵەی رزگاری کوردستان

جێی ئاماژەیە کە رەنگە ئەو راگەیندراوە پەیوەندی بە دامەزرانی رێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە هەبێ. چوونکە ئەگەرچی کۆمەڵە بە رەسمی لە ٢٦ رێبەندانی ١٣٥٧ دروست بوو بەڵام عەولای موهتەدی برای سەلاحی موهتەدی، دامەزرانی کۆمەڵە دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٤٨ .

## بەشی ٧٩
## کومیتەی ساخکەرەوە لە ساڵی ١٣٤٣

هەڵسوکەوتی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ ئەندامان و کاریگەری ناکۆکی نێوان مەلا مستەفا و باڵی مەکتەبی سیاسی، دژایەتی توندی بەشێک لە رێبەری حیزب لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی و دەستێوەردانی ئەوان لە کێشەکانی نێوخۆیی حیزب، بوو بە هۆی ئەوە کە ناتەبایی ریزەکانی حیزب قوڵتر بێ و لێک دابڕێن و کومیتەی ساخکەرەوە وەک دووهەم جوێبوونەوەی کەمایەتی ئەندامانی حیزبی دێموکرات، هەر بە ناوی حیزبی دیموکرات، بە رواڵەت بۆ ساخکردنەوەی حیزب لە بەلارێ دا چوون، دابمەزرێ. گەرای ئەو کومیتەیە بە هۆی باڵی مەکتەبی سیاسی کە دژی مەلا مستەفا بوون دارێژرا و وەک کۆمەڵەی رەزگاری کوردستان دژکردەوەیەک بوو بە دژی دەستەی ئەحمەد تۆفیق کە زۆر لە دژی باڵی مەکتەبی سیاسی هەڵسوورِ بوون و گۆڤاری دیسان بارزانی" یان بە بێ مەیلی مەلا مستەفای بارزانی بە نەهێنی دەر دەکرد.


هاشم ئەقەلولتوڵاب(قادر شەریف)

لە لایەکی دیکەش لە پەرەدان بە ناکۆکییەکانی ناو جوڵانەوەی کورد نابی دەستێوەردانی دەرەکیش راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە کەم بگیرێ. سەرهەنگ عامری قاتڵی زۆر لە پێشمەرگەکانی ٤٦ - ٤٧ لە لاپەڕەی ٥٨ کتێبی "نقاب" دا دەنووسێ کە کاتێک تیمسار ئووەیسی بە جیگای تیمسار مالک بوو بە بەرپرسی ژاندارمەری ئێران، رۆژێک بانگی دەکا بۆ تاران و بۆ جێگیرکردنی ئەمنییەت و پاراستنی سنوور دەینێرێ بۆ پیرانشار. سەرەتا فایلێکی ٣٠٠ لاپەڕەییان داوەتی کە خوێندوویەتەوە وا حاڵی بوو کە مام جەلال دەوڵەتی عێراقی ئاگادار کردوە کە ئێران یارمەتی بە مەلا مستەفا دەکا واباشە کە ئێمەش یارمەتی بە کوردەکانی ئێران کە لە عێراقن بکەین کە بچنەوە ناو خەڵک و بە دژی رێژیمی ئێران تەبلیغات بکەن. لە راستی دا سەدام رازی دەبێ و بۆ دەستپێکردن کەسانێک کە زۆر بە ناوبانگ نەبوون، وەک مەلا ئاوارە، سولەیمانی موعینی، مەلا ئەحمەدی (مەلامەحموودی) زەنگەنە، مەلا رەحیم، ئەحمەد تۆفیق، محەممەد بریاجی، هەڵمەت و عەوڵای موعینی دنێرنەوە بۆ ئێران و زیاتر لە ١٠٠ کەسان چەکدار دەکەن کە شوێنی کاری ئەوان زۆرتر مەهاباد و سەردەشت بوو.

بنی عامری دەنووسێ کە ئەو بە پلە چوو بۆ پیرانشار و بە فەوری پەیوەندی بە مرادی قەتاری (لە پیانشار قاوەچی بوو)گرت و زانیاری زۆری لێوەرگرت.

بەگشتی چارەسەر نەکردنی کێشەکان نێوخۆیی حیزب رووداوی ناخۆشی لێکەوتەوە و حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ١٨١ بیرەوەرییەکانی دەنووسێ: ڕۆژێک کاک سەعید کوێستانی هاتە لام و گوتی کاک حەسەن ئەگەر زوو دە فریای خۆمان نەکەوین دەگیرێین. منیش بە سەرسووڕمانەوە


حوسەین مەدەنی

گوتم بۆ؟ بۆ دەگیرێین چمان کردوە؟ کێ دەمانگرێ؟ کاک سەعید گوتی مەلا مستەفا دەمانگرێ، گوتم چۆنت زانی مەلا مستەفا دەمانگرێ؟ گوتی برادەرانی شیوعی پێیان گوتووم. ئەوکات حیزبی شیوعی لە ناوچەی قەڵادزێ زۆر بەهێز بوون و خەڵکی چەکداریشیان لە نێو پێشمەرگەی شۆرشدا زۆر بوون. هێندێک بە دوودڵی باوەڕم کرد، زۆریشم بەلاوە ناخۆش بوو دەنگ بداتەوە لە کورستانی ئێران کە مەلا مستەفا ئێمەی گرتوە، مەسەلەکەم لەگەڵ مەلا ڕەسووڵ و کاک حوسێن مەدەنی و ئەوانی دیکە وەکوو مامەند قازی و میرزا خدر، ڕەشید سمێل و جەعفەر کەریمی...هتد هێنا گۆڕێ. بڕیارمان دا بڕۆین بۆ ناوچەی ماوەت. لە ڕاستیشدا لە قەڵادزێ جێگا و ڕێگایەکی ئەوتۆمان نەبوو، زۆرتر هەر لەسەر ماڵان دەبووین، وامان بە باش زانی بە دوو دەستە بڕۆین، کاک سەعید و کاک قادر شەریف لە پێشدا بڕۆن ئێمەش بە دوایاندا. وابزانم ڕۆژێکمان نێوان بوو، بۆ ڕۆیشتنەکە. کاک سەعید و قادر شەریف زووتر ڕۆیشتن. لە ڕاستیدا بێجگە لە قادر شەریف ئێمە شارەزایی و ئاشنایەتیەکمان لای مەکتەبی سیاسیی پارتی نەبوو، لە دەوروبەری گوندی ئاوکورتێ یەکترمان گرتەوە. هیوامان زۆرتر بە کاک قادر شەریف بوو کە پێشتر ناسیاوی و ئاشنایەتیی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی هەبوو، کارێکمان بۆ بکا.

لە هاوینی ساڵی ١٣٤٣ کۆمیتەی ساخکەرەوە لە بەیانییەیەک دا دامەزرانی خۆی راگەیاند و بە فەرمی حیزبی دێموکرات بوو بە دوو بەش. بەمشێوەیە لەو رێکەوتەوە بە دواوە، نەریتی دزێوی دابەش و لەت لەت بوون و ئینشعاب، هەر لە ژێر ناوێ حیزب دیموکرات لە نێو حیزب دا، جێی گرت و هەرجارەش زیانی گەورە و قەرەبوو نەکراو بە حیزب کەوت.

لەسەر چۆنییەتی دامەزرانی کومیتەی ساخکەرەوە، ئەمیری قازی لاپەڕەی ٧٢ ی بیرەوەرییەکانی دا، دوای ئەوەی باسی ئەوە دەکا کە پەیوەندی سەلاحی موهتەدی و هێندیک لە هاوفکرانی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و سولەیمانی موعینی نەمابوو دەنووسێ: دەستەیەکی دیکە لە کادرەکانی حیزب وەک کاک حەسەن رەستگار، کاک حوسێن مەدەنی، کاک مامەندی قازی و کاک مەلا رەسووڵ پێشنەماز و ... لە پەنا و داڵدەی مەکتەبی سیاسی پارتی دا بوون و خەریک بوون شتێکیان پێک دەهێنا بە نێوی کومیتەی ساغکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وا بزانم پێکیش هات و زۆر زووش لێک بڵاو بوو.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٢١٢ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق ..."بە نەقڵ لە سەعید کوێستانی یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەرەکی کومیتەی ساخکەرەوە باسی چۆنییەتی دامەزرانی ئەو کومیتەیە دەکا و دەنووسێ:

دوای بە جێهێشتنی ئێران، ئەوە یەکەم جار بوو چاوم بە قادر شەریف دەکەوتەوە. ئەو پێشتر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرپرسی نهێنی کۆمیتەی بڵباس بوو. قادر شەریف دەیکوت ئەحمەد تۆفیق حیزبی رزاندوە و پێویستە خۆمان شتێک دروست بکەین. من و قادر شەریف هەردوومان تۆزێک چەپ بووین و لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئەحمەد تۆفیق یەکمان نەدەگرتەوە. من بە قسەی قادر شەریفم کرد و حوسێن مەدەنیشمان هێنا و بووین بە سێ کەس و کارمان دابەشکرد. قادر شەریف دانرا بۆ بەرپرسی پێوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکرات و مەکتەبی سیاسی پارتی. من و حوسێنی مەدەنی لەگەڵ ئەندامانی حیزب قسەمان دەکرد. دوای پێکهێنانی کۆمیتەی ساخکەرەوە، لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق کەوتینە ناکۆکی و ناچار بووین بچینە مەکتەبی سیاسی کە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری ئەوکاتی پارتی بوو. خانوویەکی چۆڵمان لە گوندی "مالومە" کردە مقەر. من و حوسێن مەدەنی دەچووین ئەو خەڵکانەمان دەدۆزییەوە کە لە ئێران قاچاغ دەبوون. رووت و بێدەرەتان بووین هیچمان نەبوو. قادر شەریفمان نارد بۆ مەکتەبی سیاسی کە بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ ئەوان بوو، داوای یارمەتی بکات. ناوبراو چاوی بە مامۆستا برایم ئەحمەد کەوت. ئێمە کە ٢٤ کەس بووین، ٢٤ تفەنگی کۆن و ٢٤ دەست جلوبەرگ و هەندێک پارەیان داینێ. چونکە قادر شەریف پارەکەی وەرگرت، ئێمە لە رادەی یارمەتی پارەکە بێئاگا بووین.

... بڕیارماندا کۆمیتەکەمان لە ٣ کەس ڕا بکەینە ٥ کەس. حەسەنی رەستگار لە پێشدا لە گەڵمان نەهات بۆ مالوومە، بەڵام کاتێک بنکەمان هێنا بووە دەوروبەری مەکتەبی سیاسی، لەوێ مەلا حەسەن و مەلا ئەبوبەکری فەلسەفیمان لەگەڵ خۆمان خست و ئەوانیش بە کۆمیتەکەمان زیاد بوون.٢٠ پێشمەرگە و کادیری حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئێمە کەوتن. عوسمان سەعید کە مامۆستابوو و لە مەهابادەوە رایکردبوو، کردمان بە مامۆستای کلاسی کادیر کە خولی کادیر بۆ پێشمەرگەکان بەرێوە بەرێت.



راوەستاو: حەسەن رەستگار. دانیشتوو: مامەندی قازی

هەر لەوبارەوە لە لاپەڕەی ٨ بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی دا، نوسراوەیەکی سەعید کوێستانی هاتووە کە دەنووسێ: من و مەلا ئاوارە و هاشمی هەقتەلەب(قادر شەریف) لە کوردستانی ئێران بە شاخانەوە لە ناوچەکانی دوور و نیزیکی کوردستان لە نێو خەڵک دا دەگەڕاین. بە نێوی ″کومیتەیساخکەرەوی ح. د. ک″ خەڵکمان روون دەکردەوە. من وقادر شەریف و مەلا ئاوارە لەو کەسانە بووین کە دەرکرابووین.

جەلیل گادانی لە لاپەڕەی ١٥٠ کتێبی "نیو سەدە تێکۆشان" دا لە زبانی مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی دەنووسێ: ″لە بەهاری ١٣٤٣ ناتەبایی و ناکۆکی‌یەکان لە نیوان خوالیخۆشبوو مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی زۆر توندتر ببوو. منیش بۆ سەردان چوومە عیساوی. لەوێ تووشی ئەو چەند هاوڕێ حیزبییە بووم کە ئەوانیش لە دەست ئەحمەد تۆفیق هەڵاتبوون و بنکەکانیان لە زینویی شێخی و ... چەک کرابوون. ئەوانە بریتی بوون لە: کاک حەسەن رەستگار، کاک حوسێن مەدەنی، کاک قادر شەریف و...

لەگەل ئەو هاورێیانە دەستمان بە قسەو باس کرد و هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە کومیتەی ساخکەرەوە پێکبێنین. کومیتەکە پێکهات کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە کاک قادر شەریف، کاک حەسەن رەستگار، سەید حوسێن مەدەنی، مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی، مەلا ئەحمەد شەلماشی و سەعید کوێستانی.

سێ کەسیش وەک جێگر یا موشاویر بۆ ئەو کومیتەیە دیاری کران: حەسەن نەغەدەیی، مەلا رەسووڵ پیشنماز و مامەندی قازی".

رادەی ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە ٧ کەس بوون. لە بەیانییەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٤٣ بە دژی کومیتەی ساخکەرەوە لە لایەن کومیتەی ناوەندی بڵاو کراوە، ئاماژە بە ٧ کەس کراوە و تییدا هاتووە: کۆمیتەی ساخکەرەوە لە سەفەری خۆی بەرە و مەزاری مەرگ، بەرگێکی رەشی لە ژیانی خۆی جێهێشت بە تایبەت ماموستای ″دانا″ و ″دوربین″ و ″لێوەشاوە″ واتە قادر شەریف و شەش کەس لە هاوکارانی هاوشێوەی خۆی ...

ئەگەرچی لەو بەیاننامەدا سەرەتا ئاماژە بە ٧ کەس کراوە بەڵام بە ئاشکرا ناوی ٦ کەس هاتووە کە کومیتەی ساخکەرەوەیان پێکهیناوە و تییدا هاتووە: قادرە کوێر و مەلا شەلە لە دامێنی گڵاوی بەرگی رەشی خۆیان هێرشیان کردۆتە سەر هەڤاڵی ئازا و خەباتگێرمان کاک فایەق ئەمین ″سولەیمانی موعینی″ کە لە سەرتاسەری ژیانی خۆیدا بە دڵسۆزیی و تەواو پاکی و راستگۆییەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا گیانبازیی کردووە. هاورێیانی حیزبی زۆر باش ناوبراو دەناسن و ئەو ئەندامێکی چالاکی حیزبمانە. لەبەر ئەوە میللەتی کوردی خۆشەویست بە تایبەت ئەندامانی یەکگرتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بروانن ئەم ئاگادارییەی خوارەوە:


سەعید کوێستانی

١) ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بریتین لە: ١- قادر شەریف " هاشم اقل طلاب"٢- مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی گەرماوی "مەلا شەلە" ٣- سەعیدی مەلا کەریم "سەعیدە کوێر" ٤- سەید حوسێنی مەدەنی ٥- عەبدوڵڵا سەدیق ٦- مەلا ئەحمەدی شەلماشی"مەلا " کە بە ئێوەیان دەناسێنین.

بەیانییەی حیزبی دێموکرات باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی رادەی ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە روون بێتەوە و کەسی حەوتەم، حەسەنی رەستگارە کە بە هۆی ئەوەی پەشیماننامەی نووسیبوو، ناوی نەهاتووە. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە لە لایەن حیزبەوە ئەوانی دیکە هەموو سەزای حیزبیان بۆ دیاری کرا تەنیا حەسەنی رەستگار نەبێ.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٢٤٠ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق..." لە زبانی حوسێنی مەدەنی یەکێک لە داڕێژەرانی سەرەکی کومیتەی ساخکەرەوە لەسەر کاری ئەو کومیتەیە دەنووسێ: بەر لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە، قادر شەریف کە زۆر لە کاری رێکخراوەیی و نهێنی شارەزا بوو دەیگوت:" تا خۆمان ساخ دەکەینەوە، دەبێ هەوڵدانەکانمان زۆر بە نهێنی بەرێوە بچن، ئەگەر نا ئەحمەد تۆفیق لێماندەدات". بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە و خۆ ئاشکرا کردنمان، من خۆم لە گەڵی چووم و بۆ ناوچەی سەردەشت و بانە و لەگەڵ مەلا ، خەلیل شەوباش، ئەحمەد شاتمان، عەبدوڵا خەیاتی "سەردەشتی" و چەند پێشمەرگەی تر، یەکەم مقەرمان لە گوندی ورچەک دانا. دوای ماوەیەکی کورت کە مام جەلال و ئەوانی تر هاتن بۆ بێژوێ و رژیمی ئێران رەوانەی هەمەدانی کردن، ئێمە توشی ئازار بووین و ئاغاکانی ملکاریی چوون بۆ گوندی هێرۆ و تکایان لە بارزانی کرد کە ئێمە رابگرێتەوە. بارزانی قبووڵی کرد و ئێمە چەند کەس گەڕاینەوە، بەڵام گوتمان ناچینەوە لای کاک ئەحمەد. بارزانی ئێمەی لە رانیە دانا و عەوڵا بارزانی لێکردین بە بەرپرس و لە نزیک مزگەوتی سەروچاوێ ماڵیان بۆ گرتین و موچەی مانگانەیان بۆ برینەوە.

مەلا رەسووڵی پێشنماز لە لاپەڕەی ١٥٢بیرەوەرییەکانی دا بە تورە بوون لە سەعید کوێستانی باس لە چۆنییەتی دامەزرانی کومیتەی ساخکەرەوە دەکا کە چۆن دروست بووە و کێ لە پشتی ئەو دامەزرانە بووە و دەنووسێ کە قادر شەریف لە لای مەکتەبی سیاسی بوو بە پەلە حوسێنی مەدەنی و سەعید کوێستانی دەبا بۆ ئەوێ و لەوێ سێ قۆڵی کومیتەی ساغکەرەوە دادەمەزرێنن و دوایەش حەسەنی رەستگار و مەلا ئەبوبەکری فەلسەفیش دەبن بە ئەندام و دوایەش مەلا رەسووڵ پێشنماز و مامەندی قازی بوون بە راوێژکار.

مەلا رەسووڵی پێشنماز لە لاپەڕەی ١٥٤سەربردەی ژیانم هەر لە پەیوەندی لەسەر کار و تێکۆشان لە کومیتەی ساخکەرەوە دا دەنووسێ: دوای ماوەیەک لە سەر داوای حەسەن(رەستگار) کە لە نامەیەکدا بۆی نوسیبووم، خۆم و مامەندی قازی و جەعفەری کەریمی و عوسمانی عەزیزیانی خزمی خۆم، قەلادزێ بە جێ بێلم و برۆم بۆ لایان، چونکە لەوێ جیگا و رێگایان بۆ دابین کردووین و خەریکی دەرکردنی بڵاوکراوەیەکین، بارگەمان تێک نا بە نوورەدین و لای گەناو و داوێنی دۆڵی سەفرەو زەرووندا پەرینەوە بەری ئیساوە و ئەو ناوە، کە گەیشتین برادەران  لە ئیساوە لە نیزیک مەکتەبی سیاسی پارتی لەناو کەپردا بوون، مامۆستا قادر شەریف بە خۆیی و بەو قەڵافەتەیەوە باوەشێک دەفتەر و کاغەز و قەڵەمی لەبەر دەستدا بوو بە لاساییکردنەوە لە مامۆستا برایم ئەحمەد ، هەم خۆی بە سکرتێری ئەو پازدە بیست کەسە دەزانی و هەم سەرگەرمی دەرکردنی بەیانی

کۆمیتەی ساغکردنەوە بوو کە پڕی بوو لە درۆو دەلەسەر شتی نارەوا، لە دەوروبەری ئێمەش دیار بوو چادری عیسا پژمان کوردی بە کرێگیراوی شای لێبوو کە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەرپرسیاریەتی پەیوەندییەکانی ئەوانی دەکرد و نیارە راپۆرتی رۆژانەی دەدایەوە بە ساواکی شا.

مەلا رەسوڵ لە درێژەدا دەنووسێ کە دوای چەند رۆژ بارەگایەکەیان بردە گوندی سەرا و میراو و بۆتە بەرپرسی نیزامی و نەزم و نیزامێکیان دامەزراندووە. دوایە دەچن داوای چەند تفەنگ لە عومەر دەبابە و کەماڵ موفتی دەکەن کە لە لایەن باڵی مەکتەبی سیاسی لە ئاواییەکانی "باسنە" و "رەشەکان" نیشتەجێ ببوون. ئەوان رێزیان زۆر لێدەگرن و مەلا رەسووڵ دەنووسێ کە لە کاتێک دا هەر رۆژە چەند پێشمەرگە هەڵدەهاتن و پەنایان بۆ مەلا مستەفا دەبردەوە و تەفەنگیان زۆر بوو بەڵام ئەوان هەر ٦ تفەنگی خراپیان دانێ. دوایە دیسان پەیوەندی بە مەکتەبی سیاسییەوە دەگرن و یازدە تفەنگی دیکەشیان دەدەنێ.

مەلا رەسوڵ، حەسەنی رەستگار بە کارگێڕی سەرەکی ئەوە جویبوونەوە دەزانێ و لە لاپەڕەی ١٥٢ دا دەنووسێ: ... جیا بوونەوەی ئەو کۆمەڵە لە ئەحمەد تۆفیق بە هۆی حەسەن رەستگارەوە بووە و هەر ئەویش بەرپرسایەتی سیاسی هەبوو.

یارمەتی باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ کومیتەی ساخکەرەوە، لە بەیانییەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٤٣ بە دژی کومیتەی ساخکەرەوە لە لایەن کومیتەی ناوەندی بڵاو کراوە هاتووە کە مانگانە بری پەنجا هەزار دینار "دەمیلیون ریال" دراوە بە باڵی مەکتەبی سیاسی و ئەوانیش بۆ لەبار بردنی جوڵانەوەی کورد کەڵکیان لیوەرگرتووە و تێیدا نووسراوە: بەڵی بێگانە لە پێناوی بەملا و ئەولا بردن و پەرتکردنی رێزەکانی حیزبەکەمان ئەو پارە و پاداشتانەی داوەتە ئیبراهیم ئەحمەد و ناوبراویش ئەو پارانەی لە لایەن خۆیەوە بە ناوی هاوکاری داوەتە سەلاحەدین و مەلا ئەبوبەکرە شەلە و قادر شەریف و چەند کەسی دیکە لە هەڵخەڵتاوان و لادەران. لە دوایین قۆناغدا ئەو پارانە دراونەتە ئەندامانی داوێن پاکی کۆمیتەی ساخکەرەوە بەڵام ئەوان نەیانتوانی کە بەو پارەیە لە نێو شارەکاندا بە ژیانی پر زەوق و خۆشگوزەرانی رابوێرن بەڵکو پارەکەیان داوەتە کەوشی توند و تۆڵ و سووکەڵە تا بەو هۆیەوە لە بەردەم توورەیی و غەزەبی میللەت و لەشکری شۆرشگێری کوردستان هەڵبێن و گیانی خۆیان نەجات دەدەن.

لەسەر پێشینەی کار و تێکۆشانی مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی کە پەیوەندێکی قووڵی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی هەبوو و بۆخۆی لە سایتی ئینتیرنێتی رۆژهەڵات لە وتووێژ لە گەڵ رەحمان خالید نژاد دا دەڵێ: لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی ماڵی ئێمە کە لە گوندی ئاوکورتێ لە ناوچەی ماوەت بوو، بێجگە لەوەی کە مەلا و پێشنوێژی ئایینی گوندەکە بووم بەرپرسی کۆمیتەیەکی بەرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بووم بە ناوی م. ب. س. ئەو مەڵبەندە کاروباری تەشکیلاتی و ڕێکخستنی ناوچەی مەریوان، بانە، سەقز و سەردەشتی بە ئەستۆوە بوو. ئەندامانی بەرچاوی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە کاک ڕەشیدی ئەحمەدی (ڕەشیدخانی کیوەرۆ) و میرزا عەبدوڵڵای

نەعلبەندی و... مەڵبەندی م. ب. س. بە چاودێری ماددی و ڕاوێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی بەڕێوەدەچوو".

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەیٔ ١٠٩ بیرەوەرییەکانی دا ئاماژە بەوە دەکا کە لە ساڵی ١٩٦٢ مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی و میرزا عەوڵا ناڵبەند بڕیاریان دا تا بە یەکەوە بۆ چالاک کردنی حیزب لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی باڵی مەکتەبی سیاسی دا کار بکەن. ئەوان ساخ بوونەوە کۆمیتەیەک بە ناوی لقی م. ب. س. واتە مەریوان، بانە، سەردەشت دامەزرێنین.

حەسەن ڕەستگار لە لاپەڕەی ١٨٢ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە لەگەڵ قادر شەریف و حوسێنی مەدەنی و سەعید کوێستانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی دانیشتن و ئەوان داواکانیان لێ قبووڵ کردن. لەسەر ئەوە کە داواکانیان چ بووە حەسەنی ڕەستگار دەنووسێ: ئێمە لەلای خۆمانەوە داواکامنان لە چەند خاڵدا کۆ کردبوونەوە، یەکەم شوێنێکمان بۆ دیاری بکەن لێی نیشتەجێ بین، دووهەم هێندێک چەک و تەقەمەنیمان بدەنێ، سێهەم هێندێک کەرەسەی چاپەمەنیمان بدەنێ کاروباری بڵاو کردنەوەکانی خۆمانی پێ ڕاپەڕێنین، چوارەم بۆ هاتوچۆ بۆ نێو کوردستانی ئێران ئازاد بین و کەس پێشگیریمان لێ نەکا. دانیشتنەکەمان پێک هات هەر لەو کاتەدا مەلا ئەحمەدی شەڵماشی (مەلا ئاوارە) و مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی لە مەکتەبی سیاسی بوون. لە دانیشتنەکەدا مام جەلال لەوێ نەبوو، مامۆستا برایم ئەحمەد، کاک سەید عەزیزی شەمزینی بوون، داواکامنان هێنانە گۆڕێ، بێجگە لە کەرەسەی چاپەمەنی لەسەر شتەکانی دیکە بەڵێنیان دا بۆمان جێبەجێ بکەن. داوایان کرد مەلا ئاوارە و مەلا ئەبووبەکر مرۆڤی باش و بە کەڵکن، قسەیان لەگەڵ بکەن با ئەوانیش هاوکاریتان بکەن. ئێمەش پێمان خۆش بوو خەڵکی دیکەمان لەگەڵ بکەوێ. بۆ نان خواردن ئەوانیشیان بانگ کرد بە دوای نان خواردندا ئێمە لەگەڵ مەلا ئاوارە و مەلا ئەبوبەکر کۆبووینەوەیەکمان کرد. دوای قسە و باسێکی زۆر ئەوانیش پێیان خۆش بوو هاوکاریمان بکەن. دیارە ئەوان زۆر پێشتر پێوەندییان بە مەکتەبی سیاسیی پارتیەوە هەبوو، ئێمە تەنیا لە دوورەوە ناویامنان بیستبوو. سەرئەنجام بەم ئاکامە گەیشتین کە ئەوانیش بێن ببن بە سەرکردایەتیی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئێوارە گەڕاینەوە هەتا ڕادەیەک هیوادار بووین کە چەک و چۆڵمان بدەنێ و شوێنی حەوانەوەمان بۆ دیاری بکەن. یەک دوو ڕۆژ بەسەردا تێپەڕی ئاگاداریان کردین کە ماڵێکیان لە گوندی مالوومە بۆ دیاری کردووین. چەند برادەر لەگەڵ کادرێکی پارتی ڕۆیشتن بۆ مالوومە و گەڕانەوە لایان باش بوو. هێندێک ڕایەخ و پێ خەفیشیان پێداین لە گەڵ خواردەمەنی و کەرەسە و وەسیلەی چێشت لێنان. بەرەو گوندی مالوومە ڕێ کەوتین. چونکە ببووینە خاوەن ماڵ و بنکە زۆر خۆشحاڵ بووین. دەردی گرامنان بێ چەکی بوو، دەستمان کرد بە کۆبوونەوان بۆ نووسینی بەیاننامە لەسەر ئەحمەد تۆفیق. کاک قادر شەریف زۆری دەگوت کە ئەو زۆر شت لەسەر ئەحمەد دەزانێ کە کەسی دیکە نایزانێ. هەموومان بەو ئاکامە گەیشتین کە قادر شەریف بەیاننامەکە بنووسێ و ئێمەش پێیدا بچینەوە. لە ڕاستیدا ئەو کات ئێمە سەرمان لە نووسینی بەیاننامە دەرنەدەچوو. ماڵەکەمان دوو هۆدە بوو، لە سەرەوە دوو هۆدە و تەویلەش لە

خوارەوە و خاوەن ماڵەکەی تێدا بوو. ژوورێکمان تەرخان کرد بۆ کاک قادر شەریف بەیانییەکە بنووسێ. نازانم چەند ڕۆژی پێوە بوو، دوایی کۆبووینەوە لەسەر بەیانییەکە و لاپەڕە بە لاپەڕە بۆی دەخوێندینەوە و ئێمەش قسەمان لەسەر دەکرد. ئەو بەشەی کە پێوەندی بە دەورانی هاوکاریی کاک ئەحمەد و قادر شەریفەوە هەبوو و ئێمە لێی ئاگادار نەبووین و قادر شەریف نووسیبووی بۆ وێنە: چوونی کاک ئەحمەد بۆ تاران و پێوەندی بە کار بەدەستانی ئەمریکا و ئێران کە بەشی زۆری بەیاننامەکەی پێک دێنا، ئێمە زۆرمان قسە تێدا نەکرد، بێجگە لە هێندێک پرسیار کە کاک قادر شەریف وڵامی دەداینەوە. بەڵام کە دەگەیشتە ئەو شوێنانەی کە پێوەندی بە کاری تەشکیلاتیی حیزبەوە هەبوو لەگەڵ ڕەفتار و کرداری کاک ئەحمەد ئێمە قسەمان زۆر بوو. ئامادەکردنی بەیاننامەش چەند ڕۆژی خایاند. مایەوە تایپ و چاپ کردنی، تایپەکەم لە یاد نەماوە بەڵام چاپەکەی بە ڕۆنیوی مەکتەبی سیاسی بوو. لەو نێوەشدا ئێمە لێکدا لێکدا داوای چەکمان دەکرد، لامان وابوو ئەگەر چەکمان پێنەبێ حیسابی مرۆڤیشمان بۆ ناکەن. لەو کاتەشدا کە مەترسیی شەڕ لەگەڵ مەلا مستەفا دەهات نیزیک دەبۆوە پێشمەرگەی پارتی چەکیان دادەنا یان بە چەکەوە دەڕۆیشتن بۆ لای مەلا مستەفا. مەکتەبی سیاسیش هێندێک چەکی تازەی دابوو بەو کەسانەی دەوروبەری خۆیان کە متمانەیان پێیان هەبوو، واتە دەمانزانی چەکی زیادە زۆرە. لە چاپی بەیاننامەکە بووینەوە کە وردە کێشە و وردە گلەیی لە نێوان خۆشماندا پەیدا بوو. هەر وەکوو کاک سەعید کوێستانیش نووسیویەتی بەڕاستی حەوانەوە لەگەڵ کاک قادر شەریف زۆر زەحمەت بوو، لە دار و بەرد و زەمین و زەمان بە شک و گومان بوو. بەیاننامەکە لە چاپ هاتە دەر، دابەش کرا بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ کێشەی نێوانمان توندتر و گەورەتر دەبوو.

## بەیانییەی کومیتەی ساخ کەرەوە

ئاشکرا بوونی کومیتەی ساخکەرەوە بە دەرکردنی بەیانییەک لە ژێر ناوی "بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە" دەستی پێکرد و لەوێ دا هەڵسوکەوتی ئەحمەد تۆفیق و مەبەست و ئامانجەکان و هەڵوێستی کومیتەی ساخکەرەوە خراوەتە بەرباس. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٢١٣ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق..." دەقی بەیاننامەی کومیتەی ساخکەرەوەی هێناوە بەمشێوەیە:

بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەربارەی چۆنیەتی ماهیەتی حیزب و ئاکارە گڵاوەکانی ئەحمەد تۆفیق

( عەبدوڵلا ئیسحاقی)

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە حیزبێکی میللی و دیموکراتیکە بنەڕەتی لەسەر شانی زۆربەی خەڵکی کوردستانە و ڕیشەی قووڵ و مێژوویی لە نێو جەرگەی نەتەوەکەماندا بنجبەست بووە بۆ وەدیهێنانی رزگاری و سەربەخۆیی پێکهاتووە و دامەزرێنەری جمهوری میللی و دیموکراتی کوردستانە کە حورمەت و پرستشیکی جیهانی بەخۆیەوە گرتووە و تا ئێستا لە پێناوی رەوت و

ڕێبازی ناوەڕۆکە پێشکەوتووە مێژووییەکەیدا بە هەزاران ڕۆڵەی نەبەز و شەڕافەتمەند گیانی شیرین و تەمەنی لاویەتییان بەختکردووە و بوونەتە قوربانیی نەتەوە و نیشتمانەکەیان.

هەرچەندە دامودەزگای کۆنەپەرستان و داگیرکەران بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ تێکدانی ڕیزی حیزب کە ئاڵاهەڵگری ئامانجی بەرزی نەتەوەکەمانە هەوڵ و تەقەلایەکی بێوێنەیان داوە. بەڵام بیروباوەڕی ڕاستەقینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەکارهێنانی تاکتیکو ئامۆژگارییەکانی لە نێو جەرگەی خەڵکی کوردستاندا ڕۆژ بەڕۆژ پتەوتر و بەهێزتر شەقامی پان و بەرینی تێکۆشانی بڕیوە و لە هەموو هەل و کاتێکی ناسکدا بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەستاوە، هەر ئەوە بوو کە لەبەرهەمی ئەو خەبات و تێکۆشانە دەرفەتێکی هەرە لەبار و واقیعی لە ساڵەکانی ٣٥-٣٧ بۆ حیزبمان خوڵقا بەم جۆرە:

١ – بە نیسبەتی نێوخۆ: گەلەکەمان بەهۆی ستەمی نەتەوایەتی و بێبەشی لە تەواوی لە تەواوی پێویستیی مرۆڤایەتی و چەوسانەوەی هەمەچەشنی هەستی هاتە جۆش و بە عیشق و عەلاقەیەکی گەرمەوە پێشوازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەدا کرد، هەروا ڕێکخراوەکانی حیزبمان ڕێکوپێک پەرەگرتووتر لە جاران زۆربەی مەڵبەندەکانی نیشتیمانی گرتەوە و دامودەزگای حکومەتی تاران بەو هەموو هێزەوە لە بەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوە و حیزبمان دۆش دامابوو.

٢ – بە نیسبەتی گشتی ئێران: ئا لەم حەلەدا نەتەوەکانی فارس و ئازەر و کەمایەتیەکانیتر بەهۆی زاڵبوونی دامودەزگای ساواک و پەیمانی شەڕاوی سەنتۆ کەوتبوونە ژێر توندترین ئازار و بەند و کوشتوبڕی لێ وەتەنگ هاتبوو و بە هیوایەکی زۆر چاویان بڕیوەتە بزووتنەوەی نەتەوەکەمان کە ببێتە سەرچاوەی جووڵانەوەی گشتی لە سەرتاسەری ئێراندا.

٣ – بەنیسبەتی جیهان: مەسەلەی مێژوویی نەتەوەی کورد و هەڵکەوتی تەبیعیی کوردستان کە بڕبڕەی پشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە بەهۆی زاڵبوونی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی وێڕای قوتبوونەوەی پەیمانی شەڕاوی سینتۆ کە گەورەترین مەترسی بۆ بەرەی میللەتان و هەروەها بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەیان پێکهێنابوو سەرنجی گشتیی وڵاتانی دێموکراتی و هەروەها کۆڕ و کۆمەڵەکانی پێشکەوتەی جیهانی ڕاکێشا بە جۆرێک کە لە هەموو ڕۆژنامە و رادیۆکانی عالەمدا خرایە پێش چاو و دەنگی دایەوە. لەو سەردەمەدا دوو مەسەلەی مێژوویی هەرە گرنگ بۆ  هاتە گۆڕی.

یەکەم کۆنگرە، دووەم ڕاپەڕین: لەمەڕ کۆنگرە وە کۆمیتەی ناوەندی لەسەر داخوازی و پیشنیازی زۆربەی ئەندامانی پیشکەوتووی کۆڕی خەبات لە نەورۆزی ١٣٣٨دا بە ئیتفاقی کۆمیتەی ئەیالەتی بڕیاری قەتعیان دا بۆ بەستنی کۆنگرە لە پووشپەڕی ١٣٣٨دا نوێنەرانی کۆمیتەکانی حیزب بۆ هاوبەشی لە کۆنگرە هەڵبژێردران و جێگای تایبەتی دیاریکرا.

لەبارەی ڕاپەڕین: جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی میللەتان لە جیهاندا بە تایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقا لە دژی ئیرتیجاع و ئیستعمار تەئسیرێکی قووڵی کردەسەر بەهێزتربوونی هەستی بزواوی نەتەوەکەمان بۆ ڕاپەڕینی ئازایانە. ئەوەبوو لە هەندێک لە مەڵبەندەکانی نیشتیماندا وەکو سۆما،

برادۆست، سپیران و هەروەها جوانڕۆییەکان چەکدارانە دژی داگیرکەران ڕاپەرین. تەنانەت لە ڕۆژنامەکانی جیهانی هەتا ئێرانیشدا دەنگی دایەوە.

کادرەکان بە ئەرکی ویجدانی حیزبیان زانی کە ئەوی مەسەلەی گرنگە بخەنە بەرچاوی ناوەندی بۆ کەڵکوەرگرتن و پێهەستانی. کۆمیتەی ناوەندیش لە پووشپەڕی ١٣٣٦ دا لە ڕووی لێکۆڵینەوە و بەرژەوەندیی وەزعی گشتیی ئێران و بە تایبەتی کوردستان و هەروەها وەزعی گشتیی جیهانی هاتەسەر ئەو ڕایە کە بە هەموو هێز و توانایەکەوە هەوڵ و تەقەلا بدرێ بۆ کەڵکوەرگرتن لەو هەلە هەڵکەوت و بە نرخە. بەم جۆرە دەستکرا بە دانانی نەخشە و پیلان لە هەر بارێکەوە و بڕیاردرا کە بۆ وەرگرتنی نەزەری گشتیی جیهانی هەروەها ڕاکیشانی سەرنجی گەلانی ئازادیخواز دوو کەس بنێردرێنە دەرەوە. ئەوە بوو ئەحمەد تۆفیق بە ناوی مەسئول و ڕەحمانی قاسملوو بە ناوی مشاویر رەوانەکران.

ئەو مەئموورییەتە کە پێویست بوو زۆر گورجوگۆڵانە ئەمجام بدرێ ١٣ مانگی خایاند و لەو ماوە دوورودرێژەدا ئەحمەدتۆفیق نەک هەر ئەرکە پێسپێردراوەکانی بەجێ نەگەیاند بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستیدایە ئەو کردەوە گڵاو و تاوانباریانە:

١ – لادانی لە ڕەوت و ڕێبازی حیزبایەتی و هەروا لەخۆدا نواندنی حیزب لەبەرچاوی هەموو کۆڕ و کۆمەڵە دیموکراتییەکانی هەندەران.

٢ – چاندنی تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکایەتی و بەدزمانی و فیتنەگێڕی لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا و ڕاگەیاندنەوەی ئەو کردەوە ناپەسندانەی بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبمان.

٣ – رەفتارکردی ناڕەوا و دوژمنانەی دوور لە شێوەی حیزبایەتی دەگەڵ ڕەحمانی قاسملوو. بەم جۆرە بە کۆڵێک تاوانبارییەوە گەڕایەوە.

ئەو کردەوەو ئاکارانە بوونە هۆی نزمبوونەوەی حورمەت و ناوبانگی حیزبمان لەبەر چاوی گشتیی و دەرەوە هەروەکو بوونە هۆی بەجێ نەگەیاندنی ئەو کارانەی خرابوونە ئەستۆی.

لە مانگی گەلاوێژی ١٣٣٧دا لەسەر ئەو کردەوە و ئاکارە ناجوامێرانە لەلایەن هەندێک لە هەواڵانی کۆمیتەی ناوەندییەوە ئەحمەد تۆفیق بانگ کرا بۆ لێپرسینەوە و موحاسەبە کردن بەڵام بۆ خۆشاردنەوە و هەڵاتن لەبەردەمی لێکۆڵینەوەی تاوانباریەتی دەورێکی پڕ لە شەیتەبازانەی (گانگستەر) بە شێوەی هەڵلاوبگر گێڕا. هەر لەودەمەیدا بوو کە بە بۆنەی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە کۆماری عێراق پێکهات بانگی هاوبەشییەتی نیشتمانی و برایەتیی کورد و عەرەب بەرزکرایەوە بۆیە هاواڵانی حیزبمان بەپێویستیان زانی کە ئەحمەد تۆفیقی تاوانبار لەژێر چاودێری و مەسئولییەتی هاواڵێکی تردا بنێرنە کوردستان بۆ لێگێڕانەوەی هاوڕێیانی دیاریکراو و پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوە.

هەروەها سەرێکیش لە کۆماری عێراق بدەن بۆ ئەوەی لەو دەرفەتە هەڵکەوتە سەبارەت بە مەبەستی باس لەسەرکراوی سەروو کەڵک وەربگیرێ.

لێرەدا پێویستە روونی بکەینەوە کە مەبەست لە ناردنی ئەحمەد تۆفیق تەنیا لەبەر شارەزایی بووە بەڵام بەداخەوە لە نێوەی ڕێگادا هاواڵی مەسئول لە لایەن دوژمنەوە دەستگیرکرا. ئەحمەد

تۆفیق مانەوەی بە تەنیایی خۆی بەدەرفەت زانی و یەکسەر بە هەڵەداوان چوو بۆ کۆماری عێراق و لەوێ لە ژێر ناوی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کەوتە هەڵوێستی گێرەشێوێنی و تێکدەرانە و دەستێوەردانی نالەبارانە و هەستان بە پێچەوانەی هەر جۆرە یاسا و ڕێبازی حیزبایەتی و چاندنی تۆی دووبەرەکایەتی و فیتنەگێری لە نێوان ڕێکخراو و کۆمەڵە سیاسییەکانی عێراق و هەوەها پیاوانی سەربەخۆی کورد لە کوردستانی عێراق بە تایبەتی دەورێکی پڕ لە سوور و ئاگربارانەی بەرامبەر بە پارتی دێموکراتی کوردستان دەگێرا. ئەوە بوو دەستی کردە نانەوەی ئاژاوە و گێرەشێوێنی لە نێوان ئەندامانی پارتی و هەروا زوڕنای ناو و ناتۆرەی بەم جۆرە لێدەدا، دەیوت: پارتی بورژوایە، ناتوانێ ئامانجەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستان بێنێتەدی. پارتی کۆمۆنیستە، لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جوورنایەتەوە. پارتی دەگەڵ ناسر رێککەوتووە... هتد. پیاوە سەربەخۆیەکانی کوردیش بەکرێگیراون. دیموکراتییەکانیش لە مەبدا لایانداوە. مەبەستی ئەو تاوانبارە لە رێکخستنی ئەو بەند و باوانە تەنیا و تەنیا هاندانی کۆماری ٢٥ی گەلاوێژ بوو لە دژی هەموو ئەحزابە سیاسییەکانی عێراق بە تێکڕایی و پارتی دێموکڕاتی کوردستان بە تایبەتی. هەروا گۆڕینی نەزەری گشتیی کۆمەڵە پیشکەوتووەکانی جیهانی بەرامبەر جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان.

دیارە ئەو کردەوە ناپیاوانە یارمەتییەکی گرنگە بۆ هێزەکانی کۆنەپەرست و ئیمپریالیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: لەسەر ئەو کردەوە چەوت و چەوێلانە چەند گوزارشتێک درایەوە بە کۆمیتەی ناوەندی حیزب بەم جۆرە:

ئا) لە یەکەمی مانگی خاکەلێوەی ١٣٣٨دا ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ لە لایەن هاواڵێکی حیزبەوە پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندی کرا، هەواڵان بە هاودەنگی بە نووسراوەیەکی بەرین تاوانباریان ئاگادار کرد کە دەست لەو تاوانانە هەڵبگرێ و بەرەو ڕێبازی حیزب بگەڕێتەوە. تەنانەت لە نووسراوەیەکی دۆستانەی حیزبیشدا داوا لە بارزانی کرا کە بەرهەڵستی جووڵانەوەی ئەم تاوانبارە بکات بەڵام نووسراوەکە بەرلەوەی بگاتە بارزانی کەوتەدەست تاوانبار ئەحمەدتۆفیق و لە نێوی برد.

ب) لە مانگی بانەمەڕی ١٣٣٨دا هەواڵێکی مشاویری کۆمیتەی ئەیالەتی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە نێردرایە بەغدا بۆ گیرانەوەی تاوانبار بەلام ئەوجارەش سەرپێچی کرد.

ج) لە مانگی جۆزەردانی ١٣٣٨دا تا رەزبەری هەمان ساڵ نووسراوەی دیکەی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆ نووسراوە کە بە زووترین کات بگەڕێتەوە و دەست لە هەڵوێستی تاوانباری و سەرپێچی لە دەستوراتی حیزبی هەڵبگرێ دەنا بەپێی یاسای حیزب غیابەن سزا دەدرێ دیسان تاوانبار فرمانی حیزبی خستە پشتگوێ ئەوە بوو لە نووسراوەی دواییدا سەلبی مەسئولیەتی لێکرا.

پێویستە ئەوەش بزانرێ کە ماوەیەک پێش سەلبی مەسئولیەتی وەسایلی چاپەمەنی حیزبی ڕفاند و بە تەنیایی نەشریاتی لەسەر بیروباوەڕی لادەرانە بە ناوی حیزبەوە بڵاودەکردەوە. هەروەها بە دەستێوەردانی لە کاروباری کۆمیتەکانی نزیک سنوور و "بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی حیزب و

ئیعترافاتی خائینانەی اسماعیل قاسملو" لە کاتی گیرانی کە بەرهەمی تەئسیراتی ناحەزانەی تاوانبار ئەحمەد تۆفیق بوو سەرئەنجامی پەلاماری دڕندانەی ١١ی خەزەڵوەری ١٣٣٨ی بۆسەر حیزبمان پێکهێنا، ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەدا بە سەدان هەواڵی پیگەیشتووی کۆڕی خەباتی حیزبمان وێڕای زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خرانە بەندیخانەکانی دەوڵەتی زۆرداری تارانەوە بێ مەحکەمە و دادگای قانوونی کەوتنە ژێر ئەشکەنجە و ئازار و چەرمەسەرییەوە. هەروا چەندان ئەندامی بە دیمەنی حیزب و لاوی نیشتیمانپەروەر ی هەندەران بوون کە لەوانە نزیکەی ١٥٠ ڕۆڵەی قاڵبووی مەیدانی تێکۆشان لە کوردستانی عێراق، شاری سولەیمانی، کۆبوونەوە.

لەوێدا بەهۆی هەڵکەوتی لەباری کۆماری و هەستی بەتینی هاونەتەوەکانمان شەڕایت و هەلێک پێکهات کە هەوالان توانیان بکەونەخۆ بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکانیان لەبەر ئەوە کۆمیتەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی حیزب پێکهات و دەستیکرد بەم ریزە کارانە:

١ - ئیقداماتی ڕێکوپێک وەکو دەرکردنی بەیان" ئۆرگانی حیزب، نووسین و بڵاوکردنەوەی مەقالات لە رۆژنامەکانی هەندەراندا" تێلگرافاتی ئیعتراز بۆ سازمانی میللەل و باڵوێزخانەکانی ئێران و ...

٢ - دانانی نەخشە و پلان بۆ پڕ کردنەوەی سەنگەرەکانی حیزب و بەجێهێنانی بڕیارەکانی پێشووی حیزب.

٣ - ڕەنگدانەوەی ئەو بزووتنەوەیەی لە هەندەران بوو بە هۆی هێمن بوونەوەی باری گرژی سەر نەتەوەکەمان هەروا کەمکردنەوەی حوکم و ئازاردانی گرتووەکانمان لە بەندیخانەدا.

دیسان تاوانبار ئەحمەد تۆفیق کەوتە تەقەلا بۆ تێکدانی ئەو بنچینەیە بە کەڵکوەرگرتن لە بەزیو و مەسڵەحەت پەرستان، هەروا بە یارمەتی سازمانی ئەمنی عێراق کە پێوەندییەکی بە هێزی لەگەڵدا بەستبوو بەرهەمی ئەو کردەوە خائینانە بوو بە هۆی بڵاوبوونەوە و لێکپچڕانی هاوڕێیان هەریەکەو بە جۆرێک. دوابەدوای پەرتەوازەیی و دەربەدەری برادەرانمان ( کۆمیتەی کاتی) کەوتە هەوڵ و تەقەلادان بۆ ئەوەی ئەحمەد تۆفیق بهێننە بەردەمی لێکۆڵینەوە و پرسیار بە پێی توانا حورمەت وگیانی حیزبە پێشڕەوەکەمان لە کەڵبەی خوێناوی ئەو گورگە هارە بپارێزرێت بە هەر قیمەت و هەوڵێک بوو تاوانبار سازکرا بۆ ئەوەی بێتە کۆڕی کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوە و حساب دەگەڵ کردنی. لە ڕۆژی دیاریکراو کۆبوونەوە دەستیپێکرد دوای ٨ رۆژ درێژەپێدان بەو کۆبوونەوەیە تاوانبار ئەحمەد تۆفیق بە مەرگە مەلە و پەلەقاژە کردنی بۆ هەڵاتن و خۆ دزینەوە لە بەردەمی لێپرسینەوەی مێژوویی هیچ چارەسەرێکی بۆ تەقڵەبازی و خۆلینگدان نەمایەوە بێجگە لەوەی کە سەر شۆڕ بکات و چاوی پڕ لە خەیانەت و تاوانباری لە عەرزی بێدەنگی ببڕێ و ئیستعفای خۆی تەقدیم کرد کە ئێستا لامانە و وا لە خوارەوە ئەیخەینە بەرچاو:

هاوڕییانی بەڕێز، بەڕێوەبەرانی کاتی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان

وێڕای سڵاو و حورمەت سەرەڕای ئەوەی دەزانم دەبوایە زۆر بە درێژی لەو نووسراوەدا بدوابام و نووسیبام بەڵام چونکو چکاوەکەم بەزار بۆتان باس کرد ئیتر بە پێویستم زانی لێرەش لەسەر نەڕۆم. دیارە درێژەی ئەو نووسراوە لە دواییدا بە درێژی پێشکەشی دەکەم.

هەل و هەوایەکی کەوا ئێستا دەنێو هاوڕییاندا خوڵقاوە لەپێشدا بەزۆر بۆنانەوە بەرامبەر من بە هەموو لا و سەرێک دا لێکم داوەتەوە ( قۆناخی) ئەرکی چۆڵکردنی (کورسی) و مەسئولیەتی خستۆتە سەر ئەستۆم وا بەدوای دوازدە ساڵ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ماوەیەک لە کەنار دادەنیشم تا کۆبوونەوەی بەڕاست و بەرزی ( کۆنگرە)حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم جۆرە لەو جۆرە لەو بەروارەدا پێشکەش دەکەم.

دیسان سڵاو و حورمەت هاوڕێتان عەبدوڵڵا اسحاقی

١١ی بانەمەڕی ١٣٤٠- ١٩٦١/٤/٢٩

جێگای سەرنجە کە بزانین خەیانەتکار ئەحمەد تۆفیق ئەو دەرچوون و گۆشەنشینیەی بردە سەر؟ دەبێ بڵێین نەخێر، بەڵکوو دوای چەند رۆژێک لە بەسەرچوونی کاتی ئیستعفاکەی دەستیکردەوە بە ڕیزە ئاکارێکی ئەوتۆ کە لاپەڕەی مێژووی رەشی خیانەتکاران لە بەخۆوەگرتنی ئەو کردەوانەی شەرم دەکا. پاش ئەوەی خەیانەتکار ئەحمەد تۆفیق بۆی دەرکەوت کە تەواوی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان هەروا زۆربەی ئەندامانی حیزبیمان هەستیان بەو ئاکارە تاوانبارییانەی کردووە و لە نێو ریزەکانی پێگەیشتووی خەڵکدا بێجگە لە تف و نەعلەت چی دیکەی بۆ نەماوەتەوە.

ئەوجا راستەوخۆ خۆی هاویشتە باوەشی قیبلەگای لەمێژینەی ئیمپریالیزم، ئەوە بوو بەهۆی چەند زۆڵە کوردێکی سەر بە ئەمریکاییان دەگەڵ ویلیام ئیگڵتن، بەڕێوەبەری دەرەوە، دوو دەزگای جاسوسی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەیوەندی بەست وبۆ ریزە ئیتصاڵاێکی جاسووسی خۆی گەیاندە مەنتیقەی هەورامان و مەریوان و دەگەڵ ش، م،ح کە شا و دەزگاکانی بە تایبەتی ئەمریکاییەکان حیسابی لەسەر دەکێشن کەوتە گفتوگۆ تا بەهۆی وەرگرتنی گەلێکی خیانەت لەناوبراو پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکاییان ساز بکەن، دوو رۆژ درێژەکێشانی وتووێژ لەو بارەیەوە بڕیاردرا ش،م،ع بە تەدارەکاتی پێویستی هەڵبستێ و نەتیجەکەی بەهۆی پۆستەی تاران-بەغداوە لە ئەحمەد تۆفیق مەعلوم بکاتەوە. لەسەر ئەو بڕیارە خەیانەتکارە گەیشتە بەغدا و ش ،م،ع بۆ قسەوباسی پێسپێردراوی خائین بۆ شوێنەکانی دیاریکراو رۆیشتە تاران. ئەمریکاییەکان بۆ ئەوەی باشتر بتوانن ئەو خائینە بگرنە باوەش وایان بە باش زانی لە نزیکەوە ببینن جا لەبەر ئەوە لە تارانەوە بە نووسراوەی پێویست ئاگادار کرا ئەحمەد تۆفیقی خائین کەوتە رێگا و هاتە سلێمانی و لێرەوە خۆی گەیاندە شاری سنە و هەرلەوێ لەگەڵ ناوبراو بە ماشێنی تایبەتی چوونە تاران.

ویلیام ئیگلتن بۆ چاوپێکەوتنی خائین ئەحمەد تۆفیق لە شیرازەوە هاتە تاران بە هاوبەشی دوو کەس لە ئەندامانی باڵوێزخانە جێگای تایبەتی بۆ کردبوونەوە، دیاریکراو خائین ئەحمەد تۆفیق لەم کۆبوونەوەیەدا کە بە مسئولیەتی ریسک پێکهاتبوو، بەتەواوی خۆی لەباوشی دەزگای جاسوسی

ئەمریکا هاویشت و بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستە تەعلیماتی تایبەتییان دانا و نوختەی ئیتصالاتیان مسیو زەکیان، رەئیس خیریەی ئیسرائیل لە تاران بوو. ئەمریکاییەکان ئەودەم وایان بە باش زانی کە لەلایەن خۆیانەوە محەمەد ڕەزا شا ئاگاداری ئەو مەسەلە بکەن. ئەوە بوو لە دواییدا لە جەلسەیەکی تایبەتی، سپەهبود عەلەوی کیا، رەئیسی ئیدارەی دووەمی سیاسی کە راستەوخۆ لەژێر چاودێری حەمەرەزاشادایە بەشدار کرا. ش،م،ح بۆ ئەوەی بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە دواڕۆژداتووشی گیروگرفت نەبێ شا و رەئیسی ستادی ئەرتەش، ساواک، ئاگاداری ئەو وەسیلەگیریە کرد و نەتیجەی بیروڕای ئەوانی بە خائین ئەحمەد تۆفیق راگەیاند و بە پێویستی دەزانین کە بە پێی ئەرکی ویجدانی و ئینسانییەت روونی بکەینەوە کە خائین ئەحمەد تۆفیق لەژێر ناوی مەسڵەحەتی کورددا ش،م،ح تەفرەدابوو. سەبارەت بەو جەریانە گیڤ چووە بۆ ئەمریکا. زۆری پێ نەچوو ریسکیش بەدویدا ڕۆیشتەوە.

خائین ئەحمەد تۆفیق پاش بە جێهێنانی ئەرکەکانی پێسپێردراوی لە سەرەتای شۆڕشی کوردستانی عێراقدا لە لایەن دەزگای جاسوسی ئەمریکاوە ئەمری پێکرا بۆ وەرگرتنی تەعلیماتی جاسوسی هەروەها پەیوەندی بە (مەرکەزی سەرپەرشتیکەری ساواک) ی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بچێتە لوبنان.

بەو جۆرە گوایە خائین ئەحمەد تۆفیق بۆ مەسڵەحەتی شۆرش چۆتە لوبنان بەڵام ناوبراو لە پێناوی بە ئەنجام گەیاندنی ویستەکانی دەزگای جاسوسیدا ئەندامەتی رەسمی و مەوقعییەتی تایبەتی بۆ دیاری کرا. هەروەها کارتی تایبەتی بۆ شوێنەکانی پێویست درایە ئێستاش لە لایەتی.

لەکاتی گەڕانەوەی بۆی دانرا کە هەواڵدەری نیویۆرک تایمز. دانا شمیدت، کە عوزوێکی بەرزی دەزگای جاسوسی ئەمریکایە بێ پاسپۆرت لە ڕێگای سوریاوە بهێنێتە نێو شۆڕشی کوردستانی عێراق. ئەوە بوو پێکەوە ماوەی مانگێک لە نێو سەنگەرەکانی شۆڕشگێڕاندا خولانەوە دوای ئەنجامدانی فەرمانەکانیان دانا شمیدت بێ بەرگری پرسیاری کاربەدەستانی ئێران خۆی گەیاندەوە مەرکەزی-پایەگای نیزامی خانێ و بە فڕۆکەی تایبەتی یەسەر چووە تاران. ئەو هەواڵدەرە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانیدا لەمەڕ شۆڕشی کورد دەربارەی خائین ئەحمەد تۆفیق لە ژێر وێنەکەیەوە زۆر بە ئاب و تابەوە مەدحی لێدەکا و نووسیویەتی لاوی ئازا، دڵسۆزی کورد، کوڕی عەلی خانی!!

خائینی خۆفرۆش بێجگە لەو دۆڵارانە کە لە سوریا و بەغدا گۆڕیویەتەوە ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بووین لە تاران و تەورێزیش شەست هەزار و سەد دۆڵاری بۆ کراوە بە ئەسکەناس بەم جۆرە:

لە پووشپەڕی ١٣٤٢ دا بەهۆی د.ع وە یازدەهەزار دۆڵار.

بەهۆی ف،ق، وە پێنج هەزار دۆڵار.

بەهۆی م، ر، وە بە هەشت جار چل و چوار هەزار دۆڵار کە هەموو دەکاتە چوارسەد و هەشتا هەزار و شەشسەد تمەن.

تێبینی: ئەم کەسانەی کە ئەم پارەیان بۆ خائینی گەلفرۆش گۆڕیوەتەوە هەموو دڵسۆز و بەشەڕەفن و تا ئەم بەیانە بڵاو دەکرێتەوە ئاگاداری کردەوەی خیانەتکارانەی ئەحمەد تۆفیق نین.

بەم جۆرە ئەو خائینە ویستوویەتی و دەیەوێ:

١ – دەژێر ناو و حورمەت و پرستشی بەرزی حیزبدا ئەرکی (کۆمەڵی شۆرش) ی گۆڕکراوی سوپەهبود بەختیار لەهەر بارێکەوە جێبەجێ بکات.

٢ – هاوکاری و یارمەتیدانی بیروباوەڕی رەگەزپەرستی( شۆڤینییەت) بۆ وەدیهێنانی ئامانجی دوژمنانی گەلەکەمان هەروەها کوێرکردنەوەی رەوت و ڕێبازی دیموکراتیەت و پێشکەوتوانە لە کوردستاندا.

٣ – بێجگە لە پەلامارە دڕندانەکەی ١١ی خەزەڵوەری ١٣٣٨ بۆ سەر حیزبمان ئەو خائینە تا ئێستا سەدان ئەندامی دڵسۆز و بەجەرگی هەر یەکە بە شێوەیەک لە مەیدانی تێکۆشان دەرپەڕاندووە. هەروەها بە مەرجی ئەساسی بنچینەیی داناوە کە هەوالانی زیندانمان ئازاد نەکرێن. بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاسانی ئەسپی سەرکێشی بێ هەوساری خۆی لە مەیدانی خەیانەتکاراندا تاو بدات.

٤ – پارەیەکی ئەستوور کە لە ساڵەکانی ٣٨/٣٧ دا بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەڵگەی یارمەتی کۆکرایەوە کە بریتی بوو لە شەش هەزار دیناری عێراقی، سەد و بیست هەزار تمەن. لەو پوڵە تەنیا سێ سەد و شەست دینار (حەوت هەزار و دووسەد تمەن)، وەدەست حیزبمان کەوت، باقییەکەی خائین ئەحمەد تۆفیق وەک هەژدیها هەڵیلووشی. سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو پووڵە کە لە کوردستانی ئێران لەم ساڵانەدا بە ناوی شۆڕش کۆکراوەتەوە تا ئەو جێگەی ئێمە ئاگادارین لە ١٠٪ ی لە لایەن خائین ئەحمەد تۆفیقەوە بە شۆڕشگێڕان نەدراوە.

لێرەدا بە پێویست دەزانین سەرلەنوێ کورتەی کردەوە و ئاکارە گڵاوەکانی خائین ئەحمەد تۆفیق ( عەبدوڵڵای ئیسحاقی) بخەینە بەرچاوی گشتی:

١ – بەجێنەگەیاندنی ئەرکی پێسپێردراوی حیزبی لە دەرەوە و خۆ خافڵاندنی بۆ ماوەی ١٣ مانگ.

٢ – گێڕانی دەوری گێرەشێوێنی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی دەرەوەدا کە بوو بە هۆی نزمبوونەوەی حورمەت و پرستیژی حیزبمان.

٣ – سەرپێچی لە دەستوور و فەرمانی حیزب بۆ گەڕانەوەی کە بە شەش مانگ نووسرا و پیی ڕاگەیەندرا .

٤ – رفاندنی کەرەسە( وەسایل) ی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی نەشریات لەسەر بیروبڕوای لادەرانەی فەردی بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە.

٥ – دەربڕینی نەهێنییەکانی حیزب و تەئسیری کردەوە نالەبارەکانی لەسەر روحیەی مەعنویاتی ئیسماعیلی قاسملوو کە بوو بە هۆی پەلاماردانی بەرینی ساڵی ١٣٣٨ی دوژمن بۆسەر حیزبمان.

٦ – تێکەڵاوی و پەیوەندی دەگەڵ ئەمنی عێراق و پەرتەوازەکردنی هاوڕێیانی حیزب بە شێوەی تەبعید و خۆشاردنەوە و خۆبەدەستەوەدان بە حکومەتی ئێران.

٧ – ئیستعفاکردنی لە مەسئۆلییەتی حیزب و تێهەڵچوونەوە و دەستپێکردنەوە بە ئاکاری ناپەسند و لادەرانە بە پێچەوانەی ئیستعفاکەی.

٨ – خۆفرۆشتن و تەسلیم بوونی بە دامودەزگای جاسوسی ئەمریکا.
٩ – گێرەشێوێنی لە نێوان پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق و پارتی دێموکراتی سوریە و دەرچوونی بەیاننامەی ئەو دوو حیزبە لەسەر خەیانەتکار ئەحەد تۆفیق.
١٠– خۆنواندنی بە دۆلاری ئەمریکا و دزینی پارەیەکی ئەستووری حیزب.
١١ – لادان لە جەوهەر و ماهییەتی حیزب و بەجێهێنانی ئەرکی ( کۆمەڵی شۆڕش) ی گۆڕکراوی سپەهبود بەختیار لە ژێر ناو و حورمەت و پرستیژی حیزبدا.
١٢ – نانەوەی ئاژاوە و پێکهێنانی دوودڵی لە نێوان هێزەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی عێراقدا کە ناوبراو دەستێکی باڵای هەیە لە قوولکردنی ئەو ناکۆکییە.
١٣ – گێرەشێوێنی لە نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوانیاندا بە چەشنێک کە زیانێکی گەورەی هەیە بۆ شۆرشە پیرۆزەکەی کوردستانی عێراق.

هاونیشتمانانی خۆشەویست، دلسۆزانی هەمیشەیی گەلە بەشخوراوەکەمان، ئەندامانی بەشەرەف و پێگەیشتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوا حیزبە پێشڕەوەکەمان پێ دەنێتە تەمەنی ١٩ ساڵییەوە، وێرای دەور و زەمان بەسەر رێبازی مێژوویی خۆیدا بەرەوپێش دەڕوات، لەبەردەمی خەبات و تێکۆشانی تاقە پیشڕەوەکەمان دوژمنانی خوێنمژ بەدرێژایی ئەو تەمەنی بە دەیان پیلان و هەست و بڕوای پیرۆزمان کوێر بکەنەوە، بەڵام قارەمانانی پێگەیشتووی ئەو شۆڕشە و پیاوانی خەباتکەر و شۆرشگێری نیشتمانپەروەر زۆر چالاکانە و ژیرانە دەپێناوی پاراستنیدا تێکۆشاون و هەرگیز تەسلیم نەبوون و نابن.

لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژووی نەتەوەکەمان شاهیدی دەرەوەی ئەو هەڵمەت و خۆبەختکردنەن کە لە پێش هەموویانەوە وێنەی پێشەنگی کاروانی رێگای سەربەستی شەهیدی نەمرمان پیشەوا قازی محەمەد دەخاتە بەرچاو کە نەمامی (مردن بۆژیان) لە ئاسۆیەکی دوارۆژدا بۆ رزگاریی گەلەکەمان ئاوەدێر دەکات. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەنگاری دەگەڵ رۆژانی رەش و تەماویدا قۆناخی دوورودرێژی خۆی بڕیوە و بە پشتیوانی شەبەقی بیروڕای راستەقینە بەسەر ناهەموارییەکانیدا تێپەڕیوە و لە هەنگاوی بەرەوپێشچوونی لە بۆتەی تێکۆشاندا قاڵ بووە و هۆشیارانە و ژیرانە نەزەر و فەلسەفەی دوژمنانی گۆڕ کردووە.

پاش ئەوەی دوژمن بۆی روون بۆوە کە نەتەوەی کورد بە تایبەتی ڕێرەوانی حیزبە پێشڕەوەکەی پلەی پێگەیشتن و زانستی گەیشتۆتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە بە هیچ داو و تەڵەکەیەکی دەرەوە ئەو بڕوا پیرۆزەی کە شارەگی لەمێژینەی لەنێو جەرگەی زۆربەی خەڵکی کوردستاندا کوتاوە قابیلی هەڵکەندن و لەنێوبردن نییە، هاتە سەر ئەو ڕایە کە بە هەر جۆرێک بێ خەیانەتکارێکی وەک ئەحمەد تۆفیق لەنێو ریزی حیزبدا بەکرێ بگرێ بەڵکو لەو ڕێگەیەوە بتوانێ ئامانجە پیس و پەڵۆخەکەی وەدیبێنێ و هەر لەژێر ناوی کوردایەتی و حیزبایەتیدا هەستی پاک و خاوێنی نەتەوایەتیمان بنجڕ و شوێن ون بکات. بەڵام دیسانەوە دوژمنانی کورد سەری خۆیان دا لەبەرد بە

خەیالێکی خاوەوە خۆیان ماندوو کرد و ئەو پووڵ و پارە و دۆلارەیان بەفیڕۆدا "دەبێ بڵێین وەک قومارچی دۆڕاو بە هەناسەساردی و داخ لەدڵی دەستەوئەژنۆ کەوتنە گۆڕێ، هەروا خائینی نیشتمانفرۆش ئەحمەد تۆفیقیش بێجگە لە سەرشۆڕی چی دی بۆ نەمایەوە. هەروەکو دەبینین لە نێو تەواوی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی جیهان بەتایبەتی ئەحزابە دێموکراتییەکانی کوردستاندا ئابڕو و شەڕەفی تکا و نەما". هەروەکو شەیتان بۆ هەتا هەتایە بە لەعنەت کرا.

بۆیە کۆمیتەی ساغکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا لە هەموو ئەحزاب و و نەتەوە ئازادیخوازەکانی جیهان و بەتایبەتی خەڵکی دڵسۆزی کوردستان دەکا کە بە هیچ جۆرێک بڕوا و اعتماد نەکەنە سەر ئەو بەیان و رۆژنامانەی کە لایەن ئەحمەد تۆفیق و کلکەکانی وەکو فایەق ئەمین (سولەیمان مەعینی) کە شەریکی تاوانەکانی ناوبراوە لە ساڵەکانی پێشوو و ئێستا بە ناوی حیزبەوە دەردەچن تاکوو بە هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانەی ( کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کورستان) بە بەستنی کۆنگرە و هەڵبژاردنی قانوونی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ حیزب پێکدێتەوە چونکە تەنیا و تەنیا هەر ئەو جەنایەتکارە کە چەند ساڵە لەژێر ناوی حیزب، سکرتێر، مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەی مەرکەزی، نوێنەری کورد هتد چارەنووسی حیزبمانی دەپێناوی بنیات و مەسڵەحەتی فەردی و ئاواتی ئاغاکانی بەرەو هەڵدێرگە بردووە.

جووتیاران، کرێکاران، رووناکبیران، مامۆستایان، پیشەوەران، عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، لەو هەلە بەنرخ و مێژوویەدا کە پەردەی خەیانەت و جینایەت لەسەر ڕووی رەشی ئەحمەد تۆفیق( عبدالله اسحاقی) هەڵدەرێتەوە وەرن یەک بگرن هەتا هاوقەول و پەیمان لەسەر شەڕەف و کەرامەتی رابردووی حیزبمان دەستبدەینە یەکتر بۆ یەکیەتی و هاوکاری و خەباتی تێکڕایی بۆ روونکردنەوەی ئەو سەرچاوە مێژوییەمان کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە.

پاش بڵاو کردنەوەی ئەو بەیانە هەر کەسێک پەیوەندی موستەقیم یا غەیری موستەقیم بە جنایەتکار ئەحمەد تۆفیق( عبدالله اسحاقی) بکات بە لادەر لە ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتی و دەرچوو لە قانوونی حیزبایەتی دەدرێتە قەڵەم.

سەرکەوتن بۆ حیزبە مێژوویەکەمان حیزبی دێموکراتی کوردستان، تاقە ئاڵاهەڵگری ئامانجی بەرز و دروشمی تایبەتی گەلەکەمان. پتەو و بەهێزتر بێ ڕیزی حیزبمان دەپێناوی یەکگرتنەوە و یەکیەتی ڕاستەقینە.

شانازی بۆ شەهیدە قارەمانەکانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان.

سەرکەوتوو بێ بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئێران بۆ ئازادی و دێموکراتی دژی ئیرتیجاع و ئیمپریالیزم. پەرەگرتوو تر بێ جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکانی جیهان دەپێناوی ئازادیی و ڕزگاریی بۆ گۆڕکردنی کەلاکی کەوتووی ئیستعمار و ئیمپریالیزم. سەرشۆڕی بۆ خائینانی رەوت و ڕێبازی نەتەوە و حیزبمان.

سەرکەوتوو بێ شۆڕشی پیرۆزی کورد لە کوردستانی عێراق بە ڕابەری پارتی دێموکڕاتی کوردستان.

کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢٧ ی جۆزەردانی ١٣٤٣- ١٧/٦/ ١٩٦٤

ئەو بەیاننامە لەسەر بنەمای بیروباوەڕ و هەڵسەنگاندنی دروست نەبوو و وەک دەردەکەوی تەنیا دژایەتی کردن بوو لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق کە ئەوکات بە هۆی بەشداری چالاکانە لە شۆڕشی کوردستان و پشتیوانی کردن لە مەلامستەفا، لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کورد دا خۆشەویست بوو. پێکهینەرانی کومیتەی ساخکەرەوە پێکەوە تەبا و رەبا نەبوون هەر بە دوای نووسینی بەیاننامەکە دا کێشەیان تێکەوت و پرش و بڵاو بوون.

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ٧٩ دا دەنوسی کاتێک دوو کەس ویستیان ئەو ئێعلامییە لە نیوخۆدا بڵاوبکەنەوە ئەندامانی حیزب دەست بە سەر بڵاوکراوەکە دادەگرن و نەیانهێشت بوو بڵاو ببێتەوە.

لەوبارەیەوە سەعید کاوە "کوێستانی" دەنووسێ: بەرلەوەی کە مەکتەبی سیاسیی لە ماوەت لەلایەن بارزانییەوە بکەوێتە بەر هێرش، ئێمە بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەمان نوسی و بووین بە سێ گروپ. مەلا ئەبوبەکر و چەند پێشمەرگە بۆ ناوچەی بانە، قادر شەریف و من و چەند پێشمەرگە چووین بۆ ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و ناوچەی شنۆ و سندوس و شاروێران لە مهاباد. گروپێ سێیەم حوسێن مەدەنی و مەلا حەسەن بوون لەگەڵ ڕەسوڵ پێشنماز و خدر مەرەسەنە و چەند پێشمەرگە کە دەبووایە بچن بۆ ناوچەی مهاباد کە حوسێن مەدەنی گەڕایەوە لای حکومەت لە ئێران و مەلا حەسەن و ئەوانی تریش بە واسیتەکاری گەڕانەوە بۆلای بارزانی لە ڕانیە و بەیاننامەکانیان سوتاند. مەلا ئەبوبەکر دوای شکانی پارتی و مەکتەبی سیاسی گەڕایەوە بۆ ئێران و ئیتر ئێمە نەماندیتەوە. ئێمەش لە ناوچەکان هەوڵی زۆرمان دەدا، بەڵام خەڵک ئێمەی وەرنەدەگرت. لە ناوچەی سەردەشت مەلا مان دیتەوە و ئەومان بە ئەندامی کۆمیتەی ساخکەرەوە وەرگرت. دوایی هەر ئێمە قاچاغ بووین و لە ڕۆژهەڵات دەخولاینەوە و لە ڕادەبەدەر گوشارمان لەسەر بوو. مەلا کە دەیتوانی هاتووچۆی ناو شۆرش بکات، پێمان گوت سەفەرێک بکات بەڵکوو ڕێگا چارێک بدۆزێتەوە لەو حالە ڕزگارمان بێت. لەو سەفەرەدا خۆی کەوتە دوای کۆنگرەی دووەمی حیزب.

کار و تێکۆشانی ئەندامانی ئەو کومیتەیە، لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی بارزانی دا بەرچاو نەبوو و بە نەهێنی بوو. بەڵام چوونکە باڵی مەکتەبی سیاسی لە دروست کردنی کمیتەی ساخکەرەوە دا دەستیان هەبوو و یارمەتیان پێدەکردن، لە ناوچەی ئەوان کارا و هەلسووڕ بوون و کومیتەیەکی بەهێزیان هەبوو. بەتایبەتی پەیوەندی مەلا ئاوارە و مام جەلال پتەو بوو و لە کلاسی کادر دا بەشدار بووە و مام جەلال مامۆستای بووە. رەحمانی کاژەیی باسی ئەوە دەکا کە نامەی بۆ مام جەلال بردووە و لە لاپەڕەی ٤٢ کتێبی "کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم" دا لەسەر وڵامی مام جەلال دەنووسێ: لەنامەکەیدا زۆر شتی بۆ ڕوونکردوومەوە، منیش وڵامم داوەتەوە، نەختێ یارمەتیم بۆ ئامادە کردوون، هەرچەند زۆر کەمە، بەڵام دڵنیابن هی دیکەشی بە دوادادێ. ئەوە نوێنەری (مەبەستی لە فەتحوڵاغا بوو) لای ئێمەیە و لەگەڵتان لە تەماسدا دەبین.

هەروەها مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی کە یەکێک لە ئەندامانی چالاکی کومیتەی ساخکەرەوە بوو، پەیوەندی قوڵی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی هەبوو و لە لایەن ئەوانەوە پشتگری دەکرا.

رەشیدی ئەحمەدی لە لاپەڕەی ١٠٩ بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ کە کاک مەلا ئەبوبەکر گوتی برادەرانی مەکتەبی سیاسی قەولیان پێیداوە کە لە هەموو بوارێکدا یارمەتیان بدەن و پێشنیار کرد ئەمن بچم بۆ مەکتەبی سیاسی، چەک و هەندێ پارە بێنم و هەروەها کوێخا کەریمی بڵەسەن و چەند هاوڕێی دیکەمان کە لە "گرگاش"ن قسەیان لەگەڵ بکەم و بیانهێنم بۆ نێو خەبات. رەشیدی ئەحمەدی بەرەو مەکتەبی سیاسی دەچی و لە درێژەدا دونووسێ: گەیشتینە یەکەم بنکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی و نامەکەی مەلا ئەبوبەکرم دانێ کە بیدەن بە دەفتەری سیاسی. ئێمەش لای پێشمەرگەکان ماینەوە و چاوەڕوانی وەڵام بووین. زۆری پێنەچوو گوتیان کاک ڕەشید بێت بۆ دەفتەر. پێشمەرگەیەک لەگەڵم هات و تا دەفتەر ڕێنوێنی کرام بۆ یەکێک لە ژوورەکان. دوو کەسی لێبوون کە یەکیان خۆی بە ناوی عەلی عەبدوڵڵا، ئەندامی دەفتەری سیاسی، ناساند. دوای هەندێ پرسیار و وەڵام گوتی ئێمە ئێوە ناناسین بەڵام بە متمانە بە کاک مەلا ئەبوبەکر حازرین یارمەتیتان بدەین. منیش گوتم قبوڵمانە و سوپاستان دەکەین، بەڵام ئێمە چاوەڕوانیمان هەیە کە بۆ جاری داهاتوو وەک بەشێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بمانناسن و حیسابمان بۆ بکەن لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا وەك بەشێک لە حیزبی دێموکرات کار دەکەین و کۆمیتەیەکمان هەیە. بەم جۆرە قسەکانمان کۆتایی پێهات. نامەیەکی دامێ بۆ بەشی دارایی و بڕی ٣٥٠ دینار پارەیان داینێ. ئەو شەوە لە بنکەی عیساوێ ماینەوە.

یەکێک لەو کەسانەی کە لەگەڵ مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی کاری دەکرد مەلا ئاوارە بوو کە پێشتر لە لای مەکتەبی سیاسی پێشمەرگەی سادە بوو. دوایە تێکەڵ بە دەستەی مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی بوو و بۆ کاروباری سیاسی چووە ناوچەی سەردەشت. ئەو دوایە گەڕاوە و لە ژێر بەرپرسایەتی مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی دا بوو بە رپرسی ناوچەی سەردەشت. لەو بارەوەوە رەشید خان لە لاپەڕەی ١١٤ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: لە ئاکامدا ئاڵوگۆڕێکشمان لە پۆستەکاندا بەم شێوەیە پێکهێنا. مەلا ئەبوبەکر بەرپرسی گشتی. میرزا هەر لە پۆستی پێشووی بەرپرسی مەریوان، من بە بەرپرسی بانە و مەلا ئاوارە بە بەرپرسی سەردەشت دیاری کراین.

ئەو کومیتەیە لێبڕاوانە دەستی بە کار کرد و پەیوەندی باشیان لە گەڵ خەڵک هەبوو بەڵام ئەوەی جێگای نیگەڕانی بوو ئەوە بوو کە ئەو کومیتەیە لە ژێر هێژموونی باڵی مەکتەبی سیاسی دا بوو کە ئەوکات پەیوەندی چڕوپڕیان لە گەڵ ئێران دا هەبوو و بارەگای عیسا پەژمان لە لای بارەگای مەکتەبی سیاسی بوو. رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ١١٧ کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکا کە چۆن ئەوکات لە لایەن عەلی عەبدوڵا لە مەکتەبی سیاسی لەسەر ناوەڕۆکی بەیانییەکە رەخنەی لێ گیراوە و دەنووسێ: گوتی ئەو بڵاوکراوەیە جگە لە قسەی خۆتان لایەنگری لە بارزانیشی تێدایە کە ئێمە بە هیچ جۆرێک ڕازی نین و بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بیروڕای ئێمەدا نایەتەوە. هەروەها گوتی تۆ کە ئەچیتە جەولە بۆ کوردستانی ئێران لە گەڕانەوەدا دەنگوباسی جەولەکەت بە تەواوی

بۆ هاوڕێیانت ناگێڕیەوە و هێندێ ڕەخنەی سەیروسەمەرت هەیە. دیار بوو ئەم قسانە یەکێک لە خۆمان گێڕابوونیەوە کە لە بیستنیان زۆر نیگەران و دڵگران بووم. گوتم بەڕێز، ئێمە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیین، خۆمان بە سەربەخۆ دەزانین و هیچ کارێکی ئێمە تێکەڵ بە کار و چالاکیی ئێوە نییە. من بە نەفسی خۆم ئێوە وەکو دۆستێک ئەناسم. دیارە یارمەتی و هاوکاریتان کردووین و لەو بارەیەوە سوپاستان دەکەین. بەڵام ئێوە نابێ هەر لەبەر ئەوەی هاوکاریمان دەکەن چاوەڕوانی ئەوەتان لە ئێمە هەبێ کە ئێمە بەشیک بین لە ئێوە و لە بەرژەوەندی ئێوە بڵاوکراوەکانمان بنووسین و هەر کارێکیش ئێمە کردمان ئێوە ئاگاتان لێی بێت. لە وەڵامی ئەم قسانەی مندا گوتی بەڵێ، ئەگەر ئێوە دۆستی ئێمەن دەبی لە بیری بەرژەوەندیی ئێمەدا بن و ئاگایشمان لە کاروبارتان هەبێت.

کومیتەی ساخکەرەوە بە پشتیوانی باڵی مەکتەبی سیاسی پێکهات و دەکەوتە خانەی دژ بە مەلا مستەفا، بەڵام هەموو ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە دژی مەلا مستەفا نەبوون و ئەو هەڵوێستە دژکردەوەیەک بوو بە دژی هەڵسووکەتەکانی ئەحمەد تۆفیق. بەڵام هەرچەشنە هاوکارێک لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بە لای مەرحومی مەلامستەفا، دژایەتی لە گەڵ ئەو بوو و مەلامستەفا هیچ کەس و جەریانێکی پێقبووڵ نەدەکرا کە پەیوەندی بە باڵی مەکتەبی سیاسییەوە هەبی و ئەوە بۆ ئەو خەتی سوور بوو.

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە کومیتەی ساخکەرەوە، پەیوەندێکی تەشکیلاتی - ماڵی - سیاسی بە هێزی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بە ڕێبەری برایم ئەحمەد هەبوو کە چارەی بارزانی نەدەویست و قۆڵی نەمانی لێ هەڵمالی بوو.

حامید گەوهەری لەو پێیەدوا لە کتێبی "ئەحمەد تۆفیق ..." دەنووسێ: کومیتەی ساخکەرەوە بە هاوکاریی و دەرەتانێک پێکهات کە ئیبراهیم ئەحمەد خستبوویە دەست قادر شەریف و هاوڕێیانی. ئەوان بەو تێبینییەوە کە ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی، مەلا مستەفایان لە حیزب دەرکردوە و مەکتەبی سیاسی دەسەڵاتی پارتی دیموکرات دەگرێتە دەست، بە پەلە وەخۆ کەوتن...

حامید گەوهەری لە درێژەدا دەنووسێ: بەڵام دوای پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات و ڕاکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی بۆ ئێران، ڕووداوەکان دژی قادر شەریف و ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە هەڵگەڕانەوە. لە مەودای نێوان کۆنفرانسی ماوەت ١٩٦٤/٤/٤ و بەتایبەتی بڵاوکردنەوە بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە لە ١٩٦٤/٦/١٧ تا پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکرات لە ١٩٦٤/٧/١، کۆمیتەی ساخکەرەوە لە نهێنی بوون هاتەدەر و ئەم جارەیان بە ئاشکرا دژی ئەحمەد تۆفیق لە باشوری کوردستان هەڵدەسوڕا...

حامید گەوهەری دەنووسێ کە کار و تێکۆشانی ئەو دەستەیە لە ناوخۆ بۆ دەرکردنی بارزانی لە پارتی دیموکرات و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ئەحمەد تۆفیقیان بووە بەڵام خەڵکی کوردستان

بارزانی دەویست، نەک ئیبراهیم ئەحمەد و ئەحمەد تۆفیقی بە سکرتێری حیزبی دیموکرات قبووڵ بوو، نەک قادر شەریف.

## کار و تێکۆشانی کومیتەی ساخکەرەوە

سەرەرای ئەو هەمووە گیروگرفت و ناتەبایانەی نێو دەستەکانی کومیتەی ساخکەرەوە، ئەوان بڕیاریان دا کە بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆی وڵات. مەلا رەسووڵ پێشنماز لە لاپەڕەی ١٥٩ ی بیرەوەرییەکانی دا باسی گەڕانەوەی دەستەی پێشمەرگەی کومیتەی ساخکەرەوە بۆ نێوخۆی وڵات و دژکردەوەی خەڵک دەکا و دەنووسێ: درەنگانێک بە نزیک گوندی حەسار و گردبڵاغدا کە پڕ بوو لە بارزانی و خەریکی پێکهێنانی کۆنگرە بوون بەرەو گوندی هێرۆی پشدەر رۆیشتین، کە کۆمەڵێک دۆستی سەردەشتیمان لەوێ چاوەروانی ئێمەیان دەکرد، بریار بوو تێکرا برۆین. لەوێ میوانی حاجی مەحموود ئاغا بووین و لەگەڵ رێز و پیاوەتیەکی زۆری حاجی ئاغا رووبەروو بووین و لەگەڵ حوسێن و خدر مەرەسەنەش یەکمان گرتەوە و دوای بینینی سەعداغا دوکتور حەسەنی حیسامی و سەڵاحی موهتەدی و محەممەدی موهتەدی و مەلا عومەری عەسری و زۆری دیکە، ئێمە سەر لە بەیانیەک بە کوێستانی باژێر و جەمالەدیندا سەرکەوتین، لەوناوە دوو رۆژ بە یەکەوە چاک گەراین لە ناو رەشـماڵانەوە خەڵکی زۆرمان بینی و دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکە و خوێندنەوەی بۆ خەڵک و دوایی ئێمە تاقمی مەهاباد بە بەری گەورکاندا پەرینەوە بۆ ناوچەی جانداران و گاگەش باب هۆمەر مەڵبەندی ناسرو ماڵماڵان و جێگا مەرداری بنەماڵەی خۆمان، خەڵکمان کۆ دەکردەوە و باسی ئەحمەد تۆفیق و کوردستانی عێراقمان بۆ دەکردن بەڵام کەم کەس هەبوو گوێمان بۆ شل کا یان بروا بە بەیانەکە بکات، تەنانەت خزمەکان و کەسوکاری خۆشمان دەیانوت: دیارە ئەحمەد تۆفیق لە ئێوە لێهاتووترە بۆیە بارزانی بروای پێدەکات، دیارە ئێمە وەک خۆمان پێگە و کەسی دڵبەڵێنی یەکجار زۆرمان هەبوو، بە هەموو شێوەیەک حەشاریان دەداین و رێزیان لێدەگرتین و یەک دوو جاریش بیستمان کۆمەڵێک سەر بە ئەحمەد شوێنی ئێمەیان هەڵگرتووە. بۆ نموونە مەلا محەممەدی عەجەم و یەک دوانێکی دیکە کە وایان کەوتبوونە سەر و واش راوییان نابوون کە هەڵاتبوون و هەر نەمانزانی چیان لێهات. لە سەر شوێنهەڵگرتنی ئەوان لە شارستێن تووشی شەریش بووین لەگەڵ ژاندەرمە، پیاوێکی شارستێنیش کە ناوی پیرۆت بوو بە گوللەی ئێمە بریندار ببوو بەڵام باش بوو هەر بەر قۆڵی کەوتبوو چاک بووەوە و عەجەمیش هەڵاتن و بە تکای خەڵک وازمان لێهێنان، ئیتر وەک سەعید کاوە نەبووین سەید رەسووڵ بە دەستی بەتاڵ چەکمان بکەن. سەید رەسووڵی رەحمەتی چاکی بۆ گێراومەتەوە کە چۆنی چەک کردوون و چۆنی تۆقاندوون بەڵام ئێرە جێگای ئەو باسە نیە.

لەو گەشتەدا هەم لە مەهاباد خەڵکم دی هەم بەشی زۆری لاجان و مەنگورایەتی و گەورکایەتی، بەڵام لە هەموو ئەو شوێنانە داوایان لێدەکردین ئێوە بەو چەند کەسێکەوە بە بێ پشتیوان هیچتان پێ ناکرێ، حەسەنیش لە سەر راگەیەندراوی کۆمیتەی ساغکەرەوە سارد ببووەوە

و دەیوت هەمو ئەو درۆیانە قادر شەریف لە خۆیەوە ئەو ویلیام ئیگڵتۆن و میسیو زەکیان و ریسک و ش. م. ح. واتە: شیخ موعتەسەمی حیسامەدینی رێز کردوون و من چیتر ئەو درۆو بوختانە بەرانۆی بە ئەحمەد تۆفیق بڵاوناکەمەوە.

هەر لەسەر کار و تێکۆشانی کومیتەی ساخکەرەوە حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ١٩٧ دا دەنووسێ: لە شانەخسێ و گرگاشە خەریکی خۆ ئامادە کردن بووین بۆ نێوخۆی وڵات بگەڕێینەوە. بەیاننامەمان لە کۆڵەپشتیان هاویشتبوو، دەستەکانمان دەست نیشان کردبوون، کاک حوسێن مەدەنی و مەلا ئاوارە بۆ سەردەشت و دەوروبەری دیاری کرابوون، بڕیار بوو دوایەش میرزا خدر مەرەسەنە پێوەندییان پێوە بکا. ڕۆژێک ئێمەش خۆم و مەلا ڕەسوڵی پیشنەماز و مامەندی قازی و ڕەشید سمێل و جەعفەر کەریمی و کەسێکی دیکە ساز بووین کە لە ڕێی قەڵادزێوە بەرەو کوردستانی ئێران وەڕێ کەوین کاک میرزا خدریشمان پێوە زیاد بوو کە خزمی لە قەڵادزێ زۆر بوون.

ئەوانە دەچنە نورەدین و بەیانی دەچنە قەڵادزێ، تفەنگەکانیان لە ماڵی دۆستان دادەنێن و دەچنە بازاڕی. ئەو رۆژە لە قەڵادزێ کۆنگرەی پارتی دەگیرا و مەلا مستەفای بارزانی لەوێ بوو و شار زۆر شلوغ بوو. ئەوان لە قاوەخانەیەک تووشی ئەمیر قازی کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب بوو دەبن و دەست دەکەن بە قسان و دەڵێن کە کۆمیتەی ساخکەرەوەیان پێک هێناوە و کاروتێکۆشانی خۆیان درێژە پێدەدەن. لەسەر ئەو چاوپێکەوتنە حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ١٩٨ ی بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: کاک ئەمیر گوتی ئەمن ئەو دووبەرەکییەم پێ باش نییە و کاک ئەحمەدیش دەبێ بە ڕەفتارەکانی خۆیدا بچێتەوە و ئێوەش دەبێ دەست لەو کارانە هەڵگرن و بە هەموومان بەیەکەوە کار بکەین و حیزب ببوژێنینەوە. گوتمان ئێمە موافقین، بەڵام کاک ئەحمەد واز ناهێنێ، هەر ڕۆژە بیانوویەک دێنێتە گۆڕێ، نایهەوێ هیچ تەشکیلاتێک لەنێو حیزبدا هەبێ. کاک ئەمیر گوتی، نا ئەوەی قبووڵ ناکەین، ئەگەر ئێوە پێتان باش بێ سبەی کاک ئەحمەد دێنم بۆ ئێرە، هەمووتان ئاشت ببنەوە، وێکڕا کار دەکەین. گوتمان زۆرمان پێ خۆشە ئەگەر ئەتۆ ئەو کارەت لە دەست بێ ئێمەش لەگەڵ تۆ هاوڕاین. دوای ئەو قسانە کاک ئەمیر هەستا ڕۆیشت بۆ دەرەوە، دەبوایە بگەڕێتەوە سەنگەسەر چونکە بنکەی بنەڕەتی لە سەنگەسەر بوو. کاک ئەحمەد تۆفیق و کاک فایق و ئەمنیش هەر لەوێ دەبووین. ماشینێکی شڕەی لاندوێریان هەبوو کاک حەمەدەمینی سیراجی ناوی نابوو "حدک تورر". لە ڕاستیدا ئێمە بەو دیدارە خۆشحاڵ بووین و لامان وابوو کاک ئەمیر کارێکی لە دەست دێ، چونکە زۆر بە تێڕادیوی قسەکانی دەکرد. ئەو شەو دیسان چووینەوە ماڵی ئاشنا و ناسیاوان. بۆ سبەی بۆ کاتی دیاریکراو هاتینەوە چایخانەی سەید وەسیمی، ماوەیەک چاوەڕوانی کاک ئەمیر قازی و ڕەنگە کاک ئەحمەد و برادەرانیش بووین و خەبەرێک نەبوو. کەمێک بە درەنگەوە کاک ئەمیر پەیدا بوو، لەبەری هەستاین و چاک و خۆشی، دانیشتین کاک ئەمیر ڕەنگی ڕەش ببوو، زۆر بە گرژی و ناڕەحەتی دیار بوو، هیچ باسێکی لە چوونەوەی سەنگەسەر و باس لەگەڵ کاک ئەحمەد و هاتن و نەهاتنی نەکرد. منیش کە دەمراستی

هاوڕێیان بووم، هەتا ڕادەیەک لە نیگەرانیی کاک ئەمیر تێگەیشتم، باسی دوێنێ و قەرار و مەدارەکەم نەکرد، دوای چایەک خواردنەوە کاک ئەمیر گوتی کەی دەڕۆن؟ کە وای گوت زانیم هەوڵ و کۆششەکەی سەری نەگرتوە. گوتم بەو زووانە، بە دوای ئەو قسانە کاک ئەمیر هەستا ماڵئاوایی لێ کردین و ڕۆیی. برادەران ڕوویان لە من کرد، گوتیان کاک ئەمیر بۆ هیچ باسی مەسەلەکەی نەکرد؟ گوتم بەدی باسی کرد، گوتیان چۆن؟ کوا؟ گوتم ئەوە نەبوو گوتی کەی دەڕۆن؟ یانی هەرچی زووتر بڕۆن، دەستبەجێ لە چایخانە دەرکەوتین، چووینەوە ماڵان هەتا لای ئێوارە خۆمان خافڵاند، ئێوارە درەنگ بەلا کوڵاناندا لە شاری قەڵادزێ بەرەو گوندی هێرۆیە وە دەرکەوتین.

دەستەی حەسەنی ڕەستگار نیگەرانی ئەوە بوون کە ئەحمەد تۆفیق پیلانیان بۆ دانی و گێچەڵیان پێ بفرۆشێ. بۆیە دوای ئەوە بڕیاریان دا بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆی وڵات، بەیانی خێرا لە هێرۆیە را بەرەو کوێستانەکانی سنووری گوندی قەلەڕەشە و لەوێ را بەرەو دۆڵی بنەوخەڵەف کەوتنە ڕێگا و خۆیان گەیاندە گوندی کانیەزەرد. حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ١٩٩ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: لەم ناوە شارەزا بووین، دۆست و برادەریشمان زۆر بوون، جێگا و ڕێگایان بۆ دابین کردین، یەکمان بوو بە پاسەوان ئەوانی دیکە لێی نووستین هەتا دوای نیوەڕۆ چاومان بە کەس نەکەوت. ئێوارە هێندێک خەڵکی ئاشنام چاو پێکەوت و هێندێک قسە و باسمان لەگەڵ کردن لە ڕاستیدا، خۆشمان زۆر سوور نەبووین پڕوپاگەندەی زۆرتر بۆ خەڵک بکەین، تەنیا بۆ ئەو کەسانە نەبێ کە زۆر شارەزا و ئەندامی حیزب بوون. دەمانگوت کار و کردەوەکانی کاک ئەحمەد تۆفیق دوورە لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و بە قازانجی شۆڕشی عێراقیش نییە.

ئەوانە دوایی بەرەو گوندی پاشبەرد وەرێکەوتن و لە ماڵە خدری بایز ئامانێ کە خزمیان بوو جێگیر بوون و لەگەڵ چەند کەس کۆ بوونەوە. حەسەنی ڕەستگار دەنووسێ کە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان جیایی و دووبەرەکییان پێ ناخۆش بوو، بەڵێنی هەموو جۆرە هاوکارییەکیان پێدایین.

ئەوان دوایە بەرەو گووندەکانی پانەسەر و دووسەر وەڕێکەون کە هەواری باوکی خێزانی حەسەنی ڕەستگار بوو و بە هەڵکەوت دایکیشی سەیدزادە پەریزاد لەوێ بووە. ئەوان یەک دوو شەو لەوێ مانەوە و دوایە چوونە گوندی شارستێن کە لەوێ دۆست و ئاشنای زۆریان هەبوو. چوونکە ئاغایانی مەنگوڕ لە گوندی خدرجبان کۆببوونەوە پێشنیاریان کرد کە لە دەرەوەی ئاوایی نانیان بخۆن. حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ٢٠١ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: نانمان خواردبوو, خەبەریان پێدایین عەجەم گەیشتە نێو دێ. ئاگاداری ئەو کەسانەی لای خۆمانمان کرد سەماوەر و شتەکان بەرنەوە ماڵێ، هێشتا بە تەواوی شتەکان ڕانەگوێزرابوون، ژاندەرمەیەک کەسێکی پێش خۆی دابوو بەرەو لای ئێمە دەهاتن. ڕووناکییەکی کەم هەبوو، زۆری نەمابوو بگەنە ئێمە دوو سێ یەک هەستاین دەنگمان دا کوڕە کێن کوژران، دوو سێ تفەنگمان بەسەر هەڵتۆقاندن، عەجەمە خۆی بە ئەرزی دادا، گوتی یا حوسێن. کابرای پشتی هەڵات دیار بوو خەڵکی نێو گوندی بوو. ژاندارمەیەکی دیکە لەولای بە دەنگی بەرز بە تورکی هاواری کرد "ڕەزا چبوو؟" چەند فیشەکیشمان بەسەر ئەودا هەڵتۆقاند، ئەویش یا حوسێنی گوت و خۆی بە زەوی دادا، کەسێکی لەگەڵ بوو،

ئەویش ون بوو. ژاندەرمە تەقەیان نەکرد، هەستیان لە خۆیان بڕی. هێندێکی پێ چوو ئاپۆڕایی لە نێو گوند پەیدا بوو و چرا هەڵ کران. دوو کەس بە سواری بەرەو هەنگەوێ دەڕۆیشتن، زانیمان دەیانەوێ هاوار بۆ پاسگای گوندی هەنگەوێ بەرن، مەلا ڕەسوڵ و ڕەشید سمێڵ کە چاودێری ئەو ڕێگایەیان دەکرد، تەقەیان لێ کردن. یەکیان هاواری لێ هەستا بە کوردی گوتی "ئەنگوام ﻤﮕەنێ". سوار گەڕانەوە، لە نێو گوند بوو بە شین و گابۆر. داوام لە هاوڕێکانم کرد، با بڕۆین یەک یەک و دوو دوو کەوتینە چیای پشت ماڵان بەرەو کوێستانی گەدە. سەیر ئەوە بوو ئەو دوو عەجەمەی تەقەیان لێ کرا بوو لە نیزیک ئێمە خۆیان بە ئەرزی دادابوو، هەستیان لە خۆیان بڕیبوو هیچ تەقەیان لێ نەکردین، یەک دوو کاتژمێری گرت هەتا سەرکەوتین بە دیوی کوێستانی گەدەیدا. ئەو کوێستانە چەند گوندێکی لێ بوون کە لە هەمووی شارەزا بووین و دۆست و ئاشنامان هەبوون، ڕوومان لە گوندی کانیە مەلایان کرد.

حەسەنی ڕەستگار دەنووسێ کە خەڵکێکی زۆریان لە شارستێن گرتبوو بەڵام هەر ١٥ کەسیان هێشتبووە و ئەوانی دیکەیان ئازاد کرد بوو. دوایە دەستەی حەسەن ڕەستگاردەچنە گوندی قوروچاوێ کە ئاغاکەی مام ڕەسوو مامی ڕەشید سمێڵ (ئاڕەحمانی شیلم جاران) بوو و بۆشەوی دوایەش دەچنە گوندی شیلم جاران ماڵی ڕەشید سمێل. ئەوان لای نیوە شەو بۆ نووستن دەچنە بیشەڵانی چڕ و پڕی دایە شێخی کە لە گوندەکەی زۆر دوور نەبوو. حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ٢٠٢ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: بۆ لای ئێوارە بە دوای مامۆستای گوندی کە پیاوێکی زۆرزان و کوردپەروەر بوو، لەگەڵ چەند پیاو ماقوڵی گوندەکە ئەوانیش ئەندامی حیزب بوون ناردمان هەموویان هاتن. زۆریان قسە و باس کرد، دیار بوو بۆ ئەوان یەک شت زۆر گرینگ بوو، ئەویش مەلا مستەفا بارزانی بوو و بە لایانەوە کفر بوو کە کەسێک باسی مەلا مستەفای کردبا، بەڵام کێشەی ئێمە کاک ئەحمەد تۆفیق بوو نە وەکوو مەلا مستەفا. بەڕاستی زۆر بە زەحمەت قسەکانی ئێمە لەسەر کاک ئەحمەدیش قبووڵ دەکرا. سەرئەنجام بە ڕاسپاردەی مەلا محەممەد و کوێخا مارف، کوێخای گوندی شیلم جاران، بڕیار درا چاومان بە مەلا مستەفای بایز خاڵندی خەڵکی پەسوێ کە کەسێکی بەناوبانگی ئەو دەڤەرە و ئەندامێکی بەرپرسی حیزب بوو بکەوێ.

شەو ئەوان بەرەو گوندی پەسوێ وەڕێکەوتن و حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ٢٠٣ دا دەنووسێ: چوونەکەمان بێجگە لە دیتنی مەلا مستەفا بایز خاڵندی زۆرتر چاوپێکەوتنی مەلا قادری ئاژدە، پوورزای شەهید کاک سەید ڕەسووی بابی گەورە بوو کە مەلا قادر بەهۆی زانایی و نیشتمانپەروەری ناو و ناوبانگی لە ناوچە و دەرەوەی ناوچە دەرکردبوو. سبەی دوای نان و چای خواردن کە هەمووومان لە هۆدەیەکی بەلاوە بووین قاوەڵتێن بوو، مەلا مستەفا ماوەیەک ڕۆیشتە دەرەوە و گەڕایەوە، گوتی عەجەم بە گوندی وەربوون و ماڵان دەگەڕین. ئێمەش چاوێکمان لە یەکتر کرد و بە مانای ئەوە چی بکەین باشە؟ دوای دەمێک تێک ڕامان مەلا مستەفا کە هەر بە پێوە ڕاوەستابوو گوتی نیگەران مەبن تفەنگەکان دابنێن دەیانشارمەوە، لیباستان بۆ دێنم جلکەکان بگۆڕن، دەڵێم میوانن. ڕەسوڵ و ڕەشید نەیانهێشت من وڵام بدەمەوە، گوتیان هەتا نەکوژرێین چەک دانانێین،

دێن با بێن. مەلا مستەفا ڕۆیی گوتی بزانم هەر چۆنێک بێ هەوڵ دەدەم بۆ ئەم ناوە نەیەن. مەلا مستەفا کە ئێمەی بەو لێبڕاوییە چاو پێکەوت ڕۆیشتە دەرەوە، دیار بوو ئێمەش هەموو تێک چوو بووین، مامەندی قازی وەدەنگ هات گوتی: کوڕینە بەرخی نێر بۆ سەر بڕینە، ڕۆژێکە و ئەمڕۆ هەر مردن بێ با پیاوانە بمرین. هەتا دەکوژرێین شەڕ دەکەین. قسەکە ئەوەندە لە دڵەوە هات کاریگەریی لەسەر هەموومان کرد. کەوش دە پێ کران. چاو لە تفەنگان کرا، حەوشە و حەسار چاو لێ کرا بۆ ئەوەی بزانین ڕێگای دەرباز بوون بە کوێدا دەبێ، هیچ ڕێگایەک نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ کە لەبەر دەرگای ژوورەکەی خۆمان کەسێک بە سەرشانەوە سەرخەین بۆ سەربان کە زۆر نزم نەبوو، ئەو کەسە بەرگری بکا هەتا ئەوانی دیکەش هەر بەم شێوە بگەنە سەربان و لەوێوە بەرگری بکرێ هەتا شەو دادێ. تەکبیرەکە زۆرتر وەک خەیاڵ دەچوو، بەڵام ئەوکات بیرەکە هەر ئەوەندەی بڕ دەکرد. لە هاتنەوەی مەلا مستەفاش خەبەر نەبوو ئێمەش دەقیقە ژمێریمان دەکرد عەجەم وەسەر گەڕێن شەر دەست پێ بکا. کات و ساتەکان زۆر سەخت تێدەپەڕین ترسی مردن و کوژران هاتبوە بناگوێیان. لە نیوەڕۆ تێپەری بوو مەلا مستەفا پەیدا بۆوە، گوتی هیچ نەبوو عەجەم بە ماڵاندا دەگەڕان هێلکەیان دەکڕی. ئاهێکمان هاتەوە بەر، بەرە بەرە سەماوەر هاتوو و بە دواییدا نان هات. هەر چەند زەحمەتیان زۆر کێشا بوو، پڵاو مریشک لێندرابوو، بەڵام ئیشتیای خواردنی ئێمە زۆر لە کەمی دابوو. بە پەلە بووین بۆ هاتنی شەو، نان و چای خورا، لەلای مەلا مستەفا و برا و خزمانی خۆمان نەدەهێنا سەر ئەو حاڵەتە کە ترساوین، هەوڵمان دەدا خۆمان ئاسایی پێشان بدەین. سەعات بە سەعات کە ڕۆژ لە کورتی دەدا ورەی ئێمەش دەچووە سەرێ. ئێوارە درەنگ گوتمان لە گوندی دەچینە دەرێ، مەلا مستەفا گوتی چۆن شتی وا دەبێ، نابێ هەموو خەڵک دەتانبینن ڕاپۆرتم لێ بدەن بەدبەخت دەبم، ئەوە مەلا قادر وڵامی نارد، بۆ شەوێ دەگاتێ دەبێ ببینن. گوتمان باشە بەڵام نان و چای لە دەرەوەی گوندی دەخۆین و هەر لە دەرەوەش لەگەڵ نان و چای خواردن لەگەڵ مەلا قادر و خۆت قسەکانمان دەکەین و لەسەر ئەمە پێک هاتین. بە تەواوی نەببوو بە بانگی شێوان بە ڕێنوێنیی کەسێک لە گوندی پەسوێ دەرکەوتین. خەڵکانێکی کەم چاویان پێمان کەوت، بەڵام ئێمە لەو مەترسییە گەورەیە ڕزگارمان ببوو، باکی ئەوەمان نەبوو خەڵک دەمانبینن هەتا گەیشتینە شوێنی دیاریکراو، تاریک داهاتبوو. بەرە بەرەش کەوڵە نان و سەماوە رو کەرەسە و شتومەکی نان خواردن دەهات. لەم جەنگەیەشدا مەلا قادر و مەلا مستەفا و دوو- سێ کەسی دیکەش پەیدا بوون، کەوتینە باس و قسە و سیاسەت. مەلا قادر کەسێکی زیرەک و زانا و شارەزا دەهاتە بەرچاو. لە زۆر شوێن کە ڕەخنەی دەگرت ڕەخنەکەی بەجێ بوو، لە زۆر جێگاش کە باسی شێوەی حیزبایەتی دەهاتە گۆڕێ و دەبوایە حیزب سیستمی هەبێ لەسەر هێندێک بنەما دامەزرابێ، قسەکانی ئێمەی قبووڵ بوو. لەسەر مەسەلەی بارزانی و پشتیوانی لە شۆڕشی گەرمێن هیچ ناکۆکیمان نەبوو، ئەوەیان تەنیا کۆبوونەوە بوو کە هەردوو لامان بە تەواوی لێک تێ دەگەیشتین. پاش باسێکی دوور و درێژ نان و چای خواردن ئەوان بۆ گوندی پەسوێ و ئێمەش بۆ گوندی شێلم جاران گەڕاینەوە. شەو چووینەوە ماڵی ڕەشید سمێل، بۆ سبەی ئێوارە درەنگ بەرەو

گوندی قوروچاوێ کەوتینە ڕێگا. دیسان بۆ ماڵی وسوو ئیشکەڵی، باپیری مامۆستا عەبدوڵڵای ئەحمەدی کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی نۆروێژە، ئەو شەوە لە ماڵی وسوو ئیشکەڵ گوزەراندمان. مام وسوو زۆر قسە خۆش بوو، کەس لەلای وەرەز نەدەبوو. لە ژیانی خۆیدا ساردی و گەرمیی زۆر دیبوو. داستانی ژیانی پڕ بوو لە ماجەرا و ڕووداوی سەیر و سەمەرە، قەولی دا هاوکاریمان بکا.

ئەوان بەیانی چوونە کوێستانی قوڕوچاوێ و لە هەواری حاجی تاغی لە لای کاک هەمزەی کوڕی لایان دا و دوایە بەرەو کانی زەرد، وەرێکەوتن. حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی٢٠٥ ی بیرەوەرییەکانی دا لەبارەی ئەو گوندە دەنووسێ: گوندێکی لاچەپەکی سەخت لە دۆڵێکی بەرتەسکدا پێشتر شوێنی دانیشتنی سەید خدری کانی زەردی ناسراو بە بابی گەورە و باپیری سەید ڕەسووڵی ڕەحمەتی بووە. سێ چوار ماڵێک بوون، دوو شەو لەوێ ماینەوە. سەرەوەی ماڵان لە نەدیوی کانیەکی ساردی لێ بوو، ڕۆژێک لەسەر ئەو کانیە دەستمان کرد بە لیباس شوشتن و خۆ شوشتن، کۆبوونەوەیەکیشمان پێک هێنا و بڕیارمان دا بەرەو گەرمێن بگەڕێینەوە و واز لەم شێوە حیزبایەتییە بهێنین. مەلا مستەفا پشتیوانی لە کاک ئەحمەد تۆفیق دەکا و شەڕی مەلا مستەفاش بە ئێمە ناکرێ، خەڵکەکەشمان لەگەڵ نییە. بڕیار درا کاک مەلا ڕەسوو، جەعفەر کەریمی و عەلی ئازا لەگەڵ خۆی بەرێ بۆ لای ئامێد و ئافان بۆ ئەوەی بینێرێ دایکی و بەسێی خێزانی و تاقە کچەکەی گەلاوێژ بێن بۆ چاوپێکەوتنی و ئەگەر هەڵسوڕا بیانبا بۆ گەرمێنێ. ئێمەش وردە وردە بەرەو گەرمێن شۆڕ بینەوە. ئێوارە کاک ڕەسوو و کوڕەکان کە بڕیار بوو لەگەڵی بچن بەرەو شوێنی مەبەست کەوتنە ڕێگا، ئێمەش ڕەشید مامەند و خۆم بە درەنگەوە بەرەو دۆڵی شێخان ڕێگامان داگرت، وامان دانابوو بۆ شەو بگەینە ئەو ناوە. دۆڵی شێخان چەند گوندێکی بچووکی لێ بوون، لە سیلەی کوێستانی گەدەوە شۆڕ بووینەوە بۆ دۆڵی شێخان. نیازی ماڵی مارف ئاغامان کردبوو لە شێخان کە لە ژنانەوە گۆیا بە خزمایەتی دەگاتەوە ئێمە.

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٠٦ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: هەر لەوێ بیستمان کە کاک سەعید کوێستانی و ڕەفیقەکانی بە دەهۆ لەلای ماسوێ و دایماو و کەرێزە چەک کراون. زۆرمان پێ ناخۆش بوو. دواتر بە وردی کە ڕووداوەکەیان بۆ گێڕاینەوە هاتینە سەر ئەو بڕوایە، کە داستانی عەجەم هاتنی گوندی پەسوێش هەر پیلانێکی لەم چەشنە بووە بۆ ئێمە، بەڵام ئێمە چەکەکانمان دانەنا. شەوێکیش لە گوندی داغە لەلای وەستا ئەحمەد بووین، کوڕی پاک و دڵسۆز و ماندوو نەناس و نەترس ڕەوانی شاد.

بەرەو گوندەکانی ئامێد و ئافان کەوتینە ڕێگا، لای بەیانی لەلای بەندەنی بۆگەنیوە لەسەر خەرمان کەسێک نوستبوو هەڵمان ئەستاند، یەکڕاست بە خەواڵوویی ڕووی لە من کرد گوتی: "کاک ڕەحیم بەخێر بێی" مەبەستی ڕەحیم ئاولە بوو کە لەو کاتدا وەچیا کەوتبوو. جار جار دژی ژاندارمان تەق و تۆقێکی دەکرد و هێندێک جاریش ڕاوە ڕووتێکی بە بەرەوە دەکرد. زۆرم هەوڵ دا بیسەلمێنم من کاک ڕەحیم نیم، بێ سوود بوو. لێ گەڕاین، ئاوری کردەوە کەتریە ڕەشی نایە سەر ئاگر و ئاو

کوڵی چای دێم کرد. کەوتینە قسە زۆر بە زەحمەت پێمان سەلماند کە ئێمە پێشمەرگەین و ڕێگر نین. دوای نان و ماست و چای خواردنەوە ڕێگەکەمان چیا و چۆل و چۆڵگە بوو کەوتینە ڕێگا. هەتا ئێوارە درەنگ لە بەندەنی  بۆگەنیوە لە لاپاڵێک خۆمان حەشاردا بۆ دوای بانگی شێوان خۆمان گەیاندە ئافان، ماڵی مەلا مینە. هەواڵی کاک ڕەسوڵی پیشنەمازمان پرسی گوتی ناردوویە منداڵەکانی بێن بۆ ئامێدی و ڕەفیقەکانی چوون بۆ مەهاباد سەردانی ماڵی بابیان بکەن. دەیگوت ئەوان لەسەر من گیر نەبن، بە نیازە منداڵەکانیشی لەگەڵ خۆی بەرێ بۆ گەرمێن. ئێمە ئەو شەو لە ئافانماینەوە، بۆ سبەی شەو وامان بە باش زانی هەتا کاری کاک ڕەسوو کۆتایی دێ و بەلایەکدا دەکەوێ لەو گوندانەی دەوروبەر لە هاتوچۆ دابین. ماوەیەک لە گاگەش و کیسەڵان و مەحمودئاوا و کاوڵان و کووران خولاینەوە هەتا خەبەرمان وەرگرت ڕەسوو بە دایک و ژن و منداڵەوە ئاودیوی گەرمێن بۆتەوە. هەروەها هەواڵمان پێگەیشت کە بە دوای تێکهەڵچوونی لەشکری مەلا مستەفا لەگەڵ پێشمەرگەکانی مەکتەبی سیاسیی کۆن، مەکتەبی سیاسی و کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگە پەڕیونەوە دیوی ئێران بوون. ئێمە پێشتر بڕیاری خۆمان دابوو کە بچینەوە لای بارزانی و ئەگەر بگونجێ لەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیقیش ئاشت بینەوە.

لەو ماوەدا کە ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە لە نێوخۆی وڵات دابوون ریبەری حیزب بە نامە شانەکانی حیزبی لە نێوخۆی وڵات ئاگادار کرد بوو کە هاوکاری ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە نەکەن و حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٠٧ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: وردە وردە گەڕاینەوە بۆ لای پیرانشار. دوای چەند ڕۆژێک لە چۆمی کەلوێ پەڕینەوە بەری مێرگان، لەو ناوە دۆست وبرادەرمان هەبوون. ڕۆژێک لەو کەسانەی کاری حیزبیان دەکرد نامەیەکیان بۆ هێنام کە بۆ کۆمیتەی بەری مێرگان نووسرابوو. نامەکە بە دەست خەت و ئیمزای کاک ڕەئوفی مەلا حەسن بوو، ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیە بوو: "ئەوە حەسەنی ڕەستگاری خائین بە حیزب و شۆڕش لەگەڵ چەند چەکداری هەڵخەڵەتاوی دیکە ڕووی لە ناوچەکەتان کردوە، پێویستە هیچ هاوکارییەکیان نەکەن و وڵامی هیچ داوخوازییەکیان مەدەنەوە و ئەگەر بۆتان کرا چەکیان بکەن و دەستگیریان بکەن و تەسلیمی حیزب و شۆڕشیان بدەنەوە". پێیان گوتین لەو شێوە نامانە بۆ شوێنی دیکەش بەڕێ کراون، سوپاسمان کردن، درێژەمان بە ڕێگای خۆمان دا بەرەو سنووری حاجی ئۆمەران. لەلای بادیناوێ لە چیای قەندیل هەڵ بووین، کوێستانی ئەم دیو و ئەو دیوی چۆڵگەیە پێویست ناکا بە شەو بڕۆی. بۆ ئێوارە درەنگ گەیشتینەوە سەر بستووی هەواری حاجی برایم بەرامبەر حاجی ئۆمەران. دانیشتین دەستمان کرد بە ڕاو تەگبیران.

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هاوینی ١٣٤٣ لە بەیانییەیەک دا، زۆربەی کێشە و گیروگرفتەکانی ١٩ ساڵی رابردو و سکرتێری ئەحمەد تۆفیق، هێنانی هەواڵدەر و لە سێدارەدانی ٤٩ کەس لە سەرانی کۆمار و دەسەبەندی و کێشەی رەحمانی قاسملوو و خیانەت ئیسماعیلی قاسملوو، هاشمی حوسێن زادە (قادر شەریف)، سەلاح موهتەدی "مستەفا" و مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی و کۆمیتەی ساخکەرەوە و ئیبراهیم ئەحمەد و پارە وەرگرتن لە بێگانە و

هێرش بۆ سەر سولیمانی موعینی، خستبووە بەر باس و لەژێر ناوی "لادان و سەر شیواوی..." بە توندی وڵامی کومیتەی ساخکەرەوەی داوە و دەنووسێ:

لادان و سەر شیواوی چەند خۆپەرستی ناجوامێر بە ناوی کۆمیتەی ساخکەرەوە

ئەمساڵ لە ٢٥ی خەرمانانی ١٣٤٣ ( ٢٥ی گەلاوێژ دروستە) میللەتی کورد بە تایبەت تێکۆشەرانی ڕێگای ژیانەوەی نەتەوایەتی کورد و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان جەژنێکی مەزنیان تێپەراند و لە زۆر جێگادا لەو ڕۆژە جەژنیان گێرا. لەو ڕۆژەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان پێی نایە بیستەمین ساڵی تەمەنی پر شانازیی خۆی. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەموو کۆششی خۆی لە ڕێگەی خەبات و فیداکاری لە پێناوی ئازادی میللەتی کورد و رزگاریی نیشتمانی خۆشەویست کوردستان بە خەرج داوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە لە ماوەی ١٩ ساڵی رابردوو بەردەوام و بێ هیچ پشوودانیک لە ڕێگای یەکریزی و یەکێتیی خەڵکی کوردستان و لە پێناو جەنگ و بەرگریی لە بەرامبەر دوژمنان تێکۆشانی زۆری هەبووە و لە پێناو ئەو کۆسپانەی کە لەبەردەم ڕێچکەی نەتەوەیی کورد بووندا تێکۆشاوە. لە هەموو دەرفەت و ئیمکاناتێک بۆ یەکخستنی ریزەکانی تێکۆشانی گەلی کورد سوودی وەرگرتووە و بە باشترین شێوە ئاستی زانیاری سیاسی گشتیی بردۆتە سەرێ و یادەوەرییەکانی تێکۆشانی گەلی لە دڵی میللەتدا بە پارێزراویی و زیندوویی هێشتۆتەوە. لە ئەنجامی کارە پر فیداکارییەکانی حیزب کە پەیوەندی نەپچراوی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا پەیدا کردووە بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی کە هەوڵ و کۆششی خۆی لەگەڵ ڕاپەرین و شۆرشی میللەتی کورد دا هاوجووت کردووە و پێوەی پەیوەست بووە بە تەواوی شانازییەوە لە نێو دڵی جەماوەردا شوێنی خۆی کردۆتەوە. ئەم جارە بەشی زۆری کادرەکانی سیاسەتی دەرەوە و پرۆپاگەندە لە نێو بەرێوەبەرانی ڕۆژنامەکانی جیهان و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ئاگادارییەکانی بە باشترین شێوە ئەنجامداوە. ئازایەتی و چاونەترسی کەسایەتی بە توانامان کاک عیسمەت شەریف وانلی، سکرتێری کۆمیتەی بەرگریی لە مافەکانی گەلی کورد و سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیروت لە ساڵی ١٣٤١- ١٩٦٢ شایەنی ئافەرینە.

لە ئاکامی خۆنەویستی و فیداکاری نوێنەری لێهاتووی ئێمە کاک ئەحمەد تۆفیق "ع-١" بوو کە بۆ یەکەمین جار ڕێگا بۆ هەواڵنێران و ڕۆژنامەوانانی جیهان کرایەوە و لە ئەنجامی ئەو خۆنەویستییەی "ئەحمەد تۆفیق"ە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتۆتە ئەو شوێن و پایەیە. کۆشش و تەقەلای ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەم ١٩ ساڵە دا لەگەڵ شاڵاو و پەلاماری بەردەوامی دوژمن ڕووبەڕوو بووە و دەیان جار بە مەبەستی دەستە بەرکردنی چەند کەسی ئازای سەر بە حیزبمان شاڵاویان هێناوە بەڵام ئایا بە کۆمەڵگرتن و ئازار و شکەنجە خەڵکانی ئێمە کۆتاییان هاتووە.

لە ساڵی ١٩٤٧-١٣٢٦ چل و نۆ کەسیان لە ئەندامانی دەستەبژێری حیزبەکەمان لە سێدارەدا. بەڵام دوژمن بەم چەشنە دەستی لە جەنگ لەگەڵ میللەتی ئێمە نەکێشاوەتەوە. ئەم جارەیان

دەستیداوەتە حیزب سازی و دەستەبەندی و هەر رۆژەی بەناو نیشانێکی جیاواز گورز لە یەکریزی حیزبەکەمان دەوەشێنێ. لە سەر کێلی گۆرستانی دوژمن ئەو بەشەی کە لە جەنگدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکشکاوە بەم شێوەیە ناو دەبرێت.

حیزبی پان ئیرانیست، حیزبی سادات، سعادت ملی، کومیتەی تنورش، دەستەبەندی رەحمانی قاسملوو و خیانەت و خۆفرۆشی ئیسماعیلی قاسملوو، دەستەبەندی ئەو شوێنکەوتە شکست خواردووە، واتە هاشمی حوسێن زادە "قادر حسن" ئەو مرۆڤە ناکام و تازەکار کە هێشتا دەمی بۆنی شیری لێ دێت واتە سەلاحەدینی ئیلخانی زادەی موهتەدی "مستەفا" م.ب.س" مەلا ئەبوبەکرە شەلەی فەلسەفی، کێلی مەزاری تازە دارێژراو بە ناوی "کۆمیتەی ساخکەرەوە" کە دوا سەرکەشیی و خیانەتەکانی قادر شەریفە. نووسراوەی سەر کێلی مەزاری ئەو سەگوڕەی دوایی و رەنگرێژی ئەو کارە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی راونراوە کە خودی خۆی پەروەردەی دەستی "سەنتۆ" و ساواکە.

ئەمە بەشێکە لەو نووسراوەی بەیاننامەکەی رێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی لەشکری شۆرشی کوردستان و کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری ١٩٦٤/٧/٧ پێیان رادەگەیەنیین بە تەواوی بۆ کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان روون بووە "م. س"ی دەرکرا و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە پەیوەندیان بە بێگانەوە هەبووە و هەیە هەموو مانگێک بری پەنجا هەزار دینار "دەمیلیون ریال" لە بێگانە بۆ دوژمنایەتی گەلی کورد وەرئەگرن. ئەمە بەشێک لە بەیاننامەکەی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان و رابردووی تێکۆشانی گەلی کوردە.

بەڵی بێگانە لە پێناوی بەملاو ئەولا بردن وپەرتکردنی رێزەکانی حیزبەکەمان ئەو پارە و پاداشتانەی داوەتە ئیبراهیم ئەحمەد و ناوبراویش ئەو پارانەی لە لایەن خۆیەوە بە ناوی هاوکاری داوەتە سەلاحەدین و مەلا ئەبوبەکرە شەلە و قادر شەریف و چەند کەسی دیکە لە هەڵخەڵتاوان و لادەران. لە دوایین قۆناغدا ئەو پارانە دراونەتە ئەندامانی داوێن پاکی کۆمیتەی ساخکەرەوە بەڵام ئەوان نەیانتوانی کە بەو پارەیە لە نێو شارەکاندا بە ژیانی پر زەوق و خۆشگوزەرانی رابوێرن بەڵکو پارەکەیان داوەتە کەوشی توند و تۆڵ و سووکەڵە تا بەو هۆیەوە لە بەردەم توورەیی و غەزەبی میللەت و لەشکری شۆرشگێری کوردستان هەڵبێن و گیانی خۆیان نەجات دەدەن. ئایا ئەوانە بە یەکجاریی رۆیشتن، مەگەر لە کوردستاندا سۆراخ خوازان لایەنێک هەیە پەنایان بدات. ئەوانە لە لایەن جەماوەرەوە چەک کراون ،سەر شۆر و سەرگەردان و وێڵ و شەرمەزارن. بە هەر لایەکدا بچن سەرئەنجام رۆژێک دێت گرفتاری میللەت و ئەندامە تێکۆشەرەکانی ئەم گەلە دەبن. کۆمیتەی ساخکەرەوە لە سەفەری خۆی بەرە و مەزاری مەرگ، بەرگێکی رەشی لە ژیانی خۆی جێهێشت بە تایبەت مامۆستای "دانا" و "دوربین" و "لێوەشاوە" واتە قادر شەریف و شەش کەس لە هاوکارانی هاوشێوەی خۆی کە چەندێ لەوانە هەڵخەڵەتابوون و پاشتر لە رێچکەی نووسینی نەفرەتنامە لەم کۆمیتەیە و روورەشی قادرە کوێر وسەعیدە کوێر و مەلا شەلە بەرەو دادگای دادپەروەری

ڕێبەرایەتی تێکۆشانی میللەتەکەمان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان گەڕانەوە و ئەوەش بەشێک لە نووسینی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوەیە کە لە خوارەوە دەیخەینە بەرچاوی هاونیشتمانانی خۆشەویست، بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو بەم شێوەیەی نووسیوە:

-"... لە منتان پرسیار فەرمووە تا بیر و باوەری خۆم دەربارەی ئەو لایەنە لە کۆمیتەی ساخکەرەوەتان پێ رابگەیەنم، وا لە خوارەوە وەڵامی پرسیارەکەتان دەدرێتەوە.

١- بەڵی من ئەندام بووم لە کۆمیتەی ساخکەرەوەدا...! بەڵام ئەو کۆمیتەیە بە دەست نەخۆشی جیاوازیی بیر و باوەرەوە گرفتارە چونکە راستگۆیی و پاکی کەمتر تێدا دەبینرێت هەر بۆیە پاش ماوەیەک هەڵوەشایەوە "انا للە وانا الیە راجعون".

٢- سەبارەت بەو بەیاننامەیەی کە لە لایەن کۆمیتەی ساخکەرەوە نووسراوە پێویستە بڵێم کە نێوەرۆکەکەی دوور لە راستی و دروستی دەزانم هەر بۆیە خۆم لە بڵاوکردنەوەی پاراست و بەشێکم سووتاند چونکە ئەو هەواڵانەی تێیدا هاتبوو کەسێک نووسیبووی "مەبەستی قادر شەریفە" کە ئەوەمان وەک کەسێکی راستگۆ وپاک نەهاتە بەرچاو. بە ئێوە و هەموو هاورێیانی حیزبی رادەگەیەنین کە پێویستە ئەو بەیاننامەیە وەک مەسەلەیەکی کینە و مەبەستی نووسەرەکەی چاو لێبکەن "مەبەستی قادر شەریفە" نەک وەک بەیاننامەیەکی حیزبی بە تایبەت ئەوەی دەربارەی کاک ئەحمەد تۆفیق نووسراوە. ئیمزای نووسەر..."

لە بەدبەختی نووسەر بەیاننامەی هەمان نووسراوی ئەم برادەرە پەشیمانە ئێستا لەبەر دەست حیزب دایە. حیزب لە بنەرەتەوە بە پێویستی نازانێت تا دەرەبارەی بەرگی رەشی ئەو روورەشانە واتە قادر شەریف و مەلا ئەبوبەکرە شەلە شتێک بڵێت چونکە بێ ئابروویی و درۆ و ریاکاریی ئەوانە لە رووخساریان بە تەواوی ئاشکرایە و بە کورتی کاتێک دەبێت دەرکەوێت کە تەواوی قسەکانیان دژ و پێچەوانەن و بەو چەشنە خۆیان وەڵامی درۆکانی خۆیان داوەتەوە. شاڵاوێک کە بۆ سەر ریزەکانی حیزبی دێموکرتی کوردستان لە لایەن ئەم دەست رەشانەوە دەبینرێت پەلاماری ناجوامێرانەیە بۆ سەر سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاورێی چاونەترس و بێباک کاک ئەحمەد تۆفیق "عبداللە اسحاقی".

میللەتی کورد نەک تەنیا لە کوردستانی رۆژهەڵات بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش شانازی بەم مرۆڤە ئازا و تێکۆشەرەوە دەکات کە بە ئەندازەی تەواوی تەمەنی حیزب فیداکاریی و لێهاتوویی و خۆنەویستیی و پاکیی و راستگۆیی نیشانداوە وهەمیشە لە رێزی پێشەوەی خەباتدا لەگەڵ تێکرای مرۆڤە دلێر و تێکۆشەرەکانی حیزبمان هەنگاوی ناوە، ئەوەش مایەی شانازی حیزبمانە. ناوی ئەم هاورێ دلێرە لە ریزی رابەرانی تێکۆشەری حیزبەکەمان دایە کە بەشێک لەوانە تا ئێستا لە زینداندان و گەنجێکی زێرینیان لە مێژووی تێکۆشانی حیزب و میللەتی کورد پێکهێناوە.

کاک عیسمەت شەریف وانلی کە مایەی شانازی میللەتی کوردە لە نامەیەکیدا کە بە ناوی رابەری تێکۆشانی هەموو کورد نووسیویە: "... بۆ جیبە جێکردنی فەرمانەکەنی ئەو جەنابە کاک

ئەحمەد تۆفیق هاتە بێروت و ئێمە دوای ئەوە هەر دووکمان گەیشتینە بێروت لە بەرواری ١٤ی حوزەیران "پووشپەر"ی ١٩٦٢ گفتووگۆ و کاری گرنگمان ئەنجامدا. لە راستیدا کاک ئەحمەد تۆفیق لە هاوکاریکردنی لێپرسراوانی پارتی سوریە و ئازادیی میللەتی کورد لە سوریا و لوبنان چالاکیی کاریگەر و بەرچاوی هەبووە. کاک ئەحمەد تۆفیق لە سوریا چەند کاری ئازایانەی کردن لەوانە بانگەوازێکی ئەو بەرێزە بۆ رێکخراوی نێودەولەتی و هەروەها چاپکردنی بلاوکراوە جۆربەجۆرەکان وەکو "دیسان بارزانی" و چاپکردنی سەر لە نوێی دوا ژمارەی رۆژنامەی "خەبات" و بلاوکردنەوەیان لە نێو هەوالنامەکان و هەروەها پەیوەندی گرتنی ژیرانە و بە سوودی شۆرش لەگەل رۆژنامەنیگارانی جیهانی. بۆ بانگەوازەکەی ئەو بەرێزە بۆ رێکخراوی نێونەتەوەیی کە بە زمانی عەرەبی چاپی کرد بوو لە راستیدا زۆر پاراو سەرنجراکێش بوو کە هەلبەتە خودی کاک ئەحمەد تۆفیق لە نێو بەرێوەبەرانی رۆژنامەکاندا بلاوی کردنەوە و یەک کۆپیشی لەوانە بۆ ئێمە ناردۆتە ئەوروپا، ئێمەش پێکەوە لەوێ لەگەل کاک فریاد رەواندوزی وەرمانگێراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و ئەلمانی و بلاومان کردەوە. پێویستە عەرزتان کەم کە ئەم بانگەوازە کاریگەرییەکی زۆر چاکی هەبوو و شوێنێکی رێکۆپێکی لە بۆ چوونی جیهانی لە دەرەوە هەبوو. کاریگەرە موسبەتەکانی ئەم بانگەوازە تا ئەو شوێنە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە ئیستگەکانی رادیۆیی جیهان بلاویان کردەوە و لە زۆربەی شوێنە جیاوازەکانی دنیا لێی ئاگادار بوون.

کاک ئەحمەد بەردەوام وەک سەربازێکی نەترس و بێباک لەم رێگایەدا چاوی لە گەنجێتی و خۆشگوزەرانی خۆی پۆشیوە و بێ هیچ کەمترین لادان بە کارەکانی هەستاوە. ناوبراو یەک لە ئەندامە هەرە چالاک و ئازاکانە کە هەمیشە شانبەشانی هاورێ ئەحمەد تۆفیق کە لە راستیدا لەو پێناوەدا رەنجیان کێشاوە و ئەرکی نەتەوایەتی خۆی لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەل نابراودا بە جێهێناوە کە تێکرا مایەی شانازیی میللەتی کوردە. هەر برایەکی کورد بە چاوێکی دلسۆزانە و نەتەوەییانە بروانێتە ژیانی رابردووی هەلسوورێنەرە چالاک و گیانبازە شەرەفمەندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆی دەردەکەوێت کە ئەم ئەفرادە شەرەفمەندانە کەسانێکن کە لە دامێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پەروەردە بوون و لە هەموو کات و شوێنێکدا بەپەری شانازیی و سەربلندییەوە بەرەو پیری مەرگ و لە نێو چوونی خۆیان بوونەتەوە تاکو هەستی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە نێو میللەتی کورد دا بە زیندوویی بهێلنەوە.

قادرە کوێر و مەلا شەلە لە دامێنی گلاوی بەرگی رەشی خۆیان هێرشیان کردۆتە سەر هەڤالی ئازا و خەباتگێرمان کاک فایەق ئەمین "سولەیمانی موعینی" کە لە سەرتاسەری ژیانی خۆیدا بە دلسۆزیی و تەواو پاکی و راستگۆییەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا گیانبازیی کردووە. هاورێیانی حیزبی زۆر باش ناوبراو دەناسن و ئەو ئەندامێکی چالاکی حیزبمانە. لەبەر ئەوە میللەتی کوردی خۆشەویست بە تایبەت ئەندامانی یەکگرتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بروانن ئەم ئاگادارییەی خوارەوە:

١) ئەندامانی کۆمیتەی ساختەرەوە بریتین لە: ١- قادر شەریف "هاشم اقل طلاب"٢- مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی گەرماوی "مەلا شەلە" ٣- سەعیدی مەلا کەریم "سەعیدە کوێر" ٤- سەید حوسێنی مەدەنی ٥- عەبدوڵلا سەدیق ٦- مەلا ئەحمەدی شەلماشی" مەلا " کە بە ئێوەیان دەناسێنین.

٢) لە بەرواری یەکی خاکەلێوەی ١٣٤٣ و بە پێی پێداگریی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و بە ڕەزامەندیی رابەری خەباتی تێکرای کورد و بە بەیاننامەی ڕەسمی قادر شەریف و سەعیدە کوێرە لە حیزب دەرکران و هەموو لایەک لەو بارەیەوە ئاگادار کراونەتەوە.

٣) مەلا ئەبوبەکرە شەلە لەبەروەی کە ئەندامی حیزبی ئێمە نییە تەنیا پێدانی ناونیشانی خائین و خۆفرۆش و شوێنکەوتەی بەسە.

٤) لە پلنیۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و هەڵسوورێنەرانی حیزب بریاردرا کە سەید حوسێنی مەدەنی و عەبدوڵا سەدیق بە تۆمەتی دەستەبەندی و شوێنکەوتەیی و بوونە ئامرازی دەستی چەند کەسی ناشایستە لە ڕیزی کەسانی باش وەلابنرێن.

٥) لەم ڕێگایەوە مەلا ئەحمەدی شەڵماشی ئاگادار دەکەینەوە کە لە بەرواری دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەوە تا سێ مانگی دیکە ئەگەر لە کردەوەی خۆی پەشیمان بێتەوە و پەنا بۆ بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان بینێت سزای ئەو تەنیا دەرکردن دەبێت لە حیزب و بەم شێوەیە بە هەموانی رادەگەیەنین ئەوانەی خوازیاری گەرانەوەن حیزب سزایەکی کەمتریان بۆ لەبەر چاو دەگرێت.

٦) باقی دیکەی ئەندامانی کۆمیتەی بەناو ساختەرەوە کە گەراونەتەوە هێندێک نامەیان نووسیوە ئەگەر دەتوانن لە گەیشتن بە ئامانجی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ ئەندامانی یەکگرتووی حیزب هەنگاو هەڵێنن و بەو ڕێگایەدا وەفادار دەمێنن دەتوانن دوبارە بگەرێنەوە بارەگای بەخشندەی حیزب.

لەم ریگایە دا ئاگادارتان دەکەینەوە کە قادر شەریف " هاشم اقل طلاب" و سەعیدی مەلا کەریم کە هەردووکیان لەوانەن لە خواییەوە کوێر و نابینان هەروەها ئەو مرۆڤە فێڵبازە واتە مەلا ئەبوبەکرە شەلەی هەڵاتوو مقدارێکی زۆریان پارە و چەکی حیزب دزیوە هەر بۆیە ناوبراوان بە تەواوی هاونیشتمانان بە تایبەت ئەندامانی حیزب دەناسێنین و خوازیارین ئەو سێ کەسە خەتابارەیان لە هەر کوێ دەستکەوت بێ وەستان دەستگیریان کەن و تەسلیم بە دەرگای دادپەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بکەنەوە.

پەندێکی ناسراوە "ئەگەر کەسێک مرد چەندە خراپ و پیسیش بێت نابێت نەفرەتی لێبکرێت چونکە بۆ مردووان رەحمەت چاکترە". لێرەوە ئەگەرچی کۆمیتەی ساختەرەوە مردووە بەڵام لە ئەنجامی پێداگریی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە لە بەرواری ١٣٤٣/٥/٢٤ – ١٩٦٤/٨/١٥ پێکهات تا بەم هۆیەوە دواکار و هەواڵی ژمارەیەک لادەر لە حیزبمان کە لە واقیعیەت دوور کەوتوونەوە بە جەماوەر بناسێنین و بزانن کە شوێنکەوتەیی لە حیزبی مەدا کە "ساواک" لە

ڕێگەی ئیبراهیم ئەحمەدی هەڵاتوو هێناویەتە بوون، خەڵکی لێ ئاگادار بکەینەوە. بەڵکو ژیانی نەنگین و نەفرەت ئەنگیزی ئەم شوێنکەوتانە و تێکرای ئەو دەستانەی پێشتر خراونەتە ژێر گڵ بتوانێت وانەیەکی باش بداتە ناحەزان و دوژمنان کە لە تاریکیدا تیغی ژەنگاویی و داپۆشراوی خۆیان لە پێناو دژایەتی لەگەڵ حیزبەکەماندا تیژ دەکەنەوە.

لێگەڕێ هەمیشە لە ئازار دا بمێنن کەسانێک لە راستی بێ ئاگا بمێنن. هەر شەکاوە بێت ئاڵای خەبات و تێکۆشانی ڕیزی یەکگرتوویی حیزبی دێموکراتی کوردستان. شەرەف و شانازی و دڵسۆزیی بۆ ئەندامانی وەفادار و دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان. مردن و روو رەشی بۆ دوژمنانی میللەتی کورد و ناحەزانی یەکریزی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرکەوتوو بێت خەباتی شۆرشگێرانەی کورد. بژی کورد و کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان

## بەشی ٨٠

## کونگرەی ٢ ی حیزبی دیموکرات

دوای کۆنفرانسی ١ کە لە ساڵی ١٣٣٤ لە نێوخۆیی وڵات دا بەسترا، زۆر ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی و تەشکیلاتی دا بە سەر حیزب دا هات. قەوارەی بەڕێوەبەری حیزب بە تەواوی لە گرێژنە چوو بوو. لە رێبەرانی کۆنفرانسی یەک تەنیا ئەحمەد تۆفیق بە کردەوە لە مەیدان دا بوو. عەزیز یوسفی و غەنی بلووریان و دوکتور عەلی مەولەوی لە ئێران گیران و لە زیندان دا بوون. دوکتور قاسملوو لە ئوروپا بوو و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەحەمەد تۆفیق نەمابوو. ئەو لە ساڵی ١٩٥٨ بە دوای کودەتای قاسم هاتەوە بەغدا بەڵام بە دنە دانی ئەحمەد تۆفیق بە تاوانی سیخوڕێ بە ئەمری مەلا مستەفا لە عێراق دەر کرا.

لەوکاتانەدا ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا مەقەڕی دانابوو و بە پێی بەیاننامەی کومیتەی ساخکەرەوە هەر لە پێش شۆڕشی ئەیلوول دا، کەوتبووە ناو کێشەکانی تاقم و گروپ و کەسایەتییەکانی عێراق. هەروەها ئەندامانی حیزبیش بە رادەیەکیان رەخنە لێی هەبوو کە لە رێکەوتی ١١ی بانەمەڕی ١٣٤٠- ١٩٦١/٤/٢٩ وازی لە بەرپرسایەتی حیزب هێنا و دەستی لە کار کێشاوە. بەڵام دوایە بە دەست پێکردنی شۆڕشی ئەیلوول بووە بە مەیداندارێ سەرەکی حیزبی دێموکرات.

لەوسەردەمەدا وەزعی حیزب لە نێوخۆی وڵاتی دا هاڵۆز بوو و رێکخستنێکی ئەوتۆ لە گۆڕێ دانەبوو. تەنیا کاری گرینگی ئەندامانی حیزب کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ شۆڕشی کوردستانی عێراق بوو. هەر کەسە و تاقمێکی لێک هاڵابوون و یەگرتویی ریکخراوەیی لە گۆڕێ دانەبوو.

لەوەزعێکی ئەوتۆ دا، بۆ حیزبی دیموکرات پێویستی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرایەتێکی نوێ و دیاریکردنی بەرنامەیەکی روونی سیاسی، ئەرکێکێ سەرەکی بوو. ئەو پێویستیە پێشتر هەستی پێکرابوو بە پێی بەیانییەی کومیتەی ساخکەرەوە دەبوو لە ساڵی ١٣٣٨ کۆنگرە گیرا با و تێیدا ئاوا هاتووە: لەمەڕ کۆنگرە وە کۆمیتەی ناوەندی لەسەر داخوازی و پیشنیازی زۆربەی ئەندامانی پیشکەوتووی کۆڕی خەبات لە نەورۆزی ١٣٣٨دا بە ئیتفاقی کۆمیتەی ئەیالەتی بڕیاری قەتعیان دا بۆ بەستنی کۆنگرە لە پووشپەڕی ١٣٣٨دا نوێنەرانی کۆمیتەکانی حیزب بۆ هاوبەشی لە کۆنگرە هەڵبژێردران و جێگای تایبەتی دیاریکرا.

لە لایەکی دیکەش زۆر لە ئەندامانی سەروی حیزب ناکوکییان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق هەبوو. بۆیە کەسانێک بە لای باڵی مەکتەبی سیاسی دا کەوتن و دەستەیەک بە ناوی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان، لە حیزب جوێ بوونەوە. دەستەی دیکەش جوێ بوونەوە تا بە رواڵەت حیزب بێنەنەوە سەر رێبازی ئوسوولی خۆی و ناوەندێکیان بە ناوی کومیتەی ساخکەرەوە دامەزراند.

لە بەهاری ساڵی١٣٤٣ هەتاوی چەند کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و کادرەکانی سەرووی حیزب وەک ئەحمەد تۆفیق و سولەیمانی موعینی، نەحۆی پاشایی، مەلا قادر لاچینی، مەلا سمایلی فەقێیەسی، سەید تاهیری ئیمامی، عەبدوڵڵای موعینی، عەبدوڵڵای مەلا عوسمانی، مرادڕەسوڵی لەیلانی، رەئووف مەلا حەسەن، مەلا سەید ڕەشیدی حوسینی و مەلا کەریمی

ساردەکۆسانی و ... لە سەنگەسەر کۆبوونەوە و بە نەهێنی بڕیاریان دا کە لەو ساڵەدا، کۆنگرەی ٢ بگیرێ.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە لە ئاخری مانگی ڕەزبەری ئەو ساڵەدا، بۆ لێگێرانەوەی نوێنەرانی کۆنگرە، سولەیمانی موعینی و نەحۆ پاشایی و مەلاسمایلی فەقێیەسی و ... لە چەند دەستەی جیاواز دا بەرەو ناوچەکانی سەردەشت و مەهاباد و شنۆ، لاجان، سندووس و شارویران و سەلْماس و ماکۆ... گەڕانەوە.

کۆمیتەی تەداروکاتی کۆنگرە، کات و ڕۆژی گرتنی کۆنگرەی ٢ ی بۆ مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ی هەتاوی، دیاری کرد. کاک ئەحمەد، چادر و پارەی خەرجی کۆنگرەی لە مەلا مستەفا وەرگرت و دوای ١٩ ساڵ بەسەر تێپەڕ بوونی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی ١٣٤٣/٨/٢٨ (١٩٦٤/١١/١٩ ) لە ئاوایی "سونێ"، دووهەمین کۆنگرەی حیزب بەسترا. لە بەیاننامەیەکی دوور و درێژ دا، گشت هەڵسوکەوت و بیروباوەری پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی ٢ بڵاو کراوە.

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٢٤ کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" باس دەکا کە کاک فایق لە ڕێگای گەڕانەوە لە سولیمان بۆ سەنگەسەر، دوای ئەوی کە پییگوتووە کە تۆش بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی، ئاوا باسی کۆنگرەی بۆ کردوە: کاک ″سەدیق ئەنجیری″ بەر لە پێکهاتنی کونگرە، گەیشتۆتە لامان، کاری بەرنامەی نوێی حیزب و بەیاننامە و بڕیارەکانی کونگرە و هێند وردە نووسراوەی دیکەی بە ئەستۆوەیە و ...

لە مانگی سەرماوەز ١٣٤٣ لە نیوان ئاوایەکانی سوونێ و شێنێ سەر بە قەڵادزێ، کونگرەی ٢ ی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور دەستی بە کار کرد. لە ئاخر مانگی پاییزی ١٣٤٣دا، لە دەرەوەی ئاوایی سونێ لە داوێنی چیای مامەندە، بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرەی ٢ چادر هەڵدران و لە ڕۆژی بیست و یەکی مانگی سەرماوەز، نوێنەرانی کۆنگرە لەوێ ئامادە بوون. سەید ڕەسووڵی بابی گەورە و مام حەبیب قەرەگوێزی (وەرزێر) بەهۆی بەفرو کرێوە، نەیانتوانی ڕێگای نێوان کونەمشکێ و دۆڵەتوێ و دەشتی وەزنێ ببڕن و لە کاتی خۆی دا بەشدار بن.

لە ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٤٣ کاری کۆنگرە دەستی پێکرد. پاش شەو و رۆژێک، بە هۆی سەرما و سەخڵەتی، لەوێ ئیمکانی ئیدامەی کاری کۆنگرە نەبوو، بۆیە ئەندامانی کونگرە گوێزتیانە و بۆ مزگەوتی ئاوایی "سونێ" و کۆنگرە لە ماوەی پێنج رۆژ دا، کۆتایی پێهات.

باسەکانی کۆنگرە زۆرتر لەسەر راپۆرتی ئەحمەد تۆفیق وەک سکرتێری ح. د. ك بۆ کۆنگرە تەرخان کرا. لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. کۆنگرەی ٢، بێهەڵوێسترین و بێ ڕەخنەترین کۆنگرەی حیزب بوو. ئەندامی بەشدار خەوی لێکەوتووە، بۆ دەنگ دان هەڵیدەستێنن. دەڵی کاک ئەحمەد چی دەڵێ ئەمنیش دەگەڵ ئەوم. رەئی من هەر ئی ئەوە.

نوێنەرانی کۆنگرە زۆرتر لە کەسانی نەخوێندەواری بێتوانا پێکهاتبوو و زۆر لاواز و کەمتوانا بوون و کەسانی بەرچاو، هەر ئەحمەد تۆفیق و سولەیمانی موعینی و سەدیقی ئەنجیری بوون.

ئەندامانی حیزب کۆ نەبوونەوە تا بۆخۆیان بە هەڵبژاردن نوێنەر بۆ کونگرە دیاری بکەن. بەڵکو نوینەرانی بەشدار لە کونگرە لە نێوخۆی وڵات و لە باشووری کوردستان دا، بەهۆی ئەحمەد تۆفیق کە رۆڵی سەرەکی لە حیزب دا هەبوو و رەنگە بە راوێژ لەگەڵ سولەیمانی موعینی، دیاری کرابن. بە گشتی هەڵبژاردن نەکراو و زۆربەی ئەو کادر و پێشمەرگانەی کە لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق بوون بۆ بەشداری لە کۆنگرە دیاری کران و هەوڵ درا تا کەسانێک بچنە کونگرە کە زورتر لایەنگری ئەو یان لە بوچونی ئەو پشتیوانیان دەکرد. بۆیە زۆر کەس، لە بەشداربوون لە کونگرە، بێبەش کران.

کاتێک کونگرەی دوو دەستی بە کار کرد، ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە و ئەوانەی کە کێشەیان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق هەبوو بۆ کونگرە بانگ نەکران و ئەوان ئەوکارەیان سەبارەت بە خۆیان بە غەدر زانی. بۆیە کەسانی وەک حەمەدەمین سیراجی، سمایل شەریفزادە، حەسەن رەستگار و مەلا رەسوڵ پێشنماز و... بە چەکەوە روویان لە شوێنی گرتنی کونگرە کرد. بەڵام بە فەرمانی ئەحمەد تۆفیق، پێشمەرگە لە بەرانبەریان دامەزران.

مەلا عەوڵای حەسەنزادە دەڵی کە قادر شەریف و مەلارەسوڵ پێشنماز و حەسەن رەستگار و حوسێن مەدەنی کە دژی ئەحمەد تۆفیق بوون بۆخۆیان چوون و گوتیان ئێمە خائین نیین و وەرن لە کونگرە موحاکمەمان بکەن، بەڵام بە دەستوری ئەحمەد تۆفیق لەبەریان دامەزران و پێیان دەڵێن هەرکەس بێتە پێش دەیکوژین.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٢٧٢ دا بە نەقڵ لە مەلا رەسوڵ پێشنماز لەسەر بەشداری موخالیفان لە کونگرەی ٢ دا دەنووسێ: کاتێک بیستمان حیزب کۆنگرەی دەگرێ و ئێمەیان بانگهێشتی کۆنگرە نەکردوە، ئێمە: حەسەن رەستگار، محەمەدئەمین سیراجی، ئیسماعیل شەریف زادە، سالاری حەیدەری، خدر محەمەدی "مەرەسەنە"، عوسمان عەزیزییان، قادر قازی، رەحمانی شێلم جاران "رەشید سمێڵ"، فەقێ رەسوڵی زینوێ ، خەلیل شەوباش، حوسێن ئاغای سیسێری" وسێن ئاغا"، سەید فەتاحی نیزامی، عەبدوڵا خەیاتی سەردەشتی "نەورۆز" و من رەسوڵ پێشنماز بەرەو شوێنی کۆنگرە چووین. لە سونێ، نامەیەکمان بۆ کۆنگرە نوسی کە رێگامان پێبدات ئێمەش بەشداریی کۆنگرە بکەین کە رێیان پێ نەداین و چی نەمابوو کە شەرمان لێ پەیدا بێت و...

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە سالار حەیدەری لەو بارەیەوە دەڵێ: ساڵی ١٩٦٤ لە قەڵادزێ بووین. بیستمان حیزبی دیموکرات کۆنگرەی دووەم پێکدێنێت، پێوەندیمان بە سلێمان موعێنییەوە کرد. کوتی نا شتێکی وا نییە. زۆری پینەچوو کە حەسەن رەستگار، رەسوڵ پێشنماز و خەلیل شەوباش هاتنە لامان و گوتیان بەڵێ راستە و کۆنگرە دەگرن و پێویستە بچین و ئێمەش لەو کۆنگرەیەدا بین و ئێمە قبوڵمان کرد. کۆنگرە رۆژی ١٩/١١/١٩ لە نزیک گەڵوەرەز لە سونێ بوو، عوسمان عەزیزییان، خەلیل شەوباش، مەلا حەسەن رەستگار، مەلا رەسوڵ پێشنماز، حەمەدەمین سیراجی، سمایل شەریف زادە و ژمارەیەکی تر چووین بۆ کۆنگرە.

نوێنەر لە پیرانشار، سەردەشت، مهاباد و تەرگەوەر و مەرگەوەرەوە هاتبوون. حەسەن قازی، سەدیق ئەنجیری و سەید رەسوڵی بابی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون. مینە شەم،

مەلا محەمەدی عەجەم و سەید حاجی لەگەڵ چەند پیشمەرگەی تر هاتن و گوتیان بگەڕێنەوە و گوتمان ژمارەیەکمان دێن و لە کۆنگرەدا قسەیان لەگەڵ دەکەین. مەلا سەید رەشید لەگەڵ دوو سێ کەس هات و گوتی: "ئەندامانی کۆنگرە لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە هەڵبژێردراون و ئێوە هەڵنەبژێردراون. ئێـمە دەتوانین بەو مەرجە کە کۆنگرە قبوڵی بکات ٢-٣ کەستان وەرگرین". ئێمە ٢٠ کەس بووین و دەمانگوت هەموومان دێین. مەلا رەسوڵ پێشنماز لە چەخماخی تفەنگەکەیدا و دەیویست شەر ساز بکات، مەلا حەسەن و من و دوو کەسی تریان ئیزندا بچین بۆ کۆنگرە کە قبووڵمان نەکرد و گەراینەوە.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە حەسەن رەستگار دەڵێ: ئێمە چووین بۆ بنکەی سونێ کە بەشداریی کۆنگرە بکەین، نەیانهێشت، رئوف مەلا حەسەن و نەحۆ پاشایی هاتن و قسەیان لەگەڵ کردین گوتیان راپۆرتی ئەو قسانە دەدەین بە کۆنگرە و وڵامتان دەدەینەوە. ئەوان چوون، بەڵام نەگەرانەوە و ئێمەش گەراینەوە بۆ قەلادزێ و دوای ماوەیەک لەگەڵ شەمسەدین موفتی کە نوێنەری بارزانی بوو لە تاران، چووم بە خزمەتی بارزانی گەیشتم و من بە نوێنەرایەتی هەموومان قسەم لەگەڵ کرد تێگەیشت کە ئێمە دژی شۆڕش نین.

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٢٠ ی بیرەوەرییەکانی دا لەسەر کۆنگرەی ٢ دەنووسێ: خەبەریان پێداین کە کۆنگرە دەستی پێ کردوە، دیسان لەگەڵ کاک حەمەدەمین سیراجی و سالار حەیدەری و سمایل شەریفزادە و کۆمەڵێکی دیکە کۆبووینەوە، ڕای جۆر بەجۆر هەبوو، سەرئەنجام بەم ئاکامە گەیشتین بچین داوا بکەین کۆنگرە لە نێوان ئێمە و کاک ئەحمەد تۆفیق داوەری بکا. ئەگەر ئێمە تاوانبار بووین سزای حیزبیمان بۆ دابنێن، ئەگەر کاک ئەحمەد بە خەتابار دەرچوو، پێشی لێ بگیرێ و بارتەقای هەڵەی خۆی کۆنگرە سزای بۆ دابنێ.

حەسەنی رەستگار لە درێژەدا لە لاپەڕەی ٢٢٠ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: ڕۆژی دوایی کۆ بووینەوە و بەرەو گوندی سونێ ڕێ کەوتین. شوێنی کۆنگرەکە شارەزا بووین، لەنێو ئاوەدانی نەبوو لە خڕی دووبێ، پێش ئەوەی بگەیە سونێ دەبوو لە چیا سەرکەوی نیو سەعاتێک ڕێگا بوو و خێوەتەکان لە ڕێگای سونێ قەڵادزێوە نەدیو بوون، نیزیکەی ٣ کاتژمێری گرت هەتا گەیشتینە خڕی دووبێ، وە هەورازی هەڵگەڕاین وابزانم بە هەموومان دوو تفەنگمان پێ بوو مەلا ڕەسووڵ و میرزا خدر بە تەواوی لەیادم نەماوە بەڵام وابزانم لە ١٥ کەس زۆرتر بووین. پێش ئەوەی بگەینە ڕووبەڕووی خێوەتەکان پێشیان لێ گرتین، حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق لە چەخماخی دا گوتی لەسەر شەڕەفی ... بێنە پێش تەقەتان لێ دەکەم. لەلای ئێمەشەوە مەلا ڕەسوڵ لە چەخماخی تفەنگی دا دەستی بە هەڕەشە و گوڕەشان کرد و گوتی تەقە لە کێ دەکەی؟ من و کاک حەمەدەمینیش هەر هاوارمان لە هەردوو لا دەکرد کە لەسەرەخۆ بن تەقەی مەکەن. من و کاک حەمەدەمین کە بێ چەک بووین و لە پێشەوە بووین داوامان لە چەکدارانی لای کاک ئەحمەد کرد کە کەسێکی بەرپرس ئاگادار بکەن قسەی لەگەڵ بکەین. یەک گوتی ڕاوەستن. هێندەی پێ نەچوو یەک هات ناوەکەیم لەیاد نەماوە گوتی کاکە ئەتۆ و کاک حەمەدەمین وەرن. داوامان لە برادەرانی

خۆمان کرد هەر لەوێ بن ڕاوەستن بزانین چۆن دەبێ. لەگەڵ کاک حەمەدەمینی ڕەحمەتی چووین لە بەرە دەرگای خێوەتێک کاک سەدیق ئەنجیری و کاک فایق موعینی ڕاوەستابوون، سڵاومان لێ کردن، گوتیان ئەوە چییە بۆ هاتوون؟ گوتمان کۆنگرەی حیزبە، بۆیە هاتووین دادگاییمان بکەن ئەگەر خەتابار بووین سزامان بدەن ئەگەر نا ئێمەش بەشداری کۆنگرەی بین و قسەی خۆمان بکەین. کاک سەدیق گوتی قسەکەتان ڕاستە، بەڵام دەبێ ڕاوەستن لە کۆنگرە قسەی لەسەر بکەین مەسەلەکە قووڵە، ئێوە بڕۆنەوە بنکەی سونێ هەتا ئێمە لە کۆنگرە بە ئاکامێک دەگەین. قسەکەمان پێ دروست بوو، هاتینەوە لای برادەران، گوتمان با بڕۆینەوە سونێ هەتا ئاگادارمان دەکەنەوە. بەرەو بنکەی سونێ داگەڕاینەوە خوارەوە، بنکەش چوار کەسی لێ بوو داوامان کرد چامان بۆ ساز بکەن، کەتریە ڕەش خرایە سەر ئاگر و چای خورایەوە. کاک نەحۆ پاشا و کاک ڕەئووف مەلا حەسەن پەیدا بوون دیار بوو کۆنگرە ئەو دوو کەسەی دیاری کردبوو قسەمان لەگەڵ بکەن و ئاکامەکەی بۆ کۆنگرە بەرنەوە. ئێمەمانان کە کاک ئەحمەدمان دەناسی، دەمانزانی زەحمەتە کاک ئەحمەد مل بدا بۆ بەشداری ئێمە لە کۆنگرەدا. زۆرمان قسە لەگەڵ ئەو دوو برادەرە کرد و بەڕواڵەت قسەکانی ئێمەیان پێ دروست بوو کە دەمانگوت کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە، با گوێ لە قسەکانی ئێمەش و کاک ئەحمەد بگرێ هەر بڕیارێک کۆنگرە بیدا ئێمە قبووڵمانە. گوتیان دەڕۆین دوایی وڵامی کۆنگرە چی بوو ئاگادارتان دەکەیەنەوە. گوتمان زۆر باشە کاک نەحۆ (باپیر شکاک) و کاک ڕەئووف مەلا حەسەن ڕۆیشتنەوە بۆ کۆنگرە ئێمەش لە بنکەی سونێ دانیشتین، ڕۆژ تەواو بوو، خەبەر نەهات تاریک داهاتبوو، نەخێر شەو و ڕۆژێ ڕابرد هیچ باس نەبوو. گوتمان کێشەی کاک ئەحمەد بە شەوێک تەواو نابێ با بڕۆینەوە...

لەو کونگرەیەدا رادەی ١٥ کەس بۆ ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردان کە بریتی بوون لە:
١ ـ عەبدوڵای ئیسحاقی( ئەحمەد تۆفیق) ٢ ـ سولیمان موعینی (فایق)٣ ـ سەدیق ئەنجیری ٤ ـ غەنی بلوریان ٥ ـ ئەمیری قازی ٦ ـ مەلارەحیم وردی ( میرزا ئەحمەد) ٧ ـ مەلا سەید رەشید حوسێنی ٨ ـ نەحۆ پاشایی (باپیر شکاک) ٩ ـ عەزیزی یوسفی ١٠ ـ عەبدولرحمان شەڕەفکەندی (هەژار) ١١ ـ دوکتور عەلی مەولەوی ١٢ ـ سەید کامیل ئیمامی ١٣ - سەنار مامەدی ١٤ - حەبیب وەرزێر ١٥ - دوکتور رەحیمی سەیفی قازی .

جێی ئاماژەیە کە مەلا محەمەد خزری، سارم خانی سادق وەزیری بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی دەزانێ. جەلیلی گادانیش لە رەحیمی جەوانمەردی قازی (کوڕی سالاری میرزا فەتاحی قازی) و سارمخانی سادق وەزیری، بۆ کومیتەی ناوەندی بەشکە.

لەگەل هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و دیاری کردنی دەفتەری سیاسی، کومیتەیەکیش وەک کومیتەی چاوەدێری بەرز هەڵبژاردرا کە بریتی بوون لە: ١ ـ عەبدوڵای موعینی ٢ - رئوف مەلا حەسەن (رئوفی خەیات)٣ - مەلاقادر لاچینی ٤ سەیدتاهیر ئیمامی(کوڕی سەید کامیل شاعیری گەورە) ٥ سەید رەسوڵ دەهقان(سەید رەسوڵ بابی گەورە) ٦ - عەبدوڵای مەولەوی

٧ - مەلا نەجمەدینی کەوکەبی ٨ - سەید حاجی کەڵوێ ٩ - مەلا کەریم عەزیزی سارده کۆستانی١٠ ـ رەشید فەلاحی (رەشید قاچاغچی) ١١ ـ مستەفا ئیسحاقی(برای ئەحمەد تۆفیق).

هەر وەک چۆن نوێنەرانی کونگرە بە هۆی ئەحمەد تۆفیق دیاری کران، بەشێک لە ئەندامان کومیتەی ناوەندیش کە هەڵبژێردران، یان لە ساڵۆنی کۆنگرەدا نەبوون و یان لە زیندان دا بوون، یان بێ ئەوەی کە ئاگادار بن بۆ کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

دەبێ بگوترێ کە مامۆستا هەژار و سەید کامیل ئیمامی و سەید رەسوول دێهقان و ئەمیری قازی لە کۆنگرە دا نەبوون. هەروەها٣ کەس واتە کاک عەزیزی یۆسفی و مامە غەنی و دوکتور عەلی مەولەوی لە زیندان دابوون.

یەکێک لە بڕیارەکانی کونگرە کە جێگای سەرسوڕمان بوو ئەو بو کە مەرحومی مەلامستەفا بێ ئەوەی پرسی پێبکرێ، بە سەرۆکی حیزبی دیموکرات دیاری کرا بوو کە لەسەر ئەوکارە، بارزانی گاڵتە بە ئەحمەد تۆفیق دەکا. ئەوجار مامۆستا هەژار لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات هەڵبژێردراوە، گوتبووی هەر کوردی ئێران نییە. دواتر ئەحمەد تۆفیق داوای لە مامۆستا هەژار کرد کە ببێتە سەرۆکی حیزبی دیمۆکرات. بە گوێرەی لاپەڕەی ٤٩٢ چێشتی مجێور، ئەو داوایە لە لایەن سولیمان موعینیش کرابوو، بەڵام هەژار بە توندی بە گژی دادێ.

رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ١٢٦ کتێبی چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم، لە زبانی مەلارەحیم وردی، لە سەر  کۆنگرەی ٢ دەنووسێ: ڕۆژێک مەلا ڕەحیم بە دیدەنی هات بۆلام بۆ مەروێ، یەکجار زۆرم پێخۆشبوو، باوەشمان بەیەکدا کرد و بەگەرمی یەکترمان ماچ کرد. دوای حەسانەوەی، بەوردی گەڕانەوەی لە ئێران و بەشداری لە کۆنگرەی دوو و باسوخواسی کۆنگرە و هەڵبژاردنی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بۆ باس کردم. بەڕاستی بە هاتنەوەی بۆ مەیدانی خەبات زۆر خۆشحاڵ بووم. گوتی لەو کۆنگرەدا ئاگادارییەک لەسەر زۆر کەس بە ناوی خائین و ئاژاوەگێڕ دەرچوو و بە یەکجاری لە حیزب دەرکران. لە بۆکان سەلاحی موهتەدی و محەممەدی ئیلخانیزادە، لە بانە میرزا عەبدوڵڵای نەعلبەندی و مەلا ئەبوبەکری فلسەفی، لە مەهاباد قادر شەریف و چەند کەسانێکی دیکە لە شارەکانی دیکەی کوردستان ناویان هاتووە. هەرچەند تۆش ماوەیەک وەک کادرێک لەگەڵ مەلا ئەبوبەکر و میرزا عەبدوڵڵا لە کۆمیتەی م. ب. س. هاوکاریت کردن، لە کۆنگرەشدا باسی هەموان کرا بەڵام کۆنگرە نیەتپاکی تۆی بۆ ئاشکرا بوو بۆیە ناوی تۆ لەو ئاگادارییەدا نەهاتووە. ئەتۆ لە دەرەوەی ئەو بڕیارەدای. ئێستایش شەخسی کاک ئەحمەد بە منی گوتووە کە داوات لێ بکەم بێیتەوە نێو ڕیزی حیزب. هەروەها ئەوەشی بە من گوت کە زەمینەت هەیە دوای ماوەیەک ببیت بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی. من جگە لە پەیامی حیزب، بۆخۆیشم داوات لێدەکەم کە هاوکاریمان بکەیت.

چاوخشاندنێک بە سەر لیستی کومیتەی ناوەندی ئەوەی دەردەخا کە ئەو کومیتەیە نەیدەتوانی سەرکەوتو بی و ئەندامانی هەڵبژیردراو بە پێی پێویست هەڵنەبژێردرابوون. لەو لیستەیە تەنیا ٧

کەس واتا ئەحمەد تۆفیق و فایق و سەدیقی ئەنجیری و ئەمیری قازی و مەلا سەید رەشید حوسێنی و مەلا رەحیم وردی و نەحو و بە کردەوە لە مەیدان دابوون.

لەو کۆنگرەیەدا، زۆر بە توندی هێرشی کرایە سەر زۆربەی کادرەکانی سەرووی حیزب وەک عەزیزی یوسفی، دوکتور قاسملوو (عەبباسی ئەنوەری)، ئەسعەدی خودایار، غەنی بلووریان، کەریمی خامچی، جەلیلی گادانی، یووسفی ئەنوەری، یووسفی ریزوانی، هاشمی حوسینزادە، هاشمی جەلالی، هاشمی ئەقەللوتتوللاب. سەعید کویستانی و ... و هێندێک لەوانە بە لادەر و خایین ناو بران و ئیعلامییەیان لەسەر دەرکرا.

گرتنی کونگرە بە رواڵەت بۆ چاک سازی و باشتربوونی وەزعی حیزب بوو و ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٢٤ کتێبی لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، لە زبانی کاک فایق ئاوا باسی کونگرەی دوو دەکا: کونگرەکەمان بەستووە، کونگرەی دووهەمی حیزبی دێموکڕات، سەرماوەزی ١٩٦٤ زایینی. تاریفێکی زۆری لە رێکوپێکی و سەرکەوتوویی کونگرەکە کرد. بەڵام ئەو کونگرەیە ئەو ئامانجەی نەپێکا.

بە دوای کۆنگرەی دووەم دا، جموجۆڵێکی تازە کەوتە نێو ئەندامانی حیزبی دیموکرات و کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، سەرلەنوێ بنکە و بارەگاکانی حیزبی ڕێکخستەوە. کۆمیسیۆنی هەڵبژێردراوی کۆنگرە و کۆمیتەی چاودێری بەرز، بۆ پێراگەیشتن بەکاری ناڕازییانی حیزب خەریکی بەجێگەیاندنی بڕیارەکانی کۆنگرە بوون.

کۆمیتەی ناوەندیی بەگوێرەی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشمەرگەکانی لە سێ لق و دەستەیەکدا ڕێکخست. لقی یەکەم بە سەرۆکایەتی نەحو پاشایی "باپیر شکاک" بۆ ناوچەکانی سوما و برادۆست لەگەڵ چوار پێشمەرگە. لقی دووەم بە سەرۆکایەتی مەلا ڕەحیم وێردی "میرزا ئەحمەد مەنیجەلانی" لەگەڵ چەند پێشمەرگە بۆ ناوچەی سەقز و بانە و لقی سێ بە سەرۆکایەتی سلێمان موعینی "فایق" بۆ ناوچەکانی سەردەشت، مهاباد، نەغەدە و بۆکان. هەروەها مەلا سەید ڕەشید حوسێنی لەگەڵ چەند پێشمەرگە بۆ ناوچەی مەریوان و هەورامان. ئەمیر قازی لە مەقەڕی سونێ سەرپەرەشتی کارەکانی دەکرد. ئەحمەد تۆفیق سکرتێری "بەڕێوەبەر" هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم هاوکات لەگەڵ بەرێوەبردنی ئەرکی خۆی، کاروباری شۆڕشی باشوری کوردستان و پێوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکرات و سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی، لە ئەستۆ گرت و لەگەڵ چەند کادیر و پێشمەرگە لە گوندی شێخان مقەڕێکی نوێی دانا. لەو بارەیەوە مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٧٦ی چێشتی مجێوردا دەڵێ: بنکەی ئەحمەد تۆفیق لە پشت گوندی شێخان بە چیایەکەوە بوو. کانی و ئاوێکی زۆر خۆشی لێبوو. هەرچەند لە هەموو بنکەکان دەرهەم بەرهەمی زۆر بوو، کار زۆر بە ناڕێکی ئەنجام دەدرا بەڵام ئەحمەد پیاوێکی زۆر بە زاکون و موڕەتەب بوو. پێشمەرگەی ئەو دەرسیان دەخوێند، هەمیشە کاریان دەکرد، کەس زاتی نەبوو لە خەت لادا. نەجاڕ با دارتاشی پێدەکرد، هەرکەس هەر سەنعاتێکی هەبا دەبوو بیکا و بەهرە بە شۆڕش بگەیەنێ، زۆر جار میوانی

دەبوم و بەو تەنزیم و ڕێکوپێکیەی زۆرم دڵخۆش دەبوو. جارێک لەو جارانە لای بووم، نارد بووی لە (خانێ) گۆشتی جوانەگایان کڕی بوو. هەر دەمانخوارد و ڕەحمەتمان بۆ گا زەرد دەنارد.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ۳۳ بەرگی ۳ بیرەوەرییەکانی دا لە وڵامی سولەیمانی موعینی، دوای دوپات کردنەوە قسەکانی ئەو کە بە هیما هێرش دەکاتە سەر ئەحمەد تۆفیق، کارەکانی کونگرەی ۲ دەخاتە بەر ڕەخنەی توند و دەنووسێ کە ئەوە جێگای خۆشحاڵییە کە پیاوی سەرەخەرو و لێکەوتوو و خۆبین پەکیان کەوتوە، بەڵام لە وەزعی کونگرەکەتان وا دەردەکەوی کە وا نیە. لە رابردوو تەجروبەتان وەرنەگرتووە و زیانتان بە حیزبی دیموکرات گەیاندووە و دەنووسێ: ئێستاش بە ناوی کونگرە ئاوا بۆ زەلکاو شۆڕ دەبنەوە کە بە جاریک حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا نوقم دەکەن. تەنانەت دوژمنانی کوردیش جولانەوەی مەهاباد بە نوختە تەحەول لە مێژوی خەباتی کورد دا دەزانن. بەڵام ئێوە بە بی لەبەر چاو گرتنی وەزع و هەلومەرجی ئەودەم، بە بێ لێکولینەوەی وەزعی ئەو دەمی ئێران و جیهان، ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بە قسەی قۆر و قولومبە مەحکوم دەکەن. ڕەخنەیان لێ دەگرن و لەگەڵ قەدەمخێر بەراوردیان دەکەن. هەر بەوەش لغاو ناگێرنەوە، بە گژ "ماڵی گەورەش دا دەچن" ئەوڕو لە هەموو نوختەیەکی دنیا گەڵەکان بە یارمەتی و پشتیوانی ئەوان بۆ رزگاری خۆیان رادەپەرن...

سەید ڕەسووڵ دێهقان لە یادداشتەکەی دا ئاوا دەنووسێ: "بە خەیاڵ کومیتەیەک هەیە و دەفتەری سیاسییەک هەیە و ڕێگا و شوێنێک هەیە کە بە داخەوە بێجگە لە ناکۆکی و دووبەرەکی و هەرکەس، شتێک بە ناوی حیزب نەبوو. هەر برادەرەش وەک بەرپرس دەگەڵ دەستەیەک ڕێک کەوتبوو. جاروبار بە چەکەوە هاتووچۆی ئێرانێ دەکرا و لەوێ دەستەیەک لە دژی دەستەیەک، ئەوی دیکەی تاوانبار کرابوو ناوی نرابوو کاری حیزبی. ماوەی دوو ساڵ دەگەڵ ئەو وەزعە پەرێشانەی هەرچۆنێک بوو رامان بوارد، بەڵام تاڵ بوو. ناخۆش بوو، کەس کەسی قبوڵ نەبوو، هەر کامەی بۆ لایەکی رادەکێشا. ئەحمەد تۆفیق کە سکرتێری حیزب بوو زورتر بە هومێدی بارزانی، کە بە راستی کاریشی بۆ کرد بوو تێکەوتبوو. کە بە داخەوە وەزعێک هاتبووە پێش کە بارزانی دەگەڵ ئێران دۆست بوو، هەر لەوکاتەش دا ئەحمەد تۆفیق لە گەڵ سەدیقی هەنجیری و سولیمانی موعینی نارێک بوو".

سەید ڕەسووڵ دێهقان لە درێژەی یاداشتەکانی دا دەڵی کە دەستەیەک دەیانهەویست لە بەرانبەر بە ئەحمەد تۆفیق، پشتی سەدیقی ئەنجیری بگرن و ئاوا دەنووسێ: بەڵام زۆر بە داخەوە کاک سەدیقی هەنجیری، دەگەڵ ئەوەشدا زۆر باسەواد بوو، کوڕی ئەو مەیدانە نەبوو و دەدنیای خەیالات دا دەژیا.

بە گشتی سەرەڕای ئەوە کە جەلیل گادانی لە لاپەڕەی ۱۲۷ دا دەڵێ کە لەو کونگرەیەدا کاک سەدیق ئەنجیری، زۆری هەوڵ داوە تا حیزب ڕۆڵەتێکی سەربەخۆی هەبێ و دوژمنایەتی حیزبەکانی تر نەکا و لە سەر بنەڕەتی ڕێزگرتنی بەرامبەر، لە گەڵ هەمووان پەیوەندی هەبێ، بەڵام هیچ کام لەو چاکسازیانە نەهاتە دی.

حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ٢٢٥ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر کێشەکانی کۆنگرەی ٢ دەنووسێ: بیستم کە لەسەر ڕاپۆرتی کاک ئەحمەد بۆ کۆنگرەش کێشەی هەبووە، کێشە زۆرتر لە نێوان کاک ئەحمەد و کاک سەدیقی ئەنجیریدا بووە...

... بێجگە لەوەش برادەرێک لە سونێ بۆی گێڕامەوە کە پێش کۆنگرەش بەهۆی هێندێک کار و کردەوەی نالەباری کاک ئەحمەد تۆفیق ساردی و سڕی کەوتبۆوە نێوان کاک ئەحمەد و کاک سولەیمان موعینی. بۆ وێنە کاک سولەیمان و مینەشەم و کۆمەڵێک پێشمەرگە دەنێرێ بۆ دیوی کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی ئاگاداری هێندێک کەس بکەن خۆیان بۆ هاتنی کۆنگرە ئامادە بکەن لە گەڕانەوەیاندا لە بەردقسڵی لەسەر چۆمی سونێ بە ئەمری کاک ئەحمەد مینە شەم چەک دەکرێ. پێشتریش کاک ئەحمەد تۆفیق، عەبدول نستانی و ئەحمەد نستانی بەرێ دەکا بۆ بنکەی مرانێ لای ماوەت و چوارتا، هەر بە خۆشیاندا نامە دەنووسێ بۆ بەرپرسی بنکە کاک ڕێبوار کە چەکیان بکا.

## ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزبی دێموکرات

کەسی یەکەم کونگرەی ٢ واتا سکرتێر یان بەرپرسی یەکەمی حیزب، ئەحمەد تۆفیق بوو. روون نییە کە ئەحمەد تۆفیق لە کام کۆبۆۆنەوەی حیزبی دا دێموکرات دا بۆوە بە کومیتەی ناوەندی و ئەوەی روونە لە ساڵی ١٣٣٤ لە کۆنفڕانسی یەکەمی حیزب کە کومیتەیەکی کاتی بووە، بوو بە کومیتەی ناوەندی. ئەحمەد تۆفیق لە نامەیەک کە لە بەیاننامەی کومیتەی ساخکەرەوە دا هاتووە دەنووسێ کە لە رێکەوتی ١١ی بانەمەڕی ١٣٤٠-١٩٦١/٤/٢٩ دەستی لە کار کێشاوەتەوە و ئاماژە بە بوونی خۆی لە کومیتەی ناوەندی بۆ ماوەی ١٢ ساڵ دەکا. واتا لە ساڵی ١٣٢٨ تا ساڵی ١٣٤٠ کە ئیستعفای داوە، بۆ ماوەی ١٢ ساڵ ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو.



ئەحمەد تۆفیق

لە هەڵبژاردنی کونفڕانسی یەک دا، بەرپرسی یەکەم دوکتور قاسملوو بوو بەڵام کاتێک دوکتور لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق سەفەری بۆ ئوروپا کرد، ئەحمەد تۆفیق بوو بە بەرپرس و دوکتور قاسملوو وەک مشاویر دیاری کرا. هۆیەکەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە دوکتور قاسملوو لە دەرەوەی وڵات دەماوە و کاری خوێندنی هەبوو.

لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات دا دەفتەری سکرتارییەت هەبوو و قازی محەممەد یەکەم سکرتێری حیزب بوو، بەڵام زۆرتر بە رێبەر و پێشەوا بانگ کراوە. بەدوای کۆنفڕانسی یەکەمی حیزب لە ساڵی ١٣٣٤ کەسی یەکەمی حیزب ناوی وەک سکرێتر هاتووە. لە کۆنگرەی ٢ دا، ئەحمەد تۆفیق بوو بە سکرتێرێ حیزب. عەبدوڵای حەسەنزادە لەسەر یاد کردنەوەی ئەحمەد تۆفیق وەک سکرتێر

دەنووسێ: بە پێی موناسبەت یادی سکرتێرەکان دەکرێتەوە بەڵام ئەحمەد تۆفیق ئەوکات کە شەهید بوو ئەندامی حیزب نەمابوو. کەوابوو ناکرێ یادی بکرێتەوە. لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی دا بۆ کونگرەی٣ یادی خراپەی کارەکانی ئەحمەد تۆفیق کراوە و لە ساڵی٣٩ هەتا ٤٩ وەک دەورانی لادان، لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات بە حیساب هاتووە.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٧٢ ئەزموونی خەبات دەنووسێ کە لە کونگرەی دوو دا هەیئەتی سکرتاریا بە جێگای دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا. نەفەری یەکەم ئەحمەد تۆفیق بوو هەرچەند سکرتێر بوو بەڵام ناوی سکرتێری لە سەر نەبوو. هەیئەتی سکرتاریا مۆرێکیان هەبوو بە ناوی هەیئەتی سکرتاریای حیزبی دێموکرات کوردستان کە بە دەست ئەحمەد تۆفیق بوو. عەبدوڵای حەسەنزادە دەڵێ کە لە راستی دا سکرتێر لە قاسملوو داکەوت.

بە پێچەوانەی بووچوونەکانی مامۆستا مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە، ئەحمەد تۆفیق نەتەنیا لە کۆنگرەی دوو بەڵکوو بەر لەو کۆنگرەش هەر وەک سکرتێر ناوی هاتووە. ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٤٣ لە کۆبوونەوەیەک دا کە بە بەڕواڵەت لەسەر پێداگریی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕێکەوتی١٣٤٣/٥/٢٤ گیراوە، بەیاننامەیەکیان بە دژی کومیتەی ساخکەرەوە دەرکرد کە لەوێ دا ناوی ئەحمەد تۆفیق وەک سکرتێر هاتووە و تێیدا نووسراوە: حیزب لە بنەرەتەوە بە پێویستی نازانێت تا دەرەبارەی بەرگی رەشی ئەو رووورەشانە واتە قادر شەریف و مەلا ئەبوبەکرە شەلە شتێک بڵێت چونکە بێ ئابروویی و درۆ و ریاکاریی ئەوانە لە رووخساریان بە تەواوی ئاشکرایە و بە کورتی کاتێک دەبێت دەرکەوێت کە تەواوی قسەکانیان دژ و پێچەوانەن و بەو چەشنە خۆیان وەڵامی درۆکانی خۆیان داوەتەوە. شاڵاوێک کە بۆ سەر ریزەکانی حیزبی دێموکرتی کوردستان لە لایەن ئەم دەست رەشانەوە دەبینرێت پەلاماری ناجوامێرانەیە بۆ سەر سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاورێی چاونەترس و بێباک کاک ئەحمەد تۆفیق "عبدالله اسحاقی".

هەر لەو بەیاننامەدا، لە شوێنێکی دیکەش ناوی ئەحمەد تۆفیق وەک سکرتێر هاتووە و نووسراوە: ئەم جارە بەشی زۆری کادرەکانی سیاسەتی دەرەوە و پرۆپاگەندە لە نێو بەرێوەبەرانی رۆژنامەکانی جیهان و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ئاگاداریيەکانی بە باشترین شێوە ئەنجامداوە. ئازایەتی و چاونەترسی کەسایەتی بە توانامان کاک عیسمەت شەریف وانلی، سکرتێری کۆمیتەی بەرگریی لە مافەکانی گەلی کورد و سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیروت لە ساڵی ١٣٤١- ١٩٦٢ شایەنی ئافەرینە.

## بەیاننامەی کونگرەی ٢

لە بەیاننامەی کوتایی کاری کونگرەدا، چەند بڕیار درا کە نیشانی دەدا حیزب چەندە لە بنەمای پێشکەوتوانەی خۆی لەسەردەمی کۆمار دا دور کەوتبووە. لەو بەیاننامەدا، رابردوی حیزب بە تایبەتی سەردەمی کۆمار، درابووە بەر رەخنە و گازەندەی توند. ئەحمەد تۆفیق، لە ڕاپۆرتی خۆیدا،

ڕێبەرانی کۆماری بە کەم فامی سیاسی و کۆمەڵایەتی شوبهاند کە دەرەبەگ و فئودالەکانیان هێنایە ناو کۆمیتەی ناوەندی و جومگەی دەستەڵات و بە دۆڕاندنی هەڵکەوتی زۆر مێژوویی و پڕ دەسکەوت، تاوان باری کردن. لە راپۆرتی کۆنگرەرە دا، هێرش کرا بۆ سەر حیزبی تودە و بێ هەڵوێستی لە کاتی کودەتا دا و ڕێگایەکی خەباتی چەکدارانە و ڕزگاریخوازانەی بۆ نەتەوەکانی ئێران هەڵبژێردرا و هێرش بۆ سەر خەباتی پارلەمانتاریزم و هەڵبەز دابەزی شەقام کرا. لەو کۆنگرەیە دا چینی جووتیار و وەزیران، وەک پاڵپشتی رەزگاری نەتەوەیی بە حیساب هات و پێداگری کرا بۆ راکێشانی ئەوان بۆ ژێر ئالای خەبات و رەزگاری. لە کۆنگرەدا کارەکانی موسەدیق پەسەند کران و باسی نەخشی شۆڕشگێرە بارزانی کراوە و هێرش کرایە سەر ئەو کەسانەی کە دەستە و ئەژنۆ لە دوژمن ڕادەمینن و داماو و کەساس و بەستەزمان و عەبەساون. کونگرەی ٢ لەسەر ئە باوەڕە بوو کە زەوی و زار و کشتوکاڵ دار و دەوەن و ئاو و کانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردە و مافی ڕەنیوهێنان و دابەشینی ئەرز، بەتایبەتی لە مافە تایبەتییە هەرە گرنگەکانی حکوومەتی دیموکراتی کوردە. کۆنگرە بڕیاری دا کە ڕێگەی بەخشین و گەڕانەوە و لێبووری بۆ کەسانی سیخوڕ و ئەو دەستانە هەبێ کە بەهەلە چوون و بە گوێرەی قانوونی ئەساسی خوازیاری مافی "ئۆتۆنۆمی-خودمختاری" بۆ گەلی کورد بوو.

حامیدی گەوهەری لە لاپەڕەی ٢٥٧ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق ..." بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکرات کوردستانی بە کامڵی هێناوە کە بەمشێوەیە:

یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی

بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکرات کوردستان

دووهەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ هەتاوی بەرامبەر نۆڤیمبەری ١٩٦٤ لە ژێر سێبەری ئالای شۆڕشگێرانە و دورشمی یەکیەتی "خەبات" سەربەخۆیی و دیموکراتی لەنێوان لووتکەکانی جیای زاگرۆس دەستی پێکرد. لەسەرەتادا نوێنەرانی کۆنگرە پاش خوێندنەوەی سروودی (ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان) بۆ بیرەوەری ڕۆژانی دیلی و کۆیلەیەتی هەوالانی کە لەکۆت و زنجیرەی ئیستعمار و نۆکەرەکانی شا و حکومەتی تاران دا یەخسیرن لەگەڵ بردنی ناوی یەک یەکیان رەشاش و تفەنگی پێشمەرگە قارەمانەکان دل ودەرونی سوتاوی دۆڵ و چیاکانی دەرزنگاندەوە و ڕابردووی خوێناوی و بەربەرەکانی پڕ لەشانازی ح.د.ک ی وەبیر خستەوە.

نوێنەرانی کۆنگرە کە هەرکامیان لە جێگایەک لەژێر مەترسی گوللە و سەرنێزەی دوژمن بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری خۆیان دەرباز کردبوو بەنێو یەکتریان نەدەناسی لهجە و بەرگ و پیشەیان یەک نەبوو، بەڵام هەموو تێکڕا زمان و ئاوات و دڵ و دەروونیان یەک بوو. ئەو کۆنگرەیە لەمێژووی خەباتی کوردستان بوو ئەوەڵین جار بەشێوەیەکی تایبەتی و نهێنی بە گورج و گۆڵی و ژێری و سەربەرزی دوور لە چاوی پیس و گڵاوی حکومەتە بەکرێ گیراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک هات.

بەداخەوە پێویستە بڵێیت هێندێک لە هاوالآن لە بەندیخانە بوون و بەشێک لە نوێنەران لەبەر فشار و کۆسپەی دوژمنان نەیان توانی لە کۆنگرەدا بەشدار بن.

سەرەتای وتوێژی دەستووری کۆنگرە بە تیلاوەتی ئایەتی "انا فتحنالک" لەلایەن مامۆستایەکی ئایناسی خەباتکەر و کۆڵنەدەر دەستی پێکرد و لە پاشان یەکێک لە هاوالآنی بەڕێوەبەر مێژووی ١٩ ساڵ خەباتی خوێناوی و پڕ لە ئازار و جەزرەبەی ئەندامانی حزبی دێموکراتی کوردستانی بە راپورتێکی هەموو لایە و بەرین پێشکەش بەنوێنەرانی کۆنگرە کرد.

ڕابردووی ح. د. ک لەکاتی جمهوری کوردستان:

لەو ڕۆژەوە کە ئالآی خەباتی حزبی دێموکراتی کوردستان پچڕاوە دوژمنی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێرانیانی دار و دەستەی شا و ئیستعمار توانایی ئەوەیان نەبوو کەسنگی دیکتاتۆری و زۆرداری لەسەر سینگ و ملی ئێمەدا کوتنەوە، بەڵکو ناکۆکی و نا رێکوپێکی ناوخۆی حزب لەساڵی هەوەڵی دامەزراندندا و کەم فامی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەڕێوەبەرانی ئەو کاتی حزب بۆ ڕاکێشاندنی کۆمەڵی وەرزیران و جووتیاران و ڕەنجبەرانی تری لادێکان کە ئوردوی بنچینەیی شۆڕش ئەژمێردرێن و هەروەها هێنانە سەر کاری دەرەبەگ و فئودالەکان و بەشداربوونیان لەناو کۆمیتەی ناوەندی حزب دا و زاڵبوونیان بەسەر جووتیار و رەعیەت باعیس بوو کەحزب و نەتەوەکەمان لەمەر ڕێکوپێکی بناغەی شۆڕش ڕێگای بێ بیری و نالەباری و لالووتی بگرێتەبەر.

سەرانی ح.د.ک لەساڵی ١٣٢٥ دا کە لە پشتیوانی ئوردووی شۆڕشگێری وەرزێر و جووتیاری بەری بوون لەسەر بناغەی کۆمەڵایەتی خۆی پێ نەچەقاندبوو. هۆیەکانی بچینەیی ئەو "کارە" بە دۆڕاندنی هەل و هەڵکەوتی زۆر مێژوویی و پڕ دەسکەوت دەچووە سەر کاڵی و بێ تەجروبەیی بەڕێوەبەران و پەروەردە و قال نەبوونیان لەناو کۆڕی تێکۆشان و خەباتی بەردەوامی حزبایەتی.

هەڕەشە و گوڕەشەی شا و ئەربابەکانی لە لایەکەوە "قەول و قەرزاری" چلکاوخۆر و نۆکەرەکانی بەدفەری ئیستعمار لە لایەکی تر شوێنەونکەی لە "رابەرانی" حزب کردبوو بەسەر سورماوی و داماوی خۆیان تەسلیم بەسیاسەتێکی "قەزاوقەدەر" کرد.

ئەوبابەتە ڕاست بوو کە ئەگەر یارمەتی و "پشتیوان" لەناو دانەبایە حکومەتی خوێری و چلکاوخۆری تاران بە دووقۆڵی لەگەڵ ئیمپرپالیزم زووتر لەوەش هێرش و شاڵاوی بۆ سەر جمهووری کوردستان و ح.د.ک ئەهێنا.

سەرانی ح.د.ک نەتەنیا لەو هەل و دەرفەتە گرنگە بۆ ڕێکوپێکی ناوخۆ و پتەوی دەولەت و قایم کردنی بناغەی لەشکری چەکدار و هێزی پێشمەرگە سوودیان وەرنەگرت بەڵکو لەسەر سەنیری خاتر جەمی پاڵیان دابووە و پێیان وابوو کە بێشکەی شۆڕش هەتا هەتایە ئەبێ بەدەست وان ڕابژێ. لەلایەکی ترەوە ڕابەرانی" لای تر" بەهۆی ڕاوێژکەرە لێ نەزانەکانیان وایان ئەزانی کە ئەو کۆرپە ساوایە پێی هەڵگرتووە و فامی کراوەتەوە و ئەتوانێ ماف و ژیریی خۆی بپارێزێ، بێ خەبەر لەوەی کە ئەو مەلۆتکەیە لە بیشکەدا تاسابوو.

هەروەکی خۆشیان لەکاتی پێویستی پشتگیریی پشتیان لەو مەلۆتکە تاساوە کرد و خۆیان خستە خەوی کەروێشکی.

بە بەرچاو خستنی ئەو بابەتانەی سەرەوە پێویستە بەداخەوە ئیقرار بکەین: پێش ئەوەی کە دوژمنی خوێری ئامادەگی پەیدا بکا و توانایی تێکشکاندنی گەلی کوردی هەبێ سەرانی حزب و کاربەدەستانی جمهووری کوردستان مەیدانیان بۆ هەڵکوتانە سەر نەتەوەی کورد لەناو دەولەت و حزبدا خۆش کرد و هۆرەیان لە خۆمان بۆ قەڵشاندن و تێکدانی خۆمان سازکردبوو تا گەیشتە ڕادەیەک کە دەستە و ئەژنۆ لە دوژمن ڕامابووین کە چیمان بەسەر ئەهێنێ و کەی دووچاری چەرمەسەری و چارەڕەشی ئەبین.

لە کۆنگرەدا لێکدراوە کە کەم و کورتی خەباتی حزب لە ڕابردوو و دەوری حکومەتدا ئەوەبوو کە سەرانی ح.د.ک لەنێوان بەرەبەرەکانی "پارلەمانتاریزم" و "شۆڕشی چەکدارانە" دامابوون، لەلایەکەوە لە "مەجلیسی شورای ئێرانی" نوێنەری هەبوو کە لە "تریبوون" نەک بۆ هەڵگیرساندن و خۆشکردنی ئاگری شۆڕش لەناو دڵ و مێشکی خەڵک کەڵکی وەرنەگرت بەڵکو لەمەڕ تەئسیر و نفووزی خەباتی پەرلەمانی حزبەکانی تاران بۆ دامرکاندنی بلێسەی شۆڕش جاروبار ڕاوێژ دەکرا.

تەواوی ئەو چەک و چوڵانەی کە دەبوایە لە خزمەتی شۆڕش بەکار هێندرابایە و بۆ پاراستنی حکومەت و گیان و ماڵی نەتەوەکەمان هەڵسوورابایە لە ژووری پێویستدا بێ سوود و کەلک کەوتە دەست "حکومەتی تاران" دوژمن و داگیرکەری وڵاتمان. دیارە حزب لە سەرەتای کاردا لەکاتی خۆی دەیتوانی کە هەردوولای خەبات یانی پەرلەمانی و چەکداری وێکرا بگرێتە پێش و بە ژیری و وریایی لە تەواوی هەل و فرسەتە پیشەهاتووەکان سوود وەربگرێت و فریو نەخوا، بەڵام لەپێش ئەو کارەدا ح.د.ک ئەبوایە لەشێکی ساغ و بیر و ڕاوێژێکی تەواو و شارەزا و تێبینی گرنگی لەمەڕ نەتەوەی خۆیی و دوژمنەکانی هەبا.

لەدنیای ئەوڕۆدا مرۆڤ دەکرێت هەم خودای بێ هەم خورما بەڵام لەپێش ئەو ئاواتەدا لە سەری پێویست و فەرزە کە خۆی بناسێ و خودا و خورماش بناسێ تا بەتام و شیرینی خورما خۆی لێ نەگۆڕێ و بە هەلە نەچێت و بە بردنی ناوی خودا خۆی تەفر و توونا و خەڵکیش بەفریو نەبا.

کورتی و کەم و کوڕی گەورەی خەباتی ح.د.ک ئەوەبوو کە لە خەباتی چەکدارانەی "سمکۆ" و "قەدەم خێر" و ... هتد، دەرس و سەرمەشقی وەرنەگرت، شێوەی زیندوو و نەمری ئەو قارەمانانەی ڕێگای ڕزگاری و خەباتی بێ کەڵک و سوود هێشتەوە.

لەمەڕ تەسلیم بە دوژمن و هاتنەوەی سوپای داگیرکەر:

هەروەها کۆنگرە هاتەسەر باسی کشانەوە و تەسلیمی بیلا قەید و شەرتی حکومەتەکانی کوردستان و ئازربایجان کە کاتی خۆی حزبی دیموکراتی قەواموسەلتەنە لەگەڵ زۆر لە کاربەدەستان و خاوەن بیر و باوەڕ پێکراوانی سیاسی و حزبی لە تاران "قەرار و مەداریان" بەستبوو بە چوونی قەوام السەلتەنە بۆ مسکو و کۆبوونەوە لەگەڵ ستالین و دەوروبەرەکەی ئەوێ ڕۆژێ بە دەلیلی داتاشرا و

برینی خەڵکیان بەوە سارێژ دەکرد کە گوایا ژێری خستنی چارەنووس و ڕەنگ و کوێرەوەری نەتەوەکانی کورد و ئازربایجان بۆتە قوربانی و بەڵاگەردانی ئازادی گەلی چین.

لەو لایەشەوە حزبی توودەی ئێران و دەستەکانی میللی تر کە پێشوو بەزمان و قەلەم و قەول و قەرار پشتیوانیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی دوو نەتەوەی کورد و ئازربایجان کرد بوو تەنانەت بەجووڵانەوەی ئازادی ئیران یان ناو دەبرد و ویستیان بەو دەلیلە پڕوپوچانە خۆ حەشاردەن و وەک کەوەکە سەریان لە بەفر گرتبوو لەشیان بەدەرەوە بوو دەیانەویست ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە لەو کاتەدا تەواوی هێزی ڕەش و بەدفەری شا- ئیمپریالیزم و دوژمنە سوێند خۆرەکان کلکیان لیک بەستبوو لە تارانەوە "بەدڵنیایی" ڕوویان کردە کوردستان و ئازربایجان و ئەوانیش لەجیاتی بەربەستی لە پەلاماری ئەو دوژمنە هاوبەشییە بکەن وەیا لانیکەم لە پشتی جەبهە زەرەباتی قوڕس و بەشێوەی تێکدەرانە و سابوتاژ لە دوژمن بدەن خۆیان خستبووە گوێی گا و چوونە ناو خەوی سەرە مەرگەوە بەو مانایە مرتقیان لەخۆیان بڕی و هەتا بەناوی نارەزایی بەبیروباوەڕی شوڕشگێڕانە و دیموکراتانەیان دەرنەبڕی ئا بەوجۆرە لەو دەمەوە تا ئێستا شا و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و دوژمنانی هاوبەشی نەتەوەکانی ئیرانیان لەسەر بزووتنەوەی ئازادی خوازانەی گەلەکانی ئیراندا زاڵ کرد و دواییش دیتمان قەوامولسەلتنە بە ڕیشی موبارەکی هاوپەیمانەکان و مسکو- تاران پێدەکەنی.

خو و ڕەوشتی سەرۆک و سەرانی ئەو جۆرە حزبانە لەمەڕ ئەو دەست ئەو دەست کردن بۆ وەشاندنی زەربە و خۆخنکاندن و خۆدەخەو خستن لەکاتی هەڵکەوتنی شۆڕشگێڕانە لە پاشەڕۆژەکانی داهاتوودا یانی ڕۆژانی ڕەش و تەنگانەی کودەتای ٢٨ مراد دا ڕووناک تر و ئاشکراتر وەدی هات، لێرەدا بێ جێ نییە کە پەندی ڕوودەکی شاعیری مەزن لەو بابەتەوە بخەینە بەرچاو کە ئەڵێ:

هرکه ناموخت ازگـشت روزگار هیچ ناموزد زهیچ آموزگار.

ح. د. ک و سیاسەتی دەرەوە:

کۆنگرە بڕیاری دا ح. د. ک ئەبێ بەباشی و ژیری و گورج و گۆڵی لەو تەنگ و چەلەمەی سیاسی و ئابووری ئێران و لە هەڵوێست و وەزعی تایبەتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەگەڵ حکوومەتە نیشتیمانییەکانی بێ لایەن، لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی گێتی پێویستە کەڵک و سوود وەرگرێ لەو هەل و فرسەتە مەزنە بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێران لە هیچ فیداکاری و گیانبازییەک درێغی نەکا.

لەسەر ح. د. ک فەرز و پێویستە کە بەگوێرەی هەڵوێستی تایبەتی خۆی ڕێگایەکی خەباتی چەکدارانە و ڕزگارکەرانە بۆ ئێران و نەتەوەکانی بدۆزێتەوە و بەشێوەیەکی شۆڕشگێرانە بەهاوکاری و هاوخەباتی حزب و دەستە سیاسییەکانی تری ئێران رەعەمەل بینی.

ح. د. ک و شۆڕش:

کۆنگرە بۆی ڕوون بووە کە پێش گرتنی ڕێگای خەباتی پارلەمانتاریزم و هەڵبەز دابەزی شەقامی بێجگە لەوە کە خەڵکی ئێران زیاتر دووچاری سەرکوتی و ملکەچی و شل و شەکەتی و سەرشۆڕی بکا "بە خیانەتێکی موسەللەم بە نەتەوەکان دەژمێردرێ" سوود و کەڵکی نییە.

کۆنگره سەلماندی کە ڕێگای خەباتی ڕاستەقینە ڕێگای ڕزگاری نەتەوایەتی خەباتی چەکدارانە و شۆڕشگێرانە لە دژی ئیستعمار و چلکاو خۆرانی "شا و حکومەتی تاران" و تەفر و تووناکردنی بناغەی هەیئەتی حاکمەی ئێران "سەرمایەداری و دەرەبەگی گەورە".

بەڵێ تەنیا ڕێگای خەباتی چەکدارانە و شۆڕشگێرانەی خوێناویە کە لەسەر بیر و ڕاوێژێکی نوێ و تێبینییەکی ژیرانە ئەتوانی تەنگ و چەلەمە و چارەڕەشی حزبایەتی لەناو خەڵکی ئیران بنەڕەت بکا.

یەکیەتییەکی ئەوتۆ پتەو و نیشتمانی بۆ ڕزگاری نەتەوەکانی ئێران تەنیا لەناو کورەی ئاگری شۆڕش دا وەدی دێت.

کۆنگره بڕیاری دا کە لەسەر شانی ڕابەرانی ح.د.ک فەرز و پێویستە کە هەرچی لە توانایان دایە بەتەواوی هێز و بیر و ڕاوێژی حیزبایەتی بۆ گەیشتن بەئامانجی مەزنی نەتەوەکانی ئێران یانی تێک و پێکدان و ڕووخاندنی ڕژێمی بۆگەنیوی شایەتی و هەڵوەشاندن و لەناوبردنی یاسا ڕەشەکانی هەیئەتی حاکمەی تاران و شاخ و لک و پۆپەکانی لەسەرانسەری ئێران ئەبێ لەتەواوی حیزب و دەستە سیاسییەکانی پێشکەوتووی ئێران بگێڕیتەوە و داوا بکا کە بۆ گەیشتن بەئامانجی گشتی کوێره ڕێگای خەباتی پارلەمانتاریزم کە "تەواوی خەڵک لێی ماندووبوون و پێی وەستاون" توور هەڵدەن و ڕوو لەڕێگای نوێی شۆڕشگێڕانەی ح.د.ک بکەن، بە دڵ و دەروونێکی خاوێن بەبیر و هەستێکی تازە دەستی یەکیەتی و خەبات بدەنە دەست ح.د.ک لەمەڕ وەدیهێنانی یەکیەتییەکی پتەوی نیشتمانی بۆ ئازادی ئێران و ڕزگاری نەتەوەکانی.

تەجروبەی شۆڕش لە کووبا و جەزائیر و گەلێک جێگای تر بەباشی وەدەری خست کە ڕێگای سەرکەوتنی شۆڕش بەها دان و ڕێکخستنی چینی جووتیار و وەزیر و کێشانی وان بۆ ژێر ئاڵای خەباتی چەک و چەکدارانە لە چیا و دەشت و کێو و پەیوەندی لەگەڵ چینە زەحمەتکێش و بەشخوراوەکانی نەتەوایەتییە، لە شارەکان شۆڕش سەرناکەوێ و دابەزینی ئومێد و هیوا بەستن بە خەباتی سەر شەقامی خەتایەکی گەورە و ڕەنج بەخەسارییەکی زۆری پێوەیە.

هەروەها پێویستە بزاندرێت کە خوو ڕەوشتی حیزبێکی سیاسی نەک لە ڕووی گوفت و گوفتار بەڵکو لە مەیدانی کردەوەدا نیشان ئەدرێت و لە ئێران لە ماوەی خەباتی خوێناوی گەلانی ئێران دژی ئیستعمار و شا و نۆکەرەکانی ڕێگای پەرلەمانتاریزم تەنیا و تەنیا ڕێگای خەبات ئەژمێردرا چ بۆ جەبهەی میللی و چ بۆ ح. ت ئێران وە چ بۆ حیزب و دەستە سیاسییەکانی تر، لەو ڕێگایەدا تەنیا جبهەی میللی بە ڕابەرایەتی موسەدیق توانی بە قەول و قەراری خۆی عەمەل بکا و بیر و باوەڕی خۆی بەدی بێنێ، لەسەر ئەو ڕێگایەدا بە حکومەت بگا و نەوت میللی کا هەروەها ئیستعمار و شا و هەیئەتی حاکمەی تاران وەهانکەهانک بخا و نیوەگیانی کا، جبهەی میللی گەرچی بۆ ماوەیەک توانی گەلێک کاری شۆڕشگێرانە بکا، بەڵام توانایی ڕاگرتن و پاراستنی ئەو هەنگاوە بەرز و شۆڕشگێڕانەی حکومەتی میللی دکتۆر موسەدقی نەبوو.

گەورەترین کۆسپ و بەرهەڵستی لەم بابەتەوە دووبەرەکی و ناکۆکی و لادانی بەڕێوەبەرانی ح. ت ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی نەتەوایەتی ئێران بەسەرۆکایەتی مصدق بوو، ئەو حیزبەی کە چەندیەتی کۆمەڵایەتییەکی باشی پێک هێنا بوو بەڵام لەمەڕ چۆنییەتی شۆڕشگێڕانی حیزبی داماو و کەساس کەوتبوو و لە ڕۆژی تەنگانە و پێویستدا شعوور و فامی دیتنەوەی ئەو ئاڵقە زنجیرەی کە بەهۆی وەدەست هێنانی ئەو تەواوی لەشی زنجیرەکەرا دەکێشرێت نەیانبوو.

**نەخشی شۆڕشگێری پێشوا بارزانی:**

پێویستە بزانین کە هەر لەو کاتانەدا بوو کە قەومی بارزان لە کوردستانی گەرمیان بەڕابەرایەتی پێشەوا بارزانی مستەفا لە قۆناغی خەباتی چەکدارانەی خۆیان بۆناو کوردستانی کوێستان گوێستبوەوە پاش ئەوەی کە تەجروبەی خوێناوی و پڕلە شانازی ئەوان دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و حکومەتی شای بوگەنیو تۆپیوی عێراق لەکاتی پێویست و تەنگانە ح.د.ک بەکاری نەهێنا. بارزانیان بێ ئەوەی چەک دانێن بەسەربەرزی و ژیری و گورج و گۆڵی دەستیان بە کشانەوەیەکی چەکدارانەی شۆڕشگێری بۆ لای یەکیەتی شورەوی کرد کە نەتەنیا چەک و تەواوی هێزی حکومەتەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و فروفێڵی ئیستعمار نەیتوانی بەرهەڵستیان بکا، بەڵکو گشت پسپۆڕەکانی سیاسی و جەنگی دنیا لە دۆست و دوژمن لەمەر بەرزی بیروڕاوێژی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانەی بارزانیان و پێشەوا (مستەفا بارزانی) کۆڵنەدەر سەریان تێدا سوڕماوە.

بەو هۆیەوە نەتەنیا ئابڕوو و شەرەفی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کوردیان کڕیەوە بەڵکو دەرسێکی مەزنی مرۆڤایەتی و بەر هەڵست و سەربەرزی بوو بۆ هەموو تێکۆشەرانی خەباتکەری گێتی. ئەو کردەوە شاز و پڕ لە قارەمانیەتیە بۆتە ئاڵای سەربەخۆیی بیروباوەڕی نەتەوەی کورد و بەو پەندە قووڵ و جوامێرانە نەتەوەی کورد بەدنیای ڕاگەیاند، کە پۆلێکی سیاسی و چەکداری یەکگرتوو و ژیر و پتەو لەژێر سێبەری بیروڕاوێژی مرۆڤێکی فیکری و جەنگی ئەتوانی نەتەنیا لەگەڵ لەشکرێکی پڕچەک و چولی دەولەتێک بەرەبەرەکانی بکا و ڕووسور و سەربەرز سەرکەوێ بەڵکو توانای ڕووخاندن و تێکدانی ئەو حکومەتانەیشی هەیە کە بەهەموو چەک و چۆڵ و تفاق و پارەیەک لەلایەن دەولەتە گەورەکانی ئیسعماریش یارمەتی بکرێن.

بەڵام زۆر لە سەرۆک و ڕابەرانی ئەحزاب و دەستە سیاسییەکان کە لەمەر بەهەڵچوون لەسەر بیر و باوەڕی ناوخۆ لادان لە ڕێبازی کردەوە و عەمەلی شۆڕشگێرانە و چەکدارانە لە ڕۆژ و کاتی تەنگانە و پێویستدا دەستە و ئەژنۆ لە دوژمن ڕادەمینن داماو و کەساس و بەستەزمان و عەبەساو خۆیان بۆ گەل و حزب بێ کەلک و سوود دەهێڵنەوە لێرەدا پێویستە بە سەربەرزییەوە بڵێین کە زۆربەی ئەو هەواڵانەی کە لە ماوەی ١٧ ساڵی ژیانی ڕابردووی خاوەن بیر و ڕاوێژێکی ژیر و پتەو و خاوەن مەسئولییەت و ئەرک و خاوەن قەلەم و دڵ و دەرونێکی خاوێنی مرۆڤایەتی و کوردایەتی بوون، لە ماوەی ئەو ١٩ ساڵەی خەباتدا بیر و کردەوەی سەرۆکی فیکری بارزانیان لەیاد نەکرد هەر ئەوانەی ئاڵای: یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتیان لەدەست دوژمن ڕفاند و کۆڵان بە

کۆلان شار بە شار و پایتەخت بە پایتەخت لەسەر شان و شەپیلکی خوێناوی خۆیان ڕاگرت و پاراستیان تا گەیاندیانە سەر لووتکەی شاخەکانی زاگرۆس و لەناو دڵ و هەناوی دووهەمین کۆنگرەی حزبی دێموکراتی کوردستان بەرزیان کردەوە.

لەناو نوێنەری کۆنگرەدا کەم نەبوون ئەوانەی کە لە زیندان و ڕەشەچاڵەکانی تاران وەک: "قزل قەڵعە" و "لەشکری ٢ی زرەهی" و "قەسری قاجار" جەزربە و شکەنجە و چەرمە سەریان کێشابوو و هەزاران کۆسپ و کویرەوەری و هەڕەشە و گوڕەشەی دوژمن سەربەرزی و ژیری و بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و کوردایەتی و وانی تێک شکاندبوو.

لادانی کۆمیتەچییەکانی حزبی توودەی ئێران:

هەروەها لەکۆنگرەدا کەم نەبوون ئەو نوێنەرانەی کە بەبیر و کردەوەی خۆیان شاهیدی زیندووی لادان و بەهەلەچوونی سەرانی و ڕابەرانی توودەی ئێران لە دەوری هاتنەسەر کاری حکومەتی ڕەشی "ڕەزمئارا" و بەربەرەکانی لەگەڵ دروشمی "میللی کردنی نەوت" و توورهەڵدانی نفووزی ئابووری و سیاسی ئیستعماری ئینگلیز لە ئێران دکتۆر محەمەد مصدق و هاوڕێ و هاوخەباتەکانی وی لە جبهەی میللییان دەکرد، و لەکاتی تەنگانە و گرنگی مێژوویی و نەتەوایەتی دا بە دروشمی چەوت و چەپەل و نالەبار ئاویان بە کورەی ئاشتی دوژمنانی سوێند خۆری نەتەوەکانی ئێران دا دەکرد.

لەکاتی گرنگدا کە دکتۆر موسەدق بۆ بەرەبەرەکانی لەگەڵ میلیتاریزم و دیکتاتۆری لە تەواوی حزب و دەستەکانی سیاسی لەناو مەجلیسی شورای میللی دا داوای دەکرد کە هەموو لە ڕێگەی خەباتی نیشتمان یەک بگرن، زۆربەی سەرانی ئەو حیزبە لەباتی تێکەڵ بوون و خۆتێکێشان لە خەباتی گشتی نەتەوەکانی ئێران گوێیان بۆ زرم و هۆری چەکمەی دیکتاتۆری "رەزمئارا" شل کردبوو، هەر ئەو لادانە رابەرانی ح. ت ئێران لە کۆنگرەی ٢ هەمی حزبی توودە بەکەم و کورتی بڕیاری لەسەر درابوو، بوو بەهۆی هەڵوێستێکی چەوت و چەپەڵ کە زۆربەی بەرهەمی خەباتی نەتەوەکانی ئێرانیان بێ سوود و کەلک هێشتەوە و غەدر و دوژمنایەتییەکی گرنگیان لەگەڵ حزب و نەتەوەی خۆیان کرد، بەداخەوە دەری بڕین و خەتایەک لەکەری شەیتان هاتنە خوار کە ئاو لە ئاش برابوو کودەتای ٢٨ی مرداد سەرکەوت هەر ئەودەمیش ئەیان توانی بە ژیری و وریایی هێز و تاقەتی خەبات خڕکەنەوە بە گۆڕینی هەڵوێست دەست بە پەلاماردان بۆسەر دوژمن بکەن بەڵام ئەو وەختەیش هەرچەند بەڕێوەبەرانی حزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ گەلێک لە کادرەکانی حزبی توودەی ئێران بەهۆی کۆکردنەوەی ئەسناد و بەڵگەی حزبی بۆ نیشان دانی نادروستی ڕێگای ڕابردوو و دۆزینەوەی ڕێبازێکی ڕووناک لەسەر ئەو دروشمانە:

١ - تەقەلا بۆ هێنانەوە سەر کاری حکومەتی میللی دکتۆر محەمەد مصدق.

٢ - ڕەوا وە ڕووخستنەوەی میللی بوونی نەوت

٣ - بێ لایەنی ئیرانی بە کۆمیتەی ناوەندی ح. ت ئێران پێشنیار کرا.

بەڵام پێشنیارەکەیان لەژێر پێ هاویشت، هەروەها پێشنیاری بەڕێوەبەران و هەواڵانی ح.د.ک لەمەر گۆڕین و گوێستنەوەی تاکتیک حزبی لەوەپاش یانی تێکەڵ کردنی ڕێگای خەباتی چەکدارانە لەگەڵ ڕێگای خەباتی شەقامی و پەرلەمانی بەتایبەتی لە وڵاتی کوردستان و ناوچە فارس وەپاش گوێدرا و ئەیانەویست سەرلەنوێ کوێرە ڕێگای پڕ لە هەلە و گێرەشێوێنی کۆنیان بۆ حزبی دێموکراتی کوردستان بڕەنگێننەوە، لەوکاتەدابوو کە مەسئوولان و ڕابەرانی حزب لەش و گیانی ح.د.ک یان لەو ڕابەرانە جوی کردەوە و ڕێبازێکی تازە و نوێیان وەبەرچاوی خەڵک خست و بەگوێی ح. ت ئێرانیان ڕاگەیاند کە برامان برایەتی و چیغمان جوودایەتی.

مەسەلەی جووتیار و گیروگرفتی ئەرزی:

کۆنگرە لەسەر وەزعی ڕەش و ناکۆک و ژیانی نالەباری جووتیار و توێژە زەحمەتکێشەکانی لادێ بڕیاریدا کە گۆڕانی ژیانی تاڵ و پڕ لە نەگبەتی ئەوان پێویستە بەبیر و ڕاوێژێکی تێبینیانەی زانستی چارە بکرێت.

زەوی و ئاو و بەرهەم بەبێ هێزی باسک و کوێرەوەری جووتیار و ئارەقەی نێوچەوانی وی هیچ کەلک و سوودێکی لێ وەرناگیرێ، دەرەبەگی کە نیشانەی پاشکەوتوویی و چارە ڕەشییە ئەبێ لەبنەڕەترا هەڵقەنرێت ریفۆرمی "ڕوالەت" ئەرزی کە بەنیوی "اصلاحاتی ئەرزی" لەنێو ئێراندا کراوەتە ڕاوێژ و باو.

شێوەیەکی "ئاڵۆز" تێ کدان و هەڵوەشاندنی پەیوەندی زاڵمانەی ئەرباب و رەعیەت لە ئێران دا بەدەست تاقمەیەکی ناڕازی و اصلاح خواز پێشنیار کرابوو دامرکاندنی دەماری خەباتی شۆڕشگێرانە لەناو جووتیاران و زەحمەتکێشانی لادێکانی ئێران فئودالیزم و دەرەبەگی گەورە کە لە ئێران پالی وەپالی حکوومەتی شا و ئیستعمار داوە، وەختایەکی ژیان و ئاغایەتی خۆی دەمەترسی دادێت دەستی بەفر و فیل و بەرهەڵست کرد تا گەیشتە ڕادەیەک کە بەیارمەتی شا و ئیستعمار و بێ هێزی خەڵک توانی ئەرک و تەقەلای ئەو تاقمەیە بێ کەڵک و سوود بکا وە لە زۆربەی جێگاکان نەتەنیا لە شوێنی داندراوی خۆی لایدا بەڵکو بۆ سەرکوتکردن و ئاژاوە نانەوە "لەناو خان و دەرەبەگەکانی قەشقایی و بوێر احمدی و مەمەسنی لە فارس" و هەروها بۆ وەسەرخستن و لاواندنەوەی دەرەبەگەکانی "زولفقاری لە نەنگان" نەخشەی شەیتانی خۆی عەمەلی بکا بێ ئەوەی کە توێژی جووتیار بە ئاواتی خۆی بگا. لە هێندێ جێگا کە زۆر بەکەم و کورتی بەشێوەیەکی پاشکەوتوو پارچە زەوییەکیان بەسەر جووتیاردا بەشکردووە لەبەر ئەوە کە خۆی ئازاد نییە لەژێر سێبەری حکومەتێکی دڵسۆز و نیشتمانیدا نییە هیچ دواڕۆژێکی ئەمین و ئارام و بەختیار و کامەران شک نابا.

شێوەیەکی شوڕشگێرانەی، دابەشکردنی زەوی و زار و لەبەین بردنی پەیوەندی زاڵمانەی "ئەرباب" و "رەعیەت" کە بۆ ح. د. ک لەپێشدایە بە لێکدانەوەیەکی قووڵ و تێبینییەکی نەتەوایەتی بەستراوەتەوە بە ڕزگاری سەرزەمینی کوردستان لەدەست داگیرکەر و چەوسێنەر و گەڕانەوەی زەوی و زار و ناوەندی اصلی کە لە ٩٠% دانیشتوانی کوردستان پێک دێن وە ئەو ٩٠% ڕەگ و پێست و لەش و خوێن و ئێسکی حزبی دێموکراتی کوردستانیان پێکەوە ناوە.

کۆنگرە دەری بڕی کە تەنیا حیزبێکی شۆڕشگێر بەهۆی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی ئەتوانێ ئاساری زوڵم و زۆردار کە هەزاران ساڵە باوە لەبەین ببا جووتیار و وەرزێری کورد خاوەن زەوی و زار و سەربەخۆ و ئازاد و بەختیار بکا.

ئاغاوەت و عەشیرەتە نیشتمان پەروەرەکان پێویستە تا گەیشتن بە حکوومەتێکی دیموکراتی و نیشتیمانی کورد هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە ڕێ و شوێنی سیاسی و ئابووری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکردەوە و کردار لەئاست چینی زەحمەتکێش و کوێرەوەری کێشی دێهات ڕووناک بکەنەوە و خۆیان نەکەنە داردەست و وەرگێرکەی حکومەتی بۆگەنی شا و ئیستعماری ڕزیوی بێگانە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەجیاتی "اصلاحیاتی ئەرزی" بێ جێ و ڕێی شا "شۆڕشی ئەرزی" یانی ڕزگاری یەکجاری و پتەوی خودی جووتیار و سەرزەمینی بن پێی جووتیار و گشت دانیشتوانی کوردستان دەخاتە بەرچاو، هەر وەکی ئەو ڕێبازە لە پڕۆگرام "مەرامنامەی" حیزبماندا بەجۆری خوارەوە دەنوسرێت.

حیزبە ئێمە سوودی خۆی بەوە دا دەزانێ کە لە ڕێگای خەبات و ڕزگاری کوردستان لە خان و خاوەن ملکەکانی بەشەڕەف و کورد پەروەر بگیرێتەوە کە پشتی حکومەتی تاران بەتەواوی بەردەن و بەدڵێکی خاوێن بیر و باوەڕی کوردانەوە خۆیان لەباوەشی دایکی نیشتمان و ڕێبازی کوردایەتی باویژن و پاڵ وەپاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبی ڕزگارکەر و شۆڕشگێری نەتەوەی کورد بدەن و دەستی خەباتی ئەندامانی حیزب لەدەستگرن و بۆ ڕووخاندنی ئیستعمار و حکومەتی تاران لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران هاوخەباتی حیزبمان بن، جابۆیە ح.د.ک لەمەر اصلاحاتی ئەرزی لە کوردستان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی و زانستی کوردانە هەنگاو هەڵ دێنێ.

ح. د. ک لەسەر ئەو بیر و باوەڕەیە کە زەوی و زار و کشتوکاڵ دار و دەوەن و ئاو و کانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردە و مافی ڕەنیوهێنان و دابەشینی ئەرز بەتایبەتی لە مافە تایبەتییە هەرە گرنگەکانی حکوومەتی دیموکراتی کوردە کە بەهۆی بەڕێوەبەرانی ح.د.ک وەدی دێت.

ئەو کاتەیە کە حاکمییەتی نەتەوایەتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرز و ئاو و زەوی و زار و دار و دارستان دادەبەشێت. (ماددەی ٣٩- بەندی نۆهەم- بەشی شەشەم).

### لەمەڕ ناوەندیەتی حیزبی:

کۆنگرە دەری بڕی کە بەهۆی فشار و گرتن و بڕین و نەبوونی هەل و فرسەت ح.د.ک نەیتوانیوە کۆنگرە پێک بێنێ و خاوەن مەرکەزییەتێکی قانوونی هەڵبژاردەی کۆنگرە یانی کۆمیتەی ناوەندی و خاوەن قانوون و یاسای حیزبی یانی پیرەو و پڕۆگرام بێ، وەهەر بەو بۆنەشەوە ح.د.ک دووچاری گەلێک لادان و بەهەلەچوون و گێرەشێوێنی ئەندامان و هێندێک لە کادرەکانی خۆی بووە. "چەپ گەری" و "ڕاست گەری" سەردەمایەک ناکۆکی و نالەباری لەناو حیزب خستبووە، ڕابەرانی حیزب لەمەر گیروگرفت و دەرچوون لە شوێنی خۆیان و بەند نەبوون لە جێگایەکی تایبەتی و هەروەها

دەربازبوونی هێندێک لە هەواڵانی ڕابەر بۆ ناوچەی تر و گوێستنەوەی قۆناغی خەبات جاروبار بۆتە هۆی شێوەیەکی کاری فەردی.

بێجگە لە کەم و کووری سامانی و گیان و لەشی حیزب لەلایەن دوژمنانی جۆر بەجۆر و ڕەنگ بەڕەنگ وەبەر شاڵاو و لێدان دراوە لەلایەک ئیستعمار و حکومەتی شا بۆ تێک شکاندنی لەشی ح.د.ک زۆربەی فشاری دڕندانەی خۆی لە ڕێگای جەزرەبەی زیندان و کوشتن و بڕین و جاسووسی و.... بە تەواوی هێزە ڕەشەکانی خۆیان ویستوویانە لەشی حیزبی ئێمە زامدار و بریندار و کرماوی بکەن.

لەلایەکی ترەوە دوژمنانی بیر و باوەڕی حیزبی بە پڕوپاگندە و درۆ و دەلەسە و کڕین و بەهەلە بردنی هێندێک "ناسراوی ڕووڕەش" کە وەختی خۆی بە گرتنیک سەری خۆیان بۆ خزمەتی "سازمانی ئەمنیەت" شۆڕکردووە وە بە گرتنێک سەری خۆیان بۆ خزمەتی "سازمانی ئەمنیەت" شۆڕ کردەوە وە لەکاتێکدا هەم لە توورەکەیان دەخوارد و هەم لە ئاخوور و گەلێک کارەساتی دیکە ویستوویانە گیانی حیزبی ئێمە دووچاوی مەترسی و ئازار و عەزاب بکەن وە بۆ تێکدانی ڕیزی حیزب لە هیچ گێرەشێوێنێکی چەوت و چەپەڵ کۆتایی و دریغییان نەکردووە.

ئەو دوو چەشنە دوژمنانە گەرچی لە دوولاوە لەلایەن دوو تاقمی ناجۆر لە گیان و لەشی حیزب بەردرابوون بەڵام مەبەست و ئامانجی هەردووکیان لەناوبردن و کوژاندنەوەی ئاگری خەباتی ح.د.ک بووە کە ئەو ئاواتەی خۆیان دەبەنە بن گڵ و ژێر قەبر.

کۆنگرە بڕیاری لێ بوورین و بەخشینی ئەو تاقمە کورد پەروەرانەی دەربڕی کە دەست و دڵ و دەروونی بیروباوەڕی کوردایەتییان پاک ماوەتەوە بێجگە لەو کەسانی کە لە جاسووسی و خیانەت دەستیان ئاڵوودە کردووە، ڕێگەی گەڕانەوە و لێبوورین بۆ ئەو دەستە کورد پەروەرانە کراوەتەوە کە پاش دەربڕینی پەشیمانی و هۆی بەهەلە چوونیان لە کارەساتەکانی ڕابردوو بەدڵ و دەروونێکی خاوێن و بیر و باوەڕێکی تازە خۆیان لەباوەشی ح.د.ک باویژنەوە.

**مەسەلەی نەتەوایەتی:**

کۆنگرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی و بەرژەوەندانە و تێبینییەکی زانستی دوا، نەتەوەگەری و زوڵم و زۆرداری نەتەوەیەکی بەدەسەڵات و لەسەر حوکم لەسەر نەتەوەکانی تری ئێران "کە لەمەڕ سەرزەمین و عەرد هاوبەشییەکی گرنگیان هەیە و هەرکامیان خاوەن زمان و مێژوو و خووڕەوشت و لیباس و ئاکار و سوننەتی تایبەتین" لەمێژ زەمانەوە لە ئێران باو و بەردەوام بووە. ئینقلابی مەشروتیەت تەنیا مەبەستی تێکدان و سەرنخوون کردنی پاشایەتی قاجار نەبوو بەڵکو هەڵوەشاندنی دەسەڵات و زۆرداری حکوومەتی "مەرکەزی" یانی ئاغایەتی نەتەوەی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی تری خستە بەرچاو، بەڵکو دوای هاوبەشییەکی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی لەناو حکوومەتی تاراندا دەکرد "بۆ ڕێک و پێک خستنی حکوومەتێکی دێموکراتی و برایەتی هەموو نەتەوەکان لەمەڕ کار و باری سیاسی و جەنگی و....هتد" هەروەها سەربەخۆیی نەتەوە و قەومەکانی ئێران کە بریتییە لە ئەیالەت و ویلایەت بوون بەشێوەیەکی گرنگ خرا ناو قالبی قانوونەوە بەناوی (قانوونی اساسی

ئێران) هەروەها مەبەست لە مافی هێنانە سەرکاری، ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی لە قانوونی ئەساسی کە بەرهەمی خوێناوی ئینقلابی مشروتییەت بۆ وەدی هێنانی ئەو ئاواتە مەزنەی سەرەوە بوو کە لەناو دەوڵەتەکانی ئەورووپا دایە (AUTONOMIE و AUIODEI EMINATION) لەقەلەم دراوە.

پاش لەناوچوونی بەرهەم و سەمەری ئینقلابی مەشرووتیەت بەتایبەتی دوای کودەتای ١٣٩٩ و هێنانە سەر تەختی پاشایەتی (رەزا خان) بەدەست ئیسعمار، نەتەنیا نەتەوەکانی ئازربایجان و کورد و عەرەب بەڵکو خودی نەتەوەی فارس کە بناغەی زۆرداری و دیکتاتۆری پاشایەتی لە تاران لەسەر سینگی ئەو دامەزرا وە نەتەوەکانی تری دەچەوساندەوە دووچاری ڕۆژ ڕەشی و کەساسی و زوڵم و زۆری کرد.

شا و هەیئەتی حاکمەی تاران کە چلکاوخۆر و نۆکەری ئیستعمارن نەک گوێی خۆیان بۆ دەکار خستن وەدیهێنانی ئەو بەشە گرنگەی قانوونی ئەساسی شل کردوە بەڵکو بەتەواوی هێزی ڕەش و فر و فێڵ لە هیچ بوختان و ساختەچی و گێرەشێوێنی لەم بارەوە کوتاهی ناکەن، ڕوودانی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کوردستان و ئازربایجان لە ساڵی ٢٤-١٣٢٥ بێزاری نیشان دان وە دەربڕینی هەست و قینی نەتەوەکان دژی دیکتاتۆری شا و حکومەتی تاران بوو.

بۆ یەکەمین جار لە ئازەربایجان و کوردستان بەگوێرەی قانوونی ئەساسی دەستیان کرد بە وەکارخستنی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بەمانای AUTONOMIE ئۆتۆنۆمی.

بەڵام هەموو شاهید بووین کە حکومەتی شا و ئیستعمار بۆ پاراستنی تاڵان و خوێن مژی خۆیان چ بەزم و ڕەزمێکی خوێناوی و دڕندانەیان گێرا و حازر نەبوو، مافێکی نەتەوایەتی کە دەیان ساڵ لەمەوبەر بەهێزی چەکدارانە و شۆڕشی گەلەکانی ئێران قانوونی کرابوو، وە مەبەستی مافی "ئۆتۆنۆمی- خودمختاری" بە ئاشکرایی و ڕووناکی تێدا گونجاندرابوو بیننە دی.

پێویستە سەرنج بدرێت کە حکوومەتی شا و ئیستعمار نەک تەنیا لەم بابەتەوە بەڵکو بۆ بەشەکانی تریش لە قانوونی ئەساسی نرخی پەرەکایەکیشی بۆ قایل نەبوون.

وەختایەک حکوومەتی میللی موسەدیق بۆ پاراستنی مافی گەل و حکوومەتی خۆی "بەگوێرەی قانوونی ئەساسی کە دەڵێ: شا حەقی نییە حکومەت بکا بەڵکو تەنیا حەقی شایەتی هەیە و سەرۆک وەزیر لە بەرانبەر مەجلیس و قانوون دا لێپرساوە و مەسئوولییەتی هەیە شایەتی مەقامێکی تەشریفاتییە و تەواوی وەزیران لە بەرامبەر سەرۆک وەزیردا مەسئوولن نەک لە موقابل شادا." بیر و باوەڕ و کردەوەی خۆی وەدەرخست، هەموو دنیا شاهید بوو کە ئیستعمار و شا و چڵکاوخۆرەکانی چ کارەساتێکی خوێناوی و چەوت و چەپەڵیان بەسەر حکوومەتی میللی دکتۆر مصدق و گەلی ئێران هێنا.

جا لێرەدا بەباشی و گرنگی ڕوون دەبێتەوە کە هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی دیموکراتی لە ئێران بەستراوەتەوە بەوەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی ئێران وە ئەو دوومافە لێک ناپسێندرێتەوە.

ئەگەر هات و بەچاوێکی زانستی کۆمەڵایەتی لەو بابەتەوە بڕوانین بەباشی دەرئەکەوێ کە پاش دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکگرتووی نەتەوایەتی و دیموکراتی لە ئێران فەرز و پێویستە کە تەواوی ئەو هەرێم و بەشانەی ئێران کە کورد و فارس و ئازربایجانی و عەرەبن بەگوێرەی هەڵوێست و وەزعی تایبەتی نەتەوایەتی "کە بریتییە لە هاوبەشی زمانی و مێژوویی، هاوبەشی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، - هاوبەشی سەرزەمین و عەرد- هاوبەشی ئاکار و سوننەت و کار و خەباتی نەتەوایەتی..." ئەبێ مافی حوکم دانان و حوکم کردنی ناوخۆیی، مافی دانانی یاساکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و....هتد، بەسەربەستی سەربەخۆیی نەتەوایەتی وەدی بێت.

هەروەها مافی هەڵبژاردنی ژمارەیەک لە نوێنەرانی ژیر و تێگەیشتوو خاوەن بیر و ڕاوێژ هەر نەتەوەیەک بۆ دانانی پارلەمانێکی خۆوڵاتی و حوکم ڕەوایی نەتەوایەتی چ بەنێوی حکومەتی ئۆتۆنۆمی و چ بەنێوی حکومەتی فیدرالی یەکگرتوو کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و... نەتەوەی خۆی بەڕێوەبەریت، هەروەها نوێنەرانی تایبەتی ئەو نەتەوانە لە حکومەنی مەرکەزی لە پارلەمانی گشتی نەتەوەکان بەشدار و خاوەن مافی تایبەتی بن.

ڕێگای ڕزگاری و خۆشبەختی و بەرزییەتی ئێران و تەواوی ئەو وڵاتە زۆر نەتەوانە "کثیرالملە" بە لێکدانەوە و حمل کردنی مەسەلەی میللی بەو شوێن و ڕێبازە گرنگانە ی ح.د.ک بەستراوەتەوە کە لە ماددەکانی ٤و٥ی پڕۆگرامدا بڕیاری لەسەر دراوە.

جا بۆیە ح. د. ک لە کۆنگرەدا بۆی دەرکەوت لەمەڕ وەدیهێنان و ڕووناک کردنەوەی ئەو حەقیقەتانەی سەرەوە ئەبێ لە تەواوی حیزب و دەستە سیاسییەکانی پێشکەوتوو لەگشت گەلەکانی ئێران بگیرێتەوە و داوا بکا کە: لەپێناو پەیوەندییەکی پتەو و بنەڕەت داری نیشتیمانی و تێبینی و بیر و ڕاوێژێکی دنیا پەسەند، دەستی شۆڕشێکی چەکدارانە بدەنە دەست یەکتر و لە ڕێگای هەڵوەشاندن و تێک و پێک دانی بناغەی زوڵم و زۆرداری حکومەتی ڕەش و چەپەڵی "شا" و ئیستعمار، هەل و فرسەت لە دەست نەدەن.

دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆمیتەی ناوەندی

سەرماوەزی ١٣٤٣ (نوامبر ١٩٦٤)

ئەو بەیاننامەیە دواتر لە گەڵ دژکردەوەی توندی بەدەنەی حیزب بەرەوڕووبوو. کومیتەی ناوەندی بۆ قەرەبوو کردنەوەی وەزعەکە، مەجبور بوو لە ڕۆژی ١٠ خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدان، لە بەیاننامەیەک دا، ڕێز لە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بگرێ.

**بریارەکانی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

ریزە بڕیاراتێک لە ٢ هەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان درا کە ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین. کونگرە بەیانینامەی رێکەوتی ١٩٤٣/٧/١٢ حیزبی تەئیید کرد کە لەسەر "کومیتەی ساخ کەرەوە" نووسرا و حوکمی "خائن"ی بەرامبەر بە زوربەیان دەرکرد. لە خاڵی "ب" دا دوکتور قاسملوو "عباس ئەنوەری" بە خائن و دزی ناو حزب و جاسوسی ساواک ناسێندراوە.

جێی ئاماژەیە کە نەسرین قاسملوو هەر لە ساڵەکانی دوای ١٣٣٢ را ئەحمەد تۆفیقی لە تاران دەناسی و ئەحمەد تۆفیق، وەک زۆر لە ڕێبەرانی دیکەی سەرووی حیزب، بە چەند مانگ لە ماڵە دوکتور قاسملوو لە تاران دەمانەوە و نەسرین خانم خزمەتی دەکردن. بۆیە نەسرین لەسەر دەرکردنی قاسملوو لە کۆنگرەی ٢ دا " لە لاپەڕەی ٢٧٨ کتێبی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا" دەنووسێ: ئەو هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بە تۆمەتی خیانەت، عەبدولڕەحمان لە کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەر بکات. کاریزما، کارامەیی و کەسایەتی بەرزی عەبدولڕەحمان نەک هەر ببووە هۆی سەرئێشە بۆ ئەحمەد تۆفیق، بەڵکوو بۆ زۆرێک لە ئەندامانی دیکەی حیزبیش بە هەمان شێوە بوو و هەر بۆیەش لە بەرژەوەندی هەموویان بوو کە لەسەر ڕێی خۆیان لایدەن. عەبدولڕەحمان حەوت ساڵ لەمەوبەر لە لایەن ساواکەوە دەستبەسەر کرابوو و پاش ماوەیەک ئازاد کرا بوو. ئەحمەد تۆفیق و هاوتاکانی دیکەی، ئەو بابەتەیان کردبووە بیانوو و داویان کرد کە لە حیزب دەربکرێت. بەڵام عەبدولڕەحمان لەوکاتە دا لە پڕاگ بوو و هەربۆیەش نەیدەتوانی بەرگری لە خۆی بکات. ئەو سەبارەت بە کێشەکانی خۆی لەگەڵ حیزب، لەگەڵ هیچ کەس تەنانەت لەگەڵ لێناش قسەی نەدەکرد و چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاو بوو...

کونگرە حوکمی جاسوسی و خیانەتی بەسەر چەند کەسێک دا کە گوایا روژانە ئەندامی حیزب بوون و جاسوسی و خیانەتیان بە ریبازی کوردایەتی و حیزب کردوە و ناوی هەمو ئەو جاسوس و خائنانە لە دەفتەرخانەدا بە ناوی لیستی رەش دەمێنیتەوە. کونگرە پەیامی رێز لێنانی بۆ پیشەوای کوردستان (مەلا مستەفا) و پارتی دیموکراتی کوردستانی نەبەزی "سوریە" دەربڕیوە و هەروەها تورەیی و نارەزایەتی بەرامبەر بە "مەکتەبی سیاسی پیشو و برایم ئەحمەد نیشان داوە و...ئەوەش دەقی بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەمی حیزب:

**بریارەکانی کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکراتی کوردستان**

بریارەکانی ٢هەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان

٢ هەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەناو لووتکەی چیاکانی زاگروس بە ژیر بەفر و باران و بورانەوە بە رییزی تەقەی ٢١ گوللە و رەشاش بەیادی ئەو هەڤالە سەربەرز و تیکوشەرانەی کە لە ناو رەشە چالە بەندیخانەکانی "حکومەتی تاران"دا سکووتی ناو دول و شیوەکانی شکاند و چیاکان هاودەنگ لەگەڵ پیشمەرگەکانی بە یادی هەڤالانی بەدیل گیراومان ٢١ جار ئەوانیش وەلامیان بە دەنگ دانەوە بۆ ناردینەوە. دوای سکوتی ٥ دەقیقە بیدەنگی بە یادی شەهیدانی ریگەی ئازادی کورد و رزگاری کوردستان ماتەمینیکی کاتی بالی بیدەنگی بەسەر کوبوونەوەی نوێنەرانی کۆنگرە داکیشا و لە پاش خویندنی سورەتی "انا فتحناک" لە لایەن هەڤالیکی نوینەر، سرودی خەباتی نەتەوەی کورد "ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان" لە لایەن پولیک نوینەری کۆنگرە خویندراوە. ئەو ریزە مراسمە و پێکهاتنی پروگرامی کونگرە بە رێک و پێکی هەست و کوڵ و کوی هەموو نوێنەرانی کونگرەی هێنابوە جوش و کوڵەوە.

له پاش راپورتی کومیتەی ناوەندی دەستوری کاری کونگره لەلایەن هەیئەتی سەرکردایەتی کونگره راگەیەندرا.

کونگره لەژێر دروشمی "یەکیەتی. خەبات. سەربەخۆیی و دیموکراتی له پێناوی خەبات بو ئازدی و رزگاری کورد و کوردستان ئەو ریزه مەبەست و بڕیارانەی خوارەوەی دا:

١ - کونگره به بریاری گشتی تەئییدی راپورتی کومیتەی ناوەندی کرد.

٢ - به دەنگی گشتی تەئییدی ٦هەمین کونگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بریاراتی ئەو کونگرەیەی کرد.

٣ - بریاری لەسەر تەئییدی سیاسەت و هەڵوێستی گورج و هەڵسورانەی بەریوەبەرانی پێشوی حزبی دا بو پشت گری له شورشی کوردستانی گەرمین.

٤ - نوینەران بەگشتی سوپاس و تەقدیری ناوەند و بەرێوەبەرانی حیزبی کرد بو دەوری دڵسۆز و هەلسوڕیان به یارمەتی مادی و مەعنەوی و گیانی به شورش له کوردستانی گەرمین.

٥ - کونگره ئەو ریزه بڕیارانەی خوارەوەی لەمەر جاسوس و خائنەکان و دەسته و دەستەبەندی و حزب سازەکانی گێرەشێوێن و ناحەزی ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکرد.

الف- کونگره بەیانی بروارى ١٩٤٣/٧/١٢ حزبی تایید کرد که له ناو ئەو بەیانەدا له ژێر عنوانی "لادان و سەرشێواوی چەند خوپەرستی ناجوانمێر به ناوی کومیتەی ساخ کەرەوە "دەستەبەندییەکانی دژی ی تێیدا ناوبراوە محکوم کران. وە حوکمی "خائن"ی بەرامبەر به زوربەی هەلسور و بگێرەکانی ئەو تاقم و دەستانه و چەند لەوانەی به "جاسوس" و بەکرێ گیراوی ناسین.

ب- هەروەها کونگره رەحمان قاسملوو "عباس ئەنوەری" به خائن و دزی ناو حزب ناسی و پاش ماوەیەک دزی خەیانەت دەستی کرد به جاسوسی کردن و هاتوچوو و دراو وەرگرتن له "ساواک" دەزگای جاسوسی حکومەتی تاران.

ج- هەروەها کونگره حوکمی جاسوسی و خیانەتی بەسەر چەند کەسیک دا که رۆژانە ئەندامی حزب بوون و جاسوسی و خیانەتیان به رێبازی کوردایەتی و حزب کردوە ناوی هەمو ئەو جاسوس و خائنانه له دەفتەرخانەدا بەناوی لیستی رەش دەمی نیتەوە.

٦ - "کومسیونی لێبوردن" بو پێراگەیشتن به داوای لاداوەکان و لی کوڵینەوە رادە و عاستی زەرەریان بۆ خەبات و یەکبونی حیزب وە وەرگرتنەوەی ئەوانی که به نوسراو پەژیمان نامەی خۆیان بنوسن و "کومسیونی لی بوردن" و کومیتەی چاودیری بەرز قەناعەتی بەوە هاتبێ که ئەو برا لاداوانه عیبرەت گیر بوون ئەو برایانه وەردەگریتەوە.

٧ - لەسەر داوای پشتگرانەی زۆربەی نوێنەرانی کونگره بریاردرا بەشێوەی توند و گورج و به کردەوە دوای بدرێ به رێگری و چەتەبازاری و دزی له ناوچەی کوردستان و سنورەکان که به هاندان و هاودەستی هیندی دەستەی بەرەلا و خویری کراوی سیاسی و له هیندی جیگا به پیوەندیی لەگەڵ "ساواک" دەزگای جاسوسی حکومەتی تاران حالی خەلکیان پەروش و هێندی خاوخیزان له ناوچەکانی مەریوان، بانه، بوکان، تورجان، سەقز و سەردەشت و مهاباد مجبور به کوچ کردن له

لادی کان را بو شارەکان کراون ئەوەش مەبەستی وەرەز کردنی خەلکی کوردستان لە چەک و چەکداری و شۆڕشی کوردە.

کونگرە بریاری دا کومیتەی ناوەندی بە پشتیوانی نەتەوەی کورد و یارمەتی مادی و مەعنەوی خەلکی بەشەرەفی کوردستان و دوست و ئەندامانی حزب، کوتایی بە باوی دزی و ڕێگری و خانە بگیری بێنێ.

هەروەکی کونگرە تقدیری بەریوەبەرانی حزبی کرد بو هەڵوێستی ناحەزی بە کردەوە و اجرائاتی توندی لەسەر دز و ری گرەکان.

٨ - کومیتەی ناوەندی هەلبژیردراوی دووهەمین کونگرە پێی ئەسپاردرا کە بە نیابەتی کونگرە ریزە پەیام و نوسراوەی ناسینەری شیعار و ئامانج و خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پیشەوای کوردستان- بو پارتی دیموکراتی کوردستانی "گەرمین"- پارتی دیموکراتی کوردستانی نەبەزی "سوریە"- و پیاوە بەدیمەن و هەلکوتوەکانی کوردپەروەری کوردستانی و شخصیەتەکانی نیشتمانی و هیندی سەرۆکی حکومەتەکانی بیگانە ساز بکریت و لەگەل بەیان و بریاراتی کونگرە و پرۆگرامی ح. د. ک یان بو بنیردریت.

٩ - کونگرە تورەیی و نارەزایەتی دەربری بەرامبەر بە هەلویستی کورد فروشانەی "مەکتەبی سیاسی پیشو" و دەرکراو "ئیبراهیم ئەحمەد و دار و دەستەکەی" بو ناحەزی کردن لەگەل کادرە تیکوشەرەکانی لەسەر داوای دەزگای جاسوسی حکومەتی تاران "ساواک" و پەیمانی سەنتو بەهوی جاسوسانی ناسراو وەک سەرهەنگ عیسی پەژمان- سەرهەنگ مەنسورپوور- سەرهەنگ مدرسی و عباس ئارام و هاتوچوی ناوبراوان بو ماوەت- گردەرەش- ئیساوی و مالومە. دانی "حەق"ی ناحەزی بە ماموستا ئیبراهیم ئەحمەدی هەلاتوی غەزەبی پێشمەرگە و نەتەوەی کورد کەوا ئێستا لە ئوتیلەکانی تاران و دەربەندی شەمیران لە باوەشی "ساواک" و "سەنتو" سەرخوش و بەدمەستی خیانەتەکانیتی بە کورد. هەروەکی لە بەیانی ٦مین کونگرەی سەربەرز و سەرکەوتوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەلادزی دا دەنوسیت: "... بە تەواوی بو کونگرەی شەشەمی پ. د. ک روون بووە کە "م. س"ی دەرکراو و زوربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لابراو پەیوەندیان بە بیگانەوە هەبووە و هەیە و هەموو مانگیک پەنجا هەزار "٥٠٠٠٠" دینار لە بیگانە بۆ دوژمنایەتی گەلی کورد وەردەگرن ... و لە دواتر دەنوسن: "هەڤالانی تێکوشەر پێشمەرگە دلاوەر و رەشیدەکانمان ئەم خیانەتەی "م. س" و زوربەی زوری کومیتەی ناوەندی دەرکراو روون بووە و کونگرەی شەشەمی پارتیمان لە کوبوونەوەی شەوی ٥-١٩٦٤/٧/٦ بە گشتی دەنگ بریاری دا بە دەرکردنی هەریەک لەمانەی خوارەوە: ١- ئیبراهیم ئەحمەد و ..."

١٠ - ناردنی پۆلێ خویندەواری حزبی و غەیرە حزبی بو دەرەوە بو خویندن بەناوی حزب.

١١ - بو بەهیز کردنی مالیەی حزب و هینانەدەری حزب لەو حالە پڕ پەروشەی کە تا ئیستا تیدا ژیاوە بریاردرا کومیتەی ناوەندی ریگەی مشروع و رەوا بدوزیتەوە بو وەی کە داهاتی حزب

خو وەسەروی خەرج و مەسارفی حیزب بخات بە یارمەتی ئەندامان بتوانریت پاشەکەوتیک بوکاتی داماوی و پێویستی موجود کات.

١٢ - کونگرە بو هەلویستی سیاسیو شوینگەی ح. د. ک لە جەبهەکانی جیهان و حکومەتەکانی گیتی بریاری دا کە سیاسەتی بی لایەنی و هاودەنگی لەگەل حکومەتە "نەبەستراوەکان" و سەربەخۆ بگرێتە بەر و لە هەمو هەلویستیکدا سود و قازانجی نەتەوەی کورد لەسەروی هەمو مەبەستەکانەوە بێت.

١٣ - کونگرە ریگەی خەباتی پەرلەمانتاریزمی هەلداشت و خەباتی شەقامی بە هەلویستیکی بی کەڵک و بەفیرودانی هیزی خەباتی گەل لیکدایەوە و خەباتی شۆڕشگێڕی چەکدارانەی لەژێر دروشمی یەکیەتی. خەبات. سەربەخویی و دیموکراتی کردە چرای روناکی رێگەی تێکوشانی حزب.

١٤ - لەمەر مەسەلە و گیروگرفتی "ئەرز" و "ئاغا" و "رەعیەت" کۆنگرە داوا لە گەلی کورد و بەتایبەتی خەلکی لادی کان و وەرزێران دەکا کە بە خەباتی یەک گرتوو هەموو ئەرزی نیشتمان و کوردستان ڕزگار کەین و شۆڕشی ئەرزی و نەتەوایەتی لەژێر دروشمی یەکیەتی. خەبات. سەربەخویی و دیموکراتی "بکەینە" یەک" ئەودەم بەپی بڕیاری کۆنگرە و مادەی سی و نوهومی "٣٩" پڕۆگرام کە دەنوسیت: "ح. د. ک لەسەر ئەو بیر و باوەڕەیە کە زەوی و زار و کشتوکال، دار و دەوەن، ئاو و کانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردە و مافی رەنیوهێنان و دابەشینی ئەرز بەتایبەتی لە مافە تایبەتیە هەرە گرینگەکانی حکومەتی دێموکراتی کوردە کە بەهۆی بەڕێوەبەرانی ح. د. ک وە وەدی دێت.

ئەوکاتەیە کە حاکمییەتی نەتەوایەتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرز و ئاو و زەوی و زار و دار و دارستان دادەبەشێت و بەو پی یە مەسەلە و گیروگرفتی "ئەرز" جی بەجی ئەکەین.

سەرماوەزی ١٣٤٣ (نوامبری ١٩٦٤)
دووهەمین کونگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان
کومیتەی ناوەندی

## دژکردەوەی ئەندامانی حیزب بە بڕیاراتی کۆنگرەی ٢

بەیاننامەی کونگرەی ٢ ئەندامانی حیزبی لە نێوخۆی وڵاتیش دا تورە کرد. عەبدوڵا حەسەن زادە لە لاپەڕەی ٦١ ئەزموونی خەبات دا دەنووسی کە لەگەڵ حەسەن شیوەسەڵی بۆ رەخنەگرتن لەو بڕیاراتە، لە رێکەوتی ٢٥ رەشەمەی ١٣٤٣ لە نێوخۆیی وڵات را سەردانی مەقەڕی حیزب لە سونێیان کرد. ئەوان لە گەڵ سولەیمان موعینی و مەلا رەحیم ویردی و مەلاکەریم سارده کوێستانی و نەحۆ پاشایی( باپیر شکاک) چەندجار لە سەر ئەو بابەتە کۆبوونەوە و گلێیان لەو سوکایەتییانە کردوە و لە لاپەڕەی ٦٢ ئەزموونی خەبات دا دەنووسێ: ئێستێ ئەوە چ زەرووڕەتێکە کە پەلامار دەبرێتە سەر رێبەرانی کۆماری کوردستان و بە جارێک مەحکوم دەکرێن؟

دوایە سولەیمان موعینی بەیاننامەی دەی خاکەلێوەیان دەداتێ کە لە رەدی هەڵوێستە چەوتەکانی کۆنگرە ئامادە کرابوو و قەرار بوو لەو چەند رۆژی داهاتوو دا بڵاو بێتەوە. عەبدوڵا حەسەزادە بەیاننامەکە دەخۆێنێتەوە لە وڵامی سولەیمان موعینی دا کە پرسیار دەکا پێی‌چۆن بوو، دەڵی: گوتم بۆخۆی باشە، بەڵام بە هیچ جۆر نابێتە کەفارەتی گوناحی ئەوەی لە کونگرە دا کردوتانە.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٧ بەرگی سێی بیرەوەرییەکانی دا، لە ئۆروپا را لە وڵامی نامەی سولەیمانی موعینی دا، کارەکانی کونگرەی ٢ دەخاتە بەر رەخنە و دەنووسێ: ئێستاش بە ناوی کونگرە ئاوا بۆ زەلکاو شۆڕ دەبنەوە کە بە جاریک حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا نوقم دەکەن. تەنانەت دوژمنانی کوردیش جولانەوەی مەهاباد بە نوختە تەحەول لە مێژوی خەباتی کورد دا دەزانن. بەڵام ئێوە بە بێ لەبەر چاو گرتنی وەزع و هەلومەرجی ئەودەم، بە بێ لێکوڵینەوەی وەزعی ئەودەمی ئێران و جیهان، رێبەرانی حیزبی دیموکرات بە قسەی قۆر و قولومبە مەحکوم دەکەن. رەخنەیان لێ دەگرن و لەگەڵ قەدەم‌خێر بەراوردیان دەکەن.

ئەمیر قازی لە نامەیەک دا، بە بڕیار و بەیاننامەکان کونگرەی ٢ ئێعتراز دەکا و بە لە لاپەڕەی ١٢٤ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسی: ئێعتراز و کێشەم لە چوار خاڵ و مەوریدی نووسینەکە هەبوو.

خاڵی یەکەم لە پەیوەنددا بوو لە دەگەڵ کۆماری کوردستان رێبەرایەتیی کۆمار، کە لەو بەیاننامەیەدا هەراوا بە کیلۆ و بە هەوەنتە لە لێکدانەوەیەکی دێمی و بێ ریشەدا، بە شێوەیەکی ناحەز و ناپەسەند بە زمانی فارسی، بە وشەی لە چەشنی "خواب خرگوشی" و... کۆمار و سەرانی کۆماری وەبەر دابوو، بەیاننامەی ناوبراو ئەوەی بە شانازییەکی حیزب و نەتەوەی خۆی کردبوو کە با بە دەواری شڕی ناکا.

خاڵی دووهەمی ئیعترازم لە سەر بە گژداهاتن و تاوانبار کردنی مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی بوو کە بەیاننامەکە، شەل و کوێرانە پێیاندا هابوو و چی پێوە نەهێشتبوون، شتێک کە نە بە ئەرکی حیزبی دێموکراتم دەزانی و نە بە کاروباری کونگرەی دووهەم.

خاڵی سێهەم کە لێی ناڕازی بووم، ئەوە بوو کە لە بەیاننامەکەدا دوکتور قاسملووی هەروا بە مەحکەمەی پاش باسکێ، بە تۆمەتی ناڕەوا، تاوانبار کردبوو.

دژبەریم دەگەڵ خاڵی چوارەم، لە پەیوەندیەدابوو لە دیفاع و بەرگری لەو کادرانەی حیزبی دێموکرات کە بەیاننامە و بڕیارەکانی کونگرە، لە گوترە، کوتابوونی و تاونباری کردبوون.

ئەمیرقازی دوای ئەو ئێعترازانە، لە نامەیەک دا، داوا دەکا کە بڕیار و بەیاننامەکانی کونگرە رابگیرێن تا کومیتەی ناوەندی بە سەری دا بچێتەوە و نامەکە دەدا بە ئەحمەد تۆفیق و سەدیق ئەنجیری.

هەرلەوێ ئەحمەد تۆفیق نامەکە دەخوێنیتەوە و بە قسەی ئەمیری قازی لە لاپەڕەی ١٢٥ دا دەڵێ: ئەوەی لە بەیاننامەکەدا لە سەر کۆماری کوردستان و رێبەرانی کۆمار نووسراونەوە، دەقی ئەو هەڵسەنگاندانە نیین کە لە کۆنگرەدا لێدوان و نەتیجەگیریان لە سەر کراوە، کاک سەدیق کە مونشی و نۆت هەڵگر بووە لە کونگرەدا، دەستی بردۆتێ و وای لێکردووە کە ئێستا هەیە.

کاک سەدیق ئینکاری کرد کە دەستی بردبێتێ و گوتی: "نەس و دەقی بەرهەمگیری باسەکانی کونگرەیە". وایە و وانییە لە نیوانیاندا، دەهات و دەچوو. لەو بەینەدا منیش چوومە نێو کێشەکە و گوتم: "ئەگەر وابێ کاک سەدیق خەریکە وردە حیسابی کۆنی خۆی کە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی کۆمار، کە لە دڵدا تا ئەورۆ هەر راگرتووە کە دەیەوێ لە سەر کونگرە و حیزبی دیموکرات پاکی بکا.

بەمشێوەیە باسەکان بە ناخۆشی کۆتایی هات بەڵام بڕیاریان دا کە بەیاننامەکە بڵاو نەکەنەوە و جارێکی دیکە لە کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی، باسەکە بکەنەوە. دواتر لە ئاوایی "دێلوێ" رۆژێک دیاری کرا و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و جێگر و چاوەدێرەکان لە سەر ئەو بابەتە کۆ بوونەوە.

ئەمیرقازی لە لاپەڕەی ١٢٦ دا دەڵێ کە دەنگی ناڕەزایەتی لە خەڵکی دیکەش بڵیند بۆوە و دەنووسێ: هەر لە نیو سەعاتی هەوەڵی کۆبوونەوەکەدا، ناکۆکی و خیلاف لە نێوان کاک ئەحمەد و کاک سەدیق ساز بوو، هەرکام ئەوی دیکەی بە دەستێوەردان و کەیفەی خۆی لە نوسراوەکاندا تاوانبار دەکرد. لە بەینی قساندا کاک سەدیق بە کاک ئەحمەدی گوت: "تۆ درۆ دەکەی!"

گوتنێکی ئەوتۆ ناخۆش، کاک ئەحمەدی توڕە کرد، لێی هەستا سەر چۆک، ئەوەی نەشایەد نەبایەدە، لە زاری هاتەدەر، بە چەشنێک کە مەجبوور مام لە سەر حوڕمەت نەگرتنی کۆبوونەوە، بە دەم کاک ئەحمەد دا بێمەوە، بە هەمان شێوە کاک فایق زۆر بە ئارامی رووی کردە کاک ئەحمەد و گوتی: "کاک ئەحمەد تا ئێستا هەر من و تۆ بووین. زۆرجار رێزم لە تۆ ناوە و چت گووتوە بە قسەم کردووی، لە مەولا نایکەم، ئێستا ئیدی کومیتەی ناوەندی هەیە و قسە و قەرار و بڕیار لە کومیتەی ناوەندیڕا دەردەچی نەک لە تۆڕا. بەو قسانە، کاک ئەحمەد دەستی دا قەڵەم و کاغەزی خۆی و ژوورەکەی بە جێهێشت، کۆبوونەوە بەوەندە کۆتایی هات و دواتریش تازە هیچ جاری دیکە، کاک ئەحمەد لە دانیشتنەکاندا، بەشداری نەکردەوە.

لە لاپەڕەی ١٠٤ ی کتێبی دیسان بارزانی لە نووسینی رەشەی فەلاحی، بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە هاتووە:

بەیاننامەی (حزبی دیمۆکراتی کوردستان) بە بۆنەی١٠ی خەکەلیوە:

١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدانی جمهوری دیمۆکراتی کوردستان لە بەرەبەیانی رۆژێ ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ سەرباز و پولیس و ژاندارمی سوپای داگیرکەری تاران وەک مارو مێرو بە کۆڵان و شەقام و سەربانەکانی شاری (مهاباد) وەربوون، بەستنی چۆمی مەهاباد هەموو لە سەنگەر بەندکراوە، چەند تۆپ و گالیبری ١٠٥ و٧٥ لە تەپکی ( تابانی) بەرەو مهاباد دابەسراون قوولەی سەرلوتکی کێوەکانی ( قەزایی) ( عەلیاوا) کراوان و داشامەجید کە وا شاری مەهاباد یان دەبەر خۆیان گرتووە لە سەربازانی داگیرکەری تاران ئاخندراون، تانک و عارەبەی جەنگێکی زۆر بە وێنەی ئاڵقەیەکی ئاسن دەوری شاری مەهاباد یان پێ تەنیوە سەرەرای وانە تارمایی و بووخ و مژێکی گران ناو شاری داگرتووە.

شاری قارەمانی (مەهاباد) بەم ساز و رازاوەیە دیسان لە گۆران و بەسەرهاتێکی تازە و گرینگی تردایە. واتە بە بەر ئاسۆی  مژاوی سەر لۆتکەی کێوی خەزایی دروشمی سێ تەرمی پر سام و هەست راکێش لە حاڵێکدا بە سێدارەوە بە پەت خنکاون دیارە. تەرمی نێوە راستیان کە بە سامێکەوە لەنگەرێکی قوڵ مێن وقین هەچڵوونی بۆ توڵە گرتبوو، هاورێ پێشەوا ( قازی محمد) هەوەڵ رەئیسی کۆماری جەمهوری کوردستان، ئەوانی تر هاورێ محمد حسین سیفی قازی وەزیری دفاعی میللی و سەدرول اسلام بوون  کە وابوو دەرکەوت  ئەم هەموو ساز و چەک و سوپا و لەشکرکێشی ناو شاری مەهاباد بۆ چی بوو، بەلام سەرەرای ئەوانەش شاری مەهاباد هاتە جۆش و کولەوە، تەم و خەمباری تێکەڵاو بە قین و کلوکۆ دروشمی خەڵک و شاری مەهابادی داگرتبوو. منداڵان بە دەنگی بەرز دەگریان بە جورێک نزیک بوو سەریان بە هەنیسکانەوە هەڵکەندرێ قوتابیەکان بە بێ ئەوەی لە قوڵپی گریان دەن فرمێسک رایەڵەی لە چاویان دەبەست. پیاوان پیشیان دەخوارد  وە لە ئافرەتانی ئازا و رەشیدی (یەکێتیانی دیمۆکراتی کوردستان) لە حاڵێکدا چارشوویان لێ قیلە و قاچ گری دەکرد بەرە بەرە لە ناو رێزی تەنیوی سەربازانی سوپای داگیرکەری تاران و پۆلیس و ژاندارم خۆیان گەیاندە ئاستی (چوارچرا) ئەو جێگایەی کە پێشەوا و هاورێکانی لێ شەهید کرابوو، بە بێ ئەوەی کە لە ناوەندێک را الهام و یان دەستورێک بلاوبکرێتەوە تەواوی مەکتەبەکانی سەرەتایی و دەبیرستانەکان و ئیدارەکانی مەهاباد لە خۆوە بە ویستی خەڵک بوو بە تەعتیلی عام دوکان و بازار داخران تا سێ رۆژ پاشیش ئیدارە و بازار و بە تایبەتی مەکتەبەکان و دەبیرستانەکان حالی عادیان پەیدا نەکردووە.

دەستەی ئافرەتانی رەش پۆش لە پێشەوە لاوان و پیاوان بە دواوە تەرمی شەهیدانی کوردستانیان بە شعاردان و دەربرینی کل وکۆی توڵەئەستێنانە کەژاوەی شەهیدانی رێگای ئازادیان بردە سەر گۆرستانی بە خاکی کوردستانیان  ئەسپارد هەر بۆ حەوت رۆژ پاش١٧-١-٢٦ دیسان کاربەدەستانی تاران دوژمنانی لەمێژینەی نەتەوەکەمان جەنگوڕکی خۆیان بە خوێنی چوار ئەفسەری رەشید و ئازا و بەوەفای  جەمهوری کوردستان هاورێ یان (محمدی نازمی)، (رەسوڵی نەغەدەیی) (عەبدوڵلای رەوشەنفکر) ( حەمیدی مازوچی) رەنگاند.  هەئیەتی حاکمەی تاران ئەوجار  کوشتار و خنکانی گوێستەوە بەری سەقز و بانە و بۆکان(١) و لە شاری سەقز لە یەک شەودا ( ١١) سێدارەیان بۆ نیشتمان پەروەران و ئەندامانی حزبی دیمۆکراتی کوردستان  رێز کرد و هاورێیان: " ئەحمەد فاروقی، عەلی جوانمەردی، ئەمینی اسعدی ، سەدیق اسعدی، علی فاتحی قەلەندەر، عبدالله مەتین، محمد دانشوەر، ئەحمەد شبیمی، حسین کانی نیاز، رسول محمودی، محمد میر فیزالبەگی، وە هەر لەو شەودا کە ئەو ( ١١) کەس ئەفسەر و نیشتمان پەروەری کورد لە سەقز بە دەستووری کاربەدەستانی تارانی خنکێندران، لە شاری بۆکانیش  هاورێ  علی شێرزاد رۆڵەی شێردڵی نەتەوەیشمان بە پەتی سێدارە خنکاند. هەر لە ساڵی ٢٦ دا هاوپەیمانەکانی حکومەتی تاران، نوری سعید و فەیسەل کاسە لیسانی ئیستعماری  انگلوساکسون(٤)  ئەفسەری تری کۆڵنەدەر و بە نرخی جەمهوری کوردستان،  هاورێیان ( مستەفا خۆشناو، عزەت عبدالعزیز،

محمد قودسی، خێرالله عبدالكريم ) یان شەهید کرد. لە نەغەدە لە ژێر پردی قاسی هاورێ ( احمد وەستا حسن) یان سەربری و لەشیان پێش سەر برین بە گێرد و قەممە ئەنجن ئەنجن کردبوو. هەروەها شەهیدانی تری ڕێگای ئازادی و جەمهوری دێموکراتی کوردستان هاورێیان ( محمد نانەوازادە، ئەفسەر ( خەلیل خۆشەوی)، ( وەستا برایمی بەننا، عبداله مینه خاڵندی، مارفی پور زەریفی، هاشمی هەمزەوی) وە بە کورتی بە دەها ڕۆڵەی تری نەبەزی نەتەوەی کورد لە گرتووخانەکان زەجر گوش کران و یان لە ئازار و ئەزێتەوە لە گرتووخانەکان لەشیان لە تاقەت کەوت و بوون بە قوربانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی کورد و کوردستان.

ئەو ڕۆڵە بەوەفا و تێکۆشەرانەی مەکتەبی ( حزبی دیمۆکراتی کوردستان ) کە سەبارەت بە دەستەلات وحاکمیەتی نەتەوەی کوردا (جەمهوری دیمۆکراتی کوردستان) پایەی بەرز و پر لە شانازی شەهیدی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان یان بە نەسیب بوو هەر یەک لەوانە وەک بڵێسەیەکی پر تین تەنانەت لە ژێر پەتی سێدارەش دا لە تین وهەستی پر جۆشی خۆیان بە رامبەر وەفاداریان بە نەتەوەی کورد و نیشتمانیان کوردستان و هاودەردی دەگەڵ نەتەوەکانی تر و هەروەها قین و کلوکۆی تێکۆشەرانەی خۆیان بەرامبەر بە داموەزگای حکومەتی گەندەڵی تارانێ خۆفرۆش دەبریوە.

پێشەوا قازی محمد هەر کە لە نوێژی ئێعدام بۆوەوە بۆ خۆی سەر چوارپایە کەوت و بە دەنگی بەرزەوە گوتی: " ئەی ئەفسەران و سەربازانی سوپای داگیرکەری تاران برۆن بۆ شا و ئاغاکانی بگێرنەوە بە اعدام و کوشتن و برین پێشتان بە ڕەوی تێکۆشانی کورد کە ئیرادەی کردووە سەربەخۆ بێت ناگیرێ ئەگەر ئێوە ئێستا قازی محمد پێشمەرگەیەکی ڕێگای رزگاری کوردستان دەخنکێنن لە دوا ڕۆژێکی نزیک دا بە سەدان و هەزاران پێشمەرگەی گورج و گۆڵتر لە قازی محمد وەک هەر لەو بەشە کوردستانەی کە ئێوە بۆ تاڵان داگیر و کردووە بەڵکو لە هەموو پارچەکانی تریش لە داگیرکەران راست دەبنەوە. ئەم تەقەلایانە سەر لە بەردانە. کورد بۆ رزگاری وڵاتەکەی هەر سەردەکەوێ هەر بژین پێشمەرگەکانی ڕێگای ئازادی کوردستان بژی کورد و کوردستان".

شەهیدانی تریش هەر یەکەی پارچەیەک گر وگڵپە بوون کە لە ژێر پەتی سێدارە رووناکی و هەستی شۆرشگێریان بڵاو کردۆتەوە هاورێیان: محمد حسین سەیفی قازی، قدسی و خۆشناو، علی شیرزاد، عەلی جەوانمەردی، احمد فاروقی، سەدیق اسعدی، وە روشەنفکر و نەغەدەیی هەر یەک بە نۆرەی خۆیان پارچەیەک پۆلای دارژاوی داخ و سوور بون کە .پتەوی و هەستی پر تینی میللەت پەروەریان لە دەست نەداوە.

لە زستانی پر بەفرو سارد و سری ساڵی ١٣٢٥ مەهاباد شاهیدی رژانی خوێنی سوور و گەشی ٢٣ کەس لە رۆڵەکانی ستارخان و باقرخان ئەفسەرانی رەشیدی حکومەتی میللی دیمۆکراتی ئازەربایجان بوو کە خوێنی سینگ و مێشکی پر لە هیوا و ئومێدی ئەو قارەمانانە بوو ژیانی خۆش و سەربەستی نەتەوەی ئازەر بە پڕی دەستی ناپاکی سەربازانی داگیرکەری تاران رژایە سەر بەفر و بوو بە گوڵی سووری بۆن داری لەپس نەهاتوو نەتەوەی مان و ولات داگیرکراوی کورد و ئازەر بۆ

یەکێتی و خەباتی تیکرایی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی. لاپەرەی مێژوو تەماشا کەین سەرتاسەری پرە لە دڕندایەتی و کوشتن و بڕین و سوتان و تالآنی کورد و کوردستان بە دەستی داگیرکەرانی تاران جا بۆیە ئەو هێرش و کوشت و کوشتارەی چەند مانگ لەوە و پێشی هەئیەتی حاکمەی تاران بۆ سەر خەڵکی کوردستان بەلای هیچ کوردێک و مێژوو زانێکەوە سەیر نییە .

هەروا پێش (٦) مانگ دیسان هاونەتەوەکانی نیشتمان پەروەرمان ڕۆنەهاتن دیسان بە سەدان رۆڵەی کورد جوتیار و کرێکار مەلا و عەشیرەتی نیشتمانپەروەر و کاسب و دوکتور و مەکتەبی و معلم بۆ گرتوخانەکان راپێچک ئەدان لەناو جێگا دا ئەتاندزین ئەوەی جاسوسانی سازمانی ئەمنیەت و ئیتلاعات لە ژێر چاودێری پسپورانی ئەمریکای بە سەر ئاشتیخوازان و نیشتمانپەروەرانی کوردستان دینن، تەنانەت هیتلرکانیش ناگەنە پایەی پێشەوە چوونی جوری ئەشکەنجە و ئازاری جاسوسانی سازمانی ئەمنیەت کە لەسەر دروشم و تەعلیماتی ئەمریکا ئازاریان دەدان. بەڵام نەکوشت و کوشتارەکان و نە تالآن و دروخستنەوەکانی پێشوو نە ئەم رەشبگیرەی و گرتوخانەی ( قزڵ قەلا) ی تاران و نە ئەم ئازار و ئەشکەنجەیە دەرمانی دەردی بێ دەرمانی گەندەڵی رزیوی رژیمی بۆگەنی پاشایەتی و حکومەتی تاران ناکات. تەنیا چارەی هەر نابودی و مەرگە هەر وەک لە پەنامان لە عێراقی ئازادیش دا ئەم نەخۆشییە و دەرمانە رزگار بوو. وا سێزدە ساڵ بەسەر بیرەوەری رۆژی خنکاندراوەکان و شەهیدانی دەستی حکومەتی گەندەڵی تاران تێدەپەرێ رۆژی پێشەوا قازی محمد وەدی رووناک بۆتەوە کە رژانی خوێنی ئەم شەهیدانە بە سەر خاکی کوردستاندا زۆر نەمامی پاراو کردووە و بەرهەمی ئەم شەهیدانەی بزووتنەوەی بەرینی حزبی دیموکراتی کوردستانە کە خۆی کێشاوەتەوە و کەلین و قوژبن و کوێرەدی بە کورد و کوردستان وابەشدارن و تێکۆشەر لە گرتووخانەکان دان بە سەدانیان نەهێنێ پەنا بردوون بەڵام تێکۆشانی میللەت نابڕێتەوە هیئەتی حاکمەی تاران وا دەزانی تەنیا هەر لەوی قەوماوە هەر زنجیرەکەی دی ژنگاوی بووە و هاتۆتە پسان جا بۆیە کەوتۆتە ئەوپەری هاری و درندایەتی بەڵام ئەوانە بێسود بێ خۆرایی بە هەر لەسەر چاوەوە لێیان لێڵ بووە نەمانی چەوسانەوە وئیستعمار و ئازادی لە دونیا دا هەر لە ئاسیا و ئەفریقا بەلکو لە قاڕەی ئەمریکاش بۆتە شعاری وەختی رەوڕەوەی تێکۆشان و خەباتی نەتەوەکەمان.

نەتەوەی کورد بە پێشرەوی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ناو کۆری خەباتی رۆژانەی بۆ رزگاری ئێران و کوردستان لە پشت ئەم دوژمنایەتی کوشت و کوشتارە و بە تایبەتی ئەم پەلەقاژانەی دوایی حکومەتی گەندەڵی تاران ئیمانی ئێمە تێکۆشەرانی کوردستانی بەرەو هاتنی ئاواتی شەهیدەکانمان کە حاکمیەت و سەربەستی نەتەوەی کوردە زۆر زیاتر لە پێشوو کردووە و بە بەرئاسۆیی رووناک و دەروشانی ئازادی و رزگاری نەتەوەی کورد تارمایی مەرگ و لە ناوچونی داگیرکەران دەبینین بەیاننامەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە رووی بیرەوەرییەکانمان تێپەر بوون بەسەر یادی شەهیدانی جەمهوری دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەر ئەرکی مێژووی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ئازاد خواز و دڵسۆزی جیهان لەبەرابەر تیشکی درەوشانی رزگاری نەتەوەکانی

جیهان شەهامەتیکی داوەتە خوێنی گەشی شەهیدانی کورد بە سەر خاکی نیشتمانی خۆشەویست قەول و پەیمان و سوێندی خۆمان تازە دەکەینەوە کە تا:

وەدی هێنای ئاواتی جوانی ئینسانی شەهیدانی کوردستان کە حاکمیەت و سەربەستی نەتەوەی کورد و ئازادی خاکی کوردستان بێت لە تێکۆشان نەوەستین هەروەک تا ئێستا بە کردەوە ژیانمان داوە بە لێدان و برین و لە دوور خستنەوە و گرتووخانە لە برسێتی و داماوی نە ئازار و ئەشکەنجە و بە کورتی نە پەتی سێدارە و گوللەباران لە رێگای ئازادی و رزگاری کورد کە تۆڵەی شەهیدانی کوردستانەکەمان نادات. سەرێکە و هێناومانە قوربانی دەستی ئازادی و سەربەستی دا نەگەراوینەوە و ناش گەرێننەوە هەر دەرۆین بۆ پێشەوە بۆ وەدی هێنانی ئاواتی شەهیدانی گەلی کوردی کۆڵنەدەر.

سڵاو سڵاوی کوردی تێکۆشەر... سلاوی ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان سڵاوی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی و رزگاری نەتەوەکانی جیهان بۆ ئێوە ئەی شەهیدانی نەمری جەمهوری دیموکراتی کوردستان.

شاد بێ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان

شاد بێ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای ئازادی و سەربەستی گشت نەتەوەکانی جیهان.

نەمان بۆ خائین بروخێ دامودەزگای دەوڵەتی سەربە ئیمپریالیزمی تاران قاتڵی شەهیدانی کوردستان و ئازەربایجان نەمان بۆ ئیستعمار و ئیمپریالیزم دوژمنی چەنگوڕگ خوێناوی گەلان.

سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە ژێر رابەری حزبی دیموکراتی کوردستان. با سەرکەوێ تێکۆشانی تێکرایی نەتەوەکانی فارس و ئازەربایجان و کوردستان بۆ ئازادی ئێران بەرقەرار بێتەوە بەرەی یەکگرتوو لە نێوان حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبی تودەی ئێران و تۆڵەی دیموکراتی ئازەربایجان و حزبی ئێران و حزبەکانی تری نیشتمانی پێشکەوتو بۆ ئازادی ئێران.

## بەشی ٨١
## مەلایی و جەلالی

هەر بە دوای گەڕانەوەی مەرحومی مەلا مستەفا لە سوفییەت‌دا، چەشنێک ناکۆکی و ناتەبایی لە نێو رێبەری پارتی دێموکرات دا پەیدا بوو. مەکتەبی سیاسی بە تایبەت لە ناوچەی سولیمانییە لەگەڵ بیروبۆچوونی مەلامستەفا نەبوون و بە هەوای خۆیانیان لێدەخوڕی و بەرهەڵەستی کارەکانی مەلامستەفایان دەکرد. لەژێر کاریگەری ئەوان دا ئەو ئەندامانەی حیزبیش کە کەوتبوونە ژێر دەستەڵاتی ناوچەی ئەوان، بە رەبەی ئەوانیان دەپێواو و لە ژێر ئەمری ئەوان دا بوون. رێژیمی ئێران ئەو کێشەیەی قۆزتەوە و بە دەرفەتەی زانی و لە ساڵی ١٩٦٠ عیسا پژمان نوێنەری رێژیم لە عێراق، لە سولەیمانی چاوی بە ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال کەوت و لە باسی کەموکوڕییەکان دا مام جەلال پێیگوت: ″ئێمە تەنانەت دەمانچەیەکمان نییە کە بتوانیین پۆلیسێکی پێ بکوژین″.


مەلا مستەفای بارزانی- مام جەلال

عیسا پەژمان گەڕاوە بۆ ئێران و چاوی بە شا کەوت و پێیگوت، بۆ ئەوە عەبدولکەریم قاسم دەستی بە سنوورەکانی ئێمە رانەگا پیویستە یارمەتی کوردکان بدەین. شا عیسا پەژمانی کرد بە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشی ئەمنیەتی ساواک لە عێراق. پەژمان گەڕاوە بۆ عێراق و لە سلێمانی چاوی بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت و لە بەغدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری دانیشت و قەولی دا چەکیان بداتێ.

دانی پارە و چەک و تەقەمەنی بە گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لە لایەن شای ئێرانەوە بەو مەرجە بوو کە ئیبراهیم ئەحمەد لە شۆڕش و پارتی دیموکرات بە رێبەرایەتی مەلا مستەفا دوور بکەوێتەوە. پەیمانی هاوکاری نێوان ئەوان بە بێ ئیزنی مەلا مستەفا بە دزی بەسترا. دوایە پەژمان لە سەردەشت و مەریوان بەردەوام ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەدیت و یارمەتی دەدان. لەم بارەیەوە، مامۆستا"هەژار" لە لاپەڕەی ١٠٨ چێشتی مجێور دا دەنووسێ: لەبیرمە شەوێک عومەر دەبابە هات، چەمەدانێکی ڕەشی پێبوو، دای بە مەلا مستەفا. دوای دوو ڕۆژیش گوتیان دوازدە تفەنگی بڕنوی هێناوە، وەک من گوێ بیست بومەوە، حیزبی پارتی بەبێ پرسی مەلا مستەفا دەگەڵ ئێرانیەکان پێوەندی گرتوە. عیسا پژمانی ساواک هاتووەتە لایان، بڕیاری داوە ئێران بە دزیەوە یاریدەیان بدا. بەو شەرتە بارزانی کە دوژمنی سەرسەختی شا و کۆمونیستی مۆسکۆیە لەناو خۆیان دەراوێن. پول و تفەنگیان هێندێک وەرگرتوە، بارزانی بەوەی زانیوە. بۆ ڕازی کردنی بارزانی هێندێک پوڵیان هێناوە و گوتویانە ئەمە بەشی تۆ بۆ لەشکرکێشی و ئەمە فێڵێکە لە ئێرانی دەکەین و هەر موخلیستین کە بارزانی گوتویە: ″تفەنگەکانتان چلێکرد؟″، چون دوازدە تفەنگیشیان هێناوە. وادیار بو ئێرانی لە عەقیدەی کمونیستی پارتی ڕازی یە، بەڵام لە بارزانی دەترسێ، چونکە پارتی برایم بەرنامەی حیزبەکەشی هەموی بڕوا بە سیستمی مارکسی بو.


برایم ئەحمەد

ڕژێمی عێراق بە هەموو تواناوە نەیتوانی شۆڕشی کورد تێکبشکێنێ و لە ساڵی ١٩٦٣ هەوڵی دا بە شێوەی ئاشتیانە کێشەی کورد چارەسەر بکا. کوردستان لەژێر زەختێکی زۆر گەورەی شەڕ و کاول کاری دابوو و قات و قڕی بڕستی لە خەڵک بڕی بوو. بۆیە بارزانی شەڕی ڕاگرت و ڕازی بە گفتگۆ بوو و لە مانگی فیبرواری "ساڵی ١٩٦٤دا، هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد بە سەرۆکایەتی نوری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی لە مەکتەبی سیاسییەوە بەشدارییان لە وتووێژەکاندا کرد و لەگەڵ حکومەت ڕێککەوت ن. ئەوکات ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی لە تاران بوو، بە فیتی ئێران زۆر دژی بارزانی دەدوا و دەیگوت کە دەیهەوێ کوردستان بفرۆشێ.

مامۆستا "هەژار"، لە لاپەڕەی ٤٤٥ کتێبی چێشتی مجێوردا بە ڕوونی باسی نەهامەتی خەڵکی کورد و هەڵسوکەوتی خراپی بەشێک لە باڵی مەکتەبی سیاسی دەکا و دەنووسێ: حیزب بڵاوی کردبۆوە کە بارزانی کوردستانی بە چەند سندوق پورتەقاڵ و چەند کراسێکی دیاری عەبدوڕەزاقی وتووێژکەر فرۆشت. وای لێ هاتبو ئەگەر پارەمان دەدا بە دوکاندارێک دەیگوت بۆنی پورتەقاڵی لێ دێ... بەڕاستی منیش ئیمزای ئەو ئاگربەسەم زۆر لا گران بو. ڕۆژێک لە سەنگەسەر دەگەڵ مەلا مستەفا لێمان بو بە کێشە، گوڕڕە وای لێ هات کە حەرەسی بارزانی هاتە ژور، وەیزانی شەڕی بەڕاستە. بارزانی بە حەرەسەکەی گوت بچۆ دەر.

گوتم: کاکە تۆ زۆر ساڵت زەحمەت کێشاوە، بە پاڵەوانی ڕێگەی ئازادی کورد ناسراوی، پیر بوی، زۆر حەیفت کرد ئەو ئیمزایەت کرد. ئەگەر بتگوتایە بیست ملیۆن دینارم حەقی ئیمزا کردن دەوێ، دەیان دایەی. من چاوەنۆڕ بوم ئەگەر نەسڵی دوای ئێمە پرسییان ڕێگەی ئازادی بەکوێ دایە؟ لە عێراق جێ قەبری تۆی نیشان دەن و لە تورکیا قەبری شێخ سەعید و لە ئێران قەبری قازی محەمەد، قبرتان نیشانگەی ڕێگەی ئازادی خوازان بێ، نەک بچی ئیمزای ئاگربەسێکی وا بکەی کە خەڵک گاڵتەی پێ بکا و بڵێن کوردستانی فرۆشتوە...

لە تورەییان گوتی: کوردستانی چی؟

گوتم: کوردستانی هەمو شت. من و هەزارانی وەک من بۆیە تۆ وەک بت دەپەرستین کە خەمخۆری کوردستانی. وەک لە قورعان دا دەڵێ: لە ئێستاوە جیایی نێوان من و تۆیە، خوا حافیز. هەر ئەمرۆ دەڕۆمەوە بەغدایە و فەقیریی خۆم دەکەم...

دەرکەوتم. لە حیرسانیش دەگریام... سواری جیپێکی کرێ بوم و چومەماڵی قادری باغەوان لە ڕانیە. سەعاتێک شەوی مابو، لە دەرگایان دا. گوتیان هەژار وەرە کارمان پێتە. دو چەکداری بارزانی بوون. خواحافیزی یەکجاریم لە ماڵە مام قادر کرد و لێم ڕون بو لەسەر ئەم بێ ئەدەبییەی دوێنێ

گوللەبارانم دەکەن. گەیشتینە پشت ڕانیە، چوار جیپ لە دوی یەک وێستا بون، مەلا مستەفا وێستا بو، گوتی: هەژار تۆ لەگەڵ جیپی مەلا برایم سوار بە. چوینە "سەروچاوە" بوینە میوانی خێوەتی "ئەحمەد شاباز". پاش نانی نیوەڕۆ گوتی: حەرەس بە جیپەکان بڕۆنەوە "دۆڵەڕەقە" ئەسپی من زین کەن و ئێسترە شینیش بۆ هەژار زین کەن. ئێمە بە سواری دێین.

لە ڕێگە تاوێکی چاک هیچ دەنگی نەکرد. لەپڕ بێدەنگی شکاند:

- هەژار تۆ هەر خۆت بە کورد مەزانە، زۆر پیاوی وا ماون کە گیانیان بە قوربانی ئازادی کوردستان بکەن. من لە تۆ دڵسۆزترم، چۆن بەجێم دێڵی و دەڕۆی و دەڵێی "هذا فراق بینی و بینک"؟ قەرارمان وانەبو لەسەر زوێڵە چەرم بێ؟ لەبیرت چووتەوە؟... هەژار تۆ نازانی وەختێ هاتمە سەنگەسەر، چەند کەسێکم نارد لە حاڵی خەڵک بپرسن. تەنیا لە "ژاراوە" یەک تەنەکە گەنم لە ماڵێکدا هەبو، کەسی تر نانی دوو ڕۆژی شک نەدەبرد. بەرلەوە شەڕ لە بارزان بوەستێ مردو لە مێرگەسور لە برسان مردوە، کەس لە برسان هێزی نەبو بینێژێ. من دەبو نان بۆ ئەو هەمو برسیانە پەیدا کەم. ئێمزام کرد و گەنم و پارەی زۆریشم ساند و لە ئازادی کوردستانیش واز ناهێنم، خەم مەخۆ...

ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا دەبابە و دوکتۆر عەزیز شەمزینی بە نوێنەرایەتی باڵی مەکتەبی سیاسی لە رێکەوتی ١٩٦٤/٣/١٧ چوون بۆ سەنگەسەر بۆ لای بارزانی و دژایەتی خۆیان لەگەڵ ڕاگرتنی شەڕ و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەت ڕاگەیاند. بارزانی و دانووستانەکەی بەکارێکی تاکتیکی هەڵسەنگاند و داوای لێکردن بۆ ماوەیەک لە ڕانیە، یان قەڵادزێ بمێننەوە تا ئەگەر هەیئەتێکی دیکە هات پرس و ڕایان پێ بکا. ئەوان چەند ڕۆژ لە قەڵادزێ مانەوە و دواتر بەبێ ئاگادارکردنەوەی بارزانی گەڕانەوە بۆ ماوەت و نامەیەکیان بۆ مەلا مستەفا نووسی کە لە لاپەڕەی ١٦٨ی بەرگی سێهەمی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە نووسینی مەسعود بارزانی دا هاتووە:

برای گەورە و بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی

دوای سەلام و ئیحترام

ئەوە بۆ بیست ڕۆژ دەچێ کە لەسەر ئەمری ئێوە لە قەڵادزە ماینەوە بە تەمای چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکوومەت، بەڵام داخمان ناچێ کە نە ڕەئیس وزەرا و نە وەزیر و نە متەسەرفیشمان نەدی لەم ماوەیەدا، وە دیاریش نییە کە بەم زووانە بێن بۆ لاتان. لە سەرێکی کەشەوە، وەکو بەسەرهاتی ئەم ماوەیە دەری خستووە بوونی ئێمە لە نیزکتانەوە هیچ کارێکی نەکردۆتە سەر باشکردنی عیلاقەی ئێوە و پارتی. جگە لەمانەش مانەوەمان بەم چەشنە بێ ئیش و بێ کار و بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو بووەتە هۆی پروپاگەندە و قسەیەکی زۆر لەناو خەڵکدا کە هەر دوژمن کەڵکی لێ وەردەگرێ و وا دیارە هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە برادەرانمان ئیمڕۆ بەپەلە داوای گەڕانەوەمان بکەنەوە بۆ بەربەستکردنی ئەو چەشنە پروپاگەندانە. ئێمەش لەبەر پەلەپەلیی ئەوان و کەم وەختی ئێوە و لەبەر ئەوەش وەختی خۆی تەنیا بۆ چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکوومەت

داوای مانەوەت لێ کردبووین بۆیە هیوامان هەیە لێمان ببووری کە بەبێ چاوپێکەوتنەوەتان ڕۆیشتینەوە. وە لەبەر ئەوەی کاک عومەریش دوای لابردنی لە فەرماندەیی هێزی کاوە هیچ ئیشێکی لەم ناوچەیە نامێنێ بۆیە ئەویشمان لەگەڵ خۆمان بردەوە. ئیتر خواتان لەگەڵ:

سەید عەزیز ئەفەندی عومەر مستەفا براتان ئیبراهیم ئەحمەد

دەستەی برایم ئەحمەد پاش گەڕانەوە بۆ ماوەت لە دژی ئاگربەسی بارزانی دەستیان بە نارەزایەتی کرد. بەڵام هێندێک لە کادر و فەرماندەکانی پارتی وەک: عەقید نوری مەعروف، ڕەشید سندی، تاریق ئەحمەد، تاهیر عەلی والی، خالید شەمسەدین، فازل سۆرانی، محەمەد سەیدعەلی حافز، فازل تاڵەبانی، نەوزاد خۆشناو و ... لە دژی چەواشەکارییەکانی ئەوان و بە مەبەستی پشتیوانی لە بارزانی چوون بۆ سەنگەسەر. لەوێ کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ نافیز جەلال، عەبدولکافی نەبەوی و عەزیز ئاکرەیی بۆ پێکهینان و جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا دەبابە، عەلی عەسکەریی و کەمال موفتی کە لایەنگری مەکتەبی سیاسیی بوون لە کار لادران و نوری مەعروف، نوری مەلا حەکیم، نافیز جەلال و عەزیز ئاکرەیی لە شوێنی ئەوانە داندران. بەو ئالوگۆڕە زۆربەی پێشمەرگەکان پاڵیان بە بارزانییەوە دا.

ئەوکارە بوو بە هۆی ئەوە کە ئیبراهیم ئەحمەد بەپەلە لە ماوەت بە بەشداریی ٨٠ ئەندامی پارتی لە ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٤ کۆنفرانس بگرێ و داوای سڕکردن و لابردنی بارزانی بکا. کۆنفرانس داوای برایم ئەحمەدی قبووڵ نەکرد و بڕیار درا هەیئەتێکی پێنج کەسی لە لیژنەی چاودێری و پشکنین کە بریتی بوون لە عەلی سنجاری، جەلال حیسامەدین تاڵەبانی، ئەسعەد خەیلانی، تاهیر بابان و مستەفا کرێکار بنێرێتە لای بارزانی و داوای چارەسەری کێشەکە بکەن و ئەگەر بکرێ کۆنگرە بگیرێ. بەڵام بەر لە گەڕانەوەی ئەوانە مەکتەبی سیاسی لەژێر ناوی "ڕێککەوتنەکەی مشیر و بارزانی ماف وەرگرتنە یان خۆبەدەستەوەدان؟" بەیاننامەکی بڵاوکردەوە و ڕێبەری بارزانیان خستە ژێر پرسیار.

مەلا مستەفا رازی بە گرتنی کۆنگرە بوو بەڵام مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو و لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ دا ئەو کێشەیە زۆری پەرە ئەستاند و ئەو حیزبە بوو بە دوو بەش و باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بە ڕێبەرایەتی برایم ئەحمەد و مام جەلال لە مەلا مستەفا جوێ بوونەوە.

لە وەزعێکی ئەوتۆ دا ئەندامانی حیزبی دێموکرات، چ لە ناوخۆ و چ عێراق دا، بە سەر دوو لایەنی مەلایی و جەلالی دابەش بوون.

### هێرشی بارزانی بۆ سەر باڵی مەکتەبی سیاسی و تێکشکانی پاشماوەی کومیتەی ساخکەرەوە

کێشەی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی رۆژ بە رۆژ لە پەرەگرتن دابوو و لەو لایەشەوە شەڕێکی قورس لە نیوان حکومەت و شۆڕشی کوردستان بە ڕێبەری مەلامستەفا لە ئارا دابوو. لایەنی باڵی مەتەبی سیاسی خۆیان لە حاست شەرەکان بە بەرپرس نەدەزانی و هەوڵیان نەدەدا قورسایی

هێرشەکانی عێراق بۆسەر بادینان کەم بکەنەوە و لەگەڵ ڕێژیمی عێراق و ئێران لە پەیوەندی دابوون.

لەو لایەشەوە ڕێژیم قاسم لە نێوخۆ و لە دەرەوە دا، لەژێر زەخت و گوشارێکی زۆر دابوو و بە تایبەتی شەڕێ کورد، لەسەری بە گران تەواو ببوو. لە وەزعێکی ئەوتۆ دا لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٢/٨ عەبدولسەلام عارف کودەتای لە بەعسییەکان کرد و دەستەڵاتی بە دەستەوە گرت و داوای کرد کە شەڕ رابگیری. مەلا مستەفای بارزانی بە دیاری کردنی نوری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی وەک هەیئەتی وتووێژ، لەگەڵ حکومەت لە ماوەیەکی کەم دا لەسەر زۆر بابەت ڕێککەوتن.

مەکتەبی سیاسی رازی بەو ڕێکەوتنە نەبوو و مام جەلالیش لەگەڵ ئەوان کەوت و بەیانی‌یەکیان بە دژی ئەو ڕێکەوتنە بڵاو کردەوە و بێ ڕێزیان بە بارزانی کرد. باڵی مەکتەبی سیاسی لە زستانی سەختی ١٩٦٣ دا چوون بۆ عیساوێ و دوایە چوونە گوڵان لە پشتی ماوەت و تا مانگی تەمووزی١٩٦٤ لەوێ مانەوە. لەوکاتە دا مەلا مستەفا هیرشی کردنە سەر و ئەوان پڕینەوە بۆ دیوێ ئێران و لە ئاوایی "بەردان" جێگیر بوون.

ڕەشید ئەحمەدی لە سەر شەڕی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی لە لاپەڕەی ١٢٠ کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم" دەنووسێ: لە مانگی تەموزی ١٩٦٤دا بارزانی هێرشی کردەسەر جەماعەتی مەکتەبی سیاسی. لەو هێرشەدا تەواوی عەشیرەتەکانی ناوچە پشتیوانییان لە بارزانی کرد. هێزێکی گەورە لە ناوچەی پژدەر و ماوەتەوە، هێزێکی گەورەی دیکەش لە سیوەیلەوە بە بەر بناری سوورکێودا هات بەرەو کێوی گمۆ. هێزەکانی بارزانی دەگەیشتنە هەر کوێیەک لایەنگرەکانیان تێکەڵی هێزەکانیان دەبوون. لوقمان بارزانی، کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، فەرماندەیی جەبهەکانی دەکرد. ئەو هێزەی کە لە ناوچەی پێنجوێن و سیوەیلەوە گەیشبوونە کێوی گمۆ، زۆر بە گورجی جەماعەتی مەکتەبی سیاسییان شکاند و بەرەو گوندی ئاوکورتێ پاشەکەشەیان پێکردن. جەماعەتی مەکتەبی سیاسی لە چۆمی خوار ئاوکورتێ و عیساوێ پەڕینەوە بۆ ئالانی ئێران و سوپای ئێرانیش ئابلۆقەی دابوون بەڵام تەسلیم نەبوون. هەر بەو شێوەیە بە سنووری کوردستانی ئێراندا لە گوندەکانی گروێس، ئاڵۆت، کیوەرۆ و ئەنجێنەوە هاتن و بۆ جارێکی دیکە چوونەوە نێو سنوورەکانی کوردستانی عێراق و توانیان تەواوی بەرزاییەکانی کێوی سوورکێو بگرنەوە و هەتا گوندی سیرێ چوونە پێشەوە. لەم پەلامار و هێرشەدا دەیان پێشمەرگە لە هەردوولا کوژران و بریندار بوون. بەڵام ئەم جارەیان دوای حەوتوویەک بەربەرەکانی و شەڕێکی گەرم پاشەکەشەیان لەلایەن هێزی بارزانی‌یەوە پێکرا. ئیتر ئەم جارەیان بەتەواوی چوونە خاکی کوردستانی ئێرانەوە و لە گوندەکانی گەرماو، نیروان، تاژان، تاژەبان و ئارمردە خۆیان تەسلیمی سوپای ئێران کرد و چەکەکانیان دانان. حکومەتی ئێرانیش جەماعەتی لە شاری هەمەدان نیشتەجێ کردن. ماوەی نزیک بە ساڵێك لە هەمەدان مانەوە. دوایی بارزانی لێبوردنی دەرکرد بۆ جەماعەت و گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق.

محەممەد شاپەسەند کە بۆ ماوەی ١٧ ساڵ لێپرسراوی چاپخانەی خەبات بوو و ئەو دەزگایەی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بە نەهێنی لە ماڵە خۆی دا ڕاگرت بوو، لە لاپەڕەی ٦٢ بیرەوەرییەکانی دا دەڵی لە ئاوایی "بەردان" تووشی مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی بوو و ئەو پێیگوتووە کە بە ئەمری مام جەلال چاپخانەی خەبات لە لای ئەو داندراوە.

شاپەسەند لە لاپەڕەی ٦٨ بیرەوەرییەکانی دا باسی پەڕینەوەی مەکتەبی سیاسی لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ دیوێ ئێران دەکا و چۆن لە ئاوایی "بێتووش" جارجار بۆتە وەرگێڕی کاک حیلمی شەریف و ئەفسەرانی ئێرانی. شاپەسەند دەڵێ لە ئاوایی "بەردان" مام جەلال پێشنیاری پێکردووە کە بگەڕێتەوە لای زەبیحی لە بەغدا و لەگەڵ عەلی عەبدوڵا و نووری شاویس نەهێڵن ڕێکخستنەکان پەکیان بکەوێ و ئاگاداری دەکا کە دوایە برایم ئەحمەدیش دەگەڕێتەوە بۆ لایان.

سەرهەنگ عامری کە ئەوکات سەروان و فەرماندەری ژاندارمەری سەردەشت بوو لە لاپەڕەکانی ٤٧ و ٤٨ و ... ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە بە هۆی حاجی برایمی بیوران و سەلیمی ئوجاق و پیرۆت ئاغا لە ئاوایی وەردە زانیاری لەسەر کێشەکانی مەلامستەفا و جەلال تاڵەبانی پەیدا کردووە و باسی کێشەی باشوور دەکا و دەڵی جەلال تاڵەبانی بە ٣٠٠٠ کەسەوە هاتە نێو ئێران و ئەو ڕۆژ ئەو بە بێ چەک لەگەڵ ئاغای بێژوی دەچێتە لای جەلال تاڵەبانی. تاڵەبانی بە پێشوازی عامری دەچی و ئەو هۆیەکانی هاتنی دەپرسێ و جەلال تاڵەبانی دەڵێ کە بۆ ڕێکخستنی هێزەکانیان هاتوون و دوای ماوەیەک دەگەڕێنەوە. لەوکاتەرا عامری هەر لە لای مام جەلال دەمێنێتەوە و بۆ ماوەیەک ئاوایی بێتووش بۆ مانەوەی مام جەلال دیاری و یارمەتی خۆراک بۆ هەزار کەسیان دابین دەکا.

عامری دەڵی ڕۆژێک برایم ئەحمەد هات و پێش ئەوەی بێ یەکێک پێیگوتم ئەگەر خۆشی کرا نیگەران مەبە ئەوە قەرارە برایم ئەحمەد بێ و برایم هات و شەوێک لەوێ بوو و دوایەب گەڕاوە بۆ عێراق. عامری لە درێژەدا دەڵی دوایە بڕیار درا تاڵبانی بچتە ئاوایی ئەنجینە لە لای سوورکێو لە بانە و لەوێرا بگەڕێنەوە ناو باشووری کوردستان. یەکەم دەستەی پێشمەرگەی یەکێتی بە سەرۆکایەتی عەلی عەسکەری چوونە ناو کوردستانی باشوور. لەو سەفەرەدا ستوان سمایلی عەلیار (سەرهەنگ سمکۆ عەلیار) کە سەر بە تیپی هەمەدان بوو و عامری باسی لێهاتووی ئەو دەکا تا گەڕانەوەی هەموو هێزەکانی تاڵەبانی لەگەڵ عامری بوو.

سەرهەنگ عامری لە لاپەڕەی ٥٢ دا دەنووسێ دوای گەڕانەوەی هیزەکانی یەکێتی، شەکەت و ماندوو بووە و ویستی سەرخەوێک بشکێنێ بەڵام هێشا چاوەکانی گەرم دانەهاتبوو کە لە خەوی هەڵدەستێنن دەڵێن تاڵەبانی بە خۆی و هیزەکەی گەڕاوە بۆ ئێران. عامری دەچنە لای تاڵەبانی و لەوێ مام جەلال پێیدەڵێ کە هێزەکانی مەلامستەفا هەموو ڕێگاکانیان لێگرت بوون و لێیان داون و کوژرا و برینداریان زۆرە. لەوێ فەرماندە ئێرانییەکان لە مام جەلال دەپرسن کە چیان بۆ بکەین و ئەویش دەڵێ هەرچی پێتانخۆشە. ئیدی چەکەکانیان لێوەردەگرن و دیاننێرنە هەمەدان.

لە پەنا هێرشی بارزانی بۆ سەر باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەحمەد تۆفیقیش لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و کوتوپڕ هێرشی کردە سەر پاشماوەی کومیتەی ساخکەرەوە کە لە ژێر باڵی مەکتەبی سیاسی دابوون و دەستی بەسەر مەقەڕ و بارەگاکانیان داگرت.

ئەمیر قازی لە لاپەڕی ٨٥ کتێبی بیرەوەرییەکانی دا وردەکارییەکانی پەلامار بۆ سەر بنکەکانی کومیتەی ساخکەرەوە، لە پەنا هێرشی مەلا مستەفا بۆ سەر باڵی مەکتەبی سیاسی بەو جورە دەگێڕێتەوە کە بەربەرە ناکۆکی نێوان پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسی لە پەرەگرتن دابوو و هەردوو لا خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد. شاری سولیمانی لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم دابوو و نوێنەرایەتی سەرکردایەتی پاڕتی لە ژێر بەرپرسایەتی عەگید ناوێک دا بوو. بە بەرگە و ئیجازەی پارتی دیموکرات، تاقولۆق پێشمەرگە حەقیان هەبوو بچنە شاری سولیمانییە. سەرەڕای ئەوانە ئەو شارە بە گشتی لە ژێر هێژمۆنی باڵی مەکتەبی سیاسی دابوو. هێزەکانی مەکتەبی سیاسی کە هەزار کەس دەبوون لە لای شاروچکەی چوارتا، لە ناوچەی شارباژێر، لە ژێر فەرماندەری عومەر دەبابەدا جێگیر ببوون. لەو هەلومەرجەدا، رۆژێک ئەحمەد تۆفیق و سولەیمانی موعینی، بۆ چەک کردنی مەقەڕەکانی کومیتەی ساخکەرەوە کە لە لای ماوەت و پێنجوێن لەژێر دەسەڵاتی باڵی مەکتەبی سیاسی دابوون، بە٣٠پێشمەرگەوە و بە دوو زیلی عەسکەری دەچنە نێو شاری سولیمانییە. کە گەیشتنە ئەوێ لە ناو شار دا دەنگۆی هێرشی ئەحمەد تۆفیق و بۆ گرتنی لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی بڵاو بووەوە و زۆر کەس خۆیان شاردوە یان هەڵاتن. ئەحمەد تۆفیق و کاک فایق لە سولیمانییە لە لای کاک عەگیدە چایەکیان خۆاردەوە، بە پەلە بەرەو وچوارتا وەڕێکەوتن و چوونە بارەگای هێزی پێشمەرگە کە عەقید نووری، ناسراو بە نووری کەڵەباب بەرپرسی بوو. دوای ئەوە لەوی جێگیر بوون و قەراریان دانا کە بە سەر مەقەرەکانی کومیتەی ساخکەرەوە دادەن کە لە ژێر دەسەلاتی باڵی مەکتەبی سیاسی دابوون. ئەحمەد تۆفیق دەبوایە بچێتە سەر مەقەڕی مڕانی کە مەلا ئەبوبەکری فلسەفی بەرپرسی بوو و کاک فایقیش بۆ مەقەڕی پینجووی دیاری کرا کە مەلا رەحمان و مەلا جەمیل کە خەڵکی سەقز بوون و لەگەڵ عومەر نگڵی بەسەری رادەگەیشتن. ئەحمەد تۆفیق نامەیەکی بۆ حەمەرەشیدخان نووسی بوو کە هاوکاری فایق بکا. کاک فایق دەبوو ئەو مەقەڕە چەک کا و تەسلیم بە برادەرانی هەورامانی بکاتەوە.

ئەحمەد تۆفیق ئێوارێ درەنگ بە دەستەیەک پێشمەرگە بەرە و مەقەری مڕانی وەڕێکەوت. دوای چەندین سەعات لە دوازدەی شەو گەیشتە شوێنی مەبەست. بە پێی بەرنامە دەبوایە ئەگەر خۆیان بە دەستەوە نەدابا، بە زۆر بگیرین و وەک زیندانی بەرێکرێن بۆ زیندانی سەنگەسەر. دەستەی ئەحمەد تۆفیق هەرکە گەیشتنە ئاوایی مڕانی یەکجی لە مەقەر وەژوور کەوتن. ئەو شەوە، بە هەڵکەوت پێشمەرگەیەکی بەرپرسی کەرتی پارتی بە ناوی شێخ سەدیق، بە پێشمەرگەیەکەوە لە وێ میوان بووە. ئەو لە نەکاو دەکەوێتە بەر لێدان و کوتان پێشمەرگەکان و بریندار دەبێ و مەقەر زوو دەستی بە سەر دادەگیرێ. مەلا ئەبوبەکر لەوێ نابی و ئەوان دەست بە سەر کەلوپەلەکان دادەگرن و بە پەلە دەگەرینەوە. شێخ سەدیق لەوی کە چەک کراوە هەست

بە شەرمەزاری دەکا و هەرچی ئەحمەد تۆفیق لە بەری دەپاڕێتەوە، نە چەکەکان وەردەگرێتە و نە حازر دەبی وەک پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ مەقەڕی خۆی و لە لای عەقید نووری دەبێتە پێشمەرگە.

دەستەی کاک فایق کە مەلا سەید ڕەشیدیشی لە گەڵ بوو، خۆیان گەیاندە پنجوێن و مەقەری ئەویان چەک کرد و هەر ئەو ڕۆژە گەڕانەوە. ئەوان مەلا ڕەحمان و مەلا عومەر و سادق نگلێان گرت و لە گەل خۆیان هینایان بۆ چوراتا و هەر ئەو ڕۆژە بۆ زیندانی سەنگەسەریان بەڕێکردن و ماوەیەک لە وێ گیران.

دوای ئەو کارانە ئەحمەد تۆفیق گەڕاوە و کاک فایق و کاک ئەمیر لە چوارتا بە جێمان و بە کەلوپەلانە کە گیرابوون مەقەڕێکیان بۆ پەیوەندی بە ڕۆژهەلاتی کوردستان دامەزراند.

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ١٢٥ کتێبکەی دا لەو بارەوە دەنووسێ: کاتێ دسەڵاتی هەموو ناوچەکان کەوتە دەست بارزانی، ئەحمەد تۆفیق دوای ماوەیەک بنکەیەکی لە گوندی گرگاشێ بۆ کوێخا کەریم لەگەڵ ئەو چەند پێشمەرگەیەی کە چوونەوە لای حیزب لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە بە بەرپرسایەتی کوێخا کەریم دامەزراند.

بە دوای هێرشی مەلا مستەفا بۆ سەر باڵی مەکتەبی سیاسی و تێکشکانی ئەوان، دەستەی سەلاح موهتەدی و تەشکیلاتی ئەبوبەکری فەلسەفی کە لەو قۆناغەدا زیاتر دژایەتی لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق و حیزبی دێموکرات دەکرد، هەڵوەشاوە و تەسلیم بە ئێران بوونەوە.

ڕەشید ئەحمەدی لەسەر بەسەرهاتی خۆی دەڵێ کە پێشتر بە هۆی نیگەرانی لە پەیوەندی بەهێزی دەوڵەتی ئێران و باڵی مەکتەبی سیاسی و کاریگەری مەکتەبی سیاسی لە سەر تەشکیلاتی ئەبوبەکری فەلسەفی، دەستی لە کار کیشابووە. ئەندامانی دیکەی سەر بەگروپانە یان تەسلیم بە ئێران بوونەوە یان وازیان لە سیاسەت هێنا و یان چوونەوە لای ئەحمەد تۆفیق. کەسانی ئەوتۆش هەبوون هەر لە باشووری کوردستان درێژەیان بە دژایەتی لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق دا.

سروشتییە دەوڵەتی ئێران بە هیچ شێوەیەک پێیخۆش نەبوو کە کوردی ئێران هاوکاری کوردەکانی دیکە بکەن، کورد دەبوو پارسەنگی سیاسەتی خۆی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بزانێ کە ئەوکات ژاندارمی گشت ناوچەبوو و بە دروستی هەلسوکەوت بکا بەڵام بە پێچەوانە سیاسەتی هێزەکانی کوردستانی عێراق بە نیسبەتی حیزبی دێموکرات وەک هێزی نەیار دژ بە ڕێژیمی ئێران باش نەبوو. بۆیە بۆ حیزبی دێموکرات پێویست بوو ئاگاداری ئەو هەڵسوکەوتابە بێ و بۆ مان و مەوجودییەتی خۆی هەڵوێستی پێویست وەربگرێ.

دەست تێکەڵاو کردنی هێزەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ ڕێژیمی ئێران، لە ڕادەبەر بوو. ڕەشید ئەحمەدی دوای خۆ تەحویل دانەوە بە ڕێژیمی ئێران لە ساڵی ١٣٤٤ بە هۆی ئەوە لە لایەن باڵی مەکتەبی سیاسی لە کوردستانی عێراق ئێعلامییەی لەسەر دەرکرا بوو کە ئەندامی پارتییە، بەرپرسانی پارتی چوون لە زیندانی سنەدا ئازادیان کرد.

تەنانەت بە دوای چوونی دەستەی جەلالی بۆ نێو ئێران تەنانەت کەسانی وەک مامۆستا زەبیحیش کە ئەندامی بالی مەکتەبی سیاسی بوو، دەیانتوانی بچن بۆ لای کاربەدەستانی سەرەکی

ڕێژیمی ئێران و لەوبارەوە مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٥٨ چێشتی مجێور دا باسی مەترسی سەر ژیانی خۆی بۆ زەبیحی دەکا دەڵێ: زەبیحی من هەر دەڕۆمە کێوان، لە کوێ ناسیانم و گرتیان تۆ سلامەت، بڵکوو دەربازیش بووم.

گوتی: مەلا ڕێگە زۆر خەتەرە، وەرە دەگەڵ من بچینە تاران.

- یانی دەتهەوێ عەجەم ئێعدامامان کەن؟

- نا، مەلا، سیاسەت زۆر گۆڕاوە، من خۆم جارێک چوومە تاران و میوانی شاهەنشا بووم. ئێستاش من خەبەر دەنێرم ماشین دێتە سنووری خانەقین، لیرەوە دەچینە خانەقین کە ڕێگەکەی ئەمینە. لەوێوە دەمان گەیەننە تاران.

گوتم: کاکە زۆرجار من بە گاڵتە پێم گوتوی من لە تۆ نەترسترم، بەڵام بە راستی تۆ نەترسێکی سەیری! چوونە تارانی ئێمە ئابرو دەتای تەرازو نانە، من ناویرم شتی وا بکەم.

رۆژی ١٩٦٤/٧/١ بە بەشداری ٦٠٠ ئەندام، کۆنگرەی شەشەمی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە ناوچەی قەڵادزێ گیرا و سەرکردایەتی نوێی هەڵبژێردرا و مەلا مستەفا بارزانی بە کۆی دەنگ بەسەرۆکی پارتی دیاری کرا. لەو کۆنگرەیەدا ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا "دەبابە"، سەید عەزیزی شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها، عەبدولرەحمان زەبیحی، عەلی عەسکەری، عەلی حەمدی، ئەحمەد عەبدوڵا، مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل "مەلا ماتۆر"، نوری شاوەیس، حلمی عەلی شەریف، عەلی عەبدوڵا و محەمەد حاجی تاهیری لە حیزب دەرکران و بریار درا کەلوپەلی حیزب، وەک ئیزگەی رادیۆ و چاپخانەی پارتی لە مەکتەبی سیاسی کۆن لە ماوەت وەربگرێتەوە. بە دوای ئەوانە دا کەسانی وەک دوکتور مەحمود عوسمان و حەبیب محەمەد کەریم و ... بوون بە مەکتەبی سیاسی.

## بەشی٨٢
## ئاکامی کومیتەی ساخکەرەوە

دامەزرانی کومیتەی ساخکەرەوە، نەیتوانی وڵامدەری چاکسازی و چارەسەری گیروگرفتەکانی حیزب و بەرپەرچ دانەوەی کردەوە چەوتەکانی ئەحمەد تۆفیق بێ. بیروباوەڕێکی قووڵ و پەیوەندێکی تەشکیلاتی پتەو و بە هێز لە نێو ئەندامانی ئەو کومیتەیە دا نەبوو و زۆرتر گەمە و قومارێکی هەستیارانە بوو. حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ١٨٣ بیرەوەرییەکانی دا دەڵی کە پێکەوە نەحاواینەوە و قادر شەریف و سەعید کوێستانی کەوتنە لایەک و ئەوە و حوسێنی مەدەنی و چەند کەسی دیکە لایەک. لەوکاتەدا دەفتەری سیاسی چەکی کۆنیان دەداتێ و ئەوانیش برایانە دابەش دەکەن. دوای ماوەیەک دیسان مەکتەبی سیاسی لەگەڵ قادر شەریف و حوسێنی مەدەنی و سەعید کوێستانی و حەسەن رەستگار دادەنیشن و هەوڵ دەدەن کە کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەن و نەهێڵن لێک بترازێن بەڵام نەکرا. دوایە ئەوان مەقەڕەکەیان گوێزتەوە بۆ گوندی سەرا و میراو. لەوێ کێشەی نیوان سەعید کوێستانی میرزا خدر پەیدا بوو.

مەلا رەسووڵی لە لاپەڕەی ١٥٥ دا دەگێڕێتەوە کە سەعید کوێستانی بەو تفەنگەی دابوویانێ رازی نەبوو چوو بوو تفەنگی میرزا خدری مەرەسەنەی هەڵگرت بوو و نەیدەداوە. دوایە میرزا خدر داوا لە حەسەن رەستگار دەکا کە بۆی وەرگرێتەوە و سەعید کوێستانیش بە خۆشی نایداتەوە و حەسەن رەستگار غاری دەداتێ و لە گۆمێ داوێ و هەڵیدەگلۆفێ و تفەنگەکەی لێدەستێنێتەوە. دوایە بە توندی لە میرزا خدر تورە دەبێ و کە چۆن ئیزنی داوە کە چەک بکرێ و میرزا خدریش هەڵدی و ٣ پێشمەرگەی دیکەش کە پێیان وادەبی میرزا خدر دەیهەوێ پەلاماریان بدا هەڵدێن و لەو دۆڵە دا دەبی بە هەڵات هەڵاتێک مەگەر خودا بزانێ. حەسەن رەستگار کە ئەو بەزمە دەبینێ دەست دەکا بە پێکەنیین و کێشەکە تەواو دەبێ.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٩٧ کتێبی حەقیقەتی میژوو، لە وڵامی بیژەن ساعدی کە دەپرسێ لە چ ساڵێک کۆمیتەی ساغکەرەوە نامێنێ؟ دەڵێ: ساڵی ١٩٦٥ کۆمیتەی ساغکەرەوە تەواو بوو، حوزوریان نەبوو، لە نێو خۆیاندا ناکۆکییان لێ پەیدا بوو، بۆ نموونە لەگەڵ خوالێخۆشبوو قادر شەریف لێیان بوو بە ئیختلاف و چوون گرتیان و چەکیان کرد.

کاتێک ئەمن لە نێو خۆی وڵات بووم، لەبیرمە خوالێخۆشبوو قادر شەریف هاتبوو بۆ شوێنەکەی ئێمە، لە دوای ناردم چووم، با ئەوەش بڵێم کە زمانیشی توند بوو، زۆر بە بێ حورمەتی باسی دەکردن، بە تایبەتی باسی مەلا ی دەکرد، چونکە مەلا پێگەیەکی دیکەی هەبوو، زۆر خۆشەویست بوو، پێی دەگووت ی نامەرد.

مەلا رەسوڵ پێشنماز لە لاپەڕەی ١٤٦ بیرەوەرییەکانی دا باسی نابەجێ بوونی پێکهێنانی کومیتەی ساخکەرەوە و هەڵوێستی خراپی خۆیان دەکا و دەنووسێ: بەڵام بەراستی ئێمە لێرەدا تاوانبار بووین جگە لە مەلا حەسەن، تاوانباری راستەقینەش لە پێشی پێشەوە بۆخۆمم، پاشان قادر شەریف و سەعید کاوە، بۆیەش خۆم تاوانبار دەکەم چونکە تاقمی بە هێزی ئێمە واتە، حەسەن و

حوسێنی مەدەنی و مامەندی قازی و جەعفەری کەریمی و فەتاحی قادری و رەشید سمێڵ و زۆری دیکە سەر بزێویمان دەکرد و قادر شەریف و ئەوانی دیکەش جگە لە خۆشاردنەوە، بە دزێیەوە لەولاو لەولا قسەیان دەکرد، دەنا نەیاندەوێرا بەرانۆی ئەحمەد راوەستن، لە لایەکی دیکە ئێمە قبووڵمان دەکرد بچینە کۆبوونەوە و دەبوو بچووینانە و ئەگەر لەوێ گیروگرفتێک هەبوایە جێبەجێمان دەکرد یان ئەودەم هەڵوێستمان وەردەگرت، بەڵام وەک باسم کرد قادر زیاتر لەوەی هەوڵی تەبایی و کاری تێکرای دەدا، زۆرتر کاری گێرە شێوێنی و ناتەبایی بوو، کەوابوو لەگەڵ کەس ئارام نەدەبوو، پاشان بەدرێژی باسی سەرپێچیەکانی ئەویش دەکەم کە هەر لەسەر بریاری سەعید کاوەی برادەری و مەلا، ئێمە چووینە ورچەکۆ چەکمان کرد، بۆ ئەوەی چیتر لە کوردستانی ئێران ناومان بەناو خەلکدا بڵاو نەکاتەوە بۆ جنێودان بە ئەحمەد تۆفیق و بارزانی.

بەگشتی بە دوای جەولەی ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە بۆ ناوخۆی وڵات و نارەزایەتی توندی ئەندامانی حیزب لە هەڵوێستی ئەوان، دەستەی حەسەنی رەستگار بریاریان دەدەن کە بگەرێنەوە بۆ زێنوی شێخی لە کوردستانی باشوور و خۆ تەسلیم بە پێشمەرگەی شۆرش بکەن. لەوێ زەکی ئاکرەیی چەکیان دەکا و بە حورمەتەوە پێیان رادەگەیەنی کە دەبێ بیانباتە لای مەلا مستەفا بارزانی لە رانییە. ئەوان دەبەنە رانییە و پاش ماوەیەک لە گوندی هێرۆ قەرار دادەندری کە چاویان بە بارزانی بکەوێ. حەسەن رەستگار لە لاپەرەی ٢١١ ی بیرەوەرییەکانی دا دوای ئەوە باس دەکا کە چۆن مەلامستەفا لە حاجییەک تورە دەبێ لە درێژە دا دەنووسێ:... مەلا باقی گوتی، ئەوە کابرایەکی حاجی لێیە دوای ئەو نۆرەی ئێوەیە. هەر لەوێ بیستبووم کە کاک حوسێن مەدەنی لەلای سەردەشتەوە نامەیەکی بەناوی منەوە بۆ مەلا مستەفا نووسیوە، نەمدەزانی نێوەرۆکی نامەکە چییە، هەر بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر پرسی بلێم چێ؟ لەو فکرەدا بووم مەلا مستەفا لە کابرای حاجی توورە بوو، ئێمە مەلا مستەفا و حاجی‌مان لێ دیار نەبوو، دەرگا کرابۆوە مەلا باقی لە نێو دەرگا راوەستابوو مەلا مستەفا بە دەنگی بەرز دەیگوت ئەتۆ نە حاجی نە موسڵمانی، مەلعونی، چۆن کاری وات کردوە؟ چۆن هەتا من هەبم تۆ دەتوانی وابکەی؟ کابرای حاجی دەرکرد، مەلا باقی رۆیشتەوە لای مەلا مستەفا. گوتم کورینە چوونی ئێستامان زۆر خراپە مەلا مستەفا زۆر توورەیە، لەوانەیە بەسەر ئێمەشدا بروخێ. گوتیان چۆنت پێ باشە وابکە، مەلا باقی گەرایەوە گوتی فەرموون، من لە وڵامدا گوتم مەلا باقی ئێمە کارێکی وامان نییە موزاحیمی مەلا مستەفا نابین، ئێمە هاتووینەوە بن باڵی ئەو جێگایەکمان بۆ دیاری بکا لێی دانیشین. مەلا باقی گەرایەوە لای مەلا مستەفا، قسەکانی بۆ گێرایەوە مەلا مستەفا بە دەنگی بەرز گوتی نا نا من هیچ شوێنێکیان بۆ دیاری ناکەم خۆیان کوێیان پێ خۆشە من ئاگام لێیان دەبێ.

لەسەر پاشماوەی ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە لە ناوچەی بانە و ... دەبێ بگوترێ کە دواتر لە ساڵی ١٩٦٤ ئەحمەد تۆفیق کەڵکی لە هێرشی بارزانی بۆ سەر باڵی مەکتەبی سیاسی، وەرگرت و باقی مەقەرەکانی کومیتەی ساخکەرەوەی تێک و پێک دا. رەشید ئەحمەدی لە لاپەرەی ١٢٢ کتێبەکەی دا دەنووسێ: جێگای ئاماژەیە کاتێ بارزانی هێرشی کردەسەر نەیارەکانی خۆی، ئەحمەد

تۆفیقیش سوودی لەو بارودۆخە وەرگرت و لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەو هێرشەدا لە هەر کوێەک ڕەکەبەرەکانی خۆی پەیدا بکردنایە چەکی دەکردن و بە چەند کەسانێکیش بێڕێزی کرا.

ڕەشێد ئەحمەدی لە درێژەی ئەو بابەتەدا دەنووسێ: کاتێ هێزی بارزانی دەگاتە چوارتا، ئەحمەد تۆفیق لە چوارتا جەماعەتێک پێشمەرگە ئەنێرێت بۆسەر ماڵی مەلا ئەبوبەکر کە بیگرن. لەو کاتەدا مەلا ئەبوبکر لە ماڵ نابێ. چەند برادەرێک لەو مامۆستایانەی بانە کە پێشتر باسم کردوون و دێنە بنکەی مرانێ... لە ماڵی مەلا ئەبوبەکر دەبن بەڵام هیچ بەوان ناڵێن و مەلا ئەبوبەکریشیان دەستناکەوێ. دوایی ڕاستەوخۆ دەچنەسەر بنکەی مرانێ. هەر ئەو کاتەش مامۆستاکانی بانە، محەممەدئەمین مەجیدیان، ساڵح خەندانی و محەممەد قادری لە بنکە دەبن. لەو کاتەدا مەلا ئاوارە وەک بەرپرسی بنکە لەوێ دەبێت. هەموویان چەک دەکەن و کەلوپەلی بنکەکە دەپێچنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ چوارتا. جێگای ئاماژەیە میرزایش‌یان لە چوارتا یان لە شوێنێکی دیکە دەکەوێتە بەردەست و دەیگرن. ئەحمەد تۆفیق ئەویشی بە گیراوی لەگەڵ خۆیان بردبوو بۆ بنکەی مرانێ. دوای دەست بەسەرداگرتنی بنکەکە هەموویان دەبەن بۆ چوارتا. ئەحمەد تۆفیق هەوڵ ئەدا کە جەماعەت، جگە لە میرزا، بچنەوە لای ئەحمەد تۆفیق و درێژە بە کار بدەن. مامۆستاکان قەناعەت ناکەن. تەنیا چەند پێشمەرگەیەک دەگەڕێنەوە لای ئەحمەد تۆفیق و باقی جەماعەت هەموویان ئازاد دەکەن. ئەو مامۆستا لاوە بەهەست و خوێنگەرم و نیشتمانپەروەرانە بەهۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی و شۆڕش و بێ ئەزمونی، ئەوانیش ناچار دەبن دوای ماوەیەک بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران بۆ ژێردەستی دوژمن و دوای ماوەیەک دوور دەخرێنەوە بۆ شوێنە ناخۆشەکانی ئێران و چەند کەسێکیشیان دوای ماوەیەک لە تاراوگە دوبارە بیانوویان پێدەگرن و دەیانگرن و ڕەوانەی بەندیخانەی فەلکولئفلاکیان دەکەن لە خورەم‌ئاباد.

بە پێی بڕیاراتی کومیتەی ناوندی حیزبی دێموکرات لە ڕێکەوتی ١٣٤٣/٥/٢٤ - ١٩٦٤/٨/١٥ سەزای تاوانی ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە لە چەند خاڵ دا دەست نیشان کرا:

٢) لە بەرواری یەکی خاکەلێوەی ١٣٤٣ و بە پێی پێداگریی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و بە ڕەزامەندیی رابەری خەباتی تێکرای کورد و بە بەیاننامەی ڕەسمی قادر شەریف و سەعیدە کوێرە لە حیزب دەرکران و هەموو لایەک لەو بارەیەوە ئاگادار کراونەتەوە.

٣) مەلا ئەبوبەکرە شەلە لەبەروەی کە ئەندامی حیزبی ئێمە نییە تەنیا پێدانی ناونیشانی خائین و خۆفرۆش و شوێنکەوتەی بەسە.

٤) لە پلنیۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و هەڵسوورێنەرانی حیزب بریاردرا کە سەید حوسێنی مەدەنی و عەبدوڵا سەدیق بە تۆمەتی دەستەبەندی و شوێنکەوتەیی و بوونە ئامرازی دەستی چەند کەسی ناشایستە لە ڕیزی کەسانی باش وەلابنرێن.

٥) لەم ڕێگایەوە مەلا ئەحمەدی شەڵماشی ئاگادار دەکەینەوە کە لە بەرواری دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەوە تا سێ مانگی دیکە ئەگەر لە کردەوەی خۆی پەشیمان بێتەوە و پەنا بۆ بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان بینێت سزای ئەو تەنیا دەرکردن دەبێت لە حیزب و بەم شێوەیە بە

هەموانی رادەگەیەنین ئەوانەی خوازیاری گەرانەوەن حیزب سزایەکی کەمتریان بۆ لەبەر چاو دەگرێت.

٦) باقی دیکەی ئەندامانی کۆمیتەی بەناو ساخکەرەوە کە گەراونەتەوە هێندێک نامەیان نووسیوە ئەگەر دەتوانن لە گەیشتن بە ئامانجی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ ئەندامانی یەکگرتووی حیزب هەنگاو هەڵێنن و بەو رێگایەدا وەفادار دەمێنن دەتوانن دوبارە بگەرێنەوە بارەگای بەخشندەی حیزب.

لەم ریگایە دا ئاگادارتان دەکەینەوە کە قادر شەریف " هاشم اقل طلاب" و سەعیدی مەلا کەریم کە هەردووکیان لەوانەن لە خواییەوە کوێر و نابینان هەروەها ئەو مرۆڤە فێڵبازە واتە مەلا ئەبوبەکرە شەلەی هەڵاتوو مقدارێکی زۆریان پارە و چەکی حیزب دزیوە هەر بۆیە ناوبراوان بە تەواوی هاونیشتمانان بە تایبەت ئەندامانی حیزب دەناسێنین و خوازیارین ئەو سێ کەسە خەتابارەیان لە هەر کوێ دەستکەوت بێ وەستان دەستگیریان کەن و تەسلیم بە دەرگای دادپەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بکەنەوە.

جێی ئاماژەیە کە بەر لە دروست بوونی کومیتەی ساخکەرەوە لە کۆبوونەوەی بەناو کومیتەی ناوەندی کە هەر ئەحمەد تۆفیق ئەندامی بوو، قادر شەریف و سەعید کوێستانی لە حیزب دەرکرابوون. هەروەها ناوی حەسەن رەستگار لە لیستی سەزا دراوەکان دا نییە چوونکە ئەو پێشتر پەشیماننامەی نووسیبوو. دەقی نامەکە بەمشێوەیە: نامەی پەشیمانی یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە

کۆمیتەی ساخکەرەوە لە سەفەری خۆی بەرە و مەزاری مەرگ، بەرگێکی رەشی لە ژیانی خۆی جێهێشت بە تایبەت مامۆستای "دانا" و "دوربین" و "لێوەشاوە" واتە قادر شەریف و شەش کەس لە هاوکارانی هاوشێوەی خۆی کە چەندێ لەوانە هەڵخەڵەتابوون و پاشتر لە رێچکەی نووسینی نەفرەتنامە لەم کۆمیتەیە و رووەرەشی قادرە کوێر وسەعیدە کوێر و مەلا شەلە بەرەو دادگای دادپەروەری رێبەرایەتی تێکۆشانی میللەتەکەمان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان گەرانەوە و ئەوەش بەشێک لە نووسینی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوەیە کە لە خوارەوە دەیخەینە بەرچاوی هاونیشتمانانی خۆشەویست، بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو بەم شێوەیەی نووسیوە:

-"... لە منتان پرسیار فەرمووە تا بیر و باوەری خۆم دەربارەی ئەو لایەنە لە کۆمیتەی ساخکەرەوەتان پێ رابگەیەنم، وا لە خوارەوە وەڵامی پرسیارەکەتان دەدرێتەوە.

١- بەڵی من ئەندام بووم لە کۆمیتەی ساخکەرەوەدا...! بەڵام ئەو کۆمیتەیە بە دەست نەخۆشی جیاوازیی بیر و باوەرەوە گرفتارە چونکە راستگۆیی و پاکی کەمتر تێدا دەبینرێت هەر بۆیە پاش ماوەیەک هەڵوەشایەوە "انا لله و انا الیه راجعون".

٢- سەبارەت بەو بەیاننامەیەی کە لە لایەن کۆمیتەی ساخکەرەوە نووسراوە پێویستە بڵێم کە نێوەرۆکەکەی دوور لە راستی و دروستی دەزانم هەر بۆیە خۆم لە بڵاوکردنەوەی پاراست و بەشێکم

سووتاند چونکە ئەو هەواڵانەی تێیدا هاتبوو کەسێک نووسیبووی "مەبەستی قادر شەریفە" کە ئەوەمان وەک کەسێکی راستگۆ و پاک نەهاتە بەرچاو. بە ئێوە و هەموو هاورێیانی حیزبی رادەگەیەنین کە پێویستە ئەو بەیاننامەیە وەک مەسەلەیەکی کینە و مەبەستی نووسەرەکەی چاو لێبکەن "مەبەستی قادر شەریفە" نەک وەک بەیاننامەیەکی حیزبی بە تایبەت ئەوەی دەربارەی کاک ئەحمەد تۆفیق نووسراوە". "ئیمزای نووسەر...

لێک دابڕانی کۆمیتەی ساخکەورەوە وەک هەموو جوێبوونەوەکانی دوایی حیزب سەرکەوتوو نەبوو. بە ناو و پێناسە و بە پلانی نوێ و بە بەرنامەی پێشکەوتوو دانەڕێژرا بوو. بەرژەوەندی گشتی حیزبی و نەتەوەیی وەبەرچاو نەگیرابوو. دەستی رەشی باڵی مەکتەبی سیاسی، لە پشت بەرێوەبەرانی ئەو کومیتەیە بوو و یەکەم جوێبوونەوەی بە رەسمی ناو حیزبی دێموکرات بوو کە هەر بە ناوی حیزبی دێموکرات درێژەی بە تێکۆشان دا. تاووتوێ کردنی کار و تیکۆشانی ئەو کومیتەیە، ئەوە دەردەخا کە لێک دابڕان و ئینشعات هەر بە ناوی حیزبی دێموکرات، لە حیزب دا، چەندە مەترسیدار و زیانبارە و غەیرە نەهامەت و چارەڕەشی بۆ جوڵانەوەی کورد هیچی لێ شین نابێتەوە.

ئاکامی خراپی کومیتەی ساخکەرەوە دەیتوانی رێنیشاندەرێکی باش با بۆ داهاتووی حیزب بێ و بێ بە پەند و ئەزموونێک کە لێکدابڕانەکانی دوایی کە لە زۆر بارەوە، وەک یەک دەچن، روو نەدەن و زیانی زۆر بە حیزبی دێموکرات و بە جوڵانەوەی کورد نەگا.

زۆر خەڵکی دڵسۆز بەتایبەتی ئەندامانی حیزب هەوڵیان دا دوو بەشی حیزب تێکەڵ ببێەوە. رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەێ ١٠٩ ی بیرەوەرییەکانی دا ئاماژە بەوە دەکا کە بە مەبەستی چاک سازی و چارەسەری کێشەی کومیتەی ساخکەرەوە و حیزبی دێموکرات، دەستەیەک لە مامۆستا و قوتابی شاری بانە کە لەمەترسی کەوتبوون سەردانی ئەو کومیتتەیان کرد. دوای هەڵسەنگاندی وەزعییەتی حیزب ئەوانە بڕیاریان دا کە بۆ حەڵی کێشە و گیروگرفتەکانی حیزب سەردانی نەمر بارزانی و ئەحمەد تۆفیق بکەن. ئەوانە کە دواتر هێندێکیان لە حیزب دا بەرپرسایەتیان هەبوو بریتی بوون لە کەمال خالیدی، محەممەدئەمین مەجیدیان، مستەفا ئەحمەدی، عەبدوڵڵا ئیقدامی، محەممەد قادری و ساڵح خەندانی.

تەمەنی کومیتەی ساخکەرەوە زۆری نەخایاند. کاتێک کە ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە رێگایان پێنەدرا کە بچن لە کۆنگرە ٢ دا بەشدار بن، ئەوان بڕیاریان دا کە لە لای بارزانی شکایەت بکەن و حەسەنی رەستگار و حوسێن ئاغای سیسیریان وەک نوێنەری خۆیان نارده لای مەلامستەفا. بەڵام تورە بوونی توندی مەلامستەفا لە حەسەنی رەستگار، کاریگەری زۆری لەسەر ئەو و بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە دانا کە بگەڕێنەوە و تێکەڵ بە حیزب ببنەوە. حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٢٣ بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: مەلا مستەفا بە باڵتۆیەکی درێژ لەبەردا خەریکی کەوش دانانە و هەر بەسەر پێوە لە ئێمەی ڕوانی. من و حوسێن ئاغا هەستابووین چاومان بڕیبۆە مەلا مستەفا. هاتە سەرەوە بە توورەیی لەلای شەمسەدین موفتی دانیشت و تەواو کاک

شەمسەدین دانەنیشتبوو ئێمە هەر بە پێوە بووین ڕووی لە من کرد گوتی مەلا حەسەن بۆ هەدا نادەی؟ مەلا حەسەن لە چی دەگەڕێی دەمێک بە دووی برایم ئەحمەد و جەلالەوە، دەمێک بنکە داگیر دەکەی. گوتم ئاخر مەلا مستەفا خۆ نەوێرام بڵێم قوربان، مامۆستا، ئەو شتانە دەمزانی هێندەی دیکە تووڕە دەبێ، گوتی وست بە قسە نەکەی. من چەندم بە تۆ گوت ئاقڵ بە، دیسان گوتم مەلا مستەفا ئیزن، دەمویست بڵێم ئیزنم بدە دوو قسە بکەم، دیسان فەرمووی قسە نەکەی خەریک بوو زۆرتر تووڕە بێ، زۆر بەخۆمدا شکامەوە، هەموو بەدەنم گەرم داهاتبوو، بە سیلەی چاوم ویستم بزانم حاڵی حوسێن ئاغا چۆنە، نەمدی دەخۆم نووسام دیسان گوتم ئاخر مەلا مستەفا، فەرمووی قسە مەکە بڕۆ بۆ لای عەزیز من کارم پێتان نییە. لەو دەمەدا کاک شەمسەدین بۆڵەیەکی لێ هات نەمزانی چی گوت، مەلا مستەفا فەرمووی سەد جارم گوت مەلا حەسەن واز بێنە ئاقڵ بە، واز ناهێنی. دوایی لە تووڕەیانی هەردوو دەستی بە یەخەیەوە گرت فەرمووی مەلا حەسەن داد لە دەستت، دە واز بێنە بڕۆ. هێندە خەجاڵەت ببوومەوە نەمدەزانی بڵێم چی، هەر ئەوەندەم پێ گوترا گوتم بەڵێ، وەدەرکەوتم و حوسێن ئاغا بە دوامدا. لەبەر دەرگا کاک سولێمان بە پیرمانەوە هات ئێمەی برد بۆلای چادرەکەی خۆی نەچوومە ژوورەوە هەر لەبەر دەرگای ڕاوەستام کاک سولێمان زۆری دڵخۆشی دامەوە گوتی مەلا مستەفا باوکتانە لە هەمووومان تووڕە دەبێ خۆ هی تۆ زۆر باش بوو، تووڕە بوونی لە ئێمە زۆر توندترە. فەرموو وەرنە ژوورەوە ئێستا دێتەوە سەرەخۆ، بانگتان دەکاتەوە، ئاشت دەبنەوە، گوتم من جارێ لێرە دەبم ئەتۆ کارەکانی خۆت بکە. لەو نێوەدا کاک شەمسەدین بە قسە هاتبوو و بەرگریی لە ئێمە دەکرد. دەیگوت قوربان جەنابت غەدر لەوانە دەکەی ئەوانە هەموویان لە کوردستانی ئێران زۆر لە ئەحمەد تۆفیق مەقبووڵترن، بارزانیش پاساوی دەهێنایەوە کە ئێمە بەقسەی ئەو ناکەین و زۆری نەسیحەت کردین. کاک سولێمان خەریکی کارەکانی بوو، من گوتم حوسێن ئاغا با بڕۆینەوە فایدەی نییە، بێ ماڵئاوایی لە کاک سولێمان سەرەوژێر بووینەوە بۆ ڕانیە.

حەسەنی ڕەستگار و حوسێن ئاغای سیسیر دەگەڕێنەوە لای هاوڕێیانیان و دوای لێکدانەوەیەکی گشتی بڕیار دەدەن کە بچنەوە لای ڕێبەری حیزب و لەگەڵیان تێکەڵ ببنەوە. حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ٢٢٣ بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: بەشێک لە برادەران ڕاوبۆچونی خۆیان دەربڕی و بە گوێرەی لێکدانەوەی خۆیان هێندێک پێشنیار کران. سەرئەنجام من پێشنیارم کرد ئێستا کە کۆنگرە گیراوە و کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرە هەڵبژێراوە، هەرچۆنێک بێ شەرعییەتێک دراوە بە ڕێبەریی حیزب و کاک ئەحمەد وەکوو جاران ناتوانێ هەر خۆی حیزب بێ و بڕیار بدا و بیبڕی و بیدووڕێ، لانی کەم کۆنگرە کەسایەتیی حیزبیی داوە بە هێندێک کەس کە خاوەنی ڕەئی بن، ئێستا مەرجەعێک هەیە بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی، با ئێمە نامە بنووسین و داوای پێوەندی و هاوکاری بکەین کە بە تێکڕا پێیان باش بوو.

حەسەنی ڕەستگار دەڵێ کە بەویان ئەسپارد کە نامە بنووسی و لە لاپەڕەی ٢٢٥ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: بە من سپێردرا کە نامەکە بنووسم و پێوەندی بگرم، دیارە ئاگامان لەو بڕیارەی کۆنگرە

هەبوو کە ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە نێو حیزب. نازانم نامەکەم بەناوی کاک ئەحمەد تۆفیقەوە نووسی یان کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام لە نامەکەدا نووسرابوو "کە نێوەڕۆکی ئەو بەیاننامەیەی کە کۆمیتەی ساخکەرەوە بڵاوی کردۆتەوە، ئەوەی پێوەندی بە کاک ئەحمەد تۆفیقەوە بووە و بێجگە لە تەشکیلاتی نێو حیزبی بڵاوکردنەوەی بە هەڵە دەزانین و هەر بۆیەش ئێمە وەک خۆمان لە بڵاو کردنەوەی خۆمان پاراستوە و داوامان کردبوو ڕێگەمان پێبدرێ تێکۆشانی خۆمان لەنێو حیزبدا درێژە پێ بدەین". نامەکەمان نارد بۆ سونێ، هێشتا کۆنگرە بە تەواوی کۆتایی نەهاتبوو، باسی پێڕەو و ئەساسنامە هەر مابوو. منیان داوەت کرد بۆ کۆنگرە، بەرەو سونێ ڕێکەوتم کە گەیشتمە سونێ لە مزگەوتی سونێ ئەندامانی کۆنگرە بە کەمی مابوون، زۆربەیان ئەوانەی کوێستان گەڕابوونەوە شوێنی خۆیان. پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردم ئەوانەی مابوونەوە زۆربەی هەرە زۆریان ناسیا و ئاشنا بوون. دوو ڕۆژ مامەوە، منیش لەسەر هێندێک باسەکانی سەبارەت بە بەرنامەو پێڕەوی حیزب دوام و بۆچوونی خۆمم ڕاگەیاند. لەسەریەک کەش و هەوای کۆنگرەم سارد دەهاتە بەرچاو. کاک ئەحمەد تۆفیق گەرموگوڕیی جارانی نەمابوو، لەم و لەو بیستم لە کۆنگرەدا لەسەر ئێمە و ڕەفتاری کاک ئەحمەد کێشەی زۆر بووە، هەر لەم دوو ڕۆژەدا بۆیان باس کردم کە کاک ئەحمەد بێ ئاگاداری کۆنگرە نامەی بۆ مەلا مستەفا نووسیوە بە هەڵمەت و سەید ڕەسووی ورچاندا ناردوویەتی.

حەسەنی رەستگار لەو سەفەرەدا زیاتر گیروگرفت و ناکۆکی و ناتەبایەکانی نێو ئەندامانی حیزبی بۆ دەردەکەوێ، بۆیە وا باش دەزانێ کە لەسەر وەزعییەتی خۆیان، چاوەڕوانی گرتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بن کە بڕیار بوو دوای کۆنگرە بگیرێ.

بەمشێوەیە رەوتی تێکەڵ بوونەوە درێژەی کێشا و حوسێن مەدەنی کە بە قسەی حەسەنی رەستگار ئیعلامییەی حیزبی تودەی پێ بوو لەگەڵ حەسەنی قازی و حەمەی حاجی سەعید چوونەوە بۆ ئێران و گیران.

لەو کاتانەدا کێشە لە نێو کومیتەی ناوەندی حیزب دا زیاتر پەرەی ئەستاند و ئەحمەد تۆفیق ئیستعفای دا، بەڵام لێی قبووڵ نەکرا. داوای ٣ مانگ ئیستراحەتی کرد و چوو بۆ قەندیل و لەوێ نیشتەجێ بوو. بە دوای رۆیشتنی ئەحمەد تۆفیق رەوتی تێکەڵ بوونەوەی حیزب، لەگەڵ کومیتەی ساخکەرەوە خێراتر بوو. حەسەن رەستگار لە لاپەڕەی ٢٤٢ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: بە دوای سەفەری کاک ئەحمەد تۆفیق بۆ کوێستانان، کۆبوونەوەکانی ئێمە وەکوو کۆمیتەی کۆنە ساخکەرەوە یان هەر ناوێکی دیکە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی دوای کۆنگرەی دووهەم، بە ڕەسمی و بە جیدی دەستی پێ کرد. ئێمە پێشتر مەلا ئاوارەمان ئاگادار کردبوو، جارێکیش هاتبوو بۆ قەڵادزێ چەند ڕۆژێک مایەوە. لە قسەکانی مەلا ئاوارە دەردەکەوت کە کاک سەعید کوێستانیش لەگەڵ بۆچوونی ئێمە هاوڕایە کە باشترین ڕێگا ئەوەیە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا یەک بگرینەوە. جاری یەکەم کاک سەدیق، کاک فایق، کاک نەحۆ پاشایی وەکوو کۆمیتەی ناوەندی و عەبدوڵڵا موعینی، ڕەئوف مەلا حەسەن، سەید حاجی کەوی و ڕەشەی قاچاخچی وەکوو ئەندامانی

کۆمیتەی چاودێری بەرز بەشدار بوون. کەش و هەوای کۆبوونەوەکە زۆر هێمن و دۆستانە بوو، ئێمە داوایەکمان هێنابووە گۆڕێ کە هیچ لەگەڵ پێڕەو و پرۆگرام دژایەتیی نەبوو. ڕامان وابوو کە ئەوان بە غەدر ڕێگای ئێمەیان نەدا بچینە کۆنگرە و قسەی خۆمان بکەین با ئێستا کە لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندیدایە، با ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بکەن بە مشاویری کۆمیتەی ناوەندی. پێشنیارەکەمان بۆ زۆربەی ئەوانەی هاتبوون بۆ قەڵادزێ جێگای ڕەزامەندی بوو. ئەگەر بە قسەی کاک سەدیق با کە دەیگوت زۆر موافقیم با ئیمزای بکەین هەر لە کۆبوونەوەی یەکەمدا کارەکەمان کۆتایی دەهات. هێندێک لایان وابوو جارێکی دیکە خۆیان کۆ ببنەوە، دیار بوو هێندێک لە دژ کردەوەی کاک ئەحمەد نیگەران بوون. کۆبوونەوەکەمان وەکوو ئوسول کۆتایی پێ هێنا، بەڵام لە ڕاستیدا هەر دوولامان گەیشتبووینە ئاکام و هیچ ناکۆکییەکمان لەنیواندا نەمابوو. هەر کەسیش پرسیبای دەمانگوت، تەواو بووە ڕێک کەوتووین. هاوڕێیان بەرەو سونێ و دیلۆ گەڕانەوە و ئێمە لە قەڵادزێ ماینەوە.

هەڵبەت ئەمیری قازی لە لاپەڕەی ٧٧ ی بیرەوەرییەکانی دا، لەسەر تێکەڵ بوونەوە شتێکی دیکە دەڵێ و دەنووسێ کە ئەحمەد تۆفیق پێخۆش بوو بەڵام سولەیمانی موعینی موخالیفی تیکەڵ بوونەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە بوو. سولەیمانی موعینی لە ئەمیری قازی توڕە بووە کە بۆ چووە دە کەڵیشەی ئەحمەد تۆفیق و کێ هەقی پێداوە نەخشی میانجی بگێڕێ؟

ئەمیری قازی دەڵێ کە سەرم سووڕما پێموابوو ئەحمەد تۆفیق ناوەندی کێشە و خیلافەکەیە بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە ئەوە کاک سولەیمانە.

ئەوجار لە لایەن کومیتەی ساخکەرەوە کەسانی وەک قادر شەریف ملیان بە تێکەڵ بوونەوە نەدەدا بەڵام بە لێدان و کوتان تێکەڵیان کردنەوە. حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٤٣ دا دەنووسێ: نامەیەک بۆ مەلا ئاوارە هات لەلایەن کاک سەعید کوێستانیەوە، زۆر بە توندی گلەی و گازەندی لە کاک قادر شەریف کردبوو کە زۆر بە خراپی دەجووڵێتەوە. کابرایەکی بەناوی غەفوور لەگەڵ خۆی خستوە و چەکی داوەتێ، ئەو کابرایە ژنی بەمێردی هەڵگرتوە، بەبێ ئەوەی مەسڵەت لەگەڵ تەڕەفەکانی بکا، دێرودەوێی دەگێڕێ. مەلا ئاوارە یەگجار زۆر تووڕە بوو دەیگوت ئەو کابرایە (قادر شەریف) ئابڕووی ئێمەش دەبا، هەروەها کاک سەعید نووسیبووی هەموو خەڵکی ورچەک لەم کردەوە ناڕازین و گلەییان لێ دەکەن، وەرن سنوورێک بۆ قادر شەریف دابنێن و ئەم کێشەیەش چارەسەر بکەن. لە ڕاستیدا نامەکەی کاک سەعید کاریگەریی لەسەر هەمووومان دانا. بیرمان لەوە دەکردەوە بچین کۆتایی بەم وەزعە بێنین و سنوورێک بۆ کاک قادر شەریف دابنێین و داوای لێ بکەین بگەڕێتەوە کوردستانی گەرمێن و هەمووومان تێگرا لەگەڵ حیزبی دێموکرات بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کردوومانە کار بکەین.

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٤٣ دا دەنووسێ: ڕۆژێکمان دیاری کرد بۆ ئەوەی بەرەو ورچەک بڕۆین، مەلا ئاوارە لە هەمووومان شارەزاتر بوو. ڕۆژی دیاریکراو وەڕێ کەوتین ئەوەندەی لەبیرم مابێ خۆم، مەلا ئاوارە، مەلا ڕەسووڵ پیشنەماز، عەزیزی برای مەلا ڕەسوڵ، مونتەقیم قازی، مامەند

قازی و مەلا ڕەحیم لۆمانی بووین، شەوی دووهەم خۆمان گەیاندە گوندی ورچەک و مەلا ئاوارە بە دوای کاک سەعیدیدا نارد لە قەراغ گوند یەکمان گرتەوە و چووین بۆماڵی کاک سەعید. پلانمان دانا سبەی لە دەرەوەی گوندی لەگەڵ کاک قادر کۆ ببینەوە، چوارچەکداری لەگەڵ بوو کە مەلا ئاوارە پێشتر دوو کەسی لەوانە بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو کە هاوکارمان بن. سبەی ئاگاداری کاک قادر شەریفیش کرا لەو باخە ئامادە بوو، زۆرمان قسە لەگەڵ کرد زۆرمان شێر و ڕێوی بۆ هێنایەوە کە ئێستا وەزعەکە گۆڕاوە فایدەی نەبوو، بە دواییدا من داوام لە غەفوور کە ژنی بەمێردی هەڵگرتبوو کرد کە نابێ ئەو تفەنگەی پێ بێ و شیاوی نییە. غەفوور هێندێک بە ناحەزی وڵامی دامەوە، بە ناچار لە دەستی نووسام تفەنگەکەم لە دەستی ئەستاند. قادر شەریف لەو لاوە چاوی بەو کێشەیە کەوت ڕاسابوو تەقە لەمن بکا، مونتەقیم و مەلا ڕەسوو کلاشینکۆفەکەیان گرتبوو، بەرەو سەر یەک فیشەک تەقی، تفەنگەکەیان لێ ئەستاند و مەسەلەکە کۆتای هات. گەڕاینەوە نێو گوندی ورچەک، لە ڕاستیدا خەڵکەکە زۆریان پێ خۆش بوو، نازانم مەسەلەی غەفوورمان چۆن چارەسەر کرد و مەسڵەتەکەمان چۆن کرد. بەرەو گەرمێن گەڕاینەوە.

ئەوانە دێنە مەقەڕی حیزب لە سونێ و لەوێ زۆر ڕێز لە قادر شەریف دەگرن و تفەنگەکەی دەدەنەوە. لە کۆبوونەوەی دووهەمی کومیتەی ناوەندی حیزب و کومیتەی ساخکەرەوە دا، دوو بەشی حیزب تێکەڵ بوونەوە. حەسەن ڕەسگار لە لاپەڕەی ٢٤٥ دا دەنووسێ: لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە کۆبوونەوەی دووهەمدا لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی بە تەواوی ڕێک کەوتبووین کە ئەندامانی پێکهێنەری کۆمیتەی ساخکەرەوە وەکوو مشاویری کۆمیتەی ناوەندی کار بکەن و لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشدار بن، هەروەها کادر و پێشمەرگەکانی لەگەڵمان کەوتبوون وەکوو کادر و پێشمەرگەی دیکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٧٠ بەرگی ٥ ی بیرەوەرییەکانی دا لە زمانی حەمەدەمینی سیراجی لەسەر تێکەڵ بوونەوی ناڕازیان و کومیتەی ساخکەرەوە دەنووسێ: دووهەم - ناکۆکی نێوان کاک سولیمان و کاک ئەحمەد یەکدا بە دوو، دوای کۆنگرە نەبوو، لە ناوەراستی بەهاری ٤٤ دوای ئەوە بوو کە دەستەی نوێنەرایەتی حیزب کە بریتی بوون لە: کاک سەدیقی ئەنجیری، کاک سولەیمانی موعینی، کاک ئەمیری قازی، کاک نوح پاشایی( باپیر شکاک) وەک ئەندامانی رابەری (ک.ن) و کاک رەشە ئەندامی چاوەدێری بەرز. لەسەر راسپاردنی کۆنگرە بۆ لێ گیرانەوەی نارازاییەکان و پتر ئەوانەی ریگای بەشداری کۆنگرەیان نەدرابوو، کەوتە وتووێژ و ئەنجامی ئەو وتووێژە، رێککەوتن بۆ پێک هێنانی کۆنفرانسێکی هاوسەنگی کۆنگرە بوو کە لەو دا، هەم چەوتی و هەڵەکانی کۆنگرەی دوو لە باری لێکدانەوە و بۆ چوون لە وەزعی رابردوو و ئێستای خەباتی حیزب راست کاتەوە و هەم رابەرییەکی نوێ بکاتە جێگری رابەری هەڵبژاردەی کۆنگرەی دوو.

بە گوێرەی ئەو رێک کەوتنە - بڕیار درا بە ئەندازەی ژمارەی ک،ن، راوێژکەر دیاری بکرێ کە هاوپرس و خاوەن دەنگ بن لەگەڵ ئەندامانی هەڵبژاردەی کۆنگرەی ٢ی، ئەم رێکەوتنە کە هەنگاوێکی بەرز بوو بۆ دابین کردنی یەکێتی ریزەکانی حیزب و دوور خستنەوەی لە رابەری تاکە

کەسی، سەرەتای بەرهەڵستکاری کاک ئەحمەد بوو لە دژی تێکرای ئەوانەی بە نوێنەری دیاری کرابوون و بە تایبەتی سەدیق و سولیمان.

بەمشێوەیە، بەشی سەرەکی ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی پاڕتی، تیکەڵ بە بەڕێوەبەری کۆنگرەی دووهەم بوون. بەشێکیش لە ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە لە لای باڵی مەکتەبی سیاسی جێگیر بوون و لە ژێر داڵدەی ئەوان دا مانەوە.

## تەقە لە شا لە ساڵی ١٣٤٤

لە رۆژی ٢١ ی خاکەلێوەی ١٣٤٤ بۆ دووهەمین جار لە کۆشکی مەڕمەڕ هەوڵی کوشتنی محەممەد رەزا شا درا و سەربازێک بە ناوی "شەمسئابادی" تەقەی لە شا کرد. شا وەبەرنەهات و دوو کەس لە دەوروبەرانی کوژران. قاتل کوژراو و نەناسرا کە سەر بە چ تاقم و گروپێک بوو. هەرچەند، چەند کەسی مائۆئیست، بەو تاوانە گیران بەلام گۆمان لە حیزبی موئتەلیفەی ئیسلامی دەکرا.

لەو سەردەمەدا لە ئەمریکا "کێنێدی" تێرۆر کرا و جانسۆن هاتە سەر کار و کەوتە نێو داوی شەری ویەتنام. ئیران بە پووڵی نەوت دەوڵەمەند ببوو و شا لە ژێر گاریگەری ژێنرال دۆگۆل دا، وردە وردە لە شورەوی نیزیک بووە. لە ساڵی ١٣٤٤ شا سەردانی مەسکۆی کرد و سالی دواتر لە تاران میوانداری لە برێژنیف کرد. ئەمریکا بەو پەیوەندییە زۆر نیگەران نەبوو، چوونکە مەترسی هیرشی شوورەوی بۆ سەر ئێران لە ناو چووبوو.

لەو قوناغە لە نیوخۆی ئێراندا، هێچ چەشنە ئازادییەکی سیاسی لە گۆڕێ دانەبوو و رێگای خەباتی ئاشتیانە بەربەست کرابوو. لەوەزعییەتێکی ئەوتۆ دا، لە ژێر شوێنەواری خەباتی پارتیزانی و چریکی، هێندێک رێکخراو، وەک چریکەکانی فیدائی خەڵکی ئیران و موجاهدینی خەڵکی ئیران و وردە رێکخراوی دیکەی، سەریان هەڵدا.

## بەشی ٨٣

## ناكوكی نیوان ڕێبەری حیزبی دێموکرات بە دوای کۆنگرەی ٢ دا

بە دوای کونگرەی ٢ دا نیوان ناخۆشی نێوان ئەحمەد تۆفیق و سولیمانی موعینی وردە وردە پەرەی ئەستاند. هەرچەند لەسەرەتا دا لەسەر بڕیاراتی کونگرەی ٢ لە نێو ئەندامانی حیزب دا کێشە نەبوو بەڵام رەنگ دانەوەی بڕیاراتی چەوتی کۆنگرەی دوو، کێشەکانی نێوخۆیی حیزبی تەقاند. ئەحمەد تۆفیق کە بۆخۆی بەیانەکەی خوێند بووە، سەدیقی ئەنجیری بە دەستێوەردان لە بەندەکانی کونگرە تاوانبار کرد و بێ ڕێزی پێکرد. سولەیمانی موعینی و ئەمیری قازی بەرپەرچیان داوە و ئەحمەد تۆفیق توڕە بوو دەستەیەک پێشمەرگەی هەڵگرت بە جێی هێشتن.

پێشتر ئەو ناكۆكیانە هەبوون و مامۆستا هەژار لە لاپەڕێ٣٩٢ چێشتی مجێوەر دا دوای ئەو باسی چیای برادۆست و شەڕی توندی ناوچەی بارزان دەکا، لەسەر کێشە و ئاژاوەی نیوان فایق و ئەحمەد تۆفیق دەنووسێ: ((سولیمانی موعینی)) کە ناوی ((فایق)) بو، زۆر بە دڵ گەرمی باسی فیداكاری دەكرد و دەیگوت(( دەبی ئێمە خۆمان لەو شەڕەدا نیشاندەین)).

ئەحمەد بە سرتە پێیگوتم((فایق ناوێرێ بێ، ئێستا بە فێڵێک خۆی دەدزێتەوە)).

گوتم: ((دیسان بەدبینی، بەسیە...)).

لەو سەردەمەدا وردە وردە پەیوەندی ئیران و پارتی خۆش ببوو و سەرهەنگ مودەرەسی ئەفسەری ئێرانی لە کوردستانێ عێراق جێگیر ببوو. ئەو پەیوەندییە  دوای شەرو پێکدانانەکانی ساڵی ١٩٤٧ لە گەڵ هێزەکانی ئێران پچرا بوو و دوای ئەوانە لە ئاخری هاوینی ١٩٦٤ کە شەڕی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی دەستی پێکرد، بارزانی بارەگای خۆی لە ئاوایی هێرۆ دانا. ئەو لە ئاوایی باشماخ چاوی بە نوێنەرانی ئێران کەوت.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٢٧٥ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق ..." لەسەر دامەزرانی یەکەم پەیوەندی مەلا مستەفا و دەوڵەتی ئێران بە نەقڵ لە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری دەنووسێ: کوێخا برایمی بێوران هاتە لام و گوتی من پیاوێکی گەورەم هێناوە، بەرگی پێشمەرگەی لەبەردا و لە ماڵێکی هێرۆ داماوە و دەیەوێ مەلا مستەفا ببینێت. شەو بوو، من چووم عەرزی مەلا مستەفام کرد، گوتی: لە کوێن، گوتم لە ماڵێکی هێرۆ، گوتی: ئەگەر بێنە ئێرە، ئاشکرا دەبن و من خەڵکم لە دەورە. ئەوە بوو دوو کەسی لەگەڵ خۆی هێنا و پێکەوە چووین مەنسورپوورمان دی. مەلا مستەفا بەخێرهاتنی کردو ئەویش گوتی: مەلا مستەفا من بە نوێنەرایەتی محەمەدڕەزا شا هاتووم، دیارە من ئەندامی ساواکم، بەڵام نوێنەرایەتی ئەعلاحەزرەتم هەیە. ئەو دەڵێ تا ئێستا ئێمە مەلا مستەفامان نەناسیوە و هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵی نەبووە، ئێستاش ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانە لە گۆڕەپانی سیاسییدا نەماون و ئێمە دەزانین کورد لە ڕەگەزی ئارییە و دەمانەوێ یارمەتی برادەرانی خۆمان بدەین و ئامادەین چەندەمان یارمەتی بە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانە داوە، دە ئەوەندە بۆ ئێوە زیاد بکەین. مەلا مستەفا پێیخۆشبوو، بەڵام گوتی: بە شەرتێک ئەوانە نەنێرنەوە بۆ کوردستان. ئەویش گوتی: تا ئەتۆ ڕەزامەندیت لەسەر نەبێ و عەفویان نەکەی، ئەوانە

ناگەڕێنەوە. لەسەر ئەوە ساخ بوونەوە و مەلا مستەفا پێیگوت، ئێمە نامانەوێ هەرکاتەی ئیشێکمان هەبێ، بچێن بۆ شابادین و دەبێ لەم ناوچەیەدا ڕێگامان بۆ بکەنەوە. مەنسوورپوور گوتی: ڕێگاکانی ئەم ناوچەیە ناخۆشن و هەردوو دیوی شابادین قیلەتاوە، بەڵام ئێمە لە ڕێگای حاجی ئۆمەرانەوە ڕێگاتان بۆ دەکەینەوە. گوتی: ئێمە نوێنەری تایبەتی خۆشمان هەیە بەناوی تیمسار سەیادیان کە لە ورمێ دەبێت و ئەو ئەڵقەی وەسڵ دەبێت لەنێوان ئێمە و ئێوەدا.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٢٧٦ ئەو سەرچاوەدا دەنووسێ: یەکەم هەنگاوی ئەو پێوەندییەدا، لە جیاتی بنکەی "شابادین"، بنکەیەکی پێوەندییان لە ناوچەی حاجی ئۆمەران کردەوە، شەمسەدین موفتی کە پێشتر نوێنەری پارتی دیموکرات بوو لەگەڵ ئێران، لەجێی خۆی مایەوە، بەڵام لە جیاتی سەرهەنگ عیسا پژمان کە نوێنەری ئێران بوو لەلای مەکتەبی سیاسی، سەرهەنگ عەلی مودەرسی سەرۆکی ڕۆکنی دووەمی سوپای سێی مهابادیان کە کورد و خەڵکی سنە بوو، کرد بە نوێنەری ساواک لە لای شۆڕش.

بێشک بارزانی بیری لە هەڵسوکەوتی دزێوی ڕێژیمی ئێران کرد بووە و ئەوانی باش دەناسی بەڵام چوونکە ئەمریکا هێندێک سیگناڵی دابوو، زیاتر مەتمانەی بۆ پەیدا بوو و کەوتە ئەو داوە و دواتر شا و ئەمریکا خیانەتیان پێکرد.

بە پێی لاپەڕەی ٩٦ کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" لە نووسینی ئەمیر قازی، بارزانی دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی لە گەڕانەوەدا بە ئەحمەد تۆفیقی گوتبوو: ئەحمەد ئێرانیم دیتن.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە، مەلا مستەفا دوایە بە درێژی باسی ئەوە دەکا کە بە ئێرانییەکانی گوتووە: ئێستا کە مەکتەبی سیاسی کۆن بە پێشمەرگەوە، پەڕیونەوە و خۆیان داوەتە دەست ئێرانەوە، دەبێ چەکیان بکەن و لە ناوچە سنوورییەکان دووریان بخەنەوە، دەنا تا "تاران" بە دوایاندا، دێم.

پاش ئەو دیدارە و بینینی زیاتر بە نەهێنی و بە ئاشکرا، وردە وردە بنکەکانی حیزبی دێموکرات کە تا ئەوکات هەر لە دەوروبەری بارەگای بارزانی بوون، بۆ شۆینی چەپەک راگوێزتران. بنکەکانی سەنگەسەر و زینویی شیخی بۆ گوندەکانی "دیلۆ" و "سونێ" گوێزرانەوە.

## گیران و راکردنی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٥ (١٣٤٤)

لە ئاوارە و دەربەدەربوونی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ کوردستانی باشوور، زۆر خویندنکاری کورد وەک سمایل شەریفزادە و عەوڵای موعینی و هەمزە بایەزیدی کە زانکۆیان تەواو نەکرد بوو هاتنە ناو شۆڕش کوردستانی عێراق. بۆ ئەوی ئەو خوێندکارانە بتوانن لە دەرەوە درێژە بە خوێندن بدەن و هەرەها بۆ ئەوەی بکرێ پەیوەندی حیزب بە دەرەوی وڵات، بە تایبەتی لەگەل وڵاتی میسر کە لەو قۆناغەدا دۆستی کورد بوو، دامەزرێ، حیزبی دێموکرات هەیئەتێکی دیاری کرد کە سەردانی میسر بکا و چاوی بە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە بکەوێ کە

ئەوکات جەماڵ عەبدولناسر لەسەر کار بوو. بۆ ئەو مەبەستە بڕیار درا کاک فایق و ئەمیری قازی پەیوەندی بە سفارەتی میسر لە بەغدا بگرن.

هەیئەتی حیزب لە هاوینی ١٣٤٤ چوونە بەغدا و پەیوەندیان بە سفارەتی میسر گرت. ئەوان بە حورمەتەوە وەرگیران و ماوەی یەک مانگ‌ونیو مۆڵەت دیاری کرا بۆ وڵامدانەوە بە داواکانیان. دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بڕیار درا ئەوجار ئەحمەد تۆفیق و ئەمیری قازی بۆ وەرگرتنی وڵام بچنەوە بۆ بەغدا. ئەوانە بۆ دیدار لە گەڵ سفارەت و کاک نەحۆ و عەوڵا موعینی بۆ سەفەر، بەرەو بەغدا وەڕێکەوتن. دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە بەغدا، کاک ئەحمەد بۆ ئیدارەی ئەمن(ئاسایشی گشتی) بانگ کرا و لەوێ دەستبەسەر کرا. ئەمیری قازی لە بەغدا ماوە و ئەوانی دیکە گەڕانەوە تا کاک فایق ئاگادار بکەن کە بە هۆی مەلا مستەفا بۆ ئازادی ئەحمەد تۆفیق تێبکۆشێ. مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ مامۆستا مەسعود مەحەممەد نووسێ کە لە لایەن شۆڕشەوە بۆ وەزیری دەوڵەت دیاری کرابوو و رایسپارد بوو کە بۆ ئازادی ئەحمەد تۆفیق هەوڵ بدا. کاک مەسعود هیچ کاریکی بۆ نەکرا و دوای نیزیک بە مانگێک، ئەحمەد تۆفیق توانی لە زیندان هەڵێ و بێ ئەوەی بتوانێ پەیوەندی بە سفاڕەتی میسر بگرێ، بە دزی و بە لیباسی عەرەبی (دیشداشە) بە ڕێگای موسڵ دا خۆ گەیاندەوە ناو شۆڕش. دوای ئەو ڕووداوە کاک ئەمیر پەیوەندی بە سفاڕەتی میسر گرت بەڵام وڵامیکی ئەوتۆیان نەداوە.

لە سەر شێوەی هەڵاتنی ئەحمەد تۆفیق لە زیندانی ڕێژیم لە بەغدا، ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٠٠ کتێبی لە بیرەوەرییەکانم... دا دەنووسێ: هەر لە نێو خۆماندا، لەو کەسانەڕا کە کاک ئەحمەدیان دەبوغزاند، دەنگۆ بلاو کرابۆوە کە ئەحمەد تۆفیق کە دەڵێ هەلاتووم درۆ دەکا و بە شەرت و شروت بەریانداوە، دەنا کێ دەتوانێ لە ئیدارەی ئەمنی بەغدا رێ و شوێنی هەڵاتن بدۆزێتەوە، بەڵان ئەو کەسانەی ئەحمەد تۆفیقیان ناسیبوو و غەرەزوەرزیش نەبوون، دەیانزانی ئەحمەد تۆفیق، زۆرجاران کاری نەگونجاوی ئەنجام داوە.

لە راپۆرتی کتێبی "چەپ در ایران" دا هاتووە کە گوایا ئەحمەد تۆفیق گوتوویە کە ٤٥ دیناری بەرتیل داوە بە بەڕێوەبەری زیندان و ئەوی ئاودیوی کردوە. مەلا محەممەد خزری لە نووسراوێکی ئینتێرنێتی دا دەنووسێ: ئەحمەد تۆفیق، لە لایەن پۆلیسی ئەمنییەتی بەغداوە، دەستگیر کراوە؟ دوای ماوەیەک کاک ئەحمەد گەڕایەوە. گوتی: لە زیندانی (امن عام) بەلا باجەی حەمامدا، هاتۆتە دەرو ڕای کردووە...! کەسانێکیش هەبوون دەیانگوت: ئەحمەد تۆفیق، پێوەندیی بە پۆلیسی عێڕاقەوە گرتوە، بارزانی پێی زانیوەتەوە و زۆری لێ قەڵسە...؟ ئیتر لەوە بەدواوە، کاک ئەحمەد وەک ڕابردوو، هاتوچۆی لای مەلا مستەفای، نەما.

دوکتور یاسین سەردەشتی لە لاپەڕەی ١٤٦ کتێبی "ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق" دا دەنووسێ: لە راپۆرتێکی ساواکدا باس لەوە دەکات کە ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا دەستگیر کراوە و پیاوانی عێراقی ئەویان ناسیوە و رەوانەی کوردستانیان کردۆتەوە، هەروەها دەڵێت کە سەبارەت بە چۆنیەتی بەربوونی پرسیاریان لێکردووە، لە وڵام دا گوتویە کە ٤٥ دینارم بەرتیل داوەتە

بەڕێوەبەری زیندان و شەو منیان ئاودیوی دیوارەکانی زیندان کردووە و شەوم لە بەغدا لە ماڵە هاوڕێیەکی حیزبی بردۆتە سەر و بەیانی لە ڕێگای ئەوانەوە لە بەغدا گەرامەتەوە بۆ کوردستان. هەروەها ڕاپۆرتەکە دەڵێت کاتێک ئەحمەد گەڕاوەتەوە کوردستان و چۆتە لای بارزانی، ئەو لەگەڵی سارد بووە، چونکە لە لایەکەوە چۆنیەتی ڕاکردنەکەی ئەحمەدی لە زینداندا بە عەقڵ دا نەدەچوو و پێی وابوو دەستێکی موخابەراتی ڕزگاری کردووە وگەیاندویەتییەوە کوردستان، لە لایەکی دیکەشەوە ئەحمەد تۆفیق بە پێچەوانەی خواستی مەلا مستەفا کەوتۆتە جموجۆڵ و تێکۆشان لە کوردستانی ئێران.

بێشک هەر سیاسی‌کارێک بە ڕووداوێکی ئەوتۆ وەشک و گومان دەکەوێ و بە تایبەتی مەلا مستەفا کە نەیاری زۆر بوو و ڕێژیمی عێراق دائیم لێی خەفتا بوو کە بە شێوەیەک زیانی پێبگەیەنی.

حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ٢١٤ ی بیرەوەرییەکانی لەسەر ڕاکردنی ئەحمەد تۆفیق لە زیندانی بەغدایە دەنووسێ: بیستمان کاک ئەحمەدیش چۆتە بەغدایە، سەرمان لەو کارەی کاک ئەحمەد سووڕما. وەزعی نێوان شۆڕش و حکومەت بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشت. ببوو بە پرسیار، کاک ئەحمەد بۆچی دەبێ چووبێ؟ بۆ حکوومەت ناسیاوە، دەنگۆ هەبوو کە مەلا مستەفا ناردوویە، نەخێر چۆتە میسر لەگەڵ عەبدولناسر پێوەندی بگرێ و زۆر شتی دیکەش. هاتنەوەی وەدرەنگێ کوت، دەنگۆی ئەوە هەبوو حکوومت گرتوویەتی، ماوەیەکی پێچوو لەپڕ کاک ئەحمەد تۆفیق لە ڕانیە پەیدا بۆوە، گوتیان داوای چاوپێکەوتنی مەلا مستەفای کردوە ڕێگای نەداوە. ڕۆژێک لەنێو جادەی بازاڕ تووشی کاک ئەحمەد هاتین، بەخێر هاتن و چاک و چۆنی و خۆشحاڵی دەربڕین لە گەڕانەوەی و پرسیار هاتنە گۆڕێ، گوتی با بچینە شوێنێکی دیکە لەگەڵ کاک مامەندی قازی و کاک حوسێن کاک ئەحمەدمان بردە ماڵی مام عەزیزی نانەوا، لەگەڵ کاک ئەحمەد کۆ بووینەوە. ڕابردوومان لەبیر کرد. کاک ئەحمەد دەستی پێ کرد چۆن چۆتە بەغدا و چۆن پێوەندیی بە سفارەتی میسرەوە گرتوە و چۆن حکوومەت پێی زانیوە بە دوایدا گەڕان و چۆن دەستگیریان کردوە و بردوویانە بۆ زیندانی (القصرالنهایه) چۆن شەوێک دەرفەتی هێناوە بە سپی داری حەوشەی زینداندا هەڵچوە و خۆی هاویشتۆتە سەربانی زیندان و لەوێوە بان بە بان ڕۆیشتوە خۆی هاویشتۆتە  حەوشەی ماڵێکەوە سەگیان هەبوو پێی وەڕیوە، دەرچووە لە ماڵەکە دوور کەوتۆتەوە و شەو لە کەلاوەیەک خەوتوە، بەیانی گەڕاوە چاوی بە کەسێکی ئاشنا کەوتوە، گوتوویە کوڕە کاک ئەحمەد ئەوە لێرە چ دەکەی؟ گوتویە جارێ مەپرسە ڕێگایەکم بۆ بدۆزەوە دەربازم کە، بە هەردووکیان هاتوونەتە سەر ئەم بڕوایە بە سەیارە دەرناچن، باشتر وایە ماتۆڕسکلیتێک بەکرێ بگرن بۆی دەرچن چونکە ماتۆڕ لە سەیتەران لێی ناپرسن، کوڕە چووە ماتۆڕی بەکرێ گرتوە هێناویەتەوە و لە هەموو سەیتەران دەربازی کردوە، بێئەوەی لێیان بپرسن و داوای هەویەیان لێ بکەن. داستانەکەی گێڕایەوە ئێمەش بە سەر سووڕمانەوە گوێمان بۆ ڕاگرتبوو. من وەکوو ئەم داستانەم پێشتر بیستبێ وابوو، هەر کە کاک ئەحمەد ڕۆیشت بیرم کەوتەوە کە من لە زیندانی قەسری قاجاری تاران کتێبێکم خوێندۆتەوە بەناوی (جاسوس چشم آبی) داستانەکەی زۆر وەکوو ئەوەی

کاک ئەحمەد وابوو، کە چۆن گیراوە؟ چۆن لە زیندان ڕای کردوە، داستانی ئەو کتێبەم بۆ هاوڕێکانم باس کرد، وابزانم کاک حوسێن یان مامەند گوتی منیش خوێندوومەتەوە دوایی کە چووینە دەرەوە، زیندانی قصر النهایەمان بۆ پرسیار بوو،دوایی بۆیان ڕوون کردینەوە کە پێشتر قەسری مەلیک بووە، دوای ئەو شۆڕشانەی بەغدا کراوەتە زیندانی ئەمنی گشتی و کەس ناتوانی لەو زیندانە ڕا بکا. دواتر دەنگۆ پەیدا بوو کە شیوعییەکان مەلا مستەفایان ئاگادار کردوە کە ئەو داستانەی ئەحمەد تۆفیق دروستی کردوە کە لە زیندان ڕای کردوە، سەرلەبەری درۆیە، لەگەڵ ڕێژیمی عێراق دانیشتنی هەبووە و بە ئازادی گەڕاوەتەوە. کاک ئەحمەد کە دواوی چاوپێکەوتنی بارزانی کردبوو، مەلا مستەفا ڕێگەی نەدابوو، بە مەلا باقیدا ڕای سپاردبوو کاک ئەحمەد تۆفیق با لە ڕانیە نەمێنێ و بچێ لە سەنگەسەر دانیشێ. ئەمەیان ڕاست بوو چونکە مەلا باقی خۆی گێڕایەوە کە مەلا مستەفا فەرموویە، بە ئەحمەد بڵێ لێرە نەمێنێ، بچێ بۆ سەنگەسەر دانیشێ. لە ڕاستیدا ئێمە پێمان خۆش بوو کاک ئەحمەد تۆفیق لە مەلا مستەفا دوور کەوتۆتەوە، هەرچەند مەلا مستەفا وەک مەتەڵ وابوو کەس سەری لە کارەکانی دەرنەدەچوو.

## زیزبوون و تۆرانی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی دێموکرات

دوای ئەوە وتوویژی نێوان دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ بە ئاکام نەگەیشت شەڕ دەستی پێکردەوە و هێزەکانی ڕێژیم تا شاری ڕانییەیان گرتەوە و پێشمەرگە لە سەر بڵیندایەکانی کێوەڕەشی پشتی شاری ڕانییە سەنگەریان گرت بوو. لەو بەرەیەدا هێزێکی٣٠کەسی لە ئەندامانی حیزب وەک پێشمەرگەی شۆڕش، لە مەتەرێزدابوون.

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٢٧ کتێبی لەبیرەوەرییە سیاسییەکانم دا دەنووسی کە ئەحمەد تۆفیق تا کاتی توڕەبوون، جاروبار سەری ئەو جەبهەیەی دەدا و زۆر دەماوە. بەڵام بە دوای توڕەبوون، بنکەی کومیتەی ناوەندی لە سونێ بەجێ‌هێشت و بە یەکجاری چوو بۆ بەرەی شەڕ.

لەو کاتانەدا رۆژێک ئەحمەد تۆفیق نامەیەک بۆ کومیتەی ناوەندی دەنووسێ کە لە دروون دا ماندووە و دەیهەوی بە خۆی و پێشمەرگەکان بڕوا بۆ قەندیل و لەوێ ماوەیەک ئیستراحەت بکا. ئەو داوا لە کومیتەی ناوەندی دەکا کە ٦ مانگی ئیستڕاحەت بدەنێ و پێشنیار دەکا کە لەو ماوەیەدا با کاک سەدیق ئەنجیری ببێتە رابیتی ئەو و کومیتەی ناوەندی. ئەمیری قازی لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: چارە نەبوو داواکاریکەی قبوڵ کرا و کاک سەدیق بوو بە پەیوەندیدار، یەک دوو جاران چووە قەندیل و دیداری کاک ئەحمەدی کرد. وادیار بوو کاک ئەحمەد زیاتر هەر لە کاک فایق و نووسەری ئەو یاداشتانە دڵێشە، کە کاتی خۆی لە کۆبوونەوەی گوندی دێڵۆ، لە سەر کاک سەدیق و ڕێزنەگرتن لە کۆبوونەوەکە، جوابەجەنگیمان کردبوو.

هەڵسوکەوتی کاک ئەحمەد کە هەر دەکەوتە خانەی تۆران و زیز بوون، پەرەی بە پەرەستاندنی ناکۆکی لە نێو گشت ریزەکانی حیزب دا و ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی وڵاتدا بەو کێشەیە نیگەران

و نارەحەت بوون و زۆرجاران سەردانی سەرکردایەتی حیزبیان کرد بۆ ئەوەی ئەو کیشەیە چارەسەر بکەن، بەڵام نەکرا.

ئەحمەد تۆفیق دوایە لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگەیەک چوو بۆ حاجی ئۆمەران و لە گوندی "قەیماسان" لە دۆڵی "سەکران" مقەڕی دانا و لە هێزی "باڵەک" دا، وەک پێشمەرگەی شۆڕس بە ٤٠ تا ٥٠ کەس دەستی بە کار کرد. یارمەتی و کەرەسەی پیویستی وەک پێشمەرگە بوو و لە زۆربەی شەڕەکانی چیای کوڕەک دا کە ئازایەتییەکانی دەنگی دابووە و لە زۆر کتێب و پەڕەتووکان دا تۆمار کراوە بەشداری کرد.

ئاکار و کردەوەکانی ئەحمەد تۆفیق، ڕێبەری و ئەندامانی حیزبی چەواشە کردبوو و هەموو بەو هەڵسوکەوتانە توڕە بوون. دەبوو کەسێکی شیاو کە کارە دزیوەکانی ئەحمەد تۆفیق ڕەچاو نەکا و کارامە و لێهاتوو بێ، جێی ئەو بگرێتەوە. ئەوەش سەخت بوو.

بە دوای دورکەوتنەوەی ئەحمەد تۆفیق لە ڕێبەری حیزب، سولەیمانی موعینی بە کردەوە بوو بە بەرپرسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە ژێر ڕێبەری ئەو دا ئەندامانی حیزب کۆ بوونەوە و بڕیاریان دا کە داوا لە مامۆستا هەژار بکەن کە ببێتە بەرپرسی یەکەم حیزب. مامۆستا هەژار لە لاپەرەی ٤٩٢ کتێبی چێشتی مجێوەر دا زۆر بە خراپی وڵامی ئەو داوایە دەداتەوە و دەنووسێ: ڕۆژێک لە دەربەند لەگەڵ  مام عەلی عەجەم بوم، نامەیەکم بۆ هات. ″سولەیمان موعینی″ نوسیبوی: ″ ئێمە هەوالآنی ئێرانی کە چەند ڕۆژێکە لە زینوێ و خەلان ڕای دەبوێرین، بە عام بڕیارمان داوە تۆ بکەینە رەئیسی خۆمان و بە مو لە قسەت لانەدەین. تۆش دەبێ قبوڵ بکەی و دەبێ چاومان پێت بکەوێ″. خەبەرم نارد هاتە دەربەند. بە مام عەلیم گوت نیوەڕۆژیان بۆ ئامادە کات. دەگەڵ سولەیمان بە قەدەم لێدان ڕۆیشتین. هەر من و ئەو. ناوەڕۆکی نامەکەی دوپاتە کردوە و بە چەند سوێندێکی زۆر زل قایمی کرد. گوتم: ″ئەگەر من قبوڵ بکەم رەئیستان بم، نابێ هەر لە ئێستاوە قەت درۆم دەگەڵ بکەن، دەبێ هەمو شتێکتان بزانم″. گوتی قبوڵمە.

کاک فایق تۆ لەو سەفەرانەی کە بۆ کوردستانی ئێرانت کردوە، تەقەتان لە دێی (شێلم جاران) کردوە و منداڵێکتان کوشتوە؟ حاجیەکت گرتوە، تا چوار هەزار تمەنت لێ نەستاندوە بەرت نەداوە و دارکاریت کردوە؟ گیشەی وەرزێرانەت سوتاندوە چونکە پوڵیان نەداویەی؟ رادیۆت لە پشت بەرد شاردۆتەوە و ئانتێلەکەت بڵند کردوە، وات نیشان داوە کە بە بێسم قسە دەگەڵ بارزانی دەکەی و گوتوتە: "قوربان حاجی فلان هەر پێنج هەزار تمەن دەدا، لێی وەرگرین ؟ بەڵێ باشە، خوا راوەستاوت کا. دەستت ماچ دەکا ؟!". ئەو کارانەت کردوە یان نا؟ نابێ درۆم دەگەڵ بکەی...

گوتی: بەڵێ هەموم کردون، بەڵام لەوە بەولاوە لە قسەی تۆ دەرناچین.

کاک فایق با قسەکەت تەرجەمە کەم: "تۆ دەفەرموی من بۆشکەیەکی پر لە پیساییم، بۆنی دەرچوە، هەژار وەرە بتکەمە سەرپۆشیکی بێ کەلێن، ئەو بۆگەنە داپۆشە. برام نە چاوم لە گەورەیی و سەرۆکییە، نە ئەو کارانەشم بەدڵە. ئێمە لەباتی دڵسۆزی بۆ میللەتەکەمان ببینە چەتە و ڕێگر و

باجستێن لە سەریان، پێم کارێکی بە ناموسانە نیە، خۆت چۆنت رابواردوە حیساب بۆ من مەکە، کارم بەکاری کوردستانی ئێران نەداوە.


مامۆستا هەژار

سەرەڕای ئەوانە، بە ناچار سلێمان موعینی بە دوای پیلینۆمی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی دا هەوڵی دا تا ئەندامانی حیزب تۆرا و نارڕازییەکان کۆ کاتەوە و لەسەڕا سازمانیاین بداتەوە. ئەوە کاریکی سەخت و دژوار بوو هەر یەک لە هەوایەکی لێدەدا و زۆریان باوەڕیان بە سولەیمانی موعینی نەبوو.

لە نێو ئەندامانی سەرووی حیزب دا حەمەدەمین سیراجی و سمایل شەریف زادە و سالاری حەیدەری پەیوەندیان بە مەلا گرت بوو کە لە ناوچەی سەردەشت و بانە بە نەهینی کاری رێکخستنی دەکرد و لە کارەکەی دا زۆر سەرکەوتوو بوو ئەوانە گیرۆدەی ببوون.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٢٠٢ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق ..." دا بە نەقڵ لە سالاری حەیدەری باسی پەیوەندی خۆی و شەریفزادە و سیڕاجی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق دەکا و دەنووسێ: ...هەر ئەوکاتە مەلا ش ″مەلا محەمەدی شەلماشی″ لە هەمووی ئەوانە جیا ببوەوە و بە تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی دەکرد. تا سمایل و حەمەدەمین نەهاتبوون، من گیرۆدەی ئەحمەد تۆفیق بووم، بەڵام کە ئەوان هاتن، دوای ٢- ٣مانگ گۆڕانم بەسەردا هات. سمایل و حەمەدەمین گوتیان ئێمەش جیا دەبینەوە، گوتم ئەو هەموو جیابوونەوەیە نابێ، گوتیان کوردستان ئازادە و دەچین دادەنیشین. منیان رازی کرد کە بچم بە کاک ئەحمەد بڵێم کە جیا دەبینەوە، چووم. کاک ئەحمەد گوتی وادیارە شتێکیان لەسەر دایە، گوتم بەڵێ، گوتی لەبیرتە لە پشت ئەم مقەرە پێمگوتی وشیاربە، سمایل تودەییە و ئەگەر شتێکی گوت وەرە پێم بڵێ. پرسی چ دەکەن؟ گوتم دەچین بۆ قەلادزێ. گوتی نا مەچن بۆ ئەوێ. شیوعییەکان لەوێ ئەوەندەی ترتان خراپ دەکەن. گوتم جێگەیان بۆ دۆزیونەتەوە و دەچین بۆ ئەوێ. داوام لێی کرد هاتووچۆمان بکا و ئاگای لێمان بێت. گوتی: سلێمان هیچی بە ئێوە نەگووتووە؟ گوتم نا. ئێمە جیابوینەوە و چووین بۆ قەلادزێ و لەوێ لە ماڵی برادەرێکی شیوعی ژۆرێکمان بە کرێ گرت. لە قاوەخانەکانی قەلادزێ بووین و هەندێک جاریش سەردانی پێشمەرگەکامان دەکرد. لەوێ زانیمان مەلا بە تەنیا رێکخراوی حیزبی دروست دەکات و شانەی حیزبی دادەمەزرێنێت. ئێمە پێوەندیمان پێوە کرد و دوای چەند دانیشتن ئەو کاری کردە لەسەر ئێمە و هەندێک ئێمەی لە چەپرەوی دابەزاند... چونکە سلێمان هەموو کارەکانی بە ناوی ئەحمەد تۆفیق دەکرد. رەخنەی لە ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی هەبوو. من یەک دوو جار چووم بۆ لای مەلا ، بەلام حەمەدەمین و سمایل زیاتر دەچوون. ئەوان دوو جاریش چوونە لای هاشم ئەقەلەتولاب ″قادر شەریف″.

به دوای پیلینۆمی کۆنگرەی دووەمی حیزب، ئەو سێ کەسە (حەمەدەمین سیراجی و سمایل شەریف زادە و سالاری حەیدەری) لەگەڵ سەعید کوێستانی لە قەڵادزێ لەگەڵ سلێمان موعینی، سەید حاجی و مەلا سەید ڕەشید دانیشتن و دەڵێن کە ئێستا ئەحمەد تۆفیق نەماوە پێیانخۆشە بگەڕێینەوە ناو حیزب و کار بکەن.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٢٨٥ ی کتێبی "ئەحمەد تۆفیق..." سالاری حەیدەری لە وتووێژ لەگەڵ حامیدی گەوهەری لە زمانی سولەیمانی موعینی دەڵێ: سلێمان گوتی بە ڕۆیشتنی ئەحمەد تۆفیق، من خاوەن دەسەڵاتم و ئێوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ڕیزی حیزب، گوتمان بمانکەن بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی بە مافی بڕیاردان، ئەو قبوڵی نەکرد و بە ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی بەبێ مافی بڕیاردان وەریانگرتینەوە، بەڵام مەلا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مایەوە و درێژەی بە کارەکانی خۆیدا. من کرام بە کادیری ناوچەی شکاکان و لەگەڵ نەحۆ پاشایی "باپیر شکاک" کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بوو، لە شنۆوە تا ڕوباری ئاراس بەمن درا، مەلا گوتی: "ئەوە هەلێکی باشە و تۆ دەچی، بەڵام هەر ڕێکخراوێک دروست دەکەی، دەبێ بەدوور لە چاوی نەحۆ بێت و نابێ ئەو ئەندامەکان بناسێ، چونکە ڕێکخراوەکانی حیزب بۆ ساواک ئاشکران و ئێوە دەبێ ڕێکخراوی تر دروست بکەن." بە بەرگی مەلایەتییەوە دەچووم و ڕێکخراوی نوێم دادەمەزراند و نەحۆش خەریکی پێشمەرگایەتی بوو و هاوکات مامڵەشی دەکرد. هەربەو جۆرەی مەلا گوتبووی، ناوچەکانی شپیران، سۆما و برادۆست، جەلالی و مامەندییەکان گەڕام و لە زۆربەی گوندەکانی ئەو ناوچانەدا ڕێکخراوی تاکە کەسیم دامەزراند.

جیا لەوانە بەشێک دیکەش لە پێشمەگەکانی حیزب کە زۆرتر لەگەڵ کومیتەی ساخکەرەوە بوون، لەگەڵ سولەیمانی موعینی کەوتن. حامید گەوهەری هەر سەرچاوەیەدا و لەوبارەوە لە زمانی حەسەن ڕەستگار دەنووسێ: دوای کۆنگرەی دووەمی حیزب کە ئەحمەد تۆفیق لە کوێستانی قەندیل بوو، لەگەڵ مەلا ، حوسێن مەدەنی و ڕەسوڵ پێشنماز لەگەڵ سدیق ئەنجیری، سلێمان موعینی، نەحو پاشایی "باپیر شکاک" ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و عەبدوڵا موعینی، ڕێوفی مەلا حەسەنی، ڕەشید فەلاحی "ڕەشەی قاچاخچی" دانیشتین و لەسەر ئەوە پێکهاتین کە لە پلەی ڕاوێژکاردا بگەڕێینەوە ڕیزی حیزب و دوای ئەو دانیشتنەمان گەڕاینەوە بۆ سونێ کە بنکەی ناوەندیی حیزب بوو.

جیا لەوانەش کە باس کران، لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات، مامۆستا هەژار و مامۆستا هێدی لە خزمەتی شۆڕشی کوردستان، لە ژێر ڕێبەری مەلا مستەفا دابوون. زەبیحی و محەممەد شاپەسەند لە خزمەتی باڵی مەکتەبی سیاسی دابوون. زەبیحی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و شاپەسەندیش تەواوی کارەکانی ڕۆژنامەی خەباتی بەڕێوە دەبرد.

## بەشی ٨٤

## گەڕانەوەی دەستەکانی ڕێبەری حیزب بۆ ناوخۆی وڵات لە ساڵی ١٣٤٤

بە دوای ئەوانە دا، بۆ دەرباز بوون لەو وەزعە چەند کەس لە ڕێبەری حیزب بڕیاری گەڕانەوە بۆ ناوخۆی وڵاتی دا تا ڕاستەوخۆ لە سەر کێشە و گیروگرفتەکای ناو حیزب، لە گەڵ ئەندامانی نێوخۆی وڵات دا بدوێن.

بە پێی لاپەڕەی ١٢٨ بیرەوەرییەکانی ئەمیر قازی، سەرەنجام ڕێبەری حیزب بۆ خۆدەربازکردن لەو قەیرانە، پرۆژەیەکی سێ مانگی کار بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی نێوخۆیی پەسەند کرد. شێوەی کارەکە بەم جۆرە بوو. کاک فایق دەبوو بە دەستەیەک پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی موکوریان. باپیر شکاک(کاک نەحۆ) بە چەند کەسەوە بگەڕێنەوە بۆ مەڵبەندی سۆما و برادۆست. کاک میرزا ئەحمەد (مامۆستا مەلا ڕەحیم وردی) بۆ مەڵبەندی بانە و مەریوان بچێ. مامۆستا مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنی، وەک نازر و ئامۆژگار، دەگەڵ کادر و ئەندامانی هەورامی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی سەقز و هەورامان. ئەمیری قازی وەک پەیوەندی لە مەقەڕی سونێ بمێنێتەوە. کاک سەدیق ئەنجیری لە سونێ بمێنێتەوە و هەر لە پەیوەندی لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق دابایە.

بەشێکی دیکەش لە ئەندامانی حیزب وەک حەسەنی ڕەستگار لەسەر داوای سولەیمانی موعینی گەڕانەوە بۆ ناوخۆی وڵات. حەسەن ڕەستگار لە لاپەڕەی ٢٥٤ دا باسی شەڕی ئاوایی پانەسەر دەکا و دەنووسێ: پانەسەر گوندێکی چووکەڵەی چەند ماڵی بوو، ئەودەم مام ڕەسوو بە خۆی و برای خاوەنی بوو، سێ ماڵی دیکەش وەکوو جووتیار و ڕەعیەت لێ بوون، مام ڕەسوو لەگەڵ ئەوەشدا نەدار بوو، بەڵام زۆر دڵئاوەڵا بوو، ویستمان بڕۆین بۆ لای شارستێن و خدرجبان، تەڵاقی خوارد گوتی نابێ بڕۆن، شەو دابەش بووین هەر ٥_٦ کەس بۆ ماڵێک، ژمارەمان زۆر بوو وابزانم لە ٣٠ کەس تێپەڕی بووین، عەبدوڵڵای برای کاک فایق داوای لێ کردم بۆ هەر جێگایەک چووم لەگەڵ خۆمی بەرم، چووینە ماڵێکی ئاشنا، دیوەخانی مام ڕەسوومان بۆ کاک فایق بەجێ هێشت، بەیانی دوای نان و چای خواردن هێشتا کۆ نەببووینەوە، خەبەر هات گوتیان عەجەم هاتن لەگەڵ عەبدوڵڵا و پێشمەرگەکانی دیکە هێشتا بە تەواوی خۆمان کۆ نەکردبۆوە، تەقە پەیدا بوو، پێشمەرگەی ئێمە دەرپەڕینە دەرێ، ئێمەش لەگەڵ عەبدوڵڵا هاتینە دەرێ کوڕێکی مام ڕەسووی نازانم قادر بوو کێ بوو دەمانچەیەکی چکۆڵەی پێ بوو تەقەی دەکرد، گوتم ئەوە چییە؟ گوتی عەجەمن، گوتم کوان؟ گوتی ئەوە بەو بەرەوەن، گوتم بڕۆ ژووری ئەو دەمانچەش بشارەوە جارێکی دیکە کاری وا نەکەی، گوتی بۆ؟ ئەوە نییە شەڕە. گوتم لەسەری مەڕۆ بڕۆ، چاوێکم بە دەوروبەری گوندیدا گێڕا، عەجەمێکم دی بەو بەری ماڵاندا ڕای دەکرد و تەقەی لێ دەکرا، هاوارم کرد تەقەی لێ مەکەن مەیکوژن، ژاندارمەکە خۆی لە کەندێک هاویشت نەدیو بوو لە هەموو لایەک پێشمەرگە جمی بوو. پەڕیمەوە پشتی ژاندارمەی، کەریم نستانیش بۆلای دەچوو هاواری کەریمم کرد وریا بە، ئەوە من تەقەی لێ دەکەم، سەر هەڵنەهێنی، ئەتۆش بڕۆ بیگرە. عەجەمە ئەگەر کەریم لێی نیزیک بۆوە هەستا دەستی هەڵێنا تەسلیم بوو، کەریم وەپێش خۆیدا بۆ نێو گوندی وابزانم ساڵح لاجانیم لەلا

بوو، گوتی کاک حەسەن هۆوەتا سێ چوار کەس لە خوارەوەی ئاشین، ئێمە لە سەرەوە بووین بەسەر دەوروبەر زاڵ بووین، چوار پێنج فیشەکمان پێوەنان ڕایان کرد خۆیان لە ئاشەکە هاویشت. پێشمەرگە لە دەوروبەری ئاشی قووت بوونەوە، گوتم ساڵح با برۆین مەبادا بیانکوژن، چونکە دەمزانی لەو کات و ساتەدا کوشتنی عەجەمان چەند گران لەسەرمان دەکەوێ. پێوەندی سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕێژیمی حەمە ڕەزاشا زۆر توند ببوو، گەیشتینە سەربانی ئاشی. ئەحمەد نستانی نارنجۆکی دەرهێنا بوو، دەیگوت بە کولانەیدا دەپاڵیان داوێم  گوتم نابێ کاری وابکەی ئەحمەد، ئێستا کارێک دەکەین، ڕاوەستە. لەم کاتەدا لەو دوو سێ کوردەی بۆ چاوساغی لەگەڵ خۆیان هێنابوو، یەکیان لە ئاشەکە هاتە دەر، بە ناو منی بانگ کرد، گوتی فلان کەس سەرکار دەڵێ ئەگەر نەمان کوژن تەسلیم دەبین، با کەسێک بێ قسەی لەگەڵ بکەین. گوتم وەرە بابچین، ئەحمەد و کەریم و جەماعەت گوتیان کاک حەسەن نابێ بچی عەجەم هی بەقایە نین، گوتم نیگەران مەبن دەچم. لەگەڵ کوڕە کوردە  وە ژوور ئاشی کەوتین، سەرکاری  ڕەییسی پاسگای نەبی ئاوا کەسێکی مندالکارەی خەڵکی شاری خۆیە بوو گوتی فارسی دەزانی گوتم بەڵێ هەرچی خەریک بوو فارسییەکەی بۆ نەدەگوترا، گوتی تورکی دەزانی گوتم بەڵێ تورکیش دەزانم، ئاهێکی هاتەوە بەرێ، گوتی ئێمە بەدوای ئێوە نەهاتووین، ئەگەر نەمان کوژن تەسلیم دەبین، بەڵام بەخاتری خوا تفەنگەکانیشمان بدەنەوە. گوتم، دڵنیابن ناتان کوژین تفەنگەکانیشتان دەدەینەوە. لەگەڵ ئێمە هاتنە دەرێ و بەرەو گوند وەڕی کەوتین، زۆر دوور نەکەوتبووینەوە کەریم نستانی گوتی یەکی دیکەش ئەوە لەبن ئەو بەردەیە، گوتم چۆن؟ گوتی بەدی بە لایدا هاتووم، گوتومە لێرە بە هەتا لەو سەری دەگەڕێمەوە. پێمان سەیر بوو ئەگەر گەیشتە ڕاستی بەردی ژاندارمە هەر لەوێ بوو ئەویشمان لەگەڵ خۆمان بردەوە بۆ نێو گوندی، ژاندارمی هەوەڵێ کە کەریم بردیەوە بۆ نیو ماڵان بریندار ببوو. باسکی دوو گوللەی بەر کەوتبوو، ڕانیشی کەمێک بریندار بوو، بەڵام برینەکانی هیچیان ئێسکیان نەگرتبوو. برینی ژاندارمەم دەرمان کرد و بۆم پێچاوە. ڕێک کەوتین لەگەڵیان بە هیچ شێوەیەک نەڵێن لەگەڵ پێشمەرگە تووشی شەڕ بوون. بارگینێکیان کوژرابوو کاک فایق گوتی ئەویشتان بۆ دەبژێرین هەمووومان سوێند دان کە باسی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە نەکەن. لەو لاشەوە خەبەر درابوو بە پاسگای هەنگەوێ و پیرانشار هێزێکی ژاندارمە هاتبوون بۆ گوندی وەرمیشان و سەڵۆس بەڵام نەیان دەوێرا نیزیک ببنەوە. خەڵکی ئاساییان دەنارد بۆ هەواڵ و خەبەر وەرگرتن ئێمەش نەمان دەهێشت بگەڕێنەوە و خەبەر بەرنەوە. درەنگانی ئێوارە ژاندارمەکانمان ئازاد کردن...

سەرەڕای ئەو کارانە بە هۆی نەبوونی هاوئاهەنگی و یەک دەستی وەزعی حیزب بەرەو باشتر بوون نەڕۆیی. ئەحمەد تۆفیق ڕۆیشت بوو بێ پرسی حیزب لە گووندی شیخان مەقەڕی دانابوو. زۆر لە پێشمەرگەکانی مەقەرەکان مەیلیان ئەوە بوو کە بچن بۆ لای ئەو. سولەیمانی موعینی بە دەستەیەکەوە چوو بۆوە بۆ ناوخۆی وڵات ببوو بە مەیدان داری سەرەکی و گوێی بە کەس نەدەدا. سەدیق ئەنجیری خەریکی کتێب خویندنەوە و خۆی لە کاری حیزب نەدەدا. حەسەن ڕەستگار لە لاپەڕەی ٢٤٥ دا دەنووسی: کاک سەدیق ئەنجیری کە مێشکی سیاسی کومیتەی ناوەندی بوو لەبەر

کتێب خویندنەوە و قووڵ بیرکردنەوەی ئاگای لە مودیرییەت و بەڕێوەبەری حیزب نەبوو. دەکرێ بڵێن هەر بنەڕەتەوە کاک سەدیق بۆ بنکە و چەک و تفەنگ و وەرەو و بڕۆ و هەیە و نییە دروست نەکرا بوو.

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٥٩ ی بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی دا باسی چاوپێکەوتنی خۆی و سەدیقی ئەنجیری لەوکاتانەدا دەکا و دەنووسێ: رۆژێک لەگەڵ کاک عەلی چاپەز کە خەڵکی لای ئالۆەتانی میرئاوێ بوو بەڵام سەربەخۆ، بەرەو باڵەکایەتی بەڕێ کەوتین. بە بناری قەندیلدا گوند بە گوند ڕێگەمان بڕی لە ناوچەی باڵەکایەتی ڕۆیشتن بە ڕۆژ ئاسان نەبوو چونکە کەم وا هەڵدەکەوت تەیارە بۆ بۆمباران بە ئاسمانەوە نەبێ، هەرچۆنێک بێ خۆمان گەیاندە دەربەندی کە گوندێکە لەسەر جادەی هامیلتۆن، کاتێک زۆر ئاوەدان بوو ئێستا وەک چۆڵان دیاری دەکرد، لە کون و کازێران یونسی خەیاتمان دۆزیەوە، ئەویش ئەندامی حیزب بوو لەو گوندە خەریکی لیباس و جلک دوورین بوو. خۆی و منداڵی پێ بەخێو دەکردن. بەهۆی کاک یۆنس لە دەوری گوندی دەربەند لە نێو باخچەیەک کاک سەدیق و کاک سەعید کویستانیمان دۆزیەوە، بەیەک شاد و شوکر بووینەوە. پیاوی دەر و ژوور و بەخێو کردن و هەواڵ هێنان و بردن هەر کاک سەعید کوێستانی بوو. کاک سەدیق کەمتر دەردەکەوت، لە سیر هەتا پیواز هەرچی خەبەر و باس و سەفەری حیزبی بوو هەمووم بۆ کاک سەدیق گێڕایەوە کاک سەدیقیش هەرچی لەم ماوەیەدا ڕووی دابوو بۆی گێڕامەوە کە چۆن مەلا مستەفای دیوە، باسەکانیان چۆن بووە، سڵاوی دوکتور موسەدقی سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئێرانی گەیاندوە بە مەلا مستەفا کە زۆری پێ خۆش بووە، کێشەی خۆی لەگەڵ زەکی بارزانی بۆ گێڕامەوە لە چایخانەی دەربەندی ئەوەشی باس کرد کە شۆڕش فشاری زۆری کاربەدەستانی ئێرانی لە سەرە و دەبێ ئێمە زۆر وریا بین و بە چەکەوە لەسەر جادە و ڕێگاوبان خۆمان پیشان نەدەین و بەهانە نەدەینە دەستی ئێرانییەکان فشاری زۆرتر بۆ شۆڕش بێنن. بە کورتی زۆر گەشبین بوو بە دیداری لەگەڵ بارزانی و گوتی بڕیارە جارێکی دیکەش چاوم پێی بکەوێتەوە. من داوام لێ کرد بگەڕێتەوە لای پشدەر چونکە زۆربەی خەڵکی ئێمە بە کادر و پێشمەرگەوە لەو ناوەن و بێ سەرەو بەرەیی زۆرە، کەس خۆی بە بەرپرس نازانێ. قەولی دا هەرچی زووتر دوای چاو پێکەوتنی بارزانی بگەڕێتەوە ناوچەی پشدەر بۆ گوندی سونێ.

جیا لەوانەش رێژیمی ئێران پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی داڵدە دەدا و کەس و کاری دەناردن تا بیانباتەوە. حەسەن رەستگار لە لاپەڕەی ٢٤٦ دا دەنووسێ: لە بیرمە کە برای سمایل شەریفزادە هاتبوو کاک سمایل بەرێتەوە، وابزانم ناوی کاک غەفور بوو، دیارە بنەماڵەی کاک سمایلی شەهید دەوڵەمەند بوون، بەڵام براکانی لەچەر و پارە خۆشەویست. هەتا ڕازیمان کرد پارەی تفەنگێک بدا بە کاک سمایل بیکڕێ بە قەولی دەڵێن کلکی وشتر گەیشتە زەوی. چونکە ئەو کات بێ چەک سووڕانەوە زۆر ناحەز بوو. کاک سەید ڕەسووڵی دێهقان کە قسەی بۆ دەکرد پێی دەگوت: سمایل جەوانە و دەبێ تفەنگی پێ بێ. دەیگوت نانا کاک سەید ڕەسوڵ، دەبێ بێتەوە چدەکا لەم گەرمێنە گەرمایە، جەنابیشت هەر وەرەوە ئەگەر هاتیەوە ببە مشتەریی دوکانی خۆمان!

بۆ ماوەیەک ئەو قسەیەی کاک غەفوور دەگوترایەوە، کاک سەید ڕەسووڵ ئەگەر چوویەوە ببە مشتەری دوکانی کاک غەفوور!

لە لایەکی دیکەش ئەو پێشمەرگانەی کە لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی ئەمیری قازی لە سونی مابوونەوە، لە سەر داوای مەکتەبی تەنفیزی، گرتوخانەی شۆڕشیان لە ئاوایی "شێنێ" بە ئەستۆوە گرت و مەلا مەحمود زەنگەنە وەک بەرپرسی زیندان کە جاش و سەرباز و ئەفسەری عیراقی تێدابوون، دیاری کرا.

دیارە کۆبوونەوەی ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزب بۆ گەڕانەوە بۆ ناوخۆی وڵات، ئاخرین کۆبوونەوەی گشت ئەندامانی بەڕێوەبەری گونگرەی ٢ بوو کە زۆربەیان تێداچوون. پاش دابەشکردنی گشت کارەکان و بڵاوەکردنی ئەندامان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان، سەدیق ئەنجیری بە مەبەستی سەردانی ئەحمەد تۆفیق بەرەو ناوچەی گەلالەی حاجی ئۆمەران وەڕیکەوت. دیارە ئەحمەد تۆفیق هەر دەوروبەری ١٥ ڕۆژ لە قەندیل ئیستراحەتی کرد و لەوێڕا بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی داگەڕا و لە دەرەوەی ئاوایی شێخان مەقەڕی دانا. ئەو بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لای کێوەڕەشی رانییە لە جبهەدابوون و لە گەڵ خۆیی رایگوێزتبوون، لە ژێر فەرماندەری مەلا ئەمین بارزانی، لە ناوچەی رەواندز جەبهەی بۆ کردنەوە. ئەحمەد تۆفیق پیشمەرگەکانی کردە دوو بەش، دەستەیەک لە بەرەی شەڕ و دەستەیەکیش بۆ ئیستراحەت لە ئاوایی شێخان دەمانەوە.

بەر لە تەواوبوونی ئەو سێ مانگە کە بەڕێوەبەرایەتی حیزب بۆ رێکوپێک کردن و کار لە نێوخۆ دا، دیاری کردبوو، کاک نەحۆ بە ٥ پێشمەرگە، لە شەریکی قارەمانانەدا، لەگەڵ هێزێکی زۆری دوژمن، لە مەڵبەندی سۆما و برادۆست، لە نیزیک ماڵە خۆی، لە شاخیدا شەهید بوو.

دوای شەهید بوونی نەحۆ شکاک، ئەمیر قازی بە نامە گشت برادەرانی نێوخۆ لەو ڕووداوە ئاگادار کرد و داوای لێکردن کە بگەڕێنەوە. بە پێی لاپەڕەی ١٣١ بیرەوەری ئەمیری قازی، کاک فایق و مامۆستا مەلا رەحیم، دوای چەند ڕۆژ گەڕانەوە. بەڵام ئەوانی دیکە نەهاتنەوە. دوای چەند ڕۆژ کاک فایق بە هۆی ئەوە کە کارەکانی تەواو نەبووە دیسان گەڕاوە بۆ ناوچەی دیاریکراوی خۆیی و بە دوای ئەویش دا مەلا رەحیمیش گەڕاوە. دوای تێپەربوونی زیاتر لە مانگێک و دوای کۆتایی هاتنی سێ مانگی دیاری کراو، ئەوجار ئەمیرقازی لە سەر زەختی شۆرش بۆ گەرانەوەی برادەران بە تایبەتی کاک فایق، نامەیەکی دیکە بۆ نووسێن. بە پێی لاپەڕەی ١٣٢ کتیبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم"، کاک فایق لە نامەیەکی چەند دێری دا ئاوا وڵامی ئەمیری قازی داوە: کارم تەواو نەبووە، ناتوانم بێمەوە، تۆ بۆ سونێ بەجێ نایەڵی و بگەڕێیەوە ئێرە؟

عەبدوڵای حەسەنزادە دوای ئەوە دەنووسێ کە سولەیمانی موعینی نیگەران بوو کە لە لایەن شۆڕشەوە بگیرێ و پێشمەرگەی شۆڕش بە دوای دا چوونە گەڵوەڕەزی و کەرەسی مەقەڕەکەیان لەگەڵ خۆیان برد، لە لاپەڕەی ١١٣ ئەزموونی خەبات دا، لەسەر چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ سولەیمانی موعینی لە نێوخۆی وڵات دا دەنووسێ: باسی کرد گوتی ئێمە لە کوردستانی عێڕاق جێگامان پێ لێژ بووە. بۆیە هاتووینەوە. ئەمنـیش کە ئەو سابیقە زیهنی یەم لە نەزەراتی مەلا

ئاوارەی هەبوو، گوتم وەختی کارێکی وا نیە. مەلا ئاوارەشیان دەگەڵ بوو. گوتم بگەڕێنەوە بچنەوە لای مەلا مستەفا مەسەلەکە لەوێ حەل بکەن. گوتی ناوێرم، متمانەی پێ ناکەم. لە باشترین حاڵەت دا دەمان کوژێ، دەنا تەحویلی ئێرانمان دەداتەوە. ئەوە ڕەئیی وی بوو. گوتم بچنە نێو دەوڵەتی عێراق. گوتی خەڵک پێمان دەڵێن جاش. گوتم باشە بچن بۆ لای جەلالی یەکان. زۆر بە سەڕاحەت گوتی بەخائینیان دەزانم. زۆر موخالیفیان بوو. گوتم باشە هەر دەمێننەوە؟ چ دەکەن ئەگەر وابێ؟ گوتی هاتووینەوە وڵاتی خۆمان¬و لە نێو میللەتی خۆمان دەبین تا دەکوژرێین. ئەمن بە سەڕاحەت پێمگوتن ئێستا کە هەر دەمێننەوە، دەبێ کاری نیزامی بکەن. گوتم ئەگەر عەمەلیاتی چەکداری بکـــەن خەڵکێکتان وێ هەڵدەڕووسکێ. ئی وا هەیە چەکی هەیەو ڕەگەڵ دەکەوێ. ئی وا هەیە چەک پەیدا دەکا. بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێ شەوێ ئێوە وەنێوی دەکەون نانی لێ وەردەگرن، پیخۆری لێ وەردەگرن و زەحمەتی دەدەن. بەیانی ژاندارمە دێ، ورگیان دەشێلێ هیچ، لێ یان دەدا، دەیان گرێ و خەڵکەکەتان لێ بێزار دەکا. خەڵکەکە تەحەممولی ئەوەی ناکەن. بەڕەحمەت بێ گوتی ئێمە بڕیارێکی وامان نیە. ئەگەر بڕیاری واش بدەین، ئێستێ بۆ دەست پێکردنی خەباتی چەکدارانە وەختێکی باش نیە . ئەوە ئاخری بەهارێ بوو. جۆزەردان بوو نازانم چەندی جۆزەردانێ بوو. گوتی چونکی ڕۆژ درێژن و شەو کورتن. کە تووشی شەرێ دەبی ڕۆژت لێ ئاوا نابێ و دوژمن دەتوانێ هێزی دنیایەت لەسەر کۆ کاتەوە. بەڵام پاییزێ ڕۆژ کورتن. ئەگەر دەرگیریش بووی چەند سەعاتێک شەڕ دەکەی و دوایە خۆت دەرباز دەکەی، شەوێکی دوورو درێژە خۆت دەگەیەنیە جێگایەک...

بە پێی لاپەرەی ٢٠ بەرگی ٣ بیروەرییەکانی کەریمی حیسامی، لە پەراوێزی ئەو جەولەیەدا، بە رێکەوتی یەکی رەزبەری ١٣٤٤ هەتاوی، سولەیمانی موعینی لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی دا ئاماژە بە باسی بیروباوەڕی مارکسیستی و روانگەی لێنین و بەربەرەکانی توند لەگەڵ رێژیمی شا و بەرەوپێش چوونی کارەکان لە نێوخۆی وەڵات دەکا و بە شاراوەیی هێرش دەکاتە سەر کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق. سولەیمانی موعینی وەزعییەتی ئەوکات و روانگەی خۆیان بە وردی دەخاتە بەرباس و لێرەدا بە هۆی گرینگی نووسراوەکە دەقەکەی دەهێندرێ:

**نامەی شەهید سولەیمانی موعینی**

"نەسرەوتن تا سەرکەوتن".

بۆ هاورێی لە مێژینە و خۆشەویستم کاک کەریمی حیسامی، وێڕای سڵاوێکی برایانە و ئاگرین هیوادارم ساغ و سەر بەرز بێ بۆ تێکوشان لە ریگای ئازادی گەلی هەژار و چەوساوەمان دا، برا گیان نامەوی بە رێگای دیپلوماسی گەل فریوانەدا بدوێم. تەنیا بە شێوەی کوردەواری پەتی و بە زمانێکی برایانە و خۆمانی دەمەوێ تۆزیک بدوێم. ئەویش نە بەو مانایەی تو تورە بکەم بەڵکە تەنیا بە نامەیەکی برایانە و گاڵتە و گەپی ناوخۆیی دابنی کە کاتی خۆی لە تاران دامان نابوو. بەو رۆژانە کە هەستان و بزوتنەوە سەرخۆشی کردبوین ئارامامان لی برا بوو، هەر دەچوینە پێش بە بی تورمز بەرەو دوژمن لێدانمان دەخوارد، سەرمان دەتاشرا، پیوی هەمووشتمان لە خو دابوو تێ نەدەوەستاین بە بێ لێ پرسینەوە لغاوی خۆمان دابۆە دەستی سواری بێ ئینساف کە بێ بەراورد

بەسەر هەموو پاردە و پەرژینیک دا مەیدانیان پێکەوە دەپێچا. جارجار تو بەسەرمان دا دەهاتی کە بچین ئەو هەشتا تمەنە دراوەی کە خانمی ئاسوری بە ناوی کرێ خانو لە ئێمەی گل دابووە وەریگرینەوە، خانمی زار شڕ و دەم دڕاو بو قازانجی خوی چی بەسەر دینایین و تو چون دەبەزی و راد دەگرد.

پەردە گورا دنیایەکی رەش و تاریک شەوە زنگیکی سامناک و ترسێنەریان پێشان داین بویان ساز کردین، بویان دروست کردین بە دەستی خویان لەو زەلە و گومەیان هاویشتین. لە جیاتی بمانهیننەوە دەر پێیان دەگوتین سەرتان بە دەرەوەیە جوانتر خوتان قوم بکەن و لە زەلی نەمان دا نقوم بن. دنیای مستی گرێ گرێمان ورەی شیرانەیان پێنەهێشتین. جیهانی چیروکی فیستیوالی تۆیان کردە دنیایەکی شین و گابۆڕ و بە سەر دادانی قوڵی و وەلی کەوتینە ژیر کاولاشی زبر و سەر گویلکان. لە سابلاخ خومان گرتەوە. سەرمان لێ سووڕ مابو نەمان دەزانی چ بکەین. پێمانوابوو دیسان هەر دەبی مستمان گرێ کەین و ناوچاوانمان تێک بنێن ئیتر کارمان تەواوە. وەختایەک لەو کاتەدا تو بە نەقڵ و نەزیلان سەرگەرمت کردبووین لە مالە خانمە خانمی بۆ هەر قسەیەک چیرۆکێکت دێناوە و مەسەلەیەکی کوردەوارید دەخستە بەر چاومان. قاقامان بەری رۆژی دەگرت خەبەرمان بۆ هات چل داخیان بە مەحمودی خسرەوییەوە ناوە لەسەر بەیانیکی کە بلاومان کردبووە. ئەوجار زانیمان قوڵی (١) ئەو قوڵیـیە نەماوە. دەبوایە هەر ئەودەم خۆمان ساخ کردباوە کە بابە هەیاران ئەو هەڵتۆز داتۆزەی ئێمە وەک داعبای ناو قەفەس وایە. بەلام هەر تێنەگەیشتین ئەمما دەترساین. ترس بە جۆرێک، ئاگات لی بوو بە چ شەوێک راپەرین و هەلاتین کە تو چەکدارمان بووی. بازوکەی تانک شکێن تەوەر داسیکت پێبوو کە گورک نەمانخوا. بەفری "بەسری" مان بەو شەوە بڕی. لە قاوەخانەی سارد و سڕ دا سەرمان کردەوە. بەیانی وەک ئیسکیموکان بەفرمان دەبری و بە حاڵ خۆمان گەیاندە قەرەبلاخ. مەبەستم ئەوەیە ئەوانەت لەبیر ماوە یان بڵێم نانی جوتیاری قەرەبڵاخ لە ئوروپا رەشت کاتەوە و ژیانی پر لە چەرمەسەری وان خواگیرت کا کە خوت لە خوشی و کەیف هاویشت و مەیدانت چول کرد. پێت وابوو ژن و مندالت بژین لە گەل و نەتەوەیەک باشترە. یا ئەودەم ئەستیرەیەکی روونت نەبوو. دوای ئەستیرەی شانست کەوتی و دوزیتەوە. بەڵێ ئوروپا خۆشە بە تایبەتی ناو گەلێکی ئازاد و بەختیار. دوور لە چەوسانەوە ئەمما ئەوەندە لەزەتەی نییە کە بە ترس و لەرزەوە نان دەخوی و قسە و باسێکی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ ئینسانێکی چەوساوە و بەشخوراو دەکەی وە مژدەی بەیانی روون و ئازادی پێشکێش دەکەی.

مام حەمە کەریم بەڵێ وایە با لە خۆشت بگوڕی بۆ سۆزی تاقە فەردی ناڵی پشیلە دمی ناگاتە گوشتی دەلی سویرە. نا وانیە منیش هەر لەو سالانەی کە باسکرا دنیای دەرەوەم بۆ خوش بوو، ئەمما نەمگوریەوە چونکو دەبێ:

گر چرخ بە کام ما نگردد کاری بکنیم تا بگردد

بژین، کوڵدان قوچاندن سەر دەرباز کردن بو زگ و ژێر زگ هەوڵ دان، خو دەراویشتن و چوون بو دنیای خوشتر و لە دنیای خۆن بی خەبەر بوون نابیتە نان و ئاوی گەل. مروڤ نابیتە مروڤیکی

تیکوشەر بە هەڵاتن. فەلسەفە هەر چەند بناوان و بنجێکی هەبی وە عەمەل نایە هەڵدەوەشی. ئەو فەلسەفەیە دەچەسپی کە لە سەری بی، شوێن بە شوێن کوز بە کوز چیا بە چیا بیگێری و بەراوردی لی وەربگری. جا لیرەدا وەنەبی مەبەستم ئەتو بی. ئەگەر هەر تو بی چارەت دی، ئەمما هەر تو نی. پازدە بیست هەزار نان خور و سەربار بای دەدەن و زگیان تێر دەکەن و ژێر زگیان وەک ژێر زەرگی دەرویشەکانی سەیدی زەنبیل وەکار دەخەن و لە هیچ ناوەستن." هەرچی لە پێشم تێیکێشم" بۆتە گەورەترین فەلسەفە. شەو و رۆژ و جار بە جار ئەگەر کەوتنە سەر شعور دەستێک بە سمیل دا بێنن و دەڵێن دەبێ پرولتاریا رزگار بێ و ئێران ببێتە بەهەشتی رزگاری و ئازادی وادەکەین و وا بچێت. ئەمما تو خوا ئەگەر لینین زیندو بێتەوە چێیان پی دەڵێ. خو ئەگەر پیاویکی خەیالی بین بو دەبێ ئاوا روحی لێنینی گەورە لە گۆڕ دا نارەحەت بکەین. کوا لینین گوتویەتی سەرکردایەتی حیزبی گەلیکی ئازاد نەکراو بچێتە نێو مانگێ لەوێرا مزگینی ئازادی بە ئەمواجی رادیو یا جەوهەری سەر کاغەز ئەویش دەنگی هەیە و رەنگی نیە بە شەپولی رادیوی بە مورسی تو کە دەڵی H-یو- ال ... ئەویش ئەگەر رادیوکە پاڕازیتی نەکەویتە سەری رزگا بکا. یا رابەرانی پرولتاریا ئەو چینەی کە لەسەر شان و باهوی لەسەر بیرو راوێژ دنیایەکی نوی ساز دەکرێ و گەورەترین جیهانبینی سەدە بە ژمار هاتوە و دێت ئاوا لێقەوما و و بی سەرە و بەرەبن. ئێمە بەو هەموو سەرقاڵی خۆمان غەمی وانیشمان بەسەرەوە بێ و رێگای رزگاریان بۆ خوش بکەین.

پەردە گوڕا دنیا لە نەزەر زۆرانەوە گوڕا مارکسیزم کەوتە ژیر پێی جەلادان و ناوەندی چاڵ و دەریای قزلقەڵا. رابەر و مابەر تاقەتیان لێ برا، وەک سکەیەکی قەڵب دەستیان کرد بە داماڵین و فرێدانی چەکی مارکسیزم و عەمەلەن فروشتیان بە دوژمن. بە جارێک دوژمنیان دەوڵەمەند و بە هێز کرد. وایان لێکرد ئیتر هیچی دەگەل نەدەکرا. ئیمەش ئەو کوڕە نەبوین پیاوەتی خۆمان بە دنیا نیشان بدەین. وەک پیرێژنان بەر بوینە ورتە ورت و زکر و تەحلیلە و خو بە قەزا و قەدەر سپاردن. ئەو پیاوە باش نییە یەکی دی باشە، تا سەرمان بە گومی دا چوو چوار دەست و پێ کەوتینە دەست و داوی دوژمنی بی روحم و قەدار. دە لێدە و لێدە و هاو هاوار. ئەوەی جەوهەری هەبوو مارکسیزمی بو گەل چوبوە ناو مێشک و خوێنیەوە وێکەوت و ماوە و زیانی دیت و سەقەت بوو. ئەوەی عیلمی مارکسیزمی بو سوودی خوی لە گیرفانی نابو، بیجگە لە ئافەرین چەپوکیکی پی دانەدرا، بز بز بە قونەدزە دەهاتەوە ماڵی خۆی بە ریشی پرۆلتاریا پێدەکەنی. سرت خور پەردە هەڵدراوە، با بچینە کۆبونەوە، برۆ بۆ قزل قەڵا. وەرە دەری چەقویەک لە گیرفان دا. ئایا حیزبیکی شورشگیر بیرو باوەڕێکی بە قسە شورشگیرانە دەبی وابێ؟ پاش وەی دە بەیان دەرکرا لە سالی ١٣٣٣ کە شەڕایتی عینی و ذهنی ئامادەیە تازە پەشیمان بینەوە بلین ئامادە نییە. مەگەر شەڕایت نابێ ئەو پێشرەوانە بیخولقینن و دروستی کەن یا هەر دەبی هوردوی سوور بێتەوە جا رزگار بین.

ئامانجم لەو قسانە ئەوەیە نەبادا رابوردوت لە بیر چوبێتەوە بیرت خەمەوە ئێستاشت بخەمە بەرچاو لە سەر ئەوڕو قسە بکەی و بەرنامە داڕێژی.

هەر رابردو دوژمنمان لە بیر چوبووە، دەممان لە دەمی یەک نا. ئەوە مونحەریفە ئەوە لای دا سازش کارە، ئەوە بیرو باوەڕی سەرمایەداری پەیدا کردوە، ئەوە ناسیونالیستە، ئەوە شوڤینیستە، ئەوە موتەعەسب و نەزانە. بەڵێ دەورەیەکیش بەوە گوزەرا تا بانگی چەکدارانە درا لەو دیوە بو ئیمە. لەو دیو بەرژەوەندیکی باش بوو کە قوڵی (١ مەبەستی رێژیمی شایە) بە هێزە، ئێمە حیزبیکی شۆڕشگێر دەبی رێکخراویکی شورشگێرمان هەبی. لە بەرامبەر ئەو دوژمنە سەر سەختە کە چوار فیشەکی لە خو داوە بە ئێمەش بیکەینە پێنج فیشەک. یەکمان لێدەگرێ چواران بگرین. دوومان لێ دوکوژێ دەی لێ بکوژین. دەستمان کرد بەو بەزم و هەرایە، بەشێوەیەکی کە بو خومان دەمانزانی فێری ببوین خوێندبومانەوە عەمەلمان کرد. بەرە بەرە روحی میللەتمان زیندو کردەوە. لە بەرامبەر قوڵی و پیاوەکانی دا راوەستاین. لەسەر ویستی خەڵک حیزبمان نیشان دا. گوێ و لوتی فسوسەکانمان بڕی، مەحکەمەمان لە وڵات دانا بو خائین و فسۆس. ترس لە حیزب زیاتر بو تا قوڵی. ناچار کشانەوە ئیستا لە دەرەوە لە زوربەی ناوچەکان شکایەت و مەحکەمە لە دەست قولی هاتوتەدەر. هەر پۆستەی هەیەتی دوو پۆستی چەکداری ئێمەی لە سەرە. هەر ناتوانی بێتە دەر مەگەر بە پارانەوە و خاتری عەباس و حوسێن نەبی. لەسەر یەک وایە. وەزعی ناو خوشمان دیارە باشە کە وایە ئەمما دیسان ماومانە. چونکو سەرە خەرو پیاوی کەڵە و لێکەوتو و خۆ بین هەر ماوە کە دەیانەوی وەک رابردو بە بێ مەقسەد لێیخوڕن لغاو هەڵناگرن ئەمما هەرچی دەکەن بو هەر جێگایەک دەرون، یا وەک کەری غەریب سەر لە هەر دەرگایەک دەنێن لغاویان بۆ حازر کراوە. لوشکان داوێن ئەمما لمبوزی مبارکیان شکاوە بڕەم بڕەم و بگرە و دەرکەی جاران نەماوە. ماخولیان بوون و پەکیان کەوتوە. لە حالی دەستەوئەژنو دانیشتن دان و بەو زوانە یخ دەخون. زەمینەی هەموو شتمان ئامادەیە، هەر تەنیا لەسەر مەسەلەی ئەو دیو راوەستاوین لایەکی وە لایەکی کەوی دیلە زەرد (١ مەبەست رێژیمی شایە) دەزگای قولی وەزەلزەلە دەخەین. ئەو ترس و هەرایەی هاویشتویەتە دڵی خەلک بە تایبەتی لە دەرەوە نایهێڵین. بە درێژایی سنوور تەنیومانە، بە جارێک بەسەری دا دەروخێنین بەلام تا ئەودەم حەز دەکەین هەموو لایەک بەشداریمان بکەن تا نەتیجە زورتر بێ. ئەگەر ئەوانیش نەیکەن ئێمە بە بیروباوەڕیکی جوان و ئوسولی کە هەر خومان لەبەر چاو نییە لە جاران جوانتر دێینە مەیدانی عەمەلەوە جا ئەوانی دی هەرچی ئارەزوی هەبێ با بێتە سەر حازری قبوڵی دەکەین. فیدایی زۆرە، ئەمما بە نیسبەت ئەوەی دەیکەی بە ناشکوری نەبی زور تەواو نین. دیسان هەر خۆ کۆ دەکەینەوە. ئەوەی بوو بوو، دەنا لە سەگ و گورگەکانی قوڵی تەواوی دەکەین و بە خویانیانەوە دەنین. بو ئەو مەتڵەبە روژنامەیەکمان بو ناردن لەویدا لەو گوشانە دراوە جا ئەگەر پێت دەکری بومان بخوینەوە. دەزانم وایە و قسەشت رەواجە، لە دوا روژدا شتێکت پێدەکری بومان. ئەمما مام حەمە کەریم ئەگەر شەهید بوین غەمان مەخو مەڵێ بە خوڕایی چوو ئێمە دەمانەوی رێگا خوش کەین حیسابمان کردوە لە بەرامبەر هەموو هێزی قوڵی بەرهەڵستمان پێدەکرێ و دەتوانین گەورەترین زەربەتی لێ بدەین کە لە دوو هەزار و پینج سەد ساڵە دا وای لی نەدرابێ و تەئسیریکی قووڵی هەبێ لە هەموو وڵاتی قوڵی کە بە ئی خۆی دەزانێ.

ئێمە زور ناڕەحەتین دەمانەوی کاروباری ئەو دیو یەکجاری تەواو بێ. جا ئێمەش شان بشەکێنین باوەڕیشت هەبێ لە عیلمی خومان بە تایبەتی ئەمنی کەللە پڕ لا نادەین بو عیلم تەجروبە دروست دەکەین هەروا کەشکی نیە زانایانە و عادڵانە بە بێ ئەوەی خومان لەبەرچاو بێ دیینە مەیدانەوە.

ئەو قەدەرە چوومە وڵاتەکەت دوو شەو لە رادانە مامەوە. ئەگەر وەبیرت بێتەوە چیروکێکت بۆ گێڕامەوە هەر لە بیرمە. برادەرەکانت لە نەغەدە سڵامەتن سڵاویان پێ دەگەیاندی. ئێمە کە چووین بو ئەو ناوچەیە دوو پەل شێست چەکدار بووین. جەولەمان کرد ئەو برادەرانەمان لە درەوە دیت، هاتن بو لامان، وەزع زۆر زور باشە ئی ناوچەکان بە تایبەتی ناوچەی موکریان و تەواوی سنورەکان تا دێتەوە نیزیکی لای ئێوە. ئەمما ئەگەر نیزیک بێتەوە ئەوەی مەقسودە خەبەرت بو دەنێرم. سڵاوی برادەرانی ئەوێ دەگەینم. زۆر سەلامم هەیە بۆ براژن. بلێ برا و مراکانی هەموویان ساخ و سڵامەتن. لە پوڵا قایم ترن لە جاران زور دڵگەرمتر سڵاویان بۆی هەیە. چاوی منداڵەکانت نازانم چی و چت هەیە ماچ دەکەم. دیارە وڵامی نامەکەش ئەگەر نارتەوە بە هۆی هاورێیانی حیزبی شیوعی لقی کوردستان لە عیراقدا بۆم دەنێرییەوە.

سەربەرزیت ئاواتمە، بە هیوای سەرکەوتن.

برات سولەیمانی موعینی یا فایق ئەمین

١ی رەزبەری ١٣٤٤ هەتاوی

دیارە بە گوێرەی لاپەڕەی ٣٧ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، سولەیمانی موعینی لەگەڵ ئەو نامەیە، نامەیەکیشی بۆ حیزبی تودە و حیزبی کۆمونیستی شووڕەوی نووسی و داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ رێبەرانی حیزبی تودە کرد.

کەریمی حیسامی دەنووسێ کە حیزبی تودە ریگای نەدا لەسەر رادیۆی پەیکی ئێران نامەی سولەیمان بخوێنێتەوە. بۆیە بە رێکەوتی ١٩٦٦/١/٢ داوای لە حیزبی تودە کرد کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و چاوی بە سولەیمانی موعینی بکەوێ.

کەریمی حیسامی لە زستانی ١٩٦٦ دا بە هۆی حیزبی شوعی عێراقی، نامەی سولەیمان موعینی پێگەیشت. بە هێندێک بابەتی نامەکە ناڕەحەت بوو و بە پێی لاپەڕەی ٢٨بەرگی سێهەمی بیرەوەرییەکانی، هاوکات لە گەڵ هاودەردی کردن لەگەڵ سولەیمانی موعینی، وڵامی گازەندە و گلێیەکانی دەداتەوە و لە سەر هەڵوێست و شێوەی کاروتێکۆشان، لە چەند خاڵ دا راوبۆچوونی خۆی دەردەبڕێ و کۆی گشتی روانگەکانی ئەوەیە کە هەر چەشنە کار و تێکۆشانێک لە ناوخۆی کوردستانی ئێران دەبی، بە پرس و ئیجازەی مەرحومی مەلا مستەفا بارزانی بێ. کەریمی حیسامی دوای ئاماژە کردن بە کەسانی جاسوس و دزی ناو حیزبی کە لە کونگرەدا هەبوون، دەنووسێ کە ئیستراتیژی حیزب نادیارە و ئەو رەخنەی لەو دەگرێ کە ئامانجی کونگرە هێنانە سەرکاری حکومەتی میللی دوکتور موسەدیقە و ئەوەی کە تەواوی چاپەمەنییەکانی حیزب بۆ تەعریف لە جەبهەی میللی و موسەدیق تەرخان کراوە و دەپرسی کە ئەوکاتەی کە موسەدیق لە سەر کار بوو چی بۆ کورد کردوە؟

کەریمی حیسامی ئاماژە بەوە دەکا کە ئێستاش لە ناو حیزب دا پیاوی کەلەکەر و خۆبین و سەرەڕۆ زۆرن و بێزاری خۆی لەمەر هەڵوێستی کونگرە لە سەر رێبەرانی کۆمار و رەخنە لە یەکیتی سوڤییەت دەردەبڕێ. کەریمی حیسامی دەڵی دەبی لە نێوخۆ و دەرەوە دۆست بۆ جوڵانەوە پەیدا بکرێ و ئاماژە بەوە دەکا کە بەرەی سوسیالستی گەورەترین دۆستی جوڵانەوەی کوردە. کەریمی حیسامی لە سەر روخان و زەبر وەشاند لە هێزەکانی رێژیم لە گەڵ ئەوە کە ئاماژە بە دیاری کردنی حکومەتی فیدراڵی هەم لە رۆژنامەی رۆژ دا و هەم لە رۆژنامەی کوردستانی دەرەوەدا دەکا، دەڵێ نابی دیاری کردنی ئەو دروشمە ستراتیژیانە، پێش بە داواکردنی هێندێک دروشمی تاکتیکی وەک خوێندن بە زمانی کوردی و ئازادی رۆژنامە و چاپەمەنی کوردی و بوونی کوردستان بە یەکەیەکی جوغرافیایی و ئازادی زیندانیانی سیاسی، بگرێ.

کار لە نێوخۆی وڵات دا، کەش و هەوای ئەوێ و دوور بوون لە کێشە و دمەقاڵەی نێوخۆیی، بێشک چەشنێک هەست بە سەربەرزی بوونی لە ناو کادرەکانی حیزب دا پێکهێنا. بۆیە ئەوان ئیدی زۆر خوازیار گەڕانەوە بۆ کوردستانی باشوور نەبوون. لە لایەکی دیکەش خەباتی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات دا، بۆ رێژیمی ئێران مەترسی زۆر گەورەی پێکهێنابوو. رێژیم هەوڵی دا بە هەر شێوەیەک بێ، بە هۆی رێبەری شۆڕشی کوردستانی عیراق، زەخت و زەبرو زەنگی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە سەرِ خۆی وەلابەرێ. ئەو سیاسەتە کاریگەری خۆی هەبوو و دواتر لە ژێر زەختی ریژیمی ئێراندا، ئەندامانی حیزب تەنانەت ئەوانەی کە چالاکیش نەبوون، لە لای کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلول کەوتنە ژێر گوشار و تووشی بەڵا و کێشەی زۆر گەورە و کوشتن بوون.

## دابەش بوونی ئەندامانی حیزب بەسەر پارتی و جەلالی لە ساڵی ١٩٦٤

لە ژێر کاریگەری ئەو وەزعەدا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتیش چ لە عێراق و چ لە ناوخۆ وڵات دا، بە سەر دوو لایەنی مەلایی و جەلالی دابەش بوون.

دژ کردەوەی بارزانی لە حاست باڵی مەکتەبی سیاسی توند بوو. لە شوێنێک دا دوو پاشا نەدەحاوانەوە. مەلا مستەفا بە تایبەتی بۆی قبووڵ نەدەکرا کە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە لای مەکتەبی سیاسی دا بشکێنەوە و لایەنگری لەوان بکەن. مەڵا مستەفا نەیدەتوانی قبوڵ بکا کە کەسانی خۆشەویست و جێی مەتمانەی ئەو، وەک سولەیمانی موعینی پەیوەندی بە ئەوانەوە هەبێ.

بە پێی لاپەڕەی ٧٥ کتێبی بیرەوەرییەکانی ئەمیر قازی، رۆژێک باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان هاتنە لای بارزانی. گوایا لە گەڕانەوەیان بۆ ماوەت لە گوندی گرپداغ بە هەڵکەوت برایم ئەحمەد و هاوڕێیانی توشی کاک سولیمان دەبن. مەلا مستەفا ئەوە دەبیسێتەوە و دوایە کە چاوی بە ئەحمەد تۆفیق و ئەمیرقازی دەکەوی، لە ئەحمەد تۆفیق دەپرسێ: ئەحمەد، سولیمان، مەبەست لە کاک فایق بوو، لە کوێیە؟

کاک ئەحمەد لە جوابدا گوتی: بۆ هێندێ کاروبار چۆتە سونێ.

بارزانی بزەیەکی بە مانای هاتێ و گوتی: "وەڵا نەتزانی، سولەیمان وا لە خزمەت برایم ئەحمەدە".

بەو قسەیەی بارزانی، کاک ئەحمەد تۆفیق دەرهەڵ بوو، بە توندی بە گژ بارزانیی نەمردا هاتەوە کە چۆن بە دووڕوو و دروزنم حساب دەکەی! ئیهانەی خۆم و برادەرم دەکەی! من ڕێگا بە کەس نادەم کەرامەتی خۆم و برادەرەکانم بشکێنێ و...

بارزانی نەمر هەردک دەستی بە جەمەدانییەکەی سەری داگرت و یەک دووجار، گوتی: "نەمزانی نەمزانی، بابە غەڵەت بووم". کاک ئەحمەد ڕۆبووە تفەنگە بڕنۆ درێژەکەی، ڕاست بۆوە، بە بێ خاترخوازی لە ژوورەکە دەرکەوت. من مامەوە، شەرمەزار، سەرم لەبەر خۆم نا و لە شەرمان هەموو گیانم وەسەر ئاو کەوت. بارزانی لە وەزعی من گەیشتبوو، گوتی: نارەحەت مەبە، ئەحمەد برادەری منە جارجار لێم توورە دەبێ".

دواتر ئەمیر قازی بە توندی رەخنەی لە ئەحمەد تۆفیق گرت کە چۆن دەبێ ئاوا لە گەڵ بارزانی هەڵسوکەوت بکا. کاک ئەحمەد بێدەنگ سەری لەبەر خۆ دەنی و تەنیا ئەوەندەی دەڵێ: دەزانم ڕاست دەکا.

هاوکات لەو سەردەمانە دا، بە تایبەت بە دوای زیز بوونی ئەحمەد تۆفیق، ئەو پەیوەندی و خۆشەویستی جاران لە نیوان ئەو و سولەیمان دا، نەما. بە پێی لاپەرەی ٢٠ بەرگی ٣ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، بە ڕێکەوتی یەکی رەزبەری ١٣٤٤ هەتاوی، سولەیمانی موعینی لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی، بە لاتاو هێرش دەکاتە سەر ئەحمەد تۆفیق و دەنووسێ: ... وەزعی ناو خوشمان دیارە باشە کە وایە ئەمما دیسان ماومانە. چونکو سەرە خەرو پیاوی کەڵە و لێکەوتو و خۆ بین هەر ماوە کە دەیانەوی وەک رابردو بە بی مەقسەد لێیخوڕن لغاو هەڵناگرن ئەمما هەرچی دەکەن بو هەر جیگایەک دەرون، یا وەک کەری غەریب سەر لە هەر دەرگایەک دەنین لغاویان بو حازر کراوە. لوشکان داوین ئەمما ﻢ بوزی مبارکیان شکاوە بڕەم بڕەم و بگرە و دەرکەی جاران نەماوە. ماخولیان بوون و پەکیان کەوتوە. لە حالی دەستەوئەژنو دانیشتن دان و بەو زوانە یخ دەخون. زەمینەی هەموو شتمان ئامادەیە، هەر تەنیا لەسەر مەسەلەی ئەو دیو راوەستاوین لایەکی وە لایەکی کەوی دیلە زەرد(١ مەبەست ڕێژیمی شایە) دەزگای قولی وەزەلزەلە دەخەین.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٧ بەرگی سێی بیرەوەرییەکانی دا کە دەبێ لە مانگی یەکی ١٩٦٦ نووسرا بێ بە وردی وڵامی نامەی ڕێکەوتی یەکی رەزبەری ١٣٤٤ سولەیمان موعینی دەداتەوە و لە لاپەڕەی ٣٣ دا لەگەڵ دووپات کردنەوەی نووسراوەکەی سولەیمانی موعینی کە هێرشی ناڕاستەوخۆ بۆ سەر ئەحمەد تۆفیق دەکا، کارەکانی کونگرەی ٢ دەخاتە بەر رەخنەی توند و دەنووسێ:

سولەیمان گیان لێرەدایە لەو بەشەی نامەکەت وەشک دەکەوم کە دەنووسی:

"سەرەخەرو و پیاوی کەڵە و لێکەوتوو خۆبین هەر ماون... پەکیان کەوتوە، دەستەوئەژنو دانیشتوون و بەو زوانە ییخ دەخۆن" ئەوانە خۆی جێگای هومیدن. بەڵام لە وەزعی کونگرەکەتان وا دەردەکەوی کە وا نیە.

بەراستی هێشتا بی لغاو و سەرەڕۆ زۆرن. لە رابردوو تەجروبەتان وەرنەگرتووە ئەو هەموو زەبرەی لە  سیاسەت و بەدەنی حیزبی دیموکراتیان داوە. پێیان بەس نیە. ئێستاش بە ناوی کونگرە ئاوا بۆ زەلکاو شۆڕ دەبنەوە کە بە جاریک حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا نوقم دەکەن. تەنانەت دوژمنانی کوردیش جولانەوەی مەهاباد بە نوختە تەحەول لە مێژوی خەباتی کورد دا دەزانن. بەڵام ئێوە بە بی لەبەر چاو گرتنی وەزع و هەلومەرجی ئەودەم، بە بێ لێکولینەوەی وەزعی ئەو دەمی ئێران و جیهان، رێبەرانی حیزبی دیموکرات بە قسەی قۆر و قولومبە مەحکوم دەکەن. رەخنەیان لێ دەگرن و لەگەڵ قەدەمخێر بەراوردیان دەکەن. هەر بەوەش لغاو ناگێرنەوە، بە گژ "ماڵی گەورەش دا دەچن" ئەوڕو لە هەموو نوختەیەکی دنیا گەڵەکان بە یارمەتی و پشتیوانی ئەوان بۆ رزگاری خۆیان رادەپەرن و لە یارمەتی و پشتیوانی ئەوان بۆ رزگاری خۆیان رادەپەرن...

## کوشتنی سەدیق ئەنجیری

سەدیقی ئەنجیری مامۆستای زاکۆی تاران بوو. ماوەیەکی زۆر لە زیندانی رێژیمی شا دا گیرا. دەرس و وانە گوتنیان لێ ئەساندەوە و بە وەرگێڕان و نووسین ژیانی خۆیی بەڕێوە دەبرد. بە قسەی سەعید کوێستانی کە لە بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی دا هاتووە، کتێبی "مردەهای بی کفن و دفن" یەکێک لە وەرگێڕانەکانی ئەو بوو. سەعید کوێستانی دەڵی کە سەدیق لە ساڵی ١٩٦٤ لە سەر داوای سولەیمان موعینی بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوحیزب چووتە کوردستانی باشوور. سەدیق ئەنجیری لە کونگرەی ٢ ی حیزبی دێموکرات دا بەشداری کرد و بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. چەند مانگ دوای کۆنگرە، کێشە لە نێو رێبەرایەتی حیزب دا پەیدا بوو و ئەحمەد تۆفیق تۆرا و ئەندامانی حیزبی بەجێهێشت. سەدیقی ئەنجیری کە یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئەحمەد تۆفیق لێی توڕە بوو، لە لایەن رێبەری حیزب بە ئاڵقەی پەیوەندی نێوان ئەوان و ئەحمەد تۆفیق دیاری کرا.

سەدیق ئەنجیری ماوەیەکی زۆر لەگەڵ چەند کەس لە رێبەرانی حیزب، وەک عەزیزی یۆسفی، غەنی بلوریان، ئەحمەد تۆفیق، سولەیمانی موعینی و سەعید کوێستانی و  ... لەگەڵ دوکتور قاسملوو و لێنا (نەسرینی قاسملوو)و سمایلی قاسملوو لە تاران، لە یەک ماڵ دا دەژیان. سەدیق ئەنجیری زۆری ڕێز بۆ لێنا هەبوو و لێنا لە لاپەڕەی ١٢٤ ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا لەسەر کەسایەتی سەدیق ئەنجیری دەنووسێ: کۆبوونەوە حیزبییەکان لە ماڵەوە دەگیران. لە کاتی گونجاو دا هەندێ جار کۆبوونەوە فەرمییەکانیش کە بە بۆنەی بۆ نموونە هاتنی هاوڕێیکەوە یان بۆنەیەکەوە بەڕێوە دەچوو، لە ماڵەوە ڕێک دەخرا. لەم کاتانەدا لەگەڵ خواردن مەشرووبیش دەخورایەوە. هەموو جارێک کاک سەدەیق بە وتەیەک کۆبوونەوەکانی دەست پێدەکرد. هەموو

بە وردی و بە چێژەوە گوێیان لە وتەکانی کاک سەدیق دەگرت. کاک سەدیق بە بایەهەوا قسەی نەدەکرد. لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی سروشتی لە وتەبێژی گوتارداندا کارامە بوو.

لێنا (نەسرینی قاسملوو) لە لاپەڕەی ١٧٨ کتێبەکەی دا دەنووسێ، سەدیق ئەنجیری شاعیر و مامۆستای ئەدەب بوو. شارەزای ئەدەب بوو. عاشقی سادقی هێدایەت، یەکێک لە نووسەرە گەورە هاوچەرخەکانی ئێران و ئالبێرت کامۆ بوو. سەدیق مرۆڤێکی ڕەوشبیر، هێمن، لەسەرەخۆ و مێهرەبان بوو. ئەگەر ئەو کە چاونەترسیی و شەهامەتی حەکیمە بێدەنگەکانی هەبوو، لەڕادەبەدەر هەستیار بوو، هەر بۆیەش ئاشکرا بوونی ڕاستییەکان سەبارەت بە ستالین، ئەو هەڵسوکەوتێ بەرانبەر بە "گۆلاک" کرابوو و گەندەڵی دەسەڵاتداران لە دامودەزگای کۆمۆنیستیدا، سەدیقی ئێشاند. ڕاپۆرتی "خرۆشچۆڤ" لە ساڵی ١٩٥٦ دا بۆ بیستەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤییەت، بە شێوەیەکی تایبەتی باوەڕەکانی لەرزۆک کردبوو تووشی گومان و دوودڵی کردبوو. ئەو لەم بارەوە بە پارێزەوە لەگەڵ هاوڕێکانی دەدوا. ئەوانیش وڵامیان ئەدایەوە کە: ئێمە ئاگاداری هەموو شتەکان نین و ئەو خرۆشچۆفە ئیتر کێیە؟ ئەوەش کە هەر چۆنێک بێت، ئیمکانی نییە خائینێک بەتایبەتی بتوانێت جەوهەری ئیدیۆلۆژییەک بگۆڕێت و...

سەدەیق بە مەبەستی دروست بوونی ئاڵوگۆڕێکی مرۆیی لە کۆمەڵگادا خەباتی دەکرد، بە دەرکەوتنی ئەم ڕاستییانە، هیوای بە ئاڵوگۆڕ، لە بنەڕەتەوە کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە. ئەو بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەک خەباتی دەکرد کە لەوەدا، خەڵکی کورد لە هەژاری و زوڵم زوڵم ڕزگاریان بێت. هەڵسوکەوتی وەکوو کەسێک خەیاتی لێکرابێت، کەوتبووە دۆخی بەرگرییەوە. ئاشکرا بوونی ئەم ڕاستییانە، لە بۆچوونەکانی ئەودا بەو ئیمانە ڕاستگۆیانەوە کە هەیبوو، تووی گومانی خستبووەوە. دیارە، هەستی خیانەتی پێکران، تەنیا تایبەت بە باوەڕمەندانی تاران و کوردستان نەبوو (چەپ لە سەراسەری دونیادا تووشی ئەم گومانە بوو) خەباتکاران پێیانوابوو کە هەموو ڕاستییەکانیان پێنەگوتراوە، هەر بۆیەش بە گشتی ڕەتیان کردەوە.

چونکە ئەوان پێویست بوو خەباتەکەیان درێژە پێ بدەن و ئەگەر ئەو ڕاستیانەیان قبووڵ کردبا، مەترسی ئەوە لە ئارادا بوو کە کۆنترۆڵی هەموو شتێک لە دەستیان دەربچێت. بە قبووڵ نەکردنی ئەو ڕاستییانە، لە ڕاستیدا، ئەوان بەرگریان لەو مەرامنامە و بەرنامە سیاسییە دەکرد کە خەباتیان بۆ کرد و خرۆشچۆڤ مەڕام و بەرنامەی تێکوپێک دابوون، ئەوان هیچی دیکەیان نەبوو.

لێنا (نەسرینی قاسملوو) لە لاپەڕەی ١٧٩ کتێبەکەی دا، لە درێژەی ئەو بابەتەدا دەنووسێ، سەدیق لەم بابەتە تێگەیشتبوو بەڵام چونکە نەیدەزانی چ بکات خۆی بە ئەرک و کارە بچووکە ڕۆژانەکانی خەباتەوە سەرقاڵ دەکرد. عەبدولڕەحمان سەدیقی بۆ لای مەلامستەفای بارزانی بەڕێ کردبوو بۆ ئەوەی سەبارەت بە هاوکاریی نێوان دوو حیزبەکە قسە بکات. بە پێچەوانەی عەبدولڕەحمانەوە، سەدیق زۆر هیوای بە سەرکەوتوویی دیاردەکە نەبوو. بەڵام لەو ڕووەوە کە خەباتکارێکی تەکووز و بە دیسیپلین بوو، قبووڵی کردبوو. سەدیق هەم دیپلۆماتیکی باش بوو و هەم شارەزای خاڵە ناکۆکانی هەردوو حیزبەکە بوو. جگە لەوەش لە لێکدانەوە و بەڵگە هێنانەوەدا، کارامە بوو.

موناقشەی نێوان بارزانی و سەدیق، موناقشەیەکی پڕ لە گەنگەشە و دەنگ و باس هەڵگر دەبێت. بارزانی لەگەڵ هاوکاریی دوو حیزبەکە کۆک بووە، بەو مەرجەی کە تەنیا حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق مافی بڕیاردانی هەبێت. بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران کە سەربەخۆیی

بڕیار دانی بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنا، ئەو بابەتە نەگونجاو بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەم هاوکارییەی تەنیا لەسەر بنەمای مافی بەرابەر بە مسۆگەر دەزانی، نەک ملکەچ بوونی حیزبێک بۆ حیزبێکی دیکە.

سەدیق لە گەڕانەوەی لەم سەردانەدا، لە سنووری نێوان کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران شەهید کرا. لەوڕووە کە هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەو بارەوە نەکراوە، هەرگیز دەرنەکەوت کە ئەمری ئەو کوشتنە لە لای کێوە دەرچووو.

بە پێی لاپەڕەی ١٣٢ کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" لە نووسینی ئەمیر قازی، سەدیق ئەنجیری کە بۆ پەیوەندی بە ئەحمەد تۆفیق بەرەو بالەکایەتی چوو بوو، نەگەڕاوە بۆ سونی و لە دەربەند، لە سەر ڕێگای گەڵالە ـ حاجی ئۆمەران کە ماڵی یەک دوو برادەری حیزبی لێ بوو گیرساوە. ئەو لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق و بنکەی شێخان، توشێ کێشە و ناکۆکی ببوو و لە گەڵ چەند کادری حیزبی کە لەو مەڵبەندە بوون و خۆیان بە چەپ دەزانی، ببوونە گوێڕایەلی حیزبی شوعی و سەریان پیکەوە نابوو. ئەمیر قازی لەدرێژەدا دەنووسێ: تووشی ئالوگۆڕ هاتبوو کەوتبۆ سەر قەناعەتێکی نوێ. دەیگوت لە پێناو بەرژەوەندیی شۆڕش و هەر لەو مەجالە تایبەتییانەی حاکم بە سەر کەش و هەوای سیاسی کوردەواریدا، واباشە واز لە چەک و کۆبوونەوە و تەنانەت واز لە تێکۆشانی سیاسیش بێنین، ون بین و مات بین. بەولایەدا کەوتبوو کە نابی جەبهە و چەکدارمان هەبێ.



سەدیق ئەنجیری ئلزەر

جارێک چوومە لای لە دەربەند و هەوڵم دا بیگێڕمەوە بۆ سونێ، فایدەی نەبوو دەگەڵم نەهاتەوە. ئەو پێشنیاری منی دەکرد کە دەرکی بنکەی ناوەندی لە سونێ داخەم و جەماعەتەکە بڵاوە پێبکەم. دەیگوت جارێ با دیار و بەرچاو نەبین، هەرکەس کوڕی بابی خۆی. هەر بۆیەش جار دەگەل پێشمەرگەکانی بنکەی شێخان کە لە جەبهەڕا دەگەڕینەوە بۆ ئیستراحەت لە بنکەی حەسانەوەیان، قڕەی لێ پەیدا دەبێ، بە گژیاندا دێ کە لە چی دەگەڕێن و بۆ بە قسەی ئەحمەد تۆفیق دەکەن. دیارە ئەوەش خۆی مەسەلەیەک بوو کە کاک ئەحمەدی لێ تیژ کردبوو و نێوانیان لەوپەری ناخۆشیدا بوو.

بە پێی زۆر سەرچاوە، بە دوای ئەو ناکۆکیانەدا، سەدیق ئەنجیری کوژرا. حەسەن ڕەستگار لە لاپەڕەی ٢٦٠ بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی دا، باس لەوە دەکا کە بە دوای بزر بوونی سەدیقی ئەنجیری چۆتە ناوچەی باڵەکایەتی و لەوێ سەعید کوێستانی دیوەتەوە و دەنووسێ: بەهۆی فەقێ برایم و یۆنسی خەیات کاک سەعیدمان دۆزییەوە، هەردووکمان زۆر بە نارەحتی یەکترمان لە باوەش

گرت چونکە بەڕاستی بۆ کاک سەدیق زۆر بە پەرۆش بووین. بۆ باس لەسەر چۆنیەتیی بزربوونی کاک سەدیق دوو بە دوو دانیشتین. کاک سەعید هەموو ئەو کات و ساتانەی بۆ گێڕامەوە کە لەگەڵ کاک سەدیق بووە هەتا ئەو کاتەی لەلای کاک خالید حیسامی لێک جیابوونەوە، بێجگە لەمەش هەموو ئەو دەنگۆیانەشی بۆ باس کردم کە بە دوای شوێن بزربوونی کاک سەدیق بڵاو بوونەوە. کاک سەعید بۆ زانینی هەواڵی بزربوونی کاک سەدیق ئەوەندەی لە دەستی هاتبێ بە زیادەوە خۆی ماندوو کردبوو، کورد گوتەنی لە دەرگای هەموو ماڵێکی دابوو، هەتا ڕادەیەکی زۆر مەسەلەکەی لە کۆلکێ کردبوو. لەسەر حەسەن ئیسحاقی، برازای کاک ئەحمەد تۆفیق و حاسڵ و کوڕەکانی ساخ ببۆوە، ڕێنوێنیی منیشی کرد بە شوێنی ئەودا بڕۆم، بەڵکوو شتی زۆرترمان دەست کەوێ. هێندێک لە برادەرانی شیوعی لەو ناوەی پێ ناساندم کە چاوم پێیان بکەوێ و سەری کاک خالید حیسامی بدەم. ئەودەم بیرم نایە کە چاوم بە کاک مەلا محەممەد خزری کەوتبێ، ناوبراو لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧ ـ٤٢(١٩٦٨_١٩٦٣) لە لاپەرەی ١٣١ی ئەو کتێبەدا نووسیویە "کە حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیقی لە شارۆچکەی چۆمان دیوە کە لە ماشینی کاک ئیدریس بارزانی دابەزیوە، چاک و چۆنیی لەگەڵ مەلا محەممەد خزری کردوە، بە دوایدا کاک ئیدریس بانگی کردوە، سواری ماشێنی کاک ئیدریس بۆتەوە و بەرەو حاجی ئۆمەران ڕۆیشتوە و نەگەڕاوەتەوە. کاک ئیدریس حەسەنی بردۆتەوە ئێران و لای ساواک ئەمینی کردۆتەوە". بە دوای ئەم چاوپێکەوتنە و وردە زانیارانە کە کاک سەعید بۆی باس کردم بۆ سبەینەکەی لەگەڵ کاک عەلی چاپەز ڕێکەوتینەوە بەرەو گەلاڵە. ئەو کەسانەم چاو پێکەوت کە کاک سەعید پێی ناساندبووم لە برادەرانی حیزبی شیوعی، بە دواییدا سەردانی کاک خالید حیسامیم کرد لە بنکەی ڕادیۆی شۆڕش، جەریانی هاتنی کاک سەدیقی بۆ گێڕامەوە کە لەلای ناوبراو بووە و بە دواییدا کتێبێکی دەست داوەتێ گوتوویە دەچم لەسەر ئەم گردە دەیخوێنمەوە و ئیتر نەگەڕاوەتەوە، هەر بەم جۆرەش بۆ کاک کەریم حیسامیم گێڕاوەتەوە بەڵام کاک کەریم شتێکی لە زمانی منەوە نووسیوە کە گۆیا من گوتوومە کاک خالید ئاگای لە مەسەلەکە هەبووە! ئەوە گومانی خودی کاک کەریم خۆی بوو، دیارە من کاک خالیدی حیسامیم وەکوو سیاسەت خۆش ناوێ، بۆ زەمانی خۆی شاعیری باش بوو و خەڵکی زۆر هان داوە بۆ کوردایەتی، بەڵام ئەهلی حیزبایەتی و دەستە و دەستە بازی نەبوو. هەر لەو سەفەرەدا بۆیان باس کردم کە کاک سەدیق بە دەمانچەی عەلاوی مام سەعید کوژراوە لە ڕاستیدا زۆر لەم زانیارییە وردانە لەلایەن حیزبی شیوعییەوە دەگەیشتنە برادەرانی ئێمە لەو مەڵبەندە. دوای ماوەیەکی زۆر چاوم بە مام عەوڵای سەعیدی کەوتەوە لێم پرسی مام عەوڵا تۆ دەمانچەی خۆت داوە بە حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق، بە نارەحەتییەوە گوتی بەڵێ ماوەیەک لەلای بووە دوایی بۆی ناردوومەوە.

لەسەر ئەوەی کە بۆ سەدیق ئەنجیری کەوتۆتە بەر رق توڕەیی ئەحمەد تۆفیق، حەمەدەمین سیراجی لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی لە ئوروپا کە لە لاپەڕەی ٦ بەرگی ٤ی بیرەوەرییەکانی دا هاتووە دەنووسێ: لە کونگرەی ٢ بە ئەندامی رابەری هەڵبژێردرا و بۆ وتوێژ بە مەبەستی

یەکگرتنەوە، لە گەڵ شەهید سولیمان و شەهید نوح پاشایی کاک ئەمیر قازی و رەشە لە لایەن کونگرە دیاری کران. پاش وتوێژو رێککەوتن لە سەر چەند خاڵ، دەستەی نوێنەرایەتی گشتی و شەهید سلیمان و کاک سەدیق و بە تایبەتی کەوتنە بەر پلار و هێرشی ئەحمەددەوە. شەهید سلیمان و کاک سەدیق و نەحۆ لێی دوور کەوتنەوە و بە لای ئێمە، قۆڵی پێشکەوتووی حیزب هاتن. ئەحمەد وەک تورەیی و زیزبوون ئیستعفای کرد. هێندێ لە لایەنگرانی لە گەڵ خۆی هەڵگرت بنکەی شێخان لە نیزیک دەربەندی باڵەکایەتی کردە ناوەندی کاروباری. مەودای نێوان دۆستەکانی دوێنیی ئەحمەد و بەرهەڵەستکارەکانی ئەمڕۆی هەر لە زیادی دەدا. راست لەو کاتەدا بەرەو کانی ماسی دوور خرایەوە. ئێمە هەوڵی بەستنی کۆنفرانسێکمان دەدا کە دەسەڵاتی کۆنگرەی پێبدرێ و سەر لە نوێ رابەری هەڵبژێرێتەوە. کاک سەدیق لە لایەک لەو هەوڵە دابوو، پەیوەندی بە رابەری پارتیی وەردەگرت (حبیب محمدکریم) و لە لای تر نەخشەی پەیوەندی سازکردنەوەی لە گەڵ دۆست و ناسیارەکانی ناوخۆی وڵاتی هەبوو. دوای دوور خستنەوەی ئەحمەد بنکەی شێخان بە کردەوە هی لایەنگرانی ئەحمەد بوو. لە ناو خۆی وڵاتیش مراد و چەند نوێنەری ئەحمەد تۆفیق بە تایبەتی لە لاجان خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی و هەڕەشەی لەم و لەو بوون. سوارە سەکر یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە پەیوەندییەدا دەهات و دەچوو، تفەنگ و تەقەمەنیش لە بنکەی شێخانەوە دابین دەبوو. گۆیا کاک سەدیق ئەم مەسەلەی لە لای سەدیق ئەفەندی و فرانسوا درکاندوە و هەر لەبەر ئەمەش سوارە سەکر گیراوە و دراوەتەوە بە ئێران. ئەم کارە بە گوێی ئەحمەد دەگاتەوە و تەنووری تورەیی دەهاروژێنێ و بڕیاری کوشتنی دەدا. حەسەنی برازای ئەحمەد جێبەجێ کردنی ئەم کارەی دەخرێتە ئەستۆ.

لە هاوینی ١٩٦٦ تەنیا ٣ رۆژ دوای ئەوە کە لە لێوژە بە یەکەوە لە گەڵ کاک سەدیق و سالار و مەلا سەید رەحمان و سەعید نانی نیوەرۆمان خوارد و ئەو بۆ دیتنی حەبیب بەرەو قەسر، جێگای رادیو شۆڕش چوو، بوو بە دەنگۆ کە کاک سەدیق نانی نیوەرۆیەی بەجێهێشتوە و نەگەڕاوەتەوە. ماوەیەکی زۆر شایعەی سەیر سەیر لەم بارەیەوە بڵاو دەکرایەوە. پەیگیری و دواکەوتن بە دوای ئەم رووداوەدا، نیشانی دا، دوای ئەوە حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق لە جەماعەتی رادیوی شۆڕشی دوور خستۆتەوە بەرەو "وەسان" هەڵکشاون، ئیتر سەدیق بە زیندوویی نەدیتراوەتەوە. حەسەن گۆیا، حاسڵ، محەمەد حەرەس و دووسێ کەسی تریشی لە گەڵ بوە. کاک هەژار ئەگەر لە بیری مابی و حاشای لێ نەکا، خۆی ساڵی ١٩٧١ باسی چاوپێکەوتنی ئەحمەد و هەرەشە و گورەشەی ئەوی کرد کە ئەگەر وابێ و وابکرێ وەک سەدیقی کە "تۆپاندوویەتی" بەرهەڵستکارانی تریشی "دەتۆپێنێ".

چەند مانگ دوای بێ شوێن بوونی کاک سەدیق، برادەرانی "حشع" لاشەیەکی سەر بڕاویان لە چەم دۆزیبووە کە پێیان وابوو دەبێ کاک سەدیق بێ.

بە پێی لاپەڕەی ١٧٨ کتێبی پێداچوونەوەی کەریمی حیسامی، یۆسفی رێزوانی نووسێبوی کە سەدیقی ئەنجیری بە دەستی حەسەنی ئیسحاقی و زەکی کامیل خەڵکی ئاکرێ کە پێشمەرگەی p-

k بوو، شەهید کرا. هەر لە سەر کوژرانی سەدیق ئەنجیری، کەریمی حیسامی ئاماژە بە نامەیەکی دوکتور قاسملوو کە لە لاپەڕەی ٥ بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکان دا تۆماری کردووە دەکا: کاکە خەبەرێکی زۆر ناخۆش و سەیر. کاک نوری ئەحمەد تەها لێرەبوو. باسی ئەوەی دەکرد کە چەند مانگ لەمەوبەر لە رایەت بوە. لەوی تووشی بابی سەدیق ئەنجیری بوە کە لە کوڕەکەی دەگەڕا.

پاش ماوەیەک لە سلیمانی معینی پرسیوە. سلیمان گوتوویەتی: بەڵێ ئەنجیری چەند مانگ ون بوە و دیار نیە و ئێمە بۆمان دەرکەوتوە کە ئەحمەد تۆفیق لە بەینی بردوە. گویا سلیمان زۆر بە پەرۆشەوە ئەو مەسەلەی باس کردوە...

ئەمیر قازی لە سەر بەدوادا چوون و ون بوونی سەدیقی ئەنجیری لە لاپەڕەی ١٤٧ کتیبی بیرەوەرییەکانی دا ئاماژە بەوە دەکا کە لە بەهاری ١٩٦٥ لە دۆلەرەقە بە بەشداری سێ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، سولیمان موعینی و ئەمیر قازی و میرزا حەمەد و هێندێک کادری دیکە کۆبوونەوەیەک دەکەن و دوو خاڵ دەخەنە بەرباس. یەکەم چارەسەری وەزعی شپرزەی حیزب و دووهەم بە جیدی وەدوای سەر و سۆڕاغی کاک سەدیق ئەنجیری. لە سەر خاڵی یەکەم کاک ئەمیر دەڵێ کە لەو کۆبوونەوەدا، کەسی ئاوا هەبوو کە پێیخۆش نەبوو کە کاک ئەحمەد تۆفیق کە لە ساڵی ١٩٦٥ دوو خرابۆوە بەشدار بکرێ. لەو کۆبوونەوەدا کاک فایق وەک نوێنەر دیاری کرا تا بچێتە لای مەکتەبی تەنفیزی بۆ بەدواچوونی پێی و شوێنی کاک سەدیق و هەروەها وەرگرتنی یارمەتی، بۆ گرتنی کۆنفڕانس.

هەر لەسەر بزر بوونی کاک سەدیق، ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٤٧ کتێبەکەی دا دەنووسێ: لە سەر بزر بوونی کاک سەدیق بۆچوونی تایبەتی خۆم هەبوو لام وابوو لەوانەیە کاک سەدیق کە کەسایەتێکی زۆر مولایم و ئارام، لە هەمانکاتدا دوورکەوتوو و ناشارەزا لە هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بە تایبەتی هەلومەرجی ناسک و نالەباری شۆڕش و ناتەبایی ناوخۆیمان، وەڕەزیان کرد بێ و گەیشتبێتە رادەیەک لە بێهیوابوون، کە بە بێ دەنگی و بە نەهێنی بەرەو تاران لە باشوور دەرچوو بێ، خۆی گەیاندبێتەوە تاران و لەوێ ماتەی هەڵگرتبێ. دەنا کێ کاری بە مرۆیەکی ئاوا بێ ئازار دەبێ، بەڵان دواتر هەڵەبوونی بۆچوونی خۆمم لێروون بۆوە.

لەسەر بێ سەروشوێن کردنی سەدیق ئەنجیری قسە زۆرە، پەریزادی موعینی لە حەوتەنامەی سیروان ژمارەی ٨٣ لە زمانی سولەیمانی برای کە ٦ مانگ بەر لە شەهید بوونی لە ئاوایی قەمتەرێ چاوی پێکەوتووە، دەڵێ: ماوەیەک لەوەی پێش لە چادرێک دا جەلەسەی حیزبیمان هەبوو. کاک سەدیق بە مەبەستی دەست بە ئاو گەیاندن لە چادرەکە چووە دەرێ و ئیدی نەگەڕاوە. ئێوە لە رێگای ئاغای مستەفا ئەعلەم (خزمی بابم) کە کوڕە مامی کاک سەدیقی ئەنجیرییە و لە فەڕانسە دەورەی پسپۆڕی دەبینێ لە رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی (ماڤی مرۆڤ) بپرسن کە ئایا لە زیندانی رێژیمی شا دایە یان نا؟

پەریزادی موعینی ئاماژە بەوە دەکا کە کاک سولەیمان پێی‌گوتووە کە دوای ون بوون کاک سەدیق هەموو رووبار و ئەو ناوچەیە گەران بەڵام جەنازەکەیان نەدیتەوە. مامۆستا هەژار لە

لاپەڕەی ٤٩٠ دەنووسێ: کوردێکی سابلاغی بە ناوی ((سەدیق ئەنجیری)) ماوەیەک بو لە تارانەوە هاتبوە( دەربەند) لە( باڵەکایەتی). هەوڵ جار لە شاری قەڵادزەم دیت. دوایی لە دەربەند چەند جارێکم دەدیت. تاریفی خوێندەواری و زاناییان دەکرد، پیاویکی هێدی و هێمن و لەسەرەخۆ بو. لەو سەردەمانەدا کە ئەحمەد دور خرابۆوە بۆ سنوری تورکیە و ئێمەی لە (لێوژە) بوین، رۆژێک دەگەڵ سەعید ناوێک ( کە بە چاوێک بو) بونە میوانی بنکەکەمان. پازدە رۆژ مانەوە. رۆژانە خۆی و سەعید دەچونە دەری دێ، بۆ جەمی نیوەڕۆ و شەو دەهاتنەوە و تەواو هۆگری سەدیق ببوین. چەند جارێک لە مەکتەبی سیاسیەوە کە زۆرمان لێ نیزیک بو، خەبەریان داینێ کە ئێرانی ناوی ئەویان پرسیوە، با لەو نیزیکە نەمێنێ. سامی و من حاشامان کرد و جوابمان نەدانەوە. رۆژێک دەبوایە دو رۆژنامەنوس و فیلمبەردای ئەڵمانی بێنە لامان لە لێوژە. کاک سامی بە سەدیقی گوت: (( ئەمرۆ مەچنە ئەو سەکۆیەی ناو دارانە کە هەمو رۆژ لەوێ دادەنیشن، چونکە نازانین کێ دەگەڵ ئەو ئالمانیانە دێ، لەوانەیە جاسوسی ئێرانی رەگەڵیان کەوتبێ)). سەدیق لەو قسە ناڕەحەت بو گوتی: ((دیارە دەتهەوێ رامنەگری)). ئیتر بێ خواحافیزی کردن دەگەڵ سەعیدە کوێر رۆیشتن. چوبونە جێگەی رادیو لە (گردیم)، ببونە میوانی ((خالیداغای حیسامی)). گوتبوی هێلکەم هەیە چۆنی دروست کەین؟ سەدیق گوتبوی: ((دەچم لەم دەم چەمە پنگە دێنم، کوکی دروست دەکەین)). ئیتر ئەو رۆینەبو نەهاتەوە و بێ سەر و شوین چو، کەس خەبەری نەزانی. سەدیق زۆرجار سەفەری دەکرد بە هەواڵانی خۆی نەدەگوت بۆ کوێ دەچم. هەمو کەس کە دەیناسی، لای وابو عەقڵی بڕیویە چۆتەوە ئیران و تاران بۆ لای هەواڵانی تودەیی خۆی. پاش ماوەیەکی زۆر، باوکی سەدیق لە قەسرێ هاتە لای مەلا مستەفا. باسی کوڕەکەی کرد کە لەم ناوە شرت و گوم کراوە. بارزانی گوتی: ((هیچ وەخت کوڕی تۆم نەدیوە و ناشزانم کێ دەڵێی. تاقیق دەکەم، تۆش بپرسە بەڵکو شتێکی لە چارەنوسی بزانی)). ئێستاش کەس نەیزانی سەدیق ئەنجیری چی بەسەر هات.

مەلاعەوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٢٣٥ کورتە مێژوی حیزبی ... دا لە سەر کوشتنی سەدیق ئەنجیری ئاوا دەنوسێ: چەند ساڵ دوای کوژرانی سەدیق ئەنجیری کاتێک ئەحمەد تۆفیق و مەلا سەید رەشید لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە رۆیشتن و چوونە نێو دەوڵەتی عێراق، ئەحمەد تۆفیق لە لای مەلا سەید رەشید ئێعتڕافی کرد بوو کە سەدیق بە دەستووری ئەو و بە دەستی سەید حەسەنی برازای لە رێگای لێوژێ بۆ سوورەبان لە سەرەوژێری وەسان(سێ گوندن لە ناوچەی ناودەشت و دۆڵی باڵەیان) کوژراوە. ئەمە بوو بە هۆی لێک دابڕانی ئەحمەد تۆفیق و مەلاسەید رەشید، چونکە ئەو پیاوە پیاوی ئینسان کوشتن و ئەو جۆرە پاکانە حیسابانە نەبوو.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٨١ ئەزموونی خەبات دا، ئاماژە بە قسەی مەلا سەید رەشید کە لایەنگری ئەحمەد تۆفیق و لە موخالیفانی سەدیق بووە دەکا و لە سەر کوشتنی ئەو بە دەستی ئەحمەد تۆفیق دەنووسێ: کاک مەلا سەید رەشید بۆخۆی بۆی باس کردین کە لە سەر چی لێی

جودا بۆتەوە. گوتی کە رۆیشتین هەر لە چیای ″پێرس″ دەهاتینە خوارێ ″پیس پیس″ بۆی گێڕامەوە کە سەدیق ئەنجیری ئەو کوشتوویەتی.

دوای گێڕانەوەی ئەو رووداوە مەلا سەید رەشید هیچ نالێ بەڵام کە دەگەنە بەغدا لەوێ لە ئەحمەد تۆفیق جوێ بووە.

ئەحمەدی کاکەمەممی لە دەستنووسێکی ئینتێرنێتی بە لاتاو و بە شاراوەیی باسی ئەوە دەکا کە ئەحمەد تۆفیق ویستویەتی حەمەدی رەشی سیاقۆڵیش بکوژێ و دەنووسێ: حەمەڕەش لە دوای ئازاد بوون لە زیندان، ماڵاوایی لە کەس و کاری کرد و بڕیاری دا دەگەڵ خەباتکارانی دەرەوە کە پەڕیوەی گەرمێن و لە ناوچەی شارباژێر دەژیان تێکەڵ بێت. ئەم فەزای ناکۆکی و دڕدۆنگیی یاران، دەگەڵ سروشتی پاک و بێگەرد و خەباتکارانەی حەمەڕەش ناتەبا و بێگانە و نەگونجاو بوو... بە دوای تێرۆری شەهیدی نەمر کاک (سەدیقی ئەنجیری، گوڵانی ١٩٦٦)دا، حەمەڕەش بە هۆی چەند پێوەندیەکی گرینگی(ئەحمەد تۆفیق) دەگەڵ... مولاقاتەکانی سەرچۆمی قاوەخانەی ″حاجی مامیان″ و ″کەندالەی سووری سلۆک″ لە گیان و مانی وەنیگەرانی دەکەوێت و ئاگادار دەکرێت کە ڕەنگە ئەوجار نۆرە بگاتێ. دەگەڕێتەوە کوردستانی ئێران.

سەرەرای ئەوانەی کە باس کران، کەسانی ئەوتۆ یەک لەوان دوکتور یاسین سەردەشتی هەن کە بە بێ بەڵگە دەیهەوی بسلمێنێ کە ئەحمەد تۆفیق لە هەموو خەتایەک بێ بەرییە و لە لاپەڕەی ١٥٠ی کتێبی "ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق" دا دەنووسێ: ... نەیارە شەخسی و حیزبییەکانی ئەحمەد تۆفیق بەبێ هیچ بەڵگە و لێکۆڵینەوەیەک لە نووسین و گێڕانەوەکانیاندا هەوڵ دەدەن بێ سەرو شوێنکردنی ناوبراو ″سدیق ئەنجیری″ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بخەنە ئەستۆی ئەحمەد تۆفیق، بە بیانووی ئەوەی کە لەنێوان هەردووکیاندا ناکۆکی فکری هەبوو.

ناسینی کەسایەتی سەدیقی ئەنجیری، رادەی شارەزایی و تێگەیشتوویی پێویستی بە تاوتوێ کردنی زۆرە. عەبدوڵای حەسەنزادە کە لەساڵی ١٣٤٣ چاوی بە سەدیق ئەنجیری کەوت بوو، لە لاپەڕەی ٦٠ ئەزموونی خەبات دا دەڵێ: سەدیقی ئەنجیری پیاوێکی زۆر ناسک بوو. پیاوێکی زۆر خوێندەوارو سیاسی و تێگەیشتوو بوو. بەڵام لەعەینی حاڵ دا پیاوێکی زۆر ساویلکە، سۆفی مەسلەک و عارف مەسلەک بوو.

کەسایەتی بەرزی ئەنجیری لە نێو شاعیر و روناکبیرانی گەورەی ئیران دا، لە رادەبەدەر بەرچاوە و دێهخودا کەسایەتی گەورەی فەرهەنگی ئێران، دەری دەبڕێ کە بۆ ئامادەکردنی فەرەهەنگەکەی، سەدیقی ئەنجیری ئازەر(کوردی مەهابادی) یارمەتیدەری سەرەکی بووە.

قادر وریا لە سایتی ئینتێرنیتی دا، لەسەر کەسایەتی سەدیقی ئەنجیری ئاماژە بە یادداشتەکانی نیما یوشیج ("برگزیدە آثار نیما یوشیج ساڵی ١٣٦٩") باوکی شیعری نوێی فارسی لە دەیەکانی ٣٠ و ٤٠ دەکا کە چۆن باسی گەورەیی سەدەیق ئەنجیری و کاریگەری ئەو لەسەر خۆی دەکا و دەنووسێ:

**سەدیق ئەنجیریئازەر لە یادداشتەکانی نیما یوشیج دا**

"ئەنجیریئازەر تەنیا پیاوێك بوو كە دیتم. ئازەر ئەنجیری تێدەگا. ئەنجیریئازەر تەنیا پیاوێك بوو كە من دیتم، چونكە كوردە (بانەمەڕی ١٣٣٤، لاپەڕەكانی ٢٣٤ و ٢٣٥).

"ئەگەر ئەو لاوە نەجیب و هۆشمەندەی كورد نەبا، من زۆر دڵتەنگتر دەبووم. (كەسێكی) یەكجار تێگەیشتووە. زۆر هەستیارە. باشتر ئەمەیە بڵێم زۆر خوێندەوار و كارامەیە (لاپەڕی ٢٣٩)

"بەڵام كەسانی دیكە لە بناغەی كاری من تێگەیشتوون. هەر لە جێدا، دۆخی گۆڕان، دۆخی گۆڕانە. هەر لە جێدا وەك ئەنجیری دەڵێ دەبێ ڕوانین و فەلسەفەی ژیانی نیما ببینرێ."

... "هێندێك كەس 'فوت و فن' (وردەكاری و تێكنیكی) هونەری من تێگەیشتوون بەڵام كەسێك هەیە كە هەموو دەرد و ڕەنجی منی لە ڕووی شیعرەكانمەوە هەست پێكردووە، ئەمە لە كاتێكدایە كە ئەوانەی ژیانی منیان دەناسی نەیانتوانیوە بەهۆی ژیانی منەوە لە دەردە شاراوەكانی نێو شیعرەكانم تێبگەن. ئەو یەك كەسە دەردەكانی منی وەها ناسی كە بووە بەهۆی سەرسووڕمانی خودی خۆم. لە خودی خۆم و لە هەموو كەس باشتری ناسی. تەنانەت (لە) ئالی ئەحمەد. چونكە ئالی ئەحمەدیش زۆر لە دەردەكانی منی لە ڕووی بەرهەمەكانی منەوە ناسی. بەڵام ئەم یەك كەسە بە جۆرێك من دەناسێ كە من بۆخۆم دەبێ لەو بپرسم ئەرێ من كێم؟ ئەم یەك كەسە لاوێكی كوردە و پەرێشانی ڕۆژگار. ناوی ئەنجیریئازەرە. من لە یادداشتەكانمدا لەوانەیە چەند جار ناوی ئەوم هێنابێ. ئەگەر توانیبام شەو و ڕۆژ لەگەڵ ئەم لاوە كوردە پێكەوە لە جێیەك بین، دەمتوانی شەو و ڕۆژ كار بكەم "بنووسم" (جۆزەردانی ١٣٣٤، لاپەڕی ٢٤٥).

... "ئەم لاوە كوردە لێوەشاوەترین پیاوێك بوو كە ئەمساڵ شانازیی ئاشنابوون لەگەڵ ئەوم هەیە. ئەم لاوە، ناڵێم چەند زمانان دەزانێ، ناڵێم شیعری ئەمڕۆ و دوێنێ و شیعری هەر ڕۆژێك لە هەر شاعیرێك باشتر تێدەگا، ناڵێم شیعر ناڵێ، بەڵام دەزانێ شیعر چییە. ناڵێم تێگەیشتنێكی چەندە مەنتیقیی هەیە. ناڵێم لە باری قەزاوەتەوە چەندە گەشەی كردووە. ناڵێم چ كەسایەتییەكە و خەریكی چییە."

ئەو گەورەترینی ئەو مرۆڤانەیە كە من لە ماوەی ژیانی خۆمدا تووشیان بووم. من زۆر جار تووشی مرۆڤی هاوڕوانگە و هاوبیری خۆم بووم. ئەو لە هەمووی ئەمانەی تێپەڕاندووە."

ئەم لاوە كوردە و بەتایبەتی كورد بە واتای مرۆڤ، لە تەواوی ساڵی ١٣٣٤ و ساڵی ١٣٣٣دا مایەی دڵنەوایی من بوو."

ئەم كوردە ئەوەندە تێگەیشتووە كە تێگەیشتنی وی، لە سەرووی زانایییەوەیە و زانایییەكەی لە سەرووی تێگەیشتنەوەیە."

من لە باری زانستی ئەوەوە، دیسان هیچ ناڵێم. ئەو زۆر شتی خوێندۆتەوە و لە كەسانی دی باشتریان دەزانێ. ئەگەر بە زمانی عیرفان قسە بكەم دەبێ بڵێم ئەو گەیشتۆتە "حق الیقین"ی زانستەكانی خۆی."

ئەو لە سەرووی زانستەوەیە. زانستێكە كە دەبێ لەگەڵ زانست بیخەیتە تای تەرازوویەك و كەم و كورتییەكانی زانستی مرۆیی، بەو مەزەندە بكەی (لاپەڕەی ٢٥٢).

... لێرە و لەوێ چیان بیستووە(؟) من زۆری پێ ناڕەحەت بووم. پێم خۆشبوو شەو و ڕۆژ ئەم لاوە نەجیبە کوردەم بدیبا. ئەم لاوە خاوەن زانستە و تێگەیشتووە کە من تەنیا بە نەجیب و مرۆڤ ناوی دەبەم."

کاتێك دەبینێ من خەریکە دەگریم، گریانی دێت. من لەم لاوەدا ڕەنگدانەوەم نییە، ئەو لە مندا ڕەنگی داوەتەوە. من و ئەو لە یەکتردا رەنگمان داوەتەوە. ئەو ئاوێنەیەکی خاوێنی دەردە ئینسانییەکانە (لاپەڕەی ٢٥٤).

"ئەم لاوە تێگەیشتوو، خوێندەوار و ئەدیبە؛ ساڵی ١٣٢٧هاتە تاران و ڕوویکردە پیشەی مامۆستایەتی. دوایە دایك و بابیشی هێنانە تاران. برایەکی مرد و برایەکیشی ئێستا قوتابیە. بژیودەری بنەماڵەیە. لە ژوورێکی بەرڕۆژ (آفتاب رو) بە سەختی دەژی."

"ئەنجیریئازەر پێی گوتم لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری جەننەتی قسە لەسەر ناوی من بوو کە گەورەترین شاعیر بێ یان شاعیری گەورە. شاهرووددییش هەر ئەمەی دەگوت."

خەڵك چەند چکۆڵەن کە گەورە نابینن و گەورە چ وشەیەکە کە تا ئێستا ئەوەندە خەڵکی هەڵفریواندوە..."

خەڵك بیروڕایەکی ڕاستەوخۆ و مەنتیقییان نییە، ئەگینا قەزاوەت کردنیان ئاسان دەبوو. خەڵك چەند ساویلکەن کە پێیان وایە ئەم قسانە کارم تێدەکەن (لاپەڕی ٢٦٦ ساڵی ١٣٣٤).

"لەگەڵ ژن و منداڵەکەم چووینە لای Hadi و وێنەمان گرت. بۆمان ڕوون نەبۆوە بۆچی ناتوانین بە جلوبەرگێك کە پێمان خۆشە، وێنە بگرین. بۆ وێنە ئێمە ئەگەر جلکی کوردیمان لەبەردابایە ئایا لەو ئاتلیە ئیمکانی وێنەگرتنمان نەبوو؟ Hadi دەیگوت وێنەگرتن بە جلوبەرگی کوردییەوە مومکین نییە مەگەر لە ماڵی خۆتان".

## بەشی ٨٥

## بێدەسەڵات بوونی ئەحمەد تۆفیق لە لای شۆڕش دا

جیا لە ناکۆکی نیو حیزب و سەرەرای ئەوەی کە مەرحومی مەلا مستەفا، لە بەرانبەر بە هەموو ئەندامانی حیزب بە تەواوی پشتیوانی لە ئەحمەد تۆفیق دەکرد، بەڵام لە لایەن کاربەدەستانی شۆڕش، وەک عەوڵاغای پشدەر کە فەرماندەری هیزی پێشمەرگەی مەڵبەندی باڵەکایەتی بوو و کەسانی دیکە، بە تەواوی دژایەتی و لە لای بارزانی دووزمانی لێدەکرا.

ئەو دژایەتییە، بە بەهێز بوونی پەیوەندی نێوان رێژیمی ئێران و شۆڕش، ئەوەندی دیکە پەرەی ئەستاند و نەتەنیا ئەحمەد تۆفیق، بەڵکوو ئەندامانی دیکەی حیزبی دیمۆکراتیشی گرتەوە. زەخت و گوشار بۆ سەر ئەندامانی حیزب، بە تایبەتی لە ناوچەی باڵەکایەتی رۆژ بە رۆژ زیاتر بوو و هاموشۆی ئەندامان توشی مەترسی بوو. پێکهاتنی وەزعییەتێکی ئەوتۆ، رەنگە هۆکاری شاراوەی دیکەش هەبوو بێ و مەلامستەفا بە هەڵاتنی ئەحمەد تۆفیق لە زیندانی رێژیم لێی بە شک کەوت بێ و ئەوە بوو بێتە هۆی نیگەرانی ئەو کە وەکو رابردو، چیدیکە حیساب بۆ ئەحمەد تۆفیق نەکا و لە ژێر باڵی نەگرێ.

جیا لەوانە، کوشتنی شۆڕشگێڕانەی مەلای خۆڕخۆڕە، کە گوایا بە دەستووری ئەحمەد تۆفیق بووە، رژێمی ئێرانی توڕە کرد بوو. ئەو فیشەکەی کە مەلا محەمەدی پێکوژرابوو، لەو گوولانە بوو کە لە لایەن رێژیمی ئێرانەوە دەدرا بە شۆڕش و رێژیمی ئێران پشتی دەکڕاندن بۆ ئەوەی نەزانرێ کە مارکی ئێرانی پێوەیە. ئەو قاوغە فیشەکە بە هۆی کەسانێک کەوتە دەستی بارزانی و توانیان ئەحمەد تۆفیق لە لای ئەو بێزراو بکەن. گشت ئەوکارانە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەحمەد تۆفیق بکەوێتە بەر هێرشی کاربەدەستانی شۆڕش.

دوکتور یاسین سەردەشتی لە لاپەڕەی ١٤٨ کتێبی "ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق" دا بە ئاماژە بە کتێبی "چپ در ایران" کە وتەی سیخوڕەکانی ساواک بەیان دەکا، باس لە توڕە بوونی مەلامستەفا و ئیدریس بارزانی لە ئەحمەد تۆفیق دەکا و دەنووسێ: هەروەها راپۆرتێکی تردا هاتووە کە چالاکییەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکرات لە ئێران، بۆتە هۆی توڕەبوونی ئیدریس بارزانی، هەر بۆیە کاتێک ناوبراو چاوی بە ئەحمەد تۆفیق کەوتووە لە ”گەڵاڵە”، بێ وەستان بە قسە پەلاماری داوە و پێی گوتوە: ”چەند جارمان پێکوتی کە لەم ناوە نەبینرێیت، برۆ گۆرت ونکە، ناتوانین بەرژەوەندی شۆڕش بۆ تۆ و دوو سێ نەفەری بێ مایە بخەینە ژێر پێ، لەم ناوە مەمێنە دەنا فەرمان دەدەم سمێڵت بتاشن”. راپۆرتەکە دەڵێت: ئەحمەدیش زۆر بە توڕەییەوە بەگژ ئیدریسدا چۆتەوە و پێی گوتوە تۆ کەسێکی هەرزە و بێ شعوری سیاسیت. پاشتر ئەحمەد تۆفیق نامەیەکی دوورو درێژی بۆ مەلا مستەفا بارزانی نووسیوە و تێکرای خەبات و تێکۆشانی خۆی بۆ کورد و شۆرش و بارزانی بیر خستۆتەوە و نووسیویە: ”بۆ ریش هاتووم بۆ کوردستانی ئازادکراوی عێراق، کە چی بەداخەوە سمێڵیشیان خستە بانی”.

هەروەها راپۆرتەکە دەڵێت  مەلا مستەفا فەرمانی داوە ئەحمەد تۆفیق بۆ ناوچەی بارزان دوور بخەنەوە، ئەگەر فەرمانەکەی جێبەجێ نەکرد بیگرن  و بە دەستبەسەری رەوانەی کەن.

دیارە ئەو قسانە لەگەڵ عەقل نایەتەوە. ئەحمەد تۆفیق قەت لە قسەی ماڵە بارزانی دەرنەچووە و هەتا لە مەیدان دا بوو، بێ‌قسەی ئەوانی نەکردووە و تەنانەت بە خاتری بارزانی نەگەڕاوە بۆ لای هاوڕێیانی لە نێوخۆی وڵات دا و ئامادە بوو بڕوا بۆ شوێنی دوورخراوەیی کە ئەوان بۆیان دیاری کرد بوو. ئەحمەد تۆفیق دەیزانی کە ئیدریس بارزانی چەند بە سامە و لە لای ئەوان رێزی خۆی دەزانی و دەیزانی کە چ قسەیەک بڤەیە بۆ گوتن نابێ.

ئەگەرچی ئەحمەد تۆفیق لە پێناوی شۆڕشی کوردستانی باشوور دا هەموو کارێکی کرد، بەڵام ئەو وەزعەی بۆ تەحەمول نەدەکرا و کەسێکیش نەبووە کە وا بە ئاسانی تەسلیم بێ. رۆژێک کە ئەمیری قازی و سەید رەسووڵ بابی گەورە لە شیخان میوانی بوون، دوای نان و چا خواردن ٨ تا ٩ پێشمەرگە هەڵدەگرێ و دەڵێ کارێکی هەیە. یەک دوو سەعاتی پێ دەچێ و دێتەوە. مەلا عەوڵای مەلا عوسمان، کە یەکێک لە پێشمەرگەکان بووە، لە کاک ئەحمەد هەلدەبڕێ و بە غار دێتە لای ئەمیری قازی و بە پێی لاپەڕەی ١٤١  کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" بە ئەمیری قازی دەڵێ: ″کاکە من پیاوی کەس نیم، بێجگە لە پیاوی خەڵکەکەم. من ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانم. ئەحمەد تۆفیقم لە تۆ خۆشتر دەوێ، چونکە باوەڕم پێیەتی، بەڵان تۆش وەک ئەحمەد تۆفیق، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسایەتییت لە حیزبدا، بە قەد بەرپرسایەتی ئەحمەد تۆفیقە. ئێمە ئەوە بەرەو کاریک دەچین کە قازانج و زەرەری پێی هەمووان دەگرێتەوە. رەنگە پێت نەگوترابێ ئێمە بۆ کوێ دەچین و خەریکی چ کارێکین! بۆیە بە ئەرکی خۆم زانی بگەڕێمەوە و پێت بڵێم کە ئێمە دەگەڵ کاک ئەحمەد دەچین تا کەسانێ لە بەرپرسانی شۆڕش ببینێ. بە ئێمەی گوتووە، هەر کەسێکم دەست لە سەر دانا، گوللەبارانی بکەن″.

کاک ئەمیر بە غار لە دەرەوەی ئاوایی خۆی دەگەیەنێتێ و بە سەری دادێ و ئارامی دەکاتەوە. کاک ئەحمەد دەڵێ: ″کوڕە لێم‌گەڕێ، گوێلکیان پێ هەڵێناوم، گوێلک″.

ئەوانە بوونە هۆی ئەوە کە ئەحمەد تۆفیق بیر لە گەڕانەوە بۆ لای حیزب بکاتەوە، کە تا ئێستاش وەک بەرپرسی یەکەم بوو. لەو سەروبەندەدا جاریک سەید رەسوول بابی گەورە کە لە دەربەند لە لای ئەحمەد تۆفیق دەماوە، دێتە ئاوایی "سونی" و دوایی جەولەیەک بۆ نێوخۆی وڵات، دەگەڕێتەوە و لە گەل ئەمیرقازی دەچنەوە لای ئەحمەد تۆفیق. لەو چاوپێکەوتنەدا، کاک ئەحمەد قەول دەدا کە ئەگەر برادەرانی ناوخۆ بگەڕێنەوە، لە سونێ سەریان بدا.

ئەحمەد تۆفیق لەگژ هەموو کەس رۆ چووبوو، لە نێوخۆی حیزب دا زۆربەی کادر و ئەندامانی حیزب لێی تارا بوون. لە کوردستانی باشوور بەرهەڵستی زۆربەی عەشیرەتە گەورەکانی کرد بوو و لە دژی باڵی مەکتەبی سیاسی(برایم ئەحمەد) زۆر توند بوو. خەڵکێکی زۆریش لە نێو پارتی دا بۆیان تێدەچاند. بۆیە بە خۆی و چەند پێشمەرگەی قارمانی رەش و رووتی حیزب، زەحمەت بوو بەرگەی ئەو هەمووە دوژمنە بگرێ.

## دوور خستنەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆ کانی ماسی

ئەحمەد تۆفیق دەیتوانی لەبەرانبەر بە گشت زەخت و گۆشارەکانی رۆژگار دا خۆ بگرێ بەڵام ئەوەی بەڵایەوە گرینگ بوو و لە دەروون دا پێی ناڕەحەت بوو، لەدەست دانی پشتگری مەلا مستەفا بوو. ئەوەش راستییەکی حاشا هەڵنەگر بوو و ئەحمەد تۆفیق بە مەلا مستەفاوە گەورە بوو و زیبک و زاکونی هەبوو. تاهیر مەلا عەلی یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاورێی ئەحمەد تۆفیق، لە ژمارە ١٢ گۆڤاری "پیامی کوردستان" دەنووسێ: چووینە دێیەک بە نێوی ماوەتانی چکۆڵە، نزیک حاجی ئۆمەران، گوتیان مەلا مستەفا دێتە ئەوێ. ئەگەر گەیشتینە ئەوێ، کاک ئەحمەد کۆی کردینەوە و گوتی: ئەوەی من دەیڵێم پیشبینیە نەک حەقیقەت، ئەو مەلا مستەفایەی ئەمن دەیناسم هیچ وەخت کورد تەحویل ناداتەوە و کورد کوژ نییە. ئەگەر دنیا بوو ئەمنیان تەحویلداوە، سەلیم ئەتۆ بە رەگبار لێم دە، تاهیر ئەتۆش لە سەرم دە. ئەوانەی دیکەی لە دەوروبەری رێگا دامەزراد. مەلا مستەفا بە لاندوێرێک هات ١٠-١٥ بارزانی لەگەڵ بوو، دوو لەندوێری دیکەشی لەگەڵ بوو... مەلا مستەفا گوتی: ئەحمەد! کارم پێتە. ئیشارەی بە دوور کرد و گوتی: هۆو خێوەتەت لە حاجی ئۆمەران دیوە، لەوێدا سەرهەنگ ئاریانا "یا شتێکی وای گوت" لەوێیە و ئێران داوای تۆم لێ دەکا. لەم سەر مەرزە مەمێنە... بە خودێی بارزان! لەبەر تۆ گوشارێک لە سەر منە، کە بە خودا ئەگەر لەسەر تۆ بایە هەڵت نەدەکرد و ئێستاش داوایەکت لێ دەکەم مەڵێ نا، هەستە برۆ لە بارزان دانیشە... کاک ئەحمەد گوتی: ئیجازەم بدە دەچمە ئوروپا، دەخوێنم، مەلا مستەفا گوتی: نا لەوێ لە دەستم دەچی و دوور دەکەوێوە، ئەو باوەرەی بە تۆم هەیە بە لوقمانی کورم نییە... کاک ئەحمەد گوتی باشە بە قسەت دەکەم، بەڵام دەتوانی ١٤-١٥ رۆژم مۆڵەت بدەی ...

تاهیر مەلا عەلی لە درێژەدا دەڵێ: پێموابێ بەهاری ١٩٦٥ بوو( بەهاری ١٩٦٦ راستە). کاک ئەحمەد گوتی کورینە کۆبنەوە کارم پێتانە، ئێوە پێشمەرگەن و سامان و شەرەفی میللەتی کوردن. پارێزەری ژیان و شەرەفی کوردانن. ئەمنیش وەک ئێوە تەنیا پێشمەرگەیەکم و کەس لە کەس زیاتر نییە. ئێستاش هەر وەک دەزانن ئەمن لەسەر ویستی مەلا مستەفا دەچمە "بارزان" جا رەنگە ساڵێک یان چەند ساڵم پێ بچێ. ئێوەش ئەو تفەنگەی لە شانتان دایە، ئی خۆتانە. ئەگەر دەچنە پاڵ پارتی و بارزانی ئیختیار بە خۆتانە، ئەگەر دادەنیشن و کاسپی دەکەن، مانع نیم. بۆ خۆتان ئازادن، بەڵام بە مەرجێ کاری خوێری و چەوت نەکەن و خیانەت نەکەن و مەبنە داردەستی دوژمنان. تێکرا فرمێسکمان هاتە خوار، گوتی: فشارمان بۆ هاتووە و بەدەست خۆمان نییە.

دوور خستنەوەی ئەحمەد تۆفیق وەک بەرپرسی یەکەمی حیزبی دێموکرات بۆ ئاوایی کانێ ماسی رەنگە بە رواڵەت بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و رەواندنەوەی نیگەرانی رێژیمی ئێران رووی دابێ، بەڵام دەکرێ بابەتی دیکە لە پشت ئەو رووداوە بوو بێ.

ئامادەگی ئەحمەد تۆفیق بۆ خۆکوشتن لە ئەگەری تەحویل دانەوەی بە رێژیمی ئێران بە هۆی مەلامستەفا، نیشان دەدا کە ئەحمەد تۆفیق لە خۆی نیگەران بووە و هەستی بە مەترسێک کردووە کە رەنگە سەرچاوەکەی بگەڕێتەوە بۆ راکردنە گوماناوییەکەی لە زیندانی عێراق دا. دەنا ئەحمەد

تۆفیق کە قەت لە قسەی مەلا مستەفا دەرنەچوو و بە قسەی زۆر شاهیدی عەینی، زۆرجاریش لەخۆی رادیوە لە مەلا مستەفا تورە بێ، بۆ دەبێ لەخۆی نیگەران بووبێ. دیارە هەم بۆخۆی لە خۆی نیگەران بووە و هەم دەزگای پارستنی پارتی لێی بە گومان بووە کە بە پێی توانایی لە رادەبەدەری کارێکی مەترسی دار بکا.

ئەحمەد تۆفیق کە زۆر بە دوورخستنەوە نارەحەت بوو لە کانێ ماسیش لە ژێر چاودێری توند دابوو. ئەمیر قازی دەگێرێتەوە کە لە ئیوارەیەکی ساردی پاییز ١٩٦٥ (١٣٤٤) سەید حەسەن برزای ئەحمەد تۆفیق، نامەیەکی ئەحمەد تۆفیقی بۆ هێناو کە بۆ مەلا مستەفای نووسیوە و داوای لێکردوە کە تەکلیفی ئەو روون کاتەوە. بە پێی لاپەرەی ١٤٤ بیرەوەرییێەکانی ئەمیری قازی، ئەحمەد تۆفیق داوا لە کاک ئەمیر دەکا، ئەگەر ئەویش نامەکەی پێی باش بێ، با بۆ مەلامستەفای بەرێ بکا.

ئەمیرقازی بەرێ کردنی ئەو نامەیە بۆ بارزانی بە باش نازانێ و نامەیەک بۆ کاک ئەحمەد دەنووسی کە واباشە تا گەرانەوەی بارزانی چاوەروان بی، دوایە کە گەراوە بچێتە خزمەتی و قسەی خۆی لە گەڵ بکا.

سەید حەسەن نامەکە وەردەگرێتەوە، بەڵام بە قسەی ئەمیری قازی ناکا و دەچێتە پێنجوێن و نامەکە دەدا بە مەلا مستەفا. بە پێی لاپەرەی ١٤٥ ی ئەو سەرچاوەیە، مەرحومی مەلا مستەفا لە جوابدا بۆی دەنووسێ: ئەحمەد! وا بە باش دەزانم بچی بۆ لای ئەسعەد خۆشەوی لە ناوچەی زاخۆ، لە برادەرانی خۆت هەرچەند کەسیکت پێ باشە دەگەل خۆی ببە، نوختە و تەواو.

مامۆستا هەژار لە سەر وەزعی کوردە ئێرانییەکان بە دوای باش بوونی پەیوەندی نیوان ئێران و شۆرشی کوردستانی باشوور لە لاپەرەی ٤٩٠ چێشتی مجێوردا ئاوا دەنوسێ: لەوەتا دەگەل ئێران نیوان خۆش ببو، حاڵی ئێمە ئێرانیەکان کەوتبوە خەتەرەوە. دەوڵەت داوای لە مەلا مستەفا دەکرد کە ئێمە تەسلیم کاتەوە. مەلا مستەفا حاشای دەکرد کە ئەوانە لای من نین. تەنانەت شەوێک چومە لای (حاجی ئومەران ) بارزانی ببینم. لە کۆڵان توشم هات، گوتی: (( زو برۆ ئێستا کێشەی تۆ بو. ئێرانی دەڵێن لای تۆیە و دوژمنی دەوڵەتی شاهەنشاهی‌یە، ئەگەر تۆ دۆستمانی، دەبێ بماندەیەوە. من گوتومە لە کوێت دەژی)). خولاسە وەک چاویشەدار لێمان دەگەران. بە تایبەتی داوای ئەحمەد تۆفیقیان لێ‌دەکرد کە رەئیسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە و هەمیشە پێشمەرگەی بەردەستی ئەو دەچنە ئیران و تەقە لە سەرباز و پۆلیس دەکەن و کەڵەگایەتی لە ئێران دەکەن، دەبێ هەر بماندەنەوە. کە یەکجار زۆریان زۆری هێنابو، بارزانی ناچار ئەحمەدی بەرێ کرد بۆ سنوری تورکیە ( لە گوندی کانی ماسی ) لە ( بروای باڵا ) بمێنیتەوە و لە سنوری ئێران دورکەوێتەوە. کە وەک دەڵێن نە شیش بسوتی و نە کەباب. ئەحمەد هەرچەند بەو دورخستنەوە لە چالاکی و حیزبایەتی دژی ئێرانی داگیرکەری دەکەوت، ناچار ملی دا و دەگەڵ چەند هەواڵێکی ئێرانی باری کرد و لیم دور کەوتەوە. ئەحمەد بە راستی شیری میسری بو، دە کالان نەدەوەستا. بەڵام چدەکەی، فەرمانی بارزانی‌یە و وای بە مسڵەحەت زانیوە. ئەگەر لێکیش دورکەوتبوینەوە، نامەی دۆستانەمان

بۆ یەکتر دەنارد و لە بەرامبەر دەردە دڵیەکان دڵداریم دەداوە کە سەبر بکا. بەڵکو ئەوە خوایە ئەم گیروگرفتە بەسەر بچێ و بە خۆشی توشی یەکتر بینەوە.



کونەماسی:
لە ڕاستەوە: شەهید سالار هەورامی، حەسەن رستگار، ئەمیر قازی،
شەهید ئەعمەد تۆفیق، شەهید مەلا ڕەشید، شەهید مەلا عەوڵا

بەمشێوەیە ئەحمەد تۆفیق بە خۆی و بە ٦ پێشمەرگە، بە ناوەکانی غەفور فەتاح ئیبراهیم و حەسەن فەتاحی برای، تاهیری مەلا حەسەن، رەحیم سۆفی عەبدولخالەق، سەید عەلی سەید پیرە و براکەی بە ناوی سەید حەسەن، رەوانەی لەشکری یەکی بادینان کران کە ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەری بوو و لە گوندی قومری لە بەرواری باڵا مەقەڕی بۆ دانان.

مامۆستا هەژار لە سەر ژیانی ئەحمەد تۆفیق لە کانێ ماسێ، لە لاپەڕەی ٤٩٠ چێشتی مجێوردا دەنووسێ: لەو سنورە دورەش کە دەستی لە ئێران کۆتا کرابو، لە کاروباری بە فایدە نەوێستابو. سەرەرای دەرس بە پێشمەرگە گوتن و سەواد فێرکردنیان، دو باغی بەجێ ماو لە جاشانی زیندو کردبۆوە. راستی باغدارێکی زۆر بە سەلیقش بو کە من نەمدەزانی. چەند جارێک سێو و میوەی باغەکەی بۆ ناردم، دەبو هەر بێیە سەیریان.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٧٧ کتێبی ئەزموونی خەبات دا دەڵێ: ...بەهەر حاڵ هەموو ئیمکاناتێکیان دەئیختیاردا بوو و خزمەتیان دەکرا. تەنانەت وەختێکی بیستم ئەحمەد تۆفیق ویستوویەتی ژن بێنێ، مەلا مستەفا فەرموویەتی چیی پێویستە بۆی بکەن. یانی لەو بارەیەوە دەهیچ مەزیقەیەک دا نەبوو. ئەوەی هێندێک کەس پێیان وایە زیندانی بووە یان تەبعید بووە نەخێر. تەبعید بوو بەڵام تەبعیدێکی مەسڵەحەتی.

کانێ ماسی گووندێکی٣٠- ٤٠ ماڵ تێکەلاو لە ئاسۆری و کورد بوون. ماڵەکانیان بە بەردی سپی داتاشراو بە قەد کێوی بە داری خۆرسکی پڕ لە باغی میوە رازاوەتەوە. ئەحمەد تۆفیق هەموو ئیمکاناتێکی لە ئێختیار نرا و بۆخۆی خانوویەکی دوو نووهوومی ساز کرد و هەشت نۆ پێشمەرگەی بۆ دیاری کرابوو کە ٦ کەسیان کوردی رۆژهەلات بوون و خزمەتیان دەکرد.

ئەحمەد تۆفیق لە لایەن خەڵکەوە رێزی لێگیرا بەڵام بە پێی قسەی ئەمیر قازی، هەستی بە چەشنێک مەترسی دەکرد و پێیخۆش بوو بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی پشدەر.

دەستی تێکدەرانەی حیزبی تودە کە لەو سەردەمەدا، لە عێراق بە هێز بوو، گەیشە ئەحمەد تۆفیق و هەوڵیان دا تا لە نارەزایەتی ئەو لەگەڵ مەلا مستەفا کەڵک وەرگرن و داوایان لێکرد کە رابکا و بچێ بۆ بەغدا.

ئەمیری قازی کە بۆ سەردانی ئەحمەد تۆفیق چووە گووندی "کانی ماسی"، لە قسەکانی ئەحمەد تۆفیق دا وای بۆ دەرکەوت کە هەوڵ دەدا بگەڕێتەوە بۆ لای برادەران و بە بەشداری هەمووان کۆنفرانسێک ببەستێ. لە کاتی گەڕانەوەی ئەمیری قازی دا، ئەحمەد تۆفیق پێی‌دەڵێ رادمەنیش (سکرتێری ئەوکاتی حیزبی توده ئێران) لە بەغدا رایئەسپاردووە کە بیبینی.

کاک ئەمیر لە وڵامی پرسیاری کاک ئەحمەد کە دەپرسێ: ″پێت چۆنە دەڵێی چی؟″ پرسیار دەکاتەوە کە: کێ ئەو پەیامەی هێناوە″؟

ـ تۆما تۆما.

تۆما تۆما، ئەندامێکی حیزبی شوعی لە ناوچەی بادینان بوو و ئەمیرقازی واهەست دەکا کە دڵی لەو دڵنیا نییەو و ئەوکارە بە سەڵاح نازانێ و دەڵێ: هیچ پێداویستێک نابینم بۆ ئەو پەیوەندی و دیدارە...دڵم لە تۆما تۆما، ئاو ناخواتەوە ئاگادار بە.

کاک ئەمیر ئاماژە بە وەراستگەڕانی ئەو نیگەرانییە دەکا و لە لاپەڕەی ١٨٠ "لەبیرەورییەسیاسییەکانم" دا دەنووسێ کە جارێک لە لای بارزانی بووە لێی پرسیوە: ئێوە هیچ پەیوەندییەکتان بە حیزبی تودەوە هەیە؟

کاک ئەمیر دەڵێ: نەخێر نیمانە.

بارزانی گوتی: دەزانم تۆ نیتە.

ئەمیر قازی چەند جاری دیکە لە گەڵ هەواڵان سەردانی ئەحمەد تۆفیق دەکا و مەبەستی ئەوە بوو کە یارمەتێکی رووحی بی بۆ ئەو و لە لاپەرەی ١٨١ کتێبیەکەی دا دەنووسێ: ئەو ترسەم هەر لە دڵ دابوو کە خۆی پێنەگیرێ، زەوت نەبێ و خۆ بە پەلێکدا بدا.

جارێک لەو جارانە ئەحمەد تۆفیق بە ئەمیری قازی دەڵێ: لە رێگای بێسیمچی هێزی پێشمەرگەوە... هەواڵی بێسیمم پێ دەگا... تا ئێستا دوو سێ جار بە نەهێنی کۆپییەی بیسیمی بارەگای بارزانی بۆ هێناوم کە ئامۆژگاری هێز دەکا بۆ ئاگاداری و وشیاربوونێکی زیاتر لە سەر من. دەترسم بەرنامەیەکیان بۆم هەبێ".

ئەمیری قازی لە وڵام دا دەڵێ: ئەو عیسایە فێر کراوە و ئەو کۆپییە پەیامانەش کە بۆ تۆی دێنێ، هەمووی بە تەگبیرە دەنا بیسیمچی هێز کە دەبێ زۆر باوەڕپیکراو و بەشێک بێ لە دەزگای "پاراستن"ی شۆڕش، هەر چەندیش تۆی خۆش بووێ و دۆستت بێ، بە بێ ئاگاداری فەرماندەی هێز، نهێنی و مخفیات بۆ تۆ ناهێنێ. دەبێ لەو بارانەوە وردتر بی، بە دوور نازانم دەستێکی وا هەبێ کە بیەوێ خۆ لە کێشەی تۆ و ئێمەش خڵاس و تووشی رێگای نارەوامان بکا. لە سەر ئێمەیە وشیار بین و رێی پیادەکردنی پلان و بەرنامان لە سەر خۆمان نەدەین. "گوتم" دەزانم بارزانی خۆی لە سەر تۆ حیسابی خراپی نییە و هەر ئەویش حیسابە، ئەوەی دی بە گشتی حاشیەن.

ئەمیری قازی لە سەر ئەو بڕوایە بووە کە کاک ئەحمەد باوەڕێ بە قسەکانی نەکردوە. بە پێی لاپەڕەی ١٦٩ بیرەوەرییەکانی ئەمیر قازی بۆ باس لە سەر وەزعی ئەندامانی حیزب دەچتە لای

مەرحومی بارزانی و لەسەر ئەحمەد تۆفیق، بارزانی پێی دەڵێ: ″جاری وا بە مەسڵەحەتە هەر لەوێ بێ، ئیشاڵا مانەوەی لەوێ درێژخایەن نابێ″.

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٨٩ ی کتێبی "بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم" دا باس لەوە دەکا کە دەوڵەتی عێراق بە هۆی شیوعییەکانەوە داڵدەی ئەحمەد تۆفیقیان دەدا و دەنووسێ: ڕۆژێک بۆی باس کردم کە حکوومەتی عێڕاق بەهۆی شیوعییەکانەوە دەورەی دەدەن پێوەندی بە ڕێژیمی عێڕاقەوە بکا، من هەر ئەوەندەم گوت کە″ئاگای لە خۆ بێ زۆر کەس بەم شێوەیە دەورەت دەدەن، بەڵام ڕەنگە قسە و باسەکانت بۆ دەزگاکانی شۆڕش بەرنەوە″.

گرینگی نەدانی ڕێبەرانی شۆڕش بە دەرونی سەرکێش و تۆڕەی ئەحمەد تۆفیق بۆ چەند ساڵ، بوو بە هۆی ئەوە کە تەحمولی نەمینی و عەجمینی لێهەڵگیرێ و خۆی بێ ناز و بێکەس و بێ رێز ببینی و لە کانی ماسی هەڵێ و پەنا بۆ ریژیمی بەعس بەرێ.

## بەشی ٨٦

## کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات

پاش تێکەڵبوونەوەی کومیتەی ساخکەرەوە لە گەڵ حیزبی دێموکرات، کێشەی تەشکیلاتی نێوخویی حیزب کۆتایی نەهات و بەربەرەکانی لە گەڵ کردەوەی تەکرەوانەی ئەحمەد تۆفیق بە شێوەی بی و هزری دیکە خۆی دەرخست. حەسەن رەستگار لە لاپەڕەی ٢٦٤ دا باسی کومیتەی شۆڕشگێری حیزب دەکا و دەنووسێ: ...رۆژێک کاک حەمەدەمین سیراجی و سالار حەیدەری و سمایل شەریفزادە هاتن بۆ گوندی بەستێ بۆ ماڵی ئێمە، تازە مانگێک دەبوو کەماڵی کوڕم لە دایک ببوو زۆرم پێ خۆش بوو سالار و سمایل زۆریان باسی شۆڕشی ویتنام و شوێنەکانی دیکە دەکرد. تێگەیشتم کە هەوایەک لە کەللەی داون، کاک حەمەدەمین خۆی لە باسەکە نەدەدا جار جارە پێدەکەنی و سەرێکی دەلەقاند. گوتم بە کوردی پێم بڵێن دەڵێن چی؟ گوتیان باشە بۆ ئێمە ناتوانین لە وڵاتی خۆمان شۆڕش بکەین؟ هەموو خەڵکمان لەگەڵدایە، گوتم "یانی ئێمەش وکوو ویت کۆنگان بە ژێر زەوی تۆنێل لێ دەدەین لەنێو پادگانی فەرانسەویاندا دێینە دەر و داگیری دەکەین؟" گوتیان بۆ نا؟ خۆ ئێمە لەوان کەمتر نین. گوتم باشە ئەدی ئەگەر بریندارمان زۆر بوون چیان لێ دەکەین؟ هێندێک ڕامان گوتیان بیمارستان دروست دەکەین و دوکتوری جەڕاح و هی دیکە دێنین چارەسەریان بکەن. گوتم کاکە ئێوە کتێبتان خوێندۆتەوە، شۆڕش هەر بە کتێب خوێندنەوە ناکرێ، هەر ئەو دەم باسیان لە کۆمیتەیەکی شۆڕشگێڕ دەکرد، بە کورتی زۆر لێک دوور بووین.

بە پێی لاپەڕەی ٢٣٦ کورتە مێژووی ... نوسراوەی مەلا عەبدوڵای حەسەن زادە، پێش تەواو بوونی کاری کومیتەی ساخکەرەوە، گەرای کومیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دارێژترا. یەکەم کەسانی دامەزرێنەری ئەو بیرۆکەیە، بریتین لە کاک حەمەدەمینی سراجی، کاک سمایلی شەریفزادە(مەلا عەزیز)، مەلا ئەحمەدی شەڵماشی (مەلا ئاوارە) و سالار حەیدەری. ئەوانە دەستیان بە کار و تیکۆشان کرد وناملکەیەکیشیان بە ناوی تیشک لە سێ ژمارەدا بڵاو کردەوە.

سەید رەسوول دێهقان دوای ئاماژە بە ناکۆکی لە نیو ئەندامانی حیزب دا دەنووسێ: دەستەیەک ساغ بوونەوە کە لە ئێران جوڵانەوەی چەکداری دەست پێبکەن وەخت دەگوزەرێ، دەستەیەکیش کەوتنە ئەقەلییەت لایان وابوو ناکرێ و ئەوە خودکوشییە. ئەوە بە نەهێنی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتیش پێکهاتووە بۆ رابەریکردنی ئەو جوڵانەوەیە، بە بەشداری ئەوانەی خوارەوە: ١- سمایلی شەریفزادە شەهید ٢ - حەمەدەمینی سیراجی٣ - مەلاعەوڵای سەرباز ٤ - سەننار مامەندی ٥ ـ مەلا ئاوارەی شەهید.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٣٠٧ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق ..." لە زمانی سالار حەیدەری لەسەر کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات دەنووسێ: کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە سەرەتادا چوار کەس بوون: مەلا ، محەمەدئەمین سیراجی، ئیسماعیل شەریف زادە و من، دواتر سەعید کاوە، مەلا عەبدوڵا سەرباز و سنار مامەدیمان پێ زیاد بوو. کۆمیتە دوو بڕیاری گرنگی هەبوو: یەکەم ڕێکخراو دروست بکەین و دووەم ڕۆژنامەیەک بڵاوبکەینەوە کە ناوی تیشک ئۆرگانی کۆمیتەی ئینقلابی

حیزبی دیموکرات بێت. سمایل شەریف زادە و حەمەدەمین سیراجی بابەتەکانی ئەو ڕۆژنامەیان دەنوسی. سمایل تایپی دەکرد و ئێمەش کۆپیمان دەکرد. ئەو چالاکییە درێژەی هەبوو، تیشک سێ ژمارەی لێ چاپکرا، بەڵام لەناو خەڵکدا بڵاومان نەکردەوە و هەروەها کۆمیتەی شۆڕشگێڕ هەرگیز بڕیاری شەڕی چەکدارانەی نەدا، لە بەرنامەماندا نەبوو کە شەڕی چەکدارانە بکەین و دەمانگوت زیان بە شۆڕشی ئەیلول دەگەیەنێت. من هەندێک جار هاتووچۆی کاک ئیدریس بارزانیم دەکرد، دەیپرسی چدەکەن؟ دەمگوت بەبێ چەک، بەناوی حیزبی دیموکرات کوردایەتی دەکەین، دەیگوت ئاگام لێیە و دەزانم.

سەعید کوێستانی لە بارەی کۆمیتەی ئینقیلابی دا لە لاپەڕی ١٥٩ کتێبی "ئاورێك..." دەنووسێ: کاتێك زانیمان ئەوانەی کۆمیتەی ناوەندی، چیان لەدەست نایە و جێگای هیوا و هومێد نین، هاتینە سەر ئەو ڕایە کە لە کات و ساتێکی ناسکی ئەوێ ڕۆژێ دا دەست لەسەر دەست دانان و چاوەڕوانی قەزا و قەدەر بوون بە خەتایەکی گەورە دەژمێرێ. دوای ڕاوێژ و بیر گۆڕینەوە لەگەڵ، یەکتر، بەوە گەیشتین لە بیری بەدیلێکی دیکەدا بین. هەر ئەوڕۆژە لەو کۆبوونەوەدا هێندێك لە برادەران بە تایبەتی ئەوانەی لێك نیزیك بووین بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ یەك وادەمان دانا و یەك مان گرت کە بۆ دروست کردنی شتێکی ڕێك و پێك تێبکۆشین. ئامانجمان پێك هێنانی کۆمیتەیەك بوو کە بەڵکوو بتوانین بنەمایەك بۆ یەك گرتنی پتری کادرەکان و ڕێکخستنێك پێك بێنین کە لەدوا ڕۆژدا جێگای هیوا و ئاواتی گشتی بێ. لە هەلومەرجێکی فرە ناسك و پڕ مەترسیدا، بە تێکۆشانی تێکڕایی و هەموو لایەنە توانیمان (کۆمیتەی ئینقیلابی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان) پێك بێنین. کۆمیتەیەکی نەهێنی لەو حەوت کەسەی خوارەوە پێك هات کە بریتی بوون لە: کاك سمایلی شەریفزادە، مەلا ئەحمەدی شڵماشی (مەلا ئاوارە) کاك سە نناری مامەدی، کاك حەمەدەمینی سیڕاجی مەلاعبداللەی عەبدولایی، مەلا عبداللەی سەرباز، کاك سالاری حەیدەری، سەعید کاوە (نووسەر). ئەو کۆبوونەوە هاوینی١٣٤٥ی هەتاوی١٩٦٦ ی زاینی لە سەرووی گووندی ئالانێ لە بن ڕەوەزە بەردێك کرا و کۆمیتەی ئینقیلابی ح د ك پێك هێنا.

لەکاتی دامەزرانی کۆمیتەی شۆڕشگێر، دەستەی سولەیمانی موعینی هەروا لە نێوخۆی وڵات دا خەریکی کاروتێکۆشان بوون بەشێک لەوانەی کە باڵی چەپی حیزب بوون لە گەڵ سەنار مامەدی کە ئەوکات بە چەند کەسەوە هاتبوو لە سیدەکان بنکەی دانابوو، کۆ بوونەوە "کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان دامەزراند.

بەڕێوەبەرانی کومیتەی شۆرشگێر هەوڵیان دا هەم سولەیمانی موعینی و هەم کەسانی دیکە بۆ لای خۆیان رابکێشن. حەمەدەمینی سیڕاجی بە ڕێکەوتی ١٩٦٧/٧/١٦ دا نامەیەکی بۆ کەریمی حیسامی نووسیوە کە لە لاپەڕەی ٧٢ بەرگی سێهەمی بیرەوەرییەکانی تۆمار کراوە. ناوبراو بەوردی باسی کومیتەی شۆڕشگێر حیزبی دێموکرات دەکا و دەنووسێ کە نیازیان نەبووە کە بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆی وڵات و شۆڕش بکەن. بەڵکوو ئەوان هەوڵیان داوە کە سولەیمانی موعینیش لە نێوخۆ را بگەڕێتەوە و لە ژێر ئەمری شۆڕش لە جێگایەک دا نیشتەجی بێ، بەڵام پەلە پەلی شۆرش لە تەحویل

دانەوەی ئەندامانی حیزب، ئەوانی خستە ئەو فکرە کە بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆی وڵات. سیراجی ئاماژە بە هەڵوێستی باڵی مەکتەبی سیاسی دەکا و دەنووسێ: تەنانەت مەکتەبی سیاسی پارتیش سوور بوو لە سەر یەکێتی لەگەڵ فایق( بێ گەرانەوە)، بەڵام ئێمە تا شۆرش هەڵوێستی بەرانبەر بە برادەرانی ئێرانی بێ وەبەر چاو خستنی چاک و خراپ نەگۆرێ هەر سوور بووین لە سەر کاری جیاوازی خۆمان تا دڵنیایی تەواو پەیدا کردن لە فایق. ئەمما شالاوی دەست وپێ بەستن و تەحویل دانەوە، ئێمەی هێنا سەر دوو رێیانی دانیشتن و چاوەروانی کۆت و زنجیر بوون، یا چوونەوە پیوی هەموو چەشنە نارەحەتێەک لە خۆ هەڵسوون، ئێمە ریگای دووهەممان هەڵبژارد.

هەرکە گەراینەوە و برادەرانمان گرتەوە کۆبوونەوەیەکمان پێک هێنا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و دارشتنی پلاتفۆرمی کار. بۆ بەرێوەبەرایەتی ٢١ ( بیست و یەک ) کەس دیاری کران کە لەوانە یەکیان ئێوەن. پاش برێک چەقە چەق هەڵواسرانی دوکتور (مەبەستی دوکتور قاسملوە) بەستراوەتەوە بە شاهیدێکی دیکە کە لە کۆبوونەوەکەدا نەبوو. بەڵام ئەویش لە سەدیق ئازەری بیستوە کە تا سەرەتای ١٣٤٥ لەمەر دوکتور فریوی ئەحمەدی خواردوە. بەلام لەو دەمەوە بۆی دەرکەوتوە کە ئەحمەد راست نەبووە و تاوانبار کردنی کاک رەحمان بێجێ بوە. جا ئەو شاهیدەی ئاخرێ لە سەدا و سەد لەگەڵمانە و ئێمەش هەر وەک توانیومانە جەماعەت رازی بکەین کە ناتوانین تا کۆنگرەی سێهەم لەبەر هەموو لایی نەبوونی کۆبوونەوە بە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیش بکەین بەڵکو هێنامانە سەر ئەوەی کە بە نێوی "کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان" دەست بە کار بین، هەروەها بریاری گشتی درا کە ئۆرگانی کومیتەی ئینقلابی بە نیوی "تیشک" بێ. دیسان هەروەهاش توانامان هەیە کە دوکتور هەر برادەرێکی باشی تر بخەینە کۆرمانەوە کەڵکی لی وەربگرین. چونکی لامان ئاشکرایە بەرێوەبەری هەر چەند لێزان و پاک و بەکار بێ، بەو ئەندازەش ئیش باشتر دەچێتە پێش. هەر لەبەر ئەو نوکتەش بریارمان داوە کە لە داهاتوش دا هەر برادەرێکی باشی لێوەشاوەی پاک بە مەرجی پاڵ پشتی دەنگی زۆربەی ناوەندیەتی و ئامادەیی تەواوی خۆی دەتوانێ ببێتە ئەندامی بەرێوەبەری کۆمیتەی ئینقلابی (نەک بیرۆی سیاسی). جا ئێوە زۆر لە پێشن و حەقی خۆتانیشە. ئێستا وەک مەسەلەی مەشهور "ئەوە گۆ و ئەوە مەیدان"، بزانین تا کوێ دەرۆین.

سەعید کوێستانی بە رێکەوتی ١٣٤٥/٦/١٢ نامەیەک بۆ کەریمی حیسامی دەنووسی کە لە لاپەرەی ٤٣ بەرگی٣ ی بیرەوەرییەکانی حیسامی دا تۆمار کراوە و دوای ئەوە باسی دامەزرانی کومیتەی شۆرشگێری حیزب دەکا، دەنووسێ: ... زۆر بە شەخسی تۆ هیواداریین و بە تەواوی لەسەرت ساخ بووینەتەوە و حیسابت لەسەر دەکەین. لە سەر کاک رەحمانی قاسملوو زۆرمان قسە کردوە، بە بڵاو کردنەوەی قسەکانی ئەحمەد توفیق کە دەڵی ناوبراو گیراوە و دۆراوە، هێندێک وەزعی ناوبرا و بۆ ئێمە تاریکە. هیواداریین بە تەحقیقاتی زیاتر بە هەموو لایەکمان ئەو مەسەلە روون کەینەوە. دیارە نەزەری تۆ بۆ ئێمە لە سەر ناوبراو گرنگە. هیواداریین بێ تەعەسوب لەو بارەوە تەحقیقات بکەی و نەزەری خۆتمان پێ رابگەینێ، دوایی بریاری خۆمان دەدەین.

سەید رەسوڵ دێهقان لە درێژەی یاداشتەکانی لە سەر پەیوەندی سولەیمانی موعینی و کومیتەی ئینقلابی دەنووسی: ئەو کومیتەیە بە داخەوە ویستویەتی لە خۆشەویستی سولەیمانی موعینی کەڵک وەرگرێ و پاشانیش بۆخۆی بەڕێوەبەر بێ، پاشانیش کاک سولەیمان ئەوەی هەست پێکردبوو.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە رووداوەکانی ساڵانی ٤٦ -٤٧ یان تۆمار کردوە، ئێعتراف بە بوونی کومیتەی شورشگێڕی حیزبی دێموکرات دەکەن. بەڵام ئەمیری قازی وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی کونگرەی ٢ لە سەر دروست بوونی ئەو کومیتەیە بووچوونی تایبەتی هەیە و لە لاپەڕەی ١٩٥ بیرەوەرییە کانی دا دەنووسێ: هەلکەوتووە و لێرەو لەوێ گوتراوە، جارجار نوسراویشە و باس لە کومیتەیەکی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان کراوە، کەچی لانی کەم لە دەستپێکدا هەبوونێکی جیدی باڵێکی ئەوتۆ لە ناو حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، بنەمایەکی نییە

ئەوە راستە کە چەند کەسێکی خۆ بە چەپ زانی توودەکڕاتی زیاتر هەواداری حیزبی شیوعی ئێراق لە ناو ئێمەدا، خۆبەخۆ سەروساختێکیان هەبوو و بۆ دژایەتی دەگەل کاک ئەحمەد تۆفیق خۆیان بە کاک فایقەوە هەڵاوەسیبوو، بە بێ ئەوەی بە راست دەگەلی بن، بەڵان ئەو دەستە چەند کەسییە، هیچ نەخش و رۆڵێکیان لە هەڵگیرسانی بزوتنەوەکەدا نەبوو. خۆ ئەگەر دواتریش پاش ئەنجامی جوڵانەوەکە قسەیەکی وا هەبێ کە لە وڵاتەدا کومیتەیەکی ئەتۆ پێکهاتبێ و دروست بووبێ، بە تەواوی جێی شک و گومانە. ئەوەندەی لێی بزانم و ئاگام لێ هەبێ هەروەک بە زیندی سەر لە خۆی فایقیشم بیستووە، تا پیکهاتنی کونفڕانس یان کونگرەی حیزب، کاک فایق هەر خودی خۆی، بە بگیر و بەرپرس و ئەندامی کومیتەی ناوەندی زانیوە و ئامادە نەبووە شتێک بە نێوی کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یا هەر دەسەڵاتێکی دیکە ناو بزووتنەوەکە پێکبێنێ.

کەوابوو هەبوون و دروستبوونی دیاردەیەکی ئەوتۆ، پاش دامرکانەوەی بزوتنەوەکە و شەهید کەوتنی کاک فایق، کێشەیەکە، کە لە جانتای حیزبی تودە و خەتی سەر بە حیزبی تودە، سەری دەرهێناوە.

لە قسەکانی ئەمیری قازی کە ئەوکات ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دۆستی نیزیکی کاک فایق و ئەحمەد تۆفیق بوو، وادەردەکەوێ کە بڵاوکراوە یان بەیاننامەیە یان ئاگادارییەک نییە کە بە ناوی کومیتەی شۆڕشگێڕێ حیزب بڵاو کرابێتەوە. دەبێ حیزبی تودە لە پشت ئەو حەرەکەتە بوو بێ و لە لایەن ئەوانەوە ئەو ناوە ناوزەد کراوە و بڵاو کراوەتەوە.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٢٠٢ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق ..." بە نەقڵ لە لە سالاری حەیدەری باسی سەرەتای تێکۆشان و کەسایەتییەکانی دامەزرێنەری کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزب دەکا و دەنووسێ:

سمایل شەریف زادە لەگەڵ تودەییەکان پەیوەندی هەبوو، خۆی دەیگوت و ئەحمەدیش ئەوی بە ئەندامی حیزب نەدەزانی، بەڵام حەمەدەمین سیراجی چونکە سەردەمێک لە کومیتەی تارانێ

حیزبی دیموکرات کاری کرد بوو، به ئەندامی حیزبی دەزانی. ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ ئەو و سمایل ڕێکنەدەکەوت و دەیگوت ئەوانە ئایدۆلۆژی کوردایەتیان نییە و چەپرەوە و سلێمانیش لە گەڵیان زۆر توند بوو.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕی ٢٣٧ پاڕاگڕافی دوو دا دەنووسێ: کۆمیتەی ئینقیلابی دواتر پەرەی گرت و دوای تەقینەوەی ناکۆکی لە نێوان ڕێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەدا هێندێ لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیشیان چوونە پاڵ، لەوانە کاك سولەیمانی موعینی، کاك عبداللەی موعینی، کاك سەناری مامەدی. لە ڕاستیدا هەر ئەو کۆمیتەی ئینقیلابیەش بوو کە بزووتنەوەی چەك دارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦و١٣٤٧ ی کوردستانی ئێرانی بەڕێوە برد.

بێشک رەنگە عەبدوڵای حەسەنزادە بە هەڵە چوو بێ و سولەیمانی موعینی بە لای ئەوان دا نەشکاوە، بەڵکوو ئەوان بە لای سولەیمان دا کەوتوون. بەڵام سولەیمانی ژیرانە هەوڵی دا، لەسەر ناو کێشەیان لەگەڵ نەکا و لە وتووێژی حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە دا ئەو راستییە دەردەکەوێ.

ئەوجار بوونی کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکرات راستییەکی حاشا هەڵنەگرە بەڵام هیچ بەڵگەیەکی رەسمی باس لە کومیتەی شۆڕشگێری ناکا و ئەو ناوە تەنیا لە زاری ئەو کەسانە کە رووداوەکانی ئەوکات دەگێڕنەوە، دەگوترێ و وەرد دەدرێتەوە. ئەوان کە رۆژنامەی "تیشک"یشیان دەرکرد، لە نێو خەڵک دا بڵاویان نەکردەوە.

ئەوجار لەسەرەتا دا سولەیمانی موعینی وەک بەرپرسی یەکەم ئاگاداری دامەزرانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات نەبوو و زۆرتر لە نێوخۆی وڵات و بە کردەوە لە مەیدانی خەبات دا بووە. بۆیە ئەگەر مەبەست لە شۆرشگێری بێ، سولەیمان زیاتر لە هەموو ئەوانەی کە ئەو کومیتەیان پێکهێنا شۆڕشگێڕتر بوو. ئەگەر ئەندامانی کومیتەی شۆڕشگێر کێشەیان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق هەبوو، ئەویش لەوکاتانە دا زیز ببوو و دوایە دوور خرابووە و لە مەیدان دا نەمابوو. ئەوجار مەبەست لە شۆڕشگێڕ بوونی کومیتەی شۆرشگێر، کردەوەی چەکداری و شۆڕشگێڕانە نەبوو بەڵکوو، تەنیا هەڵگرتنی بیروباوەری چەپی و بە رواڵەت پێشکەوتووانە بوو.

ئەندامانی کۆمیتەی شۆڕشگێر پێیان خۆش نەبوو خۆ لە شەڕ بدەن. بە پێی لاپەڕەی ١٨٨ ی بەرگی ٢ ی پێداچوونەوە، کەریمی حیسامی دەنووسێ کە ئەوان هەوڵیان دا تا سولەیمان بگەڕێتەوە و سەرئێشە بۆ شۆڕش ساز نەکا. بەڵام هێزی پێشمەرگەی شۆڕش بە دوای سولەیمان دا سنووریان بەزاند و ئەندامانی کومیتەی شۆڕشگێڕیان لە سنوورەکان هەڵقەند و لە سەنگەسەر جێگیریان کردن و پییانگوتن کە یان لە شۆڕش دا دەتوێنەوە یان دەنا دەچنەوە ئێران و خۆ تەسلیم دەکەنەوە ئەوە بوو بە هۆی ئەوە چیایان هەڵبژارد و لەگەڵ سولەیمان موعینی کەوتن.

بۆیە ئەو کومیتەیە پەرەی نەستاند و بە بێ دەنگی و بە پاراستنی رواڵەتی ناوەکەی، تێکەڵ بە حیزبی دێموکرات بووە و لە دانیشتنەکانی دوایی لەگەڵ حیزبی توودە دا، هەر ناوی نەما.

کەریمی حیسامی لە درێژەدا دەنووسێ کە کومیتەی شۆڕشگێری حیزب توانی دەستەی مراد شیرێژ بۆ لای خۆی راکێشێ و لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا، لەگەڵ سولەیمان ساغ بوونەوە کە: بیست و یەک کەس بۆ ڕێبەرایەتی بزوتنەوە هەڵدەبژێرن و بڕیار دەدەن تا پێکهێنانی کۆنگرەی سێیەمی حیزب، لە جیاتی ناوی (حیزبی دێموکرات) ناوی (کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان) خەبات درێژە پێبدەن.

هەر لە سەرەتای ئەو ڕاپەرینەدا، سنار مامەدیی گیرا. سالار حەیدەریی، سەعید کاوە و مەلا عەبدوڵا عەبدوڵایی سێ دامەزرێنەریی سەرەکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ خۆیان تەحویلی ئێران داوە. مەلا  خەریکی کاری ڕێکخستنی خۆی بوو و تەنیا سیراجی و شەریف زادە لەگەڵ سولەیمانی موعینی مانەوە و بەسەر شەڕی چەکداری دا کەوتن.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٨٨ بەرگی سێهەمی بیرەوەرییەکانی دا، نامەی سەعید کویستانی هێناوە کە لەسەر گەڕانەوەی سناری مامەدی و سالاری حەیدەری، وەک کۆومیتەی شۆڕشگێڕی حیزب دەنووسێ: لە بەهارێ دا هەڤاڵمان کاک سەننار بە تەنیایی بریاری دابوو کە بچێتەوە ئێران و دەست پێ بکات. کاتێک ئەو خەبەرەمان زانی خالەمین و سمکۆ و سالاریش لە خەلان بوون. ئێمە بە تێکرایی ئەو چوونەوەمان پێ باش نەبوو هیچ بەڵکو بە کارێکی هەڵەمان دانا. بە پەلە کاک سالارمان بۆ لای سیدەکان نارد کە سەننار بگێڕێتەوە. بەڵام بەداخەوە پاش دوو سێ رۆژ نامەیەکی سالار هات کە لەوێدا رای گەیاندبوو چوونەوەمان لە مانەوە لە کوردستانی عیراق باشترە. ئیستدلالی بە مائو هێنابۆوە کە ″دوژمن بەبری کاغەزی یەو دەبێ لێیدەی″. ئەوە رووداوی دوو مانگ لەوە پێشە. بەڵام دوێنێ ئێوارێ خەبەرم بۆ هات سالار وا لە مەهاباد لەماڵی خۆیانە و کاک سەنناری بەپەلەش ئەوە لە تارانە و هەردووکیان لەگەڵ حەوت چەکداری تر خۆیان بە دەستەوە داوە ، جوزئیاتی مەسەلە نازانم کە بۆچی وایان کردوە.

جێگای رامانە کە مەلا ئاوارە کە بۆخۆی ئەندامی سەرەکی کومیتەی ئینقلابی بوو لە نامەیەک دا بۆ مەلا عەوڵای حەسەنزادە لە سەر ڕاپەڕینی چەکدارانە کە لە لاپەڕەی ٢٣٨ کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا تۆمار کراوە، دەنووسێ:″وەک دەزانی ماوەیەکە مقۆمقۆی خەباتی چەکدارانە داکەوتوە. خەباتی چەکدارانەی بێ تەشکیلات، خەباتی چەکدارانەی بێ چەک و تەقەمەنی، خەباتی چەکدارانەی بێ پشتی جەبهەو... داوات لێدەکەم بە هەر جۆر بۆت دەکرێ مەیەڵە ئەو فکرە پەرە بستێنێ و لە نێو خەلک دا جێ بگرێ″.

بە پێی قسەکانی مەلائاوارە  دەردەکەوی کە مەبەست لە پیکهینانی کومیتەی ئینقلابی، دەستپێکردنی شەڕی چەکدارانە نەبووە و کە بۆخۆی لە شەڕیش کەوت سەلماندی کە چەند بێ ورەیە. هەروەها حەمەدەمینی سیراجیش لە دەستپێکی شەڕی چەکداری لە ساڵی ١٣٤٦ دا، ئازایەتی و ورەی شۆڕشگێڕانەیەی پێویستی نەبوو. مامۆستا هەژار لە سەر ئەو ڕاپەڕینە لە لاپەڕەی ٤٩٤ چێشتی مجێور دا دەنوسێ: بیستمەوە کە دوای ئەوەی لە بارزانی و شۆڕشەکەی ناهومید بون، ویستویانە بۆخۆیان لە ئێران کاریک بکەن. ″حەمەدەمینی سراجی″ لە هەموان دڵ گەرمتر بوە کە

دەبێ هەر بچین. شەوێک لە دۆڵەڕەقە رویشتون و حەمەدەمین تا سەر سنور دەگەلیان بوە، گوتویەتی برا واباشە من بچم دەگەڵ دەوڵەتی عێراق قسە بکەم و چەک و ئەسپابتان بۆ وەربگرم. خۆی لێدزیونەوە و خۆی گەیاندۆتە بەغدایە و ماتەی هەڵگرتوە. پێشمەرگە ئێرانیەکان کەوتونەتە چیاوە و توشی شەڕ و بە کوشت چون هاتون و سیراجی هیچ خەبەری نەبوە و بێ سەرو شوێنە. جا ئێستاش تا باسی شەهید بونی سمایلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە دەبیسم، گورجێ چڕ و چاوی پڕ لە فێڵ و فەرەجی سیراجیم دێتەوە بەرچاو، لام وایە هۆی بە کوشت چونیان ئەو کابرا زیرەک و بێبارەیە، کە ئەوانی هەڵ ناوە و خۆی لێدزینەوە. من بڕوام وایە، رەنگە واش نەبێ، ئەوە خوا دەیزانێ...

حامیدی گەوهەری لە لاپەڕەی ٣٠٩ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق..." بە نەقڵ لە عەبدوڵا حەسەن زادە کە دوای ئاشکرا بوون چاوی بە مەلا ئاوارە دەکەوێ، دەڵێ: زستانی ١٣٤٦- سەرەتای ساڵی ١٩٦٨- بوو، ئاخر شەوم لە ئێران، لەگەڵ مەلا بووم، گوتم ئاشکرا بووم و ناتوانم لێرە بمێنمەوە و دەمگرن، گوتی بۆ لەگەڵ ئێمە ناکەوی؟ گوتم خۆت ئایندە چۆن دەبینی؟ گوتی ئومێدم نییە. گوتم ئەگەر وایە چ فایدەی هەیە؟ کە هاتم بۆ باشوور، بەبێ ئەوەی کە حیزبی خۆمان، یان شۆڕش ئاگادار بکەم، بە ڕێگای مەلایەکەوە کە لە سونێ مەلا بوو، بە مەلای گوندی مارەدۆ دامەزرام.

بێشک سولەیمانی موعینی بە دنەدانی حیزبی تودە و حیزبی شێوعی عێراق کە هاوپەیمانی دەوڵەتی عێراق بوون دڵخۆش بوو و پشتیوانی ڕژێمی عێراقیشی بۆخۆی راکێشا بوو و زیاتر لە هەموویانش دڵخۆش بە کارەکەی بووە. ئەوە سولەیمانی موعینی بوو کە کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی بە دوای خۆی دا راکێشا و لە داوی شەڕی چەکداری هاویشتن.

بە پێی لاپەڕەی ٢١٢ ی بیرەوەرییەکانی مەلا رەسوڵ پێشنماز بە دوای بریندار بوون و چاک بوونەوەی عەوڵا موعینی، کومیتەی شۆڕشگێر دامەزرا. بەمشێوەیە زۆر لە ئەندامانی حیزب لە دەوری سولەیمان موعینی کۆ بوونەوە و بۆ کار گەڕانەوە ناوخۆ و وردە وردە لە مەلا مستەفا رێبەری شۆڕشی کورد کە لە ئێران نیزیک ببووە، دوور کەوتنەوە.

## حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٤٥

لە ژێر کاریگەری کۆدێتای عەبدولکەریم قاسم دا، رێبەرایەتی حیزبی تودە هەوڵی دا تا بە هاوکاری حیزبی شوعی و دەوڵەتی عێراق جێ پێی خۆی لەو وڵاتە بکاتەوە و لە نێوخۆی ئێران دا دەست بکا بە کاری سیاسی تەشکیلاتی. هەروەها حیزبی تودە تیکۆشا تا لە کێشە و ناتەبایی ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان کەڵک بگرێ و لە بازنەیەکی بەرینتر دا بە هۆی دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی و حەسەن قزڵجی و لە ئوروپا و رەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ لە باکۆ، یەکێتی رێکخراوەیی حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات زیندوو کاتەوە.

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٤٧ کتیبی بیرەوەرییەکانی دا دوای ئەوە دەڵێ کە لە بەهاری ١٩٦٥ لە دۆلەرەقە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و هێندێک کادری دیکە کۆبوونەوە و کاک فایقیان وەک

نوێنەر دیاری کرد تا بە دوای چارەنووسی سەدیق ئەنجیری و وەرگرتنی یارمەتی بۆ گرتنی کۆنفڕانس کەوێ دەنووسێ کە هەر لەو کۆبونەوەدا هەست بە پەیدابوونی چەشنێک بیرورا و بەندوباوی جیاواز بە بیری تودەیی دەکا و دواتر بە دەڵی کە کاک سمایلی شەریفزادە و حەمەدەمیینی سیراجی نوینەرایەتیان دەکرد و لە گەل کەریمی حیسامی لە...پەیوەندی دابوون".

حیزبی تودەی وەک هەموو حیزبەکانی برای بەرەی سوسیالیستی، لەسەر پرسی نەتەوەیی، یەک بۆچوون و یەک باوەڕیان هەبوو، بەڵام بە هۆی ئەوە لە عێراق دا دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب هەبوون و دەوڵەتێ عێراق ئیعترافی بە هێندێک مافی نەتەوەیی بۆ کورد کرد بوو و ئەوجار زۆربەی ئەندامانی سەرووی حیزبی شوعی عێراق کورد بوون، ئەو حیزبە جارجار کە دەکەوتە بەر تەوژمی دەوڵەت، دیفاعی لە کورد و مافە رەواکانی دەکرد. بەڵام حیزبی تودە قەت باوەڕی بە مافی نەتەوایەتی کورد نەبوو هەر لە هەوڵی ئەوە دابوو کە پرسی کورد بشێوینی و بێخاتە ناو ناتەباییەکانی چینایەتی و حیزبی دێموکرات بکاتەوە حیزبێکی ناوچەیی سەر بە حیزبی تودە.

چاو خشاندنێک بە سەر رەوتی بیر و بۆچوونەکانی رێبەرانی ئەو حیزبە ئەو راستییە جوان دەردەخا. پەیوەندی حیزبی توود بە حیزبی دێموکرات، لە رووی بیر و باوەر و بڕوا نەبوو تەنیا بۆ بەهێز کردن جێ پێی خۆی و یارمەتی بە بەرەی هاوپەیمانانی شووڕەوی واتە عەبدولکەریم قاسم و حیزبی شوعی بوو. هەڵوێستی رێبەری حیزبی تودە ئەوەندە دەغەڵکارانە بوو کە ئەندامە کوردەکانی نیشتەجێی "باکۆ"ش وەک رەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ کە لە فرقە دێموکراتی ئازەربایجان دا بوون دەستیان خوێندبوونەوە.

دوکتور رەحیمی قازی کە لە ژێر کاریگەری توندی حیزبی کومونیستی شووڕەوی دابوو، لەسەر پرسی نەتەوەیی کورد هاواری لێ بلێند بێ و بە پێی لاپەڕەی١٠بەرگی سێهەمی لە بیرەوەرییەکانم، بە رێکەوتی ١٩٦٢/١/١٢ بۆ کەریمی حیسامی دەنووسێ: روستا و بوقڕاتی، دوو ئەندامی سەرووی حیزبی تودە قەدەریک لێرە بوون. روستا پرسیاری کرد کە بیستومانە ئەتۆ بە پێچەوانەی یەکیتی حیزبەکانی. ئەوە راستە؟ لە وڵام دا گوتم: ئەمن بە پێچەوانەی یەکیتی راستەقینە و پتەو برایانەی حیزبەکان نیم. بۆخۆتان ئاگادارن کە بۆ رێککەوتنی یەکیتی فرقە و تودە رۆڵێکی گەورەم کایە کرد.

بەڵام ئەمن بە پێچەوانەی شێوە و چەشنی تێکۆشینی سەرۆکایەتی حیزبم. وە لە سەر ئەو باوەرەم کە چەشنی تێکۆشینی سەرۆکایەتی حیزب لە تەواوی رووەکان ئەبێ لە رەگ و ریشەوە بگوڕدرێت. وە هەروەها لێم نووسین کە داخرانی رۆژنامەی "کوردستان"(مەبەست ئەو رۆژنامەیە کە لە باکۆ لە رۆژنامەی ئازەربایجان دا بڵاو دەبووە) لە پاش ١٥ ساڵ دەرچوون لە لایەن تودەوە یەکێک لە سەهوەکانی هەرە گەورەیە کە تودە لە کاتی دوور لە نیشتمان توشی بوە. وە نیشتیمانپەروەرانی کورد نارازی ئەکات.

هەر لە لاپەڕەی ١١ ئەو سەرچاوەدا دوکتور رەحیمی قازی لە نامەیەکی دیکەدا بە رێکەوتی ١٩٦٢/٨/١٠ بۆ کەریمی حیسامی، دوای ئاماژە بە سەختی و دژواری جوڵانەوەی کورد و باس لەوە

که نابێت ئەو جوڵانەوە لە بزوتنەوەی گەلانی تری ناو ئەم وڵاتانە جویّ بیّ و هەروەها دەبیّ سیاسەتی حیزبە مارکسیستەکان شەرتی سەرەکی بیّ، دەنووسیّ: بە داخەوە جاریّ تا ئێستا حیزبەکەی خۆمان(مەبەست حیزبی تودە) لەم ریگەیە زۆر دوورە و ناشییەویّ خۆی نیزیک کاتەوە.

دوکتور رەحیمی قازی لە نامەیەکی دیکەدا بە رێکەوتی١٩٦٣/٥/٣٠ بۆ کەریمی حیسامی پاش ئەوەی ئاماژەی کورت بە کیشەی حیزبی تودە و فرقە دەکا و ئەوەی کە هەوڵ دەدەن کە ئەو لە کاروباری رۆژانە دوور خەنەوە دەنووسیّ: بەڵام وەرن وەک پیاوان لێک هەڵنەبڕێین و بیّ پرس و رای یەکتر دەست بۆ هیچ کارێک دریژ نەکەین. با وریا بین وە نەهێڵین ناکۆکی و ناتەبایی‌مان بخەنە نێو. یانی ئەبیّ کارێکی وا بکەین کە بە حیسابمان بهێنن و هەست بەمە بکەن کە ئێمە یەکین و بە بیّ یەکتر قامک لە ئاو رۆناکەین.

جا ئیستا بۆخۆتان، یانی تۆو کاک رەحمان (مەبەست دوکتور قاسملوو) بیریک لە سەر ئەم وتانەی من بکەنەوە خۆ شوکر هەموومان لە ناحیەی سیاسیەوە شای ئێران بیّ لغاو ئاو ئەدەین و هیچ هەوجیّ بەوە ناکات یەکتر نەسیحەت بکەین. بەڵام شتێک هەیە: ئەویش ئەمەیە کە هەمووومان لەبەرانبەر دەستەیەک هەڵکەوتوین کە سیاسەتەکەیان لە سەر مەسەلەی گەلەکەمان دروست نییە...

هەر لەو پێی یەدا دوکتور عەلی گەلاوێژ بە رێکەوتی ١٩٦٣/٩/٨ لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی لە سەر سیاسەتی حیزبی تودە بە نیسبەت جوڵانەوەی کورد دەنووسیّ: هێوادارم خەباتی پیاوانەی میللەتی کورد بلاخرە بەم بێخەبەرانە حاڵی بکات کە لە گوی گا دا نووستون و چاو لە حەقیقەت نوقاندن ناتوانیّ سەدەمە بە کوردان بگەیەنیّ.

هەروەها بە رێکەوتی ١٩٦٣/٩/٨ عەلی گەلاویژ لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی کە لە لاپەڕەی ١٢ بەرگی ٣ ی بیرەوەرییەکانی دا هاتووە، دەنووسیّ: ... برای بەرێز ئەوانەی نوسیبوت هەموی دروست بو درویان لە گەل کردین ویستیان بە فریومان بەرن، بەلام ئێمە فریومان نەخوارد. بە قەولی مەشهوور: خودا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە. هیوادارم خەباتی پیاوانەی میللەتی کورد بلاخرە بەم بیّ خەبەرانە حالّی بکات کە لە گویی گا دا نوستون و چاو لە حەقیقت نوقاندن ناتوانی سەدەمە بە کوردان بگەینی. بەلکو ماڵی ئەو کەسە وێران ئەکات کە چاوی نوقاندوە و گویّ خۆی ئاخنیوە. ئێمە کە دەڵێن گەلەکانی ئێران برای یەکن و تالعیان بە یەکەوە مەربوتە لە روی دروزنی و ریاکارییەوە ئەم قسەیە ناڵێن. بەلکو لەسەر پایەی مەسلەک و عەقیدەیەک ئەم بیرە هاتوتە وجود.بەڵام بەعزە حەڕەکات و رفتار و ئەتوارێک ئەم یەکیتی یە شل ئەکاتەوە و تاو و تەوژم و حەڕارتی یەکەتی گەلانی ئێران سارد ئەکاتەوە.

لەو پێناوەدا دوای هەوڵێکی زۆر حیزبی تودە لە دەرەوەی وڵات ئیمکانی چاپ کردنی رۆژنامەی کوردستانی رەخساند. بەڵام لە چاپەمەنییەکانی خۆی دا قەت بابەتی کوردی نەهینا گۆڕیّ. ئەو بابەتە ئەندامانی حیزبی زۆر ناڕەحەت کرد بوو و بە پێی لاپەڕەی ١٧ بەرگی ٣ ی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، حەسەنی قزڵجی زۆرجار گوتبووی: زۆرم پیّ سەیرە برادەرانی تودە ئێستا نە

حکومەتیان بە دەستە و نە سفرەیان بۆ کورد  راخستوە. بە قسە دەتوانن خەڵکی کورد بۆ لای خۆ رابکێشن، بەداخەوە ئەویش ناکەن.

## چاپی رۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ (١٣٤٤- ١٣٤٥) لە ئوروپا.

حیزبی تودە بە پشتیوانی حیزبەکانی برای سەر بە بەرەی سۆڤییەت لە ئوروپای رۆژهەڵات دەستی زۆر دەڕۆیشت و لە حاست ئەندامانی حیزبی دێموکرات هەموو چاکە و خراپەیەکیان لەدەست دەهات و ژیان و کار و پاسپۆرت و خوێندنی کەسانی وەک دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی و حەسەن قزڵجی و ... بە بڕیاری ئەوان بەسترابووە. ئەو حیزبە. سەرەڕای ئەوانە لە ژێر کاریگەریێ شۆڕشی کورد لە کوردستانی عیراق و ئەو دەنگۆیانەی کە لە کوردستانی ئێران لە سەر راپەڕین بڵاو دەبوونەوە، بڕیاری دا تا بڵاوکراوەیەکی کوردی بڵاو بکاتەوە.

کەریمی حیسامی لە لاپەرەی ٧ بەرگی ٣ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە حیزبی تودە یەک دووجار عەلی گەلاوێژیان بردە ئوروپا لەگەل ئەوانی وێ کۆبوونەوەیان بۆ پێکهێنا و بڕیاریان دا کە رۆژنامەیەکی کوردی دەر بکەن. بەڵام لە سەر ناوی رۆژنامە هاودەنگ نەبوون. حیزبی تودە دەیگوت دەبێ ناوی رۆژنامەکە "مەردوم" بێ وەک بڵاوکەرەوەی حیزبی تودە و ئەوانی ئوروپا (دوکتور قاسملوو و حەسەن قزلجی و کەریمی حیسامی) دەیانگوت دەبی ناوی کوردستان بێ وەک بڵاوکەرەوەی بیروباوەری حیزبی دێموکراتی کوردستان. دوایە لە سەر ناوی کوردستان بۆ رۆژنامەکە رێککەوتن و دوکتور قاسملوو وەک سەرنووسەری رۆژنامە و عەلی گەلاویژ و حەسەن قزڵجی و کەریمی حیسامی وەک دەستەی نووسران دیاری کران. دیارە عەلی گەلاوێژ بە هۆی ئەوە کە نەبوو بە بەرپرسی رۆژنامەکە، خۆی لە کارکردن کێشاوە. هەروەها ئەردەشیر ئاوانسیان بوو بە بەرپرسی سیاسی رۆژنامەی کوردستان کە نە کوردی دەزانی و نە حەوسەلەی ئەوەی هەبوو کە بزانێ ناوەرۆکی رۆژنامەکە چی تێدایە.

لەو کاتانەدا لە میوانداریێک لە پراک، دوکتور قاسملوو بە کچێک کە رووسی دەزانی دەڵی، کە لە گەڵ عەلی گەلاوێژ قسە بکە، ئەویش رووسی دەزانێ و بنە دۆست. ئەوان پێکەوە قسە دەکەن. پاش ماوەیەک دوکتور لە کچە دەپرسێ کە گەیشتوونە کوێ، چوو بۆ کرا؟ کچە وڵام دەداتەوە کە تازە گەیشتونە راوی ورچێ و عەلی گەلاوێژ هەر باسی راوە ورچی قەفقازێ بۆ کرد بوو.

وتارەکانی دوکتور قاسملوو بۆ حەسەن قزلجی و کەریمی حیسامی دەچوون و ئەوان پێی دادەهاتنەوە و تایپیان  دەکرد و لە گەڵ مەقالەکانی خۆیان دەیاننارد بۆ دوکتور قاسملوو لە پراگ و لەوی بە هاوکاری محەممەد موهتەدی کە بە بورسی حیزبی تودە بۆ خوێندن چوو بووە بۆ ئەوێ، چاپ و بڵاو دەبووە. رۆژنامەی کوردستان لە ئوروپا لە زستانی ١٩٦٥ تا هەوەڵی بەهاری ١٩٧٠زایینی ٢٦ ژمارەی لێ بڵاوبووە. دەستەی نووسەران لە نووسینی بابەتەکان دا ئازاد بوون و دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە یارمەتییێکی باش بوو بە جوڵانەوەی کوردستان.

ئەگەرچی حیزبی تودە یارمەتی بە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستانی کرد بەڵام لە بڵاوکراوەکانی دیکەی ئەو رێکخراوەدا، هیچ رەنگ دانەوەیەکی لەمەر کوردستان بەدی نەکرا. لە سەر هەموو شتیک دەنووسرا بەڵام باس لە کوردستان نەبوو.

هەروەها بە فەرمانی حیزبی تودە لە بیستەمین ساڵ دامەزرانی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دروشمی "هەر بژی خەڵکی کورد" لە نێو دروشمەکانی ئەو حیزبە دا وەلا نرا.

جیا لەوانەش ئەو بڕیارە کە دەبوو بەڕێوەبەری حیزبی توودە هەر سێ مانگ لەگەڵ دەستەی نووسران کۆ بێتەوە، پشت گوێ خرا. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ۹ ی بەرگی ۳ ی بیرەوەرییەکانی باسی نامەی دوکتور قاسملوو دەکا کە لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ کەریمی حیسامی نووسیوە و باسی بێ سەرەوبەری کاری رێبەری حیزبی تودە دەکا کە نەیانتوانییوە دوای سێ مانگ کۆبوونەوەی رۆژنامەی کوردستان پێک بێنن و دەنووسێ: "بە نەزەری من بۆ ئەوانە مەسەلەی کورد و هەروەها رۆژنامەی کوردستان وەک شتەکی زۆر دەرەجە چوار و پینجە! بێجگە لەوە وەزعی رۆژنامەکە زۆر شپرزە بوە. وەزعی ئێرە ئەمنی زۆر ناراحەت کردوە! فکری لێ بکەوە کە هەتا ئێستاش تەسمیماتی کوبونەوەی سوفیامان نەدیوە. لای گرنگ تری مەسەلەش ئەوەیە کە بەراستی من زیدی ئەوەم کە رۆژنامە هەر بەم جورە بێ ناو و نیشان بڵاو بێ. لە هەموو لایەکیش هەر بە ناسیونالیست و منحرف مان دەزانن "بە تایبەتی من"! جا دەڵەم با کوبونەوەکە ساز بێ ئەو شتانە حەل کەین. ئینجا تکام ئەوەیە باسی ئەو شتانە هەتا کوبونەوەکە دەگەلیان مەکە!

### رادیۆ پەیکی ئێران

یەکێک لە راگەیەنە سەرەکییەکانی حیزبی تودە بە دژی ریژیمی شا، کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی رادیۆ بوو کە جار جار بۆ ماوەیەک بەرنامەی کوردیشی بڵاو دەکردەوە.

کەریمی حیسامی و عەلی گەلاوێژ وێژەری رادیۆیی کوردی پەیکی ئێران بوون، بەڵام بە هۆی ئەوە کە گوایە مەلا مستەفا رقی لە دەنگی عەلی گەلاوێژ بۆوە، لەوێیان لابردووە.

بە پێی لاپەڕەی ۵ بەرگی٣ ی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، ئەرکی رادیوی پەیکی ئێران کە لە رێکەوتی ١٩٦٥/٥/١٠ بە هۆی ئیحسانی تەبەری دیاری کرا بریتی بوو لە: ١ - ئەرکی سەرەکی بەرنامەی کوردی، یارمەتی‌یە بە جوڵانەوەی گشتی ئێران و کوردستانی ئێران بە تایبەتی.

٢ - یارمەتی بە جوڵانەوەی گشتی کورد و کوردەکانی عێراق بە تایبەتی.

## بەشی ٨٧

## حیزبی دێموکرات بەر لە ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧

دوای ئەوەی گرتنی کۆنگرەی ٢ ی حیزبی دێموکرات یارمەتی بە باشتر بوونی وەزعی حیزبی نەکرد و گیروگرفتەکان هەروا چارەسەر نەکران، سولیمانی موعینی ڕۆژنامەی "ڕۆژ " ئۆڕگانی لقی سێی حیزبی دێموکراتی لە ٦ لاپەڕە دا دەرکرد و بە دەستەیەک پێشمەرگە بۆ کاری سیاسی گەڕاوە بۆ ناوخۆی کوردستان.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٨٤ کتێبی پێداچوونەوەی ٢ دا دەنووسێ کە لەسەر لاپەڕەی هەوەڵی ئەو ڕۆژنامەیە دا، ئەو دروشمانە هاتبوون: (یەکێتی – خەبات - سەربەخۆیی - دێموکراتی).

(کوردستان خۆ رادەپسکێنێ و بەسەر هەموو بەرهەڵستێک دا زاڵ دەبێ).

کەریمی لە دەرەوەی وڵات٣ ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەی پێدەگا بەڵام چوونکە حیزبی تودە ڕێگای نەدا کە بابەتەکانی لە ڕادیۆ پەیکی ئێران بخوێندرێتەوە، ئەو زۆر نارەحەت بووە. ئەو لە لاپەڕەی ١٩ بەرگی٣ کتێبی بیرەوەرییەکانی دا، لە سەر ناوەرۆکی ئەو ڕۆژنامەیە وای بۆ دەردەکەوێ : ... کە سولەیمانی موعینی کاتێکی لە کوردستانی ئێران بووە هیچ پیوەندی لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق و دارودەستەکەی نەماوە و سیاسەتێکی سەربەخۆی گرتوتە پێش.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٧١ بەرگی ٥ ی بیرەوەرییەکانی دا لەسەر دەرکردنی گۆڤاری "ڕۆژ" دەنووسێ: سێهەم دەرکردنی ڕۆژ ، پاییزی ساڵی١٣٤٥ واتە دوو ساڵ دوای کۆنگرەیە، هی کاتێکە کاک سەدیق و کاک نەحۆ شەهید کراون و کاک سولەیمان گەلێک لە ئەحمەد تۆفیق دوور کەوتۆتەوە و لە ئێمە نیزیک بۆتەوە( لە لایەنگرانی کۆمیتەی ئینقلابی حیزب کە بە نەهێنی دامەزرابوو).

لەو قۆناغەدا کە سولەیمانی موعینی هەمەکارەی حیزب بوو، وەزعێکی خراپ بەسەر حیزب و ناوچە دا زاڵ بوو. سمایل بازیار لە لاپەرەی ٢٢٨ کتێبی "کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لەسەر هەلومەرجی ئەوکاتی کوردوستان دەنووسێ: ئەو ڕووداوانە کە لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٥ ( ١٩٦٦) دا تووشی حدک هاتن وەک کوژرانی سەدیق ئەنجیری و دوورخرانەوەی ئەحمەد تۆفیق لە لایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بۆ ناوچەی بادینان، دۆخی نێو خۆیی ”حدک”ی تووشی قەیران و کێشەی پتر کرد. هەروەها پێش هاتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەو قۆناغەدا کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو خۆی ئەو حیزبە دانا. هەڵگیرسانەوەی شەر لە نێوان شۆرش و حکوومەتی عەبدولسەلام عارف لە سەرەتای ١٩٦٥ دا، گەرانەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی و لایەنگرانیان لە هەمەدانی ئێرانەوە بۆ نێو شۆرش، بە هێز بوونی پێوەندییەکانی شۆرش و رژیمی شاهەنشاهی ئێران، هەڵاتنی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆن لە ناوچەی دۆڵەرەقەوە و کار کردنیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە ناوی پارتی باسکی جەلالییەوە (لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی) و گرێ دانی پێوەندییان

بە رژیمی عێراقەوە و قووڵ بوونەوەی دووبەرەکی و هەڵگیرسانی شەری کوردکوژیی ناسراو بە ″مەلایی و جەلایی″ بەشێک لەو رووداوانە بوون کە کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر حدک هەبوو.

سولەیمانی موعینی پێشتر هەوڵی دا کە خۆی لە قاڵمە قاڵم و گیروگرفتی حیزب دوور کاتەوە و کەسێکی دیکە ببێتە رێبەری حیزب، کە هەم هەڵبژاردەی ئەندامانی حیزب بێ و هەم پەسەندی پارتی دێموکرات. ئەو نامەی بۆ مامۆستا هەژار نووسی و داوای کرد کە ببێتە هەمەکارەی حیزب بەڵام هەژار هیرشی توندی کردە سەری و داواکەی رەد کردەوە.

مامۆستا هەژار لاپەڕەی ٤٩١ چێشتی مجێور دا لە سەر سولەیمان موعینی دەنوسێ: لە پاش رۆیشتنی ((ئەحمەد تۆفیق)) بۆ سنوری تورکیە، ((سولەیمانی موعینی)) خۆی کردە جێنیشینی لە حیزبی دیموکراتی ئێراندا. رەنگە ئەوانەی زۆری دەگەڵ ژیاون چاتری بناسن، بەڵام هیچ وەبەر دڵی من نەدەکەوت. دەیانگوت داوێن پیسە، دەیانگوت فەرقی گیرفانی خۆی و هەواڵانی لەبەرە، دەیانگوت ترسەنۆکە... کە من هەر دەمبیست و خۆم وەک پیویست نەمدەناسی. هەر هێندەبو مەرحەبا و چاک و خۆشیمان پێکەوە هەبو. چونکە من کارم بە سەر کاری ئێرانییەکانەوە نەبو، بەڵام وەک دۆست و برادەر خۆشم دەویستن. دەمبیستەوە کە موعینی و هەواڵانی پێشمەرگەی دەچنەوە ئیران و چالاکی دەنوێنن.

عەبدوڵای حەسەنزادە وڵامی مامۆستا هەژار دەداتەوە و دوای ئەوە دەنووسێ کە پێشمەرگەی شۆڕش چوونە ئاوایی "گەڵوەڕەزێ" و کەرەسی مەقەڕی حیزبیان لەگەڵ خۆ برد، لە لاپەڕەی ١٢٤ ئەزموونی خەبات دا، لەسەر قسەکانی مامۆستا هەژار دەنووسێ: ئەوەی مەڕبووتە بە کاک سولەیمانی موعینی، غەدرێکی عەجایب تاریخیی لێ کردوە. سولەیمانی موعینی وەکوو هەموو ئینسانێک عەیبی هەبوو. عەیبی وای هەبوو کە ڕەنگە هەژار قەت پێی نەزانیبێ. بەڵام دوو شتانی پێ نیسبەت دەدا کە بە دەرزی و دەزووش و بە چەسپی دوو قلووش بە سولەیمانی موعینی¬یەوە نەدەچەسپان. یەکێکیان ئەوە کە بەترسەنۆک و خوێڕی و ئەوەی ناو دەبا. کاک سولەیمان پیاوێکی بەدەست و تفەنگ بوو، پیاوێکی ئازا بوو. ئەوی دیکە کە لەویان خراپترە، موتتەهەمی دەکا بە پووڵ کۆکردنەوەو دزی و فزی و ڕێگری و ئەوانە. سولەیمانی موعینی وەختێکی بۆخۆی گیرا، ئەگەر سەید ڕەسووڵی بابی گەورە فریای ژن و منداڵەکەی نەکەوتبایە منداڵەکانی لەبرسان دەمردن. دە دیناریان نەبوو کە ژنەکەی و دوو منداڵی خەرجی بکەن. سەید ڕەسووڵ باڵی بەسەر دا کێشان و لەماڵی خۆی حاواندنیەوە دوای ئەوە ئەو شتەی بەسەر هات کە ئەویش بەداخەوە یەکێکە لە سەفحە تاڵەکان. سولەیمان ئەوە نەبوو. ئەمن بۆخۆم وەبیرم دێ جارێکی کە هاتبووم بۆ سەردانی برادەرانی خۆمان، ئەمن لەوێ بووم، دیتم دەگەڕان و هەوڵیان دەدا شتێک کۆ کەنەوە، وەکوو مەحرەمیش چونکی زۆر سەمیمی بووین. دیتم گەڕان و لە یەکتریان پرسی ئەتۆ چیت پێ یەو ئەتۆ چەندەت پێیە، ئاخری بە هەموویان سەت فلسیان پێ بوو کە ناردیان دایان بەچا. کیلۆیەک چا بە شەش سەت فلس بوو. ئەوان سەت فلسیان پەیدا کرد دایان بەچا. یانی١٥٠ گرەمیان چا پێ کڕی بۆ ئەو مقەڕەی کە ئەمنیشی لێ میوان بووم. ئەوە هیچ کە خواردنەکەش شتێکی زۆر عادی بوو.

هەر ئەو شەوەی لەوێ بووم بۆ سبەینێ بەیانی کاک سولەیمان لە نێو خۆی وڵاتەوە هاتەوە. بۆ منیان باس کرد کە پێیان گوتوە ئێمە وەزعی ماددیمان یەکجار زۆر خراپە، ئەتۆ هیچ پووڵت نەهێناوەتەوە؟ گوتبووی خۆ ئەمن نەچوومەتەوە پووڵ کۆ کەمەوەو یارمەتی وەربگرم. ئەمن چووم بۆ کاری حیزبی. دوایە لەوێ هەستابوو چووبوو بۆلای مەلا مستەفاو پەنجا هەزار تمەنی تەحویلی ئەو دابوو. وەکوو کۆمەگ بە شۆڕش. خۆ ئەوە کارێکی خراپ نیە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم عەیبی دیکەی پێوە دەچەسپا، چونکە هەر ئەوە بۆخۆی عەیبێکی گەورە بوو. ئەتۆ حیزبەکەی خۆت نانی نیە، هیچی نیە دەچی ئەو کارەی دەکەی. بۆ منیان باس کرد گوتیان بەڕاستی مەلا ئاوارە نەبێ ئێمە لێرە لەبرسان دەمرین کە دیارە لەو وەختی دا هەر لەوێش نەبوو. ئەوە مەلا ئاوارەیە کە ئێمە دەژیەنێ لە مەنتەقەی سەردەشتێ را ئاردو ڕۆن و برینج و قەند و هەموو شتێکمان بۆ دێ. ئەوە هەمووی ئەو بۆمان دەنێرێ دەنا ئێمە لێرە لەبرسان وشک دەبین. بەو حاڵە دە هەزار تمەنی بۆ حیزبەکەی خۆی بەجێ نەهێشت، هەمووی تەحویلی ئەوان دا. تەحویلدانی ئەوان خراپ نیە، بەڵام ئیحتیاجیی حیزبەکەی خۆی خراپە. دەحاڵێک دا مام هەژار بەجۆرێکی دیکە باسی دەکا. دوژمنی کوردو خائین و چەتەو ڕێگرو شتی وای پێ دەڵێ.

کێشە و گیروگرفت و ناتەبایەکانی نیوخۆیی حیزب لە لایەک و ئەو مەبەستەی کە ئەندامانی حیزب راستەوخۆ لە سەری قاچاغ ببوون و هەروەها ئەو مەترسییانەی کە بەهۆیی نفوزی ئێران لە کوردستانی باشوور پێکهاتبوو، بیروباوەری ئەندامانی سەرووی حیزبی گۆڕی و ئەوانەی دوای کۆماری کوردستان یان بە دوای دەهەی ٥٠ زاینی دا هاتبوونە کوردستان باشوور، بە چەند دەستەی دابەش کرد. دەستەیەک لە ژێر دەستەڵاتی شۆڕش بە رێبەری مەلامستەفا دابوون و لە بەشداری لە جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دوور کەوتنەوە بە گیان و بە دڵ بۆ کوردستانی باشوور تێکۆشان. لە نێو ئەوانەدا دەکرێ ناوی مامۆستا هەژار مامۆستا خالید حیسامی بێنیین. دەستەی سێهەم زۆرتر لە سەر ئەو بروایە بوون کە لە کوردستانی باشوور را، کاری رێکخراوەیی و مەدەنی لە نێوخۆی ئێران دا بکەن و چاوەروانی رووداوەکانی داهاتوو بن، کە ئەمیری قازی و سەید رەسوڵی دێهقان خاوەنی ئەو بیرۆکە بوون و مەلا سەید ڕەشید حوسێنی و ڕەشید فەلاحی شیان لەگەڵ بوو. ئەوانە لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە، لەلای پارتی دیموکرات لە شۆڕشی ئەیلولدا مانەوە. سەید رەسوڵ دێهقان لە بیرەوەرییەکانی دا دەڵی کە ئەو و ئەمیری قازی موخالیفی ئەو حەرەکەتە (٤٦-٤٧) بوون و بێلایەن ماونەوە و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هەوەڵ ناکۆکی وەلابندرێ و خەتێکی روون دیاری بکرێ و دوایە جوڵانەوەی چەکداری دەست پێ بکرێ.

گشت ئەو دوو لایەنە لە پەیوەندی لەگەڵ بارەگای بارزانی دابوون و هێژموونی ئەویان قبووڵ بوو. دەستەیەکی دیکە لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە دەبێ لەگەڵ بە بەرحەق ناسینی شۆڕشی کوردستانی عێراق، کار لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بکرێ، کە سولیمانی موعینی لایەنگری ئەو روانگەیە بوو. ئەوانە کە لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی تودە و حیزبی شوعی عیراقی دابوون، دواتر لە لایەن باڵی مەکتەبی سیاسی بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ مەلا مستەفا پشتیوانیان لێکرا.

کاتێک کە ئێران دەستی خستە نێو کاروباری کوردستانی باشوور، هیچ کام لەو دەستانەی حیزب لە ئەمان دا نەبوون و بە لای ئێرانەوە هەر دەرباز بوون لە سنووری ئێران و هاتنە باشووری کوردستان تاوان بوو.

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٦٥ ی بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی دا باسی چاوپێکەوتن و نیگەرانی سولەیمانی موعینی لە ئاوایی دێرێ دەکا کە دەترسا کە پارتی بیگرن و دەنووسێ: زۆری گلەیی و گازەندە لە کاربەدەستانی شۆڕش هەبوو، گوتم ئەوانەی دەیڵێی هەموو ڕاستن بەڵام چ دەکرێ و ئەتۆ دەتەوێ چبکەی؟ گوتی ئەوەتا نامەیان بۆ ناردووم کە بچم بۆ مەکتەبی تەنفیزی، بەڵام دەزانم کاری کاک ئیدریسە بچم دەمگرێ. من گوتم بۆچی دەتگرێ مەگەر کارێکی خراپت کردوە؟ گوتی نا بەڵام دەزانم دەمگرێ، گوتم ئاخر بەچی دەزانی دەتگرێ؟ گوتی پرسم بە شیوعییەکان کردوە ئەوانیش باوەڕیان وایە دەمگرن چونکە سەرکردایەتیی شۆڕش زۆر لە ڕێژیمی شا نیزیک بۆتەوە. من ڕام وابوو ئەو پەڕەکەی وەک کاک ئەحمەد تۆفیق دووری دەخەنەوە، دوایی کە باسەکەمان گەرم بوو نامەیەکی کاک کەریم حیسامی بۆ خوێندمەوە کە تازە بەهۆی حیزبی شیوعی بۆی هاتبوو، ڕاوبۆچوونی کاک کەریمی حیسامی ڕاست وەکوو بۆچوونی من وابوو کە دەبێ مەلا مستەفا ئاگادار بکرێ دژی ئەو حەرەکەتە نەبێ، پاڵپشتی دەرەوەمان هەبێ، پشتی جبهەمان هەبێ، تەشکیلاتی ڕێکوپێکمان هەبێ، بەربڵاو بێ.

دوایە ماوەیەکی کورت دیسان سولەیمانی موعینی لە گوندی بەستێ چاوی بە حەسەنی رەستگار دەکەوی و حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٦٥ دا دەنووسێ: نازانم چەند ڕۆژی پێ چوو بەڵام کەمتر لە هەفتەیەک بوو. ڕۆژێک دوای نیوەڕۆیە کاک حەمە نادر کە خەڵکی کاوڵانی لای گوندی ئاڵوەتانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام وەک ئەندامی حیزب ڕایکردبوو و لە گوندی بەستێ گیرسابۆوە هات بۆ لام. نامەیەکی پێچراوەی چکۆلەی دا دەستم، گوتم هی کێیە؟ گوتی هی کاک فایقە، کە خوێندمەوە سەرم سووڕما نووسیبووی: ″ئەوە لەو پێشەوە لە نیزیک خۆتم، هەڵگری نوسراو شوێنەکەم پێ دەزانێ، وەرە چاوم پێت بکەوێ.″ پێم ناخۆش بوو بەڵام چار نەبوو، هەستام لەگەڵ حەمە نادر چوومە دەرێ. حەمە پێشم کەوت گوتی وەرە نیزیکن هەمووی ١٠ دەقیقە نەدەبوو، لەو لای گوندی لەلا خڕێک دانیشتبوون، دوای چاک و چۆنی لەگەڵ کاک فایق هێندێک لە خەڵکەکە دوور کەوتینەوە و دەستمان کرد بە قسە کردن. باسی سەفەرەکەی بۆ گێڕامەوە کە چۆتە دەرگەڵە لای شیوعییەکان ئەوان گوتویانە نەچی بۆ لای گەڵاڵە و مەکتەبی سیاسی، هەر چۆنێک بێ کاک فایق کەسێکی پەیدا کردوە ناردوویە بۆ مەکتەبی سیاسی و پرسیاری کردوە کە بۆچی داوای کاک فایقتان کردوە؟ گۆیا مەکتەبی سیاسی یا تەنفیزی گوتویانە ئێمە هیچ ئاگامان لەو بەرقیە (پەیامە) نییە و ئێمە نەمان ناردوە. کاک فایق گوتی ئەوجار بە تەواوی بۆم ڕوون بۆوە کە داوێکە بۆیان داناومەوە. دیسان لەسەر ڕا قسەکانی پێشوومان کە لە گوندی دێرێی دۆڵی شاورێ کردبوومان دەست پێ کردەوە. دوای باسێکی دوورودرێژ هاتینە سەر ئەو باوەڕە کاک فایق و پێشمەرگەکان لە دیوی کوێستان خۆیان بحاوێننەوە و خۆیان لە شەڕ و تێکهەڵچوون بە دوور بگرن

و منیش بەهۆی دوکتور حیکمەت کە تەنیا دوکتوری شۆڕش بوو و لای بارزانی خۆشەویست بوو پێوەندی بە مەلا مستەفاوە بگرم، ئەگەر مەلا مستەفا قەول بدا بگەڕێنەوە کەس حەقی نییە بەسەریانەوە، کاک فایق و جەماعەتیش بگەڕێنەوە و بارزانی کوێی بۆ دیاری کردن لەو شوێنە نیشتەجێ بن. لەسەر ئەم بنەمایە ئەوان بەرەو لای سونێ ڕۆیشتن و منیش گەڕامەوە ماڵێ و بەڕاستی نیگەران بووم.

حەسەنی ڕەستگار دەچی بۆ لای دوکتور حیکمەت لە بۆڵی و باسی وەزعییەتی کاک فایقی و داواخوازی ئەو لە بارزانی بۆ دەکا و دوایە دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی بەستێ و لە لاپەڕەی ٢٦٦ دا دەنووسێ: نیزیکەی دوو حەتووی پێ چوو ڕۆژێک کوێخا کەریم پەیدا بوو لە بەستێ، نامەیەکی دوکتور حیکمەتی بۆ هێنابووم کە نووسیبوی چاوی بە جەنابی بارزانی کەوتوە و مەسەلەکەی بە دوورودرێژی لەگەڵ باس کردوە، مەلا مستەفا فەرموویە "فایق بگەڕێتەوە لای خۆم هیچ کەس ناتوانێ حەقی بەسەریەوە هەبێ". ئەم وڵامە زۆری خۆشحاڵ کردم سبەینەکەی کوێخا کەریمم بەڕێ کردەوە.

حەسەنی ڕەستگار بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە بە دوای سولەیمانی موعینی دا دەگەڕێتەوە بۆ ناوخۆی وڵات، بەڵام نایبینێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی باشوور و لەوێرا لەگەڵ نامەی دوکتور حیکمەت، نامەیەکی خۆشی بۆ سولەیمانی موعینی دەنێری. بەڵام لەوکاتە دا شەڕی سپی سەنگ قەوما و حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ٢٦٣ دا دەنووسێ: زۆری نەخایاند دەنگ و باسی شەڕی سپی سەنگ دەنگی دایەوە، دەستبەجێ کاربەدەستانی لەشکری ئێران و بەرپرسانی ساواک خۆیان گەیاندە حاجی ئۆمەران، شوێنی فەرماندەیی بارزانی. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە فەرماندەی ڕۆژئاوای لەشکری ئێران ژنیراڵ پالیزبان لەبەر کاک مەسعوود بارزانی پاڕاوەتەوە گوتویە "ئەگەر یارمەتیم نەدەن ئەو حەرەکەتە سەرکوت بکرێ، شا ڕێگەم نادا بگەڕێمەوە تاران." ئەوەی ڕاستی بێ کاک فایق و هاوڕێیانیشی پێیان خۆش نەبوو خۆ لە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم بدەن.

دوایە سولەیمانی موعینی لە نێوخۆی وڵات را دەگەڕێتەوە بۆ لای شێنێ و حەسەنی ڕەستگار بە دوای دا دەچتە سونێ. لەوێ دەچێتە گەڵوەڕەز، بۆ بنکەی حەمەدەمینی سیراجی و سمایلی شەریفزادە و سالاری حەیدەری کە مەلا ئاوارە  و مەلاقادر لاچینیش لەوێ دەبن. ئەوان لەوێ بە تێکرایی بڕیار دەدەن کە مەلا ئاوارە  و حەسەن ڕەستگار بە نوینەرایەتی هەموویان بچنە لای سولەیمانی موعینی و داوای لێبکەن کە بگەڕێتەوە بۆ باشوور واز لە کار لە نێوخۆی کوردستان بێنێ. ئەوان کاک سولیمان دەبیننەوە و سێ قۆڵی نامەیەک بۆ مەلا مستەفا دەنووسن و داوای تەکلیفی لێدەکەن و کاک سولەیمان ملکەچ دەبێ بۆ هەرجێگایەک کە ئەو بۆی دیاری بکا. حەسەنی ڕەستگار نامەکە وەردەگرێ تا بیگەیەنێتە دەستی مەلامستفا، بەڵام لە گەرانەوە بۆ سونێ لە لایەن دەستەیەک پێشمەرگەی شۆڕش بە سەرۆکایەتی عەلی بارزانی دەگیرێ و نامەکەی لێوەردەگرن و دەڵێن بچێ لە سونێ خۆی تەسلیم بە پێشمەرگەی شۆڕش بکا. هاوکات سمایلی شەریفزادە و حەمەدەمینی سیراجی و سالاری حەیدەریش بە هۆی مام وسوو دەزیی کە زۆری ڕێز لێگرت بوون

گیران. ئەوانە لەوێرا چەند پێشمەرگەیان لەگەڵ دەخرێ تابچن بۆ لای حەسۆ میرخان لە سەنگەسەر. حەسەنی رەستگار پێیوادەبێ کە حەسۆ بێرێزی پێدەکا بۆیە بە پرس و را بە هاورێکانی، بڕیار دەدا کە هەڵێ.

حەمەدەمینی سیراجی و سالار حەیدەری و سمایلی شەریفزادە دەچنە لای حەسۆ و ئەوە داوایان لێدەکا کە لە سەنگەسەر نیشتەجێ بن. دوایە حەسەنی رەستگاریش نامە بۆ حەسۆ میرخان دەنووسێ کە باوەڕی بە راپەڕینی لە نێوخۆی کوردستانی ئیران نییە و لە ئاکاری شۆڕش بە گلێیە و داوا دەکا کە رێگا بدا لە ژێر دەستەڵاتی شۆڕش دا دابنیشێ.

بە پێی لاپەڕەی ٢٧٢ بیرەوەرییەکانی حەسەنی رەستگار، حەسۆ میرخان لە وڵام دەڵێ: هەر برای منە با بێ بۆ لام چۆنی پێ باش بوو هەروا دەکەین.

حەسەنی رەستگار دەچێتە لای حەسۆ و ئەویش وابە سەڵاح دەزانی کە حەسەنی رەستگار بە ماڵەوە بێتە سەنگەسەر، بۆ ئەوەی هەموو رۆژێ راپۆرتی لێنەدن و لەژێر چاوەدێرێ خۆی دابێ.

لە ئاخر دا دەبێ بگوترێ کە روون نییە کە ئەو نامە سێ قۆڵییە کە نووسرا گەیشتبێتە دەستی مەلا مستەفا یان نا، بەڵام وا دەردەکەوی کە کاک فایق زیاتر باوەڕی بە خەبات و تێکۆشان هەبێ هەتا ئەوەی کە بێ لە شوێنێک لە ژێرچاوەدێری شۆڕش دا مات بێ.

لە وەزعییەتێکی ئەوتۆ دا، کە نێوانی شۆڕشی کوردستان بە رێبەرایەتی بارزانی و دەوڵەتی ئیران خۆش ببوو، مەیدانی تێکۆشانی ئەندامانی حیزب بە تەواوی بەربەست کرا.

لەسەر شێوەی ئەو پەیوەندییە، سەرهەنگ عامری لە لاپەڕەی ٥٤ کتێبی "نقاب" دا دەنووسێ کە چەند مانگ دوای چوونی تاڵەبانی بۆ هەمەدان، پەیوەندی مەلا مستەفا و ئێران دامەزرا و دەڵی کە ئەو ببوو بە فەرماندەی گورهانی پیرانشار کە رۆژێک لە لایەن ئیدارەی سەرۆکوەزیران را راسپاردرا بوو کە ریگا بدەم ٤ لۆری ئەرتەشی بچی بۆ حاجی عومەران. عامری دەنووسی کە دواتر کەسێکیان بە ناوی عەلی کوهی وەک رابیتی بارزانی لەگەڵ ئێران پێناساندم کە هەرکات کاری هەبێ بە رێگای تەمەرچینەوە بێ بۆ ئێرانێ.

هاوبیرانی سولیمانی موعینی کە بە جێگیر بوونی ئەو پەیوەندییە ئەو هیوا و ئۆمێدەیان لە حاست جوڵانەوەی باشوور دا نەما، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە سەرەرای کەندوکۆسپی زۆر بگەڕێنەوە کوردستانی رۆژهەڵات و لەوێ درێژە بە خەبات بدەن. ئەوانە کە پێشتر کەم کەمە وەخۆ کەوت بوون، لە ساڵی ١٣٤٦ لێبڕاوانە دەستیان بە کارو تێکۆشان لە نێوخۆ کرد.

لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کونگرەی٣ هۆیە سەرەکییەکانی دەستپێکردنی خەباتی چەکداری بەمشێوەیە نیشان دەدا: "وەزعی ناوەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٤٦ لە لایەکەوە و ئەو فشارەی کە بۆ حیزب دەهات لە لایەکی ترەوە، هێندێک لە بەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی ناچار کرد، کوردستانی عێراق بەجێبێڵن بێنەوە کوردستانی ئێران. رێژیمی شا کەوتە ترسەوە و هێزێکی زۆری بۆ لەناو بردنی ئەوان تەرخان کرد. کادر و ئەندامانی حیزب بێجگە لە دەست کردنەوە و بەربەرەکانی کردن هیچ رێگایەکی تریان بۆ نەمایەوە. بەمجۆرە

خەباتی چەکدارانە بە سەر هێندێک لە کادر و ئەندامانی حیزبی ئێمەدا، لە لایەن رێژیمەوە سەپێندرا".

جیا لەو دەستانە هێندێکیش لە ئەندامانی حیزب، وەک عەبدولرەحمانی زەبیحی و محەممەدی شاپەسەند پەیوەندیان لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی دا هەبوو کە لە ساڵی ١٩٦٦ لەژێر ناوی پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، پاڵیان بە ڕژێمی بەعسەوە داو و بوون بە جاش.

ئەو جەولانەی کە ئەندامانی حیزب تا پێش دەستپێکردنی جوڵانەوەی ٤٦ -٤٧ بۆ کوردستانی رۆژهەڵات کردیان، ئەو دڵگەرمییەی لە نێو ئەوان دا پێکهێنا کە بە یەکجاری بۆ خەباتی چەکداری بگەڕێنەوە نێوخۆی وڵات.

لەو سەردەمەدا سولەیمانی موعینی لە هەموو بوارێکەوە لە ئەحمەد تۆفیق دوور کەوتبۆوە و ئاکار و کردەوە و هەڵسووکەوتەکانی بەرپەرچ دەداوە. بە پێی لاپەرەی ٢٣ بەرگی ٣ بیروەرییەکانی کەریمی حیسامی، سولەیمانی موعینی بە رێکەوتی یەکی رەزبەری ١٣٤٤ هەتاوی، بە هیما هێرش دەکاتە سەر کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق و دەنووسێ: ئامانجم لەو قسانە ئەوەیە نەبادا رابوردوت لە بیر چوبێتەوە بیرت خەمەوە ئێستاشت بخەمە بەرچاو لە سەر ئەوڕو قسە بکەی و بەرنامە دارێژی.

هەر رابردو دوژمنمان لە بیر چوبووە، دەممان لە دەمی یەک نا. ئەوە مونحەریفە ئەوە لای دا سازش کارە، ئەوە بیرو باوەڕی سەرمایەداری پەیدا کردوە، ئەوە ناسیونالیستە، ئەوە شوڤینیستە، ئەوە موتەعەسب و نەزانە. بەڵێ دەورەیەکیش بەوە گوزەرا تا بانگی چەکدارانە درا لەو دیوە بو ئیمە. لەو دیو بەرژەوەندیکی باش بوو کە قوڵی (١ مەبەستی رێژیمی شایە) بە هێزە، ئێمە حیزبیکی شۆڕشگێر دەبی رێکخراویکی شورشگێرمان هەبی. لە بەرامبەر ئەو دوژمنە سەر سەختە کە چوار فیشەکی لە خو داوە بە ئێمەش بیکەینە پێنج فیشەک. یەکمان لێدەگرێ چواران بگرین. دوومان لێ دوکوژێ دەی لێ بکوژین. دەستمان کرد بەو بەزم و هەرایە، بەشێوەیەکی کە بو خومان دەمانزانی فێری ببوین خوێندبومانەوە عەمەلمان کرد. بەرە بەرە روحی میللەتمان زیندو کردەوە. لە بەرامبەر قوڵی و پیاوەکانی دا راوەستاین. لەسەر ویستی خەڵک حیزبمان نیشان دا. گوێ و لوتی فسوسەکانمان بڕی، مەحکەمەمان لە وڵات دانا بو خائین و فسۆس. ترس لە حیزب زیاتر بو تا قوڵی. ناچار کشانەوە ئیستا لە دەرەوە لە زوربەی ناوچەکان شکایەت و مەحکەمە لە دەست قولی هاتوتەدەر. هەر پۆستەی هەیەتی دوو پۆستی چەکداری ئێمەی لە سەرە. هەر ناتوانی بێتە دەر مەگەر بە پارانەوە و خاتری عەباس و حوسێن نەبی. لەسەر یەک وایە. وەزعی ناو خوشمان دیارە باشە کە وایە ئەمما دیسان ماومانە. چونکو سەرە خەرو پیاوی کەڵە و لێکەوتو و خۆ بین هەر ماوە کە دەیانەوی وەک رابردو بە بێ مەقسەد لێیخوڕن لغاو هەڵناگرن ئەمما هەرچی دەکەن بو هەر جێگایەک دەرون، یا وەک کەری غەریب سەر لە هەر دەرگایەک دەنێن لغاویان بۆ حازر کراوە. لوشکان داوێن ئەمما لمبوزی مبارکیان شکاوە بڕەم بڕەم و بگرە و دەرکەی جاران نەماوە. ماخولیان بوون و پەکیان کەوتوە. لە حالی دەستەوئەژنو دانیشتن دان و بەو زوانە یخ دەخون.

پاش دوور خستنەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆ کانێ ماسی، سەفەری کاک فایق بۆ نێوخۆی وڵات، نەک٣ مانگ بەڵکو زیاتر لە ٦ مانگی خایاند. دوایە ئەو گەڕاوە بۆ کوردستانی باشوور و دوای دوو رۆژ چووە بۆ "زارگەڵێ" بۆ مەکتەبی پارتی. لەوێ ئەمری پێکرا کە مەقەڕی سونێ بگوێزێتەوە بۆ دۆڵەرەقە.

ئەمیری قازی دژی ئەو بڕیارە بوو و دەیگوت، دەبێ مەکتەبی سیاسی پارتی و مەکتەبی تەنفیزی، بە رەسمی لە گەڵ حیزبی دیموکرات دابنیشن و ئەوکات بڕیاریکی ئەوتۆ بدەن. ئەو دەیگوت کە ئەو لە سونێ وەلا ناکەوی و چ دەبێ بابێ. کاک ئەمیر دوایە چوو بۆ زارگەلێ و لە گەل حەبیب کەریم سکرتێری ئەوکاتی پارتی تەوافوقیان کرد و بەڵێنی وەرگرت کە هەر شوێنێک کە حێزبی دیموکرات پیی خۆش بێ، دەتوانێ لێی نیشتەجێ بێ و ئەوان بەرگری ناکەن. بەڵام تا گەرانەوەی کاک ئەمیر، کاک فایق مەقەری سونی بەرەو دۆڵەڕەقە چۆل کرد و تەنیا سمایل شەریفزادە و حەمەدەمینی سراجی و سەید رەسووڵ دێهقان و سالاری حەیدەری لەوێ مانەوە.

گەڕانەوەی سولەیمانی موعینی و مانەوە لە کوردستانی بەو ماوە دوور و درێژە و خۆشەویستی ئەو لە ناو خەڵک دا، چەشنێک لەخۆبایی بوون و غرووری تێیدا پێکهێنا کە تازە زەحمەت بوو بتوانێ لەژێر هێژموونی رێبەرایەتی پارتی دا لە باشووری کوردستان بمێنێتەوە.

ئەو بۆچوونە لە نێو زۆر لە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات پێکهات بوو. ئەوان لە حاست جوڵانەوەی کورد لە باشووری کوردستان لە رادەبەر زەحمەتیان کێشا بوو ئێستا پێانخۆش بوو لە کوردستانی ئێران خەبات بکەن. بە پێی لاپەڕەی ١٤٢ بیرەوەرییەکانی ئەمیر قازی، مەلا عەوڵا کوڕی مەلاعوسمان کە خەلکی ئاوایی بادیناوی ناوچەی پیرانشار بوو و یەکێک لە هەرە ئازا و بە نەزم و بە دسیپلین‌ترین پێشمەرگەکانی حیزب و بەرپرسی دەستەیەک پێشمەرگەی شەری هەندرێن بوو، رۆژێک بە ئەمیری قازی دەڵێ: پێموایە ئێوە خەیانەت بە میللەتەکەی خۆتان دەکەن... ئێوە هێندە لەو وڵاتەدا ئێمە دێنن و دەبەن، تا هەموو ئاوی چۆکمان دادەچۆڕێ، ئیدی لە رۆژهەڵات، جوڵانەوەمان بۆ نەکرێ و شۆڕشمان لە دەست نەیە.

مەلا عەوڵا دواتر ئەرکی نیشتیمانی خۆی لە رێگای میللەت دا بەجێ‌هێنا و لە ساڵی١٣٦١ هەتاوی، لە هێرشی هیزەکانی ئێران بۆ گرتنەوەی شاری پیرانشار شەهید بوو.

نامەی حەمەدەمینی سیڕاجی بۆ کەریمی حیسامی لە ساڵی ١٩٦٧

جێی ئاماژەیە کە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٧٢ بەرگی سێهەمی بیرەوەرییەکانی دا، نامەیەکی حەمەدەمینی سیڕاجی بە رێکەوتی ١٩٦٧/٧/١٦ دا هێناوە کە بە وردی باسی پەیوەندی حیزبی دێموکڕات و شۆڕش و حیزبی تودە و رێژیمی عێراق و کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزب و دەکا و دەنووسێ:

زۆر خۆشەویستم ئاشنا گیان

نازانی چەند تاسەی دیتنی تۆ و برادەرانم هەیە. بروا بکە چاو بە چاکەوتنی ئازیزان روون گەش دەبێتەوە. سەفەری ئەو دوواییانەت لێکی نیزیک کردبووینەوە، بەلام هەروەک ئاگاداری کەند

وکوسپی لای مە بەرگری هاتنی کرد بۆ لاتان ... هەر لەسەروبەندی نووسینی ئەم نامەیە دا بە پوستە نامەیەکم بۆ ناردی تا توێژیکت لە رووداوەکانی پاش گەرانەوەت بخەمە بەرچاو نازانم هیچت لێ هەڵکراندوە یان نە. بەڵام بە هۆی کاکە شوان ئەوە ئەو نامەیەم بە درێژی بۆ نووسی تا تۆ برادەران ئاگاداری کار بن.

دەبێ کاک سمکۆ بە وردی لە بەغدا لەگەڵتان دوا بێ. کە هەڵوێستی مە بەرامبەر بە برادەرانی کوێستانی و هەروەها شۆرش چۆن بووە. ئێمە شۆرشمان بە شۆرشی خۆمان زانیوە ودەیزانین. نە بەو نیازەی کە لە مەڵبەندێکی کورە نشین هەڵگیرساوە بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لە سەرەتاوە دروشمی هێنانە سەرکاری حوکمیکی دیموکراتی لە عیراق و سەلماندنی مافی ئوتونومی بۆ گەلی کورد هەڵگرتوە. ئەوانەش ئەو داخوازانە نین کە پشتیان نەگیرێ. بێجگە لەوانەش ئینسانی ئازادیخواز ئازادی هەموو ولاتێکی ژێر دەست بە هی خۆی دەزانی و هەر وڵاتێکی رزگار بووش بە ماڵە خۆی دەناسێ. سەرەرای هەموو شتێک هەر لە زەمانی شۆرشی چاردەی تەموزی ١٩٥٨ تەنانەت پێشتر لەوەش  بۆ کوردان باو بووە لە هەر لایەک توندیان لی گرتوون پەنایان بۆ لای تر بردوە ، زۆربەی ئەو ئاوەش ئێوە و برادەرانی پاش ئێوە رشتیان کە عێراق بە پەنا و پەسیوێکی باش بزانن بۆ لێقەوماوانی سیاسی. جوڵانەوە جۆربەجۆرەکانی بیر و بروا تا کوێ توانیوێتی ئێوە پێکەوە بلکێنێ یا لێکیان جیا کاتەوە، ئەوە شتێکی جیایەو پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە.

ئێمە ئەحمەد و فایق و جەماعەتمان لۆمە کرد کە لە پلەی هەوەڵ لە بیرو باوەری پێشو لایان داوە و لە پلەی دووهەم دا بە عیراقەوە چەسپاون کە ئێرانیان لەبیر چۆتەوە. لە کاتێکدا بۆ ئێمە تێکۆشانی سیاسی و رێکخراوەیی لە وڵاتدا مەرجێکی بنەرەتێ و پێویستە. ئەو ناکۆکیانە هەر مان، ئەحمەد و فایق-یش لێک جیا بوونەوە. فایق خۆی بە لای چەپ دا هێنا و ئەحمەدیش لای راست.

ئێمە بە هۆی سابقەی زێهنی‌یەوە بروامان بە فایق نەدەکرد و لێی دوور بووین. لە پێوەندی ئەو دوواییانەی مونتەقیمی قازی لە هەولێر بە حکومەتەوە و راکردنی فایق ئاگاداری.

هەر پێش ئەو پێوەندییە لە لایەن عەبدولوەهاب ئوتروشی ئامیر هێزی خەبات پێنج برادەری کادر و ئەندامی حیزبی بە گوێرەی بروسکەی ئیدریس بارزانی بۆ عەبدولوەهاب لە لای پێنجوین گیران. راکردنی فایق کە هیچ پێوەندێکی بەوانەوە نەبوو، کرا بە بیانوو بۆ تەحویل دانەوەی ئەوان بە حکومەتی ئێران.

هەر دوابەدوای ئەوە برادەرێکی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووهەم و لێپرسراوی لقی چواری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نێوی مەلا رەحیم لەگەڵ کادرێکی هەرە باش و پاکی لای بانە کە پتر لە سی ساڵ بوو دانیشتبوو خەریکی کاسبی بوو گیران و ئەوانیش درانەوە بە ئێران. مونتەقیمی قازیش هەر دراوە بە ئێران. دیسان پێنج برادەری کادر و پێشمەرگەی ئیرانیان لە باڵەک گرتوو تەحویلیان دانەوە. وای لێهات خەنجەری شۆرش بێ هیچ حیسابێک چاک و خراپی وەبەردا و دەیدانەوە دەست ئێران. تا حەوتوویەک لەمەوبەر پتر لە سی کەس پەنابەری سیاسی کورد لە عیراق درانەوە دەست ئێران.

لەسەروبەندی تەحویل دانەوەی مونتەقیم، من و برادەرێک بۆ وتووێژ لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی و هەروەها مەکتەبی تەنفیزی چوو بووینە لای باڵەک، پاش دیتن زۆر بە ئاشکرا درکاندیان کە بۆ برادەرانی ئێرانی دانیشتووی عیراق تاقە دوو رێگا هەیە، یا توانەوە لە ناو شورش دا و دەست لە ئێران هەڵگرتن، یا چوونەوە ئێران و دەست لە عیراق هەڵگرتن، دەنا ئێمە رێگا نادەین کەسێک پەنای بۆ ئێمە هێنا بێ بچێ لە ئێراندا خەریکی حیزبایەتی بێ. ئێمەش جوابی ئەو پیشنیارەمان وەدوا خست تا برادەران دەبینین. ئاشکرایە شتی وا بە مە قبول نەکراوە و ناکرێ. ناچار بەرەبەرە خۆمان کێشاوە نێو ئێران.

شۆڕشیش بە داوخوازی ئێران پێش گەرانەوەی ئێمە پتر کە ٢٥٠ پێشمەرگەی لە عەشیرەتی مامەشی بەشی عیراق و هەموو کوێخا مەنگورەکانی عیراقی لە ئێراندا وەدوای فایق و جەماعەتەکەی خست کە شان بە شانی ژاندارم و جاشەکانی ئیرانی و سەرباز و ئەفسەر و مەعمورەکانی سازمانی ئەمنیەت بە دوایدا دێهات و کێوەکان بپشکنن و بە زیندوویی یان بە مردویی بە دیاری بۆ ئیدریس بارزانی بیننەوە. پێشمەرگەی شۆرش بە پانایی پتر لە پەنجا کیلومیتر بە درێژایی کێوەکان نیزیک خانێ تا لای بانە دێ بە دێ گەران و بێجگە لە تف و لەعنەتی خەڵک چی تریان دیاری نەهێناوە.

ئەو کردەوە دڵی هەر ئینسانێکی بە شەرەفی لە ئێران و لە عیراقدا بریندار کرد کە حکومەتی ئێران سەرەرای ٢٥٠ تا ٣٠٠ هەزار سەرباز و ٢٠ هەزار ژاندارم وهەزاران جاشی بە کرێگیراو، بارزانی و پێشمەرگەی قارەمانی کوردستانی عێراقی پێ بەد نێو کا و بیانکاتە داردەست و قوڵەچۆماخ. ئەو کردەوە گڵاوە قسەی ئیدریس بارزانی وەراست گێرا کە لە برادەرێکی ئێمە هەرەشەی کردبوو، گوتبوی: "هەر کەسی ئێرانی هاتووچۆی ئەودیو بکا لاقی ئەپەرێنین و تەنانەت تا تاران پێشمەرگەی وەدوا دەخەین وەدەیگرین و سزای دەدەین". بەڵام بۆ ئەوانەی کە خۆیان بە خاوەنی بیرو بروا دەزانن ئەو هەڵوێستە توند و تیژە تا چ رادەیەک دەتوانێ کاریگەر بێ؟ لام وایە هیچ. وەک بۆیژیکی فارس دەڵێ:

رسم و ره آزادی یا پیشه نباید کرد
یا آنکه ز جان بازی اندیشه نباید کرد

دیسان ئێمە پێش گەرانەوەیان بۆ گێرانەوەی فایق زۆر تێکۆشاین تا وابکەین یان بگەرێتەوە، یان وا بجوڵێتەوە نارەحەتی نە بۆ خۆی و نە بۆ خەڵک و نە بۆ شۆرش بخوڵقێنێ. فایق لەسەر راسپاردەی برادەران تا لە توانای دابوو خۆی پاراست. دیسان پاش دوو جار دیتنی لە لایەن برادەرانمانەوە لە ئێران بەوە گەیشتین کە لە ئەم دیو یا ئەو دیو ئێمە کۆبوونەوەیەک پێک بێنین و بۆ بەرێوەبەرێتی و هەڵبژاردنی بەرێوەبەران تەسمیم بگرین. هەر کاتێک بەرێوەبەرانی هەڵبژاردراو بریاری گەرانەوەی فایق بدەن با لاشی سوور بێ کە تەحویلی ئێرانی دەدەنەوە چوون بریاری بەرێوەبەری لەسەرە، بۆ عیراق بگەرێتەوە. بەڵام پەلە پەلی شۆرش لە تەحویل دانەوەمان

زۆر لە برادەرانمانی خستە فیکری گەرانەوە و تا وای لێهات بێ حیساب کەس شەوێ رەحەت نەبوو کە سبەینێ دەیگرن یا نە.

ئا لەم کاتەدا ئێمە بریاری چوونەوەی ئامیزی چیا بەرزەکانی کوردستانی ئێرانمان دا بە تێکرایی. کاکە شوان لە مێژ بوو داوای یەکگرتنەوە دەگەڵ فایق لێ دەکردین و گەرانەوەی ئێران . تەنانەت مەکتەبی سیاسی پارتیش سوور بوو لە سەر یەکێتی لەگەڵ فایق( بێ گەرانەوە)، بەڵام ئێمە تا شۆرش هەڵوێستی بەرانبەر بە برادەرانی ئێرانی بێ وەبەر چاو خستنی چاک و خراپ نەگۆرێ هەر سوور بووین لە سەر کاری جیاوازی خۆمان تا دڵنیایی تەواو پەیدا کردن لە فایق. ئەمما شالاوی دەست وپێ بەستن و تەحویل دانەوە، ئێمەی هێنا سەر دوو رێیانی دانیشتن و چاوەروانی کۆت وزنجیر بوون، یا چوونەوە پیوی هەموو چەشنە نارەحەتیەک لە خۆ هەڵسوون، ئێمە ریگای دووهەممان هەڵبژارد.

هەرکە گەراینەوە و برادەرانمان گرتەوە کۆبوونەوەیەکمان پێک هێنا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و دارشتنی پلاتفۆرمی کار. بۆ بەرێوەبەرایەتی ٢١ ( بیست و یەک ) کەس دیاری کران کە لەوانە یەکیان ئێوەن. پاش برێک چەقە چەق هەڵواسرانی دوکتور (مەبەستی دوکتور قاسملوە) بەستراوەتەوە بە شاهیدێکی دیکە کە لە کۆبوونەوەکەدا نەبوو. بەڵام ئەویش لە سەدیق ئازەری بیستوە کە تا سەرەتای ١٣٤٥ لەمەر دوکتور فریوی ئەحمەدی خواردوە. بەلام لەو دەمەوە بۆی دەرکەوتوە کە ئەحمەد راست نەبووە و تاوانبار کردنی کاک رەحمان بێجێ بوە. جا ئەو شاهیدەی ئاخرێ لە سەدا و سەد لەگەڵمانە و ئێمەش هەر وەک توانیومانە جەماعەت رازی بکەین کە ناتوانین تا کۆنگرەی سێهەم لەبەر هەموو لایی نەبوونی کۆبوونەوە بە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیش بکەین بەڵکو هێنامانە سەر ئەوەی کە بە نێوی "کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان" دەست بە کار بین، هەروەها بریاری گشتی درا کە ئۆرگانی کومیتەی ئینقلابی بە نیوی "تیشک" بێ. دیسان هەروەهاش توانامان هەیە کە دوکتور هەر برادەرێکی باشی تر بخەینە کۆرمانەوە کەڵکی لی وەربگرین. چونکی لامان ئاشکرایە بەرێوەبەری هەر چەند لێزان و پاک و بەکار بێ، بەو ئەندازەش ئیش باشتر دەچێتە پێش. هەر لەبەر ئەو نوکتەش بریارمان داوە کە لە داهاتوش دا هەر برادەرێکی باشی لێوەشاوەی پاک بە مەرجی پاڵ پشتی دەنگی زۆربەی ناوەندیەتی و ئامادەیی تەواوی خۆی دەتوانێ ببێتە ئەندامی بەرێوەبەری کۆمیتەی ئینقلابی (نەک بیرۆی سیاسی). جا ئێوە زۆر لە پێشن و حەقی خۆتانیشە. ئێستا وەک مەسەلەی مەشهور "ئەوە گۆ و ئەوە مەیدان"، بزانین تا کوێ دەرۆین.

دەی برا، ئێوە بە جارێک خەبەرتان برا. نە ئەتۆ و نە کاکە "رام" هەر لە کولەکەی تەریشدا باستان نەما. ئێمە زۆر بە هیوای گەرانەوەی تۆ یا هاتنی کاکە "رام" بووین. بەڵام بیانووی روودانی شەر لە نێوان دوڵەتە عەرەبەکان و ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی نامەعلووم بوو بە کۆسپ کە پەکی یەکتر دیتن و وتوویژمان بخا. ئێمە سەرمان لە ئیشی برادەرانی دەرەوە سوور ماوە. بەڵی ئیمرۆ ئەو ناکۆکیە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە گۆرێ دایە، گرینگترین و پر مەترسی ترین رووداوی پاش

شەری عالەمی دووهەمە و بەردەوام بوونی هەوینی خەستی شەری گەورەی سێهەم دەبێ. بەڵام دەربرینی هەڵوێستی حیزبێک بەرامبەر بەو شتە ئەویش پاش ئەوەی بەرەی کۆمۆنیستی لاگرێ لایەک و بەرەی ئیمپریالیستی جیا لە فەرانسە کە هەڵویستێکی خراپی نیە ئەوانی تر لاگری لای ترن. رێگا تا رادەیەکی زۆر بۆ حیزبی تودە دەکاتەوە. مەگەر خەونی خۆش خۆش دیترابێ. دەنا بۆ حیزبێکی وشیار رووداوەکانی خاریج هەر چەند گرنگ و پڕ مەترسی بن، بەڵام دیسان نابنە هۆی لۆکە لە گوێ ئاخنین بەرامبەر بە باری ناوخۆی وڵات. ئیمرۆ ئەوەی لە کوردستانی ئێران رادەبرێ لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا وێنە نەبووە. لە لایەک حکومەت خەریکی خۆ ئامادە کردنێکی بەرینە و رۆژانە بە فرۆکە و هێلیکوپتێر تەنانەت ئاسودەیی لە گەزۆکەر و گەڵ کەرانیش بریوە و هەر خەریکی کەشفیاتە. پەیتا پەیتا ئاغا و کوێخا و پیاوە خۆفرۆشەکانن کە بۆ رەزائیە و مەهاباد وسەردەشت بانگ دەکرین. دەیانلاوێننەوە داوای وەرگرتنی چەکیان لێ دەکەن بۆ لە بەین بردنی چەتەکان!! ئینسانە باشەکانی دانیشتووی دیهاتیش جیا لە جنێو و هەڕەشەو گوڕەشە و گرتن لە لایەن میرییەوە چی تریان وەبەر ناکەوێ. لە لای تریشەوە هەر ئێستا کە بە گوێرەی فەرمانی بارزانی ئەو دەستە پێشمەرگانەی خوارەوە کە نیزیکەی ٣٠٠ کەس دەبن لە سنوورەکاندا مۆلیان خواردوە و چاوەروانی ئەمری سەرۆکن بۆ لەسەر را خۆ دە ئێران کوتانەوە: دەستەی ملازم ئەحمەد، دەستەی مام وسو دزەیی، دەستەی گور کوێ یەزیدی، دەستەی عەبدولا ئاکۆ، دەستەیەک تێکەلاو لە بارزانی و جەماعەتی مەحمودی حەمە رەش.

ئا لەم کاتە ناسکەدا بە تایبەتی بۆ ئێمە هەر سەعات و دەقیقەیەک قیمەتی تەواو نابێ و خافڵ بوون زیانێکی بێ ئەژماری هەیە. هەق نیە لەم هەلومەرجە دا وەک کەو سەر لە بەفر نێن و ئاگامان لە دەورو بەرمان نەبێ. پێویستە بە شوێن رووداوەکاندا بگەرێین و چاو نەتروکێنین و لەخشە بچینە پێش نەک دوورە پەرێز راوەستین. هەم دیسان لە وەختی وادا نیزیکی و ئاموژگاری و یارمەتی مادی و مەعنەوی ئەرکی سەر شانی هەر تێکۆشەرێکی بەراستی رێبازی ئازادی و دیموکرتیەتی ئێرانە. ئێمە داواتان لێ دەکەین بە زمان، بە قەلەم و بە هەموو چەشنە توانایەکتان شان بە شانمان بوەستن بۆ بەرنگاری دامودەزگای کۆنەپەرستی ئێران. هەروەها وشیار کردنەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق بە تایبەتی بارزانی لە چەوتی سیاسەتی تەحویل دانەوەی پەنابەرە سیاسەکانی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە حکومەتی ئێران. هەروەها دەربرینی مەترسی تەواو کردن لەو هەڵوێستە کە بە پێشمەرگە بەشەرەفەکانی کوردستان دەوری ژاندارم و سەرباز و جاشە چڵکاو خۆرەکانی ئێران دەبینین و ئەنجامی ئەو کارە خزانە ئامیزی گلاوی رۆژئاوا دەبێ روونی کەنەوە کە حکومەتی ئێران سەرەرای پتر لە ٢٥٠ تا ٣٠٠ هەزار سەرباز و ٣٠ تا ٤٠ هەژار ژاندارم و هەزاران جاش نیازی هەرە گەورەی لە کێشانی پێ بارزانی و پێشمەرگە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە، هێنانە خوارێ ناو ناوبانگی بارزانی و شۆرشە کە بە بەکرێ گیراوی ئێرانیان بە کورد و نەتەوەکانی تری ئێران بناسێنی و لە پێش چاوی عالەمیان بخا. وەک تا رادەیەکی

زۆر لەو پیلانەدا سەرکەوتوو ئەورۆ لە ئێراندا بارزانی پووچاندەوە. تەنیا گرتنە پێشی ڕێگایەکی عاقلانە دەتوانێ ئەو پەڵەیەی لە داوێنی شۆڕش بە تایبەتی بارزانی بشواتەوە.

براگیان قسە زۆر و ماوە کەم ناچارم چیتر نەنووسم و چاوەروانی هاتنتان دەکەم  بۆ دڵی کێوەکانی کوردستانی ئێران یا ناردنی جواب. هەر کارێکتان هەبێ کاکە شوان ئامادەیە رایپەرێنێ. ئەگەر هاتیشن، ئەوان پێمان رادەگەینن دەتان ببینەوە. تکایە لە نیوی قەندیل بە هۆی نامەکەتان کە بۆ من و ئەمیرت نووسیبوو، ئەمیریش نامەکەی بە دوو سێ کەس دابوو کە بزانن قەندیل کییە. ئێستا بێ ئەوەی بزانن قەندیل کییە کەوتۆتە سەر زاران کە قەندیل خەریکی پێوەندی یە- چاو بپۆشن و تخی کەن. دەتوانێ بە نێوی "سەهەند" بە کاکە شوان دا هەر کارێکت بوو رای ئەسپێرێ بە ئێمەی رادەگەینن. سەرکەوتن هەر بۆ گەلە و رووڕەشی بۆ دوژمنانی گەل.


حەمەدەمینی سیراجی

براتان : هەڵۆ

١٩٦٧/٧/١٦

## گیرانی مونتەقیمی قازی

سولەیمانی موعینی (فایق) پێشتر لە ڕێگەی حیزبی شوعی و باڵی مەکتەبی سیاسی کە ببونە هاوپەیمانی دەوڵەتی عێراق پەیوەندی بە عێراقەوە گرت بوو و چۆل کردنی مەقەڕی "سونێ" ئەوەی دەردەخست کە ئەو بە نیسبەتی پارتی نیگەران بوو. لەو کاتەدا مونتەقیم قازی لە باڵەکایەتی گیرا و نیگەرانی سولەیمانی موعینی زیاتر بووە. بە دوای ئەوەدا، لە مەکتەبی تەنفیزی ڕا پەیامیک بۆ کاک فایق لێدرا کە بچی بۆ ئەوێ کاریان پێیەتی. کاک فایق و گشت پێشمەرگەکانی چوون بۆ ئاوایی "دەرگەڵە" لە نیزیک مەکتەبی تەنفیزی و لەوێرا  کەسێکی نارد و سوراخی ئەو بانگهێشتنە کرد. نەفەرەکە گەڕاوە و گوتی کە ئەوان راسپاردەیەکی ئەوتۆیان نەبووە. بە پێی لاپەرەی ١٥٦ بیرەوییەکانی ئەمیری قازی، سولەیمان موعینی نیگەرانی زیاتر دەبی و پێیوادەبێ کە ئەوە داوی کاک ئیدریس بارزانییە و ڕێگای گۆڕێ و چوو بۆ ئاوایی "سونێ".

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٥٠ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ، چەند رۆژ بەر لەوەی کاک فایق بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و جوڵانەوەی ٤٦ -٤٧ دەست پێی بکا، مونتەقیم قازی و عەوڵای موعینی، پیکەوە لە هەولێر لە گەڵ "قادر مەنتک" کە جاشێکی گەورە بووە، چاویان بە قائد فرقەی هەولیر کەوت. پاراستن دەزگای ئەمنی شۆڕش ئەو خەبەرە دەزانێتەوە و لە گەڕانەوەدا مونتەقیمی قازی لە پردی زەرد دەگرن و پاش ماوەیەک بێ سەرو شوێن کردن، رادەستی ئێرانیان کردەوە. بە باوەڕی

کاک ئەمیر ئەو گیران و تەسلیم کردنەوە گاریگەڕی هەبوو لە سەر دەستپێکردنی جوڵانەوەی چەکداری ٤٦ -٤٧.

غەنی بلوریان لە لاپەرەی ٢٧٥ کتێبی ئاڵەکۆک دا لەسەر گیرانی مونتەقیمی قازی دەنووسێ: مونتەقیمی قازی، بە وتەی خۆی، کاتی شەر و پێکدادان لە نێوان رژیمی عێراق و کوردە شۆرشگێرەکانی شاری هەولێردا دەچێتە لای فەرماندەکانی ئەرتەشی عێراق و دەڵێ: "من لە بنەماڵەی قازیم و ئەگەر رژیمی عێراق چەک و چۆڵم بداتێ، دەتوانم دژی رژیمی پاشایەتی لە کوردستان ئێراندا شۆرش هەڵایسێنم".

پێوەندی مونتەقیم بە گوێی کاربەدەستانی شۆرشی کوردستان گەیشتبوو و لە ئاکامدا ئەوان ناوبراویان بە تاوانی پێوەندی لەگەڵ دوژمن ناردبۆوە ئیران. کاتێک مونتەقیم لە زیندانی تاران ئەو رووداوەی بۆ گێرامەوە گەلێکی بۆ نارەحەت بووم. هەروەها مەنتەقیم گوتی: "لەگەڵ هاورێیانی پێشمەرگەی نۆ ژاندارمەی ئێرانی چەک کردوە، کە یەک لەوان بریندار بووە، بەڵام ناوبراو بە تاوانی چەککردنی ئەو نۆ ژاندارمەیە لە لایەن کاربەدەستانی شۆرشی کوردستانی عێراقەوە سەرکۆنە کراوە و پێیان گوتووە بۆچی لەو هەلومەرجە ناسکەدا خەریکی ئێرانمان بە گژدا بدەی". مونتەقیم گشت ئەو بەسەرهاتانەی بە ساواک گوتبوو.

من لەو باوەڕە دابووم کە ئەگەر مونتەقیم ئێعدام نەکەن، بێگومان بۆ هەمیشە لە زینداندا رایدەگرن. رۆژێک کە دەیانبردە دادگا زۆر پەشێو و نیگەران بوو، و دەیگوت دەمبەن ئیعدامم دەکەن، بەڵام بەرە بەری ئێوارێ گەراندیانەوە بۆ زیندان و کاتێک لە دوورەوە چاوی بە من کەوت، پێکەنی. لێمپرسی: شێری یا رێوی ؟ ناوبراو گوتی: شێرم، دەرکەوت کە سەرۆک بارزانی نامەیەکی ناردوە بۆ حکومەتی ئێران و لەودا نووسیبووی: "مونتەقیم مرۆڤێکی ساکارە و لە دەرەوە هیچ بەرپرسایەتێکی نەبووە و ئەو قسانەی کردوویەتی بە گشتی فروفیشاڵ بۆوە و خۆی پێهەڵکێشاون و تکایە ئازاری مەدەن".

ئەحمەدی قازی لە دەست نووسێک دا لەسەر گرتنی مونتەقیمی برای دەنووسێ:

... ئەو رۆژە دەگیرێ بۆ شەوێ دەیهێننەوە بەندیخانەی گەلاڵە، کێشکچیەکان نایناسن، بۆ بەیانی کێشکچی یەک دەڵێ: کێ ئامادەیە بچین بۆ نان؟ مونتەقیم دەڵێ: "ئەمن".

کۆڵەنانی بە کۆڵەوە دەبێ و بە بازاری گەلاڵەدا تێدەپەرێ، تووشی برادەرێکی هەورامی دەبێ و پێی دەڵێ: "من گیراوم و لە بەندیخانەم. دوێنێ لە هەولێر گەڕامەوە و لە رێگا گرتوویانم و هێناویانم بۆ ئێرە، بە برادەران خەبەر بدە نیگەران نەبن".

لە سەر کەسایەتی مونتەقیم قازی حەسەن رەستگار دەڵی: ئەو ساف و سادە بوو. رۆژێک تووشی بووم پیاوێکی لە گەڵ بوو کە لە وەستاکانی چاک کردنی تفەنگ لە ئاوایی شامان بوو. لێمپرسی ئەوە کییە؟

- گووتی ئەو٣٠٠ تفەنگی لە داران دا شاردۆتەوە.

حەسەن ڕەستگار دەڵێ: ئەمن قسەکەم پێ هەو نەبوو. دوایە مونتەقیم پێیگوتم : ئەو ڕۆژانە لە گازەرد دەدەین.

- قسەی قۆڕ بە دەستی بەتاڵ.
- ئەوان(عێراق) دەماندەنێ.
- چۆن؟
- دیتوومن، بەڵێنیان داوە.
- بە کوێ دا چۆن یارمەتیمان پێدەکەن؟
- ئەوان بۆخۆیان پێمان دەگەیەنن.

مونتەقیمی قازی ژیانی پڕ لە سەیر و سەمەرەی هەبوو. لە ساڵی ١٣٣٥ لەگەڵ کۆمەڵێک لە لاوانی مەهاباد چووە تارانێ تا هەوڵ بدا لە ئیدارەی دادگوستەری کە کوردێکی سنەیی تێیدا دەسترۆیی بوو دابمەزرێ. ئەحمەدی قازی لەگەڵی دەچێ و لە دەست نووسێک دا دەگێڕێتەوە: ئەم وەزیر یا موعاوینە یەکێک لە ئەردەڵانەکانی سنە بوو کە لە دامودەزگای دوڵەتیدا زۆر دەستی دەڕۆیشت. من هەر وەک هاورێیەک دەگەڵ مونتەقیم بە خزمەتی گەیشتین. پرسین و لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد، جەنابی وەزیر بەربینگی بە مونتەقیم گرتبوو کە تۆ بۆ ناوی مونتەقیم ( تۆڵەئەستێن) یان پێداوی! حەتمەن دەتەوێ تۆڵەی قازی (پێشەوا) بستێنیەوە! هەرچی بۆمان روون کردەوە کە ئەم ناوە دوازدە سێزدە ساڵ پێش ڕووداوەکانی کوردستان و هاتنە سەر کاری پێشەوا دراوە بە مونتەقیم و باسی تۆڵە و شەڕ و هەرا لە ئارادا نەبووە، بە گوێی دانەچوو، بە هەناسە ساردی هاتینەوە ماڵ.


مونتەقیمی قازی

مونتەقیمی قازی کەسایەتێکی جەفەنگی و قسە خۆش بوو. لەسەر دەورانی قوتابخانە نەقڵی خۆشی هەیە و ئەحمەدی قازی لە دەنووسێک دا دەنووسێ: شتێکی کەلەو دەورانی خوێندنە تا ئێستا بە زەقی دەزەینمدا ماوە ئەوە بوو کە لەو کتێبە دەبیرستانی یەدا کە دەمانخوێند چەند ناوی تێدا بوو کە پیتی کۆتاییان (ی) بوو بەڵام ( ا) دەخوێندرانەوە و بریتی بوون لە کبری (کوبرا)، عیسی (عیسا). موسی (مووسا)، مصطفی (مستەفا)، یحیی (یەحیا)، مرتضی(موڕتەزا). کاک مونتەقیمی برام هەمووی بە دروستی دەخوێندنەوە بەڵام کە دەگەیشتە ″مرتضی″ دەیگووت ″گوڕنەتەڵە″. هەموو جارێک لە سەر ئەوە مامۆستا دارکاری دەکرد، بەڵام زبابی بە گورنەتەڵە وەها ڕاهاتبوو کە تا ئاخری نەیتوانی ئەم ناوە بە دروستی بێژ بکا. هەموو جارێ ئەو بە شووی سنجوو سزا دەدرا و ئێمەش پێدەکەنین! داستانی کۆمێدی تراژیک بە تەواوی مەعنا هەموو جارێ دووپات دەبۆوە. بە جحێڵی کە دەگەڵ کاک مونتەقیم ئەوەمان

وەبیردەهاتەوە و تێر پێدەکەنین. هۆی ئەم ″گورنەتەڵە″ گوتنەمان ئاوا لێک دەداوە: کە مامۆستا بە شێوەی مەلایان (ض)ی عەرەبی وەک (ڵ)ی کوردی بێژ دەکرد و دەیگوت ″مورتەڵە″ یا مورتەلا، کە ئەوەش زۆر لە گورنەتەڵە نیزیکە.

گیرای مونتەقیمی قازی و تەسلیم کردنەوەی بە ڕێژیمی ئێران، نیشانی دا کە تازە ئیمکانی مانەوەی ئەو پێشمەرگانەی حیزب لە باشووری کوردستان، لەژێر دەستەڵاتی پارتی دێموکرات دا نەماوە. تەنیا ڕێگایان ئەوە بوو کە بە یەکجاری بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆ ئەو جێگایەی کە هەم شوێنی کاری ئەوان بوو و هەم لەوێ ڕێزیان لێدەگیرا. ئەو راستییە لەو قسانەدا دەردەکەوێ کە سولەیمان لەگەڵ پەریزادی خوشکی دەری دەبڕێ. بە پێی ژمارەی ٨٣ حەوتەنامەی سیروان، پەریزاد موعینی ٦ مانگ بەر لە شەهید بوونی سولەیمان لە ئاوایی قەمتەرێ چاوی بە براکانی دەکەوێ. لە وێ سولەیمان موعینی ئاوا باسی هۆی جوێبوونەوەی لە مەلا مستەفا دەکا: تا کاتێک بە یارمەتی خەڵک بە نانی جۆ خەباتمان دەکرد، خەباتەکەمان باش بەرەو پێش دەچوو بەڵام ئێمە بە پەیوەندی نیزیکی مەلا مستەفا لە گەڵ شا زۆر توڕەین و پێمان گوتووە کە پێشمەرگە بە خواردنی کەباب و پیپسی و مۆز خەباتی بۆ ناکرێ، ئێمە بۆخۆمان دەچین درێژە بە خەبات دەدەین.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٩٤ چێشتی مجێور دا لەسەر دەست پێکردنی ئەو راپەڕینە دەنوسی: ڕۆژێک ئێوارێ ئەحمەدی بارام میرزام دی کە لە دەست و دایرەی جەماعەتی موعینی بو. گوتی قەراریان داوە بچنەوە ئێران و شۆڕش هەڵگیرسێنن، بەڵام من رام کردوە و لەگەڵیان ناچم...

لە سەر دەست پێکردنی جوڵانەوەی ٤٦-٤٧ ئەمیری قازی لە لاپەڕەی ١٩٦ کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" دا دەنوسێ: بزوتنەوەی ٦٧-٦٨ (١٣٤٦-١٣٤٧) کاک فایق دایگیرساند، بەڵان داگیرساندنێکی ناوەخت و کارێکی بێ لێکدانەوە، کە لە دەگەڵ هیچ مەنتیق و بەراوەردێکی حەکیمانەی سیاسی بە پێی هەل و مەرجی کات و جێ و شوێن، نەدەگونجا و یەکی نەدەگرتەوە.

ئەمیر قازی بیروبۆچوونی خۆی لە سەر چۆنییەتی دەستپێکردنی ئەو جوڵانەوەی ٤٧/٤٦ ئاوا دەردەبڕێ: بە باوەڕی من دەکرێ بگوترێ یەکێک لە سەبەبەکان کە بزوتنەوە کە دەستی پێکرد و هەر زووش دامرکایەوە، لەوەدابوو کە کاک فایق، وەک کەسایەتی دووهەمی ئەوکاتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، تەنیا هەر بە ئیرادەی خۆی، بە بێ پرس و راوێژ دەگەڵ باقی برادەرانی خۆی لە کومیتەی ناوەندی، لەو کارە رۆچوو.

ئەو بەشەی کە بەرنامەی بەڕێوەبردنی راپەرینی لە نێوخۆی ئیرانی لە بەردەست دابوو کەم کەمە وەخۆ کەوتن و لە ساڵی ١٣٤٦ دەستیان بە کارو تێکۆشان لە نێوخۆ کرد. بەشێک لەوان هەوڵیان دا لە کوردستانی عێراق لایەنگری حیزبی شوعی و حیزبی تودەی ئێران بە دەست بێنن.

کاک فایق ئەو گوشار و توندوتێژی شۆرش و گرتنی مونتەقیمی قازی و بانگهێشتنی خۆی بۆ مەکتەبی تەنفیزی، بە پلانی شۆرش بۆ سەر حیزبی دیموکرات دانا و لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە حیزب جێی پێ لێژ کراوە و دەبێ ڕێگا چارەیەک بدۆزێتەوە.

ئەو رۆژە کە فایق دەگاتە سونێ بە هەڵکەوت مەلا ئاوارەش کە دائیم لە نێوخۆ وڵات دابوو و کەم دەهاتەوە کوردستانی باشوور، لەوێ بوو. دوای باسێکی زۆر هەیئەتێک کە بریتی بوون لە حەمەدەمینی سراجی و ئەمیری قازی بۆ چارەسەری کێشەکە دیاری دەکرێن کە بچی بۆ لای بارزانی. بە پێی نوسراوەکانی ئەمیرقازی لە لاپەڕەی ١٥٨ کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" ئەو هێئەتە قەول لە کاک فایق وەردەگرێ کە تا گەڕانەوەی ئەوان و روون بوونەوەی وەزعەکە، کاک فایق لە "قەلاتۆکە" بمێنێتەوە نەچتەوە ناوخۆ.

بەیانی کە هەیئەت بەرەو باڵەکایەتی وەڕێ دەکەون، لە دەرەوەی ئاوایی تووشی دوو پێشمەرگە دەبن کە نامەیەکی کاک فایقیان پێبوو و نووسی بووی: من لێرە هەست بە حەسانەوە و دڵنیایی ناکەم، وا رۆیشتم بۆ ناوچەی نۆکان و کانییەزەرد لەودیو، ئێوە لە گەرانەوەدا خەبەرەکم لێ مەعلووم بکەنەوە. ئەگەر وابوو کە دڵنیاییەک لە ئارادا بێ، ئەوە دەگەڕێمەوە دەنا، نا. واباشە ئێوەش بپێچنەوە و بگەنە ئێمە.

ئەمیر قازی دەچێتە لای مەرحومی مەلا مستەفا بە پێی لاپەڕەی ١٦٩ کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" دوای باس لە سەر وەزعییەتی ئەندامان و کێشەی ئەوان، مەلا مستەفا گلەییەکی زۆر لە کاک فایق دەکا و دەڵێ: من ئەویشم هەر وەک کوڕی خۆم حیساب کردبوو. چاوەڕوان نەبووم بە قسە و مسڵەحەتی ئەملاوئەولا، بێوەفایی دەگەل من بکا.

بە پێی لاپەڕەی ١٧٣ ئەو سەرچاوەیە، کاک ئەمیر داوا لە مەلامستەفا دەکا بۆخۆیی بێتە نێو کێشەکە و گیانیان بپارێزی و رێگا بدا بێنەوە لە شوێنێکی دوور نیشتەجێ بکرین.

مەلامستەفا دەڵی: پێم خراپ نییە بابینەوە، ئەگەر پیی خۆش بوو با بە قسەمان بکا. بەلان با منیش پرسیارێک لە تۆ و لە ئەحمەد و لە سولەیمان(فایق) بکەم و جوابیشم بدەنەوە... "بە باوەڕی ئێوە ئەگەر ئەتۆ و ئەحمەد و سولیمان "مستۆشتان(مەلامستەفا) لە گەڵ بێ، ئەو شۆرشەی ئێستا کە لێرە بە دەستمانەوەیە، بە جێ بێلین و بچین لەودیو دەست بە شۆڕشێکی دیکە بکەین، لەوەی لێرە هەمانە باشترمان بۆ دەکرێ؟ ئەگەر پێتان وایە دەکرێ قانیعم بکەن، تا لێرە لاچین و روو دەئەوێ بکەین، ئەگەر نا با بە هەمووومان هەول بدەین ئەوەی لێرە هەمانە بیگەیەنیینە بەرهەم جا چاو لە لایەکی دیکە ببڕین".

ئاکامی ئەو چاوپێکەوتنە ئەوە دەبێ کە هەوڵ بدری کاک فایق و برادەرانی دیکە بگەڕێنەوە بۆ ناو شۆڕش و حیزبی دیموکرات لە خەباتی سیاسی دا ئازاد بێ. هەر گیروگرفتێک بێتە پێش بارزانی ئاگادار بکرێ. دوایە بارزانی بە کاک ئەمیر دەڵی بۆ وەرگرتنی پێداویستییەکان سەردانی سامی عەبدولڕەحمان بکا. کاک ئەمیر دەچێتە لای سامی و ئەو داوی راپۆڕتی کار و تێکۆشانی لێدەکا. کاک ئەمیر تورە دەبێ و دەچیتەوە لای مەرحومی بارزانی. بە پێ نوسراوەی کاک ئەمیر لە لاپەڕەی ١٧٥ کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" بارزانی فەرمووی: نە من راپۆرتم دەوی و نە ئێوەش راپۆرت بدەن بە کەس. فایدەی نییە، کیشەکە دەگەل ئیدریس ببڕەوە قسەی دەگەل دەکەم".

کاک ئەمیر دەچێتە لای کاک ئیدریس بارزانی و چاوی پێی دەکەوێ و بەڵێنی وەرگرتنی هێندیک یارمەتی و رادەی ١٠٠ دینار یارمەتی مانگانە پێدەدرێ. بەو یارمەتییە، حیزب بە رواڵەت دەیەوی بۆ چارەسەری ئەو پرش و بڵاوییە و بۆ گرتنی کونفرانس خۆی ئامادە بکا.

ئەمیری قازی بە دوای دیدار لە گەڵ بارزانی دا، نامەیەک بۆ کاک فایق دەنووسێ و داوای چاوپێکەوتن لێدەکا و لە ئاوایی نۆکان دەیبینی و باسی قسەکانی مەلا مستەفای بۆ دەکا و پیویستی گرتنی کۆنفراسی لە گەڵ باس دەکا.

کاک فایق لە جواب دا رازی بە ئامۆژگارییەکانی مەلا مستەفا بووە و بەو شەرتە کە خۆی وەعدەی پێ بدا و رێگای بدا چاوی پێبکەوێ. لە سەر گرتنی کۆنفرانس کاک فایق پێیوایە کە زەحمەتە و ئەگەر بکرێ لە داهاتوو دا لە رۆژهەلاتی کوردستان ببسترێ باشترە. بە قسەی کاک ئەمیر لەو دیدارەدا کاک فایق گلیی لە مەلا ئاوارە هەبووە. لێکدانەوەی کاک ئەمیر لە سەر کاک فایق ئەوە بووە کە ئەو تا گرتنی کۆنفرانس یان گۆنگرەیەک خۆی بە بەرحەق زانیوە.

جێێ ئاماژەیە کە لە نێو ئەندامانی کومیتەی شۆرشگێر دا، مەلا دژی ئەوە بوو کە ئاوا هەموو بە تێکرا بگەرێنەوە بۆ ناوخۆی وڵات. لەو سەردەمە دا نامەیەک لە مەلا ئاوارە بە ئەمیری قازی دەگا کە لە گەرانەوەی برادەران بۆ رۆژهەڵات تورەیە و لەوەی کە وەزعەکە روو بە مەترسی و توندوتیژی دەروا، هەست بە نیگەرانی دەکا. بە پێی لاپەرەی ١٧٦ نوسراوەی ئەمیری قازی، مەلا ئاورە نووسی بووی: ئەو بۆنەی دێ بۆنی کەباب نییە، لێرە کەر داغ دەکەن.

پاش کۆبوونەوە لەگەڵ سولەیمانی موعینی، ئەمیری قازی بە پەلە دەگەرێتەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی تا چاوی بە مەلامستەفا بکەوی و بۆ چارەسەری کێشەکە بەڵێنی زیاتر وەرگرێ. بەڵام مەلا مستەفا لە باسەکە خۆ دەبوێری و هەر ئەوەندە بە کاک ئەمیر دەڵێ: سبەی ئیدریس ببینە و دیداریکیش دەگەل ئەحمەد بکە.

کاک ئەمیر رۆژی دواتر کاک ئیدریس دەبینێ و لە سەر گۆرانی هەڵویستی بارزانی پرسیار دەکا و کاک ئیدریس دەڵێ: بارزانی دەفەرموێ، تازەم بۆ دەرکەووتوە، مانەوەی جەماعەت لەو شوێنانەی هەن، بە قازانجی شۆرش تەواو دەبی.

لەو رۆژەرا ئەوان لەوێن، هەرچی داوای دەکەین حکومەتی ئێران بێمەحتەلی بۆمان دەنێرێ. جاران بۆ شتێک دەبووایە زۆرجاران یەخەیان بگرین. واباشە جەماعەت با هەر لەوێ بن، بەڵان هەوڵ بدەن تووشی شەروشوور نەیەن. خۆیان بپارێزن و ئەگەر زەخت و گوشاریشیان لە سەر بوو، با بە نەهینی بێنەوە ئەو دیوە تا خەتەر لەسەریان لادەچێ، ئەوکات بچنەوە شوێنی خۆیان.

ئەمیری قازی بیروڕای تازەی بارزانی بە کاک فایق رادەگەیەنێ. دوایە بە مەبەستی سەردانی کاک ئەحمەد بەرەو "کانی ماسی" وەرێدەکەوێ.

بەمشێوەیە پەیوەندی مەلامستەفا و سولەیمان موعینی پچرا. دیارە کاک فایق پیشتر نیازی گەرانەوەی بۆ نێوخۆی وڵاتی هەبوو. چوونکە هەموو کەل و پەل و کەرەسەی چاپ و تفەنگەکانی،

لە ئاوایی "دێرێ" لە گەڵ خۆی برد بوو و لە ئاوایەکانی "زێوکە" و "ئاشی وەتمانی" و ... حەشار دابوو.

گەڕانەوەی کاک فایق بۆ نێوخۆ دەنگی داوە و زەخت و زۆر بۆ سەر ئەو برادەرانەی کە مابوونە لە لایەن شۆڕشەوە، پەرەی ئەستاند. کاربەدەستانی شۆڕش لەوان دردۆنگ بوون و حیسابی پشتیوانانی بەرەی شەڕیان بۆ دەکردن.

بە دوای ئەو روداوانە دا ئەمیر قازی، ئەو بڕوایە بۆ پەیدا بوو کە لەمەو بەدوا، بنکەی ئاوایی "سونێ' لە لایەن شۆڕشەوە بە تەواوی دەکەوێتە ژێر چاوەدێری و رێگەیان پێنادرێ کە لەوێ بمێننەوە. بۆیە پێشنیار دەکا کە بنکەکە چۆل بکری. ئەو بۆخۆی دەڕوا و ئەوانی دیکە کە بریتی بوون لە سمایل شەریفزادە و حەمەدەمینی سڕاجی و سالار حەیدەری دەمینەوە. کاک ئەمیر دەچیتە لای ئەو پێشمەرگانەی حیزب کە لە سەنگەسەر لە ژێر فەرماندەری حەسۆ میرخانی ژاژۆکێ، فەرماندەری هێزی کاوە خزمەتیان دەکرد.

لە کاتی هاتنی عەشیرەتی بارزان بۆ کۆماری کوردستان، ماڵە بابی حەسۆ میرخانی ژاژۆکی کەوتبووە ئاوایی گوێگجەلی کە موڵکی سەیفولقوزات شاعیری نیشتیمانپەروەری کورد بوو. ئەوان لەوێ زۆریان رێز لێگیرابوو. بۆیە حەسۆ میرخان لە گەل ئەو پێشمەرگەکانەی حیزب کە لەگەڵ ئەمیری قازی بوون بە باشی جوڵاوە.

ئەوە هەر مەلامستەفا نەبوو کە دژی ئەوە بوو کە کورد لە رۆژهەڵات دەست بە شەڕ بە دژی ئێران بکەن، بەڵکو حیزبی شوعی عێراقیش پییان باش نەبوو. کەریمی حیسامی لە مانگی ١٠ ساڵی ١٩٦٨ سەردانی برادەرانی شوعی دەکا و لەوێ کەریم ئەحمەد پێی دەڵێ کە کاتی خۆی بە فایقیان (سولەیمان موعینیان) گوتوە کە کاتی راپەرینی چەکدارانە نییە و مەلا مستەفا لێیان دەدا.

### شێوە کاری تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە دەهەی ٤٠ و٥٠ دا.

لە حیزبی دێموکرات دا بە پێی پێویست گرینگی زۆر نەدراوە بە کاری رێکخستن و تەشکیلاتی و پارە و ئیمکاناتی پیویستی بۆ تەرخان نەکراوە و شێوەکارێک کە وڵامدەری رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بی رەچاو نەگیراوە. بیرمەندانی حیزب زۆرجار دەڵێن کە کورد تەشکیلاتی نییە و زەحمەتە کە سازمان بدرێ. بیشک هۆکاری ئەو بابەتە زۆرە و ئەوەی کە دەکرێ باسی لێ بکرێ "ئازایەتییە" کە بەربەستی گەورەیە بۆ داڕشتنی رێکخستن و تەشکیلات لە نێو ریزەکانی رێکخراوێک دا. ئەحمەدی قازی لە لاپەڕەی١٧٣ ی دەست نووسێک دا، باسی کەموکوڕییەکانی کاری تەشکیلاتی دەکا و دەنووسێ: تا ئەو جێیەی لە بیرم بێ حیزب دەسالانی ١٣٣٨تا ١٣٤٢ شەبەکەیەکی گەورەی لە کوردستانی ئێراندا دامەزراند بوو کە لە ماکۆوە تا ئیلام و تا نێو کوردەکانی تاران پەرەی سەندبوو. بەڵام بە داخەوە هیچ جۆرە فێرکردن و بار هێنان حیزبی و سیاسی دەئارادا نەبوو. ئەندامی تازەی حیزب لە سەر پێوەندی خزمایەتی و عاتیفی بە ئاسانی وەردەگیرا و لە کادری لێهاتووی ئاگا و زیت و وریا خەبەرێک نەبوو. زانستی سیاسی ئەندامان زۆر نزم بوو. زۆرتر لە رووی هەستی کوردایەتی

و نەتەوایەتی دەهاتنە ناو حیزب و زۆر بە ئاشکرا و بێ نهێنی کاری حیزبایەتی یان دەکرد و کەس نەبوو نەیانناسێ و کۆر و کۆبوونەوەی زەق و بەرچاو لەبن لووتی ساواک و سیخورەکان بەرێوە دەجوو. هیچ کۆبوونەوەیەک نەبوو پیاوی ساواکی تێدا نەبێ و هیچ قسەو باس و هەواڵێک نەبوو بە گۆییان نەگاتەوە. هەر ئەوەش باعیس بوو کە لە سەرەتای بەهاری ١٣٤٢ زۆربەی کادر و ئەندامانی حیزب لە ماەی حەوتوویەکدا لە سەرانسەری کوردستان و شاری تاران گیراین و خراینە زیندان.

مەلا عەزیزی ئەحمەدی لە دەستنووسێک دا باسی کەمتەرخەمی لە رادەبەدەری یەکیک لە کومیتە سەرکییەکانی حیزب لە ساڵی ١٣٤٥ دەکا کە دەردی زۆربەی رێکخراوەکانی دیکەی حیزب بوو و دەنووسێ:

کۆمیتەی "گۆڕمووسا" کۆمیتەیەکی چالاك و ئاکتیو نەبوو، لە زۆر باران دا بەرپرسی شانەکان چالاکتربوون. دەبوو کاریك بکرێ کە کەمووکوڕیەکان قەرەبوو بکرێنەوە و کۆمیتەی گۆڕانی بەسەر دابێ. لە بەهاری ١٣٤٥ ئەندامانی حیزب داوایان لە مەلا قادری لاچینی کە لە ناوچەی نەڵێن کادری حیزب بوو، کرد کە کۆبوونەوە پێک بێنێ و سەری گۆمێ بۆ کۆبوونەوە دیاری کرا. ئەوانەی کە دەبوو بەشدار بن ئاگادار کران و بەشێکی زۆر لە ئەندامانی گووندەکانی داوداوە، ئەحمەد بریو، دۆڵە توو، نێزە، مۆسالان، میراوە، ئاڵواتان، کونە مشکە، لە ڕۆژی دیاری کراو ئامادەبون.

بەرپرس و ئەندامانی کۆمیتە ی گۆڕمووسا بەشداری ئەو کۆنفرانسەیان نەکرد بوو. کاکە سوار کە بەرپرسی کۆمیتەی گۆڕمووسا بوو، لە جیاتی خۆی پیاوێکی خۆی نارد کە کابرایەکی فەقیرو نەخوێندەوار بوو و لەکاتی هەڵبژاردن دا دەیگۆت هەر کاکە سوار مەنسولە. برادەرێکی دیکە لە موسالان را هاتبوو نوێنەری شانەی مووسالان بوو. ئەویش نەفەرێکی تازەی بۆ بەشداری کۆنفرانس دەگەڵ خۆی هێنا بوو و پێیدەگوت: ئەتۆ ئەندامی خۆمی دەبێ رەئی بدەی بە خۆم.

لە حاستی بیروباوەر و خۆڕاگری لەبەرانبەر زەختی دوژمن دا، کادری حیزبی ئەوتۆ هەبوو، هەر بەر لە گرتن هوشداری دەدا کە ئەو لە بەرانبەر بە ئەشکەنجی رێژیم دا خۆڕاگر نییە. لەوبارەوە مەلا عەزیزی ئەحمەدی لە دەستنووسێک دا دەنووسێ:

هەر لەو سەروبەندەدا، لە خوار گۆڕی شێخ ئەبوبەکری نێزێ، لەماڵی پوورم میوان بووم. خەبەریان پێدام گوتیان مەلاقادر لە نێو خانوان چاوەڕوانی تۆیە، کە چووم مەلاقادرم دیتەوە. لەبەر هەیوانی ماڵی حاجی عەوڵای کوێخا ڕەسووی دانیشتبووین لەگەڵ مەلاقادر باسی ئەوەمان دەکرد کە وەزعەکە زۆر هاڵۆزە و دەبێ زۆر ئاگامان لەخۆمان بێ. مەلاقادر گووتی ئەگەر شەهید بووم لە جێگای خۆت مەبزو و بۆ هیچ کوێ مەڕۆ، بەڵام ئەگەر بگیرێم ڕامەوەستە، لەژێر ئەشکەنجە دا خۆم پێ ڕا ناگیرێ. لەو قسانەدا بوین، سەرم هەڵێنا لەلای پردی قەلاتاسیان ڕا کۆمەڵێکی زۆر جاش و عەجەم دەهاتن بۆ لای ئێمە، گووتم کوورە خۆ جاش و عەجام هاتن. هەر ئەوەندەم گووت مەلاقادر ونبوو، ئەمن ئەو زەمانی زۆر چالاك بووم بەڵام بەڕاستی نەمزانی مەلاقادر چۆن و بۆکوێ ڕۆیی.



نەحۆ پاشایی

## نەحۆ پاشائی (باپیر شکاک)

بە مەبەستی تێکۆشان و ڕێکخستنی کاری تەشکیلاتی، دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دیموکرات، لە ژێر فەرماندەری نەحۆ پاشائی (باپیر شکاک) ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات، لە بەهاری ١٣٤٥ گەڕانەوە بۆ ناوخۆی کوردستانی ئیران. بەڵام لە ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٤٥ لە گوندی ساکان لە ناوچەی سەڵماس، لە کاتی پشوودان کەوتنە بەر هێرشی دوژمن و دوای شەڕێکی قارەمانانە شەهید بوون.

مامۆستا هێدی شاعیر گەورە لە لاپەڕەی ٢٠٣ کتێبی "کاروانی خەیاڵ" لەسەر ئەو پێشمەرگانە لە شێعری "سۆما" دەڵێ:

### سۆما

پێش هەمو جێیە لە سـۆمـا تـاوێ
گـڕ دەخـۆم ڕێـی دەخشـێـنم چـاوێ
داخـۆ ئەو نـاوە چـلـۆنە ئـێسـتە؟
چۆن لە ژێر پێی سـتەما پێ پەسـتە؟
چۆن دەژین ئێسـتە بە ترس و لەرزن؟
یـا خۆ هەر بێ منەت و سـەر بەرزن؟
دەزرینـگێـتەوە ئـێسـتەش گوێـیـان؟
خوێن دەچۆڕێ لە دڵـی تۆێ توێـیـان ؟
هەر ڕەشـاش دەبنە کەوی بن بەردان؟
قرمەیـان دێ هەرەتی "جۆزەردان" (١)[1] ؟

[1] (١) و(٢) : مانگی جۆزەردان لەبەرە بەیانێک دا جاش و ژاندرمە دایان بە سەر شەهید باپیر و هەڤاڵەکانیدا کە هێشتە لە خەو دابون و ئەوانیش پیاوانە لێ یان وەدەست هاتن و لە تەقەی یەکەم دا شەهید باپیر زۆری لێ کوشتن.
(٣) و (٤) و (٥): ساکا ناوی گوندی شەهید باپیرە و خۆی لە بنەماڵی حەسی بوو ئەو شوێنەی شەرەکەی لێ کرا گڵەخری ناوە.

ئێستە هەستانی سبەینانە لە " خەو" (٢)
بە تەقەی برنوە یان قاسپەی کەو؟
هێشتە هەر خوێن دەمژن دەبنە گەنە؟
کۆنە ژاندارمی دزی دەس بە خەنە؟
چەتە بۆ کوشتنی وان چی پێیە؟
گۆڕی "باپیر" ی شەهید لە کوێیە؟
گوندی "ساکا"(٣) سەری هەروا بەتەمە؟
"حەسی" (٤) دلیان بە پەژارە و بە خەمە؟
" گڵەخڕ" (٥) چیدی کرایە شەرگە؟
چۆن بو دەسڕێژی نحۆی (٦) پێشمەرگە؟
چەندی لێ گرتنە بەر ڕێزی ڕەشاش؟
چۆن بو فیشەک نەدەڕۆیی بە بەلاش
چەند بەجێ مابو کەلاکی بۆگەن؟
بۆچ نەبو ماوە دەگڵیان ڕۆ کەن؟
چۆن لە پێشوازی مەرگ بو بە دەلیل؟
قۆچی قوربانی "مەلا ئیسماعیل" ( ٧)
ئەودەمەی "ناجی" (٨) و فەیروز (٩) کوژران
کاتێ "باپیر" و ڕەزا" (١٠) دا بێژران
چۆن بو ئەو ناوە نە هەستا نەبزوت
چبو سۆما نەگڕی گرت و نەسوت
کەی ئەدی هەڵ دەکرێن باسک و مەچەک
چەک لە دوژمن کەنەوە دەس بە کوتەک

---

(٦): شەهید باپیر کە ناوی خۆی نحۆ بو کاتێک لە خەو ڕاپەری دەورەی گیرابو کڵاشینکۆفی لە ژاندارم و جاش ڕشاند و هەتا شەهید کرا بیست کەسی لێ کوشتن. (٧) مەلا ئیسماعیل هەڤاڵێکی تری نەحۆ بوو.
(٨) ناجی، (٩) فەیروز، (١٠) ڕەزا: هەڤاڵەکانی شەهید باپیر بون کە هەموویان پێکەوە لە ناوچەی سۆما شەهید کران . ڕەزا مامی باپیر بو و فەیروزیش برای و ناجی خوشکەزای بو.
(١١) سۆمایی: ڕوناکی چاو.
(١٢) سۆمایی: خەلکی سۆما، دانیشتوانی سۆما، سۆما ناوچەیەکە لە کوردەواری سنوری تورکیا".

چەتە سـوٚمـایـی (١١) لە چـاوان بـردن
چۆن بو سـۆمایی (١٢) لە بیریـان کردن
هـیـچ دەزانـن کە کـوری تـۆڵەسـتـێـن
هەر بە رێـبـازی شـەهـیـدانـا دێـن
خەنـجەری رق بە دەمی تـۆڵە دەسـون
چەرمـی ژانـدارمـی دزی پـێ بـگـرون
کـارەسـات مـاوە بەڵام هێشـتە زوە
خـوێـنـی وان گـۆڵـمەزی دی زۆر لە دوە

## بەشی ٨٨
## جوڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧
## حیزبی توده و حیزبی دێموکرات

بێشک هەڵسوکەوتی ڕێبەرایەتی حیزبی توده و حیزبی شوعی عێراقێ کە ئەوکات ببووە بە هاپەیمانی حیزبی بەعس، لەگەڵ ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور، هۆی سەرەکی بۆ دەست پێکردنی جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ .

ئەمیر قازی لە لاپەرەی ١٥٢ بیرەوەییەکانی دا، دەستیوەردانی حیزبی توده، بە دەسکێشی حیزبی شوعی، بە یەکێک لە هۆیەکانی هەڵگیرساندنی جوڵانەوەی ٤٦ -٤٧ دادەنێ. حیزبی شوعی لە دەوڵەت دا بەشدار بوو و دۆستی نیزیکی حیزبی توده بوو و هەر دوو لە بەرەی حیزبی برا و هاوپەیمانی وڵاتانی سوسیالیستی دا بوون و ئێستراتێژیکی هاوبەشیان هەبوو. ئێستا کە ڕێژیمی ئێران توانیوی کاروباری عێراق بشێوێنی و ئەوانیش دەبوو هەوڵی بەرانبەر بدەن و بە تایبەتی لە حیزبی دیمۆکرات نیزیک ببنەوە کە خۆی بۆ شەڕی چەکداری ئامادە دەکرد و لە نێوی دا، لایەنگریان زۆر بوو کە پییان دەگوتن تودەکرات. ئەوان ئەگەر لەوکارەیان دا سەرکەوتووبان، بە یەک تیر دوو نیشانیان دەپێکا. هەم کێشەیان بۆ ئێران ساز دەکرد، هەم دەیانتوانی گرفتی زۆر بۆ شۆرشی بارزانی پێک بێنن.

حیزبی توده بۆخوی پێاوی ئەو مەیدانە نەبوو، دەیهەویست ئەو ئەرکە بکەوێتە سەر ئەستۆی حیزبی دێموکرات. ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٥٣ کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" دا دەنووسی کە دوکتور عەلی بەرپرسی کومیتەی حیزبی شوعی لە رانییە دەچێتە لایی و هەڵگری ئەو پەیامە دەبی کە ئەو رای حیزبی شوعی بە هێند وەربگرێ و لە گەڵ پێشمەرگەکانی دیکەی نیشتەجێ لە باشوور بچنەوە رۆژهەڵات و رەگەڵ کاک سولیمان کەون. کاک ئەمیر لە لایەن حیزبی شوعی بڵێنی پێدەدری کە حیزبی شوعی بە هەموو شێوەیەکی ئیعلانی و دەعایی واتە بە نووسراوە و بە تەبلیغات لە خزمەت ئەو شۆڕشەدا دەبێ.

لە لایەکی دیکە بە دوای ئاڵووگۆڕی نامەکانی پیشووی سولەیمانی موعینی و کەریمی حیسامی، ناوبراو داوای لە حیزبی توده دەکا کە بۆ دیتنی سولەیمانی موعینی و هەوڤاڵەکانی سەفەری عێراق بکا. هەر لەوکاتانەدا سولەیمانی موعینی پەیوەندی بە حیزبی تودەوە گرت و داوای چاو پێکەوتنی کرد و هەروەها بە هۆی ئەوان نامەیەکیشی بۆ یەکیتی سۆڤییەت نووسێ.

ئەو بابەتانە لە نامەی دوکتور رادمەنیش بۆ کەریمی حیسامی بە رێکەوتی ١٢ فەورییەی ١٩٦٦ دا هاتوون. دەقی نامەکە لە لاپەڕەی٣٧ کتێبی لە بیرەوەرییەکانم دا بەمشێوەیە هاتووە کە رادمەنیش لەوڵامی کەریمی حیسامی دا دەڵێ کە چوونی تۆ بۆ بەغدا کێشەی نییە بەڵام کەس نییە بە جێگا تۆ لە رادیۆی پەیکی ئێران کار بکا. هەروەها دەڵێ ئامادەن لەگەڵ سولەیمانی موعینی لە عێراق یان لوبنان یان سووریە دابنیش و ...

هەر لەوکاتانەدا حەمەدەمین سیراجیش نامەیەک بۆ حیزبی توده دەنووسی. لە ژێر کاریگەری ئەو نامانەدا، حیزبی توده رازی بوو کە بۆ هەڵسەنگاندنی وەزعی برادەرانی حیزبی دێموکرات،

کەریمی حیسامی بنێرێ بۆ کوردستان. ڕێبەری حیزبی تودە، کەریمی حیسامی بانگ کردە ئاڵمان و لە شاری لایپزیک رادمەنیش و ئیرەج ئەسکەندەری و کامبەخش، چەند جار چاویان پێکەوت و لە سەر ئەو سەفەر و ئەوەی کە قەراریک دابندری کە لە عێراق یان لە لوبنان چاویان پێک بکەوێ ساخ بوونەوە. ئەوان داوایان لە کەریمی حیسامی کرد کە ئەو سەفەرە نەهێنی بێ و نابێ دوکتور قاسملوو ئاگادار بێ. کەریمی حیسامی بۆی سەیر دەبی و بە پێی لاپەڕەی ٥٢ بەرگی٣ ی کتێبی لەبیرەوەرییەکانم دەڵی: من ئەو سەفەرم زۆرپێ خۆشە بەڵام نازانم بۆ چی قاسملوو لەو باسە هەڵداوێرن؟ من وای بە باش دەزانم کە قاسملوو لەو سەفەرە ئاگادار بێ راوێژیشی پێبکەن.

دوکتور رادمەنیش دەڵێ: لە سەر قاسملوو تەجروبەمان هەیە. ئەو ئەندامی حیزبی تودە بوو، ئێمە ناردبوومانە کوردستان، بەڵام هۆی بنەڕەتی لێکپچڕانی حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات قاسملوو بوو.

کەریمی حیسامی گوێ بە حیزبی تودە نادا و بە نامە، دوکتور قاسملوو لە بووچوونی حیزبی تودە و مەبەستی سەفەری خۆێ ئاگادار دەکا و بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ کوردستان، گەڕاوە بۆ "سوفیا".

کەریمی حیسامی لە مانگی چواری ١٩٦٧گەڕاوە بۆ عیراق و چوو بۆ لای یوسف ریزوانی و رایسپاردە سولەیمان موعینی و شەریفزادە و سیراجی کە لە بەغدا چاویان بە یەک بکەوێ. سمایل شەریفزادە توانێ بچێ و سولەیمانی موعینی و حەمەدەینی سیراجی دەچنە بارەگای بارزانی لە گەلاڵە تا ئیزن وەرگرن کە بۆ سەردانی کەریمی حیسامی بچنە بەغدا، بەڵام راست لەوکات دا مەنتەقیمی قازی بە تاوانی پەیوەندی گرتن بە دەوڵەتی عێراق گیرا. بارەگای بارزانی لە سولیمان موعینی بە شک دەبن کە پەیوەندی لەگەڵ مونتەقیمی قازی هەبێ. سولەیمانی موعینی کە ئاگاداری ئەو رووداوە بوو نیگەران دەبێ و بارەگای بارزانی بەجێدێڵێ و دەچێتە "دۆڵەرەقە" و لەوێشڕا لە گەڵ دەستەیەک پێشمەرگە، بەرەو ناوخۆی وڵات گەڕانەوە. حەمەدەمین سیراجی بۆ چوونە بەغدا داوای ئیزن دەکا بەڵام ئیجازەی نادەن و بە رێکەوتی ١٩٦٧/٥/٤ نامەیەکی بۆ کەریمی حیسامی نووسێ کە تێیدا هاتووە "ئیشی سەیر سەیر هاتۆتە گۆڕێ و ناتوانێ چاوێ پێی بکەوێ".

کەریمی حیسامی بە قسەی خۆی هەوڵ دەدا کە لە نیوان ئەندامانی حیزبی دا تەبایی پێک بێنێ و لانی کەم لە نێوان قادر شەریف و سولەیمان موعینی و سمایلی شەریفزادە دا چەشنێک یەکگرتوویی هەبێ. بە پێی لاپەڕەی ٥٩ ی بەرگی٣ ی کتێبی بیرەوەرییەکانی حیسامی، سمایل شەریفزادە بیروباوەڕی مائۆیی هەبوو و هەر دوو ئەوانی دیکەی "بە کۆنەپەرەست و بە ناسیونالیست زانیوە و رێکەوتنی لە گەڵ ئەوان رەد کردۆتەوە". کەریمی حیسامی داوا لە قادر شەریف دەکا کە ئەویش بچێتە بەغدا تا ئەو بابەتە لە گەل ئەویش باس بکا و دەنووسێ: دیتم سەد رەحمەت لە سمایلی شەریف زادە. کاک هاشم تەواوی برادەرانی دیکەی بە خائین و خۆفرۆش دەزانێ.

کەریمی حیسامی هەروا لە بەغدا دەمێنێتەوە بەو هیوایە چاوی بە سولیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی بکەوێ. ئەو رۆژە لە گەڵ سمایل شەریفزادە هەر باسی وەزعییەتی حیزب دەکەن. کەریمی حیسامی لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەوان باشترە لە عیراق بمێنەوە و لە گەڵ

مەرحومی بارزانی تێکی نەدەن. بەڵام بە پێی لاپەڕەی ٦١ بەرگی سێی لەبیرەوەرییەکانی، سمایلی شەریفزادە "لە ژێر تەئسیری نووسراوەکانی دارودەستەی برایم ئەحمەد و مام جەلال کە بەربەرەکانی بارزانیان دەکرد" ... دابوو.

هەر لە بەغدا کەریمی حیسامی چاوی بە سەعید کوێستانی و چوکەڵی گەوهەری کەوت کە بە قسەی کەریم حیسامی "ئەوان لە سەر ئەو باوڕە بوون کە سولەیمان موعینی راست ناکا و ئێستاش بە فیتی ئەحمەد تۆفیق هەڵدەسوڕێ".

کەریمی حیسامی نەچوو بۆ کوردستان و بە هەویای ئەوەی کە سولەیمان موعینی و حەمەدەمینی سیڕاجی بێنە لای ئەو، هەر لە بەغدا ماوە. ئەوان بۆیان نەکرا و سولەیمان موعینی بە رێکەوتی ١٩٦٧/٥/١٢ نامەیەکی بۆ کەریمی حیسامی نووسی کە لە لاپەڕەی ٦٠ بەرگی ٣ بیرەوەرییەکانی دا هاتووە:

هاورێی تێکۆشەر و لە مێژینەم کاکە شیروان.

لە پاش سڵاوێکی هاورێیانە و بەتین خەبەرم وەرگرت کە تەشریفتان لە سەر لێگیرانەوە و پێشنیاری من لە لایەن هاورێیانی هـ. ا. ح. ت. ئێران هاتوون بۆ بەغدا بەڵام بە داخەوە ماوەی مانەوەتان کەم بوو ئێستا بە هەر جۆرێک بی هەڵکەوتی سیاسی ئێران وا دەخوازێ کە بە هەر جورێک بێ درێژە بە مانەوەتان بدەن. یا زووتر لە رێگا و جورێکی تر دا بگەرێنەوە. حەتمەن چاوت بە من بکەوێ کە مەسائیلی کوردستان و ئێران بە تایبەتی تاران زۆرە کە دەبێ بریاری نیهائی بۆ بدەین. ئێستا کە وەزعی حیزب لە چنگی "حیزب" (١ مەبەستی ئەحمەد تۆفیقە) هاتۆتە دەر و رێگامان لێ داخستوە هەروەها وەزعمان لەسەر یەک لە سەرەوە نارێک و پێکە و تاقمێک دەخوازن سەر لە نوێ کلکی کێشراوی "حیزب" بە چریش بۆی تێکخەنەوە ئەو هەموو فیداکاری و هەتا قوربانی دانی ئێمە بێ بەرهەم بێڵنەوە. بە سرنج دانە سەر ئەو وەزعە ناوخۆیی حیزب پێویستە چاومان لەو سنورانە پێک بکەوێ. هەرکات توانیت داخیلی کوردستان بی، دەتوانی بێی بۆ لای سونێ لای برایان ئەوانیش دەتوانن بە زوترین کات لە من بگێرنەوە بێم بۆ لات. بۆ ئەو مەبەستە من زۆر زوو پەیوەندیان لەگەڵ دەگرم و تا وەزعی تۆم بۆ روون بێتەوە. من لە دەوروبەری حدود دەمێنمەوە چاوەروانی وڵامت دەکەمەوە. دڵنیابە وەزع بە مراد دەچێتە پێش. برایەتی قەدیم قایم تر زیندوو دەکەینەوە بۆ هەموو لایەک. تۆ پێویست بوو پەیوەندیت لەگەڵ من بە هۆی برایانی فەرعی عیراق گرتبا نەک بەو شێوەیەی کە ئاشکرا بی. هەموو جورە ئەشخاسی بی بەند و باوەڕ، ئوپورتونیست هەستیان پێ کردبا یا نامەیان کەوتبا دەست فلان... کەس کە نوێنەری حیزبە!! "ا-ت" و جەناح راستی حیزبی دیموکراتی کوردستان تەقویەت دەکا و بەرێوەی دەبا. لەوەی بەو لاوە تکایە پەیوەندی لە رێگای فەرع یا کاک سراجی ئاگادار بێ و بەس ئەگەر پێویستی بە هاورێیان کرد بۆتان دیاری دەکرێ لە عیراق.

سەربەرزیتان ئاواتمانە.   برات  سولەیمان ١٩٦٧/٥/١٢

سۆلیمانی موعینی دوای ئەوەی نەیتوانی بچێتە بەغدا، دەچێ بۆ دۆڵەڕقە و لەوێش ڕا بە پەلە بە دەستەیەک پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و کەریمی حیسامی دەنووسی کە "بارزانییەکان پەلێکی پێشمەرگەیان وەدوا خست کە بیگرن، بەڵام نەیگەیشتنێ و دەرباز بوو".

هاوکات لە شاروچکەی سەنگەسەر حەمەدەمینی سیراجی و هەواڵەکانی بە هۆی حەسۆ میرخان دەکەونە ژێرچاوەدێری و ڕێگایان پێنادری کە ئەو شوێنە بەجێبێڵن. ئەوان نیگەرانی ئەوە بوون کە وەک مونتەقیمی قازی بگیرێن و تەسلیم بە ئێران بکرێنەوە. بۆیە شەوێک حەمەدەمین سیراجی، لە کۆتای مانگی ٦ ی ١٩٦٧ لە گەڵ ١٣ هاوڕێی بەدزی دەگەڕێنەوە بۆ نێوخۆی وڵات و لەگەڵ سولەیمان موعینی یەک دەگرنەوە.

بە پێی لاپەڕەی ٦٤ بەرگی سێی کتێبی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، سمایلی شەریفزادە دوای بەجێهێشتنی کەریمی حیسامی و گەرانەوە بۆ ناوخۆ، لە نامەیەک دا بۆ ئەو لە ئوروپا، بە هێما وڵامی نامەکەی دەداتەوە و لە سەر وەزعییەتی ئەوکات ئاوا دەنووسێ: کاکە سالح گیان نامەکەتان گەیشت، زۆر شادی کردین. بەداخەوە نەناردنی قەرزەکەی دوکتوری ئامۆزاتان (دوکتور قاسملوە کە خۆی بە جیا نامەی بۆ نووسیبوو) ئێمە خستە پەرۆشەوە. ئەم هەواڵەشم بە هۆی کاکە ″خەسرەوە″ لە رۆژی ١٩٦٧/٦/١ پێ گەیشت و تا رادەیەک بوو بە هۆی کەسادی کاروباری کەسابەتەکەمان. کاکە گیان خۆتان بە باشی ئاگاداری وەزعی کاروکاسبی هەن و بە باشیش ئەزانن ئەگەر بێت و نە هەلومەرجی لەبار هەبێ و نە کریار، وەزعەکە تا رادەیەک ئاڵۆز ئەبێ. لە لایەکی ترەوە خۆتان لە دنیای کەسابەت ئاگادارن. هەموو کات تاجری دەولەمەند تێ‌ئەکوشێ بۆ لەناو بردنی تاجرەکانی تر و بە تایبەتی ئەگەر بێت و تاجرێکی فرە دەوڵەمەند و بە هێزی وەک ″مچە″ لە ئارا دابێ، وەزع هێندەی تر شپرزەتر ئەبێ. ئێستاکەش ئێمە ئاوهامان لێ هات. بێ بازاری، ئاڵۆزی و زەخت لە هەموو لاوە، هەرەشە لێکردن ناچاری کردین کە دەرگای ئەم دوکانە تا رادەیەک دابخەین و بێ گوێزینەوە بۆ شوێنێکی تر و بە تایبەتی ئێستا کە گەرما هارووژاوە خێڵەکەمان بار کەین و بەرەو کوێستان کۆچ کەین. ئاشکرایە پاش لێکدانەوەیەکی دووری تاجرانە ئەم ڕێگەیەمان بە دوایین ڕێگەی ژیانی کەسابەتەکەمان زانی.

کاکە گیان رەنگە ئەم سەفەرەی ئێمە دوور و درێژ بێ رەنگە بشزانێ کە بۆ؟ جا بۆیە داوات لێ ئەکەم هەتا ئاگادارتان نەکەمەوە نامەم بۆ مەنێرە.

سالح گیان ئەگەر دەست بدا ئەوا رەنگە بێمە لاتان. چونکە ئەو سەفەرە زۆر پێویستە، ئەوەش بزانە ئەم ساڵ کوێستان زۆر ساردە و بۆ تواندنەوەی بەفر پێویستی بە ئاگر و گەرما و رەعد و بەرق هەیە. توخوا لێگەرێ با لە تواندنەوەی ئەم سەهۆڵ و بەفرانە ئێمەش بەشێکمان پێوە هەبێ. کاکە گیان دەستەکانت بە گەرمی ئەکوشم. گەرمترین سڵاو بۆ هاورێکانت. سڵاو بۆ دوکتوری ئامۆزات، چاوەروانی نامەمان بکە، بە هیوای دیتنتان.

برات : ئاسو سەعید

١٩٦٧/٦/٢٢

هاوکات حەمەدەمین سیراجیش بە ڕێکەوتی ١٩٦٧/٧/١٨ بە هیما و ئیشارە لە ناوخۆ را نامەیەک بۆ کەریمی حیسامی دەنووسێ کە لە لاپەڕەی ٦٦ ی بەرگی٣ ی کتیبی لە بیرەوەرییەکانم دا هاتووە. ئەو باسی مەلا مستەفا دەکا کە لەو ساڵەدا لەگەڵ ئەوان خراپ بووە و بڕوبیانوی پێگرتوون و ٣٠ کەسی لێ تەحویل داونەوە و لەگەڵ ڕێژیمی شا دەستی تێکەڵ کردووە و لە کوێستانەکانی ئێران بە دوایانەوە بوون.

دەبێ بگوترێ کاتێک کەریمی حیسامی گەڕاوە بۆ ئوروپا، بە نامە پەیوەندی بە دوکتور قاسملوو گرت و ئاگاداری وەزعی کوردستانی کرد. ئەوکات هەر وەک چۆن دوکتور ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژ لە باکۆ هەوڵیان دەدا کە ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکرات بێ، دوکتور قاسملووش لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ئوروپا دەردەچوو، ئۆرگانی حیزبی دێموکرات بێ. کەریمی حیسامی لە سەرەتا دا دژی ئەو روانگەیە بوو. ئەو لە نامەکەیدا بۆ دوکتور قاسملوو دەنووسێ: لام وایە مەسەلەی تەشکیلاتی کوردستان نابێ بە ڕۆژنامەکەوە ببەسترێتەوە. دەبێ ئێعتیراف بکەین کە ناکرێ لە دەرەوە پاش ساڵەها دووری لە وڵات، بە قسە لە ئوروپاوە ڕێبەرایەتی گەلی کورد بکرێ. ئەوانە ئێستا لە بارێکی دژواردا بە شاخانەوە دەگەڕێن، حەقیانە کە ڕێبەرایەتی ئوروپا قبوڵ نەکەن. ئوسولیش هەر وایە. لام وایە سەبارەت بەم وەزعەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە مەسەلەی سیاسی و تەشکیلاتی کوردستان لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕۆژنامەکەدا باس بکرێ. ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕۆژنامەکە بۆ هەمیشە لە کادری تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی بە دوور بێ. مەبەستم سەروبەندی ئێستایە. پێمخۆشە بە درێژی نەزەری خۆتم بۆ بنووسی.

دوکتورقاسملوو لە نامەیەک دا کە لە لاپەڕەێ ٦٩ بەرگی٣ ی بیرەوەرییەکانی کەریمی دا تۆمار کراوە، باسی هەلسوکەوتی خراپی حیزبی تودە دەکا و دەنووسێ: ″کاک کەریم ڕۆژ باش. کاکە گیان نامەکەت و هەروەها مەقالەکان گەیشتن زۆر سپاست دەکەم. دیارە ئەخباری عیراقم زۆر پێ ناخۆش بوو. بەڵام نەزەری خۆت نەنووسی بو بۆچی مەلا مستەفا وا دەکا. تۆ کە لەوێ بووی دیارە باشتر دەزانی بۆچی ئەو چەند ساڵە شتی وای نەکرد بوو، بە جارێک ئاوا دوژمنایەتی دەگەڵ ئەو کوردە ئێرانیانە دەکا کە لە عیراق بوون. تکا دەکەم نەزەری خۆت لەسەر ئەوە بنووسە.

دیسان پێم ناخۆش بوو کە کاک حەسەن لە خەستەخانەیە. زۆر سڵاوی لی بکە و هیوادارم هەرچی زوتر بە ساخ و سەلیمی لە خەستەخانە بێتە دەر.

لەسەر ڕۆژنامەکە وا دیارە باش لە یەکتر حالی نین، ئێمە ئەو ڕۆژنامەمان هەر بۆ  ئەوە ناوێ کە ڕۆژنامەیەکە و هەیە. مەبەست لە دەرهێنانی ڕۆژنامەکە شتێکی تر بوو. لە پاشان زۆر ڕووداوی وا هاتە پێش کە دەگەیێنی سەرۆکەکانی تودە و ئێمە "دیارە مەبەستم لە پێشدا خۆمە" نەزەرمان یەک نیە .

دووەم ئەوەیە کە ئەوان هەزار شت دەکەن کە پێوەندی بە کورد و کوردستانیش هەیە، هەر لێشمان ناپرسن، تۆ ئەگەر نەزەرت ئەوەیە کە ئەو گیروگرفتانە بە یەکەوە پێوەندیان نیە کەیفی خۆتە، من نەزەرم وا نیە.

ئەوە لە مانگی مای ١٩٦٦ قەرارمان داوە شەش مانگ جارێک وە ئەگەر نەبوو ساڵی جارێک کۆبوونەوەی گشتی رۆژنامەکە پێک بێت. ئێستا ساڵێک و پێنج مانگە کۆبوونەوەکە دیار نییە!

شتێکی تر ئاخری ئەو مانگە کۆبوونەوەی تەبلیغاتی لە لایپزیک تەشکیل دەبێ. لە نووسراوەکانی خۆیاندا باسی رۆژنامە دەکەن، رۆژنامەکە بە هی خۆیان دەزانن بەلام کەس لە ئێمە مانا بانگ ناکەن. ئەگەر لە بیرم نەچووبێ خۆت پێرارەکە رەخنەت لێ گرتبوون، گوتبویان جارێکی دیکە بانگتان دەکەین. من سێ هەفتە لە برلین بووم چەند جار خەبەرم بۆ ناردن بەڵکو بیانبینم، نەتیجەی نەبوو. بۆ خۆم بۆ تەبەری تەلیفونم کرد وتی دێم بۆ دیتنت، دیسان هەر نەهات. ئێمە وامان لێ هاتوە کە وەک ئالەتی دەست هەرچی پێ یان خۆش بوو دەگەڵمان بکەن. لە پاشان بۆ چی؟ جا ئەو هەموو تەقەللایە بۆ چییە؟

یا لێمان دلنیان "دیسان باسی خۆم دەکەم" ئەو دەم دەبێ بە پیاویشمان بزانن ئەگەر وا نیەو لە هەموو جێگا بە ناوی ناسیونالیزم ناومان دەبەن هەزار قسەی تریشمان لەسەر دەکەن، شێت نەبووین دڵی خۆمان بە رۆژنامەیەک خۆش بکەین. ئەویش رۆژنامەیەک کە ناتوانێ لە چوارچێوەی بیرو باوەری کۆنی سەرۆکەکان بچینە دەر.

ئەو باسە دوور و درێژە لەسەر کوردستان لە مێژە حازرە، بەڵام بەراستی نازانم بۆیان بنێرم. ئەگەر یەکترمان دیت دەتاندەمێ ئێوە تەماشای بکەن. من پێشنیارم کردوە تا ئاخری ئەو مانگە تەشکیل بێ، کە لە پاشان دەرس دەست پێدەکا بۆ من زەحمەتە بتوانم سەفەر بکەم.

برات: رەحمان

١٩٦٧/٩/٩

کەریمی حیسامی بۆ ئامادەکاری کارەکانی کۆبوونەوە لەگەڵ سولەیمانی موعینی لە رێکەوتی ١٩٦٧/١١/٢٧ جارێکی تر چوو بۆ عێراق و ئەو لە رێکەوتی ١٩٦٧/١١/٢٧ لە بەغدا چاوی بە سەعید کاوە، مەلا محەمەد خزری و چوکەڵ گەوهەری کەوت بەڵام دیسان نەیتوانی سلێمان موعینی و سیڕاجی ببینێ بە ناچار بە نامە مەبەستی خۆی بۆ روون کردوەنەوە. لە ڕێکەوتی ١٩٦٧/١٢/١ سولەیمانی موعینی و سیڕاجی وڵامی نامەی کەریمی حیسامیان داوە و خۆشحاڵیی خۆیان بۆ دیتنی دوکتۆر ڕادمەنیش "ئارام" دەربڕی.

حیسامی کامبەخشی ئاگادار کرد و ڕۆژی ١٩٦٧/١٢/١٧ سەرلەنوێ ڕەوانەی عێراق بووە. ئەو دەبوایە لەگەڵ رادمەنیش لە بەغدا لەگەڵ هەیئەتی حیزبی دێموکرات کۆببنەوە بەڵام ڕادمەنیش لەوێ نەمابوو.

لەسەردەمەدا نە رێبەرایەتی جوڵانەوەی ٤٦-٤٧ و نە حیزبی تودە نەیاندەویست دوکتور قاسملوو تێکەڵ بە کێشەکانی کوردستان بکەن. دوکتور قاسملوو لە ڕۆژی ١٩٦٧/٩/٩ لە وەڵامی نامەی حیسامی دا ڕەخنە لە هەڵسوکەوتی حیزبی تودە سەبارەت بە خۆی دەگرێ کە لە سەر مەسەلەی کورد پرسی پێناکەن.

## بەشی ٨٩
## شەڕەکانی ساڵی ١٣٤٦

لە کاتی دەست پێکردنی بزوتنەوەی ٤٦ -٤٧ وەزعی حیزب لە هەمووو بارێکەوە شپرزە و هاڵۆز بوو و حیزب جیا لە ٤٠ تا ٥٠ تفەنگ و فیشەکی کەم، ئیمکانی دیکەی ماڵی نەبوو.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٤٨ بەرگی سێی کتێبی "لە بیرەوەریەکانم" دا باسی شەهیدانی ساڵی ١٣٤٦ دەکا و دەنووسێ: ساڵی ١٣٤٦ بەرامبەری ١٩٦٧ زایینی لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، ساڵی راپەرین و بەرهەڵستە دژی ئیمپریالیزم و ئیستیبداد و دیکتاتوریەت. ساڵێکە کە ناوی زۆر شەهیدمان چوونە مێژووی کورد و کوردستانەوە کە پێویستە ناوی شەهیدانی ئەو ساڵمان بڵاو بکەینەوە...

برایمە سووری محەمەد دەلاوەیی

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٤٨ بەرگی ٣ بیرەوەرییەکانی دا لە ژێر سەردێڕی "پۆڵا دەشکێ بەڵام ناچەمێ" نامەی سولیمانی موعینی هێناوە کە لە مانگی رەشەمەی ١٣٤٦ دا نووسیوێتی و ئاوا باسی برایمە سووری دەکا: ... برایمە سووری محەمەد دەلاوەیی خەڵکی ناوچەی خانێ لە پێشمەرگە نەترس و نەبەزانە بوو کە لە شەری هەندرێن لە جەبهەی ئاکۆیان ناوبانگی دەرکرد و باشترین فیداکاری نواند. لە بەهاری ئەو ساڵ دا لە شەرێکی کە لە پشتی خانێ دەستی پێ کرد و لەشکری پینجی خانێ بە تۆپەوە چووە سەر پێنج پێشمەرگە و دەرفەتی نەهێنا و چەند جاران هوردووی شایانەیان سەرە و ژێر کردەوە بە چەشنێکی لە گیان بردووانە لە گەمارۆی ئەو هێزە بێ هێزە هاتنە دەر پەنایان بۆ گوندی ئالانە برد. بە رێزی رەشاشی کۆنە پولیسێک تەرمی ئەو قارمانە بێ وێنەیە لە خوێن دا شتڵ بوو. سەر لە نوێ لەشی بێ گیانیان گەڕاندەوە شاری خانێ، نمایشیان پێدا و هاوڕێ بریندار و بەردەستکراوەکانی خرانە بەر ئازار و ئەشکەنجە.

لە هەوەڵی هاوینی ئەو ساڵدا لە پەلامارێکی کە هێزی شایانە هێنایە سەر گوندی دۆڵەنی لە ناوچەی پیرانان لە شەڕێکدا لە نێوان پێشمەرگە و ئەو هێزە پێکهات هاورێ محەمەدی دەروێش ئەحەمەد تاژاندەرەی شنۆیە کە یەکێک لەو پێشمەرگە بە بیروباوەڕی  بوو و لە شەری هەندرێن لە جبهەی ئاکویان قارەمانەتی خۆی سوور کرد بوە لە نازئاوا شوێنی شەر شەهید کرا ئەو ئازایەتیەی لە شەری هەندرێن نواندی توانی لە مەڵبەندی خۆیدا دەری بخا.

عبداڵە گڕوێ خەڵکی داوداوی و هەڵکەواو و چاو سووری ناوچەی سوێسنایەتی کە بە تێکۆشانی بێ باکانەی نمونەی فیداکاری بوو لە ناو دڵ و هەناوی جوتیارانی کوردستان کە بە خوێنی دڵ پەروەردەیان کردبوو پێشکێشی حزبیان کردبوو لە بۆسەیەکدا لە نیزیک پاسگای دوڵەتۆێ بە ناوی جاسوسان نابویانەوە تەنیا وەگیریان خست بوو شەهید کرا.

بیری ئازایەتی و لە خۆ بوردنی کاک وەسمان خەڵکی قروچەی لاجان زەحمەتە لە بیرمان بچێتەوە کە بە دەستی گوردانی ئاڵوەتان لە پشتی ئاوەدانی کاولانی ناوچەی مەنگوڕان شەهید کرا.

شەڕی سپی سەنگ

یەکێک لەشەڕە گەورەکانی ئەو قوناغە، شەڕی سپی سەنگ بوو. لە هاوینی ١٣٤٦ سولیمان موعینی و هاوڕییەکانی لە کێوی سپی سەنگ تووشی شەڕێکی قورس بوون. دوژمن سەرەرای هێزی زۆر و کەڵک وەرگرتن لە هێلیکۆپتێر, کوژراوی زۆر بوو.

کاتیک دەستەی سولەیمان موعینی گەیشتنە کێوی سپی سەنگ، دەستەی مراد شیرێژیش کە سەر بە ئەحمەد تۆفیق بوو بە ٦ پێشمەرگەوە لەوی بوون و بە دیتی ئەوانە نیگەران بوون کە مەبادا لە لایەن شۆڕشێ کوردستانی باشوورەوە ناردرابێنە سەریان. بۆیە ئەوان لە جێی خۆیان مات بوون و خۆیان ئاشکرا نەکرد. دەستەی مراد شیرێژ پێشمەرگەیەکیان بە ناوی رەسوو پیران ناردبووە ئاوایی کانی کلێ کە نان و چایان بۆ بێنێ. ئاغا و ژاندارمی چەند پاسگا کە ٦٠ کەس دەبوون و بە دوای پێشمەرگەدا دەگەران، لەوێ کۆببونەوە. ئەوان توشی رەسوو دەبن و دەیگرن. رەسوو دەڵێ کە هاتووە خۆی تەسلیم بکا و قەولی هاوکاریان پێی دەدا و بەڵێن دەدا کە مراد شێرێژیان تەسلیم بکا. بەرپرسی پاسگا بە کەندری، رەسووی لە قۆڵی خۆی گرێ دەدا و هێرش بۆ شاخی دەبەن. هەرچەند سولەیمان موعینی پێشنیار دەکا کە خۆ لە شەڕ نەدەن بەڵام پێشمەرگەکان لە ئێوارێ دا تەقەیان لێ دەکەن. ئەوان بازرە بوون و هەڵاتن. دوایە لە تاریکی شەودا دیسان دوو دەستەی هێزی دوژمن لە کەمین پێشمەرگە کەوتن و ٤ جاش گیران و ٥ ژاندارم کوژران. هەروەها رەسوو پیرانیش کوژرا. لە تەقەی شەو دا عەوڵای موعینی باسکی بریندار بوو و دوو گوللەی وێکەوت. ئەو داوا لە مەلا رەسوڵ پێشنماز دەکا کە نەیەڵی سولەیمانی برای پێی بزانێ. پێشمەرگەکان شەو بۆ شاخی چەکۆ پاشەکشەیان کرد. لەوێ جاشەکانیان ئازاد کرد و مەلارەسوڵ، عەوڵای موعینی گەیاندە قەڵادزی بۆ ئەوەی لەوی بە هاوکاری حیزبی شوعی دەرمانی بکا. دوای چەند رۆژ حەسۆ میرخان شک بە بوونی عەوڵای موعینی دەکا و برین پێچەکان هەڵدەپێچی. بۆیە بە ناچار عەوڵای موعینی دەبنە ئاوایی هێرو. حەسۆ میرخان  بە دوای دا دەچتە ئەوێش و لەوێش را رایدەگوێزن بۆ سولەیمانییە و لەوێشڕا پەنا بۆ شێخ لەتیف دەبەن و تا چاک دەبێتەوە لە وێ دەمێنێتەوە.

ئەوکات وتووێژ نیوان حکومەتی عێراق و رێبەرایەتی شۆرش دەست پێکردبووە و شارەکان لە دەست پیشمەرگە دا بوون. ئەمیر قازی لە سولیمانیە چاوی بە عەوڵای موعینی و مەلا رەسووڵ پێشنماز دەکەوێ و داوایان لێدەکا کە ئاوا بە ئازادی لە شاردا نەگەڕێن. عەوڵای موعینی برینی دەستی چاک دەبێتەوە و بڕیاری دەدا بگەڕێتەوە بۆ لای برادەران لە ناوخۆی وڵات. مەلا رەسووڵیش بە هۆی دۆستانی لە لای حەسۆ میرخان لە سەنگەسەر خۆی ئەمین کردەوە و بۆ سەردانی منداڵەکانی چوو بۆ ئاوایی"هێرۆ".

مامۆستا هێدی شاعیر گەورە لە لاپەڕەی ٢٢٣ کتێبی "کاروانی خەیاڵ" لە شێعری "کوێستانی سپی سەنگ" دا دەڵێ:

**کوێستانی سپی سەنگ**

گەرچی لەش ماندوە وەستاوە سـڕە
پێشـی ناگیرێ خەیال بەرزەفڕە
با هەرێمی سەرێ هەڵ نە بوێرم
دڵ گڕوی گرتوە با بێ گێرم
رێی هەواری بگرم بچمە سەرێ
هیند بە ئەسپایی کەشەونم نەوەرێ
پشو هێدی بێ گەڵا رانەژەنێ
نێرگزی نوستو لە خەو رانەچەنێ
لوزەوی ئاوی رنو لە کوێ بێ
هێندە پێ دانەگرم شلوێ بێ
دەبێ پارێزێ بە چاو بستێنم
دەست نەبەم گوڵ نەکەمە داوێنم
سەر لە بیزا دەم و نەی بزوێنم
بۆنی شەوبو کەم و نەی شەمزێنم
هەڵزو، مەندۆک و هەڵالەو، بەیبون
تێک نەدەم چۆنی دەبەر یەک راچون
نازی شللیر بە دڵ و گیان بگرم
تێر و پر چاوی لە چاوی ببرم
دل دەڵێی شێت بوە لەو جەنگەی دا
ناسرەوێ لەو قەفەزە تەنگەی دا
کوشتمی هێندی پەڕی هەڵ باوێ
با بەرەڵلا بێ ئەویشم ناوێ
راپەڕێ، بەر بێ ، قەفەز بشکێنێ
بەس لەوێدا بە کزی دامێنێ
با لە بەند دەرکەوێ ئەو دێوانە
تێر بسوڕێتەوە لەو کێوانە
باڵی لێک دا لە سەران یەک دو سەرێ
لەو بنارە بە دڵی خۆی بگەرێ


مامۆستا هیدی (خالید ئاغای حیسامی)

سـەرێ با سـەیری گەدەو و ئەسـتەڕکا[1]
بە هەوای بـاڵـی گـوڵان پەڕپەڕکـا
هەلە چـێشـتـانـی هەواری مـێـرێ
سـێبەری شـۆرەبی سـەر ئەسـتێرێ
کەم بەڵام دێـر و دەوێ رامـێـنـێ
"شـەنگە بێری"[2] دڵی لێ نەسـتێنێ
هەڵ کشـێ بێتە "سـپی سـەنگ" تاوێ
خـۆی دەئـامـێـزی چـیـا و چـڕ بـاوێ
سـەرەوەی سـەنـگەری سـەر بەرزانە
گـیـان لەوێ چەنـدی بـڵـێـی هەرزانە
هەمـو جـێـی لاشـەیە خـوێـنـی جەرگە
لێرەیـان خوێن دەسـتـانـد پێشـمەرگە
لـێـرە تـوشـی چەتە هـات رۆژی رەش
جارێ لێ یان دەکەوت "پێنج وشـەش"[3]
پـێـکەوە لـێـک دەدران لەو هەردە
جەنـدەکی جـاش و سـەری سـەر کردە
ئـێـرە جـێ تـۆڵەیە مەیـدانـی گەفە
بەڵـێ ئـێـرەش "مەتەرێـزی شـەرەفە" [4]
لـێـرە بـو کەوڵـی چەتە کەوتە رمـێـن
کەوتە بەردەسـتـی کوران کورد خنکێن
سـەری سـەربـاز دەبـرا بـێ بەزەیـی

[1] گەدە و ئەستەر: دو کوێستانی بە ناوبانگی کوردەوارین لە ناوچەی مەنگور.
[2] لەو هەوارە دزێک دەچێتە زگ هۆبە و بیریەک کە ناوی "میرێ" دەبێ پێ دەزانێ و دزەکە دەکوژێ و ئەو هەوارە ناوی ئەنرێ هەواری مێرێ.
[3] لە شەری سپی سەنگ دا هێزەکانی حکومەت کە شکابون و خۆیان شاردبۆوە لە پاش نوێژی شێوان پێشمەرگەکان دیسان لە چەند جێ بۆسەیان بۆ دانان و بە تاریکی دەهاتنەوە بەر دەستیان. عەولای موعینی لە بۆسەیەک دا بە تەنیا دەس رێژێک شەش کەسی لێ بە سەر یەکدا خستن بێجگە لە بۆسەکانی تر.
[4] کاک هێمن پارچە هونراوەیەکی جوانی هەیە بە ناوی مەتەرێزی شەرەف کە مەبەستی شەرەکانی شۆرشی ئەو دیوە.

خـوێـن لە دەم تـیـخـی دەبـانـا دەمەیـی
مردو نەی مابو پەژارەی زیندو
زیندو ئاواتی دەخواست بۆ مردو
لێرە بو خوێن مژی زۆڵی ناراست
سەری[1] شۆر کردوە، ئامانی خواست

**مەلا مەحموود زەنگەنە**

یەکێک لە پێشمەرگە ئازا و قارەمانەکانی ئەم سەردەمە، مەلا مەحموود زەنگەنە بوو کە لە ساڵی(١٣٤٦) دا شەهید کرا. عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەسەر چۆنییەتی شەهید بوونی مەلا مەحموود لە لاپەڕەی ٧٦ کتێبی ئەزموونی خەبات دا دەڵێ: بەداخەوە مەلا مەحموودی زەنگەنە بەخەسار شەهید بوو. ڕەفیقێکمان هەبوو ئەندامی کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز بوو ئێستا لە نۆڕوێژ دەژی. ناوی ڕەشیدی فەلاحی‌یە بەڵام لە سلێمانی بە ڕەشەی قاچاچی دەناسرا. مەلا مەحموود لە مەنتەقە دەبێ خەبەر دەدەن کە ڕەشەی قاچاغچی بە باری قاچاغەوە لەلایەن ژاندارمەوە گیراوە. مەلا مەحموودیش خوێنی وەکوڵ دێ و دەڵێ دەبێ بچین ڕزگاریان بکەین. دەچێتە سەر ڕێگایان و شەڕ ساز دەبێ و لەوێ شەهید دەبێ. لەپاشان دەردەکەوێ ئەو ڕەشەی قاچاغچی‌یە نیەو کابرایەکی دیکەیە. زۆر بەخەسار شەهید بوو. پیاوێکی یەکجار شەریف و دڵسۆز بوو.

سەرهەنگ عامری، ئەفسەری قاتڵی زۆر لە پێشمەرگەکانی ٤٦ – ٤٧ لە لاپەڕەی ٦٠ کتێبی "نقاب" دا بە جۆرێکی دیکە باسی ئەو رووداوە دەکا و دەنووسێ کە رۆژێک لەگەڵ ٥ ژاندارم لە مەهاباد را بەرەو سەردەشت وەڕێکەوت. لە پاسگای گوێچکەدەرە پێی دەڵێن کە هەواڵیان پێدراوە کە چەند عێراقی هاتوونە ئاوایی گەمان تا پەیوەندی بە چەتە و ئەشرارەوە بگرن(پێشمەرگە). عامری بە فەوری رەئیس پاسگا هەڵدەگرێ و دەچن بۆ گەمان و چاویان بە کوێخای ئاوەدانی دەکەوێ و پرسیاری ئەو کوردە عێراقیانەیان لێدەکا. کوێخا دەڵی کە لە ماڵە ئەون و ئەگەر کەس نەزانی و لە من بە گومان نەبن و زەرەری بۆ ئاوایی نەبێ، بە بیانووی چا خواردنەوە وەرن بیانبینن.

عامری دەنووسێ کە دەچنە ژووری و هەردوکیان کە دەمانچەیان پێبووە چەک دەکەن و دەستیان کەلەبچە دەکەن و سواری ماشێنیان دەکەن و دەڕۆن. هێستا ٥٠ میتر دوور نەکەوتبوونەوە کە لە کەلای چەپ، لە لاچەپ لە دارەستانێکیدارەستانێک دا دەستەیەک تەقەیان لێدەکەن و داوای تەسلیم بوونیان لێدەکەن.

---

[1] هێزەکانی حکومەت لەو شەرەدا دوای ئەوە زۆریان لێکوژرا تەسلیمی پێشمەرگەکان بون.


مەلا مەحموود زەنگەنە

عامری دەنووسێ کە تەقیان لێکردن و ئەوانیش جوابیان داوە بەڵام دوای ١٠ دەقیقە دەنگی تەقە لە لای ئەوان را نەما و یەکێک هاواری کرد تەقەی مەکەن یارمەتیمان بکەن. ژاندارمەکان بە ئیحتیات بەرەو بریندارە کوردە عێراقییەکە دەچن. ئەو دەڵی یەکێکی دیکە لێرە کوژراوە. ئەوانە هەڵدەگرن و دەیانبەنە نێو ماشێن و دوایە سەد میتر خوارتر جەنازێکی دیکەش دەبیننەوە دەچنەوە بۆ گوێچکەدەرێ. لە پاسگایە لە لێکۆڵینەوە لە جەنازەکان دا بۆیان دەردەکەوێ کە یەکیان مەلا مەحموودی زەنگەنەیە و ئەوی دیکەش پێشمەرگەیەکە(ئەشرار).

عامری دەنووسێ کە سەعاتی ١٠ شەو بریندارەکەمان نارد بۆ نەخۆشخانە و لە بریندارەکەی پرسیوە کە بۆ ئەوانیان نەکشتووە؟ بریندارەکە وڵامی داوەتەو کە زەنگەنە هەر ویستی بارمتەکان ئازاد بکرێن و نەیویستووە ئێوە بکوژێ.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٤٧ بەرگی ٣ بیرەوەرییەکانی دا لە ژێر سەردێڕی "پۆڵا دەشکێ بەڵام ناچەمێ" نامەی سولیمانی موعینی هێناوە کە لە مانگی رەشەمەی ١٣٤٦ دا نووسیوێتی و ئاوا باسی زەنگەنە دەکا: هاورێ مەلا مەحمودی ئەحمەدزادە "زەنگەنە" لەو رووکارە گەشانەی روژ بوو کە لە دەمێکەوە چەکی بە دەستەوە گرتبوو خەڵاتی مردنی لەبەر خۆ کردبوو و مەیدانی لە دوژمن تەنی بوو هیچ کات و ساتێک هەدادانی نەبوو خەو و خۆراکی لە خۆ حەرام کردبوو، شەو و رۆژ لە پێلانی سەرکەوتن بە سەر دوژمن دا بوو. لە تەواوی ئەو شەڕانەی کە تێدا بەشدار بوو ئەستێرەیەکی گەش و رووناک بوو لە رێزی تێکبەزیوی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی ئێراندا.

سیاسەتی چەوساندنەوەی گەڵ و زۆر لێکردن و پێدادان و راونان ئیمان بە رەوت و رێگای زانایانەی حیزبەکەی کردبوویە قەڵایەکی نەڕووخ و راوەستاو کە لە کاتی شەڕدا بەرەنگار بوون لەگەڵ دوژمنی بە گۆڤەند و داوەت دەزانێ. لە ناو ئاواڵە پێشمەرگەکانیدا قاوە لەو شەڕانەی کە بە گژ پیشمەرگە فێداکار و دڵسوزەکاندا هاتوون، کاک مەلا مەحمود وریاتر و نەبەزانە سنگی کردۆتە قەلغان، چاوی نەترساوە ئامبازی دوژمن بۆە و راوی ناوە.

داخی گرانمان تێری ئەجەل و گوللەی وێل لە رۆژی جومعە ٢١ رەزبەری ١٣٤٦ هەتاوی سەعاتی هەشت سەر لە بەیانی لە شەرێک دا بە رابەری کاک مەلا مەحمود و چەند هەڤاڵە پێشمەرگەیەک لەگەڵ هێزی تاڵانبەری ژاندرم لە سەر جادەی بەیرەم لە چەند کیلومیتری شاری قارەمانی مەهاباد

روی دا، بوو بە قۆچی قوربانی گەلە بەشەرەفەکەی و بەو سوێند و پەیمانەی کە دابوی وەفادار ما بە پەرۆشەوە ئاواتی سەرکەوتنی بردە ژێر گڵ.

تەرمی قارەمانی کورد ئەو جوستە لەکار دەرهاتوە کە لە ژێر باری بەفر و باران و بەستەڵەک و هەڵدێر، لە ژێر پاڵە پەستۆی باران و کرێوە و رنوو گێژەوی تەرزەی کوێستانان بە سەر شاخ و زەرد و ماهی چیا بەرزەکانی کوردستان دا لێک هاڵا و تەنرا بوو. بەراستی دیمەنێکی دوژمن بەزیوی پەیدا کردبوو، لە پێشی ماشینیکی ئەرتەشی قایم کرا. ماوەی سێ رۆژان بۆ تۆقاندنی خەڵکی بەشەرەفی کورد لە سابلاخ و خانی و نەغەدە دا گێرایان...

بەمشێوەیە مەلا مەحمود بۆ رەزگاری رەشەی قاچاغچی کە بە هەڵە دەنگۆی گیرانی خۆی و بارەکانی بڵاو دەبێتە، رێگا بە ژاندارمان دەگرێ و لە رەزبەری ساڵی١٣٤٦ لە ناوچەی میرقاز شەهید و بە ماشین تەرمەکەی بە شاران دا گێڕدرا. مامۆستا هیدی شاعیر گەورە لە لاپەڕەی ٢٢٠ کتێبی "کاروانی خەیاڵ" لە شێعری "گوندی بەیرەم" دا باسی زەنگەنە دەکا و دەنووسێ:

**گوندی بەیرەم**

رێ بە کـۆسـپ و تەگەرە و چاڵ و چـۆڵ
رێیە رێـبـواری دەوێ تـونـد و تـۆڵ
"قـوڵ قـوڵە"ی[١] بەیـرەمـی وا لەو بەرزە
لەسـەری سـوکە و چـانـێـک فەڕزە
کـانـیە، شـیـنـکەیە، جـێی زەنـوێـرە
تـۆزی رێـگـا دەتەکـێـنـم لـێـرە
دەسـتـڕم ئـارەقـی نـێـو چـاوانـم
تـاوێ لەو بەرزیەوە دەڕوانـم
دیـمەنـی دڵـگـری دەم بـزوێـنـێ
دەیەوێ تـێی بـگەڕێـم سـەرتـا سـەر
رێ و رێـبـاز و کەلـێـن و کەلەبەر
دەیەوێ لـێـم نەشـکـێـنـم مەرجـێ
دەیەوێ شـەرتـی وەفـا بـیـنـمە جـێ
بـگـرم شـوێـنـی مەلا مەحـمـودی
ون نەکەم خـوێـنـی "مەلا مەحـمـودی"
دڵ کە تـیـنـوش بـێ نەتـیـنـوی ئـاوە
چـاوی خـۆم چـی کەمە لەو سـەرچـاوە
بـچـمە نـاو سـەنـگەرەکەی بـروانـم

---

[١] ناوی کانی‌یەکە لە نیزیک گوندی بەیرەم لە بەرزیەک هەڵئەقوڵی و ئاوێکی زۆری هەیە.

شوێنی راسانی چلۆنه بزانم
دەستێ به برینەوه دەستێ به تفەنگ
چۆنی جێگا به چەته کرد بو تەنگ
چۆن دڵی دوژمنی هێنا ژانێ
دەست و بردی کوڕی لێ قەومانێ
چەند به میرانێ پەلاماری دەبرد
چەند به پاکی دەبەر ئەو خاکه دەمرد
ئەو که نەیهێشت که چەتان هیچ دەرچن
دوایه چۆن دەرفەتی هێنا دوژمن[1]
ئەوی هات تەرمی له وێ لابردن
چەند فرۆکەی له کەلاک بار کردن
کاکی!! بەو زەبره کەوا ئاڵۆزا
هات به هاواریەوه " خاڵۆزا"[2]
بەو تەق و تۆقه دەماری هەستا
یان لەوێ دورەپەرێز راوەستا؟
کەس نەبو پێی بڵێ جا تۆش ئیدی
مەخۆ ئەونانه به فیرۆ چیدی
حەز دەکەم دەس بدەیه هەمبانه!
ئێره جێی تۆ نیه " کوردوستانه"؟

---

[1] شەهید مەلا مەحموود لەو شەرەدا دوژمنی شکاند و زۆری لێ کوشتن و خۆی بریندار بو که ئەو شەرەی به تەنیایی کرد، یەکێک له هێزەکەی دوژمن خۆی شاردبۆوه له بن ترومبیلێکی عەسکەری دا. مەلا مەحمود که له لای وابو هەمویان کوژراون به برینداری چوو بووه شوێنێک برینەکەی ببەستێ، ئەو نەفەره لەوێوه تەقەی لێکرد بوو کوشتبوی
[2] "خاڵ ئوغڵی"، ناوی عەجەمێکه که له ناو مەنگوران دوگوندی هەیه به ناوی بەیرەم و بەرەجۆ.

## بەشی ٩٠

## دەستی ڕێژیمی ئێران و هەڵسوکەوتی شۆڕش بە دژی خەباتی چەکداری ٤٦- ٤٧

مامۆستا هەژار لە سەر ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ لە لاپەڕەی ٤٩٤ چێشتی مجێور دا دەنووسێ کە لەم بەینەدا کە ئەو برادەرە ئێرانیانە لە دژی ئێران خەبات دەکەن و لە شۆڕشی بارزانی تەکیونەوە، پێشمەرگەی شۆڕشی عێراق بە کارتێکدەریان دەزانن.

ئەوە تەوەری بۆچوونی ڕێبەرایەتی کورد بوو و بە دوای ئەوانەدا، پشکنین بۆ دەسبەسەرداگرتنی شتومەکی ئەندامانی حیزب دەستی پیکرد و ئەوانەی سولیمانی موعینی حەشاری دابوون دیترانەوە و دەستەی پێشمەرگەی شۆڕش لە ژێر فەرماندەری مام وسوو دزەیی لە ناوخۆی کوردستانی ئێران دا، بە دوای پێشمەرگەی حیزب دا دەگەڕان کە لە گەڵ بێز و نفرەتی خەڵک بەرەوروو بوون.

لە مانگی سپتامبری ١٩٦٧دا عەوڵاغای پشدەر ئامێر هێزی باڵەک، ئەندامێکی حیزبی دێموکرات بە ناوی سوارە سەکری گرت و تەسلیم بە حکومەتی ئێرانی کرد. هەر لەوکات دا عەبدووەهاب ئەتروشی ٦ ئەندامی حیزبی دێموکراتی لە "تەوێڵە" گرت. لە کاتی تەحویل دانەوە بە ئێران مەلا ڕەحیم وردی ناسراو بە مەلا ئەحمەد بەو کردەویە نارەزایەتی دەبڕی. بە فەرمانی عەبدولوەهاب ئوتروشی تەقەی لێکرا و کوژرا. ئەوانی دیکەش بە ناوەکانی ئەسکەندەر عەلی، محەمەد موئمنی، تۆفیق مستەفا، حەبیب ئەبابەکر، جەعفەر ئەبابەکر تەسلیم بە حکومەتی ئێران کرانەوە.

کەریم حیسامی لە لاپەڕەی ٧٩ کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران دەنووسێ: مەلارەحیم پاش مانگێک ڕاگرتن لە بەندیخانەدا کاتیک دەیان نارد تەحویلی ئێرانی بدەنەوە لە لایەن پیشمەرگەکانی هێزی خەباتەوە لە نیزیک تەوێڵە لە سنووری ئیران و عێراق کوژرا.

دواتر لە ساڵی ١٣٥٨ کەریمی حیسامی لە تاران چاوی بە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی دەکەوێ. عەبدولوەهاب ئوتروشی لەوێ لەسەر مادە هەشت گلێی لە حیزبی دێموکرات دەکا. کەریمی حیسامی بە پێی لاپەڕەی ٣٥ بەرگی ٦ بیرەوەرییەکانی وڵامی دەداتەوە و دەڵێ کە حیزبی دێموکرات شتی وای نەکردووە و ئەتۆش نابی باسی هیچ بکەی چونکە ئەندامی کومیتەی ناوندی حیزبی دێموکراتت کوشتوە و ٧ کەس لە برادەرانی ئێمەت تەحویل بە ڕێژیمی ئێران داوەتەوە.

عەبدولوەهاب ئەتروشی ئەفسەرێکی کوردی بەرپرسی قەزای پۆلیسی چوارتا بوو، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول لە بەرانبەر بە هێرشی پێشمەرگە دا بە باشی پاریزگاری لە چوارتا کرد. دوایە بە ڕەزامەندی خۆیی هاتە نێو شۆڕش.

ئەمیر قازی لە سەر هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی ملارەحیم وردی کە بە میرزا ئەحمەد بە ناوبانگ بوو لە لاپەڕەی ١٦٨ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە ئەوکات چووتە لای حەبیب حەمە کەریم سکرتێری گشتی ئەوکاتی پارتی. عەلی عەبدولا ئەندامی مەکتەبی سیاسیش لەوێ دەبێ. کاک ئەمیر بە حەبیب حەمەکەریم دەڵێ: ″تاز بۆ ئەوانی دیکە، کار لە کار ترازاوە، عەبدولوەهاب، گیراوەکانی

تەسلیم بە ئێران کردوونەوە و هەل لە کیس دەرچووە چ ناکرێ، کارێک بکە کە میرزا ئەحمەد بە دەردی ئەوان نەچێ".

کاک حەبیب هاوسۆزی خۆی ڕاگەیاند و سوێندی خوارد کە ئەوان، واتە مەکتەبی سیاسی لەو بەسەرهاتانەی ناوچەی هێزی خەبات و لقی ٤ ی پارتی بێ ئاگان و وەعدەی دا بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئازاد کردنی میرزا ئەحمەد بدا.

جێی سرنجە ئەوە بوو کە لە هەموو ماوەی ئەو قسە و باسانەدا، کە زیاتر لە سەعاتی خایاند، عەلی عەبدوڵا سەری لە سەر ڕۆژنامەی خەبات کە بە دەستیەوە بوو و گویا دەیخوێندەوە، هەلنەبڕی و متەقی لەبەر دەم نەهات. ئاخریکەی کاک حەبیب ڕووی لە عەلی عەبدوڵا کرد و بە عەڕەبی گوتی" بە شەڕەفم ئەوەی ئێمە دەگەڵ ئەو برادەرانەی حیزبی دیمۆکراتمان کردووە، وەک پەڵەیەکی شەرمەزاری بۆ هەمیشە بە نیوچاوانی ئێمەوە دەمێنێتەوە".

ئەمیر قازی ئەوجار بەرەو باڵەکایەتی ڕۆیشت و لەوێشڕا بەرە و لای حاجی عومەران بۆ بناری قەندیل وەڕێکەوت تا چاوی بە بارزانی بکەوی و لەو وەزعەی کە بەسەر ئەندامانی حیزبیان هێناوە سکاڵا بکا.

مەلا ڕەحیم وردی خەڵکی بانە بوو، لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٣ بۆ جاری دووەم گەڕایەوە کوردستانی عێراق و ناوی خۆی بە میرزا ئەحمەد گۆڕی و لە ساڵی ١٣٣٨ وەک پەنابەری سیاسی لە "کۆمون" لە سلێمانی بوو. بەڵام بەهۆی نالەباری وەزعی حیزب، خۆی تەسلیمی ئێران کردەوە. ئەو دوای ئەوە دوبارە پەیوەندی بە حیزبەوە گرت، یەکسەر چووە لای ئەحمەد تۆفیق و لە کۆنگرەی دووهەمی حیزب بەشداری کرد و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. مەلا ڕەحیم دوای تەواوبوونی کۆنگرە، بوو بە مەلای ئاوایی گوندی سوورەدزێ لە ئالان و ماڵەکەی بردە ئەوێ.

ڕەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی١٥٢ کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم" لە سەر شەهید کردنی مەلا ڕەحیم وردی دەنووسێ: یەکێک لە کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلول بە ناوی عەبدولوەهاب ئەتروشی، دەستەیەک پێشمەرگە دەنێرێت بۆ سوورەدزێ و مەلا ڕەحیم دەگرن و دەیبەن بۆ ناوچەی هەورامان و لە گوندی بیارەی سەر بە قەزای هەڵەبجە دەیخەنە بەندیخانەوە. دوای ماوەیەکی کورت بە ناوی ئەوەی کە تەحویلی مەرزبانی نەوسوودی ئەدەن لە ڕێگادا پیاوەکانی عەبدولوەهاب ئەتروشی شەهیدی دەکەن. بە وتەی خەڵکی ناوچەکە بەو گەرمای هاوینە جەنازەکەی چەند ڕۆژێك دەمێنێتە تاکو خەڵکی ناوچە پێدەزانن و دەچن دەهێننەوە ئاوایی و بە خاکی دەسپێرن.



مەلا ڕەحیم وردی(مەلا ئەحمەد).

کارەساتی تەسلیم کردنەوەی بە کۆمەڵی ئەو دەستە پێشمەرگەیە ئەوەندە ناخۆش بوو کە ٣٠ کەس لە ئەندامانی

حیزب لەژێر بەرپرسایەتی ئەمیری قازی دا، رەخنەیان لەو ئاکارانە گرت و لە نامەیەک دا بۆ مەرحومی بارزانی دەنووسن:

سەرۆک مستەفا بارزانی زۆر بە حورمەت

١٩٦٧/٦/٣

بەڕێز و حورمەتەوە. بێ شک ئاگادارن سێ مانگ لەمەوبەر جەماعەتێکی پێنج کەسی لە برادەرانی ئێمە بە ناوی ١- ئەسکەندەر عەلی ٢- محەمەد مومین ٣- تۆفیق مستەفا ٤- حەبیب ابابەکر ٥- جافر ابابەکر لەلایەن عبدالوهاب ئوتریشی فەرماندەی هێزی خەباتەوە دەستگیر کران و لە بیارە خرانە زیندانەوە. ئەو دەست درێژییە بەشێوەی گشتی لەناو ئێمەدا بوو بەهۆی نارەحەتی و بە شارەزاییەکی کە لەو بارەوە لە رابردوودا بەرچاو بوو، بۆ روون بوونەوە لەسەر بناوانی سەبەبی ئەو دەست درێژییە هەروەها شکایەت لە عبدالوهاب ئوتریشی موراجەعەی مەکتەبی تەنفیزی کرا، بەپێی هەواڵێکی کە لەو بارەوە پێمان گەیشت گویا دەبێ لەلایەن مەکتەبی تەنفیزی یەوە چەندجار بە بروسکە ئەمری بەردانیان و رەوانە کردنیان بۆ ناوچەی گەڵاڵە درابێ. جا لە کاتێکدا کە ئێمە چاوەروانی بەربوون و ناردنیانمان دەکرد بە داخی گەورەوە خەبەری تەسلیم کردنەوەی ناوبراوان بە حکومەتی ئێرانمان پێ گەیشت. فەرماندەی هێزی خەبات پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەی عەسکەری و گەرانەوەی بە ئێراندا بە گەیشتنەوەی ناوچەی بیارە، بە سەیارەی شۆڕش، بە پێشمەرگەی کوردەوە وەک دیارییەک پێش کێشی مەرزەبانی حکومەتی کردن لە نەوسود. وە هەر بە دوای تەسلیم کردنەوەی ئەو برادەرانەدا کە ناومان لەسەرەوە هێنا شالاوی تری دەست پێ کردوە و هەواڵی کۆمیتەی ناوەندی حیزبمان میرزا ئەحمەد- کە بۆمان روون نیە هەر بەتەنێ یە یان نە- بەشێوەی زیندانیی لە سورە دزێ را خواستویەتە مەروێ و لەوێرا رەوانەی بیارەی کردوە کە نازانین چی بەسەر هێناوە. تەنانەت کاتی رەوانە کردنی لە مەڕوێ ڕا بۆ بیارە ئیجازەی پێ نەداوە چاوی بە ماڵ و منداڵیشی بکەوێ. ئێمە جیا لەوەی کە بە سەر سورمانەوە هەڵوێستی کورد فرۆشانەی عبدالوهاب ئوتریشی مان وەرگرت ئەو کردەوانەی بە شتیکی دوور لە ئینسانیەت و پیاوەتی و خوو و رەوشتی لەمیژینەی کورد دەزانین. لە جێ یەک کە قانونی جەنگەڵیش کە پەنای ئینسانی سیاسی دا لە تەسلیم کردنەوەی بە دووژمن خۆ دەپارێزێ. شۆڕشی کورد لە کوردستانی عیراق کە شۆڕشێکی حەق خوازانە و ئینسانی یە و بیشک ئێمەش هەروای دەناسین و ناسیومانە، سەرەرای ئەوەش کە بە پێی پێرەوی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستانی عێراق بەناو ماڵی هەموو کوردێکی لێ قەوماوە کە بەهۆی جولانەوەی سیاسی تەرکە وەتەن بێت. عبدالوهاب ئوتریشی لە پەنای قازانج و مەنافعی خۆیدا بەنێوی بەرژەوەندی و مەسڵەحەت برادەرانمان دەکاتە دیاری و پێشکێشی دوژمنمانی دەکاتەوە. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە ژیانی سیاسی ئەوڕۆی ئێمە ژیانێکی تایبەتیە و سیاسەتی دەستەبازی و تەفرەقەمان بەسەردا سەپاوە و بێ شک لە زروف و حاڵی ئەورۆماندا ناتوانین کەسێک یا کەسانێک بەرپرس و مەسئولی کردەوەمان بە تێکرایی بناسین و هەرکەس لێ پرساوی کردەوەی شەخسی و فەردی خۆیەتی بە چاکە و خراپە. لەگەڵ ئەوەشدا

شۆڕش بە خاوەن مەسڵەحەت و خاوەن دەسەڵات دەزانین بۆ هەموو چەشنە لێکۆڵینەوە و سزادانێکمان- بەپێی حەق و عەداڵەت- لە کاتێکدا کردەوەی دژی مەسالحی شۆڕش لەهەر یەک لە ئێمە ڕوو بدات.

ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە مەنافیع و مەساڵحی شۆڕش لە سەرەوەی هەموو مەنافیع و مەسالحیکی ترە و بەوپەڕی هێزمانەوە مەسڵەحەتمان پاراستوە و دەشی پارێزین و هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستا خۆمان بە خاوەن خزمەت بۆ شۆڕش زانیوە و دەزانین. کەوابوو هۆ و سەبەبی موعامەلە و سەودا پێ کردنمان لەلایەن عەبدولوەهاب ئوتریشی یەوە چییە؟ لە حاڵێکدا ئینسانین و مەڕ و بزن نین.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەو مەسەلە گرینگە بخەینە بەرچاو کە تەسلیم کردنەوەی برادەرانمان بەو شێوە نالەبار و ناحەزە جیا لەوەی شتێکی غەیرە ئینسانیە کورد لە کوردستانی ئێران دەخاتە مەترسی یەوە.

ئێمە کە لە خوارەوە ناومان هاتوە بەنێوی پەنابەرانی سیاسی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ دەربرینی توڕەیی و نارەزایی توند لەسەر ئەو کردەوە نالەبارانە بە چەشنی خوارەوە داخوازیمان پێشکێش دەکەین.

١- داوامانە فەرماندەیی شۆڕش وەک خاوەن مافی سیاسی لە دەستی زوڵم و تعدی عەبدولوەهاب ئوتریشی و نمونەکانی پارێزگاریمان بکات و بە شێوەی ئینسانی موعامەلەمان لەگەڵ بکرێ و تەئمینی ژیانی سیاسیمان لە پەنا شۆڕش دا هەبێ.

٢- داوامانە حیساب لە عەبدولوەهاب ئوتریشی بکێشرێ و بۆمان روون بکرێتەوە هۆ و سەبەبی تەسلیم کردنەوەی برادەرانمان لە لایەن ناوبراوەوە چییە؟

٣- داوامانە فەرماندەیی شۆڕش میرزا ئەحمەد و ئەو کەسانەی لەگەلی دان و لەم دواییانەدا لە لایەن عەبدولوەهابەوە رەوانەی بیارە کراون بە زووترین کات بەر لەوەی سەودای دووهەمیان پێ بکات بە سلامەتی بگێڕدرێنەوە نێو ماڵ و منداڵیان و لە حاڵێکدا حیساب لێ کێشان لە گۆڕێدا هەبێ لە ناوچەی گەلاڵە لێکۆڵینەوە و پرسیاریان لەگەڵ دا بکرێ.

٤- بۆ ئەوەی بۆ هەموو کەس دەرکەوێ شۆڕش هەر لەسەر بنج و بناوانی خۆیەتی و ماف و ژیانی ئینسانی و سیاسی بەڕێز و حورمەتەوە چاوی لێ دەکا، جێ بەجێ کردنی داواکانمان بە پەلە و بە زوویی داخوازین.

وێنە بۆ: مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز

وێنە بۆ: مەکتەبی تەنفیزی بەڕێز

کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات دیسان لە سەر جەنایەتەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و دەست تێوەردان لە کاروباری کوردستان، بە رێکەوتی ١٩٦٨/١٠/٢١ نامەیەکی ئاراستەی مەرحومی بارزانی کرد کە دەقەکەی لە بەرگێ ٣ لە لاپەڕەی ١٤٩ کتیبی لەبیرەوەرییەکانم ی کەریمی حیسامی دا بەمشێوەیە هاتوە:

سەرۆک بارزانی زۆر موحتەڕەم ١٩٦٨/١٠/٢١
به حورمەتەوە: وەکو ئاگادارن پەلاماری حکومەتی ئێران مەلبەندی کوردەواری له کوردستانی ئێران جارێکی تر به پان و بەرینی گرتووەتەوه و لێدان و حەبس و کوشت و بری کوردی بێ دیفاع و بێ دەسەڵات له وڵاتەکەماندا بەشێوەی توندتر و بێ رەحمانه تر له هەموو پەلامارێکی رابردوو دیسان دەستی پێ کردوەتەوه. ئێمه لەگەڵ ئەوەی که هەرله زووەوه بەپێی حاڵ و وەزعێکی که له کوردستانی ئێراندا پێک هاتبوو چاوەڕوانی ئەو رۆژەمان دەکرد و به تیکرار قیادەی شۆرشمان ئاگادار کردوه ئەو پەلاماره بەشێکی مدبر و به نەخشه دەزانین که دەزگای حاکمەی ئێران لەسەر ئەساسی "له ئاوی لیخن ماسی گرتن" پێوەی هەستاوه. هێرشی نوێی حکومەت پاش گەڕانەوەی سپهبد ئویسی له سەردانی مەهاباد بۆ تاران دەستی پێ کرد. سپهبد ئویسی فەرماندەی گشتی ژاندارمری ئێران بۆ هەڵسەنگاندن و شارەزایی زیاتر دەوری ٢٥ رۆژ لەمەوبەر خۆی گەیانده مەهاباد و زۆر پیاوی خاوەن نفوزی موکریانی له تالاری فەرهەنگی مەهاباد کۆکردەوه. ناوبراو له نوتق خیتابەیەکی هەڕەشاوی که بەو بۆنەوه کردی به ئاشکرا نیازی دەزگای حاکمەی دەربڕی. تەنانەت به سەراحەت و بێ پەرده رای گەیاند که "کورد عامه خائین به شاهەنشا و تەواویەتی ئەرزی ئێرانه بۆیه حەق و مافی ژیانی نیه. من هەرله ئێستاوه ئەمر له راوەستاندنی هەموو پڕوژەیەکی ئاوەدانی و ئیسلاحاتی له ناوچەکانی کوردنشین دەدەم."
پێنج رۆژ پاش گەڕانەوەی فەرماندەی ژاندارمری بۆ تاران شاڵاوی ژاندارم ناوچەکانی کوردەواری داگرتو لێدانو گرتن و کوشتن بەشێوەی گشتی و لەسەر ئەسڵی "بێ باوەری و بێ ئیعتیمادی به کورد "چاک و خراپ، پیر و جحێل درایه بەر قۆنداخی تفەنگ و زیندانەکانیان لێ ئاخندرا تەنانەت ژنیش بێ بەش نەماوه. تا ئێستا بێجگه له نیزیکەی ١٢٠ کوردێک که خۆیان گەیاندوەته کوردستانی ڕزگارکراو هەروەها بێجگه لەوانەی که له ترسی تعذیب و کوشتن به چیاوەن، زیاتر له هەزار کەس تەنیا له ناوچەی موکریان له چینه جۆربەجۆرەکانی کورد بەتایبەتی چین و تەبەقەی مەلا و عولەمای دینی به تێکرایی خراونەته ژێر داری شکنجه و حەبس که جیا له مەلا مستەفای پەسوێ که لەژێر داردا پشتی شکاوه و مردوه چارەنوسیان بۆ ئێمه ڕوون و معلوم نیه.
هێرشی بێ شەرمانەی حکومەتی ئێران گەیشتوته ڕادەیەک که بەبێ ترس و خۆف بەبێ هیچ لێ پرسین و مەحکەمەیەک کورد وەکو بەرخ سەر دەبڕن.
نمونەی ئاشکرای ئەو حاڵە حوسین خورخورەیی گەورکان که به رۆژی روون لەبەر چاوی سەتان کوردی مەهابادی که بەزۆری لێدان و گۆیا بۆ ئەوەی عیبرت گرتو بن بۆ مەیدانی رەمی راکێشراون له "بازاری حەیوانان" گوللەباران کرا. شاڵاوی دوایی حکومەتی ئێران ترس و ئێرهابیکی ئەوتۆی خستوەته کوردستانەوه هێچ کوردێک هیوا و هومیدی ژیانه تاسەر سنگەکەی پێشووی پێ نەماوه. ئێمه که بەو پەری پەرۆشەوه دەست لەسەر دەستی بی دەسەلاتی دەروانینه حالی پەشیو و منت باری ئەو رووی گەلی کوردمان له کوردستانی ایران ئەو پەلاماره درندانەیه تەنیا هەر به نیازی کوشتنی ئیحساسات و مەحف کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و تواندنەوەی گەلی کورد به

مەبەستی بەرگریی هەمیشەیی لە جولانەوەی رزگاریخوازی مسۆگەری دوارۆژی کورد لە کوردستانی ئێران نازانین. بەڵکو بەشتێکی مدبرو تاکتیکیکی مەنفوری دەناسین کە رووی ژەهراوی راستەخۆ لە شورشی پیرۆز و حەق خوازانەی گەلەکەمان و سەرکردایەتیە دلسۆزەکەیەتی کە هەرلە زووەوە جێ و ڕێی بۆ خۆش کراوە دەزگای دعایە و تەبلیغاتی حکومەتی ایران بە هەرچی تواناوەیەتی زوڕنای بۆ لێ دەدا.

ئەو حەول و تەقەلایەی دوژمنی فێل باز شتیکی شاراوی نیە و دەست پێوەندەکانی لە مێژە بەو ئەرکەوە هەستاون و دەهۆڵی بۆ دەکوتن کە گۆیا: شۆڕشی حەوت ساڵەی گەلە قارەمانەکەمان لە کوردستانی عیراق ئەنگوستیلەی قامکی دەزگای حاکمەی تاران و کوتکی پۆلایینە بۆ هەموو چەشنە سەربزێو و جولانەوەیەکی ڕزگاری خوازی لە کوردستانی ایران هەر کات و زەمان کە حکومەتی ایران بەپیویست و لازمی بزانی. رون و ئاشکرایە بەو سیاسەتە گڵاوە دیانەوی دل و دەروونی لیپاو لیپ لە هەست و باوەری بەتین و پر هێزی کورد لە کوردستانی ایران بەرامبەر بە شورشە پیروزەکەمان سارد کەنەوە لەلای ترەوە شۆرشمان هەڵقوڵاو و گەشەی دەرونی گەلە چەوساوەکەمانە و شۆرشێکی حەق خوازانە و نەتەوایەتی بەشتێکی سازکراو بو ریزە مەبەست و مەسالحیکی تایبەتی و شەخسی بناسێنن. نمونەی ئاشکرای ئەو دعایانەی کاربەدەستانی ایران فەرمایشی! سەرتیپ سەیادیان

رەئیسی سازمانی ئەمنیەتی رەزائیە کە لە سەرەتای هیرشەکەی دوایی دا بی پەردە بلاوی کردوەتەوە و ئەفەرمو!! (آن یاخی سابق اکنون در اختیار ما است انشااله روزی میرسد که به استانداری کرکوک منصوبش کنیم)

پەلاماری درندانەی دوایی کاربەدەستانی ئێران بۆ مەڵبەندی کوردەواری لە کاتێکدا دەستی پێ کرد کە هەرچی لە باخەل و گیرفانیاندا هەبوو لەو دعایە ژەهراویانە بلاویان کردبوەوە و جییان بۆ هیرشەکەیان بەلای خویانەوە رێکوپێک کردبوو. ئێمە لەگەڵ باوەری توند و قوڵمان بە شورش و پاریزگاری لە مەساڵحی لەسەر ئەو باوەرەین ئەو پەلامارە بەپێی حیساب و شارەزایی بۆ چەند مەبەستی تایبەت خاس هاتوە.

یەکەم- لێدانی کورد لە کوردستانی ئێران و کۆتایی پێ هێنان بە هەر جوڵانەوە و سەربزێوێک بۆ هەمیشە یان لانی کەم بۆ ماوەیەکی درێژ و تولانی.

دووهەم- لێدانی زمنی شۆرش بە شێوەی فێل بازانە کە پیشە و کردەوەی خاس و لە مێژینەی دەزگای حاکمەی ئێرانە. حاڵ خاڵی نیە لە کاتێکی وا ناسک دا کە ئەو شالاوە غەیرە ئینسانیە لە پەنا گوێی شۆرشی حەوت ساڵە و چەسپاوی کوردستانی عێراق هاتۆتە سەر ناوچەکانی کوردەواری لە کوردستانی ئێران قیادە شورش یا نیسبەت بەو پەلامار و شاڵاوە بێ لایەن و هەست دەمێنیتەوە یا حالەتێکی ئیعتراز و روی گرژ دەنوێنی.

له ڕچاوکردنی شێوەی یەکەم سەرکەوتنی سیاسەتی دعایەی کاربەدەستانی ایران لە دژی شورشەکەمان و سەرکردایەتیە دڵسوزەکەی بەرچاوە و گرتنی شیوەی دووهەم لێدانی مەسڵەحەتی شورش.

سێهەم- بێ شک لە حالەتێکی هوجومی وا کورد لە کوردستانی ایران چ جێ و پەناگایەک غەیری شورش و کوردستانی رزگارکراو شک نابا ڕوی تی بکا و خۆی لە دار و قەمچی ژاندارم بشاریتەوە. پاش ماوەیەک داوای تەسلیم کردنەوەی ئەوان لە شەخسی سەرۆک دەست پێ دەکا. لێرەشدا حالێ خالێ نیە یا تەسلیم دەکرێنەوە کە لەو حاڵەدا ئامانج و مەبەستی پیسی حکومەتی ئێران کە لێدان و سوک کردنی شەخسیەتی شەخسی سەرۆک بارزانیە لە دەرەوە و لە ناو خۆدا یان لە تەسلیم کردنەوەی خۆ دەبوێرێ کە لەو سورەتەدا بروبیانو بۆ خۆ لە مەسالیحی شورش دزینەوە دێتە گۆرێ.

جا لە پلەیەکی وا عاستەم و باریک دا و لە حاڵەتێک دا کە گەلی چەوساوەمان لە کوردستانی ئێران توشی ئەو پەلامارە بێ شەرمانەیە هاتوە و بە پانەوە کەوتووەتە ژێر دار و قەمچی ژاندارمی کاربەدەستانی ئێران، وەک مەسئول و بەرپرس لە چارەنوسی گەلی کورد بەگشتی لە جەنابتان چارە دەخوازین و داوامانە بە ئەوپەری تواناوە بۆ نەجات دانی هاو وڵاتیەکانمان لە کوشت و بر و زیندان و شکنجەی دەزگای غداری حاکمەی ئێران تێبکۆشن.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

مۆری حیزب

دیارە زۆر جاری دیکە کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات لە سەر جەنایەتەکانی رێژیمی پاشایەتی و دەست تێوەردان لە کاروباری کوردستان و دەست بەسەر بەڵگەنامە و رادەیەکی بەرچاو چەک و تەقەمەنی حیزب، مەرحومی مەلامستەفای ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام وڵام نەدراوەتەوە.

لە دوای شۆڕشی ئەیلوول دەزگاکانی ئەمنی ئێران، دەستی باڵایان لە ناو شۆڕشی کوردستانی باشوور دا هەبوو. کەسانی وەک عەبدولوەهاب ئەتروشی و عەولاغا پشدەرێ، هەر کاربەدەستی شۆڕش نەبوون، بەڵکو بە تەواوی ببوونە پیاوی ئێران. زۆر لە بەرپرسانی شۆڕش بە پێی بەرژەوەندی خۆی هەڵسوکەوتی لە گەڵ ئێران دەکرد و شۆڕش دەسەڵاتی بە سەریان دا نەبوو. ئەوانە لە هێچ کاریکی دزیو بە نیسبەتی ئەندامانی حیزب خۆیان نەدەپاراست. سامی عەبدولرەحمان کەسایەتی سێهەمی شۆڕش دەستێکی باڵای لەو کارەساتانەدا هەبوو کە بە سەر ئەندامانی حیزب هات. ئەوکات کە سولیمان موعینی لە سەر بڕیاری مەکتەبی تەنفیزی مەقەڕی بردە ئاوایی دیرێ، هەر لەو پێشمەرگانەی کە بۆ مەقەر تەداروکاتیان دەکرد، کەسێک سیخوڕی بۆ سامی دەکرد و هەرچی لە مەقەر رووی دابا، ئەو دیبیستەوە. ئەمیری قازی لە لاپەڕەی ١٩٩ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە سامی عەبدولڕەحمان خەساریکی بەرچاوی بە چولانەوەی ٤٦ -٤٧ گەیاندووە.

لە کاتی دەسپێکی جوڵانەوەی ٤٦-٤٧ هیچ هەڵسوکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و هیچ سنوورو بەربەستێک بۆ دەستێوەردانی ئێران نەما. هەرکام لە بەرپرسانی شۆڕش بە پێی بەرژەوەندی خۆی هەڵسوکەوتی لە گەڵ ئێران دەکرد و رێبەری شۆڕش دەسەڵاتی بە سەر یان دا نەبوو.

بێشک ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ بە هۆی بارودۆخی کوردستان، زیانی بە شۆڕشی کورد لە باشوور دەگەیاند. لە نێوان دوو بەشی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات دا لێک ناحاڵی بوون هەبوو دەنا زۆربەی پێشمەرگەکانی حیزب شۆڕشیان بە ئیخۆ دەزانی کار و زەحمەتیان تێدا کێشابوو. حەمەدەمینی سیراجی لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی کە لە لاپەڕەی ٧٢ بەرگی٣ ی کتێبی "لەبیرەوەرییەکانم" دا هاتووە لەوبارەوە دەنووسێ: ... ئێمە شۆڕشمان بە شۆڕشی خۆمان زانیوە و دەیزانین. نە بەو نیازەی کە لە مەڵبەندێکی کوردنشین هەلگیرساوە بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لە سەرەتاوە دروشمی هێنانە سەرکاری حوکمێکی دێموکراتی لە عیراق و سەلماندنی ماڤی ئوتونومی بۆ گەلی کورد هەڵگرتوە...

ئەوجار ڕۆژنامەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە توندی لایەنگری لە جوڵانەوەی کورد لە ژێر هێژمۆنی مەرحوم مەلا مستەفا دا دەکرد و دژی برایم ئەحمەد و مام جەلال، وتاری بڵاو دەکردەوە. ئەگەر پێشتر ریبەڕایەتی حیزب هاوکاری سەرەکی شۆڕش بوو و داموەزگاکانی ئیداریان بەڕێوە دەبرد، لەو سەردەمە وەزع گۆڕا بوو و ئەندامانی حیزب دەگیران و زیندان دەکران. بە گوێرەی لاپەرەی ١٩٦ بیرەوەرییەکانی ئەمیری قازی، دەوڵەتی ئیران لەو سەردەمە دا چاوەڕوانی ئەوەی هەبوو کە شۆڕشی کورد، لە هەموو بوارەکانی سەربازی و سیاسی لە قسەی دەرنەچی. یەکێک لە داواکانی ئێران ئەوە بوو کە بە تەواوی توانا پێش بە جموجۆڵی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بگرێ. نفووزی ئەو وڵاتە تەنیا لە پەیوەندی لە گەڵ کاربەدەستنی سەروی شۆڕش دا نەبوو، بەڵکو ئێران لە هەموو سەردەمان دا هەوڵی داوە لە نێو عەشایر و چین و توێژ و لایەکان بە گشتی تەواوی کۆمەڵگای کوردستان دا، دەستی هەبێ.

جارێک ئەمیری قازی بۆ باس لە سەر کێشەی ئەندامانی حیزب دەچتە لای مەرحومی بارزانی و بە پێی لاپەڕەی ١٦٩ بیرەوەرییەکانی دەڵێ، مەلامستەفا دوای ئەوە بە درێژی باسی وەزعی کورد دەکا و لە پەیوەندی بە ئەندامانی حیزب و ئەو هەلسوکەوتانەی کە لە گەلیان دەکرێ، گلەمەند دەبێ و لە دەوروبەری خۆی تورە بوو کە نایەڵن خەڵک ببینێ و تا رادەیەکی زۆر لە زۆر شت بێخەبەرە. لە سەر عەبدولوهاب ئەتروشی کاک ئەمیر پێیوایە کە مەلامستەفا دەزانێ کە بەکرێگیراوی ئێرانە و مەلا مستەفا بێ دەسەڵاتی خۆی بە سەری دا، رادەگەیەنێ و دەڵێ:"چی بکەم من لە سەر پردی گەشتوومەتە ورچێ دەبێ پێی بڵێم خاڵە، دەنا دەمدڕێ".

## جاشێتی

جاشێتی دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتییە کە لە پێناوی هێندێک بەرژەوەندی قیزەوەنی ناشیرینی کاتی تاقم، تایفە یان عەشیرەتێک دا، قازانجی دائیمی هاوڕەگەز و نیشتمان و نەتەوەیی فیدای بەرژەوەندی دوژمن دەبێ. ئاکاری جاشەتی دەبێتە هۆی ئەوە کە هوویەتی سەربەستی نەتەوەیی لە تاکی جاش دا دامالێ و ببێ بە کەسێکی غەریب و داماوی بێ بایخ. جاشێتی دژبەری سەرەکی بیر و دەستەڵاتی نەتەوەییە و ڕێگا بۆ ژێردەستەیی و کۆیلەتی و نەمانی نەتەوەی

سەبەست خۆش دەکا. لاوازی فەرهەنگ و کلتور و نەبوونی هەستی نیشتیمانپەروەری، خاڵی سەرەکی دیاردەی جاشێتی‌یە. مایەپووچی و بە هێند نەگرتنی کەسایەتی جاش، تایبەت بە خەڵکی نیشتمانپەروەر نییە، بەڵکوو سەرەرای هەموو خزمەت و خۆفرۆشییە، دوژمنیش بە چاوی سووک و بێرێز سەیریان دەکا.

ژیان و بژیووی جاشایەتی بە نەمانی و کوشتنی کەسی خەباتکار و تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر دابین دەبێ و ئەگەر هێندێک سەرۆک عەشیرەت، بە وەرگرتنی پارە و چەند میداڵی حکومەتی لە بەرانبەر بە خەڵکی خۆیی دا لەخۆبایی و سەرمەست دەبن، بەڵام قەت، ترس و دڵەڕاوکە و بێ هیوایی و شەرمزاری، ناخ و دەرونیان بەرنادا.

ئەوان نایشارنەوە کە تەنیا کاتێک رێژیمەکان بەسەریان دەکەنەوە کە نەیاریان هەبێ دەنا وەلا دەنرێن. سەیر لەوە دایە هێندێک لە جاشە دەمارگرژی و بەرزە دەماغەکان، خۆیان بێ خەتا نیشان دەدەن و تاوانی کارە ناشایستەکەیان دەدەن پاڵ حیزب و رێکخراوەکانی دیکە و پاساو بۆ کارەکەیان دێننەوە. ئەوان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە روحییە، زۆر جار پەنا بۆ بێ حەیایی و بێ شەرمی دەبەن و هەوڵی ملکەچی زیاتر بۆ دوژمن دەدەن. دیارە ئەوانە هێندێک جار ئەگەر لە دەستیشیان بێ چاکەیەکیش دەکەن بەڵام چوونکە رادەی کاریگەری کارەکەیان ئەوەندە زیانبەخشە، قەت بە هیچ کردەوەیەک پڕ نابێتەوە.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لە دەست نووسێک دا لە سەر جاشەکانی ئەم سەردەمە دەنووسێ: ئەوساڵە خەڵکی گووند نوشینانی میراوێ لە پیر خدری لاوۆکەی چادریان هەڵدابوو. ڕۆژێک دەگەڵ شەهید جەلال لە ناو قەبرستانی پیرخدری لاوۆکەی سەر و کتێبێکمان بە دەستەوە بوو و سەعیمان دەکرد. لەناکاو لە لای جاوڕایەڵێ ڕا بەچوار دەورمان دا، جاش هاتنەخوارێ. سمایل بایزیان دەگەڵ بوو کە پیشمەرگە بوو. پێم سەیر بوو، سمایل بۆ دەگەڵ جاشانە. ئەوکاتی ئەگەر پێشمەرگەیەك خۆی تەحویل داباوە، دەنگی دەداوە و هەموو کەس دەیزانی. خۆم پێ نەگیرا و بانگم کرد و نیزیك بوو لێمان و ناسیمی و ڕاست هات دانیشت. گووتم سمایل ئەوەچیە خۆت تەحویل داوەتەوە؟ گووتی نا کاکە. گووتم ئەدی چییە بۆ دەگەڵ ئەوجاشانەی؟ گووتی حیکایەتم دوورە: لەقەلاتێ بووم، جاش و عەجەم دەوری دێیان گرت منیش بە تەنیا بووم، هیچ چارم نەما کۆمەڵێك خەڵك قۆریان هەڵ دەدا، ڕاست چوومە نێو خەڵکەکە و شەنەم دەست دایە و دەستم کرد بەباقە هەڵدان. عەجەمەکان گەیشتن شووناسنامەیان لە خەڵك وەرگرت. شانسی خۆم مام ڕەسوی عەولاغای ناسیمی، هات و بۆ ئەوەی عەجەمەکان هەست پێنەکەن، گووتی کوڕە ئەوە ئەتۆ بۆ لێرەی بۆ ماڵێت بەجێ هێشتوە؟ گووتم ئاغا، ئاغاژن ئیجازەی داوم سەردانی خزمان بکەم. مام ڕەسوو گووتی قەیدێ ناکا مادام وایە وەرە ئەو تفەنگەی هەڵگرە، دوایی بانگی کردم و پێی گوتم کە گەڕاینەوە تفەنگەکەت هەڵگرە و بڕۆوە شوێنی خۆت. ئەوە حیکایەتی منە. کورد دەڵێن ئەگەر دزو و ماخۆ یەکبن گای بە کولانێڕا هەڵدەکێشن. سمایل بایز دوایی دووسێ ساڵان لە کووزینێ تیرۆر کرا و بە داخەوە لە لیستی شەهیدانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دانیە.

ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر کوردستان دائیم هەوڵ دەدەن کە پەرە بە جاشێتی بدەن و بۆ ئەو مەبەستە عەشیرەتەکان لەبەرانبەر بە یەک دادەنێن و کارێکی دەکەن کە عەشیرەتی چەکداری سەر بە خۆیان، ببێ بە مەترسی بۆ نەمانی عەشیرەتی بێ چەک و بەمشێوەیە بەو کارە چەپەڵە لە نیویان دا، ڕکبەری و کێبەرکێ پیک دێنن. ئەو ڕێژیمانە بە تەفرەقە و ئاژاوە و دووبەرەکی توانیویانە زۆر ڕێکخراوی کوردیش لە هەترە برن و بیانکەن بە جاش و داردەستی خۆیان. ئەگەر نەداری و برسێتی و دەستەنگی، کاریگەری هەبووە بۆ بە جاش بوونی دەستەیەک لە تایفە یان عەشیرەتیک دا، ئەو ڕێژیمانە بە جێگیر کردنی بیری چەوت و ئیدەئۆلوژی کۆنەپەرەستانە، توانیویانە زۆر ڕێکخراوی کورد لەبەرانبەر بە یەک دابنێن و شەری یەکتریان پێبکەن یا بە خۆیانیان ببەستنەوە.

لە ساڵانی ٤٦-٤٧ دا ڕێژیمی ئێران بە تەواوی تۆانا تێکۆشا تا لە کەسانی خائین و جاش کەڵک وەرگری و چەکداریان بکا و لە دژی هێزی پێشمەرگە کەڵکییان لێوەرگرێ. دەیان تاقمی جاش بە پێش لەشکری دوژمن بۆ نەمانی هێزی پێشمەرگە تەیار کران. ڕێژیمی ئێران، هێندێک عەشایری نیشتیمانپەروەری بە زۆر چەکدار کرد. هێندێک لەوانە ئەگەرچی ڕاستەوخۆ زیانیان بۆ جوڵانەوەی کورد نەبوو، بەڵام پەرەدان بەو دیاردە دزێوە، بێشک بێ مەبەست نییە و ڕێ خۆشکەرییە بە نەمانی نیشتمان و وڵات و توانەوەی نەتەوەی کورد.

ڕەنج و بەرهەمی کاری جاشێتی کاتی و تا کاتێک کەڵکیان لێوەردەگیرێ کە دوژمنان، نەیاریان هەیە و لە نەمانی هیچ بەرهەڵەستێک دا، فاتیحای ئەوانیش خویندراوە و چەکەکانیان لیدەستێندرێتەوە. عەبدوڵای قازی لە کتێبی "وڵاتی من" لەوبارەوە دەنووسێ: هەتا پێشمەرگە لە ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ لە شاخی بوون، عەشیرەتەکانیان بانگ دەکرد و تفەنگیان دەدانێ و مانگێ پووڵێکی زۆریشیان بۆ بڕیبوونەوە. بەڵام ئەگەر پێشمەرگە نەما، ئەوانەیان بانگ کردە ناوەندی مەهابادێ و یەك یەك چەکەکانیان لێ ئەستاندنەوە و فیشەکدانەکانیان بە بەتاڵی بە دم دادانەوە. دیارە ئەوانەش بۆخۆیان ئەوەی دەزانن و نایشارنەوە و بۆ ئەوەی دەوڵەت پێویستی پێیان بێ دەڵێن پێمان خۆشە کە پێشمەرگە هەمووکات لە شاخی هەر هەبێ.

هەر لەوبارەوە غەنی بلوریان لە لاپەرەی ١١٧ کتێبی "ئاڵەکۆک" لەسەر هەڵویستی ئاغاوەتی سەر بە ڕێژیم لە ساڵی ١٣٣٢ دا دەنووسێ: من و عەزیزی یوسفی لە ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣ دا بۆ بەشداریکردن لە پرسەی کۆچی دوایی خێزانی کاک ″سلەمان″ چووین بۆ گوندی ″ سۆێستان″. سەدیقی خاتەمی لەوێ دەمایەوە و کاک سلەمان پاریزگاری لێدەکرد. لە دیوەخانی کاک سلەمان دا، ژمارەیەکی زۆر ئاغای چەکدار دانیشتبوون. لەوێ چاومان بە ″عەوڵاغای مەنگور″ سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوران کەوت کە سەرهەنگی فەخری ئەرتەشی ئێران بوو. عەوڵاغا پرسی: ″ئەوانە کێن؟″ نابراو بە دوای ناسینی ئێمەدا، میرزاکەی نارد تا نامەیەکی سەرتیپ ″مزەفەری″ فەرماندەی تیپی مەهابادی بۆ بێنێ. سەرتیپ ″مزەفەری″ لەودا داوای لە عەولاغا کردبوو ئێمە بگرێ و تەسلیمی ئەرتەشیمان بکا. عەوڵاغا لە کن ئاغاکانی تر گوتی:

- "ئێوە چەکتان پێ نیە و من دەتوانم بتانگرم، بەڵام نە تەنیا ئەو کارە ناکەم، بەڵکو بە رونی دەزانم کە لە سایە سەری ئێوەیە شای ئێران ئەو دەرەجە و تفەنگانەی بە ئێمە داوە و دەبێ سوپاستان لێ بکەم. ئەگەر ئێوە نەبن. نەک دەرەجە و تفەنگ بە ئێمە نادەن، بەڵکو دەبێ چاوەروان بین وەک زەمانی "رەزا شا" کە سەردەمی کڵاوی پەهلەوی بوو، کاتی هاتنمان بۆ مەهاباد "ئاژانان" نێفەکمان ببرن و بە تاوانی دەبەر کردنی لیباسی کوردی سەزامان بدەن. لەبەر ئەوە، ئێمە دەبێ خۆمان بە دەینداری ئێوە بزانین و پێ تان بخەینە سەرچاومان. ئەو ئاغایانەش دەبێ بزانن کە ئێوە میوانی ئێمەن و یارمەتی تان پێبکەن".

لە حیزبی دێموکرات دا قەت بە شێوەی دروست لەگەڵ دیاردە جاشێتی هەلسوکەوت نەکراوە و زیانە لە رادەبەدەرەکانی هەڵنەسەنگێندراوە. بگرە جارجار هەڵسەنگاندنی سەیر و سەمەرەش کراوە. عەبدوڵای حەسەنزادە کە ماوەیەکی زۆر سکرتێر و ئەندامی بە دەستەڵاتی حیزبی دێموکرات بوو، لە لاپەرەی ٢١ کتێبی "حەقیقەتی مێژوو" لە وڵامی بیژەنی ساعدی، لەسەر کەس خائین و جاش دەڵێ: وەک پێشتر باسم کرد، بۆ من زۆر ئاسان نییە بە خەڵکی بڵێم خائین، جارێکیش لە بەرنامەی ″پەنجە مۆر″ تەلەڤیزۆنی ″رووداو″ دا گوتم ″پێم خۆش نییە کە کابرا هەر هەڵوێستێکی هەبووبێ ئێستا کە بۆخۆی نەماوە کوڕەکەی ماوە، بە کوڕەکەی بڵێم باوکت خائین بوو″، بەڵام لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان نەبوون. بۆ نموونە عەشایری بانێ لەگەڵ کۆمار نەبوون، (حەمە رەشیدخان) جودا بوو، ئەوانی دیکەش شەڕی کۆماریان دەکرد.

## زیندانی رێژیم و زیندانیانی حیزبی دێموکرات

یەکێک لە زیندانەکانی رێژیم، زیندانی "قزلقەلعە"ی تاران بوو کە پێشتر کۆشکی شاکانی قاجارەکان بوو و لە ساڵی ١٣٠٤ رەزا شا کردی بە زیندان و لە سەروی شاری تاران هەڵکەوتووە . ئەو زیندانە هەمووکات مەکۆ خەلکی کورد و بە تایبەتی لە دەهەی ٤٠ دا، زۆربەی ئەندامە گیراوەکانی حیزبی دیموکرات لێرە رادەگیران. ئەحمەدی قازی کە یەکێک لەو زیندانیانە بوو کە لە ساڵی ١٣٤٣ گیرا، لە دەستنووسێک دا ئاوا باسی ئەو زیندانە دەکا: زیندانی قەسر لە زەمانی ناسرەددین شای قاجار دا لە باکووری تاران جێگەی حەسانەوە و هاوینە هەواری قاجاری یەکان بووە و قەسر و کاخی پادشایەتی تێدا بۆوە و بە ناوی قەسری قەجەر ناوی رۆیشتووە. ئێستا لەو شوێنەدا زیندانیانی سیاسی و ئاسایی دەچەند ساختومانی تایبەت دا کە بۆ زیندان ساز کراوە رادەگرن و شارەبانی تاران بە سەری رادەگا.

لەو زیندانەدا بە قۆناغ و بە ماوەی جۆراجۆر دا، زۆر لە ئەندامانی حیزب زیندانی بوون و بە توندترین شێوە ئەشکەنجە و ئازار دران. بەڵام دوای رەزگار بوون لە سللولی یەک کەسی و دیاری کردنی ماوەی حوکمەکان، رەوانەی بەندی گشتی دەکران. ئەحمەد قازی کە لەسەرەتا دا حوکمی زیندانی ٨ ساڵی بۆ بڕابووە، ماوەی حوکمەکە بە چرکە حیساب دەکرد و هەموو حەوتوان زیندانییەکان کۆ دەکردەوە و بە گەمە و گەپ و پێکەنین، ماوەیەی تێپەڕبووی لێی کەم دەکردەوە.

جاری وابوو یەک دوو مانگ رادەوەستا دەبوو بە کڵۆیەکی گەورە و جا ئەوجار یەکجێ کەمی دەکردەوە.

ئەحمەدی قازی باسی کێشە و گەم و گەپ و زیندان دەکا و لەسەرعەلی مەولەوی کە یەکێک لە کەسایەتییەکانی نەتەوەیی کورد بوو دەنووسێ: دوکتور عەلی مەولەوی لە گیراوانی ساڵی ١٣٣٨ لە بەندی سێ بوو. زۆر کەم دوێ و تووره دەهاتە بەرچاو. دەگەڵ عەزیزی یوسفی و غەنی بلووریان نێوانی نەبوو. دژی توودەیی بوو. زۆر میللی و نەتەوەخواز بوو. رایدەسپاردین وەرزیش زۆر بکەین و سەوزەواتیش زۆر بخۆین. بە تایبەتی زۆر باسی ئەسپەناغی دەکرد. لەسەر فەرمایشی دوکتور عەلی ئێمەش سەوزەوات و ئەسپەناغمان زۆر دەکری. کرینەکەش بە عۆدەی پاسەوانێکی خوێن شیرین و قسە خۆش بوو بە ناوی ″غیاسی″. رۆژێکیان لێی پرسیم: ″ئەرێ ئاغای قازی دەگەڵ ئێوە ئەسپێک، کەرێک، گایەک یا شتێکی لەم بابەتەش گیراوە؟ بە پێکەنینەوە گوتم خۆت کەرمەکە، مەنزوورت چیە؟ کوتی کوڕە دەبن ئەو هەموو گیاوگۆڵەی دا کە رۆژانە بۆ ئێوەی دەکرم مردووم، ئاخر ئەو هەموو گیاوگۆڵە بە گارانێک ناخورێ!!

ئەحمەدی قازی لەسەر مونتەقیمی برای کە لە ساڵی ١٣٤٦ گیرا، دەنووسێ:

دەگەڵ نێوبەدەرە سیاسی یەکانی ئەوەدەم وەک: ئایەتوڵا سەید مەحموود تاڵەقانی، ئایەتوڵڵا مونتەزیری و کورەکەی محەممەد مونتەزیری، موهەندیس بازرگان، ئەحمەدی عەلی بابایی و... دۆستایەتییەکی نیزیکی پێک هێنابوو، هەموو زۆریان خۆش دەویست و پاش زیندانیش و لە ساڵەکانی شۆرشی سەرانسەری ئێران دا ئەم پەیوەندی یانە هەر مابوون. دوو سێ جاریش پێکەوە لە سەرەتای شۆرش دا چووینە قوم و تاران و چاومان پێیانکەوت و لەسەر بارودۆخی وڵات و رووداوەکانی کوردستان وتووێژمان دەگەڵ کردن.

لە ماوەی ٤ ساڵ مانەوە لە زیندان دا، مونتەقیم دەگەڵ ئەم ئاخوندانەدا باسی ئایینی و سیاسی، مەزهەبی شێعە و سوننی زۆر دێنا گۆرێ، دەگەڵیان زۆر دۆست بوو. شۆخی و گاڵتە و گەپیان پێکەوە دەکرد و کەس بە بیری دانەدەهات رۆژێک لە رۆژان هەر ئەم تاقمە دەبن بە خاوەن دەسەڵات و هەوساری حکوومەتی ئێران بە دەستەوە دەگرن. کاک مونتەقیم کە زۆر ئەهلی شۆخی و خۆش رابواردن بوو جووچکە مریشکێک دەکرێ و گەورەی دەکا تا دەبێتە کەڵەبابێکی جوان. کەڵەباب ئەوەندە ئۆگری خاوەنەکەی بوو کە بۆ هەموو شوێنێک وەک منداڵ وەدوای دەکەوت، تەنانەت دەگەڵی دەچووە بن پەتوو و هەڵدەکورما! کاک مونتەقیمیش وەک کوری خۆی خۆشی دەویست و ئاگاداری لێدەکرد. تا ئەوەی کەڵەباب گەورە دەبێ و بە پێی سروشتی خۆی هەموو بەیانان پێش رووناک بوونی وڵات دەستی دەکرد بە خوێندن و قیرە قیر و زیندانی یەکانی لە خەو رادەپەراند و بێ خەوی دەکردن. زیندانێیەکان کە بەوە زۆر نارەحەت بوون لە بەر موتەقیم دەپارانەوە کە ئەم کەڵەبابە بنێرێتە دەرەوەی زیندان و جارێکیان ئایەتوڵڵا مونتەزیری پێی دەڵێ: "قازی ئەگەر ئەو کەڵەبابە ئازاد بکەی ئامادەم ببمە سوننی". قازیش دەڵێ "لێمگەرێ با لە لای خۆم رایبگرم و دەبمە شیعە" سەرەنجام دە رۆژ پێش ئەوەی ئازاد بکرێ مونتەقیم کەڵەباب

دەنێرێتەوەماڵی کاک داریووشی سوڵتانی "ژن برای خۆی" لە تاران و پاش ئازاد بوون دەبینێ کەڵەباب نەماوە و سەری براوە. بەوە زۆر تووڕە دەبێ و ماوەیەک لە داریووش زیز دەبێ و قسەی دەگەڵ ناکا.

ئەحمەدی قازی باسی بوونی کۆڕی شێعر و ئەدەب لە نێو زیندانییەکان دا دەکا و دەنووسێ: زۆر جار دەگەڵ شاعیر و نووسەرەکان باسی شێعر و نووسین و بابەتی ئەدەبی دەهاتە گۆڕێ و دمەتەقەی خۆش ساز دەبوو. جارێکیان قاسم ئاغای موهتەدی شیرێژ و گیایەکی زۆر خۆشی بۆ هاتبوو، بەشی هەموومانی لێدا و بەراستی لە هەموو تەعامێک خۆشتر بوو. ڕۆژێک کە دەگەڵ فاتیح (چاوە) خەریکی شیرێژ خواردن بووین، لێم پرسی ئێوە بە شیرێژ دەڵێن چی؟ فەرمووی "سیراج". لەسەر ئەوە کە شیرێژ جوانتر و لەبارترە یا "سیراچ" لێمان بوو بە دمەتەقە و زیندانی‌یەکانی تریش لە دەورەمان کۆ بوونەوە. فاتیح دەیفەرموو ئێوە لەو مەهابادی گەری‌یە دەست هەڵناگرن و پاشان باسەکە درێژەی کێشا وبوو بە باسێکی کارناسانە لەسەر "دەنگ" و "واج" و...

دەواژەدا من گوتم واجی (ژ) خۆشترە لە (خ) مەسەلەن (ژالە) ئەوەندە ڕەوان و خۆش ئاهەنگە دەڵێی (قاشە کاڵەکە). بەڵام واژەی (خدر) دەڵێی ڕنەکە و ئەگەر دەجار لەسەر یەک بڵێی (خدر، خدر، خدر...) لەوانەیە گەرووت بریندار بێ و تارە سەوتی‌یەکانت خوێن ڕێژی بکەن. لەمەودوا ئیتر باس باسی کەلیمە و واژەی خۆش ئاهەنگ بوو. زاراوەی (قاشە کاڵەک) برەوی پەیدا کرد و ئەگەر واژەیەک لەسەر زاران خۆش نەبا دەیانگوت ئەوە (خدرە) و بە پێچەوانەش بە واژە و ڕێکەوەندی جوان دەگوترا قاشەکاڵەک.

لە ساڵی ١٣٤٦ جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕواڵەتێکی گشتگیر و بەرینی بە خۆوە گرت و هاوکاری خەڵک و پێشمەرگە لە ڕادەبەدەر بوو. بۆیە لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٤٦ بە فەرمانی "ئوویسی" فەرماندەی ئەرتەشی ئێران سەدان کەس لە خەڵکی شۆڕشگێر و نیشتیمانپەروەری کورد، هەر لە مەلا و مامۆستا و ئاغا و جوتیار و قوتابی زانکۆ، لە سەرانسەری کوردستان گیران و ڕەوانەی پادگانی جەڵدیان کران و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەشکەنجە کران. بەشێکیان لەوانە هەر لەوی ئیعدام و هێندێکیان بە حەبس مەحکوم و بۆ زیندانی ورمی بەڕێ کران. زیندانی جەڵدیان یەکێک لە بەسامترین زیندانەکانی ئیران بوو کە تایبەت بە زیندانیانی کورد بوو. جەڵدیان ناوی گوندێکی نزیک شاری پیرانشارە کە لە سەردەمی محەممەد ڕەزاشا دا بەشێکی زۆری لە موڵکەکەی لە لایەن ڕێژیمەوە داگیر کرا و سەربازخانەی لێ دروست کرا. ئەو پێگەیە لەو قۆناغەدا بوو بە ناوەندێکی گەورەی زیندانی کردنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بە فەرمانی سوپەهبود زاهیدی دادگایەکی سەربازی لەو پادگانەدا پێک هات و گەورترین ئازار و ئەشکەنجەکان بەسەر ئەندامانی حیزب داسەپا و ناوی جەڵدیان ترس و خۆف و لەرزەی دەخستە سەر لەشی هەر مرۆڤێک.

بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک، بەشێک لە زیندانیانی جەڵدیانیان لە دەستەی ٦ کەسی دا، بە ماشێنی زیل، بە نێو شاران دا، بە ماوەی سێ ڕۆژ گێڕدران و دوایە بۆ قەڵای فەلەکوئەفلاک لە خۆڕەم ئابادی لورستانیان بەڕێ کران. بە پێی لاپەڕەی ١٤٢کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات لە نووسینی جەلیل گادانی، ڕێژیم ئەوانی لە نێو شارەکان دا بە بەرچاوی خەڵک دا گێڕا و بە بڵیندگۆ پێی ڕاگەیاندن کە ئەوانە چەتەن، ژاندارم و سەربازیان کوشتووە و دوژمنی شا و وڵاتیان کردوە و ویستویانە ئێران بدەنە دەس بێگانە.

چەند کەس لەوانە، دوای چەند مانگ مانەوە لەو قەڵایە، دەستیان بە مانگرتن کرد و بەمشێوەیە جێگایان ئاشکرابوو. پاش ساڵێک هێندیک لەوانەیان هێناوە بۆ زیندانی ورمی و بە کەفالەت ئازادیان کردن و بەشێکی دیکەشیان بە سەر زیندانەکانی یەزد و کرمان و بابەک شار و بافت ... دا دابەش کرد.

هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ١١٣ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لەسەر گیراوەکانی بانە لەو قۆناغەدا دەنووسێ: لە ڕەزبەری ١٣٤٧ دوای ئەوەی کە زۆربەی کادر و پێشمەرگەکانی بزووتنەوە کە شەهید بوون یان لە ناچاری پەنایان بردەوە بۆ کوردستانی باشوور و ڕیژیم هەستی بەوە کرد ئیتر خەباتێکی چەکداری لە گۆڕێدا نەماوە، دەستی دایە گرتنی خەڵک لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەکە و سپهبد ئوویسی کە لە لایەن ڕیژیمەوە بەپرسیاری سەرکوتی جووڵانەوەکە بوو خەلکێکی زۆری لەو پێوەندیەدا دەسگیر کرد کە لە راستی دا زۆریان هیچ پەیوەندیکیان بەو بزووتنەوەوە نەبوو. لە بانە ئەوەندەی لە بیرم مابێ و بیانناسم ئەم کەسانە گیران و زۆربەیان راپێچی قەڵای فلک الافلاک لە ″خورم ئاباد″ کران: خەلیفە حەمەسالح ڕەحیمی، محەمەد خاکی، مەلا عەبدوڵا بەهرامی، حەمەدەمین مەجیدیان، حەمەدەمین ئەسراری، سەعید ئەسراری، سالح خوسروزادە، عەبدولا ئیقدامی، مەلا ڕەحمانی وەیسک، خولە زەنگی، مەلا حەسەن وەیسک، زیندوویاد عەزیز مستەفازادە و جەلیل مستەفازادە، فەقێ ئەحمەدی گوێژەکرواوی، عەلی مەولوودی، مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی و مامە قالەی سووتوو و مەلا حەسەن شەیدایی و چەند کەسیتر هەر لەو پێوەندیەدا گیرا بوون. بەڵام ئەوان لە جلدیان بوون. دیارە ئەوانە تەنیا گیراوەکانی ناوچەی بانە بوون ئەگینا گیراوەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان زۆر پتر لە سەد کەس بوون کە بەداخەوە ناوەکانیان نازانم.

کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات لە نامەیەک  بۆ سەرۆک بارزانی بە ڕێکەوتی ١٩٦٨/١٠/٢١ باسی زیندان جەڵدیان و جەنایاتی سپهبد ئویسی دەکا و دەنووسێ: تا ئێستا بێجگە لە نیزیکەی ١٢٠ کوردێک کە خۆیان گەیاندوەتە کوردستانی ڕزگارکراو هەروەها بێجگە لەوانەی کە لە ترسی تەعزیب و کوشتن بە چیاوەن، زیاتر لە هەزار کەس تەنیا لە ناوچەی موکریان لە چینە جۆربەجۆرەکانی کورد بەتایبەتی چین و تەبەقەی مەلا و عولەمای دینی بە تێکرایی خراونەتە ژێر داری شکنجە و حەبس کە جیا لە مەلا مستەفای پەسوێ کە لەژێر داردا پشتی شکاوە و مردوە چارەنوسیان بۆ ئێمە ڕوون و معلوم نیە.

یەکێکی دیکە لە زیندانەکانی دیکەی ئێران کە ئەندامانی حیزبی تێدا ڕادەگیرا، زیندانی" بوڕازجان" بوو. غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٢٥٦ ئاڵەکۆک دا باسی ئەو زیندانە دەکا و دەڵێ کە بوڕازجان گوندێکی بچووک بوو کە دوکتور و دەرمانی نەبوو و ئەگەر کەسێک نەخۆش با دەبوو ببەنە "بووشێهر" کە لە سەر لێواری کەنداو هەڵکەوتبوو. پلەی گەرمای هاوین لەسەروی ٤٥ و ٥٠ دەرەجە بوو. هەواکەی شێدار و لەش چەورایی لەسەر دەنیشت و جارجار تۆز و خۆڵی عەڕەبستان بەری ئاسمانی دەگرت و وڵاتی تەواو تاریکی دەکرد. زیاتر لە ٩٠ لە سەدی خەڵک بەو هەوا و تۆزە تووشی چاوئیشە و دەردە بارکەیان ببوون. ئاوەکەی سوێر و تاڵ بوو. رادیۆ و رۆژنامە و کتێب لە گۆڕێ دا نەبوو و غەنی بلوریان دەنووسێ کە بۆ ٥ ساڵ چاویان بە شیر و ماست و پەنیر و میوە و سەوزی و گۆشت نەکەوتووە و دەڵێ ئەگەر جارێک بزنێک کوژراباوە ئەوەندە کز و لاواز بوو کە لە کاتی کوڵاندان دا تەنیا مستێک چەرمەچەقاڵتە و کەفی لییدەماوە. ئەو زیندانە بە مەبەستی سەزا دان و تەنبێ کردنی زیندانی دروست کراوە و لە ساڵی ١٣٤٢ عەزیزی یۆسفی و غەنی بلوریان و جەلیلی گادانی رەوانەی ئەو زیندانە کران.

یەکێکی دیکە لە زیندانە بە سامەکانی رێژیم، زیندانی عادل ئابادی شیراز بوو کە بە شێوەی زیندانەکانی ئەمریکایی لە ئاسن و چیمەنتۆ ساز کرا بوو.

## بەشی ٩١

## ڕاپەڕینی ٤٦- ٤٧ (ساڵی ١٣٤٧)

## ڕێکەوتنی نابەدڵی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٤٦

هەر لەسەرتای دامەزرانی حیزبی دموکراتەوە، قەت حیزبی تودە، حیزبی دێموکراتی بە ڕەسمی نەناسیوە و هەر وەک حیزبێکی بەستراوە بە خۆی سەیری کردوە. حیزبی تودە تەنیا بە شەرتێک حازر بوو حیزبی دێموکرات بە فەرمی بناسێ کە لە ژێر هێژمونی ئەو دابی. ئەو کێشەیە لە هەموو پەیوەندییەکانی دوو حیزب دا هاتووتە ئاراوە و ئەگەر یەک لە ڕێبەرانی حیزبی تودە ئیعترافی بە ناوی حیزب دێموکرات کرد بێ، ئەوی دیکە پەسەندی نەکردووە یان کۆبوونەوەکە بێ ئاکام بوو.

حیزبی تودە لەو کاتانەدا، لە چەکوسلۆاکی و ئاڵمانی ڕۆژئاوا بە هۆی ئەحزابی برا پێگەی بە هێزی هەبوو. لەگەڵ ئەو کوردانەی کە بە جۆرێک پەیوەندیان بە حیزبی دێموکراتەوە هەبوو، وەک دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی، هەر ئەو هەڵسوکەوتەی هەبوو کە بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات دەینواند.

حیزبی تودە لە دانیشتن لەگەڵ سولەیمانی موعینش هەر ئەو سیاسەتەی ڕەچاو گرتووە و بە لای حیزبی تودە، مەبەست دانیشتن لەگەڵ کومیتەی ئینقلابی بوو نە حیزبی دێموکرات. ئەوان لەو چاوپێکەوتنەش دا دوو شتیان مەبەست بوو، یەکەم لەگەڵ کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزب دادەنیشن کە بەشێک لە موخالیفانی حیزبی دێموکرات بوون. دووهەم بۆ ئەوەی بەرپەرچی کوڕوشی لاشاییان دابێتەوە کە لەوان جوێ ببۆوە و سازمانی ئینقلابی دامەزراند بوو پشتیوانی لە کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزب دەکرد.

بێشک لەو قۆناغەدا حیزبی شوعی عێراق کە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی ببوونە هاوپەیمانی حیزبی بەعس، لە هاندانی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات و حیزبی تودە بۆ پێکەوە دانیشتن، کاریگەریان زۆر بووە.

لەژێر کاریگەری ئەو سیاسەتانەدا، سولەیمانی موعینی دوای بەدەستەوە گرتنی ڕێبەری حیزبی دێموکرات، نامەی بۆ حیزبی تودە و حیزبی کمونیستی شووڕەوی نووسی.

حیزبی تودە، بۆ پەیوەندی گرتن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان، کەریمی حیسامی کردە دمڕاستی خۆی کە لە زۆربەی نووسراوە و ئاخاوتنەکانی دا، خۆی بە کورد و نەتەویی و نیشتمانپەروەر دەزانێ و دوکتور قاسملووش بە تودەیی تاوانبار دەکا. بەڵام ڕاست بە پێچەوانە، نە حیزبی تودە مەتمانەی بە دوکتور قاسملوو هەبوو نە دوکتوریش قەت گوێلەمستی ئەوان بوو. ئەوە کەریمی حیسامی بوو کە هەموو شتێکی لە پێناو قازانجی شووڕەوی و حیزبەکانی برای ئەو بەرەیە دا بوو و قەت لە قسەیان دەرنەدەچوو.

بیروبۆچونی حیزبی تودە، لەسەر تەوەری سیاسەتی حیزبەکانی برای بەرەی شووڕەوی داڕشترا بوو. بۆیە مانەوە بۆرسییەی دوکتور قاسملوو کە حیزبی تودە دابوویەی، هەمووکات لە قۆلە دابوو.

له راستی دا هەمووکات کیشەی حیزبی توده و دوکتور قاسملوو، کێشەی حیزبی توده و حیزبی دێموکراتی سەربەخۆ بوو.

بە هۆی پەیوەندی بەهێزی حیزبی توده و کەریمی حیسامی، کە ناوبراو دۆستایەتی بەهێزیشی لەگەڵ سولەیمان موعینی هەبوو، پەیوەندی حیزبی توده لەگەڵ سولەیمانی موعینی دامەزرا.

دواتر سولێمانی موعینی و حەمەدەمینی سیراجی چوون بۆ سولیمانییە و لەوێرا نامەیان بۆ کەریمی حیسامی نووسیٚ و داوایان کرد کە ئەو و رادمەنش کە داوای چاوپێکەوتنیان لە گەڵ ئەوان کرد بوو بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

بە گەیشتنی نامەی سولەیمان موعینی، کەریمی حیسامی لە دەرەوەی وڵات، رێبەری حیزب تودەی ئاگادار کرد و داوای کرد کە هەم ئەو بگەڕێتەوە بۆ عیراق و هەم رێبەری حیزبی تودەش نوێنەری خۆیان بۆ چاوپێکەوتنی ئەوان بنێرن بۆ عێراق. حیزبی توده کەریمی حیسامی نارده بەغدایە و بڕیاریان دا کە رادمەنیش وەک نوێنەرانی حیزبی توده لە بەغدا چاوی بەوان بکەویٚ.

کەریمی حیسامی چوو بۆ بەغدا و لە رێکەوتی ٢٨دیسامبری ١٩٦٧ چاوی بە سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی کەوت. بەڵام رادمەنیش لە بەغدا نەمابوو. بە پێی لاپەڕەی٩٠ بەرگی سێی کتێبی "لە بیرەوەرییەکانم" کەریمی حیسامی دەنووسیٚ: دەستمان کرد بە قسە و باسی کۆن و نویٚ. گوتیان تۆ ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستانی. بڕیار دراوە هەموو کارێک بە ئاگاداری تۆ بکەین. ئێمە هاتووین لە پلەی یەکەم دا چاومان بە رێبەرایەتی حیزبی توده بکەویٚ. ئەگەر ئەوان ئامادە بن دەمانەویٚ وەک دوو حیزب هاوکاری بکەین. داوایان لیٚدەکەین لە باری مادی و مەعنەوییەوە یارمەتیمان بدەن. ئەگەر دەستمان بەوان رانەگەیشت، یان ئەوان ئامادەی هاوکاری نەبوون و یارمەتیان نەداین، کومیتە بڕیاری داوە لە گەڵ حیزبی بەعس پێوەندی بگرین و لە گەڵ ئەوان قسە بکەین.

ئەوان بە یەکەوە هەموو ئەو بابەتانە وەک هەڵسوکەوتی شۆڕشی بارزانی، داوای یارمەتی لە حیزبی توده، پەیوەندی گرتن بە بەعسی عێراق و بە سفارەتی وڵاتی "چین"یان تاوتوی کرد و هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە راسپاردەیەک بنێرنە لای رێبەرایەتی شۆڕش بۆ ئەوەی دەست لە دژایەتی ئەوان هەڵگرن. بۆ ئەو مەبەستە لە رێکەوتی٣ ی ژانویەی ١٩٦٨چوونە ماڵە دارا تۆفیق بۆ ئەوەی ئەو داوایەیان بگەیەنێتە مەرحومی مەلا مستەفا بارزانی.

لەسەر پەیوەندی گرتن بە دەوڵەتی عێراق، کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٧٣ بەرگی ٥ ی بیرەوەرییەکانی بە نەقڵ لە حەمەدەمینی سیراجی دەنووسیٚ: ئەمە راستە کە ئێمە بۆ یارمەتی و لە پلەی یەکەمدا یارمەتی حیزبی توده و هاوکاری لەگەڵ ئەو حیزبە رێگامان داگرتبوو، بەڵام لە هەلومەرجی دەست پیٚ رانەگەیشتن بە رابەری حیزب و یان ئامادە نەبوونیشیان بۆ ئەم کارە، بریار بوو هەنگاوی دوایی واتە پێوەندی لەگەڵ ریژیمی عێراق، دوای باس و رەزامەندی حیزبی کومونیستی عێراق هەڵێنینەوە.

لە کۆتایی دا ئەوان بڕیاریان دا کە کەریمی حیسامی بگەڕێتەوە بۆ ئوروپا و هەوڵ بدا دوکتور رادمەنیش لەگەڵ خۆی بێنێ بۆ بەغدا، یان پاسپۆرتیان بۆ سازکەن کە ئەوانە بچنە ئوروپا. ئەوان دەبوو لەو ماوەیەدا لە سولەیمانییە چاوەڕوان مابانەوە.

کەریمی حیسامی دوای گەڕانەوە بۆ ئوروپا، بە وردی کار و تێکۆشانی خۆی لە گەڵ بەڕێوەبەری حیزبی تودە باس کرد و بە نوسراوە لە چەند خاڵ دا داوای کرد کە حیزبی تودە یارمەتی ماڵی بە حیزبی دێموکرات بکا و ئەو و یەک دوو کادر، بۆ پەیوەندی لە گەڵ ئەوان بنێرێتە عێراق و لەوێ چاپخانەی کوردی دابنێ و راپەڕینی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکرات بە کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی بناسێنێ. هەروەها بەیاننامەکانیان بڵاو بکاتەوە. ئیمکانی هاتنەدەر و گەڕانەوەیان بۆ بڕخسێنێ. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٨٦ بەرگی٣ی "لە بیرەوەرییەکانم" دا دەنووسی: لە پیشنیارەکاندا نێوەرۆکی کومیتەی ئینقلابی و جوڵانەوەی کوردستانی ئێرانم روون کرد بۆوە کە: لە جوڵانەوەی کوردستانی ئێران دا سەرۆکایەتی بە دەست دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتان نیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان یان کومیتەی ئینقلابی بیروباوەڕی ئانتی کومونیستی‌یان نیە. خەڵک لە کوردستانی ئێران لە ریژیمی شا نارازی‌یە و پشتی جوڵانەوە دەگرن.

لە لایەن حیزبی تودە پێشتر بڕیار درابوو کە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی حیزبی تودە کۆ ببنەوە. لە ڕۆژی ١٩٦٨/١/١٠ حیزبی تودە بە بەشداری ڕادمەنیش و کامبەخش لەگەڵ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە "پراگ" کە بریتی بوون لە دوکتۆر قاسملوو، حەسەن قزڵجی، دوکتۆر عەلی گەلاوێژ، دوکتۆر سوڵتان وەتەمیشی و کەریم حیسامی، کۆبوونەوە و دوای باس لەسەر ڕۆژنامە، باسی ڕێبەرایەتی ٤٦-٤٧ کرا و بڕیار درا دوکتۆر قاسملووش وەک ئەندامی هەیئەتی حیزبی تودە لە دانیشتن لەگەڵ ئەوان دا بەشدار بێ.

بە دوای ئەو کۆبوونەوەیە دا کەریمی حیسامی لە رۆژی ٢٦ ژانوییەی ١٩٦٨ گەڕاوە بۆ بەغدا و ئاگاداری سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی کرد کە بچنە بەغدا. کەریمی حیسامی لەوی چاوی بە دارا تۆفیق کەوت و لە زبانی ئەو دەگێڕێتەوە کە: مەلامستەفا گوتویە ئەوان (مەبەست سولەیمان و حەمەدەمین) چوونە کۆشکی سەرۆک کۆمار و لە گەڵ حکومەتی عیراق پەیوەندیان گرتوە.

دواتر دوکتور رادمەنیش و دوکتور قاسملووش چوونە بەغدا و هەمویان لە شوێنێک کە حیزبی کومونیستی عیراق بۆی ئامادە کردبوون، کۆبوونەوە. بەر لە کۆبوونەوەی فەرمی، لە دانیشتنێکی دۆستانە لە نێوان کەریمی حیسامی و سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی و دوکتور رادمەنیش لە رەستورانێک لە ئەبوونەواز دا، رادمەنیش گوتی: پێم خۆشە ئێوە لە سەر بارودۆخی وڵات و کار و تێکۆشانی خۆتان راپۆرتێک بنووسن و پێشنیارتان دیاری بکەن تا ئێمە تەماشای بکەین و بە گوێرەی ئەو بتوانین، بڕیار بدەین.

سولەیمان موعینی لە وڵام دا گوتی: ئێمە راپۆڕت نانووسین، ئێمە لە لایەن رێکخراوێکی سەربەخۆوە هاتووین لە گەڵ رێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران پەیوەندی بگرین و باس بکەین. لەو باس کردنەدا ئێوە وەزعتان بۆ روون دەبێتەوە، ئێمەش لە بیروڕای ئێوە تێدەگەین.

سەرئەنجام لە کۆبوونەوەی ئەبوونەواز دا رادمەنیش ڕازی بووە وەک دوو حیزبی جیاواز، واتە حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکەوە کۆ ببنەوە نەک وەک "هاوڕێیانی کوردی ئێران"ی.

بە پێی نووسراوەکانی کەریمی حیسامی، سولیمان موعینی حازر بەوە نابێ کە لە گەڵ دوکتور قاسملوو دابنیشی. بەڵام لە سەر پێی داگری ئەو، ئامادەی دانیشتن دەبێ. بە گوێرەی لاپەڕەی ٣٢٢ کتێبی "ئەحمەد تۆفیق..." لە نووسینی حامید گەوهەری، حەمەدەمینی سیراجی بە جۆرێکی دیکە باسی ئەو بابەتە دەکا و دەڵێ: دوای دوو ڕۆژ هەوڵدان، سەرئەنجام عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق، موعینی ڕازیی کرد کە واز لەو ڕایەی بهێنێت و بەوجۆرە دوکتۆر قاسملووش بەشداریی کۆبوونەوەکە بوو.

کێشەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ هێندێک لە رێبەرانی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا، لەبڕان نەهاتوو بوو. ئەو نامانەی کە دەبوو دوکتور قاسملوو بە دەستی خۆی بیدا بە شووڕەوی و بە رێبەری حیزبی تودە لە ساڵێ ١٣٣٦ وەک شیری "داموکلێس" بە سەر سەریەوە بوو. رۆژێک مامەغەنی و رۆژێک ئەحمەد تۆفیق ئەو بیانوویەیان پێدەگرت و ئێستاش کاک سولەیمان ئەوەی لێکرد بوو بە بیانوو. بێشک ئەگەر رێبەری حیزبی تودە راستییەکەی نەگوتبا و عەولای موعینی شەهادەتی بۆ نەدابا، چارەنووسی دوکتور قاسملوو بە ئاقارێکی دیکە دا دەڕۆیی.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٧٣ بەرگی ٥ ی بیرەوەرییەکانی دا لەسەر کێشەی دوکتور قاسملوو لەم دانیشتنەدا دەنووسێ: بەم چەشنە هەڵبژێرانی دوکتور وەک یەکێک لەو بیست کەسە جێگای شک نیە تەنیا بۆ رێز لە رای شەهید سولەیمان و دڵنیا کردنی لەوە کە ئەوەی لە باری رەحمانەوە بیستویە وا نیە، راوەستاوین تا عەوڵای موعینی کە بریندار بوو، لەو کاتە لای شێخ لەتیف شێخ مەحمود خەریکی دەرمانکردنی برینەکەی بوو، گەرایەوە و مەسەلەی سەدیقی گیرایەوە کە گوتویە بە هەڵە چووە، بەڵام بەداخەوە تا دوایە کاک سولەیمان دیسان هێندێک لە خرت و خاڵی بۆ چوونەکانی کاک ئەحمەدی لە باری دوکتورەوە هەر پێ مابوو.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٧٧ بەرگی ٥ ی بیرەوەرییەکانی دا، لە زمانی حەمەدەمینی سیڕاجی باسی کێشەی دوکتور قاسملوو و سولەیمانی موعینی دەکا و دەنووسێ: کاک کەریم، ئەمە راستە کە سولەیمان لە سەرەتادا ئامادەی دیتن و باس لەگەڵ دوکتور نەبوو و زۆر هەوڵ درا کە واز لەم هەڵویستەی بینێ و لەوانەی کە بە گورجی لەم بارەوە هەوڵیان دا یەکیکیان تۆ بووی، بەڵام هەموو ئەو برادەرانەی دوکتوریان نەدیبوو و دەنگیان بۆ دابوو بروایان بە پێویستی بوونی دوکتور لە تەرکیبی کومیتەی ناوەندی بزوتنەوەکەدا بوو. دژایەتی کاک سولەیمان لەبەر ئەو پروپاگەندەیە بوو کە لەمەر درکاندنی راو بۆچوون و بریارەکانی رابەرایەتی کاتی ح، د، ک. لە لایەن دوکتورەوە

لە لای دوکتور کەیانوری‌یەوە لە گۆری دابوو. دەگوترا دوکتور قاسملوو نامەی رەخنەی رابەری کاتی ح. د. ک، لە جیاتی ئەوەی بە جێگای خۆی بگەیەنێ داویەتە دەست رابەری ح. ت. ا و لە هەمان کۆبوونەوەشدا کە ئەم باسە کرا رادمەنیشی رەحمەتی بە کاک سولەیمانی گوت شتی وا دروست نیە و ئێمە نە لە رێگای دوکتور رەحمانەوە، بەڵکو لە رێگای "خزمانەوە" ئاگاداری رەخنەی ئێوە (ح. د. ک) لە سیاسەتی پێشوی خۆمان بەرانبەر بە دوکتور موسەدیق و هەروەها رووداوەکانی دوای کودیتا بووین و هەق بلێن سەدی هەشتا و پێنجی رەخنەکانتان لە ئێمە بە جێ بوون. پاش پاکانەی رادمەنیش و هەوڵی هەمووومان کاک سولەیمان وازی لە هەڵویستی خۆی هێنا.

نارەحەتی و تۆرانی سەختی ئەوکاتەی شەهید سولەیمان کاتێک بوو کە تۆ مەسەلەی لە ئارا دا بوونی " کومیتەی ئینقلابی و تیشک"ت لە دەم دەرپەری و رۆژ و نیوێک نارەحەت و شەکەت و تووشی سەرەگێژە بوو. پاش هەوڵی زۆری هەموو لایی بە تایبەتی ئێوە و دوایەش شەو کە باوکی فێنک هاتوو لە سەر پێویستی یەکێتی و وەلا نانی ناکۆکی و کێشەی پێشوو زۆر دوا، هاورێمان هێدی بۆوە.

سەرئەنجام کێشەی سولەیمانی موعینی و دوکتور قاسملوو چارەسەر کرا و دوکتور قاسملوو کە نە بە پێی پێویست، حیزبی دێموکرات و نە حیزبی تودە قبووڵیان بوو بەشداری کۆبوونەوەکە بوو. بە پێی لاپەڕەی ٩٥ بەرگی سێ کەریمی حیسامی، کۆبوونەوەی فەرمی دوو حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە لە رۆژی ١٩٦٨/٢/٩ بە بەشداری سلێمان موعینی، محەمەدئەمین سیراجی، دوکتۆر ڕادمەنیش، دوکتۆر قاسملوو و کەریم حیسامی، بۆ ماوەی ٤ رۆژ دەستی پێکرد. لەو کۆ بوونەوە باسی کێشەکانی نێوخۆیی ئێران و چالاکی حیزبی دێموکرات و بەرنامە و خەباتی سیاسی حیزب و زیندوو کردنەوەی کێشەی ناوخۆی و پێداویستییەکانی حیزبی دیموکرات کرا. رەشنووسی بڕیارەکانی ئەو کوبوونەوەی لە لاپەڕەی ٩٥ بەرگی سێ کتێبی لەبیرەوەرییەکانم" ی کەریمی حیسامی دا هاتووە، بەڵام دوایە دوکتور قاسملوو محەمەد ئەمینی سیڕاجی، چوارچێوەی بڕیارەکان بە فارسی داڕشت کە لە لاپەڕەی٩٦ ی ئەو سەرچاوەیە دا هاتووە. رەش نووسی بڕیارەکان کە کەریمی حیسامی بە کورتی نووسیونی بەمشێوەیە:

- بڕیار درا کە حیزبی تودە ئێران حیزبی دیموکرات کوردستان بە ڕەسمی بناسێ. بەو شەرتەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەژێر رێبەرایەتی مارکسیستەکانی کورد دابێ.

- ئەو هێزە چەکدارەی کە ئێستا لە کوردستانی ئێران هەیە رابگیرێ و بە هێزتر بکرێ و بۆ کاری سیاسی و رێکخراوەیی تێبکۆشێ.

- بەرنامەی حیزبی دێموکرات لەگەل بەرنامەی حیزبی تودە دژایەتی نەبێ.

- هەردووک حیزب بە بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتر لەسەر مەسەلەی کورد لەگەڵ هیچ حیزب و حکومەتێک پەیوەندیی نەگرن.

- کارێکی وا نەکرێ کە مەلا مستەفا بهاروژێندرێ. هەوڵ بدرێ کە لە بارزانیی وە نزیک کەوین. بۆ ئەو مەبەستە کاک کەریمی حیسامی لای مەلا مستەفا کە خۆشی رایئەسپاردوە بچێتە لای (مەلا مستەفا بە کاک دارا تۆفیقی گوتبوو کە بچمە لای).

- حیزبی تودە یارمەتی سیاسی، ئابووری و فەننی حیزبی دیموکرات بدات.

- حیزبی تودە یارمەتی مادی و سیاسی و فەننی و مەعنەوی بە حیزبی دیموکرات بکات.

- دوکتۆر قاسملوو بۆ عاملاندنی کادێری سیاسی بگەڕێتەوە کوردستان.

جیا لەو کورتکراوەیە، کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٩١ ی بەرگی ٢ ی پێداچوونەوە دا، وەرگێڕانی کوردی ئەو رێکەوتنە کە دوکتور قاسملوو و محەمەد ئەمینی سیراجی بە فارسی نووسیبوویان هێناوە، بەمجۆرەیە:

... لە سەرەتای مانگی فێوریەی ١٩٦٨ کۆبوونەوەی راوێژی دەستەی نوێنەرایەتی بیرۆی سیاسی حیزبی تودەی ئێران و کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات. چەند رۆژ درێژەی هەبوو. پاش گۆرینەوەی بیروراو وتووێژی بەردەوام لە بارەی گشت مەسەلەکانی بەرچاو، کۆبوونەوە گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لە بارەی رێبازی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

نوێنەرانی کۆمیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە درێژی رێبازی سیاسی ئەو حیزبە و جوڵانەوەی چەکداری کە دەست پێکراوە، روونیان کردەوە. پاش دەربرینی بیروڕای بەشداربوەکانی کۆبوونەوە دەرکەوت کە لە هێڵی بنچینەی رێبازی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی تودەی ئێراندا هیچ ناتەبایەک یەک نییە. ئەم هێڵانە بەمجۆرەی خوارەوە کورت دەکرێنەوە:

ئەلف - ح.ت.ا و ح.د.ک بزوتنەوەی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بە بەشێک لە بزووتنەوەی گشتی گەلانی ئێران دەزانن. ح.د.ک خەباتی تێکرایی گەلانی ئێران دژی ئیمپریالیزم و رێژیمی دژی دێموکراتی و دژی گەلی شا بە ئامانجە بنگەهی خۆی دەزانێ.

ب - ح .ت.ا و ح.د.ک بزوتنەوەی میللی گەلی کورد بە بەشێکی جیانەبۆوەی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلانی ئێران دەزانن. رماندنی رێژیمی کۆنەپەرەستی شا و دابینکردنی دێموکراسی و مافی ئینسانی بۆ هەموو خەڵکی ئێران ئامانجی هاوبەشی هەرتک حیزبە.

ج- هەرتک حیزب لە سەر ئەو باوەڕەن کە گەلی کورد مافی خۆیەتی وەک هەموو گەلانی ئێران چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکا. دروشمی میللی ح.د.ک بریتی یە لە: دابینکردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لە سنووری چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا. ئەو ئامانجە بە شکڵی ئیتحادی داخوازانەی گەلانی ئێران لە پێکهێنانی یەک دەوڵەت دا ( اتحاد فدراتیو) خۆ دەنوێنێ.

د- هەرتک حیزب لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە کوردستانی ئێراندا وەرزێران هێزی گرنگی شۆرشن. هیچ جولانەوەیەکی کوردستان بە بێ بەرز کردنەوەی دروشمی روون وئاشکرا بە قازانجی وەرزێران ناتوانێ سەربکەوێ. تەنیا بە راکێشانی وەرزێران و زەحمەتکێشانی دیکەی کوردستان بۆ لای شۆرش،

دەکرێ قوڵتر بکرێ و جوڵانەوەی میللی بکرێ بە بزوتنەوەیەکی بەرینی دێموکراتی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەو ئامانجە پێویستە دروشمی روون بۆ وەرزێران بە گوێرەی بارودۆخی هەر ناوچەیەک لە دابەشکردنی زەوییەوە بگرە تا نەدانی قیستی زەوی و ئیجارە بەرز بکرێتەوە.

٢- لە بارەی راپەرینی چەکدارانە:

هەرتک حیزب لە سەر ئەو باوەڕەن کە بزوتنەوەی چەکداریی ئێستا کە لە کوردستانی ئێران ساز بوە، ئەنجامی فشاری کۆنەپەرستی ئێرانە بۆ سەرگەلی کورد و سەرکوتکردنی هەموو چەشنە خۆنواندنێکە بۆ بەرگری لە مافی میللی و دێموکراتی گەلانی ئیران. هەرتک حیزب ئەم راپەرینە چەکدارییە بە هەنگاوێکی بەسەر دابراویی دەزانن و بە کارێکی لەباری دادەنێن و دەستخۆشانە لەو هاورێیانە دەکەن کە توانیویانە هەڵوێست و بزوتنەوەی چەکدارانە بپارێزن. بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ئێستا، ئامانج بریتی یە لە: پاراستنی ئەوم بزوتنەوە چەکدارییە، بەهێز کردنی سیاسی و رێکخراوەیی ئەو، پەروەردەکردنی کادر و ئامادە کردنی زەمینەی فیکری لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێران و سەرانسەری ئێراندا بۆ پەرە پێدانی ئەو بۆ ناوچەکانی تری کوردستانی ئێران و ئێران بە چەشنی گشتی. سەرەرای بارودۆخی بابەتی و شۆرشگێری بۆ ئەو کارە پێویستە رێکخراوەکانی حیزبی لە کوردستان زیندوو بکرێنەوە و بە هێزبکرێن. لە شارەکانیش بنکە و رێکخراوی حیزبی پێک بێنن. ئەودەم دەکرێ وردە وردە و بە بێ شێواوی خەباتی چەکدارانە پەرە پێ بدرێ.

٣- لە بارەی شکڵی رێکخستنی تێکۆشان لە کوردستان:

ئەلف - هەرتک لا رێکەوتن کە لە کوردستان بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەبات بکرێ و رێکخراوەکانی ئەو حیزبە زیندوو بکرێنەوە.

ب- هەرتک حیزب لەسەر ئەو باوەڕن کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا هەموو رێکخراوە مارکسیستییەکان لە حیزبی چینی کرێکاری ئێران، حیزبی تودەدا کۆ ببنەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە بارەی رێکخراوەیی و سیاسی و فکری دەبێ بۆ ئەم یەکێتییە خۆی ئامادە بکات. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا لە کوردستان پێویستە لە پلەی یەکەمدا رێبەرایەتی مارکسیستی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دابین بکرێ. پاشان وردە وردە بکرێ بە حیزبێکی مارکسیستی بە بەرنامەیەکی مارکسیستییەوە.

ج- دەستەی رێبەرایەتی ح.د.ک رایگەیاند کە مەسەلەی یەکێتی رێکسختنی حیزبی سەرانسەری ئێران لە هەوەڵین کۆنفرانس و کۆنگرەی خۆیدا دێنینە گۆرێ و تێدەکۆشێ کە هاودەنگی کۆنفرانس یان کۆنگرە بۆ ئەنجامی ئەم یەکێتییە وەدەست بێنێ.

د- بریار درا رۆژنامەی کوردستان جارێ هەروا بە شێوەی پێشوو لە ئوروپا بڵاوبکرێتەوە.

هـ- تا ئەوکاتەی کە یەکێتی رێکخراوەیی پێک نەهاتوە، هەرتک لا رێککەوتن لە بارەی هەموو هەنگاوە سیاسییە گرنگەکان کە پەیوەندی یان بە بزوتنەوەی خەڵکی کوردەوە هەبێ و هەر پێوەندی یەکی لەو بارەوە لەگەڵ هێزی رێکخراوە سیاسی یەکانی دەرەوە و ژوورەوە دەگیرێ پێکەوە راوێژ بکەن و بۆ هەنگاونان و پێوەندیی ئاوا رێککەون .

و- هەرتک لا رێک کەوتن هەلومەرجێک پێک بێنن کە پێوەندی بەردەوام و رێکوپێک لە بەینییاندا بەرقەراربێ.

٤- لە بارەی داخوازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

١- دەستەی نوێنەاریەتی ح.د.ک داوا لە حیزبی تودە دەکات کە:

ئەلف - بۆ پەروەردەی کادر لە کوردستان یارمەتی پێویست بکا و بۆ فێرکردنی رێ و شوێنی کاری رێکخستن و پەروەردەی سیاسی کلاسی ماوە کورت (یەک مانگە و دوو مانگە) لە کوردستانی ئێران و یا عێراق ساز بکرێ.

ب- هیندێ لە هاورێیانی کورد بۆ پەروەردەی نیزامی و فەننی بۆ ماوەی سێ تا چوار مانگ بۆ دەرەوە بنێردرێن.

د- هەموو ساڵێ هێندێ خوێندکاری کورد (نیزیکەی پێنج کەس) بۆ خوێندن بنێردرێتە وڵاتانی سۆسیالیستی.

- بۆ ئامادە کردنی ئەو شتانەی کە بۆ هەلومەرجی ئێستا پێوستن، بۆ پاراستنی بزوتنەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران بۆ چەک و تەقەمەنی هەنگاو بهاوێژرێ.

- رادیۆی پەیکی ئێران سەرنج بداتە بزووتنەوەی چەکداریی گەلی کورد بە تایبەت لە بەرنامەی کوردیدا ئامانج و دروشمەکانی ئەو جولانەوەیە بڵاوبکاتەوە و گەلانی ئێران وریا بکاتەوە و تەبلیغاتی کۆنەپەرستی ئێران و ئیمپریالیزم پوچ کاتەوە.

- یارمەتیەکی ماڵی بە ح.د.ک. بکرێ و بۆ داهاتووش یارمەتی بەردەوام و رێکوپێک لەبەر چاو بگیرێ. ویستی ح.د.ک ئەوەیە پێویستە ئەوپەری یارمەتی بکرێ بۆ ئەوەی لە پلەی یەکەمدا وەزعی کادرەکام و خاووخێزانی گیراوەکان و پێشمەرگە رێکوپێک بکرێ، لەگەڵ پەرە گرتنی جوڵانەوە یارمەتی مادیش پەرە پێبدرێ.

بە گوێرەی لاپەڕەی ٩٦ بەرگی سێهەمی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، ئەسڵی بڕیارەکان کە دوکتور قاسملوو و محەمەد ئەمینی سیڕاجی بە فارسی دایانڕشت. بەمجۆرەیە:

در اوایل ماه فوریه ١٩٦٨ جلسه مشورتی مرکب از هیئت نمایندگی بوروی حزب توده ایران و کمیته انقلابی حزب دمکرات کردستان تشکیل شد. چند روز ادامه داشت. پس از تبادل آرا و مذاکرات مفصل در باره همه مسائل مورد نظر جلسه به نتایج زیر رسید:

١ - در باره خط مش حزب دمکرات کردستان.

نمایندگان کمیته انقلابی حزب دمکرات کردستان در باره خط مش سیاسی این حزب و جنبش مسلحانه‌ای که آغاز شده توضیحات مفصلی دادند. پس از اظهات نظر شرکت کنندگان جلسه روشن شد که در خطوط اصلی خط مش سیاسی حزب دمکرات کردستان و حزب توده ایران هیچ گونه اختلافی وجود ندارد.

این خطوط به ترتیب زیر خلاصه میشود:

الف - حزب توده ایران و حزب دمکرات کردستان نهضت خلق کرد را در کردستان ایران جزئی از جنبش عمومی خلقهای ایران میدانند. حزب دمکرات کردستان مبارزه مشترک همه خلقهای ایران علیه امپریالیست و رژیم ضد دمکراتیک و ضد ملی شاه را هدف اصلی خود میشمارد.

ب- حزب توده ایران و حزب دمکرات کوردستان نهضت ملی خلق کرد را جز لاینفک نهضت دمکراتیک خلقهای ایران میدانند. بر انداختن رژیم ارتجاعی شاه و تامین دموکراسی و آزادیهای دمکراتیک و حقوق انسانی برای همه مردم ایران هدف مشترک هر دو حزب میباشد.

ج- هر دو حزب با اصل لنینی حق تعیین سرنوشت ملتها بدست خود اعتقاد راسخ دارند و بر آنند که خلق کرد مانند خلقهای ایران حق دارد سرنوشت خود را بدست خود تعیین کند و شعار ملی حزب دمکرات کردستان ایران عبارت است از تامین حقوق ملی خلق کرد در کردستان ایران در حدود چهار چوب کشور ایران این هدف بشکل اتحاد داوطلبانه خلقهای ایران در ایجاد دولت واحد (اتحاد فدراتیو) تجلی خواهد کرد.

د- هر دو حزب معتقدند که در کردستان ایران دهقانان نیروی عمده انقلاب را تشکیل میدهند. هیچ جنبشی نمی تواند در کردستان پیروز شود مگر اینکه شعار واضح و مشخص بنفع دهقانان بدهد. تنها با جلب دهقانان و زحمتکشان دیگر کردستان به سوی انقلاب است که میتوان آنرا عمیق نمود و جنبش ملی را تبدیل به یک جنبش وسیع دمکراتیک اجتماعی کرد. برای این هدف باید شعارهای صریح مربوط به دهقانان از تقسیم اراضی گرفته تا عدم پرداخت قسط خرید واجاره بهای زمین بسته به شرایط هر محل داده شود.

۲ - در باره قیام مسلحانه:

هر دو حزب نظر دادند که نهضت مسلحانه‌ای که هم اکنون در کردستان ایران بوجود آمده نتیجه فشار ارتجاع ایران بخلق کرد و سرکوب هر گونه اظهار وجود برای دفاع از حقوق ملی و دمکراتیک خلقهای ایران است. هر دو حزب این قیام مسلحانه را یک اقدام اجتناب ناپذیر تلقی میکنند و آنرا عمل مثبتی میدانند و از فداکاری رفقائیکه توانسته‌اند مواضع جنبش مسلحانه را حفظ نمایند تقدیر میکنند. با در نظر گرفتن شرایط موجود هدف عبارت است حفظ این جنبش مسلحانه تقویت سیاسی و تشکیلاتی آن. پرورش کادرها، آماده کردن زمینه فکری در بین مردم کردستان ایران و سراسر ایران برای بسط و توسعه آن به مناطق دیگر کردستان ایران و ایران بطور کلی، علاوه بر شرایط عینی و انقلابی برای این کار ضرورت دارد که سازمانهای حزبی در کردستان احیا و تقویت شوند. در شهرها نیز هسته‌ها و سازمانهای حزبی بوجود بیایند آنوقت میتوان بتدریج و بدون دستپاچگی مبارزه مسلحانه را توسعه داد.

۳ - در باره شکل سازمانی فعالیت در کردستان:

الف - طرفین موافقت کردند که در کردستان ایران به اسم حزب دمکرات کردستان فعالیت شود و سازمانهای این حزب احیا گردند.

ب- هر دو حزب معتقدند که در چهار چوب کشور ایران باید همه سازمانهای مارکسیستی در حزب واحد طبقه کارگر ایران، حزب توده ایران گردآیند. حزب دمکرات کردستان باید هم از

نظرسازمانی و هم از نظر سیاسی و فکری خود را برای چنین وحدتی آماده کنند. با در نظر گرفتن شرایط و امکانات موجود در کردستان باید در وهله اول رهبری مارکسیستی را در حزب دمکرات کردستان تامین نمود و سپس بتدریج تبدیل به یک حزب مارکسیستی با برنامه مارکسیستی کرد.

ج- هیئت نمایندگی حزب دمکرات کردستان اظهار داشت که مسئله وحدت سازمانی حزب سراسری ایران را در نخستین کنفرانس یا کنگره خود مطرح خواهد کرد و کوشش خواهد نمود که موافقت کنفرانس یا کنگره را برای به تحقق رساندن این وحدت جلب کند.

د- قرار شد روزنامه کردستان فعلا به سبک سابق خود در اروپا به انتشار خود ادامه دهد.

هـ- تا هنگامیکه وحدت سازمانی عملی نشده، طرفین موافقت کردند که در باره همه اقدامات مهم سیاسی مربوط به جنبش خلق کرد و تماسهائی که در اینمورد با نیروها و سازمانهای سیاسی چه در داخل و چه در خارج ایران بعمل میآید با همدیگر مشورت کنند و موافقت یکدیگر را برای چنین اقدامات و تماسهائی جلب نمایند.

و- طرفین موافقت کردند شرایطی بوجود بیاورند که رابطه و تماس مرتب و دائمی در بین آنها برقرار گردد.

٤- در باره خواستهای حزب دمکرات کردستان:

١ - هیئت حزب دمکرات کردستان ایران از حزب توده ایران میخواهد که:

الف - برای تربیت کادرها در کردستان ایران کمک های لازم را بعمل بیاورند.

برای تربیت کادرهای حزبی آموزش اصول کار سازمانی و پرورش سیاسی آنان کلاسهای کوتاه مدت (یک ماه و دو ماه) در کردستان ایران و عراق تشکیل شود.

ب- عده‌ای از رفقای کرد برای تربیت نظامی فنی برای مدت ٣ تا ٤ ماه بخارج اعزام شوند.

ج- از پزشکان عضو حزب توده ایران بویژه جراحان خواسته شود که برای کمک به جنبش مسلحانه خلق کرد به کردستان ایران بروند.

د- هر سال عده‌ای دانشجوی کرد ( در حدود ٥ نفر) انتخاب و برای تحصیل به کشورهای سوسیالیستی فرستاده شوند.

- کتاب و نشریات مارکسیستی بزبان فارسی و کردی تهیه و برای کردستان ایران ارسال گردد.

- یک دستگاه ماشین تحریر و پلی کپی تهیه و در اختیار حزب دمکرات کردستان گذاشته شود.

- برای تهیه لوازم دیگر در شرایط فعلی ضرورت فوری برای حفظ نهضت مسلحانه در کردستان ایران دارد از قبیل فشنگ "دستگاه فشنگ پر کن" دینامیت و همچنین اسلحه اقدام شود.

- رادیو پیک ایران به نهضت مسلحانه خلق کرد توجه مخصوص مبذول دارد و بویژه در برنامه‌های کردی خود هدفها و شعارهای این جنبش را پخش کندو خلقهای ایران را توجیه نماید و تبلیغات ارتجاع ایران و امپریالیست را خنثی سازد.

- علی الحساب یک کمک مالی فوری به حزب دمکرات کردستان ایران بشود و برای آینده کمک و مستمری مرتبی در نظر گرفته شود. خواسته حزب دمکرات کردستان اینست که حداکثر کمک باید بعمل آید بطوریکه در وهله اول سروسامانی بوضع کادرهای حرفه‌ای و خانواده‌هایشان

به زندانیان و خانوادههایشان همچنین به پیشمرگه ها داد. واضح است که با توسعه جنبش کمک مادی نیز وسعت خواهد یافت.

له بەیاننامەکە دا، بە دەست خەتی دوکتور قاسملوو ئەم برگەیەش نووسراوە:" هیئت اجرائیه حزب توده ایران، رفقای موجود در بغداد متن و روح بیانیه مشترک فوریه ۱۹٦۸ را کاملا تائید میکنند. عقیده دارند که در شرایط کنونی این بیانیه میتواند اساسی برای تعیین روابط دو حزب قرار گیرد".

هەر لەو کۆبوونەوە دا بڕیار درا کە لە کاتی گەڕانەوەدا نابی سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی پەیوەندی بە مائۆئیستەکان بگرن کە لە سولەیمانی لە لای مام جەلال، گل درابوونەوە.

بە قسەی کەریمی حیسامی پاش ئەو کۆبوونەوەیە دوکتور رادمەنیش یارمەتێکی باش بە سولەیمان موعینی کرد و هەروها ئەوان چەند جار لە گەڵ سەعید کوێستانی و مەلا مەحەمەد خزری و چووکەڵی کۆبنەوە و داوایان لە مەلا مەحەمەد و سەعید کوێستانی کرد کە لە لای زینوێ شێخی بمێننەوە و لەگەڵ جوڵانەوەی چەکداری کوردستانی ئێران لە پەیوەندی دابن و لە رێگای حیزبی کومونیستی عیراق، کەریمی حیسامی لە روداوەکان ئاگادار بکەن. کەریمی حیسامی پێشنیار دەکا کە ئەو لەوێ بمێنێتەوە و بچتەوە ناوخۆی کوردستان بەڵام رادمەنیش بە هۆی ئەوە کە رادیۆ پەیکی ئێران، پەکی دەکەوێ موخالیفەتێ کرد.

بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا دوکتور رادمەنیش بە نامە داوای کرد کە چاوی بە مەرحومی مەلامستەفا بکەوێ و سەردانی بارەگای شۆڕشی کرد و لەوی بە مەرحومی مەلا مستەفای گوتبوو کە جوڵانەوەی کورد لە ئێران، لە دژی ئەو نییە.

کۆبوونەوەی هەیئەتی حیزبی دێموکرات و حیزبی تودە هەر قسە بوو و کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ۱۹٤ ئەو سەرچاوە دا دەنووسێ کە ئەو رێکەوتنە هەر لەسەر کاغەز مایەوە، دەڵێ کە حیزبی تودە" خسلەتی شۆڕشگێری و وزەی خەباتی شۆڕشگێڕی لە باراندا نەبوو".

دواتر لە ساڵی ۱۹۷۰ کاتیک کە رادمەنیش و دوکتور قاسملوو لە بەغدا چاویان بە یەکترکەوت، دوکتور قاسملوو ویستی ئەو رێکەوتنەی کە لەسەرەوە باس کرا ببێتە بناغەی کاری دوو حیزب. بەڵام رادمەنیش قبووڵی نەکرد. لەوبارەوە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ۱۸۷ بەرگی سێهەمی بیرەوەرییەکانی ئاماژە بە نامەیەکی دوکتور قاسملوو بە ڕێکەوتی ۱۹۷۰/٤/۱۵ دەکا کە دەنووسێ:

″برای خۆشەویست کاک کەریم رۆژ باش″

....دوێنێ لە عێراق گەڕامەوە. هەموو دۆست و برادەر سڵاوت لێ دەکەن. هەروەها سڵاویان هەیە بۆ کاک حەسەن.

۱- لە بەغدا دوو جار لەگەڵ رادمنش دانیشتین. ئێمە نەزەرمان ئەوە بوو کە ئەو پێک هاتنەی فوریەی ۱۹٦۸ دا بەینی ئێمە و ئەوان لە بەغدا ئیمزا کراوە ئیعتیباری هەیە. بەڵام رەفتاری زۆر نالەبار و بێ مانا بوو.

## بەشی ٩٢
## ڕێکخراوی شۆڕشگێری حیزبی توده
## کوڕوشی لاشایی

سازمانی شۆڕشگێری حیزبی تودەی  لە ساڵی ١٣٤٧ لە تیرانا پێتەختی ئاڵبانی، بە بەشداری٣ ئەندامی جێابووە لە حیزبی توده بە ناوەکانی ئەحمەد قاسمی، عەباس سەخایی، غولام حوسێن فروتەن، بەشداری مێهدی خانباباتێهرانی، کوروش لاشایی، سیروس نەهاوەندی، موحسین ڕێزوانی، محەمەد جاسمی و بیژەن حیمکەت و ... دامەزرا. دژایەتی ئەوان لە گەل هەڵسووکەوتی حیزی توده بە تایبەتی لە سەر ساڵەکانی ١٣٣٢ بوو.

جێی رامانە کە خانباباتێهرانی دەنووسێ کە کۆمەڵێک گەنج کە بریتی بوون لە خانباباتێهرانی، یۆسف رێزوانی، کوڕوشی لاشایی، حەسەنی قازی، حەمیدی مەدەنی و خوسرەو سەفایی و چەند کەسی دیکە، کە دژی سیاسەتەکانی حیزبی توودە و لە ژێر کاریگەری چین و کوبا دابوون، لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری مونیخ بناغەی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەیان داڕشت. دواتر سێ کەسی دیکەش بەناوەکانی فرووتەن، قاسمی و سەغایی لە حیزبی توودە دابڕان و تێکەڵ بە ئەوان بوون.

وڵاتی ئاڵبانی ئەوکات ناوەندیکی گەورەی کمونیستی دژ بە بەرەی سوسیالیستی شوڕەوی بوو و ئەو وڵاتەی بە رێویزیونیست دەزانی. لە ئاڵبانی را لاشایی و چەند کەسی دیکە چوونە کوردستانی عیراق و لاشایی بوو بە بەرپرسی ئەو ریکخراوەیە و پەیوەندییان بە مام جەلالەوە گرت. دواتر بەشیک هەر لەوانەی کە  ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەیان دامەزراند بوو، ڕێکخراوی تۆخی کمونیستی "تۆفان"یان پێکهێنا.



کوروش لاشایی

کوروش لاشایی لە ساڵی ١٣١٥ لە شاری "لەنگرود" لە دایک بوو و کاری سیاسی لە ئیران دەست پێکرد و دوایە بۆ درێژەدانی خوێندن لە رشتەی پزشکی دا چوو بۆ ئاڵمان و تێکەڵ بە کۆنفدراسیون خوێندکاران بوو. ئەو لەوێ چاوی بە کیانووری کەوت و دوایە لەگەڵ هێندێک لە جەوانانی حیزبی توده لەو حیزبە جوێ بوونەوە و سازمان ئینقلابی حزبی توده ئێرانییان دامەزراند. لاشایی لە یەکەم کۆنفڕانسی ئەو سازمانە بە هەیئەتی بەڕێوەبەری هەڵبژێردرا و بوو بە بەرپرسی ئەو تاقمەیە کە پێگەی گەورەی لە فیدراسیۆن دا هەبوو و لایەنگری مائۆ و کوبا و چین و ئاڵبانی بوو. لاشایی بۆ فێربوونی تیئۆری مارکسیسیتی و فەنی نیزامی سەردانی چینی کرد و چاوی بە مائۆ کەوت و دوایە هاتە کوردستان و پەیوەندی بە سمایلی شەریفزادەوە گرت کە لە رێبەرانی جوڵانەوەی ٤٦ – ٤٧ بوو. ئەیوب ئەیوبزادە لەو پەیوەندییە دا  دەنووسێ: میسیۆنی لاشایی  لەسەردەمی حکومەتی محمد رەزاشا، پاشای ئێران بۆ

ماوەی سێ مانگ لە بەکرەجۆ کلاسی پەروەردە و ڕاهێنانی بۆ جەلال تاڵەبانی و مێشکە سیاسییەکانی دوارۆژی کوردستان پێک هێنا. مێشکی سیاسیی ڕێبەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە باشوور و دەستە خوشکەکەی لە ڕۆژهەلات، گۆشکراوی ئەو میسیۆنە سیاسی ئێرانییە بووە.

سمایل بازیار لە لاپەرەی ٢٥٠ کتێبی "کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لەسەر هاتنی لاشایی بۆ کوردستان دەنووسێ: مەهدی خان بابا تهرانی کە لە ڕێبەرانی ڕێکخراوی شۆرشگێری حیزبی توودە بوو، لەم بارەیەوە دەڵێ: ”ئەوان بە هۆی کوردانەوە کە ئەندامی ڕێکخراوی شۆرشگێری حیزبی توودە بوون ئاگاداریان کردین کە خوازیاری وتوویژ لە تەک ئێمەن و ئامادەن بۆ یارمەتی دان و گواستنەوە و دامەزراندنی هێزەکانی ئێمە لە کوردستان. ئەم پێشنیارە لە بەرەبەری پێکهاتنی کۆنفرانسی ئامادەکاری دا گەیشتە دەستمان و لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بریارمان دا ”کوورش لاشایی” بۆ پێوەندی گرتن بە کوردەکانەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە سەفەری کوردستان بکا”.

پاش ئەوەی کە لاشایی چوو بۆ عێراق، مام جەلال بە هۆی قادر تەگەرانی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و لاشایی لە وتوویژ لەگەڵ حەمیدی شەوکەت کە دەپرسێ کە چۆن گەڕاوتەوە بۆ عێراق، دەڵی خواحافیزی لە مەلا کرد و هەر بە هۆی قادر تەگەرانی گەڕاوەتەوە بۆ مەقەری تاڵەبانی لە بەکرەجۆ.

بناغە و هزری لاشایی لەسەر بیروبۆچوونی پەرویزی نیکخا داڕێژترا بوو. حەسەنی بێهگەر لە زمانی کوروشی لاشاێی لە سەر دروست بوونی سازمانی ئینقلابی دەنووسێ کە لە پەرویزی نیکخاه دەست پێدەکا و دەڵی کە ئەو لە گونگرەکانی کنفدراسیون لە ئوروپا، لە لەندەن و پاریس بەشداری دەکرد و توانایی زۆری هەبوو و بە بەڵگە قسەی دەکرد و سەرکەوتوو بوو. ئەو لەگەڵ گەندەڵی بەربەرەکانی دەکرد و لە فکری کۆکردنەوەی پووڵ و پارە دا نەبوو و دژی ژیانی پڕ زەرق و بەرق بوو و ژیانێکی ئاسایی هەبوو. ئەو بە ئەخلاق بوو منداڵەکانی زۆر خۆش دەویست و نموونەی رووناکبیرێکی واقعی بوو.

مەنوچێهر سابتیان کە یەکێک لە ئەندامانی بە وەجی بزوتنەوەی زانستگاکان بوو، دەڵێ "نیکخا" کاریگەری فکری زۆری لەسەر دروست بوونی سازمانی ئینقلابی هەبوو. ئەو بۆ دامەزرانی تەشکیلاتی چریکی لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٣ لە مۆنیخ را گەڕاوە بۆ ئێران و لەژێر کاریگەری ئەو، سازمانی ئینقلابی دامەزرا. لاشایي نایشارێتەوە کە لە سەرەتا لە لایەن چینی کمونیستەوە یارمەتیان پێ دەکرا و پارەکە بە پۆندی ئینگلیسی و لە سەفارەتی پاریس دەدرا و مانگانە نەبووە بەڵام چەند جاریان وەرگرتووە و کورۆشی لاشایی دەڵی کە نازانی چەند بوو. هێندێک باس لەسەر ٢٠ هەزار دۆلار دەکەن. ئەوان پارەکەیان نەدەبژارد و دوایەش لەسەر باوەڕی مەتمانە بە یەکتر کردن کە دروشمی شۆڕشی فەرهەنگی چین بوو، بە چینییەکانیان ڕاگەیاند کە پارە وەرناگرن.

نیکخا لە دادگای یەکەم دا بە تاوانی بەشداری لە تەقە کردن لە شا، لە ڕوانگەی خۆی دیفاعی کرد و چەند ساڵ لە زیندانی سەختی برازجان دا بوو. دوایە نامەی پەشیمانی نووسی و لەسەر

تەلەویزۆن رەخنە لە خۆ گرت و داوای لە قوتابیانی زانکۆکانی دەرەوە کرد کە دەست لە خەبات بە دژی رێژیم هەڵگرن و بێنەوە بۆ پێشکەوتن و ئاوەدانی وڵات تێبکۆشن. ئەو ئازاد کرا و دوایە بوو بە دارێژەری پلانەکانی رادیۆ تەلویزۆنی ئێران.

نیکخا لە دوایٚ شۆڕشی ئیسلامی لە رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ گیرا و لەسەر باوەڕی خۆی راوەستا و کاتێک لە دادگای مەلایان دا لێیان پرسی کە باوەڕی بە خودا هەیە، گوتی مەزهەب بابەتێکی کەسییە.

هێندێک لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە وتاری "ئێران و ئیستعماری رەش و سوور" کە واژۆی ئەحمەدی رەشیدی پێوە بوو و لە رێکەوتی ١٧ سەرماوەزی ١٣٥٦ لە رۆژنامەی ئیتلاعات بڵاو بۆوە و هێرشی توندی بۆ سەر خومەینی کرد بوو، کاری ئەو بوو.

نیکخا لەگەڵ دەستەی هوویدا و مەحموودی جەعفەریان ئێعدام کرا و بە پێی هیندێک بۆچوون حیزبی تودە لە کوشتنی ئەو دا دەستی هەبوو.

نیکخا و لاشایی لە خانوەکانی سەر بە ئیدارەی رادیۆ تلەویزێۆن دەژیان و هەر دوکیان بەوە گەیشت بوون کە ئۆپۆزیسیونی دەرەوە هیچ زانیاریکی لەسەر نێوخۆی ئێران نییە و باشترە دەست لە مۆدێلی چین و کوبا و ئالبانی هەڵگرن و بگەڕێنەوە و لە رێگای ریفۆرم، لە چاکسازی وڵات دا بەشداری بکەن.

نیکخاه ئازایانە لەبەرانبەر بە حیزبی تودە راوەستا و گەڕاوە بۆ ئێران و لەوێ بە کردەوە بۆی دەرکەوت کە ئێران کۆمەڵگای نیوە کولنیالێ و دەرەبەگایەتی تێپەڕ کردوە و لە نووسراوێک دا رێبەرانی دەرەوەی وڵاتی ئاگادار کردەوە، بەڵام ئەوان گوێیان نەدایە تا شۆڕشی ١٣٥٧ پشتگوێیان خست.

نیکخاه پاسپۆرتی نەبوو لە چوونە دەر بێبەش کرا بوو و بە هاتنە سەرکاری حکومەتی ئیسلامی ئێعدام کرا. لاشايي دەیتوانی سەفەر بۆ دەرەوە بکا و خوشکیشی لە دەربار ی شا کاری دەکرد.

کوڕوشی لاشایی لە ساڵەکانی ٤٦-٤٧ جارێکی دیکەش هاتەوە کوردستان و دوایە چوو بۆ لوبنان و چاوی بە جۆرج حەبەش، رێبەری بەرەی گەل بۆ ئازادی فەلەستین کەوت. دوایە بە مەبەستی پەیوەندی بە کرێکارانی ئیرانی چوو بۆ شێخ نشینەکانی کەنداوی فارس و دوایە بە پاسی جەعلی چووە بۆ ئێران و لە کاتی هەڵسووڕانی کاری سیاسی دا گیرا. لاشایی لە ژێر ئەشکەنجەدا ئاڵوگۆڕێکی قووڵی تێدا پێکات و لە سەر رادیۆ تلەویزێۆن رایگەیاند کە دەستی لە بیروباوەڕی خۆی هەڵگرتووە و داوای لە قوتابیانی زانکۆکانی دەرەوەی وڵات کرد کە واز لە دژایەتی لەگەڵ رێژیم بێنن و بێنەوە خزمەت بە پێشکەوتنی ئێران بکەن. ئەو دوایە لە دەزگای دەوڵەتی دا دامەزرا و لە بەشی لێکۆڵینەوەی پەنجا ساڵ سەلتەنەتی پاشایەتی پەهلەوی دا بەشداری کرد و لە کاتی دارژتنی فەلسەفەی شۆڕشی سپی دا، چاوی بە شا کەوت. ئاخرین ئەرکی ئەو دەبیری هەوەڵی لێژنەی خزمەتکاری مرۆڤایەتی بوو.

لاشایی دوای سەرکەوتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ئێعدامی پەرویزی نیکخا، هەڵات بۆ ئەمریکا و وازی لە سیاسەت هێنا و خوێندنەکەی تەکمیل کرد و لە نەخۆشخانەیەک، خەریکی خزمەت بوو تا لە ساڵی ١٣٨١ کۆچی دوایی کرد.

بەڕێوەبەرانی سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە، زۆرتر دوکتور و پسپۆڕی فیزیکی ناوەکی بوون و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە کتێبی سووری مائۆ چارەسەری هەموو کێشەکانی جێهانە. ئەوان ڕۆژێ چەند لاپەڕەیان لەبەر دەکرد و ئەو بیرەی مائۆیان پەرە پێدەدا کە دەیگوت "بڕۆ پێمەڕەی دەست دەیە تا ببی بە مرۆڤ". بەمشێوەیە ئەوان ئەیدەی ڕووسیان وەلا نا و ئیدەی چین و کوبایان هەڵبژارد.

دروشمەکانی ئەوان ڕۆڵی تێئوری و کتێبیان کاڵ دەکردەوە و گرینگیان بە کار و کردەوە و پڕاگماتیسم دەدا. ئەو ڕوانگەیە چوونکە لەسەر زانستی تێئۆریک نەبوو، باشتر یارمەتی بە بەرەوپیش چوونی کارەکان دەکرد

حەمید شەوکەت لە لاپەڕەی ١٢٩ وتوویژ لەگەڵ کوڕوشی لاشایی لە زمانی ئەو دەگێڕێتەوە کە کاتێک دەیهەویست کوردستان بەجێ بێڵێ، عبدالله معینی یەکیک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ – ٤٧ پێیگوتووە، کاتیک گەڕایەوە هەرکام لە ئیمە دەسماڵێکی سوور لە مل دەکەین و کتیبێکی سوور(کتێبی مائۆ) بە دەستەوە دەگرین و شۆڕش دەکەین.

ئەوە لە کاتێک دا بوو کە بە پێی لاپەڕەی ١٢٧ ئەو کتێبە، ئەوکات خەڵکی گووندەکانی کوردستان دەیانگوت "دەستمان لێهەڵگرن ئێمە لە نێو دوو بەرداشان داین، شەو ئێوە دێن بەخێرێن و یارمەتیتان دەکەین. بەڵام کە ڕۆژ دادێ ژاندارم دێن و ئازارمان دەدەن".

کەریمی حیسامی لە لاپەرەی ٢٧٥ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی لە زمانی حەمەدەمینی سیڕاجی دا، دوای ئەوە دەڵێ کە سمایلی شەریفزادە و مەلا  داوای یارمەتیان لە مام جەلال کرد، دەنووسێ کە ئەو ئاگای لە هاتنی کوڕوشی لاشایی نییە بەڵام لە زبانی خەڵکی دیکە دەڵێ کە بیستوویەتی لاشایی و کەسێکی دیکە هاتوونە لای مام جەلال و ٥ مانگ چاوەڕوان بوون تا بچنە نێو هاورێیانی حیزب لە نێوخۆت وڵات.

پاش چاوپێکەوتنی سولەیمانی موعینی و حەمەدەمینی سیڕاجی لەگەڵ حیزبی تودە، ئەو دەنگۆیە بڵاو بۆوە کە ئەوان لە ڕێگای مام جەلالەوە پەیوەندیان بە حکومەتی عێراقەوە گرتووە. ئەوان دوایە گەڕانەوە بۆ سولەیمانییە و بە پێچەوانەی کۆبوونەوەی بەغدا، لە گەڵ مائوئیستەکانی ئێرانی لە بەکرەجۆ کە مام جەلال دەیەویست لە کوردستانی ئێران شۆڕشی سۆسیالیستییان پێبکا، کۆبوونەوە. ئەوکات کوڕوشی لاشایی کە دواتر خۆی تەسلیمی ئێران کردەوە، بۆ جەولەی سیاسی هاتبوو بۆ کوردستانی ئێران.

هەر لەوکات دا، لە نامەیەک دا کە سمایل شەریفزادە بۆ کەریمی حیسامی لە دەرەوەی وڵاتی ناردوە، دەردەکەوی کە شەریفزادەش پەیوەندی بە مائوئیستەکانی بەکرەجۆوە گرتووە. دەقی

نامەکە لە لاپەڕەی ١٠٢ بەرگی سێهەمی کتێبی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی دا بەمجورە هاتووە:

ئاشنا گیان - دەستەکانت بە گەرمی ئەکوشم بە تین ترین سڵاوی شۆرشگێرەکان وەربگرە. ماوەیەکی زۆرە لێک بێ خەبەرین. ئێستا کە وا دەرفەتمان بۆ پێک هات ئەم نامەیەم بۆ نووسی. ئاشنا گیان هەر کە لە بەغا گەڕامەوە وەزع شێوا بوو. لەسەر بریاری برادەران لە گەرمێن بارمان کرد وبەرەو کوێستان کۆچمان کرد. رۆژێک پێش کۆچ کردنمان لە گەرمێن را نامەیەکم هەر بەو ناو نیشانی ئەم نامەیە بۆ بەرێ کردی و تیا روونم کردبۆوە کە بۆچی بەرەو کوێستان بار ئەکەین. کورتیەکەو کوردیەکەی ئەمەیە کە مچە بە تەواوی کەوتۆتە باوەشی ئێران و ئاغاکەی. لەمەدا هیچ شکمان نەماوە هەر بە دەستوور و لەسەر داخوازی ئێران بوو کە دەستی کرد بە گرتن و تەحویل دانەوەی هەموو لایەنی و پان و بەرینی برادەران. جا نازانم ئێوە بیرو راتان چییە؟

بە داخەوە ئەو جەناحەی " کاکە شوان " کە پشتی مچە ئەگرێ بە تەواوی لەسەر مەسەلە روون نیین. تێبینی: "لەم ئاخریەدا کاکە شوان ئینشقاقی تێکەوتوە و بۆتە دوو جەناح " بەڵام هەڵوێستی جەماعەتی"مام" بەرانبەر بە ئێمە زۆر باشە و بە ئاشکرایی و بە راشکاوی پشتیوانی خۆیان لە ئاست ئێمەوە دەر دەبرن.

ئاشنا گیان هەر کە هاتینەوە بریارمان دا لەسەر هاتنەوەی تۆ. وابزانم برادەر "م" لە لایەن ئێمەوە ئێوەی ئاگادار کردوە. ئێوەش ئەبێ لەم بارەوە ئیقدام بکەن. ئەورۆ تۆفانێکی بە تەوژمی شۆرشگێرانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتوە و کۆمەڵانی خەڵکی هاتونەتە سەر ئەوەی کە تەنیا رێگەی رزگاری دەست دانە چەک و وەشاخان کەوتنە. نەک هەر بۆ نەتەوەی ئێمە بەڵکو رێگەی رزگاری هەموو نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوەکان هەر رێگەی راپەرینی چەکدارانەی کۆمەڵانی زەحمەتکێش واتە "شەری پارتیزانییە" کە لە پێشا ئەبێ لە دێهاتەوە دەست پێ بکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جوتێرە تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە.

لەم بارەیەوە نامەیەکم بۆ "بیرو" نووسیوە بە زمانی فارسی جا ئەگەر پێیان گوتی بزانە نامەی منەو بیروڕای خۆم بۆ دەرخستوون جا نازانم وەلام و هەڵویستیان چۆن ئەبێ. حکومەت کەوتۆتە توند وتیژییەوە. لە لایەک خەڵکی سوێند و تەلاق ئەدا کە نان نەدەن بە پێشمەرگەکان و یارمەتیان نەدەن و لە لایەکیش بە شێوەی ئەمریکاییان بە هێلیکۆپتێر تەعقیبی برادەران ئەکەن.

لە هەر لاوە جاش دروست ئەکا و خۆ قایم ئەکا. پۆستەکان لە سەر سنوور نەفەراتیان زۆر ئەکا و دەیەوێ هەر پاسگایەک هێلیکۆپتێرێکی لێ بێ. هێندێ هەوڵ هەن کە وا دەرئەخەن حکومەت بە نیازە لەسەرە بەهار دا لە لایەک زمانی کوردی و لیباسی کوردی یاساخ بکا و زمانی فارسی و لیباسی پەهلەوی بخاتە کایەوە. لە لایەکی ترەوە دەست بکا بە گرتن و تەبعید کردنی نیشتمان پەروەران. دەنگی خۆتان بەرز کەنەوە و رایگەینن و خەڵکی روون کەنەوە.

ئاشنا گیان - ئەوەتان بخەمە بەرچاو کە لە سەرەبەهاردا تفەنگ چیەکانی "مچە" بۆ تەعقیبی ئێمە ئەهاتنە دیوی کوێستان و ئێستاکەش ئەم مەسەلەیەمان هەر لەبەر چاوە کە لە دوارۆژ دا ئەگونجێ لێمان نەگەرێ و ئەمەش بە کرێگیراوی ئەم کابرایە دەر ئەخا.

کاکە گیان قەرار وا بوو کە " کۆمەڵە"یەک لە خوێندکارەکانی خۆمان پێک بێنین جا نازانم هەوڵ و تەقەلاتان چی لێ هاتۆتەوە و بە کوێ گەیشتۆە. بۆ هاورێ "ژیان"یشم (محەممەد موهتەدی) دوو پاتە کردۆتەوە. هەوڵی بۆ بدەن. لە ناردنی نامە، رۆژنامە، گۆڤار، کتێب، رامەوەستە و دەنگ و باسیشمان بۆ بنووسە.

دیسان لە قوڵایی دلەوە سڵاوی گەرم. شلێر و کەماڵ ماچ دەکەم. ئەحواڵی خوشکە خەجیجە ئەپرسم.

براتان: سیروان رێبەندانی ٤٦

## بەشی ٩٣
## شەهیدانی ساڵی ١٣٤٧
## شەهید بوونی سمایلی شەریفزادە

ساڵی ١٣٤٧ لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا ساڵێکی دلتەزێنە و حیزبی دێموکرات زیانی گەورە و زەبری گورچووبڕی بەرکەوت. لەو ساڵەدا لە ناوچەی بانە، سمایلی شەیفزادە، بە ناوی نەهێنی مەلا عەزیز، لە گەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە، بە هۆی خەیانەتی کوێخا شەریف و محەممەد حەسەنی سەرشکاوی زاوای، لە داوی دوژمن کەوتن و دوای شەڕێکی قارەمانانەی ٦ سەعاتە، شەهید بوون. رێژیم تەرمی ئەو شەهیدانە کە بریتی بوون لە سمایل شەریفزادە و حوسێن رەحمان رابی، میرزا محەممەد شادمانی و عەلی عەولا کۆڵ بردە شاری بانە و سەقز و دوایە لە شاری سنە نێژران. هاشم کەریمی لە لاپەڕەی ١٢٣ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە لەگەڵ دەستەی سمایلی شەریفزادە کەسێکی دیکەشیان لەگەڵ بوو بە ناوی عەبەڕەش خەڵکی بانە کە بە برینداری خۆی بە دەم ئاوەکە دا بوو و نەجاتی ببوو. عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ١٢٧ ی ئەزموونی خەبات دا لەسەر محەممەدی شاممانی دەنووسێ: "میرزا محەممەدی شاممانی کوڕی بیوەژنێک بوو بە ناوی ئەستێیە مەنگوڕ. تفەنگەکەی ئی خۆی بوو. کە ئەو شەهید بوو پووڵێکیان بۆ دایکی بردبوو گوتبوویان ئەوە پووڵی تفەنگەکەیە. ئەستێیە مەنگوڕ گوتبووی ڕۆڵە گیان ئەمن ئەو تفەنگەم بە پووڵی تەشیڕێسییە بۆ محەممەدی کڕیوە. ئێوە ڕێگاکەی ئیدامە بدەن دیسان بە تەشیڕێسی پێنجی دیکەشتان بۆ دەکڕم. پووڵەکەی لێوەرنەگرتبوون.

سمایلی شەریفزادە کەسایەتێکی شۆڕشگێڕی نیشتیمان پەروەری لێهاتووی کۆڵنەدەر بوو. مامۆستا هەژار بۆ یەکەمجار لە قەلادزێ چاوی پێی دەکەوێ و لە لاپەڕەی ٤٥٤ چێشتی مجێوردا ئاوا باسی دەکا: لام وابو ئەو لاوە ناسک و نازدارە ناتوانێ مانگێک لەو کێوە هەڵکا، کەچی زور زو ببو بە پێشمەرگەیەکی مەزبوت.

لە سەر شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە، برایم یۆنسی (برایموک) نووسەر و وەرگێڕی گەورەی کورد، لە لاپەڕەی ١٤١ کتێبی "هەتا سبەی ماڵئاوا" لە زمانی لاوێک، بە شێوەی رۆمان باسی ئەو رووداوە دەکا و دەنووسێ: لە چایخانەیەک بیستوویە کە تەکاوەر لە پێشدا رۆیشتبوون. گوایە پێشەکی کوێخای دارێنە خەبەری بە پاسگا دابوو، کە بە گوێرەی خەبەرێک کە ئەو وەریگرتووە، شەریفزادە و هاوڕێکانی پێرێ شەو لە ماڵە سۆفی رەحمان نانیان خواردوە و رۆیشتوون. مامورەکان سوفی رەحمانیان گرتبوو، لە لێپرسینەوەدا دەستێکیان شکاندبوو، سۆفی رەحمان شوێنەکەیانی درکاندبوو: گوایە لە دۆڵی دارێنە بوون. تەکاوەر گەمارۆی دۆڵەکەیان دابوو، جاش وەپیشیان کەوتبوون. تەقە و تێکهەلچوون دەستی پێکردبوو، دووسێ کەسیان لێکوژرابوو، هێلیکۆپتێرەکان بەشداریان کردبوو. دەگەڵ ئەمەش شەریفزادە و هاوڕێکانی خۆیان گەیاندبوە بەرزایی و بەرگریان کردبوو. ئەم تیکهەڵچوونە سەر لە بەیانی دەستی پێکردبوو، هێشتا زۆری مابوو بۆ شەو. فیشەک و

تەقەمەنیان تەواو ببوو، دوایین نارەنجەکی بۆخۆی راگرتبوو، زامنەکەی کێشا بوو و خۆیان کوشتبوو...

رەشید ئەحمەدی کە پێشتر بۆ ماوەیەکی زۆر پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوو و بە هۆی نەداری و دەستەنگی و خێزانی زۆر، خۆی تەسلیم بە رێژیمی کردبۆوە و دەڵێ بە مەجبووری لەگەڵ هێزەکانی رێژیم کەوت، لە لاپەڕەی ١٦١ کتێبەکەی دا لە سەر شەڕی دارێنە و شەهید بوونی سمایل شەریفزادە دەنووسێ: کات ئێوارەدرەنگان بوو. شەڕەکە لە سەعات ١٠ی بەیانییەوە دەستپێکردبوو. گوایە بە گوتەیەک کە دواتر بیستمان شەو ئیسماعیلی شەریفزادە و هاوڕێیانی دەچنە گوندی دارێنەی سەروو. کوێخا شەریفی گوندی کێلەشینی سەر بە شارستانی سەقز کە پیاوی ساواک بووە، ماوەیەک بووە وەک خۆفرۆشێک لە جلی پێشمەرگایەتیدا لەگەڵ ئەو جەماعەتە بووە و ئەو شەوە کە دەبینێ دارێنە لە چەند کیلۆمەتری گورهانی سیاومەیە، بە دەرفەتی دەزانێ لە کاتی نۆبە پاسەوانی خۆیدا لە پەنجەرەکەوە تەقە لە ئیسماعیل شەریفزادە دەکا و برینداری دەکات. ئیسماعیل بەهۆی برینەکەوەی ناتوانێ زۆر لە ناوچەکە دوور بکەوێتەوە، تەنیا ئەتوانێ لە نزیک دارێنەی سەروو لەگەڵ هاوڕێکانی لەنێو دۆڵ و چۆمەکەدا بچنە نێو بیشووشاخێکەوە و لەوێدا سەنگەر دەگرن. کوێخا شەریفیش هەر ئەوکاتە هەڵدێ بەرەو گورهانی سیاومە و خۆی تەحویل دەدا. گورهانی سیاومەش هەر ئەو شەوە بێسیم دەکات بۆ گوردانی ژاندارمری بانە. ئەوانیش گورهانی کۆخان، سەر بە ژاندارمری بانە، و هەروەها هەنگی سەقز ئاگادار دەکەن. گورهانی کۆخان ئەتوانن بەهۆی ماشینەوە لە یەکەم کاتەکانی دەسپێکی شەڕدا بگەنە شوێنی شەڕەکە. فەرماندەی هەنگی سەقزیش بە جەماعەتێک ژاندارمەوە دێن بۆ شۆینی شەڕەکە. جەماعەتی جاشەکانی عەبدوڵلا خانی شەهیدی لە سیاومەوە ماشینیان بۆ دەچێت و لەگەڵ جەماعەتی حەمە خانی یونسی لەگەڵ گورهانی بانە دەگەنە شوێنی شەڕەکە. سەرجەم ژاندارمری و جاش جەماعەتیان زیاتر لە سێ سەد چەکدار بووە. ئەم هێزە دەکەونە پشکنینی ئەو کێو و بیشوو و چۆمەی دارێنە و تەقە لە هەر شوێنێک کە گومانیان لێی هەبووە دەکەن. دەوروبەری نیوەڕۆ هەست دەکەن کە جەماعەت لەو بیشەوو و شاخەدا سەنگەریان گرتووە، ئەوجا بە هەموو جۆرە چەکێک تەقە لەو شوێنە و دەوروبەری دەکەن. دەکرێت بڵێم ئەو دەوروبەرە بە ئاگری گوللەی چەند جۆر چەکەوە شوێن نەمابوو گوللەی بەرنەکەوتبێت. ئیتر دڵنیا دەبن کە ئەوەی لەوێدایە هەموویان کوژراون. کاتێ ئێمە گەیشتینە بەرزایی پشتی ئەو شوێنە ژاندارم و جاش تەقەیان لە ئێمەش کرد کە پێیان وا بوو پێشمەرگەین چونکە ئێمە جلوبەرگی کوردیمان لەبەردا بوو. هاوارمان کرد تەقەمان لێ نەکەن. لەلایەکیش ئەفسەرەکەی بەرپرسی گروپی ئێمە کە بێسیمی دەستی پێبوو ئاگاداری کردن و تەقەکە ڕاوەستا. لە جەماعەتی ئێمە جاشێک سەرچیغ گوللەیەکی لێدرا بەڵام برینەکەی شتێکی وا نەبوو. بەدوای یەکترناسین ئیتر تەقە بەتەواوی بێدەنگ بوو. جەماعەتی جاش و ژاندارم هەموویان لە چۆمەکە پەڕینەوە. هەموو هاتن بۆ بەری گوندی هەڵۆ. کاتێ کە

ژاندارمەکان هاتن بۆلای ئێمە جەنازەی شەهید شەریفزادە و هاوڕێکانیان بە ئێسترەکانەوە بوون. بەم شێوەیە شەڕەکە تەواو بووبوو کە جەماعەتی ئێمە تێیدا بەشدار نەبووین.

رەشید خانی ئەحمەدی لە قسەکانی دا دەڵی دوایە بە شێک لە هێزەکانی رێژیم گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان و بەشێکیش چوونە گوندی هەڵۆ و لە درێژەی دا دەنووسێ: ئەو شەوە ئەفسەرەکان بەگشتی و هەر سێ سەرۆک جاشەکان لە ماڵی دهبان میوان بوون، باقی جەماعەت لە ماڵەکان دامەزرابووین. جەنازەکانیش لەگەڵ چەند ژاندارم و جاش لە مزگەوت بوون. من لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لە ماڵێک بووین. کەسێک بە ناوی حەمەی سلێمان بەگ، کە پیاوێکی ناسراو بوو و لە ڕابوردوودا ئاغا و خاوەن موڵک بووە بەڵام بە هۆیەکەوە موڵکەکانی لەدەستدابوو و هیچ سەروەت و سامانێکی نەمابوو، بەتەنیا لەو گوندە دەژیا. ناوبراو هات بۆلام بۆ ئەو ماڵە. دیارە پێشتر یەکترمان دەناسی. کاتێ هاتە ژووری یەکسەر هاتە پەنامەوە و دانیشت. منیش بەگەرمی بەخێرهاتن و ئەحواڵپرسیم کرد. هاتە بن گوێمەوە و بە سرتە پێی گوتم من متمانەم بە تۆ هەیە، ئەمەوێ هێندێ شت هەیە بۆت باس بکەم...، سوێندت ئەدم بە گۆڕی باوکت ئەگەر یارمەتیم نادەیت تووشی گرفتاریم مەکە. گوتم بەڵێنت پێ ئەدەم هەرچێ لەدەستم بێت یارمەتیت ئەدەم. گوتی چوومە مزگەوت لەبەر ژاندارمەکان نەموێرا لە جەنازەکان بچمە پێشەوە بەڵام ئەوەی من بزانم یەکیان جەنازەی مەلا عەزیزە. پرسیم مەلا عەزیز کێیە؟ گوتی دەڵێن ئەو کەسە وەک من بزانم خەڵکی مەهابادە و ناوی ئەسڵی ئیسماعیلی شەریفزادەیە و فەرماندەی پێشمەرگە بووە و پیاوێکی زانا و بەتوانا بووە. ئەو کەسە چەند جار بە نهێنی هاتۆتە ئەم گوندە و گوندەکانی دیکەی بانە و خەڵکێکی زۆر دەیناسن. من پێموایە لەو ساکەی ئەودا کە لەپشت سەریەوە دانراوە زۆر بەڵگە و ناوی خەڵکی تێدایە، بۆیە ئەگەر دەکرێت هەر چۆنێک بێت ئەو بەڵگانە نەکەونە دەستی حکومەت دەنا خەڵکێکی زۆر گرفتار دەبن. ئەگەر بێتو ئەو بەڵگانە لەنێو بچن، کارێکی زۆر جوامێرانەیە. لە وەڵامدا گوتم من ناتوانم بەڵام هەوڵ ئەدەم ئەگەر ئەحمەد خان هاوکاری بکات ئەتوانین بە یارمەتی ئەو ئەو کارە بکەین. هەستاین و ڕۆیشتین بۆ ماڵی کوێخا. جەماعەتی سەرۆکەکانیش لەوێ بوون. نزیک بووینەوە پاسەوانەکانیان دەنگیان داین، ئێمەش خۆمان ناساند و چووینە پێشەوە. پاسەوانەکان ژاندارمێك و جاشێك بوون. بە پاسەوانە جاشەکەم گوت کارم بە ئەحمەد خانە، ئەتوانی بچیت لە دەرگاوە ئیشارەی لێ بکەیت کە بێتە دالانی ژوورەکە و پێی بڵێ ڕەشید لە دەرەوە وەستاوە و کاری پێتە. دوای چەند دەقیقە ئەحمەد خان هات و بەیەکەوە لەگەڵ حەمەی سلێمان بەگ لەو شوێنە دوور کەوتینەوە. داواکەی حەمە بەگم بۆ گێڕایەوە و پێیشم گوت بە باوەڕی من ئەمە کارێکی باشە و خزمەتێکە بە خەڵکی ناوچەکە و تۆیش ئەتوانی ئەم کارە بکەی. ماوەیەك بێدەنگ بوو، پاشان گوتی زۆر باشە با بڕۆین بۆ مزگەوت. گەیشتینە مزگەوت و چووینە ژووری. چرا لەنتەرێکیان لە نزیک کوورەی ئاگرەکە لە خوارەوە دانابوو کە زۆرتر رووناکی بۆ دەوروپشتی خۆی هەبوو. چەند ژاندارم و جاشی لێبوون و خەریکی خواردنەوەی چایی بوون. ئێمە کە چووینە ژووری هەموویان هەڵسانە سەر پێ و ئەحمەد خان هەواڵی پرسین و هەموو

دانیشتینەوە. جەنازەکان لە نزیک مەحرابەکە ڕاکێشرابوون. جەماعەت پشتیان لە جەنازەکان بوو. من و ئەحمەد خان بە هێواشی هەستاین و بەبۆنەی تەماشاکردنی جەنازەکانەوە چووینە پێشەوە. حەمە بەگیش کە فارسییەکی باشی ئەزانی ژاندارمەکانی بە قسەوە سەرگەرم کرد و ئێمەش چووینە سەر جەنازەکان. ئەحمەد خان بە جەنازەکاندا گەڕا و بەو ناونیشانەی کە حەمە بەگ دابووی چووە سەر جەنازەی شەریفزادە و ساکەکەی کردەوە، ئەوەی کاغەز بوو دەریهێنان و خستنیە نێو گیرفانی خۆی. دوایی گەڕاینەوە لای جەماعەت و چەند دەقیقەیەک دانیشتین و دواتر هەستاین ڕۆیشتین بۆ قەراغ ئاوایی. حەمە بەگ شارەزای نێو گوند بوو، گوتی با بچینە سەر ئەو تەندوورە. تەندوورەکە هێشتا ژیلەمۆی تێدا مابوو. حەمە بەگ چەرخی هەڵکرد، ئەحمەد خان گوتی وەیکوژێنە، ئێستا باش نییە. چەرخەکەی



سمایل شەریفزادە

کوژاندەوە. ئەوەندەی لێی حاڵی بووین هەمووی نامە و وێنە و ئەو جۆرە شتانە بوون. ئیتر لەوە زیاتر بە گونجاومان نەزانی لەو کاتە حەساسەدا زیاتر لەو جێگە وەمێنین. زۆرتر هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە ئەو نامە و بەڵگانە هەر چییەک بن نەکەونە دەست ساواک. ئەوە بوو زۆر بەپەلە ئەحمەد خان خستنیە نێو تەندوورەکەوە و سووتان.

جەولەیی سمایلی شەریفزادە و هاوڕێیانی بۆ دارێنە، پەیوەندی بە گەڕانەوەی سولەیمانی موعینییەوە هەبوو و ئەوان چاوەڕوانی ئەو بوون کە بۆ کاری تایبەتی چوو بوو بۆ عێراق. سولەیمانی موعینی سێ چوار ڕۆژ دوای شەهید بوونی شەریفزادە و هاوڕێیانی، لە گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی خەیانەتی قادر تەگەرانی، بە دەستی پێشمەرگەی پارتی دێموکرات گیرا و دەستبەسەر کرا.

سمایل شەریفزادە کەسایەتێکی شۆڕشگێڕی گەورەی جوڵانەوەی ٤٦- ٤٧ بوو. پێشتر زۆری مەبەست بوو بچێتە دەرەوەی وڵات و بخوێنی و لەو ریگایەوە خزمەت بە نیشتمانەکەی بکا. لە ساڵەکانی ١٣٤٦ چەند جار چوو بۆ دەوروبەری مەهاباد و داوای لە برایمی برای کرد کە ١٠ هەزار تەمەنی وەک بەشە میرات بداتێ تا بچی بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام هەر نەیدایە، تەنانەت جارێک داوای شوێنەکەی کرد بوو کە راپۆرتی لێبدا.

شەریفزادە پیاوێکی جوان چاک وێچوو و لە لای خەڵک زۆر خۆشەویست بوو. ئەو لە ساڵی ١٣٣٠ کە منداڵ بوو لەتەنیشت خوانچەیەک لەسەر کورسییەک دادەنیشت و وردەواڵەی

دەفروشت. بە پێی لاپەرەی ١٦٥ بیرەوەرییەکانی هاشمی کەریمی، سمایلی شەریفزادە لە ساڵەکانی پێشمەرگایەتی دا کتێبی بەرگرییەکان (دفاعیات)ی خوسرەو روزبەی وەرگێڕابووە سەر کوردی و دابووی بە سیڕاجی کە بە هۆی حیزبی شیوعی لە عێراق بۆی چاپ بکا، بەڵام چاپ نەکرا. لە کۆنگرەی ٣ هاشم کەریمی داوا لە محەممەد موهتەدی کە دەگەڕاوە بۆ ئوروپا دەکا کە ئەو کتێبە بەری و لەوێ چاپی بکا. ئەویش بەڵێن دەدا و کتێبەکە لە حیزبی شیوعی وەردەگرنەوە و بەڵام کاک محەممەد بەڵێنێکەی نەبردە سەر و کتیب تێدا چوو.

موسلیحی سێخولئیسلامی لە شێعریک دا بە ناوی دارێنە ئاوا بە سمایلی شەریفزادە هەڵدەڵێ و لە چەند بەیت دا دەنووسێ:

**دارێنە**

بەهارێکی روو بە خەم بوو    ئاسۆ لێڵ و روو بە تەم بوو
قژی دارێنە خوێناوی    بەسەر سمکۆدا دەڕوانی
سمکۆ ماندووتر لە جاران    رێگای دەبڕی دەگەڵ یاران
چەکی دانابووە سەر شانی    شۆڕە لاوی موکریانی
...

مامۆستا هێدی شاعیری گەورە لە لاپەڕەی ٢٣٩ کتێبی "کاروانی خەیاڵ"دا، لە دەستە شێعرێک، لە ژێر سەردێری چۆمی کۆدەڵ، باسی ئەو رووداوە دەکا و دەڵێ:



شەهیدانی دارێنە

## " چۆمی کۆدەڵ "

"کۆدەڵ"[1] ئێســتاشــی ســرەوتن ناوێ
ســینگ لە بەرد ئەکوتێ پریشــک داوێ
هەڵـوەدا و شــــلوێ بە چـۆل دا وێـڵە
چـاوە هەر لـێـڵ و دەراو هەر لـێـڵە
ئەو کە ســـالان خوڕو، مەنـدو، گۆمی
قەڵـپەزەی ئـاوی لە مـاڵـی چـومـی
وتــئەزانــی کە هەمــوی کــافــورە
ئێســـتە بە خوێنی شـــەهیدان ســـورە
کەفی شـــێتـانە دەچـێنـێ و دەگەڕێ
لە تەنیشـــت دار و دەوەن تێـدەپەڕێ
ســـەر بەســـەر ئـاودر و خر دادەگرێ
هـێـنـدێ دەڕوانـێ لەوێـش رادەبـرێ
نە "شـــەریفزادە" لە هیچ کوێ هەســتی
دێـتەوە گوێ نە "محەمەد ئەســـتـی"
نە "حـوســـێـن رابـی" ئـیـتر لەو نـاوە
هەڵــمەتـی نـیـوە شـــەوانـی مـاوە
نە لە جـێ یەک "عەلـی عەولا کـۆڵـی"
مـاوە هەڵ مـاڵـێ لە دوژمـن قـۆڵـی
دێ و دەنـاڵـێـنـێ لە دوری ئـازیـز
ســـەرەی شـــێواوی دەنێتە لم وخیز
نە دوایـی دێ نە دەبـڕێ شـــیـنـی
وەکو کۆســـــت کەوتە دەچێ نـاڵێنی
دەگەڵ ئەســـرینی من ئـاواڵە ئەویش
هەر دولا لـێـڵـن ئـیـتر بـۆیە مـنـیـش
هەرچی فرمێســـکی لە چـاودا مـاوە
لــێــرە دەی رێــژمە ئەو ســـەرچـاوە

---

[1] ناوی روبارێکە لە گوندی دارینە لە ناوچەی بانە. شەریفزادە و هەڤالەکانی تری لەو شوێنە لە ناوچەی بانە شەهید بون لەسەر روبارەکە.

## مەلا ئاوارە

یەکێک لە ئەندامانی نێوبەدەرەوەی کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان مەلا ئاوارە بوو کە لە ڕۆژی ١٩٦٨/٥/١٠ لە گوندی "دیوالان"ی ناوچەی سەردەشت، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی، محەمەد ئەحمەد "مەلا کەچە" و ڕەحمان وتمان چاوشین، بە هۆی چەند خۆفرۆشێک، کەوتە داوی رێژیم و دەستبەسەر کران و ڕۆژی ١٩٦٨/٥/٢٠ لە سەردەشت گوللەباران کران.

سەرهەنگ عامری فەرماندی نیزامی شەڕەکانی ٤٦ - ٤٧ بە مەبەستی تیکشکانی ئەو جولانەوەیە رایەڵێکی سیخوڕی بە هێزی لە خائینان پێکهێنا و لێبراوانە بۆ نەمانی ئەوان تێکۆشا. ناوبراو لە لاپەڕەی ٦٣ کتێبی "نقاب" دا باسی پەیەندی خۆی و ئەحمەدی شەمامی دەکا و ئەوەی کە ئەحمەد شەمامی چۆن داوای لێکردووە کە راستەوخۆ پێکەوە تەماسیان هەبێ چۆن ئەحمەد رێنموونی کردووە بۆ لە بەین بردن و کار لەسەر سێ دەستە بە رێبەری سیاسی مەلا ئاوارە کە ٣٠ کەس بوون و کەسی دووهەم مەلا رەحیم (مەلا رەحیم لۆمانی کە خەڵکی زێوەی بوو) کە ئەوانیش ٢٥ کەس و هەڵمەت کە فەرماندەی دەستەی زەربەربەت بوو و ١٤ کەس بوون و دەڵی کە ئەوانە گشتیان بۆ ئازادی کوردستان کاریان دەکرد. عامری دەنووسێ کە ئەحمەدی شەمامی پێیگوتووە کە ئەوان (پێشمەرگەکان) بە هۆی خەڵک بەخێو دەکرێن و بە رۆژ لە دەرەوەی ئاواییەکان بەسەر دەبەن و شەوانەش دێنەوە نێو خەڵک. ملا ئاوارە لە حەدی خوێندن و نووسین دا سەوادی هەیە و مەزهەبییە. مەلا رەحیمیش لەوەی کە بێ ماڵ و حاڵ و بشاخانەوەیە ناڕەحەتە و گوتویە کە ئەو حەڕەکەتە بە هیچ کوێ ناگا و ئەگەر بکرێ بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی باشترە. لەسەر هەڵمەت ئەحمەدی شەمامی بە عامری گووتوە کە کەس و کاری ئەو ژیانی باشیان هەیە و لە کاری ئەو رازی نیین و هەڵمەت بۆ حاجی برایمی بێتووشی کە خزمێتی زۆر رێز دادەنێ و ئەگەر ئەو بیهەوێ دەتوانێ هەڵمەت مەجبوور بکا کە تەسلیم بێتەوە.

بە پێی رێنموونییەکانی ئەحمەدی شەمامی، عامری بە هۆی قادری رەسوڵ ئاغا بە لیباسی کوردی و بە بێ چەک دەچتە ماڵە حاجی عەولا خاڵی هەڵمەت لە ئەسپە مێزەیە داوای لێدەکا کە بۆ ئەمین کردنەوەی هەڵمەت هاوکاری بکا. ئەو بەڵینی دەدا و پێکەوە دەچنە ماڵە حاجی برایم، خاڵی هەڵمەت لە ئاوایی ئالانێ. لەوێ عامری داوا دەکا کە راستەوخۆ چاوی بە هەڵمەت بکەوێ تا قانعی بکا کە خۆی تەسلیم بکاتەوە. حاجی برایم بەڵێنی دەدا کە رابسپێرێتە هەڵمەت و عامریش لەوێ دەمێننەوە. شەوێک عامری و حاجی برایم لە ڕێگایەک دا تووشی کەسێک دەبن حاجی داوای لێدەکا کە ئەوان بەرێتە لای هەڵمەت. کابرا دەڵی دەبێ پرسی پێبکەم و هەڵمەت رازی بێ دەنا ئەمن ناتوانم ئەو کارە بکەم. ئەوان رازی دەبن و لەوێ چاوەڕوان دەمێننەوە. لێرەدا عامری لەسەر کەسایەتی هەڵمەت پرسیار لە حاجی برایم دەکا و ئەو دەڵی کە هەڵمەت زۆر مێهرەبانە و ژن و منداڵەکانی زۆر خۆش دەوێ و رێز بۆ گەوران دادەنێ. عامری دەڵی بەو قسانە خۆشحاڵ بووم کە لەگەڵ کەسێکی زۆر لەخۆرازی رووبەڕو نابم.

عامری دەنووسی کە دوای نیو سەعات هەڵمەت رێگای دا کە بچینە لایان. لە هەورازێکی ئەولاتر چەند کەس ئاوریان کرد بووە و کەترێکیان وەسەر نابوو. هەر کە ئێمە گەیشتینە ئەوێ هاتن و لە ئامێزیان گرتین و ماچیان کردین. دوایە حاجی برایم داوای لە هەڵمەت کرد کە پێکەوە، بە بێ ئەوانی دیکە قسە بکەین. لەوێرا دەچنە ماڵە حاجی عەبدوڵای ئەسپە مێزە و لەوێ بە تەنیا لەگەڵ هەڵمەت قسان دەکەن و حاجی عەولا دەڵی کە سەروان بۆ خزمەت بە تۆ هاتووە بۆ ئیرەو و هاتووە یارمەتی ژن و منداڵت بدا، تا ئەتۆ خۆت ئەمین بکەیەوە. ئەتۆ ناتوانی بەوەندە فیشەکە لەگەڵ ئەرتەشی ئێران شەڕ بکەی. عامری کە رەنگە راست نەکا لە لاپەڕەی ٦٩ دا دەڵێ هەڵمەت گوتوویە کە ئەوان کێشەیان لەگەڵ پاسگاکان نییە بەڵکوو کێشەیان لەگەڵ سپای دانیشە کە دێن بە کچ و کوڕانی ئێمە دەرس دەڵێن. حاجی بە توندی بە گژ هەڵمەت دادەچێ و دەڵی کە ئەوانە هاتوون کچ و کوڕی ئیمە باسەواد بکەن. عامریش باسی سپای بێهداشتی بۆ دەکا. بەمشێوە نیزیک ٥ بەیانی هەڵمەت دەڵێ دەبێ بڕۆین رۆژ دادێ و ئێمە ناتوانین لێرە بمێنینەوە. عامری دەڵی ئەویش لەگەڵیان دێ. هەڵمەت پێی دەڵی ژیانی ئەوان سەختە و ئەو بۆی تەحەمول ناکری. عامری دەڵی ژیانی من لە ئێوە سەختتر بوو و بە بێ حاجی عەولا و حاجی برایم لەگەڵیان دەکەوێ و دەچن بۆ گردی زەرتکە. ئەورۆژە پاش شکاندنی سەخەوێک عامری لەگەڵ هەڵمەت درێژە بە قسان دەدەن و شەو سەعاتی ٨ شەو بەرەو شوێنێکی نادیار ورێدەکەون و دوای ٤ سەعات دەچنە ماڵە کاک رەسوول لە ئاواییەک کە حاجی برایم و حاجی عەولاش لەوێ بوون. پاش تاوێک حاجی عەولا بە عامری دەڵێ هەڵمەت دیهەوێ خۆی تەسلیم بکا.

شەو هەڵمەت و حاجی برایم و حاجی عەولا و عامری لەگەڵ هەڵمەت دادەنیشی و هەڵمەت دەڵی کە ئەمن لەگەڵ ئەو دەستەیە بەڵێنم داوە بۆ ئازادی کوردستان هەوڵ بەدم و تێبکۆشم. حاجی برایم و حاجی عەولا بەسەری دادێن و ئامۆژگاری دەکون کە ئەو کار ناکرێ و دژوار بە چەند سەد کەسێکەوە بە گژ ئەو رێژیمە دا بچی. ئەوە بوو هەڵمەت لەگەڵ خزمەکانی و قادراغا دەچێ لەگەڵ پێشمەرگەکانی قسە دەکا و لە سەعات چواری بەیانی هەموو رازی دەبن کە خۆ تەسلیم بکەنەوە. ئەوە بوو عامری رادەسپێرێ کە بەیانی دوو هێلیکۆپتێر بێنە گەردەنەی زەردکە بەمشێوەیە هەڵمەت بە خۆی بە ١١ پێشمەرگە خۆیان تەحویل داوە و لە ٣ خانووی نێو پادگانی سەردەشت جێگیر کران. دوایە بۆ بەیان هەڵمەتیان بردە تاران و ٥ رۆژ لە هۆتێل هیلتۆن میوانداریان لێکرد و سەردانی شوێنە نیزامییەکانیان پێکرد.

لەو رێکەوتەوە هەڵمەت و هاوکارەکانی بوون بە پیاوی رێژیم و راستەوخۆ لە عەمەلیاتەکانی رێژیم دا بە دژی هاوسەنگەرانی پێشوویان دا بەشداریان دەکرد و گەلاڵەیان دادەرشت.

عامری لە لاپەڕەی ٧٣ دا دەنووسێ کە دەنگۆی ئەوە هەبوو کە هەڵمەت و پیاوەکانی بە سەزای خەیانەت بکوژرین و دەڵی رۆژێک لە قاوەخانەی زمزیران لای داوە و رەحمانی قاوەچی پێگووتوە کە عەولای موعینی کە هەمووکات ٣٠ تا ٤٠ پێشمەرگەی لەگەڵە، گوتوویە کە دەبێ عامری بکوژری چوونکە لەگەڵ خەڵک زۆر لە پەیوەندی دایە و دەتوانێ زیانمان پێبگەیەنی و دوایە رەحمان چووتە

بن گوێ عامری و پێی گوتووە کە عەولا ئێرە چۆڵ نکا و لەو گەردەنەیە دا چەند شوێنی عەنبار و ئەرزاقی و چەک و چۆڵی هەیە.

سەرهەنگ عامری ئەو جار بۆ تێکشکانی دەستەی دووهەم تێدەکۆشێ و لە لاپەڕەی ٧٧ کتێبی "نقاب" دا باسی ئەوە دەکا کە چۆن ئەحمەدی شەمامی بە نەهێنی بانگی کردۆتە کۆڵانێکی چۆڵ و ئاگاداری کردووە کە کوڕێک هاتووە و پێیگوتووە کە ٣ کەس لە دەستەی مەلا ڕەحیم هاتوونە ئاوایی و دەیانەوێ ئەوشۆ یان سبەی شەوێ دەزگیرانەکەی لێ هەڵگرن. عامری بە فەوری بە هێلیکۆپتێر خۆ دەگەیەنێتی ئەو ئاوایە و گەمارۆی دەدا. کەسێکی چەکدار کە ویستبووی هەڵی دەیگرن. دوایە کەسێکی سەر بە ڕێژیم بەلای ماڵاکان دا دەڕوا و بەسەر ئاماژە بە ماڵێک دەکا. ژاندارم دەوری ماڵەکە دەدەن و عامری داوای تەسلیم بوونیان لێدەکا بەڵام ئەوان وڵام نادەنەوە دوایە دەڵێ نارنجۆکو دەباڵ داوێم. لەکاتەدا کەسێک دێ و بە عامری دەڵی ئەوانە خزمی منن ئەگەر ئیزن بدەی دەچم قسەیان لەگەڵ دەکەم تا تەسلیم بن. عامری قبووڵی دەکا و ئەوانیش دەڵین ئەگەر لێیاننەدری ئازار نەدرێن تەسلیم دەبن. بەمشێوەیە ئەو ٣ چەکدار گیران و لە سەردەشت زیندانی کران.

هەر لە درێژەی هەوڵدانی عامری بۆ نەمانی دەستەی مەلا ڕەحیم، ناوبراو لە لاپەڕەی ٨٤ دا دەنووسێ کە ڕۆژێک حاجی برایم کوێخای پاسگای بێوران هات بۆ دیتنم و گوتی کە مەلا ڕەحیم دەیهەوێ خۆی هەر بە تۆ تەسلیم بکا. عامری لەگەڵ سەرهەنگ بیات و هەڵمەت، دەستەیەک هەڵدەگرن و دەچن بۆ بێوران. لەوێ عامری و بەیات و هەڵمەت دەچنە ماڵە حاجی برایم و چاویان بە مەلا ڕەحیم دەکەوێ کە دوو تفەنگچی لەگەڵ بووە. لە دەستەی مەلا ڕەحیم ١٢ کەس حازر نەبوون کە خۆیان تەسلیم بکەنەوە بۆیە بە پێشنیاری مەلا ڕەحیم و بە زەمانەتی حاجی برایم بڕیار درا کە ئەو بە نەهێنی بمێنێتەوە و ئەوانی دیکەش پەشیمان بکاتەوە. عامری و سەرهەنگ بەیات دەگەڕێنەوە بۆ سەردەشت. سەعات ١٠ بەیانی تەتەرێک دەچێتە لای عامری دەڵی هەر دوازدە کەسەکەی کە لەگەڵ مەلا ڕەحیم بوون حازرن خۆ تەسلیم بکەنەوە. عامری و سەرهەنگ بەیات دەچنە بێوران و بە ماشێنی تا نیزیک سەردەشتێیان دێنن و لەوێشرا بۆ ئەوەی خەڵک بیانبیینن بە پێیان بەرەو پادگان وەڕێ دەکەون. عامری دەنووسێ کە خەڵک خۆشحاڵ بوون و چەپڵەیان لێدەدا.

بە پێی لاپەڕەی ٨٨ کتێبی عامری ناوبراو لە دەستەی هەڵمەت و مەلا ڕەحیم دەستەی چریکی دلاوەریان پێکهێنا و لە ژاندارمەری دا دامەزران.

سەرهەنگ عامری لە لاپەڕەی ٧٦ کتێبی "نقاب" دا باسی ئەوە دەکا کە لەگەڵ هەڵمەت بڕیاریان دا کە دەستەیەکی ٢٠ کەسی ئامادەبکەن وەک پێشمەرگە بچن لە شاخان بمێننەوە و بە دوای ئاوارەدا بگەڕێن. بۆیە دوازدە ژاندارم و ٨ کەس لە دەستەی هەڵمەت هەڵدەبژێرێ. عامری لە لاپەڕەی ٧٩ دا دەنووسێ کە شەوێک وەڕێکەوتوون دوای ٥ سەعات چوونە ئاوایی وەردێ. لەوێرا دەچنە ئاوایی دیواڵان و لە دەوروبەری ئاوایی کێشک دادەنێن. ئەگەر تەماشا دەکەن لە شوێنێک کەسێک وەک کێشکچی سەردەدێنێ و سەر دەباتەوە ژووری. عامری و هەڵمەت و کەسێکی دیکە

لە سەر زەگ و بە خشکە بۆی دەچن و لە دە میتری کابرا دەیانبینێ و جنێویان پێدەدا و تفەنگێکیش داوێ و خۆی لە ماڵەکە داوێ. عامری بە فەوری ماڵەکەی گەمارۆ دەدا و ڕێگا نادا کەس لە ئاوایی وەدەرکەوێ.

هەڵمەت بە کوردی بەسەریان دا دەگوڕێنێ کە لە گەمارۆ دان و تەسلیم بن بەڵام کەس دەنگ ناکا. دوایە عامری بە فارسی دەگوڕێنێ کە تەسلیم بن دەنا نارنجۆک و دەباڵ داوێم. خەڵکی نێو ژوورەکە پەنجەرەکیان شکاند و داوایان کرد کە ڕێگا بدن ئەو ژن و منداڵە بێنە دەرێ و هەروەها گوتیان پیاوێکی گەورەی لێیە دەیهەوێ لەگەڵ عامری قسان بکا. عامری دەڵێ ئەو پیاوە گەورەیە کێیە؟ ئەوان دەڵێن مەلا ئاوارە. هەڵمەت لە خۆشیان لولەی تفەنگەکەی لەسەری خۆی دا. عامری دەڵی داوام لە ئاوارە کرد داوخوازەکانی بڵی. مەلا ئاوارە دەڵی بێرێزیم پێمەکەن و لە نێو خەڵک دا سواری کەرێم مەکەن و لێم مەدەن. عامری قەولی شەڕەفی پێدەدا. لەو کاتەدا خەبەر هات کە هێزێکی چەکدار بەرەو ئاوایی دێن. عامری محەممەدی بریاجی کە موسەلسەلی پێبوو نارد تا تەقەیان لێبکا و لە نێویان دا تەقە ساز بوو و چەتەکان(پێشمەرگەکان) بە هات و هاوار دوور کەوتنەوە. ئاوارە دەڵی ئەوە چ بوو؟ عامری دەڵێ ئەوە دەستەوە دایرەی تۆبوون نەیانتوانی بێنە ناو ئاوایی و ئێستاش چەک دابنی تەسلیم بە. مەلا ئاوارە بە سێ کەسەوە خۆی بەدەستەوە دا بردیانن بۆ مزگەوتێ.

دوایە عامری چوونکە بێسیمی پێنەبووە داوا لە کوێخا دەکا کە دوو کەسی بۆ پەیدا بکا و دوو نامە دەنێری بۆ سەردەشت هەتا بەیانی بۆ بردنەوەی ئاوارە هێلیکۆپتێریان بۆ بنێرن.

لەوکاتەدا دیسان نەفەراتی ئاوارە هێرشیان هێنا بەڵام بە تەقەی ژاندارم هەڵاتن. بەیانی سەعاتی دووی نیوەڕۆیە دوو هێلکۆپتێر گەیشتنی و عامری دەنووسی کەتا ئێوارێ مانەوە و لە جێگای شەڕەکە سێ بریندار و کۆژراوێک لە دەستەی ئاوارە دیتەوە و ئەوانیان لەگەڵ خۆیان برد.

عامری دەنووسێ کە دوای سێ ڕۆژ پرسیار و لیکۆڵینەوە لە ئاوارە، فایلی بۆ ساز کرا و ڕەوانەی جەڵدیان کرا و لە دادگای زەمانی شەڕ دا حوکمی ئیعدامی بۆ درا و لە سەردەشت تیرەباران کرا.

مەلا ئاوارە لە کاری تەشکیلاتی دا، کادریکی بەوەج بوو. زورتر بە تەنیا دەگەڕا و هەر شەوێ لە مالێک و لە جێیەک بوو. شێوەی کاری نەهێنی مەڵا ئاوارە، بە لای ریژیم دا زۆر مەترسیدار و جێێ نیگەرانی بوو، بۆیە هەوڵی دا بە هەر شێوەیەک بێ لەناوی بەرێ. ڕێژیمی ئێران بۆ ئەوکارە ویستی هەم لە دۆستان و هەم لە ئەندامانی پێشمەرگەی هاوسەنگەری خۆی کەڵک وەرگرێ. لە ساڵی ١٣٤٦ عەبدوڵای حەسەنزادە بە هۆی دۆستایەتی زۆر لە گەل مەلا ئاوره گیرا و ئەفسەری پاسگای ژاندارمەری بۆ دۆزینەوەی مەلا ئاوار، داوای هاوکاری لێکرد و مامۆستا لە لاپەڕەی ٥٠ ئەزموونی خەبات دا دەنووسێ: ... هاوکاریی وا نا کە ئەمن جاسووسیی بۆ بکەم. زۆر زیرەکانە بۆم هات. گوتی ئەمن دەمەوێ مەلا ئاوارەی ببینم. بۆ من لەداوخستنی سولەیمانی موعینی هیچ کارێکی نیە. هەمیشە بەخۆی و دە پازدە بیست کەسەوە دەگەڕێ. لە هەموو جێیەکی کەشفە. هەر وەختێکی بمەوێ دەوری دەدەم و دەشی گرم، یان دەشی کوژم. بەڵام پێم خۆشە مەلا ئاوارەی

ببینم، مەلا ئاوارەم بۆ نابینرێتەوە. مەلا ئاوارە شەوێ لە هەر جێیەک بێ بەیانی دەزانم. بەڵام نازانم شەوی ئایندە دەچێتە کوێ. چونکی بەتەنێ دەگەڕێ، سەر لە کاری مەلا ئاوارەی دەرنایەنم. پێم خۆشە مەلا ئاوارەی ببینم. ئەتۆ ئەمن بگەیەنە مەلا ئاوارەی. کارەکەت هەر ئەوەندەیە. دێم بەبێ چەک، بەبێ ڕەفیق، کوێم بۆ دادەنێی دێمە ئەوێ. لەوێڕا دەمبەیە کوێ بمبە. لەوێڕا دەمبەیە کوێی دیکە بمبە. دوو جێ، سێ جێ، لە جێیەک دەگەڵ مەلا ئاوارەی دامنێ. دەمەوێ قسەی دەگەڵ بکەم وا بکەین ئەو ئاڵۆزییە لە بەین بچێ. بزانین داخوازییان چیە. ئەمنیش لەپێشدا لێی پرسیبووم دەیناسی گوتم ڕەفیقمە. گوتی چەند جارت دیوە؟ گوتم نازانم. گوتی چۆن نازانی؟ گوتم هێندەم دیوە نازانم چەند جارە. چونکە ئیدی حاشا نەدەکرا. ئی ئەوانی دیکە حاشا دەکرا. مەسەلەن گوتی سولەیمانی موعینیت چەند جار


مەلا ئەحمەدی شەڵماشی (مەلا)

دیوە؟ گوتم پێم وایە دوو جارم دیوە. دەحاڵێکدا کاک سولەیمانیشم بە دەیان جار دیبوو. ئی وی دەکرا بەڵام ئی ئاوارەی حاشاکردنی نەدەکرا. ئەمنیش گوتم باشە نازانم کەنگێم بۆ دەبینرێتەوە بەڵام هەوڵ دەدەم وەیبینم. گوتی ئاخر چۆن وا دەبێ؟ گوتم ئاخر بابە گیان کابرا خۆ ئازاد نیە. شوێنی ئیداریی نیە. پاشان ئازاد نیە بچێتە هەر جێیەک خەڵک بزانێ. کەوابێ دیتنەوەی وەختێک دەخایەنێ. مەجبوورە بشگەڕێ. خۆ ئەو ناتوانێ هەر لە جێیەک دانیشێ. ئەتۆ ناڵێی لە هەر جێیەک دەبێ سبەینێ دەزانم؟ گوتی ئەو ڕەمەزانەی نەهاتۆتە دێیەکەی ئێوە؟ گوتم نازانم. گوتی دوو شەوان لەوێ بووە چۆن دەڵێی نەمدیوە؟ گوتم ئەمن ناڵێم نەهاتوە، دەڵێم نەمزانیوە. گوتی چۆن؟ گوتم خۆ ئەو نایە بۆ دیتنی من. ئەو بۆ کاری خۆی دێ. ڕاستیشی نەدەکرد. دوو شەو نەبوو، سێ شەو بوو. هەر سێ شەوانیش هەتا بەیانی پێکەوە بووین.

مەلا ڕەسوڵ پێشنماز لە لاپەڕەی ١٣٤ بیرەوەرییەکانی دا، لە باسی مەلا دا، دوای ئەوە دەڵێ کە زۆرتر لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، دەنووسێ: ئەو نامەیەی کە لە گوندی دیواڵان دوای لە

داوکەوتن بۆ هەڤاڵەکانی نووسیوە، لاوازی لە ورەیدا دیارە. ئەگینا هەڤاڵەکانی دەبوو رزگاریان بکردایە.

مەلا رەسووڵ پێشنماز لە لاپەڕەی ٢٢١ دا باسی پلانێک دەکا کە بۆ رزگاری کردنی مەلا داڕشتووە و دەڵێ پەیوەندی بە سەرهەنگێک کردووە و ئەو پێیگوتووە کە : لەسەر بەڵێنی ئێمە خۆی رادەست کردووە، هێندێک پرسیاری لێدەکەین و ئازادی دەکەین".

مەلا رەسووڵ پێشنماز لەسەر ئەو پلانەدا کە زۆر گوماناوییە، دەڵێ کە لە بری تەحویل دانی قادر شەریف، مەلا ئازاد دەکرا و دوایە هاوکات ئەو فەرماندانە گشتیان دەستبەرسەر دەکران و قادر شەریفش ئازاد دەبوو، بەڵام کارەکە سەری نەگرت.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٥٢ کتێبی ئەزموونی خەبات لەسەر لە داوکەوتنی مەلا دەڵێ: جا دەمەوێ بڵێم مەلا ئاوارە لەڕاستیدا لەو ڕێگایەوە تەڵەی بۆ دانراو گیرا. ئەوان (ئێرانییەکان) کە ئەوەیان زانیبوو بە هۆی هێندێک پیاوی خۆیانەوە داستانێکیان خوڵقاندبوو. دیارە داستانەکە هەبوو، ئیختیلافی دوو بنەماڵان لەسەر مڵک. بەڵام هانیان دابوون کە مەلا ئاوارەی بانگ بکەن بۆ حەللی مەسەلەکە. ڕێکیش نەکەون هەتا درەنگ دەبێ. نەیەڵن بڕوا هەتا بەیانی. خەبەریش بە کاربەدەستان بدەن کە لەوێ دەورەیان بدەن. ئیدی ئەوان لەوێ دەبن هەتا بەیانی ئەو دوو ماڵە ڕێک ناکەون. بەیانی کە دەیەوێ بڕوا، هەر ئەو خاوەن ماڵەی دەستی دە پیلانەکەدا هەبوو دەڵێ بۆ کوێ دەڕۆی؟ نابینی هێلیکۆپتێر وەک ڕەوە کۆتران بە عاسمانێ دا دەگەڕێن؟ ئیدی مەلا ئاوارە بەو تەریقەیە گیرا. وایان کردوە ئەو شەوەی نەڕواو ئەو ڕۆژەش بزانن لە کوێیە. ئیدی هاتبوون دەورەیان دابوو کە ئەوە داستانێکی دیکەیە.

رەحمان کاژەیی کە لە تەمەنی ١٦ ساڵی دا، یەکیک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ساڵانی ٤٦-٤٧ بوو. لە سایتی ماڵپەری گیارەنگ دا، لە وتووێژ لەگەڵ شلیر حەسەن پوور، بە درێژە باسی گرتنی مەلا دەکا و دەڵێ کە لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٧ دا چەند رۆژێک بوو نیزیک بە ٣٠ پیشمەرگە هاتبوونە لای مەلا و کۆببوونەوە کە باسێ وەزع و گیروگرفتەکان بکەن. رۆژێک رەحمان شەخسی کە ئەویش پێشمەرگە بوو، لە ئاوایی دیواڵان را هات و لەگەڵ مەلا سرتەیکی کرد. دوایە شەو مەلا بانگی مەلا رەحمان کاژەیی و لەتیف نەقشبەندی دەکا و دەڵی کە لە دیواڵان کاری هەیە و پێیان دەڵێ کە ئەوان لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە بچنە سەرشیوو و نێوی شەویان لەگەڵ دادەنێ کە دوایە یەکتر بگرنەوە. مەلا دوایە لەگەڵ رەحمانی شەخسی و مەلاکەچە کە هەر دوکیان پێشمەرگە و خەڵکی دیواڵان بوون دەچنە نیو ئاوایی. پێشمەرگەکانی دیکەش دەچنە ئاوایی سەرشیو و بەسەر ماڵان دا دابەش دەبن. شەو ساعەتی ١٠ شەو تەقەی دوو تفەنگان لە لای دیواڵان را دێ و پێشمەرگەکان بە پەلە بەرەو ئەوێ وەڕێدەکەون و لە سەعاتی ١١ شەو دەوری ئاوایی دەگرن. ئاوایی ئارام بووە و تەنیا دەنگی سەگان بیستراوە. شەهید قەرەنی ناسراو بە عەلی رەش بە ٣ پێشمەرگە دەچنە سەر حەوزی ئاوایی و سەنگەر دەگرن. لە نیزیک حەوزەکە چەکدارێک دەبینن و تەقەی لێدەکەن. بە تەقەکە لێوە سوانەی ماڵێک ئاور دەگرێ و تەقە لە هەموو لایەک دەست

پێدەکا. پێشمەرگەکان لە نێو تەقەکە دا بانگی مەلا  و هاوڕیانیان دەکەن بەڵام کەس دەنگی لێوە نایە و نێو بە نێو تا بەری بەیانی شەڕ بەردەوام دەبێ. مەلا رەحمان لە درێژەدا دەڵێ:

پێشمەرگەکان ورەیان زۆر بەرز بوو. شەهید ساڵح لاجانی کە تەنیا کەسێکی بەتەجرووبە و پێ کراو بوو لە نێوماندا و پێشمەرگەیەکی تا رادەیەک کۆن و کارامە و بە ئەزموون بوو و لە شۆرشی کوردستانی عێراق دا چالاکانە بەشداری کرد بوو، زیاتر ئەرکی فەرماندەیی بە دەستەوە گرت بوو و شوێنەکانی جێگری بوونی پێشمەرگەکان و هەروەها دیاری کردنی چەند کەنالێک بۆ هێرش کردن و دابەش کردنی دوو سێ گروپی چووکە بۆ بەرگری و هێرش بەرانی خستە ئەستۆی خۆی.

زۆر چاوەروان بووین هیچ هەواڵێکمان گیر نەکەوت، لە تەواوی ئەو گوندە کەسێکمان نەدی لە ماڵ بێتە دەر و جووڵە بکات. پەلەوەر وحەیواناتیش بە کەمی دەدیتران، هەر وەک ئەوە ئەو گوندە خاپوور بووبێ. دەوری کاتژمێر ٩ی بەیانی بوو، هەلیکۆپتەرێک لە ئاسمانی ناوچەکە پەیدا بوو، دیار بوو نەفەر هەڵگر بوو و خەریکی ئەوە بوو بچێتە ناو گوندەکە و لەوێ بنیشێ، بەڵام پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد و ناچار بوو بگەرێتەوە بەرەو سەردەشت.

دوای گەرانەوەی هەلیکۆپتەرەکە و نێو سەعاتێک دواتر، پیرێژنێک لە نێو ماڵان را بەرەو شوێنی ئێمە وێ هەڵگەرا و وردە وردە تا گەیشتە لای ئێمە، زۆرمان پێ خۆش بوو، پێمان وابوو هەواڵێکی لە چەند و چۆنی جاش و ژاندرمەکان و هەروەها وەزعی  و هاورێکانی بۆ ئێمە پێیە، بەڵام کاتێک گەیشتە لای ئێـمە، تەنیا نامەیەکی پێچراوەی چووکەی پێ بوو کە  نووسیبووی، تەنانەت ئەو نەیدەزانی ئەوەی نامەکەی داوەتێ کی بووە، دەیگووت: بە منیان گوتووە ئەو نامەیە بەرە بۆ ئەوبەری بۆ ئەوەی گوندەکە وێران نەبێ. کاتێک نامەکەمان کردەوە، تەنیا سێ چوار خەتێک بوو، بە ناوی رەمزی من و لەتیف نەقشبەندی نووسرا بوو، داوای کردبوو "ئەگەر دەتانهەوێ من رزگارم بێ، دەوری گوندەکە چۆل بکەن، دڵنیا بن من رزگارم دەبێ".

پیرێژن گەرایەوە و پێشمەرگەکان زیاتر لە گوندەکە نیزیک بوونەوە، لە کۆڵانێک را یەک دوو جاش و ژاندارم خەریکی ئەوە بوون بە لا شیوێک را بەرەو بەرزاییکی گوندەکە وەسەرکەون، پێشمەرگەکان زۆر بە تووندی جاشەکانیان وەبەر رێژنەی گوللەی چەکەکانیان دا، دیار بوو پێکرا بوون و کوژراو و برینداریان هەبوون. چوونکە ئەگەر تەقە تاوێک بێ دەنگ دەبوو، یەکێک بە راکردن دەهات و کەسێکی بە خیشکە خیشک بۆ لای شوێنی ئەمن و بەرەو خوارەوە راکێش دەکرد.

ئەو وەزعە هەروا درێژەی کێشا تا دەمی نیوەرۆیە، دیسان پیرێژن وێهەڵگەرایەوە و نامەیەکی دیکەشی هێنا. ئەو جارەیان نامەکە فەرقی هەبوو لەگەڵ هی پێشوو. لە نامەی پێشوو دا وێدەچوو بە زۆر و بە تەهدید پێیان نووسیبێ. بەڵام جاری دووهەم ناوی رەمزی و روون کردنەوە و باسی ئەوکاتە کە لە بەردەسوور لێک جیا بووینەوە ولە هەمووی گرینگتر ناو و رەمزی شەوی نووسیبوو کە بە زۆر ناکرێ ئەو کارە بکرێ، چوونکە تەنیا ناوی شەو من دەمزانی لەگەڵ خۆی کە دەکرا شتێکی دیکە بنووسێ بێ ئەوەی ژاندرمەکان هەست پێ بکەن.

دوای ئەوە، چەند کەسێک کۆبووینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ناوەرۆکی نامەکە و هەروەها بۆ ئەوەی کە دەبێ چ بکەین؟ دیارە ئێمە ناکۆکی مان کەوتە ناو، بەشی هەرە زۆر نەزەریان ئەوە بوو کە خۆی تەحویل داوە و ئەو شێوە چوونەشی بۆ دیوالان، تەنیا بۆ سەر لێشواندنی ئێمە بووە، بە تایبەتی شەهید ساڵح لاجانی و مەلا سمایل زەرگەتەنی و هیندێ لە هاورێیانی دیکەش زۆر توورە بوون و لە راستیش دا فەرماندەیی لە دەست ساڵح لاجانی دابوو.

لە لایەک نارازی بوونی زۆربەی پێشمەرگەکان لە نامەکانی ، لە لایەکی تر بێ هەواڵی لە چەند و چۆنی جاش و ژاندارمەکان و وەزعی و هاورێیانی، وای کرد کە تووشی سەر لێشێواوی و دڕدۆنگی بین و نەتوانین بریاری هێرش بۆ ناو ئاوایی بدەین، یا لانی کەم درێژە بە گەمارۆ دانی زیاتری ئاوایی بدەین تا زیاتر وەزعەکەمان بۆ روون بێتەوە.

لە کۆتایی دا گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە دەوری گوندەکە چۆل بکەین، بە وشەی پاشەکشە شوێنەکەمان بە جێ هێشت بۆ ئەوە: "بزانین فەرمایشتەکانی بە قازانجی گشتییە یا هەر ئی خۆی؟" دوای رۆیشتنی ئێمە دەرکەوت کە جاش و ژاندارمەکان لە مزگەوت کۆبوونەوە و لە بیری ئەوە دا بوون کە خۆ بە دەستەوە بدەن، بەشەرتێک کەسیک دلنیایان بکات کە ناکوژرێن و ئازاد دەکرێن، خۆ تەسلیم دەکەن، بەو حاڵەشەوە لە تەواوی ئەو گوندە دا پیاوی تێدا نەبوو لەو حاڵەتەی جاشەکان ئاگادارمان کاتەوە.

مەلا رەحمان لە درێژەدا، لەوە بەداخە کە کاوە مەرەغانی کە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا بوو لەوێ نەبوو. دەنا ئەو خۆی لە نێو ئاوایی داویشت و ی نەجات دەدا. مەلا رەحمانی کاژەیی لە درێژەدا دەنووسێ کە ماوەیەک دوای شەهید بوونی مەلا ، کاوە پێشمەرگەکانی رێکخست و بە تۆڵەی مەلا و هاوڕێیانی لە ناوچەی سەرشیو، پەلاماری دەستەیەک جاش و ژاندارمی دا هەموویان کوژران و تەنیا کەسێکیان لێدەرچوو.

کەریمی حیسامی لە ژێرنووسی لاپەڕەی ١٢٢ بەرگی ٣ ی بیرەوەرییەکانی دا، دوای ئەوە باس دەکا کە مەلا بە دەهۆی حەسەن سەلک، خەڵکی دیوالان دەچی دەگەڵ ژاندارمان وتووێژێ دەکا و دەیگرن، دەنووسێ کە پێشمەرگەکان ئاگادار دەبن و دەوری ئاوایی دەگرن و تەقە دەکەن، بەڵام مەلا دووجار نامەی بۆ نووسیون و داوایان لێدەکا کە تەقە نەکەن و دەوری ئاوایی چۆل کەن. کەریمی حیسامی دەقی نامەکانی هێناوە کە بەمجۆرەیە: نامەی یەکەم:

برایان دیسان دووپاتی دەکەمەوە تو خوا بۆ خاتری خودا بۆ خاتری ویژدانتان تەقە مەکەن. ئێمە لە ناو دەچین. ئەگەر لەوە زیاتر درێژە بە تەقە کردن بدەن حەتمەن حەتمەن ئێمە لە ناو دەچین و دەکوژرێن. براتان : جەماڵ.

نامەی دووهەم: برایان کاوە، میرزا باپیر، میرزا کەریم، میرزا رەشید و باقی برایانی دیکە. دووبارە پێتان رادەگەینم وێژدانتان هەبێ، شەرفتان هەبێت بۆ خاتری خودا چیدی تەقە مەکەن. کوڕە ئێمە تا ئێستا زۆر زۆر باشین. رەنگە بڵێن ئەوە خەتی مەلا نییە. لەبەر ئەوەی زۆر نارەحەتم بە تەقە کردنتان بۆیە جوابم بۆ نانووسرێت. نیشانەمان ئەوەیە کە نەهینی شەوترادیمان شۆڕش بوو. لەو

لای ماڵان تووشتان بووین. قەرەنی بە توندی کاک رەحمانی دەنگ دا. ئەی هاوار بۆ وا دەکەن، بۆ بە فیرۆ ئێمە لە دەست دەدەن. هەر بمێنینەوە باشترە. ئەگەر بۆ مەتانە تەقە راگرن.

ئەگەر مەبەستیشتان لەناوچوونی ئێمەیە ئەوە ئارەزووی خۆتانە. ئەوە ئاخرین نامەیە کە بۆتان دەنووسم.

"جەماڵ"

مامۆستا هیدی شاعیر گەورە لە لاپەڕەی ٢٤١ کتێبی "کاروانی خەیاڵ" لە شێعری "گوندی دیواڵان" دا دەڵێ:

## گوندی دیواڵان

هەڵکشا ئیتر ئەوە زەردەی خۆر
زەردەیان گرت پەمەیی و ئاڵ و مۆر
با لەپێ توند کەمەوە بەن کاڵان
لێرەوە سەربرە بۆ "دیوالان"
رێ دەگەڵ وەش گەلێ کەم مەودایە
هێندە باریکە دەڵێی هەودایە
من بە چالاکی کە وەک تاوێرم
کە دەرۆم لێرە شەقاو دەژمێرم
لە هەر ئەشکەوت و خرێک رادەبرم
رادەوەستم برێ هەست رادەگرم
دیمەنی جوانە بەڵام وە دیارە
رێی مەترسی هەیە بۆ " "
تا بڵێی گوندی بە داو و کەڵەکە
بەدهۆن زۆر و بە فێڵ و تەڵەکە
حەوشەیان تۆڕن وماڵیان بنەیە
هاندەری لێیە خەریکی دنەیە
زرەکوردی وەکو کەو دەخوێنن
دەست و دڵ پیس و دم بە خوێنن
ناسرەوتن ساتێ نە رۆژێ نە شەوێ
بانگ دەکەن خۆیی ئەویش چەشنی کەوێ
دەیبەن و دەی خەنە داوی دوژمن
دێننە جێ مەرجی شەرەف دۆراندن
کوردە بۆیەک دەبنە نێچیروان
کورد نەبێ کێیترە نێچیری وان
پەت و سێدارە ئیتر هەڵ دەخرێن

لاوی تێکۆشەری پێدا دەکرێن
جاڕ دەدەن جا هەمو گوند و گەڕەکان
بێن و رێیەک بخەنە "سەرکەنەکان"
بێن ببینن کە "شەهید "
سەری چەند بەرزە لەسەر سێدارە
چۆن "حەمەد ئەحمەد" و "رەحمان وەتمان"
بووەتەن مردن و سەریان نەچەمان
هێشتە هەر چۆن لە گەڵی و دارستان
دەگەرێ دەنگی "بژی کوردستان"
گوند نیە بنکەیە بۆ
خۆ فرۆشتن لەوێ ئێستەش ماوە
نەتەوێی کوردن ئەگەرچی کوردن
لە بەرانبەر گەلی کورد رو زەردن
نابێ دڵ خۆش بێ بەوە بێگانە
کوردی کوشتن، ئەوە کوردستانە
تا پتر خوێن برژێ لەو ناوە
شۆرشی گەورەتری بەدواوە

## گیرانی سولەیمان موعینی

سولەیمانی موعینی کارگێڕی سەرەکی راپەڕینی ٤٦ – ٤٧ بوو و جیا لە رێژیمی ئێران کە بە توندی لە هەوڵی کوشتن و لەبەین بردنی دابوو، پارتی دێموکراتیش لەبەرانبەر بە شۆڕشی باشووری کوردستان بە ملۆزمی گەورە و بە هاوکاری باڵی مەکتەبی سیاسی دادەنا و لە هەوڵی گرتنی دابوو. ئەگەرچی سولەیمان موعینی ئەو مەترسییە گەورانە لەسەر بوو بەڵام زیادە لە حەد کەمتەرخەم بوو و بە ئاسانی لە داو کەوت.

بەر لەوەی کە سولەیمانی موعینی بگیری، مەلا رەسووڵ پێشنماز لە لاپەڕەی ٢١٥ بیرەوەرییەکانی دا دەلێ کە سولەیمان نامەیەکی دووسێ لاپەڕی بۆ بارزانی نووسی و دای بە حاجی مەحموود ئاغای هێرۆ کە بیدا بە دەستی و دەنووسێ: ... سولەیمان لە دوو سێ لاپەڕەدا نامەیەکی بۆ بارزانی نووسێ و بۆی خویندینەوە، لە هەمووێ هەر بە ناوی بابە گەورە ناوی هێنا بوو، داوای گەڕانەوەی کرد بوو بەو مەرجە بۆ خۆی شوێنی بۆ دیاری بکات و هەر جێگایەکی ئەو بلێ بگەڕێتەوە ئەوێ...

لە ساڵی ١٣٤٧ سولیمانی موعینی لەگەڵ حەمەدەمینی سیراجی بە نەهێنی گەڕانەوە بۆ ناوچەی شۆڕش لە کوردستانی باشوور و چوون بۆ بەغدایە. ئەو سەفەرە بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی تودە بوو کە کەریمی حیسامی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوان دابوو. ئەمیر قازی، لە

لاپەڕەی ١٨٥ لە بیرەوەرییەکانی دا باسی ساڵی ١٩٦٨ دەکا کە لە ئاوایی پیرمەمکە" لە بناری قەندیل، شوانێک پێی‌گوتووە: ... شەوی رابردوو کاک فایق و کاک حەمەدەمین میوانی ئەوان بوون و دوایە بەو تیشە بەردانەدا روویشتوون. کاک ئەمیر پێوایە کە بۆ پەیوەندی لە گەڵ حیزبی شوعی هاتوتەوە. دوایە کاک ئەمیر رێی دەکەوێتە بەغدا و دەچێتە ئیدارەی رۆژنامەی برایەتی (التاخی) کە پارتی دەری دەکرد و چاوی بە کاک حەبیب حەمەکەریم دەکەوی و ئەو بە کاک ئەمیر دەڵێ: کاک ئەمیر! کاک فایق لە بەغدایە، من چاوم پێ‌کەوتەوە با بە هەمووان هەوڵێکی دیکە بدەین بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتە.

کاک ئەمیر و کاک حەبیب پێکەوە بەڵێن دەدەن کە هەریەکە لە لایەک را هەوڵ بدەن. راست لەوکاتانەدا سولەیمانی موعینی و حیزبی تودە لە بەغدا دانیشتنیان هەبووە، بەڵام کاک ئەمیر ناتوانێ کاک فایق ببینێتەوە و دەچێتە ماڵە رەشەی قاچاغچی لە سولیمانییە. رەشە ئاگاداری دەکا کە کاک فایق لە ماڵە قادر تەگەرانییە و لە سەر چاوپێکەوتنی ئەو مەحتەلە. کاک ئەمیر رازی بەوە نابی کە لە ماڵە قادر تەگەرانی کاک فایق ببینێ. ئەو پێیوابوو کە قادر جاسوسی چەند لایەنەی ئێران و بەغدا و بارەگای بارزانییە. بۆیە کاک فایق دێتە ماڵە کاک رەشە و ئەوان تا بەری بەیانی پێکەوە دادەنیشن.

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٨٦ کتێبی بیرەوەرییەکانی دا، باسی ئەو چاوپێکەوتنی دەکا و بەڵێنی پێدەدا کە ئەگەر کاک سولیمان بگەڕێتەوە بۆ کوردستان باشوور، هەوڵ بدا نێوانی بارزانی لە گەڵ ئەو باش بێتەوە. کاک ئەمیر قەول لە کاک سولیمان وەردەگرێ کە خۆ لە قالە تەگەرانی نەدا، چونکە سیخوڕی چەند لایەنەیە و لەوێ را دەگەڕێتەوە بۆ لای بارزانی و میوانی مامۆستا هەژار دەبێ.

هەر لەوکاتانە دا، مریەم خان خێزانی سولەیمانی موعینی لە سەنگەسەر بە دەستی حەسۆ میرخان، راگیر کرا و حەقی نەبوو بچێ بۆ لای مێردەکەی. حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٢٨٥ ی بیرەوەرییەکانی دا باسی ئەوە دەکا کە سولەیمانی موعینی نامەی بۆ نووسێوە کە مریەم خانی خێزانی و کوڕەکەی لە ماڵە خۆی رابگری. بەڵام چونکە ئەو لەژێر چاوەدێری تووند دابووە، داوای لە سەید رەسووڵی بابی گەورە دەکا کە ئەو ئەرکەی بۆ بە ئەستۆوە بگرێ و ئەویش بەوپەڕی گەورەیی و دڵئاوایی ئەو ئەرکە قبووڵ دەکا و مریەم خان لە ماڵە خۆی رادەگرێ.

سولەیمانی موعینی لە سولەیمانییە را کەسێکی بە دوای خێزانی دا ناردە سەنگەسەر کە بچێ بۆ ئەوێ. حەسۆ میرخان ئاگاداری ئەو پەیوەندییە بوو و کابرای تەتەری گرت و زۆریان لێدا.

دوایە سولەیمان کەسێکی دیکەی نارد. دیسان حەسۆ میرخان ئەویشی گرت و ئەو پارەیەی لێ ئەستاند کە سولەیمان بۆ خێزانی نارد بوو. دوایە سولەیمان بڕیاری دا کە نامەیەک بۆ ئێدریس بارزانی بنووسێ کە لە لاپەرەی ١٠٥ بەرگی سێهەمی کتێبی "لە بیرەوەریەکانم" لە نووسینی کەریمی حیسامی دا هاتووە:

نامەی سولەیمانی موعینی بۆ ئێدریس بارزانی!

بەڕێز کاک ئێدریس بارزانی!

پێشەکی سڵاوێکی شۆرشگێرانە لە هەموو لایەک. ئەوەی سورە و باوکت لە رابردوو دا شارەزایە، خەبات و کۆڵنەدان و رەنج و ئازار و ئەشکەنجە و دەربەدەری و تاڵ سوێری و شەونخونی و چیا و چۆڵ و ئیمان بە بیرو باوەر بە گەڵ، لەو مەیدانی کردەوە و شۆرش و کارزاری ژیاندا وای قاڵ کردووم و تواندومیەوە کە لە کوردایەتی و حیزبایەتی و دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی و ناحەز بەو لاوە حەز لە هیچ ژیانێکی تر نەکەم و بۆی بە پەرۆش نەبم. لە ماوەی بیست ساڵ خەباتی بێ وچان و زیندان و دەربەدەریم بە تەئسیری خاو و خێزان و برادەرانم ئەوەندەم توانا پەیدا کرد لە ژیانمدا ئەوەندە دڵی خۆم رازی بکەم دەزگیرانێک پەیدا بکەم. پاش موخالیفەتێکی زۆری داگیرکەری کوردستان بە پەلە گوێستمەوە و بەرهەمی ژیانی تایبەتی کورێکم بێ بەڵام دوژمن وچانی پێ نەدام کەوتمە زیندان. سێ ساڵ ئەو ژنە چاوەڕوانی ئازادی منی کرد. پاش ئازاد بوونم ئەو بەرهەمە پێک هات، چاوم پێ نەکەوت دوور خرامەوە پاشان رام کرد بۆ کوردستانی عێراق. لە ماوەی چاردە ساڵ ژن و مێردایەتیدا لە پێناوی بیرو باوەر و ئازادی گەلی کورد تەنیا سێ مانگ چاوی بە من کەوت. منی عەوداڵی کوردستان تا پار چاوم نە بە خێزان و نە بە منداڵم کەوتوە. تازە گەیشتبوە ئێرە، دوو مانگ بوو لە ناو جەرگەی دوژمن و داگیرکەر دا خۆی گەیاندبوە وڵاتی ئازادکراو و کوردستانی ئازاد کە مێردەکەی چاردە سالان هەوڵی بۆ داوە و بەردی بناغەی بۆ داناوە، زۆر شاد و بەختەوەر بوو. بەڵام کاتی بیستی برادەری مێردەکەی بە بێ تاوان گیران و هەڵات هەڵاتیان وێکەوت و مێردەکەی ماوەی خواحافیزی نەبوو، بە بێ ئیمکان لە دەریای غەریبایەتیدا کەس ناناسێ بەجێماوە و لە پاشان تاڵان کرا و سووکایەتی بەسەر هات، مات و حەیران و گێژ ماوە. تەنیا گریان و قوڕ پێوان ئەیتوانی دڵخۆشی بداتەوە. لەو وڵاتە کە کەس ناناسێ رایکردووە و هاتە سەنگەسەر و لەوێ بە دەست بەستراوی مایەوە. کاتێک ئێمە جوتیارێکی هەژارمان نارد کە پارەیەکی پێ بگەیێنێ، کاک حەسۆ گرتی و تەحویلی حکومەتی داگیرکەری ئێرانی داوە. ئێستاش کە ئێستایە لە ژێر دار و ئازارداندا شەو و رۆژ دەکاتەوە. شەش منداڵ و دایکی پیر و خێزانی برسیەتی هەرەشەیان لێدەکا. ئەوەی کورد پەروەران فریای نەخەن نییانە بیخۆن. ویستمان لە قەڵادزە بێ هەتا بتوانین پێ رابگەین. بە هۆی دۆستانی کورد پەروەر هەوڵمان دا بەڵام لە لایەن حەسۆوە هەموو جەریمە کران و پارەیان لێ ئەستێنرا. تا ناچار بە هۆی باوەرپێکراوێک وەزعی خۆمان و خاو و خێزانمان هێنا گۆرێ و لێتان دڵنیا بووین. کەسێکمان بە ناوی محەمەد مەنگور بە نەهێنی راسپارد. بەڵام کاک حەسۆ ئەویشی گرت و لە بەندیخانەدا ئەوەندەی ئازار داوە لە پیاوەتی کەوتوە و ئێستاش هەر نەخۆشە و ئەناڵێنێ. ناچار سەر لە نوێ پێمان راگەیاندن بەرێزتان و باوکت وەعدەی تەواوتان دا کە ئەو ژنە رزگارە و ئێمە کارمان پێنەداوە. موافەقەتتان کرد کە رایگوێزین. پاش دڵنیایی تەواو کە بە حەسۆ راگەیەندراوە، نامەیەکی دۆستانەم بۆ حەسۆ نووسیو و بۆم روون کردەوە کە ئەو ژن و مناڵە یا خۆی بۆم بنێرێت یا تەحویلی راسپاردەی بدات. تکام لێکرد کە ئەو نامەیە بە نەهێنی بمێنێتەوە و قەزییەکە ئاشکرا نەبێ. لە وەڵام دا بۆی نووسیوم تۆ بە قسەی جلە و بلە هەستاوی پیاوی وانی نامەکەشی لە رۆژی جێژن دا کە هەموو کەسی سەنگەسەر و پێشمەرگە

لەوێ بوون خوێندوویەتەوە و کابرای ئازار داوە و پاش پشکنین و هەرەشە کە نەچێتە لای منداڵەکانی من بەرێی کردۆتەوە. هەر وەکی نووسیومە لە پێناوی شەرەفی نەتەوەکەمدا ژن و منداڵم مەبەست نیە هەر ئاوام. بەڵام لەبەر ئەوە کوردی ئێران دەزانێ لە پێناوی کوردایەتیدا ئەو ژنە رەنجی داوە و رەنج بە خەسار بووە، منیش پێی قەرزدارم، هەر بۆیە لێی ئەپرسمەوە و پێوە ماندووم. لام وایە هیچ قانون و عورفێکی دواکەوتوانە و عەشیرەتی و یا قانونی زۆردار و داگیرکەریش هێندە لە ژنان ناپرسێ و پێوەی ماندوو نیە. عەجەبا بۆ ئێوە بۆتە موشکلەیەک و خەڵکی ئێران و عێراق پێوابێ کە دەستی بەسەر داگیراوە و بەر دەست و دەست بەسەرە. کوردێکی ئێران و کەس و کارم توانای نەبێ لەو ژن و منداڵە بەندییە بپرسێتەوە و ئەوانیش ترس و وەحشەتیکیان لێ بنیشێ کە لە داگیرکەر وا نەترسا بن و ئەم حاڵە بە مردن و سووکایەتی بزانن.

لەو لایەشەوە حەسۆ میرخان لەبەر ئەوە نەکا ئەو ژن و منداڵە بە شەو راکا. ئاڵتون و جل و بەرگی وەک بارمتە لێ بگێرێتەوە و تەحویلی سەید رەسووڵی بدا و چوار دەوری لە جاسووس و خەبەرچین بتەنێ. ئاخر نابێ بزانین ئێمە چی مان کردوە؟ ئەگەر گۆیا ئێمەش تاوانبارین ئەو ژن و منداڵە غەریب و بێ گوناحە چیان کردوە؟ من ئەگەر سووچ و خەیانەتێکم لە خۆدا شک بردبا، ئەو ژن و منداڵەم نەدەهێنا و یان ئەگەر هێنام دەرفەتی ئەوەم هەبوو بۆ هەر شوێنێکی ئارەزووم هەبا رام گوێستبا. ئەوەش هەر دەلیلی راستی و کورد پەروەری ئێمەیە.

براگیان ئەوەی گوێ بیس بووی لە شوێنی باوەر پێکراوی خۆمان بۆمان هاتۆە لە سابلاغ قاوە گۆیا سازمانی ئەمنیەت هەوڵ دەدا کە ئەو ژنە لە دەستی ئێوە وەربگرێ و بە فێڵ بیباتەوە و تۆڵەی رابردووی منیش لەو ژنە خاکسارە بکاتەوە. ئەوە من لە هەموو لایەکەوە ژیانی خێزانم لە مەترسی دایە و هەرەشە لە ویژدانم ئەکا و پیلانی دوژمن چاوەروانیم دەکا. هەر چەندە لە پێناوی ئەڤین بە رێگا و خەباتم دا ئەویش هەر شانازییە بۆ من بە دەستی دوژمن نەک کورد.

جا من سەر دەرناهێنم لەو کارەی کە بۆ ژنێک و دوو مناڵ لە گۆڕێ دایە. هەر ئەوەندە تکام هەیە هەر وەکی لە دوو لاوە وەعدەتان داوە کە رزگاری بکەن ئەوە بە قەولی خۆتان وەفا بکەن، نامەیەک بنووسن وەڵام بدەنەوە تا کەسێکی بە دوا دا بنێرم بە بێ دەنگی لە شوێنێکی بێ سەر و سەدا لە دەستێکی ئەمین دا بێ. حەسۆش ئاگادار بکەن چیتر سیاسەتم لەگەڵ نەکا، کوردانە و مەردانە بێتە پێش. چونکە من حەز ناکەم دڵی کورد پەروەران لە ئێران و عێراق لەوە زیاتر موتەئەسیر بێت و چیرۆکی لێ دروست بکەن و دوژمن و نەیار و ناحەز پێ شاد بن. وەک نموونە بە ناوی ئاکارێک بیخەنە روو خۆی پێ گیڤ بدەن و لەو لایەشەوە ویجدانم قبول ناکا بۆ ژنێک چیتر کوردی هەژار بخەمە مەترسی لێدان و تەحویل دانەوە. پاش ناهومێد بوون لەو مەحاوەلەیە و نووسینی ئەو نامەیە ئەگەر وڵامێکی راستم دەستکەوت ئەوا بۆی ئەنێرم، ئەگەر بێ وەڵام مامەوە پەیمان ئەدەم واز لەو ژنە بێنم ئیتر لێی نەپرسمەوە بۆ ئەبەد و چیتر پێوە ماندوو نەبم . هەر رووداوێک لە ناردنەوە بۆ ئێران و تەسلیم بە دوژمن بە لایەک مەسئولییەتەکەی ئەخرێتە سەر شانی ئێوە. جا خۆتان و شەرەفی کوردایەتیتان بەرامبەر بە ژن و دوو منداڵی ئێخسیر و بێ تاوان.

له ئاخریدا ئەبێ ببووری کە هیچ کەسمان شک نەبرد دۆستێکی موتمەئین و دڵسۆز بێ بەرانبەرتان کە ئەو نامە بە نەهێنی بدا بە ئێوە ئەو برادەرانە نەبێ کە حەوڵماندا و وەسیلەمان پێکەوەنا. چاوەروانی وڵامتان ئەکەم بە حورمەتەوە.

١٩٦٨/٤/١٥


سولەیمانی موعینی و خێزانی و کوڕەکەی

دوای ئەوە سولەیمانی موعینی لە هاتنی خێزانی نائومێد بوو، ویستی لەگەڵ پێشمەرگەیەکی هەواڵی، بە ناوی خەلیل شەوباش، بە هاوکاری قالە تەگەرانی لە سولیمانییە را بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام قالە تەگەرانی لە نیزیک ماوەت، تەسلیم بە فەرماندەی لقی چواری پارتی کردن.

لەسەر شێوە گرتنی سولەیمانی موعینی ئەمیری قازی لە لاپەڕەی ١٩٠ کتێبی لەبیرەوەرییە سیاسییەکانم دا، دەڵێ کە چەند ڕۆژ دوای چاوپێکەوتنەکەمان سەرەرای وەعدە و بەڵێنی، قادر تەگەرانی جیبێکی لاندرۆر بەکرێ دەگرێ و کاک فایق و خەلییل شەوباش سوار دەکا و بۆخۆشی لە گەڵیان سوار دەبێ. ئەو پیشتر ڕۆژ و سەعات و شوێنی پێدا رۆیشتنیانی بە لقی ٤ راگەیاندبوو و ڕۆژی دیاری کراو سەدیق ئەفەندی بەرپرسی لقی چوار لە ئاوایی کانی بەردینە بە دەستەیەک پێشمەرگە، پیشیان پێدەگرێ و کاک فایق و خەلییل شەوباش دادەبەزێنێ و ئەسیریان دەکا و قادر تەگەرانیش هەر بەو ماشێنە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵە خۆیی.

هاوکات، جیا لە پارتی دێموکرات رێژیمی ئێرانیش بە چەند شێوە، پلانی گرتن یان کوشتنی سولەیمانی موعینی دارِشت بوو کە بێشک قالە تەگەرانی لێی ئاگادار بووە. رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ١٦٤ کتێبەکەی دا باسی ئەوە دەکا کە سێ ڕۆژ دوای شەهید بوونی سمایل شەریفزادە، رەئیسی ساواکی بانە بە دەستەیەک جاش و ژاندارم شەو دەچنە سەر چۆمی ئەنجینە و لە زمانی کەریم ئاغای تاژان یەکێک لە بەرپرسی جاشەکان، لە سەر گیرانی سولەیمانی موعینی دەگێڕێتەوە: سەروان شەفیق، ڕەئیسی ساواک، و نزیک بە بیست کەس ژاندارم و ساواکی، هەموو بە چەکی کلاشینکۆفەوە و ئێمەش ١٠ نەفەر بە سواری چەند ماشینێک بەرەو ئەنجێنە ڕۆیشتین. ماشێنەکامان لە ئەنجێنە لای پاسگای ژاندارمری ڕاگرتن. کاتێ هەوا تاریک بوو بەپێیان ڕۆیشتینە سەر چۆمی ماڵەدۆم بۆسەر بواری چۆمەکە (سنووری ئێران- عێراق). لەوێ بە درێژایی چۆمەکە لە بەری ئێرانەوە سەنگەرمان گرت. کاتێ هەوا هێندێک ڕووناک بۆوە دیتمان نەفەرێک بە سورای ئەسپێک دێت و ئێسترێکیش بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ. هاتنە سەر بوارەکە. ئاوەکە تۆزێک لێڵ بوو. ئەو کەسە هێندێ سەروخواری کرد تاکو ئاخری لە بوارەکە پەڕیەوە. کاتێ گەیشتە ئەمبەر بۆلای ئێمە،

جەماعەتی ساواکییەکان گەیشتنە سەری و کابرایان گرت. چاوم لێی بوو لەگەڵ سەروان شەفیق هێندێ قسەیان کرد و دوای ماوەیەك ئازادیان کرد. دوایی سەروان هات بۆلامان و گوتی ئەوەی ئێمە دەمانویست ئەنجام دراوە بەڵام بەداخەوە بە دەستی ئێمە نەکرا. ئەمەی گوت و فەرمانی گەڕانەوەی دا بەرەو ئەنجێنە. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت سەروان شەفیق هەستی بە هەڵەی خۆی کرد و دەستوری دا ساحەب وەڵاخەکان کە ساڵحە خڕەی خوشکەزای قادر تەگەرانی بوو بگرن و چەند زللە و سیخوڕمەیان تێکوتا، بەڵام شتێکی وا نەبوو، قۆڵیان بەست و تا ئەنجینە بەو شێوە بردیان. ئیتر لە ئەنجینە ساڵحمان نەدیەوە. چەند ڕۆژێکی پێچوو ساڵحە خڕەم لە خیابانی بانە دی پیاسەی دەکرد.

دانانەوەی ئەو کەمینە بۆ سولەیمان موعینی بووە و ئەو شەوە دەبوو ئەو و خەلیل شەوباش بەو شوێنەدا تێپەڕ بن. ئەوەش ڕەئیسی ساواک دەڵی کارەکە کرا بەڵام بە دەستی کەسانی دیکە، مەبەست گیرانی سولەیمان موعینی و خەلیل شەوباش بە دەستی قادر تەگەرانی بووە. پلانی گرتنی سولەیمان موعینی و خەلیل شەوباش زور بە بەرنامە بوو ئەگەر سولەیمان لە کەمینی قادر تەگەرانیش دەرباز بوو با دەکەوتە کەمینی جاش و ژاندارم لە دەراوی ئەنجینە. ئەگەر قادر تەگەرانی بۆخۆی لە کەمینی یەکەم دا بەشدار بوو لە کەمینی دووهەمیش دا ساڵحە خڕەی خوشکەزای، کارگێڕی سەرەکی بووە.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٩٤ چێشتی مجێور دا لە سەر گرتنی سولەیمان موعینی دەنووسێ: ژن و کوڕی فایق موعینی لە سەنگەسەر و لە ماڵە حەسۆ میرخانی ژاژەڵەییە. فایق چۆتە سولیمانی، چاوی بە فەرماندەی ئەرتەشی پێنجەم کەوتوە، قەولی چەک و یارمەتی لێ ساندوە. چۆتە بەکرەجۆ لای جەلال تاڵەبانی کە چەکداری دەوڵەتن و دژی بارزانین. هاتۆتە شاری سولەیمانی، میوانی شێخ لەتیف بوە. نامەیەکی بۆ حەسۆ میرخان نوسیوە کە: "ئێوە ژن و کوڕی منتان داگیر کردوە، کارێکی زۆر نامەردانەیە. ئەگەر نەتان گرتون، بیان نێرنە سیتەک، بۆ ماڵی شێخ لەتیف". ویستویە لە سنوری بانەوە بڕواتەوە دیوی ئێران، لە سەر چوارڕێیانی سیتەک ـ چوارتا، جێپەکەیان ڕاگرتوە کە فایقی تێدایە. "سەدیق ئەفەندی" ناوێکی لە کۆنەوە پێشمەرگە و خەڵکی سولەیمانی، کە هەمومانی باش دەناسی دای دەبەزێنێ: ـ کاک فایق کارم بە تۆیە. فایق بە لیباسی فەقێوە بێ چەک دەڵێ من فایق نیم و ناوم مەلاقادرە.

ـ هەر چییەک بێ ڕەگەڵم کەوە.

هەر لەوبارەوە مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٩٥ دەنوسی: چوومە وەسان، فایقم دیت کە لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی "خەلیل شەوباش" لە ماڵێکی چۆل دا حەپس کرا بوو، دوو چەکداری بارزانی لە دەرک و سەربان بوون. پێکەوە دانیشتین. کاک فایق نەقڵی گیرانی خۆی و شەوباشی بۆ گێرامەوە"...

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٩٥ دەنووسی: شێخ لەتیف بۆی گێڕامەوە کە فایق لە سولیمانی میوانی بوە، کاتێ گوتویە دەڕۆم، پێم گوتوە بە هیچ جۆر وامەکە "قالە تەگەرانی" بزانێ کەی دەڕۆی

و بۆ کوێ دەڕۆی، چونکە قالە جاسوسی سێ سەرەیە: بۆ بارزانی و بۆ ئێران و بۆ عێراق کار دەکا. گوتی باشە، بەڵام بەیانی کە هاتە خوداحافیزی، گوتی قالە تەگەرانی ماشێنی بۆ گرتوم بەڕێم دەکا.

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٨٦ ی بیرەوەرییەکانی دا باسی هەڵسوکەوتی بارزانی لەسەر گرتنی سولەیمانی موعینی دەکا و دەنووسێ: کات مانگی بانەمەڕی ١٩٦٨ و بارەگای بارزانی لە دیلمان لە شوێنی زستانی مانەوەی بارزانییە. مەرحومی مەلا مستەفا کە دێ چاوی بە ئەوان بکەوی، هەر لەدوورڕا بە دەنگی بڵێند دەلی: ″هەژار خراپ قەوماوە فایق گیراوە″.

ئەو قسەیە، ئاماژە بە کوشتنی جاشێکی گەورەیە کە پێشتر هەژار شێعری بۆ دانابوو. کاک ئەمیر لە لاپەرەی ١٨٨ بیرەوەرییەکانی دەنووسێ:" بارزانی هات دانیشت، بە خیرهاتنی کردین، رووی تێکردم و گوتی: دەڵێن فایق گیراوە، تۆ ئاگات لێیە؟" عەرزم کرد: "نەخێر ئاگادار نیم". ئەوجار مامۆستا هەژار پرسی:"کەنگێ و لە کوێ گیراوە؟" بارزانی گوتی:"نازانم عەمەراغا دا بانگی ئیدریس کە"... بارزانی پرسی: راستە دەڵێن فایق گیراوە؟" کاک ئیدریس گوتی: ئێمە بروسکەیەمان لە ئێران ڕا بۆ هاتووە، نوسیویانە سولیمان موعینی، ناسراو بە فایق ئەمین، لە لقی ٤ گیراوە، دەبێ بماندەنەوە دەست. هەر هێندەم ئاگا لێیە.

بارزانی گوتی: بە بێسیم لە لق بپرسە و هەر ئێستا خەبەرەکەم بۆ بێنەوە. رەحمەتی ئیدریس رۆیی و زۆری پێنەچوو گەڕاوە و عەرزی بارزانی کرد: بەڵێ راستە و لە ماوەت گیراوە.

نە مامۆستا هەژار، نەمن هیچ قسەیەکمان بۆ نەهات. ریسەکەم لێ ببوە بە خوری، پەشۆکابووم. لە ناکاو بارزانی فەرمووی: "ئەمیر! ئێستا من دەبێ چبکەم؟" گوتم: "ئەزبەنی نازانم دەبێ چی بکەی، بەڵان دەزانم دەبێ چ نەکەی". گوتی: چییە کە دەبێ نەیکەم؟ عەرزم کرد: فایق نابێ بکوژرێ و نابێ رادەستی ئێرانیش بکرێتەوە. ئەوەی دی هەرچییەک بێ دەگونجی. فەرمووی: جوابی ئیران چ بدەمەوە؟

عەرزم کرد: دەکرێ بگوترێ لە رێگای هێنان بۆ باڵەکایەتی، هەوڵی هەڵاتنی داوە. پێشمەرگەی حەرەس و کێشکچی، تەقەیان لێکردووە و کوشتویانە. با بنێردرێ بۆ ناوچەی "شێخان" و سنووری وڵاتی سورییە، لە ژێر چاوەدێری "حومیرخان بارزانی" دا لەوێ بمێنێتەوە". فەرمووی فکرێکی خراپ نییە، با بزانین چ دەکرێ". لە ماوەی نیو سەعاتییەدا، کە ئەو خەبەرە و قسانە هاتن و چوون، مامۆستا هەژار بێ دەنگ بوو. پێموابوو بە خەبەرەکە تاساوە.

هەرچەند ئەمیری قازی دەنووسی کە هەژار لەو کۆبوونەوەدا هیچ قسەیەکی نەکرد بەڵام مامۆستا هەژار لە لاپەڕێ ٤٩٤ دا لە سەر ئەوەی کە چ هەڵسوکەوتێک دەبی لەگەڵ کاک فایق بکرێ، ئاوا دەنووسێ: بە مەلامستەفام گوت ″راستە لە ناچاری خۆی چۆتە بەکرەجۆ و لای قاید فیرقە، بەڵام شتێکی وا لە هیچیان نازانێ کە ئێمە نەمان زانیبێ. ئەو داوای یارمەتی کردوە، قەولیان داوەتێ و هێشتا هیچی وەرنەگرتوە. راستە کارەکەی دژی کاری تۆیە کە دەگەڵ ئێران دۆستی، بەڵام بە بڕوای من بە هیچ جۆر نابێ ئەو دو کەسە نە بکوژی، نە بیاندەیەوە بە ئێران. لە جێگەیەکی دوردەست، لە سنور حەبسیان کە. بڵێ ناتان دەمەوە، بەڵام گرتومن و نایەڵم دژی ئیران بجوڵێنەوە،

بیانکە بە پەڕی قوماری بەرەندە. هەر وەخت ئێرانی کەوتنە بڕ و بەهانە دۆزینەوە، دەفەرموی من فایق و ئەحمەد تەوفیقم پێ بەخێو ناکرێ، بەرهەڵدایان دەکەم و ئازادن چدەکەن بکەن. ئێرانی زۆرت مەمنون دەبن کە ئەوانەیان دە گژ رانەکەی و نەبنە مایەی دەردی سەریان. کە لە حەبسی تۆش دابن، هەمو رۆژ ئەگەر بە پێویستت زانی دەتوانی فەرمانی کوشتنیان بدەی، بەڵام بە هیچ جۆرێک دڵم فتوا نادا کە تەسلیمی ئێران بکرێنەوە، چونکە لە دژی تۆ تەبلیغاتیان پێدەکەن، وەک چەند جار کردویانە".

دوایە بیستمەوە کە فایق و شەوباش کوژراون و لاشەکانیان دراوەتەوە بە ئێران".

ئەحمەد تۆفیق پێشتر قادر تەگەرانی بە کاک فایق ناساند بوو. فایق ویستی بە هۆی ئەو بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی رۆژهەڵات. قادر تەگەرانی لە ناوچەی بانە خەریکی دەسبڕی و قاچاغچێتی بوو. ئەو لە گەڵ ساواکی ئێران و حکومەتی بەعس پەیوەندی هەبوو. هەروەها کاری بۆ پاراستن دەکرد.

هەر لە سەر کەسایەتی قادر تەگەرانی کە بۆ هەموو لایەک کاری دەکرد، مامۆستا هەژار لە لە لاپەڕەی٥١٥ کتێبی چێشتی مجێور دەنووسێ کە کاتێک کە بیستویە  کە ئەحمەد تۆفیق دەیەوێ بەرواری بەجێ بێڵی و پەنا بۆ عێراق بەرێ، بە پەڵە دەچێتە لای مەرحومی مەلا مستەفا و لە درێژەدا دەنووسێ: بە هەڵەداوان خۆم گەیاندە (حاجی ئومەران). بە پەلە گوتم دەمەوێ مەلا مستەفا ببینم، گوتیان کەسێکی لە لایە، راوەستە.

ـ راناوەستم، هەر ئێستا دەبی بیبینم.

کەسەکە "قالە تەگەرانی" بو کە دەمبیست دوژمنی ئێمەیە. دیار بو قسەی شێخ لەتیف کە بە فایقی گوتبو راست بو، جاسوسی سێ سەرە بو...

کەریمی حیسامی لە بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکانی، لە لاپەڕەی ٥٣ لە سەر قالە تەگەرانی دەنووسێ: قالە تەگەرانی کابرایەکی کۆنە چەتە و قاچاخچی و دۆستی نیزیکی سەید عەوڵا ئیسحاقی بوو.

رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٤٨ بیرەوەرییەکانی دا لە سەر کەسایەتی قادر تەگەرانی دەنووسێ: قادر تەگەرانی کەسێک بوو کە خەڵکی کوردستانی عێراق بوو و لە ئەسڵدا خەڵکی گوندی تەگەران بوو کە سەر بە قەزای شاربازێرە. ئەم کەسە ئەوکات کاری قاچاخچییەتی دەکرد لە سنووری ئەنجێنە و زۆرتر هاتوچووی ماڵی خاڵە مستەفای هەنجیرە رەشکەی دەکرد. لەوێشەوە بەرەو دەشتەتاڵ و هەروەها بۆ ناوچەی بۆکان و مەهاباد. ئەو کەلوپەلەی دەیهێنا بریتی بوو لە شەکر، چایی، سابوون و کەلوپەلی لەو جۆرە کە پێویستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکە بوو. ئەو سەردەمانە ناوبراو پیاوێکی باش بوو و خزمەتی هاوڕێیانی ئێمەی زۆر دەکرد و جێگای متمانە بوو، بەڵام سالانی دوایی گۆڕانی بەسەردا هات و نەک قازانجی نەبوو بەڵکو زۆر پێچەوانە شکایەوە.

زۆر کەس سولەیمانی موعینیان لە مەترسی قادر تەگەرانی، ئەوەی کە ئەو جێگای بڕوا نییە ئاگادار کردبوو، بەڵام ئەو گوێ نەدایە و بڕیاری دا کە لە گەڵ ئەو بگەڕێتەوە بۆ ناوخۆی رۆژهەڵات.

سولەیمان موعینی پێشتر سمایل شەریفزادەی لە گەڕانەوەی خۆی ئاگادار کردبوو. ئەو لەگەڵ هێندێک پێشمەرگە بۆ وەرگرتنی هاتبوونە سەر سنوور. بەڵام هەر دوو لا بە شێوەی جیاواز تێداچوون.

رەشید ئەحمەدی لە بیرەوەرییەکانی دا دوای ئەوە بە درێژە باسی پەیوەندی قادر تەگەرانی بە ئێران و عیراق و پارتییەوە دەکا، لەسەر ئەو بڕوایە کە شەهید سمایلی شەریفزادە کە دوو رۆژ پێشتر شەهید بوو، ویستوویەتی بۆ دیتنی شەهید موعێنی بێ بۆسەر سنوور. بۆیە گومانی تێدانییە کە قادر تەگەرانی کە سیخوڕی سێ سەرە بوو، هاوکات بە شێوەیەکیش لە پەیوەندی لە گەڵ کوشتینی سمایلی شەریفزادەش دا بووە.

کوژرانی سولیمانی موعینی(فایق)

دوای ئەوە سولەیمان موعینی گیرا و تەسلیم بە بارەگای بارزانی کرا. هەرچەند دەنگۆی ئەوە بڵاو بووە کە سولەیمان لە شەڕ لە گەڵ ژاندارمان دا کوژرا، بەڵام بە فەرمانی بارەگای بارزانی لە ناوچوو. دیارە هیچ بەڵگەیەکی روون بە دەستەوە نییە کە ئەوە بسلمێنی کە بارزانی دەستووری کوشتنی دابێ و شێوە و چۆنییەتی کوشتنی نادیارە. دەگوتری کە بۆ ئەوەی سولەیمان بە زیندوویی تەسلیم بە ئیران نەکری، بێڕێزی بە مەلامستەفا کرد بێ و ئەو فەرمانی کوشتنی دابێ، بەڵام هەموو ئەوانە دەنگۆن و دەکرێ زۆر شتی دیکە لە پشتی ئەو رووداوە دا بوو بێ.

لەسەر کوشتنی سولەیمان موعینی، وەک رێبەرێکی جوڵانەوەی کورد، پاکانە بۆ مەرحومی بارزانی ناکرێ. بەڵام مەلامستەفا ئەوکات جیا لە شەڕ لەگەڵ رێژیمی دەڕەندەی عێراق، لەگەڵ گەورەتری کیشەی نیوخۆیی حیزبەکەی واتا بالی مەکتەبی سیاسی بەرەوڕو بوو کە بە پاڵپشتی دەوڵەتی عێراق، زۆربەی ناوچەکانی ژێر فەرماندەری ئەویان داگیر کرد بوو و خست بوویانەوە ژێر دەستەڵاتی عێراق. جیا لەوانە ناتەبایی نێوخۆیی حیزبی دێموکرات، وەک هەڵسوکەوتی ئەحمەد تۆفیق و کردەوەکانی کومیتەی ساخکەرەوە و راپەڕینی ساڵی ٤٦ – ٤٧ کێشەی زۆری بۆ شۆڕشی کورد بە رێبەری بارزانی پێکهێنا بوو. سولەیمانی موعینی کە پێشتر وەک کوری مەلا مستەفا حیسابی بۆ دەکرا، بە دەستەیەکی دەیان کەسی و بە پشتیوانی باڵی



سولەیمانی موعینی

مەکتەبی سیاسی راپەڕینی گەورەی ٤٦ – ٤٧ ی پێکهێنا و لە گژ رێژیمێک رۆچوو کە بە رواڵەت تەنیا پشتیوانی شۆڕشی کورد بوو. بۆیە سولەیمانی موعینی بە وردی وەزعییەتی باشووری لێک

نەداوە و دۆخی هەستیاری ناوچە هەڵنەسەنگاند و کارەکانی کەوتە خانەی دژایەتی کردن لەگەڵ مەلامستەفا.

لە چوارچێوەی کوشتنی سولەیمانی موعینی دا، کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١١٠ بەرگی سیی بیرەوەرییەکانی دا، ئاماژە بە نامەی هاوڕێیەکی دەکا بە ناوی جوامێر، یان حاجی نوری قادر کە بە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٥/٢٩ بە هیما بۆی نووسیوە و بە گۆشەو کەنایە ئاماژە بەو ڕووداوە دەکا و دەنووسێ: گیانەکەم ئەگەر هەواڵی بابی سیامەند(سولەیمان موعینی) ئەپرسی ئەوا بە دڵێکی پر لە داخ وناسۆرەوە، بە قوڵپی گریانەوە کە نیشانەی خەمبارییە نەک لاوازی ئەڵێم کە ئێستا لە ژیان دا نەماوە و نیزیکەی ١٥ رۆژە کۆچی دوایی کردوە.

پاش ئەوەی لەو سەری مانگەدا لای ئێمە گەرایەوە سیحەتی زۆر باش بوو. بەلام کە گەیشتە ئەو دیوی شار تووشی نەخۆشی بوو. ناردیان بۆ خەستەخانە لەوێ بە دەستی ئەو دوکتورە تاوانبارەی کە ژنەکەی راگرتبوو، شریقەی لێ دراو ناجیح نەبوو گیانی سپاردوو لەو نەخۆشییە دەرباز نەبوو. ئینجا درایەوە بۆ مەهاباد. لەوێ بەداخەوە ئەڵێن کە سێ رۆژ بە مردوویی لە مزگەوت مایەوە تا ئەو خەڵکە چاوی پێ بکەویت و دۆعای لەسەر بخوێنن وتەنبێ بن. پاش ئەوە لە لایەن خزم و کەس و کار و هەموانەوە زۆر بۆی دڵگیر بوون بە خاک سپێررا. بەڵام براکەی پێشان گەرایەوە بۆ ماڵی خۆیان بە ساخ و سلامەتی، رۆڵێکی باش یاری ئەکات و سیحەتی زۆر باشە. یعنی کاک حەمەمین کە ئەویش زۆر سلامتان تێ ئەکات و لە دەمێکەوە نەمدیوە بەلام

ئەزانم کە وەزعی زۆر باشە و ئەحوالتان ئەپرسی. بێگومان بە مردنی بابی سیامەند زۆر دڵتەنگە.

برای خۆشەویست و بەرێزم بەم نیزیکانە نامەیەکی دوور و درێژ و چەند دیاریەکت بۆ ئەنێرم. هەر چەند ئەم نامەیەم بێگومان زۆر دڵگیرتان ئەکات.

ئەبێ ئەوەش بزانێ لەم باسەی بۆم کردن کێ خەتا بارە، هەر ئەوەیە کە خۆت زۆر باش دەزانێ بۆ خزمەتی کوێستان ئەوەی کرد کە بێگومان نابێ چاو پۆشی لێ بکرێت و ئەبێ ریسوا بکرێت. دیارە ئەوەش خۆتان دەیزانن.

برای خۆشەویست بابی کەماڵ گیانەکەم بەم نیزیکانە بە درێژی بەسەرهاتی دڵسووتێنی برا خۆشەویستەکەی خۆت بۆ دەنووسم کە پیاسە و گفتگۆی جارانمان پێکەوە لە بەغدا بۆ بیرەوەری وە چۆتە کۆری یادگارەوە...

ئیتر لە کۆتاییدا سەر لە نوێ دەستەکانتان ئەکوشم ئومید ئەکەم کە مچەتان لە یاد نەچێ کە ئەو کارە ناپەسەندە و کۆسپە گرانەی تووش کردین و مەرەزەگەی خواردین بێ ئەوە کە وەفا و بەقای بۆ بەڵینی خۆی ببێت و بەو کارە گەورەترین سوودی بە حەمەهەتیو ( رژیمی شا) گەیاند. چاوەروانی نامەی ئایندەم بکەن کە بەم نیزیکانە بۆتان ئەنێرم. هیوادارم بەم نیزیکانە هەواڵتان ببیسم.

برای دڵسۆزتان : مکتب الحاج نوری قادر

١٩٦٨/٥/٢٩

مەلامحەمەد خزری لە دەستنووسێکی ئینتیرنێتی دا لەسەر شەهید کردنی سولەیمان موعینی دەنووسێ:

رۆژی ۱۹٦۸-٥-۲٥ بوو، چووم بۆ زینوێ شێخی. قاوەڵتوون بوو، کرێکۆڵی پیرانشار هاتبوون، لە قاوەخانەی خدرە سوور بوون. لای حەمە خاڵەی دۆست و هاوڕێمان دانیشتبووم خدرە سوور هات گوتی، ئەو کرێکۆڵانە دەڵێن: دوێنی تەرمی سولەیمانی موعینی‌یان لەبەر دەرگای ژاندەرمەری دیوە، لە نەردیوانێکیان شریت‌پێچ کردبوو، کردبوویان بە پێشانگا؟ کرێکۆڵەکان دەیانگوت: ئەوان تەنیا هەر سولەیمانیان چاو پێ‌کەوتوە، کەسی دیکەی دەگەڵ نەبووە! ئا بەوجۆرە دواتر تەرمی خوێناویی سولەیمان لە لایەن ساواك دەبرێتەوە بۆ مەهاباد...

بەر لەوەی سولەیمان موعینی بکوژرێ، مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٩٥ چێشتی مجێور لە سەر چاوپێکەوتن لە گەڵ سولەیمان موعینی ئاوا دەدوێ: رۆژێک کە بۆ کاری چاپخانە، کە ئەودەم لە سورەبان بوین چومە ماڵە بارزانی. گوتی: ئەگەر بتەوی دەتوانی فایق موعینی ببینی و قسەی دەگەڵ بکەی، با هەرچی دەیزانێ دەربارەی قائد فیرقەی پێنج و جەلال و جاشەکانی بەکرەجۆ پێمان بلێ، دەنا ئەوە ئێران داوای دەکەنەوە و لە خەتەر دایە.

ئەمیری قازی لە سەفەرێک دا بۆ بارەگای بارزانی دوای ئەوە چاوی بە مەرحومی بارزانی کەوت، بەرەو کانی ماسی وەڕێ کەوت و دوای چەند رۆژ گەیشتە لای ئەحمەد تۆفیق و خەبەری گیرانی فایقی پێدا. بە گوێرەی لاپەرەی ۱۹۱ بیرەوەرییەکانی ئەمیری قازی، هەرچەند ئەحمەد تۆفیق زۆر لە فایق بە گلێیی بوو، بەڵام بەو خەبەر زۆر تێکچووە و پاش ماوەیەک مات بوون لەبەر خۆیەوە گوتی: ″دەیکوژن″.

دوای دوو سێ رۆژ، ئەوانە بڕیاریان دا کە ئەمیرقازی بگەڕێتەوە و ئەحمەد تۆفیقیش بۆ تکا بچێتە لای شێخ ئەحمەد و شێخ بابۆ لە بارزان بۆ ئەوەی ئەوان داوای پاراستنی گیانی کاک فایق لە مەلامستەفا بکەن.

لە رێگای گەڕانەوە بۆ ماله مامۆستا هەژار، ئەمیری قازی لە کوژرانی فایق ئاگادار دەبێ. ئەمیری قازی لەبەر دەرکی ماڵە مامۆستا هەژار چاوی بەو دەکەوی و بە پێچەوانەی ئەو قسانەی کە مامۆستا هەژار لە چێشتی مجێور، زۆر بە بێرێزی و بە خراپی لەسەر کاک فایق نووسیوێتی و تا رادەیەکی زۆر قسەی ناشیرن پێدەڵێ، چاوی پڕ دەبی لە ئاو.

ئەمیری قازی لێی دەپرسی: مامۆستا! چت بۆ نەکرا؟

هەژار گوتی: نەخێر نەکرا.

رۆژی دوایی ئەمیرقازی چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوت و ئەو پێی دەڵێ: "دەزانم عاجز و دڵ ئێشی، بەڵان وا هەڵدەکەوی کە مرۆ لە پێناو قازانجی شۆڕش دا، خوێنی برای خۆی بخواتەوە".

ئەمیری قازی دەڵێ: خوا بمانپارێزێ، دابونەریتیکی خراپ رووی کردۆتە تێکۆشانی کوردایەتییەوە.

کوژرانی سولیمانی موعینی(فایق) و تەحویل دانەوەی بە ئێران زۆری زیان بە خۆشەویستی مەرحومی مەلا مستەفا گەیاند. تەرمی سولەیمان بە نێو شارەکانی نەغەدە و پیرانشار دا گێڕدرا، بەڵام، بە هۆی رق و تورەیی خەڵکی مەهاباد، رێژیم لەوکارە خۆی پاراست و تەرمەکەیان داوە بە کەس‌وکاری و لە گۆڕستانی شار، لە نێو غەم و پەژارە و ماتەمی خەڵک دا بە خاک ئەسپێردرا. هەروەها بە پێچەوانەی ئەمری ساواک، خەڵک چەند رۆژ، پرسە و سەرەخۆشیان بۆ دانا.

بێشک مامۆستا هەژار لە هەموو کەس باشتر ئاگادارە کە سولەیمان چۆن کوژراوە و مەلا رەسووڵی پێشنماز لە لاپەڕەی ٥٨١ کتێبی سەربردەی ژیانم دا باسی نامەیەکی مامۆستا هەژار دەکا کە بە رێکەوتی ٥٨/٩/٣ بۆیی نووسیوە و ئەحمەد بارام میرزا، بە بێ خەتا دەزانێ و هێرش دەکاتە سەر سولەیمان موعینی و دەنووسێ: ... تکایە ئەوەندی بۆت دەکرێ مەهێڵە زوڵم لە ئەحمەد بارام بکرێ. بەڵێ ئێستا ئەگەر گوناحێکی کرد جەزای بستێنێ بەڵام کۆنە روپەڕی لێ هەڵمەدەنەوە. ئەوەی چاک ئاگای لە گرتن و کوشتنی فایق هەبێ منم. ئەحمەد هەر فڕیشی بەسەر خەبەرەکەشیەوە نەبووە. خوا هەڵناگری لە ملی ئەوی راکەن. بەینی خۆشمان بێ ئەگەر کاک فایق شەهید نەکرابا و ئەلعان لە سابلاغ با ئەویش دەبوایە تەسفییە بکرێ. لام وایە تۆش دەزانی و رەنگە لە منیش باشتر بزانی. زۆر حەیفە ناوی عەبدوڵای برای و مینە شەم و مەلا مەحموود و شەریفزادە لەژێر ناوی فایق دا بنووسرێ...

بێگومان لە شۆڕش و راپەڕینێکی بەرینی ئەوتۆ، یان تەنانەت لە نێوخۆی رێکخراوێکیش دا شتی وا روو دەدا کە رەنگە بۆ هەمیشە بە نادیاری بمێننەوە و سڕ و رازەکەی دەرنەکەوێ. بەڵام هەرچی بێ و ئەو رووداوە چۆن رووی دابێ و کێ کردبێتی، بەسەر مەرحومی مەلامستەفا دا شکاوە.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٨٧ کتێبی حەقیقەتی میژوو، لە وڵامی پرسیاری بیژەنی ساعدی، لەسەر کوشتنی سولەیمانی موعینی دەڵێ "بە ئەمری مەلا مستەفا کوژرا".

مەسعود بارزانی لەلاپەڕەی ٣١٥ بەرگی ٣ کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد" ئەو رووداوە بە خەمهاوەر دادەنێ و دەنووسێ: مایەی داخە ئەو ناکۆکییە قووڵەی ناو سەرکردایەتی ئەم حیزبە کە پاش ساڵی ١٩٦٥ پێیەوە گرفتار بوو، بوو بە هۆی کەرت کەرتبوون و پەرەوازە بوونی. بەشێکیان پاش ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی بوون بە جاش و کەوتنە خزمەتکردنی حکوومەت، چوونە پاڵ ئەوان و بە هاندانی حکومەتی عێراق و بە نیازی زیانگەیاندن بە پێوەندیی شۆرش بە ئێرانەوە، ویستیان هەندێ کاری تێکدەرانە لە ئێران بکەن. شۆرشی ساڵی ١٩٦٧ ناچار بوو کارێکی زۆر خەمهاوەر بکا کە چاری ناچار بوو بیکا. ئەوە بوو سلێمان موعینی نەیاری ئەحمەد تۆفیقی گرت کە چوو بووە پاڵ جاشەکانی ٦٦ و هاوکاریی لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە دژی شۆرشی کورد دا دەکرد و ئیعدام کرا و لاشەکەی نێردرایەوە بۆ ئێران، نەدەکرا بەو چاوە سەیری پرسی چارەنووسی سلێمان موعینی بکرێ کە پرسێکی حیزبی ناوخۆییە. سلێمان لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ دا هاوکاریی کردبوو، واتە دوژمنی شۆرش بوو و پرسەکەی جوێ نەدەکرایەوە کە تایبەت بە حیزبەکەی خۆیەوە بێت. ئێمە ئەو سەرئەنجامە دڵ خەمگین کەرەمان بۆ ئەو پیاوە بە ئاوات نەدەخواست.

ئەگەرچی بە هۆی ئەو نووسراوە کوژرانی سولەیمانی موعینی و خەلیل شەوباش دەکەوێتە سەر ئەستۆی پارتی دێموکرات، بەڵام بیرەوەرییەکانی سەرگورد بنی عامری شوێن و چۆنییەتی کوژرانی ئەوانە زیاتر دەشێوێنی و دوو گومان دینێتە ئاراوە کە پارتی دیموکرات سولویمانی موعینییان ئازاد کرد بێ و ڕێگایان دابێ کە بە چەکەوە بگەڕێتەوە بۆ ناوخۆی وڵات و یان ڕێگایان پێداوە و لەو لاشەوە ئاگاداری ڕێژیمی ئیرانیان کرد بێ کە ئەوە دەگەڕێتەوە. سەرهەنگ عامری دوای گرتنی مەلا ئاوارەو و مەلا ڕەحیم و هەڵمەت، هەوڵ دەدا سولەیمان و عەوڵای موعینیش لە داو بخا. ئەو بۆ ئەو مەبەستە لە سەردەشت را بە دەستەیەک چەکدار دەچتە مەهاباد و هەڵمەتیش(کە ببوو بە جاش) لەگەڵ خۆی دەبا. لە قاوەخانەی زمزیران لادەدەن و لەوێ عامری چاوی بە سێ کەس دەکەوێ کە بە قسەی هەڵمەت پێشتر لە عێراق بوون و لەگەڵ سولەیمان و عەوڵای موعینی هاوکار بوون. عامری و هەڵمەت لە ماڵە ڕەحمانی قاوەچی کە لە پشتەوەی قاوەخانەکە بوو کۆدەبنەوە. لەوێ ئەو سێ کەسە بەڵێنی دەدەن کە بۆ گرتن و یان کوشتنی سولەیمان و عەوڵای موعینی یارمەتیان بکەن. عامری پارەیەکیان دەداتی و لە لاپەڕەی ۹۱ کتێبی "نقاب" دا دەنووسێ کە دوای نیزیک بە سێ حەوتوو هەڵمەت بە پێی زانیاری یەکێک لەو سێ کەسە، عامری ئاگادار دەکا کە سولەیمانی موعینی، لە سبەی شەورا تا ٥ شەوی دیکە بە لای چەکۆ و ئاڵوەتان دا بە چەک و چۆڵەوە دەێنە زەمزیران.

بە بیستنی ئەو هەواڵە عامری خێرا دەست بەکار دەبێ و دەستەیەک ژاندارم و دڵاوەر بە لیباسی کوردی و بە ئەرزاقی یەک حەوتو ئامادە دەکا و بە دوو هێلیکۆپتێر دەچنە نیزیک ئاوایی ئاڵوەتان و بە دوور لە چاوی خەڵک لە تاریکی شەو دا خۆیان دەگەیەننە ناوچەی چکوڵ و لەسەر سنوور مات دەبن. دوو شەوی هەوەڵ هیچ نابێ. لە شەوی سێهەم لە نیوەشەودا، لە دوور دەنگی ناڵی ئەسپان دەبیسترێ و دەگەنە ناو سەنگەرەکان. فەرمانی ڕاوەستانیان پێ دەدرێ بەڵام وەڵام نادەنەوە و دەست دەکەن بە تەقە. ئێمەش تەقەمان لێکردن و دوای ١٥ دەقیقە تەقە تەواو و بوو لە نێو ئەوان دا ناڵە ناڵ پەیدا بوو. هەڵمەت و عامری دەچنە سەر برینداەرکان و برینداریک بە هەڵمەت دەڵی بۆ دەمانکوژن و ئەوەی دیکەش کاک فایقە (سولەیمانی موعینی) کە دەناڵێنێ. عامری دەنووسێ کە ئەو و هەڵمەت چوونە سەر بریندارى دووهەم کە دیتیان مرد بوو و دوایە بۆ بریندارى یەکەم گەڕانەوە، ئەویش گیانی لەدەست دابوو. عامری دەڵی دوایە بە دوای هاوڕێکانی سولەیمان دا گەڕاین بەڵام کەسمان نەدیتەوە، تەنیا دوو یەستر نەبێ کە ڕادەی ١٢ کەڵاشینکۆف و هەزار فیشەکیان لێبار کرابوو. دوایە بە جەنازوە گەڕاینەوە بۆ ئاڵوەتان و لەوێرا بۆ مەهاباد.

ڕێژیمی ئێران لە گێڕانی تەرمی سولەیمان موعینی بە شەقام و کۆڵانەکانی مەهاباد دا، خۆی پاراست و خێرا ناشتیان. یۆسفی خوسرەوی و عومەری قازی چوونە لای حەمەدەمینی موعینی تا داوای لێبکەن کە ڕێگا بدا سەرەخۆشی بۆ دابنێن. حەمەدەمینی موعینی دەڵێ تەنیا ئەمن ئەو گلێیەیەم لە مەلامستەفا هەیە کە نەدەبوو ئیزن بدا تەرمەکەی تەسلیم بە ئێران بکرێتەوە و بێ حوڕمەتی پیبکرێ. دوایە دەڵێ، تەنیا جەعفەرم ماوە پێمخۆش نییە تووشی کێشە بێ. ئێوەش مەیلی

خۆتانە سەرەخۆشی دادەنێن یان نا. دوایە یۆسفی خوسرەوی چووە ساواک تا بۆ سەرەخۆشی ئیزن وەرگرێ، بەڵام ئیزنیان نەدا.

سولەیمان موعینی کوڕە گەورەی ماڵێ بوو و لە ساڵی ١٣١١ لە مەهاباد لە دایک بوو. لە سەردەمی کۆمار دا لە تەورێز دەرسی دەخوێند. دوای رووخانی کۆمار گەڕاوە بۆ مەهاباد و لە دەبیرستانی محەمەد رەزا شا دەستی بە خوێندن کرد. دوای ئەوەی کە بابی لە زیندان ئازاد بوو و بۆ تاران دوور خراوە، سولەیمان لەوێ درێژەی بە خوێندن دا. ئەو لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق، لە حەرەکەتە ئیعترازییەکانی ساڵی ١٣٣٢ بە پشتیوانی لە موسەدیق، زۆر هەڵسووڕ و چالاک بوو. سولەیمان دوای رووخانی دەستەڵاتی موسەدیق، لە ناوچەکانی دەوروبەری مەهاباد بە شێوەی نەهێنی خەریکی رێکخستنی خەڵک بە دژی داموو دەزگای حکومەت بوو. لە سەر زەختی سپەهبوود وەرەهرام بۆ سەر بنەماڵە و بەڵێنی ئەو بە بابی کە هیچ شتێک لە گەڵ کوڕەکەی نەکری، سولەیمان گەڕاوە بۆ مەهاباد. بەڵام دەستبەسەر کرا و لە ساڵی ١٣٣٤ تا ساڵی ١٣٣٨ لە زیندانی قزلقەلعەدا لە تاران زیندانی کرا. بە دوای ئاشکرابوونی جموجۆڵەکانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات، سولەیمان موعینی ئاوارەی کوردستانی عێراق بوو.



خەلیل شەوباش

کاتیک کە ئەو پەنای بردە بەر شۆڕشی کوردستانی عێراق، هەمووکات بابی دەیگوت کە لە بابەت کوڕەکەی هیچ نیگەران نییە، چوونکە لە لای بارزانییە و ئەو لەمن کە بابی ئەوەم، باشترە.

سولەیمان لە ٢٧ بانەمەری ١٣٤٧ لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان بە خاک ئەسپێردرا. ئەو کوڕ و کچێکی هەیە بە ناوەکانی سیامەند و سامرەند.

خەلیل شەوباش کە لەگەڵ سولەیمان موعینی گیرا، یەکێک لە پێشمەرگەکانی ئەو قۆباغە بوو. خەلیل خەڵکی شاری بانە بوو کە ئەویش بە شێوەیەکی نادیار شەهید کرا. مەلا رەسووڵ پێشنماز لە لاپەڕەی ٢١٦ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە تەرمی خەلیل شەوباش لە دەوروبەری دێلمان و وەسان فڕێ درابوو و ماوەیەک قەل و داڵ خواردیان. پاشان سەییدانی ئەو ناوە ناشتیان.

## رەنگ دانەوەی کوشتنی سولەیمان موعینی

کوشتنی سولەیمانی موعینی بۆ جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، رووداوێکی دڵتەزین و ناخۆش بوو و تا رادەیەکی زۆر زیانی بە خۆشەویستی مەرحومی مەلا مستەفا گەیاند و پەیوەندی

و دۆستایەتی مێژوویی دوو حیزبی دێموکراتی شێواند و شەڕ و کێشە و کۆسپی زۆری خستە سەر ڕووداوە سیاسییەکانی دوایی خەباتی کورد.

حیزبی تودە کە پەیوەندی باشیان لەگەڵ سولەیمانی موعینی هەبوو، لەمەڕ ئەو ڕووداوە دەنگیان لێدەرنەهات. کەریمی حیسامی لە هەوەڵی ژوئییەی ١٩٦٨ نامەیەکی بۆ دوکتور رادمەنیش نووسی و گلەیی لێکرد کە بۆچی حیزبی تودە لەوبارە بێ هەڵوێستە و نووسێ: ئاخر ئێوە بەیاننامەیەکی هاوبەشیتان لە گەڵ ئەو برادەرانە نووسیوە. ئێستا ئەگەر یارمەتیشیان پێناکەن، لانی کەم دەنگ و باسی ئەم کوشتارە و ئەم جنایەتە با لە رادیو دا بڵاو بکەینەوە.

هەروەها جەماعەتی مەکتەبی سیاسی کە سولەیمان موعینی پەیوەندی باشی لە گەڵ ئەوان هەبوو، باسی ئەو روداوەیان نەکرد. بەڵام کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی عیراق لە ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی شوعی عێراق(تەریقولشەعب) لە ژمارەی مانگی تەموزی ١٩٦٨ دا، لە ژێر ناوی "ئەوەی دەکرێ بە قازانجی کێیە" کوشتنی سولەیمانی موعینیان بە توندی مەحکوم کرد. و نووسی: کوشتنی تێکۆشەری شۆڕشگێڕی ئێرانی بێزاری و تورەیی دژی ئەم کارە و بەرپێوەبەرانی ئەو تاوانە بەرز کردوتەوە. حیزبی کومونیستی عێراق ئەم کارەساتە داخدارە بە توندی مەحکوم دەکا و سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە تەواوی خەباتگێرانی دژی حکومەتی شای بەکرێگێراوی ئیمپریالیزم دەکا و کارەساتی کوشتنی فایقی تێکۆشەر بۆ ئاگاداری کۆمەڵانی خەڵک بڵاو دەکاتەوە. بێگومان ناوی شەهید فایق لە لاپەڕەی مێژووی شۆڕشگێڕانی ئێران دا تۆمار دەکرێ.

هەروەها مەحەمەدی موهتەدی، بە ناوی کۆمەڵەیٔ خوێندکارانی کورد، لقی چەکوسلەواکی لە بەیاننامەیەک دا ئەو کارەی مەحکوم کرد.

لەسەر کەسایەتی سولەیمانی موعینی، ئەحمەدی قازی لە دەست نووسی "لەگەڵ تێپەر بوونی زەمان" باسی سولەیمان موعینی دەکا و دەنووسێ:

سولەیمان پیاوێکی داڵگۆشتی کز و خوێن شیرین بوو. ئەودەمی کە لە مەهاباد بوو جحێلێکی ڕەزا سووک و جوان چاک بوو. دە لیباسی پێشمەرگایەتی و چەکداریشدا هەروا جوان مابوو. زاوای ئاغایانی مەنگوری سیاقۆڵ بوو، هەر بەو دەلیلەش هاتوچۆی ئەو گوندەی دەکرد و بە متمانە و خاترجەمی دەگەڵ ئەندامانی حیزبی لە مەهاباد و دەوروبەردا کۆ دەبۆوە و کاروباری حیزبی بەرێوە دەبرد.

ماموستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٩١ چێشتی مجێور دا، لە سەر سولەیمان موعینی دەنوسێ: ... هیچ وەبەر دڵی من نەدەکەوت. دەیانگوت داوێن پیسە، دەیانگوت فەرقی گیرفانی خۆی و هەواڵانی لەبەرە، دەیانگوت ترسەنۆکە... کە من هەر دەمبیست و خۆم وەک پیویست نەمدەناسی.

ئەمیر قازی لە لاپەرەی ٨٣ ی بیرەوەرییەکانی دا لە سەر سولیمان موعینی ئاوا دەنووسێ: کاک فایق مرۆڤێکی وا بوو کە نە خواردنی بۆ گرینگ بوو نەخەو و ئیسراحەت. لە هەر جێیەک با، شەدەی خۆی لە سەر دەکردەوە و دەخۆی داڵاند، خۆی گرمۆڵە دەکرد و لێی دەنوست. بۆ خواردنیش هەروا، چت لە پێش دانابا دەیخوارد...

عەبدوڵای قازی لە کتێبی "وڵاتی من" دا لەسەر کەسایەتی سولەیمانی موعینی دەنووسێ: جارێك کاك سولەیمانی موعینی بەخۆی و بە ١٣ کەسان هاتنە ماڵێ، مونتەقیمی برامی لەگەڵ بوو. سێ شەوان لەوێ مانەوە. کاك سولەیمان ئینسانێکی زۆر بێدەنگ و ورد و بە دیقەت بوو. بە وردی تەماشای شتی دەکرد و بە جوانی گوێی بۆ خەڵکی رادەگرت و زۆری بایخ بە کەوش و لیباسی پێشمەرگەکان دەدا. فیشەکدان و شتی بۆ جوور دەکردن و ئەگەر دڕابا بۆی دەدروونەوە. تەنانەت بەندی قەیتانی کەوشی بۆ تێهەڵدەکێشان، بە گشتی زۆر کارقایم و ڕێکوپێك بوو. ئەوانی تر وانەبوون زۆرتر فشەیان دەکرد و جەفەنگیان لێدەدا.

## شەهیدان عەولا موعینی و مینە شەم



عەبدوڵای موعینی

لە مانگی پوشپەڕی ساڵی ١٣٤٧ لە ئاوایی قالوێ گەورکانی مەهاباد، عەولای موعینی و مینە شەم، دوو پێشمەرگەی قارەمانی حیزبی دێموکرات، دوای شەڕێکی قارەمانانە و دوای کوشتنی چەند ئەفسەر و ژاندارم و جاش، شەهید بوون و پێشمەرگەیەکیش بە ناوی حەسەن خوڕخوڕەیی بە برینداری گیرا و پاش ماوەیەک لە پادگانی مەهاباد، بۆچاوترساندن بە بەرچاوی خەڵک تیرەباران کرا. حەسەن خوڕخوڕەیی ڕێگەی نەدا بە دوژمن کە چاوی ببەستن و بە چاوی کراوە لە بەرامبەر بە گوللەی دوژمن ڕاوەستا.

سەرگورد بنی عامری بە هێنیک جیاوازتر باسی کوژرانی عەولای موعینی و مینە شەم دەکا و دەڵێ بە دوای کوشتنی سولەیمانی موعینی سەرلەشکر ئووەیسی بە فڕۆکە هاتە مەهاباد و لە نێو ئەفسەران دا بە ستوان عامری دەڵێ ئەگەر بێتوو عەولای موعینیش بکوژی دەرەجەی سەرگوردیت دەدەینێ. بە پێی لاپەڕەی ٩٦ کتێبی "نقاب" بە دوای کوژران و گیران و تەسلیم بوونەوەی هێندێک لە کادر و پێشمەرگەکانی ٤٦-٤٧ ئەوکەسانەی کە لەگەڵ عەبدوڵای موعینی بوون، تووشی نائومێدی بوون. کاک عەولا بە جێ دێڵن، یان داوی لێدەکەن کە بگەڕێنەوە بۆ باشووری کوردستان. لەوکاتانە دا یەکێک لە سێ کەسانەی کە لە قاوەخانەی زمزیران لەگەڵ هەڵمەت و سەرگورد عامری لە ماڵە

ڕەحمان دانیشتبوون و پێشتر لە باشووری کوردستان لەگەڵ عەولا و سولەیمان ببوون و راپۆرتیشان لە سولەیمان دا بوو، بە پەلە بە عامری خەبەر دەدەا کە عەولای موعینی تەنیا چوار کەسی لەگەڵ ماوە و لەوانەش دوو کەسیان دەیانەوێ بەجێی بێڵن. ئەو عامری ئاگادار دەکاتەوە کە عەولای موعینی دەیهەوێ لە رێگای بانەوە بچێ بۆ عێراق داوای لێکرد بوو کە لە قاوەخانەی زمزیران نیشتەجێ بێ و چاوەڕوانی هەواڵی دیکە بێ. عامری دەچێتە قاوەخانەی زمزیران. دوو کەس لەو کەسانەی کە لەگەڵ عەولای موعینی بوون و پێشتر بە جێیان هێشت بوو، دێن و دوای ئەوە حازر نابن کە لە گرتن و کوشتنی عەولای موعینی دا بەشدار بن، عامری ئەمانیان دەداتێ و دەچنەوە سەر کار و کاسبی خۆیان.

دوایە سەری دوو رۆژە سیخوڕەکە عامری ئاگادار دەکا کە کاک عەولا لە رێگای گەمنانەوە دەڕوا بۆ عێراق. عامری هەر ئەو شەوە بە سێ دەستە خۆی دەگەیەنتە بەرزاییەکانی گەمنان و ئاوایی دەخەنە ژێر چاوەدێری. لە رووناکایی بەیانی دا تەقە دەست پێدەکا و عامری لە هەڵمەتی جاش دەپرسێ کە چ خەبەرە و ئەویش دەڵێ کەسانێک تەقەمان لێدەکەن. عامری بە دەنگی بڵیند بانگی عەولای موعینی دەکا و دەڵی خۆت تەسلیم بکە رێگای دەربازبوونت نییە و ئەگەر خۆ بە دەستەوە بدەی ئەمانت دەدەمێ و گیانت دەپارێزم. بە قسەی عامری کاک عەولا قسەی پێدەڵی و بەردەوام تەقە دەکەن. دوای دە دەقیقە لە لای دەستەی کاک عەولا تەقە دەوەستێ. هەڵمەت پێیدەڵێ کە پێیوایە هەموو کوژراون. هەڵەمەت دەچێتە شوێنەکە و عامری ئاگادار دەکا کە هەموو کوژراون. لەوکاتە دا عامری بیر لە دوو شت دەکاتەوە، کۆتای چەتەکان و دەرەجەی شاهەنشاهی و بە هاوکاری کوێخای ئاوەدانی بە تەراکتۆر جەنازەکان دەبەنە زمزیران و لە وێرا بۆ گوێچکەدەرە و لەوێشرا بە هێلیکۆپتێر دەیانبەن بۆ بە مەهاباد.

عەولا موعینی لە ساڵی ١٣٢٢ لە مەهاباد لە دایک بوو و لە ساڵی ١٣٤١ دیپلۆمی لە رشتەی تەجروبی دا وەرگرت و بەر لەوەی بتوانی بچتە زانکۆ، خۆێ لە شالاوی هێزەکانی رێژیم بۆ سەر ماڵەکەیان دەرباز کرد. ئەو تێکەڵ بە خەباتکارانی حیزبی دێموکرات بوو و ٣٥ رۆژ دوای شەهید بوونی براکەی (سولەیمانی موعینی) لە رێکەوتی١٣٤٧/٣/٣٠ لە ناوچەی گەورکایەتی، لە گەڵ "مینە شەم" شەهید بوو و لە سەرەتای مانگی پووشپەڕ لە پیرانشار بە خاک ئەسپێردرا.

مەلا رەسووڵ پێشنماز لە لاپەڕەی ٥٤٩ لە سەر مینە شەم دەنووسێ کە پیاوێکی ئازای دم بە پێکەنینی دڵ ساف بوو. دایکی نێوی پورە شەم بوو کە یەکی خڕکەڵەی چووست و چالاک بوو و دائیم بە توربێنی پڕ لە خواردەمەنی بە شاخانەوە بە دوای کوڕەکەی دا دەگەڕا، تا بیداتێ.

مامۆستا هەژار لاپەڕەی ٤٩١ چێشتی مجێور دا دوای ئەوی هێرش دەکاتە سەر سولەیمان موعینی، لەسەر عەولای برای و مینە شەم دەنووسێ: ... موعینی برایەکی لە خۆی بچوکتر هەبو بە ناوی ((عەبدولا))، کوڕی پەسەند و رەند ئەو بو، بەڕاستی زۆر پیاوێکی بە قیمەت بو. کە بە داخەوە لە نێو گەورکان دەگەڵ ((مینە شەم )) کە ئەویش ماڵم هەقە پاڵەوانێک بو شەهید کرا.

تاهیری ئیلخانیزاده له لاپەڕەی ١١٩ کتێبی "ئاورێک له موکوریان"دا دەنووسێ: عەلی حەمەدەورێش کەشاوەرزێکی خەڵکی میراوا بوو، لەگەڵ پێشمەرگەکان هاوبیر بوو، گێرایەوە کوتی رۆژێک ماشینێک پڕ له کوردی چەکداری دەوڵەت- پێیان دەکوتن" جوانمەرد" دەگەڵ ژاندارمە له نێو گەورکان را هاتن بە بەر هەیوانی مزگەوتی میراوادا تێدەپەڕین بەرەو بۆکان، ماشینەکانیان راگرت، محەممەدی ئەفخەمی فەرماندەی جەوانمەردەکان بە شەق له سەری کوژراوێکی دا کوتی ئەوە عەولای موعینیە سەردەستەی چەتەکان کوشتوومانە.

مامۆستا هیدی شاعیر گەورە له لاپەڕەی ٢٢٧ کتێبی "کاروانی خەیاڵ" له شێعری "قالوێ گەورکان" دا لەسەر ئەو پێشمەرگانە دەنووسێ:

**قالوێ گەورکان**

چادر و چیغ هەڵ دەوەژێرم له هەوار
وردە وردە له هەوار دێمەخوار
ناتەنێ رێگەم ئیتر شیناوەرد
پێ و پێڵاوی منەو هەرد و بەرد
سوکێ پەنجەم له وەزی دادەگرم
شاخ و کێوان دەبرم رادەبرم
گوندی "قالوێ" دەکەوێتە سەر رێم
هێشتە رێ ماوە خەیال ئەدزێ لێم
ئەبێ چۆن بێ، چ دەگۆرێ دا بێ
ئەبێ ناو گوندەکە کێی لی مابێ؟
باری ئەو ناوە چلۆنە ئەو ساڵ؟
چۆن بکەم دیتنی دۆست و ئاواڵ؟
دەوری ئاوایی ئەدەم جار و بار
لاپەڕان دادەگرم هێندێ جار
فکرم ئاڵۆزە دەگەڵ هاتوچۆ
هێندی تێک باوێ وەکو رایەڵ و پۆ
نە له جێگایەکی ئۆقرە دەگرێ
نە رەقەی رێ دەگرێ و رادەبرێ
هەست ئەکەم لێرە له دەوروبەری دێ
جێی هەڤالانی تری پێ شک دێ
مەتەرێزێکی ترە لەو ناوە
لەو گڵ و دورە ئەوێی هەڵناوە
دەگەرێ جار له سەری جار لەبەری

هەڵی پێچاوم و دەم باتە سەری
پشتی دڕکاویە پێشی لێژە
تەم و مژ! [1]لێگەڕێ جێی دەسڕێژە
چۆلگەیە، زۆرکەنە، شوێنی چاڵە
باوەشی ماوەتەوە ئاواڵە
سەنگەری "مینە شەم" و "عەوڵایە" [2]
داخەکەم دەنگی کەسی لێ نایە
لەسەری بۆیە خەیاڵ شێوا بو
ببوە هەودایەک و تێک هاڵابو
وا نە ئارامی هەبوو نە سرەوتن
زۆر تریش زۆری ئەهێنا بۆ من
بێم و ئاوڕ لە بەسەرهات دەمەوە
یادی لاوانی نەمر نوێ کەمەوە
یادی ئەودەم کە شەویش خەو لێرە
ڕێ نەبو بێتەوە چاوی سێرە
بە هەمو هێزەوە دوژمن دەبزوت
دەکەوت هێند دەسەران هەڵدەنگوت
ژەنگی خەنجەر دەسڕان لە خوێنا
خوێن کەلاک و سەری وەک یەک دێنا
تیخ کە بیزی نەدەهات نەی دەبری
دۆشکە دەرشایەوە گوللە دەفڕی
بۆیە هەر بەرزە سەری ئەو کێوە
شوێنەوارێکی ئەوانی پێوە
جا خەیاڵ تۆش پەر و باڵت دانێ
کەس ئیتر وەک من و تۆ نازانێ
کێ سەری وای هەیە بۆ کەس نەنەوێ
قارەمان چۆنە ئەگەر هەڵدەکەوێ

---

[1] مەبەست لە تەم و مژ جەوی سیاسیی ئەو کاتەیە نەک تەم و مژی زەوی و هەور و هەڵا.

[2] عبداله معینی. مینە شەمیش پێشمەرگەیەک بو کە لەگەڵ عبداله معینی شەڕێکی زۆر پیاوانەی کرد هەتا شەهید بو.

## محەممەد ئەمینی موعینی

محەممەد ئەمینی موعینی کوڕی عەوڵا موعینی لە ساڵی ١٢٨٧ هەتاوی لە بنەماڵەیەکی تاجر لە مەهاباد لە دایک بوو. عەوڵا لە نێوان عێراق و ئێران بە کاری بازرگانی خەریک بوو و لەو رێگایەدا لە شاروچکەی ماوەت بە دەستی هێزەکانی سەر بە عێراق کوژرا. محەممەد ئەمین درێژەی بە کاری بابی دا و دوایە تێکەڵ بە کۆمەڵەی ژ- ک و حیزبی دێموکرات بوو و دواتریش لە کۆماری کوردستان دا بوو بە وەزیری ناوخۆ (وڵاتداری). دوای رووخانی کۆماری کوردستان ماوەیەک بە نەهێنی ژیا و دوایە خۆی تەسلیم بە حکومەت کرد و حوکمی ئیعدامی بۆ بڕاوە. بە دانی بەرتیل حوکمی ئێعدام بوو بە ئەبەد و دوایەش کرا بە سێ ساڵ. ئەو ماوەیەی لە زیندانەکانی مەهاباد و تەورێز و ورمێ تێپەڕ کرد، بەڵام دوای ئازاد بوون، بۆ تاران دوور خراوە. محەمەد ئەمینی موعینی پاش تێپەڕ بوونی ماوەی دوورخراوەیی گەڕاوە بۆ مەهاباد و لەوێ دوکانی دانا. بەڵام بە هۆی ئەوە کە دوو کوڕی پێشمەرگە بوو و دائیم لە ژێرچاوەدێری دابوو، خەڵک لەترسان، کەم هامووشوێیان دەکرد و دوکانەکەی بڕەوی نەبوو. بە ناچار دوکانی داخست و خانەنشین بوو. محەممەد ئەمین موعینی لە ساڵی ١٣٧٠لە شاری مەهاباد ماڵئاوایی لە گەڵ و نیشتیمان کرد و لە ماوەی تەمەنی دا شاهیدی لە دەستدانی سێ کوری بە ناوەکانی سولەیمان و عەوڵا و خانە بوو کە لە جوڵانەوەی کورد دا بەشدار بوون.

سولەیمان و عەوڵای موعینی، ئەندامی ریبەری حیزب بوون و لە راپەرینی ٤٦ – ٤٧ دا شەهید بوون. سەعید (خانە )موعینی لە ساڵی ١٣٣٠ لە مەهاباد لە دایک بوو و خوێندی دیپلۆمی تەواو کرد و لە ساڵی ١٣٤٩ لە دانشگای تاران لە رشتەی ئامار وەرگیرا و لیسانسی وەرگرت. لە ساڵی ١٣٥٣ گیرا و تا ساڵی ١٣٥٦ لە زیندان دا ماوە . ئەو دوای ئازاد بوون تیکەڵ بە هێزەکانی یەکیتی نیشتیمانی بوو و سەرئەنجام لەگەڵ چەند پێشمەرگەی یەکێتی لە ئاوایی "رمێ" لە شەر لە گەڵ هێزەکانی عێراق شەهید بوو.

ماموٚستا هێدی شاعیری گەورە لە لاپەڕەی ٢١١ کتێبی کاروانی خەیاڵ لە بەشێک لە شێعری بازار دا، لەسەر کەسایەتی حەمەدەمینی موعینی بابی سولەیمان و عەوڵا و خانە دا دەنووسێ:

"کاکە مین"[١] ئەو سەروبەندەی چۆنە؟
دڵی سوتاوی دەکا سەرکۆنە؟
داخۆ سارێژ نەبوە کۆنە برین؟
گەرمەشینێ گەلێ فرمێسکی وەرین؟
بە هەموو هەستەوە شینی گێرا؟

---

[١] باوکی شەهید سولەیمان و شەهید عەبدوڵای قارەمان.

یــان لە بەر دوژمــنەکەی  نەیــوێــرا؟
خۆشـــەویســـتی بە فیـدای کورد کردن
بـاجـی خـوێـن بـوو لە ســەری لابـردن؟
بەرهەمــی عــومــری درێــژی، نــانــا
گەوهەری ژیــنــی لە رێــی گەل دانــا
بــۆی دەســــوتــێ دڵ و دانــامــرکــێ
هەســــت ئەڵـێـی ئـاگـرە بـۆم نـادرکـێ
بـۆیە چــی پــێــنەکـرا پــێــنـووســــم
هەر مەگەر دەســــت و دەمی راموســـم
دەبـــێ تــا خــوێــن دە دەمــارم دایە
خــۆشـــەویســـتــی بـکەمە ســەرمـایە
لە ژیــان کەم هەوڵــی وا هەڵــدەکەوێ
بــۆ ژیــان گەل  لەمە قــوربــانـی بــوێ
قــارەمــان لەو هەلە دەرفەت دێــنــێ
خــۆی دەفەوتــێـنــێ ژیـان دەســـتــێـنــێ

## شەهیدانی کێوی حاجی کیمی

دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ساڵانی ١٣٤٦ – ١٣٤٧ بریتی بوون لە فەقێ عەلی وەرگێڵی، سەید فتاح، پیرۆت، عەلیە گەلە و درویش عوسمان کە لە هاوینی ١٣٤٧ لە کێوی حاجی کیمی شەهید بوون.

عەبدوڵای قازی کە ماڵەکەی لە ئاوایی "کۆنەدێ" لە ٧ کیلۆمیتر شاری مەهاباد و هەمیشە مەکۆی پێشمەرگە بوو، لە کتێبی "وڵاتی من" دا دوای ئەوە باسی پێشمەرگە مامەندی قازی دەکا کە لە ئەشکەوتی کونەکۆتردا دیوێتی، لەسەر ئەو دەستەیە دەنووسێ: ئەجار سەید فەتاح و دەروێش عوسمان لەگەڵ دوو کەسی دیکە وەك پێشمەرگەی حیزب هاتنە ناوچەی ئێمە. زۆر کەساد و فەقیر بوون ٤ تفەنگی کەچ و کروچ و ٢٠٠ فیشەکیشیان پێ بوو و لەو مەزرایانەی ئێمە دەمانەوە. فەقێ حەسەن و قادرخان ئەنجوومەنی ئاوایی بوون و لە لای سەید فەتاح بۆ منیان تێچاندبوو کە ئەمن ساواکیم و ئەو ٧ تمەنە مانگانەی مامۆستایەتی قوتابخانەی ئاوایی کە وەرمدەگرت، بە یارمەتی ساواکیان لە قەڵەم دابوو.

شەوێکی سەرەبەهار بوو لە دیوەکەی خۆم بە تەنیا دانیشتبووم. هێشتا کورە هەڵنەگیرابوو و کەمێك ساردبوو. لەسەر مەجوعمەیەکی خورما و ڕۆنیان بۆ هێنام. ئەمنیش نەمخوارد و داوای ماست و پەنیرم کرد. مریەمە سوور خێزانی کاك حامیدی کارداری ماڵێ بوو، هەموو شەوێ درەنگ

جیرەی خۆی وەردەگرت و دەڕۆیشتەوە. بە دوای ئەو دا دەبوو دەرکە دابخرێ. سەگێکی زەلاممان هەبوو فیلەتەنێك بوو، ئامبازی خەڵکی دەبوو و لەسەر ئەو کارەی جارێك تاپڕێکم پێوەنا، چاوێکی کوێر ببوو. ئەوەندەم زانی ئەو سەگە لە حەسارێ ئامبازی یەکێکی بوو. هەرای منداڵانم کرد و گووتم: "ئەوە بۆ دەرکە و دانەخستووە ئەو سەگە یەکێکی گرت". کەمێکی پێچوو دیتم یەکێك بە لوولەی تفەنگێ پەردەی دەرکەی هەڵداوە و لوولەی تفەنگەکەم دیت. تەماشام کرد گووتم فەرموو دانیشن. سەید فەتاح گووتی: "ئەمن سەید فەتاحم". گووتم: "جا هەر کەس هەی وەرە دانیشە نانی بخۆ". مەجوعمەکەم بۆ بەڕێ کرد. گووتی: "نانی تۆ ناخۆم نازانم ئەتۆ چی". گووتم: "ترەتڕ ماڵت نەشێوێ نابێ بزانی دەڵێی چی. دەزانم ئەو بێ ویژدانانە چیان پێ گووتوی. ئەتۆ ڕێتناکەوێ قسەی وا بەمن بڵێی. نێوی ساواك و شتی وا لە لای من نەهێنی. ئەگەر ڕقم هەستێ بە سەرانی حیزب دەڵێم تفەنگەکەت لێ بستێننەوە و ئەتۆ بۆ ئەوەی نابی چەکت پێ بێ. ئەتۆ بە قسەی کێ بە من دەڵێی ساواکی؟". گووتی: "وەڵا ئەو خەڵکە وادەڵێ". گووتم: "ئەوەی وادەڵێ ناماقوڵی کرد، لە ئیدارەی پەروەردە و فێرکردن، ٧ تمەنم دەدەنێ پێیان ناخۆشە. ئێستا نە زەمینم ماوە و نە ئیجارە نە هیچ شتێك و ئەوەندە گیایەش کە ماوە ئەویشم لێ دەدروون و دێنە لای تۆش ئەو قسانە دەکەن". راوێژی قسەکەی گۆرا و گووتی: "جا هەر کەس حەقی نەداوەتێی بۆت دەستێنم و تەمبێی دەکەم". گووتم: "نا ئەوە کاری تۆ نییە، ئەتۆ بۆ ئاغاوەت چەکت هەڵنەگرتووە. ئەتۆ بۆ رزگاری کوردستان تێدەکۆشی".

دوایە درێژەی بە قسەکانی داو گووتی: "قادرخان دەکوژم ساواکییە". گووتم: "وەڵاهی ئەمن دوژمنی سەرسەختی قادر خانم، پێمخۆشە قەتی نەبینم. چوونکە ئەوەی خراپەیە لەگەڵی کردووم و هەر رۆژە فەسادێکم بۆ هەڵدایسێنێ. بەڵام خودا هەڵناگرێ ساواکی نییە و ئەو تاوانەشی لێ مەدەن". گووتی: "پێمسەیرە ئەتۆ دەڵێی دوژمنی کابرام و بۆشی دەپارێیەوە". گووتم: "ئاخر شتێکی کە نەبێ نییە". دوایە گووتی: کاك عەوڵا ببوورە خراپیان تێ گەیاندووم.

هەر لەو سەردەمەدا دەنگۆ هەبوو کە قادرخان لە هۆڵی ماڵی خۆی، بۆ کوشتنی سەید فەتاح چاڵی هەڵقەندووە، بەڵام ئەوەش راست نەبوو. ئەوە رەسوڵی عەوڵا کوردە بوو کە کەمێکی گەنم هەبوو و ویست بووی گەنمەکەی لە دەرێ نەبێ و لە ژوورێ لە چاڵێ دابێ، ئەو دەنگۆیەیان بۆ ساز کرد بوو. ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە هەڵێ و ماڵەکەی بار بکا و بچێتە شاری.

لەگەڵ سەید فەتاح لەو کێشەیە را، بووینە ئاشنا و زۆرتر دەهاتە ماڵە من. شەوێکی  هات و٣ کەسی لەگەڵ بوو، سەرچۆکی پاتۆڵەکەی دڕابوو. زۆرم پێناخۆش بوو. لەوپەڕی دەست تەنگیش دابووم و هیچم نەبوو، گووتم: "چوار دەستت کەواپاتۆڵ بۆ پەیدا دەکەم شەوێك ئەگەر ڕێت لێرە کەوت وەرە بیانبە". بۆ بەیانی چوومە شاری لە مەلیك و یۆسفی برام، پوڵێکم وەرگرت. دوایە چوومە دووکانی مام ئەحمەدی ئیلاهی بە گۆترە ئەندازەی پێشمەرگەکانم پێگووت. بۆ شەوێ چوومە ماڵی دوکتۆر بەهمەنی بۆ ئەوەی پوڵێکی بۆ کەوش و کراس و پشتێند لێوەرگرم. ئەگەر چووم بانگی خەوتنان بوو نانی خواردبوو. دوای بەخێر هاتنێکی زۆر گووتی: نانت خواردووە؟

ـ نەوڵا زەهری مارم خواردووە ئەوە لە برسان دەمرم، بۆ ئەتۆ خواردوتە؟
ـ ئەمن کرمانجم لەمێژە نانم خواردووە.

بە پەلە کوڕەکەی نارد هێلکەیان کڕی و بۆیان لە ڕۆنی کردم. بە دەم نانخواردنەوە کە هەروا جەفەنکمان لێدەدا گووتم بۆ شتێکی ئاوا هاتووم. ترسا چوونکە هەر شتێکی کردبات ئاشکرا دەبوو، گووتی: "هۆوەتا بچۆ لەو کۆتەی بۆخۆت چەندی دەردێنی دەرێنە، چەندی پێتخۆشە". هەرچەند زۆری تێدابوو بەڵام پێم عەیب بوو و لە٣٥ تمەن زیاتر دەرمنەهێنا. دوایە گووتی: چەندت دەرهێنا؟

ـ٣٥ تمەن.

ـ وەڵا کەمت دەرهێناوە بەڵام کوڕە پیاوی چاك بە باسم مەکە.

ـ لەوەی نیگەران مەبە، نە هاتومە ماڵت، نە دەتناسم.

ئەوجار تووشی کاك حەسەنی کاکاغازادە بووم کە بۆخۆم شوانکارەی وی بووم و مەڕم بۆ دەلەوەڕاند. داوای یارمەتیم لێکرد. گووتی: "حەی حەی حەی لەو قسانە گەڕێ ئەتۆ نابێ شتی وا بلێی تۆ ساحەب مندالی". ئەوجار تووشی کاك عەوڵا بووم کە خزمی خۆمانە، گووتم شتێکی ئاوایە. گووتی: دەبێ بزانم بۆ کێیە؟ دەبێ بزانم لە کوێیە؟ دەبێ بزانم چۆنە؟

گووتم: حاشا هەر نامهەوێ پیاوی چاك بە، هەر باسم مەکە و لێمگەڕێ.

بەمشێوەیە هەر چۆنێك بێ تا رادەیەك پوڵی لیباسەکانم جێبەجێ کرد و ئەوەی دیکەش وەك قەرز لەسەرم حیساب کرا. لیباسەکانم هێناوە ماڵێ و لە ماڵە رەحیمی سۆفی برایمم دانا و پێمگووت ئەگەر سەید فەتاح هاتە مەزرایە بیدەیە. لەو وەختی دا لەگەڵ ماڵە حوسێنی بارامی نێوامنان ناخۆش ببوو. سەیزادە شەل دایکی حوسێنی، شارچی بوو هەموو رۆژێ بە گوێدرێژی هاتووچۆی شاری دەکرد و دۆی دەفرۆشت. نازانم لە کوێ ئەو شتەی زانیبووە. بەیانی کە لەگەڵ شارچیان دەچێ بۆ شاری لە رێگایە بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکا: "وەڵا ئێستا دەچمە ساواکی پێیان دەڵێم چوار دەستی لیباس بۆ سەید فەتاحی کڕیوە". ئاوا هەتا دەگاتە لاچینێ و تێکەڵا بە شارچی ئەوێ دەبێ هەروا دەیلێ و دەیڕێسێ. لەوێ پیاوێکی کەیخودا بە نێوی ئەحمەد کە گوێی لەو قسانە دەبێ، بەسەریدا دەگوڕێنێ و دەڵێ: بەسە! بەسە! خودا غەزەبت لێگرێ. ئاخر چۆن راپۆڕتی لێ دەدەی، وەڵاهی شتێکی لێ بێ یان بیگرن، بە تۆڵەی ئەو سەید فەتاح، کوڕەکانی تۆ لە کێوی ئاغ داغ دەکوژێ. وەڵاهی تازە خەڵکی دیکەش راپۆڕتی لێبدەن هەر بەسەر تۆدا دێ، ئەوە ئەتۆ ئەو نەڕە نەڕەت لە چییە. بۆ نازانی دەڵێی چی. ئەتۆ پیت وایە ئەگەر ئەوی بگرن، بنەماڵەکەت بە سڵامەت دەردەچێ؟

عەبدوڵای قازی لە درێژەدا دەنووسێ: لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا دەوڵەتی ئێران دەرەجەی ژاندارمەری راگرتبوو و شا گوتبووی تا پێشمەرگەیەك لە کوردستان بمێنێ، یەك دەرەجەش نادرێ و تەنیا بۆ کوشتنی سەید فەتاح ١٠٠ هەزار تمەنیان خەڵات دیاری کردبوو.

ئەوجار بۆ بەرگری لە پەرەئەستاندنی هەرچی زیاتری جووڵانەوە، دادگای جەڵدیان دامەزرا. خەڵکێکی زۆر بۆ ئەو زیندانە رەپێچەك دران و بە درندانەترین شێوە ئەشکەنجە کران. ئەمنیشیان

بانگ کرد و دەبوو بچم بەڵام پەنام بۆ کاك مەحەمەدی ئامۆزام (کاکە شینە) برد کە لەگەڵ موسەوی رەئیسی پایەگایە، دۆست بوو و بە پووڵێکی، نێوەکەمی ڕەش کردەوە. دیارە بڕیارم دابوو ئەگەر جێبەجێ نەبێ، هەڵێم. پاش حەوتوویەکی دیسان ئەمنییە بە دوومدا هاتنەوە. دیسان کاك مەحەممەد چووە لای موسەوی. ئەویش پێیگووت بوو بۆ زیندانی جەڵدیانێ نییە، سەرهەنگ بابایی یان سەرهەنگ خەڵخاڵی دەیهەوێ.

ڕۆژی دیاری کراو چوومە حەساری ژاندارمەری. عالەمێکی زۆریان لەوێ ڕاگرت بوو. لە تەواوی پایەگایە را بێسیم دەکرا، "بە گوشم بە گوشم" (بە گوێم بە گوێم) دەتگووت لەگەڵ دەوڵەتی ئاڵمان شەڕیانە و هەموویان ئامادە بوون. دوایە سەرهەنگێك هات و هەڕەشەی کرد و گووتی: "وەك شانەی مێش هەنگوینی کوون کوون و دەکەم. از سینە بە بالا اتش میکنم (لە سینگ بەرەوسەر دەستڕێژتان لێدەکەم)". لەو تووڕەهاتانە. دوایە گووتی: "دەبێ هەمووتان تفەنگ وەرگرن و ئەوانە بکووژن". ئەمنیش گووتم: ئەمن مامۆستام چۆن سەید فەتاح بە من دەکووژرێ. گووتی: بە جەهەندەم مامۆستای دەبێ هەر دێیەی ٢ تفەنگان وەرگرێ. کۆنەدێ و وزندەرێ، لاچین، میناباد، شیلاناوێ، بەسری و ...هتد، ئەوانە هەموو دەبێ تفەنگی وەرگرن و شەو ئەگەر ئەوانە هاتن بیانکووژن.


سەید فەتاح نیزامی

ئەمن بڕیارم دا بوو بە هیچ نرخێک تفەنگ وەرنەگرم. ئەو ڕۆژە پێنجشەممە بوو. تفەنگی ئامادەیان نەبوو دوایە گووتیان ڕۆژی یەکشەممە دەبێ بێنەوە و تفەنگی وەرگرن.

ئەو شەوەی چوومەوە سەید فەتاح هاتە ماڵێ. بە شۆخی پێمگووت: "تفەنگێکت پێیە ١١ گەز ناڕوا. ئەمنیش ئەوە دوو تفەنگی بڕنۆم لێ بارکراوە و یەك دوو ڕۆژی دیکە دەبێ بچم وەریان بگرم، بە خودای لێرە بۆ کێوی ئاخداغی دەتهەنگێوم". زۆر پێکەنی، دوایە گووتم: "پیاوی چاك بە، ماوەیەك لێرە بڕۆ ئێرە بەجێ بێڵە". گووتی: وەڵاهی بە قسەت دەکەم هەر لەوشۆرا دەڕۆین.

دوو ڕۆژی پێنەچوو، شارچی لە شاری را هاتنەوەو گووتیان وەڵا سەید فەتاح و وانیان شەهید کردووە و جەنازەکانیان لە چوارچرایە، لە داران هەڵاوەسیون. ئەو هەواڵە بۆمن خەبەرێکی لە رادەبەدەر دڵتەزێن بوو و زۆر نارەحەت بووم.

رەحمانی قازی لە کتێبی "ڕۆژگاری ون بوو" دا لەسەر سەید فەتاح دەنووسێ: ... تەرمەکەیان هێناوە بۆ مەهاباد و بە کۆڵان و شەقام دا دەیانگێڕا و خۆیان پێوە رادەنا. هەر ئەو ڕۆژە من لە مەیدانی مەلاجامی وەستابوم و بە حەسرەتەوە چاوم لەو دیمەنە ناخۆشە بڕیبو کە تەرمی سەید فەتاحیان لە دار بەستبۆوە و ژاندارم لە دەوری وەستابون. یەکێک لە ژاندارمەکان جگەرەی دەستی

به ملی بێ گیانی سەید فەتاح کوژاندەوە. ئەفسەرێکی سپا کە چاوی لەو دیمەنە بوو، کوتی ئەو کوڕە کوردە بە دەستی کوردێکی خۆفرۆش کوژراوە دەنا پیاوی وەک تۆ نەیدەوێرا ئاوای لەگەڵ بکا، خوێڕی بۆ تا مابو نەتان دەوێرا بەو ناوچەیە دا بڕۆن کە سەید فەتاحی لێ بوو، ئێستا بۆ ئاوای لێ دەکەی؟

ماموٚستا هێدی شاعیر گەورە لە لاپەڕەی ٢٣٠ کتێبی "کاروانی خەیاڵ" دا لە شێعری "شاخی حاجی کیمی" لەسەر شەهیدانی ئەو شوێنە دا دەڵێ:

**شاخی حاجی کێمی**

"حاجی کێمی"[١]حەجی لی قەوماوان
پێی غەریبانی دەنا سەر چاوان[٢]
سەری بەرزی هەیە داوێنی بڵاو
سەری ئی خۆی نەبو بۆ لێ قەوماو
سەد کەلێن و کەڵەک و داوی بو
پڕ بە دڵ رازی نەدرکاوی بو
شوێنی پێی دەرنەدەخست داوێنی
سەری هەر تەم بو لە بەر چاوێنی
پوشی زەردی وەکو ئاوریشمی خاو
دای دەگرت شان و شەپیلک و سەروچاو
سەیرە وا هەڵکەوێ ئەندام و لەش
فێسی وا زەرد لە سەروی "چاوی رەش"[٣]"
داخوا هەر داڵدەیە[4] بۆ ئاواران
باوەشی گەرمی هەیە وەک جاران
هەر بە شانازیەوە لێی دەدوێن
باوی باڵان دەدەن و بۆی دەخوشێن
دیمەنی چۆنە وەکو خۆی ماوە

---

[١] حاجی کێمی شاخێکی گەورەیە لە موکوریان چاوەی ئاوی خۆشی هەیە و گەلێک جار قاچاغ روی تێدەکەن و لەوێ خۆیان ون دەکەن.

[٢] کاتێک لێرەوە هەڵاتم بۆ ئەودیو دو شەو لەو شاخە مامەوە لەسەر کانیەکەی قاچم شوشت و ئاوم لێ خواردەوە و پنگەم لەسەر کانیەکە چنی.

[٣] گوندێکە لە بن شاخی حاجی کێمی لە ناوچەی بۆکان، دێبوکری یە.

[4] پەنا ، گیاو گژوپوش.

یـان ئەویـش پـێـچـوە تـێـک چـرژاوە
داخۆ ئێسـتەش هەمو رۆژێ لە سـوێ
دەنگی "پیرۆت" و "عەلی"[1]ی دێتە گوێ
لەو هەرێـمە خەوی ئـارامـی شـەوێ
بە تەقەی "سـەیـد فەتـاح" ی دەڕەوێ
داخـۆ دوژمـن کە بە دویـدا دەکشـا
خەنجەری "عەلیەگەلە"ی چۆن دەوەشـا
بـیری "عـوسـمـانـی"[2] دەکـا جـاروبـار
ئـاو لە چـاوانـیەوە دێـتە خـوار؟
کـور ئەگەر نەیـبـێ گـیـانـی تـۆڵە
بـۆ بـژی بـا بـمـرێ ئەو زۆڵە
رەنـگ کرا سـینـگ و بەری خـاوێـنـت
شـەرتە ئەمـنـیـش بـگـرم داوێـنـت
یـان لەبەر پـێـت دەرژێ خـوێـنـی مـن
یـان دەسـەر سـەرتی دەگێرم دوژمن

**مراد شیرێژ**


تەرمی مراد شیرێژ

لە هاوینی ساڵی ١٣٤٧ مراد شیرێژ و چەند پێشمەرگەی دیکەی حیزبی دێموکرات، لە کوێستانی کانی باسی، لە بەری مێرگان، لە شەڕێکی قورس، لە گەڵ هێزەکانی دەوڵەت دا، شەهید بوون و تەرمەکانیان لە شارەکانی مەهاباد و پیرانشار و نەغەدە بە بەرچاوی خەڵک هەڵاوەسی.

سەرهەنگ دوو محەممەد باقری بنی عامری لە لاپەڕەی ٣٨ کتێبی "نقاب" دا باسی دوو برای قاچاغچی بە ناوەکانی رەسووڵ و قادر دەکا کە لە پاسگای "کێشک درە"

[1] فەقێ عەلی وەرگێلی. سید فتاح، پیرۆت، عەلیەگەلە، درویش عوسمان.

[2] ئەو پێشمەرگانە هەمویان لە شەرێک دا لە شاخی حاجی کێمی شەهید بون بە هۆی هێزەکانی میری کە سەرکردایەتی ئەو هێزانە سپەهبود ئوویسی ئەیکرد.

(دەبێ گوێچکەدەرێ بێ) دوو ژاندارمان دەکوژن. عامری دواتر لە ناوچەی بۆکان لەماڵێک ئەوان لە داو و دەخا و دەیانکوژێ. بە دوای ئەوانەدا عامری بەرپرسایەتی کوشتنی مراد شیرێژی پێدەسپێردرێ. ئەو کەڵک لە سیخورڕ و جاشان وەدەگری و داوای هاوکاری لە مرادی قەتاری دەکا کە هەم لە پیرانشار قاوەخانەی هەبوو و لەگەڵ قاچاغچیان لە پەیوەندی دابوو هەم زەراعەتی دەکرد. عامری لە لاپەڕەی ٤٢ دا دەنووسێ کە لە دووهەم دانیشتن لەگەڵ مراد قەتاری دا، ئەو پێیگووتوە کە جێگری مراد شیرێژ کە ناوی محەممەد ئەمینی گڵەزەردە لە ئاوایی قەمتەرێ ئاشقی کچێکە و جارجار دەچنە ئەوێ. عامری بەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ دەبێ و ١٠ رۆژ دواتر لە سەعات یەکی نیوەڕۆیە مرادی قەتاری رادەسپێرێتە عامری کە محەممەد ئەمین لە ئاوایی قەمتەرە لە ماڵە دۆستەکەیەتی. عامری بە دەستەیەک ژاندارم هێرش دەبا بۆ قەمتەرێ و لە شەڕێکی دەستەوەکەرە دا محەممەد ئەمینی گڵە زەرد شەهید دەکا.

عامری دەنووسێ کە بەو هەواڵە مراد شیریژ زۆر ناڕەحەت دەبێ و بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە بە ١٤ کەسان هێرش دەکاتە سەر پاسگایەک. عامری دەڵێ کە ئەو بەخێرا خۆی گەیاندە شوێنی شەڕەکە و دوایە مراد شیرێژ لە تاریکی شەو کەڵکی وەرگرت و هەلات. بۆ بەیانی کە چوونە شوێنی شەڕەکە بە سەر ٧ جەنازەی پیاوەکانی مراد شێرێژ داکەوتوون.

سەرهەنگ عامری لەلاپەڕەی ٤٣ دا دەنووسێ کە ٣ حەوتوو دوای ئەو رووداوە مراد شیریژ کوڕی باپیرئاغا کە ئاغای ئاوایی کۆنە لاجان بوو دەکوژێ. باپیرئاغا داوا لە عامری دەکا کە تۆڵەی کوڕەکەی بستێنێتەوە. ئەیش قەولی پێدەدا و داوای لێدەکا کە چەکی دەوڵەت هەڵبگرێ و ٥ تفەنگی دەداتێ و رێنوونی دەکا کە چۆن مرادی بکوژن.

عامری لە لاپەڕەی ٤٤ ی کتێبەکەی دا دەنووسێ کە دوای ٣ حەوتوو باپیر ئاغا رایسپارد کە لە گورهان ئامادە بم و چاوەڕێ هەواڵی وی بم. ئەو شەوە سەعاتی ٧ شەو باپیرئاغا بە ماتۆڕسوارێک دا خەبەری دامی کە بچم بۆ ئاوایی لکن. عامری دەچێ و ئەگەر تەماشا دەکا تەقەیە و مراد شیرێژ بە هۆی باپیرئاغا لە ماڵێک دا گەمارۆ دراوە. ویستویانە ماڵەکە ئاور دەن بڵام عامری گوتویە فیشەکی کەم پێماوە و بە دەنگی بڵیند بە مراد شیرژی دەڵێ کە ئەگەر تەسلیم نەبی نارجۆکت دەباڵ داوێم. بەڵام مراد شیرێژ جنێوی پێدەدا. دوای ٥ سەعات کەسێک دەڵی من حەسەن پاپەتیم تەقەی مەکەن. مراد شیرێژ و رەسووڵ کوژراون ئیزن بدەن ئەگەر رووناک بوو تەسلیم بم. بەیانی رووناک بوو دوو جەنازە و حەسەن پاپەتی تەسلیم بە گورهان کران.

لە لاپەڕەی ١٨٩ ی بەرگی ٢ ی "پێداچوونەوە"دا کەریمی حیسامی باسی مراد شێرێژ دەکا کە خەڵکی "جەڕان"ی ناوچەی پیرانشار بوو و لە دژی زوڵم و زۆری رێژیم راپەڕی و رێژیم بۆ نەمانی ئەو پیلانی داڕشت و دەنووسێ: ... چەند قوڵە ئاغای وەک حەمەدەمین چیچۆ، مرادی دروی، رەسووی عەبدولسەمەدی و رەسووی خراپە و ئاڕەحمانی شێلمجاڕان چەکدار دەکەن و وەدوای مراد شیرێژیان دەخەن.

بە پێی لاپەڕەی٣٨ بەرگی٣ کتێبی لەبیرەوەرییەکانم، نووسینی کەریمی حیسامی، کەسێک بە ناوی ئەنوەر دڵسۆز لە "سوڤیا" سەردانی کردوە و گوتویە کە دەستەی مراد شێرێژ دوای شەڕێکی قورس لە گەڵ هێزەکانی رێژیم لە ناوچەی پیرانشار روو دەکەنە ناوچەی باڵەکان. بەڵام لەوێ ئەحمەد حاجی بارزانی لە گەڵ پۆلێک ژاندارمی دەوریان دەدەن و یەکیان لی دەکوژن و سێ کەسیشیان لێ بەدیل دەگرن کە دەدرێنەوە بە ئیران و لە خانێ لە دار دەدرێن.

لە سایتێکی ئێنترنێتی دا لەسەر مراد شیرێژ ئاوا هاتووە: کاک مراد قارەمانی شەرەکانی ساڵەکانی ٦٧ـ٦٨ بوو، بەڵام بەداخەوە لە بەهاری ١٩٦٨ دا لە دۆڵی کانێ زەرد لە ناوچەی بەریمێرگانی لە پیرانشار دەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بە نێوی ئەحمەدی عەلی عەجەم بەر لـــە نیوەڕۆ لە لایەن جاش و ژاندارمەوە دەورەیان دەدرێ، تا ئاخیر گوللە شەڕ دەکن و ئەحمەدی عەلی عەجەم شەهید دەبێ و مرادیش بە برینداری ئەسیر دەکرێ جەنازەی مرادی بە پشتی وڵاغ دادێنن و لە شاخی دێننەخوار بە ئەشکەنجە شەهیدی دەکەن. بۆ چاو ترسێنی خەڵك، جەنازەی مرادی دەدوای ماشێن دەخەن بە شاری پیرانشار و شارەکانی دەوروبەریدا رادەکێشن.

## شەهیدان محەممەد رەسۆمەرەی و فەقێ عەلی شیوەسەڵی (عەلی رەش).

لە هاوینی ساڵی ١٣٤٧ لە سەرشیو کە هەر ١٥ کیلۆمیتر لە سەردەشت دوورە، شەڕێکی گەورە لە نێوان پێشمەرگە و هێزی دوژمن رووی دا. سەروان قاسمی فەرماندەی عەمەلیاتی دوژمن بە هێلیکۆپتێر دەسترێژی لە پێشمەرگە دەکرد و ئەوان ئازایانە بەربەرەکانیان کرد و کەسێک بە ناوی "هەڵمەت" کە پێشتر پێشمەرگە بوو خۆی تەحویل دابووە و ببوو بە جاش، لەگەڵ چەند ژاندارمان کوژران. هێلیکۆتێرەکە پێکرا و سەروان قاسمی بە زەحمەت خۆی گەیاندەوە پادگانی سەردەشت. لەوشەڕە دا فەقێ عەلی شیوەسەڵی (عەلی رەش ) و محەمەد رەسۆمەرەی دوای شەرێکی زۆر قارەمانانە شەهید بوون.

رەحمانی کاژەیی کە یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی بەشداری ئەو شەڕە بوو، لە لاپەڕەی ٥٧ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: کاتێک گەیشتینە ئەو مووچەیەی کە باسمکرد، وڵات هێشتا تاریک بوو. ئێمە دابەشبووین بەسەر سێ دەستەدا. هەربەشە کەسێکی شارەزایان لەگەڵبوو. من و لەتیف و چوار پێشمەرگە وێهەڵگەڕاین بۆ بەرزاییەک کە سپیلکی پێدەڵێن و دەکەوێتە نێوان گوندی کاژێ و سەرشیو و بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەڕوانێ. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە ئێمە توانیمان پێش ئەوەی جاش و ژاندارم بگەنە گوندی سەرشیو، بە دووربین بیانبینین.

کورتە نامەیەکم بۆ قادرشەریف نووسی: ئەگەر دەتەوێ لە جاش و ژاندارم بدەی هیچ کاتێک لەوە باشتر هەڵناکەوێ .... ئەوە بەڕێوەن بۆ نێو ئێمە .... ئەگەر بڕیاربێ لێیان بدەین، ئاگادارم بکەوە!

شەڕ دەوری هەشتی بەیانی دەستیپێکرد. لە هەوەڵین دەسڕێژدا دوازدە جاش و ژاندارم بەسەریەکدا کەوتن و هەڵنەستانەوە. دوای کەمتر لە کاتژمێرێک، هێلیکۆپتەرێکی نەفەرهەڵگر لە

ئاسمانی ناوچەکەدا پەیدابوو. زۆر نەوی بەرەو ئەو بەرزاییەی کە ئێمەی لێبووین هاتەپێش. جاشی شارەزایان لەگەڵ بوو، بۆیە ئەو شوێنەیان هەڵبژاردبوو بۆ دابەزاندنی نەفەرەکان.


محەمەد رەسومەرەی

ڕێگەمان پێنەدا فڕیای گەمارۆدراوەکان بکەون و لە هەوەڵین دەسترێژدا دووکەڵ لە هێلیکۆپتەرەکە هەستا و سەربەرەوژێر بەرەو گوندی نەلاس ڕۆیی و فرۆکەوانەکە توانی لە مەیدانی شەڕەکە دوورکەوێتەوە.

بەکورتی لەو شەڕەدا، بێجگە لە فەرماندەکەیان بە نێوی قاسمی کە بە برینداری خۆی گەیاندبوە کانی ژنان و لەوێ خۆی حەشاردابوو، کەسی دیکەیان دەربازنەبوو.

ئەو شەڕە دەوری هەشت کاتژمێری خایاند. دەستکەوتێکی باش وسەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەستهێنا. بەداخەوە کادرێکی لاو و بەجەرگمان بە نێوی مەحەممەدی ڕەسوەمەرەی شەهید و پێشمەرگەیەکیش بریندارببوو.

مامۆستا هێدی لە لاپەرەی ٢٣٥ کتێبی کاروانی خەیاڵ، لەسەر ئەو شەڕە لە شێعرێک دا دەڵێ:

**سپیلکی سەرشیو**

سـەری شـێواوە سـپیلکی سـەرشـیو[1]
تەم سـەری گـرتـوە ئەودیـوە و دیـو
لە دڵا کـۆنە بـریـنـی مـاوە
لـێـی وەبـن داوەتەوە دامـاوە
سـەردەمێک بو سـەری هێنـد بەبرەو بو
نە بە ڕۆژ جـێ نە شـەوانەی خەو بـو
سـینگی مەودای هەبو بۆ نەسـرەوتن
شـانی وەک پەیژە بـو بۆ سـەرکەوتن
کـوڕ کە راسـت و چەپی نـاسـیبـایە
سـەری دێـنـایە بەری بـۆ کـایە
ئـێسـتە وا مـاوەتەوە بـێ ئـاواڵ
دەردی تەنـیـایـی دەشـیـوێـنێ خەیـاڵ

[1] شاخێکە لە ناوچەی سەردەشت لە پشت گوندی سەرشیو.

نە بە رۆژ دێ نە شـــەوانە لە ســـەری
دەنگی دەس رێژی "حەمەی رەســـومەرەی"
نە تەقەی گەرمە نە هـــاتـــوچـــۆیە
بـــاوەشـــــی چـــۆلە ســــــپـــیـــلــک بـــۆیە
حەز دەکـــا تەم لەســـــەری هەر نەڕەوێ
هەر لەبـــن چـــادری رەش دەرنەکەوێ

## شەڕی گوێزە کوێرە

شاخی گوێزە کوێرە لە پشتی ئاوایی "نستان" هەڵکەوتووە. جارێك دەستەیەک پێشمەرگە دەچنە ئەوێ و شەو پێشمەرگەی کێشک خەوێ لێدەکەوێ و دوژمن بە سەریان دادەدا و دوو پێشمەرگە شەهید دەبن. مامۆستا هیدی شاعیر گەورە لە لاپەڕەی ٢٣٣ کتێبی "کاروانی خەیاڵ"دا لە شێعری "شاخی گوێزە کوێرە"دا دەڵێ:

### شاخی گوێزە کوێرە

لەو چەمە بـــا لە دەراوێ بـــگەرێـــم
بـــارێ بـــاوێـــمە ئەوبەر وەپەرێـــم
ســـەرخەوێـــک بەرمەوە " گوێزە کوێرە"[١]
"خەوی بـــێـــوادە"[٢] بە چـــاوم فـــێـــرە
شـــــارەزام گەرچـــی گەلـــێـــک لەو نـــاوە
زۆر کەســــــم لـــێ بەتەمـــاڵ هەڵـــنـــاوە
لەو چـــیـــایە گەلـــێ جـــارم دیـــوە
جـــاش و ژانـــدرمە دەخـــوێـــن گەوزیـــوە
لـــێـــرە زۆر جـــار چەتەیـــان بـــۆ هـــاتـــوون
"حاجی پاراســـــت" و "حوســـێنی خاتون"
ئـێســـــتە هەســــتێـکـی نـیە بـێـدەنـگە

[١] شاخێکە لەناو گەورکان لە پشت گوندی نستانێ.

[٢] لەو شاخە پێشمەرگە حەرەسێکیان دانابو بە ناوی ئەحمەد نستانی بەلام حەرەسەکە خەوتبوو هەتا سەرباز و جاش نەهاتنە سەریان نەیان زانی و بەو جۆرە دو پێشمەرگە شەهید بوون و حەرەسی خەواڵوش خۆی رزگار کرد.(تێبینی ئەحمەد نستانی یەکێک لە ئەندامانی بە وەفای حیزب بوو کە سالەها وەک فەرماندەیەکی بە وەج و ئازا، لە ریزەکانی پێشمەرگە و رێبەری حیزب دا خزمەتی کرد).

چـاوی جـاســـوس لە خەوابـێ رەنـگە
تـاو هەڵات وەختی لە خەو هەســـتـانی
روی روانـــیــن دەکەمە "نســـــتـــانــێ"
بـــا هەتـــاو کـــاتـــێ گـــزیـــنـــگـــێ داوێ
چـــاوی ڵـــێـــڵـــم بەوێ رون کەم تـــاوێ
وامەزانە کە هەمـــو هەر خەوتـــون
کـــوری ئـــازای گەلـــێ لـــێ هەڵـــکەوتـــون

## ئەشکەوتی خەزاڵێ

ئەشکەوتی خەزاڵێ کە لە ناوچەی ئالانی سەردەشت هەڵکەوتووە دوو پێشمەرگە دە شەڕ دەکەون، یەکیان هەڵدێ و ئەوی دیکەش قارەمانانە تا شەهید دەبێ شەڕ دەکا.

مامۆستا هێدی شاعیر گەورە لە لاپەڕەی ٢٣٧ کتێبی "کاروانی خەیاڵ" لە شێعری "ئەشکەوتی خەزاڵی" دا دەڵێ:

### ئەشکەوتی خەزاڵێ

رێ ســـەرەوژورە گەلـــێـــک بـــڕ نـــاکەم
بـــۆ وچـــان جـــێـــیەک ئەبـــێ پەیـــداکەم
لەســـەر "ئەشـــکەوتی خەزاڵێ"[١] ش تـــاوێ
بـــا خەیـــاڵـــی ســـەرەرۆ خـــۆی بـــاوێ
ســـێـــبەری فـــێـــنـــکـــی هەیە بـــۆ رێـــبـــوار
وەکـــو یەک رادەگـــرێ پـــیـــادە و ســـوار
مـــاڵـــی بـــۆ دەربەدەران ئەنـــوایە
خـــانەخـــوێـــی دەربەدەری هەروایە
زگـــی پـــر ســـوچ و کەلـــێـــن و قـــوژبـــن
ســـەر بەڵام پـــوچەک و بـــێ نـــێـــو ئـــاخـــن
کەچـــی بەوحـــاڵەوە چـــی بـــێـــتە گـــوێ
ئەویـــش ئەیـــڵـــێـــتەوە بـــۆت ســـەرلە نـــوێ

---

١ ئەشکەوتی خەزاڵێ لە ئالوەتان ناوچەی سەردەشتە.

هێشـــتە هەر ئەیڵێ کە "عەوڵا نـاســـر"
پـێـی لە خـۆ بـوردنـی نـا نـاو ئـاگـر
کـاتێ  وا دەســـتی لە ژینی خۆی شـــوت
چەنـد بەســـەر بەرزی دەمـرد و دەیـگـوت
حەز دەکەن نەبــنە مەکــۆی داخ و دەرد
پشـــت مەبەســـتن بە "هەڤـاڵی نـامەرد"[١]

[١] عەوڵا ناسر لەو سەفەرەدا هەڤاڵێکی دەگەڵ بو بە ناوی "مەلا قادر لاچینی" کە ئەگەر تەقە دەس پیکرا مەلا قادر خۆی پێ رانەگیرا و هەڵات و عەوڵاناسر بە تەنیایی شەری کرد هەتا شەهید بو.

## بەشی ٩٤

## هۆیەکانی تێکشکانی جوڵانەوەی ٤٦ -٤٧

زۆر هۆکاری سەرەکی بوونە هۆی تێکشکانی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ بەڵام گرینگترین هۆکارەکان ئەوەبوون کە حیزب یەک دەست نەبوو و کێشە و ناکۆکی نێوخۆیی هەموو قەوارەی حیزبی داگرتبوو، رایەڵەیەکی بەهێز و تۆکمەی تەشکیلاتی دانەمەزرا بوو و شەڕی چەکداری بێ پشت و پەنا و بەرنامە، کوتوپڕ دەست پێکرا. ئەوجار دەستەکانی حیزب بێ هاوئاهەنگی بەسەر چەند لایەنی پاڕتی و باڵی مەکتەبی سیاسی و حیزبی شوعی و لایەنگرانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە و چەپی کمونیستی تۆخ دا دابەش ببوون. هەر لایەش بە مەبەستی خۆی و بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵکی لێوەردەگرتن. لەو قۆناغەدا ئەوەی ئەندامانی حیزب لەسەری کۆک و یەک را بوون تەنیا دژایەتی لەگەڵ رێژیمی ئێران بوو.

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٥٦ چاپی دووەمی کتێبەکەیدا "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم" بەو جۆڕە باسی گرفتەکانی حیزب دەکا و دەنووسێ: سەرکردایەتی، لە بەرهەمی ناکۆکیی ناوخۆییدا، یان زیز ببوون یان لە ناوچەکانی سەر سنوور دوور خرابوونەوە، لێک دوور و بڵاوبوون. جیا لە چل پەنجا کەچە تفەنگی کەم فیشەک، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەنبڕی دیکەی نەبوو هەروەک تمەنە دراوێکیشی، لە گیرفانی خۆیدا شک نەدەبرد، تا جووتە پێڵاوێکی پێ بکڕێ و.... حوکمی ئەقڵی بارودۆخ، بەپێی لێکدانەوەی خۆی، دایनابوو کە بزووتنەوەی چەکداریی لە هەر بارێکەوە بێ زەمینەی ٦٧- ٦٨ چ ئاکامێکی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێ، جیا لە شەهید کەوتنی دەیان و دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەر و کادری بەوەجی خەباتی داهاتووی ڕزگاریخوازیی وڵاتەکەمان و هەروەها خەسارەتی کەوتنە زیندان و بوونی هەزاران لە هاووڵاتیان و تێکۆشەرانمان...

بزوتنەوەی ٤٦ -٤٧ بێ پشت و پەنا بوو و بێ رەچاوگرتنی شۆڕشی باشووری کوردستان کە لە چڵەپۆپە دا بوو دەست پێکرا. لە ئاکام دا ئەوە بوو بە هۆی بەرهەڵەستی هێزەکانی شۆڕش بە دژی پێشمەرگەکانی حیزب و هاوکاری ئەوان لەگەڵ هێزەکانی رێژێمی ئێران، کە هۆیەکی دیکەی تێکشکانی ئەو راپەڕینە بوو.

خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، تا ساڵی ١٣٤٥ تەنیا چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی مەلامستەفای بارزانی بوون، بەڵام راپەڕینی ٤٦-٤٧ تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی نێوان خەڵکی رۆژهەڵات و باشووری کوردستانی تێک دا و لە ژێر شوێنەواری و زەختی دەوڵەتی ئێران دا، گرژی و هاڵۆزی لە نێوان دوو بەشی کوردی کوردستان پەرەی ئەستاند و خەڵکی تووشی نائۆمیدی کرد.

رێژیمی ئێران لە یارمەتی دان بە شۆڕشی کوردستانی باشوور، سنووری دەستێوەردانی بەزاند و رێبەری شۆڕشی کوردستانی عێراق، وەک هێزی یارمەتی پێکراو، نەیتوای سنوورێک بۆ یارمەتی دەر، دیاری بکا و پێش بە دەستێوەردانی بگرێ.

بێشک هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلیتێکی کورد وایە کە بە پێکهێنانی بچووکترین جمووجۆڵ نەتەوەیی، جیا لە گەلەکۆمەگی دوژمنانی ناوچە و جێهانی، سەدان داوەڵیش وەک کارگ هەڵدەتۆقن و بە درۆ دەبنە یار و یاوەر و پشتیوان و تا لەبەینی نەبەن دەستبەردار نابن. محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٨٠ بیرەوەرییەکانی لە باسی کوشتنی بەختیار دا ئاماژە بە پیلانی چەند لایەن و جێ پەنجەی گەورە سیخوڕانی ناوچەیی و دەرەوەی و بە تایبەتی ساواک و هەروەها دەستی حیزبی تودە لە تێک دانی راپەڕینی ٤٦ – ٤٧ دەکا و دەنووسێ: ... بەڵی ئەمە بوو سیاسەتی حیزبی توودە و بگرە باڵاتریش کە بە دەستی پەناهیان و دوکتۆر موراد جێبەجێ دەکرا و جەنابی کاک حەمەدەمین و زۆری وەک ئەویشی تێدا هاوبەش بوون. هەمان سیاسەتی بۆ لەناو بردنی کومیتەی شۆڕشگێری دیموکرات کە ئاغایانی دەوری شوومی پەناهیان پێ ئەسپێردرابوو، هەمان سیاسەتی تێکدەری ریزەکانی حدکا لە کۆنگرەی  چواردا و ... کە خۆشبەختانە ئاکامی لە کەس شاراوەنییە.

هاوکاری هێندێک لە عەشایری کورد بە زۆری یان بە خۆشی، یەکێک لە هۆیەکانی دیکەی تێکشکانی جوڵانەوەی ٤٦ – ٤٧ بوو. عەبدوڵای قازی لەوبارەوە لە کتێبی "وڵاتی من" دا دەنووسێ: هەر لەسەر هاوکاری هێندێك عەشایری خراپ لەگەڵ دوژمن، کە لە تامیان دەرکردبوو و تەنانەت بە پێچەوانەی هەموو دابونەریتەکانی کوردەواری دەجووڵانەوە. کاك حەمەدەمینی قەزاق، ئاوای دەگێراوە: لەو ساڵانەدا لە یەکێك لە ئاواییەکانی دەورووبەری مەهاباد مامۆستا بووم و دەرسم بە قووتابیان دەگووت و شەوانەش دەچوومەوە ماڵە ئاغای...، رۆژێك پیاوێکی غەریبی بۆشناغ لە ماڵە ئاغای میوان بوو. ئاغا هاتە لای من و گووتی ئەمن لەو پیاوەی بەشکم و دەبێ ساواکی لێ ئاگادار بکەم. ئەمنیش گووتم: ئاغا ئەو کابرایە هاتووەتە ماڵە تۆ، میوانە نانێکی دەخوا و دەڕوا، گووناحە وامەکە. ئاغا گووتی: نا، ئەمن خزمەتکاری شام و ئەوەی دەوڵەت پێیخۆش بێ ئەوەی دەکەم. ئاغا بە پەلە کوڕەکەی کە ئەویش ئەو کارەی بابی زۆر پێناخۆش بوو، ناردە شاری و مەئموری ساواکی بە خێرایی هاتن و کابرایان تێکەوە پێچاو و بردیان. ئەمن نەمزانی کێ بوو، بەڵام دواتر ساواك گوتبووی کە لە مێژە بە دووی ئەو پیاوەیەوە بوون و لە بڕی ئەو کارەش دەرەجەی شاهەنشاهی درا بە ئاغا و بە کوڕەکەی.

سەرئەنجام دوای ١٨ مانگ بەربەرەکانی لەبەرانبەر بە دڕندەترین رێژیمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، راپەڕینی بێ پشت و پەنای ساڵانی ٤٦ – ٤٧ تێک شکا. ئەو بزوتنەوەیە تایبەت بە بەڕیوەبەرایەتی حیزبی دێموکرات بوو و هێچ هێز و توانایەکی دیکە یارمەتی نەدان و لە مێژووی جوڵانەوەی کورد دا، وەک لاپەڕە یەکی زێڕین دەدرەوشێتەوە.

قارەمانانی شەهیدی ئەو قوناغە، هەمویان کەڵەپیاوانی مێژووی خەباتی کوردایەتی بوون کە سەربەرزانە گیانیان لە پێناو ئازادی کوردستان دا بەخت کرد. ئەوان بێوەخت و بی تێبینی و بێ رەچاوگرتنی وەزعییەتی باشووری کوردستان، دەستێان بە کارێکی بوێرانە برد و لەو پییەدا گیانیان لەدەست دا و یاد و رێ و رێبازیان لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کورد دا بە زیندوویی ما.

سوارەی ئیلخانی زادە لەشێعری بەرزی "خێڵی درۆ" دا وڵامی ئەو رووناکبیر و حیزبە زڕە شۆڕشگێڕانە دەداتەوە کە هەر بە قسە و بەڵینی بە درۆ خۆیان بە یار و یاوەری زەحمەتکێشان دادەنێن و لەسەر رێبوارانی ئەو سەردەمە دەڵێ:

**خێڵی درۆ**

ئێوە کێن؟ خێڵی درۆ
گەلی دەم پڕ لە هەرا
نیشتەجێی شاری بە گرمە و دووکەڵ
پێم بڵێن:
ئێوە چ کارەن؟
چ کەسن؟
ئێوە ئەی کرمی کتێب
یاری غاری هۆدە
بە گەرووی قاسپەکەری کەوتارێن
جاڕی کام گوم بوو ئەدەن وا بە هەڵپەو بە دەهۆ؟
ئێوە: میراتگری کام جێ لەوەڕن؟
ئێوە، حاشارگری ڕووبەندی وشە
بووکی بن تارای سوور
خوا نەکا بای بە تەوژمی کوێستان
لابەرێ پەردە لەسەر باڵاتان
دەرکەوێ هەر دەکوژن دوورا دوور.
ئێوە: کەی شێری چیان؟
بەردەماوخۆری تولە و گورگی گەڕن
قاقڕە گیانە هەوای بەرپشتێن
شۆرە کاتێکە کوژەی خەڵفی دەست
زەلکەیە کۆڕەکەتان ئێوە زەلن
هەر بە بایەک ئەگرین بێ دەربەست
کام بەیان بەر بوو لە بەندی شەوەزەنگ؟
کام کولەی شۆڕ بە نەفەستان لاچوو؟
مل بە بەرمووری وشەی ڕەنگاوڕەنگ!
کامە پێ کەوتە پیاسەی ڕێتان؟
ئێستە وا گرمە لە کێوان بەرزە
مێش ئەخاتە لەشی گا بوولەرزە

ئێوەن و ئێوەن و لۆکەی گوێتان
بەسیەتی، ... بەسیەتی
واهات ... وا چوو
سوارە ئیلخانیزادە

ئەگەر هێندێک لە ئێرانییە بە ناو شۆڕشگێڕەکان، لە ساڵەکانی ١٣٤٩ دوای تاقی کردنەوەی هەموو بیر و هزرێک، خۆیان تەحویلی رێژیم دەداوە و دەهاتنە سەر شاشەی تەلویزیۆن، یان کەسانێک لە زیندان دا پەشیماننامەیان دەنووسێ و داوای عەفوی شاهانەیان دەکرد، خەڵک لە کوردستان لە ژێر کاریگەری راپەڕینی ساڵانەی (٤٦-٤٧ ) قورس و قایم وەک پۆڵا دیفاعیان لە باوەڕی خۆیان و میللەتەکەیان دەکرد. مەرزە خانم، خێزانی غەنی بلوریان کە زۆر بە زەحمەت بۆی دەلوا لە زیندان سەری مێردەکەی بدا، بە دوای پەشیمانی کەسانی دژ بە رێژیم، بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە تاران و بە پێی لاپەڕەی ٢٥٩ کتێبی ئاڵەکۆک لەگەڵ مێردەکەی ئاوا دەدوێ: دەزانی بۆچی هاتووم؟

- دیارە هاتووی من ببینی.


مەرزە خاتوون

"راستە کە هاتووم تۆ ببینم، بەڵام مەبەستم لەو هاتنە تەنیا دیتنی تۆ نییە، بەڵکوو هاتووم پێت رابگەیەنم نەکا تۆش وەک ئەو کەسانە بکەی و بێیە سەر تلویزیۆن و بە گوتنی چەند قسەی پرو پووچ و بی مانا وەک ئەوان خۆت لەبەر چاوی خەڵک سووک بکەی! تۆ دەزانی لەو رۆژەوە کە مێردم بە تۆ کردوە قەت ئاسایشم بە خۆوە نەدیتۆە و تەنانەت نەمتوانیوە پر بە دڵم بتبینم. غەنی! من تۆم خۆش دەوێ و هەر ئەوەندەی کە ناوی تۆم لەسەرە و دەبینم خەڵک بە حورمەتەوە ناوت دێنن شانازیت پێ دەکەم. ئێستاش بۆ ئەوەی بێمە لات و تۆ ببینم و ئەو قسانەت پێبڵێم، ئەو رێگە دوورم بریوە. غەنی نەکەی بە هەڵە بچی! کورە فریوت نەدەن و بتبەنە سەر تلویزیۆن و سەری بەرزی من و منداڵ و خزم و کەست پێ نزم کەن! غەنی داوات لێدەکەم لە زینداندا بمرە و ئاوات و ئارەزووی من لە گڵی نێ، بۆ ئەو رژیمە کورد کوژە خویرێیە کرنۆش مەبە".

تێکشکانی راپەڕینی مەزنی ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧ لە لایەک بوو بە هۆی نائومیدی و بێ هیوایی خەڵکی کورد و لە لایەکی دیکە دیسان زوڵم و زۆری دامودەزگانی ئەمنی و لەشکری رێژیم، بە تایبەتی ساواک و ژاندارم و ئەرتەش دەستی پێکردەوە و ئەوان دیسان بە رووهەڵماڵاوی دەستیان بە ئازار و ئەشکەنجەی خەڵک کردەوە. عەبدوڵای قازی لە کتێبی "وڵاتی من" لەوبارەوە دەنووسێ: بە دوای نەمانی پێشمەرگە دیسان سەرو کەلەی ژاندارم و ئەمنییە پەیدا بووەوە و تەشقەڵە دەستی پێ‌کردەوە. لەو ئەمنییانەی کە هاتووچۆی کۆنەدێیان دەکرد، دوویان کووژران کە یەکیان نێوی

بابەلی (باباعەلی) بوو. یەکێك لەو ئەمنییانەی کە نەکووژرابوو، ڕۆژێکی هاتە ماڵێ و گووتی: براکەی تۆ بارگینەکەی منی کوشتوتەوە. ئێستاش ئەتۆ فێئۆداڵ و مامۆستای دەبێ یارمەتی مانگێکت بدەی بە من.

بەمشێوەیە دەیهەویست پووڵێکم لێبستێنێ. ئەوە هەر ئەو ئەمنییە بوو کە پێشتر دەهاتە کۆنەدێ و نەیدەوێرا بچێتە دێهاتەکانی دەورووبەر و دەپاراوە و دەیگووت: "ئای گازی بە نۆکەرت بم ئەوکارەم بۆ جێبەجێ بکە". ئێستاش وای لێهاتبوو لەسەر ئەسپی بە تەشەرەو بە پێکەنین و تەوسەوە، هەرای دەکرد و دەیگووت: "ها کەکە سەید فەتاح هانی هی هی ی ی ی". ئەمنیش دەمزانی ئەو سەگبابە ئەوە جنێوان دەدا، لە دڵی خۆم دا دەمگووت: "ئای گۆڕی بابت ... م ئەوە وایلێهات، ئای قازی بوو بە کەکە. ئەدی ئەو وەختی هەتا پێشمەرگە بە شاخییەوە بوون، نەتدەوێرا لێرە بترازێی بۆ وات نەدەگووت قەحبەباب. ئەوکات کاکە بووم و نۆکەریت دەکردم و ئێستاش بوومە کەکە. تۆ بڵێی ڕۆژێك، ڕۆژمان نەیەتەوە، سەگی سەگباب.

## بەکرەجۆ

## بەتالیونی شەهید پێشەوا

ئەو دەستەی لە پێشمەرگەکانی ساڵانی ٤٦ -٤٧ کە کەوتنە لای باڵی مەکتەبی سیاسی و لە بەکرەجۆ نیشتەجێ بوون، دواتر لە ژێر ناوی بەتالیونی شەهید پێشەوا، بە دژی پارتی دێموکرات و بە لایەنگری لە باڵی مەکتەبی سیاسی کەوتنە شەڕ. جەلیل گادانی دەڵێ کاتێک هێزەکانی مام جەلال بە ناوی حیزبی شۆڕش، بە هاوکاری دەوڵەتی عێراق، هێرشیان کردە سەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، هێزەکانی حیزبی دێموکراتی نیشتەجێی بەکرەجۆ لەو شەڕەدا، لە لای سووورداش بەشدار بوون و دوای گرتنەوی قەڵادزی لەوێ بە ناوی بەتالیونی شەهید پێشەوا مەقەڕیان دانا. مەلا حوسێن ناسراو بە کاوە مەرەغانی کە لە مارسی ساڵی١٩٧٠لە قەڵادزێ شەهید کرا فەرماندەریان بوو.

عەبدول نستانی لە بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ: لەو وەزعەدا ئێمە لە سولیمانییە بووینەوە پێشمەرگە و لە بنکەی سولیمانیە لە نیزیک مزگەوتی گەورە جێگیر بووین. قادر شەریف پەیوەندی دەگەڵ ئەو دەستەیە هەبوو کە لە بەکرەجۆ مابوونەوە.

پاش ماوەیەک باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ شیڕ لەگەڵ بارزانی دەگەڵ دەوڵەت کەوت و دەوڵەت ناوچەی پشدەر و قەلادزی گرتەوە و ئەو دەستەی بەکرەجۆ شەریان دەگەل باڵی بارزانی کرد و دوایە چونەوە قەڵادزی و لەوێ بنکە و بارەگایان دامەزراند.

ڕۆژێک قادر شەریف منی ناردە قەڵادزیە تا کاوە مەرەغانی، لەتیفی مەلا عەلی و ئەحمەد نەستانی ئاگادار بکەمەوە کە دەوڵەتی ئیران هەول دەدا، کاوەی بکوژێ. دیارە قادر شەریف نامەیەکیشی دا بە من کە بیدەم بە کاوە و راستەوخۆ ئاگاداری کردبووە. ئەوان قسەکەیان بە هێند وەرنەگرت و دۆای دوو ڕۆژ، لە نوێژی نیوەڕۆیە لە کاتی خەودا، کاوە بە دەستی کەسێکی خائین

بە ناوی عەلی بە تەنفگی کوژرا. ناوبراو بە هاوکاری سیخور و بەکرێگیراوەکانی ئێرانی بە سڵامەتی دەربازی ئێران بوو.


کاوە مەرەغانی

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ۱۹۳ بیرەوەرییەکانی دا لە سەر ئەوانەی کە لە لای باڵی مەکتەبی سیاسی نیشتەجێ بوون دەنووسێ: ئەوانە دواتر لە شەڕی باڵی مەکتەبی سیاسی و شۆڕش دا بەشداریان کرد و لە گرتنەوەی قەڵادزێ بە هۆی باڵی مەکتەبی سیاسی دەستیان هەبوو.

ئەو کارە زۆری زیان بە ئیعتیبار و پرستیژی حیزبی دێموکرات دەگەیاند. ئەندامانی حیزبی لە لای شۆڕش هەوڵیان دا، بە هەرشێوەیەک بێ کە ئەوان بگەڕێنەوە یان کارێک بکەن لە شەڕکردن لە گەل هێزەکانی شۆڕش دا خۆ بپارێزن. لە ئاخر دا ئەوان نەگەڕانەوە بەڵام لە بەشداری کردن لە شەڕ دا، خۆیان پاراست.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ۱۲۲ "ئەزموونی خەبات" دا لەسەر جەماعەتی کاوە مەرەغانی دەنووسێ: ئیدی ئەوانیش هاتن بۆ قەڵادزێ و ئەوانەی مەشیان دەگەڵ هاتن. لەوێدا بڕیار درا ئەمن بچم پێوەندی یان پێوە بکەم. چووم دەگەڵیان دانیشتم. شەوێکی دەگەڵیان دانیشتم و پێم گوتن تکایە ئێوە کارتان بەو کارانە نەبێ. ئێوە نەهاتوون شەڕی پارتی بکەن. دانیشن خەریکی خۆپێگەیاندنی خۆتان بن. شەهید کاوە مارەغانی باسی کرد گوتی بۆ حەقیقەت و ئینساف دەبێ بڵێم شەخسی مام جەلالی چەندین جاری بە ئێمەی گوتوە کە ئێمە ئیحتیاجیمان بە چەند پیشمەرگەی ئێوە نیە. ئێوە دانیشن بخوێنن، خۆتان پێ بگەیەنن بۆ ئایندە. گوتی بەڵام پیشمەرگەمان دەگەڵ بووە گوتوویە بۆ ئێمە پیاو نیین؟ ئاخر سێ کەسمان لە شەڕی نێوان مەلایی و جەلالی‌یەکان دا شەهید بوون. ″حەسەن ئەلیاس″و کوڕێک هەبوو ناوی خۆی ″عەلی گۆماوی″ بوو خەڵکی شیوەسەڵێ بوو بەڵام ناوی خۆی نابوو قەرەنی. پێشمەرگەیەکی زۆر ئازای٤٦ – ٤٧ ی بوو. ئەوی دیکە کوڕێک بە ناوی هەمزە خەڵکی گوندی قەلەڕەشێ لە ناوچەی سەردەشت بوو. سێ کەسمان ئاوا تێدا چوون.

ڕەحمانی کاژەیی دوای تێکشکانی جولانەوەی ٤٦-٤٧ لە بەکرەجۆ دەگیرسێتەوە و لە لاپەڕەی ۷٤ بیرەوەرییەکانی دا باسی ئەوە دەکا کە چاوی بە مام جەلال کەوتووە و داوای لێکردووە کە کلاسی کادریان بۆ دابنێ و دەنووسێ: مەبەستم لە دیتنی بەڕێزتانیش، دەبێ بڵێم وێڕای سپاس لە دالدە و حاواندنەوەی ئێمە لای خۆتان، کۆمەڵە گرفتێک هەن پێویستی‌یان بە چارەسەرە. ئێمە کۆمەڵە خەڵکێکی بێکارین، ڕۆژانە بەملاوئەولادا دەگەڕێین و سەرگەردانین. ئێستا هەلێک ڕەخساوە بۆفێربوون و...

- ئەوە ڕاستە. من زۆر لەمێژە داوام لە ماموستا قادر (مەبەستی قادرشەریف بوو) کردوە لیستێکی جەماعەتم بداتێ بە مەعلووماتەوە، ئاستی خوێندەواری، پلەی تەشکیلاتی، هەتا ئەوەی داوام لێکردوە لەباری تەمەنیشەوە..... بەڵێ لە نەزەرماندایە دەورەیەکی کادرتان بۆ بکەینەوە و خۆشم ئەگەر قبووڵتان بێ، یەکێک دەبم لەماموستاکان. لەگەڵ کاکە نەوە (مەبەستی نەوشیروان مستەفابوو) و هێندێ ماموستای دیکەش قسەمکردووە و...

بەڕاستی زۆر خۆشحاڵبووم. بەتایبەت لەوە کە هیچ ئاماژەیەکی بە بەشداریکردنی پێشمەرگەکانی ئێمە لە شەڕەکاندا نەکرد و سپاسێکی زۆرم لێکرد بۆ ئەو دەرفەتە و ماڵئاواییم لێکرد.

ناوەرۆکی ئەو دیدارەم لەگەڵ لەتیف، مەلاحوسێن و سەدیق باسکرد. دوای چەند ڕۆژێک، قادر شەریف کۆبوونەوەیەکی پێکردین و لەو کۆبوونەوەدا ئەگەر باشم لەبیر مابێ، دەوری بیست کەسێک دیاری کران بۆ خولی ڕاهێنان لە بوارەکانی سیاسی و پێگەیاندن و کادری دەرمانی...

کەلاسی کادر لە بەکرەجۆ

خولی ڕاهێنانی کادر پێک هاتبوو لە سێ بەش: سیاسی - تەشکیلاتی، پێگەیاندنی کادری دەرمانی و ڕاهێنان لە بواری شەڕی پارتیزانیدا.

ماموستاکان بریتیبوون لە مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، دوکتور کورشی لاشایی و کەسێکی دیکە بە ناوی ئیسماعیل کە بەڕەگەز ئازەری بوو. (جێی ئاماژەیە، ئەوکات گرووپێک لە حیزبی تودەی ئێران جیاببوونەوە و "ڕێکخراوی لاوانی حیزبی تودەی دەرەوەی وڵات"یان پێکهێنابوو و لە بەکرەجۆ دامەزرابوون. مام جەلال و زیاتریش باڵی نەوشیروان مستەفا جێگا و ڕێگایەکی زۆر باشیان بۆ دابینکردبوون و چاکیان پێڕادەگەیشتن. ئەو گرووپە لەگەڵ ئێمە زۆر دۆست و هاوکاربوون. بەتایبەت دوکتور لاشایی کە وەک پزشکێک کاری سەرەکی ئەو پێگەیاندنی کادری دەرمانی بوو. هەڵبەت وەک ڕاهێنەری پێشمەرگەکانیش لە بواری شەڕی پارتیزانیدا دەورێکی زۆر کاریگەری دەگێڕا).

یەکەم ڕۆژی دەستپێکی خولەکە و یەکەم ماموستا مام جەلال بوو. دوای بەخێرهێنان، ئەحواڵپرسی یەکیەکی بەشدارانیکرد و هەروەها لە قسەکانیدا دەستیکرد بە ئامۆژگاری و دڵدانەوەی ئێمە لە بارەی بە ئاکام نەگەیشتنی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧. ناوبراو هەروەها کورتەیەکیش سەبارەت بە هەلومەرجی ئەوکاتی باشووری کوردستان دوا. یەکەم ڕستە کە بەڕێزیان لەسەر تەختەڕەشەی ژوورەکە نووسی ئەوەبوو: "کادر تێکۆشەرێکە، پیشەی ئەو خەباتە."

## بەشی ٩٥
## ئاکامی جوڵانەوەی ٤٦ -٤٧

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ زەبری گورچووبڕیان لە دوژمن وەشاند و عەمەلیاتەکانی زمزیران، سەرشیوی سەردەشت، گەورکان، چیاکانی دەوروبەری شەڵماش، ئاوایەکانی قورمە و مراد رەسووی لاجانی پیرانشار و کێوی سپی‌سەنگ... نموونەی ئازایەتی لە خۆبردوویی هێزی پێشمەرگەی، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون.

دوای ئەوە کە زۆربەی رێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوخۆدا شەهید بوون، ئەوانەی کە مابوون شوێنێکی ئەمنیان نەبوو و لەژێر دەسەڵاتی شۆڕش لە باشووری کوردستان دا لە مەترسی هێرشی گرتن و کوشتن و تەحویل دانەوە بە رێژیمی ئێران دا بوون. ئەوان بێ ئەنوا و نائومێد و بێکەس، وەک مەڕی بێ شوان، هەر یەک بوو بە کوڕی بابی خۆی و پەنایان بۆ کوردستانی باشوور هێناوە. بە پێی لاپەڕەی ١٩٣ بیرەوەرییەکانی ئەمیر قازی، دەستەیەکی ٢٥ تا٣٠کەسی روویان کردە بەکرەجۆ کە ناوەندی گشتی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆن بوو و لەوێ نیشتەجێ بوون و رێزیان لێگیرا.

تاقمێکی دیکە کە ٢٥ کەس دەبوون و دەستەی ساڵح لاجانی بوون، کاربەدەستانی شۆڕش بەڵێنیان پێدان کە لێیان خۆش بن و لە هەولێر نیشتەجێ بوون. بەڵام قەولەکەیان شکاند و تەسلیم بە ئێرانیان کردنەوە. لەوبارەوە ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٩٣ دا ئاوا دەنوسێ: ئەو دەستەی کە کەوتبوونە دەشتی هەولێر، کەوتنە بەر رەحمەتی دەزگای شۆڕشی ئەیلوولەوە! لە نێو ئەوان، جەمعێکی چەند کەسی وەک شەهید "ساله لاجانی" پێشمەرگەی ئازا و بە ناو، شەهید "سولیمان کەر قەشان"، شەهید عومەر حەسەن حەوتەوانە" لە سەر داوای رێژیمی ئێران، بە پێچەوانەی هەموو قانون و عورفێکی ناسراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هێنرابوونە ناوچەی گەلاڵە تا لەوێڕا، رادەستی ئێران بکرێنەوە.

مامۆستا هەژار لە سەر دەستەی ساڵە لاجانی لە لاپەرەی ٤٩٣ دا ئاوا دەنوسێ: رۆژێک کە ماڵە مەلا مستەفا لە "قەسرێ" بو، گوتیان بارزانی بانگت دەکا. گوتی: "نۆ پێشمەرگەی ئێرانی کە ساڵە لاجانی و هەواڵانی ئەون لای ئێمە گیراون. ئەوانە لە ئێران زۆریان عەزیەتی دەوڵەت داوە، ئێستا ئێرانی سورن لە سەر ئەوە کە بیاندەینەوە، تۆ دەڵێی چی؟".

گوتم قوربان حکایەتیان دەزانم. ئەوانە لە لای قەڵادزەوە هاتونە ئەم دیو، ئیدریس کوڕی تۆ قەولی پێداون کە نایانگرێ و دەیان نیرەتە جەبهەیەکی دور لە سنوری ئێران. من رەوای نابینم بدرێنەوە بە ئێران. ئەگەر هەر بۆ مەسڵەحەتی رۆژە، من ئامادەم، کە زوریش منیان لە لا گرینگە، لەبەرانبەر تۆپێکدا کە بیدەن بە تۆ خۆمیان تەسلیم کەم، بەڵام هەرگیز ئەو فتوایە نادەم. خۆشت کاری خۆت دەزانی...

گوتی: "ئێمە لەو لێقەوماویەدا هەمو لامان لێبڕاوە، رێگەی ئێران نەبێ، چۆن دەتوانین ئەوانە نەدەینەوە؟ چۆن جەلال و برایم بە سەرماندا زاڵ بن؟"

ـ من فتوا نادەم، هیچکارەش نیم، خۆت دەزانی...

بە پێی کتێبی ئەمیرقازی بە هەوڵ تەقەلای ئەو و مامۆستا هەژار توانیبویان عومەر حەوتەوانە کە دواتر لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لە رۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوو، رزگار بکەن. بەڵام ئەوانی دیکە کە بریتین لە ساله لاجانی، سولیمان قەرقەشان، حەمەدەمین شیرێژ، عەبدوڵا بایز قنجە، تەسلیم کرانەوە و لە پادگانی جەڵدیان گولله باران کران.

بە پێی نوسراوەی ئەمیرقازی، دوکتور مەحمود عوسمان وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی پارتی دژی ئەو تەحویل دانەوە بووە و تەنانەت گوتویە دەبێ لە سەریشیان بە شەر بێین.

شەهید ساڵح ساڵحزادە ناسراو بە ساڵح لاجانی لە ساڵی ١٩٣٨ لە ئاوایی تەمەرچیان لە پیرانشار لە دایک بوو و لە ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٨ لە پادگانی جەڵدیان گوللەباران کرا.

هەر لەو قۆناغەدا، پێشتر مەلا رەحیم وردی کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بوو، لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی خەباتەوە گیرا و دوای یەک مانگ زیندانی لە رێگای تەحویل دانەوە بە ئێران کوژرا.

دەگێڕنەوە کە مەسعود بارزانی لە دوای کونگرەی ٨ ی پارتی، ئەوکارانەی کە لە ساڵەکانی ٤٦-٤٧ لە گەڵ حیزب کران بە مەرارەت ناو بردوە.

ئەگەر ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە لایەن شۆڕشەوە ئەو هەلسوکەوتەیان لە گەل دەکرا. مەکتەبی سیاسی پارتی بە شێوەیەکی دیکە لە گەڵیان جووڵانەوە و ئەوان نەیانکوشتن و تەحویلی ئیرانیان نەدانەوە. بەڵام چوارچێوەیەکی توندیان بۆ دیاری کردن و بێ ئیزنی مەکتەبی سیاسی نەیاندەتوانی قامک لە ئاو رۆکەن. هەڵسوکەوتی باڵی مەکتەبی سیاسی لەونامەیە دا دەردەکەوی کە بۆ ٥ کەس لە کادرەکانی حیزب نووسراوە. کەریمی حیسامی دەقی ئەو نامەیەی لە لاپەڕەی ١٦١ بەرگی سێ کتێبی بیرەوەرییەکان دا هێناوە کە بەوشێویوەیە:

پارتی دێموکراتی کوردستان ژمارە: ٦٩٤

مەکتەبی سیاسی رۆژی:١٩٦٩/١٢/٣١

بۆ برایانی بەرێز:

١- مەلا قادر ٢- مەلا کاوە ٣- فتح ئەڵلا هەورامی ٤- مەلا بایز ٥- مەلا عەبدوڵا

سڵاوێکی شۆرشگێرانە:

پاش ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ هەڤالان مەلاقادر و کاوە و مەلا عەبدوڵا کردمان و دوای لێکدانەوە و وردبوونەوە لە ئەوزاعی ئێستای خۆتان (هەڤالانی چەکداری حیزبی دیموکراتی کوردستان ) و تەبیعەتی خەبات کردنتان و پێویستی بوژاندەنەوەی حیزب لەو دیو ئەو بریارانەمان دا:

١- لێژنەیەک لە هەر پێنجتان پێک دێت بە ناوی "لێژنەی بوژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان".

٢- یەکێک لەناو خۆتان بۆ لێپرسراوی لێژنەکە هەڵبژێرن و ئاگادارمان بکەن.

٣- ئیش کردن و هەڵسوراندنی کار و فەرمانەکانتان بەم جورە ئەبێ:

الف) ئەو برا چەکدارانەی ئەودیو رێک ئەخەن کە حاڵی حازر بەیەکەوەن.

ب) هەول ئەدەن پێوەندی بە خەڵکی ئەو دیوەوە ئەکەن بۆ دۆزینەوە و پەیدا کردنی ئەندام و لایەنگر و دۆست بە نیازی بوژاندنەوەی حیزب لە وڵاتدا.

ج) وەکو ئاشکرایە بە شێوەیەکی گشتی خەباتی رزگاری هێنەری گەلانی ئازادیخواز یەک زنجیرەی بە یەکەوە بەستراوە، بە تایبەتی خەباتی گەلی کورد لە ئی ئەو گەلانە جیا ناکرێتەوە کە حاڵی حازر بە یەکەوە لە چوارچێوەی یەک نیزامی حوکم دا ئەژین. بۆیە هەوڵدان بۆ یەکخستنی خەباتی گەلی کورد لەو دیو لەگەڵ خەباتی گەلانی تری ئێران کارێکی سوودبەخش و پێویستە. لەبەر هەموو ئەوانەی سەرەوە پێویستە هەول بدەن پێوەندی لەگەڵ هەموو بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی ئەو دیو دا پەیدا بکەن.

د) بە بێ ئاگاداری ئـێمە نابێ هیچ کارێکی نائاسایی - چ لەم دیو و چ لەو دیو لەخۆتانەوە بکەن.

ح) ئەبێ بە گیانێکی برایانەو رەوشتێکی خەبات کەرانە کە لە رێکخراوی حیزبێکی شۆرشگێر وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان بوەشێتەوە، بە یەکەوە بژین و ئیش بکەن. وە ئەگەر خوا نەخواستە خیلافێک لە نێوانتاندا یان ئیختیلافێک لە (وجهات النظر) دا رووی دا ئەوە مەسەلەکە وەکو هەیە ئەیهێنینە لای مەکتەبی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەی بریار لەسەردانی.

و) ئەو ئیشانەی راستەوخۆ لە لایەن مەکتەبی سیاسیەوە پێتان ئەسپێردرێ جێبەجێ ئەکەن.

ز) ئەو برایانەی چەکدارن و لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندان وەکو پێشمەرگە پێوەندیان بە فەرماندەی هێزی ئەو شوێنەوە ئەبێت کە تێدا ئەژین. وە لە هەموو حقوق و واجیباتێکدا لە پێشمەرگە جیا ناکرێنەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتن و زال بوون بە سەر دوژمنانی کوردستاندا.

م.س "جێگای مور"

جێی ئاماژەیە حەمەدەمینی سیراجی، دوای ئەو لەگەل سولەیمان موعینی لە نێوخۆی وڵات را هاتەوە بۆ کوردستان باشوور، نەگەڕاوە بۆ ناوخۆ و بە پێی قسەکانی رەشید ئەحمەدی هاتبووە لە لای حیزبی شوعی، لە بەکرەجۆ، بە نیوە نەهێنی دەژیا.

سیراجی بە مەبەستی وەرگرتنی یارمەتی، هاوڕیانی بەجێ دێڵی و دێتە سولەیمانی و بە تێلگراف داوا لە دوکتور رادمەنش دەکا کە چاوی پێی بکەوێ. رادمەنیش داوا لە دوکتور قاسملوو دەکا کە بچێ بۆ عیراق و چاوی بە حەمەدەمین سیراجی بکەوێ. دوکتور قاسملوو سەفەر دەکا و دەچێتە بەغدایە. بە پێێ لاپەڕەی ١٢١ ی بەرگی٣ ی کتیبی لە "بیرەوەییەکانم" و لە گەڕانەوەدا بە نامە باسی سەفەرەکەی بۆ کەریمی حیسامی بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە:

کاک کەریم رۆژ باش دوو مانگ لەمەوبەر کە نامە توند و تیژەکەی تۆم وەرگرت جوابم بۆ نووسیبوی بەڵام جوابەکەم نەنارد. ئێستاش هەر جوابەکە ماوە بەلام تازە نایینیرم.

دوو هەفتە لەمەو بەر رادمەنیش لە لایپزیک داوای لێ کردم "لە تەرەف سازمانی حیزبی چکۆسلۆڤاکیەوە چوو بووم بۆ ئەوی "کە سەرێکی عیراق بدەم چونکە کاک حەمەدەمین تیلگرافێکی ناردبوو داوای مولاقاتی کردبوو. منیش مەجبور بووم هەموو بەرنامەی مانگی ژوئیە تێکدەم و سەفەر بکەم. سەفەرەکەش وا بە پەلە بوو کە نەمتوانی تەماست لەگەڵ بگرم. دوو رۆژ پێش رۆیشتن تەلیفونم کرد و هەتا نیوە شەویش چاوەروان بووم بەڵام جواب نەبوو.

چووم و کاک حەمەدەمین - م دیت. زۆر سڵاوت لێدەکا. هەروەها دارا و خەسرەو و کاک یوسف زۆر سلاویان هەیە. کاک حەمزە لە بەغدا نەبوو، کەسی تریشم نەدیت.

کاک محەمەد تەفسیلاتەکەت بۆ دەگێرێتەوە، بەڵام منیش بە کورتی هێندێ شتت بۆ دەنووسم.

١- سولەیمان بە دەستی پێشمەرگەی مەلا مستەفا کوژراوە. مەلا مستەفا دەڵی خەریک بووە راکا کوشتوویانە! ئەوەش دەڵی کە گۆیا دیسان تەماسی گرتوە دەگەڵ حکومەتی عێراق و لە قەسری جەمهوری دیویانە! دیارە ئەوە هەموو بەهانەیە. نامەی دوایی سولەیمان ماوە کە بۆ براکەی عبداله نووسیوێتی و لە نامەکە را دیارە کە ئەو رێیەی کە ئێمە بۆمان داناوە قبولی کردوە.

٢- سمایلی شەریفزادەش زۆر قارەمانانە کوژراوە. ئەویش هەر بەداخەوە لۆ دراوە لە لایەن کابرایەک بە ناوی کوێخا شەریفەوە. هەروەها مراد شیرێژ کوژراوە. مەلا ش خۆی تەحویل داوە.

٣- وەزعی هاورێیانمان باشە. خەڵک زۆر پشتیوانیانە. بەلام جاش زۆر بووە نیزیکەی ١٢٠٠ کەس جاشی حکومەتن. سەعید کوێستانیش چوە خۆی تەحویل داوە. مەلاکەش ( مەبەست مەلا محەمەدی خزری یە) چۆتە لای پیاوانی مەلا مستەفا و هەمو شتێکی ئیعترا‌ف کردوە. کاک چوکەلیان زۆر ئازار داوە بەلام هەر لە جێگای خۆیەتی.

٤- پاش موناقشەیەکی دوور ودرێژ لەگەڵ کاک حەمەدەمین و یوسف، هاتینە سەر ئەوە کە تەنانەت ئەگەر دەستەی جەلال یا دەوڵەتی عیراق هەموو شتێکیشمان بۆ بکەن دیسان پێوەندی دەگەڵ ئەوان زۆر خەتەرە چونکە مەلا مستەفا بیزانی لەو لاوە پەلامارمان دەدا. دیارە هاورێیانمان زۆر پێویستیان بە پارە و چەک هەیە، جا تا چ رادەیەک کاک رام بۆیان جێبەجێ دەکا نازانم .

٥- من زووتر گەرامەوە لە وەختی کودێتا دا لە بەغدا بووم بۆ ئەوە پێش ئەوەی کاک رام سەفەر بکا ببینم. بەڵام ویزای ئەڵمانیان بۆ نەناردبووم ئەورۆش خەریک بووم کە دیسان هەر سەفەر بکەم بەڵکو کامبخش ببینم بەڵام دیسان ویزا نەهاتوە. بە "رام"م گوت رۆژێک راوەستێ هەتا من بتوانم ببینم و مەسەلەکە زۆر موهیمە بەلام حازر نەبوو.

٦- بە کورتی هاورێیانمان زۆر پێداویستیان بە کۆمەک هەیە. جا من هاتمە سەر ئەوە کە ئەو کومیسیونەی دایان ناوە ناوە بۆ چی باشە؟ خۆ شوکر شەش مانگە چاومان بە یەکتر نەکەوتوە. بەداخەوە "رادمنیش"م نەدی دەنا مەسەلەکەم دەگەڵ حەل دەکرد. ئێستا پیشنیارم ئەوەیە کە من پاش ٢٠ی ئوت کە رادمنیش گەرایەوە دەچم بۆ لایپزیک. ئێوەش کارێکی وا بکەن کە بێنە ئەوێ

ئەگەر کاک حەسەنیش نەتوانێ تۆ هەر وەرە. بە نەزەری من دەبێ کەمێک توند و تیژ بێن لە گەلیان.

٧- لەسەر رۆژنامەکە کاک حەمەدەمین گوتی: قەراریان ئەوەیە کە رۆژنامەکە دەتوانێ بیرو باوەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو بکاتەوە بە بێ ئەوەی ناوی لەسەر بێ. چونکە خۆیان دەیانەوێ رۆژنامەی ئورگان لە کوردستان بلاو بکەنەوە.

٨- قەراریان داوە کە تۆ ئەگەر موافیق بی بگەڕێیەوە بۆ کوردستان و منیش جارێ قسەکەریان بم لە دەرەوە. پێموایە باری گرینگ هەر ئەوانەن. جارێ هەر خۆشی و سەرکەوتنی ئێوەم ئاواتە.

برات رەحمان ١٩٦٧/٧/٢٦

لێرەدا پێویستە بگوترێ کە سەعید کوێستانی لە دوای ساڵەکانی ١٣٣٢ لەگەڵ چەند کەس لە رێبەرانی حیزب، وەک غەنی بلوریان، عەزیزی یۆسفی، سولەیمانی موعینی، ئەحمەد تۆفیق، سمایلی قاسملوو و سەعید کوێستانی و ... لە تاران لە ماڵی نەهینی دوکتور قاسملوو و هاوسەرەکەی لێنا (نەسرینی قاسملوو) دەمانەوە. نەسرینی قاسملوو(لێنا) لە کتێبی "ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا" بە وردی باسی ئەو سەردەمە دەکا و لەسەر کەسایەتی سەعید کوێستانی لە لاپەڕەی ١٧٦ دا دەنووسێ: حەسەن چاو کوێر (حەسەنە کوێر) پیاوێکی میهرەبان، بەورە و کارا بوو. ئەویش لە ڕیزی ئەو یازدە کەسەدا بوو کە پێکەوە لە ئاپارتمانی پیاوە زەردەشتیەکەدا لە نزیک کەلانتەریی ژمارە یەک، دەژیان.

کاتێک بڕیار درا لێک جیا ببنەوە، ئەویش بزر بوو. قاو داکەوت کە لە جەنگەی شەڕێکدا لە کوێستانەکانی کوردستان شەهید بووە. پاش ساڵانێک لێنا زانی کە سڵامەتە و لە وڵاتێکی ئوروپایی دەژی.

## کۆی کوژراوکانی جوڵانەوەی ٤٦-٤٧

لیستی کوژراوی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب لە شۆڕشی ئەیلول و راپەڕینی ٤٦-٤٧ دا بریتن لە:

١- نەحۆ پاشایی "نەحو شکاک" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی، لە ڕۆژی ١٩٦٧/٥/١٨ لە ناوچەی سەڵماس شەهید کرا.

٢- مەلاسمایلی فەقێیەسێ، کادر بوو. لە ڕۆژی ١٩٦٧/٥/١٨ لە ناوچەی سەڵماس شەهید بوو.

٣- فیروز پاشایی، پێشمەرگە. لە ڕۆژی ١٩٦٧/٥/١٨ لە ناوچەی سەڵماس شەهید بوو.

٤- ناجی... پێشمەرگە. لە ڕۆژی ١٩٦٧/٥/١٨ لە ناوچەی سەڵماس شەهید بوو.

٥- رەزاپاشایی، پێشمەرگە لە ڕۆژی ١٩٦٧/٥/١٨ لە ناوچەی سەڵماس شەهید بوو.

٦- سمایلی شەریفزادە، کادری حیزب، لە رێکەوتی ١٩٦٨/٥/١ لە چۆمی دارێنە لە ناوچەی بانە، شەهید بوون.

٧- میرزا محەممەدی شادمانی(محەممەد ئەستێ) کادری حیزب، لە دارێنە شەهید بوو.

٨- حوسێنی ڕەحمانی ڕابێ، پێشمەرگە لە دارێنە شەهید کرا.

٩- عەلی کۆڵۆ (عەلی عەوڵا کۆڵێ) پێشمەرگە لە دارێنە شەهید کرا.

١٠- عەبدوڵلا موعینی، جێگری کومیتەی ناوەندی لە مانگی ٧ ساڵی ١٩٦٨ لە ئاوایی قالوێ شەهیدکرا.

١١- مینە شەم، پێشمەرگەی حیزب لە قالوێ، شەهید بوو.

١٢- حەسەن خوڕخوڕە، پێشمەرگە، لە ئاوایی قالوی بە برینداری گیرا و لە مەهاباد گوللەباران کرا.

١٣- مەلارەحیمی وردی، ئەندامی کومیتەی ناوندی بە فەرمانی عەبدولوهاب، ئەترووشی، فەرماندەی هێزی شۆڕش لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٦/١٧ لە ناوچەی هەورامانی عێراق شەهیدکرا.

١٤- مەلا مەحموودی زەنگەنە، کادری حیزب لە ئاوایی بەیرەم شەهید کرا.

١٥- سەید فەتاحی نیزامی، کادری حیزب لە چیای حاجی کیمی شەهید کرا.

١٦-دەرویش عوسمان، پێشمەرگە لە چیای حاجی کیمی شەهید بوو.

١٧- مەلا عەلی وەرگێڵی، پێشمەرگە، لە چیای حاجی کیمی شەهید بوو.

١٨- سولەیمانی موعینی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی بە دەستی شۆڕشی کوردستانی باشوور شەهید بوو.

١٩- خەلیل شەوباش، کادری حیزبی لە دۆڵێ باڵەکایەتی بە دەستی شۆڕشی کوردستانی باشوور شەهید بوو.

٢٠- مەلاحوسێنی مارەغانی، کادری حیزب لە قەڵادزێ بەدەستی ساواک تیرۆر کرا.

٢١- قادر شەریف (هاشمی ئەقەللوتوللاب) کادری حیزب لە سلێمانی تیرۆر کرا.

٢٢-عەوڵا گڕوێ، پێشمەرگە لە جاسووسان لە کەمین کەوت و شەهید بوو.

٢٣- ساڵح لاجانی پێشمەرگە، لە لایەن شۆڕشی کوردستانی گەرمێن، تەسلیمی ئێران کرایەوە و لە پادگانی خانێ ئیعدام کرا.

٢٤- سولەیمان کەرقەشان، پێشمەرگە، لەلایەن شۆڕشی باشووری کوردستان تەسلیمی ئێران کرایەوە و لە پادگانی خانێ ئێعدام کرا.

٢٥- محەممەد دەروێش (تاژاندەرەیی) پێشمەرگە لە شەڕی دۆڵەنێ شەهید بوو.

٢٦- عوسمان قڕووچاوەیی، پێشمەرگە لە شەڕی دوڵەنێ شەهید بوو.

٢٧- ڕەسووڵ پیران، پێشمەرگە لە کێوی سپی سەنگ ئەسیر و لەلایەن ڕێژیمەوە ئیعدام کرا.

٢٨- برایمە سووری دەڵاوەیی، پێشمەرگە، حیزب، بە هۆی شۆڕشی کوردستان، لە لە گووندێ ئاڵانێ شەهید کرا و تەرمەکەی تەحویلی ئێران درایەوە و لە خانێ گێڕایان.

٢٩- عەلی گوێڕەش، پێشمەرگە، بە هۆی شۆڕشی کوردستان لە گووندێ ئاڵانێ گیرا و تەحویلی ئێران درایەوە و لە خانێ ئێعدام کرا.

٣٠- قادر چلچۆک، پێشمەرگەی حیزب، بە هۆی شۆڕشی کوردستان، لە گووندێ ئالانێ گیرا و تەحویلی ئێران درایەوە و لە خانێ ئێعدام کرا.

٣١- محەممەد ڕیتاڵ، پێشمەرگە لە لاجانێ شەهید کرا.

٣٢- مراد شیرێژ، پێشمەرگە، لە ئاوایی خەرپاپی بەدەستی سەید باپیری چیانە شەهید بوو.

٣٣- قادر پەنیرە، پێشمەرگە، لە لایەن شۆڕشی کوردستانی باشوور تەسلیم بە ئێران کرا و لە خانێ ئیعدام کرا.

٣٤- مەلا ، کادری حیزب، لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٥/١٠ لە ناوچەی سەردشت گیرا و لە شاری سەردەشت ئێعدام کرا.

٣٥- محەممەد ئەحمەد (مەلا ئەحمەد کەچە) پێشمەرگە لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٥/١٠ لەگەڵ لە ناوچەی سەردشت گیرا و لە شاری سەردەشت ئێعدام کرا.

٣٦- ڕەحمان وەتمان چاوشین، پێشمەرگەی حیزب و لە ڕێکەوتی ١٩٦٨/٥/١٠ لە ناوچەی سەردشت لەگەڵ مەلا گیرا و لە شاری سەردەشت ئێعدام کرا.

ئەوانە بەشێک لە شەهیدانی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ بوون. جێی ئاماژەیە هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بە هۆی کێشەی نێوخۆیی حیزب و کوردستانی باشوور، زۆر ئەندامی حیزب خۆیان تەسلیم بە ئێران کردەوە. مەلا ڕەسووڵی پێشنماز لە لاپەڕەی ٣٤٨ کتێبی سەربردەی ژیانم ناوی هێندێک کەسی هێناوە و دەنووسێ: وەک نموونە ئەم چەند ناوەی خوارەوە ئاماژە پێدەکەم : ١- سەید حەسەنی هاشمی ٢- حوسێنی مەدەنی ٣- حەسەنی قازی ٤- مەلا عومری عەسری ٥- مەلا محەمەدی خدری ٦- محەمەدی ئیلخانی زادە ناسراو بە کاوە ٧- سەڵاحی موهتەدی ناسراو بە مستەفا ٨- مەلا ڕەحمانی سەرشیوی سەقز ٩- مەلا عومەری نگلیی١٠- سالار حەیدەری١١- فەتحوڵا هەورامی١٢- سەعید کاوە ١٣- کەریم ڕەشاش ١٤- سەید ڕەسووڵی ورچان ١٥- خدری مەرەسەنە ١٦- هەڵمەت ١٧- سالار هەورامی ١٨- کاوە هەورامی ١٩- سەنار مامەدی ٢٠- حەسەنی نەغەدەیی ٢١- یونسی ئاهەنگەری ٢٢- محەمەدی کاکاغازادە ٢٣- عەلی ئازا ٢٤- جەعفەری کەریمی ٢٥- محەمەدی جوانمەردی ٢٦- عەبدوڵای خەیات ناسراو بە گاپێڵۆنیی ٢٧- عەبدول نەستانی ٢٨- ئەحمەدی ئاغای سیسێری ٢٩ - حوسێن ئاغای سیسێری٣٠- حەمەدی ڕەشی مەنگور ٣١- بایزی ئاریا ٣٢- هەمزەی ئاریا. لەگەڵ زۆری دیکە کە ڕەنگە ناوەکانیام لەبیر نەمابن. بەڵام وەک لە ڕێگای ڕێکخراوەوە هەواڵمان وەرگرت بێجگە لە هەڵمەت کە لە ناوچەی سەردەشت بە جاشیەتی لە ڕاپەرینی ٦٧ و ٦٨ دا کوژرا، لەسەر یەک ئەوانی دیکە بە پاکی و خاوێنی مانەوە، یەک دوانێک نەبێت هەندێک وردە لاوازییان نیشان دابوو وەک میرزا خدر مەرەسەنە و سالاری حەیدەری و سەلاحی موهتەدی، بەشی هەرە زۆری ئەوانەش لە ڕاپەرینی خەڵکانی ئێراندا لەگەڵ جووڵانەوە کەوتنەوە.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە، لە باسی ئاکامی ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ دا دەڵێ: بەم چەشنە ئەمن لە ساڵی ١٣٣٩ هەتا ١٣٤٩ بەش بە حاڵی خۆم تەنیا لە دوورەوە ئاگاداری وەزعی حیزب بووم. لە ماوەی

ئەو ١٠ ساڵەدا حیزبی دێموکرات بەتەواوی لەبەر دەستی مەلا مستەفادا بوو و هیچ شتێکی وەك حیزب نەدەچوو. ئەوانە لەو "حیزبە"دا فەعالییەتیان دەکرد لەو ماوەیەدا کۆنگرەی دووهەمیان پێك هێنا کە بەیانەکانی هەر ماون. لە کۆبوونەوەی دووهەمدا زۆر کەس دەرکراوە بە ناوی ئەوە کە جاسووسە. یەکێك لەوانە منم! هەر لەو ماوەیەدا بوو کە لە ساڵەکانی ١٣٤٦و ٤٧ هێندێك ئەفرادی سادقی حیزبی کە لە کوردستانی عێراق بوون بەڵام نەیان دەویست بچنە ژێر باری ئەو سیاسەتەی کە عەبدوڵڵا ئیسحاقی دایمەزراندبوو، ویستیان کوردستانی عێراق بەجێ بێڵن و بێنەوە ئێران و بە ناچار ئەو جووڵانەوە چەکدارانەیە ساز بکەن کە بە داخەوە بێجگە لە یەك دوو نەفەر ئەوانی دیکە هەموویان شەهید بوون وەك: مەلا ئاوارە و سمایلی شەریفزادەو موعینی و ئەوانی دیکە.

## بەشی ٩٦

## کۆنفرانسی ٢ لە ساڵی ١٣٤٨ (١٩٦٩)

دوای شکستی جوڵانەوەی ٤٦-٤٧ و شەهید بوونی کادرە کۆڵنەدەر و لێهاتووەکانی حیزب. کەسانی کومیتەی ناوەندی حیزب وەک ئەمیری قازی و مەلا سەید رەشید و کومیتەی چاوەدێری بەرز وەک سید رەسووڵی دێهقان و رئوف ملا حەسەن و رەشید فەلاحی کە لە راپەڕین دا بەشدار نەبوون، لەگەڵ کەسانی وەک مامۆستا هێمن کە لە ساڵی ١٣٤٧ لە حالێک دا کە وەزعی ماڵی باش بوو، بەڵام تەحەمولی کوشت و کوشتاری سۆڕشگێڕانی گەلی کوردی بۆ نەکرا و دەستی لە ژن و منداڵ هەڵگرت و ئاواری کوردستانی عێراق بوو و حەسەن رەستگار کە لە باشووری کوردستان خەریکی خوێندن بوو، کۆ بوونەوە و هەوڵیان دا تا تاقم و گروپە پرش و بڵاوەکانی حیزب کۆ بکەنەوە و لەگەڵ ئەو دەستەیەی کە لە بەکرەجۆ بوون و تارادەیەک پێکەوە ناکۆک بوون، یەک بگرنەوە.

لەو قوناغە دا ئەمیری قازی توانیبووی پارسەنگی سیاسی نێوان خۆی و پارتی دێموکرات رابگرێ و تا رادەیەک رۆڵی گرینگی هەبوو و پێشی بە زۆر کێشە و گیر و گرفتی سەر رێگای حیزب گرت بوو. عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ١٩٢ ئەزموونی خەبات دا، لە سەر کاریگەری ئەمیری قازی لەم قۆناغە دا دەنووسی: ماوەیەکی زۆر مەرجەعی تەقلیدی ئێمە دەگەڵ هەموو رێزم بۆی کە دۆستین و خۆشم دەویّ کاک ئەمیر قازی بوو. ئەو چی گوتبایە بۆ من قانوون بوو...

یەکگرتنەوە و لێککۆبوونەوەی ئەندمانی حیزب دەبوو لە چوارچێوەی یاسای تەشکیلاتی دا، وەک کۆنفرانس یان کۆنگرە بەڕێوە بچێ. لەسەر چونییەتی گرتنی ئامادەکاری بۆ گرتنی کۆنفرانسی ٢ لە ساڵی ١٣٤٨ ئەمیری قازی دەڵێ، لە بەهار و هاوینی ئەو ساڵە کە ئامادەکاری بۆ گرتنی کۆنفرانس کرا، زۆر هەوڵ درا ئەحمەد تۆفیق چەند رۆژێک ئیزنی بۆ وەربگیردرێ تا بتوانێ لە کانێ ماسی را بگەڕێتەوە و بەشداری ئەو کۆنفرانس بێ. بەڵام بارەگای بارزانی ئیزنیان نەدا و ئەمیری قازی دەڵێ کە کاک ئیدریس بارزانی رادەی ٢٠٠ دیناری بۆ راپەڕاندنی کاری کۆنفرانس یارمەتی پێکردون.

دیارە بۆ ئەو کونفرانسە هەوڵ نەدرا کە کۆی ئەندامان ی کوردستانی باشوور بانگهێشتن بکرێن و حەمەدەینی سیراجی و یۆسفی رزوانی قرت کران. دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە لە باسی کەسایەتییەکانی ئەم سەردەمەی حیزب دەنووسێ: لە نەتیجەدا ساڵی ١٣٤٨ ئەوانەی بۆ بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لە کوردستان مابوونەوە بریتیبوون لە: کاك ئەمیری قازی، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، هێمنی شاعیر و حەسەن رەستگار. ئەو چوارە وەك باڵی ناسیۆنالیستی لە حێزبدا دەهاتنە بەرچاو. لە لایەکی دیکەشەوە محەممەد ئەمین سێراجی کە ساڵی ٤٧ هاتبوو، مابووەوە و یووسف رێزوانی کە ئەندامێکی کۆنی حیزب بوو و ئەویش لە بەغدا کاسبی دەکرد. ئەم دوانەش لەو لاوە بە ئیستلاح باڵی چەپ و پێشکەوتنخوازی حیزب بوون.

کونفرانسی دووهەم لە ٢٦ گەلاوێژی ١٣٤٨ گیرا. هێندێک نووسراوە باسی رۆژی ٢٤ مانگی گەلاوێژ دەکەن. مەلا رەسووڵ پێشنماز دەنووسێ کە ئەو کۆنفرانسە بە بەشداری ٢٨کەس گیرا، بەڵام هێندێک سەرچاوە باسی٤٠ کەس دەکەن.


مامۆستا مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٤٤ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە مەلا عەولا کوڕی مەلا عوسمان کە پێشمەرگەیەکی ئازا و بە رێکوپێک بوو، پێڕاگەیشتن و میوانداری ئەو کۆنفرانسەی بەستۆوە بوو.

ئەو کۆنفڕانسە نەیدەتوانی تەواوی گیروگرفتەکان چارەسەربکا بەڵام گرینگتری کاری ئەو کۆنفڕانسە ئەوە بوو کە هەوڵی دا تا حیزب لەو پرش و بڵاوێ نەجات بدا و کۆمیتەی ناوەندی تەرمیم بکاتەوە.

ئەو کۆنفڕانسە تایبەتی بوو و بە بڕوای مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە، شێوە کار و هەڵبژاردن بە چەشنی ئەو کۆنفڕانسە، لە هیچ کوێ و لە هیچ بەرنامەیەکی حیزب دا نەهاتوە.

لەو کۆنفڕانسە دا هەڵبژاردن بۆ سێ کەس کرا و دەنگ درا بە مامۆستا هێمن و مامۆستا مەلا عەوڵای حەسەنزادە و حەسەن رەستگار. ئەوانە لەگەڵ ٢ ئەندامی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٢ واتا ئەمیری قازی و مەلا سەید رەشیدی حوسێنی بوون بە ٥ کەسی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات.

لەو کۆنفڕانسە دا کەس لە نێوخۆی کوردستان دا نەیتوانی بەشدار بێ و ئەو کەسانەش کە بەشداری راپەڕینی ٤٦-٤٧ یان کردبوو زۆریان نەیانتوانی بەشداربن. کێشەکانی دووای کونگرەی ٢ بە گشتی خرانە بەر باس و بەرنامەیەک کە شیاوی ئەو سەردەم بێ پەسەند کرا و بە هەڵبژاردنی کەسانی دیکە، کومیتەی ناوەندی تەرمیم کرا. پیاوێکی قسە خۆش لەسەر کاری ئەو کۆنفڕانسە گوتبووی کە ئەوکارە لە راستی دا بەرهەڵێخ بوو. واتا ئەو دیوارەی کە بە دیوارێکی دیکە هەڵدەبسترێ بۆ ئەوەی کە نەڕووخێ. لەو کۆنفڕانسە دا راگەیندراوێکی گشتی و پەیام بۆ هێندێک رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵ ناردران.

بابەتێکی دیکەی کاری کۆنفڕانس، سەبارەت بە نامەی ئەحمەد تۆفیق بوو. ناوبراو لە نامەیەک دا بۆ کۆنفڕانس و یەکی دیکە بۆ کومیتەی ناوەندی، دەست لەکار کێشانەوەی خۆی لە حیزب راگەیاند بوو. بەڵام کۆنفڕانس داواکەی قبۆڵی نەکرد و کومیتەی ناوەندی راسپارد کە پەیوەندی پێوە بگرێ و قسەی لەگەڵ بکرێ و ئەگەر لە رای خۆی پاشگەز نەبۆوە ئەوکات داواکەی قبوڵ بکرێ.

ئەمیری قازی دیاری کرا تا کۆتایی کۆنفڕانس بە مەلامستەفا رابگەیەنێ. مەلا سەید رەشید و چەند کەس دیاری کران تا بچنە لای کاک ئەحمەد و لە راپۆڕت و کاری کۆنفڕانس ئاگاداری بکەن

و به هاوکاری ئەو هەول بدرێ بە نەهێنی چاوپێکەوتنێکیش لە گەڵ هێزەکانی کوردی باشووری بچووک پێک بێنن.

ئەو هەیئەتانە بەرەو گەڵاڵە وەڕێکەوتن. لەوی نامەیەکی ئەحمەد تۆفیق بە دەست ئەمیری قازی دەگا کە داوای کرد بوو کە پێیخۆشە ئەو بچێتە کانی ماسی و سەردانی بکا. بەڵام هەروەک لە لاپەڕەی ٢٠٠ ی بیرەوەرییەکانی ئەمیری قازی هاتووە، ئەو دەبو بچێتە لای بارزانی کە ئەوکات لە ماڵ نەبوو لە ڕاوەبەراز بوو.

حەسەنی رەستگار بە شێوەیەکی دیکە باسی ئەو بابەتە دەکا و دەلێ کە هەر بۆ راگەیاندنی کاری کۆنفرانسی ئەو و کاک ئەمیر و مەلا سەید رەشید و ... بە یەکەوە رۆیشتوون بۆ کانی ماسی و دوای بڕینی ٧ تا ٨ رۆژ گەیشتنە لای ئەحمەد ئەو و ١٥ رۆژ لە لای مانەوە. دوای ئەو ماوەیە ئەمیر قازی و حەسەن رەستگار گەرانەوە  و مەلا سەید رەشید بە جێما و دواتر لە گەل ئەحمەد تۆفیق پەنایان بۆ بەغدا برد.

هەرچەند بەڕێوەبەرایەتی کۆنفڕانسی دووهەم موافقی راپەڕینی ٤٦ -٤٧ نەبوو بەڵام لە لێکدانەوەی خۆیان دا، رێزیان بۆ ئەو خەباتە دانا و لەو بابەتەدا لە سەر هەڵوێستی شۆڕشی کوردستانی باشوور، کۆنفڕانس لەپەیامێک دا کە بۆ پاڕتی نارد، رەخنەی لە مەرحومی مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکرات گرت.

ماوەیەک دوای بەستنی ئەو کۆنفڕانسە لە ئاوایی سینەمۆکە کومیتەیەکی بەرین پێکهات و داوا لە دوکتور قاسملو و کەریمی حیسامی کرا کە بگەرێنەوە کوردستان و کاری حیزبی بکەن. هەروەها داوا کرا، ئەحمەد تۆفیق وەزعی خۆی لە گەل حیزب روون بکاتەوە.

مەلا رەسوڵ پێشنماز لە لاپەڕەی ٢٣٩ بیرەوەرییەکانی دا، لە باسی کاری ریکخراوەیی و تەشکیلاتی دەنووسێ کە بە دوای کۆنفڕانسی ٢ دا کۆمیتەیەک بە ناوی "مەلا عەزیز" لەسەر ناوی نەهێنی سمایل شەریفزادە دامەزرا کە بەرپرسەکەی بۆخۆی بۆوە و سەید رەسووڵی بابی گەورە و کەریم حەداد تێیدا ئەندام بوون.

### ئەحمەد تۆفیق پەنا بۆ بەغدا دەبا

ئەحمەد تۆفیق پاش ماوەیەک دوای کۆنفڕانسی ٢ بە دوورخراوەیی لە کانی ماسی، تووشێ رواڵەتێکی نیگەرانی و ناهومێدی و بێ ئەنوانی بوو. سەرەرای ئەوەش دەگوترێ کە لەگەڵ لەمەترسی کەوتنی ئەندامانی حیزب لە پەنا دەستی بارەگای بارزنی، پیلانێکیش بۆ تەحویل دانەوەی ئەحمەد تۆفیق بە ئێران هەبوو و گوایا پەیامێک بۆ ئەسعەد خۆشەوی لە کانێ ماسی ناردراوە کە ئەحمەد تۆفیق تەحویلی ئێران بدرێتەوە. بەڵام پلانەکە بە هۆی بارزانییەکی دۆستی ئەحمەد تۆفیق پووچەڵ کراوەتەوە.

هەرچەند زۆربەی ئەندامانی حیزب پێیانخۆش بوو کە ئەحمەد تۆفیق بگەڕێتەوە باوەشی حیزب بەلام ئەو رێگایەکی دیکەی هەڵبژارد کە زیانی زۆری بە کەسایەتی خۆی گەیاند و لە ئاکام دا لەو رێیەدا سەریشی تێدا چوو.

تاوتوێ کردنی کەسایەتی ئازا و بەجەرگی ئەحمەد تۆفیق و هەڵسوکەوتەکانی ئەو، ئەوە دەردەخا کە ئەو تەنیا لە ژێر کەسایەتی گەورەی مەلا مستەفای بارزانی دا دەیتوانی لە هەموو بواران دا مەیدانداری بێ و تەنیا بە پشتیوانی ئەو دەیتوانی کاری گەورە بکا.

ئەحمەد تۆفیق لە کانی ماسی را بە نامە لە گەڵ مامۆستا هەژار پەیوەندی هەبوو و لەوبارەوە مامۆستا لە لاپەڕەی ٥١٥ چێشتی مجێوردا دەنوسێ: هێشتا هەر لە سورەبان بوم نەهاتبوینە بێخلان. جارێک نامەی ئەحمەد تۆفیقم بۆ هات کە ئەوە چەند ساڵە دور لە کار و باری سیاسی و دور لە سنوری ئێران رای بواردوە، ئێستاش هیچ هومێدێک نیە کە بارزانی رێگە بدا کارێک لە دیوی ئێران بکەین و هەر دێ و دەسەڵاتی ساواک لە سەرمان توندتر دەبێ. ئەمجار لەم سنورە دوردەستەش هیچ حورمەتێکمان نەماوە و بە ئانقەست کاری وا لە وەکیلانی شۆڕش دەبینم کە دیارە حەز لە چارەم ناکەن. نەخۆشیشم، پشت ئێشەمە، ئەگەر بارزانی دڵی نەڕەنجی دەمەوێ بچمە خاریج، هەم بۆ مداوا، هەم بەڵکو بتوانم کارێک بۆ کوردی ئێران بکەم.

قسەکەم گەیاند و زۆریشم لاگیری لێکرد. بارزانی گوتی: ((مەسڵەحەتی شۆڕشەکەمان وای ویستوە ئەحمەد لەم نیزیکانە نەبێ، من دەسپێرم کە بە دڵی ئەو بجوڵێنەوە، ئەگەر بشچێتە خاریج موافقم و چی دەوێ بۆی دەکەم)). پاش ماوەیەک لە جوابی نامەکەم دا، پێشمەرگەیەکی ئەحمەد هاتە سورەبان و بە منی گوت: (( کاک ئەحمەد قەراری داوە تا سەری مانگ، برواری چۆل کا و بچێتە بەغدایە، چونکە تەواو وەگیان هاتوە و پێشمەرگەی ئەوێ بە سەرۆکایەتی ئەسعەد خۆشەوی زۆری دەگەڵ خراپن و ژیانی لە تەنگانەدایە، ئەگەر دەکرێ کارێک و چارێک بکەن)). بە هەڵەداوان خۆم گەیاندە( حاجی ئومەران). بە پەلە گوتم دەمەوێ مەلا مستەفا ببینم، گوتیان کەسێکی لە لایە، راوەستە.

ـ راناوەستم، هەر ئێستا دەبی ببینم.

کەسەکە (( قالە تەگەرانی)) بو کە دەمبیست دوژمنی ئێمەیە. دیار بو قسەی شێخ لەتیف کە بە فایقی گوتبو راست بو، جاسوسی سێ سەرە بو... بە تەنیا دانیشتین و دور و درێژ باسی ئەحمەدم کرد کە حەیفە، زۆر لە رێگەی کورد و بە تایبەتی شۆڕشی تۆدا زەحمەتی کێشاوە، ئێستا بچێتە لای دوژمنانی کوردستان. تا سەری مانگ حەوت رۆژی ماوە، وابکە دڵی بدەنەوە، با نەڕوا. گوتی: ((تۆ درەنگ خەبەرت زانیوە، ئەحمەد رۆیوە بۆ بەغدا و لە دەست دەرچو...)) تێلگڕافێکی بێسمی نیشان دام کە ئەسعەد بۆی نارد بو.

دوکتور قاسملوو لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ ساڵی ١٣٦٨ لە سەر هەڵاتنی ئەحمەد تۆفیق دەڵێ: ئەو دەم کە ئێمە هاتینەوە کە حیزبی دێموکرات زیندوو بکەینەوە، هەلومەرجێکی زۆر لەبار پێك هاتبوو. عەبدوڵڵا ئیسحاقی کە ویستبووی بە خەیاڵی خۆی لە ئێراندا فەعالییەت بکا، لە سنووری ئێران دوور خرابۆوە. لە واقیعدا ئەو تەعەهودی بارزانی بوو بەرامبەر بە رێژیمی شا. ساڵی ١٩٦٩ هەڵات چووە بەغداو لەوێ بوو بە هاوکاری حکوومەتی عێراق.

ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ٢٠١ ی کتێبی "لەبیرەوەرییە سیاسیەکانم" ئاماژە بە کورتەیەک لە نامەی ئەحمەد تۆفیق لە کاتی تەسلیم بوون بە حکومەتی عێراق دەکا کە بۆی ناردوە و دەنووسێ: "کاک

ئەمیر، ئێمە لێرە بڕیارمان دا خۆ بگەیەنینە پایەگاکانی حکوومەتی و خۆمان تەسلیم بە ئەوان بکەین. ئێوەش لەوێوە هەرچی زووتر و بە پەلەتر خۆ بگەیەننە پایەگاکانی حکوومەتی و بگەنە ئێمە، کە یەکترمان دیتەوە مەوزوع و مەسەلەت لێ روون دەبێتەوە″.

لە گەڵ ئەو نامەیە نامەیەکی مەلا سەید رەشید بە کاک ئەمیر دەگا کە بەمچەشنە نوسرابوو: ″ئێمە رۆیشتین، ئێوەش لەوێ، قەراری خۆتان بۆ خۆتان بدەن″.

بە دوای ئەو نامەیەدا ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لەماڵە کەریم حەداد کۆ بوونەوە. هەموو بەو کارەی ئەحمەد تۆفیق تاسان و واقیان وڕما و بە هەڵویستێکی چەوت و غەڵەتیان هەڵسەنگاند.

مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەرەی ٢٤٤ کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا دەنووسێ کە تەسلیم بوون بە دەوڵەتی عیراق بۆ زۆر کەس بەتایبەتی بۆ هەموو ئەندامانی حیزب زۆر روداوێکی ناخۆش بوو. بەڕێوەبەری حیزب نیگەران بوو کە سەرکردایەتی حیزب ئەو کارە بە بڕیاری حیزب بزانێ و دژکردەوەیی توند لە خۆ نیشان بدا, بۆیە لە کۆبوونەوەیەک دا بڕیاریان دا کە هەیئەتێک بچنە لای سەرکردایەتی شۆڕش. ترس و نیگەرانی ئەندامانی حیزب بە رادەیەک بوو کە کاتێک هێئەتێک دیاری کرا کە بە مەبەستی تاوتوێکردنی ئەو بابەت بچنە لای سەرکردایەتی شۆڕش لە کاتی بەڕێ کردن دا هەمویان گریان.

هەیئەتی حیزب سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتیان کرد و دوایەش چاویان بە ئیدریس بارزانی کەوت بە پێچەوانەی روانگەی خۆیان، لەگەل ئەوە کە بەو رووداوە زۆر نارەحەت بوون، بەڵام ئەو کارەیان بە کارێکی شەخسی هەلسەنگاند و بەلێنیان دا بوو کە لە کەس تۆڵە نەستێنن و تەنانەت یەکێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەڵی: ئەوەی لەگەڵ ئێوە کراوە پەڵەیەکی شەرمە بە نێوچاوانی پارتییەوە، بەڵام بەڵێن دەدەین دووپات نەبێتەوە.

بە دوای ئەوە دا ئەمیر قازی دیسان دەچتە لای بارزانی و چاوێ پێدەکەوێ. بە پێی لاپەڕەی ٢٠٤ لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم دا، بارزانی لە کاک ئەمیر دەپرسێ: بە نەزەری تۆ بۆ وای کرد؟

کاک ئەمیر دەڵێ: لام وایە لە جەنابت دڵ ئێشە، ئەو چەوتکارییێشی بە مانای زیزبوونە لە جەنابت. دەبێ عەرز بکەم کە لەو بارەوە ئێمە بە تەواوی بێ ئاگاین، بەر لە رۆیشتن و لەواقیعدا زیزبوونی، هیچ باسێکی ئەوتۆی دەگەڵ ئێمە نەهێناوەتە گۆڕێ. ئێمە لەو کارە نارازین، بە کردەوەیەکی چەوت و بە زیانی دەزانیین و بۆخۆمان و بۆ داهاتووی کاری سیاسیمان".

بە قسەی ئەمیری قازی بارزانی گلیی لە ئەحمەد تۆفیق دەکا و دەڵێ: "مرۆیەکی کەم حەوسەلەیە، دووربینی نییە، مرۆیەکی خۆشباوەڕ و کەم چیکلدانەیە. نەفس درێژ و دوور ئەندیش نییە و ... بەلان سەرەرای ئەوانەش، ئەحمەد مرۆیەکی ئازا و بە جەرگە. کوردە و وڵاتی خۆی خۆش دەوێ، خزمەتی شۆڕشی کردووە، دەگەڵ من بووە جێی باوەری منە، بە قەد کوڕەکانی خۆم خۆشم دەوێ و دەزانم خراپە ناکا. ئەوەندەیە و لەوانەیە بە برادەریی من رازی نەبووبێ، ئەویش قەیدێ ناکا و لە خۆشەویستی وی لە لای من کەم ناکاتەوە. ئێوەش، کاروباری خۆتان پەک مەخەن و نیگەران مەبن.

لە کۆتایی چاوپێکەوتن دا بارزانی بە کاک ئەمیر دەڵێ: پێم باشە بچی چاوت پێی بکەوێ، لە زمانی منیشەوە گلەیی لێبکەی.

دوایە ئیدریس بارزانی نامەیەک بۆ قائید فرقەی ڕەواندز کە دەبێ بە نەهێنی پەیوەندی بە شۆڕشەوە هەبوو بێ دەنووسێ، بۆ ئەوەی وەرەقەی هاتووچۆیی بۆ کاک ئەمیر بۆ بەغدا بنووسێ. ئەمیری قازی دەچێتە بەغدا و لە ماڵە مامۆستا هەژار تووشی مەلا سەید ڕەشید دەبێ و لە لاپەرەی ۲۰٦ لە بیرەوەرییە... دەنووسێ کە مەلا سەید ڕەشید بێ ئەوە سڵاو بکا، پرسی: ئەوە بۆ لێرەی؟" گوتم: "هاتووم بزانم تۆ بۆ لێرەی!" فرمێسک بە چاوانی دا هاتە خوار و گوتی:"من جاشم". لەباوەشم گرت، ماچم کرد و گوتم: "تۆ بۆ جاش نابی".

کاک ئەمیر لە سەر مەلا سەید ڕەشید درێژە بە قسەکانی دەدا و دەنووسێ: شەو دوور و درێژ بە یەکەوە دانیشتین، لە بەینی قسەوباسدا، جارجار، کوڵی گریانی هەڵدەستا و فرمێسکی دەهاتنە خوار. خۆی بە تاوانبار دەزانی و لای وابوو نابێ ببەخشرێ. لە کاک ئەحمەد تۆفیق بە گلەیی و بە گازەندە بوو. دەیگوت ئەو دەگەڵ خۆی هێناوم، لای وابوو بۆ وەی تووشی یەکتر کوشتن نەیەن، مەجبور دەگەڵی کەوتووم و لەو سەعاتەشڕا کە گەیشتوونەتە بەغدا، خۆم جیا کردۆتەوە و لە ماڵی مامۆستا هەژار و براژنە مەعسوم جێگیر بووم.



لە ڕاستەو: ئەحمەد تۆفیق - مەلا سەید ڕەشید - ئەمیری قازی

بە باوەڕی کاک ئەمیر، کاک مەلا سەید ڕەشید زیاتر لە هەمووکەس ئۆگری کاک ئەحمەد بووە و زۆری خۆش ویستووە. بەڵام بەو سەفەرە دوایە دڵی لێی ئێشابوو حازر نەبوو لە کۆبوونەوەدا لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق بەشدار بێ و بە ناچار کاک ئەمیر بە تەنیا لە گەڵی دادەنیشێ. ئەو چاوپێکەوتنە دیداریکی سارد و سڕ بوو کە هەر بەگلەیی کۆتایی پێهات. ئەمیری قازی لە لاپەڕەی ۲۰۷ لەبیرەوەرییە سیاسییەکانم دا دەنووسێ: ئێمە ڕەخنەمان لەو بوو لە سەر پەنابەری بۆ حکوومەتی عێراق شتێک کە لەو چاوەڕوان نەبووین. ئەویش دڵشکاو و گلەمەند لە زەمین و زەمان. لای وابوو بێوەفایی دەگەڵ کراوە، ڕێزی لە کەسایەتی و شەخسییەتی نەگیراوە، بە تایبەتی لە بارزانی نەمر گازەندەی هەبوو و ئێمەش لە نێواندا تێوەگلابووین.

بە پێی قسەکانی ئەمیری قازی، ئەحمەد تۆفیق بە تایبەتی لەوی (ئەمیری قازی) بە گلەیی بوو، چونکە بە پێی پێویست هەوڵی بۆ بەشدار بوونی لە کۆنفرانسی ۲ نەداوە. هەر بە پێێ بۆچوونی ئەمیر قازی، ئەحمەد تۆفیق وایدانابوو کە چەلێ وازی لە سیاسەت هێناوە و هەروها ملکەچی هەر بڕیارێکە کە حیزب لە سەری دەدا.

ئەوە ئاخری دیداری ئەوان بووە و ئەمیری قازی دەڕوا بۆ دەرەوەی وڵات و ئەحمەد تۆفیقیش پاش ماوەیەک لە بەغدا دەگیرێ.

حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٣٤٣ دا بە نەقڵ لە غەفور ئیبراهیم محەممەد، پێشمەرگەی هاورێی ئەحمەد تۆفیق لەسەر پەنابردن بۆ عێراق دەنووسێ: هەفتەیەک لە فندق کوەیت بووین. پارەمان نەبوو. کاک ئەحمەد برنویەکی ئەڵمانی پێبوو کە بارزانی دابوویە. ئەو برنۆکەی ناردەوە بۆ بارزانی. منیش برنویەکم پێ بوو کە فروشتمان. لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا، هەر رۆژەی وەزیر و کاربەدەستێکی حکومەت دەهاتن و چاویان بە کاک ئەحمەد دەکەوت. سەدام بریاریدا ئێمە رەوانەی دەرەوەی وڵات بکەن، بەڵام جاشەکانی جەلالی گەیشتنێ و پێیان راگەیاند کە ئەحمەد تۆفیق بە پلانی بارزانی هاتووە کە بچێتە دەرەوەی وڵات و لەوێ کار بۆ بارزانی بکات، ئەوە بوو کە نەیانهێشت برۆین. بەڵام بە پەنابەری سیاسی وەریانگرتین و لە گەرەکی ″تێل محەمەد″ کە گەرەکێکی مەسیحی نشین بوو، خانوویان بۆ گرتین. مانگانە ١٥٠ دیناریان دەدا بە کاک ئەحمەد و ئێمەش٧٠ دینار کە پارەیەکی زۆر بوو. هەروەها ئیزنیان داین کە کاک ئەحمەد و من بۆ پارێزگاریی کردن لە خۆمان دەمانچەمان پێبێت.

دواتر کە شۆڕشی کورد لە گەڵ رێژیمی عێراق ئاگربەسی کرد و کورد چاوڕوانی حوکمی زاتی بوون، هەژار دەچێتە بەغدا و لەوی چاوی بە ئەحمەد تۆفیق دەکەوێ کە لەگەڵ چەند هەواڵ و خزمی خۆی دەژیا و لە لاپەڕەی ٥١٦ چێشتی مجێور دا ئاوا دەنوسێ: ... تێیی گەیاندم کە هەرچەند لە شۆڕش رویشتوە و دەگەڵ بەعسی بۆتە ئاشنا، بەڵام هەرگیز خەیانەت بە بارزانی و کوردستان بە دڵی ئەو ڕانەبردوە راش نابرێ...

ئەمیری قازی پاش چاوپێکەوتن لە گەڵ کاک ئەحمەد دەگەڕێتەوە لای بارزانی. ئەوکات نیوان حکومەتی عێراق و شۆڕش وتوویژ هەبوو و بارزانی بە کاک ئەمیر دەڵی کە رۆژی جومعە بچێتە لای کاری پێیەتی. کاک ئەمیر ئەو رۆژە دەچێتە خزمەت بارزانی و ئەویش بە هەیئەتی دەوڵەت عەبدولخالەق سامرایی دەناسێنێ و پێی دەڵێ کە ئەوانە دۆستی منن و دەبێ چاوتان بەسەریانەوە بێ و یارمەتیان بکەن.

سامرایی دوای رێزگرتن لە کاک ئەمیر، دەعوەتی دەکا بۆ بەغدا و لەوی کوردێکی فەیلی بە ناوی عەلیڕەزا وەک رابیت پێدەناسێنێ کە لە بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی بەعس دا کاری دەکرد. عەلیڕەزا قەت بە کوردی نەدەدوا و بە گوێرەی لاپەڕەی ٢١٠ ی بیرەوەرییەکانی ئەمیری قازی، ئەو کەسێکی دەستپیس و نەزان و گەوج بووە.

ئەحمەد تۆفیق پاش ئەوەی پەنای بۆ عێراق برد، نامەیەکی بۆ حیزب نووسی و بوو کە ئیستیعفاکەی وەرناگرێتەوە. عەبدوڵا حەسەن زادە لە لاپەڕەی ٨١ ئەزموونی خەبات دا دەنووسێ کە ئەحمەد تۆفیق لە نامەکە دا زۆرتر هێرشی کرد بووە سەر ئەمیر قازی چوونکە لە گەڵ ئێمە ببووە بە هاوپەیمان.

## بەشی ٩٧

## ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئوروپا و رووی دزێوی حیزبی تودە بە دوای ساڵەکانی ٤٦-٤٧

لەگەڵ هەموو ناتەبایی و ناکۆکی کە لە نێو ئەندامانی حیزب لە نیوخۆ و کوردستانی باشوور دا لە دەیەکانی ساڵی ١٣٤٠ دا هەبوو، ئەندامانی حیزب لە ئوروپا بەرپرسانە بۆ چاکسازی و کار و تیکۆشان لە حیزب دا هەوڵیان دا و تێدەکۆشان کە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ رێبەری حیزب لە باشووری کوردستان پەتەو بکەن و بە پێێ توانا هاوخەمیان بن. ئەو هەوڵانە بێ کێشە و گرێ و گۆڵ نەبوو و زۆرجار بەربەستی گەورە دەهاتە پێش.

هەرچەند حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٣٤ هەوڵی دا خۆی لە ژێر دەستەڵاتی حیزبی تودە بۆ هەمیشە خڵاس بکا و سەربەخۆ بێ و تەنیا لەگەڵ ئەو حیزبە پەیوەندی دیپلۆماسی هەبێ، بەڵام حیزبی تودە هەمووکات تێکۆشا تا حیزبی دێموکرات بە خۆی ببستێتەوە و کێشەی بۆ ساز بکا و نەیەڵێ ببێتە رێکخراوێکی بەهێز نەتەوەیی. حیزبی تودە نەیدهێشت کەسانی شارەزا و بە توانا لە حیزبی دێموکرات دا پەرە بستینن. بە تایبەتی زۆر دژی دوکتور قاسملوو بوو کە لە ئوروپا دا بە دوای پرسی کوردا دەچوو. کێشەی کورد وەک هەموو بابەتەکانی نێونەتەوەیی، لە ژێر کاریگەری دژایەتی دوو جەمسەری جێهانی دا بوو. هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان ئەو بڕوایەی بۆ تێکۆشەرانی کورد پێکهێنا بوو کە پرسی کورد بە لای چەپ و مارکسیسم دا بخەن و دروشمی و ریبازی ئەو بەرەیە هەڵبگرن. بێکەسی و بێ دەرەتانی و نەبوونی هیچ پشتیوانێک گەورە و نێوخۆیی و دەرەوە، حیزبی دێموکراتی ناچار کرد کە بە مەبەستی راکێشانی بەرەی چەپ، بە تایبەتی بە لای حیزبی تودە دا بکەوێ. ئەوە لە حاڵێک دابوو کە روانگەی حیزبی تودە لە سەر پرسی میللی، لە قسەکانی سەروی رێبەرانی ئەو حیزبە بەروونی دەردەکەوت کە قەت باوەڕیان بە مافی نەتەوەیی کورد و گەلانی دیکەی ئێران نەبووە.

لە ساڵی ١٩٦٩ لە سوفیا ئیحسانی تەبەری بە روونی بە کەریمی حیسامی و قزلجی گوت بوو "ئێمە لە سەر مەسەلەی میللی ساخ نەبووینەوە". ئەو بابەتە تەنیا تایبەت بەم سەردەمە نەبوو بەڵکوو ئەوە ستراتیژی درێژخایەن و دائیمی ئەو حیزبە بوو.

لە ساڵی ١٩٦٩رادمەنیش بە دوکتور قاسملوو دەڵێ: هەمووتان ناسیوناڵیستن. بۆچی لە بەغدا کومیتەتان دامەزراندوە؟ دەبی وەزعی خۆتان روون کەنەوە یانی دەست لە حیزبی دێموکرات هەڵبگرن...

دوکتور قاسملوو هەر لە ساڵی ١٣٣٤ هەوڵی دا تا حیزب لە ژێر باری گرانی بیری چەوتی حیزبی تودە بێنیتە دەر و کاریگەریان بەسەر حیزبەوە نەیەڵێ. بەڵام نەیتوانی، چوونکە بۆخۆشی لەو قۆناغەدا ژیان و گوزەرانی بەسترابووە بە یارمەتی وڵاتانی سوسیالیستی برا کە چوارچێوەکە بە هۆی حیزبەکانی ئەندام، یەک لەوان حیزبی تودە دیاری دەکرا.

عەبدوڵڵای حەسەن زادە لە دیدار لەگەڵ بیژەن ساعدی لەسەر دوکتور لە لاپەرەی ٨٤ کتێبی حەقیقەتی مێژوو دا دەڵێ: وەک پێشتر عەرزم کردی ئەوەندە عاشقی چاو و برۆی حیزبی تودە نەبووە، بەڵام مەوقیعییەت جاروبار شتی بەو شێوەیە دەخولقێنێ، بۆ نموونە ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر لە پراگ لە چیکۆسلۆڤاکیا دەژیا، بە کردەوە دووبارە ببووەوە بە ئەندامی حیزبی توودە، لە ڕێکخراوەکانی حیزبی توودەدا بوو، هەتا ساڵی ١٩٦٨ لە ئەنجامی ئەو ناکۆکی یانەدا کە لەگەڵ حیزبی توودە و حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکی لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی داگیرکردنی پراگ دا بۆی پەیدا بوو، لە چیکۆسلۆڤاکیا دەریان کرد، دەنا هەر لەگەڵ ئەوان بوو، بۆ؟ چونکە کاتێک دوکتور قاسملوو لە پاریس ڕێبەری خۆپێشاندانێک دژی شا دەکا، ساڵی ١٩٤٨ لە فەڕانسە دەری دەکەن، بە بوورس واتە زەماڵەی رەسمیی ئێرانیش چوو بوو، زەماڵەی رەسمی بەو مانایە نا کە دەوڵەت خەرجییەکەی بدا، بەڵام دەبوو باوکی کە خەرجییەکەی بۆ دەنارد بە ڕێگەی رەسمیدا بینێرێ، ئەوەشیان لێ قەدەغە کرد، ئەوجار وەکوو ئێرانی دەڵێن پادەرهەوا مایەوە، حیزبی توودە بوورسی خوێندنی لە چیکۆسلۆڤاکیا بۆ وەرگرت و چووە ئەوێ، ئەمەش بۆ خۆی کاریگەریی لەسەر دادەنێ.

لە کەش و هەوایەکی ئەوتۆ دا، لە رۆژی ١٩٦٨/٩/١٤ دوکتور قاسملوو کەریمی حیسامی و حەسەن قزلجی لە گەڵ رادمەنیش و کامبەخش و ئیرەج ئەسکەندەری لە ئاڵمانی دێموکراتێک لە سەر نامەی حەمەدەمین سیراجی و لە سەر راپۆرتی سەفەری دوکتور قاسملوو کۆبوونەوە. مەبەستی سەرەکی ئەو کۆبوونەوە هەڵسەنگاندن و دیاری کردنی رێبازی نوێ بە نیسبەتی ئەو رووداوانە بوو کە لە کوردستانی ئێران هاتبوونە گۆڕێ. ئەوان بەو ئاکامە گەیشتن کە درێژەدانی شەڕی چەکداری، بە قازانج نییە و واباشترە کە ئەندامی حیزب، بە رەزایەتی بارەگای بارزانی، لە کوردستانی عێراق بگیرسێنەوە و کاری تەشکیلاتی بکەن. هەروەها بڕیار درا کە یارمەتیان پێبکرێ و کەریمی حیسامی بچێ لە نیزیکەوە پەیوەندیان پێوە بکا.

ئەوە خاڵە سەرەکییەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو بەڵام بە قەولی کەریمی حیسامی "حیزبی تودە لە سەر مەسەلەی کوردستان ناتوانێ بڕیار بدا و نایەوێ یارمەتیشیان پێبکا" و ئەو بڕیاڕانە بەرێوە نەبردران. تەنانەت ناردنەوەی کەریمی حیسامی وەدواخرا چونکە ئەو کارمەندی رادیۆ پەیکی ئێران بوو و حەسەن قزڵجی نەخۆش بوو ئەگەر ئەو رۆیشتبا، رادیۆ پەکی دەکەوت. لەو هەلومەرجەدا حەمەدەمین سیراجی لە بەغدا را بەردەوام داوای دەکرد کە سەری لێبدەن و چاویان پێی بکەوێ.

دواتر حەمەدەمینی سیراجی لە مانگی سپتامبری ١٩٦٨ لە بەغدا را نامەیەکی بۆ رادمەنیش سکرتێری حیزبی تودە نووسێ و داوای چاوپێکەوتنی لە گەڵ کرد. رادمەنیش داوای لە کەریمی حیسامی کرد کە بە جێگای ئەو بۆ دیتنی سیراجی بچی و ئەو لە رێکەوتی ١١ ئۆکتۆبری ١٩٦٨ چووە بەغدا و پاش دوو رۆژ حەمەدەمینی سیراجی لە ماڵێکی دێتەوە کە حیزبی شیوعی بۆیان دیاری کرد بوو. ئەو بە تەواوی رووخابوو و بە دزی دەژیا و پەیوەندی لە گەڵ کەس نەبوو. سیراجی لە هاوڕێیانی نێوخۆ ئاگادار نەبوو. تەنیا جارجار شەو بە دزی دەچووە ماڵە یوسف ریزوانی. بە

قسەی کەریمی حیسامی، حەمەدمینی سیراجی رازی نەبوو کە بگەڕێتەوە بۆ لای برادەران لە نێوخۆی وڵات دا. شەهیدبوونی هاوڕێیان و نەبوونی یارمەتی و کۆمەگ بە جارێ تاساندبووی. هەرچۆنێک بێ لە سەر پێی داگری کەریم حیسامی لە سەر پەلامار و هێرشی ژاندارم و کوشتاری خەڵکی کوردستان بەیاننامەیکیان بە کوردی و فارسی نووسی و دوایە کردیانە عەرەبی و بۆ بڵاوبوونەوە دایان بە رۆژنامەی (الثوره) ئۆرگانی حیزبی بەعسی عیراق و رۆژنامەی (النور) ی دەستەی مام جەلال کە لە بەغدا دەردەچوو. رۆژنامەی (النور) ئەو بەیاننامەیەی نە بڵاو کردەوە و نە هیچیشیان لە سەر کوژرانی ئەو پێشمەرگانە نووسی. پاشان کەریمی حیسامی و حەمەدەمینی سیراجی، بە رێکەوتی ١٩٦٨/١٠/٢٩ نامەیەکیان بۆ مەرحومی مەلا مستەفا نووسی و دایان بە دارا تۆفیق کە بیگەیەنێتە دەستی.

کەریمی حیسامی دوای چاو پێکەوتن لە گەڵ حەمەدەمین سیراجی گەڕاوە بۆ بۆڵغارستان. رۆژنامەی کوردستانی چاپی دەرەوەی وڵات رووداوەکانی کوردستانی بڵاو دەکردەوە و جەنایاتی رێژیمی شای دەرحەق بە ئازادیخوازانی کوردی ئێران لە قاو دەدا. بە پێی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی لە سەر پێشنیار و پێداگری ئەو، حیزبی تودە و هەموو رۆژنامەکانی سەر بەو حیزبە، لە بەیاننامەیەک دا جەنایەت و هێرشی دەڕندانەی رێژیمی پاشایەتی بۆ سەر خەباتکارانی کوردیان مەحکوم کرد. بە دوای دەرچوونی بەیاننامەی حیزبی تودە، زوربەی رۆژنامەکانی سەر بە حیزبەکانی برای بەرەی سوسیالیستی، وەک رۆژنامەی "نیپ سابات چاک" ئۆرگانی حیزبی سوسیالیستی کرێکاری مەجارستان و رۆژنامەی لۆمۆندی فەڕانسە و رۆژنامەی "مۆرنینگ ستار" ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئینگلستان، رۆژنامەی سوسیالیست لیدر چاپی گڵاسکۆ، رۆژنامەی "ئەل سیگلۆ" ئورگانی حیزبی کومونیستی شیلی، رۆژنامەی ئۆنیتا" ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئیتالیا، رۆژنامەی ئاوانتی" ئۆرگانی حیزبی سوسیالیستی ئیتالیا، رۆژنامەکانی ناسیون و ئیل پارتێتۆ، چاپی ئیتالیا، گۆڤاری "ئاشتی و سوسیالیزم" ئۆرگانی تێئوری حیزبی کومونیستی و کرێکارانی دنیا، هەروەها رۆژنامەی تەریقولشەعب ئۆڕگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی عیراق و رۆژنامەی رێگای کوردستان، ئۆرگانی ئیقلیمی کوردستان - حیزبی کومونیستی عیراق و رۆژنامەی ئاڵای کرێکاری و بڵاوکراوەی مەحەلی حیزبی کومونیستی عیراق، جەنایەتی پاشایەتیان لە رۆژنامەکانیان دا بڵاو کردەوە.

لە ناوەرۆکی بڵاوکراوەکان دا هاتبوو کە رێژیمی پاشایەتی ئێران بە پتر لە ١٢ هەزار ژاندارم و ئەرتەشی پەلاماری هێزەکانی کوردییان داوە و دەیان کەسیان لێ کوشتون و پتر لە ٢٠٠ کەسیان لە زیندانەکانی رێژیم دا زیندانی کردوە.

بە دوای ئەوانەدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ دوکتور رادمەنیش چووە بۆ بەغدا و چاوی بە حەمەدەمین سیراجی کەوت و دوایە گەڕاوە و لە گەڵ دوکتور قاسملوو چوونە سوفیا و لە سەر ئەو چاوپێکەوتنە و هەروەها نامەیەک کە سیراجی نارد بووی، لە رۆژی ٢ فەورییەی ١٩٦٩ لە گەڵ کەریمی حیسامی و حەسەن قزڵجی کۆبوونەوە. حەمەدەمین سیراجی لە نامەکە دا، پێشنیاری کرد

بوو کە ئەو بچتە دەرەوەی وڵات و حەمەی حاجی سەعید و مەحەمەد موهتەدی بگەڕێنەوە بۆ عێراق و لە گەڵ یوسفی ڕێزوانی لەوێ کار بکەن. لە کۆبوونەوەدا پاش باسێکی زۆر، بڕیار درا کە حەمەدەمین سیراجی بێ لە رادیۆی پەیکی ئێران کار بکا و کەریمی حیسامی بچتەوە عێراق و دوکتور قاسملووش دواتر بگەڕێتەوە بۆ عێراق.

پاش ماوەیەک کەریمی حیسامی گەراوە بۆ بەغدا لەوێ بۆ دەرکردنی رۆژنامە و دیتنەوەی جێگای نەهێنی و ناردنی حەمەدەمین سیراجی بۆ دەرەوە، پەیوەندی بە حیزبی شیوعی گرت.

کەریمی حیسامی، لە بەغدا، لە گەڵ حەمەدەمین سیراجی و یوسفی ریزوانی و چوکەلی گەوهەری، کۆبوونەوە و کومیتەیەکیان پێکهێنا تا لە گەڵ پێشمەرگەکانی بەکرەجۆ پەیوەندی بگرن و نەهێڵن بۆ ئەولاولا بڕۆن. دوایە دیسان کەریمی حیسامی گەڕاوە بۆ سوفیا و لە ١٧ مانگی ژوئییەی ١٩٦٩ لە گەل حەسەن قزڵجی لە سوفیا چاویان بە ئیحسانی تەبەری کەوت و لە سەر رووداوەکانی کوردستان گلەیان لێکرد. تەبەری لە وولام دا دیسان گوتی: حەقتانە ئێمە لە سەر مەسەلەی میللی ساخ نەبووینەوە.

ئیحسانی تەبەری راستی نەدەکرد کە لەسەر پرسی میللی ساغ نەبوونەوە، بەڵکوو ئەوان باوەڕیان پیی نەبوو و بە مەترسی گەورەیان بۆ سەر یەکێتی ئاو و خاکی ئێران دەزانی و زیاتر لە هەر بیر و بۆچوون و روانگەیەکی دیکە، دژی بوون. بۆیە ئەوان بە زانیاری تەواو، ساغ بوونەوە تا بە هەموو تواناوە، بە نیشان دانی ئەوە کە تەنیا ئەوانن پارێزەری سەرەکی جوڵانەوە رەزگاریخوازەکانن، هەوڵیان دا بەشێوەیەکی دزێو، روانگەی نەتەوەیی و نیشتمانی بە لاڕێدابەرن و بە بیری چینایەتی حەشاری دەن و پووش بەسەری بکەن. حیزبی تودە بەو بیرە چەوتە دەستی خستە ناو تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و بۆ بە لاڕێدابردنی و تەنانەت نەمانی تێکۆشا.

حیزبی تودە بە دامەزراندنەوەی کومیتەی حیزبی دێموکرات لە بەغدا، هەڵبەزێوە و ناڕەحەت بوو و لەسەر ئەو بابەتە دوکتور قاسملوو بە رێکەوتی ١٩٦٩/٩/١٥ لە نامەیەک بۆ کەریمی حیسامی دەنووسێ: چاوم بە ″رام″(رادمەنیش) کەوتوە، دەڵێ هەمووتان ناسیونالیستن. بۆچی لە بەغدا کومیتەتان دامەزراندوە؟ دەبی وەزعی خۆتان روون کەنەوە یانی دەست لە حیزبی دێموکرات هەڵبگرن...

هەر لە پێناو ئەو سیاسەتە چەوتە دا، حیزبی تودە وردە وردە قەول و قەرارەکانی بە نیسبەتی حیزبی دێموکرات پاشگوێ خست و بۆ هەموو شتیک پەڵپ و بیانوویان دەهێناوە. ئەوجار بە درو بیانووی ئەوەیان گرت کە گوایە بە شی کوردی رادیۆی پەیکی ئیران بە دژی دەوڵەتی عیراق قسەی کردوە.

حەمەدەمینی سیڕاجی لە گەڵ ئەو نامانە کە بۆ کەریمی حیسامی دەنارد جاریک نووسیبووی: ... چاوم بە "دوکتور جەلال"(کوروش لاشایی) "تودەی ئینقلابی" کەوتوە و هاتوتە لام. بەڵام بەڵێنی هیچم پێنەداوە، چاوەڕوانم بزانم بیروڕای ئێوە چیـیە؟

بەپێی لاپەڕەی ١٨٢ بەرگی٣ "لە بیرەوەرییەکانم" کەریمی حیسامی بە ڕێکەوتی ١٩٦٩/١٢/١٨ وڵامی نامەکەی داوە و ئامۆژگاری کرد کە خۆ لە کێشەی عێراق و مەلامستەفا و لاشایی نەدا.

پاش ماوەیەکی زۆر لە ریکەوتی ١٩٧٠/٢/١٥حەمەدەمین سیراجی بە هاوکاری رادمەنیش گەیشتە سوفیا. ئەو لەوێرا دەبوایە بچتە لایپزیک. بەلام لەو سەردەمەدا کومیتەی ناوەندی حیزبی تودە لە هەوڵی ئەوە دابوو کە رادمەنیش وەلابەرێ، بۆیە کاری حەمەدەمینیش چەوتی تێکەوت و بەڵێنی رادمەنیشیان بەجێ نەگەیاند. حەمەدەمینی سیراجی کە رێبەرایەتی حیزبی تودە، لە کاتی شەڕی چەکداری دا، قوڕاوی دەخواردەوە چاویان پێبکەوێ، ئیستا یارمەتیان نەدەکرد کە بچتە لایان.

دیارە حەمەدەمینی سیراجی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ حامید گەوهەری بە جۆرێکی دیکە باسی ئەو بابەتە دەکا و لە لاپەڕەی ٣٣٦ کتێبی ئەحمەد تۆفیق..." دەڵێ: ڕۆژی ١٩٧٠/٢/١٥، واتە ٢٦ ڕۆژ بەرلە واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ١١ی مارس، حیزبی تودە محەمەدئەمین سیراجی بردبوو بۆ بولغاریا کە لە ڕادیۆ پەیکی ئێراندا کاری پێبسپێرێت، بەڵام ناوبراو لەوێ هەڵی نەکرد و ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٢٠ گەڕایەوە بۆ بەغدا. سیراجی سەبارەت بە گەڕانەوەی بۆ عێراق، لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢ پێیڕاگەیاندم: حیزبی تودە دەیویست لە ڕادیۆی پەیکی ئێراندا هاوکارییان بکەم و لەگەڵ ئەوەشدا درێژە بە خوێندن بدەم، بەڵام من ڕازیی نەبووم. هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ڕێککەوتنی عێراق و پارتی دیموکرات و بڵاوبوونەوەی بەیانی ١١ی ئادار. بەو ڕێککەوتنە ئێمە لە بێهوویەیی ″ناسنامە″ ڕزگارمان دەبوو و دەمانتوانی هەوڵی بوژاندنەوەی حیزبی دیموکرات بدەین. بۆیە بەرلە گەڕانەوەم لەگەڵ ڕەحمان قاسملوو و مامۆستا حەسەن قزڵجی ڕێککەوتین کە من بگەڕێمەوە و دوای من ئەوانیش بێنەوە.

لەوکاتەدا دوکتور قاسملوو و حەسەن قزڵجی و کەریم حیسامی و حەمەدەمین سیراجی لە سوفیا کۆبوونەوە و سەرەرای ئەوە کە حەمەدەمین زۆری پیناخۆش بوو، بڕیاریان دا کە ئەو بگەڕێتەوە بۆ بەغدا و دواتریش دوکتور قاسملووش بچێتەوە.

حەمەدەمین سیراجی لە رۆژی ٢٠ مارسی ١٩٧٠کە تازە رێکەوتنی کورد و عەرب لە ژێر رێبەرایەتی شۆڕشی بارزان دا پێکهاتبوو، گەڕاوە بۆ بەغدا. بە دوای ئەو دا دوکتور قاسملووش گەڕاوە. دوکتور پاش ئەوەی پەیوەندی بە حیزبی بەعسەوە گرت، لە گەڵ حەمەدەمین سیراجی و یوسفی رێزوانی چوونە لای مەرحومی بارزانی.

دوکتور قاسملوو لەو سەفەرە دا چاوی بە "رادمەنیش" سکرتێری حیزبی تودە کەوت و بە پێی لاپەرەی ١٨٧ بەرگی٣ کتێبی "لە بیرەوەرییەکانم" لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی بە ڕێکەوتی ١٩٧٠/٤/١٥ دەنووسێ: ″برای خۆشەویست کاک کەریم رۆژ باش″

دوێنێ لە عێراق گەڕامەوە. هەموو دۆست و برادەر سڵاوت لێ دەکەن. هەروەها سڵاویان هەیە بۆ کاک حەسەن.

١- لە بەغدا دوو جار لەگەڵ رادمنش دانیشتین. ئێمە نەزەرمان ئەوە بوو کە ئەو پێک هاتنەی فوریەی ١٩٦٨ دا بەینی ئێمە و ئەوان لە بەغدا ئیمزا کراوە ئیعتیباری هەیە. بەڵام رەفتاری زۆر

نالەبار و بێ مانا بوو. لە پێشدا گوتی: بۆ هاتوی؟ لە پاشان گوتی مەچنە لای مەلا مستەفا، ئەگەر هەر دەچن تەنیا پیرۆزبایی پێ بڵێن باسی شتی تر مەکەن. ئاخر جاریش کە دیمان گوتی: "خەرجی سەفەری تۆ نادەم. چونکە بە بێ ئیجازەی ئێمە هاتوی. وە درکاندی کە کاغەزێکی نووسیوە بۆ بۆرۆ کە "ئەگەر هێندی شەرت هەیە" جێ بە جێ یان نەکەم حەقم نیە سەفەر بکەم". منیش زۆر تورە بووم پێمگوت: ئەو رەفتارە جێگای داخەو دڵنیام پەشیمان دەبیەوە".

دوای ئەو سەفەرە دوکتور قاسملوو گەڕاوە بۆ ئوروپا و لە سوفیا لەگەڵ کەریمی حیسامی و حەسەن قزلجی لە سەر کار و تێکۆشان و گەڕانەوە بۆ عێراق، کۆبوونەوە. هاوکات ئەوان لە رێکەوتی ١٥ ئوکتوبری ١٩٧٠لە سەر داوای بەڕێوەبەرایەتی حیزبی تودە، لە وڵاتی ئاڵمان لەگەڵ ئیرج ئەسکەندەری کە بە جێی رادمەنیش ببوو بە سکرتێری حیزبی تودە، کۆبوونەوە.

لەو دانیشتنەدا، دوکتور قاسملوو باسی سەفەری عیراق و بەرنامە و رێبازی حیزبی کرد و بڕیار درا کە ئەسکەندەری لە گەڵ هەیئەتی دەبیران حیزبی تودە کۆ بێتەوە و رۆژی دواتر بابەتەکان بخەنەوە بەرباس. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٨٩ بەرگی سێ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە لە رۆژی١٩٧٠/١٠/١٦ئیرج ئەسکەندەری و کامبەخش (ئەندامی بۆرۆی سیاسی) بە نوێنەرایەتی هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودە، لە گەڵ دوکتور قاسملوو و کەریم حیسامی و حەسەن قزڵجی کۆبوونەوە و لە زبانی ئەسەکەندەری ئەو بڕیارانەیان پێراگەیاندن:

هەیئەتی دەبیرانی حیزب لە کۆبوونەوەی خۆیدا لەسەر پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکرات ئەو بڕیارانەی داوە.

١- هاواڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێبکۆشن کە حیزبی دێموکرات لە جەریانی دژی کۆمونیستی و دژی سۆڤیەتی دور بێ.

٢- سیاسەت و ڕەوتی دژی حیزبی تودەی ئێران نەگرێتە پێش.

٣- لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی پەیوەندی باشی هەبێ.

٤- حیزبی دێموکرات خۆی بە بەشێک لە جولانەوەی ڕزگاریخوازیی سەرانسەری ئێران بزانێ.

٥- پاش پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆ، حیزبی تودەی ئێران ئەم حیزبە بە ڕەسمی دەناسێت و بە هەموو تواناوە پشتیوانی لێدەکات.

دوکتۆر قاسملوو گوتی: حیزبی دێموکرات جگە لەو ڕێبازە، ڕێبازی دیکەی نیە.

لە راستی دا ئەگەرچی ئەو خاڵانە شەرتی بە رەسمی ناسینی حیزبی دێموکرات بوون. بەڵام حیزبی تودە هەر بۆخۆی ئەو رێکەوتنەشی پێشێل کرد. کەریمی حیسامی دەنووسێ کە هەموو بەشداران ئەو کۆبوونەوەیە، ئیرج ئەسکەندەری، کامبەخش، دوکتور قاسملوو، کەریم حیسامی و حەسەن قزڵجی ئەو رێکەوتنەیان واژۆ کرد و دەبوو نوسخێک بە حیزب بدرێ. بەڵام ئەسکەندەری گوتویە کە کۆپییەی دەکا و دەیانداتێ. جارێکی دیکەش کەریمی حیسامی داوای ئەو رێکەوتننامەیە دەکا. ئەسکەندەری دەڵێ: دەزانی نووسخەی ئیمزا کراوەکە ون بووە، بەڵام بڕیارەکان یادداشت کراون.

به دوای ئەو کۆبوونەوەدا، دوکتور قاسملوو بە پەلە گەڕاوە بۆ عێراق. لەوێڕا چەند جار بە نامە داوای لە کەریم حیسامی کرد کە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٩٠ بەرگی سێ بیرەوەرییەکانی دا، ئاماژە بە ٢ بەشی کورتی نامەکانی دوکتور دەکا کە بە ڕێکەوتی ٤ و ١٩٧٠/١٢/١٣دا بۆی ناردووە و داوا دەکا کە رادیۆ پەیکی ئێران بەجێبێڵێ و هەرچی زوتر بگەڕێتەوە بۆ عێراق. بەڵام لەوکاتەدا جەوانشیر بەرپرسی رادیۆی پەیکی ئێران بە دوای کۆتایی پلونۆمی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودە، دەچتە لای کەریمی حیسامی و بە گوێرەی لاپەڕەی ١٩١ی ئەو سەرچاوەیە لەسەر گەڕانەوە بۆ کاری حیزبی لە عێراق پێیدەڵێ:

"ڕێبەرایەتی حیزب لە سەر ئەوە باوەرەیە کە تۆ نابێ بچیەوە بۆ بەغدا".

گوتم: من ئەندامی حیزبی تودە نیم، پاشان ئێمە لە بەڵگەیەکی ئیمزا کراودا لەگەڵ هەیئەتی دەبیران ڕێک کەوتووین کە حیزبی دیموکراتی کوردستان زیندو بکەینەوە.

جەوانشیر گوتی: "چونکە تۆ لە رادیۆی ئێمەدا کارت کردوە بە تودەیی ناسراوی. ئێمە دژی گەرانەوەی تۆین بۆ عێراق. ئەگەر خۆشت دەگەرێ یەوە ئازادی. بەڵام ئێمە بە حیزبی کومونیستی بولغار و حیزبی کومونیستی عیراق رادەگەێنین کە هیچ پێوەندیت لەگەڵ ئێمە نیە. لە بارەی ماڵ و منداڵی تۆش ئێمە هیچ ئیقدام ناکەین. ئیتر خۆت دەزانی".

بەمشێوەیە ژیان و گوزەرانی منداڵەکانی کەریمی حیسامی تا رادەیەکی زۆر تووشی گرفت بوو. ئەو نامەیەکی بۆ ئیرج ئەسکەندەری نووسی و لە ئاخری مانگی مارسی ١٩٧١ گەڕاوە بۆ بەغدا.

حیزبی تودە، بە ناوی حیزبی دێموکرات و بەو کەسانەی کە کاریان تێدا دەکرد هەستیار و ناڕەحەت بوو. بۆ وێنە کەریمی حیسامی لە سەر حیسابی ئەوان بۆ کار لە رادیو پەیکی ئێران هاتبوە بولغارستان، حەقی نەبوو وەک ئەندام حیزبی دێموکرات کار بکا و لەوێ پێیان راگەیاند کە چوونکە ئێستا لە حیزبێکی ناسیونالیستی دا کار دەکا، دەبێ وەزعی خۆی روون کاتەوە.

دوکتور قاسملوو لە نامەیەک بۆ کەریمی حیسامی کە لە لاپەڕەی ١٠٤ بەرگی ٥ ی بیرەوەرییەکانیدا هاتووە دەنووسێ:... حیزبی تودە بە هەموو هێزییەوە خەریکە وەزعی تۆ وەک من لێبکا. بەداخەوە ئێمە ئێستاش نامانەوێ ئێعتراف بکەین کە ئەوەی لە وڵاتانی سوسیالیستی دژی ئێمە کراوە، لە حیزبی تودەوە سەرچاوە دەگرێ. نەزەریشم ئەوەیە هەتا ئەتۆ لە حیزبی دێموکرات دا مەسئول بی و هەتا حیزبی دێموکرات ئامادە نەبێ بچێتە ژێر باری ئەوان، هەر خەریک دەبن و ئیمکانی سەرکەوتنیشیان زۆر زۆرە. هەموو ناوێکیشت لە سەر دادەنێن. شێوەکەیان ئەوەیە. جا دەبێ مەسەلەکە لەو بارەوە تەماشا بکەین و فیکرێکی ئەساسی بکەین. دەنا هەڕەشەی حیزبی تودە وەک شیری دێموکلیس هەر لە سەرمان دەبێ.

## بەشی ۹۸

## ۱۱ ئازار۱۹۷۰

لە پاییزی ۱۹٦۹ بە نەهێنی وتووێژ نێوان حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی حەسەنولبەکر و بزوتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی دەستی پێکرد. ئەو وتووێژانە دوای چەند مانگ بە ئاکام گەیشت و لە ۱۱ مارسی ۱۹۷۰بەیاننامەیەکی مێژوویی کە بە رەسمی دانی بە ماڤی رەوای کورد دادەنا، لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی دا راگەیەندرا.



مەلا مستەفا بارزانی - سەدام

عەزیزی ئەحمەدی لە دەست نووسێک دا دەنووسێ کە لە رۆژی راگەیاندنی ۱۱ ئازار دا، هەموو خەڵك لە دەوری ڕادیۆیان دانیشت بوون و ڕادیۆ بەغدا سرودی نیشتیمانی دەخوێندەوە و جاروبارە دەیبڕی و دەیگووت "بعد قليل(دوای ساتێک)" و خەڵك بێ سەبرانە چاوەڕوانی بەعدە قەلیلە بوون کە داخوا پاش ماوەیەک دەڵێ چی و چی بڵاو دەکاتەوە. بە درەنگەوە ئەحمەد حەسەنولبەکر سەرۆك کۆماری عیڕاق بەیاننامەی مێژوویی ۱۱ ی ئازاری ۱۹۷۰ ی خوێندەوە کە مافی ئوتۆنومی گەلی کورد لە باشووری کوردستانی تێیدا دابین کرابوو. بە دوای ئەودا دوکتۆر مەحمود عوسمان، پەیامی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی بە ڕێبەرایەتی سەرۆك بارزانی خوێندەوە. ئەوجار تەقەی خۆشی، دەستی پێکرد و خەڵکی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر، خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی. دروشمی نووسراوی زۆربەی دیواری شارەکان بە کوردی و بە عەرەبی نووسرا بوو: بژی برایەتی کورد و عەڕەب.بڵاوبونەوەی ئەو بەیاننامەیە بوو بە هۆی شادمانی و خۆشحاڵی خەڵکی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ماوەی چوار ساڵ دیاری کرا تا ئەو رێککەوتنامە جێبەجێ بکرێ و دەورانێکی زێڕینی نەتەوەیی بۆ کورد دەستەبەر بوو و پەیوەندێیەکی باش لە نێوان پارتی و حیزبی بەعسی دەستەڵاتدار و حیزبی شیوعی دا دامەزرا.

کریس کۆچرا لە لاپەرەی ٤۹ کتێبی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی" دەنووسێ کە بەیاننامەی ۱۱ ئازار ۱۵ مادەی لە خۆ دەگرت. زبانی کوردی لەگەڵ عەڕەبی لە ناوچەی کوردنیشین زمانی رەسمی بێ، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەشێک لە بوودجە بۆ پێشخستنی ناوچەکانی کوردستان تەرخان بکرێ. کوردێک دەبوو ببێتە یاریدەدەری سەرۆکی وەزیران. کورد بە پێی حەشیمەت لە پارلمان دا حەقی یاسادانانیان هەبێ. خودموختاری نەتەوەی کورد، لە پارێزگاکانی کورد بە پێی سەرژمێری رادەی حەشیمەتی بە رەگەز کورد، دابین دەکرێ.

کریس کۆچرا باسی گرفتی هێندێک بەند دەکا و دەڵێ کە سەرژمێری دەبوو لە ٦ مانگ یەکەم دا بکرێ، قەت نەکرا و هەورەها دەنووسێ کە چۆنییەتی پەیوەندی سیستمی نیوان دەوڵەتی عێراق و ئیدارەی خودموختاری کوردستان، باسی لێوە نەکرا.

کۆچرا لە لاپەرەی ٤٩ کتێبی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا و ویستی سەربەخۆیی" دەنووسێ کە بە دوای بەیاننامەی ١١ ئازار دا لێبوردنی گشتی راگەیندرا، بەندییە سیاسییەکان ئازاد کران و سێ کورد بوونە پارێزگاری دەهۆک و سولەیمانی و هەولێر. پارتی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد و رۆژنامەی برایەتی ئازاد کرا و رادەی ٢٠ میلیون دینار، بەرابەر بە ٦٠ میلیون دۆلار بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان تەرخان کرا و داموودەزگای دارودەستەی بەکرێ گیراوی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی هەڵوەشاوە.

بێشک ئەندامانی حیزبی دێموکرات زیاتر لە هەموو کەس بە رووداوە مێژووییە خۆشحاڵ بوون و هەوڵیان دا تا لەگەڵ هەر سێ حیزب دۆستایەتی پتەو دامەزرێنن.

ئەو رێکەوتنە دەیتوانی کۆتایی بە پەیوەندی نێوان رێژیمی ئێران و شۆڕشی کوردستان باشوور بێنی و دەرفەتێکیش بۆ حیزبی دێموکرات بڕەخسێ کە بتوانێ کار و چالاکییەکانی خۆی لە نێوخۆی ئێران دا پەرە پێبدا.

هەرچەند حیزبی دێموکرات بە دوای گرتنی کۆنفڕانسی ٢ دا دەیتوانی لە کۆڕ و کۆمەڵ و جێژن و بۆنەکان دا پەیام بدا و کۆبوونەوەی حیزبی پیک بێنێ، بەلام بە دوای دەرچوونی ئەو رێکەوتنە، رێگە نەدرا کە پەیوەندی بە ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی وڵات دا بگیرێ.

بۆ پیرۆزبایی و دەربڕینی خۆشحالی لەو دەسکەوتە مێژوویە، هەیئەتێکی سێ کەسی کە بریتی بوون لە مامۆستا هیمن و ئەمیر قازی و ملا عەولا حەسەنزادە، بە نوێنەرایەتی حیزب لە بارەگای بارزانی سەردانی مەلامستەفایان کرد.

مەلامستەفا زور بە حەوسەلە گوێی بۆ راگرتن و بە پێی لاپەڕەی ٢٤٧ کتیبی کورتە میژووی حیزبی دیموکرات لە نووسینی مەلا عەولای حەسەنزادە، مەلامستەفا بە راشکاوی پێیاندەڵی کە لەبارەی حیزبی دیموکراتەوە شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕاوە و ئەوان ناتوانن چاوەروانی یارمەتی و کۆمەگی پارتی بن و ئەگەر کار و تێکۆشانی سیاسی دەکەن دەبێ لە گەڵ دەوڵەتی عێراق پەیوەندی بگرن. کاتێک نوینەرانی حیزب دەڵێن کە حیزب هیج پەیوەندێکی بە عێراقەوە نییە، مەلامستەفا دەڵێ: ئێستا وەک جاران نیە، وەزعەکە گۆڕاوە و حوکمی زاتی هەیە، وەزیری کورد هەیە.

رێکەوتنامەی مێژووی ١١ ئازار ١٩٧٠ بوو بە هۆی ئەوە کە رێژیمەکانی دژ بە کوردی ئێران و سوریە و تورکیە بە هەمو تواناوە بۆ پوچەڵ کردنی ئەو پەیمانە تیبکۆشن. جیا لە دژایەتی و دەستێوەردانی ئەو وڵاتانە، هەر کام لە زل هێزەکانی ئەمریکا و شوورەوی بە بەرژەندی خۆی ئەو رێکەوتنەیان هەڵدەسەنگاند. رووسەکان کە دۆستی ئیستراتیژی دەوڵەتی عیراق بوون و پەیوەندی بازرگانی ئەسلەحەیان لەگەڵی هەبوو، پێیان خۆش بوو کە عیراق بێ کێشە و دور لە شەڕ و هەڵای نێوخۆیی بێ. بە پێی ژمارەی ٩٦ ی گۆڤاری "الاتجاه اللخر" رۆژی ١٩٧٢/٣/٢٩ رووسەکان بە هۆی پریماکۆف بە دەوڵەتی عێراقیان گوتبوو کە ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر بکا، دەتوانێ هێزەکانی خۆی دژی ئیسرائیل

رابگرێ. له لایەکی دیکه ئەگەرچی ئەمریکایەکان له سەرەتا دا زۆریان دەست له کاروباری عێراق وەرنەدەدا، بەڵام به بەستنی پەیمانی رووس و دەوڵەتی عێراق، زۆر تورە بوون.

جیا له هەمووی ئەوانه له نێوخۆی رێژیمی عیراقیش دا دەستی خراپە و ئاژاوەگێرانه بۆ تێک دانی رێکەوتنی ١١ ئازار به توندی له ئارا دابوو و کاربەدستانی عیراق له مانگی سپتامبری ١٩٧١ هەوڵیان دا به هۆی خۆکوژی دەستەیەک مەلا، له تەقینەوەیەکی گەوره دا، مەلامستەفا بکوژن. حامید گەوهەری له لاپەرەی ٤٠ بەرگی یەکەمی کتێبی "رۆژهەڵاتی کوردستان له ده ساڵ دا" دەنووسێ: رێژیمی عێراق رۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ ئیبراهیم گاباری که کوردێکی رۆژئاوای کوردستان سوریا بوو، به هەگبەیەکی پڕ له ماددەی تەقینەوه به ناوی رۆژنامەنوس له گەڵ نۆ مەلا که ئەوانیش پشتێنی دینامیتیان لێ بەسترابوو، به دوو ئوتومو‌بیل رەوانەی ″ناوپردان″ کرد که چاویان به بارزانی بکەوێت و شۆفیری ئۆتۆموبیلەکان له دەرەوه دینامیتەکان بتەقیننەوه و کۆتایی به ژیانی سەرۆک مستەفا بارزانی بهێنن. له ئەنجامی ئەو کردەوەیەدا هەموو مەلاکان کوژران، بەڵام بارزانی به سڵامەتی رزگاری بوو.

پارتی دێموکراتی کوردستان له یاداشتێکی ١١ خاڵیدا، دەوڵەتی عێراقی ئاگادار کرد که دەزگای ئاسایش و وەزیری ناوخۆ له پشت ئەو رووداوه بوون. ئەو روداوه و به گشتی کەمتەرخەمی دەوڵەتی عیراق له بارەی چارەسەری کێشەکان، مەلا مستەفای بەو قەناعەته گەیانده که باوەری به بڵێنییەکانی دەولەتی عێراق نەبێ.

له لایەکی دیکه کێشەی گەورەی نێوان کورد و عەرەب، شاری کەرکوک بوو. مەلا مستەفا به هێچ شێوەیەک حازر نەبوو دەست له کەرکوک هەڵگرێ و به بەشێکی کەمی مافی کورد رازی بێ. بەڵام بەربەست زۆر بوو و له سیاسەتی نێونەتەوەیی دا، ئیدارەی شاری گرینگی نەفتاوی کەرکوک به دەست کوردان نامۆ و نائاسایی بوو. بۆیه له گێژاوێکی ئەوتۆ دا که شۆڕشی کورد به شێوەی جوراجور کەوتبووه نێو باڵانسەکانی نێونەتەوەیی، ریژیمی ئێران هەوڵی دا که به پێی بەرژەوەندی خۆی، کەڵک له کێشەی کورد وەرگرێ و له ریکەوتی ١٩٧٢/٢/٨ شا داوای له بارزانی کرد که چاوی پێبکەوێ. ئەو دیداره چەند رۆژ دواتر له تاران ئەنجام درا. لەو کاتانەدا بارزانی هاتبووه سەر ئەو باوەڕە که پەیوەندی به ئەمریکایەوه بگرێ و داوای چاوپێکەوتنی له گەڵ کاربەدەستانی ئەمریکایی کرد.

به پێی ژماره ٩٣ ی گۆڤاری "الاتجاه الاخر" دەوڵەتی ئەمریکا له رێکەوتی ١٩٧٢/٣/٢٩ له وڵامی نامەی بارزانیدا نووسی: ئەمریکا دژی ئەوه نییه که باڵوێزی دەرەوه ئەمریکا "بۆش" چاوی به بارزانی بکەوێت. به شێوەی نارەسمی و بۆ گوێگرتن ئامادەین بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیه بکەین و گوێ له قسەکانتان بگرین.

دواتر مەلا مستەفا داوای له رۆژنامەی واشنگتۆن پۆست کرد که چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکا، به هۆی ئەو رۆژنامەیه داوای یارمەتی و پشتگیری سیاسی له ئەمریکا کرد. بەمشێوەیه جیّا له وڵاتانی ناوچه، پێی زلهێزەکانیش به تەواوی کەوتنه نێو کێشەی کورد. ئەو سیاسەته دروست و ژیرانه بوو و دەبوو له هەموو لایەک را هەوڵ درابا تا قورسایی ئەو دیپلۆماسییه به تایبەتی به لای رۆژئاوادا به هێزتر بکری. بەڵام کورد ئەو توانایەی نەبوو که له پارسەنگ و معادلاتی نێونەتەوەیی به باشی کەڵک وەرگرێ.

## بەشی٩٩

## کومیتەی سەرکردایەتی کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## تێکەڵ بوونەوەی ڕێبەری بەشەکانی حیزب

ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ی زایینی(١٣٤٩) دەسکەوتێکی مێژوویی بوو بۆ گەلی کورد و بە تایبەت بوو بە خۆشحاڵی لە رادەبەدەری ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات کوردستان و هیوادار بوون ئەو رێکەوتنە ببێ بە پاڵپشت بۆ جوڵانەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان و کۆتایی بێنێ بەو هەمووە زەخت و زۆریانەی کە بە سەر ئەندامانی حیزب دا داسەپا بوو.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا دوکتور قاسملوو لە دەرەوەی وڵات را گەڕاوە کوردستان و چوو بۆ گەلاڵە و سەردانی مەلا مستەفای کرد تا پیرۆزبایی شۆڕشی ئەیلوولی لێبکا.

ئەمیری قازی لە ساڵی ١٣٤٨ لە باڵەکایەتی لە ماڵە کاک خالید حسامی، تووشێ دوکتور قاسملوو و حەمەدەمین سراجی و یوسف رێزوانی بوو و مامۆستا هەژار و مامۆستا هیمنیش لەوێ بوون و لە لاپەرەی ٢١١ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: دیداری دوکتور قاسملوو، پاش ١٩-٢٠ ساڵ لێک دوورکەوتنەوە، بۆ یەکەم جار و ئەویش ئاوا لە ناکاو کە خۆشم بە شاگردی سیاسی وی دەزانی، غەرقی خۆشی و گەشکەی کردم...

لەو چاوپێکەوتنەدا ئەوان قەراریان دا کە بۆ بەیانی یەکتر ببینن و بە پێی نوسراوەی ئەمیری قازی لەو دانیشتنەدا مامۆستا هیمنیش بەشدار بوو و دوکتور قاسملوو بووچوونی خۆی ئاوا رادەگەیاند: بۆ مانەوە و خەباتی سیاسی هاتۆتەوە عیراق، لە بەغدا پەیوەندی بە حکوومەتەوە گرتووە، رێگای مانەوە و تێکۆشانی سیاسی بۆ خۆی و بۆ برادەرانی خۆی، واتە کاک حەمەدەمین سیراجی و رەحمەتی یۆسف رێزوانی و رەحمەتی کەریمی حیسامی، دەگەڵ ئەو گشتە کەسەی کە پاش ماوەی بزوتنەوەی ٦٧-٦٨ لە بنکەکانی مەکتەبی سیاسی کۆن، لە بەکرەجۆ، دەمانەوە، خۆش کردووە. پێشنیاریش ئەوە بوو با بە یەکەوە بین و یەک بگرینەوە، بە هەمووان لە سەرڕا حیزبی دیموکراتی کوردستان، نوێ بکەینەوە.

ئەمیری قازی دەڵی لە سەر دوکتور قاسملوو کەس قسەی نەبوو بەلام لە سەر ئەوانی دیکە واتا کاک کەریم و کاک یۆسف و بە تایبەتی کاک حەمەدەمین سراجی قسە هەبوو. کاک حەمەدەمین هەم توودەیی و هەم ئەویان بە نیسبەت بە کارەساتی ٤٦ -٤٧ بە خەتابار زانیوە. کۆبوونەوە بۆ کار لە گەڵ یەکتر کردن چەند مانگی خایاند و جارجار کێشە و گوڕەی تێدەکەوت. ئەمیری قازی باسی ئەوە دەکا کە جارێک چۆن کەریم حیسامی لە سەید رەسووڵ سەید محەمەد(سەید رەسووڵ ورچان) تووڕە بوو و دەڵی: دەڵێی چی ئەمن لەوڵاوە ڕا هاتووم تا تۆ و کەسانی وەک تۆ ئازاد بکەم.

ئەمیری قازی دیفاع لە سەید رەسووڵ دەکا و وڵامی کەریمی حیسامی دەداتەوە و دەڵێ: برادەر! ئەو کەسەی دەیەوێ خەڵکی ئازاد بکا، دەبێ لە پێشدا هەوڵی ئازاد بوونی خۆی بدا! تۆ کە جارێ خۆت ئازاد نەکردووە، ئێمەمانان چۆن ئازاد دەکەی؟

لە وتووێژی ئەو دوو بەشەدا، بەرەی ئەمیری قازی کە لە لای شۆڕش مابونەوە زۆر بەهێز و یەک دەست نەبوون، لە بەرانبەردا بەرەی دوکتور قاسملوو کە ئەمیری قازیش هەر خۆی بە مریدی ئەو دەزانی، بە هێز بوو و خۆیان بە هاوخەباتکارانی ساڵانی ٤٦-٤٧ دەزانی. لەوەش گرینگتر شارەزایی و ناسیاوی دوکتور قاسملوو لە ئوروپا و لە عێراق وای کرد کە بەشی ئەمیری قازی درزی تێبکەوێ و بە لای دوکتور قاسملوو دا بشکێن.

عەوبدوڵا حەسەنزادە کە پێیوایە شوێنی ئەو کۆبوونەوە لە "سەرگەی نێڵێ" لە ناوچەی سارووشیان بووە، لەسەر ئەو بابەتە، لە لاپەڕەی ٢٥١ کتێبی کورتە مێژووی حیزبی دیموکرات دا دەنووسێ: پاش چەند رۆژ کێشەوهەرا جەبهەکەی ئێمە کەلێنی تێکەوت. کاک حەسەن رستگار رایگەیاند کە ئەمن شەری قاسملووم پێناکرێ و ئەگەر ئێوە لە گەڵی رێک ناکەون، ئەمن خوداحافیز.

ئەو هەڵوێستە گشت بڕیارەکانی گۆڕی و لە ئاکام دا هەر دوو لا، ساخ بونەوە ئۆڕگانێک بە ناوی کومیتەی ناوەندی لە گشت بەشدارانی ئەو کۆبوونەوە و کەریمی حیسامی کە لەو کۆبوونەوە دا نەبوو، پێک بێت. ئەندامانی ئەو کۆمیتە کاتییە، بریتی بوون لە دوکتور قاسملوو، سراجی، رێزوانی، کەریمی حیسامی، ئەمیر قازی و ملا عەوڵا حەسەنزادە، حەسەن رەستگار و مامۆستا هیمن کە سەرجەم دەبوونە ٨ کەس.

دوای ئەو رێکەوتنە دوکتور قاسملوو چاوی بە مەلامستەفا و بەشێک لە ئەندامانی حیزب کەوت و لە نامەیەک دا کە بۆ کەریمی حیسامی نووسیوە لە لاپەڕەی ١٣ی بەرگی چواری بیرەوەرییەکانی دا هاتووە، دەنووسێ: چوومە لای مەلا مستەفا ئەمیر قازی و هێمن و چەند کەسی دیکە لەوێ بوون. دوکتور مەحمود عوسمان زۆر ئیسراری هەبوو کە یەک بگرینەوە. ئێمەش لەبەر قسەی ئەوان لە گەڵیان دانیشتین. پاش گلێی و دمەتەقە بە تایبەت لە گەڵ حەمەدەمین سیراجی بڕیارمان دا هەتا کۆنفرانسێکی حیزبی ٨ کەس بە ناوی (کومیتەی سەرکردایەتی کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان) دیاری بکەین. ئەم ٨ کەسە ئەمانەن: (قاسملوو، ئەمیر قازی، هێمن، سیراجی، حەسەنی رەستگار، عەوڵای حەیاکی، یوسف ریزوانی، کەریمی حیسامی) هەروەها بڕیارمان داوە ئەگەر کاک حەسەن قزلجی بگەڕێتەوە ئەندامی کومیتەی ناوەندییە.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٣ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی دەڵی بۆ دوکتور قاسملووی نوسیوەتەوە کە کارێکی بێجی کراوە چۆن یۆسفی ریزوانی کراو بە کومیتەی ناوەندی بەڵام بۆ حەسەن قزلجی شەرت داندراوە. ئەو نامەیە کێشەی بۆ حیزب ساز کرد و یۆسف رزوانی لە حیزب تۆرا.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی تەشکیلاتی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە، لە سەر کەموکوڕی و گیروگرفتەکانی نێوان کۆنفڕانسی ٢ و ٣ و بیروڕای کەسایەتیەکان، دەڵێ: ئێمە کە ویستمان حیزب وەکار بخەینەوە لەڕاستیدا تەشکیلاتێك لەگۆڕێدا نەبوو. بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ نەبوو. ئەو شتەی ″کونگرە″ی دووهەم پەسندی کردبوو نەك هەر

ئێمە، بەڵکوو تەنانەت بەشدارانی کونگرەی دووهەمیش پێی رازی نەبوون. رێبەرایەتیش نەبوو. بەکورتی دەبوایە لە سیفرەوە دەست پێ بکەین. یەکەم شت کە من پێشنیارم کرد ئەوە بوو کە: ئێمە لە پێش‌دا بەرنامەو نێوخۆ دابنێین هەتا بزانین لەباری سیاسی‌یەوە نەزەرمان یەکە؟ پاشان ماوەیەك لە ژێر سێبەری ئەو بەرنامەیەدا تێ‌بکۆشین. دوای ئەوە پاشماوەی تێکۆشەرانی حیزبی هەرچی هەیە، لە ئێرانو لە عێراق ئەوانەی کە دەستمان کەوێ، کۆ بکەینەوەو کونفرانسێك پێك بێنین کە لەوێ‌دا هەڵبژاردنێك بکەینو مەشرووعییەتێك بدەین بە بەڕێوەبەری‌یەکە.

هەروەك گوترا، رێبەرایەتی کە لە واقیع‌دا بریتی‌بوو لەو ۷ کەسە، یانی: خۆم و کاك یووسف رێزوانی و محەممەد ئەمین سێراجی و ئەمیری قازی و مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە و حەسەن رەستگار. کەریمی حیسامیش پاشان هات، قاوەخانەیەك هەبوو "فارابی"یان پێ دەگوت کە ئێستا نەماوە، چونکە جێگامان نەبوو دەیان کۆبوونەوەمان لەو قاوەخانەیەدا کرد بۆ ئەوەی حێزبی دێموکرات زیندوو بکەینەوە.

لە جەرەیانی ئەم زیندووکردنەوەی حیزب‌دا دانانی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب درا بە من و سێ مانگیان وەخت دا بە من کە تەرحێکی بەرنامەو پێڕەو پێشنیار بکەم کە قسەی لەسەر بکەین.

هەر لە جەرەیانی ئەم تێکۆشانە تازەیەدا بڕیارمان دا هەموو کارێك بکەین بۆ وەی لەمەو بەدوا وەك حیزبێکی سەربەخۆ بین و ئەو سەربەخۆیی‌یەی دەستەبەر بکەین. لە پاشان ئوسووڵێکی نێوخۆی تەشکیلاتی دابمەزرێنین کە هەم دژی ئەو سانترالیزمە بوروکراتیکی‌یەی زەمانی حیزبی توودە بێ‌و هەم دژی شێوەی عەشایری بارزانی کە دای‌مەزراندبوو. لە عەینی وەختیش‌دا پێویست بوو لەباری فکری‌یەوە دەگەڵ دوو جەرەیان خەباتێکی بەڕاستی توند بکرێ؛ یەکەمیان ئەو جەرەیانە بوو کە ناوی دابنێین "بارزانیسم" لە هەموو بارێکەوە. نوێنەری ئەم جەرەیانە ئەمیری قازی بوو. ئەمیری قازی هەتا ئەو وەختە کە هاتین لە بەغدا دانیشتین، بێ ئیجازەو نەزەری مەلا مستەفا بارزانی ئاوی نەدەخواردەوە. هەر کارێك دەمانهەویست بیکەین دەیگوت دەبێ بچین ئیجازە لە مەلا مستەفا وەرگرین. خەتی دیکە "توودەئیسم" بووو کەریمی حیسامیش کە هاتبۆوە، نوێنەری ئەو خەتە بوو. توودەیی‌یەکان دیارە دەروێش سیفەت بوون نیسبەت بە یەکیەتیی سۆڤیەتی. محەممەد ئەمین سێراجی ئەودەم لە رێگای هێندێ کەسەوە وەك کوورش لاشایی‌و ئەوان کە مائۆئیست بووو هاتبوونە کوردستان فەعالییەتیان کردبوو زیاتر مائۆئیست بوو. لەو دەمەدا مائۆئیسم زۆر پەرەی گرتبوو. ئەو لایەنگری مائۆتسەدون بوو و کەریمی حیسامی برژنێف! رۆژ هەتا ئێوارێ لە بەینی ئەم دوو نەفەرەدا کێشە بوو. هەردووکیشیان دیارە موخالیفی جەرەیانی ئەمیری قازی بوون. ئەویش موخالیفی نەزەری ئەوانو بە توندی زیددی کومونیزم بوو. جا دەبوایە لەو وەزعەدا هەماهەنگی و هاوکاری پێك بێنین! لە بەینی ئەوانەدا بە کردەوە من وەك سکرتێر وابووم، بەڵام چونکە هێشتا کونفرانسمان نەگرتبوو ئەمە جارێ رەسمییەتی نەبوو. خەبات دژی ئەم جەرەیانە بەتایبەت لەم بارەوە زۆر پێویست بوو کە لە ڕاستی‌دا ئەوانە ئیدی جەرەیانی فکری نەبوونو ببوونە هۆی بەستراوەیی (وابستگی). ئەوەندە کە ئەمیری قازی وابستە بوو بە بارزانی،

کەریم حیسامیش وابەستە بوو بە حیزبی توودە، یانی راستەوخۆ دەگەڵ توودەیی‌یەکان و لەگەڵ سوڤیەتی‌یەکان تەماسی هەبوو. خەبات بۆ پساندنی ئەو بەستراوەیی‌یە زۆر دژوار بوو. بەتایبەتی کە لە پاشان حەمەد ئەمینی سێراجی زیاتر لایەنی حکوومەتی عێراقی گرتبوو و لە بەینی ئەوو ئەوانەدا لایەنی بارزانی بوون. وەزعێکی دژوارمان هەبوو. لەو نێوەدا دەبوایە وەزعێکی وا رابگرین کە دژی هیچ هیچیان نەبین. بۆ نموونە ئێمە بەرنامەیەکی رادیۆیی‌مان هەبوو، حکوومەتی عێراق چاوەروانی لە ئێمە ئەوە بوو کە لەو بەرنامە رادیۆیی‌یەدا جنێو بە بارزانی بدەین، چونکە بارزانی سەناری مامەدی گرتبووو حکوومەت دەی‌گوت لە بەر سەنارەکە رەفیقی خۆتان جنێو بە بارزانی بدەن. ئێمەش دەمانگوت جنێو بە بارزانی نادەین، تازە ئەگەر جنێو بدەین دەبێ خۆمان بڕیار بدەین. لە نەتیجەدا حکوومەت رادیۆیەکەی داخست، بەڵام ئێمە نەچووینە ژێر بار و خۆمان راگرت. لەو لاشەوە بارزانی چاوەروانی هەبوو کە ئێمە شت بنووسین دژی حکوومەت کە ئەویشمان قبووڵ نەدەکرد. لە نەتیجەدا شەخسییەتێکی تایبەتیمان بۆ خۆمان پەیدا کرد و لە باری نەبەستراوەیی‌و سەربەخۆیی بڕیاردانەوە سەرەڕای هەمووی ئەو دژوارییانە تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتین.

یەك ئەرکی دیکە کە بۆ خۆمان دیاری کردبوو، پێکهێنانی تەشکیلات لە نێوخۆی وڵاتدا بوو کە راستی ئەوەیە لەوەدا سەرنەکەوتین. یەك دوو نەفەرمان بۆ ئەو کارە دیاری کردبوو، یەك دوو نەفەریشمان لە نێوخۆی وڵات هەڵبژاردو لە پاشان وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی دیاریمان کردن. بەڵام ئیدی فەعالییەتێکی وامان پێ نەکرا، چونکە بارزانی بە هەموو هێزی‌یەوی پێشی پێ دەگرتین و نەی‌دەهێشت بە هیچ شێوەیەك فەعالییەتمان لە کوردستانی ئێراندا هەبێ.

گەرانەوەی دوکتور قاسملوو و لێک کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزب لە دەوری یەک، بوو بە هۆی نیگەرانی حیزبی توودە. سمایل بازیار لە لاپەرەی ۲۸۲ کتێبی "کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان"دا لەوبارەوە دەنووسێ: پاش ئەوەی قامسلوو بە رەسمی ریزی حیزبی تودەی ئێرانی بە جێ هێشت (۱۹۷۰) و گەرایەوە کوردستان و بە هاوکاریی ئەندامانی دیکەی حدک رێکخستنەکانی ئەم حیزبەیان سەر لە نوێ بووژاندەوە، حیزبی توودە بەم دۆخە و سەربەخۆبوونی حدک نارازی و بە تایبەتی لە قاسملوو توورە بوو. ئەمە لە دان پێدانانی ئێحسانی تەبەری دەردەکەوێ کە دەڵێ: ″رەحمانی قاسملوو رێگەی خۆی لە حیزبی توودە جیا کردەوە و لە بەغدا جێگیر بوو و رۆژنامەی کوردستانی بە قسەی نەرم لە دەست رێبەریی حیزبی توودە دەرهێنا و لە بەغدا رێکخراوی سەربەخۆی ″حدک″ ی پێکهێنا.

مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە شێوەی یەکگرتنەوە و پێکهاتنی کومیتەی کاتی بە کارێکی غەیرە تەشکیلاتی دەزانێ، بەڵام هەروەک لە لاپەڕەی ۲۵۰ کتێبی کورتە مێژووی ... دەڵێ ئەو کارە خێری زۆری بۆ حیزب داوە و دەنووسێ: بەڵام لە لای دیکەوە یەکگرتنەوە لە گەڵ قاسملوو خێری بۆ حیزبی دێموکرات زۆر بەدواوە بوو. بەراستی تەنیا پاش هاوکاری لە گەل قاسملوو بوو کە ئێمە

شتێکمان لە مانای دروستی حیزبایەتی و کاری حیزبی و ئوسوولی حیزبی بەرچاو کەوت و کەم و زۆر فێری بووین.

بە دوای ئەو یەکگرتنەوەدا، ئەندامانی حیزب بۆ پیکهێنانی تەشکیلاتێکی رێکوپێک دەست بەکار بوون و هەوڵ درا رۆژنامە دەربچێ. هەروەها ئامادەکاری کرا بۆ گرتنی کۆنفڕانس و وەرگرتنی رەزایەتی بارزانی بۆ هینانەوەی ئەندامانی حیزب کە لە بەکرەجۆ دەژیان و کۆکردنەوەی هەموویان لە یەک شوین. بە دوای ئەو کارانەدا لە بەغدا ماڵیک گیرا کە دوکتور قاسملوو و مامۆستا هیمن و کەریم حیسامی و سراجی و پێشمەرگەیەک بە ناوی خالید عەلیپوور بە خیزانییەوە لێی دەژیان. ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەرکات سەردانی بەغدایان کرد با، دەچوونە ئەو ماڵە.

لەوکاتەدا مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکرات، بۆ بەشداری لە هەشتەمین کونگرەی خۆی، وەک میوان لە حیزبی دێموکراتی گێڕاوە. بەڕێوەبەرایەتی کونگرەی پارتی، حیزبی دێموکراتی ئاگادار کرد کە دەتوانێ پەیامیشی هەبێ. نوێنەرانی حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزباییان ئامادە کرد، بەڵام دوایە بە حیزبێیان راگەیاند کە بە هۆێ هێندێک تێبینی پەیامەکەیان ناخوێندرێتەوە. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کونگرە بۆخۆێ لە جێات حیزبی دێموکرات پەیامێکی وەک پیرۆزبایی پێشکێش کرد. نوێنەرانی حیزبی دێموکرات زۆر بەو بڕیارە نارەحەت بوون و نامەیەکی توندیان بۆ لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی کونگرە نووسی و نارەزایەتی خۆیان لەو کارە دەربڕی.

لەو قۆناغەدا هەوڵ درا پەیوەندی نێوان حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانی و دەرەوە بە هێز بکرێ و حیزب ویستی لەگەڵ گروپ و رێکخراوەکانی چەپی مائۆیی و "سازمانی ئینقلابی حیزبی تودەی ئێران" و لایەنگرانی ئاڵبانی و کوبا پەیوەندی بگرێ. بەڵام لە نێو رێبەری حیزب دا کێشە هەبوو. دوکتور قاسملوو و حەمەدەمین سیراجی موافقی گرتنی پەیوەندی لە گەڵ ئەوان بوون. بەڵام کەریمی حیسامی بە هیچ شێوەیەک حازر نەبوو و هەڕەشەی دەکرد کە حیزب بەجێدێڵێ. ئاخر بڕیار درا کە حەمەدمین سیڕاجی جاروبار بیانبینی و ئەگەر باسێک هاتە گوڕێ لە کۆبوونەوەدا قسەی لە سەر بکرێ.

هاوکات لەگەڵ ئەوانە، لەم کاتانەدا ئەندامانی حیزب لە نیوخۆی وڵات بە تایبەت لە تاران هەڵسووڕ بوون. یەک لەوان هاشمی کەریمی بوو کە نە تەنیا لە تاران بەڵکوو لەگەڵ شارەکانی کوردستانیش لە پەیوەندی چڕ دا بوو. هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ۱۰۳ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" دەنووسێ: ئەوکاتەی کە لە زانکۆ دەمانخوێند، چەند ئەرکی سیاسیمان بە جێ دێنا. یەکێک ئەوە بوو کە لە خۆپیشاندانەکانی دژی ریژیم بەشداریمان دەکرد. یەکێکی دیکە ئەوە بوو کە هێندێک نامیلکە و کتێبمان لە نێو دۆستانماندا بڵاو دەکردەوە، بڵاوکراوەکانیش بریتی بوون لە هێندێک کتێبی بەرگ سپی کە زۆرتر لە سەر بیر و بۆ چۆنی مارکسیستی دەدوان یان چیرۆک و رۆمانی شۆرشگێرانە بوون وەکوو ″دایک″ی ماکسیم گورکی، ″پاشنە ئاهەنین″ی جک لەندەن، ″ئانها کە زیندەئەند″ی ژان لافیت،″ ئوسولی موقەدیمات فەلسەفە″ی ژۆرژ پولیتزێر

فەیلەسوفی فەرانسەویی کە بە دەستی نازییەکان کوژرا، "مەکتوبات"ی فەتحعەلی ئاخوندزادە و هیندێک لە نووسینە فەلسەفییەکانی مائۆتسە تۆنگ.

هاشمی کەریمی لە درێژەدا لە لاپەڕەی ١٠٤کتێبەکەیدا دەنووسێ: هیندێک دەستنووس بوون کە بریتی بوون لە هیندێک شێعر و پەخشان وچیرۆکی کوردی وەک کێ رچەی شکاند و نان و فیشەک و... کە لە باری سەبکەوە لە چوارچێوەی ریئالیزمی شۆرشگێرانەدا بوون. وابزانم زۆربەی شێعرەکان هی سوارەی ئیلخانی زادە و چاوە ( فاتح شێخولیسلامی) و عەلی حەسەنیانی... و چیرۆکەکانیش هی سەلاح موهتەدی و موسلیح شیخولیسلامی.... بوون، ئێمە بە دەست نووس ئەوانەمان دەنووسینەوە و دەماندان بە دۆستەکانمان. واتە ئەو کەسانەی کە باوەرمان پێیان بوو. هەروەها هێندێ "دیفاعیاتی دادگا"هی چریکەکان و موجاهیدەکان کە بە نەهێنی دەهاتنەدەر و دەکەوتنە دەستی خەڵک. دیارە ئەوانە بە زمانی فارسی بوون و ئەوەندەی لەبیرم مابێ "دیفاعیات"ی شوکروڵا پاکنژاد و رەزا رەزایی و هی تر بوون.

## دامەزرانی پەیوەندی دیپلۆماسی کومیتەی سەرکردایەتی کاتی

بەر لە ساڵی ١٩٧٠حەمەدەمینی سیراجی و یوسفی رێزوانی هەوییەی عێراقیان هەبوو و وەک ئەندامی حیزب لە بەغدایە بوون. عەبدوڵای حەسەنزادە دەڵێ کە حەمەدەمین لە گەڵ عێراق پەیوەندی هەبوو بەڵام چوونییەتەکەی ناروونە. دیارە هەر دەبێ ئەو پەیوەندییە بێ کە لەگەڵ سولەیمانی موعینی پێکیان هێنا، یان دواتر بە هۆی حیزبی تودە پێکهات بێ. مەلا رەحمانی کاژەیی دەڵێ کە پاش بەیانی ١١ ئادار، دوکتور قاسملوو چووە لای مەرحومی بارزانی و باسی پێکهێنانی پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی بەعس دا کرا. مەلا مستەفا گوتی بۆ ئەوەی ئێمە زەختی سازمانی ئەمنییەتی ئێرانمان زۆر لەسەر نەبێ، باشتر لەگەڵ عێراق کە ئێستا حکومەتی نیشتیمانیمان لەگەڵ پێك هێناوە پەیوەندی دابمەزرێنن. ئەوکات هەم ئەوان دەتوانن یارمەتیتان بکەن هەم ئێمە.

حیزبی بەعس رێبەر و دەستەڵاتداری بێ ئەملاوئەولای عێراق بوو. ئەحمەد حەسەنولبەکر وەک سەرکۆمار و سەدام حوسێن وەک جێگر، بەڵام لە راستی دا ئەوەیان هەمەکارە و دەستەڵاتداری سەرەکی بوو. دوکتور قاسملوو کە لە نێو کەسایەتییەکانی عێراق دا دۆست و ئاشنای زور بوو، بنچینەکانی پەیوەندی حیزبی بەعس و حیزبی دێموکراتی داڕشت.

ئەو پەیوەندییە لەسەردەمی عەبدولخالەق سامرایی کە کەسێکی شارەزا و پێشکەوتنخواز بوو و لە گەڵ دوکتور قاسملوو لە پراگ دۆستایەتیان هەبوو، زیاتر پەرەی ئەستاند.

بە پێی لاپەڕەی ٢٨٢ کتێبی ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا، دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٩٧٠لەسەر پێشنیاری دەوڵەتی عێراق کە ئەوکات حەسەنولبەکر سەرکۆمار بوو، بۆ کار لە وەزارەتی پلان داڕێژی بۆ داڕشتنی گەڵاڵەی پەرەسەندنی درێژخایەن، گەڕاوە بۆ عێراق و تا ساڵی ١٩٧٤ لەو شوێنە کاری کرد.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٨٥ کتێبی "ئەزموونی خەبات" دا لەسەر چۆنییەتیی پەیوەندی لەگەڵ عێراق، لە درێژە دا دەنووسێ: دواتر لەڕێگای پیاوێکەوە ئەو پێوەندییە گیرا کە پاش ماوەیەک دەوڵەتی عێڕاق بۆخۆی ئیعدامی کرد،"عبدالخالق سامرایی". پیاوێکی زۆر خوێندەوارو شەریف و پێشکەوتنخواز بوو، کە هەر بۆیەش بیانوویەکیان بۆ ساز کردو هەر بۆخۆیان کوشتیان. دوکتۆر دەگەڵ وی هەر لە پڕاگەوە دۆستایەتی و ئاشنایەتیی هەبوو. هەربۆیەش لە ڕێگای ئەوەوە ئەو پێوەندی یە ساز بوو. زۆر چاکم لەبیرە کە دوکتۆر قاسملوو هێندێک شتی هێنانە سەر کاغەز وەکوو مەبنایەک بۆ هاوکاری. نووسیبووی ئێمەو حیزبی بەعس هەردووکمان حیزبی پێشکەوتنخوازین. هەردووکمان دۆستی وڵاتانی سۆسیالیستیین. هەردووکمان موخالیفی ئیمپڕیالیزمین. ئێمە داوای خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران دەکەین، کە ئێوەش وەک حیزبی بەعس خودموختاریتان بۆ کوردستانی عێڕاق بەڕەسمی ناسیوە. خۆلاسە چەند خاڵی هاوبەشی کە لە سیاسەتی هەردوو لامان دا هەبوون یادداشت کردبوون. لە ئاخری دا نووسیبووی ئێمە هەم دۆستی ئێوەین، هەم دۆستی پارتی دێمۆکڕاتی کوردستانین. بۆ ئێمە زۆر جێگای خۆشحاڵییە کە هەردوو دۆستەکەشمان پێکەوە دۆستن. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک خودا نەخواستە ئەو دۆستایەتی‌یە تێک بچێ، ئێمە نە دۆستایەتیی ئێوە بۆ پارتی وەلا دەنێین، نە دۆستایەتیی پارتی بۆ ئێوە وەلا دەنێین. ئەوە زۆر عەجایب دووربینانە بوو. ئەمن ئەوانەم کردن بە عەڕەبی. ئەوانەمان دانێ وەکوو مەبنای هاوکاری و پێوەندی لەبەینمان دا. دیارە هاوکارییەکە چی بوو. ڕێگایان دا لەعێڕاق بین. شتێکی زۆر کەمیان یارمەتیی ماددی دەکردین. یەکجار زۆر کەم بوو کە بەشی ئەوەی دەکرد کرێ خانووەکەی لێبدەین و ئەو مەقەڕ و تەشکیلاتەی هەمانە پێی ئیدارە بکەین.

بناغەی سەرەکی ئەو پەیوەندێ سیاسییە بەجۆرێک بوو کە حیزبی دێموکرات دخاڵەت لە کاروباری کوردستانی باشوور و وڵاتی عێراق دا ناکا و هیچ کات حازر نابێ بە دژی جوڵانەوەی کورد کارێک بکا. بۆ نموونە دواتر کاتێک یەکێتی نیشتمانی ئەحمەد نستانی و کەریم نستانی گرت و تەحویلی ئێرانی دانەوە، دەوڵەتی عێراق داوای لە حیزبی دێموکرات کرد کە بە دژی یەکێتی بەیانییەک بنووسێ، حیزب جوابی نەداوە. لەو بارەوە عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٨٦ کتێبی ئەزموونی خەبات دا دەنووسێ: گوتمان نانووسین. هەرچی هەوڵیان دا گوتمان نانووسین. جەمعێکیان لێ بانگ کردین کە منیان دەگەڵ نەبووم. دەستمان لێ شوتن گوتمان تازە نایان هێننەوە. لەپاشان ئەوانیش حادیسەیەکیان بۆ هاتبووە پێش کە یەقینیان کردبوو بۆ لەبەین بردنیانە. سواری ئاسانسۆر دەبن و بەڕق دەکوژێتەوە. دەوێدا حاسیە دەبن. دوو سەعات، سێ سەعات دەئاسانسۆڕی دا دەبن. ئیدی دەڵێن ئەوە بەرنامەیە بۆ وەی بمانکوژن. دوایە دەرکەوت کە شتەکە وا نەبووەو هەر بەڕاستی بەرق بڕاوە. بەڵام لەوێ پێیان گوتبوون ئێوە زۆر لە ″جەلال″ی بۆمە خەتەرناکترن. جەلال هەر نەبێ لە شاخییە، بەڵام ئێوە لەنێو دڵمان دان. ئێوە لەنێو جەرگەی خۆمان دا خەیانەتمان پێ دەکەن. گوتبوویان بابە ئێمە دۆستی ئێوەین بەڵام ئێمە دوژمنایەتی بۆخۆمان ساز ناکەین و ئەوانەش دوژمنی ئێمە نین. باسی ئەو شتەیان کردبوو کە کارێکی خراپە، بەڵام لەسەر ئەوە نابێ پێوەندیی دوو حیزبان تێک بچێ.

پەیوەندی سەربەخۆیانە حیزب، ستراتیژی حیزب و بەرنامەی کار بوو و دەبوو هەمووکات بەڕێوە بچی، عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٧٨ کتێبی ئەزموونی خەبات دا ئاماژە بە قۆناغەکانی دواتر دەکا کە لەگەڵ ئەفسەرانی نیزامی عێراق کۆبوونەوە و دەنووسێ: لەپاشان مەوعیدێک دانرا، چووین و لەوێ بە هێلیکۆپتێر چووین بۆ چوار قوڕنەی کە مەرکەزی فیرقەی لێ بوو. لەوێ دەستمان کرد بەقسان. قائید فیرقەکە داوای کرد ئێمە نەیەڵین پێشمەرگەی کوردی عێراق بەنێو ئێمەدا بێن. ئەمنیش گوتم جا بۆ ئێمە نەیەڵین؟ ئەو هەموو ڕەبیئەی فورسان و عەسکەرەتان هەیە با ئەوان نەیەڵن، بۆ ئێمە؟ گوتی باشە مەیەڵن بەنێو خۆتاندا بێن. ئەمن گوتم بەنێو ئێمەش دا بێن ئەوە خاکی وانە، ئەوان حەقیانە بە ئێمە بڵێن لێرە مەبن. ئێمە چۆن بەوان بڵێین بێرەدا مەیەن؟. ئەوە خاکی وانە ئێمە چۆنیان پێ بڵێین؟ گوتی یانی ئەگەر بەنێو ئێوەش دا بێن پێ یان ناڵێن؟ گوتم نا پێ یان ناڵێین. کابرا لە دین دەرچوو. ژەنراڵێک بوو. ئەو ئەبوو مێزەرەی باسم کرد لە تەڕەف موخابراتەوە دەگەڵمان بوو. گوتی لەسەرەخۆ لەسەرەخۆ "سيدي القائد". گوتی کوڕە ئەوە دەڵێ بەنێویشمان دا بێن پێ یان ناڵێین بێرەدا مەیەن. گوتی سيدي القائد لەمێژە قیادەی عێراق ئەو سیاسەتەی حیزبی دێمۆکڕات دەزانێ. بە زانینی ئەو سیاسەتەوە قیادەی عێراق دۆستایەتیی حیزبی دێمۆکڕات دەکا. بناغەی کارەکانمان ئاوا دامەزراندبوو.

لەسەر ئەو پەیوەندییە سەربەخۆیانە، زۆر جار ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە لایەن رێژیم بەعس تووشی هەڕەشە و گوڕەشە و گرتن و لێدان بوون. بەڵام هەمووکات لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی باشوور، بە رێزەوە سەیریان کراوە و هەموو بەو راستییە گەیشتوون کە ئەگەر لە پەیوەندی حیزبی بەعس و حیزبی دێموکرات خێریان نەدیبێ، زیانیان نەدیوە.

دوکتور مەحموود عوسمان کەسایەتی نیشتیمانی کورد لە باشوور کوردستان، بە دوای رووخانی دەوڵەتی عێراق لە کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزب دا، باسی سەروەرییەکانی حیزبی دێموکرات کرد و لە سەر پەیوەندی حیزب و دەوڵەتی عیراق گوتی: شانازێکیتریش هەیە کە بۆ حیزبی دێموکرات. ئەویش هەمیشە تۆمار بکرێ. ئەویش ئەوەیە کە لە گەڵ ئەوەی ناچار بوو بە هۆی جوغرافیا و بە هۆی وەزعی سیاسی، پەیوەندی لە گەڵ رێژیمی عێراق بکات بەڵام هەرگیز ئەو پەیوەندییە لە سەر حیسابی کوردی عێراق نەبووە و هیچ زەرەری لە کوردی عێراق نەداوە. خۆیان زەرەریان کردوە بەڵام نەیانهێشتووە کوردی عێراق زەرەر بکەن. ئەو شانازییە، شتێکی زۆر گرینگە و تا ئێستاش بەردەوامە و ئەو هەمووە فایلەی کە لە ئەمنی عێراق و موخابەراتی عێراقی گیراوە پاش ئەوەی رژیمەکە رووخا، هیچ شێوە باسێکی نگەتیڤ دژی حیزبی دێموکراتی تێدانییە بە عەکسەوە شتی زۆر پۆزتیڤی تێدایە. ئەوەش بە لای منەوە حیزب وەکوو حیزب شانازی پێوە بکەن دەلیلی راستی و کوردپەروەری سەرکردایەتی حیزبەکەتانە.

## بەشی ١٠٠

## کۆنفرانسی٣ ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١)

لە ڕۆژ ١٩٧١/٦/٢١ لە شاری کۆیە، بە بەشداری٣٢ کەس، کۆنفرانسی٣ ی حیزبی دێموکرات گیرا. بەر لەوکارە دوکتور قاسملوو بە نوێنەرایەتی کومیتەی ناوەندی بۆ باس لە سەر گرتنی کۆنفرانس چووە لای مەلامستەفا بارزانی و لە سەر دەرکردنی ڕۆژنامە و وەرگرتنی یارمەتی، داوای هاوکاری لێکرد. مەلامستەفا موافقی دەرچوونی ڕۆژنامە نەبوو و دەڵێ کە ئێوە ڕۆژنامەتان بۆ چییە و دوایە بەڵێنی دا کە مانگانە ٥٠٥ دیناریان بداتێ کە دەگوترێ ئەو بەڵێنێش بەجێنەگەیی.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ کە لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٨ چاپ بووە، لەسەر وەزعی ئەوکاتی حیزب و گیروگرفتەکانی دەڵێ: کەوابوو لە واقیعدا لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات هەر بەناو مابوو، دەنا هەموو سیاسەتەکەی لە لایەن بارزانییەوە دیاری دەکرا. هەتا بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠لە عێراق کە من هاتمە عێراق و لەگەڵ چەند کەسێك لە برادەرانی دیکە کونفرانسی سێهەمی حیزبمان پێك هێنا. پێکهاتنی بەڕێوەبەرایەتی بۆ حیزب لەو قۆناغەدا لەگەڵ چەند گیرو گرفتێکی گرنگ بەرەورەوو بوو: یەکەم، ئەوە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بەرهەمی ئیدامەکاری نەبوو. یانی هەموو شتێکی لە سەرڕا دەبوا دەست پێ کردبا. دووهەم، لە لایەك ئەو شێوەیەی حیزبی توودە هێنابووی (ڕەنگە وەك دژکردەوەی شێوەی عەشیرەتیی عەبدوڵڵا ئیسحاقی) نفووزێکی عەجایبی هەبوو. یانی سانترالیزمێکی بوروکراتیك لە حیزبدا پێك هاتبوو کە زۆر دژی دێموکراتیك بوو. هەروەها دەروێش سیفەتی بەرامبەر بە یەکیەتیی سوڤیەتی و وڵاتانی سوسیالیستی پێك هێنابوو. لە لایەکەی دیکە نفووزی سوننەتەکانی بارزانی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگی دامەزراندبوو. هەروەها ماکیاولیزمی کردبووە باو. بەو مانایە کە لە سیاسەتدا لەگەڵ هەموو کەس دەتوانێ ڕێکە کەوێ‌و کڵاو لە سەر هەموو کەس بنێ‌و فێڵ لە هەموو کەس بکەی. لەوانەش خراپتر دوو شتی دیکە بوو، یەکیان ئەوە بوو کە: بۆ ئەندامانی حیزبی ئێمە کە مابوونەوە گرنگترین شت بریتی بوو لە چەك و پارە، کاریان بە هیچ شتێکی دیکە نەبوو. تەشکیلات‌و سیاسەت‌و نووسین و ئەوانە هیچ ئەهەمییەتێکی نەبوو! ئەمە دیارە لە خودی بارزانییەوە هاتبوو کە زۆر جار تەوهینی بە زۆر ڕووناکبیر دەکرد و قسەی خراپی پێ دەگوتن‌و ئەمە چووبووە مێشکی زۆر کەسانەوە. ئەوی دیکەشیان دامەزرانی سلسلە مەراتیی عەشیرەتی بوو. یانی ئەوەی مەسئوول بوو و هەمە کارە بوو و کەس هەقی نەبوو لێی بپرسێ چ دەکەی؟ ئەوەی مەسئوولییەتی نەبوو وەك نۆکەر ڕەفتاری لەگەڵ دەکرا.

لەسەر گرتنی ئەو کۆنفرانسە مەلا عەزیزی ئەحمەدی لە دەستنووسێک دا دەنووسێ: کاتی گرتنی کۆنفرانس نیزیک بۆوە و دوکتۆر قاسملوو هاتە کۆیە و ئەوانەی بانگ کرا بوون کە منیش یەک لەوان بووم لە هاوینی ١٩٧١ لە ماڵی کاك حەسەنی ڕەستگار کۆبووینەوە. ئەحمەد تۆفیق و مامۆستا مەلاسەید ڕەشیدیش بۆ ئەو کۆبوونەوە بانگ کرابوون بەڵام هیچ کامیان بەشداریان نەکرد و کۆنفرانس بە بەشداری ٣٣ کەس دەستی بە کار کرد. سەرەتا دوکتور قاسملوو لە بەیانی تا ئیواری

گەلاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان شی کردەوە. کۆبونەوەیەکی یەکجار بە سوود و بە کەڵك بوو، زۆرمان کەڵك لێوەرگرت..

مەلا عەزیزی ئەحمەدی لە درێژە دا دەڵێ: کۆنفرانس دوو رۆژی خایاند و جیاوازی بیرورِا بە شێوەی زەق و بەرچاو لە ئارا دانەبوو بەڵام دوو دەستەیی هەبوو. سێ کەس لە برادەران بە پێویستی نازانم نێویان بێنم لەلایەک دەگەڵ کاک ئەمیر بوون لە لایەکیتر دەگەڵ دوکتۆریش تەفاهومیان کردبوو. کاک حەسەنی رەستگار بێ لایەن بوو و لەکاتی هەڵبژاردن دا کەریم حەداد زۆرترین دەنگی هێنا و دوای تەواو بوونی کۆنفرانس دوکتور قاسملوو گوتی برادەران، فێڵیان لە هەر دوو لامان کرد. ئەوجار کاک حەمەدەمینی سیراجی دەگەڵ مەلاسەید رەشید کە لەوی نەبوو و پاشملە کاندید کرا بوو و پەنجا بە پەنجا بوون. دەوری دووهەم هەڵبژاردنیان بۆ کراوە و کاک حەمەدەمین بەیەک رەئی زیاتر بوو بە کومیتەی ناوەندی.

لە سەر ئەوەی کە ئەو کۆبوونەوەیە، کۆنفرانسی ٢ بێ یان٣ کیشە هەبوو و دوکتور قاسملوو باوەری بە کۆنفرانسی دوو نەبوو کە لە ساڵی ١٣٤٨ گیرا بوو. لە لایەکی دیکەش ئەمیر قازی و عەبدوڵای حەسەنزادە لە سەر ئەو باوەرە بوون کە کۆنفرانسی ٢ هەقانییەتی هەیە. پاش باسێکی زۆر و دوای ئەوە کەریمی حیسامی بە لای ئەمیری قازی و عەوڵای حەسەنزادە دا کەوت، قبووڵ کرا کە ئەو کۆبوونەوەیە، کۆنفرانسی سێ بێ. ئەو هەڵوێستەی دوکتور قاسملوو، شوێنی لە سەر دەنگەکانی دانا و ئەو لە هەلبژاردنی کومیتەی ناوەندی دا ٢٤ دەنگ و کەریم حەداد٣١ دەنگی هێناوە. ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە دوکتور قاسملوو نارەحەت بێ و گلەیی لە ئەمیر قازی و مەلا عەوڵا حەسەنزادە و حەسەن رەستگار بکا کە بە شێوەی پێویست نەیانناساندوە.

ئەندامانی هەڵبژێردراوی کومیتەی ناوەندی کۆنفرانسی سی ١١ کەس بوون کە بریتی بوون لە:

١ – دوکتور قاسملوو

٢ - کەریمی حیسامی

٣ – ئەمیر قازی

٤ – عەبدوڵا حەسەنزادە

٥ – مامۆستا هێمن

٦ - حەسەن رەستگار

٧ - قادر وردی

٨ - سەید رەسووڵ دهقان

٩ - رەسووڵ پێشنماز

١٠ – کەریم حەداد

١١ – حەمەدەمینی سراجی

لە کۆتایی کۆنفرانس لە رۆژی ١٩٧١/٦/٢٤ کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەیەک دا، دوکتور قاسملووی بە سکرێتیری حیزب و کەریمی حیسامی، مامۆستا هێمن، حەمەدەمین سراجی و ملاعەولای حەسەنزادە، بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژارد.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ ی ساڵی ١٣٦٨ چاپ بووە باسی کۆنفرانسی سێ دەکا و دەڵێ: بە هەر حاڵ، پاش هێندێك تێکۆشان لە ساڵی ١٣٤٩دا بڕیارمان دا کونفرانسی سێهەمی حیزب پێك بێنین. کونفرانسی سێهەم ساڵی ١٣٥٠ لە شاری "کۆیە"ی عێراق گیرا. لەو کونفرانسەدا کومیتەی ناوەندیەك هەڵبژێردرا، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ پەسند کرا کە ئەو سەرکەوتنێکی گەورە بوو. ژمارەی بەشدارانی ئەو کونفرانسە سیو چەند نەفەرێك دەبووین. دوای هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی، دەستمان کرد بە هێندێك تێکۆشان کە پێوەندیگرتن دەگەڵ رێکخراوەکانی دیکە لە دەرەوە و دەگەڵ دەوڵەتەکانی سوسیالیستی و پتەوکردنی پێوەندیمان دەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی کوردستانی عێراق بەشێك لەو تێکۆشانە بووو بەم جۆرە وەزعێکی تارادەیەك باشمان بۆ خۆمان پێك هێنا.

لەو کۆنفرانسەدا بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی، هیچ ئەندامێکی حیزبی لە نێوخۆی وڵات را نەیتوانی بەشدار بێ. ئاڵوگۆڕی گرینگ لەو کۆنفرانسەدا ئەوە بوو کە بە رواڵەت بۆ ئەوی جیاوازێک لە نێوان پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی دێموکرات دا هەبێ و خەڵک تووشی هەڵە نەبن، لە نێو پەرانتێز دا، پاشگری ئێران بە ناوی حیزبی دیمۆکرات ئیزافە بوو و ناوی حیزبی دیموکرات بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی(ئێران).

ئەو کۆنفرانسە وەرچەرخانێکی گەورەی سیاسی لە ژیانی حیزبی دیمۆکرات کوردستان دابوو. بەرنامە و پرۆگرامی پێشکەوتوو و ستراتیژی و رێبازی سیاسی حیزبی دیمۆکرات دارژتران و دۆستان و دوژمنان دیاری کران و هاوکاری نێوان هێزە پێشکەوتوو و شۆڕشگێرەکان، بە زامنی سەرکەوتن داندران. لە بەشی ئامانجە گشتییەکان دا، پێکهێنانی کۆمەڵێکی دادپەروەری سوسیالیسی، دەستنیشان کرا. لە بۆنە و بانگهێشتن و میوانداری دا، هەڵسوکەوتەکان، چوارچێوەی بۆ داندرا و حیزب رواڵەتی سەربەخۆ بوونی بە خۆوە گرت و پەیوەندی مەرحومی بارزانی و دوکتور قاسملوو کەوتە سەر بناغەی رێز و ئێحترام و بە برای بەرێز دەگەڵ یەکتر دەدوان.

کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی نوێ حێزب، بە تایبەتی تێکەڵ بوونەوەی دوو بەشی حیزب و دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان و کەسایەتی دوکتور قاسملوو، شوێنەوارێکی گرینگی لە سەر بووژانەوە و پەرسەندنی حیزب دانا. جەلیل گادانی لە سەر شوێنەواری دوکتور قاسملوو لە لاپەڕەی ١٦٠ کتێبی "٥٠ ساڵ خەبات" دا دەنووسێ: دوکتور قاسملوو دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی لە یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزب تەنانەت لە زیندووکردنەوەی حیزب لە بواری سیاسیدا هەبووە، چونکە ناوبراو شەخسییەتێکی ئاگا و زانا و تا رادەیەکی زۆریش بۆ لایەنە سیاسییەکان ناسراو بوو.

بەرنامە و پەیرەوی حیزب لە کومیتەی ناوەندی دا بە هۆی دوکتور قاسملوو شی کراو و رۆژنامەی کوردستان و نامیلکەیەکی نێوخۆیی بە ناوەی (تیشک) بە ناوەرۆکی باش، چاپ و

بڵاوکرانەوە. دامەزراندنەوەی تەشکیلات لە نێوخۆی وڵات دا، یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ئەو کۆنفرانسە بوو و بۆ ئەو مەبەستە بە بەرپرسایەتی کەریم حیسامی کومیسیونێک لە قادر وێردی، حەسەن رەستگار، رەسووڵ پێشنماز، کەریم حەداد، پێکهات. ئەو کومیسیونە دواتر توانی تا رادەیەکی زۆر پەرە بە بەهێزبوونی تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆی وڵات بدا.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لەسەر رۆژنامەی کوردستان دەنووسێ: ... لە بەهاری ١٩٧١ یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە قوناغەدا دەرچوو و پێمان گەیی. ڕۆژنامەیەکی پێشکەوتوو و بە کوردی پاراو و خەڵك پەسەند و بە ئەدەبیاتێکی زۆر جوانی کوردی پەتی نووسرابوو. ئەو رۆژنامەیە لە باشووری کوردستان دەنێو ڕووناکبیران و مامۆستایان و خوێنەران دا بە نێوبانگ بوو. ئەوە لە بەر ئەوە نەبوو، کە ڕۆژنامە و گۆواری تر نەبوون. بەڵکوو زۆر ڕۆژنامە و گووار بە زمانی کوردی، وەکوو رۆژنامەی خەبات کە پارتی دێموکڕاتی کوردستان دەری دەکرد و رۆژنامەی برایەتی و رۆژنامەی بیری نوێ و رۆژنامەی حیزبی شیوعی و رۆژنامەی هاوکاری کە زۆریش باش بوون. بەڵام رۆژنامە ی کوردستان، نەك هەر لەباری ئەدەبیات و کووردی موکریانی رەسەن و  لە باری سیاسیشەوە تەواو سەربەخۆ و بێ هاوتابوو و سیاسەت و داخوازییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بڵاو دەکردەوە و وزوڵم و زۆریەکانی ڕژیمی حەمەرەزاشای لەقاو دەدا.

بە گشتی حیزب بە دوای کۆنفڕانسی٣ دا لە هەموو بوارەکان دا بووژاوە، رۆژنامە دەرکرا، پەیوەندی تەشکیلاتی بەهێز لە گەڵ نێوخۆ پێکهێنرا و لە دوو قۆناغی جیاواز دا، رادیو دامەزرا کە بەرنامەی جوانی بڵاو دەکردەوە. هەروەها بۆ پتەوکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ هیندێک رێکخراوی نیوخۆیی و دەرەوە و لەگەڵ رووناکبیران، رێکخراوی حیزب بە تایبەتی لە زانکۆی تاران، زۆر هەڵسووڕ و کارا بوو. بەڵام بە هۆی ئەوە هاشمی کەریمی ئەندامی تێکۆشەری حیزب لەوێ رای کرد، زیانی زۆر بەو بەشە لە تەشکیلات گەیی.

ئەوجار لە سپتامبری ١٩٧١ کەریمی حیسامی، وەک نوێنەری حیزب، چووبوو لوبنان و لەوێ لەگەڵ حیزبی کمونیست و حیزبی سوسیالیستی پێشکەوتوخوازی لوبنان بە سەرۆکایەتی کەماڵ جونبلات پەیوەندی گرت. کەریم حیسامی لەوێڕا چووە بولغارستان و لە گەڵ حیزبی کمونیستی ئەو وڵاتەش پەیوەندی دامەزراند. لە درێژەی ئەو سەفەرەدا حیزبی تودەی ئێران کە ناوەندەکەی لە ئاڵمانی رۆژهەڵات بوو، داوای چاوپێکەوتن لە گەڵ نوێنەری حیزب کرد. کەریم حیسامی لە گەڵ ئیرەجی ئەسکەندەری چاویان پێک کەوت و باسی پێکهێنانی بەرەیان هێنایە گۆڕێ. ئیرەج ئەسکەندەری بەرنامەی کۆنفڕانسی٣ ی حیزب بە باش و پێشکەوتوو و دژی ئیمپریالیستی دانا، بەڵام بە پێچەوانە، کیانووری کە هەمووکات حیزبی دێموکراتی بە لقی کوردستانی حیزبی تودە دەزانی، داوای لە کەریمی حیسامی کرد کە لە حیزبی دێموکرات واز بێنێ و لە حیزبی تودەدا خەبات بکا. لەو چاوپێکەوتنەدا ئەوان بە هیچ نەگەیشتن و کیانووری پێشنیاری کرد کە دوو

هەیئەتی حیزب بچنە برلین و لە گەڵ هەیئەتی حیزبی تودە چاویان پێک بکەوێ و لە سەر بابەتەکانی سەر بە کوردستان و ئێران بدوێن.

کەریمی حیسامی لە سپتامبری ساڵی ١٩٧١ دیسان لە ئاڵمان چاوی بە ئەسکەندەری کەوت و ئەو پێی‌دەڵی کە حیزبی تودە بەرنامەی حیزی دیموکراتی خوێندوتەوە و پێیانوایە بەرنامەیەکی باش و دژی ئیمریالیستییەو دەیانهەوێ لەگەڵ حیزبی دێموکرات دابنیشن و باسی سیاسی و وەزعی کوردستان و ئێران بکەن و پێکەوە هاوکاری بکەن. دوایە کیانووری دێتەو ئەو کۆبوونەوە و بە گوێرەی لاپەڕەی ٦٥ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی دەڵێ کە ئەو گلەیی کرد و گوتی کە بە گرتنی کۆنفرانس و تێکۆشان بە ناوی حیزبی دێموکرات دووبەرەکیتان لە نێو هێزە شۆڕشگێر و کومونیستەکانی ئێران دا پیکهێناوە و ئەگەر خۆتان بە مارکسیست دەزانن دەبێ حیزبی تودە بەهێز بکەن. دوایە کەریمی حیسامی داوا دەکا کە هەوڵ بدری بەرە دابمەزرێ. کیانوری دەڵی کە بەرنامەی حیزبی دێموکرات بەرنامەیەکی مارکسیستییە و حیزبی تودە ناتوانی لەوە پێشکەوتوتر بەرنامە بۆ کوردستان دابڕێژێ بۆیە حیزبی دێموکرات دەبێ لەگەڵ حیزبی چینی کریکاران دا یەک بگرێ. بەڵام ئەگەر بەرنامەی حیزبی دێموکرات بورژوا دێموکرات با ئەوکات حیزبی تودە دەیتوانی لەگەڵ حیزبی دیموکرات بەرە پێک بێنێ.

بەمشێوەیە کەریمی حیسامی وەک نوێنەری حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبی تودە رێک نەکەوتن. دوایە کیانووری داوا دەکا کە هەیئەتی حیزب بێنە ئاڵمان و لەگەڵ هەیئەتی حیزبی تودە، ئەو بابەتانە تاوتوێ بکەن. کەریمی حیسامی لە مانگی ئۆکتۆبر گەڕاوە بۆ بەغدا و لەوێ دەفتەری سیاسی بڕیاری دا کە نامە بۆ حیزبی تودە بنووسێ کە یان ئەوان بێن لە بەغدا پێکەوە کۆ ببنەوە یان حیزبی تودە ٥ پاسپوڕت بۆ حیزب بنێرێ تا ئەندامانی رێبەری بچن بۆ برلین.

دوایە کەریمی حیسامی دەگەڕێتەوە و لە دەفتەری سیاسی بابەتەکە باس دەکا و بە نامە، دوکتور قاسملوو لە نامەی حیزبی تودە ئاگادار دەکا کە ئامادەی چاوپێکەوتنن. بەڵام کەریمی حیسامی دەنووسێ کە حیزبی تودە تا ساڵی ١٩٧٤ وڵامیان نەداوە.

## دارژتنی بنەمای دۆستانە لە گەڵ پارتی دێموکرات

دوای کۆنفرانس ٣ دوکتور قاسملوو گەڕاوە بۆ ئوروپا و کەریمی حیسامی چووە لای مەرحومی مەلا مستەفا و لەوێ هێندیک داواکاری لە حیزب کرا بەڵام بەلێنی نەدرا کە جێبەجێ بکرێ. دوایە بۆجارێکی دیکەش کەریمی حیسامی سەردانی پاڕتی کردەوە. بەڵام ئەوجار ئیدریس بارزانی داوای کرد کە پیوەندی حیزب و پاڕتی دێموکرات وەک سەردەمی ئەحمەد تۆفیقی لێ‌بێتەوە. کەریمی حیسامی قبووڵی نەکرد و دانیشتنەکە بە ئاکام نەگەیی. ئەوجار ئیدریس بارزانی داوای چاوپێکەوتن لە گەڵ دوکتور قاسملوو کرد. دوکتور ئەو شێوە پەیوەندیی بەدڵ نەبوو کە هەرکات کاک ئیدریس داوا بکا دوکتور بچی بۆ بارەگای پارتی لە گەلاڵە.

دوایە کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەیەک دا نەزەر و بیروبۆچوون و چونییەتی شێوەی پەیوەندی دوو حیزبی، لە نامەیەک دا بۆ پارتی دێموکرات نووسێ. لە نامەکە دا دوای ئاماژە کردن بە رابردوو و پەیوەندی دۆستانە لە هێندێک قۆناغ دا، بە کورتی چاو بە سەر رووداوە ناخۆشەکانی هێندێک سەردەم دا خشاندرا بوو و دوای هوشداری دان بە مەترسی پەیوەندی لە گەڵ رێژیمی ئێران و کاریگەری ئەو پەیوەندییە لە سەر دۆستایەتی دوو حیزب، نیگەرانی خۆی لەمەر ئەو بابەتە نیشان دەدا و لە چەند خاڵ دا ئاماژەیان پێدەکا. بەگشتی لەو نامەیەدا داوا کرا، لەسەر بنەمای دۆستایەتی دوو رێکخراوی نیشتیمانی خاوەن یەک ئیستراتیژی، پەیوەندی سیاسی بەهێز دابمەزرێ و لە باری ماڵییەوە یارمەتی بە حیزب دێموکرات بکرێ.

بە پێی بڕیاری کومیتەی ناوەندی، دوکتور قاسملوو بۆ پتەو کردنی پەیوەندیی دوو حیزب چوو بۆ حاجی عومەران. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٤٢ بەرگی ٤ بیرەوەییەکانی دا دەڵێ کە ئیدریس بارزانی بە دوکتور قاسملووی گوتبوو کە خەبەریان هەیە کە کەریمی حیسامی ساواکییە و بۆیە قسەیان لەگەڵ نەکردووە.

لەو قۆناغەدا رێبەری حیزب زۆر ژیرانە هەوڵی دا کە پەیوەندی زیاتر و باشتر لە گەڵ پارتی دێموکرات و مەرحومی مەلامستەفا دابمەزرێنی و هەڵسوڕانی حیزب زیان بە شۆڕش و پەیوەندی لە گەڵ پارتی نەگەیەنێ. لەو بارەوە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٩٣ بەرگی چواری بیرەوەرییەکانی دەنووسێ: دوکتور قاسملوو زۆرجار دەچووە لای مەلا مستەفا و باسی گیروگرفتی خۆمان و بارودۆخی سیاسی لە گەڵ دەکرد. کە دەگەڕاوە دەیگوت: مەلامستەفا سیاسەتی گەورە لە هەموو کەس باشتر دەزانێ.

هەر لەو لاپەڕەیەدا کەریمی حیسامی لە سەر گیروگرفتەکانی حیزب دەنووسێ: کۆسپی گەورە بۆ تێکۆشانی ئێمە لە وڵات، بە تایبەت بۆ هاتووچۆ بۆ کوردستانی ئێران، بەشی پاراستنی شۆڕش و کادر و مەفرەزەکانی سەر سنوور بوون. ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی لە بارەی هاوکاری و دۆستایەتییەوە بە قسە هیچیان تێدا نە دەهێشتەوە. بەڵام لە کردەوەدا جورێکی تر دەهاتە پێش و لە گەڵ هەڵویستی برایەتی و دۆستایەتی و هاوکاری دوو حیزبی برا یەکتریان نەدەگرتەوە. لە زۆر ناوچەکان بە تایبەتی لە پشدەر و لە ناوچەی هێزی خەبات برادەرانی ئێمە تووشی زیندان و دەرکردن و بێ کەڕامەتی دەبوون.

## کۆ کردنەوەی ئەندامانی حیزب لە یەک شوێن

یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی کۆنفرانسی ٣ کۆ کردنەوەی ئەندامانی پرش و بڵاوی حیزبی دێموکرات بوو لە یەک شوێن. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ سولەیمانی موعینی و سمایلی شەریفزادە و حەمەدەمینی سیراجی و... بوون، بە دوای تێشکانی جوڵانەوەی ٤٦ – ٤٧ لە "بەکرەجۆ" لە لای مام جەلال گیرسا بوونەوە. ئەوانەش کە لەگەڵ ئەمیری قازی و عەوبدوڵای حەسەنزادە و مامۆستا هێمن مابوونەوە، لە ناوچەی قەڵادزێ و کۆیە بوون. کۆمیتەی سەرکردایەتی

کاتی حیزب لەوکاتەدا بڕیاری دا تا ئەندامانی حیزب لە یەک شوێن کۆ کاتەوە و داوا لە مەلا مستەفا کرا کە ڕێگا بدا ئەو ئەندامانی حیزب کە لە بەکرەجۆیە بوون بگەڕێنەوە ناوچەی شۆڕش.

بۆیە ئەوانەی کە لە بناری قەندیل بوون، بۆ قەڵادزێ ڕاگویزران و دوای ماوەیەک، لە مانگی شەشی١٩٧٠بە بڕیار شۆڕش، هەموو بنەماڵەکانی حیزب لە قەڵادزێ و بەکرەجۆ را چوونە هەیران و نازەنین. کەسانی رەبەن مانگانە ١٠ دینار و خێزاندار ١٤ دینار یارمەتییان بۆ بڕاوەوە و نەخۆشخانەیەکی سەرەتایی‌یان بۆ داندرا و هەروەها بۆ نەخوێندەواران، پۆلی یەک و دوو داندرا. دواتریش بڕیار درا ئەو مالانە بەرنە شاری کۆیە.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لەسەر تێکەڵ بوونەوەی ئەندامانی حیزب لە دەستنووسێک دا دەنووسێ: ئێمە کە لە دێلۆ دەرسمان دەخوێند ئاگادار کراین بچینە قەلادزێ و دەگەڵ برادەرانی سلیمانی و بەکرەجۆ و قەڵادزێ، سەڵت و خاوەن ژن و منداڵ، بە چەند ماشینان گوازراینەوە بۆ نازەنین. ئەوانەی ژن و منداڵیان هەبوو لە ناو باخێك دا ساباتیان بۆ دروست کردن. سەڵتەکانیش لە چەند بنکەیەکی چۆلی پێشمەرگەی پارتی لە دەرەوەی "نازەنین" جێگیر کران. کاك حەسەنی رەستگار بەرپرسمان بوو. لە باری ژیانەوە پێداویستیمان کەم بوو بەڵام خواردنمان خراپ نەبوو و نۆك و برینج و نیسك بوو. برادەران نێویان لە برینجی نابوو کەڵدڕ. ڕۆژێك بۆ نیوەڕۆیە نۆکاومان هەبوو. کاك حەسەن لەوێ بوو و بە نۆکاوی دەگووت ئەوە زۆر خواردنێکی باشە جێی گۆشتی دەگرێتەوە. ڕۆژانە هیچ کارێکمان نەبوو بیکەن غەیرە نیسك و نۆك خواردن و قەدەم لێدان.

ڕۆژیك کاك حەسەن هات و کۆی کردینەوە و بۆ ئەوانەی خوێندەواریان هەبوو کلاسێکی یەک حەوتوویی دەرزی لێدان و برین پێچی دانا کە زۆر باش بوو و سوودی باشمان لێوەرگرت.

ئەو ماوە زۆر خۆشمان رابوارد بەڵام لە باری مادیەوە هیچ مان نەبوو. بەبیرمە پێڵاوم دڕا بوو نەمدەتوانی جووتێك پێلاو بکڕم. مەلامحەمەدی شەل بە کاك حەسەنی رەستگاری گوتبوو کە لە ئێمە باشتر بوو و ئەویش ماڵی ئاوەدان بێ بە دینار و نیوێک کڵاشێکی بەر لاستیکی بۆ کڕیم.

لەدوایدا یارمەتیەکی زۆر کەمیان بۆ دیاری کردین. بۆ سەڵت یەك دینار و نیو. بۆ خاوەن ژن ومنداڵ پێنج دینار، برینج و نۆك و ئارد بێ بەرابەر. ئەگەر کەسێك ویستبای لیباسێك بۆ منداڵەکانی بکڕی توانای نەبوو.

جارێک کاك مەلا خدر دەچتە ماڵە فەقێ محەمەد کە بە خۆشەویستی پێمان دەگوت کۆڵنەدەر. ئەگەر تەماشا دەکا بەو هاوینە گەرمە لە بن لێفەی خزاوە. دەڵێ ئەوە نەخۆشی؟ ئەویش دەڵێ نا لیباسەکانیان بۆ شردووم هیچم نییە دەبەری بکەم تا ویشک دەبێتەوە. ناچار چومە دەبن لێفەی خۆناکرێ بەڕووتی دانیشم.

لەو وەزعەدا هێندێك لەو برادەرانەی کە لە بەکرەجۆ ژیابوون لە حیزب ناڕازی بوون و دەبوو کەسێکی نیزیك لە خۆیان بێ قسەیان دەگەڵ بکا و لە کێشەکەیان بکۆڵێتەوە. بۆ چارەسەری ئەو وەزعە کاك حەمەدەمینی سیڕاجی کە پێشتر پەیوەندی بە ئەوانەوە هەبوو هات و دەگەڵیان دانیشت. بەڵام ئەو کۆبونەوە هیچ ئەنجامێکی نەبوو. ئەوجار، کاك حەمەدەمین هەموومانی لە

خوارەوەی بنکە کۆ کردەوە و زۆر بە ئارامی قسەی بۆکردین و داوای یەک ڕیزی و پێکەوە ژیانی کرد. بەڵام قسەکانی کاریگەری نەبوو و لە ڕاستیدا ناڕەزایەتی برادەران روون نەبوو لەسەر چیە و چیان دەوێ.

لە دوایدا کاك حەمەدەمین بە ناچاری گووتی هەرکەس باوەڕی بە حیزب نیە، با جیا بیتەوە. یەکەم کەس کە هەستا کاك سەدیقی فەروخی بوو. هەستا جیا بۆوە چوو لەو بەری خڕێ دانیشت. کۆمەڵێك خەڵکی تر بە دوایدا ڕۆیشتن. ئێمە لەم بەری خڕێ(شیوو) ماینەوە و ئەوانیش چوونە ئەوبەری. بەڵام لەو بنکەیە هەر پێکەوە دەژیاین. جارێک برادەرێك بە کاك حەسەنی رەستگاری گووت بوو ئەو برادەرانە خۆیان دەڵێن باوەڕمان بە حیزب نییە کەوابوو، بۆ هەر لە ناو ئێمە بن بۆ بۆ شوێنێکی تر نارۆن. کاك حەسەن پێیدەڵێ قسەی ئاوامەکە، ئەوانە برادەری خۆمانن ئەوەش کۆتایی دێ. ماوەی چەند ڕۆژ دواتر کاك حەسەن دوو سێیەك لەو برادەرانە بە نوێنەری هەموویان دەگەڵ خۆی برد بۆ بەغدا بۆ لای دوکتۆر قاسملوو و لەوێ لەگەڵیان دادەنیشی و کێشەکەیانی چارەسەر کرد.

لە ناو خۆمان لە پلەی خوارێ دا کەمێك گیروگرفتی فکریمان هەبوو. هێندیك لە برادەران بیری مائۆیستی یان هەبوو و خوا هەڵناگرێ هیچ لایەکیشمان، لە مەسەلەی چەپ و راست زانیاریمان نەبوو. هەر لە خۆڕا هێندیك نامۆیی لە نێوانمان دا پەیدا ببوو. ئێمە کە لە حوجرەی فەقێیان ڕا چووو بوین باری مەزهەبیمان تێدابوو و ئەوانیش وەکوو ئێمە هەر دەرسی مەلایەتیان خوێند بوو بەڵام چوونکە بۆ ماوەیەك لە بەکرەجۆ ژیابوون و جاروبارە جەنابی مام جەلالیان دەدیت و هێندێك قسەی سیاسیان بیستبوو و هێندێک شت فێر ببوون، خۆیان بە پێشکەوتوتر دەزانی و بە ئێمەیان دەگووت پەڕ زەرد. ئێمەش بەوانمان دەگوت پەڕسوور. چەند کەس لەو برادەرانە چوو بوون لە لای مامۆستا حەسەن زادە شکایەتیان کرد بوو. ڕۆژێك مامۆستا هاتە نازەنین و ئێمەی لە مزگەوتی کۆ کردەوە و زۆری ئامۆژگاری کردین. پێی ڕاگەیاندین کە ئەو برادەرانە گلەییان لە ئێوە هەیە و دەڵێن ئێوە جنێوتان بە لێنین داوە. ئەگەر ئێوە جنێو بە لێنین بدەن ئەوانیش جنێو بە خوا دەدەن. بۆیە نابێ بێڕێزی بەکەس بکەن. ئێمە لەوڵام دا گوتمان قەت شتی وانەبووە و جنێومان بە کەس نەداوە و کێشەکە کۆتایی هات.

هەر لەسەر تێکەڵ کردنەوەی ئەندامانی حیزب، عەبدول نستانی لە دەست نووسێک دا دەڵێ: لەم هەلومەرجەدا ئەندامانی حیزب هەوڵی یەکگرتنەوەیان دا. ئەندامانی قەندیل پەیوەندیان بە ئەندامانی قەڵادزیەوە گرت و دۆاتریش پەیوەندیان بە ئیمە لە سولێمانیەوە گرت. هێشتا کێشە و ناکۆکی نیوان پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسی بە تەواوەتی کۆتایی نەهاتبوو. ئیمە سازبوین بەلای کەرکوکدا بچینە قەلادزی. بەلام بە هۆی شۆفیرەکەمان کە راپۆرتی لێدابووین، پێشمەرگەی پارتی گرتیانین و بە تاوانی هاوکاری دەگەل حکومەت، بێڕێزیکی زۆریان پێکردین و تیر و پڕیان لێداین. کاتێک کەل و پەلەکانیان دەپشکنی چاویان بە وێنەی سولیمانی موعینی و بە تایبەتی سمایل

شەریفزادە کەوت. وەرەق گۆڕدرا و بە فەرمانی فاخری حەمدی ئاغایی مێرگەسووری کە ئەندامێکی گەورەی پارتی بوو و ئەوانی دەناسی و زۆریان ڕێز و حورمەت  گرتین.

پارتی ئێمەی لە ژێر چاوەدێری گرت و لە گوندێک بە ناوی "جولحان" بنکەیان بۆ داناین. لە چەکەکانی خۆشمان سێ تفەنگیان داینێ کە پاریزگاری پێ لە خۆمان بکەێن. خەڵکی ئەم گوندە زۆر فەقیر و نەدار بوون و هیچیان نەبوو. بە ناچار جار جار ئێمە بەو گەرمایە دەچوینە راوێ و کەرۆشکمان دەکوشت. ئێمە لەگەڵ خەڵک زۆر باش بووین و دەگەڵیان زۆر تێکەڵ بووین، شاییمان دەکرد و لە تازیەکانیشیاندا بەشداریمان دەکرد و سەردانیان دەکردین. بەمشیوەیە ماوەی سێ مانگ، بە ڕێز و حورمەتەوە لەم گوندە ماینەوە. دۆاتر ناردیانین بۆ کێوی سورداش و بنکەیان بۆ داناین. لە کاتی تێکشکانی بالی مەکتەبی سیاسیدا، هەموو ئەندامانی ئەو بەشە، چەک و چۆڵیان تەسلیم پارتی  کردەوە. خەڵکیش بە لێشاو تفەنگیان دێنا و تەسلیمیان دەکردەوە. ئەو کەسانەی کە  گەنج و لاوو بوون یا ناسیاوێکیان لە پارتیدا هەبوو، نێویان دەنوسین و تفەنگەکانێان دەدانەوە. ئەوانەی پیر بوون و ناسیاویان نەبوو خەتێکیان بەسەر نیوەکەیدا دینا و بە بادینی دەیانکوت ئەوە فیش. یەکیک لەوانەی کە فیش کرابوو گوتی "دایکت دەگێم ئەگەر دەمزانی فیشم دەکەی ولا نەدەهاتمەوە".

سەرئەنجام دوایی سێ مانگ مانەوە لە سورداش، لە گەل برادەرانی حیزب لە قەندیل و قەڵادزی و هەیران و نازەنین یەکمان گرتەوە. ئەمیری قازی کە لە کۆکردنەوەی ئەم بنکانە دا دەستی باڵای هەبوو، لە ڵای بارزانی خۆشەویست بوو و ڕێزی تایبەتی لێدەگیرا. ئەوکات بەرپرس مەقەر، حەسەن رەستگار بوو کە خوێندنی تەواو کردبوو و کەمێکیش دەستی دوکتوری هەبوو و خزمەتی خۆمان و خەڵکی دیکەی دەکرد. مامۆستا مەلا عەولا بەرپرسی پەیوەندیەکان بوو و ماڵەکەی لە شەقڵاوە بوو.

لەوکاتەدا حیزب بڕیاریدا کە مەقەریک لە بەغدا دابنێ و دوکتور قاسملوو کە لە وەزارەتی ئابوری عێراق دا کاری دەکرد، دەگەڵ کەریم حیسامی لەوێ بوون. ئێمە نیزیک پەنجا کەس دەبوین، باری خۆاردن و دارایمان زۆر خراپ بوو و زیاتر نۆکاومان دەخۆارد. بەرگ و پێلاومان هەر نەبوو. ڕۆژێک مەلا رەحمان کاژیەیی کە لە مەقەری بەغدا بوو هاتە ڵامان. رانک و چۆغەیەکی زۆر جۆانی دەبەردابوو. ئەحمەد نستانی کە پانتۆڵێکی دڕاو و شڕی دەبەردابوو و نیوەی لەشی دیار بوو، بە زۆری دەرپێکەی لێ ئەستاند. رەحمان یەکبەخۆی هاواری دەکرد و دەیگوت، ئەوە مەرەزە هەموو گیانی کەوڵ کردم. بەلام ئەحمەد گوێی نەدایە. لەبەر ئەوەی لیباسی زۆرمان نەبوو، هەمووجارێ کە لیباسمان دەشوت،  هەڵمان دەخست تا ویشک دەبووە و تا ئەوکات، پەتوو یا لێفە یا جاجمان لە خۆوە دەپێچا تا جلەکانمان ویشک بێتەوە و  ئەوجار دەربەرمان دەکردەوە.

لە گوندەکەمان مامۆستایەکی قوتابخانەی منداڵانی لێبوو بە نیوی مامۆستا عەبە خەوخۆش، کە دەرسی بە ئێمەش دەگوت. زۆر خوێندەوار بوو بەڵام لە خۆڕا ئەم ناوەیان لێنەنابوو. هەمیشە خەوی لێدەکەوت و چۆرتی لێدەدا. لە شەرە شێعریشدا کەس تای نەدەکرد. جارێک مەلا عەزیزی

ئەحمەدی و مەلا خدری دۆلە گەرمی و لەتیفی مەلا عەلی، شێعر شێعرێنیان دەگەڵ کرد. ئەو شێعرەکەی خۆی گوت و خەوی لێکەوت. ئەوانی دیکە کە پێی نەدەویران لەو دەرفەتە کەڵکیان وەرگرت و هەڵاتنە دەرێ. یەکێک لەو وانانەی دەمانخوێند چێڵ و بۆق بوو. هەموو جارێ کە تووشی ئەو لاپەریە دەبوین، کەریم بانگی دەکردم و دەیگوت بۆق و چێڵەکە هاتنەوە.

لە ناو بنکەکەماندا، بیر و باوەڕی مارکسیستی، بە هۆی زۆربەی ئەندامانی ریبەری کە چەپ بوون، لە پەرەگرتن دابوو. لەو دەمەدا بە هۆی کەریم حیسامی و حەمەدەمین سراجی و مەلا سمایل حاجی، چەشنێک بێ رێزی بەو کەسانە دەکرا کە لەو خەتەدا نەبوون و ئەوانیان بە پەڕ زەرد ناو دەبرد و جنێویان بە قورئان دەدا. فەتاح باساوەی و مەلا مەحموود قازنی و سابیر و لەتیفی مەلا عەلی و چەند کەسی دیکە، پشتگری ئێمەیان دەکرد. ئێمە نەماندەزانی کە مەبەست لە پەڕ زەرد چییە. کاتێک بۆمان روون بووە، ساغ بوینەوە بە گژیاندا بچینەوە و تێروپڕمان لێدان. دۆاتر بۆ ئەوە لێپرسینەوە بکری، خۆمان زیندانی کرد. مەلا رەسول و کەریم حەدادیش کە رووداوەکەیان بیست، بۆ پشتیوانی لە ئێمە لە قەڵادزێ را هاتن. دۆایی یەک دوو رۆژ ئەمیر قازی هات و پرسی چ قەوماوە؟

ئێمەش کە خۆمان زیندانی کردبوو، زیاتر لەسەر بڕیاری خۆمان سوور بووین و بەلالوتی جوّابمان داوە. کاک ئەمیر لە مەبەستەکە حالّی بوو بە گژیاندا چوو و زۆریان لێ توڕە بوو و گوتی کەس حەقی ئەوەی نییە، بێرێزی بە بیرو باوەڕی کەسی دیکە بکا.

بەشەکانی حیزب کە ئاوا لە دەوری یەک کۆ ببوونەوە، تا رادەیەک لە ژێر کارگەرێ لایەنەکانی ناتەبای کوردستانی باشوور، چەشنێک جیاوازی فکریان هەبوو. بەڵام سەرەرای ئەو گیروگرفت و لێکدابڕانانە، هەموو بە تێکڕایی هەوڵیان دا کە ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن و بۆ تەرمیمی کومیتەی ناوەندی و دارێژتنەوەی بەرنامە و ئەساسنامە، کۆنفڕانس بگرن.

لەسەر شێوەی یارمەتی دان بە ئەندامانی حیزب بە دوای تێکەڵ بوونەوە دا، عەزیز ئەحمەدی لە دەستنووسێکی دا دەڵێ: ڕۆژێك ماشێنێك پەیدابوو كاك حەمەدەمینی سیڕاجی و ئەفەندیەک لە ماشێن دابەزین. داوایان کرد کۆبینەوە و یەکەم کەس منیان بانگ کرد. کە چوومە ژوورێ کابرای ئەفەندی دوو بەستە دیناری لە پێش خۆی دانابوو. پێنج دیناری و دە دیناری دەگەڵ دەفتەر و قەڵەمێک. قەت ئەوەندە دراوم نەدیت بوو. دەفتەرەکەی بۆ لا هێنام دە دیناریشی راداشت و بە فارسی گووتی ئیمزاکن. گووتم بۆچی ئیمزای بکەم؟ کابرا گووتی ئەتۆ ئەندامی حیزبی دێموکڕات نی؟ گووتم با. گووتی حقوقی ماهانەیە(یارمەتی مانگانەیە). کەمێك بە ناڕەحەتی، دە دینارەکەم بۆ فڕێدا و گووتم ئەتۆ کێی حقوق دەدەی بە من، ئەمن دیناریك لە كاك حەمەدەمین وەردەگرم، بە ڵام هیچ لە تۆ وەرناگرم. هەستام بچمە دەری. كاك حەمەدەمین بە دەنگێکی کەمێک بەرز کە ئەمن گوێم لیێ بێ گووتی، رەفیق ما بشما گفتیم رفقای ما حزبی هستند غیراز حزب دمکرات از هیچ جهتی پول نمیگیرند(هاوڕێ ئەمن بە تۆم گوت، ئەندامی حیزب لە هیچ کەس جیا لە حیزبەکەی خۆی نەبێ پارە وەرناگرێ). کە چوومە دەرێ برادەران بەڕیز ڕاوەستابوون. بە پەلە

چاوەڕوانی من بوون و پرسیان عەزیز چیە؟ گووتم هاوڕێیان کابرای بەعسی هاتووە پێیوایە ئێمە جەماعەتی قالە تەگەرانین، حقوق‌مان بداتێ. هیچ کەس نەچووە ژوورێ، کابرا بە قوونی بارگینی خۆی دا دا و بە دەستی خاڵی گەڕایەوە.

تا سەرمای پاییز لە نازەنین ماینەوە. زستان لە وێ نەدەحاواینەوە و بۆ ماڵەکان جێگا و ڕێگا نەبوو تێدا بحاوێنەوە. ناچار حیزب بڕیاری دا کە بۆ شاری کۆیە بگوێزنەوە. لە کۆیە بۆ هەر بنەماڵە یەك خانوو بە کرێ گیرا و بۆ سەڵتەکانیش حەمامێکی کۆنیان دیاری کرد کە زۆر گەورە و ژووری زۆر بوو و هەرچەند کەسێك پێکەوە بووینە هاومەنزڵ. بەڵام جێگای هەموومان نەبۆوە. مەلامحەمەدی شەل دەگەڵ چەند کەسێکی دی لە گردی جولەکان، ماڵێکیان بەکرێ گرت و لە وێ دەژیان.

مەلا عەزیز لە درێژە دا دەنووسێ: لە شاری کۆیە بۆجاری دووهەم کابرای ئەفەندی دەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیڕاجی پەیدا بۆوە. ئەوجارەش یەکەم کەس منیان بانگ کرد. بەڵام ئەوجار کاك حەمەدەمین، گووتی هاتنی ئەو پیاوە بە موافەقەتی حیزبە و هەر ئەوجارەش دێ، جارێکی تر سەر بێرەدا ناکاتەوە. یارمەتیەکە بەو شێوە بوو. بۆ سەڵت دە دینار و بۆ خاوەن ژن و منداڵ پازدە دینار. بەڵام جاران کە خواردەمەنیان دەدا، ئەوە نەما و هەر بەو دراوە کە دەیان دا دەبوو ژیانی خۆمان بەڕێوە بەرین.

کومیتەی کاتی، بڕیاری دا بەو شێوەیە پارە وەرنەگرێ و لێبڕاو بوو کە دەوڵەت دەبێ ڕاستەوخۆ یارمەتی بە حیزب بکا. دوکتور قاسملوو وەک نوێنەری حیزب لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ئەو بابەتەی هێنایە بەر باس، بەڵام دەوڵەت بەو هەڵوێستە توڕە بوو و پارەی یارمەتی ئەندامانی حیزبی بڕی.

دوای بڕینی یارمەتی ئەندامانی حیزب، بڕیار درا کە ئەوکەسانەی ژن و منداڵیان هەیە، لە گەڵ مامۆستا هێمن، هەر یەک٣٠دیناریان بدرێتێ. دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی هەر یەکە ١٥ دینار و هەروەها بڕیار درا ئەو ئەندامانە کە لە کۆیە بوون، هەریەکە بە دوای کارێکدا بڕۆن و بە پێی ئیمکان، حیزب جارجار یارمەتیان پێبکا.

لەو سەردەمەدا ژێنراڵ پەناهییان، لە ئازەربایجانی شووڕەوی را هاتە عێراق. سەیر ئەوە بوو ئەو خۆی بە نوێنەری هەموو ئێرانییان، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەزانی.

## کلاسی کادر لە کۆنفڕانسی٣ ساڵی ١٩٧١

لە کارەکانی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنفڕانسی٣ پێکهێنانی کلاس کادر بوو. ئەو کلاسە لە ئاخری ساڵی ١٩٧١ بە بەشداری ٢١ کەس لەو کادرانەی کە لە کوردستان بوون و دەبوایە بۆ بەغدا، بچن پێکهات. بەرپرسی ئەو کلاسە کەریمی حیسامی بوو و دەرسی ئوسولی تەشکیلاتی و تەبلیغاتی حیزب و مێژووی جوڵانەوەی کرێکاری و ڕەزگاریخوازانەی گەلانی جێهان و زاراوەی سیاسی دەگوت. دوکتور قاسملوو دەرسی تێئۆری سیاسی و فەلسەفە و مەسئەلەی کورد و پەیوەندی نێونەتەوەیی و حەمەدەمینی سراجی، مێژووی سەردەمی ئێرانی دەگوت.



دوو کەس لە کادرەکانی حیزب. لە راستەوە مەلا خدر عومەرزادە - عەبدولخالەق حەفیدی (مامۆستاسیروان)

مەلا عەزیزی ئەحمەدی لە دەستنووسێک دا باسی ئەو کلاسانە دەکا و دەنووسێ: حیزب دەورەیەکی سیاسی لەدوو وەجبەدا کردەوە. بەشدارانی دەستەی یەکەم، لە قەڵادز و سەنگەسەر بریتی بوون لە کاك مەلاخدر دۆڵەگەرمی، مەلاسمایل حاجی، مەلابرایمی زێوەیی، مەلاخدری نەبیاوایی. لە کۆیە و لە سلیمانی و هەولێریش را مەلابایز، مەلا کەماڵی سەقزی و لەتیف نەقشبەندی، فەتاح باساوێ، مەلامەحموود و چەند هاڕرێی دیکە. من و کاك سەدیقی فەروخی، سەید ڕەسوولی ورچان، فەقێ عەلی، شەهید محەممەد سەدیقی ساڵحی، عەوڵاڕەش، ئەحمەد خەفەر، مەلاسمایلی زەرگەتەنی، ڕەحیم کەپەکەندی، مەلاسالحی باغی ناسراو بە تاهیر، سەلیم وەرگێلی، دەورەی دووهەم بووین. بەشی یەکەمی دەورەکەمان لە بەغدا بوو.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لە درێژەدا دەڵێ کە لەو دەورەدا دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ڕژیمی شا، پێش ڕژیمی تورکییە دەڕووخێ و دەنووسێ: دەیگوت وەکوو خانوویکی شووشە وایە لە هەموو لایەك درزی داوە و پێلاقەیەکی بەهێزی پێدابدرێ تێک دەقرمێ. دوکتور لەسەر خودموختاری دەیگووت کە ئەوە ماڤی تەواوی میللەتی کورد نییە سەرەتایەکە بۆ وەدستهێنانی مافی خۆمان، بەڵام دەبێ ئاوابیر بکەینەوە ئەتۆ هەزار تمەنت قەرز لەسەر کەسێکە، دەچیە لای داوای هەزار تمەنەکە دەکەی. ئەو دەڵێێ ئەمن دوو سەد تمەنم هەیە. دەبێ لێی وەربگری نابێ بڵێی هیچم بێ هیچ ناوی. ئەوکاتە هیچت دەستناکەوێ. بەلام وردە وردە، دەتوانی هەموو قەرزەکەی خۆت وەرگریەوە.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لە درێژەدا دەنووسێ: هەر لەو دەورەڕا ناردیانین بۆ دەورەیەکی دوو مانگی هەندەسە بۆ نێو فەلەستینیەکان کە سازمانی ئازادی بەخشی فەلەستین لە "شارەبان" کرد بوویانەوە. دوو ئەفسەری فەلەستینی زۆر نەجیب و باش مامۆستامان بوون. بە هەمووومان ژوورێکیان دابوینێ عەلادینێك بۆ گەرم کردنی ژوورەکە و خواردنمان دەگەڵ ئەوان بوو. کاك سەدیقی فەڕووخی کە لە ئێمەی باشتر عەڕەبی دەزانی وەرگێڕمان بوو.

کومیتەی ناوەندی پاش تەواو بوونی ئەو دەورەیە، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ۱۹۷۲/۱/۷ دا ئەو کارەی بە کارێکی باش دانا و بڕیاری دا کە دەورەیەکیش بۆ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بکاتەوە.

جێی ئاماژەیە کە لە ساڵی ۱۹۷۱ کەریمی حیسامی کتێبی "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران"ی نووسی. دوکتور عیزەدین مستەفا، وەریگێڕاوە سەر زمانی عەڕەبی. بە دوای سەرکەوتنی


کلاسی کادر ساڵی ١٩٧٢

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا ڕێکخراوی چریکەکانی فیدائی، بە بێ ئیزنی کەریمی حیسامی، ئەو کتێبەیان لە هەزاران بەرگ دا، لە ئێران بڵاو کردەوە. ئەوان وێنەی پێشەوایان لە سەر بەرگەکەی لابرد و وێنەی چەکدارێکی تفەنگ بە دەستیان لەسەر دانا.

هەروەها ڕێکخراوی روناکبیرانی کورد ئێران، هێندێک بابەتیان گوڵبژێر کرد بوو. پەیامی دیفاعی حیزبە کمونیستەکانیان دەرهاویشت بوو و ئەوەی بە دڵیان بوو وەریانگێڕابووە سەر زمانی فارسی و بڵاویان کرد بۆوە.

## ریکخستنی تەشکیلاتی و بڕیاری نیزامی

بەر لە گرتنی کۆنفڕانسی ٣ دوکتور قاسملوو بەرنامە و ئەساسنامەی نووسی. ئەو لە نووسینی ئەساسنامە و بەرنامەدا، جیا لە شارەزایی و لێزانی و پەیوەندی بەرینی خۆی لە گەڵ حیزبە چەپ و دێموکراتیکەکان، تایبەتمەندییەکانی کوردستانیشی لەبەرچاو گرت. ئەو ئەساسنامە و بەرنامەیە لەسەر روانگەی زانستی دارژترا بوو. هەروەها وەک باوی سەردەمی خەباتی هەموو تاقم و گروپەکانی جیهانی ئەو سەردەم، دروشمی بمرێ ئیمپریالیسمی ئەمریکا تێدا هاتبوو. دواتر هەر ئەو ئەساسنامە و بەرنامەیە لە کۆنفڕانسی٣ دا پەسەند کرا.

لە مانگی مارسی ١٩٧٢ کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی خۆی دا، پاش لێکدانەوەی وەزعییەتی ناوچە و کوردستان هاتە سەر ئەو بڕوایە کە هەل و مەرج بۆ خەباتی چەکداری ئامادەیە و بڕیاری دا کە حیزب خۆ بۆ ئەو کارە ئامادە بکا. بە پێی لاپەڕەی ٩٢ بەرگی چواری بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی لەو کۆبوونەوەدا بە دەفتەری سیاسی ئەسپێردرا کە ئەو خاڵانەی خوارەوە بەجێ بگەیەنێ:

١ – تەشکیلاتی حیزب لە هەموو بارێکەوە بە هێز بکا و لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بنکەی حیزبی دابمەزرێنێ.

٢ – دیاری کردنی جێگای دەست پێکردنی شەڕی پارتیزانی بە وردی موتالا بکرێ و چەند جێگایەکی باش بۆ ئەو مەبەستە لەبەرچاو بگیرێ.

٣ – بۆ هەڵبژاردنی کاتی پێویست دەبێ هەموو مەرجەکانی ژوورەوە و دەرەوە، بخرێتە بەرچاو.

٤ – بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی هێزە پێشکەوتووەکانی ئێران هەوڵبدرێ.

٥ – دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ ڕاکێشانی یارمەتی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق یان هەر نەبێ لە ئاست جوڵانەوەی پارتیزانی لە کوردستانی ئێران بێ لایەن بێ.

٦ – هەوڵ بدری بۆ راکێشانی یارمەتی کۆماری عێراق.

٧ ئامادە کردنی بیروڕای هێزە پێشکەوتوەکانی جێهان بە تایبەتی وڵاتانی سوسیالیستی و لە پێش هەمووان یەکێتی سوڤییەتی ئەرکێکی زۆر پێویستە.

## شەهید بوونی مەلا قادر وردی(وێنە)



مەلا قادر وردی

یەکێک لە ئەندامانی تیکۆشەری تەشکیلاتی حیزب لەو قوناغەدا، مەلا قادر وردی کوڕی شەهیدی نەمر مەلا رەحیمی وردی(مەلا ئەحمەد) بوو. مەلا قادر ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو کە بە دوای کۆنفرانسی٣ دا بەردەوام بۆ کاری تەشکیلاتی دەگەڕاوە نێوخۆی وڵات. مەلا قادر لە رۆژی ٢ ی خاکەلێوەی ١٣٥٢ ساڵێک دوای کۆنفرانسی سێ لە شاری بانە، لە گەڵ ئەندامێکی دیکەی حیزب بە ناوی محەممەد سەدیق لە ماڵە هاوڕێیەکی حیزبی بە ناوی عەزیز مستەفازادە (برای شەهید خەلیل شەوباش)، بە هۆی خەیانەتی سیخۆڕێک بە ناوی سەلیمی خات شەڕافەت ئاشکرا بوون و لە داوی ژاندارم و پۆلیس کەوتن. سەلیم قاچاغچێتی دەکرد و بە دەهۆ لەگەڵ مەلاقادر ببوو بە دۆست و دوو جار هاتبووە سولیمانی و رۆژنامەی کوردستانی برد بووە. دایکی مەلاقادر بە کەریمی حیسامی گوتبوو کە لەو کابرایە نیگەرانە و ئەگەر دەیبینێ دڵی رادەچڵەکێ.

حەسەنی رەستگار کە لەو سەردەمەدا بەرپرسی حیزب لە سولیمانی بوو و لە زانکۆش دەیخویند، لە لاپەڕەی ٣٢٣ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر کەسایەتی سەلیمی خات شەڕافەت دەنووسێ: کوڕێکی بانەیی هاتوچۆی سلێمانیی دەکرد کە گۆیا ئەندامی حیزبە و کادری نەهێنیی تەشکیلاتە لە شاری بانە. جاروبار کە دەهاتە شاری سلێمانی کاک کەریم حیسامیش لە بەغداوە دەهات بۆ چاوپێکەوتن. یەک دوو جار کە منیش لەگەڵ هاوڕێیانی دانیشتووی سلێمانی بە هەڵکەوت چاوم پێی کەوت دەمامکی لێ دەدا نەیناسن. من لە خۆمەوە ڕقم لێی بوو، گومانم بۆ پەیدا ببوو، نەشمدەزانی ناوی چییە و نەمدەپرسی. لە لای برادەرەکانیش نەمدەشاردەوە دەمگوت لێی بە گومانم. ڕۆژێکیان لە کۆبوونەوەدا لەگەڵ کاک کەریم حیسامی لێمان بوو بە کێشە و هەرا چونکە من گوتم بە باوەڕی من جاسووسە، کاک کەریم تووڕە بوو گوتی، ئەتۆ چۆن بە چهۆیەک بێڕێزی بە کادر و ئەندامی تەشکیلاتی حیزب دەکەی، گوتم کاکی خۆم ئەو کوڕە دەزانێ من ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبم و بەرپرسی حیزبی دێموکراتم لە شاری سلێمانی، بۆ ئەگەر

لەگەڵ هاوڕێیان دەگاتە لای من دەم و چاوی دادەپۆشی و هەر چاوی دیارە، چاوی بە من دەڵێ تەواو نییە. دیارە ئەم باسانە بە ئامادە بوونی چەند هاوڕێی بانەیی و مامۆستا سیروانیش بوو، هەتا جارێکیان کاک کەریم حیسامی هات کە بەهۆی ئەو کوڕەوە، کاک مەلا قادری شەهید و یەک دوو برادەری دیکە ڕەوانەی شاری بانە و دەوروبەری بکاتەوە، زۆرم هەوڵ دا کاک کەریم لەو بڕیارە پەشیمان بکەمەوە فایدەی نەبوو. بە دوای گەڕانەوەی کاک کەریم بۆ بەغدا لەگەڵ شەهید مەلا قادر و شەهید مەحەممەد سەدیق ساڵحی زۆرم هەوڵ دا ئەو سەفەرە نەکەن، تەنانەت کاک محەممەد سەدیق کە تازەشی ژن هێنابوو ڕازی بوو نەچێ، بەڵام دەیگوت کاک مەلا قادر ڕازی بکە، بەداخەوە شەهید مەلا قادرم بۆ ڕازی نەبوو، سەروبەری بەهاری ١٩٧٣ ڕێککەوتبوون بۆ شاری بانە لەگەڵ ئەو کوڕە بانەییە کە دوایی دەرکەوت ناوی (سەلیم خات شەڕافەتی)یە و جاسووسی ساواکی بووە.

ڕۆژی سەری ساڵی تازە واتە نەورۆز من لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکارانی کۆلێژ چووبووم بۆ سەیران لە نیزیک شاری دەربەندیخان کە گەڕامەوە بۆ سبەینەکەی خێزانی شەهید مەلا قادر، حوسنی خانم هات بۆ ماڵی ئێمە بە نیگەرانییەوە هەواڵی مەلا قادری دەپرسی کە بۆ هێندەی پێ چووە و نەگەڕاوەتەوە؟ دەتگوت دڵی خەبەری ناخۆشی پێ داوە، دیارە خۆشم نیگەران بووم، بەڵام دڵیم دایەوە و گوتم ئیشاڵڵا بەم زووانە دەگەڕێتەوە.

کەریمی حیسامی داوای لە مەلا قادر وردی کرد بوو کە هەر وەک قاچاغچی کەڵکی لێوەرگرێ. بەڵام مەلاقادر دوو ڕۆژ بەر لە نەورۆزی ١٣٥٢ (١٩٧٣) لە سولیمانییەڕا بە تەلەیفون کەریمی حیسامی لە بەغدایە ئاگادار دەکا کە سەلیم هاتووە و محەممەد سەدیق هەڵدەگرێ لەگەڵ ئەو دەگەڕێنەوە بۆ بانە. کەریمی حیسامی داوای لێدەکا کە راوەستێ دوای نەورۆز بچتەوە، بەڵام ئەو گوێ ناداتێ و لەگەڵ سەلیم دەگەڕێنەوە. سەلیم، لە بانە ئەوان لە ماڵێک دادەنێ و دوایەش راپۆرتیان لێدەدا. مەلا قادر تا ئاخرین فیشەک بە دەمانچەی چاردەخۆر شەڕی کرد و شەهید بوو. لەو پەلامارەدا محەممەد سەدیق بریندار بوو و ئەگەرچی توانی لە شەڕەکە خۆی دەرباز بکا، بەڵام دواتر لە سەر جادەی بانە - سەقز بە هۆی دەستەیەک جاش گیرا و کەوتە دەستی هێزەکانی رێژیم و لە گەڵ خانەخوێ، عەزیز مستەفازادە رەوانەی زیندان کران و پاش نیزیک بە ٨ مانگ ئەشکەنجە و ئازاریکی زۆر، لە١٠ ی خەزەڵوەری ١٣٥٢(نوامبری ١٩٧٣) لە شاری سنە گوللەباران کران.

کەریمی حیسامی لە لاپەرەی ١١٧ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: "محمد سەدیق بە برینداری چۆتە ماڵی (سەدیقی قالە چاوشین)، شەو لەوێ ماوەتەوە. بەڵام بۆ رۆژی دووەم خاوەن ماڵەکە دەری کردوە، ناردوویەتە ماڵی جیرانێک بە ناوی (حوسێنی حاجی سالح) حوسێن کە هاتۆتەوە ئەویش دەری کردوە، رووی کردۆتە دەرەوەی شار. تەسادف چووتە سەر ئەو جادەیە کە بۆ سەقز دەچێت. لەوێ چریک گرتوویانە. برینەکەی لە باسکیەتی. گیراوەکانیش ئەمانەن: ١- ناجی حەمە سوور نانەوا ٢- ئەنوەری وەسمان کارمەندی بانکی سادرات ٣ - حاجی مستەفای شافیعی دوکاندار ٤- حەمەدەمینی وەستا عەولای خەیات معلم ٥ - تاهیری عەزە حاجی.

کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات دوای ئەوە کە ئاگادار بوو کە بڕیاری ئێعدامی ئەو دوو ئەندامەی حیزب دراوە، بە ڕێکەوتی ١٩٧٣/٩/١ لە نامەیەک دا بۆ سەرۆک بارزانی و بۆ مەکتەبی سیاسی داوای کرد کە بەرگری لە ئێعدامی ئەو دوو کەسە بکەن و بەڵێنیش درا بەڵام ئیعدام کران.

هاشم کەریمی لە لاپەڕەی ١٢٧ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە عەزیز بە نامە داوا لە حیزب دەکا کە بۆ چاوپێکەوتنی چەنە کەس پێویستە ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی بچتە ناوچەی بانە و کەریمی حیسامی داوا لە مەلا حەسەنی رەستگار و مەلا رەسووڵی پێشنماز دەکا، بەڵام بە هۆی مەترسیدار بوونی کارەکە ئەوان خۆ دەبوێرن و دوایە کەریمی حیسامی داوای لە مەلا قادر کرد و ئەو دەچێ و تێدادەچێ.

بە شەهیدبوونی مەلا قادر و گیرانی محەمەدسەدیق، زەبرێکی قورس وە تەشکیلاتی حیزب کەوت، زۆر کەس گیران و عدەیەک بۆ کوردستانی باشوور رایان کرد. کەریمی حیسامی لە لاپەرەی ١١٨ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: یەکێ لە رۆلە زانا و تێکۆشەرەکان بە ناوی مەلا ( عوسمان میراوەیی) کە بە ″جەلال″ ناسرابوو. لە بانە لەکن مەلا شێخ جەلال دەرسی دەخوێند. پاش رووداوەکە رادەکا و دێتە قەلادزە. برادەران خەبەریان دامێ کە مەلا عوسمان هاتوە، کە چووم بیبینم ، سەرگوزشتەی ژیان و خەباتی خۆی بە نووسین دامێ لەگەڵ خۆم هێنامە بەغدا. تا ئاخری تەمەنی پر لە شانازی کە ساڵی ١٩٨٠ لە سەردەشت بە دەستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا، لە دەبیرخانەی حیزبی دیموکرات مایەوە و سەرپەرشتی کاری رۆژنامە و نووسین و کتێبخانەی حیزبی گرتبوە ئەستۆ و نموونەی راستی و پاکی و جوامێری بوو. بێجگە لەوە جەلال بۆ کۆری زانیاری کوردیش کاری دەکرد و بۆ هێنانەوەی شریتی فۆلکلۆر یارمەتی دەدان.

حیزبی دێموکرات لە سولیمانییە بۆ مەرگی مەلا قادر پرسەی دانا و لقی چواری پارتی دێموکرات بە ماوەی٣ رۆژ بە شێوەیەکی بێ وێنە ئەو پرسەیەی بەڕێوە برد.

خەڵکی کوردستانی باشوور زۆر بە گەرمی هاودەردیان لە گەڵ حیزبی دێموکرات کرد و هەروەها لە مەراسمی چلەی شەهید مەلاقادر دا، لە ناوەندی رەوشەنبیری کورد لە بەغدا، کە بە هۆی لقی ٥ پارتی لە رێورەسمێکی بە شکۆدا بەڕێوە چوو، زۆربەی کەسایەتێ رەوشەنبیرە سیاسی - ئەدەبییەکانی کورد تێیدا بەشدار بوون و هەست و سۆز و هاودەردی خۆیان دەربڕی. مامۆستا هێمن شێعری خوێندەوە کە زۆربەی بەشداربووان گریان و دوایە دوکتور قاسملوو و عەبدوڵا حەسەنزادە بەیاننامەیەکیان نووسێ و بڵاویان کردەوە. ئەو روداوە لە هەواڵدەرییە گەورەکان و کۆروکۆمەل و رێکخراوەکانی ناوچە و جیهاندا، دەنگی داوە و تەنانەت لە وڵاتی سوئێد تێکۆشەرانی ئازادی خۆپێشاندانیان بە دژی رێژیمی شا وەڕێخست.

بە پێی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، گەورەتری کێشەی ئەم سەردەمە، لە لایەک ناکۆکی نێوان ئەندامانی حیزب، تەنانەت ئەندامانی رێبەری، وەک تورە بوونی عەوڵای حەسەنزادە و یوسف ریزوانی و ئەمیر قازی ... و دەست خستنە ناو کاروباری نێو حیزب، لە لایەن دەوڵەتی عێراق، لە رێگای دانی یارمەتی راستەوخۆ بە ئەندامانی حیزب بوو. لەو کارەدا دوکتور مرادی رەزمئاوەر دم

له پێش بوو و دەیهەویست لە ڕێگای ئەندامانی حیزب، داموودەزگایەک بۆخۆی پێکبێنێ. هەموو سەری مانگان، پیاوێکی دەوڵەتی عێراق پارەی بە سەر ئەندامان دا بڵاو دەکردەوە.

## رادیۆ

پاش دامەزرانی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، حیزبی دێموکرات بە هاوکاری بەرەی نیشتمانی (جەبهەی میللی) و حیزبی راهی ئازادی رادیویەکیان بە سێ زمانی فارسی و کوردی و تورکی لە بەغدا دامەزراند و لە سەر بڵاوکردنەوەی بابەتەکان رێککەوتن.

پاش ماوەیەک دوو ئەندامی حیزبی دێموکڕات بە ناوەکانی سەنار مامەدی و حەسەن ئەردەهاڵی هاتنە بەغدا و پەیوەندیان بە حیزبەوە گرت. ئەوانە دوایە ویستیان لە ڕێگای حاجی عومەران را بگەڕێنەوە بۆ ئێران. پارتی دێموکرات ئەوانی گرت و تەسلیم بە ئێرانی کردنەوە. ڕێژیمی شای ئەردەهاڵی ئێعدام کرد. بە دوای ئەو رووداوە دا دەوڵەتی عێراق زەختی بۆ سەر حیزب هێنا کە دەبی بە خراپە لە سەر بارزانی بنووسێ و لەوبارەوە عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٨٦ ئەزموونی خەبات دا دەنووسێ: بەعس هات گوتی ئێوە دەبێ لە ڕادیۆدا هێرش بکەنە سەر مەلا مستەفا. گوتمان نایکەین. گوتیان ئاخر ئەوە ڕەفیقەکانی ئێوەی تەحویل داوەتەوە. گوتمان دەزانین بەڵام ئێمە مەقالە لەسەر شتێک دەنووسین کە بۆخۆمان پێمان وابێ دەبێ لەسەری بنووسین. هێرش بۆسەر بارزانی بە قازانجی خۆمان و کورد نازانین بۆیە نایننووسین. گوتیان ئەگەر نەیکەن لە ڕادیۆیەکە دەرتان دەکەین. ئێمە گوتمان رادیۆکە هی خۆتانە دەتوانن دەرمان بکەن، بەڵام ناتوانن مەقالەمان پێ بنووسن. ئێمە هێرش ناکەینە سەر بارزانی. لە ڕادیۆکە دەریان کردین. مانگێ ٥٠٥ دیناریش کۆمەگیان دەکردین، ئەویشیان لێ بڕیین.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٥٧ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی دا بە نەقڵ لە سەنناری مامەمەدی لەسەر گیرانی خۆی دەنووسێ: پاییزی ١٩٧١ چوومە لەندەن و لەگەڵ سەفارەتی عیراق تەماسم گرت. پاش چەند رۆژ گوتیان چەند کەس هاتوون بت بینن. کە چووم کابرایەک بە نێوی عەلی رەزا و پەناهیان و مراد هاتبون. لەگەڵ ئەوان چوومە بەغدا. لە بەغدا ویلایەکیان دامێ. داوام کرد کە رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات ببینم، قبوڵیان نەکرد. مەحمودی برای زێرۆبەگ و عەلیخانی زێرۆبەگ و ٢٤ کەسیان ئاموزیشی نیزامی دەکرد لە نیزیک بەغدا. رامئەسپارد کە ئەحمەد تۆفیق ببینم، ئەحمەد تۆفیقیان بۆ هێنام، پاشان بردیانمە کۆبوونەوەیەک بە ناوی "جبهه متحد ملل ایران".

پاشان لەگەڵ شەش کەس بە چەکەوە چووینە رەواندز. لە رەواندز بە حەوت بار چەک و وەسائیلەوە کەوتینە رێ. بەعس بە ئێمەی گوتبوو کە لەگەڵ بارزانی قسەمان کردوە کە جەماعەتی ئێرانی دەچنەوە. ئەویش موافقەتی کردوە. دیار بوو راستیان نەکرد بوو. جەماعەتی بارزانی پێیان زانیبوو رێیان گرتبوو. لە رەواندز وەدەر کەوتین تەقەیان لێ کردین. من بریندار بووم. بە برینداری گرتیانم و بردیانم بۆ چیا. پاشان بردیانمە زیندانی رایەت. رۆژی دوایی حەمە عەزیز و سەعید مەسیفی هاتن. دوای چەند رۆژ بردیانم بۆ حاجی ئۆمەران. مەسعود هات لەگەڵ یەکی تر پرسیاران

کرد. پاشان بردیانمە زیندان و پاش ١٧ ڕۆژ بردیانم بۆ سنوور- چوپداری و سەیادیان بردیانم بۆ کرماشان".

جێێ ئاماژەیە کە لە ساتیکی ئینتیرنێتی دا باسی مەسعود ناوێک دەکا کە مووچەخۆری ساواکی بوو و بە فێڵ زیندانی دەکرا بۆ ئەوەی نەهێنی زیندانیانی سیاسی بدرکێنی و دوایە لە رادیو بەغدا دا کاری دەکرد و شێعری ئاڕەشی کەمانگەری دەخوێندەوە.

## کورتەیەک لە ژیانی دوکتور قاسملوو

دوکتور قاسملوو، کاراکتێری سەرەکی حیزبی دێموکرات لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و بەرپرسی یەکەمی کومیتەی کوردستان و کۆنفرانسی یەکەمی حیزب و کومیتەی کاتی بوو. هەرچەند لە لاپەڕەکانی پیشوو دا، بە بەربلاوی باسی کاروکردوەکانی ئەو کراوە، بەڵام جێی خۆیەتی لە زمانی خیزانیشی "نەسرینی قاسملوو" ژیان و بەسەرهاتی ئەو کاریزمایە بخرێتە بەرباس. نەسرین(لێنا) قاسملوو لە کتێبی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا کە ناهیدی حوسێنی وەریگێڕاوەتەوە، زۆر بە وردی باسی کار و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو دەکا و زۆر بابەتی گرینگ دەخاتە ڕوو کە تا ئێستا نەبیستراوە. نەسرین باسی پێشینەی بنەماڵەی قاسملوو دەکا و دەنووسێ، وسوقوودیوان بابی عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە ساڵی ١٨٧٥ لە دایک بووە. ئەو سوونی مەزهەب و پیاوێکی ساماندار و خوێندەوار و ڕووناکبیر بوو. حەوت گوندی لە گەلی قاسملوو بە میرات بۆ بەجێ مابوو. کاتێک لە ساڵی ١٣٠٧ ناسنامەی خەڵک دیاری کرا، بنەماڵەی وسووقودیوان بوون بە قاسملوو.

محەممەد وسووقودیوان لە تەورێز بەسەر ئەسپەکانی محەممەد عەلیشا کە شازادەی جێنیشین بوو، ڕادەگەیشت. ئەو بە هۆی زانیاری زۆر، ببوو بە ڕاوێژکاری دەربار و لەگەڵ شا لە کاتی ڕاو و شکار دا، جەفەنگیان هەبووە. ڕۆژێک لە کاتی ڕاو دا، شازادە ڕوو لە محەممەد وسووق دەکا و دەپرسێ: ئەوە چییە کە سەگ نایخوا بەڵام سوونی دیخوا؟

- ئەوە کەروێشکە ئێمە دەیخۆین بەڵام سەگ نایخوا.

شا توڕە دەبێ و بە پێی لاپەڕەی ٣٦ کتێبی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا" کە نەسرین قاسملوو نووسێویێتی، محەممەد وسووق دەگیرێ و کۆت و زنجیر دەکرێ و ڕەوانەی زیندانی ورمێ دەکرێ. ئەو لەوێ بە بەرتیل ئازاد دەبێ. پاش ماوەیەک محەممەد عەلیشا پەشیمان دەبێتەوە و ڕادەسپێرێ کە بگەڕێتەوە بۆ لای، بەڵام محەممەد وسووق نەگەڕاوە و بەڕێزەوە داواکەی ڕەد کردەوە.

نەسرین قاسملوو لە لاپەڕەی ٣٥ کتێبەکەیدا... لەسەر بنەماڵەی قاسملوو دەنووسێ: بنەماڵەی قاسملوو، لق و پۆپی زۆری لێ بووەوە کە لە باشووری کوردستانەوە هەتا ئیستانبۆڵی تورکیا پەرەی سەند بوو و ئەگەر بگوترێت کە ئەو بنەماڵەیە سەدان ئەندامی هەیە، زێدەڕەوی

نەکراوە. بەڵام عەبدولڕەحمان زۆر بە کەمی باسی دەکردن. هەر بۆیەش زانیارییەکانی ئێمە لەو بارەوە کەم و کورت و ناتەواون. سەبارەت بە بنەماڵەی دایکی عەبدولڕەحمانیش سەرەڕای بە دوا داچوون و لێکۆڵینەوەی زۆر، لێنا زانیارییەکی ئەوتووی نییە.
محەمەدی باوکی عبدالرەحمان هەڵگری ناوناوی سەلتەنەتیی وسووقودیوان (جێی مەتمانە) بوو هەر بۆیەش خەڵک بە وسووق ئاغا ناویان دەبرد. لە ساڵەکانی کۆتایی دەهەی ١٨٩٠ شای ئەوکات، ئەوی ناردبوو بۆ لای شازادەی جێنیشین "مەحەمد عەلی" کە لە شاری تەوریزی ئازەربایجان نیشتەجێ بوو. باوکی عەبدولڕەحمان لەوێ ئەرکی سەرپەرپشتی ئەسپەکانی شازادەی جێنیشینی لە ئەستۆ بوو.
نەسرین قاسملوو لە لاپەڕەی ٣٥ کتێبی "ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا... لەسەر بابی قاسملوو (محەممەد وسووق) دەنووسێ: کوردێکی سوننە مەزهەب و "نانە"ی دایکی ژنێکی ئاسووری و پەیڕەوی ئایینی مەسیحییەت بوو. بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ محەمەددا، ئایینی خۆی گۆڕی بوو و ببوو بە موسوڵمان و ناوی فاتمەیان لێنابوو. "وسووقودیوان" چەندین ژنی هەبوو.. نانە خانم لە دەستی مێردەکەی تووڕە بوو و دەیگوت ئەو ٢٥ ژنی هێناوە بەڵام وسووقودیوان دەیگوت کە ٩ ژنی هێناوە. بەڵام لە بەردینی ئیسلام، بە فەرمی هەر ٤ ژنی هەبوو و ژنەکانی هەر کام خەڵکی ئاواییەک بوون.
نانە خانم بە دزی سەردانی کەنیسەی ئورتۆدۆکسی لە شاری ورمێ دەکرد و هێندێک جار عەبدولڕەحمانی کوڕیشی لەگەڵ خۆی دەبرد. ئەو چونکە یەکەم کەس بوو کە منداڵی کوڕی ببوو، لە ماڵێدا ڕێزی تایبەتی لێدەگیرا.
وسووقودیوان کەسێکی لە ڕادەبەدەر دڵتەڕ بوو و تا تەمەنی ٨٠ ساڵیش دەستی لە قەرواش و کڵفەت و کارداران هەڵنەدەگرت، کاردار لە ترسان لەسەر داران خۆیان حەشار دەدا. بۆیە نانە خانم هەموو کات کڵفەتی ناحەزی ڕادەگرت.
وسووقوددیوان بە هۆی ڕێزێکی کە لەنێو خەڵک دا هەیبوو، لە ساڵی ١٨٩٦ تا ساڵی ١٩٠٧ لە لایەن موزەفەردینشا، نازناوی وسووقودیوانی پێدرا. ئەو لە کاتی دامەزرانی حیزبی تودە لە ورمێ وەک ئەندام بەشدار بوو بەڵام دوای گەڕانەوە لە سەفەری باکۆ لە ساڵی ١٩٤٥ وازی لە سیاسەت هێنا بەسەر مووچە و مەزرا و ئاواییەکانی ڕادەگەیشت.
محەممەد وسووق لە تەمەنی ٩٨ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد و ٢ ساڵ دواتر دایکی قاسملووش، نانە خانم لە تەمەنی ٧٠ ساڵی دا، کۆچی دواییان کرد. نانە نەخۆش کەوتبوو بەڵام ڕازی نەبوو دەرمان بخوا. چونکە نەیدەویست چیدیکە بژی.
محەممەد وسووق ژیرانە بۆ ڕاهینانی منداڵەکانی تێکۆشا و بەر لەوەی دەست بە خوێندن بکەن فێری سوارکاری و شێعر و مەتەڵ و بەند و یاری شەترەنجی کردبوون. هەروەها زمانی کوردی و تورکیان دەزانی و دوکتور قاسملوو ئاسوریشی دەزانی چوونکە دایکی بە نەهێنی قسەی لەگەڵ دەکرد و فێری دەکرد. جیا لەواونە هەر قوتابێک دەبوو لە کاتی خوێندن دا زمانێکی بێگانەش فێر بێ و دوکتور قاسملوو زمانی فەڕانسەوی هەڵبژارد. هەروەها قوتابی

موسوڵمان دەبوو بۆ ماوەی ٢ ساڵ قورئانیش بخوێنی. بۆیە منداڵەکانی محەممەد وسووق پێش تەواوبوونی کۆتایی دوا ناوەندی بەسەر ٥ تا ٦ زمان شارەزا بوون.
نەسرین قاسملوو لە لاپەڕەی ٣٩ کتێبەکەی دا لەسەر کاتی لە دایکبوونی قاسملوو دەنووسێ کە لە نێوان دایکی و ئامۆزایەکیدا مشتومڕ هەبوو کە بابۆش (عەبدوڵڕەحمان) لە هاوین لە دایک بۆوە، ئامۆزاکەشی دەیکوت لە زستاندا لە دایک بووە. سەرئەنجام ئامۆزاکەی سەرکەوتوو بووە و ڕۆژی ٢٢ دیسامبر وەک ڕۆژی لە دایک بوونی بابۆش دیاری کرا.
قاسملوو ساڵی ١٩٣٠ لە شاری ورمێ (ڕەزاییە) لە دایک بوو، دوایین منداڵی بنەماڵەی قاسملوو لەناو کوڕەکاندا بوو.
نانە خانم دەیگۆت کە عەبدوڕەحمان تا پێنج ساڵانەش چۆتە لایو و شیری خواردوە. دوکتور قاسملوو جگە لە ساڵی کۆتایی ناوەندی هەموو سەردەمی خویندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری زێدی خۆی تیپەڕاند. ئەو دوا ساڵی خوێندنی لە تاران تەواو کرد. قوتابییەکی سەرکەوتوو بوو. فوتباڵی و شاخەوانی دەکرد، بەڵام زۆر ئۆگری وەرزش نەبوو. لە گەنجی دا سامان دار بوو و ژیانی گەنجێتی بە خۆشی ڕابوارد.  دوکتور قاسملوو بابی زۆر خۆش دەویست و دەیپەڕەست.
دوکتور قاسملوو لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا وەک کۆمۆنیستێک چووە ڕێزی خەباتکارانی ئازادی. نەسرین قاسملوو لە لاپەڕەی ٣٣ کتێبەکەی دا دەنووسێ، کاتێک بابی ئەوەی زانی، توڕە بوو بانگی کرد و پێیگوت: "ئێستا کە وایە، تەنیا دەتوانم بڵێم، ئەگەر بڕیارت دا کارێک بکەیت، بە باشی بیکە و هەرگیز لەو ڕێبازەی کە هەڵتبژاردووە، دوور مەکەرەوە".
بابۆش (عەبدولڕەحمان) زۆربەی تەمەنی لە گوندەکان بردەسەر و جارێک دووپشک پێوەی داوە و شوێنی پێوەدانەکەی ئاوسا بوو. ئەگەر براکانی تووڕەیان دەکرد، ئەو بەردی تێدەگرتن و ئەوانیش هەڵدەهاتن. خوشکەکانی زۆریان خۆش دەویست و زۆر ئۆگری بوون و نازیان دەکێشا. مامۆستایەکی قوتابخانە لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا، کتێبی "ماڤی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا"ی دابۆیە و ئەو لە تەمەنی چاردە ساڵی دا بوو بە ئەندامی لاوانی کۆمۆنیست. کورەکانی محمەد وسووق لە کاتی ڕووخانی کۆمار دا، لە کوردستان نەبوون. حوسێنی قاسملوو لە تورکیا لە بەشی میعماریدا دەیخوێند. ئەحمەد لە پاریس لە بەشی بیرکاریدا دەیخوێند و عەلی لە تەورێز خەریکی خوێندنی پزیشکی بوو. عەبدولڕەحمانیش لە تاران، لە قوتابخانەی شەوانە ڕۆژیدا خەریکی تەواوکردنی دواناوەندی بوو. عەبدوڵڕەحمان دوای تەواوکردنی دواناوەندی کە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بۆ درێژەدان بە خوێندن چوو بۆ لای ئەحمەدی برای لە پاریس.
لەسەر شێوەی چوون بۆ پاریس، موسا عەنتەر لە بیرەوەرییەکانی دا کە لە سایتی ئینتێرنێتی دا بڵاو بۆتەوە باسی کامەران بەدرخان دەکا و لەسەر زیرەکی و لێهاتووی قاسملوو لەسەردەمی گەنجی دا دەنووسێ: ... دەمەوی لێرە باسی یادگارییەکم بکەم، کە بە بۆچوونی من بیرەوەرییەکی زور قەدر گرانە. دوو برای کوردی ئێران لە ئیستانبول دەیانخویند. حوسێن

قاسملوو لە بەشە ناوخوویی تەکنیک دەماوە و هەر لەوێش دەیخوێند. ئەحمەد قاسملووش لە کۆلیژی پزیشکی دەیخوێند و لای من دەمایەوە. پیموابێ سالی ١٩٤٥ بوو حوسێن لاوێکی ئێجگار قشت و زیرەکی هێنا لام و بەم جۆرە پێ ناساندم: عەبدولڕەحمانی برا بچوکەمانە.
عەبدولڕەحمانی قاسملوو، ئەو ساڵە لە ئێران ئامادەگی تەواو کردبوو و هاتبوو تا زانکۆ بخوێنێ، گەنجێکی خوێن گەرمی زۆر تایبەت بوو، یەکپارچە دۆستایەتی و کۆمەڵایەتی بوونی لێ دەتکا، بڵام دوو برا گەورەکەی وا نەبوون. لەوەش زیاتر، زۆر حەزی لە هونەر و ئەدەبیات بوو، بڵام حەزی دەکرد کۆمەڵناسی بخوێنێت. ناویم لە بەشی کۆمەڵناسی تۆمارکرد، لە بەشە ناوخۆییەکەی منیش دەماوە. نەك تەنیا لە بەشەناوخویی، بەڵکوو لە دوای وانەکانی زانکۆش لیم جیا نەدەبووە، ئەو بە ئاگری کورد و کوردستان دەسووتا و دەتلاوە. لە هەموو دەرفەتێکدا دەیگوت دەمەوێ بچمە ئوروپا. ئەوسا، لە ماڵی دادە مەزیەت بەدرخان لە شیشلی، هەموو یەکەم هەینیی مانگێکی تازە دوای نیوەڕۆ لە گەڵ کامەران بەدرخان قسەمان دەکرد. روژێك حەز و تواناکانی ئەو گەنجەم بە کامەران گوت. ئەویش ئاوا وەڵامی دامەوە بۆ نا، کوڕم بینێرە من بۆرسێکی خویندنی لێرە بو دابین دەکەم دواتر مۆژدەکەم بە عەبدولڕەحمان دا زور دڵخۆش بوو بەڵام پێم گوت: عەبدولڕەحمان بۆ ئەم کارە یەك مەرجم هەیە ئەویش براکانت ڕازی بن، وەک با، هەر ئەۆ ئێوارە هەر دوو براکانی هێنایە لام، براکانی گوتیان ئێمە رازین بەڵام پارەمان پێ نییە دەبی نامەیەك بۆ ئێران بنووسین و داوای پارەیان لێ بکەێن، ئینجا دوایی دەینێریین، منیش پێم گوتن: داوایی پارەتان لێناکەم و من پێویستیەکانی بۆ دابیین دەکەم، گەر برای ئێوە بێت برای منیشە. عەبدولڕەحمان لە ماوەیەکی کەم ناو تۆمار کردنەکەی زانکۆی لە ئیستانبول رەشکردەوە و ڕێکارە فەرمیەکانی ئامادەکرد و لە گاڕێژی سیرکەجی سواری شەمەندەفەرمان کرد و بەرەو پاریس بەڕێمان کرد. ئەوسا تازە دووەمین جەنگی جیهان کوتایی هاتبوو.
عەبدولڕەحمان پاش ئەوەی چووە پاریس، پەیوەندییە زانستی و سیاسییەکانی لە گەڵ من نەپچراند، لەوێ بەردەوام سەبارەت بە زانکۆ و زانست و بابەتی ئاشتی و پەڕتووکخانە و هەر بابەتیك کە بەلای منەوە گرنگ با، نامەی بۆ دەنووسیم و دەینارد. کاك کامەران زور پێ سەرسام بوو عەبدولڕەحمانیش ڕێز و حورمەتێکی زۆری بو کاك کامەران و خیزانە پولونییەکەی کاك کامەران ئەوی وەك منداڵێکی خۆی دادەنا و شانازیی پێوەدەکرد لە بەر ئەوەی خاڵی خێزانەکەم بوو، بۆیە بەردەوام پێی دەگوتم خوارزا روژێك، کە بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد گوتی: کوڕم خەمبار بووم بەوەی کە منداڵمان نابێ بەڵام تۆ و عەبدولڕەحمان ئەو بۆشاییەتان بۆ پڕ کردمەوە، ئیستا زور بەختیارم گەر بمرم بە ئارامی چاوان لێکدەنێم". ئەو قسەیە خۆشترین ڕەستە بوو کە لە ژیانم گوێم لێ بووبێتن، ئەو شەرەفەی کە پێم درا ناتوانم بە پێنووس و نووسین، مانا و قورساییەکەی پێناسە بکەم.
دوکتور قاسملوو یەک ساڵی کات هەبوو تا زمانی فەڕەنسەوی فێر بێ، بەڵام چونکە فەڕەنسی باش دەزانی، زۆربەی کاتەکانی خەریکی کاری سیاسی لە دژی ڕێژیمی شا بوو. ئەوە بوو بە

هۆی ئەوەی کە ڕێژیم نەهێڵێ بنەماڵەی قاسملوو پارەی بۆ بنێرن و پێش ئەوەی عەبدوڕەحمان داخڵی زانکۆ بێ پارەکەیان بڕی.
وسووقودیوان هەرچەند پیاوێکی دیندار بوو بەڵام قەت بیر و باوەڕی خۆی بە سەر منداڵەکانی دا نەدەسەپاند. ئەحمەد ئاغا و عەبدولڕەحمان لایک بوون. عەلیش گاڵتەی بە ئایینەکان دەکرد. حوسێن ئاغا، برا گەورەی دکتۆر قاسملوو، لە ڕێژیمی خومەینیدا لەسەر دکتۆر قاسملوو زیندانی کرا و لەوێ مەجبوور بوو قورئان بخوێنێ و ڕێسای ئایینی بەجێ بێنێ.
دوای ئەوە دوکتور قاسملوو بە هۆی کاری سیاسی لە فەڕانسە کێشەی بۆ ساز بوو و ڕێژیمی ئێران نەیدەهێشت بنەماڵەکەی پارەی بۆ بنێرن، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا توانی بە هۆی حیزبی تودە بۆرسی خوێندن لە پڕاک وەرگرێ.
لە ساڵی ١٩٤٨ حکوومەتی چەکۆسڵواکی گۆڕدراو بە حکوومەتی کۆمۆنیستی. دوکتۆر قاسملوو ڕەشتەی خوێندنی گۆڕی بۆ سیاسەت و ئابووری و لە ساڵی ١٩٥٢ لە خوێندنی باڵا، شەهادەی باڵای بەکاریۆسی سووری وەرگرت. لەو کاتەدا خوێندکاری کورد لە پڕاک نەبوو و دکتۆر قاسملوو تەنیا کوردێک بوو کە لەوێ بوو. ئەوکات لە پاریس هەموو چالاکی سیاسی ئازاد بوو، بەڵام هەرچەند لە چەکوسڵواکی حکوومەتی کۆمۆنیستی لەسەر کار بوو و هەڵوسوکەوتی ڕووناکبیران و خوێندکاران لەگەڵ بیروباوەڕی دەوڵەت دەهاتەوە، بەڵام ئەم حکوومەتە زۆر ڕازی بە خۆپیشان دان و ڕێپێوانی خوێندکاران نەبوو و تەنیا ڕێگای دەدا کە قوتابییەکان لێ هێندێک ڕێووڕەسمی کە بۆ خۆیان دیارییان کردبوو، وەک یەکی مانگی مەی بەشداری بکەن. لەو ڕۆژەدا ڕەحمانی قاسملوو بە جلی کوردی بە جۆش و خڕۆش و بە شادی بەشداریی ئەو ڕێورەسمە دەبوو، داوەتی دەگرت و گۆرانی دەگوت. ئەو کە چالاکی سیاسی لێ قەدەغە کرا بوو، ڕۆژی ١٣ سەعات کاری دەکرد. لە ژوورێکی خوێندکاری بە نێوی ئۆپلێتالۆڤا ( UPLETALOVA ) لە ناوەندی شار لەگەڵ دوو کەسی دیکە دەژیا. یەکێک لەو کەسانە عەرەبێکی مەسیحی بەغدای بوو بە نێوی ئەدیب. کەسەکەی دیکە کابرایەکی چێک بوو بە نێوی کارێل. دایک و بابی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی چێک دەژیان. دکتور لە ڕۆژانی پشوودا، زۆرتر لەگەڵ کارێل دەچوون بۆ لایان. دکتۆر بە هۆی دۆستایەتی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە، توانی بەباشی فێری زمانی چێکی بێ.
لە ساڵی ١٩٥١ عەبدولڕەحمان لە تەمەنی بیست ساڵیدا زانکۆی تەواو کرد. ئەوکات لێنا (نەسرین قاسملوو) نیزیک بە ١٨ ساڵ بوو و بۆ دابینکردنی ژیانی هەم کاری دەکرد و هەم بۆ دەستهێنانی بۆرسی خوێندنی تاقیکردنەوەی زانکۆ خۆی ئامادە دەکرد.
لە شەوێکی سارد دا کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆ بە هۆی مامۆستایەکیان بۆ میوانییەک دەعوەت کرابوون. لێنا ئەندامی گرووپی مۆسیقای کۆڕاڵ بوو کە گۆرانی بە سەر سۆسیالیزم و بەڕێوەبەرانی کۆمۆنیزم وەک ئیستالین و مائۆ ... هەڵدەکوت. لێنا چونکە کەمێک زمانی ئینگلیزی دەزانی، بوو بە میوانداری ئەو خوێندکارانەی کە دەعوەت کرابوون. ئەو چوار کەسە

بریتی بوون لە عەرەبێکی سووری کە لاقی لە ڕووداوی سەیارەی لە دەست دابوو بە درۆ دەیگوت کە لە خەبات و لە شەڕدا لاقی لە دەست داوە و زمانی چەکی نەدەزانی. کەسی دووهەم عەرەبێکی مەسیحی بەغدایی بوو بە چەکی قسەی دەکرد. دوو کەسەی دیکە کە لە ڕوانگەی لێناوە چەک بوون، بریتی بوون لە کارێل و قاسملوو. هەرچەند ئەو چوار گەنجە زۆر بەڕێزەوە لەگەڵ لێنا دەجولانەوە و قسەی خۆشیان بۆ دەکرد بەڵام لێنا ئەو کارەی پێ خۆش نەبوو.
دوایە کارڵ و دکتۆر قاسملوو، لێنایان بردەوەماڵەکەی خۆی. لەو شەوەڕا لێنا ئاشقی دکتۆر قاسملوو بوو و بە دۆستێکی خۆی دەلێ کە بە نیگای تەژی و پڕ لە خۆشەویستی و میهرەبانی چاوی لێکردووە و حەز دەکا کە خۆشی دەوێ. لە ڕۆژی دوای ئەو ڕووداوە، خاوەن ماڵ داوا لە لێنا دەکات تا ماڵەکەی بۆ چۆل بکا و لێنا لە نهۆمی دووهەمی بینای زانکۆ، لەو شوێنەی کە دکتۆر قاسملوو و هاوڕێکانی لە نهۆمی یەکەمدا دەژیان، ماڵی وەرگرت.
لە بەهاری ساڵی ١٩٥٢ لە باڵوێزخانەی ئێران لە پڕاگ مەلایەکی ڕووخۆش بە بەشداریی دوو کاربەدەستی باڵوێزخانە، ڕێوڕەسمی مارەبڕینیان بەڕێوە برد و ئەو بوو بە موسڵمان.
ئاهەنگی زەماوەند لە ڕێستورانی ماڵ بۆنەکان کە لە ناوەندی پڕاگ هەڵکەوتبوو بە خواردنی سارد بەڕێوە چوو. چونکە هەردووکیان پارەی پێویستیان نەبوو لیباسی بووک و زاوا، لە گۆڕێدا نەبوو. پاش چەند مانگ دکتۆر قاسملوو خوێندنی لە زانکۆی پڕاگ تەواو کرد. لە کاتێکدا لێنا دوو مانگ بوو دوو ژیان بوو. دوکتور قاسملوو لە مانگی سپتامبردا بە مەبەستی وەرگرتنی بەکالۆریۆس گەڕاوە بۆ ئێران. بەڕۆیشتنی ئەو لێنا ژیانی لێ شیواوە و پرۆژەی چوونە زانکۆی لێ پووچەڵ بۆوە.
دوکتور پاش گەڕاونەوە بۆ ئێران تەنیا دوو کارت پۆستاڵ و نامەیەکی بۆ لێنا نارد کە ناونیشانی چاپخانەیەکی لە تاران تێدا بوو. لێنا چەند جار نامەی بەو ناونیشانە نووسی بەڵام وڵام نەبوو. دۆست و ناسیاوەکانی پێیان دەگوت کە وازی لێهێناوی و ئەتووی ناوی و تەنانەت دکتۆر ئەو بەڵگەنامانەشی بۆ نەنارد کە زەماوەندکەیانی لە پڕاگ دەکرد بە فەرمی. ئەو بابەتە ئەوەندەی دیکەی لێنا نیگەران کردبوو. سەرەڕای هەمووی ئەوانە، لێنا دڵخۆشی خۆی دەداوە و دەڵی لە دکتۆر نەدەبۆوە و دەیگوت کە ڕەنگە کێشەیەکی بۆ خولقاوە. سەرەنجام لە مانگی ئاپریل دا لە کاتێکدا ٤ ڕۆژ بوو لێنا، منداڵێکی پرچ و نینۆکی درێژ و ئیسقانی ببوو، نامەی دکتۆر قاسملووی پێگەییشت کە هەموو بەڵگەکانی بەیانکردنی زەماوەندی تێدا بوو و داوای کردبوو کە بە پێی یاسای چێک، کارڵ بکاتەوە کەفیلی خۆی بۆ مارەبڕین. دوکتور هەروەها داوای لە لێنای کرد بوو کە بچێ بۆ ئێران و بلیتی فڕۆکەی بۆ تاران بۆ بڕی بوو و پێنج دۆلاریشی بۆ نارد بوو. پاش ماوەیەک لێنا بە خۆی و مینای کچی بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیی بەرەو تاران وڕێکەوت. یەکەم شتی کە دوکتۆر بە کچەکەی گوت ئەوە بوو، "چەند ناشیرینە". هەرچەند لێنا دەیزانی کە دوکتور گاڵتەی دەکا بەڵام ئەم قسەیەی لە دڵ گران هات. لە فڕۆکەخانەی تاران کاربەدەستانی گومرک دەستیان بە سەر هەموو ئەو شتانەدا داگرت کە لێنا لەگەڵ خۆی

بردبووی. دوایە دکتۆر و منداڵەکانی بەرەو تەجریش لە باکووری تاران وەڕێکەوتن و لە ماڵە "ت" و خوشکەکەی کە لە هاوڕێیانی پڕاگیان بوو، بە گەرمی بەخێرهاتن کران و لە نهۆمی یەکەم، لە دوو ژووری بچووکدا کە بۆیان ئامادە کرابوو، لە بن سێبەری داران نیشتەجێ بوون. پاش دوو حەوتوو دوکتۆر ئامادەی سەفەر بوو. لێنا پرسیاری کرد کە بۆ کوێ دەچێ. دکتۆر وڵامی داوە: لەمەبەدوا هەرگیز ئەو پرسیارەی لێ من مەکە.
لێنا گوتی: بۆچی؟
دکتۆر گوتی: چونکە ئەگەر ڕۆژێک لە لایەن پۆلیسەوە بگیرەی هەرچی کەمتر بزانی بۆت باشترە. دوایە "ت" و خوشکەکەشی سەفەریان کرد بێ ئەوەی هیچ بە لێنا بڵێن. کوڕێکی یازدە ساڵانەی ئەو ماڵە بە ناوی حوسێن کە هەموو شتێکی ئامادە دەکرد و لێنای فێری زمانی فارسی و چێشتی ئێرانی دەکرد، لە ماڵی ماوە و لەگەڵ مینا زۆر ڕووخۆش بوو و ئەوانە پێکەوە زۆر بە خۆشی و شادی دەژیان. پاش شەش حەوتوو شەوێک دکتۆر بە دزی گەڕاوە بۆ ماڵ و بە سەبرایی لە دەرکەیدا. لێنا هەوڵی دا ڕا بکا و خۆی لە قاپێکی دا و بەریداوە و زرینگەی هات. دکتۆر بە دەنگێکی نزم گوتی: ئەمنم، ڕەحمانم.
لەسەر شێوەی هەڵسوکەوت و کرینی پێداویستی بۆ ماڵێ، نەسرین خانم باسی ئەوە دەکا کە چۆن دوکتور قاسملوو هەوڵی داوە، نرخی پرتەقاڵ بە کابرای فرۆشیار دابشکێنێ و بە هەرزان لێیبکڕێ. نەسرین(لێنا)، بەوە تووڕە دەبێ و بە دوکتور دەڵێ کە ئەو فرۆشیارە فەقیرە و ئەتۆ دەتهەوێ پێیدا بشکێنی. دوکتور دەڵێ ڕۆژێک دێ ئەتۆش هەر ئەوەی دەکەی و لەسەر شت کڕین چەنەی لێدەدەی. قسەکەی دوکتور وەڕاست گەڕا و نەسرین خانمیش هەر وای دەکرد.
نەسرین خانم لە لاپەڕەی ٦٦ کتێبەکەی دا باسی سەردانی ماڵی ئیحسان نووری پاشا دەکا کە چۆن دکتور و ئیحسان نووری پاشا پێکەوە قسەیان کردووە و ئەویش لەگەڵ یاشار خانم، خێزانی ئیحسان نووری پاشا کە یەکی کورتە باڵا بوو، بێ ئەوەی زمانی یەکتر بزانن، قسەیان کردووە و چۆن یاشار خانم فێری لێنانی چێشتی خۆشی کرد بوو.
لێنا بە تەنیا لە شاری تاراندا دەگەڕا و شتی دەکڕی و دەیهێناوە و لە کاتی نەبوونی قاسملوودا، بەو شێوەیە خۆی دەخافڵاند. ئەو زۆری هەوڵ دا کە دکتۆر لەگەڵ خۆی بیبا بۆ باشووری شاری تاران تا لە نیزیکەوە ژیانی خەڵکی فەقیر و هەژار ببینێ. بەڵام دکتۆر ڕازی نەبوو و لە مەترسی چوون بۆ ئەوێ ئاگاداری دەکردەوە. ڕۆژێک دوکتۆر لە ماڵ نەبوو و لێنا بێ ئەوەی پرسی پێ بکات، سواری پاس بوو و بەرەو باشووری شار وەڕێکەوت. ئەو بە دیتنی ئەو هەمووە خەڵکە فەقیر و هەژار و نەدار و بێ بەرگ و پێڵاو و سواڵکەرە، سەرسام بوو. لەوکاتە دا ئەو لەنەکاو گایەکی زەلام دیت کە هەموو گیانی شەڵاڵی خوێن بوو و لە قەسابخانە ڕای کردبوو. سەرئەنجام، قەساب، بە بەرچاوی خەڵک گرتیان و بە چەقۆیان وەریگەڕانێ و هەر بە زیندووی لەتووپەتیان کرد. بەم دیمەنە، لێنا شێت بوو و وەخت بوو دڵێ بتۆقێ. بە پەلە، بۆ شمالی تاران گەڕاوە. ئەو لە جۆگە و قاناوێک دا چاوی بەژنێک کەوت کە قوونی

منداڵەکەی دەشوشتەوە و لە خوارەوەش ژنێک گۆزەی ئاوێ پڕ دەکرد. دکتۆر قاسملوو هەر لە سەرەتاوە لێنای لەگەڵ شێعری کوردی و فارسی ئاشنا کرد و ئەو ئۆگری خەیام ببوو و بە تایبەتی بە نەقاشی میناتۆڕ کە لاپەڕەی کتێبە شێعرەکانی دەڕازاندوە، سەرسام بوو.
لێنا لاواز بوو زۆرتر حەزی لە پیاسە بوو. ئەو ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی چێکۆسلۆڤاکی بوو. سەرەڕای جیاوازی پەروەردەیی و وەزعی بنەماڵەیی لە نێوان ئەو و دوکتور قاسملوو، ئەوان زۆر خاڵی هاوبەشیان هەبوو. هەردوو خولیای فیربوون، ئاشقی ئازادی و هەردوو تیکۆشەر و خەباتکار بوون.
بە پێچەوانەی قاسملوو، لێنا ژیانی سەخت بوو لە قەیرانی گەورەی ساڵەکانی ١٩٣٠ لە پراگ پێتەختی چێکوسلۆڤاکی لە دایک بوو. دایک و بابی زوو لیک جیابوونەوە و لە تەمەنی ٦ ساڵانە دا دایکی مرد و لێنا هەتیو بوو. ئیدی کەس نەبوو راهێنان، یان پەروەردە و چاوەدێری بکا. ئەو خوێندنی دریژە پێدا و چەند مامۆستا بۆ ئەو مەبەستە، هانیان دا و لە لاوەتی دا سەرجەم ١١ جار لە شارێک بۆ شارێک و لە قوتابخانەیەک بۆ قوتابخانەیەکی دیکە ڕاگوێزرا. دوایە چونکە کەسی نەبوو یارمەتی بدا، بەناچار لە خویندنگەیەکی شەوانەڕۆژی دا درێژە بە خوێندن دا. دیارە بۆ درێژەدان بە ژیان، هاوکات دەبوو کاریش بکا و فرە کاری سەخت، وەک کرێکاری کۆکردنەوە لەتە ئاسنی پاشماوەی مەکینەکان، کرێکاری قالبگیر، ژمێریار و داڕێژەری پیشەسازی، تاقی بکاتەوە. ژیانی هاوبەشی دوکتور و لێنا، ٣٧ ساڵی خایاند.
لێنا ئاشقی دکتۆر بوو و حازر بە هەموو شتێک بوو بۆ ئەو. پاش ماوەیەک دکتۆر قاسملوو بە نەسرین خانمی ڕاگەیاند کە دەبێ بچن بۆ ورمێ بۆ ماڵە بابی. نەسرین بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حوسێنێ کرد کە بۆ ئەو وەک مامۆستایەک بوو. ماڵە خەزور زۆر بە گەرمی پشتیوانیان لە لنیا کرد و ئەوان لە دوو هۆدەی خۆش نیشتەجێ بوون. لنیا بەسەر دنیایەکی تازەدا کەوتبوو و کە لەگەڵ وڵاتی خۆی عەرز ئاسمانی فەرقی بوو. ژنێکی پێشووی محەممەد وسووق کە تەڵاق درابوو بەیانی زوو هات و لێفەی لەسەر لنیا فڕێدا بۆ ئەوەی بزانێ کە نەسرین جوانە و خەوی شیرینی لێ حەرام کرد. ئەوجار محەممەد وسووق لنیای خستە ژێر پرسیاران و دەیهەوێ بزانێ کە لنیا خوشکی هەیە تا بهێنێ و لەگەڵ کوڕەکێ ببێ بە ئاواڵ زاوا و بە شۆخی بە لنیای دەگوت تۆ کوڕی منت بردووە و منیش دەتوانم خوشکی تۆ بۆ خۆم بێنم.
لنیا زۆر زوو خۆی لەگەڵ دابوونەریتی بنەماڵەی مێردەکەی ڕێک خست. جلووبەرگی شیاوی لەبەر دەکرد و بە جڵفی پێ نەدەکەنی. لێنا لەو قۆناغە و لە دواتر دا نیزیک بە ١٠ ساڵ لەوێ ماوە. ئەو ئۆگری نانە خانم دایکی قاسملوو بوو حسابی دایکی خۆی بۆ دەکرد و بە ئاسووری و تورکی و بە کوردی پێکەوە قسەیان دەکرد و بە سەختی لێک حاڵی دەبوون.
لەو ماوەیەدا لێنا تێکەڵ بە کاری سیاسی بوو و لەسەر بارودۆخی وڵاتی خۆیی قسەی بۆ گەنجان دەکرد و ڕێنمایی دەکردن. ئەو لە کاتی کۆبوونەوەکان یان نووسینی دروشم دا لە دەرەوە کێشکی دەکێشا و هاوڕێیانی لە هاتنی پۆلیس ئاگادار دەکرد.

لنیا لەگەڵ مێردەکەی سەردانی گوندەکانی دیکەی گەلی قاسملوویان دەکردو و لە لاپەڕەی ٩٢ کتێبەکەی دا باسی ئەوە دەکا کە چۆن لە ئاواییەک منداڵێکی بەر مەمکان لە بەری میچی مەتبەقێک لە جێووبان دا هەڵاوەسرابوو و ترياکيان لە بن سەری دانابوو تا بۆنی پێوە بکا و پێی بنوێ تا دایکی لە ئێوارێ دا، بە درەنگی لە کار بێتەوە بۆ لای و شیری بداتێ.
دوکتۆر قاسملوو زۆر جار لنیایی بەجێدەهێشت و دەبوو بۆ کاری حیزبی بڕوا بۆ مەئمووریت. ڕۆژێک لە کاتێکدا نەسرین خانم دەبوو لە لای دکتۆر منداڵی دووهەمی لەبار بەرێ، دوکتور قاسملوو بەجێیهێشت ڕۆیی بۆ سەفەر. پاش ماوەیەک کاتێک لنیا لەنێو کۆبۆبوونەوەیەکدا دانیشتبوو و گوێی بۆ باسەکان ڕاگرتبوو، کەسێک بە پەلەهات و پەشۆکاوی پێیگۆت کە دەبێ هەرچی زووتر لە تەورێز  عەبدوڕەحمان ئاگادار بکا کە نەگەڕێتەوە بۆ شاری چونکە پۆلیس بە دووی دا دەگەڕێ.
لێنا بە خۆی و بە کچەکە ماڵە وسووقوديوانيان بەجهێشت و چوونە تەورێز بۆ لای دکتۆر قاسملوو. دوای گەیشتنی ئەوان دوکتور قاسملوو لەگەڵ هاورێکەی دمەقاڵەیان لێ پەیدا بوو و بە توڕەیی دوکتور و منداڵەکانی هەر ئەو شەوە ماڵەکەیان بەجێهێست. بە نیگەرانی و دڵەڕاوکەیی بە کۆڵانانداماندوو شەکەت و بی هیوا، خۆیان گەیاندە هوتێلێک. پارەیان نەبوو و لنیا گوێی دێشاو و دکتۆر قاسلموو دوکتوری وای نەدەناسی کە خێزانی بەرێتە لای. خاوەنی هوتێلەکە کەسێکی شۆڕشگێر بوو، زانی کە ئەوانە کەسانی ئاسایی نیین. بۆیە دکتۆری هێنا و بە دەرمانی خۆی، لنیای چاک کردەوە و پارەی هۆتێلیشی لێ وەرنەگرتن.
ئەوان لەوێڕا چوون بۆ تاران و هەر بە ماوەیەک بە دزی لە شوێنێک دەماونەوە. لەم قۆناغەدا لێنا لە لاپەڕەی ١١٥ کتێبەکەیدا ئاوا باسی دکتۆر قاسملوو دەکا: هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕی, لێنا باشتر هاوسەرەکەی خۆی دەناسی. لێنا هەڵسوکەوت، شێوازی کار و هونەری دەربڕینی بۆچوونەکانی هاوسەرەکەی دەبینی. لە ڕوانگەی لێناوە ئەو زێڕی خالیس بوو، ڕاست و دروستی هەڵسەنگاندنەکان و بڕیارە سیاسییەکانی، لە ڕێی دەرئەنجامەکانییەوە دەسەلما. بەو بڕوا قووڵەی کە بە خەباتی دادپەروەرانەکەی هەیبوو، بۆچوون و باوەڕەکانی بۆ هاوخەباتەکانی دەگواستەوە. لێنا لە هەڵبژاردنی ئەو دا هەڵەی نەکرد بوو و هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕی، عەشقەکەی بۆ ئەو قووڵتر دەبووەوە. عەبدولڕەحمان لەو دەستە شۆڕشگێرانە بوو کە دوو تایبەتمەندیی، فرەزانی و ناخێکی ساف و پاکیان پێکەوە هەیە. ئەو بۆ چارەسەری هەر گرفت و کێشەیەک، ئەوەی بەربەستی سەر ڕێی بوو، لای دەبرد. ئەو بە شێوەیەکی لۆژیکی سەبارەت بە هەموو ئەو چالاکیانەی کە پێویستی ڕۆژانە بوون، وەها بەرنامەی دادەڕشت کە هەم لە باری مرۆڤییەوە گونجاو بێت و هەم هەموو لێی تێبگەن و ئارمانجی خەباتەکەش لە یاد نەکرێت. هاوخەباتەکانی بە وردی گوێیان لە بووچوون و قسەکانی دەگرت و بە حەزەوە باس و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکرد. لە ڕاستیدا ئەو مامۆستا و ڕاهێنەرێکی باش بوو.

لەماڵە دوکتور دا، جگە لە عەبدوڕەحمان و لنیا و مینا و سمایلی قاسملوو، ئامۆزاوی عەبدولڕەحمان، حەوت کەسی دیکە لە بەرپرسانی باڵای حیزب کە بریتی بوون لە عەزیزی یۆسفی، سەدیقی ئەنجیری، غەنی بلوریان، سولەیمانی موعینی، ئەحمەد تۆفیق، حەسەن چاو کوێر کە دەبێ سەعید کوێستانی بێ و ئاموزایەکی دوکتور بە ناوی ئەبوو، پێکەوە دەژیان. کۆبوونەوەی بەرپرسانی حیزب هەر لەو ماڵە دەگیراوە و تەنیا سمایل کە لە قوتابخانەی باڵای ئەندازیاری دا دەیخوێند، دەیتوانی بێ مەترسی بچێتە دەرێ و شت بکڕێ. سمایل لە لای بەقاڵی سەری کۆڵان متمانەی بە دەست هێنابوو و بە قەرز شتی دەکڕی. بەڵام وردەوردە پارەیان نەما و دووکاندارەکە قەرزی لەگەڵ نەکردن. ئەوان کرێی ماڵەکەشیان بۆ نەدەدرا و ساحەب ماڵیش پەڵپی پێگرت بوون. ئەوان ئەو ورکە نان و برینج و دانەوێڵانەیان دەخوارد کە لێنا لە ڕۆژانی فەرعانیدا هەڵیگرتبوو.
لەو نەهامەتی و نەدارێ دا، لێنا خەڵکەکەی بە مۆسیقای کلاسیکی بێتهۆێن و ڕێمسکی و کۆرساکۆڤ و ڕاوێل، سەرقاڵ کرد بوو و هەر ئەو چوار قەوانەشیان هەبوو. ئەوان یاریی پەڕ یان وەرەقیان دەکرد و لە بری پارە، کەڵکیان لە لووبیای سوور و نۆک وەردەگرت. ئەوجار کاتێک دانەوێڵە خورا و نەما کەڵکیان لە شقاتە وەردەگرت و دوایەش کەڵکیان لەو کوتە کاغەزە وەردەگرت کە بڕی پارەکەیان لەسەر نووسی بوو. ئەو پیاوانە ٩ کەس بوون و جیا لە دکتۆر و سمایل قاسملوو ئەوان بەرپرسانی حیزبی بەشەکانی کوردستانی بوون. هەموویان زۆریان ڕێز لە لنیا دەگرت و وەک خوشکی خۆیان خۆشیان دەویست.
لێنا(نەسرین قاسملوو) لە بیرەوەرییەکانی خۆی دا، باسی گشت ئەو کەسانە، بە باش یا خراپ دەکا کە لە جێگای خۆی دا ئاماژەی پێدەکرێ. بەڵام لێرەدا پێویستە لە زمانی لێناوە باسی ئامۆزایەکی دوکتور قاسملوو بکرێ کە لە لاپەڕەی ١٨١ دا هاتووە و دەنووسێ: ئەبوو ئامۆزاوی عەبدولڕەحمان بوو. ئەوەیش لە ڕاستگۆیی و پابەند بوون بە خەبات لە ڕێی خەڵکەکەیدا، لە ڕفیقەکانی هەڵکەوتەتر بوو. ئەویش مرۆڤێکی گەرموگوڕ و خاوەن زەوق بوو و هەموو بەو بۆنەوە خۆشیان دەویست. ماوەی ١٣ ساڵ لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیم دا زیندانی بوو. پاش ئازاد بوونی لە زیندان، ماوەیەک لەگەڵ ناجێگیر بوونی دەروونی ململانی کرد و لەم ماوەیەدا هەڵسوکەوتێکی ڕاڕایانەی هەبوو. هەستیاریی لە ڕادەبەدەری ئەو، بووە هۆی ئەوەی نەتوانێ برینە کۆنەکانی بە تەواوی لەبیر بکات. سەرەڕای ئەوەش چووە شاخەکانی کوردستان و پەیوەست بە ڕیزی هاوسنگەرە کۆنەکانی خۆی بووەوە. پاشماوەیەک چووە دەرەوەی وڵات و ئێستاش بە هەژاری دەژی...
یەکێکی دیکە لە هاوکارەکانی عەبدولڕەحمان، ناوی پەرویزی حیکمەتجوو بوو. ئەو تاکە کەسی غەیری کوردی گرووپەکەیان بوو. لێنا(نەسرین قاسملوو) لە لاپەڕەی ١٧٧کتێبەکەی دا بە وردی باسی پەرویز دەکا و دەنووسێ: پەرویز، فارس و دەرەجەداری هێزی ئاسمانی شاهەنشایی بوو. لێنا ماوەیەک پێش هاتنی بۆ ئێران، لەگەڵ بنەماڵەی پەروێز ئاشنا ببوو. لێنا لە زەماوەندی پەرویزدا بەشداریی کردبوو هەر کاتێکیش پەرویز لەگەڵ هاوسەرەکەی تووشی

کێشە دەبوو، دەردەدڵی بۆ لێنا دەکرد. لێنا لەگەڵ دایکی پەرویزیش نێوانی خۆش بوو. خوشکی پەرویز جارێکیان لە تاران عەبدولڕەحمانی لە گرتن ڕزگار کرد بوو. پاش ساڵانێک لێناش فریای کوڕی ئەو ژنە کەوتبوو. کوڕەکە لە مردن دا بووە و باوکی بەڕێ کردەوە بۆ پراگ و لەوێ لێنا بە هانایەوە هاتبوو.
ئەوان سەرەتا لە تاران و دواتر لە بەغدا پێکەوە لە ماڵێکدا ژیا بوون. لێنا پێی وابوو بە باشی دەیناسێت. بە لای لێناوە، پەرویز پیاوێکی نەوسن، تەمبەڵ خۆ هەڵکێش بوو. وەکوو جەستە هێرکوولێکی ڕاستەقینە بوو. تۆنی دەنگی گەرم بوو کاتێک پێدەکەنی دەنگی قاقاکەی شووشەکانی دەلەراندەوە. زۆریش پێدەکەنی. کاتێکیش بەو دەنگە گەرم و پوختەیەوە تەنانەت بە سەرتەش قسەی دەکرد، لە ژوورەکەی تەنیشتیەوە دەنگی دەبیسترا. لەم دنیایەدا جگە لە کۆمۆنیسم هیچی دیکە بە لایەوە پیرۆز نەبوو. ئەو گاڵتەی بە ئەشکەنجە گەرەکان و پیاوەکانی ڕێژیم دەکرد و هەمیشە دەیگوت کە دەتوانی لەبەرانبەریاندا خۆڕاگر بێت، تەنانەت ئەگەر بە نرخی لە کیسدانی گیانیشی بێت. بە لای لێناوە ئەم قسانە زیاتر وەک فڕوفیشاڵ و خۆهەڵکێشان دەهاتە بەرچاو، چونکە کێ دەتوانێ بڕیارێکی لەم چەشنە بدات؟ کاتێک لێنا، ئەو خۆ بە پاڵەوان زانییانەی بەو دەنگە گڕەوە لە پەرویز دەبیست، خوداخودای دەکرد کە هەرگیز نەگیرێت و نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجەوە. چونکە لێنا بڕوای بەوە هەبوو کە زۆربەی ئەو مرۆڤانەی ئاوا خۆیان هەڵدەکێشن، زۆریش خۆڕاگر دەرناوچن. ڕۆژێک لێنا، هەر لەو پەیوەندییەدا، بیرکردنەوەی خۆی بۆ پەرویز باس کرد پەرویز بەو قینەوە سەیری کرد و پاشان بۆ ئەوەی نیشان بدات خۆی هەڵناکێشێت، جگەرەکەی لەسەر دەستی کوژاندبووەوە بەبێ ئەوەی، ئاخێک هەڵکێشێت یان جووڵەیەک بکات، بۆ کڕووز هەموو ماڵەکەی داگرتبوو. دواجار پەرویز گیرا، لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد، بەڵام کەسی پێوە نەکرد.
لێنا لە لاپەڕەی ١٢٢ باسی کۆخەڕەشی منداڵەکەی دەکا و دەڵێ کە پارەیان نەبوو کە بیبەنە لای دکتۆر. ئەو پیاوانەش کە لەوێ بوون هەر پێیانگوتووە کە هیچ نییە و بۆخۆی چاک دەبێتەوە. بەڵام لنیا دڵنیا نەبوو. بۆیە بە هەر جۆرێک بوو، سمایل لە شوێنێکی دووری تاران، دوکتورێکی دیتەوە کە گوایە بەبێ پارە نەخۆش دەبینێ. هیچ کام لە پیاوەکان حازر نەبوون کە لەگەڵ لنیا بچن بۆ لای دوکتۆر. لنیا بە تووڕەیی کچەکە هەڵدەگرێ و بەبێ پارە و بەبێ ئەوەی پارەی بلێتی پاسی پێبێ، دەڕوا. دکتۆرەکە دوای ئەوە چاوی بە مینا دەکەوێ و دەرمان بۆ دەنووسی، داوای پارە دەکا. لێنا بە ناڕەحەتی و بە تووڕەیی بە سەریدا دەگوڕێنێ و دەیهەوێ بڕوا بەڵام دکتۆر دەرمانی دەداتی و مینا چاک دەبێتەوە.
لەو شوینە دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی ڕۆژنامەی کوردستانیان دەرکرد. لێناش لەگەڵ ئەوان دەست بەکار بوو و لاپەڕەبەندی و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی بە ئەستۆوە گرت و جیا لەوانەش کێشکی دەکێشا.

لێنا لە لاپەڕەی ١١٦ کتێبەکەیدا باسی کاریگەری دوکتور لەسەر هاوڕێیانی دەکا و دەنووسێ: هاوخەباتەکانی بە وردی گوێیان لە بووچوون و قسەکانی دەگرت و بە حەزەوە باس و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکرد. لە ڕاستیدا ئەو مامۆستا و ڕاهێنەرێکی باش بوو.
لەو وەزعەدا، هەڵسکووکەوتی لنیا زۆر ژیرانەی بوو. مێردەکەی بەرپرسی ئەوان بوو قەت کاریکی نەکرد کە زیان بە پرستیژی ئەو بگەیەنێ.
لەو ماڵە دا جارجار شتی سەیر رووی دەدا. لنیا لە لاپەڕەی ١١٩ کتێبەکەی دا باسی کەسێک دەکا بە نێوی ئەحمەد - ت (ئەحمەد تۆفیقە) دەکا و دەنووسێ کە ڕۆژێک ئەو ناوقەدی مینای گرت بوو و لەسەر لێواری بەرهەیوان کە لە نوهوومی پێنجەم هەڵکەوتبوو، دەیهێنا و دەیبرد. لێنا بە دیتنی ئەو وەزعە زراوی چوو و زۆر ترسا. بە ئارامی لە مینای نیزیک بۆوە و پڕی پێداگرتوو و بە توڕەیی دەنگی ئەحمەدی دا. ئەحمەد بە پێکەنینەوە گوتی نیگەران مەبە ئەگەر بکەوتایە بەرپرسایەتیەکەم بەئەستۆوە دەگرت.
لێنا لە وڵامدا شەرمی وەلاونا و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد، نەفام ئەگەر ئەو منداڵە بمردایە بەرپرس بوونی تۆ چ کەڵکێکی بۆ من دەبوو.

## بەشی ١٠١

## تەیمووری بەختیار

تیمووری بەختیار یەکێک لە ئەفسەرانی بە توانا ئێران بوو کە لە تێک شکانی جوڵانەوەی ئازەربایجان و کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥ دا دەستی باڵای هەبوو. بەختیار لە ساڵی ١٣٣٥ بوو بە بەرپرسی ساواک و لە سەردەمی ئەو دا، سەختترین ئەشکەنجەکان لە زیندانەکان دا بەرێوە چوو و رێکخرا و تاقمە سیاسییەکان بە توندی سەرکوت کران. بەختیار لە ساڵی ١٣٣٩ لە لایەن شایەوە هەڵگری پەیامێک بوو بۆ جان ئێف کندی و ئەو بە توندی رەخنەی لە پەرەستاندنی گەندەڵی لە ئێران و بێ توانای شا لە ئیدارەی وڵات دا دەربری و ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە شا لە بەختیار درڕدۆنگ بێ و لە رەشەمەی ساڵی ١٣٣٩ لەسەر کاری لابرێ. بە دوای ئەوەدا بەختیار بە بێ ترس دەستی بە رەخنە گرتن لە دەوڵەت کرد. تا لە ساڵی ١٣٤٠ لە ئێران دوور خراوە. بەختیار چوو بۆ رۆم و لەویڕا چوو بۆ سویس و دەستی بە تەبلیغات بە دژی رێژیم کرد. ئەو لە مانگی بانەمەڕی ١٣٤٨ دا هاتە بەغدا لە کۆشکی نووری سەعید جێگیر بوو تا رێبەری دژایەتی لەگەڵ رێژیمی ئێران لە نیزیکەوە بە دەستەوە بگرێ.

موراد عەزیز(مورادی رەزمئاوەر) لە ناساندنی دوکتور رادمەنیش سکرتێری حیزبی توودەی ئیران و گەورە پیاوانی عێراق، بە ژێنراڵ تەیمووری بەختیار، دەوری گرینگی گێرا. دیارە ئامانجی ئەوکاتەی حیزبی توودە و ژێنراڵ بەختیار، تەنیا هاوکاری بۆ لەناو بردنی شا بوو.

لە تەشکیلاتی بەختیار دا کەسایەتییەکانی کورد رۆڵی گەورەیان گێڕا و جیا لە دەستەی قادر شەریف کە ئەندامی حیزبی دێموکرات و حامید بەگ کە فەرماندەری هێزەکانی یەکێتی بوو، مامۆستا زەبیحی و محەممەدی شاپەسەندیش هەڵسووڕ و کارا بوون.

محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٧٩ بیرەوەرییەکانی دا باسی جیاوازی کاری بەختیار و پلان و بەرناکانی لەگەڵ پەناهیان و رۆڵی خۆی و زەبیحی دەکا و لە وڵامی ئەمیری حەسەنپوور دەنووسێ: مەسەلەی ژانراڵ تەیمووری بەختیار و مەحموودی پەناهیان، دوو بابەتی زۆر جیاواز و لە هەمان کاتیشدا سەر و ژێری پیلانێکی تایبەتین! تەیمووری بەختیار هەروا سەرزەدە نەهاتبوو بۆ عێراق. پێش ئەوەی لە مێژووی ٢٧/٢/١٣٤٨ دا بگاتە بەغدا، کۆشکی نووری سەعیدی بۆ ئامادە کرابوو. کاتێک گەیشت، پێش ئەوەی ماندوویی بحەسێتەوە، نوێنەری (تودە) بە ئەدەبێکی دیپلۆماسیانە لە پەنایدا راوەستا بوو، وتووێژی سەرەتایی زۆری نەخایاند. بۆ شەو جەنابی دوکتۆر رادمەنیش سکرتێری یەکەم و رابەری حیزبی توودەی ئێران و هەروەها دوکتۆر مورادی رەزم ئاوەر نوێنەری تایبەتی توودە و ژانراڵ بەختیار، تا درەنگانێکی شەو خەریکی وتووێژ بوون! جا ئەگەر لە پەراوێز یان سووچێکی ئەم وتووێژانەدا، عەبدورەحمان زەبیحی وەک راوێژکەر و شاپەسندی وەک جێبەجێکەری ئەو بڕیارانە کە دەبێ لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێن، چالاکیەکانمان نواندبێ، ئەوە دەبێتە لاپەرەیەکی تاریک و رەش لە ژیانی زەبیحیدا! بۆ چی؟!

لێرەدا وێدەچی کاک حەسەنپوور ئاگای لە لایەنەکانی مەسەلەکە نەبێ، بەڵام ئیتر ئەوە ئەوپەری بێ بەندوبارییە بۆ ئەوانەی کە خۆیان لە ناوەراستی مەسەلەکەدان، ئینجا بە باری مەنفیدا هەڵی دەگێرینەوە و دەیانەوێ یەکێکی وەک زەبیحی پێ بەدناو بکەن. ئەو لایەنەی کە منیان بە بەختیار ناساند، بە زەبیحیشەوە، هەر لە (بیرووت)ەوە تەئکیداتی پێویستیان بۆ بووژاندنەوەی قانوونی ئەساسی ئێران و خودگەردانی کوردستانی ئێران، لە بەختیار وەرگرتبوو. جگە لەمە، بەرنامەکانی شاراوە نەبوون، هەر بە گەیشتنی بۆ بەغدا رەسمەن رایگەیاندبوو. بەڵام مەسەلەی چەکدارەکانی کوردستان کە کاک حەمەدەمینی سیراجی زۆر پێیەوە ماندووە و بۆیان دەتلێتەوە، وا باشە دڵنیا بێ کە تا بەختیار مابوو ئەم چەکدارانە بەوپەری ئاسوودەیی‌یەوە دەژیان و کەموکورییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

شاپەسەند لە لاپەڕەی ٦٨ بیرەوەرییەکانی لە سەر پەیوەندی قادر شەریف بە تیمسار بەختیار دەنووسێ: ژنراڵ بەختیار کۆمەڵێک نامەی ئامادە کردبوو کە لە کوردستانی ئێران بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان و کەسایەتیە دەسەڵاتدارەکانی سەر بە رێژیم بنێردرێ. لەو نامانەدا بەرنامەی کاری خۆی روون کردبۆوە و داوای لێ کردبوون خۆیان ئامادە بکەن بۆ هاوکاری! باش بوو بە یارمەتیی کاک قادر و دووسێ ئافرەتی خۆمانە و دڵسۆز، نامەکان گشتیان بەرێ کران و "میرزا برایمی سەرخانی" یش بۆ گەیاندنیان دەوری باشی گێرا. ئەو نامانە زۆریان وەڵامیان دەهاتەوە، بەڵام ناوەرۆکی وەڵامەکان وەک یەک وابوو، دیار بوو رێژیم ئاگاداری مەسەلەکەیە!

محەممەد شاپپەسەند لە لاپەڕەی٨٥ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر هێزەکانی بەختیار دەنووسێ: حامید بەگ مرۆڤێکی دلێر و کۆڵنەدەر و نیشتمانپەروەر بوو، بۆیە لە ناو پێشمەرگەی گەلی کوردستاندا لای مام جەلال گیرسابۆوە. لە ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ دا باش نەمدەناسی، بەڵام بە هۆی "قادر شەریف"ەوە لەگەڵ خێزانی ناسیاویمان هەبوو، دایکی پەخشان خان ئەو سەردەمە بۆ ناردن و رەوانە کردنی نامە و ئەو جۆرە شتانە بۆ پیاوە ماقووڵ و سەرەک عەشیرەتەکان لە کوردستانی ئێران، یارمەتی دەداین. دوای ئەمە لە ( بەکرەجۆ) کاک حامیدم ناسی، دیار بوو زەبیحیش دەیناسی. ئەوکاتە پێویستمان بە فەرماندەیەکی لێهاتوو بوو، فەرماندەی چەکدارەکانی ژانراڵ تەیمووری بەختیار وەئەستۆ بگرێ. بۆیە تکام لە مام جەلال کرد حامید بەگ بۆ فەرماندەیی چەکدارەکانی بەختیار دیاری بکات. ئەگەرچی مام جەلال خۆشی دەویست و پێی خۆش بوو هەر لای خۆی بمێنێتەوە، لەسەر ئەوەشرا هەر پەسەندی کرد.



تەیموری بەختیار

شاپەسەند لە لاپەڕەی ٧١ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە لە رێکەوتی ٨ ئابی ١٩٧٠ لە راوێ تەقە لە بەختیار کرا و بریندار بوو و هەر ئەو رۆژە

دەست و پەیوەندییەکانی هەموو گیران تەنیا یەک کەس نەبێ کە ناوی ئەمیر بوو و لەوێ نەبوو و لەماڵێ بوو. شاپەسەند دەنووسێ کە لەگەڵ زەبیحی و عومەر مستەفا بۆ ئێوارێ چوونە نەخۆشخانە بۆ سەردانی بەختیار بەڵام ڕێگایان پێ نەدان و هەرئەو شەوە بەختیار مرد. بەیانی شاپەسەند دەچێتە لای خێزانی کە نەزانی بوو مێردەکەی مردووە و لەسەر کوژرانی بەختیار دەنووسێ: ... ئەم ڕووداوە لە دەوروبەری شاری بەغدا، لە کاتیکدا بەختیار خەریکی ڕاو دەبێ، ڕوودەدات. لە پێشدا ″ئەحمەد″ ناوێکی سەر بە ئەمن خەڵکی (سەعدییە) تەقەی لێ دەکات، دوای ئەمە، یەکێتر لە دواوە تەقە لە ئەحمەد دەکات و دەیکوژێ، پاشان یەکێک لە هاورێیان بە هاوکاری ئەوانی‌تر ژانراڵ دەخەنە ناو سەیارەوە و بەرەو شار وەرێدەکەون. ئەگەرچی ئەم کابرایە لە هەمان ئێلی ژێنراڵ واتا (بەختیاری) دەبێ. هەر لە ئەوەڵەوە بە جلفی و بێ بەند و باوی مەشهوور دەبێ، ڕێگای خەستەخانە ئەوەندە دوور و درێژ دەکاتەوە تا بریندارەکە خوێنی زۆری لەبەر بڕوا، کاتێک دەگاتە خەستەخانە، ئاهی تێدا نەمابێ و گیانی لەدەست دابێ.

محەممەد شاپپەسەند لە لاپەڕەی ٨٠ بیرەوەرییەکانی دا هەر لەسەر کوشتنی بەختیار دەنووسێ:

سێ ڕۆژ پێش تیرۆری بەختیار، ساواک لە کوردستان بڵاوی کردبۆوە ئەمرۆژانە بەختیار دەکوژرێ! کە گەرامەوە بەغدا ئەو خەبەرەم بۆ گێراوە، سەری هەڵبری و کوتی: دڵنیا بە ئەگەر خوا نەمکوژێ، کەس ناتوانێ لەناوم بەرێ. کەچی زۆری پێ نەچوو لە ٨ی ئابی ١٩٧٠دا تەیمووری بەختیار کاتی ڕاوکردن لە نزیک بەغدا تیرۆر کراو بۆ شەو وەفاتی کرد. تیرۆری بەختیار ڕووداوێکی سەر سورهێنەر و نادیار بوو. پیلانێکی چەند لایەنە و جێ پەنجەی گەورە سیخوارنی ناوچەیی و دەرەوەی پێوە دیار بوو! زۆر لایەن لە جێبەجێکردنیدا هاوبەش بوون، بە تایبەتی حیزبی توودە، بەشداری خودی رادمەنیش و ساواک بە نوێنەرایەتیی عەباس عەلی شەهریاری، وەک کەڵە مۆرەیەکی ساواک و لە هەمان کاتیشدا بڕوا پێکراوی دوکتۆر ڕەزا رادمەنیش! نیهایەتی کاری خودی دوکتۆر رادمەنیشی بە شوێنەوە بوو. شەهریاری هەروەها نیازی وابوو شەوی کودەتا دژی (حشع) لە سنووری ئێران و عیراق، رادمەنیش بێ هۆش بکات و وەک دەسکەگوڵ پێشکەشی ساواکی بکات. ئەم پیلانە بە هۆی کودیتاوە دواکەوت، بەڵام توانیی "عامرعەبدوڵلا"ی ئەندامی رابەرایەتیی (حشع) تەسلیمی ساواک و بە پێنج شەش ساڵان گرفتاری زیندانی بکات.

دواتر مامۆستا زەبیحی کە هاوکاری نیزیکی بەختیار بوو لە ١٩٧٣دا بە هۆی دەوڵەتی عێراق گیرا. محەممەد شاپەسەند لە لاپەرەی ٨٣ بیرەوەرییەکانی دا، وڵامی کتێبی عەلی کەریمی دەداتەوە کە لەسەر مامۆستا زەبیحی (خاڵی) کۆی کردوتەوە و دەڵێ کە زۆربەی ئەو هەوڵانەی کە گوایا بۆ رزگاری ئەو دراوە ڕاست نییە و دەنووسێ کە مەلا عەوڵا (مەلاماتۆڕ) دەستی نەدەڕۆیی، عەریفێکی عەڕەب لەو بەدەستەڵاتر بوو و ئەوەند بە جەرگ نەبوو کە لەبەرانبەر سەدام دا پارێزگاری لە زەبیحی بکا. هەروەها عوبەید بارزانیش دەستی نەدەڕۆیی. شاپەسەند دەڵێ کە لە زیندان دا بۆخۆی بە زەبیحی ڕاگەیشتووە و خواردنی بۆ بردوو و دەڵێ کە تەنیا کەسێک کە لە فریای کەوت

و له مردن نەجاتی دا، خێزانی تەیموری بەختیار بوو و له لاپەڕەی ٨٤ دا دەنووسێ: سەعاتێک پاش گیرانی من له ماڵی بەختیار بووم. تێم گەیاند که زەبیحی گیرا، ئەگەر زۆر زوو فریای نەکەوی دەکوژرێ! ئەو خانمە نەجیب و خانەدانە کاتژمێری دەی بەیانی بە تەلەفون لەگەڵ سەرکۆمار ″ئەحمەد حەسەن بەکر″ لەسەر زەبیحی مشتومریان بوو، وازی نەهێنا تا سەرکۆمار بەڵێنی سووک کردنی مەسەلەکەی نەسەلماند.

محەممەد شاپەسەند دوای ئەوە باس دەکا که زۆر لایەن بە تایبەت حیزبی توده له کوشتنی بەختیار دا دەستی هەبوو، درێژدادڕی دەکا و لەسەر ئەو بڕوایەیە که دارودەستەی توده له لەناوبردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات دا بەشدار بوو و له لاپەڕەی ٨١ بیرەوەرییەکانی دا هێرش دەکاتە سەر حەمەدەمینی سیراجی و دەنووسێ: ... بەڵێ ئەمە بوو سیاسەتی حیزبی توودە و بگرە باڵاتریش که بە دەستی پەناهیان و دوکتۆر موراد جێبەجێ دەکرا و جەنابی کاک حەمەدەمین و زۆری وەک ئەویشی تێدا هاوبەش بوون. هەمان سیاسەتی بۆ لەناو بردنی کومیتەی شۆرشگێری دیموکرات که ئاغایانی دەوری شوومی پەناهیان پێ ئەسپێردرابوو، هەمان سیاسەتی تێکدەری ریزەکانی حدکا له کۆنگرەی چواردا و ... که خۆشبەختانە ئاکامی له کەس شاراوەنییە.

## ژێنراڵ مەحموود پەناهیان

له ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧٠) پەیوەندی دەولەتی ئێران و عێراق بە هۆی داگیرکردنی دوڕگەکانی "ئەبووموسا" و "تونبی" چکوله و گەوره له لایەن رێژیمی ئێرانەوه تێکچوو. هەرکام له دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق، هەوڵیان دا تا پشتیوانی له هێزی نەیاری دوژمنەکەیان بکەن.

ژێنراڵ پەناهییان یەکێک له نەیارانی دژ بە دەوڵەتی ئیران بوو که له لایەن دەوڵەتی عێراقەوه بە دژی رێژیمی پاشایەتی ئێران تەیار کرا. ناوبراو له ئەفسەرانی فرقەی دێموکرات بوو که بە دوای تێکچوونی فرقه چوو بووه باکۆیه و دوایه هاتبووه عێراق و توانیبووی ئیمکاناتێکی زۆر له دەوڵەت وەرگرێ.

محەممەد شاپەسەند له لاپەڕەی ٧٠ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر دوکتور موراد رەزم ئاوەر و ژنرال مەحموودی پەناهیان دەنووسێ: له ساڵانی شەستی سەدەی رابردوودا کۆمەڵێک له ئەفسەرەکانی توودەیی له عێراق بوون و لەگەڵ ریژیمی بەعسی عێراق هاوکارییان دەکرد، لەناو ئەواندا ئەفسەری باش زۆر بوون و هەر بەم جۆرەش مانەوە، هەروەها ئەفسەری وەهاشیان لەناودا بوو که له پشت حیزبەوه پەیوەندیی راستەوخۆی تایبەتیان بۆ خۆیان ساز کردبوو. سەروان ″موڕادی رەزماوەر″ لەو ئەفسەره توودەییانە بوو که دوای شکستی فیرقەی دیمکراتی ئازەربایجان و گەرانەوەی ئەرتەشی ئێران بۆ ئازەربایجان، رووی کرده ئازەربایجانی شوورەوی، له کاتی پەڕینەوەی مەلا مستەفا و بارزانیەکاندا له ئاوی ( ئاراس)، موراد عەزیز له باکۆ بوو، دوایی له کاتی شۆرشی تەمووزی ١٩٥٨ دا له تشرینی ئەوەڵی ١٩٥٩ دا له لایەن سەرکردایەتیی پارتیەوه بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی هەڵبژێردرا.

شاپەسەند دوای ئەوە لە لاپەڕەی ٨١ دا دەڵێ لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆ دا مەحموودی پەناهیان ژێنڕاڵی فرقەی دێموکرات و بڕوا پێکراوی کامبەخش و باقرۆڤ هاتە بەغدا، لە لاپەڕەی ٧٢ بیرەوەرییەکانی دا لەسەر پەناهیان و کارەکانی و موراد ی ڕەزمئاوەر دەنووسێ:

پەناهیان، لەسەرەتادا سەر بە سازمانی ئەفسەرانی حیزبی توودەی ئێران بووە. دوای دامەزرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، لەگەڵ کۆمەڵێک ئەفسەری تر بە نیازی بە هێزکردنی ئەو ڕێکخراوە نوێیە گوێزرایەوە بۆ فیرقەی دیموکرات و پلەیەکی لەشکریی زیاتر واتا (ژانراڵ)ی پێ بەخشراوە. دوای تێکچوونی فیرقە، ڕووی کردە ئازەربایجانی شوورەوی، لەوێوەش پاش تیرۆری ژانراڵ بەختیار، وەک موراد ڕەزم ئاوەر لە ڕێگەی پەیوەندیە تایبەتەکانیەوە گوێزرایەوە بۆ عیراق. پەناهیان، بە پێچەوانەی سیاسەتی ڕابردووی توودە سەبارەت بە مەسەلەی بەختیار، دەورێکی تێکدەرانەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەشکیلاتی بەختیار لە باکوور و ناوەند و باشووری عیراق پێ ئەسپێردرابوو.

ئەو کابرایە کە ئازەرییەکی دەمارگرژ و دیکتاتۆر و هەمیشە تووڕە بوو، تەنانەت لە ناو سۆڤیەت و حیزبی توودەشدا بەدناو بوو. لە ناو ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەدا بە باشی ناویان نەدەبرد، بە ئاشکرا باسی دەکرا، گوایە سەری بە جێگەیەکەوە بەندە! تەنانەت ئەوکاتە کە "دانیشیان" ڕابەری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو، تاقمێکی گەورەی پێنج سەد کەسیی لە موهاجیرە ئازەبایجانیە ئێرانیەکانی سەر بە " پەناهیان "بە تۆمەتی ئەوە کە گوایە داوایان کردووە بیانگێرنەوە بۆ ئێران، دوور خراونەتەوە بۆ (سیبریا)، بەڵام دوای مەرگی ستالین جارێکی تر دەیانگێرنەوە بۆ (کازاخستان)، بە تایبەتی بۆ (ئاڵمائاتا)ی پایتەختی کازاخستان .

پەناهیان دوای جێگیربوونی لە بەغدا، بە هاوکاریی دکتۆر مراد عەزیز و شێخ جەبار دەستی کرد بە گرتن و تێکدان و بڵاوەپێکردنی هەرچی کە بۆ بەختیار ئامادەکرابوو. تەنیا لە باکووری عیراق( هەڵەبجە و سەیدسادق و خانەقین) نزیکەی هەزار و دووسەد چەکداری ئامادەی هەبوو، ڕۆژانە دەستە دەستە بە بیانووی دەست وەشاندن لە ڕێژیمی شا ڕەوانەی باشووری عێراق دەکران، لەوێشەوە دەنێردران بۆ ناو ئێران. ئەو جارە لەبەر ئەوەی تەشکیلاتی ئەم چەکدارانە دوای تیرۆری بەختیار ساواکی زۆری تێخزابوو، هەر بە گەیشتنیان بۆ سنووری ئێران، یا لەناکاو تووشی شەر دەبوون و دەکوژران، یان دەگیران و ڕەوانەی زیندانەکانی شارەکانی ئێران دەکران! ئێمە ( خۆمان) کە دووسێ ساڵ بوو، بە کۆکردنەوەی ئەو خەڵکە ماندوو ببووین و بەشی زۆریان ناسیاو و برادەری کۆن بوون، بە تێداچوونیان نارەحەت دەبووین. ڕۆژێک بە ناچاری پێم وت: جەنابی ژانراڵ وێ دەچێ دوای تێرۆری بەختیار تەشکیلاتی چەکدارەکان، ئەوانەی لەم دواییانەدا دەنێردرێن، ساواکی تێکەوتبێ. کەواتە بۆ دەیاننێرن؟. وادیار بوو لە پرسیارەکەم تووڕەیە، ڕووی تێکردم و گوتی: ئاخر حاجی تۆ نازانی من بۆیە ئەوانە دەنێرم تا بگیرێن و زیندانەکانی ڕەژیم پڕ بن و کۆمەڵانی خەڵک شۆرش بکەن؟

پەناهیان و دوکتور موراد ڕەزم ئاوەر هەوڵیان دا بەرەیەک لە هێزی چەپ بە هەموو لایەنەکان پێک بێنن. لە سەرەتادا خەڵکێکی زۆر لە ئۆپۆزۆسیۆنی ئێران لە دەوریان کۆبوونەوە. بەڵام زۆر زوو

دەرکەوت ئەمانە نیازیان وایە کۆنترۆڵی ئەم بەرەیە بگرنە دەست و لە چوارچێوەی بەرنامە تایبەتیەکانی خۆیاندا بەرێوەی بەرن. لەبەر ئەوە چەند لایەنێک هەر زور زوو بەغدایان بە جێهێشت، دوایی تەنیا جگە لە خۆیان ( وەک حیزبی توودە) و ( حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) و( فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) و ئێمە، وەک سەربەخۆ، مابووینەوە. مەرجی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشدار بوون لەم بەرەیەدا، ئەوە بوو بتوانێ سیاسەتی حیزب لە ( رادیۆی شۆرشگێرانی ئێران) و راگەیاندنەکانی تر دا بڵاو بکاتەوە. پاش ماوەیەک پەناهیان داوا دەکات بەیاننامەیەک دژی مەلا مستەفا بە فارسی و کوردی و ئازەری لە رادیۆی شۆرشگێرانی ئێران بڵاو بکرێتەوە. بەڵام (حدکا) رازی نابێ و هاوکاری حیزب و پەناهیان بەم جۆرە دوایی دێت. جگە لە (رادیۆی شۆرشگیرانی ئیران )، ( بەرە) رۆژنامەیەکی بە زمانی فارسی و ئازەری و کوردی بڵاو دەکردەوە، بەشی کوردی لە لایەن زەبیحی و سیراجی و بەشی ئازەری لە لایەن برادەرێک بە ناوی دکتۆر و بەشی فارسی لە لایەن "پەناهیان" و مەحموودی نەوایی کە بە ناوی "دوکتۆ سەدیق نەوایی" ناوبانگی بڵاو ببوەوە، بڵاو دەکرایەوە. یەکەم ژمارەی "راه اتحاد"، کە کوردیەکەی "رێگای یەکێتی" بوو، لە نیسانی ١٩٧١ و ژمارە(٣١)ی ساڵی سێیەم کە لە مانگی ئابانی ١٩٧٣ بڵاو کراوەتەوە، دوا ژمارەی بوو.

هەر لەسەر رادیوی شۆڕشگێڕانی ئێران (عەوبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەرەی٢٦٩ کورتە میژووی حیزبی دێموکرات دا، ئەو رادیویە بە "دەنگی ئازادیخوازانی ئێران ناو دەبا) پەناهیان داوای لە حیزبی دێموکرات کرد کە لە بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی رادیودا، بەشدار بێ. بۆ ئەو مەبەستە بە رەچاوگرتنی هێندیک ئوسول و پرنسیپ، حەمەدمینی سراجی، وەک نوێنەری حیزب، بە بەرپرسی بەشی کوردی رادیۆ دیاری کرا.

هاوکاری نێوان حیزب و پەناهیان تا ماوەیەک درێژەی هەبوو تا سەناری مامەدی کە بە مەبەستی هەڵایساندنی شەڕی چەکداری لە ناوچەی شکاکان لە نیزیک رەواندز لە گەل ٦ کەسی دیکە بە ٧ بار تەقەمەنی کەوتە بۆسەی هێزەکانی شۆڕش و تەقەی لێکرا و بە بریندارى گیرا. سەنار دوای ١٧ رۆژ، تەسلیم بە رێژیمی شای کراوە. سەنار مامەدی کە لە پاییزی ١٩٧١ لە گەڵ پەناهییان لە لەندن پێکەوە پەیوەندیان بە حکومەتی عیراقەوە گرتبوو، دوایە بە مەبەستی بەربەرەکانی لە گەڵ رێژیمی پاشایەتی ئێران لە گەل دوو کەسی دیکە چوونە بەغدا.

محەممەد شاپەسەند لەسەر ئەرکی خۆی لە تەشکیلاتی پەناهیان دا، لە لاپەڕەی ٧٤ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: ئەرکی سەرشانی من لە بەرەی پەناهیان و دوکتۆر موراد دا برێتی بوو لە گوێگرتن و نووسینەوەی قسەکان و وتووێژەکانی شاو سەرەک وەزیرانی کابینەی ئێران کە کاتێکی زۆری لێ دەگرتم، بەرپرسی ماڵی و چاوەدێری چاپی رۆژنامەی "راه اتحاد" و دابەشکردن و پۆستەکردنی بۆ گشت ولاتانی دەرەوە. ئەمە جگە لە وەرگێرانی نامە و راپۆرتەکانی دوکتۆر موراد عەزیز بۆ بەرپرسە باڵاکانی عێراق. ئەو کاتە پەناهیان، بە هاوکاری شێخ جەبار، کاروباری بڵاوپێکردن و تێکدان و دوورخستنەوەی چەکدارەکانی ژانراڵ بەختیاری گرتبوە ژێر دەستی خۆی.

## بەشی ١٠٢

## شەهید کردنی هاشم ئەقەلوتولاب(قادر شەریف)

قادر شەریف، کادری لیوەشاوە و فەرماندەی حیزب لە خەزڵوەری ١٩٦٩ لە شاری سولیمانییە بە دەستی دوو پێشمەرگەی عەبدولوەهاب ئوتروشی، فەرماندەی هێزی خەبات لە سلیمانی ترۆر کرا.

رەشید ئەحمەدی لە لاپەڕەی ٢٨بەرگی یەکەمی کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم"دا باسی کارو تێکۆشانی ئەو دەکات دەنووسێ: قادر شەریف پیاوێکی زۆر نەهێنیکار بوو، زۆر بە درەنگ شتی پێدەگوتین تا بەتەواوی دڵنیا دەبوو لێمان. بەڵام قسەکانی زۆر ئەندامانی شانەی ماندوو دەکردن. زۆر جار لە کاتی قسەوباسی سیاسیدا خەویان لێدەکەوت چونکە قسەکانی زۆرتر قسەی تودەیی بوون و بە زمانێک قسەی دەکرد کە ئاسان نەبوو بۆ هاوڕێیان. لەڕاستیدا لە بەشێک لە قسەکانی حاڵی نەدەبووین. ئەویش کاتێ هەستی دەکرد کە هاوڕێیان وەنەوزیان ئەدا ناڕەحەت دەبوو و دەیگوت ڕفیق، من قسە بۆ ئێوە دەکەم! ڕۆژێک هاوڕێیەک بە ناوی کەریمی مەلاحوسێن لە گوندی کیوەرۆ بە زمانی سادە گوتی کاک قادر، بەڕاستی ئێمە باسی کورد و کوردستانمان دەوێت، بۆ ئەوەش کار دەکەین، بەڵام تۆ هەمیشە هەر باسی ڕووس و کۆمۆنیست و ″سەڵخوز و کەڵخوزم″ بۆ دەکەی کە من بە ڕاستی لێت حاڵی نابم و نازانم ئەو قسانە چین و ئەو قسانەش بەڕاستی بەکەڵکی ئێمە نایەن، بۆیە من بە قسەکانت ماندوو دەبم و خەوم لێدەکەوێت. بە دوای ئەو قسەدا کاک قادر لێمان تۆرا و کۆبوونەوەی بەجێهێشت.

محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٦٨ بیرەوەرییەکانی دا لەدرێژەدا دەنووسێ: دوای گەرانەوەم، تا ساڵی١٩٦٩-١٩٦٨ کاک هاشمم نەدیتەوە. ساڵی١٩٦٩لە (بەکرەجۆ) خەریکی جێبەجی و دابینکردنی جێوڕێ بۆ عەلی ئاغای گەڵباغی و جەماعەتەکەیان بووم. بە رێکەوت زانیم لە بەکرەجۆ لەگەڵ جەماعەتەکەی "کاوە مارەغانی" و ئەوانی تر جێگەیان بۆ کاک هاشم "قادر شەریف" یش دەستەبەر کردووە. ئەو شەوە لای کاک قادر و جەماعەتەکەی مامەوە، بۆ بەیانی سەفەرێکی بەغدام لەبەر بوو، رۆیشتم و هاتمەوە. بیستم کاک قادر و برادەرەکانی لە بەکرەجۆ نەماون، گوایە لەگەڵ کاوە مارەغانی تێک دەگیرێن و مام جەلال لایەنی کاوەی پێ راستتر دەبێ و قادر شەریف تووره دەبێ و دەریدەکات. هەر لە بەکرەجۆ مەسەلەکەم بە جیهاز بۆ زەبیحی روون کردەوە. زەبیحی گوتی بزانە کەموکوڕیی چییان هەیە؟ وەرە قسەی لێ دەکەین. من هەوڵی ئەوەم بوو با مامۆستا عولەما باسی یارمەتیدانی بکاتەوە، بەڵام با حیسابی لایەنێکی سەربەخۆی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بۆ بکرێ.

کاتی گەرانەوەم بۆ سلێمانی، لەگەڵ خۆم نزیکەی ( ٢٠) بیست تفەنگی سەلیبی و فیشەک و رومانە و پێداویستی تر، لەگەڵ پارەی یارمەتی بۆ پێشمەرگەکانی بۆم هێنا. برادەرەکانی، بە خۆیەوە دەوری (٢٠-٢٤) کەس بوون، لەوانە هیندێک ناوم لە بیر ماوە: مام ئەحمەد، مەلا عەبدولخالق، عەبدوڵلا لاوە، میرزا سەرخانی ،دوکتور کەریم، کاک ساڵەح بڵەسەنی، مەلا قادری وردی بانەیی،

بەداخەوە لەو ٣٥ ساڵەی رابردوودا ناوی ئەوانی ترم لە بیر چۆتەوە! هەموو مانگێ هەرچی لازم بایە بۆم دەبرد. جارێک داوای چواردەخۆرێکی لێکردم بۆ یەکێک لە برادەرەکان لە سەردەشت. ئەگەرچی دەمانچە کەم بوو، بە هەموو کەس نەدەدرا، بەڵام بۆ ئەوەی پێویستی بە جێگای تر نەبێ بۆم پەیدا کرد.

کاک قادر لە کۆڵانەکانی رووبەرووی خانەقای مەولانا ئافرەتێکی مارە کردبوو، چەند ( حازر ئوغڵانی ورد و درشتی) هەبوو، لەوانە کورێکیان بە ناوی "ساڵەح" لای خۆی پێشمەرگە بوو، دوای شەهید بوونی، قادر خۆشی لەو بێوەژنە منداڵی وردی هەیە! خێزانەکەی لە کارگەی جگەرە کاری دەکرد.


هاشم ئەقەلولتولاب (قادر شەریف)

لەسەر شێوەی کوشتنی قادر شەریف، محەممەد شاپەسەند لە لاپەڕەی ٦٩ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: شەهید قادر شەریف پێش شەهید بوونی، لە زۆر کەس بە گومان بوو، تەنانەت هیندێکیان حیزبی و قەڵادزەیی و هیندێکیان شیوعی بوون و لیستی ناوەکانی لای من دانابوو. بە رێکەوت رۆژی ( ٥/١١/١٩٦٩) پێش سەعات ١٢ی نیوەرۆ بە یەکەوە بووین، بەرەو ماڵ دەرۆیشتینەوە. بە قسە تا (مزگەوتی دوو دەرگا)ی هەلاجەکان رۆیشتین، لەبەر دەرگاکەی ناو حەوشی مزگەوتەکە نیزیکەی (١٥-٢٠) دەقیقە وێستا بووین قسەمان دەکرد، دوایی بە جێم هێشت. دیار بوو دەیویست دەست بە ئاو بگەیەنێ، چوو بۆ ناو ئاودەستەکان، منیش بەرەو ماڵ بوومەوە. بەڵام نەگەیشتبوومە بەر خانەقا، گوێم لە گرمەیەک بوو، پاش چەند دەقیقەیەک خەبەریان هێنا کە قونبولەیان لە ناو ئاودەستی مزگەوتدا فرێ داوە بۆ قادر شەریف! کە گەیشتمە نەخۆشخانە، برینەکانیان دەپێچایەوە، دەرکەوت برینەکانی سارد نەببوونەوە، لێم پرسی: دەبێ کێ بێ؟ وڵامی دامەوە: ئەوانە کە لیستی ناوەکانیان لای تۆیە.

بە جووڵانەوە و قسەکردنیدا وا وێ نەدەچوو برینەکانی زۆر کاریگەر بن. بەو هیوایە بە جێمهێشت و خوحافیزیم لێکرد. بەداخەوە بۆ شەو ٦/١١/١٩٦٩ ماڵ ئاوایی لە برادەرانی دەکات و دەگاتە کاروانی شەهیدانی کوردستان. بەیانی بە رێز و حورمەتێکی زۆرەوە لە گردی سێوان تەسلیم بە خاک کرا. مام جەلال و کاک حەمەی حاجی تایەر لە پرسەکەیدا ئامادە بوون و لەسەر قەبران کاکە حەمە وتارێکی بەتینی دژی بکوژانی ئەم شەهیدە خوێندەوە. دوو رۆژ لە ( مزگەوتی قامیشان ) پرسەکەی بەردەوام بوو. دوای ماوەیەک ئاشکرا بوو کە بکوژی قادر شەریف یەکێکی "یوسف لیچە" ناوە، بە ئەمری کەسایەتێکی تر بەم ئیشە هەڵستاوە. پێنج هەزارتمەن (حەقدەستی) ئەم خۆ فرۆشییەی خۆی لەو دیوی سنوور پێ گەیشتووە.

عەبدول نستانی لە دەستنووسێک دا باسی شەهید بوونی قادر شەریف دەکا و دەڵێ: ڕۆژێک قادر شەریف و عەبدولخالقی حەفیدی لە سولیمانە بۆ کاری حیزب چوونە دەرێ. لە خوارەوەی دوکانی حەسەن نەجەفی، مزگەوتێکی لێی بوو و بۆ دەست ئاوو چووبوونە ئەوێ. کەسێک بە نیو یوسف لیچە کە سیخوور و پیاوی ئیران بوو، لەسەر پاشاوێ نارنجۆکێکی بە قادر شەریف دادا و برینداری کرد. خەڵک گەیاندیانە خەستەخانە و ئەمن چوومە عەیادەتی. بەشێکی زۆری زگ و رانی، بە توندی بریندار ببوو. زۆری نەخایاند هاتن دەستیان بە پرسیار و چۆنیەتی رووداوەکە کرد. قادر شەریف گوتی من حیزبیم و دەبی ئەندامی حیزبی پرسیارم لێ بکا. باڵی مەکتەبی سیاسی هاتن و پرسیاریان لێکرد. قادر شەریف هێندێکی وڵام دایەوە، بەڵام بە هۆی برینەکەی، کۆچی دوایی کرد و لە نیو ئاپۆرای خەڵک، لە گۆرستانی سولیمانیە بەخاک سپیردرا و تازییەکی گەورەیان بۆ دانا.

## بەشی ١٠٣
## ئیستعفا و دەرکردن ئەحمەد تۆفیق

یەکێک لە باسە بەربڵاوەکانی کۆنفرانسی ٣ حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٥٠ باس لە سەر هەڵسوکەوتی ئەحمەد تۆفیق بوو. ئەحمەد تۆفیق پێش کۆنفرانسی دوو لە ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی ئیستعفای دابوو. سەرەڕای ئەوەی چەند جار کومیتەی ناوەندی داوای لێکرد کە ئیستعفاکەی وەرگرێتەوە بەڵام هەر قبووڵی نەکرد.

ئەوجار لە کۆنفرانسی ٣ دا داوا کرا کە ئەحمەد تۆفیق لە حیزب دەر بکرێ. بەڵام بە پێی لاپەڕەی ٢٥٦ کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی... لە نووسینی ملا عەوڵای حەسەزادە، دوکتور قاسملوو بە مەبەستی بەرگری کردن لە پرنسیپەکانی هەقی ئەندام، گوتی: ئەمن دەزانم ئەحمەد تۆفیق سەرەڕۆیە و خەتای حیزبی لە سەرە. لە نێو ئێوەشدا کەس نیە بە قەدەر من لە لایەن ناوبراوەوە خەراپەی لەگەڵ کرابێ. بەڵام ئێمە ئێستا خەریکی دامەزراندن و جێگیرکردنی ئوسوولی حیزبین. چۆن دەکرێ هەر لێرەدا بۆخۆمان پێشێلی بکەین. ئەو برایە ئەندامی حیزبە. دەبێ بانگ کرێ بۆ کۆبوونەوەی حیزبی، قسەی لە گەڵ بکرێ و هەوڵ بدرێ رەفتاری خۆی باش بکا. ئەگەر خۆی ئیسلاح کرد و رێوشوێنی حیزبی بەجێهێنا چ باشتر، ئەگەریش نا، ئەوەدەم کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ دەری بکا. کۆنفرانس بۆچوونەکەی دوکتۆری پەسەند کرد و روون کردنەوەی وەزعی حیزبی ئەحمەد تۆفیقی بە کۆمیتەی ناوەندی ئەسپارد.

رۆژی ١٩٧١/٦/٢٥ کومیتەی ناوەندی بڕیاری دا کە پەیوەندی بە ئەحمەد تۆفیق بگرێ، ئەگەر دیسیپلینی حیزب قبووڵ بکا ئەوا بگەڕێتەوە. هەروەها بڕیار درا بۆ پێکهێنانی پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ مامۆستا زەبیحی، پەیوەندی پێوە بگیرێ و داوای هاوکاری لە مەلا سەید رەشید بکرێ کە بێتەوە ناو حیزب. دوکتور قاسملوو بۆ پەیوەندی بە مامۆستا زەبیحی دیاری کرا و ئەو پەیوەندی دۆستانەی لە گەڵ حیزب پێک هێناوە و زۆرجار لە سەر بابەتەکان پرس و رای پێدەکرا. دواتر کە بۆ ماوەی دوو ساڵ زیندانی کرا، هەموو حەتوو عەبدوڵای حەسەنزادە و حەمەدەمین سراجی سەردانییان دەکرد.

لە رێکەوتی ١٩٧١/٨/٥ بۆرۆی سیاسی، عەبدولای حەسەنزادە و حەمەدەمینی سراجی بۆ قسە کردن و گەڕانەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆ ناو حیزب دیاری کرد. هەڵبژاردنی ئەو دوانە بە تێبینییەوە بوو. مەڵاعەوڵا قەت نێوانی لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق ناخۆش نەبوو و حەمەدەمین سیراجیش خزمایەتی لە گەڵ هەبوو. ئەوان لانی کەم سێ جار لە گەڵی دانیشن و هەوڵیان دا کە واز لە دژایەتی حیزب بینێ و قانیعی بکەن بگەڕێتەوە بۆ نێو حیزب. ملا عەوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی٢٥٧ کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی... دا لەو بارەوە دەنووسێ: بەداخەوە ئەو پیاوە کە وادیار بوو تووشی نەخۆشیی سادیسم بووە، تەنیا شەرتی بۆ گەڕانەوە بۆ نێو ریزەکانی حیزب ئەوە بوو کە ئەو هیندێ کەس دەناسێ کە دەزانێ جاسووسن. بەڵام ئەو بۆی دەداو ناکەون. کەوایە دەبێ حیزب بانگیان کاتە بەغدا و بیانداتە دەستی ئێسحاقی کە بە قسەی خۆی جێگای بۆ حەپس کردن و

ئەشکەنجە و ئازار و ئێقرار پیکردنیان هەیە. ئەوده‌م ئەوانە ئێعدام دەکا و دیتەوە گەڵ حیزب. هەرچەندەیش هەوڵ درا کە بڵێ ئەو کەسانە کێن، حازر نەبوو ناویان‌بەرێ. دەیەویست نامەیەکی مۆرداری کۆمیتەی ناوەندی، یان دەفتەری سیاسی بدرێتێ کە لەوێ دا حیزب بەرعۆدە بووبێ ئەو کەسانەی تەسلیم بکا، جا ئەو حازر دەبێ ناوەکانیان بڵێ.

ئەو چاوپێکەوتنانە ئاکامی نەبوو و کاک ئەحمەد هەر درێژەی بە دوژمنایەتی و دەرکردنی بەیاننامە بە دژی حیزب دا و بە هاوکاری خوارزاکانی تاهیر و رەحیمە کۆڵ، بە هەموو شێوەیەک لە دژی برادەرانی حیزب تێکۆشا.

سەرەنجام دەفتەری سیاسی لە رێکەوتی ١٩٧١/١٠/١٤ بۆ ئاخری جار پەیوەندی پێوە گرت و داوای لێکرد کە دەست لەو ئاژاوانە هەڵگرێ. بەڵام فایدەی نەبوو. سەرئەنجام کومیتەی ناوەندی لە مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٥٠ (ژانویەی ١٩٧٢) لە ئاگادارێکی کورت دا کە لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٢ دا هاتووە، بڕیاری دەکردنی ئەحمەد تۆفیقی راگەیاند. دەقی ئاگادارییەکە بەمشێوەیە: ئاگاداری

عەبدوڵا ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق) لەبەر زۆر کردەوەی وا کە لەگەڵ ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان رێک ناکەوێ و لەبەر جوڵانەوەی دژی حیزبی، لە حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران) دەرکرا.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ ی ساڵی ١٣٦٨ چاپ بووە، لە سەر دەرکردنی ئەحمەد تۆفیق دەڵێ: لە کونفرانسی سێهەمی حیزب بە دەستەجەمعی بڕیار درا پێوەندیی پێوە بگیرێ. ئەگەر حازر بوو وەك ئەندامێکی بە دیسیپلین کار بکا باشە، دەنا لە حیزب وەدەر بنرێ. پاش کونفرانس قسەی لەگەڵ کراو لەبەر ئەوەی حازر نەبوو ئوسووڵی حیزبی قبووڵ بکا لە حیزب دەرکراو دوایە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە گیراو بێ سەرو شوێن چوو.

بە دوای دەرکرنی فەرمی ئەحمەد تۆفیق، ئەو رژتر لە جاران دەستی بە دوژمنایەتی لەگەڵ ئەندامانی حیزب کرد و زۆریان کەوتنە بەر شاڵاوی هەڕەشە و گوڕەشە و بە گرتن دان. بە پێی لاپەڕەی ٢٩ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی: حیزب برادەرێکی بە ناوی مەلا محێدین بۆ کار لە رادیوی شۆڕشگێرانی ئێران دا هێنابوە بەغدا. لە هوتێلێکیان دانابوو، هەتا ماڵ و منداڵەکەی دێنێ. ئەحمەد تۆفیق دیتبوویەوە و داوای لیکرد بوو جێگای رادیۆ و شێوەی کار و ئەسراری حیزبی پێبڵێ.

هەر لەو لاپەڕەیەدا کەریمی حیسامی دەگێڕێتەوە کە پیاوەکانی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا تووشی مەلا عەوڵا حەسەنزادە دەبن و لێی لەهەڵا دەدەن کە ئەو جاسووسە. خەڵک دەوری دەدەن و پۆلیس دەیگرێ و دەیبەن بۆ زیندان و بێ سەروشوێن دەکەن، پاش دوو رۆژ حیزب دەیبیننەوە و لە زیندان ئازادی دەکا. عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٨٢ ئەزموونی خەبات دا ئەو رووداوە دەگێڕێتەوە کە بە سیخوڕیان تاوانبار کردوە و جنێوێان پێیداوە و بە گرتنیان داوە و لە

زبانی کابرای کە راپورتی لێداوە، گووتوویەتی هەمووتان بە گرتن دەدەم. ئەحمەد تۆفیق لە حیزب دەردەکەن؟

## دامەزرانی کۆمەڵەی ڕێبەرایەتی کاتی حیزبی دێموکرات لە لایەن ئەحمەد تۆفیق

بە دوای دەرکردنی ئەحمەد تۆفیق لە حیزب دێموکرات، ئەو دەستی بە دژایەتی توند لەگەڵ حیزب کرد و هەر بە ماوەیەک، بەیانییەی زۆر توندی دەردەکرد و خۆی بە هەمەکارەی حیزب دادەنا و بە هاوکاری دۆستانی کومیتەیەکی دروست کرد بە ناوی کومیتەی ڕێبەرایەتی کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.


مەلا سەید ڕەشید

مەلا سەید ڕەشید کە بۆخۆی لە کۆنفرانسی ٣ دا بەشدار بوو بەڵام دەنگی نەهێناوە، بۆیە لەگەڵ عەلی قوتبی، عەبدوڵای مەلا عوسمان، خدری گردشەیتان و مام عەوڵای مام سەعیدی و ... بە مەبەستی پشتیوانی لە بۆچوونەکانی ئەحمەد تۆفیق، کەوتنە دژایەتی حیزبی دێموکرات و لە گوندی "ئیندزێ"ی ناوچەی سەنگەسەر مەقەڕیان دانا و بە پشتیوانی پاڕتی دێموکڕاتی کوردستان، دەستیان بە تێکۆشان کرد و بەیاننامەیان بە دژی حیزب بڵاوکردەوە. ئەوان حیزبی دێموکراتیان بە باندی قاسملوو ناو دەبرد و نامیلکەیەکیان بە ناوی ئامۆژگاری دەرکرد کە ناوەرۆکەکەی تەعریف لە بارزانی و جنێودان بە دەوڵەتی عێڕاق و بە دوکتور قاسملوو و حیزبی شیۆعی بوو و تەنیا یەک ژمارەی لێدەرچوو. ئەوان لە نووسراوەکانیان بە حیزبی دێموکراتیان (باندی قاسملوو) دەگوت کە "سەگی کونە ماسین و پاسی جرتاوایە دەکەن". هاشم کەریمی لە لاپەڕەی ٢٠٤ کتێبی "لە ئاربابای بانەوە بۆ باواجێی کۆیە" دەنووسێ کە ڕۆژێک حەسەنی ڕەستگار تووشیان دەبێ و پییاندەڵێ: ئەوەی کە سەگی کونە ماسیە و پاسی جرتاوا دەکا ئێوەن، نەک بە حیسابی ئێوە باندی قاسملوو. چوونکە ئێوەی کوردی ئێران دەبێ دژی ڕێژیمی ئێران شت بنووسن. ئەو کارە ناکەن هەر جنێو بە عێراق و بە حیزبی شوعی دەدەن.

ئەو کارە بوو بە هۆی نارەحەتی حیزب و لەو پەیوەندییەدا چەندجار لە لایەن دەفتەری سیاسی بە نامە، پەیوەندی بە پارتی دیموکڕاتەوە گیرا. بەڵام لەوبارەوە وڵامێک نەدراوە. جێی ئاماژەیە لەو کاتانەدا زۆرجار ئەندامانی حیزب ئازار دەدران و دەگیران و کەندوکۆسپیان بۆ پێک دەهات کە هەمو جارێ بەرپرسانی حیزب ریبەرایەتی شۆڕشیان بە بەڵگە ئاگادار دەکردەوە.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٠٥ بەرگی ٤ ی بیرەوەرییەکانی دا، کۆمەڵەی کاتی حیزبی دێموکڕات بە سیخور و ساواکی ناو دەبا. کۆمەڵەی کاتی نەیتوانی درێژە بە مان بدا و دواتر ناوی کۆمەڵەی یەکسانیان بۆخۆیان هەلبژارد.

لەسەر ئاکامی کۆمەڵەی کاتی، هاشم کەریمی لە لاپەڕەی ٢٠٤ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە کومیتەی کاتی کە نیزیک بە ١٠٠ کەس دەبوون، بە دوای شکستی ١٩٧٥ هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە خۆ تەسلیمی ئیران بکەنەوە. ئەوان دەچنە لای بایزاغای هەباساغای سەرکەپکان کە لە رێژیمی عێراق نیزیک بوو و داوای لێدەکەن کە بیانپارێزێ و ئەویش دەڵێ کە ئەو خۆی بۆ ناپارێزرێ تا ئاگای لەوان بێ، بەڵام بەڵێنیان پێدەدا کە لەگەڵ رێژیمی عێراق قسە بکا و ئەمینیان بکاتەوە. بەمشێوەیە ئەوان خۆیان رادەستی عێراق دەکەن و دەوڵەتی عێراقیش لە رێگای خانەقین – قەسری شیرین تەسلیم بە ئێرانی کردنەوە. دواتر مەلا مستەفا بارزانی لە ئێران تکای بۆ کردن و جگە لە هێندێکیان کە چەند مانگ گیران ئەوان دیکە ئازاد کران.

هەر لەوبارەوە عەزیز ئەحمەدی لە رەشنووسێک دەنووسێ: کاك حەسەنی رەستگار لە بەستێ را بە دوای دا ناردبووین کە بچینە لای. کە چووین گووتی خەبەر هاتووە کە ئەو برادەرانەی لە حیزب جیابونەوە خۆیان تەحویلی جەیشی عیراقی داوە و ئەوانیش گۆیا تەحویلی ئیرانیان داونەوە. زۆر نیگەرانم بچنە قەڵادزێ لای برادەرانی حیزبی شیوعی خەبەر وەربگرن، من و مەلامحەممەد بە سووری رووتوو دا ڕۆیشتین بۆ قەلادزێ. زۆر نیگەرانی سەیتەران بووین. بەڵام نە سەیتەرە لێ بوو نە کەس پرسیاری کرد. مەقەری حیزبی شیوعیمان لە رێگای حەمە برای خاڵە شێخی دیتەوە و پرسیارمان کرد. برادەریك لە بنکەکەیان بوو گوتی خەبەری ئەنحای عێیراقمان هەیە شتی وانەبووە و نیگەران مەبن. بە خۆشحاڵی لە بنکەی حیزبی شیوعی وەدەرکەوتین. بۆ شەوێ چوینە ماڵی مام رەسووی ئاڵی بابی شەهید فەقی عەلی. لەسەر نانخواردن بوین ڕادیوی تارانمان گرت بوو خەبەری خۆ تەحویل دانەوەی ئەو برادەرانەی ڕاگەیاند. بەیانی کە گەراینەوە لای کاک حەسەن، ئەویش ئەو هەواڵەی لە رادیۆ تاران بیست بوو و خەبەری وەرگرت بوو وخەبەری ئەنحای عێراق دروست نەبوو.

مەلا سەید رەشید خەڵکی بۆبەکتانی سەقز بوو، مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٥١٦ دا لە سەر کەسایەتی مەلا سەید رەشید ئاوا دەنوسێ: پیاوێکی زۆر پاک و کوردی چاک و زوریش بە دەست تفەنگی خۆی ئازا بو... لە شەڕێک کە دەگەڵ دەوڵەت لە سەروچاوێ کرا ناوبانگی ئازایەتی دەرکرد... هەمیشە زۆر بە ئیحترامەوە باسی ئەحمەد تۆفیقی دەکرد و بە کوردێکی نمونەی دەزانی. مەلا سەید رەشید پاش شکانی شۆڕس هاتە سەقز، بە دارتاشی بەڕێ دەچو. لە ئینقلابی ئیسلامیدا لە دەوری دیواندەرە دەگەڵ کۆنە ئاغایان تێک گیرا و بە دوامین فیشەک خۆی کوشت.

## گرتن و بزر كردنی ئەحمەد تۆفیق

دەوڵەتی عێراق لە هاوینی ١٩٧٢ دا ئەحمەد تۆفیقی گرت. دەفتەری سیاسی حیزبی دێموكرات بڕیاری دا كە بەفەوری بە دوای دابچن و هەوڵ بدەن ئازادی بكەن یان شوێنەكەی بدۆزنەوە. حەمەدمین سیراجی وەک نوێنەری حیزب پەیوەندی بە ڕێژیمی عێراقەوە گرت. دەفتەری سیاسی تەنانەت نامەیەكیشیان بۆ حیزبی بەعس نووسی بەڵام عێراق وڵامی نەداوە.

كەریمی حیسامی لە لاپەڕەی٣٠بەرگی ٤ بیرەوەرییەكانی دا لەسەر هەوڵ و تێكۆشانی خۆی بۆ دیتنەوەی شوێنی ئەحمەد تۆفیق دەنووسێ: ... دوای ئاگاداری، لەگەڵ جیاوازی تەوامان لە بیروباوەڕ لە گەڵ ئەحمەد هەبوو، ئەو كارەمان بە دزێو دانا و بڕیاری پەیگیریمان دا. لە سەر پەسەندی برادەران سێ چوار جار لە گەڵ عەلی‌ڕەزا بەرپرسی دەفتەری جێگری سەركۆمار باس كرا. هەموو جارێ جوابی ئەمە بوو كە داوای خوێندنی لە فەرانسە كردوە و بۆ لوبنان "تەسفیرمان"كردوە و لەوێڕا دەچێتە فەڕانسە. ئاخر جار كە گوتم لە لوبنانەوە خەبەر هاتوە كە لەوێ نییە و نەچۆتە لوبنان. ئەحمەد كەسێک نییە خۆ لە لوبنان بشارێتەوە و داوای بەردانیمان كرد. زۆر بە توندی جوابی دامەوە كە: ئێمە وەک حیزب و دەوڵەتێكی سەربەخۆ، مەگەر لە ئێوە دەترسین كە درۆتان لە گەڵ بكەین. ئێمە بەرپرسانی خۆمان دەگرین و بێ سەروشوێنیان دەكەین، با ئەندامی سەرەوەش بن. مەگەر چ ترسێكمان لە ئێوە هەیە كە حاشا بكەین. ئەحمەد نەگیراوە و لە سەر داوای خۆی عێراقی بەرەو فەڕانسە لە ڕێگای لوبنانەوە بەجێ‌هێشتووە و ئیتر یەخەی ئێمە لەو بارەوە مەگرن و دڵنیابن.

لەسەر ئەوەی كە ئەحمەد تۆفیق چی بەسەر هات. حەمەمین سیراجی لە لاپەڕەی٣١ بەرگی ٤ بیرەوەرییەكانی كەریمی حیسامی لە وڵامی پرسیاری ئەودا دەڵێ: ساڵی ٧٣، دوای شكستی پیلانی نازم گزار و بەربوونی كۆڵێک زیندانی كورد لە بەغدا و شارەكانی كەركوک و موسڵ و سلیمانی بەردانی ژمارەیەكی زۆر ئەفسەر و گروهبان و غەیرە ئەرتەشی عەڕەب و كوردی سەر بە ڕێژیم، یەكێک لە گیراوەكان (محەمەد یان ئەحمەد سیوكانی) بڵاوی كردبووە كە ئەگەر كەسێک كفالەتی دوو هەزار، دوو هەزار و پێنسەد دیناری ئەحمەد بكا، ئازاد دەكرێ. هێندێک لە دۆستانی ئەحمەد داوایان لە "حاجی محەمەدی زێڕینگەر" كرد بوو، ئەم كارە بكا. ناوبراو پیاوانە ئامادەیی دەربڕیبوو، چووبوو كە بە كفالەت ئازادی بكا. بەڵام حاشا كرابوو كە گیراوێكی وا نییە. وادەردەكەوی ئەویش چارەنووسێكی وێنەی قادر تەگەرانی و سێ‌سەدوپەنجا كەسەی بێ كە بە تەواوی لەناو بران و جێا لە بكوژە تاوانبارەكان كەس نەیزانی چۆن لە ناو بران...

هەر لەوبارەوە كەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٧٥ بەرگی ١١ بیرەوەرییەكانی دا لە سەر ئیعدامی ئەحمەد تۆفیق لە زبانی مەحەمەد مەحزوونی بانەیی ئاوا دەگێڕێتەوە: ئەكرەم‌بەگی ئەحمەدی كە ماوەیەک لە عێراق لە زیندانی بەعس دابوە گوتوویە" لە زیندانی ئەبووغەریب لە گەڵ لاوێكی كوردی ئێران لە ژوورێكدا زیندانی بوە. ڕۆژێک ناونیشانی یەكتریان پرسیوە. گوتوویەتی

″من ئەحمەد تۆفیقم″. دوای چەند رۆژ هاتوون بانگیان کردوە. گوتوویە″ ئاگادار بە ئەوە دەمبەن ئێعدامم دەکەن″.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٥١٦ چێشتی مجێور دا دەنووسێ، دوای ئەوە لە بەغدا چاوی بە ئەحمەد تۆفیق کەوت، ئیدی دوایە نەیدیتۆتەوە و دەڵێ: ئیتر خەبەرم لە ئەحمەد بڕا. لە کێو دەم بیستەوە کە دەگەڵ دەستەی قاسملوو نیوانی خۆش نییە و شەڕە دندوکەی یەکتر دەکەن.

مامۆستا هەژار لە درێژەدا دەنوسێ: گوتیان لە پاش کودەتای سەرنەکەوتوی ((نازم گزار)) زۆر کوردی دۆستی دەوڵەت کوژران کە یەکیان قالە تەگەرانی بوە دەگەڵ هەشتاودو کەسی تر بە تۆمەتی ئەوە کە ئاگایان لە بزوتنەوەی نازم گزار بوە و دەنگیان نەکردوە، بەرگوللە دراون. بیستمەوە کە ئەحمەد تۆفیق گیراوە. ئەفسەرێکی کورد خەبەری دامێ کە لە زیندانی( قسروززهور)ە. پاش چەند جارێک کە خەبەری گرتنی دەدامێ، گوتی بردویانەتە زیندانی( ئەبوغەریب) و ئاگام لێ بڕاوە.

جارێک لە کێو لە دەربەند بوم، دو پێشمەرگە لەولای منەوە قسەیان دەکرد. یەکیان گوتی:((من لە زیندانی ئەبوغەریب بوم، سلولەکەم دەگەڵ سلولێکی دیکە کەلێنێکی هەبو، پیاوێکی تێدا حەبس کرابو، رۆژانە یەکترمان لەو کەلێنەوە دەدواند. دەیگوت نێوم ئەحمەد تۆفیقە، خەبەرم لێدراوە کە دەگەڵ کارداری سفارەتی ئەمریکا لە سفارەتی سویس قسەم کردوە و بوختانیکە بۆم هەڵبەستراوە. هەمو رۆژێ دەیانبردە دەرێ شکەنجەیان دەکرد و بە کەلەلایی دەیان هێناوە ناو سلولەکە. جارێک بردیان و نەهاتەوە، وادیارە کوشتویانە...)).

زۆر بەو خەبەرانە دڵم تەنگ ببو، بەڵام دەمدیت مەسعود و ئیدریس، کوڕانی مەلامستەفاش بۆ خەبەری نەمانی ئەحمەد زۆر دڵ تەنگن. وام لێ مەعلوم بو کە لە بەغداشەوە عەلاقەی دەگەڵ مەرکەزی فەرماندەیی بارزانی هەر نەپساندوە و بە خەبەر بۆ ناردن یاریدەی شۆڕشی داوە. بە بڕوای من بەعسی هەستیان بەوە کردوە و بەهانەیەکی دیکەیان بۆ تاشیوە و لەناویان بردوە، ئیتر خوا دەیزانێ... هەرچییەک بێ، من برادەرێکی زۆر خۆشەویست و زۆر ئازا و بەکارم لە دەست دەرچو...

هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ١٥٣ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لەسەر ئەو کودەتایە دەنووسێ کە لە رۆژی ٨ ژوئیەی ١٩٧٣ دا لە نیزیک ماڵەکەی حیزب لە بەغدا، لە نیوەشەودا تا بەیانی لە نێو ماڵێک دا تەقە دەستی پێکرد. ئەندامانی حیزب ویستیان بچنەدەر بزانن کە چ خەبەرە، بەڵام دەنگیان دان کە نەیەنەدەر. بەیانی تەقە تەواو بوو و رادیو رایگەیاند کە "نازم گوزار" مودیری ئەمنی عام کودەتای لە حەسەبەکر و سەدام کردوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. دوای کوژرانی گوزار نیزیک بە ٤٠ کەس لە رێبەرانی حیزبی بەعس بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ ئەو ئێعدام کران کە یەک لەوان عەبدولخالەق سامڕایی بوو کە کە دۆستی کورد و کۆمۆنیستەکان و حیزبی دێموکرات بوو. سامرایی لە زیندان دابوو، بەڵام بە هۆی ئەوە زۆر خۆشەویست بوو و سەدام لیی دەترسان ئێعدامی کرد و هەموو جەنایاتی پێشووی حیزبی بەعسی، خستە پاڵ ئەو.

لەسەر گیران ئەحمەد تۆفیق، کەسانێک بە بێ بەڵگە دوکتور قاسملوو تاوانبار دەکەن کە دەستی لە گرتنی ئەو دا هەبووە، بەڵام کردەوەی ئەوتۆ لە دوکتور قاسملوو بەدوور بوو. عەبدوڵای حەسەنزادە لەوبارەوە لە لاپەڕەی ٢٠٨ کتێبی کورتە مێژووی حیزبی دیموکرات... دا دەنووسێ: ئەوەی گرنگە و ئەمانەتێکە لە سەر شانی نووسەری ئەم دێڕانە و هەموو کەسیکی بە ویژدان و ئاگادار لە مەسەلەکان، ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو نەک هەر خەتایەکی لە گیرانی ئیسحاقی دا لە سەر نەبوو، بەڵکوو هەولێکی یەکجار زۆریش بۆ ئازاد کردنی دا کە بەداخەوە سەرنەکەوت.

عەوڵای حەسەنزادە هەر لەوبارەوە لە لاپەڕەی٨٠ کتێبی ئەزموونی خەبات دا دەڵێ: ... دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ مردنی هیچ کەس نەبوو. دەگەڵ کوشتنی هیچ کەس نەبوو. بەتایبەتی دەگەڵ موخالیفینی خۆی. ئەمن دە "نیو سەدە تێکۆشان"دا هێناومە، لە کۆنفڕانسی سێ هەموو کۆنفڕانس دەیەویست ئەحمەد تۆفیقی دەرکا. دوکتۆر قاسملوو ڕاست بۆوە گوتی چۆن دەری دەکەن؟ ئێمە ئێستێ تازە دەمانەوێ ئوسوولی حیزبی پیادە بکەین، ئێوە هەر لێرە پێشێلی دەکەن؟ ئەو کابرایە ئەندامی حیزبە، دەبێ بانگ بکرێ، مەسایلی دەگەڵ باس بکرێ. ئەگەر خوای کردو ئەو حازر بوو کاری حیزبی بکا ئەوە چ باشتر. ئەگەر نەیکرد ئەوکات کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ دەری بکا. جا ئەوجار کۆنفڕانس لە ڕەئیی خۆی وەرگەڕایەوەو هاتە سەر ئەوەی ئیختیار بدا بە کۆمیتەی ناوەندی. دەنا کۆنفڕانس حازر بوو هەرلەوێ ئەحمەد تۆفیقی دەربکا.

هیچ بەڵگەیەک بۆ تاونبارکردنی فەرمی حیزبی دێموکرات و بەتایبەت دوکتور قاسملوو بە دەستەوە نییە و هەر قسەی لاوکی و سەرزارانە کە جێگای مەتمانەکردن نیین و بۆ حیسان نابن.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی٣١ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە کاتێک ئەحمەد تۆفیق گیرا، دوکتور قاسملوو وەک سکرتێر داوای لە دەفتەری سیاسی کرد کە ئەوەی لە دەستیان دێ بۆ ئازادی کاک ئەحمەد دریغێ نەکەن. لە ماوەی چەند مانگ دا نوێنەرایەتی حیزب چەند جار داوای ئازادی کاک ئەحمەدی کرد بەڵام عێراق جوابی نەداوە و لە ئاخر دا وڵامیان داوە کە لە عێراق دەر کراوە. دەوڵەتی عێراق ئەحمەد تۆفیقیان بێ سەروشوێن کرد و لە زیندان دا بە هەر دەلیلیک بێ کوشتیان.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی٣١ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی لە زبانی حەمەدەمینی سیراجی: ... ڕەنگە خەڵکی بێخەبەر و نائاگای ئەوتۆش هەبن کە پێیان وابێ حیزبی دێموکرات دەستی لەو کارەدا بوو بێت. بەڵام زۆر بە ویژدانەوە دەتوانم بڵێم کە حیزبی دێموکرات بە پەرۆش و بە دڵسۆزیەوە بۆ بەردانی هەوڵی دا و هیچی بۆ نەکرا.

حامید گەوهەری بە نەقڵ لە غەفور فەتاح ئیبراهیمی یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێ ئەحمەد تۆفیق دەڵێ کە سەدام حوسێن بۆ کوشتنی بارزانی ویستویەتی لە ئەحمەد تۆفیق کەڵک وەگرێ بەڵام ئەو ملی نەداوە و لە لاپەڕەی ٣٥٣ دەنووسێ: سەدام داوای ئێمەی کرد، من لەگەڵ کاک ئەحمەد چووم و چاومان بە سەدام کەوت، دوو ئەفسەری فڕۆکەوانی لا بوو. سەدام ئەوانی بەڕێکرد و ئێمە بەتەنیا لەلای ماینەوە. سەدام بە کاک ئەحمەدی گوت دەتەوێ کوردی ئێران ڕزگار

بکەی؟ من ئەوەی شا دەیدات بە بارزانی دوو هێندەت دەدەمێ. ئەحمەد لە وەڵامیدا گوتی: ناتوانم، چونکە بارزانی سنورەکانی گرتووە و لە نێوانماندا دەبێتە شەڕ و من شەڕی براکوژی ناکەم. سەدام گوتی فەرموو ئەوە کاغەز و قەڵەم دژی بارزانی و شای ئێران بنوسە. کاک ئەحمەد گوتی من دژی شای ئێران دەنووسم، بەڵام بە دژی بارزانی نانوسم. سەدام گوتی حەوتوویەکت مۆڵەتە لە عێراق بڕۆی. کاک ئەحمەد گوتی باشە. دوای ئەو دیدارە، لەگەڵ سەفارەتی فەرەنسا قسەمان کرد، ئەوان قبوڵیان کرد حەوتووی دادێ کاک ئەحمەد بە فڕۆکەی فەرەنسا بڕوات کە دوکتۆر قاسملوو و ژمارەیەکی تر، سەدامیان ئاگادار کردبۆوە کە ئەحمەد تۆفیق ڕێگرە لە کاری حیزبی دیموکرات بە دژی شای ئێران.

چەند ڕۆژ دوای دیداری سەدام حوسێن لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، ئیستخباراتی عێراق لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٢دا ناوبراوی دەستگیر کرد و گواستییەوە بۆ زیندانی ئەبوغەریب لە بەغدا و دواتر بە توندترین شێوە لە زیندانی "قصرالنهاية"دا ئەشکەنجە کرد. سەبارەت بە گیران و زیندانی کردنی ئەحمەد تۆفیق، غەفور فەتاح ئیبراهیمی دەڵێت:- (ئێمە پترلە ساڵێک خەریکی خوێندن بووین. ئێوارەیەک دوو ئیستخباراتی هاتبوون و کاک ئەحمەدیان لە مەدرەسەوە، لەگەڵ خۆیان بردبوو. ڕەحیمی سۆفی عەبدولخالق خەڵکی مەهاباد بە دوایدا چووبوو، بەڵام نەیدۆزی بۆوە. تاهیر مەلا حەسەن چوو بۆ هەیئەتی وەزیران کە سۆراخی بگرێت کە ئەویشیان لەوێ گرت. هەردوویان سەرەتا لە زیندانی ئەبو غرێب بوون و دواتر بردیانن بۆ زیندانی "قصرالنهاية" لە بەغدا و لە ژورێکی تاکە کەسییدا بوون. من زۆری بەدوا کەوتم. سێ وەزیر هەبوون قسەم لەگەڵ کردن، یەکێک لەوانە کوردی خەڵکی سلێمانی بوو و ئەوانی تر مەسیحی و عەرەب بوون. کوردەکە بەڵێنی پێدام کە وەڵامم بداتەوە. نزیکەی مانگێکی کێشا، گوتی: ئەحمەد بە داوی ئێرانییەکان گیراوە و بچۆ بۆلای جەماعەتی قاسملوو، ئەگەر داوای بکەن، لە ئیعدام ڕزگاریی دەبێت.

لە زیندانەوە کاک ئەحمەد دەبەن بۆ دادگا، سەربازێک قۆڵی دەگرێ و جنێو بە بارزانی دەدات و دەڵێ بڕۆ وەپێشم بکەوە کە کاک ئەحمەد لێی ڕادەسێ و زللەیەکی لێدەدا. ئێمە نیگەرانی کاک ئەحمەد بووین. هەر چەند ڕۆژەی یەکێک لە ئیستخباراتەوە دەهات و لە کاک ئەحمەدی دەپرسی، کاتێک ئێمە دەمانگوت لای خۆتانە، لە وەڵامدا دەیانگوت: ویستویەتی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و شیوعییەکان کوشتویانە، یان دەیانگوت ویستوویەتی بچێ بۆ لوبنان و لە ڕێگادا کوشتراوە. تاهیر دوای ئازاد بوونی لە زیندان گوتی ئەشکەنجەیەکی زۆریان کردون و باسی شەهیدبوونی کرد.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ١١٦ کتێبی حەقیقەتی مێژوو دا، لە وڵامی بیژەن ساعدی کە دەپرسێ "حکوومەتی بەعس ئەحمەد تۆفیقی کوشت یان دەستی پارتیشی تێدابووە؟ دەڵێ:

نەخێر، ئەمن پێم وایە دەستی پارتی تێدا نەبوو، پارتی زۆریشی پێ ناخۆش بوو، چونکە ڕێبەرانی پارتی قسەیان لەگەڵ کردین،خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی گوتی: ئەگەر بۆتان دەکرێ، هەرچی پارەی تێ دەچی لێی خەرج کەن ئێمە دەیدەین، بەڵام کارێک بکەن رزگاری بێ، ئێمە زۆرمان هەول دا، نەمان توانی رزگاری بکەین. دەوڵەتی عێراقیش گوتبووی ئێمە بۆیە گرتوومانە، چونکە ئەحمەد

تۆفیق کاری بۆ ئێمە کردوە، بەڵام دوایە بۆمان دەرکەوتوە کە بە شێوەیەکی دوو لایەنە کار دەکا، واتا کار بۆ مەلا مستەفاش دەکا.

هێندێک خەبەر ئەوکات بڵاوبوونەوە کە گوایا خوارزاکانی ئەحمەد تۆفیقیان بەگرتن دابێ، چوونکە ئەوان پاش گرتنی ئەو لە بەغدا مابوونەوە و بە دەمانچە دەگەڕان و مانگانە ٤٠ دیناریان وەک پەنابەر وەردەگرت.

لێنا (نەسرینی قاسملوو) لە لاپەڕەی ١٧٦ کتێبی ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا... بە خراپ باسی ئەحمەد تۆفیق دەکا و دوای ئەوە دەڵێ کە مەلامستەفای بەجێهێشت و پەنای بۆ عێراق برد، دەنووسێ: "ئەحمەد.ت" (تۆفیق) سەرەڕای دەسەڵاتخوازی سیاسی، تەماحی کۆکردنەوەی ماڵ و سامانیشی هەبوو و دەستی کرد بە کڕین و فرۆشتنی مەڕ و ماڵات و بەرپرسەکانی ڕێژیمی بەعس، ئەمری دەستبەسەر کردنیان دا و بە تاوانی کڕین و فرۆشتنی نایاسایی زیندانییان کرد. لە زیندانیشدا کوژرا. لە لایەن چ کەسێکەوە؟ وڵامەکان جیاوازن.

کوشتن و نەمانی ئەحمەد تۆفیق بە دەستی ڕێژیمی بەعسی عێراق نادیارە وەک رازێک ماوەتەوە و ئاشکرا نەبوو کە چۆن لە ناوچوو. عەبدوڵلا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٧٨ کتێبی ئەزموونی خەبات دا کە کاک هەیاس کۆی کردوتەوە لەوبارەوە دەڵێ: کاک حەمەدەمین خزمایەتی دەگەڵی هەبوو، پێموایە خاڵۆزاو پوورزا بوون. عێراقییەکان بەپانەوە ئەوەیان گوت کە ئەحمەد تۆفیق کاری بۆ مە(بۆ عێراق. هەیاس) کردوە. بەڵام دوایە بۆمان دەرکەوتوە ″مزدوج″ کار دەکا. باوەڕ بکە کەلیمەی مزدەوەجیشم بۆ یەکەم جار دەبیست. بەو مانایە کە جاسووسی مەلا مستەفاش بووە لەسەر ئێمە. لەسەر ئەوەی گرتوومانە. ئێمە وازمان لە هەوڵەکانمان نەهێنا. ئەمجار بەوە بێدەنگیان کردین، گوتیان ئەحمەد تۆفیقمان ″تەسفیر″ کردوە. تەسفیریشم هەر بۆ یەکەم جار دەبیست. بەوەی دەڵێن کە یەکێکی لە وڵاتی خۆیان دەرکەن و نەشی نێرنەوە وڵاتی خۆی کە تەحویل دانەوەیە. پێی دەڵێن تەسفیر یانی سەفەرمان پێ کردوە. گوتیان تەسفیرمان کردوە بۆ سووریە. لەپاشان کە ماوەیەک پێوە خراو ئەحمەد تۆفیق لە هیچ جێگایەک سەرو سۆراغی نەبوو، ئێمە بەو قەناعەتە گەیشتین کە دەبێ کوژرابێ. چونکی دەمانزانی سووریە نایهەوێ، بۆ چیەتی. کەوابێ وەدەر دەکەوێ، کە وەدەریش کەوت کابرایەکی زیرەک بوو لە جێیەک سەری هەر وەدەر دەنا. گومان کوژراوە و نەماوە. کە واشیان گوتوە مەبەستیان کوژران بووە. دواتر، زۆر دواتر دەرکەوت کە ئاوا بە نیزیکییش نەکوژراوە.

ئەمن شاهیدێکی زیندووم هەبوو بەداخەوە هەرچی هەوڵم دەگەڵدا حازر نەبوو بە نووسین یان بەدەنگ ئەو ئیتلاعاتەی هەیەتی لێی وەربگرم.

هەیاس کاردۆ: کابرا عەرەب بوو؟

عەبدوڵلا حەسەنزادە: نەخێر، کورد بوو، کوردی ئێران. ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش بوو، ئەندامی پارتی دێمۆکڕاتی کوردستانیش بوو. لەو کوردانەی "زووحەیاتەین"ن. لە ئێران ئەندامی حیزبی دێمۆکراتن و لە عێڕاق ئەندامی پارتین. دیارە ئەوە ئەندامەتیی حیزبی هەر پاراستبوو، بەڵام چونکە ببوو بە عێڕاقییش ببووە ئەندامی پارتی. ئەوە لەسەر پارتی گیرابوو. بۆ منی باس کرد، وا بزانم پێرار بوو لە هەولێر عەمری خودای کرد. گوتی: ئەمن لە زیندانی ئینفیرادی بووم. لە ژووری

ئینفیڕادیی تەنیشتی منەوە دەنگی ناڵەو نارەحەتی دەهات. جارجار کە دەیناڵاندو قسەی دەکرد گوێم لێبوو کە بە کوردی قسەی دەکرد وەک ئەی هاوارو شتی ئاوا. دەیگوت درزێکی زۆر کەم لە دیوارەکەدا هەبوو ، سەرم بەدیوارەکەوە ناو گوتم ئەرێ کاکە ئەتۆ کێی و چکارەی؟ جوابی دایەوە گوتی کارت بەکاری من چیە کاکە؟ گوتی دوو، سێ ڕۆژم ئەوەلێ دووپاتە کردەوە هەتا ئاخرەکەی گوتم کاکە ئەمن ناوم فڵانە، ئەندامی پارتی دێمۆکڕاتی کوردستانم. لێرە وەکوو تـــۆ زیندانیم، پێمخۆشە باوەڕم پێ بکەی. گوتی ئەوجار کە وام پێگوت، باوەڕی کرد و گوتی ئەمن عەبدوڵڵای ئیسحاقیم. لێرە گیراوم و ئەشکەنجەم لەسەرە. گوتی هەموو ڕۆژێ دەیانبرد. زۆری پێوە نەخرا، شەوێکیان کە بردیان و هێنایانەوە لێم پرسی چۆنی، گوتی ئیدی تازە نامبەنەوە. تازە ئەمن ناژیم. گوتی هەتا بەری بەیانی ناڵەو نووزەی هات. بەری بەیانی بێدەنگ بوو. گێڕایەوە گوتی دوو ڕۆژی پێوە خرا هەر بێدەنگ بوو هەتا لە جیاتی دەنگ بۆن هات. هاوینیش بوو، گوتی لە ژوورەکەی خۆیدا مردبوو، بۆگەنی کردبوو، جا ئەوجار لایان برد. لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتیان.

هەیاس کاردۆ لە لاپەڕەی ٨٠ کتێبی ئەو سەرچاوە دا لە عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەپرسێ: مامۆستا ئەو نەفەرە کێیە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەو نەفەرە ناوی "ئەکرەم بەگ" بوو. لە هەولێر عەمری خوای کرد. بابی ئەو کوڕە باشە بوو کە لە تەلەڤیزیۆنی کوردسات کار دەکا، ڕاسان موختار. دیارە سێ کوڕی هەن هەموویان هەر باشن. ئەمەیان ناوی موختارە شۆرەتیان ئەحمەدییە. لەو بەگانەی بانێن. بەداخەوە ئەوەی بۆ ئێمە سەبت نەکرد هەرچەند بیستوومە بۆخۆی هێندێک شتی لەپاش خۆی بەجێ هێشتوە. هیوادارم وەدەست کەوێ و چاپ بکرێ.

حامید گەوهەری لە نووسراوێکی ئینتێرنێتی لەژێر ناوی "گەڕانەوە بۆ مێژوو" لە زمانی تاهیری مەلا حەسەن کە زۆر وەڕاست ناچێ لەسەر کوشتنی ئەحمەد تۆفیق بە جۆرێکی دیکە دەگێڕێتەوە و دوای ئەوە دەڵێ کە ڕژێمی بەعس، نزیکەی هەشت مانگ ئەحمەد تۆفیقی لە زیندان دا ڕاگرت و ویستی بە دژی مەلا مستەفا و شۆڕشی ئەیلول بەکاری بێنێ، دەنووسێ: ئەحمەد تۆفیق لە دووەم مانگی بەهاری ساڵی ١٩٧٣دا لەژێر ئەشکەنجە گیانیدا. لەو بارەیەوە تاهیر مەلا حەسەن ئەو پێشمەرگەیەی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق لە زینداندا بوو لە وتووێژێکیدا بە درێژی باس لە ئەشکەنجە دانی ئەحمەد تۆفیق و خۆی دەکات و دەڵێت:

- لە زیندانی قەسری نیهایە... تا کاک ئەحمەد مرد پێکەوە بووین، هیچ کەسی دیکەمان لەگەڵ نەبوو. دیوەکانیش ٢ میتر لە ٢ میتردا بوون... لە دیوەکە، چاویان کە دەکردینەوە هەموو گیانمان بە لێدان شین و رەش ببۆوە... کاک ئەحمەد زۆر لەمن خراپتر بوو. پرسیم بۆ وا نارەحەتی و نەفەست نایە؟ گوتی: کەسێک لەسەر سینگم دانیشتووە و قورسایی ئەو کە نازانم ئینسان بوو یا بەرد بوو، ئەمنی کوشت. پاش مانگێک کەمتر کاک ئەحمەدیان برد. دوایە کە هێنایانەوە حاڵی زۆر خراپ بوو، و خێرا خێرا هەناسەی دەکێشا. گریانم بۆی هات... لێم پرسی چییان لێکردی؟ گوتی: کوشتیانم! هەرچی ئەمن لە بەغدا کردومە ئەویان لێ پرسیوم! گوتیان تۆ هاوکاری مەلا مستەفات کردوە،

گوتم: نەمکردوە، پێشتر کردومە و دەبێ بیکەم و من پەناهەندەی سیاسیم و وەزیفەشە، دژی شای ئێران بم، نەک دژی ئێوە... ئەوەی ئێوە لەگەڵ ئەمنی دەکەن تاتار و هیتلێریش نەیانکردوە... یەکیان گوتی: ئەحمەد تۆ زۆر زمانت درێژە ئێرە لای مەلا مستەفا نییە.

تاهیر لە درێژەی وتووێژەکەیدا باس لە چۆنیەتی دەرهێنانی نینۆکەکانی قاچیان دەکات و دەڵێت "سەعدون غیدان و عەبدولخالق سامەڕایی" چاویان بە ئەحمەد تۆفیق کەوتووە و داوایان لێکردوە: گەر وتارێک بە دژی مەلا مستەفا بنوسێت، لە زیندان ئازادی دەکەن، ناوبراو دەڵێت:

- ئەحمەد تۆفیق گوتی: ئێستاش بڵێن لەسەر شا بنووسە، هیچیشم نەدەنێ دەینووسم بەڵام قامکەکانیشم بدەم لەسەر مەلا مستەفا ئەوەی داوام لێدەکەن ناینووسم... ئەوە لەمن بەدوورە! ئەوانەی ئەهلی کەیفن دەتوانن، ئەمن ناتوانم. ئەمن نانی میللەتی کوردم خواردوە، چاویشم بە نانی ئەوان پشکوتووە، قەولیشم بەوان داوە کە لەسەر ئەوان بمرم و خەیانەتیان پێ نەکەم... ئەمن چەندە لەو زیندانەدا بم ئیحترامم دەمێنێ، بەڵام ئەگەر بێم مەقالەیەک بۆ ئێوە بنووسم، دەبم بە پووشی بەر ڕۆژێ. ئەوەندە کە کارتان بەمنە تا مەقالەکە بۆ ئێوە بنووسم و ئیمزای بکەم. دواتر دەڵێن ئیمزای عەبدوڵا ئیسحاقی یە. پاشان فڕێم دەدەنە دەرێ و لە دنیادا ئابڕووم نامێنێ. لێرە دەبم و ئەرزیشم زۆر زیاترە... هەر شتێکی بیڵێن بە قسەتان دەکەم، بەڵام بە دژی میللەتی کورد لە عێراق یا تورکیا، سوریا و ئێران نە بەعەمەل و قسە هیچ شتێک ناکەم... من مردن هەڵدەبژێرم نەک ژینی خوێڕیانە و سەرشۆڕی. بۆماڵی دنیا و تەمەن و نان، شەرەف و غیرەتی ئینسانی کورد لەژێر پێ نانێم.

تاهیر لە درێژەی وتەکانیدا سەبارەت بە مەرگی ئەحمەد تۆفیق، دەڵێت: سێ چوار جاریان ئەشکەنجە کردەوە... جارێکی دیکە شەوێک پێکەوە بردیانین... لەگەڵ کاک ئەحمەد هاتینەوە دیوەکان. گوتم: کاک ئەحمەد چۆنی؟ چیان لێ پرسی؟ گوتی: ئەمن هەموو سەفحەکانم "لاپەڕەکانم" ئیمزا کردوە، هەر سەفحەی ئیعدامێکە، ١٥ لاپەڕە. بۆخۆم خوێندومەتەوە... بەو پەروەندەیەی کە لە دادگا بۆم سازکراوە، ئەگەر بڵێم مەلاییەتم، بە شەیتان دەردەچم. گوتم: موتەهەم بەچی کراوی؟ گوتی: کۆمەک بە مەلا مستەفا بارزانی و هێنانی خەبەرنیگاری خەبەرگوزاری رۆیتیرز- دانا ئادامز شمیدت- و خەیانەت بە عێراق و گوتی هەرچی کردومە و گوتوومە، بە بەعسییەکان گەیشتوتەوە... دواتر کاک ئەحمەد هیچی نەدەخوارد ئەوە هەشتەم مانگە و کاک ئەحمەد سەروبەندی گیان دەرچوونی بوو. شەوێکی گوتی: تاهیر وەرە دانیشە. ئەمڕۆ سەیرە چاک چاک بوومەوە. هیچ جێگایەکم نایەشێ، جێگایەکم بۆ ڕاخە. بۆم ڕاخست. دەستم لە لاقی دا سارد و عادی بوو، گوتی: ماڵتە ئەو دەرکەیە لەو کابرایانە بکەوە، دێنە ژوورێ!! گوتم کاکە! ئەوە تۆ قسان دەبزرکێنی. ئاخر ئەو دەرکە لە دەرێ ڕا داخراوە. گوتی: ئەگەر وایە لاقت وەبن سەرم بدە، بن سەرم نەوییە، لاقم بۆ درێژ کرد و گوتی: زۆر خۆشە. هەر هێندەی پێ نەچوو، چاوەکانی وێک نا و هەناسەی نەما و شەهید بوو، هەرچی بانگم کرد هیچ دەنگی نەهات. لاقم لەبن سەری دەرهێنا و لەسەر پەتۆکەم دانا و ملم نا لە گریان، یەک بەخۆم بە دەنگی بەرز دەستم

بە گریان کرد... ئەوە بەهاری ساڵی ١٩٧٣ی زایینی بوو... تەرمی کاک ئەحمەدیان برد و نازانم چی بەسەرهات و چیان لێکرد.

بەمشێوەیە ئەحمەد تۆفیق لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٢ گیراوە و دوای هەشت مانگ زیندانی لە مانگی دووهەمی بەهاری ساڵی ١٩٧٣ بە ئەشکەنجە کوژرا.

## کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق

سەید عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) لە ساڵی ١٣٠٠ (١٩٣١) هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بوو. سێ برا و دوو خوشکی هەبوو. لە سەرتا دا بابی سەید محەممەد ئەمینی، چێودار بوو دوایە بوو بە قەساب.

ئەحمەد تۆفیق بە قەول خەنجەری دەببان بوو لە کالان دا رانەدەوستا و کەسایەتێکی هەڵسووری ماندوو نەناسی ئازا و لەخۆبردوو و کۆڵنەدەر بوو کە پێویستە ئاکار و کردەوەکانی، لە قۆناغ و سەردەمی جیاواز دا بخرێنە بەر باس.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٣٧٤ کتێبی چێشتی مجێور" دا لەسەر کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق دەنووسێ: ئەحمەد تۆفیق دەستە پیاوێکی باڵابارێکی جوان چاک، سپیلکەڵە، موی لە رەشیان بریقەی دەهات. قەت لە کار کردن ماندو نەدەبو. زۆر پاک و خاوێن و مورەتەب بو. کەس بە پێ دەگەڵی دەرنەدەبرد. رۆژ و شەو بێوچان بە شاخ و کێو هەڵگەرابا نەفەسی تەنگ نەدەبو. نەیدەهێشت بەردەستانی ساتێک بێکار و تەنبەڵ رابیوێرن. لە غاردان دا پێم وابو کەروێشکی لەبەر دەرناچێ. جارێک جاشێکی دیل هەڵاتبو. جاش وەک تاژی رای دەکرد. ماوەیەکی زۆریش دور کەتبو. ئەحمەد کەوتە سەری و گرتی. تفەنگچی چاک بو. نەیدەزانی ترس چیە. هەمو گیانی هونەر بو. عەیبی ئەوە بو زۆر سەختگیر و خەتایەکی چکۆڵەی لە ژێر دەست قبوڵ نەدەکرد، نەیدەبەخشی. بە چاوی بەدبینی دەیروانیە زۆر لە هەواڵەکانی ئێرانی، زۆر دەترسا کە ساواک ناردبنی کە لەسەر ئەو وردە عەیبانەی من لۆمەم دەکرد.

عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٧٠ ئەزموونی خەبات دا، دوای ئەوە لە سەر کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق دەڵێ کە کادرێکی زۆر ئازا و فیداکار و چووست و چالاک بوو دەنووسێ کە کەم دێهاتی مەنتەقەێ مەرکەزی کوردستان ماوە کە ئەو نەیگەڕێ و نەیپشکنێ و لە کادێنان و لە تەویلان دا نەخەوت بێ. زۆر خەڵکی بوو و لە باری ناموسێوە جێگای مەتمانەی هەموو کەس بوو. ئەو ژنی نەهێنا. بە دەست و تفەنگ لە شەڕدا زۆر ئازا بوو. لە هەڵوێستیش دا هەر ئازا بوو. ئەوەندە بە ئوتوریتە بوو کە ئەگەر دەردەکەوت پێشمەرگە هەموویان خۆیان خڕ دەکردەوە. وەک عەزیز نەسین گوتەنی "فەرماندە دەبێ هەمیشە نێوچاوانی سێبەر بکا" وابوو.



ئەحمەد تۆفیق

مەلا عەولا لە سەر خۆشەویستی ئەحمەد تۆفیق لە لای بارزانی، لە لاپەڕەی ٧١ ئەزموونی خەبات دا دەنووسێ کە ئەوانەی موخالیفی ئەحمەد تۆفیق بوون جارێک لە رانییە دەچنە لای بارزانی و شکایەتیان لە ئەحمەد کردوە کە دیکتاتورە و کەس ناخوێنێتەوە. بارزانی لە یەک قسە دا دەڵێ: ئەمن ئەحمەد تۆفیق بە هەمووی ئێوە ناگۆڕمەوە. ئەوەی دەیەوێ دەگەڵ من بێ، دەبێ دەگەڵ ئەحمەد بێ.

بەمشێوەی مەلامستەفا ئەحمەد تۆفیقی لە بەرانبەر بە هەموو ئەندامانی حیزب دانا و ئەوەش رواڵەتێکی لەودا پێک هێنابوو کە خۆی بە منەتەتباری کەس نەدەزانی. بە پێی پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە ٢٧ ساڵی ١٣٦٨ دوکتور قاسملوو لەسەر ئەحمەد تۆفیق دەڵێ: عەبدوڵڵا ئیسحاقی نفووزێکی عەجایبی هەبوو. یانی سانترالیزمێکی بوروکراتیک لە حیزب دا پێک هاتبوو کە زۆر دژی دیموکراتیک بوو. هەروەها دەروێش سیفەتی بەرامبەر بە یەکیەتیی سۆڤیەتی و وڵاتانی سوسیالیستی پێک هێنابوو. لە لایەکەی دیکە نفووزی سوننەتەکانی بارزانی ناسیونالیزمێکی بەرچاوتەنگی دامەزراند بوو. هەروەها ماکیاولیزمی کرد بووە باو، بەو مانایە کە لە سیاسەت دا لەگەڵ هەموو کەس دەتوانێ رێککەوێ و کڵاو لە سەر هەموو کەس بنێ و فێڵ لە هەموو کەس بکەی. لەوانەش خراپتر دوو شتی دیکە بوو، یەکیان ئەوە بوو کە: بۆ ئەندامانی حیزبی ئێمە کە مابوونەوە گرنگترین شت بریتی بوو لە چەک و پارە، کاریان بە هیچ شتێکی دیکە نەبوو. تەشکیلات و سیاسەت و نووسین و ئەوانە هیچ ئەهەمییەتێکی نەبوو! ئەمە دیارە لە خودی بارزانی یەوە هاتبوو کە زۆر جار تەوهینی بە زۆر رووناکبیر دەکرد و قسەی خراپی پێ دەگوتن و ئەمە چوو بووە مێشکی زۆر کەسانەوە. ئەوی دیکەشیان دامەزرانی سلسلە مەراتبی عەشیرەتی بوو. یانی ئەوەی مەسئوول بوو هەمە کارە بوو کەس هەقی نەبوو لێی بپرسێ چ دەکەی؟ ئەوەی مەسئوولییەتی نەبوو وەک نۆکەر رەفتاری لەگەڵ دەکرا.

لێنا (نەسرینی قاسملوو) لە لاپەڕەی ١٧٦ ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا کە ناهیدی حوسێنی وەریگێڕاوە، باسی کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق دەکا و دەنووسێ: عەبدولڕەحمان هاوکارێکی دیکەشی هەبوو بە ناوی "ئەحمەد.ت" گەنجێکی گوندی و زیرەک بوو. بەڵام زانیاری گشتی و بە تایبەت قاڵبوونەوەی سیاسی زۆر باش نەبوو. ئەو کە بەڕێکەوت و لە سای قەزا و قەدەردا، خۆی لە دەوروبەری ڕێبەرایەتی حیزب بینی بینیبووە. پێگە و ڕاگرتنی باڵانس سەبارەت بە بابەتەکانی لەدەست دابوو و پێی وابوو دەتوانێ ڕۆڵێ ڕێبەرێک بگێڕێت (بۆ ماوەیەکی کورت بە ئاواتەکەی گەیشت) بەڵام چونکە توانای هاوڕێکانی نەبوو، کەوتە پیلانگێڕان و ڕەوتی گۆڕی و کۆتایی بە خەباتی خۆی لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا هێنا و پەیوەست بە مەلا مستەفای بارزانی، ڕێبەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو. کەمن ئەو ڕێبەرانەی هاوکارە دەسەڵاتخوازەکانیان تەحەممول دەکەن و بارزانیش کە بۆ لایەنگرانی خۆی قارەمانێکی ڕاستەقینە بوو، لەو بوارەوە جیاواز نەبوو. ئەو زۆر زوو بە نییەتی "ئەحمەد- ت"ی زانی و ئەحمەد "ت" ئەمجارەیان ڕووی لە حیزبی بەعس واتە ڕێژیمی سەددام کرد.

ئەحمەد تۆفیق لە سەرەتا دا مارکسیستێکی تۆخ بوو دوایەش بە رواڵەت بوو بە نەتەوەپەرەست و میللیگەرا. بەڵام چ نەتەوەپەرەستێک؟ لە کۆنگرەی ٢ دا هیچ بێڕیزێک نەما بە رێبەرانی کۆماری نەکا. میللیگەرایەک کە لە ساڵانی ٤٦ -٤٧ دا نەگەڕاوە بۆ لای بەشێک لەو کەسانە کە لەسەختترین کاتەکان دا بە دژی رێژیمی ئێران راپەڕی بوون. نەتەوەپەرەستێک کە بە رواڵەت خۆشەویسترین کەسی خۆی کە مەلا مستەفا بوو بەجێی هێشت و خۆی لە باوەشی رێژیمی بەعس هاویشت و بە پۆلیسی عێراقی دەچووە سەر ئەندامانی حیزب و بەگرتنی دەدان.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٠١ بەرگی ٢ بیرەوەرییەکانی دا دەڵی کە رۆژێک ئەحمەد تۆفیق و ساڵحی خوارزای مەلامستەفا و پۆلیسێک بە دوای دا گەڕاون تا بیگرن.

رەحمانی کاژەیی باسی هەڵسوکەوتی ئەحمەد تۆفیق سەبارەت بە خۆی، لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا دەکا و لە لاپەڕەی ٣٤ کتێبی "کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم" دا دەنووسێ: لەکاتی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی هاوڕێیاندا، لەپڕ تووشی کاک ئەحمەد تۆفیق و دوو کەسی دیکە لە هاوڕێیانی ناوبراو بووم. زۆرم پێخۆشبوو و چوومە پێش و سڵاومکرد. بەتەما بووم باوەشیان پێدابکەم، کاک ئەحمەد منی نەناسییەوە. یەکێک لەو کوڕانەی لەگەڵی بوو گوتی: ئەوکوڕە لەوانە..! (مەبەستی حیزبی دێموکراتی  کوردستان بوو بە ڕابەرایەتی دوکتور قاسملوو). بەداخەوە بە پێچەوانەی هەستی من بەرانبەر بە ئەوان، ناوبراو بە جنێودان وڵامی سڵاوی منی داوە و قسەی زۆر نەشیاوی نەک هەر بە من، بەڵکوو بە دوکتور قاسملوو گوت و هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆری کرد!

منیش هەرئەوەندەم پێگوت: پەشیوانم لەو سۆز و پەرۆشەی کە بۆ ئێوەم هەبوو لە ڕابردوودا. توخوا تۆ کەسێکی شیاوبووی بۆ سکرتێری حیزبی دیموکرات..بەداخم!

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی٣٦٦ چێشتی مجیور دا لەسەر راوبۆچوونی ئەحمەد تۆفیق دەنوسی: وردە کێشەمان کرد، ئەو کە مارکسی زانا بو، لای وابوو ئەو دەوڵەتانەی ئەوبەری دەریاوە دێن و وڵاتان داگیر دەکەن، ئیستیعماری و سەگ و سەگبابن. من دەمگوت: "فەرقی چییە لە وشکانی و لە دەریاوە بێ؟ ئەگەر بمخوا سەگباب و زاڵمە. خواردن خواردنە، بە کەوچک و کێرد و چەنگاڵ بێ، یان بە چەنگ و نینۆک و چەنگاڵ. دەیگوت: ئێمە دەبێ وێڕای ئێرانییەکانی تر وەبەر رەحمەتی شیوعی کەوین و کوردی عیراقیش وێڕای عەرەب و کوردی تورکیا وێڕای هەموو تورکەکان. من دەمگوت: برا من بڕوام وانییە کورد، ئێرانی و عێراقی و تورکیایی هەبێ، من خەلکی وڵاتێکی گەورەم ناوی کوردستانە. سێ چوار دەوڵەت داگیریان کردوە، دەیخۆن. دەوڵەتە گەورەکانیش یاریدەیان دەدەن کە بە زاری ئەوان بمانخۆن. با ئێمە خۆمان لەبیر بێ، گەلانی هاوساش ئەگەر یاریمان بکەن سوپاسیان دەکەین.

لە چوارچێوەی نەزم و دیسیپلینی نێو پێشمەرگەدا مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی٤٧٦ هەر لە سەر ئەحمەد تۆفیق دەنووسێ: بنکەی ئەحمەد تۆفیق لە پشت گوندی شێخان بە چیایەکەوە بو. کانی و ئاویکی زۆر خۆشی لێبو. هەرچەند لە هەمو بنکەکان دەرهەم بەرهەمی زۆر بو، کار زۆر بە ناڕێکی ئەنجام دەدرا، بەڵام ئەحمەد پیاوێکی زۆر بە زیبک و زاکوون و موڕەتەب بوو. پێشمەرگەی

ئەو دەرسیان دەخوێند، هەمیشە کاریان دەکرد، کەس زاتی نەبوو لە خەت لادا. نەچاڕ با دارتاشی پێدەکرد، هەرکەس هەر سەنعاتێکی هەیبوو دەبوو بیکا و بەهرە بە شۆڕش بگەیەنێ. زۆر جار میوانی دەبوم بەو تەنزیم و ڕێک و پێکیەی زۆرم دڵ خۆش دەبوو. جارێک لەوجارانەی لای بوم، ناردبووی لە (خانێ) گۆشتی جوانەگایان کڕیبو. هەر دەمانخوارد و ڕەحمەتمان بۆ گازەرد دەنارد.

مامۆستا هەژار هەر لە سەر لێهاتوویی ئەحمەد تۆفیق لە لاپەڕەی٣٦٦ دا دەنووسێ: شەڕی بارزانی و قاسم گەرم ببو. ئەحمەد هاتە بەغدا و پێم سەیر بو چۆن توانیویە لەو ڕێگە دژوارە خۆی دەرباز کا. گوتی هاتوم جلک و دەرمان بۆ بارزان بەرم کە هیچیان نییە. وێکەوتین جلک و دەرمانی زۆرمان پەیدا کرد. ئێستاش نازانم چۆنی گەیاندنەوە بارزان کە بەراستی کاریکی ئازایانە بو. هەروەها چو بو لە بیروتەوە دانا ئادام شمیتی پەیامنێری ئامریکایی گەیاندبوە لای بارزانی کە لە کتێبەکەی (سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکان) دا زۆر بە چالاکی و نەترسان و کارزانی ئەحمەد تۆفیق هەڵ دەڵێ. جارێکیش لە بەغدا پیکەوە چوینە سفارەتی میسر وەک باسم کرد. عەڕەبی نەدەزانی من تەرجومانیم دەکرد. لە قسە کردنی سیاسی‌دا بە وریام هاتە بەرچاو. لە چوارقوڕنەش دیتمەوە، بەڵام ئەمجار ئەو فەلسەفە و فلتەفلتەی پێشو نەمابو کە من تێی‌نەگەم. ببوە کوردێکی خۆماڵی و ((هەرکەس کوردستان لە کورد داگیر بکا، لە بەراز و ئیستیعماریش پیسترە...)).

غەنی بلوریان لەسەر کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق لە لاپەڕەی ١١٣ کتێبی "ئاڵەکۆک" دا دەڵێت: ئیحسانوڵڵا، کتێبی بۆ دیاری دەکردین کە بیخوێنینەوە... لەنێو هەمووی ئێمەدا تەنیا عەبدوڵڵای ئیسحاقی ئامادە نەبوو کتێب بخوێنێتەوە و هەمیشە وەبەر ڕەخنەی ئیحسانوڵڵا دەکەوت... بەڵام بەو حاڵش ئینسانێکی کاری بوو و هەمیشە لە خۆپیشاندانەکاندا نەخشی بەرچاوی هەبوو. هەمیشە خەریکی دروشم نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوەکانی حیزب بوو. ئێمە گەلێک جاران ڕەخنەمان لێدەگرت و دەمانگوت: بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوەکانی حیزبی ئەرکی تۆ نییە و بەرپرسی خۆی هەیە، بەڵام گوتنی ئێمە هیچ فایدەی نەبوو. ئەو کە دەیدیت ئەندامێکی حیزب خەریکە دروشمێک لەسەر دیوار دەنووسێ، خامەکەی لێوەردەگرت و بۆخۆی دروشمەکەی بۆ دەنووسی. عەبدوڵڵای ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" بەڕاستی ئاشقی کار بوو. زۆر ئازا و نەترس بوو، لە هیچ خەتەرێک نەدەپرینگایەوە و لە کارەکانیدا سادق و ساڵم بوو.

مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٣٤ چێشتی مجێور لە سەر ئەحمەد تۆفیق دەنوسی کە کەسی نەدەگەیشتێ. ئەو هەمو کات هەر لە سەفەر دابوو و ئەو تەنانەت لە ماڵی جاشانی عیراقێش شتی دەدزی.

جەلال تاڵەبانی لە لاپەڕەی ٧٦٥ کتێبی "بعد از ٦٠ ساڵ" لەسەر ئەحمەد تۆفیق دەڵێ: کوردێکی ئێرانی بوو بە ناوی عەبدوڵا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق کە بەر لە دوکتور قاسملوو ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە ئەستۆ بوو. بەراستی ئەو مرۆڤێکی ئاژاوەگێر، بەرەڵا و حەسود و قسەگێرەوە بوو. کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر مێشکی بارزانی هەبوو. لە ژێر ناوی خۆشەویستی بۆ بارزانی، هەموو هەواڵ و قسەیەکی خراپی بۆ دەگێراوە کە بە دژی ئێمە کەڵکی

لێوەر بگیرێت. دەیگوت ئەوانە دژی تۆن و ئیبراهیم ئەحمەد و کومیتەی ناوەندی حیزب بە دژی تۆن و نایەنە سەر ڕێگای ڕاست.

لە یەکەم وردبوونەوە دا دەردەکەوی کە ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ گشت ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب توند و تیژ و کەم حەوسەلە و نەحاواوە بووە و لەگەڵیان بە توندی جوڵاوەتەوە و بێڕێزی پێکردوون. تەحەموولی ئەو ئاکارە بۆ ئەندامانی حیزب کە لە قۆناغەکانی ئەوکات دا هەمیشە لەژێر ناخۆشترین زەختەکانی ژیان دا بوون، دژوار بوو. جیا لە توند و تیژی بەلای ئەحمەد تۆفیق زۆر ئاسایی بوو کە هەرکەسێکی پێیخۆش با هەڕەشەی لێبکا و وەک دوکتور قاسملوو لە بەغدا راوی بنێ، یان وەک سەدیق ئەنجیری و ئەسعەدی خودایار و ... لە ناوبەری. ئەحمەد تۆفیق پێکهاتەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی لەگەڵ عەشیرەتی یەک دەست و ئازای بارزان لێ تێکچوو بوو و حیزبی دیموکراتی بە رەبەی ئەوانی دەپێوا و دەیهەویست بە توند و تیژی و بێ ڕێزی، ئەو ئوتوریتە و هەیمەنە پێک بێنێ کە ڕێبەری مەڕحومی مەلا مستەفا بە ئازایەتی و کۆڵ نەدان و لەخۆبردوویی دەیان ساڵەی، بە هۆی عەشیرەتی ئازای بارزانی بەدەستی هێنا بوو.

ئەحمەد تۆفیق لە ژێر کاریگەری قورسی کەسایەتی بارزانی دا بوو و دەیهەویست ئەو نەزم و دیسیپلین و ئیتاعەتەی نێو بارزانیان کە لە مەودای زەمان دا پێکهاتوە و دەکرێ بگوترێ چەشنێک ئەیدئۆلۆژی تایبەتی لە پشتە و بۆتە توانا و قودرەتێکێ لە بن نەهاتوو، بە هێندێک رووناکبیر و پێشمەرگەی رەش و رووتی نێو حیزبی دێموکرات پێک بێنێ کە هەر یەک لە هەوایەکی لێدەدا و بە بیروبڕوایەک گۆش درابوو. ئەحمەد تۆفیق بە هۆی زۆر هۆکار هەم نەدەکرا و هەم نەیدەتوانی درێژەدەری ڕێگای مەلا مستەفا بێ و هەم ڕێبەری شیاوی کەسانێک بێ کە لە خۆی شارزاتر و ئازاتر بوون. لە مێژوو دا نێوو نێوبانگی ئەحمەد تۆفیق ئاوێتەی ئازایەتی بوو بەڵام رووداوەکان نیشانیان دا کە هاوسەنگەرانی ئەحمەد تۆفیق هەم زاناتر بوون و هەم ئازاتر.

## بەشی ٨٦

## کۆنگرەی٣ ی حیزبی دێموکرات

کۆنفرانسی سێی حیزبی دێموکرات، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی حیزبدا و ئالوگۆڕی قوڵی لە بیر و بۆچوون و روانگەی کار و تێکۆشانی نێو ریزەکانی حیزب پێکهێنا. بەلام هەلومەرجی نوێ خەبات، دیاری کردنی ستراتیژی سیاسی و تاکتیکی و بەڕێوەبەری ئۆرگانەکانی حیزب، بە گشتی هەڵسەنگاندنی خەباتی رابردوو و هەموو ئەو کێشە و گیر و گرفتانەی کە حیزب لە سالانی رابردوو دا توشی ببوو، ئەو پێویستێ پێکهێنا کە لە بەرزترین ئۆرگانی حیزب، کە کۆنگرە بوو باس بکرێن و بریاریان لە سەر بدرێ تا شەرعییەتی تەشکیلاتی وەرگرن. بەو مەبەستە بڕیاری گرتنی گونگرەی٣ ی حیزب درا و لە رۆژی ١٩٧٣/٩/٢٢(رەزبەری ١٣٥٢) لە شاری بەغدا، بە بەشداری ٤٩ کەس لە نوێنەری ریکخراوەکانی حیزب، لە نێوخۆی و دەرەی وڵات دا بەسترا.

بە پێی لاپەڕەی ١٤٥ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە"، هاشمی کەریمی لەسەر گرتنی شوێنی کونگرە دەنووسێ کە پێشتر دوکتور قاسملوو چوو بوو بۆ لای مەلا مستەفا و ئەو پێیگوت بوو کە لێرەی مەگرن تا نیوانیان لەگەڵ ئێران تێکنەچێ. دوکتور قاسملوو گوتبووی کە قسە و قسەلۆکمان بۆ ساز ناکرێ؟ ئەویش مەلا مستەفا گوتبووی نا، لە لایەن شۆڕشەوە هیچتان پێناگوترێ.

راپۆرتی سیاسی ئەو کۆنگرەیە لە پلەیەکی بەرز دابوو و لێکدانەوەی ورد لە هەلومەرجی خەبات و سیاسەت و ئیستراتیژی حیزب کرابوو و بۆ یەکەم جار شەڕی چەکداری بە شێوەی ئەسڵی خەبات داندرا. لەو کۆنگرەیەدا بەرنامە و پەیرەوی نێوخۆی حیزب پەسەند کراوی کۆنفرانسی سێ بە هێندیک دەستکاری زانستیانە قبووڵ کرا و دروشمی سوسیالیسم وەک ئامانجی دوارۆژ و خەبات دژی ئیمپریالیزم و جیایی دین لە دەوڵەت، پەسەند کران. چونکە پەسەند کردنی هەموو بەرنامە و سیاسەت و پەیرەوی ناوخۆی ئەم کۆنگرەیە بە پێی بڕیاری گشتی ئەندامانی بوو، بۆیە ئەو کونگرەیە رەنگیکی دێموکراتیک و شەرعییەتی تەواو پێشکەوتوانەی هەبوو.

موسوڵمان و کمونیست و سوسیالیستی لایەنگر و دژ بە شوڕەوی، پێکهاتەی ئەندامانی کونگرە بوو و بە پێی قسەی عەبدوڵای حەسەنزادە، لەژێر کاریگەری ئەفکاری دوکتور قاسملوو و باڵادەستی ئەو لە تێئۆری و ئیستدلال دا، بەرنامە و پەیرەو قبووڵ کرا. دوکتور قاسملوو لە گەڵ زۆربەی کەسایەتییەکانی عێراق، چە ئەوانەی لە بەغدا و چ ئەوانەی لە گەڵی گەڕابوونە ئاشنایەتی و دۆستایەتی هەبوو و ئەو پەیوەندیە لە دەهەی حەفتاکان دا، زیاتر پەرەی ئەستاند و زۆر بە قازانجی حیزب بوو.

بە تەمەنترین ئەندام ئەو کونگرەیە ٥٢ سال و کەمتەمەنترین کەس ٢٠ سال و رادەی تەمەنی نێوەنجی ئەندامان٣٥ ساڵ بوو. مامۆستا هێمن وەک بە تەمەنترین ئەندامی حیزب، کۆنگرەی کردوە.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لە دەستنووسێک دا لەسەر کۆنگرەی ٣ دەنووسێ: لە کۆنفرانسی سێ دا بڕیار درا بوو حیزب هەر دوو ساڵ جارێك کۆنگرە بگرێ و گۆڕان لە ڕێبەریدا پێك بێ و حیزب بە ڕابوردووی تێکۆشانی دوو ساڵەیدا بچێتەوە. کارە باشەکان باشتر و کەمووکۆڕیەکان چارەسەر بکرێ. ئەوە بوو لە مانگی ڕەزبەر دا ئاگادار کراینەوە کە حیزب کۆنگرە دەگرێ. هەر لەو مانگەدا کاك کەریمی حیسامی هات بۆ قەلادزە تا ئەو ئەندامانەی حیزب کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی سێهەم دەعوەت کرابوون لەگەڵ خۆی ببا بۆ بەغدا. ئەوەندەی بەبیرم بێ ئەوکەسانە نوێنەر بوون، لەقەلادزە، کاك مەلاخدری دۆڵە گەرمی، حاجی مەلارەسوو، میرزاخدری مەرەسەنە، حەمە پۆڵا، ئەمن، حەسەن سەردەشتی، مەلا سمایلی حاجی فەقێ عەولای قەلەڕەشی و چەند کەسی تر کە ناوی ئەوانی دیم بەبیر نەماوە.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لە درێژە دا دەڵێ: لە نێوخۆی وڵات را دوو کەس بە نوێنەری ئەندامان بانگهیشتن کرابوون بە ناوەکانی مامۆستا مەلاسەید سەلامی بانەزێری و مەلامحەمەدی نێوچوانی. لە ئوروپاش را دوکتۆر حەسەنی شەتەوی، دوکتۆر سووڵتانی وەتەمیشی، محەمەدی موهتەدی بۆ بەشداری لە کۆنگرە هاتبوونەوە.

دەوڵەتی عیراق بۆ گرتنی کونگرەماڵێکی گەورەی لە ئیختیاری حیزب دانابوو. جێگای گرتنی کونگرە و نوستن و خزمەتی هەموو بەشداران بە خزمەتکارەوە کە ٦٠ کەس دەبوون، بە باشی دەبۆوە. لە رۆژی ئەوەڵی کۆنگرە را دەرکەوت کە لە هەموو ژوورەکان دەزگای گوێگرتنیان داناوە. بۆیە تەنیا کردنەوەی کونگرە، لە ژوورێکی گەورەدا گیرا دەنا کارەکانی کونگرە لە حەسارەکەدا بەڕێوە چوو.

دواتر حەمەدەمین سیراجی وەک مەسئولی پەیوەندی، لە لای دەوڵەتێ عێراق گلەیی کرد و راگەیاند کە حیزب پێی ناخۆشە کە کاری ئاوایان کردوە و گوتبووی خۆ ئێمە بە دژی ئێوە کارێک ناکەین. ئەوان ئێعترافیان کرد کە ژوورەکان دەزگای دەنگ بیستنیان تێدا بووە، بەڵام گوتبوویان کە ئەوە بۆ ئێوە نەبوو.

لەو کۆنگرەیە دا کێشە لە سەر ئەوە بوو کە ئایا ئەو کۆنگرەیە، کۆنگرەی ٢ بێ یان سێ. دوکتور قاسملوو و لایەنگرانی دەیانگوت ئەوە کۆنگرەی دوویە و لە دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی دا زۆرینەی دەنگ بوو. تەنانەت ئەو راپۆرتەی کە بۆ کۆنگرە نوسرابوو بە ناوی" راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی(ئیران)" نووسرابوو. بەڵام زۆربەی ئەندامانی حیزب دەنگیان دا کە ئەو کونگرەی سێ بێ و بەمشێوەیە شەرعییەت بە کۆنگرەی ٢ درا کە لە ساڵی ١٩٦٤ لە ئاوایی "سوونی" گیرابوو و ئەحمەد تۆفیق سکرتێری بوو. دیارە لە سەر بڕیارەکانی کۆنگرەی ٢ بریارێک بە چەشنی خوارەوە پەسەند کرا: کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەیان و بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەم، بێجگە لە بەشێکی کەمیان کە لە سەر مەسائیلی سیاسین، رەت دەکاتەوە. بە تایبەت هێندێک هێرشی ناڕەوا و نادروست بۆ سەر کۆماری دیموکراتی کوردستان و بەشێک لە بەرێوەبەران و کادرەکانی حیزب مەحکووم دەکا.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لە درێژەدا دەنووسێ: لە یەکەم جەلەسەی کرانەوەی کۆنگرەدا، شاعیری گەل مامۆستا هێمن هاتەسەر تریبوون وەك کۆنترین ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گوتی: کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەکەمەوە. ئەو قسەیە بۆ زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە جێی سەرسوڕمان بوو و بوو بە هۆی ناڕەزایەتی. بەڕاستی ئەمن بۆخۆم پێم وابوو مامۆستا هێمن لێی تێکچووە، قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە کەس هەبێ کۆنگرەی دووهەمی قەبووڵ نەبێ.

حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ٣٣٠ بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی دا لەسەر کێشەی ناوی کۆنگرەی ٣ دەنووسێ: ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن شەهید دوکتور قاسملوو خوێندرایەوە. هەر بە دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی باس و کێشەی توندی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ناوی سێهەم و دووهەمی کۆنگرە هاتە ئاراوە، لە دانیشتنی یەکەمدا هەست دەکرا کە لایەنگرانی ناوی کۆنگرەی دووهەم زۆر نین، لە پشوودانێکدا شەهید قاسملوو بۆ کۆمەڵێک ئەندامانی بەشداری کۆنگرە قسەی دەکرد، منیش چوومە نێو قسەکانی و گوتم "دوکتور خۆت ماندوو مەکە هەر دەبێتە کۆنگرەی سێهەم". دوکتور قاسملوو زۆر توڕە بوو و گوتی "ئەوە کۆنگرەی ئەحمەد تۆفیق نییە". من زۆرم ئەو قسەیە پێ ناخۆش بوو، چونکە ئەوەی ڕاستەوخۆ بەربەرەکانیی کاک ئەحمەد تۆفیقی کردبوو لەگەڵ هاوڕێیانی دیکە و لە کاک ئەحمەد تۆفیق جیا ببوونەوە، من بووم و کۆمەڵێک هاوڕێی دیکە. لە وڵامدا گوتم "ڕاستە، بەڵام کۆنگرەی ڕەحمانی قاسملووش نییە". هاوڕێیانی ئامادە بوو باسەکەیان پێ کۆتایی هێنایەن و دیسان گەڕاینەوە بۆ دانیشتنی کۆنگرە و باس لەسەر کۆنگرە کە ناوی کۆنگرە دووهەم بێ یان ناوی کۆنگرەی سێهەم درێژەی کێشا. لە ڕەوتی باسەکاندا دەرکەوت کە لایەنگرانی ئەوەی ناوی کۆنگرە بندرێ کۆنگرەی دووهەم زۆر کەمن، شەهید دوکتور قاسملوو بۆی دەرکەوت کە هەوڵدان بۆ ئەوەی کۆنگرەکە ناودێر بکرێ بە کۆنگرەی دووهەم بە هیچ جۆر پەسەند ناکرێ، بۆیە ڕایگەیاند کۆنگرەی دووهەم کە بڕیاری دەرکردن لە حیزب و بە خائین ناساندنی منی داوە و ناتوانم لەگەڵ ئەم شێوە بیرکردنەوەی حیزب هاوکاری بکەم. بۆ ئەو زەمان بوونی کەسایەتییەکی وەکوو دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکجار زۆر گرینگ بوو، کەس نەبوو لەنێو ڕیزەکانی حیزب و ڕێبەریدا بتوانێ دەوری دوکتور قاسملوو لە ڕێبەریی حیزبدا بگێڕێ، دەکرێ بڵێم کەس یان کەسانی ئەوتۆم شک نەدەبرد کە لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەم موافق بووبێ. لە باسەکانی نێو کۆنگرەدا ئەو بۆچوونە بە ڕوونی دیار بوو، لە کۆتاییدا هەموو لایەک لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە کۆنگرەی سێهەم بێ، بەڵام کۆنگرەی سێهەم بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەم سەبارەت بە دەرکردنی ئەندامانی حیزب و سەرکۆنەی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان ڕەت دەکاتەوە و بە ناڕەوای دەزانێ.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لە درێژەدا دەنووسێ کە مامۆستا هێمن دووبارە وتارەکەی خوێندەوە، بەڵام ئەوجار گوتی کە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئیفتیتاح دەکا.

لەو کۆنگرەیە دا باسێکی زۆر لەسەر سوسیالیزم کرا و دوکتور قاسملوو پێداگر بوو لەسەر ئەوە بوو کە دەبێ "سوسیالیزم بە پێی هەلومەرجی وڵات" بنووسرێ. بەڵام زۆربەی بەشداران پێیان وابوو هەر سوسیالیزمی رووت بێ.

یەکێک لە باسەکانی دیکەی کونگرە کە کێشەی لە سەر بوو، راپەڕینی ٤٦ -٤٧ بوو. بە پێی لاپەرەی ٢٦٥ کتێبی کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، نووسینی عەوڵا حەسەنزادە: هێندێک کەسیش( لە پێشیانەوە کاک ئەمیر قازی) پێیان وابوو کە لەبەر ئەوەی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کونگرە بڕیاری لە سەر نەداوە، ئەو بزوتنەوەیە کارێکی ناحیزبی‌یانەیە و ئەو ریبەرانەی بزوتنەوە کە ماون دەبێ سەزا بدرێن.

لەسەر ئەو بابەتە ئەندامانی حیزب لە کونگرەدا زوو بە ئاکام گەیشتن و بزوتنەوەی ٤٦ -٤٧ یان بە لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی حیزبی دێموکرات بە حیساب هێنا.

کونگرەی٣ لەگەڵ کونگرەی ٢ و دوو کۆنفڕانسی ٢ و٣ جیاواز بوو. ئەو گۆنگرەیە بە پێی ئەسڵەکانی نێوخۆیی پێکهاتبوو و نوێنەران لە عێراق و ئوروپا بە پێی هەڵبژاردن دیاری کرابوون. هەرچەند نەکرا لە ناوخۆی ولات لە نێو رێکخراوەکان دا هەلبژاردن بکرێ بەڵام بۆ ئەوانیش بە پێی دابەش بوونی رێکخراو، نوێنەری بۆ دیاری کرابوو. هاشم کەریمی لە لاپەڕەی ١٤٦ بیرەوەرییەکانی دا، ئاماژە بە مەلا عەبدوڵای دڵسۆز و مەلا سەلامی شەفیعی خەڵکی سەردەشت و بانە دەکا کە لە رۆژهەڵاتەوە هاتبوون و لەو کۆنگرەیە دا بەشدار بوون.

لەو کۆنگرەیەدا هیندێک خاڵ و دروشمی سەرەکی کە بتوانێ ئامانجی گشت هێزە نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێڕەکانی ئێران بێ و بکرێ ئەوان لە بەرەیەک دا کۆ کاتەوە، پەسەند کران. ئەو خاڵانە بریتی بوون لە وەلانانی رێژیمی دیکتاتۆرەی سەر بە ئیمپریالیزم، هێنانە سەرکاری حکومەتێکی دێموکراتیک، دابین کردنی ئازادییە دیموکراتیکەکان، بە رەسمی ناسینی ماڤی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا و داڕشتنی سیاسەتێکی ئابووری نیشتیمانی بە بردنەسەری پایەی ژیانی زەحمەتکیشان، ئیسلاحی زەوی و زار بە قازانجی زەحمەتکێشان، دیاری کردنی ٨ سەعات کار، بردنەسەری رادەی زانیاری، نەهێشتی نەخوێندەواری، دیاری کردنی سیاسەتێکی سەربەخۆ لە سەر ئەساسی رێز و حورمەتی بەرانبەر و پەیوەندی دۆستانە لە گەل وڵاتانی دژی ئیمپریالیزم و هاودەردی و لایەنگری لە جوڵانەوە رەزگاریخوازەکان.

لێکدانەوەی بابەتەکانی سیاسی لەو کونگرەدا زانستیانە بوو. بۆ نموونە ئەگەر لە کاتی کۆنفڕانسی٣ دا، دەنووسرا کە رێژیمی شا دەربەست لە ئیختیاری ئیمپریالیزمی ئەمریکا دایە، لە کونگرەی٣ دا ئەو لێکدانەوەی گۆڕدرا و پەیوەندی شا بە رووسەکان و ئیمزای پەیمان لە گەڵ ئەوان و گرێبەستی کارخانەی ئاسن توانەوە و قسەی شا لە بارەی بەرژەوەندی و قازانجی ئێران، کاریگەری لەسەر بڕیاراتی سیاسی کۆنگرەی ٣ هەبوو و بابەتەکانی پێشووی گۆڕا و گوترا، لە سەر یەک پەیرەوی لە سیاسەتەکانی ئەمریکایە دەکا.

بابەتی دیکەی کاری کونگرە، هەلبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بوو کە بریتی بوون لە:

١- دوکتور قاسملوو
٢ - کەریم حیسامی
٣ - ماموستا هێمن
٤- ملا عەبدوڵا حەسەنزادە
٥ - ئەمیر قازی
٦ - حەمەدەمینی سراجی
٧ - هاشم کەریمی
٨ - دوکتور حەسەن شەتەوی
٩ - دوکتور سوڵتان وەتەمیشی
١٠ - رەسووڵ پێشنماز
١١ - محەمەد موهتەدی
١٢ - کەریم حەداد
١٣ - محەمەد رەسووڵ حەسەنپوور
١٤ - سەلام شەفیعی
١٥ - سمایل حاجی

کۆمیتەی ناوەندی لە یەکەم کۆبوونەوەدا، دوکتور قاسملووی بە سکرتێری حیزب هەڵبژارد و هەروەها ئەو ٥ کەسەی خوارەوە بە دەفتەری سیاسی دیاری کران. ١- دوکتور قاسملوو ٢ - محەمەدئەمین سراجی٣ - دوکتور سوڵتان وەتەمیشی ٤ - کەریمی حیسامی ٥ - ملا عەوڵای حەسەنزادە.

کاتیک دکتۆر قاسملوو بوو بە سکرتێر داوای لە لێنا (نەسرینی خێزانی) کرد کە بچێ بۆ بەغدا و لەوێ بە وردی قسەی لەگەڵ دەکا و دەڵێ بۆتە سکرتێر و دەبێ هاوکاری بکا.

هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ١٤٨ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لەسەر هەڵبژاردن و دەستەبندی ناو کۆنگرە دەنووسێ: لە رۆژەکانی بەرێوەچوونی کۆنگرەدا ماموٚستا هێمن کە من زۆرم رێز دەگرت هاتە لام. (رەنگە لە لایەن دەفتەری سیاسی ئەو کارەی پێ ئەسپێردرابێ) گوتی: داوایەکم هەیە. گوتم: فەرموو. گوتی: دەنگ بە مەلاحەسەن مەدە و هەوڵیش بدە کوڕەکان کە تۆیان خۆش دەوێ دەنگی نەدەنێ. گوتم: بۆچی؟ گوتی: مەلا حەسەن هیچ کارێک بۆ حیزب ناکا و لەگەڵ ئەوەش کادرەکان دژی رێبەرایەتی حیزب هان دەدا. گوتم: ماموٚستا لەگەڵ رێزم بۆ جەنابت، من نە بە قازانجی کاک حەسەن و نە بە زەرەری پرۆپاگەندە ناکەم. بەڵام ناچارم لەبەر دوو هۆ داواکەت کە دەنگی خۆمی نەدەمێ رەت بکەمەوە. مەلاحەسەن دۆستی کاکم بووە لە زیندان دا. یەکەم لەبەر ئیحترامی کاکم کە زۆر بە خۆشەویستی باسی دەکرد. یەکێکی تریش ئەوەیە کە یەکەم جار کە هاتوومەتە کوردستانی عێراق، کاڵەی غەرییبم جگە لە ماڵی خزمان لە ماڵی مەلاحەسەن کردوتەوە.

حەسەنی ڕەستگار کە لەگەڵ سەید ڕەسووڵی بابی گەورە خۆیان بۆ ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی و جێگری کومیتەی ناوەندی نەپالاوت و حەسەن ڕەستگار لە لاپەڕەی ٤٠٠ بەرگی یەکی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە ئەو لە قاسملوو بە گلێی بوو، بەڵام بە کەسێکی گەورەی دەزانی و پەشیمانە لەوەێ کە خۆی کاندید نەکردووە. حەسەنی ڕەستگار لە لاپەڕەی ٣٩٨ دا دەڵێ کە ئەو دژی ئەوە بوو کە دوکتور سوڵتانی وەتەمیشی و دوکتور حەسەن شەتەوی و محەممەد موهتەدی بۆ ئەندامی کومیتەی ناوەندی خۆ کاندید بکەن. چوونکە دوکتور وەتەمیشی لە سیاسەتی حیزبی دیموکراتی نەدەزانی و زۆر پەرت بووە و ئەو دووانەی دیکەش کە لە ئوروپا را گەرابوونەوە هەر ساڵێک و ٦ مانگ بوو کە ببوون بە ئەندامی حیزبی دیموکرات و ٢ ساڵ ئەندامەتیان تێپەڕ نەکرد بوو.

حەسەنی ڕەستگار ناوی ١١ کەس وەک کومیتەی ناوەندی دێنێ و دەڵێ کە دووکەس لە ناخۆی وڵاتیش بۆ کومیتەی ناوەندی دیاری کران کە دەبوو ناوەکانیان بە نەهێنی بمێنیتەوە. ئەو پێیوایە کە کەریم حەداد و مەلا سمایلی حاجی وەک جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردران.

لەسە ڕوانگە و پەیوەندی ئەندامانی ڕێبەری حیزب لەو قۆناغەدا، هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ١٣٨ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ، حەمەدەمینی سیراجی کە پێشتر لایەنگری حیزبی تودەی شۆڕشگێڕ بوو لەگەڵ کەریمی حیسامی، موریدی یەکێتی سۆڤییەت بوون. هەرەرها لە لاپەڕەی ١٤٠ دا دەنووسێ کە مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە زۆرتر لە کەریمی حیسامی نیزیک بوو بەڵام لە ساڵەکانی دواتر دا نیوانیان تێک چوو چوونکە کەریمی حیسامی مەلا عەبدوڵای بردوتە باڵوێزخانەی رووسان و پێیگوتوون کە لە نەبوونی ئەودا مەلا عەبدوڵا کارەکان دەکا و بەمشێوەیە پێیوابووە کە کەریمی حیسامی سیخوڕی رووسانە. بۆیە بەلای دوکتور قاسملوو داکەوت بوو.  ئەوجار مامۆستا هێمن گوایا بە هۆی ئەوە کە دوکتور قاسملوو ویستویەتی بە بەرتیل بە دژی کەریمی حیسامی هانی بدا، تورە بووە و لە کەریمی حیسامی نیزیک بۆتەوە. دوکتور وەتەمیشیش زۆر خۆی لەو کیشانە نەداوە.

لە ساڵی ١٣٤٨ هەتاوی لە دانیشتنی نێوان ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنفڕانسی ٢ و بەرەی دوکتور قاسملوو بۆ یەکگرتنەوەی دوو بەشی حیزبی دێموکرات، حەسەنی ڕەستگار، بەرەی ئەمیری قازی و عەبدوڵای حەسەنزادە و مامۆستا هێمن و سەید ڕەسووڵی دێهقان و ... بەجێهێشت و بەلای دوکتور قاسملوو دا کەوت و گوتی ئەمن شەڕی قاسملووم پێناکرێ و بەم کارەی ڕێگای بۆ یەکگرتنەوەی دوو بەشی حیزب خۆش کرد. بەڵام ئەو یەکتییە و تەباییە زۆر بەردەوام نەبوو. لە لایەن ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆنفراسی سێ لە کۆنگرەی سێهەم دا، لە لیستی کومیتەی ناوەندی، ناوی حەسەنی ڕەستگار نەهاتبوو و ئەوە بوو بە هۆی ئەو کە حەسەنی ڕەستگار نەبێتەوە بە کومیتەی ناوەندی. بەو هۆیە حەسەنی ڕەستگار لە دوکتور قاسملوو تورە بوو و لە کاتەڕا، کێشە کەوتە نیوان ئەو دووکەسایەتییە و دواتر ناکۆکییەکانیان، زیانی قەرەبوو نەکراوی بە ریزەکانی حیزبی دێموکرات گەیاند. سستی و گوێنەدان و بە هێندنەگرتنی ڕاپەڕاندنی کارەکان لە لایەن حەسەنی ڕەستگارەوە، لەگەڵ کار و تێکۆشان و هەڵسووڕی و سووربوونی دوکتور قاسملوو

لە کارەکاندا، نەدەهاتەوە و درز کەوتە نیوان ئەو دووانە. مەلا عەزیزی ئەحمەدی لە دەستنووسێک دا لەسەر کێشەی ئەوانە لە کۆنگرەی ٣ دا دەنووسێ: لەو کۆنگرەیەدا ناتەباییەک لە نیوان دوکتور و کاک حەسەن رەستگار هەبوو. کاک حەسەن و کاک سەید رەسوڵی بابی گەورە کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆنفڕاسی ٣ بوون بۆ ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی ٣ دا کاندید نەکرا بوون. لە پشووی کۆنگرەدا ئەندامانی کۆنگرە لە ساڵۆن چووبوونەدەرێ نازانم چۆن بوو دوکتور و کاک کەریم حەداد و من مابووین. عەرزی دوکتور قاسملووم کرد: ئەتۆ کاک حەسەنت لە لیستی کومیتەی ناوەندی لابرد، ئالترناتیوی کاک حەسەنت هەیە؟ دوکتور لە وڵام دا گوتی نا، ئەمن لە فکری حەسەنی رەستگار ئیستیفادە دەکەم، بەڵام کاک حەسەن خەتای خۆیەتی و بەو قسانەوە چووینەوە ژوورێ. لە ژوورێ کاک حەسەن لەسەر پشت راکشا بوو و شەهید کاک لەتیفی نەقشبەندی و کاک خالیدی حەسەنزادە و کاک سەدیقی فەڕوخی و فەتاحی باساوێ و مەلا مەحموودی قازانی لەوێ بوون. دوکتور گوتی ئەوە کاک حەسەن خەتای خۆیەتی. کاک حەسەن گوتی وەڵا تەبانی دەکەی. دوکتور گوتی: وەڵا شەرمئاوەرە. کاک حەسەن بە تووڕەیی گوتی: بڕۆدەرێ. کە کاک حەسەن وایگوت ئەمن راست چووم لە پیش کاک حەسەن راوەستام. دوکتور راست رۆیشتە دەرێ. دوایە لەگەڵ کاک حەسەن چووینە دەرێ. کاک حەسەن گوتی: کارێکی زۆر باشت کرد هاتییە پێشم دەنا خراپ دەقەوما و ئابڕووی هەمووومان دەچوو.

دوکتور قاسملوو لە باسێکی مێژوویی دا کە لە پاشکۆی "تێکۆشەر"ی ژمارە ٢٧ ی ساڵی ١٣٦٨ چاپ بووە دوای ئەوە باسی کۆنفڕانسی سێ دەکا لەسەر کۆنگرەی ٣ دەنووسێ: پاش دوو ساڵانو لە ساڵی ١٣٥٢دا لە بەغدا کونگرەی سێهەممان پێك هێنا، چونکە لە کوردستان بەداخەوە بارزانی رێگای نەدا لە هیچ جێگایەك ئەو کونگرەیە پێك بێنین. لەو کونگرەیەدا ئیدی رەسمییەتمان دا بە کومیتەی ناوەندی، لە کونگرەی سێهەمدا ٤٩ نەفەر بەشدار ببوون. لەوانە چەند نەفەرێك لە ئێرانەوە هاتبوونو ئەوانی دیکە زیاتر هەر ئەو برادەرانە بوون کە لە دەرەوە بوون. پێم وایە ١٥ کەسێك هەڵبژێران بۆ کومیتەی ناوەندیو لەوانەش ٥ کەسێك هەڵبژێران بۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی.

بەم جۆرە بەرەبەرە لە ساڵی ١٣٥٢وە فەعالییەتی خۆمان درێژە پێداو وەزعمان لە هەموو بارێکەوە رێکوپێكتر بوو تا ساڵی ١٣٥٣ (١٩٧٤). لە ئێرانیش فەعالییەتمان دەکرد و تەماسمان دەگرت و وەزعمان خراپ نەبوو.

لەو کۆنگرەیەدا پەیام بۆ ئەندامانی حیزب، زیندانییە سیاسییەکان، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و عێراق و سووریە و تورکییە، هەروەها بۆ گەلانی فەلەستین و کامبوج و شیلی و ئیرلەند و ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و خەباتکارانی زەفار و رێکخراوە دژی ئیمپریالیستی و دیموکراتییەکانی ئێران ناردرا.

لەو کۆنگرەدا کتێبی "کوردستان و کورد" ی دوکتور قاسملووی کە عەبدوڵای حەسەنزادە وەریگێڕابوو پێشکێش بە بەشدارانی کۆنگرە کرا. دیارە یەکەم کاری وەرگێڕانی مەلا عەبدوڵا لە

ساڵی ۱۹۷۰یان ۱۹۷۱ کتێبی واقعییەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی ماکان بوو. ئەو کتێبە جوزوەیەکی بچووک بوو کە دوکتور قاسملوو وەک رووناکبیرێکی کورد، لە جوابی رووناکبیرێکی جەبهەی میللی دا نووسیبووی. میم ماکان کتێبێکی نووسیبوو بە ناوی "افسانەی خەلقەهای ایران" و گاڵتەی بە گەلانی ئێران کرد بوو. دووهەم کاری عەبدوڵا حەسەنزادە کە بە قسەی خۆی زوری بە لاوە قورس بوو، کتێبی "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملووی بوو کە لە عەرەبی را وەریگێڕاوە سەر کوردی و جارجار یارمەتی لە دوکتور وەردەگرت. عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٤٦٢ ئەزموونی خەبات دا دەڵێ لە کاتی وەرگێرانی کتێبێ کوردستان و کورد، لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئیختیلافیان لێ پەیدا دەبوو و ئەو پێیوابوو لە هێندێک شوێن لە کوردی دا ئاوا ناگوترێ. عەبدوڵای حەسەنزادە دەڵێ کە ئەوکات ئەو زۆری باوەڕی بە من نەبوو بە ناچار کێشەکەمان دەبردە لای ماموٚستا هێمن کە باوەڕی پێی بوو. مەلا عەوڵا لە ساڵی ۱۳۵۱ دەستی بە وەرگێڕانی کتێبی کوردستان و کورد کرد و بۆ کونگرەی۳ ی ئامادە کرد و وەک دیاری درا بە ئەندامانی حیزب.

بەڕێوەبەرایەتی کونگرەی۳ پاش تەواو بوونی کونگرە، دەبوو بێر لە چەند خاڵی گرینگ بکاتەوە. یەکەم شت ئەوە بوو کە لە کاتێکدا نێوان دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان، رۆژ بە رۆژ بەرەو گرژتر بوون دەچوو و ئەگەری شەڕ هەبوو، رێبەرایەتی حیزب دەبوو چبکا و چ بەرنامەیەکی هەبێ. لایەنی دیکە ئەوە بوو کە دوای ئەوە حیزب نەیتوانی لە گەڵ پەناهیان و مرادی رەزماوەر بە یەکەوە بەرنامە رادیۆی کە لە دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی نێو سەعات وەرگیرابوو، بەڕێوەببا، وەزعی رادیۆ چی بە سەر دێ.

لە سەر خاڵی یەکەم واتا ئەگەری دەست پێکردنەوەی شەڕ لە کوردستانی عێراق، کومیتەی ناوەندی بریاری دا کە حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران، عێراق بەجێدێڵێ و دەچتەوە ئێران و خەباتی خۆی لە کوردستان درێژە پێدەدا.

پاش بەستنی کونگرەی۳ دوکتور قاسملوو بۆ سەردانی خیزانی چووە چەکوسلۆواکی. لە گەرانەوەدا لە گەڵ کەریمی حیسامی باسی هێندێک بابەتی کرد کە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ۱٤۳بەرگی چواری "لە بیرەوەرییەکانم دا" هێناوێتی: ... چاوم بە مەحەمەدی موهتەدی کەوت، پێمگوت برادەران لە وەزعی تۆ حاڵی نەبوون. وەزعی خۆت روون بکەوە. دەگەرێیەوە یان ناگەڕێیەوە. تەنانەت حاجیش (حاجی ئەحمەدی) گوتی لێی حاڵی نەبووم محەمەد دەڵێ چی... ″جون ئەفریکم″ چاو پێکەوت لە تاران ببوو. لای وابوو وەزعی رێژیم لەق و لۆقە. باڵیوزخانەکانی رۆژئاوا چاوەروانی ئاڵوگۆڕێک دەکەن... مودیری گۆفاری ″ئیکسپریس″م دیت، دەیگوت: کوردستان نەوتی هەیە، ئێوە لە گەڵ شیرکەتەکانی نەوت پەیوەندی بگرن. پێتانوانێ کە مونوپۆلەکانی نەوت لایەنگری سەربەخۆیی کورد بن؟

کامەران بەدرخان چۆتە ئێران هەموو کوردستان گەڕاوە. ئاخرین جار ساڵی ۱۹۷۰چاوی بە شا کەوتووە. بە شای گوتوە: مەدرەسەی کورد دابنێ و رۆژنامەی کوردی بڵاو بکاتەوە. لە زانستگەی تاران دەرسی زمانی کوردی بکاتەوە...

دوکتور قاسملوو دوایە گەڕاوە بۆ عێراق. هاوکات لەو ماوەیەدا، نێوان پارتی دێموکرات و حیزبی کمونیستی عێراق ناخۆش ببوو. دەفتەری سیاسی حیزب لە کۆبوونەوەی خۆییدا لە ڕۆژی ۱۹۷۳/۱۲/۱۵ کە تایبەت بە وەزعییەتی کوردستانی عێراق بوو، بڕیاری دا کە دوکتور قاسملوو بچێتە لای مەرحومی مەلا مستەفا و نیگەرانی حیزب لە سەر ناکۆکی نێوان حیزبی کمونیست و پارتی دێموکرات دەرببڕێ. هەروەها دەبوایە دوکتور لە سەر خودموختاری و پەیوەندی ئێران و عێراق و پەیوەندی ئێران و پارتی، لە گەڵ مەرحومی مەلا مستەفا قسە بکا.

دوکتور قاسملوو لەو چاوپێکەوتنەدا بە مەرحومی مەلا مستەفای گوتبوو: ئێران و عێراق ڕێک دەکەون. ئەودەم جوڵانەوەی کورد توشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر دەبێت.

مەرحومی مەلا مستەفا گوتبووی: ئەگەر ئەوان ڕێک کەون، منیش لە گەڵ ئێوە ڕێک دەکەوم ( لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان) و شەڕ دەخەمە کوردستانی ئێران و بە بیست و چوار سەعات پێشمەرگە دەگەنە سەر چەمی ئاراز...

لەو قۆناغەدا بە پێچەوانەی دەهەی پێشوو، دوکتور قاسملوو لە لای مەلامستەفا خۆشەویست بوو. عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەرەی ۷۱ ی ئەزموونی خەبات دا، لەسەر هەڵسوکەوتی مەلا مستەفا لە حاست دوکتور قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق دەنووسێ کە قەت کار نەگەیشتە ئەوەی مەلامستەفا لە بەینی ئەو دوانەدا یەکیان هەڵبژێرێ و دەنووسێ: حورمەتێک کە مەلامستەفا بۆ دوکتور قاسملووی دادەنا، قەت ئەوەی بۆ ئەحمەدتۆفیق دانەدەنا. دەتوانم بڵێم بە یەقین ئەحمەد تۆفیقی پتر خۆش ویستوە، بەڵام ئەحمەد تۆفیقی وەک پێشمەرگەیەکی خۆی خۆشویستوە. دوکتور قاسملووی وەک ڕێبەرێکی سیاسی لە حیزبێکی دیکەدا ناسیوە با خۆشیشی نەویست بێ. مەسەلەن ئەمن تەنیا کەسی کە دیومە نامە بۆ مەلا مستەفا دەنووسێ هێندێک عینوانی بۆ نانوسێ. تەنیا دەنووسێ: برای بەڕێز جەنابی مەلامستەفا و هیچی دیکە، دوکتور قاسملوو بوو. ئەویش هەر دەینووسی برای بەڕێز - پێموایە کاک ڕەحمان. یانی ئیحتڕامێکی دوولایەنەیان دەبەین دا هەبوو.

بەگشتی وەزعی حیزبی دێموکرات بە دوای کۆنگرەی۳ دا لە هەموو بۆارەکانی دیپلۆماسی و سیاسی و تەشکیلاتی بەرەو باش بوون چوو. ڕێکخراوەکانی حیزب بوژانەوە. حیزب لە نێو کۆڕوکۆمەڵی ئێران و کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهان، بە تایبەتی بەرەی چەپ ناسراو و ڕێز و حورمەت و حیسابی تایبەتی هەبوو کەمتر موناسبەتێک هەبوو لە سفارەتەکاندا کە حیزب بانگ نەکرێ.

لە کەش و هەوایەکی ئەوتۆ دا مەلا عەوڵا حەسەنزادە لە کومیتەی ناوەندی ئیستێعفای دا. هۆیەکە ئەوە بوو کە بڕیار درا بوو کە حیزب کرێ خانوو و مانگانە ۷۰دینار بدا بە ئەو. مامۆستا لە ڕۆژنامەی هاوکاری ٦۰ دیناری وەردەگرت و حیزب باقی بۆ قەرەبوو دەکردەوە. ڕۆژنامەی هاوکاری یارمەتی مەلا عەوڵای کرد بوو بە ٦٥ دینار. لە دڵ چکولەیی و دەست قوچاوی بەرپرسی بەشی ماڵی ٥ دینار لە ۱۰ دیناری مانگانە مەلا عەوڵا دەبڕێ. ئەوە بوو هۆی تورە بوونی مەلا عەوڵا و لە دەفتەری سیاسی ئیستیعفای دەدا. مەلا عەوڵا زۆرجاری دیکەش تورە ببوو و دەستی لە کار کێشا

بۆوە. ئەو تورە و زیزبوونانە، دواتر کاریگەری زۆری لە سەر هێندێک بڕیارات دانا، کە زیانی بە سیاسەتی حیزب گەیاند.

عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٢٠٣ ئەزموونی خەبات دا لە سەر هۆی ئەو ئەوکارە دەڵێ: رەنگە موشکیلەی خۆم و نەحاوانەوە و ئەوانە بووبێ.

کاریکی دیکەی رێبەرایەتی حیزب لە قۆناغەدا ئەوە بوو کە بایەخ درا بە بردنەسەری رادەی زانیاری کادر و ئەندامانی حیزب و لە رێکەوتی ١٩٧٤/٢/٢ بۆ ماوەی ٢٥ رۆژ کلاسی کادر داندرا. دوکتور قاسملوو، کەریمی حیسامی و هاشم کەریمی و دوکتور حەسەن شەتەوی و حەمەدەمینی سراجی، دەرسەکانی فەلسەفە و ئابووری سیاسی و مێژوو و مەسەلەی کورد و پەیوەندییەکانی کوردیان دەگوت. عەزیز ئەحمەدی لە دەستنووسێک دا باسی ئەو دەورەیە دەکا و دەنووسێ کە بەشداربوانی ئەوکلاسە بریتی بوون لە: لەتیفی نەقشبەندی، جەلالی میراوەیی مەلاعوسمان، سەدیقی فەروخی، فەتاحی باساوێ، مەلارەحمانی کاژێ، مەلاسمایلی حاجی، مەلامەحمودی قازانی، ئەمن (عەزیزی ئەحمەدی)، میرزا عەلی، فەقێ عەوڵای قەلەرەشێ.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لە درێژەدا دەنووسێ: ئیوارەیەك خەریکی نان خواردن بووین. لەناکاو مەلاڕەسوڵی پێشنماز وەژوور کەوت. چڕژابوو گووتی هەڕوون ئەو برادەرەی بێننە ژوور. سەرەتا وامانزانی کەسێکی برینداری هێناوە. کە چووین سەید ڕەسووڵی ورچان بوو و ئارامی نەبوو و نەخۆش بوو و وەزعی شەپڕێو بوو. لەسەر ئانیشکانی هەڵدەسووڕا. فەوری تەلیفونیان کرد و دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر سوڵتانی وەتەمیشی هاتن. پێش ئەوەی دوکتۆر سوڵتان بگاتێ، سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، ئاوی گەرمی دە پلاستیکێك کرد و لەسەر زگی دانا. دوکتور سوڵتان وەژوورکەوت کە ئاوە گەرمەکەی دیت بە تووڕەیی فڕێ دا و گووتی ئەوە کێ ئەو ئاوە گەرمەی لەسەر زگی داناوە؟ گووتیان سەید رەسووڵ. گووتی سەید ئەوە ڕیخۆڵە کوێرەی با ئێستا مردبوو، ئەگەر کەسێك زگی ئێشا ئاوی ساردی بۆ دانێ. ئاوی سارد بۆ گورچیلەباش نیە بەڵام خەتەر نیە، ئاوی گەرم ڕیخۆڵە کوێرە دەتەقێنێ. ئەوجار دەستی لەسەر زگی دانا و گوێی هەڵخست. هیچ وەسیلەیەکی پزیشکی پێنەبوو هەستا دوورکەوتەوە. دوکتۆر قاسملوو لێی نیزیك بۆوە و منیش بە دزی کەمێك نیزیك بومەوە. دوکتۆر پرسی چێتی؟ گووتی زراوی خەرابووە. هاتمەوە بۆ کن برادەران. پرسیان کرد عەزیز چی گووت؟ گووتم دەڵێ زراوی خەرابووە. گوتیان خۆ هەر دەستی لەسەر زگی داناوە چۆن وادەڵێ و بەتێکڕا گوتیان کووڕە وەڵا هەر وەك پیرێژنی لای خۆمانە لەخۆڕا قسان دەکا. دوکتۆور سوڵتان تەلەفۆنی بۆ نەخۆشخانە کرد. ئامبوڵانس هات و سەید رەسووڵیان برد. کاك مەلاڕەحمان دەگەڵی چوو و بەیانی هاتەوە. بە پەلە لێی کۆبووینەوە و لێمان پرسی چبوو؟ مەلاڕەحمان گووتی بە چەند دوکتۆران لەسەری خڕبونەوە، دوای ئازمایش و عەکس بەرداری هەموویان قسەی دوکتۆر سولتانیان کرد.

دوکتۆر سوڵتان یەکێك لە مامۆستاکانمان بوو. باسی کۆماری کوردستانی بۆ دەکردین. ڕۆژێك باسی ڕووسیەی دەکرد و گوتی ڕووسیە ناوەندی جگەرەکیش و سمێڵ دار و چەقووکێش و دزو و

چەتەیە. ئەو قسەمان بۆ دوکتۆر قاسملوو گێڕاوە. دوکتۆر قاسملوو سەری لەو شۆخیانە دەخوورا. لە خوای دەویست قسەیەکی ئاوا خۆشی بۆ هەڵکەوێ و دابەشی کرد بەسەر برادەرانی ڕێبەری حیزب. جگەرەکێشەکە وەبەر مامۆستا هێمن دەکەوت. سمێڵ دارەکە وەبەر مامۆستا مەلا عەوڵا کەوتبوو. چەقووکیشەکە وەبەر کاك هاشمی کەریمی کەوتبوو.

دوکتور سوڵتان وەتەمیشی لەسەردەمی کۆمار دا بۆ خوێندن ناردرابوو بۆ رووسیە و دوایە گەڕاوە بۆ عیراق و لە کۆنگرەی ٣ دا بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. بە پێێ لاپەڕەی ١٦٧ بیرەوەرییەکانی هاشمی کەریمی، زۆر ئاگاداری رووداوەکان نەبووە و کاتێکی کە گوتوویانە کە قادر شەریف یان مراد شیرێژ بە هۆی ژاندارم کوژراون. ئەو گووتویە جا بۆ کوشتویانن مەگەر ئەوانە ژن و منداڵیان نەبووە؟

بە پێی لاپەڕەڕەی ٢٦٥ ی سەربردەی ژیانم، مەڵا رەسوڵ پێشنماز دەنووسێ کە ئەو کۆڕسە لە رێکەوتی ١٩٧٤/٣/٣ پێک هات و لەو کۆرسەدا رووناک خانم خێزانی حەمەدەمینی سیڕاجی و خەجیج خانم خێزانی کەریم حەداد بەشدار بوون. مەلا رەسوڵ دەنووسێ کە ماوەی ئەو کۆڕسە ٢٥ رۆژ بووە و دوکتور قاسملوو وانەی فەلسەفە و ئابووری و سیاسی و کێشەکانی کورد و پەیوەندی نێونەتەوەیی دەگوتەوە و مەلاعەڵا حەسەنزادەش دەرسی کوردی گوتووە و دەڵێ کە بەو ٢٥ رۆژە بە قەرا ١١ ساڵی ناو شۆڕش پتر شت فێربووە.

### رادیۆ "دەنگی کوردستانی ئێران"

بەر لە دەست پێکردنی کۆنگرەی سێ، حیزبی دێموکرات بە هاوکاری دەوڵەتی عیراق رادیۆیەکی دامەزراند بە ناوی دەنگی کوردستانی ئێران. ئەو رادیویە تایبەت بە حیزبی دێموکرات بوو و لەو دەزگایەدا سیاسەتی حیزب و بەرنامە و پڕۆگرام و راپۆڕتی کۆنگرەی٣ و سرودی نیشتیمانی بڵاو دەکراوە و بە تەواوی سەربەخۆبوو.

بەڵام بەرنامەی رادیویی زۆری نەخایاند و بە هۆی دەست پێکردنەوەی شەڕی ئۆکتۆبر لە نێوان وڵاتانی عەڕەب و دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٣ و هێرشی ئەو وڵاتە بۆ سەر سوورییە، داخرا. دەوڵەتی عێراق هەرچەند لە گەڵ سوورییە نێوانی ناخۆش بوو بەڵام بە ناوێ دیفاع لەو دەوڵەتە و خاکی عەڕەب، ئەرتەشی نارده ناو خاکی سووریە و لە گەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل کەوتە شەڕ. دەوڵەتی عێراق کە تا ئەوکات لە گەڵ دەوڵەتی ئێران دوژمنایەتی هەبوو، بە تێوەگلان بە شەڕ لە گەڵ ئیسرائیل، لە پشتی جەبهەی خۆی نیگەران بوو، بۆیە یەک لایەنە رایگەیاند کە ئامادەیە بە ڕێگای وتووێژ هەموو گیروگرفتەکانی خۆی لە گەل ئێران چارەسەر بکا. هەر بۆیە داوا لە حیزبی دێموکرات کرد کە لە دژی دەوڵەتی ئێران هیچ بابەتێک لە سەر رادیۆ بڵاو نەکاتەوە. حیزب کە رادیۆی بۆ لە قاودانی سیاسەتەکانی ئێران بوو، ئەو شەرتەی قبووڵ نەکرد و رادیۆ داخرا.

## کتێبی تاریک و روون

مامۆستا هێمن لەساڵی ١٣٤٦ ی کوردستانی باشوور بوو و بە دوای تێکشکانی جوڵانەوەی ٤٦-٤٧ لەگەڵ هێندیک لە کادر و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەولی کۆکردنەوە و بووژانەوەی حیزبیان دا و لەو کاتەدا هەم لە کار و تێکۆشانی حیزب دا هەڵسوور بوو هەم لە کۆڕ و کۆمەڵی کوردستانی باشوور بە تایبەت لە بەغدا، لە زۆربەی بۆنەکان دا بەشداری دەکرد و شێعری دەخوێندەوە. ئەو لە ناو کۆمەڵگای کورد بە تایبەت رووناکبیران دا ڕێزی تایبەتی هەبوو دەپەرەسترا. سەرەڕای ئەوانە، مامۆستا هێمن جارجار دەکەوتە بەر رەخنە و گازەندە و بەربەرەکانی کەسانی کەم فام و نەزان و ئێرەیی‌یان پێوە دەبرد و دژایەتیان دەکرد.



مامۆستا هێمن

کەریمی حیسامی لە لاپەرەی ٢٥ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: جارێکی دیکەش لە رۆشنبیری کوردی لای سەیدا سالحی رەحمەتی بووین. لام وایە لقی پێنجی پارتی دەیویست بە بۆنەی شۆرشی ئۆکتۆبرەوە جێژن بکات. سەیدا سالحی بە مامۆستا هێمنی گوت: تکایە بەو موناسەبەتە شێعرێکمان بۆ بڵێ.

مامۆستا هێمن گوتی: "سەیدا من بە موناسەبەت شێعر ناڵێم، ئەگەر بۆم هات و هەستم بزوت ئەوا شێعر دەڵێم، دەنا هیچ".

برادەرێکی هەولێری، لام وایە ناوی مەغدید بوو گوتی: "سەیدا، من ئیجازەم هەیە، پێویستە بەیانی بچمەوە سەر ئیش لە دائیرە، ئەگەر تۆ نامەیەکم بۆ بنووسی هەتا بەیانی بەو موناسەبەتە شێعرێکی کوردی و یەکی فارسی و یەکی عەرەبیت بۆ دەهۆنمەوە.

دوکتور عیزەدین مستەفا گوتی: "ئەگەر هەر وایە یەکی تورکیشی لێ زیاد کە. مامۆستا هێمن گوتی: "بابم سەیدا، تۆ کە شاعیری ئاوات هەیە، ئیتر چیت لە من داوە"؟

لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواری ئەوکاتدا، کتێبی "تاریک و روون" شاکاری شاعری نەمر مامۆستا هێمن لە بەغدا دەرچوو. بە دوای دەرچوونی ئەو کتێبی دا کەسێک بە ناوی دڵشاد مەریوانی لە رۆژنامەی هاوکاری دا، شێعرەکانی مامۆستا هێمنیشی شێواند و هەوەها هێرشی بۆ سەر پێشەکیی ئەو کتێبە، کە دوکتور قاسملوو نووسی بووی کرد و هاوڕێکانی بە یاغی ناساند بوو. کەریمی حیسامی لە لایەن مامۆستا هێمن ئەرکی وڵامدانەوە بەستۆوە گرت و هەر لەو رۆژنامەیەدا بە توندی وەڵامی داوە. ئەو دمەتەقەیە درێژەی کیشا و برەوی بە رۆژنامەکە دا و بۆ ماوەیەکی

زۆر بازاری گەرم بوو. ئەو دمەقاڵەیە هەڵای زۆر لێ سازبوو. دوکتور قاسملوو لە دەرەوە و مەلا عەولا لە کوردستانی باشوور ئەو کێشەیان پێباش نەبوو و داوایان کرد رابگیرێ.

رەخنە و گازەندەی دڵشاد مەریوانی لە کاتێک دابوو کە مامۆستا هێمن لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی، گۆشەیەک لە کار و نوسین و ژیانی سەختی خۆی ئاوا بەیان دەکا: ئەمە کە هاوینی ئەو ساڵم لێرە تەحەموول کرد. هەزار ساڵ دەتوانم لە سەر کڵی جەهەنەمێ رایبوێرم. نازانی گەرما چ دەکا. تەپ و تۆزێکە هەر باسی مەکە. لەبەر موبەریدە وەک بارێزە ئارەقە دەرێژم. ئەمما بە سەری تۆ بەو حاڵە یەک دەقیقە بێکار دانانیشم. هەر دەنووسم و دەخوێنمەوە.

پێشەکی کتێبی تاریک روون، بە قەڵەمی دوکتور قاسملوو، لە رادەیەکی بەرز دا شێعرەکانی مامۆستا هێمن تاووتوێ دەکا و هەڵیان دەسەنگێنی. سەیر لەوەدایە ئیستاش لە ساڵی ٢٠٠٠ ی زایینی دا، ئەو پێشەکییە، کێشەی لە سەرە و دوژمنایەتی دەکرێ و لە کەش و هەوای ئازادی کوردستان دا، کتێبی تاریک و روون بە بێ پێشەکی دوکتور چاپ دەکرێ.

## رێکخستنەوەی نوێی تەشکیلاتی حیزب

بە دوای کۆنگرەی ٣ دا، حیزب دێموکرات هەوڵی دا بە پێی ئیمکان، بۆ بە هێزکردن و سازمان دانی تەشکیلاتی حیزب تێبکۆشی و بە تایبەتی شوێن و جێگای پێویست بۆ رێبەری ببینێتەوە. حیزب بۆ گەڕانەوە بۆ نێوخۆی ئێران، پێشتر لە گەڵ شەخسی مەلا مستەفا قسەی کرد بوو و ئەو بە توندی موخالیفەتی خۆی دەربڕی بوو. سەرەڕای ئەوە لە کۆتایی  کلاسی کادر دا، کە زۆربەی قوتابییەکانی کۆمیتەی ناوەندی بوون، دوکتور قاسملوو گوتی، کە هەرچەند پێشتر کومیتەی ناوەندی لە سەر وەزعییەتی حیزب بە دوای ئەگەری تێکچوونی پەیوەندی نێوان پارتی و حکومەتی عیراق، چ بە سەر حیزب دێ و دەبێ چ بکرێ، ساخ بۆتەوە، بەڵام دەبێ دیسان ئەو بابەتە بخرێتەوە بەر باس.

بە پێی لاپەڕەی ١٥٨ بەرگی چواری بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، دووبارە بڕیار درا کە ئەو پرسە گرینگە تاوتوێ بکرێتەوە. سەرئەنجام پاش باسێکی دوور و درێژ، کومیتەی ناوەندی بڕیاری پێشووی هەڵوەشاندەوە. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٥١ بەرگی چواری بیرەوەرییەکانی دا، بە خەتی دوکتور قاسملوو بڕیاراتی کومیتەی ناوەندی هێناوە:

١ - بڕیاری کومیتەی ناوەندی کە بریتی بوو لەوە کە ئەگەر لە کوردستانی عیراق شەڕ دەستی پێ کردەوە بەڕێوەبەری و رێکخراوی حیزب لە عێراق بە چەکداری بچێتەوە کوردستانی ئێران و خەباتی چەکدار دەست پێبکا، هەڵوەشێتەوە و پێرەوی لە تیئۆری راپەڕینی چەکداری ئیجباری نەکا کە نەتیجەی ومەترسی خستنی هەموو حیزبە.

٢ - درێژە پێدان بە تێکۆشانی حیزبی لە هەموو هەل و مەرجێک دا، بە تەنیا رێگای ئوسولی دادەنێ و بە پێویستی دەزانێ بۆ ئەم مەبەستە لە ئێستاوە تێبکۆشێ.

پاش ئەو کۆبوونەوە دەفتەری سیاسی سەردانی هێندێک شوین کرد و دواتر دوکتور قاسملوو لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی دا گوتی: مەلا مستەفا نەزەری ئەوەیە ئەوانەی مەسئولییەتیان هەیە لە حیزبی ئێمەدا بچن لە کانی ماسی لای ئەسعەد خۆشەوی دابنیشن.

دەفتەر سیاسی دژی ئەو بڕیارە بوو و دوای باسێکی زۆر دوکتور قاسملوو پێشنیار کرد: کە پێویستە دابەش بین. بەڵام نابێ پەیوەندی حیزبمان تێک بچێ. دەبێ تێکۆشانی حیزبمان درێژەی هەبێ.

سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشتن کە هەوڵ بدرێ خۆ سوک کەن. هێندێک لە برادەران بچنەوە کوردستان، ئەوانی دیکەش لە بەغدا بمێننەوە.

ئەگەرچی بە دوای کۆنگرەی ٣ دا وەزعی حیزب لە هەموو بوارێکەوە گۆڕانی بەسەر داهات و باش ببوو و بە تایبەتی پەیوەندی حیزبی دێموکرات و پارتی بەرەو پێش چوو بوو، بەڵام لە ناوچەی شۆڕش دا جارجار بە دژی ئەندامانی حیزب کاری تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانە و بێحورمەتی و سوکایەتی و لێدان رووی دەدا و تەنانەت چەند جار نارنجوک لە ماڵی ئەندامانی حیزب هاویشترا. رێبەری حیزب بە نامە چەند جار سەرکردایەتی شۆڕشی لەو رووداوانە ئاگادار کردەوە. پاش ٧٠رۆژ بۆ یەکەم جار مەکتەبی شۆڕش لە رێکەوتی ١٩٧٣/٣/٦ بە نامە وڵامی نامەکانی حیزبی داوە و گوتیان کە لە چالاکی ئەوانە دا هیچ خەبەرێکیان نییە.

لەو قۆناغەدا دوکتور قاسملوو لە دانیشتنەکانی دەوڵەتی عێراق و رێبەرایەتی شۆڕش دا راوێژکاری سەرەکی شۆڕش بوو و زووزوو سەردانی بارەگای بارزانی دەکرد. مەلا رەسوڵ لە لاپەڕەی ٢٥٤ بیرەوەرییەکانی دا باسی کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٣ دەکا کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە شاروچکەی قەسرێ سەردانی بارەگای بارزانیان کردووە و دەڵێ کە بەردەرکە قوڕ و چڵپا و بوو و پڕ بوو لە فەرماندەرانی نیزامی و دەنووسێ: دوکتور هەر ئەوەی بینی دلتەنگ بوو، نامەم ناردە ژوورو هێشتا لە خولەکێک تێنەپەڕی بوو وتی: با بڕۆین. وتم : بۆ کوێ: وتی بگەڕێنەوە هەولیر خۆ من کارم بەوان نییە، ئەوە ئەوانن داوای من ئەکەن و کاریان پێمە بۆ لێرە لەناو ئەو قوڕ و بەو بارانە راوەستین.

هەر لەسەر ئەو بابەتە مەلا رەسووڵ لە لاپەڕەی ٢٥٥ کتێبی سەربردەی ژیانم دا دوای ئەوە دەڵێ کە پەیوەندی حیزب و پاڕتی پێشتر وانەبوو، دەنووسێ:

ئەمیری قازی ئەگەر ویستبای چاوی بە ئیدریس بکەوتایە ئەبوایە لانیکەم مانگێک لای هەژار بمایەتەوە جا ئەگەر توانیبای ببینێ، وتم : کاکی خۆم چاوت لێیە ئەو هەموو خەڵکە ئەوە بەشی زۆریان فەرماندەی هێز و کادری حیزبین هی وا هەیە چەند رۆژە چاوەروانە باشە بە چی دیارە ئەو بارزانییە نامەی ئێمەی بردووە، یان هەر بەسەر رێوە بیانداتێ با چەند خولەکی دیکەش راوەستین، بۆ خۆشم بە خۆمم دەوت، چەند خۆشە کەس...بە کوڵاوی نەدەپێواین، کار گێوەتە دەقیقە بۆ بینینی بارەگای بارزانی! پاشان وتی با برۆینە ئەو سەر رێگایە کارم هەیە، رێگاکە بۆ لای دیلمان دەچوو، بەڕێ کەوتین، هەر تەواو لە خەڵک دوور نەکەویبووینەوە، وادیار بوو کاری سەر

ئاوی هەبوو بە پێوە هەڵیرشت، ئەوە خەڵکیشمان لێ دیار بوو، ڕەحیم و کەریم تۆزێک لێمان دوور بوون منیش کەوتمە بۆڵەبۆڵ، جا ئەویش بۆڵەی ئەوکاتی من یا خوا دوژمنیشت نەیبیستبا، ئێستا لە جیاتی ئەوکات بە خۆمدا دێمەوە و ڕەخنە لە خۆم دەگرم، بەڵام سودی چی هەیە، تازە وەدوای چووان بێکەڵکە، نازانم دەبێت چ کارییگەرییەکی هەبێت، کە هاتەوە لای من وتی: ئەرێ بۆ تۆ لە گەڵ هەموو شتێک تورە دەبی، من بە شەڵوارەوە هەڵتروشکێم، پاشان کێ بەو کۆت و شەڵوارە پیسەوە من دەناسێ؟ وتم: دەزانم لێرە کەس تۆ ناناسێت، بەڵام من بەو رانک و چۆغەوە هەموو دەمناسن. دەڵێن: لەگەڵ ئەو کابرا عەجەمەی... ئەویش بەو حاڵەوە... باش بوو ئەو کێشە و بەزمە تۆزێکی دوا خستین، کە گەراینەوە دوو بارزانی لێمان دەگەران و هەر بە خەڵکەوە دەگەران و پرسیاری ڕەسووڵ و عەبدورەحمانیان دەکرد، ئیتر چووینە ژوور لەبەر دەرگا ئیدریس و مەسعود و عەلی عەسکەری یادی بەخێر پێشوازییان لێکردین، لێرەدا مەبەست ئەوە بوو دوکتور قاسملوو نە بۆ حکومەت و نە بۆ دنیای دەرەوەی خۆمان، ئەژمار و هەژماری خۆی دەزانی و خۆی بە بچووک نەدەزانی، بەڵام ئەو کات لەناو خۆماندا بۆ برادەری خۆمان زۆر جار لێبوردن و گوزەشتی زۆر گەورە گەورەی هەبوو.

### دابەش کردنی ڕێبەری حیزب بەسەر وڵات و ناوچەکان دا

به دوای کۆنگرەی ٣ دا ڕێبەرایەتی حیزب لە نیوان ڕێگاکانی چوونەوە ناوخۆی وڵات و دەست پێکرنەوەی شەڕ و کۆ کردنەوەی ئەندامان حیزب لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، یان نیشتەجێ بوون لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عیراق، یان چوون بۆ وڵاتانی دەرەوە، دەبوو یەکیان هەڵبژێرێ. هەرکام لەم ڕێگەیانە کێشە و گیرو گرفتی خۆی هەبوو و لە ئاکام دا دوای چەند کۆبوونەوە، حیزب ساخ بووە، کە ڕێگای ناوەندی لە نێو هەموو ئەو ڕێگایانە دا هەڵبژێرێ. بە پێی لاپەڕەی ٢٧٢ کتێبی کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" نوسینی عەبدوڵای حەسەنزادە، ئەندامانی ڕێبەری دەبوو بە چەشنی خوارێ دابەش بوون: ١ ـ دوو ئەندامی کومیتەی ناوەندیمان محەمەد ڕەسوڵ حەسەنپوور و سەلام شەفیعی لە نێوخۆی وڵات بە نەهێنی دەژیان. ٢ - دوکتور شەتەوی و محەمەد موهتەدی و ئەمیر قازی لە ئوروپا بوون و بڕیار درا دوکتور قاسملووش بچێتە ئورووپا.٣ - عەبدالله حەسەنزادە و ڕەسوڵ پیشنماز بچنە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەو هاوڕێیانە کە لە ناوچەدا دەژیان و بۆ ئەوەش کە نەهێڵن تووشی لاڕێ بوون لە ڕێبازی حیزب بن. ٤ - هاشم کەریمی و کەریم حەداد و سمایل حاجی کە ماڵیان لە سلێمانی بوو، لە جێی خۆیان بمێننەوە. ٥ - کەریم حیسامی، محەمەئەمین سراجی و دوکتور وەتەمیشی و هێمن لە بەغدا بن.

قازانجی ئەو دابەش بوونە ئەوە بوو کە هەرچەند کاری حیزبیمان لەنگ‌ولۆر دەبوو، بەڵام هەر نەبێ لە باری سیاسی‌یەوە فشاری هیچ لایەنیکمان زۆر نەدەهاتە سەر و دەمانتوانی سەربەخۆیی سیاسیمان بپارێزین.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٥٣ بەرگی ٤ کتێبی لە بیرەوەرییەکانم" دا بە شێوەیەکی دیکە باسی ئەو دابەش بوونە دەکا و دەڵی کە لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٠ مانگی مارس ١٩٧٤ بڕیاردرا کە ئەگەر شەڕ دەست پێبکاتەوە: مەلا عەوڵا حەیاکی لە گەڵ کادر و ئەندامانی حیزبی بچنە کانی ماسی. کاک هاشم کەریمی لە سولەیمانی لە ماڵە ئاموزایەکەی بمێنێتەوە. من بچمە بوڵغارستان. دوکتور قاسملوو لە گەڵ حەمەدەمینی سیراجی لە بەغدا بمێنێتەوە.

لەگەل ئەوانەش دا، کومیتەی ناوەندی، بڕیاری دا، رۆژنامەی "کوردستان" بە بەرپرسایەتی سیاسی کەریم حیسامی و بەرپرسایەتی ئەدەبی مامۆستا هیمن لە بەغدا دەربچی و نامیلکەی نێوخۆیی تێکۆشەریش کە تا ئەوکات لە بەغدا دەردەچوو، بە بەرپرسایەتی عەبدوڵای حەسەنزادە، لە کوردستان دەربچێ.

رەحمانی کاژەیی لە لاپەڕەی ٨٩ کتێبی "کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم" دا باسی کار و تێکۆشانی لە ساڵەکانی ١٩٧١ تا ١٩٧٤ دەکا و دەنووسێ: دەتوانم بەڕاشکاوی ئەوە بڵێم کە لە ماوەی ئەو سێ چوار ساڵ ئاڕامیەی نێوان حکوومەتی عێراق و شۆڕشی ڕزگاریخوازیی باشووری کوردستان، حیزب توانی زۆر هەنگاوی جیددی بنێ. بە کورتی ئاماژە بە چەندێکیان دەکەم:

_ حیزب توانی زۆربەی هەرە زۆری کادر و ئەندامانی خۆی لە ڕیزی تەشکیلاتەکانی خۆیدا کۆبکاتەوە. ئەو کادر و ئەندامانە لە شوێنە جیاجیاکانی باشووری کوردستان و عێراقدا پەرشوبڵاوبوون.

_ پێکهێنانی چەندین خولی ڕاهێنانی کادر لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

_ نووسینی پێرە و پڕۆگرامێکی سەردەمیانە کە دواتر لە کۆنگرەی سێهەمدا پەسندکرا.

_ بەستنی کۆنفراسی سێهەم و بەدوای ئەویشدا کۆنگرەی سێهەم و هەڵبژادنی ڕێبەرایەتییەکی نوێ و هەڵبژاردنی دوکتور قاسملوو وەکوو سکرتێری حیزب.

_ دەرکردنی دووبارەی ڕۆژنامەی " کوردستان " و نامیلکەی نێوخۆیی " تێکۆشەر " و هەروەها زۆر چەند چالاکییەکی دیکەش.

بەگشتی لەو ماوەیەدا وێڕای تەنگدەستی و نەداری داراییەوە، حیزب توانی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و سەربەخۆیی سیاسی خۆی بپارێزێ. بۆیە دەڵێم تەنگدەستی و نەداری، چونکە حکوومەتی عێراق ئەوەندە یارمەتی دارایی نەدەکرد کە حیزب دەستی ئاوالاتر بێ بۆ کاری زیاتر.

بۆیە بە ناچاری چەند کەسێک لە هاوڕێیانی بەڕێوەبەری، بە دوکتور قاسملووشەوە ناچاربوون کاربکەن بۆ بژیوی خۆیان و هاوکاتیش یارمەتی بە کار و چالاکییەکانی حیزبیش بدەن. بۆ نموونە دوکتور وەک

پسپۆری بواری ئابووری لە وەزارەتی پلاندانان کاریدەکرد کە مانگانەی لە دوسێ وەزیر زیاتربوو، بەڵام زیاتر لە ٩٠ لە سەدی بۆ حیزب بوو. هەر لەو پێوەندییەشدا و لە شوێنی کارەکەی ، کتێبێکی لەژێر ناوی " ئابووری درێژخایەن " بە زمانی عەرەبی نووسی ، بەڵام حکوومەتی عێراق ڕێگەی نەدا بڵاوبێتەوە و تا ئەو جێگایەی لەبیرم ماوە تەنیا یەک دانەیان دا بەخۆی و بەس!

هەروەها، ماموستا عەبدوڵا حەسەنزادە و  دوکتور سوڵتانی وتەمیشی، هەردووکیان ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون و کاریاندەکرد و خۆیشم لە بەشی تکنیکی ڕۆژنامەی "هاوکاری" دامەزرابووم. ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئەویش هەرلەوێ چاپدەکرا.

لە سەروبەندی دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٥، ئەندامانی حیزب بەسەر ئوروپا و کوردستان و بەغدا دا دابەش بوون. ماموستا هێمن لە بەغدا زۆرتر بە تەنیا دەمایەوە و هاودەمی نەبوو کە گەپی لەگەڵ لێبدا. بە گوێرەی لاپەڕەی ١٥٤ بیرەوەرییەکانی هاشمی کەریمی، لە ژێر کاریگەری ئەو تەنیایەدا، شێعری "ناڵەی جودایی" دانا.

## بەشی۱۰۵

## چاوپێکەوتنی فەشەلی هەیئەتی حیزبی دێموکرات و حیزبی توده لە ساڵی ۱۹۷٤

لە رێکەوتی ۱۹۷٤/۱/۲۵ رێبەرایەتی حیزبی توده (ئەسکەندەری و کیانووری) هاتنە بەغدا و لەوی ویستیان چاویان بە رێبەڕایەتی حیزب دیموکرات بکەوێ، بەڵام دەوڵەتی عیراق رێگای بەو چاوپێکەوتنە نەدا. دوایە کەریمی حیسامی گەڕاوە بۆ بۆڵغارستان و ئیرەجی ئەسکەندری داوای چاوپێکەوتنی کرد و ئەو دوای ئەوە پەیوەندی بە دوکتور قاسملوو گرت، بە موافقەتی ئەو لە رێکەوتی۱۹۷٤/۵/۱٦ چووە برلێن و چاوی بە ئیرەج ئەسکەندەری کەوت. ئەو داوای کرد کە دوو حیزب لێک نیزیک ببنەوە و پێکەوە رادیۆ پەیکی ئێران بەڕێوە بەرن و هەروەها داوای کرد کە چاوی بە دوکتور قاسملوو بکەوێ. کەریمی حیسامی دوایە چاوی بە کیانووری کەوت کە هەر لە سەر هەوای پێشوو بوو کە دەبێ حیزبی دێموکرات بچێتەوە ژێر باڵی حیزبی توده و هەر لەوێ داوای لەگەل دوکتور قاسملوو دابنیشێ. دواتر دوکتور قاسملوو لە رێکەوتی ۱۹۷٤/٦/۲۹ لە فرانکفورت چاوی بە کیانووری کەوت و دوایەش بە تەلەیفوون ئاگادار کرا کە رۆژی۱۹۷٤/۷/۳۰ لەگەڵ رێبەری حیزبی توودە کۆببنەوە. لە رۆژی ۱۹۷٤/۸/۱ لە شاری "لایپزیک" هەیئەتی حیزبی توده کە بریتی بوون لە ئیرەج ئەسکەندری و کیانووری و عەلی گەلاوێژ، لە گەڵ هەیئەتی حیزب کە بریتی بوون لە دوکتور قاسملوو، کەریمی حیسامی، حەمەدەمینی سیڕاجی و حەسەنی قزڵجی کۆبوونەوە.

لە سەر ئەوەی کە ناوی ئەو کۆبوونەوەیە چ بێ، کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ۱٦۳بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانی دەنووسی کە ئیرەج ئەسکەندەری گوتی: با دەست بە کار بکەین. کۆبوونەوەکەمان ناوی چ دەبێ؟ ئێمە دەمانەوی لەبارەی جوڵانەوەی میللی کورد و رووداوەکانی ئەو دواییەی نیو جوڵانەوە و دووره دیمەنی دوارۆژی ئەو و هەلبژاردنی باشترین ریگا بۆ ئامادەکردنی هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستانی ئێران بۆ خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی و بۆ ئامانجە دێموکراتیکەکان. کە وابوو ئێمە ناوی دەنێین کۆبوونەوەی مەشوەرەتی.

دوکتور قاسملوو گوتی: ئێمە ناتوانیین لە کۆبوونەوەی مەشوەرەتی دا بەشدار بین. با ناوی بنێین کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ بووروی سیاسی حیزبی تودەی ئێران بۆ باس و لێکۆڵینەوەی وەزعی ئێران و کوردستان.

ئیرەج ئەسکەندەری گوتی: موافیقم. لام وایە هیچ ئیشکالێکی نییە.

کەیانووری گوتی: موخالیفم. حیزبی ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە رەسمی نەناسیوە.

قاسملوو گوتی: ناوی کۆبوونەوەکە نانووسین. بەڵام با بزانین ئێوه لە گەڵ کێ کۆبوونەوە؟ کێتان بانگ کردوه بۆ لایپزیک کە کۆبوونەوەی لە گەڵ بکەن؟

عەلی گەلاوێژ گوتی: من خۆم ئەندامی حیزبی دێموکرات بووم. ژمارەی کارتی ئەندامەتیم لە ناوچەی فەیزوڵابەگی چارده بوو. حیزبی دێموکرات هەمیشە بۆ هاوکاری و یەکێتی لە گەڵ حیزبی تودەی ئێران ئامادە بووە. حیزبی توده هەمیشە یارمەتی دێموکراتی داوە.

حەمەدەمین سیراجی گوتی: تۆ کاک عەلی باسی کۆن مەکە. زۆر کەس لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات دا بوون و پاشان بوون بە جاسوس و بە نۆکەری ڕێژیمی ئێران.
کاک حەسەن قزڵجی گوتی: من سەرم لەو قسانە سوڕماوە. شەو و ڕۆژ لە رادیۆی پەیکی ئێران دا هاوار دەکەین کە بۆ هاوکاری و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لە گەل هێزەکانی دژی ڕێژیم ئامادەین. لە ڕۆژنامەی مەردم دا نامە بۆ ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵک دەنووسن و داوایان لیدەکەن کە بێن قسەتان لە گەڵ بکەن. بەڵام ئێستا ناتانەوێ لە گەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات کە خۆتان بانگتان کردوون وتووێژ بکەن.
من گوتم قسەکانی ڕەفیق کیانوری جێگای سرنجن. ئەو دەڵێ ئێمە حیزبی دێموکرات بە ڕەسمی ناناسین. لام وایە بوون و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بەوەوە نە بەستراوەتەوە کە ڕەفیق کیانوری بیناسێ یان نا. ئەم هەڵوێستە یارمەتی بە هاوکاری و خەباتی هاوبەشی دژی ڕێژیم ناکات.
ئیرەجی ئەسکەندەری گوتی: ئەرکی ئێمە لە هەل و مەرجی ئەوڕۆدا لێک نیزیک کردنەوەی هێزەکانە، نەک لێک دوورخستنەوەیان. لەباری سازمانیەوە هیچ قەی ناکا. ئێوە لە حیزبێک دا بەرپرسن و ئێمە لە حیزبێک دا، با ناوی بنێین کۆبوونەوەی مەشوەرەتی نێوان ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات.
کاک حەسەن قزڵجی گوتی: ئێمە لە رادیۆ چەند بەیاننامەمان بڵاوکردوتەوە و گوتوومانە ئامادەین لە گەڵ هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێران وتووێژ بکەین. ئێستا بۆچی لە سەر ناو تەگەرە دەخەینە پێش.
کەیانوری باسەکەی هێنا سەر وەزعی کوردستانی عێراق و ڕەخنەی لە بارزانی و لە سیاسەتی پارتی گرت. وملوش دەستی کرد بە دیفاع لە سیاسەتی پارتی و لە هەڵوێستی بارزانی.
پاشان قاسملوو گوتی: ئێمە کە هاتووین بە سەداقەتەوە دەمانەوێ لە گەڵ ڕێبەرانی حیزبی تودە قسە بکەین و بگەینە بڕیاردانی هاوبەش و تێکڕایی. نانووسین دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. دەنووسین ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی لە گەڵ ئەندامانی حیزبی دێموکرات بۆ لیکۆڵینەوەی وەزعی ئێران و کوردستان کۆبوونەوەی پێکهێنا.
کیانووری گوت: لە گەڵ هێنانە گۆڕی ناوی حیزبی دێموکرات موخالیفم.
من پرسیم "ڕەفیق کیانوری ناڵێی کۆبوونەوەت لە گەڵ کێ کردوە؟
- لە گەڵ چەند کوردی ئێرانی.
- جا ئەگەر کوردی ئێرانت دەوێ، لە ئاڵمانی ڕۆژئاوا زۆرن. کارمەندی حکومەتی ئێرانیشیان تێدایە. بچوو لە گەڵ ئەوان کۆبوونەوە بکە. من بەش بە حاڵی خۆم ناتوانم لە گەڵ ئەم هەڵویستە وتووێژ بکەم. دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لێرەیە و بە بێ ئەو ناوەش کۆبوونەوە سەر ناگرێ.
ئیرەجی ئەسکەندەری و عەلی گەلاوێژ لە گەڵ ئەوە بوون ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بنووسرێ. کیانووری دەستی دا جانتا و گوتی: من بەشداری ئەو کۆبوونەوە ناکەم.

ئیرەج تاوێک دانیشت و پاشان ڕۆیشت. عەلی گەلاوێژیش بە دوای ئەودا وەدەرکەوت. ئیرەج شەو هاتەوە لامان و گوتی: حیزبی ئێمە تووشی نەخۆشییەکی داخدار بووە. ئەشێ چاوەروان بین کەی لەو نەخۆشیە ڕەزگار دەبێ. پاشان بە منی گوت: هاوڕێ عەزیز محەمەد لە بوداپێستە، پێمخۆشە بچی لە ڕەوەندی ئەم کۆبوونەوەیە ئاگاداری بکەی.

کۆبووەوە تێکچوو. کیانووری پێشتر بەڵێنی دابوو کە بلیتی تەیارە بۆ حەمەدەمینی سیراجی بۆ لەندەن بکڕی، بەڵام بە دوای تێکچوونی ئەو کۆبوونەوەیە، لە بەڵێنییەکەی پاشگەز بووە، بەڵام بە قسەی کەریمی حیسامی "دوکتوریش لەو نازرنگتر نەبوو و بلێتەکەی پێکڕی".

## دوکتور قاسملوو لە پراگ تووشێ کێشە بوو

کێشەی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دێموکرات، لە دوژمنایەتی کردن لەگەڵ دوکتور قاسملوو دا خۆی دەنوواند. حیزبی تودە بە وردی شارەزای کەسایەتی ئەو بوون و بە کەسێکی شازی سوسیالیستی گەورەی خاوەن بیر و بە پڕاگاماتیان دەزانی کە دژی دەستێوەردانی شووڕەوی لە نێو وڵاتانی حیزبی برا دا بوو. دوکتور قاسملوو لایەنگری لە ئەلەکساندر دوپیچک سەرۆکی چەکوسلۆاکی کرد کە لە ساڵی ١٩٦٨ دژایەتی لەگەڵ بیری کۆمۆنیستی بەرەی یەکێتی سۆڤیەت کرد. لە ئەنجامدا ڕووسیە لەشکری کردە سەر ئەو وڵاتە و دوپیچکیان گرت و لەسەر کاریان لابرد.

حیزبی تودە ئەو کارەی کردە بە ئاتۆیەک بۆ دەرکردنی دوکتور قاسملوو لە وڵاتی چەکوسلۆاکی. حیزبی تودە دەیزانی کە حیزبی دێموکرات بە بوونی دوکتور قاسملوو گەشە دەکا و پەرەدەستێنێ و ئەو دەتوانی لە داهاتوی ئێران دا کۆسپیان بۆ پێک بێنێ. بۆیە چارەیان نەدەکرد و لە پراگ کێشەیان بۆ خولقاند.

لەسەر کەسایەتی دوکتور قاسملوو، سمایل بازیار لە لاپەرەی ٢٧٩ کتێبی "کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان" دەنووسێ: قاسملوو لە قۆناخێکی ژیانی سیاسی دا (١٩٧١-١٩٤٨) وەک چەپێکی کورد پێناسە دەکرا، واتە پرسە چینایەتییەکان بۆ ئەو گرینگی سەرەکیان هەیە و وەک هەموو مارکسیتەکان کە چین و بەرژەوەندیی چینایەتی لە سەرووی نەتەوە و بەرژەوەندی نەتەوەیی دادەنێن ، بیری دەکردەوە. بەڵام لەمە بە دواوە وەک کوردێکی چەپ پێناسە دەکرێ چۆن بۆ ئەو پرسی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو پرسەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوەیە و دواتر پرسە چینایەتییەکان  و ئەوە بەو مانایە نییە کە پرسی چینایەتیی پشت گوێ خستبێ، قاسملوو لەم بارەیەوە دەڵێ:"ئەو حیزبەی زیاتر بە گیروگرفتەکانی نەتەوەیی بایەخ دەدا و مەسەلەکانی کۆمەڵایەتی کەم و زیاد لە بیر دەباتەوە و چ ئەو حیزبەی تەنیا مەسەلەی کۆمەڵایەتی لەبەر چاو دەگرێ و پرسی نەتەوەیی گەلی کورد کە لەم قۆناغەدا پرسێکی بنەرەتییە لە بیر دەباتەوە یان بایەخی کەمتری بۆ دادەنێ ناتوانن لە قۆناغی ئێستای خەبات دا بەرێوەبەرایەتیی جووڵانەوەی گەلی کورد بە دەست بگرن و بیگەیەننە پلەی ئاخری سەرکەوتن".


دوکتور قاسملوو - نەسرین خانم و منداڵەکانیان

بە گوێرەی لاپەرەی٣٤ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، لە نامەیەک دا دوکتور قاسملوو بۆی نووسیوە کە مەجبووری دەکەن چەکوسڵواکی بە جێ بێڵێ و بە پێچەوانەی ویست و پێخۆش بوونی خۆی، بۆ ئەوەی باری ماڵی دابین بکا مەجبوورە بچێتە فەڕانسە یان سوئید.

دوکتور حەسەن شەتەوی لە لاپەڕەی ٨١ کتێبی چارەنووس (باسێک لە سەر رەچەڵەک و لک و پۆپەکانی بنەماڵەی قاسملوو) دا دەنووسێ: کاک رەحمان توێژی رووناکبیری چێکۆسڵواکی و هەموو خوێندکاران مووافیقی بیروباوەری دۆبچێک (بەهاری پراگ) بوون و پێیان وا نەبوو وڵاتێکی سۆسیالیستی و دۆستێکی ٥٠ ساڵە بە شەوێک و بە ٨٠٠٠ تانک شارە گەورەکانی وڵاتەکەیان گەمارۆ بدا و بە کودیتایەکی سەربازی هەموو ئارەزووەکانی خەڵکی چیکۆسڵواکی بە بادا. ئەمن ئەو کاتە لە پراگ بووم ، کاک رەحمان دەیگووت رۆژی دواتر رۆژنامەی "پراڤدا"ی چێکی ئورگانی حیزبی کۆمۆنیستی چێکوسڵواکی هەموو لاپەرەی یەکەمی بە سپی دەرچوو بوو، و هیچی لێ نەنووسرابوو. هێندێ رۆژنامەش تەنیا یەک رستەیان نووسیبوو: " ئەمە چ هاورییەتییەکە؟" ئەم مەسەلەیە لەباری دەروونییەوە زەبرێکی قورسی لە کاک رەحمان دا. ئەو دەیگوت ئەگەر ئەمانە واتە رووسەکان لێ گەرابان چێکۆسڵۆواکی لە ئورووپادا دەبووە وڵاتێکی نموونەی وەک فەرانسە...

دوکتور حەسەنی شەتەوی لە ٨٢ ئەو سەرجاوەدا دەنووسێ: کاک رەحمان لەو رووداوە داگیرکردنی چێکۆسڵۆواکی لە لایەن شوورەوییەوە زۆر بەداخ بوو. و لە کۆبوونەوەی حیزبی تودەش بە راشکاوی گوتبووی ئەمە دروست نیە و نابێ بە چاو بەستراوی قبووڵی بکەین. بە هەرحاڵ هەموو پرۆفیسۆرەکانیان لە زانستگە دەرکرد. کاک رەحمان دۆستێکی پرۆفیسۆری هەبوو، بە ناوی "کارل" کە یەکێک لە کەسایەتییە گەورەکانی زانستگە بوو. ئەویان کردە دەرکەوانی ئەنیستیتوویەک. کاک رەحمان چوونکێ خاریجی بوو، گوتیان دەبێ بروا. بە پیلانی حیزبی تودەی ئێران نەک هەر خۆی و خانمەکەی هێلێنا کە خەڵکی چێکۆسڵۆواکی بوو، بەڵکوو منداڵەکانیشیان دەرکردن.

دوکتور قاسملوو ئەگەرچی دژی ئەو حکوومەتە تۆتالیتارییەی بوو کە سەر بە ڕووسان بوو، بەڵام زۆری هەوڵ دا کە بە شێوەیەک لەگەڵیان مودارا بکا و لە قوتابخانەی باڵا زانستی ئابوورییەکان وانەی دەگوتەوە. بەڵام لە مانگی فێبرواری ١٩٧٦ بانگیان کرد بۆ نووسینگەی پۆلیسی تایبەتی و پێیان ڕاگەیاند کە یەک مانگ موڵەتی هەیە کە چەکوسڵواکی بەجێ بێڵێ. پاش ٣ مانگ هەر لەو نووسینگەیە، لێناش بانگ کرا و پێیگوترا کە مۆڵەتی مانەوەی خۆی و منداڵەکانی چیدیکە نوێ ناکرێتەوە. ئەوکات مینا ٢٣ ساڵ بوو و خۆی بۆ وەرگرتنی دیپلۆم ئامادە دەکرد و هیواش ٢١ ساڵ

بوو و له زانکۆی براتیسلاوا سەرقاڵی خوێندنی ئابووری بوو. لێنا بەو هەواڵە زۆر ناڕەحەت بوو و داوای له پۆلیس کرد که به نووسراوه ئەو بڕیارەی پێ ڕابگەیەنێ و پاش مشتومڕ و تووڕەبوونێکی زۆر، پۆلیس که کاربەدەستی رووس بوو پێیگوت که ئەوه ئاخرین بڕیاره و هیچ نووسراوەیەکیش له گۆڕەدا نییه. دوایه لێنا داوای کرد که ڕێگا بدا منداڵەکانی له خوێندن بەردەوام بن. بەڵام ئەوەش قبووڵ نەکرا. لێنا دکتۆر قاسملووی له بڕیاری پۆلیس ئاگادار کردەوه و ئەو به گاڵته پێیگوت: ئێستا ئەگەر حەزیشت لێ نەبێ مەجبووری بێ بۆ لای من.

کچەکان دەبوو بڕۆن بۆ سوئێد لێناش بڕیاری دا بچێ بۆلای مێردەکەی. نەسرین قاسملوو لەسەر هەڵسوکەوتی کچەکانی له حاست دایک و بابیان له لاپەڕەی ٢٩٣ کتێبەکەی دا دەنووسێ: هەندێ له منداڵەکان، شانازی به دایک و بابیانەوه دەکەن. خەبات و ورەبەرزییان و هەروەها ڕابوونیان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجه بەرزەکانیان دەبێته هۆی فەخریان. به پێچەوانەشەوه منداڵگەلێکیش هەن که لێکدانەوەیان ئەوەیه که خەبات و ماندووبوونی دایک و بابیان، بووەته هۆی ئازار و خەسار گەیاندن بەوان. کچەکانی لێنا و عەبدولڕەحمان لەم دەستەیه بوون. ئەوان جگه لەو "تێکهەڵچوونەی له نێوان بەرەکان"دا هەیه و گرفتی هەموو گەنجەکانه، هۆکاری گونجاوی خۆشیان هەبوو: هەرچەند ئەوان لەو چەرمەسەرییانەی تا تەمەنی شەش ساڵ به سەریاندا هاتبوو، شتێکی ئەوتۆیان لەبیر نەمابوو، بەڵام ئەو نەهامەتیانه له نەستی ئەواندا کاریگەریی زۆری دانا بوو: ژیانی نهێنی درێژخایەن له تاران و بەغا که بووه هۆی بێبەش بوونیان له هەموو ئەو شتانەی له ژیانی منداڵێکدا پێویستن، ببووه دڵگرانییان. هەر بەو هۆیەشەوه زۆر دڵیان به دایکان خۆش نەبوو.

مینا دوای ئەوەی دایکی پێیگوت که ناتوانێ له چەکوسلاکی بمێنێ هیچی نەگوت. چەمەدانەکەی پێچاو و به گریانەوه وڵاتی بەجێهێشت. لەوکاتەدا هیوا عاشقی پیاوەکی زەبەلاحی کورته باڵای خۆبەزلزانی ٤٠ ساڵانه ببوو که مەئمووری نهێنی وەزارەتی ناوخۆ بوو. ئەو بێوەفا بوو و خوازبینی له هیوا نەکرد و هیواش چوو بۆ سوێد. لێناش لەنێو پێشوازێکی بێوێنەدا که زۆربەیانی نەدەناسی به شەمەنەفەر پەڕاگی بەجێهێشت. یەکێک گوڵێکی دایه، دکتۆرێکی دۆستی حەبی دایه و یەک دێکۆڕی دەستکردی خۆی دایه و یەکێکیش کاغەزێکی دایه که به ئینگلیزی لەسەر ژیان نووسرابوو. به پێی لاپەڕەی ٢٩٨ کتێبی نەسرین خانم ئەو نووسراوەیه ئاوا: ژیان، ئەم سووزانییه به دوای ئەوەویەوه که مرۆڤ تا هەتا بڕوای پێی هەبێت، چ بڕوات بەو بابەته هەبێت و چ نەبێت شتێک هەیه که نەگۆڕە و ئەویش ئەوەیه که بڕوادار بوون بەهەر شتێک یان هەر کەسێک پێویستی بەوه هەیه که یان خۆت فریو بدەی و یان له بنەڕەتەوه ساویلکه بیت.

هاوکات لەگەڵ دەرکردنی دوکتور قاسملوو، حیزبی توده له وڵاتی بوڵغارستان، به کەریمی حیسامیش راگەیاند که چوونکه له سەر حیسابی حیزبی توده بۆ کار له رادیۆی هاتوته بوڵغاریا و ئێستا له رێکخراوێکی ناسونالیستی دژ به حیزبی توده دا کار دەکا، بۆیه ناتوانی له سەر حیسابی ئەو حیزبه له بوڵغاریا بمێنێتەوه.

حیزبی توده به وردی و به بەرنامه کاری لەسەر حیزبی دیموکرات دەکرد و بۆیان گرینگ بوو که کێ رێبەری دەکا و حیزب بەرنامەی چییه و چی دەوێ. هەر له درێژەی سیاسەتەکانی حیزبی

توده له حاست حیزبی دێموکرات دا و به هان دانی ئەو حیزبه، له لایەن دوکتور ڕەحیمی قازی و دوکتور عەلی گەلاوێژ له ڕێکەوتی ٢٦ ئاپریلی دا، نامیلکەیەک بڵاو کراوه که بوون و مانی حیزبی دیموکرات به حیزبی توده دەبستەوه و به پێی لاپەڕەی ١٠٣ بیرەوەییەکانی کەریمی حیسامی ئەوان دەنووسن: ئێمه تەواوی تێکۆشەرانی شۆڕشگێری کورد له ئێران دا بانگ دەکەین که وەکوو تیکۆشەرانی شۆڕشگێری ئازەربایجان و گەلانی تری ئێران له گەڵ حیزبی تودەی ئێران یەک بگرن و سوونەتی شۆڕشگێری و یەکێتی سازمانی و سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان له گەڵ حیزبی دایک - حیزبی گشتی چینی کرێکاری ئێران سەر لەنوێ زیندو بکەنەوه.

هەرچەند حەسەن قزلجی و کەریمی حیسامی موافقی ئەوه بوون که وڵامی ئەو نامیلکەیه بدرێتەوه، بەڵام دوکتور قاسملوو وای به باش زانی که له چوارچێوەیەکی گشتی دا، که زورتر رواڵەتی لێکدانەوەی بابەتەکان بێ، شتێک بنووسرێ. ئەو نامیلکەیه نووسراو و به ناوی "شیراوان" به فارسی و کوردی بڵاو بووه.

هەر لەوکاتەدا کەریمی حیسامی دیسان له لایەن بەرپرسی ئێرانییەکان پێی رادەگەیاندرێ که حیزبی توده، نامەی له سەر ئەو نووسیوه که کەریمی حیسامی له سەر حیسابی ئەوان بۆ کار له رادیو پەیکی ئێران هاتووته بولغارستان. بەڵام ئێستا له حیزبێکی ناسیونالیستی دا کار دەکا بۆیه دەبی وەزعی خۆی روون کاتەوه.

دوکتور قاسملوو له نامەیەک بۆ کەریمی حیسامی که له لاپەڕەی ١٠٤ بەرگی ٥ ی بیرەوەرییەکانی دا هاتووه دەنووسێ: ... حیزبی توده به هەموو هێزییەوه خەریکه وەزعی تۆ وەک من لێبکا. بەداخەوه ئێمه ئێستاش نامانەوێ ئێعتراف بکەین که ئەوەی له وڵاتانی سوسیالیستی دژی ئێمه کراوه، له حیزبی تودەوه سەرچاوه دەگرێ. نەزەریشم ئەوەیه هەتا ئەتۆ له حیزبی دێموکرات دا مەسئول بی و هەتا حیزبی دێموکرات ئاماده نەبێ بچێته ژێر باری ئەوان، هەر خەریک دەبن و ئیمکانی سەرکەوتنیشیان زۆر زۆره. هەموو ناوێکیشت له سەر دادەنێن. شێوەکەیان ئەوەیه. جا دەبێ مەسەلەکه لەو بارەوه تەماشا بکەین و فیکرێکی ئەساسی بکەین. دەنا هەڕەشەی حیزبی توده وەک شیری دێموکلیس هەر له سەرمان دەبێ.

حیزبی توده نەتەنیا لەگەڵ حیزبی دێموکرات که باوەڕی به چارەسەری کەمترین مافی نەتەوایەتی له نێوخۆی ئێران دا بوو، باش نەبوو تەنانەت لەگەڵ ئەندامانی کوردی نێوخۆی حیزبەکەشی وەک حەسەن قزڵجی و ... به سووکی و بێڕێزی هەڵسوکەوتی دەکرد و به هێندی نەدەزانیین.

حەسن قزڵجی که هەمووکات وەک کادری دڵسۆزی حیزبی دێموکرات له حیزبی توده دا کاری دەکرد و کەسی سەرەکی رادیۆ پەیکی ئێران بوو، چەند جار داوای له حیزبی توده کرد که بۆ سەردانێک بگەڕێتەوه عیراق. حیزبی توده جوابی نەداوه. دوایه داوای له حیزبی دێموکرات کرد و حیزب کارەکەی بۆ جێبەجێ کرد و لیسه پاسەی بۆ نارد و له ڕێکەوتی ١٩٧٤/٣/٢٧ چوو بۆ بەغدا و برادەرانی حیزب پێشوازی باشیان لێکرد و ماوەی مانگێک خزمەتیان کرد.

## ڕۆژنامەی کوردستان

مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان وەک ژیانی ئەندامانی حیزب بە ئاقاری سخت و دژوار پڕ لە چەرمەسەری دا تێپەڕیوە و هەمووکات تووشی کەندوکۆسپ بوو و بەرهەڵەستی کراوە. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢١٨ بەرگی ٢ پێداچوونەوە دا بابەتێکی لە یەکەم ڕۆژنامەی " کوردستان " لە ڕێبەندانی (ژانویەی ١٩٧١) هێناوە کە نیشان دەدا، لە چ سەردەمانێک دا ئەو ڕۆژنامەیە بڵاو بۆتەوە و دەنووسێ:

خوێنەرانی خۆشەویست ! ئەوە یەکەم ژمارەی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەر چاوتانە..."کوردستان". لەساڵەکانی ١٣٢٤-٢٥ وەک بلاو کەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد دەردەچوو... ساڵی ١٣٣٣ "کوردستان " وەک ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نهێنی بڵاو دەکرایەوە... لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٣ وە "کوردستان" لە دەرەوە بڵاو کرایەوە. هەرچەند ئەمجارە ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوو، بەڵام ڕێبازی هەر ڕێبازی حیزبی دیموکرات بوو.

هەرچەند ڕۆژنامەی کوردستان نوێنەری ڕوانگە و بووچوونی حیزبی دێموکرات بوو و لە مەیدانێکی بەرتەسک دا بڵاو دەبووە، بەڵام لە دەهەی ٥٠ دا لە عێراق، پێشەنگی ڕۆژنامەنووسی کوردی بوو. گەورە نووسەرانی کوردی باشوور کە بە ئاسانی دەستیان پێی ڕادەگەیشت، ڕۆژنامەی کوردستانیان بۆ لێفیربوونی زمانی کوردی دەخۆێندەوە. عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٦٩٥ ی ئەزموونی خەبات دا دەڵێ کە بە پێی گرینگی کارەکان، نووسەرانی ئەم قۆناغەی ڕۆژنامەی کوردستان بریتی بوون لە دوکتور قاسملوو، کەریمی حیسامی، مامۆستا هێمن، حەمەدەمین سیراجی و بە ڕادەی کەمتر عوسمانی یەزدانپەنا (جەلال میراوەیی). کاری فەنی ئەو ڕۆژنامەیە بە هۆی ڕەحمان کاژەیی و مەلاحەسەن شیوەسەڵی بەڕێوە دەچوو.

مامۆستا هێمن وەک بەرپرسی ئەدەبی و عەبدوڵا حەسەنزادە وەک نووسەر، جێ پەنجەیان دیار بوو و بەشی ئەدەبی و زمانەوانی ڕۆژنامەیان دەڕازاندەوە. عەبدوڵا حەسەنزادە لە باری کاری خۆی و مامۆستا هێمن، لە ساڵی ١٩٧٤ لەو ڕۆژنامەیەدا، لە لاپەڕەی ٦٩٤ دەنووسێ: دیارە هێمن زۆر لە من شارەزاتر بوو. بەڵام کە دەیزانی ئەمن لێی دەزانم دەواقیع دا کاری پێ نەبوو، لە باری زمانەوە لێی ڕازیم چوونکی ئەو زمانەی لەوێدا بەکار هاتووە، خەڵک لێی ڕازی بوون.

هاوکات لەگەڵ چاپی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە باشووری کوردستان، حیزبی دیموکرات هەوڵی دا ئەو ڕۆژنامە لە ئوروپاش چاپ بکا. لە مانگی ٦ ی ١٩٧٥ دەوڵەتی عێراق ڕێگای دا، بە مەلا عەبدوڵای حەسەنزاد و کەریمی حیسامی کە سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن و ئەوان لە ڕێگای بیروت چوونە پراگ. دوای چەند ڕۆژ لەوێرا چوونە بێرلین و لەگەڵ دوکتور قاسملوو و ئەمیر قازی و حەسەن شەتەوی کۆبوونەوە. ئەوان لەو کۆبوونەوەدا دوای هەڵسەنگاندنی گشتی وەزعی حیزب، بڕیاریان دا کە پەیوەندی حیزب و بەعسی عێراق بپارێزرێ. لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بەشدار بن. ڕۆژنامەی کوردستان لە سوئێد چاپ بکەن.

بەڵام رۆژنامە دەرنەچوو و کەریمی حیسامی خەتاکەی دەخاتە سەر ئەمیری قازی و سەلیم بابازادە کە تازە ببوو بە ئەندامی حیزب. ئەوان دژی ئەوە بوون کە ئەو مەقالەیە کە باسی ئاشبەتاڵ لە کوردستانی عێراق دەکا، دەربچێ.

لە لاپەڕەی ٥٢ بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی دا، نامەیەکی دوکتور قاسملوو لە رێکەوتی ١٩٧٥/٩/١٣ دا هاتووە کە هۆیەکانی دەرنەچوونی رۆژنامەی کوردستان بۆ کومیتەی ناوەندی روون دەکاتەوە و دەنووسێ:... یەکەم مەسەلەی رۆژنامەیە. بەداخەوە رۆژنامەکە نەک هەر لە وەختی خۆی دا دەرنەچوو، بەڵکو دەرکەوت کە بەراستی زۆربەی برادەرانی سامڕەند(رێکخراوی ئوروپا) و بە تایبەتی ئەوانەی لە سوئێدن هەر لە بناخەوە دیسیپلینی حیزبی‌یان پێ قبووڵ نییە...

دوکتور لەو نامەیەدا بە وردی ئاماژە بە ئامادەکاری ٤ مانگ لەمەوبەری هەموو کارەکان و نووسینی مەقالەکان دەکا و خەتای ئەوکارە دەخاتە سەر ئەستۆی برادەرانی سوئێد بە بەرپرسایەتی سیامەک بەرپرسی کومیتەی سوئێد و بە لادان لە ئوسولی حیزب و جیاوازی بیروباوەڕ لە گەڵ بەڕێوەبەری حیزبیان دەزانێ. لەسەر ئەوەی کە دەبێ چ تێبینییەکیان لە سەر بواری سیاسی مەقالەکە هەبێ، دوکتور دەنووسێ: ... لە باتی شا بنووسی شای جەنایەتکار و نەنووسین کە حکومەتی عێراق عەفووی عوومومی داوە...

دوکتور قاسملوو لە درێژەی نامەکەی دا داوای سەزای حیزبیان بۆ دەکا و لە دوایی دا گرینگی یەکگرتوویی ریزەکانی حیزب و بیرکردنەوە لە خۆ ئامادە کردن بۆ خەباتێکی توند و تیژ لە کوردستانی ئێران کە چاوەڕوانی گشت هێزە شۆڕشگێرەکان و خەڵکی کورد لە حیزبی دێموکراتە دەخوازێ.

دوای ئەوەی چاپی رۆژنامەی کوردستان جێبەجێ نەکرا، ئەرکی ئەوکارە، کەوتە سەر ئەستۆی کەریمی حیسامی و ئەو هەوڵی دا کە لە ئاڵمان چاپی بکا، بەڵام نەیتوانی. دوایە لە رێکەوتی ١٩٧٥/٩/١٩ لە کاتی شەڕی نێوخۆیی دا چووە بیروت بە هاوکاری سەلاح بەدرەدین، تێکۆشەری کوردی سوریا چاپی کرد.

بە گشتی لە ساڵی ١٩٧٤ بەولاوە دەفتەری سیاسی لە بەغدا و لە دەرەوەی وڵات، گرینگی زۆری بە چاپی رۆژنامەی کوردستان و نامیلکەی نێوخۆیی تێکۆشەر دا.

## بەشی ١٠٦

## ئاخر قۆناغەکانی شۆڕشی ئەیلوول

کاتێک لە ١١ ی مارسی ١٩٧٠دەوڵەتی عیراق و بزوتنەوەی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی دا ڕێکەوتن، ماوەی چوار ساڵ داندرا تا بتوانرێ مەیدان بۆ مەتمانە پێکردن و وەگەڕکەوتنی دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و دانانی یاسای ئیداری کوردستان پێک بی. لەوماوە دا زۆر جار پەیوەندی دوولایەن گرژی تێدەکەوت و دەگەیشتە رادەی لێکپچڕان.


مەلا مستەفا بارزانی - سەدام

جیا لەوانەش دەستی تێکدەر و ئاژاوەگێڕانە لە ناو حکومەت دا زۆر بوو و ڕێژیمی عێراق بە دوای ڕێککەوتنی ١١ی مارسی ١٩٧٠ دەستی لە خراپە و کوشتنی نەیارانی خۆی هەڵنەگرت و لە ڕێکەوتی ١٩٧٠/١٢/٦ لە بەغدا هەوڵی تیرۆری ئیدریس بارزانی دا و حەمید بەرواریی یەکێک لە بەرپرسانی پێشمەرگە بریندار بوو.

لە ڕێکەوتی ١٩٧١/٩/٢٩ڕژێمی عێراق لەژێر ناوی وتوێژکردن، وەفدێکی ٩ کەسەی کە حەوتیان مەلا بوون، نارده حاجی ئۆمەران. بۆمبێک لە جلوبەرگی یەکێک لەو مەلایانەدا بەناوی ئیبراهیم خوزاعی شاردرابۆوە. لە کاتی وتووێژ دا، بۆمبەکە تەقییەوە و ئیبراهیم و محەمەد شەریف هۆستانی کە لە نێوان خوزاعی و بارزانیدا خەریکی دانانی چا بوو، لەت و پەت بوو. بارزانیی زیانی پێنەگەیی لەو تەقینەوە دا سەلیم زوبێر بارزانییش شەهید و ١٤ پێشمەرگە و دوو کیژیش بریندار بوون.

حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران بەو رووداوە زۆر ناڕەحەت بوو و بە پێی لاپەڕەی ٧٠ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، حیزب لە پەیامێک دا نیگەرانی و هاودەردی خۆی لەگەڵ ئەو رووداوە دەربری:

بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق ١٩٧١/١٠/١

برایانی بەرێز !

زۆر بە داخەوە ئەو خەبەرەمان بیست کە دەستەیەک بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم هەوڵی کوشتنی سەرۆک بارزانیان داوە و چەند پێشمەرگەیەک شەهید کراون. ئێمە بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران و هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بێزاری و تووڕەیی خۆمان بەرامبەر بەو کردەوە ناپیاوانە دەردەبرین و هەر لەو کاتەشدا خۆشحاڵین کە ئەم پیلانە سەرنەکەوتوە و سەرۆک بارزانی سالمە. هیوادارین خەباتی یەکگرتووی گەلانی عیراق بە کورد و عەرەبەوە هەر سەرکەوتوو

بێ و بەیاننامەی ١١ی مارسی مێژوویی کە نشانە و دەستکەوتی ئەو یەکگرتنەیە و کۆسپی ڕێگای دوژمنانی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردە بێتە دی.

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

هەروەها ڕۆژی ١٩٧٢/٧/١٥ ئیبراهیم گاباری ڕۆژنامەنووسێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانی لە لایەن نازم گزار بەرپرسی ئاسایشی گشتی عێراق، بە هەگبەیەکی پڕلە TNT بۆ کوشتنی بارزانی یان کورەکانی، ناردرا بۆ بارەگای شۆڕش لە حاجی ئۆمەران.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا، دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ و نیو بە سەر وتووێژەکان دا، لە نێوان دوولایەن هیج پێشکەوتنێک بەدەست نەهات. تەنیا لە ٦ مانگی ئاخر و لە کەش و هەوایەکی خراپدا، لایەنەکان گەڵاڵەی یاسای خودموختاریان ئامادە کرد و جارجار بە یەکەوە و جارجارەش بە بەشداری حیزبی شیوعی پێکەوە دادەنیشتن و هێندێک جاریش دوکتور قاسملوویان بۆ مەشوەرت بانگ دەکردە کۆبوونەوەکان.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٣/٨ هەیئەتێکی پارتی دێموکرات بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی سەردانی بەغدایەی کرد و بۆ ماوەی ٢ سەعات چاویان بە سەدام کەوت. ئەو سەفەرە ئاکامی نەبوو و لە سەر خودموختاری بە یەک نەگەیشتن. ئەوە ئاخرین چاوپێکەوتنی ئەو قۆناغەی دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان بوو و بێ ئەوەی هەیئەت دەسکەوتێکی هەبێ گەڕاوە بۆ کوردستان.

کریس کۆچرا لە لاپەرەی ٥٠ کتێبی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی" دا دەنووسێ کە بەغدا بڕیاری سەرژمێری خەڵکی ناوچەکانی کوردنشینی لە ئۆکتۆبری ١٩٧٠ کە دەکرا سنووری کوردستانی لەسەر دیاری بکرێ پشت گوێ خست و هەروەها چارەنووسی چاڵاوگەکانی کەرکوکی دوا خست. سەدام بە فرۆشتنی نەوت و پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ رووسیە غەڕە ببوو و لە ١١ ئازاری ١٩٧٤ یەک لایەنە یاسای خودموختاری خەیاڵی خۆی راگەیاند. لە لایەکی دیکەش مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی ١٩٧٢بە نەهێنی پەیمانی لەگەڵ شا و سیا بەست.

بۆیە لە ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٧٤ دا شەڕ بە دەستێوەردانی ئێران و یارمەتی ئیسرائیل لە نیو کورد و بەغدا دا دەستی پێکردەوە.

لە ئاخرین دیداری دەوڵەتی عێراق و ئیدریس بارزانی دا، دوکتور قاسملوو تا ئاخر بەشدار بوو و تا کاک ئیدریس بەرەو کەرکووک سواری هێلیکۆپتێر بوو لە گەڵی بوو. لە پاش ئەوە، لە ئاخرین کاتەکان دا، هەیئەتێک لە٣ کەس پێکهات کە بۆ شاری کەرکوک رێگا چارەیەک بدۆزنەوە. ئەو هەیئەتە بریتی بوون لە "غانم عەبدولجەلیل" نوێنەری حیزبی بەعس و "خوسرەو تۆفیق" نوێنەری پارتی دێموکرات و دوکتور قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکرات. ئەوانە دوو رێگا چارەیان پێشکێش کرد، عەبدوڵا حەسەنزادە لە سەر رێگا حەلی یەکەم لە لاپەرەی ٩٦ ئەزموونی خەبات دا دەنووسێ کە مەجلیسێکی هاوبەش پێک بێ کە کورد و عەڕەب و بە یەکەوە ئیدارەی شاری کەرکوک بکەن. کاتێک ئەو پێشنیارە دەدرێ بە سەدام دەڵێ کە ئەو داوایە هەر ئەوەیە کە مەلامستەفا دەیکا و رەدی دەکاتەوە.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٩٦ ئەزموونی خەبات دا لەسەر وتووێژی نیوان کورد و عێراق دا دەنووسێ: تەنانەت دواتریش کە ئەو وتووێژانە سەریان نەگرت، هەیئەتێک پێکهات لەبارەی کەرکووکەوە کە ڕێگا حەللێک پێشنیار بکا. ئەو هەیئەتە سێ کەسی تێدابوون: یەکێکیان پیاوێک بوو بەناوی "غانم عبدالجلیل" کە بەعسی بوو. نازانم ماوە یان نەماوە. یەکیان خوالێخۆشبوو "خوسرەو تۆفیق" بوو کەپێشتر ئەندامی حیزبی شیووعیی عێراق بوو دوایە ئەندامی پارتی بوو. هەتا مردیش نازانم وەک تەشکیلات کاری دەکرد یان نا، بەڵام هەر ئەندامی پارتی بوو. بەڕاستی دڵسۆزێک و تێکۆشەرێکی زۆر گەورە بوو. پیاوێکی زاناش بوو. یەکیشیان دوکتۆر قاسملوو بوو. ئەو سێیانە بوون. دوو ڕێگا چارەیان پێشنیار کرد بۆ کەرکووک. زۆر جالیب بوو. ئەمن ڕێگا حەللەکانم زۆر بەتەفسیل لەبیر نین باسیان بکەم. یەکێکیانم ڕەنگە کەم وزۆر لەبیر بێ کە ئەوە بوو مەجلیسێکی هاوبەش پێک بێ ئەوەندەی کورد بێ و ئەوەندەی لە دەوڵەتی مەرکەزی بێ و بەسەر یەکەوە ئیدارەی کەرکووک بکەن. کە درا بە سەددام حوسێن، چونکە ئەو هەمەکارە بوو گوتبووی جا ئەوە هەر ئەو قسانەن کە بارزانی دەیان کا.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٥٣ بەرگی چواری بیرەوەرییەکانی دا، باسی نیگەرانی دوکتور قاسملوو لە ڕەوتی وتووێژەکانی دەوڵەت و ئیدریس بارزانی دەکا و دەنووسێ:... لە گەڕانەوەدا بە جارێک لە ڕێکەوتن نائومێد ببوو. حیزبی بەعسی تاوانبار دەکرد و زۆر بە توندی لە هەڵوێست و لە سیاسەتی سەرۆکایەتی شۆڕش پشتیوانی دەکرد.

بە پێچەوانەی بۆچوونی دوکتور قاسملوو، کەریمی حیسامی پێیوابوو، ئەوە شای ئێرانە کە لە گەڵ بەعس ڕێک ناکەوێ و نایەڵێ کورد خودموختاری هەبێ. ئەم وتووێژانە کاریگەری زۆری لەسەر حیزبی دیموکرات هەبوو و باسی نێو ئەندامانی حیزب، دمەقاڵە لە سەر هەڵوێستی شۆڕش و دەوڵەتی عێراق بوو. لە ژێر ڕێبەری دوکتور قاسملوو دا، زوربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، پشتیوانیان لە شۆڕش و مەلا مستەفا دەکرد تەنیا کەریمی حیسامی بوو کە سیاسەتی پارتی بە چەوت دەزانی.

لەو سەردەمەدا هەرچەند هەڵوێستی حیزب لە پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتی عێراق پێشتر دارێژترابوو، بەڵام دەبوو دیسان زیاتر بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەگەر شەڕ لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی شۆڕش و دەوڵەتی عێراق دەست پێبکاتەوە، دەبێ حیزب چ هەڵوێستیکی هەبێ و دەبێ چ بکا. لە کەش و هەوایەکی ئەوتۆ دا ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب، دوکتور قاسملوو و مامۆستا هێمن و کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی و دوکتور سوڵتان وەتەمیشی لە ڕۆژی١٩٧٤/٥/٨ کۆ بوونەوە و دوای ئەوە دکتور قاسملوو گوتی"سەرەڕای ناکۆکی بیروڕای شەخسی لە سەر مەسەلەی کوردستانی عێراق، دەبێ بێ لایەنی خۆمان بپارێزین و دژی بەعس و پارتی هیچ نەنووسین و تەبلیغات و خەباتی خۆمان دژی ئێران سارد نەکەینەوە". چەند بڕیار پەسەند کرا کە لە لاپەڕەی ١٥٦ بەرگی ٤ کتێبی لەبیرەوەرییەکان کەریمی حیسامی دا هاتوون و بریتین لە: بۆڕۆی سیاسی شەڕی براکوژی کە لە گەرمێن دا دەستی پێکردوە، بە ڕێگا حەللی مەسەلەی کورد لەم وڵاتە دا نازانێ و لەو بڕوایە دایە کە مەسەلەی کورد دەبێ لە ڕێگای ئاشتی و بە شێوەی دێموکراتی چارەسەر

بکرێ و ڕێگا حەللی سیاسی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ ئەوە خەبات بۆ گەڕانەوە سەر وتووویژ لە گەڵ نوێنەرانی ڕاستەقینەی جوڵانەوەی گەلی کورد لە گەرمێن بە ئەرکی هەموو هێزە نیشتیمانپەروەرەکانی گەرمێن و هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی جیهان دەزانێ.

ب - دیفاعی گەلی کورد لە نیشتیمانی خۆی دیفاعێکی عادیلانەیە و داوای خودموختاریەکی تەواو کە هەموو ناوچەکانی کوردستان گەرمین بگرێتەوە، داوخوازێکی ڕەوایە.

ح - حیزبی ئێمە بە پێی بەرنامەی خۆی دژی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی شا و بۆ هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی لە ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان خەبات دەکا و ڕێژیمی شا بە دوژمنی ئەسڵی گەلی کورد لە کوردستان دادەنێ.

دەست پێکردنەوەی شەر، بۆ خەڵک و بە تایبەتی بۆ حیزبی دێموکرات ناخۆش و مەترسی دار بوو. پاراستنی وەزعی ژیان و گوزەرانی ئەندامانی حیزب و پرنسیپی بێلایەنی لە نێوان دەوڵەت و بزوتنەوەی کورد دا، کە تەوەری سەرەکی سیاسەتی حیزبی دێموکرات بوو، سەخت و دژوار بوو.

وەک هەمووکات، کێشەکانی دوو لایەنی عێراقی و کوردی لە کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی حیزب دا، دیسان زۆری قسە لە سەر کرا. هەموو ریکارەکان وەک ئەوەی، ڕێبەری حیزب بچتەوە ناوخۆێ وڵات یان لە باشووری کوردستان، یان لە بەغدا بمێنێتەوە، یان بچتە دەرەوەی وڵات، لێکدراوە. ئاخر بەو ئاکامە گەیشتن کە حیزب بە سەر هەموو شوێنانەدا، دابەش بێ.

دیارە هەر ئەوکات ڕێبەری حیزب لە گەڵ ئیدریس بارزانی و دەوڵەتی عیراق، لە سەر بێ لایەنی حیزب قسەیان کرد. ئەوان موافقی بێ لایەنی حیزب بوون، بەڵام ئیدریس بارزانی لە گەڵ ئەو موافق نەبوو کە هەموو ئەندامانی حیزب بچنە کوردستان.

لەوکات دا، حیزب دوو بڵاوکراوەی دەر دەکرد کە دەبوو بیر لە کاری ئەوانیش بکاتەوە. گۆڤاری "تیشک" لە کوردستان بڵاو دەبووە کە زوربەی کارەکانی عەبدوڵا حەسەنزادە دەیکرد و ڕۆژنامەی "کوردستان" لە بەغدا، کە بابەتەکانی بە هۆی کەریمی حیسامی و مامۆستا هێمن و حەمەدەمین سیراجی و سوڵتانی وەتەمیشی ئامادە دەکران. ئەوانیش بڕیاریان لەسەر درا کە چۆن بڵاوبکرێنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوانە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن پارتی دێموکرات بە دوکتور قاسملوو گوترا بوو کە لە عێراق نەمێنی. دوکتور قاسملوو ڕۆیی بۆ ئوروپا و کەریمی حیسامی لە بەغدا بە مەسئولی یەکەمی حیزب داندرا. بەلام کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٦٠ بەرگی ٤ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: درەنگانێک کە مەلا عەوڵای حەیاکی لە کوردستان چاوی بە ڕێبەرانی شۆڕش دەکەوێ. پێی دەڵێن: ″دوکتور قاسملوو لەوکاتەدا لە بەغدا بێ باشترە″. مەلا عەوڵا ئەوەی بۆ من نووسیبوو. منیش لە نامەیەک دا بۆ دوکتور قاسملووم نووسی ″ڕێبەرانی شۆڕش بە مەلا عەوڵایان گوتوە کە دوکتور لە بەغدا بێ باشترە. کە وایە پیویستە بێیەوە عێراق″. دوکتور قاسملوو لە نامەیەک دا تاریخی ١١/١٢ نووسیبووی: زۆرم پێ‌سەیرە کە لە لای نۆک خۆر (مەلا عەوڵا ) گوتراوە بابی مینا (دوکتور قاسملوو) لە بەغدا بێ باشترە. دووجار ڕاستەوخۆ بە خۆمیان گوتوە کە لە بەغدا نەمێنم″.

پاش ئەو نامەیە روون بووە کە دوکتور قاسملوو، بە قسەی یەکێک لە ئەندامانی رێبەری پارتی و بە موافقەت و یارمەتی دەوڵەتی عێراق، لە گەڵ حەمەدەمینی سیراجی عیراقی بەجێهێشتووە و ئەو بە نامە لە دەرەوە را پەیوەندی بە مەرحوم مەلامستەفا و ئیدریس بارزانی هەبووە.

مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٢٧٦ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە هێندێک لایەنی دۆستی کورد، یەک لەوان دەوڵەتی شووڕەوی هەوڵیان دا تا رێبەرایەتی کورد لە مەترسی رێکەوتنی عێراق و ئێران ئاگادار بکەن، بەڵام رێبەری کورد، بۆ رزگاربوون لەو مەترسییە هەنگاوی نەنا.

بڕیاری شەڕ لە لایەن دەوڵەتانی ئێران و عێراق درابوو. هەرکامەیان لە یەک شت دا کۆک و هاوڕا بوون کە ئەو دەسکەوتانەی کە کورد بە دەستی هێناوە لێی بستێندرێتەوە. رێژیمی ئێران بە فێڵ قەولی هەموو شتێکی بە کاربەدەستانی شۆڕش دا کە ئەو چەکانەیان بداتێ کە دەوڵەتی عێراق کەڵکی لێوەر دەگرێ.

هەر بە دوای سەرنەکەوتنی وتووێژەکان، لە رێکەوتی ١٣٥٣/١٢/١٣ (١٩٧٤/٣/١١) سەدام حوسێن بە بێ رێکەوتن لە گەڵ بزوتنەوەی کورد، یەک لایەنە، قانوونی حوکمی زاتی ناوچەی کوردستان واتا حکومەتی کارتۆنی خودموختاری کوردستانی راگەیاند. ئەو حوکمە بە مانای رێکنەکەوتن و دەرهاویشتنی پارتی دێموکرات و دەست پێکردنەوەی شەر بوو. ئاڵۆزی و پەشێوی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە. پارتی هێز و مەقەڕەکانی لە شارەکان کێشاوە و زۆری نەخایاند کە شەڕ بە توندی دەستی پێکردەوە. رێبەری بزوتنەوەی کورد بانگەوازی گشتی و عێلجاری دا و کۆمەڵانی خەڵکی کورد بە گشتی بەدەنگ شۆڕشەوە هاتن و شارەکان چۆل بوون و بە سەدان هەزار کەس لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، شار و دێهات و تەنانەت بەغدایان بە جێهێشت و بەشێک راستەوخۆ پاڵیان بە شۆڕشەوە دا.

لەو کاتانەدا پێشمەرگە بێکار لە شاران دا دەخولانەوە و تەنبەڵ ببوون و هەوای دەوڵەمەند بوون لە سەری دابوون. مەلامستەفا ئەو هەلومەرجەی بۆ نەدەرەخسا کە گویا مارشال تیتۆ رایئەسپارد بوو کە هەرگیز نەهێڵی پێشمەرگەکانی بێکار بن و هەوڵ بدا رۆژانە بە مەشق و هەڵکەندنی پەناگا سەرگەرمیان کا.

قورسایی لە رادەبەدەری بواری بەخێوکردن و پێڕاگەیشتن بە خەڵک، کەوتە سەر ئەستۆی رێبەڕایەتی کورد و ئەو بانگەوازە لە باتی ئەوە ببێتە هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمن دا، بوو بە کۆسپ لە سەر رێگای شۆڕش و بە ناچار رێگای ئیران کرایەوە و هەزاران هەزار کەس مەجبوور بوون پەنا بۆ ئێران بەرن و لە دەیان ئوردوگای دیاری کراو دا جێگیر کران. دواتر رێژیمی شا، لەو خەڵکە وەک بارمتە بە دژی رێبەرایەتی جوڵانەوەی کورد کەلکی وەرگرت.

دەوڵەتی ئێران، بە رواڵەت بە نەهێنی بەڵینی هەر چەشنە یارمەتێکی بە مەرحومی بارزانی دابوو و بۆ شێواندن و لەبار بردنی شۆڕش، لە ئاخری مانگی بەهاری ١٩٧٤ هێزەکانی لە زۆربەی سنوورەکانی کوردستان مۆڵ دا. تا هەم بەرگری لە سنووری ئێران و هەم لە شەڕ لە گەڵ دەوڵەتی عێراق، زیان بە هێزەکانی ئەو وڵاتە بگەیەنێ. دیارە تەوەری سەرەکی پشتیوانی و هاوکاری رێژیمی

ئێران لەگەڵی کورد، دخالەت لە کاروباری شۆڕش و بەستنەوەی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە و بە لاڕێ دابردن و کپ کردنی بوو.

پشتیوانی فێڵبازانەی ڕێژیمی ئێران لە کورد، ببوو بە خۆشەویستی ئەو ڕێژیمە لە ناو بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و ئێران توانی بوو تا ڕادەیەک زۆر دڵی خەڵکی کورد، لە باشوور بە دەست بێنێ. وێنەی شا و شابانوو لە بێچمی جوان لە نێو کەشەفان دا کێشرا بوو و لە زۆر ماڵان دا دەبینرا.

مەبەستی سەرەکی ڕێژیم ئەوە نەبوو کە کورد بە ماڤی خۆی بگا. شا چەند مانگ بەر لە ڕێکەوتنی ئەلجەزایر، لە گەشتێک بۆ فەرانسە، لە سەر ئەو هەلومەرجە گوتبووی "وەک شێرەی ئاوێ وایە، هەرکات بیگرمەوە هەموو شت کۆتایی دێ".

کاتێک کە شەر دەستی پێکرد، سپای عیراق بە پشتیوای هێزی ئاسمانی بە جاش سەربازی زۆرەوە، هێرشی بۆ سەر کوردستان هێنا. سپای ئێران لە دەشتی کەپرانی ناوچەی سەردەشت، ناوەندێکی بە ناوی ژووری عەمەلیات کە جارجار بۆ پرسوڕا دوو فەرماندەری پارتی دێموکرات تێیدا بەشدار دەبوون، پێکهێنا.

هەواڵی شەرەکان بە هۆی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بڵاو دەبۆوە و هێزی پێشمەرگە ئازایانە بەربەرەکانیان دەکرد و تۆپخانەی ۱۷۵ و ۲۰۳ میلیمی ئەرتشی ئێران کە بە هۆی ئەفسەرانی ئێرانی، لە ناوخاکی کوردستانی باشوور دیدەبانی دەکرا، هێزەکانی عێراقیان دەکوتا. کاربەدەستانی شا کە قەولی هەموو شتێکیان دابوو بە شۆڕش، هیچ کام لە بەڵێنییەکانی بەجێنەگەیاند و توانیان باوەڕ و مەتمانە بە خۆبوون لە هێزی پێشمەرگەدا، بکوژن و بۆخۆیان ببنە لایەنی شەڕ کە جارجار بە تۆپی دوورهاوێژ لە سەر عەرزی کورد، بە دژی یەکتر دەیانتەقاندەوە. بەگشتی ڕێژیمی شا بوو بە لایەنی ئەسڵی شەڕ و لە ئاکام دا دەبوو بە لایەنی بڕیادەریش، بۆیە کاتێک لە بەفرانباری ۱۳۵۳ دا رۆژنامەنووسێکی دەرەوە لە شاێ ئێرانی پرسی کە لەوانەیە ئێوە لەسەر حیسابی کوردەکان لە گەڵ عێراق ڕێککەون. شا لە وڵام دا گوتێ: ئێمە هیچ وەخت نیازمان نیە کوردەکان بفرۆشین. بەڵام وەختێک دوو لایەن پێک دێن، لایەنی سێیەم دەبێ شتێک بدۆڕێنێ".

ئامانجی چەپەڵی پشتیوانی دەوڵەتی ئێران لە کورد، لە ڕاستی دا زۆرتر لە مەیدانی شەڕ دا، خۆی دەرخست و لەوێ دەرکەوت کە چەند بە مەبەست، پێگەکانی دوژمن دەپێکن. ئەوجار ئێران لە گەیاندنی چەک و چۆڵ بە هێزی پێشمەرگە دا فێڵی دەکرد. بۆ نموونە ئەگەر شەر لە ناوچەی بادینان با، ئەو قۆرخانەی بۆ لە خانەقین دادەنا و یان بە پێچەوانە.

لەو شەڕە دا ئەگەر ئیران و ئەمریکا هاوکاری کوردیان کرد، لەو لاشەوە دەوڵەت رووس کە هاوپەیمانی سەرەکی نیزامی عێراق بوو، بە زیاتر لە هەزاران پسپۆڕ و شارەزای نیزامی، لە هێزی زەوی و ئاسمانی لەشەڕ لە دژی کورد دا بەشدار بوون و بە تەیارە شەڕکەرەکانی سۆخۆ و تۆپۆلۆف، کوردستانیان بە خەستی بۆمباران دەکرد. تەنیا لە بۆمبارارانی شاری قەڵادزێ لە رۆژی ۱۹۷٤/٤/۲٤ دا بە سەدان کەس، لە ژن و منداڵ و پیاو و ئافرەتی ئەو شارە و هەروها ئەو خۆێندنکارانەی زانکۆی سولیمانییە کە بە هۆی شەڕ زانکۆکەیان بۆ ئەو شارە ڕاگوێزرابوو، کوژران.

تەیارەکانی دەوڵەتی عێراق ئەمانیان نەدەدا و بە بەردەوام بەسەر ناوچەکانی کوردستان دا دەفڕین و بۆمبارانیان دەکرد و بە شێستیران لە خەڵکی بێدیفاعیان دەڕشاند.
ئەو شەڕە، دەروئامانی لە خەڵک بڕی و لە دەست کورد هاتبووە دەرە و کەوتبووە دەستی وڵاتانی دوژمن و دەرەکی. بە دوای ئەوانە دا مەترسی هەڕەشە بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە زیاد بوون دابوو. دەوڵەتی عێراق لە بەغدا رێگای بە هاتووچووی ئەندامانی حیزب بۆ کوردستانی نەدەدا و پەیوەندییەکان بەرەو ساردی روویشت بوو و یارمەتی بڕا بوو.
لە ئاخری ساڵی١٩٧٤ دا دوکتور قاسملوو داوای لە رێبەرایەتی حیزب کرد، بەغدا بەجێبێڵن و بچنە دەرەوەی کوردستان. هەروەها ئەو دەیگوت کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە کوردستان خۆ حەشار بدەن. بەڵام دەفتەری سیاسی دژی ئەو بووچوونە بوو. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو وەزعە، کۆمیتەی ناوەندی بە گشتی لە سولیمانییە کۆ بوونەوە و بووچونەکانی دوکتور قاسلوویان رەد کردەوە و بە نامە ئەویان لە وەزعی خۆیان و ئەو ٢٧٠ئەندام و بنەماڵەی کە لە سەر حیسابی حیزب دەژیان، ئاگادار کردەوە.

## کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٥

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ دا دەوڵەتی عێراق لە بەغدا، لە دژی رێژیمی ئێران کۆنفڕانسێکی نێونەتەوەیی بەست. حیزبی دێموکرات بۆ ئەو کۆبوونەوە بانگهێشتن کرا و دەیتوانی بە پێشکێش کردنی وتار بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی کە پێشتر دەبوایە عیراقییەکان نووسراوە عەڕەبییەکەیان دیبا، بەشدار بێ.
رێبەرایەتی حیزب پەیوەندیان بە دوکتور قاسملوو لە ئوروپاوە گرت و لە رێکەوتی ١٩٧٥/١/٤ نامەی بانگێشتنەکەیان بۆ نارد و داوایان لێکرد کە بە هوی گرینگی کۆنفڕانسەکە بگەڕێتەوە و تێدا بەشدار بێ. دوکتور قاسملوو لە وڵام دا دەڵێ کە ئەو کۆنفڕانسە شتێکی ئەوتۆ نییە. بەڵام حیزب دەبێ بەشدار بێ و وتارێکی کورتیش هەبێ. ئەو ئاموژگاری دا کە بۆ ئەوەی مەبادا برادەرانی پارتی تورە بن، نابی لە سەر رێژیمی شا زۆر بە توندی بنووسرێ.
وتارەکە نووسرا و درا بە دەوڵەت. پاش رۆژێک وڵامیان داوە و رەدیان کردەوە و گوتیان: دژی مەلامستەفا هیچتان نەنووسیوە. هەڵوێستی ئێوە دۆستانە نییە. ئێوە لەو کۆنفڕانسەدا دەبێ مەلامستەفا بە عامیلی ئەمریکا ناو بەرن و مەحکومیشی بکەن.
کەریمی حیسامی بە نوێنەرایەتی حیزب ئەو داوایەی رەد کردەوە و رایانگەیاند کە حیزب سیاسەتی سەربەخۆی هەیە و بۆخۆی بڕیار دەدا لە دژی کێ قسان بکا یان نەیکا. پێتان خۆشە بیخوێننەوە، پێتان ناخۆشە حیزب بەشداری ناکا. دوای رۆژێک حیزب ئاگادار کراوە کە بە پەیامی خۆێ بەشدار بێ. بەڵام لە رێکەوتی ١٩٧٥/١/١٥ بە حیزبیان راگەیاند کە یان دەبی دژی مەلامستەفا بنووسن و بە پیاوی ئەمریکای ناو بەن یان نابێ رۆژنامەی کوردستان بڵاو بکەنەوە. بەمشێوەیە چونکە کاری ئەوتۆ لە حیزب بە دوور بوو، لە سەر بڕیاری دەفتەری سیاسی حیزب، چاپی رۆژنامەی کوردستان راگیرا.

له ڕێکەوتی ١ فەورییەی ١٩٧٥ کۆنفرانسی پشتگیری لە دەوڵەتی عێراق دەستی پێکرد و پەیامی حیزبی دێموکرات بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی خوێندراوە. ئەو پەیامە تەنیا وتاریک بوو کە هیچ هێرشی بە دژی جوڵانەوەی کورد لە باشوور تێدانەبوو و ئەوەش سرنجی بەشدارانی کۆنفرانس بە تایبەتی کوردەکانی عێراقی راکێشا. لەو کۆنفرانسەدا هێندێک بە ناو ڕێکخراوی پێشکەوتووی ئێرانی، کە بۆ ئەوەی نەناسرێن سەروپۆتراکیان هەڵبەست بوو، بۆ خۆش خزمەتی بە سەدام لە هێرش بۆ سەر بزوتنەوەی کورد هیچیان نەهێشتەوە.

حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی گشت هێزەکانی دیکە کە هەریەکە بە لایەک دا کەوتبوون، لە بەیاننامەیەک دا رایگەیاند کە شەڕ و ناکۆکی بە زیانی خەڵکی کورد و عەرەب و حیزبی بەعس و شۆڕشە و داوای کرد، هێزە نیشتیمانییەکان بە تایبەتی بەعس و پارتی پێکەوە دانیشن و کێشەکە چارەسەر بکەن. لە بەشێک لە دەقی بەیاننامەکە کە لە لاپەرەی ١٧٤ ی بەرگی چوار بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی دا هاتووە نووسراوە: تاقی کردنەوەی مێژوویی لە عیراق بە تایبەتی پاش شۆڕشی ١٤ ی ژوئیەی ١٩٥٨ نیشانی داوە کە گیروگرفتی کورد لە رێگای شەڕەوە چارەسەر ناکرێ و دەبێ لە ڕێگای ئاشتی و وتوێژەوە حەل بکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٠پێخۆشبوونی خۆی بەرامبەر بە ڕێکەوتنی ١١مارس دەربڕی و لە مانگی مارسی ١٩٧٤ یش دا بە هەموو هێزیەوە لایەنگری ڕێکەوتنی حیزبی بەعسی عەرەبی سوسیالیست و پارتی دێموکراتی کوردستان بوو. ئەوەندەی لە توانای دابوو بۆ ئەو ڕێکەوتنە هەوڵی دا. سیاسەتی حیزبی ئێمە دۆستایەتی لە گەڵ هەموو هێزە نیشتیمانیەکانی عیراق بووە. ئێستاش بەو ئەسڵە هەر وەفادارە...

... حیزبی ئێمە دژی شەڕ لە کوردستانی عێراقە و زۆر نیگەرانی ئەوەیە کە دوژمنانی گەلی کورد، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی، بە تایبەتی رێژیمی دژی گەلی حەمەرەزاشا لەم وەزعە دژی ئامانجە مێژووییەکانی خەڵکی عێراق و دژی هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی ئەم ناوچەیە کەلک وەربگرن. حیزبی ئێمە لەو بڕوایە دایە کە مەسەلەی کورد لە عێراق، لە ڕێگای شەڕەوە چارەسەر ناکرێ و ڕێگای حەللی سیاسی هەیە...

... حیزبی ئێمە لەو بڕوایە دایە کە دەست پێکردنەوەی وتووێژ ڕێگەیەکە کە لە گەڵ ئامانجە نیشتیمانیەکانی خەڵکی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی باشتر ڕێک دەکەوێ و دەبێتە سەددی سەر ڕێگای نەخشەکانی دژی ئینسانی ئیمپرالیزم و کۆنەپەرەستی و بە تایبەتی رێژیمی دژی گەلی شا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا...

کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بە پێێ لاپەڕەی ١٧٥ بیرەوەرییەکانی حیسامی، لە سەر بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە کەسێک لە بنکەی سەکردایەتی پارتی دیموکرات، بە مەلاعەولای گوتبوو "بێدەنگیان باشترە و هیچ بڵاو مەکەنەوە". دوای ئەو بڵاوکردنەوە مەلا عەولا دەڵێ کە بارەگای بارزانی "بە تێکرایی پێیان باش نەبوو".

کەریمی حیسامی لە سەر گرینگی و کاریگەری ئەو بەیاننامەیە لە نامەیەک دا بۆ مەلاعەولای حەسەنزادە کە لە لاپەڕەی ١٧٦ بەرگی ٤ بیرەوەرییکانی دا تۆمار کراوە دەنووسێ: ڕاستە ئەو بەیاننامەی ئێمە هیچ لایەکی ڕازی نەکرد. بەڵام قازانجی ئەوە بوو لەو کاتە ناسکەدا کە کەس هیچ ناڵێ، ئێمە بە دووکەس‌ونیوەوە شتی زۆر گەورەمان گوتوە. هەر بۆیەش لە نێو خەڵکدا پرستیژی حیزبی ئێمە زۆر چوتە سەرێ.

لە سەر بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە و ئەو بێ هەڵوێستی و هێرش نەکردنە سەر پارتی دێموکراتی کوردستان، حیزبی بەعس لە حیزبی دێموکرات تووڕە بوو و بیانوویان بە حیزب گرت و بە هۆی ئەو ڕۆژنامە کوردییەی کە لە لوبنان دەردەچوو و سەر بە ئەوان بوو، هیچیان بە حیزب نەهێشتەوە.

ڕەحمانی کاژەیی لە لاپەڕەی ٨٩ کتێبی "کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم" دا باسی مەبەستی ئەو کۆنفڕانسە دەکا و دەنووسێ: ئامانج لە پێکهێنانی ئەو کۆنفراسە دوو شت بوو:

_ تاوانی شەڕەکە بخەنە ئەستۆی شۆڕش.

_ بەدەستهێنانی کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی دژی گەلی کورد. (لە مێژوودا ئەو هەموو گەلەکۆمەگییەی بەناهەق دژی کورد کراوە و دەکرێ، هێشتا پێیان کەمبوو!!).

حیزب پەیامێکی زۆرباش و توندی ئامادەکربوو. لەو پەیامەدا بەشێوەیەکی زۆر زانستی و سیاسییانە شەڕەکەی سەرکۆنە کردبوو و لەوەش گرینگتر تاوانی هەڵگیرسانەکەشی خستبووە ئەستۆی حکوومەتی عێراق.

دەزگای هەواڵگری عێراق زۆر هەوڵی ئەوەیاندا کۆپییەک لە پەیامەکەی حیزب بۆ کۆنفرانسەکەیان پێبدرێ پێش ئەوەی لە کۆنفرانسدا بخوێندرێتەوە، بەڵام ئەو خواستەی ئەوان قبووڵنەکرا و پێیان‌گوتن:

- پەیامی ئێمە لە کۆنفراسەکەدا دەخوێندرێتەوە.

بەشداری حیزبی دیموکرات لەو کۆنفراسەدا بۆ حکوومەتی عێراق زۆر گرینگ بوو. هۆیەکەی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕاوە کە ئەوان دەیانزانی لە ڕابردوودا هێندێ ساردی و هاڵۆزی لە نێوان حیزب و پارتی دیموکراتی کوردستاندا لەگۆڕێدا بووە. هەربۆیە دەزگای هەواڵگری عێراق لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ پەیامەکەی ئێمە بریتیبێ لە سەرکۆنەکردنی پارتی. بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕەکەدا، بەڵام پەیامەکە پێچەوانەی ویست و ئارەزوی ئەوان بوو.

دەستەی نوێنەرایەتی حیزب بریتیبوون لە: دوکتور سوڵتانی وەتەمیشی ، ئەندامی دەفتەری سیاسی، جەلال میراوەیی و ڕەحمان کاژەیی. وتارەکە بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسرابوو. کاتێک نۆرە گەیشتە ئێمە، من و جەلال بە یەکەوە چووینە پشتی میکرۆفۆن. من بە زمانی کوردی و جەلالیش بە زمانی عەربی وتارەکەمان پێشکەش بە نوێنەرانی کۆنفراس کرد. بەرنامەکە ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆ و تەلەویزیۆن بڵاودەبۆوە.

جێگای ئاماژەپێکردنە تەواوی ئەو پەیامانەی لەو کۆنفراسەدا خوێندرانەوە، بێجگە لە پەیامی حیزبی دیموکرات، ئەوانی دیکە بە شێوەیەک لە شێوەکان تاوانی هەڵگیرسانەوەی ئەو شەڕەیان خستبووە ئەستۆی سەرانی شۆڕش.

وەختێک لەگەڵ جەلال لەسەر سێنەکەڕا هاتینە خوار، سەدام حوسێن کە ئەو کات جێگری ئەحمەد حەسەن بەکری سەرکۆماری عێراق بوو، بە پیلمانەوە هات و بە گەرمی هەردووکمانی لە باوەشگرت و گوتی: "سپاستان دەکەم، لەڕاستیدا تەنیا ئێوە بوون نەزەری حیزبی خۆتان لەم کۆنفراسەدا ڕاگەیاند و ئەوانیتر بەگشتی قسەیان بۆ ئێمە کرد.

دوای ئەوەی بەشدارانی کۆنفرانس گوێیان لە پەیامی حیزب گرت کە لەڕاستیدا جیاوازییەکی زۆر بەرچاوی هەبوو بە بەراورد لەگەڵ پەیامەکانی دیکە و چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستە تووندەیان نەدەکرد، بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی بەشدار داوای چاوپێکەوتنی تایبەتیان لێکردین.

قسەیەکی شێخ سەتتارم هەر لەبیرە. وەختێک هات بۆ لامان گوتی: "سپاس بۆ حیزبی دیموکرات، بەڕاستی ئێوە شۆڕشگێڕن و سەلماندتان کە ئێمە جاشین.

لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەو کۆنفڕانسە، لە پشت پەردەی سیاسەت دا، دەنگۆ هەبوو کە دەوڵەتی ئێران و عێراق بە نەهێنی خەرێکی رێکەوتنن. بە پێی قسەکانی کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٦ بەرگی پێنجی بیرەوەرییەکانی دا، دێپلۆماتێکی سوڤییەت پێیگووتووە کە لەو هەلومەرجە حەساس دا ئێران و عێراق رێک دەکەن و مەترسی گەورە بۆ سەر ئێوە هەیە. بۆیە پێویستە کە نوێنەری بارزانی لە تاران یان بیروت یان ئوروپا، نوێنەری سوڤییەت ببێن.

کەریمی حیسامی پێشنیار دەکا کە ئەوان بە نامە پەیوەندی بە مەرحومی مەلا مستەفا بگرن. رۆژی ١٩٧٥/١/١٨ کەریمی حیسامی نامەکە لە دیپلۆماتی سوڤییەت وەردگری بە هۆی مەلا عەوڵا حەسەنزادە بە دەستی ئیدریس بارزانی دەگەیەنی و چاوەڕوانی وڵام دەمێنێتەوە. هاوکات کەریمی حیسامی، دۆکتور قاسملووش لە نامەکە ئاگادار دەکا. دوکتور قاسملوو نامە بۆ مەلا عەوڵا دەنوسی و داوا دەکا کە لە لای ئەویشەوە پێان بڵی کە بابەتەکە بە جیدی وەربگیرێ و ئامادەگی خۆشی بۆ دەسبەکار بوون رادەگەیەنێ و دەڵێ کە بۆخۆشی نامە بۆ ئیدریس بارزانی دەنووسێ.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ١٦٢ ئەزموونی خەبات دا نە تەنیا لەسەر ئەو پەیامە بەڵکوو لەسەر راسپاردەی دیکەش دەدوێ و دەڵێ: ماوەیەکی زۆریش پێش دەرچوونی بەیاننامەی ڕێککەوتنی ئەلجەزایر، دەوڵەتی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی لە ڕێگای دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە بەغداوە پەیامێکیان دا کە بدرێ بە سەرۆکایەتیی شۆڕشی کورد لە عێراق. سەفارەتی شووڕەوی دەگەڵ نوێنەرایەتیی حیزب قسەیان کردبوو. گوتبوویان ئێمە دەزانین لە بەینی عێراق و ئێران دا هەوڵ و تەقەلایەک هەیە بۆ ڕێک کەوتن. مەعلوومیشە ئەو ڕێککەوتنە لەسەر حیسابی کوردە. ئەوە مانگێک، مانگ و نیوێک پێش تەوافوقەکە بوو. بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە کارێکی وا بکەن یەکتر ببینین بۆ ئەوەی ئێمە هەوڵێک بدەین نەگاتە ئەو جێگایە. لە بەغدایەڕا پەیامەکە درا بە من بە نووسراو. پەیامەکە دەبوو بە نهێنی بێ. ئەمنیش چووم بۆ مەنتەقەی سەرکردایەتیی شۆڕش و مەسەلەکەم دەگەڵ مەرحوومی ئیدریس بارزانی مەترەح کرد. تەنیا خۆم بووم چونکە

شتەکە دەبوو زۆر نهێنی بێ. کاک ئیدریس شتەکەی وەرگرت زۆر بە وردی یادداشتی کرد و گوتی عەرزی بارزانی دەکەم و جوابەکەت دەدەمەوە. بردی بۆلای بارزانی و نازانم ڕۆژێک بوو یان دوو ڕۆژ دوایە، موهیم نیە، جوابەکەی دامەوە. جوابەکەی ڕاست ئەوە بوو کە: ئێمە پەنا بۆ ماڵی دوژمن نابەین. ئێمە دەزانین ئەو کوردستانە بە چەکی ڕووسی وێران بووە. قەت ناچینە ماڵی دوژمن. هەرچی دەبێ با ببێ، ئێمە موقاوەمەت دەکەین. با لەسەر قەبرەکانمان بنووسرێ ئەوانە هەتا ئاخرنەفەس لە پێناوی میللەتی خۆیان دا خەباتیان کرد. ئەمن جوابەکەم وەکوو هەیە ناردەوە بۆ ڕەفیقانی خۆمان و ئەوانیش دیارە بە سەفارەتی شووڕەوی یان گوتبوو کە دەواقیع دا ئەو پێشنیارە ڕەت کراوەتەوە. چونکە ئەوان داوای ئەوەیان کردبوو لە یەکێک لە سەفارەتەکان یەکتر ببینن.

دواتر یەکی دیکەش هات کە ئەوەیان کەمێک ناڕاستەوخۆ بوو. ئەوەیان بەو جۆرە بوو. دوو دەوڵەتی عەرەبی کە هەر دووکیان ئیختیلافیان دەگەڵ عێراق هەبوو. ئەمن ڕاستەوخۆ وەرم نەگرت، بەڵام ناڕاستەوخۆ وەرم گرت و گەیاندیشم. دوو دەوڵەتی لیبی و سووریە بوون. ئەوانە ڕاسپاردەیەکی ئاوایان هەبوو کە ئەگەر موقاوەمەتەکە درێژە پێ بدەن، هەرچی لە ڕێگای ئێرانەوە بە بزووتنەوەی کورد گەیشتوە، ئێمە پێیان دەگەیەنین. بەڵام با موقاوەمەتەکە درێژە بدەن.

## ڕێکەوتنی ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٧٥

ئەگەرچی لە بەهاری ١٩٧٥ دا شەڕی کورد و ڕێژیمی عێراق بە توندی بەردەوام بوو و ئێران و عێراق بە دژی یەکتر بە چڕی تەبلیغاتیان دەکرد، بەڵام بە نەهێنی و لەبنەوە خەرێکی وتووێژ و سازان بوون.



سەدام - بۆمەدین - محەمەدڕەزا شا

زۆر دەستی دژی کورد، بە نەهێنی هەوڵیان دا، تا لەسەر حیسابی کورد ئاشتی لە نیوان دەوڵەتی عیراق و ئیران دا پێک بێنن، تا لە ٦ مانگی مارسی ١٩٧٥ شا و سەدام حوسێن، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئۆپێک لە ئەلجەزیرە پێتەختی وڵاتی ئەلجەزایردا، بە نێوبژی هەواری بوومیدیەن، چاویان پێک کەوت و لە سەر هێندێک کێشەی ئاوی شەتولعەرەب و بە تایبەتی جوڵانەوەی کورد ڕێکەوتن. شا پشتی دە جوڵانەوەی کورد کرد و تەنانەت بە پێی ئەو ریکەوتنە وا ساغ بوونەوە کە ئەگەر پێویست بێ، هەر دوو لا هێرش بۆ سەر کورد بەرن.

دوای ئەو ڕێکەوتنە مەکتەبی سیاسی پارتی لە ڕێگای سپاوە، تێلگرافێکی ئاشتیخوازانە بۆ کاربەدستانی عێراق نارد، بەڵام دەولەتی عێراق وڵامی نەداوە و بەمجۆرە تا نیوەراستی مانگی مارس، بەربەرەکانی نەما. هێزەکانی کورد، یان تەسلیم بە عێراق بوون یان چوونە ناو خاکی ئێران. دەوڵەتی عێراق بڕیاری دا کە لە مانگی ئاوریل دا سپا بچتە کوردستان و هەرکەس چەکی تەسلیم نەکرد بێ سەزای بدا.

بەمشێوەیە شەڕی کورد و ڕێژیمی عێراق کە ١١ مانگی خایاند، بە دەستێوەردانی وڵاتانی دوژمن بۆ ماوەیەک کۆتایی هات. بە پێی لاپەڕەی٣٤٧ کتێبی "بارزانی" نووسینی مەسعوود بارزانی، مەلامستەفا دوای ڕێکەوتنی شا و سەدام، چەند نامە و برووسکە بۆ کیسنجەر و نامەیەکیش بۆ حەسەنولبەکر سەرۆک کۆماری عیراق نارد بەڵام وڵامیان نەداوە.

دوای ئەو ڕێکەوتنە، شا داوای کرد تا لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/١١ چاوی بە مەرحومی مەلامستەفا بکەوێ. ئەو ڕێکەوتە بە عەمد و بە تێبینی هەڵبژێردرا بوو. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی ٤٨ ی بەرگی یەکەمی کتێبی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا" لە زبانی ئەسەدولای عەلەم دەنووسێ: ئەو چاوێکەوتنە لەو ڕۆژەدا دیاریکرا کە شا تۆڵەی خۆی بەرامبەر بە ریکەوتنی ١٩٧٠/٣/١١ی نیوان بارزانی و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، سەرۆک کۆماری عێراق بکاتەوە. تەنانەت بۆ دابەزاندنی ورەی خەڵک لە تاران ئەو دەنگۆیە بڵابووە کە مەلا مستەفا گیراوە و بێ سەروشوێن کراوە.

دوای ئەو چاوپیکەوتنە مەلا مستەفا گەڕاوە بۆ کوردستان و لە کۆبوونەوەیەک دا بە روحییەکی بەرز، داوای کرد کە خەبات بەردەوام بێ، نابێ کەس بێهیوا بێ و وەبیری هێنانەوە کە شۆڕش بە ٧ کەس دەستی پێکراوە. سەرەڕای ئەوانە، مەلامستەفا دواتر بە سەرکردایەتی پارتی رادەگەیەنێ: بەردەوامی شەڕ لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە، ئەگەر بۆ ماوەیەک چالاکییەکامنان رابگرین، هەلێکیتر بۆ گەلی کورد لە خەبات دا دەڕەخسێت، هەر کەسێک ئامادە بێت سەرکردایەتی شەڕی پارتیزانی بکات، من ئامادەم هەموو یارمەتییەکی بدەم.

دەبێ پیری و نەخۆشی شیرپەنجە و بێدەرەتانی، مەلا مستەفای بە قەناعەتە گەیاند بێ کە بڕیارێکی ئەوتۆ بدا. ئەو لە تەمەنی ٧٢ ساڵی دابوو. هێزەکانی ماندو شەکەت بوون. خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەر و لە هەمووی گرینگتر دوژمن دەستی خستبووە ناو هێزی پێشمەرگە و تا رادەیەکی زۆر بە خۆی بەستبۆوە و گەندەڵی کردبوو.

لە ساڵی ١٩٧٥ کەس نەیدەزانی کە مەلا مستەفا نەخۆشە و سەرەتانی هەیە و تەنیا بۆخۆی دەیزانی و دەبێ ئەو نەخۆشییە شوێنی لە سەر هەڵوێستەکانی دانابێ. مەلا مستەفا باوەڕی بەوە نەبوو کە لەو هەلومەرجەدا کەس بتوانێ کارێک بکا و گوتویە: خودێ مرۆ دکوردا دانییە.

بە دوای هەرەس هینانی شۆڕشی کورد، هیزێ پێشمەرگە یان دەبوایە بە چەکەوە تەسلیمی دەوڵەتی عێراق، یان ئێران، یان لە سنوورەکانی نێوان عێراق و تورکیە و ئێران درێژەیان بە خەبات دابا.

مەلا عەزیزی ئەحمەدی لە دەستنووسێک دا گۆشەهایەک لەو نەهامەتییە نیشان دەدا و دەنووسێ: بە کۆمەڵ پێشمەرگە دەهاتن و دەڕۆیشتن بۆ سەردەشت و بێ بەرنامە و کەس ئاگای

لەکەس نەبوو و کێبەرکێ بوو بۆ ئەوەی کێ زووتر وڵات بەجێبێڵی و خۆی ڕادەستی ڕێژیمی ئێران بکا. ئەو ڕووداوە جەرگ بڕە ئەوەندە چاوەڕوان نەکراو بوو، خەڵك هەمووی تاسابوون. تاریکاییەکی گەورە باڵی بەسەر وڵات داکشابوو. لە هەموو لایەك گریان و ڕۆڕۆ و تەواوی خەڵك تازیەبار و جەرگ بڕا و بوون. دەمان بیست کە چەند کەس خۆیان کوشتووە و بە دەیان پێشمەرگە تفەنگەکانیان لەبەرد داوەو شکاندویانە. ئەو کارەساتە بۆ کورد دنیا خەرا بوون بوو. خەڵك سەر لێشێوا و ماڵ وێران بەرەو چارەنوسی نادیار دەڕۆیشتن. لە دەستی داگیرکەرێك هەڵ دەهاتن خۆیان ڕادەستی داگیر کەرێکی خەتەرناکتر دەکرد.

کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان و هێزێ پێشمەرگە کە پەنایان بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات برد، خەڵک باوشی بۆ گرتنەوە و بەوپەڕێ تواناوە ڕێزیان لێگرتن و لە یارمەتی دانیان لە هێچ شتێک دریغیان نەکرد.

ڕێژیمی عێراق ڕێکەوتی نێوان ٦ تا٣١ "ئازار"ی بۆ گەڕان و پشکنین و چێوماڵ کردنی گشتی کوردستان باشوور دیار کرد. خەڵک نیگەران بوون کە بگیرێن و بێ سەروشوێن بکرێن. ئەفسەر و سەربازانی ئەلجەزایر لە گەڵ ئەرتەشی ئێران و عێراق چاوەدێری سنوورەکانی کوردستانیان دەست پێکرد. بە دوای ئەوانەدا، خەڵک لە هێندێک شاران دروشمی دزێویان بە دژی ڕێبەرایەتی شۆڕش دا و لە سەر دیوار کۆڵان و شەقامان جنێویان نووسی.

لە وەزعییەتی ئەوتۆی کوردستانی باشوور دا، حیزبی توده لە بڵاوکراوەیەکی دوور و درێژ لە سەر تێکشکانی جوڵانەوەی کورد لە عێراق، حیزبی دێموکرات بە بەشیک لە کێشەکە و ڕێبەرایەتی حیزب، واتا دەستی ڕاستی حیزبی دێموکرات کوردستانی (ئێران)ی بە شەریک و بەرپرسی ئەو شکانە و گشت ئەو بەڵایانە دانا کە بە سەر بزوتنەوەی کورد و بزوتنەوەی سەرانسەری ئیران دا هاتبوو. حیزبی توده لە کۆتایی پەیامەکە دا کە لە ژمارەی ٢٦ ڕۆژنامەی "مردم" چاپ و چەند جار لە رادیو پەیکی ئێران خوێندراوە، داوا لە تێکۆشەرانی کورد دەکا کە ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات زیندوو بکەنەوە و پەیوەندی بە حیزبی توده، حیزبی دایک بگرن و یەکێتی تەشکیلاتی نێوانیان زیندوو بکەنەوە.

وڵامی ئەو پەیامە کە پڕ لە درۆ و بوختان و نیشانەی دەستەوەستانی و سەرلێوەشاوەیی و ناخۆشەویستی حیزبی توده لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا بوو، بە هۆی کەریمی حیسامی و عەبدوڵای حەسەنزادە ئامادە کرا. بەڵام کاتێک لە بێرلین لە گەل دوکتور قاسملوو کۆ بوونەوە، دوکتور قاسملوو هەردوو وڵامەکەی پێ تووند بوو و دوای کۆبوونەوە وڵامی دیکە ئامادە کرا تا لە ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاوبکرێتەوە.

## بەشی ۱۰۷

## وەزعی گشتی حیزبی دێموکرات بە دوای نسکۆی ساڵی ۱۹۷۵

بە دوای تێکشکانی جوڵانەوەی کورد لە ساڵی ۱۹۷۵ لە باشووری کوردستان، حیزبی دێموکرات تووشی مەترسی زۆر گەورە بوو و دوو ڕۆژ پاش ڕێکەوتنی ئێران و عێراق لە ۱۹۷۵/۳/۸ حکومەتی عێراق بە حەمەدەمینی سراجی نوێنەری حیزب لە بەغدایە رایگەیاند کە دەبێ حیزب گشت چاپەمەنییەکانی دابخا و ئەندامانی حیزب حەقیان نییە بە بێ ئیزنی حکومەت هاتووچوێ ئێران و بەشی کوردستانی باشوور بکەن.

بۆیە بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی حیزب، لە ڕێکەوتی ۱۹۷۵/۳/۱۵ لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە و گشت بابەتەکانی جولانەوە، وەک چۆنییەتی پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و بێلایەنی لە دەست پێکردنەوەی شەڕیان تاوتوێ کرد. ئەوان هەستیارانە و بە دوور لە واقعی سیاسی لە حاڵێک دا هیچ توانایەکیان نەبوو بڕیاریان دا کە کورتە نامەیەک لەمەر بەربەرەکانی و درێژەدان بە شەڕ بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دێمۆکڕات بنووسن. کەریمی حیسامی گۆشەیەک لەو نامەیەی لە لاپەڕەی ۱۵ بەرگی پێنجی بیرەوەرییەکانی دا ئاوا هێنناوە: ئێستا کە شای ئێران خەیانەتی لە گەڵ شۆڕشی کورد کرد و لە پشتەوەڕا خەنجەری لیدا، کومیتەی ناوەندی ح.د.ک.ا پێشنیار دەکا: شەڕ بخەنە ئێران و با شۆڕشی کورد درێژەی هەبێ و بتەنێتەوە. ح.د.ک.ا شانبەشانی خەڵکی کوردستان وەک پێشمەرگەیەک لە ژێر ڕێبەرایەتی پارتی دا بە هەموو تواناوە بەشداری دەکا، تکاتان لێدەکەین چەک دامەنێن، بڵاوە بە شۆڕش مەکەن، با خوێنی هەزاران لاوی کورد بە فێڕۆ نەڕوات.

مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە دەبوو ئەو نامەیە بگەیەنێ. لە ڕێگا بەر دەبێتەوە و دەستی دەشکی. تا دەستی هەڵدەبەستنەوە و دەگاتە حاجی ئۆمەران، ناوچەکە چۆل دەکرێ و مەقەڕاتی پاڕتی ئاودیوی ئێران دەبن. لە ڕێکەوتی ۱۹۷۵/۳/۲۲ هەواڵدەرییەکان تێکشکانی شۆڕشی کوردستانیان لە زبانی مەلامستەفا کە گوتبووی "کورد بێ پشتیوان مایەوە. شەڕ تەواو بووە و شۆڕش کۆتایی پێهات" بڵاو کردەوە.

مەلا عەزیزی ئەحمەدی لە دەستنووسێک دا دەڵێ کە دەبوو هەوڵ بدرێ  پێشمەرگەی حیزب لە ئاوایی "ئاشقوڵکە"ی شارووشیان و سونی و "ڕەزگە" و "مارەدوێ" لە مەترسی رزگار بکرێن و دەنووسێ: دەستەیەکی ۱۱ کەسی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە بەرپرسایەتی عەبدولا حەسەنزادە کە لە ناو شۆڕش دابوون، تفەنگەکانیان شاردەوە. ئەو بە نامە ڕێبەری حیزبی لە بەغدا، لە مەترسی وەزعەکە ئاگادار کرد و پێشنیاری کرد کە بۆ ئەوەی نەگیرین و تەحویل بە ئێران نەدرێنەوە، داوای تابعییەتی عێراقیان بۆ بکرێ و ببنە عێراقی.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لە درێژەدا دەنووسێ: دواتر مامۆستا حەسەن زادە لە لای سلێمانی را هاتە لای ئێمە. دوای نیوەڕۆ دیتمان جەماعەتێك پێشمەرگە لە لای سەرخان ڕا بەرەو لای سەردەشت دەڕۆن. مامۆستا فەرمووی ئەوە حەسۆ میرخانە با بچینەسەر ڕێگای و خوداحافیزی لێبکەین. کۆمەلێك لە برادەران دەگەڵ مامۆستا دا چووین و خواحافیزیمان لە کاك حەسۆ. گوایا کاك حەسۆ

داوای لێبوردن کرد بوو کە خزمەتی ئێمەیان نەکرد و قەدری ئێمەیان نەزانی بوو. حەسۆ گوتبووی، ئەگەر کەسێك دەیەوێ دەگەڵ من بێتەوە بۆ ئێران، زەمانەتی دەکەم کە چی پێنەڵێن. دیارە کەس ئامادە نەبوو دەگەڵی بڕوا.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لەسەر هەڵسوکەوتی حکومەت لەگەڵ خەڵک دەنووسێ: حکوومەتی عێراق داوای لە خەڵك دەکرد خۆیان تەسلیم کەن. ئەوانەی خۆیان تەسلیم دەکردەوە، بە ناوی عایدون گەڕانەوە بۆ ڕیزی نیشتیمانی و وەرەقەیان دەدانێ. بۆیە گەرانەوەی خەڵک لە هەموو کوردستان بە کۆمەڵ و بە تاك دەستی پێکرد. ئەوجار نۆرەی ئێمە هات کە تا ئەوکاتی بە هۆی خەمی لە دەست دانی شۆڕش ئاگاداری وەزعی خۆمان نەبووین. کە بە خۆدا هاتینەوە زۆر نیگەران بووین کە چارەنووسمان بەکوێ دەگا. لەوە دەترساین تەسلیمی ئێران بکرینەوە. ئەندامانی حیزب لە بەغدا و سلێمانی و کۆیە و کۆمەڵێکیش لە گووندەکانی سوونە و بەستە و مارەدۆ بوون. ئێران و عێراق پێك هاتبوون ترسی تەحویل دانەوە هەبوو، بەتایبەتی ئەو برادەرانەی لە بەغدا دەژیان مەترسی گەورەیان لەسەر بوو و دووژمن هەموو چاوەڕوانیەکی خراپی لێدەکرا.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لە درێژەدا دەنووسێ: لەوکاتانە دا بنکەکانی پێشمەرگەی حیزب لە شارۆشیان لە سورەدێ و لە لای قرناقە و پشت ئاشان بوو و کاك مەلا ڕەسوول بەرپرسییان بوو. ئێمە لە لای سوونە و بەستە بووین نیگەرانی دەستوەشاندنی رێژیمی ئێران بووین و هاتینە سەر ئەو باوەڕە خۆمان بپارێزین. ڕۆژانە کاك حەسەنی رەستگار و چەند کەسێك لە برادەرانی دەوروبەری خۆی وەکوو مەلا محەممەدی عەباسی، و مەلا عەولای عەباسی، قادرلاجانی دەگەڵ خۆی دەهێنان و لە لای سونێش را مەلاخدری دۆڵەگەرمی، مەلا محەمەدی شەل، خاڵە حەمە و فەقێ عەولاّی مەزرایە و من و چەند کەسێتر کۆ دەبووینەوە و لە بەیانی تا ئێوارەی درەنگ دەچوینە شاخی عەزیایان لە نیزیك گووندی قەدیمی سوێسنێ کە شوێنێکی زۆر حاسێ و قایم بوو. دوای چەند ڕۆژان دیتمان هیچ خەبەر نیە، وازمان لە چوون بۆ شاخی هێنا.

ڕۆژێک نەچووبووینە شاخی و لەمەنزڵەکەی خۆمان لە پردە بەردین دانیشتبویون. شێخەی سمایلەکەندەی گردێنەی وەژوور کەوت و سڵاوی کرد. دانەنیشت گووتی حەرەس حدود هاتوون لە سوونێ داوای ئێوە دەکەن. هەرچەند بەراستی نیگەران بووین بەڵام چار نەبوو، من و کاك مەلاخدر هەستاین دەگەڵ شێخە ڕۆیشتین. کە گەیشتینە سونێ، لە خوارێ ژن و منداڵی ماڵی حاجی پیرۆتی هاتنە سەر ڕێگامان و گووتیان نابێ بچن هەموو خەڵك دەخەمی ئێوە دایە. زۆریان هەوڵدا بە قسەمان نەکردن. زۆریش دەترساین. پرسیارمان کرد لە کووێن؟ گووتیان لە ماڵی حاجی عەلین. وەژوور دیوەخانی ماڵی حاجی عەلی کەوتین، دیتمان ژوورەکە پڕە لە چەکدار. سلاومان کرد. هەستان گووتیان برادەران ئەوە بۆ دیارنین و بە پەلە گووتیان ئێمە پێشمەرگەی حیزبی شیوعین. هەناسەیەکمان هاتەوە بەر و شادە و ئیمانێکی بە هەقمان هینا. ئەوجار گووتیان ئێمە هاتوین بە دزی بە خەلك ڕابگەیەنین کە ئەو چەکەی هەیانە بیشارنەوە و تەحویلی دەوڵەتی

نەدەن. هێندیك كەس لەخۆڕا كۆمەڵێك چەك و خەنجەریان هێناوە و لەسەر یەكیان داناون ئێمە دەستمان لێ نەداون. داواتان لێدەكەین ئێوە ببنە تكاكار با چەكەكانیان بدەینەوە.

جێی ئاماژەیە کە هەر لە ساڵی ١٩٧٣ بەرەی هاوپەیمانی حیزبی شیوعی و حیزبی بەعس بە ویستی سۆڤییەت پێکهات و دوای ڕۆخانی شۆڕشی کوردستان حیزبی شیوعی لەو هاوپەیمانییەدا مابووە و هاوکاری ڕێژیمی بەعسی دەکرد کە زۆربەی ئەندامانی حیزبی شیوعی بەوە توڕە بوون.

ڕێژیمی عێراق  هەر بە مەبەستی چەک داماڵین بڕیاری دا، کە بە پارە چەک لە خەڵک بکڕێتەوە. مەلا عەزیز ئەحمەدی لە دەنووسێ: حکوومەتی بەعس بۆ داماڵینی چەك لە خەڵکی کوردستان بەرنامەیەکی داڕشت و بڕیاری دا هەرکەس تفەنگێك تەحویل بدا ١٠٠ دینار وەردەگرێ. بۆ ئەو وەختی سەد دینار زۆر بوو. دەست کرا بە تەحویل دانی چەك. تفەنگی کۆنی زەمانی مەلیکی لە دێهاتی مابوون لە کار کەوت بوون بەڵام حکومەت وەریدەگرتن. تەنانەت خەلک تفەنگی ڕزیویان بە دە دیناری دەکڕی و بە١٠٠ دینار دەدران بە حکومەت. لەو معامەلەیەدا دەوڵەت لە ناو و نیشانی کەسی نەدەپرسی و بۆی گرینگ نەبوو ئەوچەکە ئی کێیە. زۆر کەس کاریان ئەوە بوو و پێ دەوڵەمەند بوون.

لە سالی ١٩٧٦ سەدام حوسین بڕیاری دا کە بە مەودای چەند کیلۆمیتر سەراسەری سنووری کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات چۆل بکرێ و کەس حەقی نەبوو ئەو خەتە ببەزێنێ. لە پشتی قەڵادزێ  ١٣ مێرمنداڵ چوو بوون گیایان بۆ ماڵاتی هێنا بوو هەموویان تیرەباران کران.

ساڵی دواتر گواستنەوەی شار و دێهاتی سەر سنوور دەستی پێکرد و لە بری پارەیەک کە بە تەعویز بە ناوبانگ بوو، دەبوو خەڵک شوێنی ژیایان بۆ جێگای دیاری کراوی ڕێژیم چۆل بکەن.

بە گشتی لە ساڵی ١٩٦١ تا ساڵی ١٩٧٥ کە بە شۆڕشی ئەیلول بە ناوبانگە، چوارجار ئاگربەس کرا. جاری وابوو دوو ساڵی کێشا و هەر گفتگۆ دەکرا. بە دوای ریکەوتنی ئەلجەزایر، وەزعی حیزبی دێموکرات لە رادەبەر خراپ بوو. ئەندامانی حیزب هەرئان لە مەترسی گیران و نەمان دابوون، تا لە رۆژی٣١ مارس ١٩٧٥ نوێنەری دەوڵەتی عێراق چاوی بە نوێنەرانی حیزب، حیسامی و سیراجی کەوت و پێی راگەیاندن کە ئەوان سیاسەتی حیزب و دەوڵەتیان بە چەشنی وڵاتانی سوسیالیستی جیاوازە و پەیوەندیان لە گەل ح. د. ک. ا وەک جاران دۆستانە دەبێ.

لەو کۆبوونەوە دا، ئەوان داوای لیستەی ئەندامانی حیزبیان کرد بۆ ئەوەی ئەگەر بەرگەیان بۆ هاتووچۆ پێویست بێ یان ئەگەر کێشەکیان بۆ پێش هات، بتووانن رزگاریان بکەن. نوێنەرانی حیزب لەو کۆبوونەوە دا داوای بەرگەیان کرد بەڵام بەڵێنێکەیان هەر قسە بوو و جوابیان نەداوە.

رۆژی١٩٧٥/٥/٣ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و هێندێک لە کادرەکان حیزب لە بەغدا بۆ باس و لێکۆڵینەوە لە سەر وەزعی خۆیان و شۆڕش کۆبوونەوە و بڕیاریان تا ئەو جێگایەی کە بکری، پەیوەندی خۆیان لە گەڵ حیزبی بەعس بپارێزن. لیستەی چەک و چۆڵی حیزب کە نەدراوبووە بە شۆڕش، ئەگەر دەوڵەتی عێراق داوای کرد بیدرێتەوە. هەروەها ئەگەر رێگا درا، مەلا عەوڵا حەسەنزادە و کەریمی حیسامی بۆ سەردانی دوکتور قاسملوو بچنە دەرەوەی وڵات.

دیاره کردەوە و هەڵسوکەوتی دوکتور قاسملوو لە دەرەوەی وڵات بوو کە ریژیمی عێراقی تورە کرد بوو. بە پێی لاپەڕەی ۱۷۳ بەرگی چواری بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، دوکتور قاسملوو لە وتوویژ لە گەڵ رۆژنامەی "ئەفتون بلادیت" لە وڵاتی سوئێد" نەک هەر دیفاعی لە سیاسەتی پارتی کردبوو، بەڵکوو تا رادەیەک سیاسەتی حکومەتی ئیرانیشی لەمەر یارمەتی بە شۆڕشی کوردستانی عێراق بە پەسەند دانابوو.

هەر لەوبارەوە مەلارەسوڵ پێشنماز لە سەر هەڵوێستی دوکتور قاسملوو بە نیسبەتی ئەو شکستە لە لاپەڕەی۳۹۸ کتێبی سەربردەی ژیانم دا ئاوا دەڵێ کە ئەو پێیوابوو کە ئەوە کیشەی گەلێکە کە لەو ریگایە دا چەندین قارەمانی وەک سەید رەزا، شێخ مەحمود، سمکۆ و قازی محەممەد و ... شەهید بوون و گیانیان لە دەست داوە. ئێستاش ئەو شۆڕشە گەورەیە بە سات و سەودا و پیلانەکانی دوژمنانی کورد تێک شکاوە. بۆ پێمان وانەبێ کە زۆری پێناچی هەر ئەو بنەماڵەیە کە ساڵانێکە قوربانی ئەدەن و گیان بازی ئەکەن، مەیدان ناگرنەوە دەست و لە جاران زۆرتر دەستەلات وەدەست ناهێننەوە.

لەو کاتانەدا دوکتور قاسملوو لە دەروەی وڵات پەیوەندی پتەوی لە گەڵ خوێندکارانی کۆردی لایەنگری پارتی دێموکرات لە پڕاگ هەبوو و بە پێی لاپەڕەی۳۳ بەرگی پێنجی بیرەوەرییەکانی حیسامی، دوکتور ئەوانی هان دابوو تا لە بەر دەرکی سفارەتی سوئێد مان بگرن. کومیتەی ناوەندی بە دژی ئەو کارە بە نامە دوکتور قاسملووی ئاگادار کرد کە سەڵاح نییە، وەک سکرتێری حیزب ئەوکارە بکا.

جیا لەوەش لە دەرەوەی وڵات حیزب یارمەتیدەر بوو بۆ رێکخراوی بزوتنەوەی سوسیالیستی کوردستان بە رێبەریەتی رەسووڵ مامەند و دوکتور خالید و بە پێی توانای خۆی هاوکاری کردن و یەکەم بەیاننامەی بزوتنەوەی سوسیالیت لە برلین بە هۆی حیزب چاپ و بڵاوبۆوە. ئەوجار لە بیروت مۆری رێکخراویان بۆ ساز کردن.

ئەوانە بووبە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی عێراق بکەوێتە بیانوگرتن و پێکهێنانی گیروگرفت بۆ حیزبی دێموکرات. پسولە واتە جەوازی هاتوچۆ بۆ کوردستان قەتع کرا و رۆژنامەی کوردستان و کتێب کە بۆ حیزبیان چاپ دەکرد، بڕدرا. هەروەها لە یەکەم هەلویستیان لە شاری کۆیە ٥ کەس لە ئەندامانی حیزبیان گرت و بۆ ماوەی ٥ مانگ بێسەروشوێنیان کردن. هەرچەند حیزب دەیزانی کە ئەوان لە زیندانی کەرکوک دان، بەڵام دەوڵەت حاشای دەکرد.

دژکردەوەی دەوڵەتی عیراق، ئەندامانی حیزب کە نیزیک بە ۲۸۰ کەس بە ماڵ و منداڵەوە دەبوون، زۆر نیگەران کرد و هێندێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هاتبوونە سەر ئەو باوەڕە کە بڕۆن بۆ دەرەوە و بەغدا بەجێبێڵن.

کەریمی حیسامی لە بەغدا را بە نامە پەیوەندی بە دوکتور قاسملوو لە ئوروپایە گرت و بە پێی لاپەڕەی ۱۷۸ بەرگی چوار کتێبی بیرەوەرییەکانی، دوکتور لە وڵامی ئەو دا لە رێکەوتی ٤ نوامبری ۱۹۷٤ دا نووسێ: ... برادەرانی کومیتەی ناوەندی لە دەرەوە لەو بڕوایەدان کە ئێوە لە بەغدا

نەمێنن. من لە گەڵ ئەو نەزەرە نیم. پێموایە هەتا بتوانن و ئیمکانی هەبێ بەو شەرتەی لە بێ لایەنی دەرنەچن هەر لەوێ بن. بەڵام دەبێ فکر لەوە بکەنەوە ئەگەر وەزع لەوێ باش نەبوو، یەک دوو برادەر بتوانن بچنە بیروت. گرتنی لەتیف و برادەران خۆی هوشدارێکە. تەنانەت ئەگەر بشلێن هەڵەیە، کافی نییە. بە راستی دەبێ زۆر ئیحتیات بکەن. تەنیا ئەو کەسانە لە بەغدا و لە ناوچەی حکومەت بمێنن کە پێویستن و کەسی تر لەم ناوچەیە نەمینێ...

رۆژی ۱۹۷۵/۵/۲۲ رێبەری حیزب لەوپەڕی نیگەرانی دا، بانگ کرانە موخابرات و سەعدون شاکر لە گەڵیان کۆبووە. لە سەرەتا دا رایگەیاند کە حیزب لە گەڵ ئەوان راست نییە و دوایە بڕیار درا کە نوێنەرێکی دەوڵەتی عێراق لە گەڵ بەرپرسێکی حیزبی بچنە کوردستان و لیستی تەنفەگەکان بگرن و بدرێنەوە بە دەوڵەتی عێراق. دیارە بڕیاری دانەوە چەک بە دەوڵەت هەم بە بڕوای حەمەدەمین سیراجی و هەم دوکتور قاسملوو کە بە نامە ئاگادار کرابوو، بە باش نەزانرا.

لە رێکەوتی ۱۹۷۵/۱۱/۷ رێبەری حیزب لە سەر هەڵسەنگاندنی وەزعی عێراق و خۆیان لە بەغدا کۆ بوونەوە چەند بڕیاریان دا. یەکەم شت ئەوە بوو کە نامەیەک بۆ حیزبی بەعس بنووسن بە راشکاوی لە هەڵس و کەوتی ئەوان و ئەو سارد و سڕێ بدوێن و هەوڵ بدەن پەیوەندی حیزبی دێموکرات و حیزبی شوعی بەهێزتر بکەن. هەروەها هیچ پەیوەندییەکی فەرمی لەگەڵ حیزبی کارتوونی دێموکرات نەگیرێ و تەنیا جارجار چاویان بە عەزیز ئەقراوی بکەوێ.

دیارە ماوەیەک پێشتر لەسەر داوای عەزیز ئەقراوی سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کارتوونی سەر بە رێژیمی عێراق، کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی وەک نوێنەرانی حیزب چاویان پێیکەوت و لە سەر ئەو دیدارە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٦٧ بەرگی ٥ ی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: لە قسەکانی خاڵ عەزیز و ئاخافتنمان بۆمان دەرکەوت کە خاڵ هیچ بڕوای بە حیزبی بەعس و حکومەتی عیراق نییە و دەزگاکەی خۆی بە شتێکی کارتۆنی دەزانی و لای وابوو لە نێو هێندێ کەس خۆفرۆش دا گەمارۆ دراوە...

هەر لەو کۆبوونەوە بڕیار درا ئەگەر حیزبی تودە لە هەڵوێستی خۆی پەشیمان بێتەوە، حیزب حازرە بیانبینێ و بڕیار درا هەوڵی نیزیک بوونەوە لە گەڵ چریک و موجاهیدین خەڵک بدرێ. حیزب بڕیاری دا تەنیا پەیوەندی لە گەڵ ئەو بەشە لە کۆنفدراسیونی خویندکارانی ئێران بگرێ کە دژی ئیمپریالیستن و هەوڵ بدا لە گەڵ وڵاتانی سوسیالیستی پەیوەندی بگیرێ. هەروەها بڕیار درا بۆ چاپی رۆژنامە، حەمەدەمین سیراجی بچتە لوبنان و پێشنیار کرا کە ئەگەر عێراق رێگا بدا ٥٠ کەس لە ئەندامانی حیزب بۆ پشتیوانی لە بەرەی رەزگاریخوازی زەفار بچنە ئەوێ.

دوکتور قاسملوو بە نامە ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەیە کرا و ئەو پێشنیاری کرد کە دەفتەری سیاسی حیزب لە ئۆروپا پێکەوە کۆببنەوە و دەستووری کاری کۆبوونەوەی دیاری کرد. دوکتور بۆ شوێنی کۆبوونەوە سۆفیا، پێتەختی بولگاریای پێشنیار کرد و هوشداری دا کە بۆ ئەوەی کێشەیان بۆ ساز نەبی، دەبێ نەهێڵن حیزبی تودە پێ‌بزانێ. دوکتور قاسملوو هەمووکات پێی لە سەر ئەوە

دادەگرت کە نابێ نێوان حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی عێراق تێک بچی دەنا ئەوکات ئەندامانی حیزب لە عێراق لە مەترسی تەواو دەکەون.

دەبێ ئەوەش بگوترێ پەیوەندی حیزبی شیوعی بەتایبەتی کەریم ئەحمەد و عەزیز مەحەمەد لە گەڵ حیزب، لە عێراق باش بوو و حیزبی دێموکرات لە قوناغە دا بۆ زۆر مەبەست پرس و رای بەوان دەکرد.

بە گشتی ئەو سەردەمە بۆ حیزبی دێموکرات پڕ مەترسی و رێبەرانی حیزب بێ ئیمکان و دەرەتان بوون، بەڵام لە لای خەڵکی نیشتیمانپەروەر و کورد خۆشەویست بوون. رێزیان لێدەگیرا و پرس و رای سیاسیان پێدەکرا.

سەرەرای هەمووی ئەوانە، ئەگەر ئەندامانی حیزب بە هۆی سەربەخۆیی سیاسی لە کوردستان و لە عێراق بە شێوەیەهایەک زەختیان لە سەر بوو، هەر بە هۆی ئەو پرنسیپە، لە وڵاتانی سوسیالیستیش بە هۆی حیزبی تودە کە حیزبی برای حیزبەکانی وڵاتانی سوسیالیستی بوو، ترۆ دەکرا و گرفتیان بۆ پێک دێنا.

کێشەی حیزبی دێموکرات بە تایبەت دوکتور قاسملوو و حیزبی تودە نەبڕاوە بوو و کۆتایی نەدەهات. نوێنەری حیزبی تودە لە لای کاربەدەستانی چەکوسلۆاکی بە خراپ باسی دوکتور قاسملوویان کرد بوو. دوکتور قاسملوو بە رێکەوتی ١٩٧٥/١٠/١٤ لە نامەیەک دا بۆ کەریمی لە سەر وەزعی خۆی ئاوا دەنووسێ: وەزعم لێرە بەو جۆرەیە کە مانگ بە مانگ وەرەقەمان بۆ تەمدید دەکەن. دەفتەرچەی ئقامەمان نادەنێ. ئەورۆ دیسان هەتا ١٥ ی مانگی ١١ تەمدیدیان کردەوە. من بەرە بەرە هاتوومە سەر ئەوە کە ئێرە بەجێبێڵم... چونکە پاسپۆرتی من تا ئاخری مانگی ١٢ تەواو دەبێ، دەبێ هەتا ئەو وەختە فیکرێک بۆ خۆم بکەم...

دوکتور کارێکی لە پاریس دیبووە بەڵام دواتر ئەویشی لەدەست دا و کێشەی ئەو لە چەکوسلۆاکی لە ساڵی ١٩٧٦ بەردەوام بوو و لە نامەیەک دا کە لە لاپەڕەی ٧٦ بەرگی پێنجەمی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی دا هاتووە لە سەر وەزعی خۆی بە رێکەوتی ١٩٧٦/١/٣ دەنووسی: بە کورتی لە گەڵ ماڵی "کوبا" بەوجۆرە رێک کەوتووم کە بە موافقەتی ئەوان ئێرە بەجێبێڵم. وەعدەکە تا ئاخری مانگی فەورییەیە. دیارە بۆ مانەوە مومکینە زۆر کۆسپ نەیەتە پێش، بەڵام بۆ تێکۆشان و هاتووچۆ رێگام نادەنێ. دەچمە فەڕانسە لە هەموو بارێکەوە بۆ من باشترە. بۆ تێکۆشانیش باشترین جێگایە...

لە وەزعییەتێکی ئەوتۆ دا پەیوەندی ساردی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ حیزب، کە جارجار بیانوویان دەگرت کە دوکتور قاسملوو لە دەرەوە بە دژی حیزبی بەعس دەجوڵێتەوە، تا رادەیەک بوو بە هۆی ئەوە کە هێندێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، لە دوکتور قاسملوو نارەحەت بن. بۆیە لە کۆبوونەوەی ١٩٧٦/٢/١٢ لە شاری کۆیە، پیشنیاری چوونەدەر رەد کراوە و بڕیار درا کە نامە بۆ دوکتور بنووسرێ و کەریمی حیسامی سەفەر بکا و بچی لە نیزیکەوە قسەی لە گەل بکا. لەو

کۆبوونەوە دا مەلا عەوڵا حەسەنزادە داوای یارمەتی۸۰ دینار مانگانەی کرد، بەڵام پەسەند نەکرا و ئەو دیسان تورە بوو و دەستی لە کار کێشاوە.

کەریم حیسامی دوای پێلۆنۆم چوو بۆ وڵاتی لوبنان. چوار ژمارە رۆژنامەی کوردستان کە بۆ چاپ ئامادە کرابوو، چاپ کرد و لەوێرا چوو بۆ بولغارستان و دوایە لە رێکەوتی۱۹۷٦/۳/۳ چووە لای دوکتور قاسملوو لە پراگ. لەوێرا بڕیاریان دا کە بچنە پۆلیس و دوکتور ویزا وەربگرێ و بچنە سوئید لەگەڵ کومیتەی رێکخراوی ئوروپای حیزب، کۆ ببنەوە.

لە ئیدارەی پۆلیس ویزایان نەدا بە دوکتوور و پێیان راگەیاند کە ئەو دەبێ چکوسلۆاکی بەجێبێڵی. کەریمی حیسامی لە لاپەرەی ۸۹ بەرگی ٥ بیرەوەییەکانی دا لەو بارەوە دەنووسێ: ...پێکەوە چووینە ئیدارەی پولیس کە ڤیزا وەربگرێ. پاسپۆرتەکەیان لێوەرگرت و نیزیکەی نیو سەعات چاوەروان بووین. پاشان دوکتوریان بانگ کرد. کە هاتەوەدەر زۆر چرژا بوو. بە نارەحەتی گوتی:" سەگبابانە وەدەریان نام".

ئەوان بە نارەحەتی چوونە دەفتەری ناوەندی حیزبی کمونیستی چکوسلۆاکی و لە گەڵ کوبا "بەرپرسی ئێرانییەکان لە کومیتەی ناوەندی" قسەیان کرد. بەڵام ئەویش رایگەیاند کە هیچی بۆ ناکرێ. بەمشێوەیە دوکتور قاسملوو لە چەکوسلواکی دەرکرا.

ئەوان دوایە بە پاسی ئێرانی چوونە وڵاتی سوئێد و لە گەڵ کومیتەی ئوروپا کۆبوونەوە. هەر لەوێ دوو ژمارەی دیکەی رۆژنامەی کوردستان(یان) ئامادە کرد. دوایە بۆ تاوتوی کردنی زیاتر، بڕیاریان دا کومیتەی ناوەندی نیشتەجێ لە کۆیە و لە بەغدا، بۆ دەرەوەی وڵات سەفەر بکەن و لە مانگی مای لە بولغارستان کۆببنەوە. دوای ئەو کۆبوونەوە دوکتور قاسملوو چووە پاریس و کەریمی حیسامی بۆ چاپی رۆژنامە چووە برلین و دوایەش گەڕاوە بۆ کوردستان.

رێبەری حیزب لە مانگی ئاپریل داوایان لە حیزبی بەعس کرد کە پاسپۆرتیان بدەنی و رێگا بدا ئەوان سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن. حیزبی بەعس موافقەتی خۆی بۆ چوونەدەری کومیتەی ناوەندی دەربڕێ. ئەندامانی رێبەری خۆیان بۆ سەفر ئامادە کرد. مامۆستا مەلا عەوڵا ئیستعفاکەی وەرنەگرتەوە و کومیتەی ناوەندیش ئیستیعفاکەی قبووڵی نەکرد. لە ئاخر دا ئەو لە گەڵ رێبەری، رێکەوتن کە سەفەر بکا و لە کۆبوونەوەی دەرەوەی وڵات دا، هۆی دەست لە کارکێشانەوەی باس بکا.

دیارە پێشتر، پاش کۆبوونەوە هەیئەتی حیزب دێموکرات و حیزبی تودە لە رۆژی ۱۹۷٤/۸/۱ لە شاری لایپزیک. دوکتور قاسملوو و حەمەدەمین سیراجی بۆ دۆزینەوەی مەقەرێک بۆ حیزب هەروەها وڵامی ئەو داوایانەی کە لە کۆماری یەمنی دێموکراتێکیان کرد بوو، بڕیاریان دا بوو بچنە بیروت و لە گەڵ باڵوێزخانەی کۆماری یەمەنی دێموکراتیک پەیوەندی بگرن و داوا بکەن کە دەستەیەک لە نوێنەرانی حیزب سەردانی یەمەن بکەن. ئەوان لەوێ چاویان بە مام جەلال کەوت کە بە جێگەی عەزیز شێخ رەزا، نوێنەری مەلا مستەفا، لە لوبنان دیاری کرابوو.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٤ دوکتور قاسملوو لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی پێی ڕاگەیاند کە کۆماری یەمەنی دێموکرات باشوور، وڵامی ویستەکانی حیزبیان داوەتەوە و پێویستە پێکەوە بچن بۆ ئەو وڵاتە. دوکتور قاسملوو لە نامەیەکی دیکەدا بۆ کەریمی حیسامی کە بە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/١٩ نووسراوە، بە دوای وەزعی تازەدا پێشنیار نوێ دەکا، وەک ئەوەی کە حەمەدمین سیراجی بچێتەوە کوردستان و لەگەڵ مەلاعەولا حەسەنزادە ناوەندێک پێکبنن.

حەسەنی ڕەستگار کە یەکێک لە کادرەکانی حیزب بوو کە دواتر بۆ دیتنی دەورەیە سیاسی نیزامی چوو بۆ وڵاتی یەمەن لە دەستنووسێک دا دەنووسێ: ئەودەم ململانە و ناکۆکییەکی زۆر توند لە نێوان یەمەنی باکووری کە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژاوا و عەرەبستانی سعودی و ئێرانەوە پشتیوانی دەکرا، هەروەها یەمەنی دێموکراتی (باشوور) کە لەلایەن سۆڤیەت و کوبا و وڵاتانی کۆمۆنیستی پشتگیری دەکرا لە ئارا دابوو. جار هەبوو هەتا لێواری شەڕ دەڕۆیشتن، دوای ساڵانێکی زۆر لە تێکەڵ بوونەوەی ئەم دوو بەشەی یەمەن ئێستاش وابزانم کێشەکە کۆتایی نەهاتوە و جاروبار سەر هەڵ دەداتەوە.

## گەپ و قەشمەری نێو ئەندامانی حیزب
## دادگای خەیاڵی مامۆستا هێمن

شتێکی ئاسایی‌یە کە لە کار و تێکۆشانی نێوان کەسایەتییە سیاسییەکانی بەردەوامی خەبات دا، کێشە و گیر و گرفت و جەفەنگ و گەمە و گەپ و دەمەتەقە و لێک تووڕە بوون و زیزی و قەڵسی و تەنانەت شەڕ ڕوو بدا و بە دژی یەکتر، شت بنووسن و ناو و ناتۆرە، وەک ورچە قوڵە، جادەکوت، حەمە کوێری بێژوێ، حەمە هەویر، یۆنس چاوەش، برایم چاوەش، بیربیر، سەرکارە چرچە، ئاسمان لێژ و پادگۆڕنی، لێک بنێن.

لەوبارەوە مامۆستا هێمن هەستی خۆی نە بە شێوەی تووڕە بوون، بەڵکوو بە جەفەنگ و بە چاوی تەنز دەربڕیوە و لە دادگایەکی خەیاڵی دا، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات دێنێتە بەردەمی دادگا و محاکەمەیان دەکا. ئەو لە دوکتور قاسملوو را دەست پێدەکا و دەڵی کە کاتێک دوژمن دوکتور قاسملوو دەباتە بن پەتی سێدارە تا ئیعدامی بکا. ئەو هاوارە دەکا و دەڵێ ئەوە کوا وا دەبێ؟ ئەوە کۆا عیدالەت و دێموکراسییە؟ ئیدی ئێعدام دەکەن. ئەوجار نۆرە دەگاتە کەریمی حیسامی کە ئیعدام بکەن. ئەو دەگوڕێنی و هاوار دەکا، زیندەباد سوسیالیسم بژی ئیتحادی جەماهیری شووڕەوی سوسیالیستی. ئەویش تێدا دەچێ. ئەوجار نۆرە دەگاتە هاشم کەریمی، ئەویش دەگوڕێنی و هاوار دەکا: زیندەباد سوسیالیم، مەرگ بەر ئەمریکا و سەگهای زینجیرییەش. ئەوجار نۆرە دەگاتە عەبدولا حەسەنزادە. ئەو دەست دەکا بە گریانێ. جەلادەکان لێی دەپرسن، کە ئەوە بۆ دەگری؟ ئەویش وڵام دەداتەوە و ئاماژە بە هاوڕێکانی دەکا و دەڵی: وڵا بۆ ئەو کەسک و سوورانە دەگریم.

دوایە نۆڕەی  دەگاتە حەسەنی ڕەستگار. لەو کاتەدا کە دەیبەن بۆ بن داری ئیعدام. تەماشا دەکا، ئەوە لە دوورەوە ژاندارمێک سێغاری دەکێشێ،  غاری دەداتێ و سیغارەکەی لیدەستێنی و دوو مژێ لێدەدا و دەڵی: جا ئەوجار ئێعدامم دەکەن با بیکەن.

دوایە نۆرە دەگاتە من (هێمن) زۆر دەپارێمەوە و دەڵێم چەلێ ئێعدامم مەکەن داوایەکەم هەیە. ئەویش دەڵێن داواکەت چییە بیڵێ. ئەمنیش دەڵێم: داواکەم ئەوەیە کە پێش ئەوەی لە سێدارەم بدەن، مەلا سمایلی حاجی ئێعدام بکەن چونکە پێمخۆشە بە هەڵاوەسراوی ببینم کە چۆن بە حەواوە لینگە فرتەی دەکا و گیان دەدا.

هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ١٥٢ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لەسەر قسە خۆشەکانی مامۆستا هێمن دەنووسێ: مامۆستا هێمنیش عادەتی ئەوە بوو لە کاتی خەوتندا نەختێکی دەخواردەوە بۆ ئەوەی بە حیسابی خۆی باش خەوی لی بکەوێ و چەند جگەرەشی بەسەردا دەکێشا. مامۆستا هێمن زۆرتر جگەرەی ئاغزەداری دەکێشا کە ئاگری لێ دەبێتەوە. خەومان لێ کەوتبوو نەکەوتبوو، یەکێک بانگی کرد: مامۆستا هێمن ئاگری تێبەربوو. کە ڕامان کرد، دۆشەکەکەی مامۆستا ئاگری گرتبوو و مامۆستا هێمنیش بە دیاریەوە وەستابوو. هەمووومان ڕامان کرد و بە سەتڵ ئاومان هێنا و ئاگری دۆشەکەکەمان کوژاندەوە. بەیانیەکەی دوکتور قاسملوو و برادەرانی دی هاتن بۆ مەقەر. باسی ڕووداوەکەی شەو کرا، دوکتور گوتی: با کۆبوونەوەیەک بکەین. دوکتور قسەکانی دەست پێکرد و گوتی: مامۆستا هێمن حورمەتی تۆ لای هەمووومان ئێجگار زۆرە و خۆشت دەزانی. تۆ جگە لەوەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی، شاعیری میللی کوردیشی. ئەوە چەند جارە لێفە یان دۆشەکەکەت دەسووتێنی. ئێمە خەمی دۆشەکمان نیە، بەڵام ئەگەر جارێک خۆت بسووتێنیت، ئێمە چی بە خەڵک بڵێێن؟ دیارە ئەو کارەت جێی ڕەخنەیە و من لە لایەن بەشدارانی کۆبوونەوە بە توندی ڕەخنەت لێدەگرم و هیوادارم دوایین ڕووداوی لەم بابەتە بێ. مامۆستا هێمن گوتی: هاورێیان من چۆن خۆم ناسووتێنم؟ ئێمە هەمووومان لەو قسە سەرمان سوورما، مامۆستا بۆچی وا دەڵێ؟ مامۆستا هێمن درێژەی پێدا وگوتی: دوێشەو لەسەربان ئەو سێ ئاغایە (مەبەستی مەلا حەسەن و مەلا ڕەسوڵ و کاک کەریم حەداد بوو) تا درەنگانێک قسەیان دەکرد و خەوم لێ زرا بوو. مەلا حەسەن دەیگوت ئەمساڵ هەزار دینارم کاسبی کردوە ( لەگەڵ کابرایەک شەریک بوو و دار فرۆشیان دەکرد) مەلا ڕەسوڵ دەیگوت دوو هەزار دینارم لە قازانجی فرۆشتنی فەرش دەست کەوتووە. کاک کەریم پێی دەگوتن جا ئێوە چووزانن کاسبی بکەن. ئەرێ کاک کەریم تۆ کە هاتیتە عێراق دوو سەد سێسەد هەزار تمەن پووڵی عەجەمانت هێنابوو و کەس نەیزانی چت لێکرد و ئێستا بە فلس دەڵێی فەتاح پاشا، تۆ بەوان دەڵێی کاسبی نازانن؟ من لە داخی حەداد خۆم دەسووتاند. ئیتر بوو بو پێکەنین و ڕەخنە و کۆبوونەوەش تەواو بوو.

هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ١٥٦ کتێبەکەی هەر لەسەر قسەکانی مامۆستا هێمن دەنووسێ: قسەیەکی تری مامۆستا هێمن ئەوە بوو کە جاروبار خەوی دەدی کە ئێمە لە سیاسەتدا سەرناکەوین و شکست دەخۆین و ناچار دەبین کارێکی تر بکەین. دیارە ئەو خەوانە زیاتر دوای تێکشکانی

بزووتنەوەی کوردستانی باشوور بوو. بۆ نموونە دەستەیەکی دەهۆڵ و زورناژەنی لێ دروست دەکردین کە شار و شار دەگەڕێین و لە زەماوەندان دا بەشداری دەکەین و خۆمان دەژیەنین. هەر کەسێکی بە پێی سیما و روخسار بۆ کارێک دیاری دەکرد. بە زورنالێدان و دەهۆڵکوتان و شتی لەم بابەتانەی دابەش دەکردین. یان خەوی دەدی کە خۆی بۆتە ناسرەدین شای قاجار و بە هەر کاممان بە پێی خوو و رەوشت لە قەبێکی وەکوو "...الدولە" و " ...السلطنە" و شتی وای دەداینێ.

مەلا رەسووڵی پێشنماز لە لاپەڕەی ٢٥٦ کتێبی سەربردەی ژیانم باسی یۆسفی رێزوانی دەکا و لەسەر دابەش کردنی بەشە گۆشت لە میوانێک دا دەنووسێ: یوسفی رێزوانی لە بەغدا دوای یەکگرتنەوە بانگهێشتنێکی برادەرانی کردبوو، لە کاتی نان خواردندا خەریک دەبێت وەک خانەخۆی میوانداریی بکات، دوکتوریش دەڵێت: کاکی خۆم ئەوە چی دەکەیت؟ دەڵێت: شتو بۆ دادەنێم دەڵێت: پێموایە لێمان گەڕێیت بۆ خۆمان تێکەین باشترە، ئەگەر وازیش ناهێنی مێشکەکە بۆ حەمەدەمین (سراجی) دانێ و زمانەکەش بۆ مەلا حەسەن(رەستگار).

یەکێک لەو کەسانەی کە لە نێو پێشمەرگەی ئەو سەردەمە دا جێگای تایبەتی هەبوو و زۆر خۆشەویست و قسە خۆش بوو، مام عەلی عەجەم بوو کە شوێن و جێگا و کات و رادەی خوێندەواری و ... نادیارە و کەسیش بۆی نەدەخراوە سەر یەک. مەلا رەسووڵی پێشنماز لەگەڵ عەلی عەجەم دۆستایەتی پتەوی هەبوو و لەسەر هیندێک ئاکار و هەڵسوکەوتی ئەو لە لاپەڕەی ٣٥٧ کتێبی سەربردەی ژیانم دا دەنووسێ: ئەوە مام عەلی عەجەمەو گوایە لە سەردەمی رەزا شادا کاتی شەر لەگەڵ هێزی بیگانەدا لە هەنگی فولاد دا بووە، یا دەرەجەدار بووە یا سەرباز، پاشان هەنگەکە واشکاوە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە و ناویان ناوە هەنگی تەنەکە، لەوێ کە پەرێوە بوو هاتۆتە کوردستان و کاتی خۆی لە دەوروبەری سەردەشت دەستی کردووە بە کارێزە لێدان و رەز چاککردن و پینەچیەتی و کارداری و وڵاغداری و هەر لەوێش لەگەڵ برادەرانی حیزبی، نێوان پەیدا دەکات و پێش ساڵی ١٩٥٨ رادەکات بۆ کوردستانی عێراق و لە کۆمۆنی برادەرانی خۆمان لەسەر چناری سلێمانی یەک دەگرێتەوە و ئەحمەد و سلێمانی موعینی کاری خۆیان و پاک وخاوێن و شتکرینی پێ دەسپێرن و ئیتر ئەو پیاوە ژیکەڵە و خوێن شیرینە هەتا دوا رۆژەکانی ژیانی هەر لەگەڵمان بوو، هەستی رەوان شناسی لەسەر مرۆڤەکان زۆر بە هێز بوو لەگەڵ من کە هەمیشە خەڵکی گاڵتە و شۆخی و نوکتەی خۆش بوو، پەیوەندیمان زۆر خۆش بوو لە هەر جێگایەک مام عەلی هەبووایە بۆ هیچ شتێک دانەدەماین، لە شاخ و کێوەکانی وەک زۆزک، کۆرەک و پێرس، داوای دەرزی و دەزووی دەکرد و کۆنەکراس و شتی وای پینە دەکرد، کەوش و چا و قەند و بنێشتەواڵە و زەردەچەوە و تەنافی تفەنگ خاوێنکردنەوە و رۆنی تفەنگ و تەنانەت مەڵحەمی چاو ئیشان و کۆنەگۆرەوی و لۆکە و سوژن و درێژەبەنی دورمان و کورتان و شتی وا تەنانەت بزمار و ناڵی وڵاخ و چەکوچ و کەرەستەی کەوش پینەکردن و هەمووی ئەمانەی لە لا دەست دەکەوت. لەو هەڵات هەڵاتێنەدا بۆ هەموو ئەو شتانە و هەر چیەکی دیکە ئەو مرۆڤە نەیدەهێشت یەک پێشمەرگە پەکی بکەوێت، لە سەرەتای ساڵی ناسینماندا دەیوت: منی قەحبەباب چل ساڵە لەگەڵ ئێوەم

هەرگیز نالێن عەلی کوردە هەر دەڵێن عەلی عەجەم، بە تایبەتی ئەگەر توورە بوایە زۆر خۆش بوو، دوای ٣٠ ساڵ هەتا پێش مردنیشی هەر دیوت: من چل ساڵە لەگەڵ ئێوەم.

ساڵی ١٩٦٤ من و سولەیمان و مینەشەم و عەبدول و کەریم نەستانی لە شاخەکانی پشتی بێتواتە مام عەلیمان لەگەڵ بوو، ئیسترەکەشمان پێبوو، مام عەلی لێی بەرپرس بوو لەو ئەشکەوتانە تایپ و رۆنیۆیەکی خراپۆکەمان هەبوو لە ترسی ئەوەی لێمان نەستێنن شاردبوومانەوە و چووبووین بۆ بنکەی سونێی بەرین. بۆ ئەوەی کەس نەزانێ بە شەو رۆیشتین و تۆزێکیش باران باری بوو. زەویەکە لووس بوو زۆریش هەڵدێر بوو کە بارمان کرد و هاتینەوە خوارێ مام عەلی و ئیسترەکە لە دوای منەوە بوون و برادەران لە پێشەوە، مام عەلی تفەنگێکی برنەوی درێژی پێبوو زۆر جار دەیوت: ئەوە رەزا شا بە دەستی خۆی ئەو تفەنگەی داوە بە من، لە پێشدا تفەنگەکەی بەر زەوی دەکەوت هەڵدەستایەوە جارز بوو، کەڕەتێکیان وەک لە شتێک بدا دەستی کردبوو بە پێ لەقە هاویشتن و جنێودان، گەرامەوە دواوە و وتم: مام عەلی ئەوە چییە لە چی دەدەیت؟ وتی: ئەوە لەو لاقە گەهبە بابانەی خۆم دەدەم و دەڵێم: تۆی تورک چیت داوە لە دارو بەردی کوردستان قەهبەباب. جارێک لە بنکەی سونێ برنج و تەماتەی بۆ لێنابووین و لە کەپردا نانی بۆ دانایین بۆ خۆشی راوەستابوو تەماشای دەکردین. منیش هەمیشە و لە هەموو جێگایەک خۆی لە سەر سفرە نەبی داوا دەکەم، هەر سەرم هەڵێنا مام عەلی قامکی بە لێوەوە گرت و چاوی زەق کرد و وتی: ششش... واتە دەنگ مەکە، پاش تاوێک هاتە پێش و وتی: تەماشای ئەحمەد تۆفیق بکە کوردستانی رزگار دەیکاتەوە، قەحبەبابانە یەکیان ئاقڵیان نییە بڵێ خوێ نییە، دەڵێن: کوردستانیش رزگار دەکەینەوە، منیش بە ئەنقەست تێمنەکرد هەر بۆ ئەوەندە بزانم ئاقڵیان هەیە بزانن کە خوێی تێنەکراوە.

جارێک لە بنکەی زینەتیر لە دۆڵێ لە لای گوندی بناو چەند کەسێک نیشانەمان داکردبوو لە گەڵ سولەیمان کە زۆر خەڵکی گاڵتە بوو داومان بۆ دانابۆوە، چونکە دەمانزانی مام عەلی کە هەرگیز نەمان دیوە تفەنگ بتەقێنێ، هەر ئێمە تەقەمان بکردایە مام عەلی توورە دەبوو، دەستی کرد بە جنێودان و دەیوت: قووندەرانە ئەو فیشەکانە بۆ خەسار ئەکەن بە ئەنقەست تفەنگەکانمان زۆر لە نیشانەکە دوورتر دەدا لەگەڵ سولەیمان وتمان: وەڵا بابم حەقی مام عەلیە کە دەڵێت: فیشەک خەسار ئەکەن ئێمە هیچمان نیشانە پێکان نین، ئەوە مام عەلییە تفەنگ بە خەسار نادا، جا بزانین چۆن نیشانەتان بۆ دەشکێنێ، هێنامان و مام عەلی بە هەوای سەربازی خۆی لەسەر سینگ درێژ کرد و قایشی تفەنگەکەی مارپێچ لە دەستی کرد و بۆی دامەزرا ئێمەش هەر دەمانوت: ئەوەتا ئەوەیە تفەنگچی تەماشای ئێمە کەسمان  هەر نازانین تفەنگەکەش بگرین. بە کورتی چەند جار بە سەر تفەنگەکەیدا تەماشای نیشانەکەی  کرد و تفەنگەکەشی وا خوار گرتبوو هەر رووی لوولەکەی لە لای نیشانە نەبوو، زۆری لە حەوا کردبوو، شوێنی نیشانەکە گردێکی بچکۆڵە بوو کە تەقاندی هەر بە گردەکەش نەکەوت و ئێمەش پێکەوە وتمان: هەی چاوی سەرم بی مام عەلی ئاوا دەبێت لێدان. مام عەلی هەستایەوە تۆزێک خۆی تەکاند وتی: دەڵێم ئەوانە نازانن تفەنگ بگرن

ئەوەتا سولەیمان و رەسووڵ دەزانن من بە یەکدانەکەی فیشەک چۆنم شکاند، عەیبە جارێکی دیکە پیاو دیار بن، ئێوەی منداڵ دەنگ مەکەنەوە. ئەحمەد تۆفیق منداڵ و پاڵی هێناوە کوردستان رزگار کاتەوە. ئیتر ئەو نێشان داکردن و ئەنگاوتنی مام عەلی بوو بە خوێنێ سیاوەش و نەبرایەوە، لەهەر جێگایەک باس بکرایە ئێمە شاهیدی مام عەلی بووین بۆ نیشان شکاندن.

مام عەلی مەشرووبی زۆر چاک دەخواردەوە، زۆرتریش هەر عارەقی قاچاغ یا ڤۆدکای دەخواردەوە، هەر چیش سپی بوایە هەر دەیوت: ئەوە رووسییە و لەوێوە بۆیان ناردووم، لە ساڵی ١٩٦٧و ٦٨ کە ئێمە بڵاوەمان تێکەوت، مام عەلی لای هەژار لە پشت چەمان و نیزیک ئێزگەی کوردستان گیرسایەوە و زۆر بۆ هەژار بە دەستەوە بوو، بە داییم بێستان و تەماتە و خەیار و ئاشی پێ دەگێرا، لەگەڵ سەوزیی، یادیان بەخێر تیپێکی زۆر خۆش و باشی لێبوون کە بریتی بوون لە هەژار، مامۆستا هێمن، رەفیق چالاک، شەهید مەلا عەبدولخالق مەعرووف و مام عەلی و چەند پێشمەرگەیەک.

حەسەن رەستگاری لە دەستنووسێک دا کە باسی دەورەی سیاسی نیزامی وڵاتی یەمەنێ دەکا، دەگێڕێتەوە کە رۆژێک ئەفسەرە عەرەبەکەیان کە ئەو نێوی نابوو (سەشین) باسی "حەب حەب"یان بۆ دەکا کە میوەیەکە و زۆر خۆشە. بەڵام ئەوان حاڵی نابن و نازانن حەب حەب چییە. دوایە دەنێرن لە بازاڕی دەیکرن. ئەگەر تەماشا دەکەن ئەوە شووتی‌یە کە لە عێڕاق پێی‌دەڵێن "ڕیگی". پێش ئەوە شووتێکە لەت بکرێ، مەلا حەسەن شیوەسەڵی دەڵێ کە چووینەوە عێراقێ لە مام عەلی عەجەم دەپرسم کە حەب حەب چییە، بێشک ئەو دەزانێ! ئەوانە دوای چەند مانگ دەگەڕینەوە بۆ مەقەڕی بەغدا و لەگەڵ پێشوازی ئەندامانی حیزب بەرەو روو دەبن. حەسەن رەستگار لە درێژەدا دەنووسێ: مام عەلی عەجەم کەیفی ساز بوو لەلایەک چای ساز دەکرد لەلایەک ئاوی ساردی دەهێنا بۆ هاوڕێیان لە پڕ مەلا حەسەن شیوەسەڵی گوتی عەلی وەرە دانیشە کارم پێتە، مام عەلی هات دانیشت، مەلا حەسەن لێی پرسی "مام عەلی هەر دەڵێی عەرەبی دەزانم ئەگەر زانیت بە عەرەبی بە شووتی دەڵێن چی؟" مام عەلی دەستبەجێ گوتی: "ڕیگی پێ دەڵێن، هەب هەبی پێ دەڵێن". مەلا حەسەن گوتی نەمگوت مام عەلی دەزانێ، هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین. مامۆستا هێمن و کاک کەریم پرسیان ئەرێ چبووە؟ داستانی هەب هەبی یەمەنمان بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش زۆر پێکەنین، مام عەلی عەجەم کە زانی مەسەلەکە چییە بزەیەکی هاتێ و دەستێکی بە سمێلە قنجەکانی داهێنا.

مەلا رەسووڵی پێشنماز لە لاپەڕەی ٣٦١ کتێبی سەربردەی ژیانم هەر لەسەر عەلی عەجەم دەنووسێ: هەر لە لای هەژار برادەرێک... پرسی مام عەلی تۆ ساڵی چەند لە دایک بوویت و لە کوێ لە دایک بوویت؟ هەژار نەهێشت مام عەلی هیچ بڵێت، لە وڵامدا وتی: زۆر سەیرە نازانم ئەو عالەمە بۆ مام عەلی دەرک ناکەن مام عەلی نە لە کەس بووە و نەکەسی لێ بۆوە، مام عەلی لە زەوی هەڵقوڵاوە مووی سمێڵی قیت بوونەوە. مام عەلی بە بێ ئەوەی بەسەر خۆی بێنێت یان

پێبکەنێت وتی: هەتیو هەژار ڕاست دەکات ئێوە بۆ ئاقڵ نابن هەژار ئەزانێ من چۆن هاتوومەتە سەر دونیا.

مام عەلی بەینێک سەر چەقەنەی ڕیشی نەدەتاشی و هێشتبوویەوە. ڕۆژێک بە ئەنقەست باسمان هێنایە سەر لێنین و گاگارین و ئەو ناوانە، یەکێک وتی: مام عەلی ئەوە بۆ ئەو تۆزە ڕیشەت داناوە و نایتاشی؟ وتی: کورە نابێ عاقڵت هەبێ، ئەوە لێنین ماچی کردوە، من چۆن دەیتاشم، هەر لەگەڵ ئێمە سەد جاری دیکەی تاشیبوو.

هەر ئەو ڕۆژە باسی مەسەلەیەکی نەتەوایەتی و هەستی ناسیۆنالیتمان هێنا بووە کایەوە، بابەتی یەکەم فرینی یوری گاگارین باس کرا، مام عەلی قوت بۆوە و چاوەکانی زیت کردو وتی: کورە من لە هەمووتان باشتر ئەو مەسەلەیە دەزانم و دەلیلم هەیە، وتمان چۆن؟ وتی: لە دوای ئەوەی گاگارین هاتەوە خوارێ، ئێمە لەوێ پێشوازیمان لێکرد و لێم پرسی وتم: تۆ لە کام وڵات لەو ئاسمانە زیاتر دڵت خۆشتر بوو، وتی: لەسەر مۆسکۆ، وتم: ئەها ئەوە قسەی منە و ئەوە هەستی ناسیۆنالیستی ڕاستەقینەیە و کێشەیەکم ڕزگار کرد.

ئەو کاتانەی کە لە لای هەژار بوو، مانگی یەک دوو جار، دەچوو بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ کەلوپەل، ڕۆژێک کە تۆزێک لە ژێر گوشاری ڕادەستکردنەوە بە ئێران و زۆر شتی تر ڕزگارمان بوو، گێرایەوە و وتی: ئەو کاتە کە ئێوە قاچاغ بوون و سولەیمان کوژرا و ئەحمەد تۆفیق دوور خرایەوە، من هەژار ناردبوومی بۆ لای دوکتۆر مەحموود و حەبیب بۆ کەلوپەل. من ڕاوەستا بووم چاوەرێ بووم لیستەکەم بۆ واژۆ بکەن، گوێم لێبوو دوکتۆر مەحموود کە مرۆڤێکی باش بوو، بە حەبیب دەڵێت: حەیف بوو، بۆ ئەو برادەرانی حیزبی دیموکرات ئاوایان لێهات، پێم ناخۆش بوو حیزبی دیموکرات نەما، من پێتان دەڵێم و دەیسەلمێنم حیزبی دیموکرات ماوە وتیان: مام عەلی لە کوێ ماوە، وتم: ئا لێرە، وتیان کوا؟ تفەنگەکەم لە زەوی دا و وتم: ئەوەتا من دەستم لە لەسەر سینگم دانا و وتم هەتا عەلی عەجەم مابێت حیزبی دیموکراتیش ماوە. ئیتر هەردووکیان وتیان: وەڵلا ڕاستە ئێمانبووره مام عەلی ئێمەش پێمان خۆش بوو شوکور حیزب ماوە.

... ڕۆژێک هەموومان دانیشتبووین مام عەلی باسی حەبانیە و سەرسار و ئەو ناوەی دەکرد و دەیوت: لەوێ زیندانی بووم، کاتی خۆی ئینگلیس فرۆکەخانەی ژێر زەوی لێ دروست کردووە. لێم پرسی و وتم: مام عەلی چۆن خۆت لەو زیندانەی ئەوێ ڕزگار کرد؟ وتی: ڕەسووڵ دۆستێکم هەبوو پارچە ئاسنێکی تیژمان پەیدا کرد و ماوەیەکی زۆر بە هەردووکمان خەریک بووین زیندانمان کون کرد و هەڵاتین، کاتێ گەیشتینەوە وڵات هەتا بازاری قەباغکەندی ڕانەوەستاین، کە گەیشتینە ئەوێ شەری کورد و عەجەم بوو، بە کەس لێکنەدەبوونەوە، هەر تفەنگەکەم لە شانم هێنایە خوار، دوو تفەنگم بەسەردا هەڵتەقاندن و لەبەر یەک بڵاو بوون، مەلا ڕەحمانی کاژەیی وتی: مام عەلی بە ناو دیجلەو فوراتدا چۆن پەریتەوە کە لە زیندان هەڵاتی؟ توورە بوو، وتی: برۆ هەتیو بەحر و مەحر... مەڵێ، ئیتر بوو بە پێکەنین. پێموت: ڕەحمانماڵت نەشێوێ ئەو پیاوە لە زیندانی خەیاڵەوە

هەڵاتووە و تفەنگەکەی زەمانی رەزا شای هەر لە شانیدا بووە و هەتا  بازاری قەباغکەندی خوار مەهاباد هەڵاتووە، تۆ بەحری چی لێ دەپرسێ وەڵاهی هەقیەتی وات پێبڵێت.

رۆژێک هەر لەو ماوەدا رۆژنامەیەکی بەدەستەوە بوو دانیشتبوو تەماشای دەکرد، وتم: مام عەلی ئەوە چی نووسیوە؟ وتی: رەسووڵ نازانم جارێ نەمخوێندۆتەوە، بەڵام ئەو سەیارە وەرگەراوە، کە تەماشام کرد سەر بەرەو خواری گرتبوو ماشێن تەگەری لە ئاسمان بوو، دەنگم نەکرد چونکە کەس وەک من بە زمانی مام عەلی نەدەزانی. ئەوکاتە لەگەڵ هەژار بوو بۆزوویەکی بۆ هەژار کردبوو بە لفکەئ خۆ ششتن، بەڵام هەرگیز لفکەی ئاوا زبرم نەبینیبوو، هەژار لە خۆششتن زۆر تەمبەڵ بوو کورێکی پێشمەرگەی زلی سینگ پانی لا بوو بە ناوی سلێمان خەڵکی بەری لاجان بوو، هەموو جارێ لەبەر ئێمە دەپارایەوە دەیوت: ئێوە بە هەژار بڵێن ئاوەکەم گەرم کردووە با بیشۆم. ئێمەش پێمان دەووت. جا هەژار پشتی باسکەکانی و سەر شانی و تەنانەت سکی وەک گیسک تووکی درێژ ببوەوە، رۆژێک بە تورەییەوە هات و سوور و رەش داگەرا بوو، کردیە هەرا و وتی: بابە زۆر سەیرە من لە خۆمەوە ناوێرم خۆم بشۆم ئەو هەتیوە بەو بوزووە هەروا ئەزانێ کەڵ و گامێشان دەشوا، هەموو لەشی بریندار کردووم، جا راستی دەکرد سولەیمان کاتی خۆی کەڵەوان بوو.

مەلا رەسووڵی پێشنماز لە لاپەڕەی ٥٨١ کتێبی سەربردەی ژیانم دا باسی نامەیەکی مامۆستا هەژار دەکا کە هەواڵی مام عەلی حەجەمی پرسیوە و دەنووسێ: ئای لە بیرم چوو تو خوا زۆر سڵام کەلامم بە مام عەلی بگەیێنە نازانم برنۆکەی زەمانی سمایلاغای هەر ماوە یا گۆڕیویە؟

مەلا رەسوڵ لە درێژە دا لە لاپەڕەی ٣٥٧ ی بیرەوەرییەکانی دا لەسەر عەلی عەجەم دەڵێ: ... نە کور و نەکچ و نە خزم و کەس و کار هیچ کەسی نەبوو تا سەرێ لیبدا و لێی بپرسێ و بەو حاڵەش ئەگەر باسی کەسایەتێکی گەورەی فارس یان تورک کرا با بە راویژی تورکی دەیگوت "ئەو گەهبەبابە کوڕی منە" تیمسار زەنگەنە، موزەفەری و وەرهرام و جەم هەموو کوڕی ئەو بوون.

عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەرەی ٢١٨ ئەزموونی خەبات دا لەبارەی مام عەلی عەجەم دەنووسێ: ... قەت جارێک لەجاران باسی منداڵیی خۆی نەدەکرد. باسی هەرچیی کردبایە هەر گەورە بوو. هەر تفەنگی پێ بوو. هەر سوارچاک بوو و ئەوانە. دیارە خەڵک پێیان وا بوو درۆیان دەکا، ئەمن دەمگوت درۆیان ناکا. مام عەلی هەموو شتەکانی کە دەیانلێ لە عالەمی خۆیدا دروستـــــی کردوون. جـــا دەیانگێڕێتەوە. ئەوەی دەیگێڕێتەوە ڕاستە، چونکی ئەوەی بۆخۆی دروست کردوە. مەسەلەن بەینێکی ڕیشێکی وەک ڕیشی بزنی لەسەر چەنەگەی هێشتبۆوە. دەمانگوت مام عەلی ئەوە بۆ نایتاشی. دەیگوت وەڵڵا ئەوە لینین ماچی کردۆتەوە، دڵم نایە بیتاشم. قەتیشی لینین نەدیبوو. بەڵام لەو شتانەی زۆر بوون. ئەویش ئەندامی حیزب بوو. ئەمن لەبیرمە لە مەنتەقەی ئێمە بوو، ماوەیەک لە کوردستانی ئێران. لەوێ کەنکەنەچی بوو. بیری هەڵدەقەندن. ئەو وەختی ئەندامی حیزب بوو. بەڵام چ ئەندامێک. ئەوکاتی لە بەغدا بووین هەرکەس قسەی کردبا پێیدەگوت "سەگباب" دیارە بە لەهجەی تورکی کە زۆر خۆشی دەگوت. ئەمن ٥٥ ساڵە

ئەندامی حیزبم. ئەتۆ ئەمن فێر دەکەیەوە؟ ئەو وەختیش حیزب تەمەنی۳۰ساڵ بوو. ئەو کاری بەو کارانە نەبوو.

عالەمێکی خۆشی هەبوو. مەسەلەن باسی دەورانی ڕەشید عالی گەیلانیی دەکرد. دەیگوت لێرە بووم. هەموو گاڵتەمان پێدەکرد. هەتا جارێکی میوانێکمان هەبوو بەناوی "غەسان" کە بۆخۆی بە ئەسڵ خەڵکی کۆیەیە. بەڵام بابی ڕۆیشتوە بۆ لوبنان. ئەو لەوێ لە دایک بووە و دوایە بۆتە ئەندامی حیزبی شیووعی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیووعی لوبنان بوو. ئەوە میوانمان بوو. دوکتۆر باسی مام عەلیی بۆ کرد. گوتی ئەوە کابرایەکی ئازەربایجانییە، بەڵام لە کۆنەوە ئەندامی حیزبەو بۆخۆشی داستانی خۆی هەیەو لەوانە. ئەو ڕەفیقە گوتی وەڵڵا پێم خۆشە قسەی دەگەڵ بکەم. هێندێک شت لەخۆی دەپرسم. ئەویش دوکتۆر گوتی زۆر باشە بانگی دەکەین و با مامۆستاش تەرجەمەتان بۆ بکا، چونکی ئەمن زاهیرەن عەرەبییەکەم لەوانی دیکە باشتر بوو. بانگی مام عەلیی کرد، گوتی مام عەلی، ڕەفیق غەسسان پێیخۆشە قسەت دەگەڵ بکا. ئەوە فلانە کەسیش تەرجەمەت بۆ دەکا. گوتی نا بۆخۆم گسە(قسە) دەکەمەوە. ئەوە قەتمان گوێ لێ نەبووە بەعەرەبی قسە بکا. هات دەگەڵی دانیشت و دەستی کرد بە عەرەبی قسەکردن. هەرچی ئەو پیاوە گوتی لێی حاڵی بوو. هەرچیشی گوت جوابی دەدایەوە. شەپشەپێنی بە عەرەبی دەکرد. بەڵام جۆرێکی قسە دەکرد کە بە تەواوی لێی حاڵی دەبووین. جا ئەویش لەوێ بوو. دوایە هاتەوە ئێران. ساڵی ۱۳۶۱ لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لە مەنتەقەی بنێوخەڵەفی مرد. هەتا ئەو وەختی هات و کەسیش نەیدەزانی عومری چەندە. شتی زۆر خۆشی هەبوو. مەسەلەن یاریی فووتباڵ بوو. دەیگوت فووتباڵم زۆر چاک دەکرد. لە بوخارست نەمدۆڕاندوە. لە مۆسکۆ نەمدۆراندوە. لەپاریس نەمدۆڕاندوە. راستیشی دەکرد چونکە لە هیچیانی نەکردبوو.

مەلارەسووڵ دەنووسێ کە مام عەلی دوای هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷۵ لێی قەومابوو و کەوتبووە رۆمادیە. حیزب لەوێرا هێنایەوە مەقەڕی بەغدا و لەوێ خزمەت دەکرد و بێستانێکی جوان رەعەمەل هێنابوو و مامۆستا هێمن بە قسەکانی خەنی ببوو.

مام عەلی دەیگوت خەڵکی تەورێزە بوو بە راوێژی ترکی - کوردی قسە دەکرد کە زۆر خۆش بوو. ئەو هەمیشە قارەمانی هەموو داستانەکان بوو. سوار چاک، تفەنگچی چاک، فووتبالیستی چاک، کە نە لە پاریس و نە لە بۆخاریست و مەسکۆ نەیدۆڕاندوە.

جارێک لە نێوە شەو دا مامۆستا هێمن لە مەقەڕی بەغدا ئیشتیای ئارەقی کرد بوو. بە دزی و بە ئەسپایی دەچتە ژووری مام عەلی لە قاتی خوارێ. بێ ئەوەی مام عەلی بزانێ بوترێک ئارەق هەڵ دەگری و بە قالدرمان دا دەچتەوە سەرێ. لە پپیلکانی ئاخری دا بوتری لە دەستی بەر دەبێتەوە و شووشە دەشکێ و بۆن هەموو ماڵی دادگرێ. مامۆستا زۆر ناڕەحەت دەبێ و وردە شووشان کۆ ناکاتەوە و دەچتەوە ژووری خۆی و مات دەبێ.

بەیانی مام عەلی کە لە خەو هەڵدەستێ، دەزانی کە بوترێک ئارەق نەماوە. ئەگەر تەماشا دەکا لە بن پلیکانان شوشە شکاوە و بۆنی ئارەق هەموو وڵاتی داگرتووە. دەزانێ ئەوە کاری مامۆستا

هێمنە. ڕاستە دەچێتە ژوورەکەی و هەڵیدەستێنی و قسەی پێدەڵی و دەڵێ: هەستە هەست ئەی گەهبەباب ئەتۆ نازانی کە شتی حەرامت پێتەوە نایەتەوە؟

هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ١٥٧ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لەسەر عەلی حەجەم دەنووسێ: مامۆستا هێمن پێی دەگوت: فێلەزان خۆمان لێ گێل دەکەی دەڵێی خوێندەواریم نیە. بەلام شەوانە کە ئێمە دەخەوین تۆ موتاڵای کتێبەکان دەکەی. مام عەلیش بزەیەکی دەهاتێ، مانای ئەوە بوو قسەکەی مامۆستا هێمن ڕاستە! مام عەلی زۆر شتی دەگێرایەوە کە لە لای خۆی ڕاست بوون، بەڵام ئێمەکە مام عەلیمان دەناسی، دەمانزانی مام عەلی لە خەیاڵاتدا دەژی ( ئەو نەخۆشییە لە ڕەوانکاویدا ئیترۆجیگشنی پێ دەڵێن) بۆ نموونە چوونی بۆ سۆڤیەت بۆ سوخەنرانی "یوری گاگاری" یەکەمین فەزاگەردی سۆڤیەت زۆر شتی تر. لە هەموان خۆشتر ئەوە بوو کە مامۆستا هێمن گێرایەوە. کاتێک مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار لە بنکەی شۆرش لە لای گەلاڵە و چۆمان بنکەیەکیان هەبووە و مام عەلیش خزمەتی بنکەکەی کردوە. ڕۆژێک کابرایەکی کوردی باشوور دۆستی مامۆستا هەژار دێ بۆ لایان و دەڵێ: بە سەفەر دەچم بۆ سۆڤیەت، ئیشێ کارێکتان نیە؟مام عەلی لەوێ دەبێ. بە کابرا دەڵێ: دەچیتە لنینگراد؟ ئەویش دەڵێ: ڕەنگە بچم. مام عەلی دەڵی کورێکم لەوێ ژێنراڵی ئەرتەشی سوورە پەیدای بکە و سڵاوی منی پێ بگەیەنە و ئەگەر گرفتێکت بۆ هاتە پێش ئەو بۆت جێبەجێ دەکا. کابرا بە سەر سووڕمانەوە دەڵێ: ئادریسەکەی دەزانی ؟مام عەلی دەڵێ ئادریسەکەی لنینگراد شەقامی گورکی ژمارە ٦٥ ژینیراڵ عەلی ئۆفە.

مام عەلی دوای گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات، لە ساڵی ١٣٦١ لە کومیتەی شارستانی سەردەشت لە ناوچەی بنوخەڵەف کۆچی دوایی کرد.

یەکێکی دیکە لە پێشمەرگەکانی ئەو قۆناغەی حیزب، عەبدول نستانی بوو کە لە پێناو سەرخستنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات دا زەحمەتی زۆری کێشا. ئەو سەرەڕای ئەرکی پێشمەرگایەی بۆ بژیوی ژیانی خۆی کار و کاسبی دەکرد. ئەو قسە خۆش بوو و لە دەستنووسێک دا دەڵێ: لەو سەروبەندەدا حیزب بڕیاریدا بۆ ئەوەی دەوڵەتی عیراق لێمان زەنین نەبێ و گلێیمان لێنەکات کاری قاچاغ نەکەین. بۆ ڕاگەیاندنی ئەم بریارە هەیئەتێکی حیزبی پێکهاتوو لە هاشم کەریمی، مەلا ڕەسوڵ پێشنماز و حەمەدەمێنی سڕاجی و مەلا سمایلی حاجی. ئەوکات دەوڵەتی عێراق بەڵگەی هاتووچوی نەدەدا بە ئەندامانی حیزبی. بەڵکو بەرپرسانی حیزبی بۆ هەر جێگایەک چووبان، مەئمورێکی عەڕەبیان دەگەڵ دەخستن تا کارەکانیان تەواو دەبوو. دوایە دەگەڵیان دەگەڕانەوە. ئەو هەیئەتە دەگەڵ عەڕەبیک هاتنە قەڵادزێ و کۆبونەوەیان دەست پێکرد. بەر لە کۆبونەوە، کاک هاشم من و ئەحمەد نستانی و کەریم نستانی بانگ کرد و بە تێڕادیوی گوتی: ئەمن ئێوەم خۆش دەوی پێمخۆش نییە کاری قاچاغی بکەن.

ئەمنیش گوتم: بە چاوان کاک هاشم لەمەو بەدواوە دوو وڵاغان دەکڕم و توتن و چا و سیغار دەبەمە مەرزی و لەوێشڕا ئەنگورە و جەلسە و مەخمەران دەکڕم و دیهێنمەوە، بۆ بەرێچونی ژیانمان دەیفرۆشمەوە.

کاک هاشم کە ئێمەی زۆر خۆش دەویست، گوتی دەباشە باوکم. توخوا ئەم کارە بکەن و لە کۆبونەوەدا گوتی ئەوە عەبدول بەڵێنی داوە کە دوو ئەسپان بکرێ و ئەو شتانە بەرێتە مەرزێ و ئەو شتانەش بێنێ و ئیدی کاری قاچاغی نەکا. هەر وایگوت مەلا رەسوڵ گوڕاندی و گوتی، ئەدی کاک هاشم کاری قاچاغی بە چ دەڵێن؟ کاری قاچاغی ئەوەیە ئیدی.

کاک هاشمیش گوتی ئەی باوکم ئەگەر ئەوە کاری قاچاغیە با بیانکوژین. ئەدی پێمناڵێی ئەوانە ماڵ و منداڵەکانیان بە چی بەخێو بکەن؟

ئەو هەیئەتە بۆ شەو هاتنەوە ماڵی من کە پڕ بوو لە ماڵی قاچاغ. جۆرە عەتریک بە ناوی "وی وی" دەگەڵ ئیستکانی نێوقەد باریک و جەلسە و مەخمەر، هەمویان لە لای دەستەنوێنەکە داندرابوون. کابرای عەڕەب پشتی وە دەستەنوێن دابوو کە هەموو ئیستکان بوو. زۆر نیگەران بووم کە بیانشکێنی. بە حەمەدەمینی سڕاجیم گوت توخوا ئەو عەڕەبەم بۆ حاڵی بکا کە ئیستکانەکانم لێ نەشکێنی. حەمەدەمین بوی تەرجوومە کردەوە و وێکرا بەتایبەتی عەڕەبەکە لە قاقای پێکەنینان دا. دوایە لە کاتی رۆیشتندا هەرکەسەی دەستێک ئیستکان و عەتر و دیاری دیکەم دانێ و هەر بەدوای رۆیشتنی ئەواندا چوومە کۆیە و شتەکانم فرۆشت.


هاشمی کەریمی

لە کۆیە بڕیارمدا یەک بار پارەی سپی، وەک بیست و پێنج و پەنجا و سەت فلسی کە هەمویان لە زێو دروستکرابوون بکرم. قاوەخانەکان بەڵێنیان دا لە ماوەی پانزدە رۆژ دا بۆم ئامادە بکەن. لەوماوەدا بە جێگای ئەسب، کەرێکم کڕی کە بەرچاو نەبێ و تێکەڵ بە کاروانی کۆیە بووم کە بە شەو وەرێدەکەوت. کاک هاشم کەریمی دەگەڵ بوو کە بۆ کاری حیزب دەچووە بۆ لای حاجی عومەران. شەو درەنگ لە کۆیەرا بە دۆلی بالیسان دا وەرێکەوتین. دەبا بە بەرزایەکانی کێوی کاروخدا وەسەر کەوین. کاک هاشم زۆر ماندو بوو و رووی لە من کرد و گوتی با کەمیک سۆاری کەرەکەت بم.

منیش دەمزانی باری کەرەکەی زۆر قورسە و دەری نابات. بەڵام گوتم باشە سوار بە. کەمێک رۆیشتین کەر وەستا. کاک هاشم تورە بوو و گوتی ئەم کەرە خۆیڕییە چیە من ناتوانێ. منیش هیچم نەگوت. بۆ بەیانی لە نیزیک گووندی قەسرێ لاماندا. بە کاک هاشمم کوت تۆ کەمیک ئیستراحەت بکە تا من چایەکی لێدەنێم. کاک هاشم یستی تەلیسی پووڵەکەی رابکێشی و لەبن سەری بنی تا بخەوی. بەلام بۆی نەهات. دوایە بە هەموو قوەتی خۆی تێیەوەنووسا و هەر بوێ نەهات و گوتی: ئەوە چییە وا قورسە؟

گوتم: هیچ نییە کاک هاشم.

دیسان تێیەوە نووساو و کێشایەوە لای خۆی و زرینگەی لێوەهات. گوتی: چۆن ئەوە هیچ نییە؟

گوتم: کوڕە پووڵە پووڵ!

گوتی: پوولی چی؟

گوتم: پووڵی سپیی زێوە. فلسی زێوە. تاقە و جووت.

گوتی: دەک ماڵت بە قوڕ گیرێ. چۆن ئەوە هەمووە پووڵە. وەڵا وامزانیبا قەدەمێکت دەگەڵ بە ڕێیەدا نەدەهاتم.

حەسەن ڕەستگاری لە ڕەشنووسی بیرەوەرییەکانی دا باسی سەفەری یەمەن دەکا و ئەوەی کە چۆن ویستویەتی سەید ڕەسووڵ دێهقان لە خەوێ دا بترسێنی. بەڵام ئەو دەستی ڕەپێش خستوە و زەندەقی ئەوی بردوە و دەنووسێ: "شەوێک کاک سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لەسەر تەختێک لە دەرەوە نووستبوو، ئەودەم دەرەوە کەمێک فێنک بوو، شتێکی بەخۆی دادابوو هەر لووتی دیار بوو، شەو درەنگ بوو، چەند کەسێک لە ئێمە بەخەبەر بووین، گوتم دەچم پخێک لە سەید ڕەسووڵ دەکەم دەیترسێنم، وردە وردە لە تەختەکە نیزیکم بوومەوە، سەرم بۆ لای سەری برد، لەپڕ گوتی پخ. یەک بەخۆم هەڵبەزیمەوە، بەسەر پشیلەیەکدا کەوتم، پشیلە زریکاندی و دەرپەڕی خۆی بە تەنەکەی ئەژغاڵی دادا. ئەوانەی لە دەرەوەش نووستبوون هەموویان ڕاست بوونەوە گوتیان چبوو؟ هاوڕێیانی ئاگادار لە مەسەلەکە و کاک سەید ڕەسووڵیش پێ دەکەنین، منی شکست خواردوو لە پیلانی ترساندن خۆم بە خۆم پێ دەکەنیم".

## ئەنوەر سادات سەردانی بەغدا دەکا

جارێک ئەنوەر سادات سەرۆکی میسر سەردانی عێراقی کرد. چەند ڕۆژی بەر لە سەفەرەکەی نوێنەری موخابراتی عێراق لە بەغدا چوو بۆ مەقەری حیزبی دێموکرات و دەوری ئەوێی گرت و بێ ئەوەی حیزب لە مەبەستی خۆیان ئاگادار بکەن، پێگوتن کە نابێ لە مەقەڕ بڕۆنە دەر و دووکەسیشیان وەک چاوەدێر بە سەر دا دانان و پێیانگوتن کە بۆخۆیان نان و چێشتیان بۆ دێنن. بەم شێوەیە ئەندامانی حیزبی نیشتەجێ لە مەقەڕ حەبس کران. ئەو دەستورە هەر بۆ حیزبی دێموکرات نەبوو، هەموو ئێرانییەکانی نیشتەجێی بەغدای دەگرتەوە. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٢١ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: ... ئەو چەند ڕۆژەی ئەنوەر سادات لە بەغدا بوو، ئێمە لەو ماڵەدا لە ژێر چاوەدێری دا بووین بەیان و نیوەڕۆ و ئێوارە نان و چێشتێکی خەستیان بۆ دێنایەن. خولا هەڵناگرێ ناخۆشیش نەبوو. دەستمان کردبوو بە گاڵتە و گەپ و شتی سەیر رووی دەدا. کابرای هاتبوو ئاگای لە ئێمە بێ کە وەدەر نەکەوین وەک گا لێی دەنووست. مەلا رەسوڵ دەیگوت با بنوێ ئێمە کێشکی لێدەکێشین نەوەک بچێتە دەر و رابکات. هێندێک جار دەمانگوت وەک عەلی حەسەنئاغای مەنگور با دەرگای لە سەر داخەین و بڕۆین هەتا ئێوارێ نەگەڕێنەوە.

برادەرانمان لە کوردستانەوە دەهاتن لە پەنجەرەوە ئیشارەمان دەکرد لا مەدەن و برۆن تێمان دەگەیاندن کە مەسەلە چییە. لە هەمووی خۆشتر مەلا حەسەن رەستگار بوو. مەلاحەسەن لە کوردستان دەژیا جاروبار بێکار و بار پەیدا دەبوو هەشت نۆ رۆژ لە خانووی حیزبی خۆی بە عەرز دادەدا و سیغاری مامۆستا هێمنی خلاس دەکرد. رۆژێکی لەو ئاستەدا پەیدا بوو، لە پەنجەرەوە تێمانگەیاند هەواکەی هەورە، نەکەی لابدەی. تێی‌تەقاند و رۆیشت و مامۆستا هێمن گوتی: خوا چاکەیان بۆ بکا ئەوجارەش سیغارەکانم لە چەنگ حەسەنی رەزگار بوون.

رەحمانی کاژەیی لە لاپەڕەی ٩٩ کتێبی "کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم" دا لەسەر هاتنی ئەنوەر سادات دەنووسێ: لە بەغدا سێ ڕێکخراوی فەلەستینی هەبوون. (ڕێکخراوی فەتح، بەرەی دیموکراتی و بەرەی گەل). هەموویان بەفەرمی بنکەی پێوەندییان لە بەغدا دامەزراندبوو. هەمووشیان دژایەتی وڵاتی میسریان دەکرد و ئەنوەر ساداتیشیان بە خائین دەزانی. لەبەر ئەوە، دەزگای هەواڵگری عێراق ڕێکاری زۆر توونديان گرتبۆبەر و بە مەبەستی سلامەتی ئەنوەر سادات هەموو بارەگا فەلەستینییەکانیان گەمارۆدابوو. ئێمەش لەو خێر و بەرەکەتە بێبەش نەکراین. وەک بۆخۆیان دوایە باسیان‌کرد: "بە هەڵە بنکەی ئێوەشمان گەمارۆدا".

بنکەی ئێمە خانوویەکی گەورەبوو. هەشت دیوی خەوی تێدابوو. لەو خانەوەدا ئەو کەسانە خوارەوە دەژیان: کەریم حیسامی، مام هێمن، دوکتور سولتانی وەتەمیشی، جەلال میراوەیی، خالید عەلیپوور و خێزان و مندالەکانی و من.

رەحمانی کاژەیی لەسەر ئەو رووداوە دەنووسێ کە ئەوان بە گەمارۆدانی مەقەر زۆر نیگەران بوون و کەریم حیسامی بە پەلە کۆبوونەوەی ئەندامانی نێو مەقەڕ پێکهێنا و داوای کرد کە هەموومان ئارامی خۆمان بپارێزین و کەس کەڵک لە تەلەفۆنی ماڵێ وەرنەگرێ و بڕیاردرا کە هەرچی خێراتر دۆستەکانمان لەو ڕووداوە ئاگادار بکەین.

ڕەحمانی کاژەیی بە دیواری ماڵێکی جیرانیان دا وەسەر دەکەوێ و خۆ دەگەیەنێتی حیزبی شیوعی و عەزیز محەممەد (سکرتێری حیزبی شیوعی) و باڵوێزی ڕووس و فەرانسە لە مەترسییەکە ئاگادار دەکا و بە حەساری ماڵی جیران دا دەگەڕێتەوە. مەئموورانی ئەمنی عێراق بە مەقەڕی حیزب رادەگەیەنن کە دەست لە هیچ شتێک نەدەن و سێ جەمە خواردنیان بۆ دێنین. رەحمانی کاژەیی لە درێژەدا دەنووسێ: گەمارۆی بنکەی ئێمە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە سێ ڕۆژی خایاند. لەو سێ ڕۆژەدا زۆر باشیان بەخێوکردین. بەقەولی مام هێمن دەیگوت: وەک بەرانی دابەستە بۆ قوربانی، باشمان پێڕادەگەن.

لەڕاستیدا، ترس و دڵەڕاوکێ باڵی بەسەر هەمووماندا کێشابوو. ئاسۆ لێل وناڕوون بوو و نەماندەزانی  چی دەقەومێ؟

کاک کەریم هەر زوو کابرای دەزگای هەواڵگری ڕام و دەستەمۆ کرد. هەر ئێوارەی یەکەم ڕۆژ لەگەڵ خۆی بردی بۆ نێو شار و تا درەنگانێکی شەو گێڕابووی. بەو کارە هێندێ لە مەترسییەکە کەم

ببۆوە و مام هێمنیش یادی بەخێر قسە خۆشەکانی وەک ڕەواڵی پێشوو دەستپێکردەوە. داستانێکی زۆر سەنج ڕاکێشی لەو ڕووداوە سازکرد بوو.

دیارە کاتێکیش کە هووەیدا، سەرۆک وەزیرانی ئێران لە ١٣٥٥/١/٦ سەردانی عێراقی کرد، دیسان ئەندامانی حێزب حەقیان نەبوو لە ماڵ بچنەدەر و حکومەت بۆخۆی نان و خواردنی بۆ بردن.

## بەشی ١٠٨
## شۆڕشی گوڵان ١٩٧٦(ڕێبەری کاتی)

دەکرێ زۆر هۆکاری سەرەکی بۆ شکستی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ وەک کێشەکانی نیوخۆیی و دەستی ئیران لە نێو بارەگای شۆڕش و لە گرێژنە چوونی جەمسەری ئیدارەی بنکەکانی فەرماندەری و گەڵەکۆمەکی وڵاتانی ناوچەیی و زلهێزەکانی جیهانی بێنە بەرباس.

لە کاتی ئەو شکستە دا کە هەموو کوردێکی دڵسۆزی نائومێدی کرد، مەلا مستەفا لە تاران بوو. ئەو هیچی بۆ نەکرا و دەنگۆ هەبوو کە دەستبەسەر کراوە. مەلا مستەفا پاش ماویەک لە تاران ڕا گەڕاوە بۆ کوردستان و لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی دا، فەرمانی درێژەدان بە خەبات و بەرخوردان داو و بڕیار درا ئیزگەی رادیو و هیندێک کەرەسەی دیکە بشاردرێنەوە و بە نەهینی ئازوقە لە هیندێک شوێنی گرینگ حەشار بدرێ.

بەڵام ئەو بڕیارە شۆڕشگێڕانەیە بەرێوە نەچوو و مەلامستەفا کە قورسایی هەموو شۆڕشی لەسەر ئەستۆ بوو، لە تەمەنی ٧٠ ساڵی و نەخۆش بوو. بۆیە لە حاجی ئومەران بێ هیوایی خۆی بەو بەرخۆدانە بە فەماندەران و کاربەدەستانی شۆڕش راگەیاند و گوتی کە شەڕ پێویستی بە توانای و لەشساغی هەیە و ئەگەر کسێکی شیاوی پێشک هاتبا کە توانای ئەوکارەی هەبا، هەموو توانایی و ئیمکانی خۆی لە ئیختیار دادەنا. مەرحومی مەلا مستەفا دەڵێ کە گەیشتۆتە ئەو باوەڕە کە ماویەک پاشەکشە بکرێ و کپ و بێدەنگ بین و دان بە جەرگی خۆمان دابگرین. ئەو گوتی کە مانگی هەنگوینی سەدام و شا زۆر ناخایەنێ و پاش شەش مانگ تا ساڵێک دیسان شۆڕش دەست پێدەکاتەوە.

ئەسعەد عەدۆ لە لاپەڕەی ٢٥ کتێبی مێژووی شۆڕشی گوڵان دا لە زمانی مەرحومی مەلامستەفا دەنووسێ: ئێمە کە بڕیاری پاشەکشە دەدەین ئەوە ناگەیەنێ کە ئۆمێدبڕ بووین. بەڵکوو نامهەوێ کە میللەتی خۆم وەک میللەتی "بیافرا"ی لێبێت. ئەگەر کەسانێکیش هەبن پڕۆپاگەندا دژی من بکەن عەفوویان دەکەم و ئەو پڕۆپاگەندانەش تەحەمول دەکەم بۆ پاراستنی میللەتەکەم.

کریس کۆچرا لە لاپەڕەی ٥٧ کتێبی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی" لە وەرگێڕانی حەسەن رەستگار، لە زمانی سامی عەبدولرەحمان سەرۆکی وەزیران دەگێڕێتەوە کە چەند حەوتوو بە دوای پەیمانی ئەلجەزایر دا، گوتویەتی کە جوڵانەوەی چەکداری کورد کۆتایی هاتووە و ئەم دەستەیە لە ڕێبەرانی کورد لە باری سیاسییەوە بە تەواو بوو دادەندرێن.

گرینگترین گرفتی ئەم سەردەمەی پارتی دێموکرات، کێشەی ئاوارە و پەنابەران بوو. کریس کۆچرا لە لاپەرەی ٥٣ کتێبەکەی دا دەنووسی کە لە ٢٢ مانگی مەی ١٩٧٥ ئیدریس بارزانی و سامی و لایەنگرانی ژێنڕاڵ بارزانی لە پانتایی ئۆردووگاکانی نەغەدە سەرگەردان بوون.

لەو کاتانەدا دەستەکانی لایەنگری بارزانی لە ئێران و ئوروپا و ئەمریکا بوون بە پەنابەر و حەبیب کەریم سکرێتێری پیشووی پارتی دێموکرات بە دوای لێبوردنی گشتی دا گەڕاوە بۆ عیراق. کۆچرا لە لاپەڕەی ٥٨ دا دەنووسێ کە کوردەکان لە ئۆردوگاکان دا زۆر بە توندی لەژێر چاوەدێری

دابوون و کسێک ئەگەر بۆ دیتنی دایک و بابی چوو با بۆ ئوردەگایەکی دیکە و ئەگەر ٤٨ سەعات ئیزن وەرگرتبا، دەبوو پێش تەواو بوونی کاتی خۆی بگەڕێتەوە دەنا زیندانی دەکرا. کوردێک کە لە لای کاربەدەستانی ئەمریکایی، بە خراپە باسی ژیانی ئۆردووگاکانی کرد بوو، ساواک بانگی دەکا و هەڕەشەی لێدەکا کە ئەگەر ئەو کارە دووپات بکاتەوە گوێ لە بزمار دەدەن. ڕێژیمی ئێران ٣٢ ئەندامی پارتی تەسلیم بە عێراق کردەوە و محەممەد ڕەزا و عارف تەیفوور لە کادری ڕێبەری و دوو کادری دیکەی پارتی بە دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر دا لە ئێران دەرکران.

لە ساڵی ١٩٧٥ یەکێک لە کادرەکانی پارتی پەیوەندی بە مەسعوود بارزانی لە تارانەوە گرت و پێیگوت کە سەرۆک ئەسەد خوازیاری ئەوەیە کە پەیوەندیو پێکەوە هەبێ. نێردراوەکە لە فرۆکەخانەی تاران گیرا و دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر بردیانە لای مەسعوود بارزانی و پێیان گوت کە هەڵسوکەوتی ئەو، زیان بە پەیوەندی ئێران و عێراق دەگەیەنێ و قبووڵ ناکرێ. مەسعوود بارزانی بۆ ماوەی ٢٤ سەعات زیندانی کرا و دوایە ژێنراڵ بارزانی لەسەر مەسعود بارزانی سەر کۆنەکرا. بارزانی گوتی کە کوڕەکەی سەربەخۆیە. بۆیە کاتێک کە ڕێگا درا کە بارزانی بۆ چارەسەر نەخۆشی بچتە ئەمریکایە، مەسعوود بارزانی پێویستی چوونی لەگەڵ بابی کردە بیانوو و تا رووخانی ڕێژیم نەگەڕاوە بۆ ئێرانێ.

دیارە بە دوای شکستی ساڵی ١٩٧٥ دا کەسانێک چەکیان دانەنابوو و تەسلیمی عێراق یان ئاوارەی هەندەران نەببوون و لە سنووورە شاخاوییەکانی نیوان ئێران و عێراق و تورکییە و سووریيەدا بە نەهێنی دەژیان. مانەوەی ئەوانە بوو بە پێگەیەک بۆ زیندووبونەوە شۆڕشێک کە بە شۆڕشی ئەیلوول بە ناوبانگ بوو.

چل ڕۆژ دوای شکستی ١٩٧٥ بە دوور لە چاوی سیخوڕانی ساواک، مەسعوود بارزانی توانی لەگەڵ هێندێک لە کەسایەتییەکانی سەروی پارتی وەک جەوهەر نامیق، عارف تەیفور، کەریم شەنگاڵی، ئازاد بەرواری و حەمەرەزا و ... لە دەرەوی شاری نەغەد کۆ بێتەوە و بەرنامەی گەڕانەوە بۆ ناوخۆی کوردستان و درێژەدان بە شەڕی چەکداری تاوتوێ بکەن. سەید کاکە یەکێک لە پێشمەرگەکانی پارتی لە لاپەری ٧٤ بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک دا دەنووسی کە دوو مانگ دوای شکستی شۆڕش لە حاڵێکدا مەلا مستەفا نەخۆش بوو، مەسعود بارزانی ناردوویە بە دوای ئەو و فارس باوە و عەریف ئەبوو زێدۆ و چەند کەسی دیکە و پێیگوتوون کە دەستەیەک پێشمەرگەی ئازا ئامادە بکەن و دوای چەند ڕۆژی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ باشووری کوردستان و دەست بە شەری پارتیزانی دەکەن.

سەرەڕای بەربەست و چاوەدێری ساواک بەسەر پەنابەرانی کوردی باشوور لە ئێران، کریس کۆچرا لە لاپەڕەی ٥٧ کتێبەکەی دا دەنووسی کە دوو مانگ دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی کورد، لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥ یەکەم دەستەی پارتیزانی پارتی بە پەساپۆرتی ساختە گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە چوارچێوەی پڕپاگەندا و هێندێک کاری نیزامی دەستیان بە تێکۆشان کرد. کۆچرا لە لاپەڕەی ٥٧ دا دەنووسێ دواتر لە ٢٦ مەی ١٩٧٦ بە گەڕانەوەی دوو کادری حیزبی، بە ناوەکانی کەریم

سەنجاری و سەلیم (جەوهەر نامیق) و بە بەشداری ٣٠٠ پێشمەرگە، خەباتی نوی بە رەسمی دەستی پێکردەوە.

کریس کۆچرا لە لاپەڕەی ٥٩ ی کتێبەکەی دا باسی رێبەری کاتی دەکا و لە زمانی سامی عەبدولڕەحمان دەڵێ کە لە ئاخری ئۆکتۆبر یان سەرەتای نوامبری ١٩٧٥ لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆ بوونەوە و رێبەری نوێی کومیتەی کاتیان دامەزراند. نووری شاوەیس لە ئوروپا بوو کرا بە ئەندام و لەگەك عەلی عەبدولڵا لە مەسکۆ قسە کرا و دوایە سامی لە نوامبری ١٩٧٥ دا چووە ئوروپا و لەگەڵ هێندێک لە جەوانان قسەی کرد و ئەوان ئامادە بوون بۆ گەڕانەوە.

کۆچرا دەڵێ بە فەرمانی مەسعوود بارزانی کە لە ئەمریکا بوو لە ئووتی ١٩٧٦ بە سەرۆکایەتی نووری شاوەیس یەکەم کۆنفراس لە برلین پێکهات و کومیتەیەکی ١٣ کەسی دیاری کران کە بریتی بوون لە سامی عەلی عەبدوڵا، نووری شاوەیس، حەمە(محەممەد) رەزا، سەلیم (جەوهەر نامیق)، عارف تەیفور، دوکتور کەماڵ، دوکتور جەعفەر مەجید، دڵشاد میران، ئازاد عەفاف، وریا ئەسعەدی.

دیارە جەوهەر نامیق لەو کۆبوونەوە دا نەبوو و لە کوردستان بوو و بە قسەی مەسعوود بارزانی هەڵسوورترین کەسی رێبەری بوو. بە دروست بوونی ریبەری کاتی، هێندێک لەو کەسانەی کە لە نێوخۆی وڵات دا خەباتیان دەکرد نیگەران و ناڕەحەت بوون و پێیان خۆش نەبوو کە کەسانێک لە لەندن و پاریس را بگەڕێنەوە بەسەر ئەوان کە لە شاخەکان مابوونەوە و زەحمەتیان دەکێشا، فەرمان بدەن.

بەمشێوەیە لە ٢٦ گوڵانی ١٩٧٦ بە تێپەڕبوونی ساڵێک بە سەر هەرەس هێنانی شۆڕش کوردستانی باشوور، پارتی دێموکرات کوردستانی عیراق، قیادەی مووەقەتی (رێبەری کاتی) دامەزراند.

ئەوجار ئیدریس بارزانی کە بە قسەی باڵوێزخانەی ئەمریکا، ئێرانییەکان پێیانگوت بوو کە نابی لەگەڵ کوردستانی باشوور پەیوەندی بگرێ، لە بەهاری ١٩٧٧ چوار فەرماندەی گەورەی نیزامی بە پێشمەرگەوە کە دەبووایە بە دزی ئۆردوگاکانیان بەجێهێشتبا و هەڵاتبان بۆ عێراق، بە ناوەکانی عارف یاسین، حامید ئەفەندی، مولازم یۆنس، مستەفا نێرۆیی ناردەوە بۆ باشووری کوردستان.

عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ١٧١ ئەزموونی خەبات دا لە وڵامی پرسیاری "قیادە موقت" چی بوو، بۆ پێک هات و کاری بە کوێ گەیشت؟ بە وردی باسی دەستە و گروپەکانی نێوخۆیی پارتی دێموکرات بە دوای رێکەوتنی ئەلجەزایر دا، دەکا و دەڵێ: ئەوەش ئەمن زۆر لە جوزئیاتەکەی ئاگادار نیم. بەڵام پاشی ئەو شکستە یان ئەو نوشوستی یەی لە ئاکامی ڕێککەوتنی ئەلجەزایردا بەسەر کورد هات، پارتی دێمۆکڕاتی کوردستان بە زۆرجۆر لێک هەڵوەشا. ئەگەر لەبیرمان بێ پاش بەیانی یازدەی ئادار، پارتی کە لەت ببوو بە جەلالی و مەلایی، یەکی گرتەوە. ئێستا ئەو یەکگرتنەوەیە چۆن بوو ئەوە باسێکی دیکەیە. بەڵام بە هەرحاڵ ئەوانیش هاتنەوە نێو پارتی. لە هەوەڵەوە ناویان گۆڕی بە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و لەپاشان هاتنەوە نێو پارتی. دیارە بەشێکیان ناڕازی بوون. ئەوان بۆخۆیان بوون بە دوو دەستە. دەستەیەک هەر بوون بە پارتی

دێمۆکڕاتی کوردستان و دەگەڵ دەوڵەتی عێراق هاوکاری یان دەکرد. دەستەیەکیش هەر بە ناوی حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان مانەوەو دەگەڵ دەوڵەتی عێراق بوون. ئەوان حیزبێکی ڕەسمی بوون. یانی حیزبی ڕۆژی تەنگانە بوون. هەر وەخت ئیختیلاف لە بەینی دەوڵەت و بزووتنەوەی کورددا ساز دەبوو، ئەوانە بەرجەستە دەکران و وەک پارتی دێمۆکڕاتی کوردستان و پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ناویان دەبردن. ئەگەر نێوانیشیان دەگەڵ پارتی خۆش دەبوو، ئەوانە بایەگانی دەکران، ناویان دە کوولەکەی تەڕیش دا نەدەما.

بەڵام کە ئەو نوشوستی یەی بەسەردا هات، ئەوجار ئیدی پارتی ئەو یەکپارچەیی یـــەی نەمـــاو لێک هەڵ وەشا. چەند شتی لێ پەیدا بوون: بەشێکیان شتێکیان دروست کرد بە ناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان. بزووتنەوە، دوایە لەوانەو لە کەسانی دیکە بوو بە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان. ئەوە دوایە پەیدا بوو. ئەو بەشانەش کە سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوون، وەک مام جەلال و ئەوانی دیکە پاش ماوەیەک یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیان پێک هێنا. دوکتۆر مەحموودو ئەوانە لە هەوەڵـــەوە بێلایەنی یان ئیختیار کرد. دوکتۆر مەحموود بۆخۆی نامەیەکی بڵاو کردەوە. ئەو مەوازیعەکەی لە هەموان ڕوونترو سەریحتر بوو. دیارە دوکتۆر مەحموود بە جۆرێک دوایە چووە گەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستی. ژمارەیەکی دیکە لە ڕێبەرانی پارتی، بە تایبەتی کوڕانی مەرحوومی بارزانی واتە کاک ئیدریس و کاک مەسعوودو کاک سامییش کە ئەو وەختی هەر دەگەڵ ئەوان بوو، شتێکیان ئیعلام کرد بە ناوی "قیادەی مووەققەتی پارتی دێمۆکڕاتی کوردستان". مەسەلەکە ئەوە بوو کە پارتی لێک هەڵوەشاوە. وا دەمودەست ئیمکانی گرتنی کۆنگرەشی نیە بۆ ئەوەی شەرعییەتێکی هەبێ. بۆیە قیادەیەکی مووەققەتیان دانا. دوایە کۆنگرەی نۆیەمیان گرت جا ئەوجار ناوی قیادە مووەققەت هەڵگیرا. دیارە هەتا ماوەیەکی زۆریش لە دوورەوە هەر پێیان دەگوتن قیادە مووەققەت. بەڵام ئیدی ئەوان ناوی قیادەیان لەسەر نەمابوو.

کەریم شەنگاڵی دەڵێ کە رۆژی٢٦ گوڵانی ١٩٧٦ بە رەسمی ئێعلانی شەری چەکداری کرا و لە ناوچەی گۆلێ و گوندی نزۆر هێرش کرایە سەر مەقەڕەکانی رێژیم و یەکەم شەهید کە درا سەید کەریم بوو.

بە پێی لاپەڕەی ١٤ بەرگی ٦ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی ئەو لە رۆژی ١٩٧٩/٢/٢٤ لە "لارناکا" پێتەختی قیبرس، چاوی بە مەسعوود بارزانی کەوت و لەسەر دامەزرانی قیادەی موەقەت پێیگوتووە: لە مەودای خەباتدا ئێمە توشی هەڵەی زۆر بووین. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە خەڵکی تر هیچ هەڵەیان نەکردوە و دەیانەوی تەواوی کاسە و گۆزە لە سەری ئێمەدا بشکێنن. خەڵکی تریش هەڵەی بووە، ئێمە ناتوانین چونکە هەڵەمان بوە، لە ساحەی خەبات دوور کەوینەوە. ئێمە ئامادەین واز لە ناکۆکی رابردوو بێنین، لە گەڵ جەلال و حیزبی کمونیستتیش هاوکاری تازە دەست پێبکەینەوە.

لە درێژەی قسەکان دا، مەسعود بارزانی باسێ هەڵوێستی تازەیان دەکا و کەریمی حیسامی قسەکەی پێ گرینگ دەبێ و ئیزن دەخوازی کە بینووسێ و بە پێی لاپەڕەی ١٤ بەرگی ٦ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، مەسعود بارزانی دەڵێ: لە گەڵ ئیعادەی رێکخراو بڕیارمان دا کە مەسەلەی کورد لە عێراق رەبت نەکرێ بە هیچ دەوڵەتێک کە کوردی تێدایە...

## یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ١٩٧٥

کریس کۆچرا لە لاپەرەی ٥٣ کتێبی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی" لە وەرگێڕانی حەسەن رەستگار لە سەر دامەزران و دەست پێکردنەوەی خەباتی حیزبەکان، دەنووسی کە هەر یەک لە دوو حیزبی یەکێتی و پارتی ئیدعا دەکەن کە ئەو یەکەم حیزب بووە کە بە دوای تێکشکانی جوڵانەوەی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ دەستییان بە خەبات کردوتەوە.

کۆچرا دەنووسی کە لە ٢٢ مانگی مەی ١٩٧٥ کاتێک ئیدریس بارزانی و سامی و لایەنگرانی ژێنراڵ بارزانی لە پانتایی ئۆردووگاکانی نەغەدە سەرگەردان بوون، چەند کەسێک لە دەستەچەپییەکانی حیزبی قەدیمی ژێنراڵ بارزانی لە میوانخانەیەکی شاری مەهاباد کۆ دەبنەوە کە لە نێویان دا عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، دوکتور خالید کە لە ساڵی ١٩٦٤ بە هۆی مام جەلال بە دژی بارزانی هان دەدران، لەگەل تاهیری عەلی والی و رەسووڵ مامەند، حیزبی سویالیستیان پێکهێنا. چەند مانگ دواتر عەلی عەسکەری و دوکتور خالید لە ناوچەی قەڵادزێ و کۆیە دەستیان بە تێکۆشان کرد و زۆر پێنەچوو نیزیک بە هەزار پێشمەرگەیان لە خۆ کۆ کردەوە. هاوکات دەستە چەپییە توندرەوەکانیش کومیتەی مارکسیست لێنینیستی کوردستان (کۆمەڵە) یان دروست کرد. چل کەس لەوانە لە سوورییە را گەڕانەوە بۆ ناوچەی بادینان بەڵام تووشی شکست و ناکامی بوون و برایم عەزۆ لە تورکیە گیرا و لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە ئێعدام کران.

هەروەها دێموکراتەکان وەک مام جەلال و کەماڵ خۆشناو و کەماڵ فوئاد، هێڵی پانیان دروست کرد و ئامانجی ئەوانە کۆ کردنەوەی هەموو رێکخراوە سوسیالیست و دێموکرات و چەپەکان لە کومیتەیەکی یەکێتی نیشتیمانی دا بوو. لە ساڵی ١٩٧٧ هەل بۆ خەباتی نیزامی رەخسا و جەلال تاڵەبانی لە ٢١ ژووئییە لە سووریە را گەڕاوە بۆ کوردستان و لە کۆبوونەوەی برادۆست بە بەشداری ٦٣ نوێنەر، لە هەر سێ رێکخراوی بزوتنەوەی سوسیالیست و کۆمەڵە و خەتی پان، کۆنگرەیەکی بەست و بە سکرێتری حیزب هەڵبژێردرا. دەفتەری سیاسی دیاری کرا کە بریتی بوون لە ئاران و ساڵح لە کۆمەڵ و عەلی عەسکەری و رەسووڵ مامەند لە سوسیالیستەکان. ئامانجی یەکێتی نیشتمانی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ عێراق و ناساندنی بارزانی بە خائین و بڕینی پەیوەندی بە بنەماڵەی بارزانی و دەوروبەریەوە بوو.

کریس کۆچرا لە لاپەرەی ٥٥ کتێبی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی" دەنووسێ ئەو گورگە رادیکاڵە (مام جەلال) کە لە ساڵی ١٩٦٤ بارزانی بەجێهێشت و لە ساڵی ١٩٦٦ تا ساڵی ١٩٧٠ بەکرێگیراوانی کوردی لە بەغدا رێبەری دەکرد و ئەو دوای ١١ ئازاری ١٩٧٠ لە لایەن

سەدامەوە بە شێوەیەکی نالەبار دەرکرا و دوایە لە ساڵەکانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ لە سووریيە و لوبنان دەژیا و لەگەڵ ریبەری فەلستین لە پەیوەندی دابوو و جۆرج حەبەش رێبەری بەرەی خەڵک بۆ ئازادی فەلەستین، ئەوی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی خۆی ناساند بوو، دڵنیا بوو کە سەربەخۆیی کوردستان بە پشتیوانی ناسیونالیزمی کورد و بزوتنەوەی ئازادیخوازی عەڕەب و بنەمای پێشکەوتوخوازی، بە ئەنجام دەگا.

کۆچرا لە لاپەڕەی ٥٦ دا دەنووسێ کە یەکێتی نیشتیمانی ستراتیژی خۆی لەسەر بناغەی یەکێتی نەتەوەیی عێراق دامەزراند و کومیتەیەکی هاوئاهەنگی پێکهێنا کە بێجگە لە یەکێتی، ریکخراوەکانی عەڕەبی وەک بزوتنەوەی سوسیالیستی عەڕەب، بەعسی چەپ (سەر بە سووریيە)، رێبەری ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق کە لە حیزبی کۆمۆنیست جوێ ببووە، هەروەها بزوتنەوەی جوراجوری ناسری، حیزبی ئایەتوڵا سەید سابیت پەنابەری لیبی، حیزبی سوسیالیستی رەشید موحسینی رێبەری پێشووی ئیتلاعاتی عارف پەنابەری قاهیرە و حیزبی یەکبوونی لە خۆ کۆ کردەوە.

بە گشتی دەکرێ بگوترێ دوای شکستی گەورەێ شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ لە باشووری کوردستان، بەشێک لە کادرەکانی پارتی دێموکرات، کە لە پارتی جوێ ببوونەوە و رێکخراوی خەتی گشتی و کۆمەڵە و بزوتنەوەی سوسیالیست(یان) پێکهێنا بوو، لە شام و قاهیرە پێکەوە دانیشتن و لە رێکەوتی ١٩٧٥/٦/١ یەکێتی نیشتیمانیان لە سوریە دامەزراند. دارێژەرانی یەکێتی نیشتیمانی بریتی بوون لە جەلال تاڵەبانی، دوکتور فوئاد مەعسوم، دوکتور کەماڵ فوئاد، عەبدولرەزاق میرزا(فەیلی) و چەند کەسی دیکە. ئەوە کارە، کردەوەیەک کوتوپڕ بوو و یەکێتی زۆر زوو لە نێوخۆ و لە سەر سنوور مەفرەزەی دامەزراند. لە سەرەتا دا دەستەیەک پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی بە ٦ بار چەک و تەقەمەنی لە تورکیا را هاتنە ناو کوردستانی ئێران و بە ئاگاداری پاسگاکان ئێرانی چوونە ناو کوردستانی باشوور. بە پێی ئاگاداری ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەبەرانی یەکێتی نیشتیمانی لە ماڵە مەلا خەلیل لە گوندی موسالان، لە گەڵ ئەفسەرانی ئێرانی کۆبوونەوە. یەکێتی نیشتمانی بە نەهێنی وردە وردە جمووجۆڵی سیاسی بە رێبەری جەلال تاڵەبانی دەستی پێکرد و لە گووندەکانی "خڕێ نێوزەنگ" و "شێنێ"ی وەک ناوەندی شۆڕش جێگیر بوو. ئەو رێکخراوەیە لە ماوەیەکی کەم دا پەرەی ئەستاند و تەنانەت لایەنگری زۆریشی لە ناو خەڵکی کوردستانی ئێران دا پەیدا کرد.

لەو قۆناغەدا رێژیمی ئێران بە ئاگاداری تەواو لەسەر جوڵاونەوەی کورد، سەرەرای هاڵۆزی لە نێوخۆیی ئیران، لە کاتی سەرۆک وەزیری ئەرتەشبوود غولامرەزا ئەزهاری دا، هێزێکی زۆری لە سنووری کوردستان مۆڵ دا تا بە رواڵەت پێشی لە بووژانەوەی شۆڕشی باشووری کوردستان بگرێ.

دەسپێک و گەڕانەوەی هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی، ئەگەر تەنیا بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق با، کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو بەڵام تەوەری کاروتێکۆشانی ئەو رێکخراوە بە

دژایەتی لەگەڵ پارتی دێموکرات کوردستانی عێراق بوو و دوژمنایەتی لە ئاشتی نەهاتووی ساڵانی مەلایی و جەلالی بە رووکەشێکی نوێی تێئۆریزە و زیندوو کراو.

لە ساڵی ١٩٧٧ شەڕ لە نیوان دەوڵتی عێراق و یەکێتی نیشتمانی بە توندی دەستی پێکرد. سێ مانگ دوای دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی، بۆ دژایەتی بە سەردانی سادات بۆ ئۆرشەلیم، فەلەستینییەکان داوایان لە یەکێتی کرد کە بۆ بەهێز کردنی بەرەی دژ بە ئیسرائیل، لەگەڵ عێراق وتووێژ بکا. کۆچرا لە لاپەڕەی ٦٥ کتێبەکەی دا دەنووسێ، عەلی عەسکەری لە ٢٣ ی نوامبری ١٩٧٧ چاوی بە سەدام یاریدەدەری سەرکۆمار لە بەغدا کەوت. لەسەر سێ خاڵ وتووێژ کرا کە بریتی بوون لە بەڕێوەبردنی خودموختاری و یاسایی کردنی حیزب و رێکخراوەکان و ئاسایی کردنەوەی وەزع لە ٣٠ کیلۆمیتری سنوورەکان. بەڵام سەدام گوتی کە یاسایی کردنی حیزبەکان تەنیا لە چوارچێوەی بەرەی نیشتیمانی دا دەبێ و ئاسایی کردنەوەی سنوورەکان بە هیچ شێوەیەک ئیمکانی نییە چوونکە لە ناوچە عەڕەبییەکان بەڕێوە چووە و بەمشێوەیە وتووێژ کۆتایی هات و عەلی عەسکەری گەڕاوە.

یەکێتی نیشتیمانی هەر لە بناغەوە سەربەخۆیی سیاسی خۆی نەپاراست و کەوتە داوی بەشی ئەمنی ئێران و سووریيە و بە دژی رێکخراوەکانی نێوخۆیی باشوور کوردستان، بە تایبەتی پارتی دێموکرات کەڵکی لێوەرگیرا و ئەو رێکخراوەیەی بە دژبەری سەرەکی خۆی دانا و ئەو بۆچوونە چەوتە کە دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو، تا ئیستاش کە ساڵی ٢٠٢٠ نەبڕاوەتەوە.

کریس کۆچرا لە لاپەرەی ٤٨ کتێبەکەی دا دەنووسی کە هەڵەی گەورەی روناکبیران، وەک برایم ئەحمەد و مام جەلال لەوە دا بوو کە نەیاندەتوانی قبووڵی بکەن کە بارزانی نوێنەرایەتی هەموو پارچەکانی کوردستانی دەکا.

لە ساڵەکانی دوای ١٩٧٥ دا پارتی دێموکرات ناوچەی بادینانی کوردستانی باشووری بەدەست بوو رێگەی نەدەدا کە یەکێتی نیشتمانی لە سنوورەکانی سووریە و ناوچەی بادینان چەک لە سوورییەڕا بێنێ. بۆیە لە بەهاری ١٩٧٨ جەلال تاڵەبانی بۆ پاک کردنەوەی ناوچەی بادینان و هێنانی چەک و تەقەمەنی، بە فەرماندەری عەلی عەسکەری و دوکتور خالید، سەدان پێشمەرگەی نارده ئەو مەڵبەندە و لە سەرەتای مانگی ژووئەن شەڕێکی خوێناوی لە نێوان پاری و یەکێتی لە کوردستانی باکوور رووی دا. عەلی عەسکەری و دوکتور خالید و شێخ حوسێن رێبەری یەزیدییەکان گیران و ئێعدام کران. ٥٠ پێشمەرگەی یەکێتی کوژران و ٢٠٠ تا ٣٠٠ کەس گیران و زیندانی کران و ١٠ پێشمەرگەش لە لە بەفر و سەرما دا مردن. ئەوە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕی براکوژی لە نێو پارتی و یەکێتی و حیزبە چکۆلەکانی دیکە دا بوو. لەو شەڕە دا زیانی زۆر وەبەر بەشی حیزبی سوسیالیست کە لقێکی یەکێتی نیشتیمانی بوو کەوت و لەوانە بوو بە تەواوی لەناو بچن. بۆیە یەکێتیان بەجهێشت و لەگەڵ کومیتەی کاتی دوکتور مەحموود عوسمان کەوتن.

دوکتور مەحموود عوسمان لە مانگی ئووتی ١٩٧٩ دا لەگەڵ رەسووڵ مامەند و تاهیری عەلی والی حیزبی سوسیالیستی یەکگرتووی عێراقیان دامەزراند و هەوڵیان دا رەوتێکی سێهەم لە چەپی

پارتی دێموکرات پێک بێنن. ئەوانیش لەگەڵ یەکێتی کێشەیان لێ پەیدا بوو تا لە ئۆکتۆبری ١٩٧٩ لەگەڵ سەدام کەوتنە وتووێژ. بەڵامەو قۆناغە دا دوو رووداو هاوکێشەی ناوچەکەی بە تەواوی گۆڕی، شۆڕشی ئێران و تێکچوونی پەیوەندی حیزبی کمۆنیستی عێراق و رێژیمی سەدام لە ساڵی ١٩٧٩. حیزبی کمۆنیست لە ساڵی ١٩٧٢ لە چوارچێوەی بەرەی نەتەوەیی بە ئیشارەی رووسەکان لەگەڵ بەعس یەکیان گرت. کریس کۆچرا لە لاپەڕەی٦٧ کتێبەکەی دا دەنووسێ کە لە ساڵێ ١٩٧٧ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست لە راپۆرتێک دا، باسی خراپی وەزعی عێراق و پەیوەندی خۆیان لەگەڵ حیزبی بەعسی عێراق بڵاوکردەوە و ناوەرۆکی ئەو هاوپەیمانییان خستە ژێر پرسیار. بەڵام بە هۆی ئەوە پۆستی گرینگیان هەبوو و نەیاندەویست یاسایی بوونی حیزبەکەیان تێکبچی، پەیوەندی خۆیان لەگەڵ رێژیم پاراست. ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست بکەونە بەر ئازار و ئەشکەنەجە و کوشتن. دەوڵەتی عیراق ٢٠ کەس لە ئەندامانی ئەو حیزبەی بە تاوانی پێکهێنانی رایەڵە لە نێە ئەرتەش دا ئێعدام کرد.

لە چاوپێکەوتنی سەدام و برژنێف لە دیسامبری ١٩٧٨ سەدام بەڵێنی دا کە بە گەڕانەوەی کێشەی خۆیان و حیزبی کۆمۆنیست چارەسەر بکا. بەڵام هەرکە گەڕاوە بۆ بەغدا بەڵێنێکەی شکاند و یۆسف ستفان و عەبدولنەمیر عەباس ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و دوکتور سالم مێهدی و جەواد تۆما ئەندامانی ناوچەی بەرەی بەسرە گیران و توند و تیژی لەگەڵ ئەندامانی ئەو حیزبە دەستی پێکردەوە. بۆیە چەند مانگ دواتر پەیوەندی دوو حیزب پچڕا و رۆژی ١٣ مەی ١٩٧٩ چاپەمەنی طریق الشعب (رێگای گەل) راگیرا و دەفتەری حیزبی کۆمۆنیست بەسترا. لە کۆتایی مانگی ژووئییەدا، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست سیاسەتی سەرکوتگەرانەی رێژیمی عیراقی لە هەمەوو بوارەکان دا خستە بەر رەخنە. حیزبی کۆمۆنست وتووێژی لەگەڵ سەدام حوسێن کە لە ژوئییەی ١٩٧٩ بوو بە سەرکۆمار، رەد کردەوە و داوای لە خەڵک کرد کە بۆ رووخانی رێژیم تێبکۆشن. لە مانگی ئووت رێگای گەل بە نەهینی بڵاو بۆوە و لە مانگی نوامبر دا یەکەم دەستە لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست گەیشتنە دۆڵی ئەحزاب و لە سنووری ئێران و عێراق کە مەقەڕی مام جەلالیش لەوێ بوو. بەمشێوەیە حیزبی کۆمۆنیست خەباتی چەکداری دەست پێکرد. دوو تا سێ هەزار کەس لە ئەندامانی ئەو حیزبە گیران و بەو رادەیەش ئاوارەی هەندەران بوون.

یەکێتی نیشتیمانی هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاتیش بە خراپ جوڵاوە. بە پێی لاپەڕەی ١٣٧ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئیران مام جەلال بە دوو شێوە هەوڵی دا دژی حیزبی دێموکرات کار بکا: یەکەم لە رێگای یارمەتی و هاندانی کۆمەڵە کە تازە دەهات گەرای دادەنا. دووەم لە رێگای هێنانەوەی هێندێ عەجەمی مائۆئیست بە سەرۆکایەتی (سمایل عەجەم).

بە پێی ئەو سەرچاوەیە مەلا عەزیزی ئەحمەدی نامەیەکی مام جەلالی دەست کەوتبوو کە بۆ دوکتور تالیب بەرپرسی کاروباری یەکێتی لە ناوچەی پشدەر دەنووسێ: بە برادەرانی حیزبی

دێموکرات رابگەینە کە لە ناوچەی پشدەر دەژین، ئەوا رێبەرایەتی حیزب لە گەڵ من گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. پێویستە ئەوانیش بێن لە ژێر رێبەرایەتی حیزب دا لە کوردستانی ئێران شۆڕش بەرپا بکەن و دەست لەوانەی بەغدا هەڵگرن.

بە دوای ئەوانەدا لە سەر قسەکانی مام جەلال، رێبەرایەتی حیزب لە بەغدا پەیوەندی بە دوکتور قاسملووە گرت. ئەو وڵامی داوە کە نەک لە گەڵ مام جەلال ناگەڕێتەوە بەڵکوو لێشی رازی نییە. دواتر بە هۆی ئەندامانی حیزب دەرکەوت کە ئەوکەسەی کە مام جەلال هێناویێتی بۆ ئەوەی بیکا بە رێبەری حیزب، کەسێکی فارسە بە ناوی سمایل عەجەم کە سەردەمێک دۆستی نیزیکی هاشم کەریمی و حەمەدەمینی سیڕاجی بوو.

لەسەر سمایل عەجەم، هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی١٤١ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە بە دوایساڵی ١٩٧٥ لە بەغدا سەردانی کتێبخانەی بیری نوێ دەکرد کە شاسوار جەلال (ئارام) لەوێ بووە و زۆر جار کەسێکی لەوێ دیوە بە ناوی ئیرەج کەشکۆڵی. ئیرەج یەکێک لە رێبەرانی حیزبی تودەی شۆڕشگێر بوو و لەوێ ناوی سمایل عەجەمی لەسەر خۆ نابوو. ئەو جارێک لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزب چوو بووە بۆ ناخۆی وڵات. هاشم کەریمی دەنووسێ کە کەریمی حیسامی پێیخۆش نەبوو کە چاوم بە ئیرەج کەشکۆڵی (سمایل عەجەم) بکەوێ.

لە رێکەوتی ١٩٧٨/٩/٥ کەریمی حیسامی لە بۆڵغارستان چاوی بە دوکتور کەماڵ خۆشناو کەوت و ئەو باسی رێبازی تازەی یەکیتی نیشتیمانی بۆ کرد و لە قسەکانی دا دەڵێ کە یەکێتی، وڵاتی سوڤییەت بە دۆستی خۆیان دەزانن. هەوڵ دەدەن لە حیزبە کمونیستەکان و لە حیزبە کوردستانییەکان کە بیری پێشکەوتویان هەیە نیزیک ببنەوە و دەست لە کاریان وەرنەدەن. ئەوجار نایانەوێ دەست لە کاروباری کۆمەڵەی خوێندکاران وەردەن. ئەو بە کەریمی حیسامی گووتوە کە هەنگاویان بۆ ئەو مەبەستە هەڵێناوەتەوە و بە عومەر دەبابەیان گوتوە، بە ناوی جوڵانەوە قسە نەکا. بە برایم ئەحمەدیان گوتووە کە باشترە لە گەڵ تۆفیق وەهبی خەریکی کاری ئەدەبی بن. بە کەمال فوئادیان گوتوە دەست لە کاروباری خوێندکاران و کۆمەڵە هەڵبگرێ و لە گەڵ برایم ئەحمەد کاری ئەدەبی بکا. کەریمی حیسامی لە وڵامی دا  دەڵێ کە بەڵام بە کردەوە، ئێوە بە پێچەوانەی ئەمە هەنگاو دەنێن و مام جەلال دەست لە کاروباری کوردەکانی ئێران وەردەدا، کابرای عەجەم دێنی و ناوی حیزبیدێموکراتی لە سەر دادەنێ. ئەوانەی نستانییەکانیان تەحویل داوە، پەنای داون.

بە پێی لاپەڕەی ٢٤٠ بەرگی پینجەم "لە بیرەوەرییەکانم"ی کەریمی حیسامی، بە دوکتور کەماڵ لە وڵام دا دەڵێ: ئەوانەی تەسەروفاتی شەخسین و سیاسەتی یەکیتی نییە. ئێوە نابی حیساب لە سەر تەسەروفاتی شەخسی بکەن.

ئەوەی لە دەنگی یەکێتی دا نووسراوە، کەماڵ فوئاد بە قسەی مام جەلال نووسیویەتی. ئەو خەبەری داوە کە تاوانبار گیراون و ئێعدام دەکرێن. من داواتان لێدەکەم لێمان نیزیک بنەوە. ئێوە دەتوانن لە سەر رێبازی ئێمە تەئسیرتان هەبێ و باڵی چەپی پێشکەوتنخوازی بزوتنەوەی کورد بە هێز بکەن. ئێمە ئێستا مائۆئیستەکامان دوور خستۆتەوە و لە نەمسە و سوئێد بوون بە تروتسکیت.

ڕەنگە هێشتا وەک فەرد یا بیروباوەڕ لە نێومان دا مابن. بەڵام وەک دەستە و ڕێباز نەمان و لە گەڵمان نابن.

بە پێی لاپەڕەی ١٩٠ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، لە کۆبوونەوەی ئیستراتیژی کورد لە بیروت واتا "وەرەقەی عەمەلی ڕێکخراوە کوردستانیەکان"، کە بە هۆی دوکتور قاسملوو بە عەرەبی نووسرا و مەلا عەولای حەسەنزادە کرد بوویە کوردی. لە ڕۆژی ٢ دیسامبری ١٩٧٧ حیزبە کوردستانییەکانی ئێران و تورکیە و عێراق بە بەشداری نوێنەرانی یەکێتی نیشتیمانی و لێژنەی ئامادەیی پارتی دێموکراتی کوردستان(دوکتوور مەحمود عوسمان) حیزبی دێموکراتی پێشکەوتووی کورد لە سوریا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی سوریە (الپارتی)، حیزبی دێموکراتی چەپی کورد لە سوریا، کۆبوونەوە و لە چەند بەش دا داوا لە یەکێتی نیشتیمانی کرا کە لەسەر ئەو بابەتانەی خوارەوە ڕوون کردنەوە بدا: ...

٤ - ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی "یەکیتی نیشتیمانی" ئایا هی هەموو کوردستانە؟ ئەگەر نا بۆچی کوردی ئێران و سوریای تێدایە؟ - بردنی ئێرانی بۆ کوردستانی عێراق بۆ ناو پێشمەرگە بۆچی‌یە؟

٥ - ڕرونکردنەوەی پەیوەندی یەکێتی نیشتیمانی لە گەڵ ڕێژیمی ئێران و مەترسی پێکهێنانی ئەو پەیوەندیە - تەحویل دانەوەی دوو برادەری ئێمە، مەسەلەی برایم ئەحمەد.

بە دامەزرانی ئەو ڕێکخراو و تاقم و دەستە تازانە، هێندێک دیاردەی نوێ هاتە نێو خەبات و تێکۆشان ئەو گرووپانە کە بە لای پارتی دێموکراتی کوردستان دا بێزراو و قیزەوەن بوو. کریس کۆچرا لە لاپەڕەی ٦٣ کتێبی "بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی" لەژێر سەردێڕی "یەکەم بارمتە گیری" دەنووسێ: لە نیوەی مانگی نوامبری ١٩٧٦، دەستەیەك کۆماندۆی کورد هێرش دەکەنە سەر شوێنی کاری تێکنیسێنەکانی شیرکەتی نەوتی فەرانسەوی کە خەریکی درووست کردنی کۆمەڵێك خانووی پێشساختە بوون لە گوندی حاجی‌ئۆمەران نیزیك سنووری ئێران،و بۆ شەوێك دەست بەسەریان دەکەن. لە سەرەتای مارسی ١٩٧٧ دەستەیەکی ٥٠ کەسی پێشمەرگە بە ماشێنی جیب جێ‌گۆڕکێ‌یان کردووە، دەچنە سەر دەستەیەکی تێکنیسێنی فەرانسەوی کە لە دەوروبەری کفری خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە بواری بوومەلەرزە پێوی‌و ئەوان تووشی سەرسووڕمان دەکەن. پێشمەرگەکان فرمانیان پێ‌دەدەن کار لە عێراق جێ‌هێڵن. پێشمەرگەکان کەرەسەو ئامرازەکانیان لەناو دەبەن‌و لە شوێنەکە دوور دەکەونەوە.

چەند ڕۆژ پێشتر لەم کارە، ڕۆژی ٢٧ی فێوریەی ١٩٧٧ دوو فەرانسەوی‌و ئەلجەزیریەك لە ناوەندی گەشت‌و گوزاری لە شاری مەسیف سەلاحەددین لە باکووری هەولێر...

خەریکی کار بوون بەهۆی دەستەیەك پارتیزان ڕفێنران. هەر لەوکاتەدا، چەند لەهستانی کە لە ناوچەی سلێمانی کاریان دەکرد تووشی چارەنووسێکی لەم بابەتە بوون. ئەوە هەوەڵین جارە کە ڕێکخراوە کوردی‌یەکان دەست دەدەنە ڕفاندنی خەڵك، چونکە ژێنراڵ بارزانی هەموو کاتێك لەگەڵ هەرجۆرە کردەوەیەکی ترۆریستی کە پێوەندی بە لەمەترسی کەوتنی گیانی خەڵکانی بێ‌تاوان با دژایەتی دەکرد. کاربەدەستانی عێراقی لە شیرکەتەکانی فەرەنسەیی‌و لەهستانی داو دەکەن

بێدەنگیی تەواو لەبەرچاو بگرنو ئەم داوایە جێبەجێ دەکرێ. مانگێك دواتر، لەهستانیەکان لە ئێران ئازاد دەکرێنو پسپۆرانی فەرانسەیی‌و ئەلجەزایری لە ناوچەی چوارتا، باکووری سلێمانی دوای نزیکەی ٢٠٠ کیلۆمیتر پیادەڕۆیی بەڕەڵلا دەکرێن. باسی ئەو ڕووداوانە کە ئەم سێ کەسە دەی-گێڕنەوە هەتا ڕادەیەك سەیردێتەبەرچاو.پێشمەرگەکان دڵسۆزانەرەفتاریان لەگەڵکردنو بەدوورو درێژی لەگەڵیان کەوتنە باسکردنەوە (تێکنیسینی ئەلجەزایری نەخشی وەرگێڕانی هەبوو) بە تێپەڕبوون لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە زۆر لە کوردستانی عێراق گەڕانو هەرجارەش لەو ناوچانەدا لەلایەن سەرۆكو کەیخودا نیشتەجێ‌یەکان پێشوازییان لێ کرا. لەراستی‌دا پێشمەرگەکان کە لەلایەن خەڵکی خۆیانەوە پشتیوانیان لێدەکرا، بێ‌گیروگرفت چاوەدێری هێزە نیزامی‌یەکانیان بێئاکام دەهێشتەوە. مەسەلەی بارمتەگرتن لەرادەی سەرەوەداو بە تەواوی نەهێنی چارەسەرکرا بەبێ ئەوەی روون ببێتەوە کوردەکان لەبەرامبەر ئازادیی بارمتەکان‌دا چ دەسکەوتێکیان هەبوو.

لە روانگەی کار بەدەستانی عێراقی وەزع لە کوردستان ئاسایی‌یە. کاتێك لەگەڵ ئەوەشدا کە سانسۆر هەیە دانیشتوانی بێگانەی بەغدا ئاگاداری رووداوی کوردستان دەبن، رێبەرانی عێراق دەڵێن کە ئەوە تاوانی قاچاچچیانەو کردەوەی کەسانێکە کەلەیاسا دەردەچن.دژایەتی ئەو کاربەدەستانەی دەوڵەت سەبارەت بەوە کە مەسەلەی وەزعی کوردستان سیاسیی نی‌یە هەتا ئەو جێگایە دەڕوا کەمەسەلەی "بڕیارەکانی پێوەندیدار بە مەترسیەکانی تایبەت" کە بۆ زەرەرو زیانی شیرکەتەکانی دەرەوە داوا دەکرێ رەد دەکەنەوە.

## بەشی ١٠٩

## پەیوەندی حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوی موجاهدین و چریکی فیدائی

### ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێران

سازمانی موجاهدین، ڕێکخراوێکی ئیسلامی - نیزامی چەپ ئاژۆ بوو کە لە ١٥ خەرمانانی ١٣٤٤ بە ڕێبەری محەمەد حەنیفنیژاد، سەید موحسێن و عەبدولڕەزا نیکبین دامەزرا. بەڵام لە ساڵی ١٣٥٧ عەبدولڕەزا نیکبین وەلانرا و عەلی ئەسغەری بەدیعزادەگان کە لە ساڵی ١٣٤٥ تێکەڵ بەو ڕێکخراوە بوو، بە جێگای ئەو دیاری کرا.

ئەو ڕێکخراوەیە بە دوای دامەزرانی دا دەستی بە شەڕێ چەکداری کرد و لە ساڵی ١٣٥١ ساواک توانی ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوە بگرێ و بە تاوانی دژایەتی لەگەڵ ئەمنییەتی وڵات و کوشتنی هاووڵاتی ئێرانی و مەئموورانی ئەمریکانی لە دادگای نیزامی دا، بە ئێعدام و بە زیندان مەحکومیان بکا.

لە ساڵی ١٣٥٤چەند کەس بە ڕێبەری تەقی شەهرام و بارامی ئارام، هەوڵی وەلانانی بەشی مەزهەبی ئەو ڕێکخراوەیان دا و مەجیدی شەریفیان لە دەرەوەی زیندان دا کوشت و بەشێک لەو ڕێکخراوەیان بە دەستەوە گرت و ڕایانگەیاند کە ئاڵوگۆڕیان لە ئیدئۆلۆژی خۆیان دا پێکهێناوە و لە ئیسلام ڕا بوون بە مارکسیست. بە دوای ئەوە دا ئەو ڕێکخراوە بوو بە دوو بەشی مارکسیستی بە ڕێبەری تەقی شەهرام و بارام ئارام و دەستەی موسوڵمان بە ڕێبەری مەسعود ڕەجەوی، مووسا خەیابانی.

دواتر موسا لە تاران کوژرا و مەسعود و خێزانی (مریم ڕەجەویی) بوون بە ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە. لە ساڵی ١٣٨٢ ڕا گومان لە سەر زیندوو بوونی مەسعوود هەیە و مەریەم ڕاستەوخۆ ئەو ڕێکخراوەیە بەڕێوە دەبا. ئەوجار زارا مریخی لە ١٥ خەرمانی ١٣٩٦ بە دەبیرکولیی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرا. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بەشی مەزهەبی موجاهیدین، دەستیان بە دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کرد و بە دوای لەسەر کار لابردنی ئەبولحەسەنی بنی سەدر، لە خۆپێشاندانی ٣٠ جۆزەردانی ١٣٦٠ دا دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیان هەڵگرت.

سازمانی موجاهدین دوو ساڵ دوای دەست پێکردنی شەڕی ئیران و عێراق لە ساڵی ١٣٦١ چوونە عێراق بە یارمەتی ئەرتەشی ئەو وڵاتە، "ئەرتەشی ئازادیخوازی میللی ئێران" یان دامەزراند و لە قەراغ ئەرتەشی عێراق زیاتر لە ١٠٠ عەمەلیاتیان کرد کە گەورەترینیان "فروغ جاویدان" بوو. لە تۆڵە ئەو عەمەلیاتە دا کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٧ لە نێوان ٣ تا ٥ هەزار کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە لە زیندانەکان دا قەتڵیعام کرد.

لە زەمانی شا دا، موجاهیدین بە گروپێکی تیرۆریستی و مارکسیستی ئیسلامی بە ناوبانگ بوون و ڕیژیمی ئاخوندی ئەوان بە مونافقین ناو دەبا و گشت دوژمنانی ئەو ڕێکخراوەیە، ئەوان بە گروپێکی سکتاریستی (فرقەای) نێو دەبەن.

نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوەیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ لە چوارچێوەیٚ پێکهێنانی بەرە و هاوکاری ڕێکخراوەیی داوای چاوپێکەوتنیان لە حیزبی دێموکرات کرد. کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی لە گەڵیان دانیشتن. شەرتی موجاهدین بۆ پێکهێنانی بەرە ئەوە بوو کە نابێ حیزبی توده لەوبەرەیەدا بەشدار بێ، چوونکە جێ‌پێ بۆ پەرەسەندنی نفووزی شووڕەوی خۆش دەکا. دانیشتن بەو قسانە کۆتایی هات و بەرهەمی نەبوو و بوو بە هۆی ئەوە کە دواتر موجاهدین لە لاپەڕی ئاخری نامیلکەی "پەیدابوونی ئیمپریالیزمی ئێران لە ناوچە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئێران و عێراق " لە سەر حیزبی دێموکرات ئاوایان نووسی: لە پێشوودا کە باسی ڕۆژنامەی کوردستان کراوە لەبەر ئەوە بووە کە لە ماهییەتی سازشکارانەی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاگادار نەبووین نەمانزانیوە کە ئەو حیزبە سەر بە ریویزیونیستەکانی جیٚهانی و ریویزیونیستە خائینەکانی حیزبی توده بووە.

حیزبی دێموکرات لە ژمارەی ٤٤ ی مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٧٦ ی ڕۆژنامەی کوردستان دا، وڵامی ئەو نامیلکەیەی داوە.

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٢٦٢ ئاڵۆک دا باسی هەڵوێستی موجاهیدین لە زیندان لە دەهەی ٥٠ دا دەکا و دەنووسێ: ئەندامانی ڕێکخراوی "موجاهیدینی گەل" کە بە تێکرا بیرو باوەری توندی ئیسلامیان هەبوو، لاسای چەپە توندرەوەکانیان دەکردەوە. ئەوان تەنیا کتێبی "قورئان"، "نەهجولبەلاغە" و "مێژووی مەشروتە" یان دەخوێندەوە و ڕێکخراوەکەیان ئیزنی پێنەدەدان تێکەڵاوی زیندانیە کۆنەکانی چەپ بن و دووره پەرێزیان لە ئەندامانی "چریکی فیدایی"ش دەکرد و لەوە دەترسان ئەندامە گەنجەکانیان تووشی گۆرانکاری فکری بن.

## چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران

لە دەهەی ٤٠ هەتاوی دا کە کێشەی سەرەکی نێوان بەرەی ئیمپریالیزم و سوسیالیزم کە بە شەڕی سارد بەناوبانگ بوو بە توندی لە ئارادابوو، هێندیک گروپ و دەستەی چەپی مارکسیستی و ئیسلامی بە بیروڕای جیاواز سەریا هەڵدا. جیاوازییەکان لە بەرەی تاقمی چەپ دا، زۆرتر لە چوارچێوەی لایەنگری لە وڵاتانی چین و کوبا و ئاڵبانی دا خۆی دەنواند. یەکێک لەو گروپانە، چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران بوو کە دژی وڵاتی سۆڤییەت و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە شووڕەوی و حیزبەکانی برای سەر بەو وڵاتە لە ڕێبازی مارکس و لێنیین لایان داوە و بوون بە رویزیۆنیست. "چریکەکانی فیدائی خەڵکی ئێران" ریکخراوێکی سیاسی نیزامی مارکسیستی بوو کە لە ساڵی ١٣٥٠ لە یەکگرتنی دوو گروپی نەهێنی چەپ بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ نیزامی پاشایەتی پەهلەوی پێکهات. پێشینەی ئەو دوو گروپە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٤٢ و ئەوانە لە ١٥ جۆزەردانی ئەو ساڵە بەو ئاکامە گەیشتن کە تەنیا لە ڕێگای خەباتی چەکداری ئەوانە دەتوانن بە سەر شا و داروەدەستەی ئیمپریالیزم دا سەرکەون. ئەوان کتێبی ماسێ ڕەشە بچکۆلە"یان کردە مانیفێستی خۆیان.

دوای کۆدەتای ٢٨ گەلاویژی ١٣٣٢ کادرە جەوانەکانی حیزبی تودە، وەک عەباس سورکی، عبدالحسین مودرسی، ناسر ئاقایان، بیژەنی جەزەنی، حوسێن نعمەتی، مێهدی شیری و. . . کە لە هەڵسوکەوتی حیزبی تودە تورە بوون و دژی سیاسەتی شوورەوی بوون، لە ژێر ناوی دەستەی "رەزماوەرانی حیزبی تودە" کۆبوونەوە. ئەوانە بە هۆی نەبوونی ئازادی تێکۆشان دەستیان بە خەباتی نەهینی کرد و  لە ساڵێ ١٣٤٤ هەوڵیان دا دەست بۆ چەک بەرن.

لە زستانی ساڵی ١٣٤٩ دەستەیەک لە چریکەکانی فیدائی هێرشیان کردەو سە پاسگای سیاکەڵ و دەستیان بەسەر داگرت. هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ١٠٣ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لەسەر ناوی ئەو کەسانە دەنووسێ: پازدە رۆڵە شۆرشگێر بە ناوەکانی محمد رحیم ساعی، محمد اسحاقی، علی اکبر صفائی فراهانی، جلیل انفرادی ، احمد فرهودی، اسکندر رحیمی، هادی فاضلی، اسماعیل معینی عراقی، شجاع الدین مشهدی، هادی بنده خدا لنگرودی، عباس دانش بهزادی، محمد علی محدث قندچی، غفور حسن پور اصل، هوشنگ نیری، ناصر سیف دلیل صفائی، دەستیان بە سەر پاسگای ״ سیاهکل״ ی مازندران داگرت.

ئەوانە دوای دەستبەسەر داگرتنی ئەو پێگەیە، بە مەبەستی خەباتی چەکداری چوونە نێو لێڕەوارەکانی ناوچەکە، بەڵام بە هۆی نەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی، بە دز و کمونیست و دژی ئایین تاوانبار کران و کەسی پەیوەندی دار بە ئەوان گیرا. دوایە هێزەکانی ریژیم هێرشی کردە سەریان و لە چەند شەڕی سووک دا، زوربەیان گیران و ئێعدام یان بە زیندانی درێژخایەن مەحکوم بوون. لە لێپرسینەوە لەوانە تەشکیلاتی شاریش وەک حەمید ئەشرف، مفتاحی، پویان سەفائی فراهانی و … ئاشکرا بوون. رێژیم وێنەی ئەوانی بڵاو کردەوە و بۆ گرتنی هەر کامیان ١٠٠ هەزار تمەنیان جایزە دیاری کرد.

هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ١٠٥ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لەسەر لێبڕاوی و لەخۆبردوویی چریکەکان دەنووسێ: ئەو تێکۆشەرانە گاڵتە بە ژیان دەکەن و بە لە خۆبردوویی لە رادەبەدەرەوە لە بەرامبەر هێزی دڕ و زەبەلاحی ساواک و  ئەرتەش و پۆلیسی ریژیم دا بەربەرەکانی دەکەن و تەنانەت زۆریان کە بە برینداریش دەکەوتنە دەست ساواک. لە بێدادگاکانی ریژیمی شا دا لە بیروباوەری خۆیان بەرگری دەکەن.

هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ١٠٣ کتێبەکەی دا دەنووسێ: دیارە لە زۆربەی خۆپێشاندانەکانی زانکۆدا، ناکرێ نەقشی "بیژەنی جەزەنی" و هاورێکانی فەرامۆش بکرێ. دوایی بیژەن جەزەنی، حەسەن ضیا ظریفی، عەباسی سورەکی، عەزیز سەرمەدی، محەمەد چوپان زادە، ئەحمەد جەلیل ئەفشار، مەشعووف کەلانتەری لە چریکهای خەڵق و مستەفا جوان خۆشدل وکازم زولانوار لە مەجاهیدینی خەڵق لە ١٣٤٥/١/٣ لە لایەن ساواکەوە بە بێدەنگی کوژران و گوتیان لە کاتی راکردندا کوشتوومانن کە درۆیەکی بێ ئابروانە بوو.

خوێندکارەکانی دژی ریژیم و تێکۆشەرەکان پتر لە کۆلیجەکانی فەننی، حقوق و ئەدەبیات دا کۆ ببوونەوە و بیروباوەری چەپ بە هێز بوو. بە تایبەت باڵە شۆرشگێرەکەی کە ئەوکات پتر لە

مائوئیزم و رەوتی چریکدا خۆی دەنواند. ئەوکات هۆشی مین و جیاب و کاسترۆ و گیوارا و لومومبا و جەمیلە بووپاشای جەزایری لای بەرەی چەپ ریزیان هەبوو. بیروباوەری ئیسلامی و ناسیونالیستی بە قەدەر چەپ بە هێز نەبوون. دیارە موجاهیدینی خەڵک و تاقمە توندرەوە ئیسلامییەکان و لایەنگرانی جەبهەی میللی و موسەدیقیش تێکۆشانیان هەبوو. بەڵام لە بەرامبەر چەپدا لاواز بوون. (یان چونکە خۆم لە بەرەی چەپدا بووم وام بیر دەکردەوە) زۆربەی چەپی ئەوکات دژی حیزبی توودە و یەکیەتی سۆڤییەت بوون. حیزبی توودەیان بە حیزبێکی سازشکار و ناشۆرشگێر دەناسی و یەکێتی سۆڤییەتیان بە ریڤیۆزینیست دەزانی. ئەو رەوتە چەپە هەر چەند خۆیان بە مائوئیست نەدەناساند، بەڵام چینیان خۆش دەویست، لە چینیش خۆشەویستتر مائۆتسەتۆنگ بوو.

لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٠ دوو تاقم لەوانە، لەسەر بناغەی ئیدئۆلۆژی ماڕکسیسم لێنینیسم بە ناوی رێکخراوی چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران یەکیان گرت تا بە ئیدۆلۆژی کرێکاری شۆڕشی دێموکراتیکی نوێ لە ئێران دابمەزرێنن.

ئەو رێکخراوە لە ماوەی ٧ ساڵ دا زۆر عەمەلیاتی رەشەکوژی و بۆمب تەقاندنەوەیان بەڕێوەبرد و زۆر کەسی وەک سەرلەشکر فرسیو دادستان گشتی ئەرتەش، فاتح سرمایەدار بەناوبانگ کە بە دژبەری کرێکاران تاونبار بوو، چەند ئەفسەری و ئەشکەنجەگەری ساواک و رئیس گاردی پارێزگاری زانکۆیان کوشت و ستادی ناوەندی ژاندارمری و زۆر پاسگا و کەلانتری و ناوندی پۆلیس، حیزبی رستاخیز، ئەنجومەنی ئێران و ئەمریکا و سفارت ئەمریکا و ئینگلیس و عومان و دەفتەری شیرکەتەکانی ئەمریکایی‌یان تەقاندەوە یان هێرشیان کردە سەری.

چریکی فیدایی لەو ماوەیە دا ١٧٢ کەس لە ئەندامانی خۆیان لەبەربەرەکانی لەگەڵ رێژیم لە دەست دا و لە ساڵی ١٣٥٢ تا ١٣٥٥ دا ساواک توانی رخنە بکاتە نێو تەشکیلاتی ئەو گروپە و زۆربەی تیم و ماڵە نەهێنییەکانیان ئاشکرا بوون و ئەندامانیان گیران یان کوژران.

بەمشێوەیە لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٤ کار و تێکۆشانی ئەو رێکخراوەیە لە چوارچێوەی زانکۆکان دا بەرتەسک بۆوە و لە نێوەراستی ساڵی ١٣٥٥ بەشێک لە چریکەکان تێکەڵ بە حیزبی تودە بوون و دەستەیەکی دیکەش تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تفەنگەکانیان پاراست و لە ١٩ رێبەندانی ١٣٥٦ بە بۆنەی هەشتەمین ساڵی رووداوی سیاهکەل، کلانتری چوار و ناوەندی حیزبی رستاخیزیان لە شاری قوم تەقاندەوە و بەو کارە پشتیوانی خۆیان لە راپەڕینی خەڵکی ئێران دەربڕی.

چریکەکانی فیدائی لە١٣ و ١٤ سەرماوەزی ١٣٥٧ بە بۆمب و موسەلسەل هێرشیان کردە سەر قەرارگای ژمارە ٢ ناوەندی گشتی پلیس لە تاران و شارەبانی زنجان و لە بڵاوکراوەکانیان دا ئەرتەشی شایان بە دوژمنی گەلانی ئێران ناساند.

لە ١٩ بەفرانباری ١٣٥٧ لە حاڵێکدا خەڵک رژابوونە شەقامەکان تا پشتیوانی خۆیان لە دەوڵەتی بارزرگان دەربڕن، ڕێکخراوی چریکی فیدائییەکان لە حەساری زانکۆی تاران کۆبوونەوە تا رێز لە رووداوی سیاهکەل بگرن و دروشمیان دەدا کە "سەراسەری ئێران دەکەن بە سیاهکەل".

غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٢٦٠ دا باسی هەڵسوکەوتی ئەندامانی چریکان لە زیندان دا دەکا کە دەکرێ پێناسەیەک بێ بۆ پێکهاتەی ئەو رێکخراوەیە و دەنووسێ: ... ژیانی ئاسایی زیندانیان بە ژیانی بورژوازی و راحەت تەڵەب دەزانی، ئەوان بە تێکرایی باوەریان بە پاک و خاوێنی و بێهداشت نەبوو. چەند کەس بە فلّچەیەک ددانیان دەشوشت و بە خاولێک دەست و روویان خاوێن دەکردەوە و حەمامیان دەکرد و پێخەفی وەک ئێمەیان بە هی بورژواکان دەزانی و تەنیا بە دوو تاقە پەتووی رەشی زیندان دەنووستین و مەلافە و خاوێنی پێخەفیان لا سووک بوو. ئەوان دەیانگوت شیاوی مرۆڤی شۆرشگێر نییە کە چێشتی تایبەتیان لە دەرەوەی زیندانەوە بۆ بێت و تەنیا خوراکی زیندانیان دەخوارد کە بەراستی بۆ خواردن نەدەبوو.

ئەوان دەیانگووت زۆربەی خەڵکی ئێران ئێستا پێخەفی باش و خواردەمەنی باشیان نیە و ئێمەش دەبێ وەک ئەوان بژین. ئەوان هێدی و هێمن بوونیان لە زیندانەکاندا بە ترسەنۆکی و بێ بزاڤی دەزانی و لەسەر بنەمای فکری "مائۆ" دەیانگووت : "ئەگەر ئاو راوەستێ، دەگەنێ"، ئەوان دیاردەکانیان یەک لایەنە هەڵدەسەنگاند و بایەخێکی ئەوتۆیان بە پەروەردە کردنی مێشک نەدەدا و دیاردەکانی سیاسی و فەلسەفیان زۆر بۆ گرنگ نەبوو و بنەمای خەباتیان لەسەر هەڵبەز و هەڵتۆز و ئاژاوەگێری دادەرشت و دروشمدان و دژایەتیان لەگەڵ لێپرسراوانی زیندان بە هەنگاوی شۆرشگێرانە دەزانی. ئەوان لایان وابوو کە مرۆڤی شۆرشگێر دەبێ وەک ئەوان بکات. ئەگینا سازشکار و بێ مایە و بێ نرخە. ئەوان بۆ ئەوەی زیندانەوانەکان ئازار بدەن ئێواران دەخزانە نێو حەوشەی زیندان و بە بیانووی وەرزیش هەرایان ساز دەکرد و نزیک بە دوو سەد کەس وێکرا دەیان بۆراند.

## بەشی ١١٠

## گەڵاڵەی سیامی لە سالی ١٣٥٥(١٩٧٦)

هەر وەک گوترا، پێشتر بڕیار درا بوو کە حیزب بە دزی حیزبی تودە لە دەرەوەی وڵات پلێنۆم بگرێ. لە ساڵی ١٩٧٦ دەوڵەتی بۆڵغارستان بۆ راکێشانی توریست بۆ وڵاتەکەی، دەفتەری نوینەرایەتی "بالکان توریست" ی لە هێندێک وڵات، یەک لەوان لە عێراق کردەوە. ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات لەو دەرفەتە کەلکیان وەرگرت چوونە بۆڵغارستان و لە رۆژی ١٩٧٦/٥/١٣ لە شاری وارنای بۆڵغارستان، پلۆنۆمی کومیتەی ناوەندی دەستی بە کار کرد. کەریمی حیسامی لە سەر کاری تەشکیلاتی و وەزعی حیزب لە عێراق قسەی کرد و دوایە دوکتور قاسملوو لە سەر چۆنیەتی کار و تێکۆشان لە داهاتوودا، گەڵاڵەیەک بە ناوی گەڵاڵەی (سیاـ می) واتا سیاسی ـ نیزامی پێشکێش کرد. لەو گەڵاڵەیەدا هاتبوو کە دەبێ وردە وردە ئەندامانی بەڕێوەبەری حێزب لە دەستەی سێ کەسی یان کەمتر، بە چەکەوە کە ئەگەر پێویست بایە دەستیان بە عەمەلیاتی چەکدارانە کردبا. بە پێی ئەو گەڵاڵەیە دەبوو ئەندامانی حیزب بچنەوە نێوخۆی ئێران و لە شارەکانی تاران و کرماشان و سنە و تەوریز و ورمێ و مەهاباد، کومیتەی حیزبی دابمەزرێنن و پێکەوە پەیوەندیان هەبێ. ئەو گەڵاڵەیە بە هێندێک ئاڵوگۆڕ دەستکاری کرا و کومیتەی ناوەندی، کومیتەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو گەڵاڵەیە بە ناوی سیاسی نیزامی "سیامی" پێکهێنا. لە دابەش کردنی کار و بەرپرسایەتی دا، دوکتور قاسملوو و حەسەن شەتەوی و حەمەدەمینی سراجی بۆ کومیتەی ئوروپا، دیاری کران.

گەڵاڵەی سیامی نەیدەتوانی سەرکەوێ و ئەو بەرنامەیە بۆ ئەوکات دژوار بوو و دواتریش بەڕێوەبردنی بە رێگای زۆر دژوار دا تێپەڕی. عەبدوڵا حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٢٨٣ کورتە مێژووی حیزبی دێموکرات دا. کۆبوونەوەی "وارنا" بە سەکەوتوو هەڵناسەنگێنێ و دەڵێ کە ئەو کۆبوونەوەی دوای شکست و ناکامی بوو و جیاوازی بیرورا و ناکۆکییەکان زیاتر خۆیان دەرخست و گیانی هاوکاری و هاودەردی لاواز بوو. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٠٠ بەرگی پێنجی بیرەوەرییەکانی دا لە سەر گیروگرفتەکانی ئەوکات باسی ئەوە دەکا کە عەبدوڵای حەسەنزادە، ئەوی بە گۆڕینەوەی پارە لە بازاری رەش و هەڵگرتنی قازانجی پارەکە تاوانبار کردوە. هەروەها دەڵێ کە کاتێک دوکتور قاسملوو داوای پارە کرد، سەرەرای رەزامەندی برادەران، ئەو بۆخۆی بە توندی بە گژ دوکتور داهاتووە و باسی هێندێک شتی کرد کە لەو رووی داوە. دیارە لەو باسانە کە لە ماڵە کەریمی حیسامی کران هەم عەبدوڵای



سەید رەسوڵی دێهقان

حەسەنزادە و هەم کەریمی حیسامی داوای لێبوردنیان کرد.

لەو پلۆنومەدا داوا لە دوکتور قاسملوو کرا کە بگەڕێتە بۆ بەغدا. بەڵام دواتر کاتێک داوای ویزا لە دەوڵەتی عێراق کرا، ویزایان نەدایە. بە پێی لاپەڕەی ١٠٤ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی حیسامی، دوکتور لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی کە تا ئەوکات هەر لە سوفیا بوو و نەگەڕابووە، لە سەر وەرگرتنی ویزا دەنووسێ: نەزەرم ئەوەیە کە کاک مینە(حەمەدەمینی سیراجی) بۆخۆشی بە قەولی خۆی تێبکۆشێ بەڵکو بتوانێ نەبزیان تاقی بکاتەوە. پێویست نییە مەسەلەکە راستەوراست مەترەح بکا. بەڵکو دەتوانێ بڵێ کە باوکی هیوا (دوکتور قاسملوو) خەیاڵی سەفەری هەیە بۆ عێراق و داوای پاسپۆرت بکا بزانێ دەڵێن چی...

کەریمی حیسامی لە مانگی هەشتی ١٩٧٦ گەڕاوە بۆ بەغدا. بۆ وەرگرتنی ویزا بۆ دوکتور قاسملوو، داوای لە کاربەدەستانی دەوڵەت کرد، بەڵام نوێنەری دەوڵەتی عێراق گوتی: قاسملوو لە ئوروپا دژی ئێمە دەجوڵێتەوە. ئێمە خەبەرمان هەیە لە پاریس لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کۆبۆتەوە. دوایە دەڵێ: هەر کاتێ قیادە بڕیاری دا فیزا بدرێ بە قاسملوو، خەبەرتان دەدەینێ.

## گەڕانەوەی پێشمەرگە حیزبی دێموکرات بۆ نێوخۆی وڵات لە ساڵی ١٣٥٥

لە مانگی هەشتی ١٩٧٦ بۆ بەڕێوەبردنی بڕیاراتی پلۆنۆمی دەرەوەی وڵات، کاک سەید رەسووڵ بابی گەورە (سەید رەسووڵ دیهقان) و فەقێ عەولای قەلەڕەشێ و کەسێکی دیکە بە ناوی میرزا عەلی، وەک یەکەمین دەستە، بەرەو کوردستانی رۆژهەڵات وەڕێکەوتن. تا ئەوکات لە هێندێک لە شارەکان بە نەهێنی تەشکیلاتی حیزب دامەزرابوو بەڵام گەڕانەوەی ئەم دەستەیە یەکەم هەنگاوی کومیتەی ناوەندی بوو بۆ نێوخۆی کوردستان. هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ٢٢٢ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لەسەر ناردنەوەی ئەندامانی حیزب بۆ ناخۆ دەنووسێ: لەو ماوەدا جارێک سەید رەسوڵی بابی گەورە و فەقێ عەوڵا قەلەرەشە و میرزا عەلی پیرانشاری و جارێکیش مەلا عەوبدوڵای حەسەنزادە و سەید رەسوڵ و کەریم نستانی و هەروەها جارێک مەلا حەسەنی شیوەسەڵی و جارێکیش مەلا رەسوڵ، مەلا محەمەد عەباسی، زیندوویاد قادر لاجانی، کاک مەحموود پرچن و کاک خدری عەولاپەرۆ چوونەوە نێو خۆی وڵات. منیش کورتە سەفەرێکم بۆ ناوچەی سەردەشت کرد وکاک حەمەرەسووڵی حەسەن پوورم چاو پێکەوت. لەو سەفەرەدا مەلا خدر باساوەییم (فەتاح) لەگەڵ بوو.

ئەو سەفەرانە زورتر بۆ تاقی کردنەوە و هەڵسەنگاندنی رێگا و بان و دیتنی ئەندامانی و لایەنگرانی حیزب بوو.

لە رێکەوتی ١٩٧٦/٩/١٨ لە شاری کۆیە پلونۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە بێ بەشداری دوکتور قاسملوو گیرا. بڕیاردرا کە دەستەی نووسەران، وتارەکانی رۆژنامەی کوردستان کە زورتر بە هۆی دوکتور قاسملوو لە دەرێ دەنووسرا و چاپ دەبوو، ببینێ و پەسەندی بکا. هەروەها بڕیار درا کە

بۆ ماوەیەک دوکتور قاسملوو و ئەمیری قازی بگەڕێنەوە. دیارە دەوڵەتی عێراق موافقەتی کردبوو بۆ گەڕانەوەی ئەوانە.

پاش ماوەیەک سەید ڕەسووڵ بابی گەورە لە سەفەری کوردستان گەڕاوە بۆ بەغدا و داوای کرد کە قەراری لەگەڵ چەند رووناکبیری خەڵکی مەهاباد داناوە کە مەسئوولێکی حیزبی لە دەرەوەی شار بیانبینێ. ئەوجارە مەلا عەوڵای حەسەنزادە کە هەرچەند لە کومیتەی ناوەندی ئیستیعفای دابوو، بەڵام ساز بوو و لەگەڵ سەید رەسووڵ و کەریم نەستانی گەڕانەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ڕێکەوتی١٩٧٦/١١/٣ نوێنەری دەوڵەتی عێراق بە نوێنەری حیزبیان راگەیاند کە دوکتور قاسملوو و ئەمیر قازی دەتوانن بگەڕێنەو و پێویستان بە ویزا نییە و ئەوان لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/١١/١٧ گەڕانەوە بۆ کوردستان. رۆژی١٩٧٦/١١/٢١ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی گیرا و بڕیار درا کە بۆ پیادەکردنی گەلاڵە سیاسی - نیزامی (سیامی) کار بکرێ. بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەیەکی بە دەسەڵات لە دوکتور قاسملوو، ئەمیر قازی، مامۆستا مەلا عەوڵای حەسەنزادە، حەمەدەمینی سراجی و ملا رەسووڵ پێشنماز، پێک هات کە دوای دوو رۆژ مەلا عەوڵا ئیستیعفای دا و مەلا سمایلی حاجی، جێی ئەوی پڕ کردەوە.

لەو کۆبوونەوە دا هەروەها بڕیار درا کە لە ڕێگای حیزبی کمونیستی عێراقەوە پەیوەندی بە حیزبی توده بگیردرێ کە ئەگەر لە بڕیاری خۆیان سەبارەت بە حیزبی دێموکرات پاشگەز ببنەوە، حیزب حازرە بەرەیان لەگەڵ پێک بێنێ.

دوای گەڕانەوە دوکتور قاسملوو، دوو نوێنەری حیزبی بەعس و کەسی دیاری کراوی پەیوەندی دار بە حیزبی دێموکرات، بۆ بەخێرهاتنەوەی دوکتور قاسملوو چوونە مەقەڕی حیزب و دوکتور قاسملوو و سیراجی و کەریمی حیسامی لە گەڵیان دانیشن. یەکێک لە نوێنەرانی بەعس کوردی دەزانێ و لە هێندێک قسەکانی دوکتور و حەمەدەمین سیراجی حاڵی ببوو. دوای گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ دەرەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ حیزبی دێموکرات، بە سیراجی گوت بوو: قاسملوو لە گەڵ ئێمە راست نیە، راستی پێ نەگوتوین. زۆر شتی باس کردوە کە وا نەبووە.

رۆژی ١٩٧٦/١١/٢٧ سەرەرای ئەوەی کە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، پێیانوابوو کە دوکتور مانگێک بمێنێتەوە و کادر و ئەندامانی حیزب ببینێ، بەڵام ئەو گەڕاوە بۆ ئوروپا. چەند رۆژ دواتر سەعدوون شاکر بەرپرسی موخابرات لە کۆبوونەوەیەک دا بە نوێنەرانی حیزب(حیسامی و سیراجی) دەڵێ: ئێوە لێرە دەژین. ئێمە یارمەتییتان پێدەکەین بەلام ئێوە بە هیچ جور یارمەتی ئێمە ناکەن. ئێستا ئێوە باش دەزانن عەسابەی(پارتیزان) جەلال تاڵەبانی لە کوردستان دەسووڕێنەوە. مەلامستەفا نۆکەری ئیمپریالیزمە، بەڵام ئێوە قەت باسیان ناکەن. دەمانهەوێ لە سەر عەمالەتی مەلامستەفا و عەسابەی جەلال تاڵەبانی بەیانێک دەربکەن و کردەوەی ئێستا و رابردوویان بە توندی مەحکوم بکەن. بێجگە لەوە سکرتێری ئێوە لە دەرەوە لە گەڵ دوژمنانی ئێمە پەیوەندی هەیە و لە گەڵ ئێمەش راست نییە.

کەریمی حیسامی لە وڵام دا دەڵێ: لە بارەی خەباتی دژی ئیمپرالیزم و حکومەتی ئێران ئێمە هاوخەباتی ئێوەین و هەرچی لە دەستمان بێ یارمەتی دەکەین. بەڵام لە بارەی عێراق ئێمە حیزبی کوردستانی ئێرانین. بڕیارمان داوە دەست دە کاروباری نێوخۆی عێراق وەرنەدەین. چونکە ئەگەر باسی عێراق بکەین و وەک ئێوە دەڵێن لە سەر مەلامستەفا و جەلال تاڵەبانی بنووسین، ئەودەم ناچار دەبین باسی گشتی وەزعی کوردستانی عێراق بکەین کە وا چۆلکراوە. باسی هەزاران خاو و خێزانی کورد بکەین کە بە زورەملی لە کوردستان دوور خراونەوە و لە ئوردوگاکاندا کۆ کراونەوە. باسی ئێعدامەکانی موسڵ و بەغدا بکەین. ئێمە پێمان وایە بێدەنگی ئێمە لە سەر عێراق بە قازانجی ئێوەیە...

سەعدون شاکر دەلی: ئەگەر وایە ئیوە لە دەرەوەی عێراق شوێنێک بۆخۆتان بدۆزنەوە، مانەوەتان لە عیراق نابێ.

سەرەرای ئەو بڕیارە، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی حیزب داوایان کرد کە بۆ چوون بۆ یەمەنی دێموکراتیک کە ئەوکات وڵامیان دابووە یارمەتیان پێبکەن. دەوڵەتی یەمەن حەوتووی دووهەمی ساڵی ١٩٧٧ بۆ چاوپێکەوتن دیاری کرد بوو. دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی بۆ ئەو سەفەرە دیاری کرد. نوێنەرایەتی حیزب داوای لە حکومەتی عیراق کرد کە دوکتور بێتە بەغدا لەوێرا سەفەر بکەن، بەڵام دەوڵەتی عێراق موافقەتی نەکرد.

## گرتنی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمیتەی رابەر ١٩٧٧

بەدوای شکستی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ زەخت و زۆری دڕندانەی رێژیمی عیراق، بۆ سەر خەڵکی کوردستانی باشوور پەرەی ئەستاند و هەوڵی یەکجاری تواندنەوە و ژێنۆسایدی کردنی خەڵکی کورد دەدرا. ئەو هەوڵە بە رەوتی جوراجۆر دا تێدەپەڕی و هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ٢٠٥ کتێبی "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لەوبارەوە دەنووسێ: رۆژ بە رۆژ ئاکار حکوومەتی بەعس بەرانبەر کورد توند و تیژتر دەبوو. ئیتر بێجگە لە گرتن و دوورخستنەوە و ئێعدام، کێشەی تەعریب (واتە هێنانی کەس و خێزان و بنەماڵە و عەشیرەتی عەڕەب بۆ سەر خاکی کوردستان) و تهجیر (واتە دەرکردنی کوردی شیعە و فەیلی بە ناوی ئێرانی بوونەوە بۆ ئێران) و تەرجیل (واتە راگوێزانی کورد لە خاکی خۆی بۆ شوێنی تر) بە زۆری دەستی پێکرد. جگە لە کوردی کوردستانی باشوور، کردەوەی حکوومەتی بەعس بەرانبەر بە حیزبی ئێمەش تووشی گۆڕانی بنەرەتی هاتبوو.

لە مانگی چواری ١٩٧٧ زەختی دەوڵەتی عیراق بۆ سەر ئەندامانی حیزب پەرەی ئەستاند و چەند کەس لە ئەندامانی حیزب گیران. هەر لەوکاتەدا، ئیدارەی ئەمنی عێراق لە سولیمانیە بە ئەندامانی حیزبی راگەیاند تا ناو نیشان و شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەندامانی حیزبیان بدرێتێ.

لە رۆژی ١٩٧٧/٤/١٩ لە شاری کۆیە، دەوڵەتی عێراق بە بێ ئاگادار کردنی حیزب، ماڵ و منداڵی هێندێک لە ئەندامانی حیزب وەک سەید رەسووڵ، مەلارەسووڵ پێشنماز، رەحیم کەپەکەندی و

حەسەن بێورەیی و لەتیف و کەسانی دیکەیان، لە لۆریان هاویشت و بۆ رۆمادییەیان بەڕێ کردن. حیزب نیگەرانی ئەو بوو کە وەک جارانی پێشوو، لە رێگای قەسری شیرین تەسلیمی ئێرانیان بکەنەوە. بەڵام ئەوانیان بردە رۆمادییە و لە نێو مەیدانێکی فوتباڵ لە بەر سوورەتاو هەڵیانڕژتن. مەئموورانی حکومەت شتومەکی زۆریان لێدزیبوون و ماڵیان لێ پرش و بڵاوکرد بوون. دەوڵەتی عێراق خۆی لەو روداوە گێل کرد و بە نوێنەرانی حیزبی رایگەیاند کە ئاگاداری ئەو رووداوە نییە. پاش دوو رۆژ سەید رسووڵ دێهقان لەو شوێنە خۆی دزێوە و بە تەلەیفون، کومیتەی حیزبی لە وەزعی خۆیان ئاگادار کرد. کەریمی حیسامی سەردانی کردن و مەترسی ئەوە هەبوو کە گشت ئەندامانی حیزب بۆ باشووری عێراق راگوێزرێن.

بە پێی لاپەڕەی ١١٩ بەگی ١١ کتێبی "لە بیرەوەرییەکانم"، کەریمی حیسامی بە رێکەوتی ١٩٧٧/٤/٢٢ لە نامەیەک دا کە بۆ خەجیجی خێزانی لە ئوروپا نووسیوە، باسی ئازایەتی ئامان خان و خوشکە بەسێ دەکا و دەڵێ زور بە غیرەت بوون و ئاموژگاری خێزانی دەکا کە ئەویش ئاوا بێ.

لە سەر ئەو وەزعە کومیتەی ناوەندی، نامەیەکی بۆ سەرۆک کۆمار و حیزبی بەعس نووسێ و داوا کرد کە برادەرانی حیزب بگەڕێندرێنەوە بۆ کوردستان و دەستیش لەوانەی کە لە کوردستان نیشتەجێن نەدرێ. هاوکات ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و کادرەکانی دەوربەر کە سەرجەم ٢١ کەس بوون، لە١٩٧٧/٥/٣ کۆ بوونەوە و بڕیاریان دا کە ئەگەر دەوڵەتی عێراق بیهەوێ بنەماڵەکان کە سەرجەم٢٦٠ کەس بوون و ١٠٤ کەسیان ئەندام و کادری حیزب بوون، بۆ خوارەوەی عێراق بەڕێ کا، ئەوان خۆ بە دەستەوە نەدەن و خۆ بشارنەوە و هیندێک لە ئەندامان بۆ کاروتێکۆشان بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆی وڵات. ئەوان بۆ ئەو مەبەستە کومیتەیەکیان بە ناوی کومیتەی رابەر(ک - ر) پێک هێنا و کارەکانیان دابەش کرد و بۆ رۆژی مەبادا خۆیان ئامادە کرد. ئەو کومیتەیە بریتی بوون لە ١ ـ حەمەدمین سراجی ٢ ـ سەید رەسووڵ دێهقان٣ ـ کەریم حەداد ٤ ـ حەسەن عەبدوڵا(شیوەسەڵی) ٥ ـ مەلا سمایل حاجی ٦ – مەلا رەسووڵ پێشنماز ٧ – جەماڵ.

رۆژی دوایی حەمەدەمینی سیراجی ئیستیعفای دا و ئەو هەر لە کۆبوونەوەدا بە دژی گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵاتناملکەیەکی ١٧ لاپەڕی خوێندەوە. ئەو لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە هەلومەرج بۆ گەڕانەوە بۆ ناوخۆ ئامادە نییە. بە جێگای ئەو کەریمی حیسامی(کاک پیران) هەڵبژێردرا و وەک بەرپرس دیاری کرا. کومیتەی رێبەر، شوێنی کاری ئەندامانی دیاری کرد و بڕیاری دا، سەلیم و سەدیق و شێخ باقی بۆ ناوچەی بانە، جەماڵ و فەتاح و مەحمود بۆ ناوچەی گەورکان و کەڵوێ و سوسنیان، کەماڵ مستەفا ئاوارە و مەلاخدر بۆ ناوچەی ئالانی سەدەشت، مامەند و عەوڵا و رەحیم بۆ ناوچەی مەنگور و گەورکی مەهاباد، هەروەها پیران و سێمان و غەریب بۆ ناوچەی لاجان و پیران و سندوس و شارۆێران بگەڕێنەوە.

ئەوانە دەبوو لە سێ شوێنی، چواس بامین و خوار و کوترەل، خۆیان حەشار دابا و بە هاوکاری حەسەنی قەلەرەشێ و فەقێ عەوڵا و وەتمان مەحمود و محەمەدی زوودی، بەر لە نیشتەجی

بوونیان، ئازوقە و زەمهەڕی پێویستان لەو شوێنانە ئامادە کرد با. هەروەها هەر لەوکاتەدا ئەندامێکی حیزبی لە بانە هاتبووە سولیمانی و دەزگا تایپی پەیدا کرد بوو.

## کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لە پاریس لە ساڵی ۱۹۷۷

بە دوای ڕاگوێزتنی بنەماڵەی ئەندامان و پێکهێنانی کومیتەی رابەر، کەریمی حیسامی وەک نوینەری حیزب لە گەڵ سەعدون شاکر بەرپرسی موخابرات کۆ بۆوە و دیسان ئەو لە دوکتور قاسملوو بە گلەیی بوو و گوتبووی کە لە دەرەوە دژی ئەوان دەجوڵێتەوە و ڕێگا نادرێ بێتەوە عێراق، بەڵام ئێوە دەتوانن سەفەر بکەن و بچن بۆ دەرەوە. ڕێبەرایەتی حیزب چوونە پاریس و لە ڕێکەوتی ۱۹۷۷/۷/۲۷ لە شاری "شانیومون لیڤو" لە ماڵە کریس کۆچرا (پۆل) نووسەری گەورەی فەڕانسەوی دۆستی کورد، کۆبوونەوە.

هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ۲۱۵ کتێبی "گەشتێک لە ئارباباى بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لەسەر پلینۆمی پاریس دەنووسێ: جاری دووهەم پلینۆمەکەمان بردە پاریس. دوکتور قاسملوو گوتی: هوتێل گرانە و کریس کۆچیرا پێی گوتووم: من خانوویەکی گەورەم هەیە لە گوندێکی نیزیک پاریس، (دیارە خانوەکە هی ژان موییکی برای بوو) دەتوانن پلینۆمەکەتان لەوێ بگرن و خۆتان خەرجی خۆتان بکێشن و چێشت لێنەریشتان بۆ پەیدا دەکەم. ئێمەش پێمان بۆچوونێکی باش بوو. بە شەمەندەفەر چووینە شاروچکەی شانیومۆن لیفۆ، لە چل کیلۆمیتری باشووری پاریس و لەوێشەوە بە ئوتۆمبیل بە دەخولەک گەیشتینە ئەو ماڵە و لە ڕۆژی ۱۹۷۷/۷/۲۷ کۆبوونەوەمان لەو جێگە دەست پێکرد. کۆشکێکی کۆن بوو، کە وێ دەچوو ملکی ئاغای ئەو گوندە بووبێ. برای کریس کوچیرا بە کرێی گرتبوو، دوو قات بوو و حەوشەیەکی گەورەشی هەبوو و بۆ قەدەم لێدان زۆر باش بوو. بەشێکیان خۆیانی تێدا بوون و بەشەکەی تریش کە چەند ژوور بوو دای بە ئێمە. ڕۆژانە کۆبوونەوەمان دەکرد هەتا ئێوارە. کریس کۆچیرا و ژنەکەی دەچوون بۆ پاریس، جێی کاریان لەوێ بوو. ئێواران دەگەرانەوە و سفرە رادەخرا بە خواردەمەنی هەمە جۆر و خواردنەوە دەرازایەوە و تا کاتژمێر ۱۰ دادەنیشتین وبە قسەی خۆش دەمانگوزەراند. جاری وا هەبوو خوشکی کریس کۆچرا کە شووی کردبوو بە ژن براکەی کریس کۆچیرا لەگەڵ مێردەکەی لە پاریسەوە دەهاتن ولەگەڵ ئێمە دادەنیشتن. برادەرانی ئێمە بە گاڵتە پێیان دەگوتن ئێوە سوننەتێکی خراپی کوردەواریتان ڕەچاو کردوە بە ناوی ژن بە ژنە بە ژنە و بۆیان باس دەکردن. ئەوانیش حاشایان لەو کارە دەکرد و کاری خۆیان بە ژنە بە ژنە نەدەزانی. لەو پلینۆمەدا وا ڕێک کەوتبوو لە سەر یەکێک لە کێشەکان بیروبۆچوونی جیاوازمان هەبوو. دوکتور قاسملوو و کاک ئەمیری قازی و دوکتور حەسەنی شەتەوی و من لە بەرەیەکدا بووین (کاک محەمەدی موهتەدی لە پلێنومی ڤارناوە ئیتر بەشداری نەدەکرد و بە کردەوە خۆی لە حیزب کێشایەوە) مامۆستا هێمن کاک حەمەدەمینی سیراجی و کاک کەریمی حیسامی و مەلا ڕەسوڵ پێشنماز و مەلا سمایلی حاجی کەوتبوونە لایەک. مامۆستا هێمن دەیگووت: دنیایەکی سەیرە، من کورە دەرەبەگم کەوتوومەتە لای کورە

زەحمەتکێشەکان، بەڵام کاک حەسەن (واتە من)کورە هەژارە، کەچی کەوتۆتە لای کوڕە دەرەبەگەکان. بڕیارەکانی پلینۆمی فەڕانسە ئەمانە بوون:

١- پێکهێنای کۆنفرانسێکی حیزبی لە ماوەی ١٢ مانگدا

٢- هەڵبژاردنی کومیتەیەکی پێنج کەسی بە ناوی دەفتەری سیاسی بۆ جیبەجێ کردنی کۆنفرانس و پیادەکانی نەخشەی سیاسی و درێژە پێدانی کاری چاپەمەنی و پێوەندییەکانی دەرەوە.

٣-لە ماوەی ساڵێکدا بەرە بەرە ناوەندی حیزب لە بەغدا بگوازرێتەوە.



شوێن پراگ

لە ڕاستەوە کاک محەمەد موهتەدی، ئەمیر قازی

کەریمی حیسامی وەک جێگری سکرتێر لە نووسراوێکی ١٥ لاپەڕی دا باسی وەزعی حیزب و شێوەی کار و تێکۆشان و هەلسوکەوتی ئەندامانی کومیتەێ ناوەندی، بە تایبەتی دوکتور قاسملوو سکرتێری حیزب خستە بەر رەخنە.

بە پێی لاپەڕەی ١٦٢ ی بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، دوکتور قاسملوو لە وڵامی کەریمی حیسامی دا گوتی: نووسینی کاک کەریم بە بێ دیاری کردنی رێگای چارە، تێکدانی حیزبە، مەسەلەش هێندە سەیرو پڕ لە مەترسی نیە کە یان دانیشین و یان خۆ بە ئاور دادەین. عەیبی گەورەی گەلەکەمان ئەوەیە کەم چیکڵدانەیە و خۆڕاگر نیە. لەبارەی ئەو وەزعەی کە پێک هاتوە من خۆم زیاتر لە هەموو کەس بە تاوانبار دەزانم.

دوای سێ رۆژ باس و لێکۆڵینەوە و رەخنە و تاوتوێ کردنی باسەکان کە زۆربەیان لە چوارچێوەی گەلاڵەی سیامی‌دا بوون، بڕیار درا لە ماوەی ١٢ مانگ دا، کۆنفڕانسێکی حیزبی بگیرێ. هەوڵ بدری بۆ پیادەکردنی نەخشەی سیامی و هەروەها هەوڵ بدرێ لە ماوەی ساڵێک دا بەرە بەرە ناوەندی حیزب لە بەغدا بگوێزرێتەوە. بۆ بەڕێوەبردنی ئەوکارانە کومیتەیەکی ٥ کەسی بە ناوی دەفتەری سیاسی هەڵبژاردرا. هەروەها بڕیار درا دوکتور قاسملوو وەک سکرتێر لە گەڵ ئەمیری قازی هەوڵ بدەن بۆ دیتنەوەی شوێنی کۆنفڕانس و هەروەها ئەوانە هەر یەک بە نۆرە سەر لە تورکیە بدەن بۆ کردنەوەی جێ پێیەک و پەیوەندی گرتن بە خوێندکارانی کورد لە ئوروپا. هەر لەو کۆبوونەوەدا، بڕیار درا لە سەر پێشنیاری حەسەن ماساڵی کە بە ناوی جەبهەی میللی لە عێراق و یەمەن و لیبی تێدەکۆشا، دوکتور قاسملوو سەردانی لیبی بکا.

لە دابەش کردنی کار دا، کەریمی حیسامی لە عێراق بەرپرسی رێکخراو و مەلا رەسوڵ پێشنماز و حەمەدەمین سیراجی وەک هاوکار دیاری کران.

لە پەیوەندی لە گەڵ هاوکاری لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، پارتی و یەکێتی، بڕیاری کۆبوونەوەی ڤارنا دووپات بووە کە بە مەرجێک حیزب ڕازی بە هاوکاری لە گەڵ ئەو دوو حیزبە دەبێ کە بە ئاشکرا ڕەخنە لە سیاسەتی شا بگرن.

هەر لەوکاتەدا حیزب لیستەیەکی لە زیندانیانی سیاسی ئامادە کرد تا بە هۆی دوکتور قاسملوو بدرێ بە ڕێکخراوی لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی (ئەمنیستی). ئەو ڕێکخراوە توانی بۆ ئازاد بوونی زیندانییەکان هێندێک کار بکا و بۆ عەزیزی یوسفی پارێزەرێکی بیلژیکی، ناردرا بۆ تاران. هەروها ناوی غەنی بلوریانیش کەوتبووە ناوی لیستی ئەو کەسانە کە هەوڵیان بۆ دەدرا.

ئەوجار بڕیار درا بۆ ئامادەگی زیاتر و دیتنی دەورەی نیزامی ١٠ کەس لە کادرەکانی حیزب بچنە یەمەنی دێموکراتیک.

کومیتەی ناوەندی دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە گەڕانەوە بۆ عێراق. لەو کاتەدا لە نێوخۆی وڵات دا، هێندێک لە ئەندامانی حیزب چالاکانە درێژەیان بە خەبات دەدا. بۆ بەرگری لە گیرانی ئەندامان و پاراستنی گیانی ئەوان، تەشکیلاتی حیزب هەوڵی دا لە پیتی ڕەمز کەڵک وەرگرێ. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٧٧ بەرگی ٥ ی بیرەوەرییەکانی ئاماژە بە هێندێک ڕەمز دەکا و دەنووسێ: برای بەڕێز گۆران دەستەکانت دەکوشم. نامەکان گەیشتن، ٤٤ – ١١ –٣٤ – ١٤ -١١ – ٤٤ – ئەم شێوەیە زۆر باشە، لەمەودوا بە کاری بێنە. سوپاس(٢١ – ٢٢ – ٢٦ – ٢٢ -٣٣) ١٥ –٣٣ – ١١ – ١٥ –٣٣ . بورووی سیاسی لە زەحمەت و تێکۆشانی ئێوە ڕازییە...

## سەفەری هەیئەتی حیزب بۆ وڵاتی یەمەن و دەورەی نیزامی

پێشتر لە ١٩٧٤ دوکتور قاسملوو و حەمەدەمین سیراجی بۆ بە هێز کردنی کردنی پەیوەندی نێوان حیزب و کۆماری یەمەنی دێموکراتیک سەردانی باڵوێزی یەمەن لە بیروتیان کرد.

لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٤ کۆماری یەمەنی دێموکرات باشوور، وڵامی ویستەکانی حیزبیان داوە و لە ڕۆژی ١٩٧٧/١/٨ دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی لە وڵاتی کویت یەکتریان گرتەوە و لە ڕۆژی ١٩٧٧/١/٨ بەرەو عەدەن پێتەختی یەمەن وەڕێکەوتن. هەر ئەو ڕۆژە لە لایەن سالم ساڵح وەزیری دەرەوە و بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوە بەخێر هاتن کران. قەراری چاوپێکەوتن لە گەڵ عەبدولفەتاح ئیسماعیل سکرتێری گشتی بەرەی نەتەوایەتی یەمەن، بۆ سەعاتی ١١ بەیانی ڕۆژی دواتر داندرا.

کەریمی حیسامی لە بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە هەردوو لا لە باسێکی دوورودرێژ دا خەباتی ڕزگاریخوازی دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جەزیرەی عەڕەب و خەلیجییان تاوتوێ کرد و هەردوولا لە لێکدانەوەکەیان هاوەدەنگ بوون. کەریمی حیسامی دەنووسێ کە دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات خۆشحاڵی خۆی لە ئاڵوگۆڕەکانی یەمەن لە پێناوی جێگیرکردنی دێموکراسی و ئازادی دەربڕێ. دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات دوایە باسی کێشەی گەلانی ئیران و زوڵم و زۆری داموەزگای شاهەنشاهی بە تایبەت لەگەڵ گەلی کورد هێنا گۆڕێ و ئەوی

کە چۆن ڕێژیمی شا کەوتۆتە ژێر هێژمونی وڵاتی ئیمپرالیستی ئەمریگا و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەو لاتە دا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەچەوسێنێتەوە و ئەو سیاستەی وڵاتانی ئیمپریالیستیان مەحکوم کرد کە دەیهەوێ دەست بە سەر کانگا و سامانی وڵاتای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابگرن. ئەوجار هەردوو لا دەستتێوەردانی وڵاتی ئێرانیان لە وڵاتی عەمان مەحکوم کرد و ڕایانگەیاند کە بە مەبستی جێگیربوونی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێژیمی سەهیۆنیستی ئیسرائیل دەست لە داگیرکاری وڵاتانی عەڕەب هەڵگرێ و خاکی داگیرکراوی فەلەستین بەجێ بێڵێ.

ئەو چاوپێکەوتنە بۆ ماوەی پتر لە دوو سەعاتی خایاند و بە باس لە سەر باردۆخ و سیاسەت و خەباتی حیزبی دێموکرات کۆتایی هات و بڕیار درا بەیاننامە هاوبەش بنووسرێ و بڵاو بکرێتەوە.

نوێنەرانی حیزب تا ١٥ ژانوییە لەو وڵاتە مانەوە و سەردانی زۆر شوێنیان کرد. هەروەها لەو سەفەرەدا ئەوان چاویان بە دەستەی نوێنەرایەتی عەمان و بەرەی ڕهزگاریخوازی فەلەستین کەوت.

دوای تەواوبوونی سەفەرە هەیئەتی حیزب لە ١٥ ژانوییەی ١٩٧٧ دوکتور قاسملوو گەراوە بۆ پاریس و لەوێ ڕۆژنامەی کوردستانی بە چاپ گەیاند. زۆربەی وتارەکان بە قەڵەمی خۆی بووە و کەڵکی لە وتاری دەستەی نووسەران وەرنەگرت بوو. کاتێک کە ڕۆژنامە گەیشتە دەستی دەفتەری سیاسی، ئەوان بە نامە ڕەخنەیان لێگرت و لە نامەیەکدا بۆیان نووسێ: ڕۆژنامەکە وەک ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ناچێ و بۆتە ئۆرگانی خۆت.

هەر لەو نامەدا ئەگەرچی دەفتەری سیاسی ئاگاداری دەکەنەوە کە دەوڵەتی عیراق هێشتا وڵامی ئەو داوایە نەداوەتە کە ئەو بگەڕێتەوە بۆ عێراق، بەڵام ڕاشکاوانە داوای لێدەکەن کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو گەڵاڵانەی کە هەیەتی، بگەڕێتەوە بۆ عێراق. لە نامەکەدا کومیتەی ناوەندی هەڕەشە دەکا کە کۆبوونەوە ناگرن و هیچ بڕیارێک نادەن تا ئەو نەگەڕێتەوە.

بە دوای سەفەری هەیئەتی حیزب بۆ یەمەن، بڕیار درا دەستەیەکی ١٠ کەسی لە ئەندامانی حیزب بۆ دیتنی دەورەیەکی سیاسی نیزامی بە بەرپرسایەتی هاشم کەریمی، بۆ ماوەی ٤ مانگ بچنە یەمەنی دێموکراتیک کە بریتی بوون لە: ١ـ هاشم کەریمی ٢ ـ حەسەن ڕەستگار٣ ـ سەید ڕەسووڵ دهقان ٤ ـ مەلاحەسەن شیوەسەڵی ٥ ـ مەلا سەدیق ٦ـ میرزا عەلی ٧ ـ فەقی عەوڵای قەلەڕەشێ ٨ ـ محەمەد بۆکانی ٩ ـ مەلا عوسمان(جەلالی میراوەیی) ١٠ـ مەلا مەحموود قازانی.

ئەوکات یەمەن ببوو بە پێگەی پارتیزانەکانی زەفار و تێکۆشەرانی ئێرانی. حەسەنی ڕەستگار لە دەستنووسێک دا بەوردی باسی ئەو سەرفەرە چوار مانگەیە ئاخری بەهاری ١٩٧٧ دەکا و دەنووسێ کە حیزب لە سەفارەتی یەمەن بە نێوی عەڕەبی (لیسەپاسە)ی بۆ وەرگرتوون تا لەوێ دەورەی فێربوونی چەک و شێوەی کاری پارتیزانی تێپەڕێنین. ئەوان بە تەیارە چوونە کووەیت و لەوێشرا چوون بۆ عەدەن پێتەختی یەمەنی دیموکراتێک. لە نێو ئەوانە دا تەنیا ٣ کەس کەمێک عەڕەبیان دەزانی و بۆ نموونە هاشم کەریمی ئەگەر گوتبای "لە وڵاتی ئێمە کشتوکاڵ دەکرێ و مەڕوماڵات بەخێو دەکەن"، دەیگوت "فی بیلادنا یەزرەعونە غەنەم" واتە "لە وڵاتی ئێمە مەڕی دەچێنن" کە بەو قسەیە هەموو عەرەبەکان قاقا پێدەکەنین.

ئەوان درەنگ گەیشتنە عدەن و لە فرۆکەخانە پێشوازیان لێکرا بە قەراغ دەریا دا، کە گەرم و بۆنی ماسیی هەموو وڵاتی داگرت بوو و سەگ و پشیلە و ڕێوی بە دوای کشانەوەی ئاوی دەریا دا، خەریکی ملۆمۆیە بوون، بردیانە پێگەیەکی نیزامی کە بۆ منداڵان خوارەوەی ١٨ساڵ دروست کرا بوو. چەند سەربازی ڕەشکە و کزۆڵە لەگەڵ چەند ئەفسەرێک کە هەر جل و بەرگەکانیان جیاواز بوو، ئاگایان لێیان بوو. دەوڵەت کەرەسەی نان و چا خواردنی دانێ و کەسانی وەک سەدیقی فەروخی دوای یەک مانگ توانیان عادەت بە خواردن بگرن کە زۆرتر ماسی بوو. دیارە پاش ماوەیەک ئەوان بۆخۆیان ئەرزاقیان وەدەگرت و خواردنیان ساز دەکرد و سەید ڕەسووڵی دیهقان بە دەستە ڕەنگینەکانی، گۆڕانکاری گەورەی لە خواردنەکان دا پێکهێنا. بەڵام لە دابەش کردنی کار دا، چا ساز کردن درابوو بە حەسەنی ڕەستگار کە یەک دەبوو کەتری بۆ بکوڵێنی و یەک چای بۆ دە چادانی کا و یەک تێکا و یەک بیگێڕێ کە ئەوەش بۆ ئەفسەرانی ئەو پێگەیە ببوو بە گەمەیەکی خۆش و لەوەختی کاری ئەودا دەهاتن بۆ چا خواردن.

حەسەن ڕەستگار دەنووسێ کە پاش ماوەیەک دەورەی فێرکردنی و بەکارهێنانی چەکە جۆربەجۆرەکان وەک کلاشینکۆف، قەناسە، بی کەی سی، داکتریۆف، ئارپیجی، نارنجۆک (ڕومانە)، دەستی پێکرد. ئەفسەران یەمەنی سەریان سوڕمابوو، ئێمە کە ئاوا نیشانە ئەنگێوین چاکین بۆ بۆ فێربوون هاتوون.

بۆ ئەو سەفەرە هاشم کەریمی کتێبی زۆر لەگەڵ خۆی برد بوو و حەسەن ڕەستگار دەنووسێ کە لەوێ بۆ جاری دووهەم کتێبی (شەڕ و ئاشتی)ی (تۆلستۆ) خوێندوتەوە.

ئەوان لانی کەم هەفتەی جارێک سەردانی شاری "عەدەن"یان دەکرد کە بندەرێکی زۆر گرینگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو و حەسەن ڕەستگار دەنووسێ: بۆیە شاری عەدەن زۆر سرنجڕاکێشە و کەشتی سەفەری، بازرگانی، نیزامیی زۆربەی وڵاتانی لێ دەبیندرێ. لەوکاتدا وڵاتانی سۆسیالیستی بەتایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەت و کوبا و لەهستانیەکان زۆر بەرچاو بوون. لەسەریەک یەمەنی دێموکراتی وڵاتێکی هەژار بوو، بێجگە لە فرۆشی خوێ بەرهەمێکی بەرچاوی دیکەیان نەبوو، کارگەیەکی ڕستن و چنینیان هەبوو کە چینییەکان بەسەری ڕادەگەیشتن وابزانم ١٥ کرێکاریان هەبوو ئەوکات یەکیەتیی سۆڤیەت سیاسەتی (ڕێگای پەرەسەندنی غەیرە سەرمایەدارییان) پێڕەو دەکرد کە لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین تاقی دەکرایەوە. لەوکاتدا زۆر لە خەڵکی (زەفار) سەر بە وڵاتی پاشایەتیی عوممان لە ڕێژیم هەڵگەڕابوونەوە و شەڕێکی پارتیزانیی قورسیان دژی ڕێژیمی پاشایەتی عوممان بەڕێوە دەبرد. کۆمۆنیستەکان بێجگە لە چین لە ڕێگای یەمەنەوە یارمەتییان پێ دەکردن. وڵاتانی ڕۆژئاواش بە هۆی بریتانیا و شای ئێران پشتیوانیی ڕێژیمی شای عوممان بوون. لە ڕاستیدا یەمەنی دێموکراتی پشتی جبهەیەکی باشی زوفاریەکان بوو، هەر بۆیەش ئێرانییەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتییان بۆ وڵاتی خۆیان ڕێگە دەدا وپەروەردەی نیزامییان دەکردن.

بەشدارانی ئەو دەورەیە بۆ ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ ڕێوڕەسمێکی زۆر چاکیان پێک هێنا و زۆر کاربەدەستی یەمەنیان بانگهێشت کرد و پەیام و هێندێک سروودیان ئامادە کرد و بە دوای

بەخێرهێنانی میوانەکان و پێشکەش کردنی سرودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" حەسەن شیوەسەڵی، پەیامی ٢٥ی گەلاوێژ خوێندەوە کە هەر خۆشی وەریگێڕابۆوە سەر زمانی عەرەبی و بۆ بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە یەگجار زۆر جێگای سەرنج بوو. بەدوای ئەم ڕێوڕەسمەدا کەسایەتیی ئەو تیمە زۆر چووە سەرێ.


مەلا حەسەن شیوەسەڵی

کاربەدەستانی یەمەن بەنیاز بوون بۆ سەری ساڵی سەربەخۆیی جێژنێکی گەورە لەم بنکەیە بگرن بەڵام بە هۆی تیرۆری سەرکۆماری ئەودەمی یەمەنی دێموکرات کە زۆر خۆشەویست بوو، جەژنەکە هەڵوەشایەوە.

ئەو دەورەیە چوار مانگی گرت. دوای تەواو بوون ئەوان بە سواری فڕۆکە هاتنە کوویت. بەڵام لەوێڕا تەیار بۆ بەغدایە نەبوو، بە ناچار بە سواری تاکسی و ئوتوبووس گەڕانەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ خۆشیی و شادی ئەندامانی مەقەڕی حیزب بەرەوروو بوون.

لەو سەروبەندەدا، کتێبی توحفەی موزەفەرییە بە هاوکاری کۆڕی زانیاری لە بەغدا بە چاپ گەیشت. مامۆستا هێمن کە خۆشەویست و جێگای ڕێزی خەڵک بوو لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی کە لە لاپەڕەی ١٦٧ ی بەرگی ٤ بیرەوەییەکانی دا هاتووە لە سەر ئەو کتێبە دەنووسێ:... بەیانان ڕەحمان ئەگەر بێکار بوو تاقەت دێنێ، بەیتەکانی ئوسکارمانی بۆ دەخوێنمەوە، ئەویش تایپی دەکا. تا ئێستا پتر لە ١٥٠ پەڕمان هیناوەتە سەر خەتی خۆمان. بەراستی شتێکی زەریفە و من بۆخۆم زۆر کەلکی لێوەردەگرم. خوڵا بکا ڕۆژێک ئەوانە چاپ بکرێن. جا دەزانی شێوەی موکریان چەندە دەوڵەمەندە. شاییم بە خۆمە کە هیشتا نەگەیومە پێنج وشەی وا کە نەمبیستبێ و مانای نەزانم. ئەویش لە سایەی کرمانجی یا ئاغایەتیمە...

## سەفەری دوکتور قاسملوو بۆ لیبی لە ساڵی ١٩٧٧

لە مێژووی نەتەوەی عەرەب دا، تەنیا سەرکۆمارێک کە دانی بە سەربەخۆیی و دامەزرانی دەوڵەتی کوردی دانا، موعەمەر قەزافی بوو. لە مانگی ٩ ساڵی ١٩٧٧ دوکتور قاسملوو چوو بۆ وڵاتی لیبی و لەسەر سەفەرەکەی لە ڕێکەوتی ١٩٧٧/٩/١٤ لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی کە لە لاپەڕەی ١٧٢ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی دا هاتووە، دەنووسێ: سەفەرەکەم لە سەر یەک باش بوو... بە داخەوە وەختەکەی ناخۆش بوو نیزیکەی سەد دەستەی نوێنەر لە هەموو وڵاتانی جێهانەوە بۆ بەشدار بوون لە جەژن دا هاتبوون. کۆسپی دیکەش ڕەمەزان بوو... من کاک هۆمەرم(مەعەمەر قەزافی) دیت بەڵام هەروا سەرپێ. لە پاشان داوام کرد بە جیا بیبینم، لە بەر خەڵک بەرمنەکەوت و نەشم دەویست لەوە زیاتر گیر بم. بە تایبەتی کە جێژنی ڕەمەزانیش لە

پێش بوو و لەوێ پێنج شەش ڕۆژان هەموو جێ دادەخرێ. بەڵام بەرپرسە ڕاستەوخۆیەکەم دیت و نیزیکەی دوو سەعات قسەم لە گەڵ کرد. لە پاشان دانیشتووم و شەش لاپەڕە بە تایپ، کورت و پوخت لە سەر ح.د.ک و ڕابردووی و داواکانمان نووسی بۆم نارد. بڕیار وایە تا مانگێکی تر خەبەرمان بدەنێ. کە لە سەفەری تورکیا گەڕامەوە دیارە موراجعەیان پێدەکەم... یەکێک لە پێشنیارەکانمان مەسەلەی رادیۆیە، بە لەبەرچاو گرتنی وەزعی وڵاتەکە پێموایە دوو کەس بنێرین بۆ ئەوەی کە هەر لەوکاتەش دا بێن بە ڕابتمان و دەفتەری ئێمە لەوی ئیدارە بکەن. چونکە عەرەبی زانین لەوێ زور موهیمە. پێشنیار دەکەم کە مامۆستا مەلاعبداللە و جەلال بچن بۆ ئەوێ. دیارە ئەگەر مامۆستا قبوڵ بکا...

دوکتور قاسملوو لە هەوڵی ئەوە دابوو کە حیزب مەقەڕێک لە لیبی بکاتەوە و لە نامەکەیدا دەنووسی کە ئەگەر مەلاعەوڵای حەسەنزادە بچی هەموو شت وەک ماڵ، سیارە، بۆی دابین دەکەن تەنانەت دەتوانێ منداڵەکانیشی لە گەڵ خۆی بەرێ و لە درێژەدا دەنووسێ: ... لەوێ تووشی برا موجاهیدەش بووم کە ئێوە چاوتان پێکەوتبوو. زۆرمان قسە کرد و من سیاسەتی خۆمان بە تەواوی بۆ باس کرد. بڕیار ئەوەیە دیسان چاومان بە یەکتر بکەوێتەوە.

دیارە داوای کەرەسەشم کردوە. کابرای مەسئول پێیوابوو وڵامی "ئینشاالە" ئیجابی دەبێ...

بورووی سیاسی حیزب، پێشنیاری دوکتور قاسملووی لە گەڵ مەلا عەوڵا بۆچوون بۆ "لیبی" باس کرد، بەڵام ئەو پێشنیارەکەی قبووڵ نەکرد.

## گیرانی کەریم نستانی و ئەحمەد نستانی ١٩٧٧

ڕۆژی١٣٥٦/٦/٣٠(١٩٧٧/٩/٢١) دوو کادری حیزب بە ناوەکانی کەریم نەستانی و ئەحمەد نستانی، لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات، لە سەر سنوور بە هۆی چەند چەکداری کوردی کوردستانی عێراق، سەر بە یەکێتی نیشتیمانی بە بەرپرسایەتی ساڵح درویش قادر و فەقێ قادری کوڕی، بە ٥ هەزار تمەنەوە گیران و بە دەست بەستراوەیی تەسلیم بە پاسگای ژاندارمەری بەردەپان کران. دەفتەری سیاسی نامەیەکی بۆ دوکتور تالیب بەرپرسی یەکێتی نیشتیمانی لەو ناوچەیە نووسی و داوای کرد کە هەرچی زووتر ئەو تاوانە ڕوون بکرێتەوە. پاش ماوەیەک دوو کەس لە تاوانبارەکان هەڵاتن بۆ ئێران و یەکیشیان گیرا. دکتور تالیب بۆخۆی پرسیاری لێکرد بوو و شریتی ئێعترافەکەی بۆ حیزب نارد.

بۆ هەڵسەنگاندنی وەزعی ناوخۆ و زانیاری لە سەر ئەو کەسانەی کە کەریم و ئەحمەد نستانیان بەگرتن دابوو، مەلارەسوڵ پێشنماز لە لایەک و مەلا خدر دۆڵەگەرمی، بە لایەکی دیکەدا چوونەوە بۆ ناوخۆی وڵات.

مەلا عەزیز ئەحمەدی لەسەر تەحویل دانەوەی نستانییەکان لە دەستنووسێک دا دەڵێ: ڕۆژێك دەگەڵ خزمانی شۆڕان چوو بووینە سەر چاوەی هەڵشۆیە کە پڕ بوو لە کاروانچی ڕۆژهەڵات و باشوور. هێندێك چامان پێبوو بیفرۆشین. پێشمەرگەیەك بانگی کردم گووتی کاکە خەڵکی کوێی؟

گووتم خەڵکی شۆڕانم بۆ کاکە؟ گووتی بۆ هیچ ڕۆیشت. کوڕەکانی شۆڕان هاتن گووتیان سازبە با بڕۆینەوە. گووتم با چایەکەی بفرۆشین. گووتیان کارت بەچای نەبێ، بە ساحیب مان کردوە. سوار بووین و گەڕاینەوە شۆڕان. بۆ ڕۆژی دواتر چوومە قەڵادزێ ماڵێ مەلا سمایلی حاجی. مەلاخدر و چەند کەس لەماڵی مەلاسمایل بوون و باسی تەحویل دانەوەی کەریم نستانی و ئەحمەد نستانی‌یان دەکرد. پرسیارم کرد چی بووەوە؟ گووتیان دوێنێ لەسەر چاوەی هەڵشۆیە، قادری فەقێ قادری، ئەحمەد نستانی و کەریم نستانیان تەحویلی ئێران داونەوە. ئەوجار زانیم ئەو پێشمەرگە بۆ لەمنی دەپرسی. زۆرم پێ کارێکی نەشیاوبوو هەر لەخۆمەوە نامەیەکم نووسی بۆ بەڕێزان مام جەلال و دوکتۆر مەحمود و کاك رەسووڵ مامەند و لەسەر تەحویل دانەوەی کەریم و ئەحمەد گلەییم لێکردن. تەنانەت نووسی بووم، ئێستا بیسمیلاتان نەکردوە دەستتان کرد بە تەحویل دانەوەی ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

کاك رەسوول مامەند بە ناوی خۆی و مام جەلال وڵامی نامەکەی دامەوە و نووسی بووی قادری فەقێ قادری، تەمەرودی لە شۆڕش کردووە و بەداخەوە لە ئیختیاری ئێمەدا نەماوە، بەڵام دەستمان بکەوی بێ گوومان سزای دەدەین و لێی قەبووڵ ناکەین.

لەو پەیوەندی لەگەڵ گرتنی ئەو دوو پێشمەرگەیە، بورووی سیاسی حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە رێکەوتی ١٩٧٧/١٠/١ ئاگاداریکی توندی بڵاوکردەوە و ئەو کارەی مەحکووم کرد. دەقی راگەیندراوەکە بەمجورەیە:

راگەیاندنێک لە لایەن بورووی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە.

لە ساڵەکانی رابردوودا، لە ماوەی هاوکاری سەرۆکایەتی جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق لە گەڵ رێژیمی شا، بەرانبەر بە خەباتکارانی کوردی ئێران زۆر کاری ناڕەوا کران کە یەکێک لەوانە گرتن و تەسلیم کردنەوەیان بە جەلادانی رێژیمی شا بوو.

هێزە پێشکەوتوەکانی کوردستانی عێراق لە کاتی خۆیدا بە تێکرایی ئەو کردەوەیان مەحکوم کرد. پاش هەرەس هێنانی سەرکردایەتی بارزانی ئەم کارە لە هەموو لایەکەوە بە یەکێک لە لاپەڕە رەشەکانی مێژووی ئەم جوڵانەوەیە داندرا. بە داخەوە هێندێ کەس لە مێژوو تەجروبەیان وەرنەگرتوە و ئێستاش نۆکەرایەتی رێژیمی شایان بە ئەرکی خۆیان داناوە.

شەوی١٣٥٦/٦/٣٠(١٩٧٧/٩/٢١) چەند خۆفرۆشی چەکداری کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی ساڵحی دەروێش قادر و فەقێ قادری کوڕی تووشی دوو کوردی نیشتیمانپەروەری کوردستانی ئێران بە ناوی کەریم نەستانی و ئەحمەد نەستانی هاتوون و پاش ئەوەی رووتیان کردوون و باڵیان بەستوون، بردویاننە پاسگای بەردەپان و تەسلیمی ئێرانیان کردون.

ئەو دوو نیشتیمانپەروەرە کە پتر لە دە ساڵە لە سەر ئازادیخوازی و خەباتی دژی رێژیمی شا دەربەدەر بوون و لە لایەن رێژیمی پۆلیسی و دیکتاتوری شا راونراون، بە دەستی چەند کوردی خایەن و خۆفرۆش گیراون و بە دیاری دراونەوە بە حکومەتی کۆنەپەرەستی ئێران و ئێستا گیانیان لە مەترسی دایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێکدا ئەو کردەوە بێشەرمانەیە بە توندی مەحکوم دەکا، بە مافی خۆی دەزانێ کە لە دوارۆژ دا هاندەر و دەستکیسی ئەو تاوانە خۆفرووۆشییە بە گەلی کورد بناسێنێ. دڵنیایە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە کردەوەی خاینانەی ئەو تاوانبارانە خۆش نابێ و بە سەزای خۆیان دەگەیەنێ

بۆرووی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

هەوەڵی ئوکتوبری ١٩٧٧ – ١٣٥٦/٧/١٠

کەریم نەستانی و ئەحمەد نەستانی دوای شکەنجە و ئازارێکی زۆر بۆ دادگایی کردن نێردرانە شاری ورمێ. حیزب بە نەهێنی داوا لە یوسفی کوردنیژاد کرد کە هەوڵ بدا لە دادگا دا، پارێزەری ئەوان بە ئەستۆوە بگرێ. هەروەها نامەیەکیش بۆ عەلیاغای ئەمیر عەشایری، نوێنەری سەردەشت و پیرانشار نووسی و داوای لێکرد کە پێش بە ئێعدام ئەوان بگرێ.

لە لایەکی دیکە بە دوای ئەو رووداوەدا دەوڵەتی عێراق زەختی هێنا کە حیزبی دێموکرات دەبێ لە سەر یەکیتی نیشتیمانی شت بنووسێ. عەبدوڵا حەسەنزادە لەو بارەوە لە لاپەڕەی ٨٦ ئەزموونی خەبات دا دەنووسێ: لە جەڕەیانی تەحویل درانەوەی کاک ئەحمەد نستانی و کاک کەریم نستانی دا. دیارە ئێمە بۆخۆمان دەگەڵ یەکیەتی لەسەر ئەوەی ئیختیلافمان لێ پەیدا بوو. بەڵام ئەوان هاتن گوتیان دەبێ لە زیددی یەکیەتیی نیشتیمانی شت بنووسن. گوتمان نانووسین. هەرچی هەوڵیان دا گوتمان نانووسین.  جەمعێکیان لێ بانگ کردین کە منیان دەگەڵ نەبووم. دەستمان لێشوتن گوتمان تازە نایانهێننەوە. لەپاشان ئەوانیش حادیسەیەکیان بۆ هاتبووە پێش کە یەقینیان کردبوو بۆ لەبەین بردنیانە. سواری ئاسانسۆر دەبن و بەڕق دەکوژێتەوە. دەوێدا حاسیە دەبن. دوو سەعات، سێ سەعات دە ئاسانسۆڕی دا دەبن. ئیدی دەڵێن ئەوە بەرنامەیە بۆ وەی بمانکوژن. دوایە دەرکەوت کە شتەکە وا نەبووەو هەر بەڕاستی بەرق بڕاوە. بەڵام لەوێ پێیان گوتبوون ئێوە زۆر لە "جەلال"ی بۆمە خەتەرناکترن. جەلال هەر نەبێ لە شاخییە، بەڵام ئێوە لەنێو دڵماندان. ئێوە لەنێو جەرگەی خۆماندا خەیانەتمان پێ دەکەن. گوتبوویان بابە ئێمە دۆستی ئێوەین بەڵام ئێمە دوژمنایەتی بۆخۆمان ساز ناکەین و ئەوانەش دوژمنی ئێمە نین. باسی ئەو شتەیان کردبوو کە کارێکی خراپە، بەڵام لەسەر ئەوە نابێ پێوەندیی دوو حیزبان تێک بچێ.

سەیر لەوە دابوو هەر لەو کات دا، رۆژنامەی "دەنگی یەکێتی" بڵاوکراوەی یەکێتی نیشتیمانی لە دەرەوەی وڵات لە سەر تاوانبارانی بەگرت دانی ئەحمەد نەستانی و کەریم نەستانی، بە درۆ بڵاوکراوەیەکی بەم شێوەیە بڵاوکردەوە: تاوانبارانی ئەو رووداوە حوکمی جەماوەری زەحمەتکێش و شۆڕشیان بە سەردا جێبەجێ کراوە و گوللەباران کراون.

رێبەری حیزب لە دەرەوە لەو ئاگادارییە بە شک دەبن و باوەڕ ناکەن چوونکە لە سەرەتا دا تاوانباران لە سەردەشت لە ژێر چاوەدێری ساواک دابوون و دوایە راگوێزرابوون بۆ باشووری ئێران. بۆیە بڕیار دەدەن تا لەو بابەتە زیاتر بکۆڵنەوە. دواتر دەرکەوت ئەو بڵاوکراوە سەرتاپا درۆیەو و

"سالح دەروێش" لە مەڵبەندی شۆڕش، نان بۆ جەماعەتی یەکێتی نیشتیمانی دەکا و ئەوانی دیکەش لە ئێرانن.

لە سەر ئەو بابەتە، بۆروی سیاسی حیزبی دێموکرات لە ریکەوتی ١٣٥٧/١/٥(١٩٧٨/٣/٢٥) روونکردنەوەیەکی بەم شێوەیە بڵاو کردەوە:

" روونکردنەوەیەک لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە"

دوای بڵاوبوونەوەی راگەیاندنی رۆژی ١٣٥٦/٧/١٠، بۆروی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربارەی تەحویل دانەوەی دوو تێکۆشەری کوردی ئێران بە کاربەدەستانی رێژیمی کۆنەپەرەستی حەمەرەزا شا، بڵاوکراوەیەکمان بە ناوی "دەنگی یەکێتی"( ژمارە سێ کانونی دووەمی ١٩٧٨) پێگەیشت کە لەوێدا ئیدعا کراوە گۆایا "تاوانبارانی ئەو رووداوە حوکمی جەماوەری زەحمەتکێش و شۆڕشیان بە سەردا جیبەجێ کراوە و گوللەباران کراون".

حیزبی ئێمە بۆ ئاگاداری گەلی کورد و بیروڕای گشتی جێهانی رادەگەیەنی کە ئەم ئیدعایە دوور لە راستییە و تاوانبار و بەکرێ گیراوەکانی ساواک لە گوڵ کاڵتریان پێنەگوتراوە. بە پێی ئاگاداریەکی کە گەیشتۆتە دەستی ئێمە سێ کەس لە تاوانبارەکان، فەقێ قادر کوڕی ساڵحی دەروێش قادر، حەسەنی کوێخا مستەفا یەکێکی تریان، ئێستا لە ئێرانن و سازمانی ئەمنییەت بۆ جنوبی ئێران بەڕێ کردوون. دوو کەسی تریشیان کە یەکیان ساڵحی دەریش قادر سەردەستەی خەیانەت کارانە هەر ئێستا نیزیک سنوری ئێران لە باوەشی ئەو کەسانە دا حاوانەوە کە ئیدعا دەکەن تاوانبارانیان گوللە باران کردوە.

بەم جورە رادەگەیەنین کە ئەم نووسراوەی "دەنگی یەکێتی" تەنیا بۆ فریودانی بیروباوەڕی گشتیە و فڕێ بە سەر حەقیقەتەوە نیە.

بۆرۆی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٣٥٧/١/٥(١٩٧٨/٣/٢٥)

## بەشی ١١١

## ستراتیژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد

جیا لەوەی کە دوکتور قاسملوو سکرتێری حیزبی دیموکرات بوو کەسایەتیکی گەورەی کورد بوو کە هەر لە دەهەی ٧٠ تا ٨٠ سەدەی ٢٠ زایینی دا، راستەوخۆ کاری بۆ پێکهێنانی یەکێتی و یەکگرتوویی لە نێو هێزەکانی هەرچوار پارچەی کورد لە ئوروپا دا دەکرد.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات رێکخراوێکی سیاسی بوو کە بە پێی راوبۆچوونی حیزبەکانی کوردستان هەڵسوکەوتی دەکرد و لە ژێر کاریگەری سیاسەت و پەیوەندی ریکخراوەکانی کوردستان دابوو. کۆمەڵەی خوێندکاران دوای کێشەی نێوخۆیی پارتی دێموکرات بوو بە دوو بەش. بەشێک هەر بەو ناوە، بەڵام بە ناوی مەرکەزی بیرلین کە سەر بە پارتی بوو درێژەی بە تێکۆشان دا و بەشێکیش بە ناوی "ئاکسا" بە لای یەکیتی دا شکان.

دوای تێکشکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ حیزبی کومونیستی عیراق، بەشێک لە خوێندکارانی کوردی بە ناوی ناوەندی "پراگ" لە دەوری خۆێ کۆ کردەوە. دواتر کۆمەڵەی خوێندکارانی دیکەش بە هۆی پارتی گەل، واتا جەماعەتی سامی، بە ناوی "بوکسی" دامەزران. هەروەها رێکخراوی پاسوکیش، رێکخراوی خویندکارانی دامەزراند کە ناوی سوکسە بوو. بەم شێوەیە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بە سەر رێکخراوەکانی کوردستان دا دابەش بوو. ئەو رواڵەتە هێز و توانای لەو رێکخراوەیە بڕی و کوردەکانی بەشەکانی دیکەش لەنێو ئەوانەدا دابەش بوون.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا ستراتیژی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە کورد لە یەکێک لە بەشەکانی کوردستان، لە چوارچێوەیەکی کەمیش دابێ بە بەشێک لە مافەکانی بگا و پێیوابوو ئەو دەستکەوتە دەتوانی کاریگەری لەسەر بەشەکانی دیکە هەبێ و زووتر کورد بە ئازادی بگەیەنێ. دوکتور قاسملوو هەلومەرجی وڵاتی عێراقی بۆ سەرخستنی ئەو بووچوونە، لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانی، بە گونجاوتر دەزانی و تا دوای نسکۆی ١٩٧٥ مەڕحومی مەلا مستەفای بە کاراکتێری سەرەکی جێبەجێ کردنی ئەو روانگەیە دەزانی و ئەوەندی بۆی کرا هاوکاری کرد و هەوڵی دا کە لە نیوان کورد و عەرەب لە عێراق دا شەڕ نەبێتەوە و کورد لە چوارچێوەی رێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ دا بە بەشێک لە مافەکانی بگا.

دوای نسکۆی ١٩٧٥ ستراتیژی دوکتور قاسملوو لەسەر مۆرەکانی کوردی کوردستانی عێراق، گۆڕاوە و پێیوابوو کە پارتی دێموکراتی کوردستان بە ریبەری بارزانی وا زوو لەژێر باری ئەو شکستە گەورەیە رەها نابێ و بە زوویی ناتوانێ خۆ لەبن دەستی ئێران خڵاس بکا و کەسیش نییە کە جێی مەلا مستەفا بگرێتەوە کە نەخۆش بوو. بۆیە هەوڵی دا لەگەڵ هاوئاهەنگی لەگەڵ هەموو رێکخراوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، کار لەسەر ئەو رێکخراوانە بکا کە تازە دوای شکستی ١٩٧٥ لە عێراق دامەزرا بوون، وەک یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان(لێژنەی ئامادەیی) عێراق کە دوکتور مەحموود عوسمانی رێبەرایەتی دەکرد.

دوکتور قاسملوو له بۆچوونەکەی دا هەڵەبوو، چوونکە دوکتور مەحموود هیزێکی ئەوتۆ و کەسێکی دیاری جوڵانەوەی کورد نەبوو و یەکێتێ نیشتیمانیش لەژێر ڕێبەری مام جەلال دا، هەر لە ساڵانی ٦٠ دا بە لای ڕیژیمی ئێران داکەوتبوو. سەرەڕای ئەوە بەو سەقەتییەو لەنگ و لۆرییە دوکتور مەحموود عوسمان بۆ سەرخستنی پلانەکانی دوکتور قاسملوو گەڕاوە بۆ بەغدا.

لە ساڵی ١٩٧٧ دا هەرچەند سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەکانی ڤارنا و پاریس لەمەر هاوکاری لە گەڵ پارتی و یەکێتی بەسترابووە بە رەخنە گرتنی ئەوانە لە سیاسەتی شا، بەڵام دوکتوور قاسملوو لە کونگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد سەر بە یەکێتی نیشتیمانی بەشداری کردبوو. دوکتور لە ئوروپا لە گەڵ یەکێتی نیشتیمانی و دوکتور مەحمود عوسمان کۆببوونەوە و بڕیاریان دابوو کە لە گەڵ حیزبە کوردییەکانی سوریە و تورکییە بۆ قسەوباس لەسەر ستراتیژی سیاسەتی کورد کۆببنەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئەمیر قازی وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چوو بۆ وڵاتی سورییە و لوبنان و لەوێ لە گەڵ، نوێنەرانی یەکێتی نیشتیمانی و لێژنەی ئامادەیی پارتی دێموکراتی کوردستان(دوکتوور مەحمود عوسمان) حیزبی دێموکراتی پێشکەوتووی کورد لە سوریا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی سوریە (الپارتی) حیزبی دێموکراتی چەپی کورد لە سوریا، کوبوونەوە. نوێنەری ڕێکخراوی "هەورا" و پارتی شۆڕشی میللی کوردستان" بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی نەیانتوانی بەشدار بن. ئەو کۆبوونەوەیە لە رۆژی ٢ دیسامبری ١٩٧٧ بە بەشداری نوێنەری ئەو حیزبانە لە بیرووت بەڕێوە چوو.

بە قسەی کەریمی حیسامی گەڵاڵە و چۆنیەتی کار و تێکۆشان، واتا "وەرەقەی عەمەلی ڕێکخراوە کوردستانیەکان"، بە هۆی دوکتور قاسملوو بە عەرەبی نووسرا و مەلا عەوڵای حەسەنزادە کردبووی بە کوردی کە ئەو بەشەی کە لە لاپەڕەی ١٩٠ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی دا هاتووە، ئاوایە:

شەرتەکانی هاوکاری:

١ – نهێنی راگرتنی کۆبوونەوە - بایخدان بە باری هاوکاری راستەقینە نەک باری پروپاگەندە.

٢ – بە ئیخلاس و بە دڵەوەو راست و رەوان هاوکاری کردن.

٣ – وەلا نەنانی هیچ هێزێکی پێشکەوتوو لە هیچ پارچەیەکی کوردستان.

٤ – روونکردنەوەی ناوەرۆکی "یەکیتی نیشتیمانی" ئایا هی هەموو کوردستانە؟ ئەگەر نا بۆچی کوردی ئێران و سوریای تێدایە؟ - بردنی ئێرانی بۆ کوردستانی عێراق بۆ ناو پێشمەرگە بۆچی‌یە؟

٥ – روونکردنەوەی پەیوەندی یەکێتی نیشتیمانی لە گەڵ ڕێژیمی ئێران و مەترسی پێکهێنانی ئەو پەیوەندیە – تەحویل دانەوەی دوو برادەری ئێمە، مەسەلەی برایم ئەحمەد.

ئامادەکردنی کۆبوونەوەی داهاتوو

١ – لە بەهار زووتر نەبێ.

٢ – موافقەت کردن لە سەر پێشنیارەکانی ئێمە "ئەساسی پێشنیارەکان".

٣ – ئەوەی لە کۆبوونەوەدا بڕیاری لە سەر دەدرێ دەبێ لە لایەن بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکانەوە پەسەند بکرێ.
٤ – جێگا و وەختی کۆبوونەوە بە تەواوی نهێنی بێ.
پێویستی دانانی یەک ستراتیژی
مەبەست لە ستراتیژی گشتی چییە؟
١ – ڕێککەوتن لە سەر سیاسەتێکی گشتی درێژخایەن.
٢ – لێک گرێدانی تێکۆشان لە دەرەوەی کوردستان.
٣ – دامەزراندنی پەیوەندی ڕێکوپێک.
٤ – لە هەلومەرجی ئێستا دا هەڵبژاردنی لەبارترین پارچەی کوردستان بۆ زەبر وەشاندن و یارمەتی بەو بەشە.
٥ – چونکە هەلومەرجی سیاسی لە هەرکام لەم وڵاتانەدا کە کوردی تێدا نیشتەجێیە جیاوازە، مومکین نیە یەک تاکتیک و یا یەک سیاسەتی ڕۆژ بۆ هەموو جوڵانەوەی کورد دیاری بکرێ. بۆیە هەر ڕێکخراو حیزبێک تاکتیکی سەربەخۆی و سیاسەتی ڕۆژی خۆی هەیە.
سیاسەتی درێژخایەن دەبێ چۆن بێ.
١ – پشت بەستن بە کۆمەڵانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان.
٢ – ڕێکخستنی جوڵانەوەی گەلی کورد بە گشتی لەسەر بارێکی پێشکەوتوو دیاری کردنی دۆست و دوژمن.
٣ – سیاسەتی ژورەوەی جوڵانەوەی گەلی کورد.
ا – لە کوردستان جوڵانەوەی پێشکەوتوو – جوڵانەوەی زەحمەتکێشانە و بۆ جێبەجێ کردنی داوخوازەکانی ئەوان خەبات دەکا.
ب – پەیوەندی ئۆرگانیک لە نێو گیروگرفتی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی.
ج - دامەزراندنی پەیوەندی هاوکاری و یەکیتی و کردەوە لە گەڵ هێز پێشکەوتوەکانی ئەم وڵاتانەی کە کوردی تێدا نیشتەجێیە.
لەباری سیاسەتی دەرەوە
دۆستایەتی و هاوکاری لە گەڵ وڵاتانی سوسیالیستی و هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی جێهان لەم بارەوە سێ ئەرکی گرینگ پێویستن:
١ – ڕاکێشانی سرنج و پشتیوانی یەکێتی سوڤیەتی بۆ گیروگرفتی کورد بە گشتی نەک هەر لە یەک پارچەی کوردستان.
٢ – دامەزراندنی پەیوەندی و ڕاکێشانی سرنج و پشتیوانی هەموو ڕێکخراوەکانی سوسیالیستی و دێموکرات و حیزبە کمونیستەکان و سوسیالیستەکان و سوسیال دێموکراتەکان.
٣ – دابەزاندنی ستراتیژی لە هەل و مەرجی ئێستا دا.
الف – خەبات بۆ زاڵ کردنی ڕێبازی پێشکەوتوو لە جوڵانەوەی گەلی کوردا.

١ – ڕەد كردنەوەی بە تەواوی ڕێبازی بارزانی نە وەک ڕێبازی شەخسێک، بەڵام وەک ڕێبازی ناسیونالیستی کۆنەپەرەست و هاوکاری ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم.

٢ – کوردستانی عێراق بۆ بنکەی جوڵانەوەی کورد لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لەبارە، بەڵام لە بارەی جوغرافیاییەوە نالەبارە. بێجگە لەوە حکومەتی عێراق تەنیا حکومەتێکە کە ئیعترافی بە خودموختاری گەلی کورد کردوە و لە دەرەوەش لە لای وڵاتانی سوسیالیست و حیزبە سۆسیالیت و کمونیستەکان بە حکومەتی پێشکەوتوو ناسراوە. لە دەرەوە زورجار لە لایەن دۆستانی گەلی کوردەوە ئەم پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی جوڵانەوەی چەکداری گەلی کورد هەر لە عێراق کۆ کراوەتەوە؟

٣ - بە بیروڕای ئێمە کوردستانی ئێران لە هەلومەرجێ ئێستادا پارچەیەکە لە کوردستان کە نوختەی زەعفی دوژمنە.

٤ - ڕێژیمی ئێران بە کۆنەپەرەسترین ڕێژیمی ناوچە ناسراوە. دۆستانی ئێمە (وڵاتانی سوسیالیسی و هێزە پێشکەوتووەکانی جیهان) لێی بێزارن.

لێرەدا کەریمی حیسامی کۆتایی بەو بەڵگانە دێنی و لەوە بە داخە کە بۆ تەواوی ئەو نوسراوەیە نەنووسیوەتەوە کە بە بڕوای ئەو زۆر دەوڵەمندە. کەریمی حیسامی لە لاپەرەی ١٨٨ بیرەوەرییەکانی دا ئاماژە بە بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوە دەکا و دەنووسێ:

١ – ئەم کۆبوونەوە و کارەکانی یەکجار نەهێنی دەبن.

٢ – لە لایەن حیزبەکانی بەشداری کۆبوونەوەوە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لە سەر ئەم نوختانەی خوارەوە دەکرێ و دەدرێ بە کۆبوونەوەی ئایەندە.

ا – هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەی کورد لە قۆناخی ڕابردودا بە گشتی و هی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی تایبەتی.

ب – لێکدانەوەی وەزعی بزوتنەوەی کورد لە قۆناخی ئێستا دا.

ج - لێکدانەوەی وەزعی گشتی ئەو وڵاتانەی کوردستانیانیان لە نێو دابەشکراوە.

د - لێکدانەوەی وەزعی جیهانی و بە تایبەتی وەزعی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

٣ – کۆبوونەوەی ئایەندە لە مانگی ئاوریل ١٩٧٨ دا و بە شێوەیەکی مەبدەئی لە کوردستانی عێراق دەبەسترێ.

٤ – لێژنەیەک لە هاوڕیانی  نوێنەرانی ئەم حیزبانەی خوارەوە پێکهات.

ا - یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

ب – پارتی دێموکراتی پێشکەوتووی کورد لە سوریا.

ج - پارتی دێموکراتی کوردستان(لێژنەی ئامادەیی) عێراق.

ئەرکی ئەم لێژنەیە چاوەدێری جێبەجێ کردنی بڕیارو ڕاسپادەکانی ئەم کۆبوونەوەیە دەکا تا کاتی کۆبوونەوەی ئایەندە و هەروەها پەیوەندی گرتنە بە پارتی شۆڕشی میللی کوردستان و ڕێکخراوی (هەورا) بۆ پێ ڕاگەیاندنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوە.

٥ – هەموو لایەنێک دەستەیەکی نوێنەرایەتی لە پلەی بەڕێوەبەری دا دەنێری بۆ کۆبوونەوەی ئایەندە کە لە دوو ئەندام زیاتر نەبێ.

٦ – پشتگیری شۆڕشی کورد کە ئێستا لە کوردستانی عێراق هەڵگیرساوە و بە هەموو ئیمکاناتێک.

هەروەها کۆبوونەوە ئەم راسپاردانەی خوارەوەی بۆ کۆبوونەوەی ئایەندە دەر کرد.

١ – قبوڵ کردنی ئەو بەرنامەی کارە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربارەی ستراتیژی بزوتنەوەی رەزگاریخوازی کورد پێشکێشی کردوە و ئەمەش نوسخەیەکی تەواوی ئەو بەرنامە کاریە.

٢ – دامەزراندنی لێژنەیەک بە ناوی (لیژنەی خەباتی نیشتیمانی کوردستان) بۆ رێکخستنی خەباتی ستراتیژی هاوبەش لە نێو حیزب و ریکخراوە پێشکەوتوەکانی کوردستاندا.

٣ – ئەگەر بڕیارێکی گرنگ دەربارەی دوارۆژ و چارەنووسی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق بدرێ کۆبوونەوە بە پێویستی دادەنێ کە پێش دەرکردنی بڕیارەکە رای هەموو حیزبە کوردستانییەکان وەربگیرێ.

هەموو لایەنەکانی بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە نوسخەیەکی ئەم سورەت جەلەسەو پاشکۆکانی وەرگرت. بیروت ١٩٧٧/١٢/٢

هەر لەو چوارچێوەیەدا دوکتور مەحموود عوسمان بە رێکەوتی ١٩٧٨/١/١٦ بە مۆری پارتی دێموکرات، نامەیەکی بۆ برادەرانی حیزبی دێموکراتی نووسیوە کە کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١٩٧ بەرگی ٥ کتێبی "لە بیرەوەرییەکانم" دا هێناوێتی و ئاماژە بەوە دەکا کە دوو مانگە گەڕاونەوە بۆ ناو شۆڕش و هەروەها پەیوەندیان لە گەڵ برادەرانی حیزب لە پاریس و لە سوئێد پتەو بووە. دوکتور مەحمود باسی لێک نیزیک بوونەوە دانانی ستراتیژی(موحد) بۆ بزوتنەوەی کورد دەکا کە هەر لە پەیوەندی بابەتی ستراتیژی رەزگاریخوازی کورد دایە کە لەسەرەوە باس کرا و لە خاڵی یەکەم دا دەنووسێ: ١- ئێمە بە پێویستی ئەزانین کە بزوتنەوەی کوردستانی عێراق و بە تایبەتی کە ئێستا شێوەی چەکداری وەرگرتۆتەوە سیاسەتێکی پێشکەوتن دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی هەبێت و ستراتیژیەکی ئەوتۆی هەبێ دۆست و دوژمن بە روونی لە یەکتر جیا بکاتەوە و دژ بێ بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ئێران و سەیونیەت و بە (ماڵی مەلا) کە کلکی ئەم لایەنان و دۆست بێ بە کامپی سوشیالیست و بە تایبەتی یەکێتی سوڤیات و بە هێزە پێشکەوتنخواز و رەزگاریخوازی عێراقی و عەرەبی و جیهانی لە هەموو روویەکەوە و بە هێچ جۆرێک نابێ هیچ بەهانەیەک موساوەمە نەکات لەم بارەیەوە. دوکتور عوسمان لە درێژەی نامەکەدا باس لەوە دەکا کە هەوڵ بدرێ لە گەڵ دەهوڵەتی عێراق رێکەوتن لە سەر بناغەی ریکەوتنی ١١ ئازارەوە بکرێ. ئەو لە درێژەی نامەکەدا هەل و مەرجی کوردستانی ئێران لە هەموو بوارێکەوە بۆ دەست پیکردنی کاری سیاسی و چەکداری بە ئامادە دەزانێ. ئەو باسی هاوکاری یەکێتی لە نێوان هێزەکان دەکا و رەخنە لە رابردوو دەگرێ لە بەشێک دا دەنووسێ کە کارە خراپەکانی رابردوو چ جەلالی و چ مەلای دەبێ

مەحکوم بکرێ. بە گشتی ئەو ناوەرۆکی گەڵاڵەی وەرەقەی عەمەلی بە درێژە خستۆتە بەرباس. ئەو گەڵاڵەیە درابوو بە حکومەتی عێراق.

گەڵاڵەی ستڕاتیژی بزوتنەوەی رەزگاریخوازی کورد، بیری نەتەوەیی دوکتور قاسملوو بوو و رێبەرانی دیکەی حیزب موافقی نەبوون و تەنانەت هەر ئاگایان لێ نەبوو. بۆیە٣ کەس لە ئەندامانی بوروی سیاسی، لە رێکەوتی ١٩٧٨/١/٢٣ نامەیەکیان بۆ دوکتور قاسملوو نووسی و هوشداریان دایە و سەبارەت بە هاوکاری رێکخراوە سیاسییەکانی کورد ئاگاداریان کردەوە کە هەر وەک خۆی ئاگادارە، بڕیار وایە کە باسی رابەرایەتی بارزانی و رابەرایەتی کاتی نەکرێ و ئەوان لە سەر رێکخراوی یەکێتی نیشتیمانی، نەزەری خۆدی دوکتوریان وەبیر هێنابووە کە ئەویش بۆی دەرکەوتبوو کە ئەو رابەرە شۆڕشگێڕانە، پەیوەندیان بە حکومەتی کۆنەپەرەستی ئێرانەوە هەیە. بەو پێیە لە وەزعێکی ئاوا دا، ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیان بە دروست نەزانی بوو.

لەوسەردەمەدا یەکێتی نیشتیمانی لە سنووری ئێران و عێراق جێگیر ببوو و خەریکی سەلەماندنی ناسانامەی شۆڕشگێڕی خۆی و تاوانبار کردن و بە خائین ناساندنی بارزانی بوو. بە پێی گەڵاڵەی ستڕاتیژی بزوتنەوەی کورد یەکێتی هێزەکانی ئێرانی بۆ نێوخاکی ئێران دەستکێش دەکرد و لەوبارەوە رەخنەی لێگیرا بوو. ئەوجار بە پێچەوانەی رێزێکی کە حیزبی دێموکرات بۆ یەکێتی هەیبوو، گرینگترین کاری ئەو رێکخراوەیە گرتن و تەسلیم کردنەوەی ئەندامانی حیزب بە رێژیم و دروست کردنی تاقم و گروپی دیکە بە دژی حیزبی دێموکرات و تەنانەت دڵسارد کردنەوی ئەندامانی حیزب و هاندانی ئەوان بە بەجێهێشتنی حیزب بوو.

بەمشێوە ئاکار و کردەوەی یەکێتی نیشتیمانی هەر لە بناغەوە لەگەڵ گەڵاڵەی ستراتیژی دوکتور قاسملوو نەدەهاتەوە. بۆیە بە شێوەی کاتی دوکتور مەحموود عوسمان کەوتە نێو پڕۆژەی کاری ستراتیژی کورد و ئەو لەگەڵ دوکتور قاسملوو گەڕاوە بۆ عێراق.  هاوکات لەگەڵ ئەو هەوڵانە، ئەوجار تەوەری کاری دوکتور قاسملوو، دانانی بەرنامەی کار بۆ حیزبەکەی خۆی و گەڕاوە بۆ ئێران بوو.

## بەشی ١١٢

## دوکتور قاسملوو و داڕشتنی پلانی کار و کێشەکانی نێوخۆیی حیزب

کار و کردەوەی چەندی ساڵەی دوکتور قاسملوو لە چوارچێوەی هاوکاری لەگەڵ کوردەکانی عێراق لە دەرەوەی وڵات، بوو بە هۆی ئەوە کە لە ساڵی ١٩٧٨ دەوڵەتی عیراق بڕیار بدا کە حیزبی دێموکرات لە عێراق دەر بکا. ئەو بڕیارە بۆ حیزب گرفتێکی گەورە بوو و حیزب توشی زۆر کێشەی گەورە دەبوو. جیا لەوەش، لە نێوان سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی و هەروەها لە نێو ئەندامانی کومیتەی ناوەندیش دا کێشە و ناکۆکی هەبوو. بۆیە بڕیاری کۆبوونەوە درا و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە بەغدا کۆ بوونەوە و جیا لە حەمەدەمینی سیراجی، بە گشتی بڕیار درا کە بگەڕێنەوە بۆ ناوخۆ وڵات. دەبوو دوکتور قاسملوو و دوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە دەرەوەش ئاگاداری ئەو کۆبوونەوە بن و بڕیار درا کە کەریمی حیسامی بۆ ئەو مەبەستە سەفەر بۆ ئوروپا بکا.

کەریمی حیسامی دەچتە پاریس و لە رۆژی ١٩٧٨/٢/٥ لە گەڵ دوکتور قاسملوو و ئەمیر قازی کۆ دەبێتەوە. ئەو هەروەها هەڵگری نامەیەکی ٣ کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب بوو کە لە سەر کاری رۆژنامە و هاوکاری ستراتیژی نێوان رێکخراوە کوردستانییەکان رەخنەیان لێگرت بوو. لەوێ پاش باس و لێکدانەوەی وەزعی کوردستان، دوکتور گەلاڵەیەک بۆ کارو تێکۆشان لەو وەزعەدا ئامادە دەکا. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ٢٠٥ بەرگی ٥ کتێبی "لە بیرەوەرییەکانم" دا، گەڵاڵەی دوکتور قاسملووی هێناوە کە ئەندامانی حیزب بە سێ بەش دابەش دەکا و دەنووسێ:

بەشی یەکەم: ئەو ئەندامانەی که لەبەر تایبەتی خۆیان و لەبەر زۆری ماڵ و منداڵ ئیمکانی جوڵانەوەیان نیە لە عێراق داوای پەنابەری سیاسی دەکەن.

بەشی دووهەم: پێنج هەتا شەش کەس جارێ لە دەرەوەی وڵات دەمێننەوە و سێ ئەرکیان لە پێش دەبێ:

الف - دابین کردنی یارمەتی بە خەباتی ژوورەوە مادی و سیاسی.

ب - پەیوەندی لە گەڵ هێزە پێشکەوتوەکان بۆ راکێشانی پشتیوانیان.

ج – هەڵسوڕاندنی کاروباری پروپاگاندە و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە.

د – دایر کردنی پەیوەندی لە گەڵ ژوورەوە.

بەشی سێهەم:

کە نیزیکەی سی تا چل (٣٠ – ٤٠) کەس لە مەسئولەکان و ئەندامان دەگرێتەوە دەبن بە چەند دەستە، بە چەکداری دەچنەوە وڵات بۆ دامەزرانی تەرحی سیامی.

دوکتور لە درێژەی ئەو گەڵاڵەیەدا باس لەوە دەکا کە ئەو کردەوە بە مانایی شۆڕش یان راپەڕینی چەکدارانە نییە بەڵکو ئەو کارە شێوەیەک لە خەباتە و مەبەستی ئەوەیە کە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕێ حیزب و دامەزراندنی بنکە و پەیوەندی لە گەڵ خەڵکی شارەکان لە نێوخۆدا، تێ بکۆشرێ.

هەر بە پێی لاپەڕەی ٢٠٨ بەرگی ٥ کتێبی بیرەوەرییەکان، کەریمی حیسامی لە زبانی دوکتور قاسملوو دەنووسێ: جارێ سێ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، شێرۆ(دوکتور قاسملو) و مینە و دوکتور سەعید (حەسەنی شەتەوی) لە دەهەرەوە دەمێننەوە بۆ ئەو کارانە کە لە پێشدا دیاری کراون. شێرۆ کاری رۆژنامە و پەیوەندی بەڕێوە دەبا. مینەش لە بیروت دەبێ و بەرپرسی گەیاندنی یارمەتی بۆ دەرەوە دەبێ. دوکتور سەعید لە پاش پێکهاتنی بنکە لە کوردستان و جێگیربوونی سیامی لە وڵات، دەچێتەوە. هەروەها کە بەڕێوەبەرایەتی گوێزراوە بۆ ژوورەوە، شێرۆ و مینەش دەچنەوە...

کەرێمی حیسامی دوای کۆبوونەوە پاریس گەڕاوە بۆ بەغدا، لە سەر رێگا لە بیروت لایدا و میوانی سەلاح بەدەردین بوو و چاوی بە جۆرج حەبەش لە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین و عیسمەت جاوید، ئەندامی پولیت بورووی حیزبی کمونیستی لوبنان و نەسیر بەرپرسی پەیوەندییەکانی رێکخراوی کاری کمونیستی و ئەبوو ئەیاد کەوت و لە هەوڵوێستی دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە حیزب ئاگاداری کردن. دوایە گەڕاوە بۆ بەغدا.

لە رۆژی ١٩٧٨/٣/١٦ کۆبوونەوەیەکی گشتی لە ٢١ کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و کادرەکانی حیزب پێکهات و بڕیار درا کە ١٥٤ کەس ژن و منداڵ پەککەوتی حیزب وەک پەنابەر بناسرێن. ٧٦ کەس لە کادر و ئەندامانی حیزب ئامادەگیان بۆ گەڕانەوە یان هەر بڕیارێکی دیکەی کومیتەی ناوەندی دەربڕی.

لە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا، کومیتەی ناوەندی بە رێکەوتی ١٩٧٨/٣/١٨ وڵامی رەخنەکانی دوکتور قاسملوویان داوە، کە گۆیا پێیوابوو بە دنەدانی کەریمی حیسامی بووە. کومیتەی ناوەندی لە سەر ئەوەی کە دوکتور نووسیبووی "ئەو رەخنە و رەخنەکاریانە ئاڵاهەڵگریان هەیە" و هەروەها لەسەر کاری رۆژنامە، ئاوا وڵامی دوکتوریان دابووە:... لە لاپەڕەی یەکەمدا کە ئاڵاهەڵگر بۆ نووسینی نامە و رەخنە گرتن لە کاری سیاسی و چۆنییەتی رۆژنامە دیاری دەکەی، بە لای ئێمەوە بێجگە لە بەکەم گرتنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و بیرۆی سیاسی بیروڕای ئەندامانی حیزب تەقەلایەکیشە بۆ بەربەست کردنی رەخنە و رەخنەکاری لە ناوحیزبدا. ئەو راست نیە کە ئۆرگان یان ئەندامێک رەخنەی گرت، لات وابێ ئەو ئۆرگان و ئەندامە هیچ تێناگا و (ئاڵاهەڵگری) هەیە.

لە بەشێکی دیکەی نامەکەدا هاتووە: پێمان سەیرە کە دەنووسی "بیروی سیاسی وەک ئۆرگان نە لە عێراقە و نە لە ئوروپا" کە وابوو بیروی سیاسی حیزب لە کوێیە؟ ئەم کارانە دەکرێن کێ دەیانکا؟ کام ئۆرگان بەرپرسە؟ ئەم بۆچوونە بە کردەوە نەهێشتنی ئۆرگانی راپەڕاندنی کاری حیزبی نییە؟

هەروەها لە نامەکەدا هاتووە: ئێمە ئەو نەزەرە بە راست دەزانیین کە کاری تاقە کەسە، هەرچەند ئەو کەسە لێزان و پسپۆریش بێ باش دەرناچێ... هەروەها پێمان وایە ئەندامێک با سکرتێری حیزبیش بێ، ناتوانێ بیروڕای تەنیای خۆی لە لاپەڕەکانی کوردستان دا بڵاوبکاتەوە، وەک لە نامەی پێشووی بیروی سیاسیدا بۆ سکرتێر نووسراوە.

کومیتەی ناوەندی لە بەشێکی دیکەدا (خاڵی دوو) دەنووسێ: ڕۆژنامەی کوردستان دەستەی نووسەرانی هەیە و "پیران"(کەریمی حیسامی) بە مەسئولی سیاسی بە بڕیاری کومیتەی ناوەندی دیاری کراوە. لەبەر وەزعی تایبەتی بڕیار درا تۆ لە دەرەوە سەرپەرشتی ڕۆژنامە بکەی. تەنانەت ئەوەش گوترا کە لە مەسەلە ئەساسیەکاندا نووسینەکانی جەنابیشت دەبێ لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە تەماشا بکرێن. هیچ ڕۆژنامەیەکی حیزبی بە بێ دەستەی نووسەران بڵاو ناکرێتەوە. لەو بارەوە بە کارهێنانی وشەی "لەشکرکێشی... پەروەندە سازی" بەکارت هێناون بە ڕاست و بەجێیان نازانین.

لە خاڵی سی نامەکەدا هاتووە: لە بارەی چاپ کردنی نامەی هەواڵ م . ح لە کوردستاندا (مەبەست ڕۆژنامەی کوردستان)، ئێمە لامان وایە چاپکردنی نامەی ڕەخنە ئەگەر سێ ئەندامی بیرۆی سیاسی و دەستەی نووسەرانیش داوای چاپ کردنی بکەن، با ڕەخنە لە هەر کەسیش یا لە "کوردستانیش" بێ شتێکی سەیر نیە. چاپ نەکردن و گوێ نەدان بە بیروڕای کۆمەڵێک ئەندامی حیزب لە گەڵ ئوسولی حیزبی و ئەو دێموکراسیەی کە جەنابت زۆر تەکیەی لە سەر دەکات، ڕێک ناکەوێ.

لە خاڵی ٤ دا، کومیتەی ناوەندی دەنووسێ: لە نامەکەت دا خۆت لە مەسەلەیەک بواردوە، ئەویش ئەم شێوە پەیوەندییە بە ڕێکخراوە کوردستانیەکان و ئیمزاکردنی ئیتفاقییە و قەولی هاوکاری و... هتد.

ئەو کارانە بە پێچەوانەی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و بە کارێکی هەڵەیان دەزانیین، جا بۆیە لە گەڵ تۆ موافقین کە کاروکردەوەی غەیرە حیزبیانە پیویستە لە تیکۆشانی بەڕێوەبەرایەتی حیزبدا مەحکوم بکرێ.

بڕیاری دەرکردنی حیزبی دێموکرات لە عێراق

ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٨ نوێنەری موخابراتی عێراق بە حیزبی ڕاگەیاند کە دوای یەک حەوتوو دەبێ نوێنەری حیزب چاوی بە ئەوبو ڕەعد (سەعدون شاکر) بکەوێ و لە سەر چوونەدەر ساغ بووبنەوە. کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی لە کاتی دیاری کراو دا چوون بۆ ئەو چاوپێکەتنە. سەعدون شاکر ئاگاداریان دەکا کە چونکە ئەوان هاوکاریان ناکەن و دوکتور قاسملووش لە دەرەوە دژی ئەوان کار دەکا و بە گشتی حیزب کۆسپی سەر ڕێگای پەیوەندی نێوان ئێران و عێراقە، دەبێ عێراق بەجێبێڵن.

ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە کردەوەکانی دوکتور قاسملوو بە زیانی دەوڵەتی عێراق نەبوو و پێکهینانی ئاشتی ڕاستەقینە لە نێوان هێزەکانی کورد و دەوڵەتی عێراق بە قازانجی هەردوو لا و دەبوو بە مایەی جێگیر بوونی سەقامگیری.

لە ڕۆژی ١٩٧٨/٥/١٩کومیتە ناوەندی بۆ باس لە سەر ئەو بڕیارە کۆ بوونەوە. دوای پێی داگری لە سەر سەربەخۆیی سیاسی حیزب، پێشنیار کرا کە بە بە پێی بڕیاراتی پێشوو، بە شێوەی خوازیار

کەسانێک ساز بن بگەڕێنەوە بۆ ناو وڵات. دوایە کومیتەی ناوەندی ساغ دەبێتەوە کە کێ بچێ بۆ دەرەوە و کێ بمێنیتەوە. تەنیا سەید رەسووڵی بابی گەورە ئامادە بوو بگەڕێتەوە و لە رۆژی ٢٤ /٥/ ١٩٧٨ لە گەڵ میرزا عەلی مەحمودیان گەڕاوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان.

هاوکات لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٥/٢٣ حەسەن ماساڵی لە گەڵ نوێنەرایەتی حیزب لە بەغدا پەیوەندی گرت و پێشنیار کرد کە بەرنامەی رادیۆیی دەنگی "نیشتیمانپەروەرانی ئێران" بەڕێوەبەرن. ئەو رادیۆیە بە دژی ڕێژیمی ئێران بەرنامەی بڵاو دەکردەوە و بە ناوی هیچ حیزبێک نەبوو و حیزبی تودە و موجاهیدین رێگایان نەبوو کە بەشدار بن. حیزب ئەو پێشنیارەی پەسەند کرد.

## شەڕی ئەندامانی رێبەری و ئەگەری جوێبوونەوە لە حیزب دا؟

لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٥/٢٢ نوێنەری حیزب دێموکرات و نوێنەری عێراق لە سەر چوونەدەری ١١ کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بۆ دەرەوەی وڵات ساغ بونەوە و لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٦/٦ دەوڵەتی عیراق ١١ پاسپۆرتی ئەفغانی بۆ ئامادە کردن. هەر لەو کۆبوونەوە دا نوێنەری عێراق، داوای لە حیزب کرد کە خانوکەی چۆڵ کا.

بە دوای ئەوە دا لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/٦/٩ دوکتور قاسملوو لە پاریس را بە تەلیفوون لەگەڵ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی قسە کرد و داوای لێکردن کە بۆ هاتنەدەر پەلە نەکەن و لەوانەیە ئەو بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ بەغدا. ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بۆ باس لە سەر ئەو بابەتە کۆ بوونەوە. لەوێ کەریمی حیسامی و مەلا رەسووڵ پێشنماز کە هەردوکیان ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون، ناکۆکیان لێ پەیدا بوو و مەلا رەسووڵ لە کەریمی حیسامی دا. ئەو لێدانە بوو بە هۆی زوێر بوونی کەریمی حیسامی و حازر بەوە نەبوو کە کار لەگەڵ مەلا رەسووڵ بکا. کومیتەی ناوەندی بڕیاری دا کە تا پلونوومی داهاتوو ئەوانە حەقی بەڕێوەبردنی کاری حیزبیان نەبێ کە ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە کەریمی حیسامی بگەڕێتەوە بۆ بۆڵغارستان.

لەسەر ئەو شەڕە مامۆستا هێمن شێعرێکی داناوە کە بە دەستخەتی مامە قالەی دەباغی نووسراوەتەوە و لە لای ئەحمەدی کاکە مەممی بەمشێوەیە پارزراوە:

بەغدا گەڕام بۆ بەغدا[١]، دەستم نەکەوتەوانێ
هەر کەس بەغدای کێشا بێ، ئەحواڵی من دەزانێ
لە نێو جەرگەی بەغدایە، بۆ بەغدا جەرگم دێشێ
هانام وەبەر هێناوی، مامە قالەی گێلانێ[٢]

---

[١] جگەرەی بەغدا

[٢] شێخ عەبدولقادری گێلانی(حەزرەتی غەوس)

وەک پیرە گورگی برسـی، سـەر لەسـەر دووگی پەزی
نـابێ مووم لێ هـەڵبـەزێ، دەمخوا ورچـەی ئـامـانێ[١]
جلـە[٢]، بلـە[٣]، سـیامـەندۆڤ[٤]، ئـەی هـاوار وەسـتاکۆڵە[٥]
مـۆتـەم هـەڵاتـۆتـەسـەر، کـەوتـوومـە ئـەلکـە دانێ
نـاسـۆرم بـۆتـە دووکـەڵ، لـێیـگـەڕێ بـا بـخـنـکـێ
نیزێـک بـەو تێ بنۆرە، دەمشـتـەی نـاو هـەمبـانێ[٦]
پێشـوو سـاڵح گزیر[٧] بوو، هـەنووکـە بۆتـە تـاتی[٨]
قـاتـی لـە دەم دەبـارێ سـنـی دەشـتـی مـۆغـانێ[٩]
ڕاویان نا دەم لە سـەر پشـت، مرەی لێ برا لە پەیکی[١٠]
دیزەی ڕەشـیان لە دوا شـکاند، پاشـی پاڵەسـتۆ دانێ
بـەرو بوخچـەی لـەسـەرکۆل، تێخزاو بۆوە بـە کوێخا
لـەسـەر دڵم وەخڕ بوو، وەکـو سـاردە سـنـدانێ
خـنـکـانـدنـی مـیـعـیاری، کـردۆتـە کـاری حـیـزبـی
دۆزیـنـی بـیـرو ڕایـان، بـە ئـەرکـی خـۆی دەزانـێ
دۆڕەشـینی[١١] کونە ماسـیە، خۆ پێ پاشـاکەی زەندە
بـۆ پـاسـی جـرتـاوایـە[١٢]، خـزاوەتـە نـیـو شـیـپـانێ
لـە خشـپـە دێتـە پێشـێ، گـۆڵـی دێـڵـە بـەبـایـە
لـوولاکـت دادەکـوڕۆژێ، داریـش نـەدەی لـە تـانـێ

---

[١] مرۆڤی قەڵەو و زەبەلاح و پیس و زۆرخۆر
[٢] شەهید جەلال میراوەیی
[٣] مەلا حەسەنی شیوەسەڵی
[٤] مام عەلی حەجم
[٥] شەهید خالیدەکۆڵ
[٦] ئەستێی شاراوەی نێو هەمبانە بۆ لێدان.
[٧] ناوی کریمی حیسامی بووە لە بەغدا(کوێخا ساڵح). کەریم حیسامی پێشتر کوێخا بووە.
[٨] بە بولگاری یانی بابە. کەریم حیسامی پێی خۆش بووە وا بانگی کەن.
[٩] ناوچەیەکە لە مەڵبەندی تەورێز، کە سن و مشکی بە ناوبانگە.
[١٠] ڕادیو(پەیکی ئێران). ڕادیوی حیزبی تودەی ئێران کە بە دەستووری کا- گێ- بێ لە بولگارستان دامەزرابوو و دژی شای ئێران دەدوا و کەریم حیسامی ماوەیەک لە وی خەبەری دەخوێندنەوە.
[١١] پەندە، نانی خۆیی خواردن و کار بۆ بێگانە کردن. سپڵە، خۆ نەویست.
[١٢] ناوی دوو گوندی نزیک یکە لە شارباژێر، نزیک کەرێزە.

بۆ پیسی و بەرچڵێسی قەترە سەیە و ئاڵ و وێر
ئاوری لێ کوژاندینەوە، خواردی سەری کابانێ
کا- گێ - بێ[1] بە لەعنەت بێ، بۆ دەعبای پەروەردەت کرد
پیتەت شکێ کوێخا مەرەز[2]، بۆ شتی ناردتە مەیدانێ
پیرێژنە پیاوی مەکرۆ، بمرە بۆ حیلکە حیلکێ
پاڵەوانی جێی نەرم، ڕاسێ بۆ تێ هەڵدانێ
گەنم نوێنی جۆ فرۆش، لاچۆ بۆمان مەکێشە
دەعبای کەوڵە شێرپۆشی[3]، تەڕپیری سەرجۆلانێ
شەقلی و پەقلی و چرپ و چیر، چەقڵە سەما و جرت و جۆپ
ناتکەنەوە بە کوێخا سەر بەریە بەر حاسمانێ
بڕۆی و نەت بینمەوە، ببیە قەراڵی فەڕەنگ
دەستت دە عومری بگرێ، ڕەشی مشی بنە بانێ
قوتەی مل نێرکە کاردو، لامل خەزاڵی گۆردوو
ماڵی لە گای تۆڕ ناوین، بە وادەی سەر خەرمانێ
کوندی چۆلە هەواران، مەهولێنەوە دیسان
لێ گەڕی بۆن بمێنێ، هەڵۆی بەرزە هێلانێ[4]
پووشکە لە کابژاردن، کاری حەزرەتی فیلە
سەری شۆڕ بێ ئەو کەسەی، هەڵدەبەستێ بوختانێ
کورد بوون و سەربەخۆ بوون، بەرزییە کاکە هێمن
لە نێو عرووس پەرستان هیممەت و مەردی کوانێ
شاعیری چاکی هێمن شێخ ڕەزای تاڵابانێ
تیغی زمانت موو دەکا بە سێ جزمەی قورعانێ.

---

[1] ڕێکخراوی چاوەدێری روسیە(سۆڤیەتی پێشوو).

[2] ناوی کابرایەکی مەرداڕ بوو لە گوندی دەڵاوان لە نزیک شاری پیرانشار. کەریم حیسامی بە منداڵی لە بەر نەداریان لەم ماڵە ... بووە و فێری خوێندن بووە.

[3] بۆ ئەم چیرۆکە دەگەڕێتەوە کە گوێدرێژێک کەوڵی شێردەپۆشی و لاسای شێر دەکاتەوە... لێی ئاشکرا دەبێت و دەخرێتە بەر شەپان.

[4] مەبەست دوکتور قاسملوویە.

جیاوازی بیروباوەڕ و ژیانی نائاسایی و یی درێژخایەن و بێدەرەتانی و ئاسۆی نادیار، مەترسی و نیگەرانی و دەباڵ یەک دابوون و بێ ماڵ و حاڵی، کە سروشتی ژیانی زۆر لە ئەندامانی حیزب بوو، گرفتی زۆری لە ژیانیان دا پێک هێنا. لەو وەزعێکی ئەوتۆ دا، گیرو گرفت و لێک تۆران و زیز بوون و پاشملە قسە کردن و تۆمەت لێدان و تەنانەت پێکەوە بەشەر هاتن، زۆر ئاسایی بوو. بۆ هەریەک لەو بابەتانە نموونە زۆرە. مەلا رەسوڵ لە لاپەڕەی ٣٨٠ بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ کە هەروەک بۆخۆی و مەلاعەولا پێشبینیان کرد بوو، مامۆستا هێمن لە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش دا، لە داوی بەعس دەکەوێ و دەنووسێ: ... مامۆستا هێمن لە داوی بەعس دەکەوێت و گوایە بە خەیاڵ لەسەر یەک یەکەی ئێمە قسە دەکات و شێعرمان بۆ دادەنێت. لە بارەی دوکتور قاسملووشەوە دەڵێت:

پەشیمانم لەوەی کردم
زۆر زانێک بە فریوی بردم
بە بن باڵی خۆی دا روانی
چۆووە جێکاکەی جارانی

جێگای خۆیەتی بگوترێ کە ئەوکات دوکتور قاسملوو، زیاتر لە ئەندامانی دیکەی حیزب، رێزی لە مامۆستا هێمن گرتووە. مەلا رەسووڵ پێشنماز لە لاپەڕەی٣٩٨ کتێبی سەربردەی ژیانم دا دەنووسێ: لەو ماوە درێژەدا کە ئێمە بەیەکەوە بووین، جگە لە حەمەدەمینی سیراجی هیچ کەس بە نیودانگی دوکتور قاسملوو رێزی هێمنی نەگرتووە. هەرگیز بۆ یەک جاریش وەپێشی نەکەوت. هەرگیز قسەی ناشیرن و دوور لە نەزاکەتی پێنەوت. ئەوانەی لە بەغدا لەو ماڵە لە گەڵی دەژیان زۆر جار لە لای دوکتور وردکۆڵی فزولیان لە مامۆستا هێمن دەکرد. بە تایبەتی لەسەر لێفە سووتاندن و پیس و پۆخڵی، لەسەرووی هەموویانەوە خالید کۆڵو و خێزانی. لەسەر دیوانەکەی ئەگەر ئامۆژگارییەکانی دوکتور قاسملوو نەبوایە رەنگ بوو ئەویش وەک هەژار تووشی هێندێک وردە جنێودان و ناوونیتکە لینان ببوایە بەرانبەر بەو کەسانەی کە پێی وابوو پشتیان لە کورد کردووە، یان کوردیان فرۆشتووە، دوای هەرسهێنانی شۆڕش بە هەستێکی پاکەوە، هەستی ناسکی شاعیرانە، چوارخشتەکییەکی دانا بوو، ئەگەر دوکتور وازی لێبهێنایەوە بڵاو بکرایەتەوە لەوانە بوو، لە دواڕۆژ دا زۆر لە کێش و ریزی خۆی کەم بکردایەتەوە.

دیار ئەگەر دوکتور قاسملوو لە حاست مامۆستا هێمن هەڵوێستی ئاوا بوو، بە پێی کتێبی سەربردەی ژیانم لە نووسینی مەلارەسوڵ پێشنماز، مامۆستا هێمن روانگەیەکی دیکەی بە نیسبەت دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی هەبوو و لە لاپەڕەی ٣٩٩ بیرەوەرییەکانی دا لەو بارەوە دەنووسێ: لەگەڵ ئەو هەموو رێزەی کە لە لایەن دوکتور قاسملووە لێی دەگیرا، ئەو وا نەبوو، زۆر جار قسەی رەقی بەرانبەر دەکردەوە، زۆر جار کەریمی بە سەر دوکتوردا فەرز دەکرد. زۆر جار لای من دەیوت نازانم رەسووڵ بۆ چی پێموایە کەریم زیاتر مایەی کورد بوونی تێدایە تا دوکتور...! ئەوە

له دۆخێکدا بوو که کەریم پێشی دەکەوت. زۆر جار لێشی تووڕە دەبوو، تەنانەت زۆر بە نانەجیبی بە سەریشیدا دەیگوڕاند، نمونەیەک لەو بوارانەدا.

رۆژێک عەبدولرەحمان مارف، مامۆستا هێمن و کەریمی بانگهێشتن کردبوو، بەڵام پێشتر هەروا یەک دوو جار لە کۆڕی زانیاری یەکرتیان بینیبوو، بەڵام ناوبانگی هێمن زۆر دەنگی دابۆوە، کە دەچن کەریم کوێخایەتی دەکات و خۆی وەک مامۆستا هێمن ئەناسێنێ و دیارە پێش مامۆستا هێمنیش دەکەوێت، کە دادەنیشن دوکتور ئەورەحمان روو لە کەریمی حیسامی دەکات و دەڵێت: مامۆستا هێمن یا خوا بەخێر بێیت...! زۆریان رێز لێدەگرێت و زۆری قسەکانی هەر روو لە کەریم دەکات و پێی دەڵێت: مامۆستا هێمن، ئیتر ئەویش ناڵی ئەمن کەریمم هەتا گەرانەوەیان، کە هاتنەوە هێمنی داماو وتی: رەسووڵ لە نیوەرۆوە هەتا ئێستا خۆم ون کردبوو، وتمان بۆ؟ وتی: لە کەریم بپرسە، کە لێمان پرسی باسەکەی گێرایەوە و لە جیاتی میوانداری و سوپاسی کابرا، کەریم دەیوت: کابرا هێندە... نەیزانی، من چکارم بەوە داوە بڵێم من هێمن نیم.



راوستاو لە راستەوە: کەریم حەداد - مەلا رەسوڵ پێشنماز _ حەسەن رەستگار.
دانیشتوو لە راستەوە: یۆسف رێزوانی - مامۆستا هێمن

بە پێی لاپەڕەی٣٩٨ کتێبی مەلا رەسوول پێشنماز، ئەوکات کە ئەو لە گەڵ کەریمی حیسامی بە یەکەوە بەشەڕ هاتبوون، مامۆستا هێمن لە لای دوکتور قاسملوو دووزبانی کردوە و بە دوکتور گوتووە: دوکتور تکات لێدەکەم تۆزێک ئاگات لە خۆ بێت ئێستاکە مەلا رەسووڵ وەک ورچی بریندار وایە، زۆر لە کێشە و قسە کردن دا لەگەڵی پێدا مەچۆ، چونکە ئەو رۆژانە لێم بیستووە وتوویەتی: دیکتاتۆرێکم ... تڕاندوە، یەکێکم ماوە.

مەلا رەسووڵ بەو قسەیە زۆر ناڕەحەت دەبێ و دەیهەوێ گلێی لە مامۆستا هێمن بکا. بەڵام لە سەر داوای دوکتور قاسملوو کە پێیوابوو شاعیر دڵ ناسکەوە و چەندین ساڵ لە خێزانی و تاقە کوڕەکەی دوورە، ئەو قسەیە بە چاوی مامۆستا هێمن، دانٵداتەوە.

مەلا رەسوڵ لە لاپەڕەی ٢٦٧ بیرەوەرییەکانی دا باسی هەڵسوکەوتی کەریمی حیسامی دەکا کە لە چۆن لە بەغدا بە دوای کۆنگرەی ٣ دا بە خراپی بە گژ دوکتور قاسملوو دا دەچوو بەڵام یەک جاریش دوکتور جوابی نەداوەتەوە.

ئەوجار مەلا رەسوڵ لە لاپەڕەی ٢٨٨ بیرەوەرییەکانی دا باسی هەڵسوکەوتی کەریمی حیسامی لە بەغدا دەکا و دەنووسێ: لە لایەکی دیکەوە لە ناو ئێمەدا زۆر باو بوو، زۆر دەوترا کە کەریمی حیسامی ئازایە و ناترسێ و برادەران بە جێ ناهێڵێ، بەڵێ راستە و منیش دەڵێم: کەریم هەمیشە

مرۆڤێکی ئازا بووە بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە کەریم هەر وەک لە چەند جێگادا لە بیرەوەریەکاندا دەڵێت: برادەران جگە لە من هەموویان کیسەیان بۆ شۆرش هەڵدروو بوو، پێیانوابوو سەر لەبەر بەڵام من بە وابەستەی شام دەزانی، لە لایەکی دیکەوە ئەو برادەرە لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی وەک شورەوی، چێکۆسلۆواکی، مەجارستان، بولغارستان و یوگوسلاڤی پەیوەندی دائیمی هەبوو، سەدان کەین و بەینی لەگەڵ سەفارەتەکانیان هەبوو، لە بەغداد زیاتر خۆی بە وابەستەی بەوان دەزانی تا ئێمە، ئەوکاتیش هەمووی ئەوانە و حیزبی شیوعی عێراقیش کە لەگەڵ حکومەت لە میساقدا بوون هەموو شۆرشی کوردیان بە وابەستەی ئێران و ئیمپریالیزم دەزانی.

کەریمی حیسامی زیاتر لە حیزبەکانی برای بەرەی سوسیالیستی پشتیوانی وڵاتی سۆڤییەت بوو و سیاسەتی ئەم وڵاتەی لە هەر بوارێک دا، بی ئەم‌لاوئەولا قبووڵ بوو. عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ٢٠٠ "ئەزموونی خەبات" دا دەنووسێ کە ئەو پێی‌وا بوو کە ئەگەر لە نیوان مەلامستەفا و حەسەنولبەکردا، شەڕ روو بدا، شووڕەی پشتیوانی لە کێ بکا، ئێمەش دەبێ پشتیوانی لەو بکەین. عەبدوڵای حەسەنزادە لە درێژەدا لە لاپەڕەی ٢٠١ دەنووسێ کە کەریمی حیسامی لە لای باڵوێزی رووس دەستی زۆر دەڕۆیی و دەڵێ: بۆ ئەوەی شتی خۆی بسەپێنێ زۆری هەوڵ دەدا کە لە شەئنی دوکتۆر قاسملووی کەم کاتەوە. پێوەندیی وی دەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی گەیشتە ئەو جێگایە کە جارێکی لێرە دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ سەفارەتی شووڕەوی قسەی کردبوو. گوتبووی پێمان خۆشە پێوەندییەکی پتەوترمان هەبێ. سەفیر گوتبووی پێوەندیمان بۆ نیە، ئەوە نیە پێوەندیمان دەگەڵ ڕەفیق کەریم هەیە. دوکتۆر قاسملوو گوتبووی نا مەبەستم ئەوەیە نوێنەری ئێمە دەگەڵتان دە پێوەندی دا بێ. ئەویش گوتبووی ئەوە نیە ئەو نوێنەرتانە. عاقیبەت دوکتۆر گوتبووی جەنابی سەفیر ئەگەر ئێوە کەریمی حیسامی وەک نوێنەری خۆتان لەلای ئێمە دادەنێن، ئێمە پێمان باش نیە، بەڵام ئیعتیڕاز ناکەین. چونکی ئێوە نوێنەری خۆتان دادەنێن. بەڵام ئیدی ئەو نوێنەری ئێمە لەلای ئێوە نیە. ئێمە نوێنەری خۆمان بۆخۆمان دیاری دەکەین. ئەوە ئیدی بە ئاشکرا وا بوو.

هەر لەسەر پەیوەندی دوکتور قاسملوو و کەریمی حیسامی، عەبدوڵای حەسەنزادە لە لاپەڕەی ١٩٩ دا دەنووسێ: بەڵام کەریمی حیسامی یەکجار قەرزداری دوکتۆر قاسملوو بوو. یانی کەریمی حیسامی هەرچی لە سیاسەت دا پەیدای کردبوو لە دەرەوەی وڵات بە کۆمەگی دوکتۆر قاسملوو پەیدای کردبوو. دەنا کەریمی حیسامی کابرایەکی کەم سەواد بوو کە دە خەبات دا هەبوو، نەقشی هەبوو خوا هەڵناگرێ. بەڵام کە چووە دەرێ هیچی پێ نەبوو. دوکتۆر قاسملوو زۆری کۆمەگ کرد وەربگیرێ. کۆمەگی کرد بخوێنێ. بۆخۆی جاروبار ئیددیعای دەکرد دیپلۆمی هەیەو جاروبار ئیددیعای دەکرد دوکتۆرای هەیە. هیچیشیانی نەبوو. بەڵام مەدرەکی کلاسی حیزبیی هەبوو لە چێکۆسلۆڤاکی کە مەعموولەن بەوانە دەڵێن دیپلۆم. بەڵام لە عەینی حاڵدا کەریمی حیسامی دوژمنایەتییەکی عەجیب سەخت و بێڕەحمانەی دەگەڵ دوکتۆر قاسملوو دەکرد. دەلیلەکەشی دەتوانم ئەوەی بڵێم، لەباری فکری سیاسی‌یەوە دوکتۆر قاسملوو لەوی چەپتر بوو.

نەک وەک ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست چونکە ئەندامی هیچ حیزبێکی کۆمۆنیست نەبوو، بەڵام لەوی کۆمۆنیستتر بوو. فەرقیان ئەوە بوو کە کاک کەریم ببوو بەکلکە بۆ وڵاتانی سۆسیاستی. ببوو بە کلکەیەکی موتڵەق. دوکتۆر قاسملووش هەر لە کۆنەوە، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە، مونادیی ئەوەی بوو کە سۆسیالیزم بێ عەیب و نەقس نیە و دەبێ دەسکاریی تێدا بکرێ. ئەوە کە پێی گوترا سۆسیالیزمی دێمۆکڕاتیک، ئەوە گەرایەکەی لەمێژ بوو لە مێشک و بیروباوەڕی دا خوڵقا بوو. پاشانیش باوەڕی بە سەربەخۆیی حیزبی دێمۆکڕات بەرامبەر بە هەموو حیزب و هێزو دەسەڵاتێکی دنیا هەبوو. هەم لە باری بڕیاردان و هەم لەباری سیاسی یەوە باوەڕی بەوە هەبوو. کەریمی حیسامی باوەڕی وا بوو کە ئێمە دەبێ ئەوە بکەین کە شووڕەوی دەیڵێ.

مەلا رەسوڵ لە لاپەڕەی ٣٧٦ بیرەوەرییەکانی دا باسی شەڕی خۆی و کەریمی حیسامی دەکا کە چۆن لێیداوە و وەبەرمستانی داوە و شپرزەی کردووە و ئەو شەڕەش پەیوەند دەداتەوە بەوە کە کەریمی حیسامی لە باری ناموسی‌یەوە بنەماڵەی دۆستەکانی نەپاراستووە و کارەکەی بۆتە مایەی شەرمزازاری بۆ هەیمەنەی حیزبی دێموکرات.

بە دوای ئەو شەڕەدا حەمەدەمینی سیڕاجی، دوکتور قاسملوو لە دەرەوەی وڵات ئاگادار دەکا و کومیتەی ناوەندی لە بەغدا کۆ دەبنەوە و بڕیار دەدری کە هەردووکیان هەڵپەسێردرێن.

لە رێکەوتی ١٩٧٨/٩/١٥ دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەمیر قازی و حەسەن شەتەوی بۆ دوو مەبەستی سەرەکی گەرانەوە بۆ بەغدا. یەکەم رێکخستنەوەی حیزب و بەڕێوەبردنی پلانی تێکۆشان لە نێوخۆ وڵات دا، دووهەم کۆ کردنەوەی رێکخراوە نەیارەکانی کوردی دژی ریژیمی عێراق بە مەبەستی پێکهێنانی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق. دوکتور قاسملوو بۆی گرینگ بوو کە ئەو خودموختارییەی کە رێژیمی عێراق لە کوردستان دا ئێعتڕافی پێکرد بوو، بپارێزرێ.

دوکتور قاسملوو لە دەهەی حەفتادا گرینگی زۆری بەوەدا کە مەڕحومی مەلا مستەفا و دەوڵەتی عێراق رێکەون. کاتێک ئەو مەبەستە سەری نەگرت، ئەوجار دوکتور لە ئوروپا لە هەوڵی ئەوە دابوو کە بتوانێ دوکتور مەحموود عوسمان و ... بێنێتەوە بۆ عێراق تا ویستەکانی خۆیان لە گەڵ حکومەت بێننە گۆڕێ و لەگەڵ یەک رێککەون.

دوکتور هەر کە گەڕاوە بۆ بەغدا داوای کۆبۆنەوەی کرد. بەڵام بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی داوایان کرد کە تا گەڕانەوەی کەریمی حیسامی، دەست رابگیرێ. ئەوجار ئەوان دژی ئەوە بوون کە دوکتور قاسملوو لە نێوان حێزبی بەعس و دوکتور مەحمود عوسمان و شەمسەدین موفتی دا نێوبژی بکا و لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە بە کێشەکانی حیزب رابگا و بە پێی لاپەڕەی ٢٤١ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، تەنانەت کەسانی وەک حەمەدەمینی سیراجی ئەوکارەیان بە دەلالی بۆ بەعس دەزانی.

دوکتور هەر کە گەڕاوە، بڕیاری چوونەدەری مستەفای شڵماشی و رئوفی نەویدی کە بە هۆی حیزبی شیوعی عێراق ویزای خوێندنیان لە شووڕەوی بۆ وەرگیرا بوو، رەد کردە و بە پێویستی نەزانی کە ئەوان وڵات بەجێ بێڵن. هەرچەند ئەوان کارەکەیان تەواو ببوو و ئامادەی سەفەر بوون،

بەڵام دوکتور رئوفی بە هێندێک بڵاوکراوە ناردەوە بۆ نێوخۆی وڵات. ئەو لە نێوان سەردەشت و بانە گیرا و تا رووخانی رێژیم شا لە زیندان دا بوو.

پاش چەند رۆژ، کەریمی حیسامی گەڕاوە و لە رۆژی ۱۹۷۸/۹/۲۳ کۆبوونەوە دەستی پێکرد. تەوەری گرینگی ئەو کۆبوونەوەیە ئەو بوو کە کەریمی حیسامی و مامۆستا هێمن و مەلارەسوڵ پێشنماز و حەمەدەمین سیڕاجی دەیانەویست باسی مەسائیلی سیاسی بکرێ. بە بڕوای ئەوان کارەکانی دوکتور لە دەرەوەی وڵات، هەروەها ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دوکتور مەحمود عوسمانەوە هەبوو لە گەڵ سیاسەتی حیزب نەدەهاتەوە. دوکتور قاسملووش گرینگی بە بەشیماڵی و باس لە کێشەی کەریمی حیسامی و مەلا رەسووڵ دەکرد کە پێکەوە بەشەڕ هاتبوون. دوایە کێشە ماڵییەکە چارەسەر کرا و بابەتەکانی دیکە مابوون. کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ۲٤٤ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی دەڵێ، پاش کەین و بەینی دوکتور قاسملوو لە گەڵ هێندێک لە ئەندامانی رێبەری، توانی رایان بگۆڕێ. مامۆستا هێمن بەو کردەوەیە توڕە بوو و کۆبوونەوە بەجێهێشت و بە دوای ئەو دا حەمەدەمین سیراجی و مەلارەسوول و کەریمی حیسامی، وەدەر کەوتن. باقی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە بریتی بوون لە دوکتور قاسملوو، ئەمیر قازی، هاشم کەریمی(تا ئەوکات ئیستیعفای دابوو)، حەسەن شەتەوی، مەلا سمایل حاجی و کەریم حەداد، بڕیاریان دا کە کەریمی حیسامی و مەلا رەسووڵ، بۆ ماوەی ساڵێک لە ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی هەڵپەسێردرێن.

کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ۲٤٥ بەرگی پێنجی بیرەوەرییەکانی دا دەڵێ کە بە پێی ئەو بڕیارە ئەو حەقی نەبوو کارێ حیزبی بکا. چەند رۆژ دوای ئەو رووداوە، نوێنەری دەوڵەتی عێراق و کەریمی حیسامی چاویان پێک کەوت و بە پێی ئەو سەرچاوەیە، نوێنەری عێراق بە کەریمی حیسامی گوت کە دوکتور قاسملوو پێیگوتوە: لە بەر ئەوەی رەفیق حیسامی زۆر لە حیزبی کومۆنیستی عێراق نیزیک بۆتەوە، کە لە گەڵ سیاسەتی حیزبی ئێمە ناگونجێ بۆ ساڵێک دوورمان خستۆتەوە.

دوای ئەو بڕیارە کەریمی حیسامی بە رێکەوتی ۱۹۷۸/۱۰/٥ لە نامەیەکی ۱۳ لاپەڕی بۆ کومیتەی ناوەندی دا، باس لە کێشەکان دەکا و بەرپەرچی ناوەرۆکی ئەو بڕیارانە دەداتەوە کە بوو بە هۆی هەڵپەساردنی.

لە دەقی نامەکانی دا دەردەکەوێ کە بەوە تاوانبار کراوە کە کەڵکی خراپی لە بەرپرسایەتی وەرگرتووە. ئەو بەرپرسایەتی هەموو مەسئولییەتەکان وەک جێگری سکرتێر، مەسئولی یەکەمی حیزب لە بەغدا، بەرپرسی تەشکیلات و مەسئولی پەیوەندی دەرەوەی بە حیسابی خۆی دانابوو. بەگشتی کەریمی حیسامی خودی حیزب بوو و کاری تاقە کەسی و فەردی کردوە و تووشی نەخۆشی خۆبینیین بووە. هەروەها نەزەری خۆی داسەپاندوە و سوکایەتی بە ئەندامان کردوە. ئاخرین بابەتێک کە کەریمی حیسامی پێیوایە، پێی تاوانبار کراوە، لە سەر هەڵسوکەوت لە گەڵ

ژنان بووە کە بە جورێک جوڵاوەتەوە کە دژی پرستیژی مەسئولێکی حیزبی بووە و لەگەڵ داب و نەریتی کورد نایەتەوە.

ئەگەرچی لە هەر رێکخراو یان تەشکیلاتێکی سیاسی دا، پاراستنی نامووس و ئەخلاقی باش و داوێن پاکی، شەرتی سەرەکییە و سەرەڕای ئەوەش کە کەریمی حیسامی ژنیشی هەبوو، بەڵام ئەو ئاشقێکی غەدار بوو و بۆخۆشی ئەو بابەتە ناشارێتەوە و لە چەند جێگای بیرەوەریەکانی دا، باسی گێروەدە و ئاشق بوونی خۆی بە کیژانی ١٤ساڵی بنەماڵەی ناسیاوی دۆست و ئاشنای ئەندامانی حیزب دەکا و دەڵێ لەگەڵ ئەوان خۆشی رابواردوە.

کەریمی حیسامی لە نامەکەی دا رەخنە لە هاشم کەریمی دەگرێ و هێرش دەکاتە سەر کەریم حەداد و مەلا رەسووڵ پێشنماز و حەسەن شیوەسەڵی و لە ئاخردا پێشنیار دەکا کە لە ماوەی یەک حەوتوودا کونفرانس بگیری و لە لاپەڕەی ٢٥٦ بەرگی پینجی بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: ئەگەر لەو ماوەیەدا کۆنفرانسێکی حیزبی نەبەسترێ هەموو پەیوەندییەکی خۆم لە گەڵ ئەو ٦ کەسە دەپچڕێنم و بۆ تێکۆشان لە سەر رێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هیچ هەوڵ تەقەلایەک دریغی ناکەم.

بە پێی لاپەڕەی ٢٥٧ بەرگی پێنجەمی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، دوای ئەو نامەیە، حەسەن رەستگار لە نامەیەک دا بۆ کەریمی حیسامی، دوای ئەوە ئەو بڕیارە بە کودەتا دادەنێ، دەنووسێ: تەک دەستیان خۆش بێ. با ئەم وشترە لە دەرگای تۆش بنوێ. چۆن تۆ مەعاشی منداڵەکانی منت بڕی، ئاواش مەعاشی منداڵەکانت ببڕێ.

حەسەنی رەستگار لە لاپەڕەی ٦١ بەرگی ٢ بیرەوەرییەکانی دا بەشێک لەو نامەیەی هێناو کە کاتی خۆی بۆ کەریمی حیسامی نووسیوە و دەنووسێ: ئەوەندەی لەبیرم مابێ بەم شێوەیە دەست پێ کرابوو "ڕاویانی داستان و ناقیلانی ئاسار وا دەگێڕنەوە، لە کاولە ئیحسایە، دارە قوتیلەی بەر بەغدایە لە یەمین و لە یەسار دوو لەشکر بەرامبەری یەک ڕاوەستاون، وشتری سپی چاوڕەشیان بەردایە مەیدانێ، وشتر دەی لرخاند و تۆزی دەچوو بۆ ئاسمانێ، دەهات و دەچوو، وشتر وەرە لەبەر بێ بەختی و بێ شانسی لەبەر خیوەتی کاک کەریم خۆی لە ئەرزی دا و ئیخی خوارد".

کەریمی حیسامی ئەوە رەد دەکاتەوە کە معاشی منداڵی حەسەن رەستگار بڕی بێ و ئاماژە بەوە دەکا کە لە کاتی هاوکاریان دا قەت دۆستایەتیان تێک نەچووە و لە سەر سەزاێ حەسەن رەستگار دەڵێ کە ئەو خەتای نەبووە و لە لاپەڕەی ٢٥٧ بەرگی پێنجێ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ: مەلا حەسەن جارێک بە نامە و دەستخەتی سکرتێری حیزب و دووجار بە بڕیاری دەفتەری سیاسی لەبەر بێ دیسیپلینی و شەڕ لە گەڵ ئەندامی کومیتەی ناوەندی سزا درابوو...

دواتر حەسەنی رەستگار چوو بە بەغدایە و زۆر رەخنەی لە مەلا رەسووڵی پێشنماز گرت و لە ماڵە حەمەدەمینی سیڕاجی لەگەڵ کەریمی حیسامی ئاشتی کردنەوە.

کەریمی حیسامی بە ریکەوتی ١٠/١٢ ١٩٧٨ نامەیەکی دیکە بۆ کومیتەی ناوەندی نووسی و داوای لەو ٦ کەسە کرد کە هەست بە بەرپرسایەتی بکەن و بۆ ئەوەی حیزب تووشی لەتبوون و

دووبەرەکی نەبێ و ئەو چوار کەسە (مامۆستا هێمن، حەمەدەمین سیراجی، مەلا رەسوول و کەریمی حیسامی) لە حیزب نەچنەدەر، ئەو بڕیارە هەڵوەشێتەوە و دیسان داوای گرتنی کۆنفڕانسی کرد.

کەریمی حیسامی بە رێکەوتی ١٩٧٨/١٠/٢٢ نامەیەکی دیکە بۆ کومیتەی ناوەندی نووسێ و دیسان داوای هەڵوەشانەوەی بڕیارەکەی کرد. بەڵام دوکتور قاسملوو رای ئەسپارد کە باشترە لە خانووی حیزب نەبی و بچتە ماڵە حەمەدمین سیڕاجی.

هەرچەند مەترسی لێکدابڕان و جوێ بوونەوە لە ئارا دا بوو، بەڵام هەوڵی ئەو چوارکەسە بێ وڵام ماوە. حەمەدەمین سیڕاجی پێشنیاری بە کەریمی حیسامی کرد کە واز لە حیزبی دێموکرات بێنن و بچنە ناو حیزبی تودە. بە پێێ لاپەرەی ٢٥٩ بەرگی ٥ بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، حەمەدەمین سیراجی دەڵێ: ئیمە کە خۆ بە مارکسیست دەزانیین دەبێ جێگامان لە نیو حیزبکی مارکسیستی بێ.

دوایە، ئەوانە دەچنە لای حیزبی کومونیستی عێراق و ئەو بابەتە لە گەڵ ئەبوو سەلیم و ئەبوو سامان باس دەکەن. ئەوان بۆیان روون دەکەنەوە کە نابی و بە قازانج نییە کە حیزبی دێموکرات بەجێ بێڵن و داوایان لێدەکەن کە مل رابکێشن.

بە دوای ئەوانەدا کەریمی حیسامی چوو بۆ ماڵە سیڕاجی. رۆژێک نوێنەری عیراق لە بەغدا چووە ماڵە حەمەدەمین و٣ هەزار دۆڵاری دا بە کەریمی حیسامی بۆ کڕینی بلێتی فروکە و ١٠٠٠ دۆلاریش دا بە سیراجی. سیراجی پارەکەی وەرنەگرت و کەریمی حیسامی ئەویشی وەرگرت و دوایە دوو هەزار دۆڵاری دا بە سیراجی و گەڕاوە بۆ بۆڵغارستان.

ئەو گیروگرفتە نیوخۆیانەی حیزب، کۆسپی گەورە بوون لە سەر بەڕێوەبردنی پلانی کار و گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات و بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی "سیامی".

## بەشی ١١٣
## هێز و توانای ئێران لە دەهەی چل و پەنجاکان دا

بە دوای بە  هێز بوونی دەوڵەتی ئێران لە هەموو بوارێکەوە، شا بێ ئەوەی گرینگی بدا بە دژکردەوەی وڵاتانی جیهانی، لە ساڵی ١٣٤٨ پەیمانی یەک لایەنەی کەنداوی عەرب(شەتولعەڕب) کە لە ساڵی ١٣٢٥ (١٩٤٦) لە زەمانی رەزا شا دا، لە ژێر زەختی دەوڵەتی ئینگلیس، بە سەر ئێران دا داسەپا بوو و ئێران حەقی کەشتیرانی تێیدا نەبوو، هەڵوەشاندەوە. کشتییەکانی هێزی دەریایی لە ئاوەکەدا، بە ئاڵای هەڵکراوی ئێرانی سەروخواریان کرد. عێراق ئامادەیی شەڕ بوو بەڵام رووسەکان حەسەنولبەکریان ئارام کردەوە و پێشیان بە شەڕ گرت.

هەروەها ماوەیەک دواتر، دوای ئەوە هێزی دەریایی ئینگلیس کەنداوی فارسیان بەجێهێشت، هێزی دەریایی ئێران بێ ئەوە گوێ بداتە نارەزایەتی وڵاتانی عەڕەب، سێ دووڕگەی ئەبووموسا و تونبی چکۆلە و گەورەیان داگیر کرد.

هەر لەو ساڵەدا هێزەکانی ئێران، دامەزراوەی نەفتی شرکەتی ئەمریکایی ئاکسیدنتاڵ کە بە نوێنەرایەتی عەربستانی سعوودی لە ئاوەکانی کەنداوی فارس دا، خەریکی دۆزینەوەی نەوت بوو، تێک و پێک دا.

لە کردنەوەی کاناڵی سوئێز لە ساڵی ١٣٤٤ شا، کوڕە گەورەکەی، رەزا پەلەوی نارده میسر، تا لەو مەراسیمەدا لە تەنیشت ئەنوەر سادات بەشدار بێ. لە ئاخرین شەڕی هیند و پاکستان لە ساڵی ١٣٥٠ کە هیندوستان بە لای شووڕەوی دا شکابوو، سەرەرای ئەوەی ئێران یارمەتی ماڵی بە پاکستان دەکرد، کەرەسەی پێویستی فڕۆکەی شەڕکەریشی دایە.

ئەگەر فڕۆکەکانی پاکستان بە هۆی تەیارەکانی هیند هێرشیان کرابایە سەر، بۆ خۆ دەرباز بوون هەقیان هەبوو خۆ بگەیەنن فڕۆکەخانەی زاهیدان و خۆ نەجات بدەن بێ ئەوەی فڕۆکەوانەکانی هێند بوێرن ئاسمانی ئیران ببەزێنن.

لە لایەکی دیکە، شا لە ساڵی ١٩٧٣ لە شەڕی نێوان وڵاتانی عەڕەب و ئیسرائیل کە بە شەڕی رەمەزان بە ناوبانگ بوو، رێگای بە تەیارەکانی شورەوی دا، تا بە ئاسمانی ئێران دا، یارمەتی بگەیەننە سووریە. هەروەها چەند فرۆکەی هێرکۆلیسی ١٣٠ی لە ئیختیار عەڕەبستان نا، تا هێزی سەرباز بۆ پشتیوان لە ئۆڕدۆن پێبگوێزنەوە.

لە رادەی دەسەڵاتی وڵاتی ئێران دا، شا هەموو داموودەزگاکانی وڵاتی لە ژێر فەرمانی دابوو. سەرۆک وەزیران بەردەست و کار راپەڕی ئەو بوو و هیچ کاریک بە بێ شا بەڕێوە نەدەچوو و ئەوەندە غەڕە و لە خۆبایی ببوو و خۆی لیگۆڕا بوو کە چوو بووە نێو کەڵیشەی شایانی گەورەی دەوڕانی ئیمپڕاتووری ئێرانێ قەدیم و ئەو خەیاڵە لە کەلەی دا بوو کە خۆی بە جێگر و پارێزگاری دەستکەوتەی شای شایان، "کوروش" کە گۆڕەکەی لە ئاوایی "پاسارگاد" ی شیراز هەڵکەوتبوو و زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ بە سەر مێژووکەی تێدەپەڕی، بناسێنێ. شا لە ساڵی ١٣٥٠ لە مەراسمێکی گەورە و بە شکۆ دا، ئەو یادەی بەرز کردەوە و خۆێ بە پاریزەر و درێژەدەری ئەو شانازیە ناساند.

مەراسیمەکە بە بەشداری زۆربەی کەسایەتی گەورەی جێهان، بە شکۆیەکی بێ وێنە بەڕێوە چوو و شا لە حاڵێکدا چۆکی دەلەرزی پەیامەکەی بەوجۆرە خوێندەوە: کورووش، شای گەورە، شای شایان، شای هەخامەنشی، شای ئێران زەوی، لە لای من شاهەنشای ئیران و لە لایەن میللەتی من، درودت لێ بێ...

کورووش! ئێمە ئەورۆ لە بەرانبەر مەزاری ئەبەدی تۆ کۆبووینەوە تا پێت بڵێین: ئاسوودە بنوو ئیمە بەخەبەرین...

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران زۆریان بایەخ بەو جێژنە نەدا و لە دەرەوەی وڵاتیش دا ئەو رێوڕەسمە وا هەڵسەنگێندرا کە شا توشی نەخۆشی خۆ گەورەبین بووە. لەو جێژنەدا نیکسۆن سەرکۆماری ئەمریکا و دۆستی نیزیکی شای، برێژنێف رێبەری شووڕەوی و خاتون مەلەکە ئێلیزابتی دووهەم شاژنی بریتانیا و ژۆرژ پمپیدۆ سەرکۆماری فەرانسە بەشدار نەبوون و لە لایەن خۆیانەوە نوێنەریان نارد.

بە پێی لاپەڕەی ١٨٩ کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات لە نووسینی جەلیل گادانی، ئەو جێژنە ٢٠٠ میلیون دۆلاری تێچوو، ٦٩ ولات تێیدا بەشدار بوون. چوونێتی بەشداربووان بریتی بوون لە ٢٠ پادشا و ئەمیر، ٢١ شازادە، ٥ شاژن، ١٦ سەرکۆمار و ٤ جێگری سەرۆک کۆمار و٣٠سەرۆک وەزیر و دوو وەزیری دەرەوە.

ئەو جێژنە لە کاتێک دا بەڕێوە چوو کە دوو لە سێ بەشی خەڵکی ئێران لە ئێمکانی داودەرمان بێ بەری بوون و٩٠ لەسەدی گووندەکان و زۆر شاروچکەکان، کارەبا و رێگاوبان و ئاوی خۆاردنەوەیان بە تەواوی نەبوو.

لە کۆتایی ساڵەکانی ١٣٥١ تا ١٣٥٢ لە نەکاو ئێران کە بە " هەڵۆیی" ئۆپێک بەناوبانگ ببوو، قیمەتی نەوتی٣ بەرابەر و ماوەیەک دواتر ٤ تا ٥ بەرانبەری بردە سەر. لە سەر ئەو کارە، ویلیام سایمەن، وەزیری ماڵی و بەرپرسی پەیوەندی کاروباری ئێران، بە شای گوتبووو "حۆلی دێوانە". لە سەر ئەو قسەیە، ریچارد نیکسۆن بۆخۆی داوای لیبوردنی لە شا کرد و سایمەنی لە سەر کار لابرد. شا لە ساڵی ١٩٧٣ بڕیاری دا کە دەبێ دوای ٦ ساڵی دیکە دەستی کۆنسرسیۆم، لە نەوتی ئێران کەم ببێتەوە و ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ بۆخۆی کۆنترۆلی ئەو سەنعەتە بە دەستەوە بگرێ و قەرادادەکە لەگەڵ ئەو شرکەتە نەبەسترێتەوە. ئێران لە ساڵی ١٩٧٤ یارمەتی بە تورکییە کرد کە بەشێک لە وڵاتی قبرێس داگیر بکا. دژبەرانی شا لە ئەمریکا، زۆر بەوە توڕەبوون کە شا لە دەرەوەی ئێران کەڵک لە چەکەکانی ئەمریکا وەردەگرێ و بە پێچەوانەی ریکەوتنامەکان دەجووڵێتەوە.

شا دوو رۆژ بەر لەوەی بچی بۆ واژوو کردنی پەیمانی ئەلجەزایر لە رێکەوتی ١٣٥٣/١٢/١١ (١٩٧٥/٣/٢) بە سەرۆکی هەر چوار بە ناو حیزبی لایەنگری خۆی کە ماڤی تێکۆشانیان هەبوو و بریتی بوون لە حیزبی مەردوم و حیزبی ئێرانی نەوین و حیزبی ئێرانیان و حیزبی پان ئێرانیست، فەرمانی دا کە حیزبەکانیان هەلوەشێنن و بچنە ناو حیزبی رەستاخیزی میللی ئێران. حیزبی ئێران نوین و حیزبی مردم بە دەستووری شا، لە ساڵی ١٣٥٣ بە هۆی "هوویدا" دامەزرا بوون. ئەوانە

دەستکردی شا و ئەو هەمەکارە و سێبەری خوا لە سەر عەرز بوو. ئەو وەک خودایەک هەڵسوکەوتی دەکرد و وەکیل و وەزیر و ژێنڕالەکان، وەک بەردەست و نۆکەر کەڵکیان لێوەردەگیرا.

سەرەڕای ئەوانە لەو ساڵانەدا، زۆربەی داهاتی وڵات بۆ ئەرتەش و کڕینی کەرەسەی نیزامی تەرخان دەکرا. دەستەڵاتی ئەمریکا لە ئێران زۆر بوو و لە ساڵی ١٣٥٥ رادەی ٢٤٠٠٠ راوێژکاری ئەمریکایی لە ئێران کاریان دەکرد. هەوەڵین سەفەری شا بۆ ئەمریکا لە مانگی نوامبری ١٩٤٩ بوو. شا لە رێکخراوی نێونەتەوەیی جێهانی قسەی کرد و دوایە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئێرانی لە زانکۆی کولمبیا کردەوە. رەنگ دانەوەی ئەو سەفەرە لە رۆژنامەکان دا، زۆر بوو و شەوانە شا لە وەزارەتی دەرەوە میوانداری لێدەکرا و لە گەڵ کچانی هالیوود کە دیاری بە قیمەتیان دەدرایە، بە خۆشیٚ رایدەبوارد.

بە گشتی لە ماوەی یەک دەهە دا، واتا لە ساڵەکانی ١٩٦٨ بۆ ١٩٧٨ رادەی داهاتی نەوتی ئێران زیاتر لە یەک سەد میلیارد دۆلار زیادی کرد و ئیران بە زۆر وڵاتی گەورەی دنیایە، یان یارمەتی دەکرد یان قەرزی دەدانیٚ.

ئیران لە شرکەتی ئەتۆمی فەڕانسە، بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن بۆ کارگای ئەتۆمی کە بەرنامەی دروست کردنی لە ئێران داڕشترابوو، هەروەها لە پاڵاوگەی نەوتی "ساسولبورگ" لە ئەفریقای باشوور و "پۆسان" لە کوریای باشور، سەرمایەگوزاری کرد و هەروەها بەرنامەی هەبوو کە شیرکەتەکانی پۆمپی نەوتی بازارەکانی ئوروپا بکڕیٚ. ئێران هێندێک بەشی ماشێنی "بێنز" و شیرکەتی ئاسنی "کروپ"ی ئاڵمانی کە بە هۆیی بیٚ پارەیی دەهات تووشی مایەپووچ و ئیفلاس بن، کڕی و لە داڕمان و ئیفلاس نەجاتی دان.

پێبەپیٚ ئەو داهاتە زۆرە و ئەو گرینگییەی کە شا دەیدا بە کرینی چەک، ئەو زیادە لە حەد غەرە و لە خۆ بایی ببوو. هیندێک سیاسەتی لە گەڵ ولاتانی زلهێزی رۆژئاوا نەدەهاتەوە و وایلێهاتبوو کە هیچ وڵاتێکی بە هێند نەگریٚ و ببوو بە ژاندارم ناوچە و رۆاڵەتی سەربەخۆیی بە خۆوە گرتبوو.

شا لە چاوپێکەوتن لە گەل هەواڵدەرەکانی دەرەوە، بە بیٚ رێزی لە سەر وڵاتان دەدوا و دەیگوت کە لە ئەمریکایە، جوو بە سەر رۆژنامەکان رادەگەن و بەرپرسانی ئەمریکا بە دەست ئەوان هەڵدەسوورِن. شا لە ساڵی ١٣٥٦ لە وتوویژ لە گەڵ "بارباراواڵتێز" کەسایەتی تلوێزۆنی ئەمریکا، بێنیازی خۆی بە وڵاتانی دیکە بە تایبەتی بە ئەمریکا دەربڕی و لە وڵامی ئەو هەوالدەرە کە ئایا ئەمریکا پارە دەدا بە ئێران گوتی: پارە؟ بۆ چی؟ ئەگەر ئێمە بە ئێوە پارە نەدەین، ئێوە بە ئێمە پارە نادەن. ئێمە بە کرینی شتومەکی ئێوە دەریایەک پارەو دەدەینیٚ.

باربارا دوایە پرسی کە کڕینی ئەو هەمووە چەکە بۆ هێرشە یان بۆ بەرگری؟ شا لە وڵام دا گوتی کە ئێران دوو جار لە شەڕەکانی هەوەڵ و دووهەمی جێهانی سەرەرای بیٚ لایەنی داگیر کرا، بەڵام ئیدی ئیجازە نادریٚ کە رووداوێکی ئاوا دووپات بێتەوە.

ئەگەرچی شا لە حاست وڵاتانی دەرەوە دا خۆی بە بێ مینەت دەزانی و پارسەنگی نێونەتەویی لێ تێک چوو بوو و تەنانەت لەبیری چووبۆوە کە چیان بەسەر بابی هێنا، بەڵام لە دەروون دا کەسێکی بویر و ئازا نەبوو. سامێکی پڕ لە مەترسی و دڵەخورپە و نیگەرانی لەسەر کێشەکانی نێوخۆیی، هەناوی داگرت بوو.

ئەحمەدی قازی لە دەست نووسێک دا باسی سەردەمی زانکۆ لەسەرەتای دەهەی ٤٠ دەکا کە لەگەڵ دوکتور سەعید شەڕەفکەندی لە تاران بوو و لە نیزیکەوە شای دیوە و دەنووسێ: یەکێک لە بیرەوەرییەکانی ئەم مەودایە ئەوەیە، رۆژێکیان لە ساڵی ئاخردا دەگەڵ سەید مەحموود و سادق و ساڵح عەتایی و چەند هاورێی دیکە لەسەر میزی خواردنی رەستوورانی کووی دانیشگا دانیشتبووین و تازە خۆراکمان وەرگرتبوو کە گوتیان شا (محەممەد رەزا شا) هات. پاش دوو سێ دەقیقە ئەعلاحەزرەت و ئیقباڵ سەرۆک وەزیران و دوکتور بێهمەنیش رەئیسی گەرەکی زانکۆ ( کوی دانشگاە) و چەند کەسی دیکە وەژوور کەوتن. هەموو خوێندکارەکان لە جێی خۆیان هەستان و بە حاڵەتی رێز گرتنەوە راوەستان. شا و هاورێیانی یەکراست هاتنە سەر میزی ئێمە. هۆی ئەم کارەشی ئەوە بوو کە سەید مەحموودی دەناسی، چونکە قارەمانی هەڵداشتنی دیسک بوو. ئەحواڵی هەموومانی پرسی و چاوێکی لە ئاڵووباڵوو پلاوی بەردەممان کرد و پرسیاری کرد لە خۆراک رازین یا خێر؟ بەڵی قوربان رازین. پاشان کە زانی هەمووومان کوردین ئەسپاردی کە پاش تەواو بوونی دەرسەکانمان حەتمەن بگەرێینەوە شارەکانی خۆمان چونکە کوردستان زۆر دواکەوتووە و نیازی بە ئێمە زۆرە.

ئەوەی لەسەر و پۆتەڕاکی شا ئێستاش لەبەر چاوم ماوە، ئەوەیە کە رەنگی مردووانی لێنیشتبوو. پێستێکی مردووی مەیلەوسپی کە زۆر باش تاشرابوو. زۆر باشیش کرێمی تێدرابوو بە سەر دەم و چاوی کشابوو. زۆر کز و لاواز بوو. ئێسکیroومەتی دەرپەری بوو، جل وبەرگی نیزامی دەبەردابوو، بەڵام بۆی گوشاد بوو. چاوی دەبرووقانەوە وهێندێک دەقووڵەوە چووبوون. لەسەر یەک پیاوێکی جوانم نەهاتە بەرچاو، کەسێک بوو کە دە دنیای خۆیدا دەژیا. هیچ زەوق و چێژ و ورەیەکی تێدا بەدی نەدەکرا و هاورێکانی لە خۆی رێک وپێک تر بوون. لەحزەیەک بەلامانەوە راوەستان و پاشان رۆیشتن.

بە گشتی لە ئێران دا سەرەڕای ئەوەی کە ژیانی بەشێک لە خەڵک تارادەیەک باش بوو و چینێکی کەلانی سەرمایەداری و توێژی مامناوەندی بە هێز پێکهات بوو، بەڵام نەبوونی ئازادی سیاسی و پەرەسەندنی فەساد و گەندەڵی و تەخشان و پەخشان لە دەزگاکانی دەوڵەتی دا، دابەش کردنی ناعادڵانە سەروەت و سامان و کەڵک وەگرتنی تاقمێکی هەلپەرستی قازانج خۆازی دز لە کار و بەرنامەکانی ئاوەدانی وڵات دا، هەروەها زەخت و زۆری هێزەکانی ئەمن و پولیس و ژاندارم و ساواک، لە ناوچەکانی وەک کوردستان و بلوچستان و گرینگی نەدان بە ئاوەدانی ئەو ناوچانە، بوو بە هۆی پێکهاتنی قەیرانی گەورەی نێوخۆیی.

جیا لەوانە ئایین و مەزهەبی شیعە وەک بەشێکی گرینگ لە سەرخان و کلتوری کۆمەڵگای ئێران، تەوەری سەرەکی دیکە ئەو شۆڕشە بوو. ئەگەر نارەزایەتی بە دژی رێژیمی شا لەسەرەتا دا بە شێوەی خەباتی مەدەنی و پارلمانی و لە شێعر و ئەدەبیات دا خوێ دەنوواند و دوایە لە چوارچێوەی جوڵانەوەی کورد لە ژێر رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و کردەوە رەشەکوژییەکانی چریکی فدایی و ریکخراوی موجاهدینی خەڵک دەرکەوت، ئەوجار دەریای خرۆشانی کۆمەڵانی مەزهەبی خەڵکی وەزاڵە هاتوی ئێران بوو کە تەخت و بەختی رێژیمی پاشایەتیان راماڵی.

## مەقالەی "ئێران و ئیستیعماری رەش و سوور"

کۆی گشتی کەموکوڕی و فەساد و گەندەلی و ناعیدالەتی و نەبوونی ئازادی سیاسی و دێموکراسی، بوون بە هاندەری گەورە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٣٥٦ بە دژی رێژیمی پاشایەتی بە تێکڕایی راپەڕن. خۆپێشاندان سەرەتا لە شارە گەورەکان دەستی پێکرد و دوایەش سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و وەک لاڤاو دامودەزگاکای رێژیم راماڵێ.

لەو قۆناغەدا رێکخراوی پیشکەوتووی سەرانسەری لە گۆڕێ دا نەبوو کە بە باشی کەڵک لەو هەلومەرجە وەرگرێ و یەکجێ دەستەڵات بە دەستەوە بگرێ و حوکمێکی پێشکەوتوو دابمەزرێنێ. هەر رێکخراوەێک لە هەوای خۆی لێدەدا و پلان و ستراتیژی دروست لە گۆری دا نەبوو. هەموو کەس دەیزانی کە دەبێ شا بروا، بەڵام کەس نەیدەزانی کە چیدەوێ و کێ دێ و دەستەڵات بە دەستەوە دەگرێ. وەزعی نەتەوکانی کورد و تورک و عەرەب و بلوچ و تورکمەنیش باش نەبوو و تەنیا حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری نەتەوەیی کورد لە مەیدان دا دابوو کە ئەویش بە هەزاران کێشەوە لە دوور وڵاتەوە دەیروانییە رووداوەکان. لەو وەزعییەتێکی ئەوتۆ دا، ئیسلامییەکان بە رێبەری خومەینی مەیدان داری سەرکی راپەڕینەکە بوون و توانییان لە هەزاران منبەری مزگەوتەکان کەڵک وەرگرن و پشتیوانی نێونەتەوەی بە تایبەت چەند وڵاتی زلهیز بەدەست بێنن و دەستەڵاتی شا راماڵن. ئەگەرچی خومەینی هەڵگری دواکەوتورین بیر و روانگەکانی مەزهەبی بوو و نووسراوەکانی نیشانی دەدا کە چەند دەبەنگ و کۆنەپەرست بوو، سەرەڕای ئەوەش لە لایەن بە رواڵەت رووناکبیرانی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوترین رێکخراوەکانی ئێرانی، رێزی لێگیرا. وێنەی خومەینی کەوتە سەر روخی مانگ و موی برۆی کەوتە نێو لاپەڕەکانی قورئان و قسە پڕوپووچ و بێماناکانی لە گوێ خەڵک دا زرینگانەوە و لە شەو دا، دەنگی ئەڵاوئەکبەر لە سەربانی ماڵان، گوێ عالەمی کەڕ کرد.

خومەینی تەنانەت زانستی ژیان و ئابووری گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکیشی، بە بەشە ماڵی کەر و گوێدرێژان دانا و ئێستاش پاش تێپەڕ بوونی ٤٠ ساڵ، کاربەدەستانی ئەو رێژیمە هەر بەو شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ سیستیمی ماڵی و ئابووری ئێران و جێهان دەکەن.

وورد بوونەوە لەو بابەتانە ئەوە دەسەلمێنێ کە مەزهەبی شیعە چەندە کاریگەری لە سەر هزر و بیری پێشکەوتوترین چین و لایەکانی سەر بەو ئایینە هەیە و چۆن ئەو دین و ئۆلە لە رەگ و خوێن و پیستیان دا گۆش دراوە و تیایاندا بۆتە غەریزە.

لەسەر کارناسانی مەزهەبی شیعە، برایمۆک لە لاپەڕەی ٦٦ کتێبی "هەتا سبەی ماڵئاوا" دا دەنووسێ: عەلی شەریعەتی لە زیندان دابوو بەلام رێژیم لە ترسی ئەوەی کە مەبادا هەڵای لێ پەیدا بێ، نەیدەتوانی پێش بە کتێبەکانی بگرێ. کتێبەکان سوسیالیزم و سەرمایەداری رەد دەکردە و پشتی بە بنەما سونەتییەکانی ئابووری ئیسلامی دەبەست. ئەو لە گەڵ بۆتەفلیقە وەزیری دەرەوەی ئەلجەزایر دۆست بوو و گویا ئەو لە کاتی پەیمانی ئەلجەزایر دا تکای لە شا کردبوو کە ئازادی بکا. شەریعەتی ئازاد بوو و دوایە بە دزی ساواک چووە لەندەن و وەک دەگوترا لەوێ "سیا " دەرمانداوی کرد و کوشتی. ئەو شوێنەوارێکی گەورەی لە سەر دانانی بناغەی شۆڕشی ئیسلامی ئیران هەبوو.

لە ساڵی ١٣٥٦ دژایەتی توند و بەربڵاوی کۆمەڵگای خەڵکی ئێران، لە دژی شا دەستی پێکرد. رووی ئەو خۆپێشاندانانە لە دژی ئەمریکا بوو کە لەو سەردەمەدا لە ئێراندا نفووزی بەرچاوی هەبوو. شا، نەخۆش بوو و بە دەست نارەحەتی سەرەتان، کە لە هەمووکەس تەنانەت لە خێزانیشی شارد بۆوە، دەیناڵاد. ئەو بۆ بەرگری کردن لە نارەزایەتی خەڵک و ئارام کردنەوەی وڵات، هووەیدا کرد وەزیری دەربار و جەمشیدی ئاموزگار کە لایەنگری ئەمریکا بوو، کرد بە سەرۆکی وەزیران. بەڵام جەمشید ئاموزگار کارێکی لە دەست نەهات و لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا، نووسینی مقالەیەک لە رۆژی ١٦ بەفرانبار ١٣٥٦ کە گوایا "نیکخا" نووسیبووی، دیسان ناوی خومەینی خستەوە سەر زاران.

لەو رۆژەدا لە سەر پێداگری داریوشی همایون وەزیری زانیاری و گەشت و گوزار، سەرەرای دژایەتی ئەحمەدی شەهیدی و فەرهادی مەسعوودی لە بەرپرسانی رۆژنامەی ئیتلاعات، مەقالەیەک لە ژێر سەردێری "ئێران و ئیستیعماری رەش و سوور" بە واژۆی کەسێکی بەدەڵ، بە ناوی ئەحمەد رەشید موتڵەق، بڵاو بۆوە. نووسەر بە توندی هێرشی کرد بووە سەر خومەینی و باسی ناوەرۆک و پێکهاتەی ئیستیعماری رەش و سوور، ئەوەی کە ئەوانە ماهییەتیان هەر یەکە، کرد بوو و لە ئاکام دا دەنووسێ کە ئەوانە کەم وایە کە بە یەکەوە هاوکاری بکەن، بەلام لە دژی شۆڕشی سپی ئێران یەکیان گرتووە و دەنووسێ: بکەری رووداوی شەرماوی ١٥ جۆزەردان، رووحوڵای خومەینی ناسراو بە "سەیدی هیندی" بوو. لە بارەی پەیوەندی خومەینی بە وڵاتی هێند هێشتا نیزیکترین کەسانی ئەو هیچیان باس نەکردوە. گوایا ئەو ماوەیەک لە هێندوستان بوو و لەوی لەگەڵ هیندێک ناوەندی ئیستیعماری ئینگلیس پەیوەندی هەبووە. بەو هۆیە بە ناوی سەیدی هندی بە ناوبانگ بووە.

ئەو مقالەیە لە کۆتایی دا خومەینی بە پیاوی ئینگلیس و هاوکاری حیزبی تودە بە حیساب هێنا. مقالەکە، یەکێک لە جێگرەکانی پێشووی وەزارەتی ئیتلاعات کە لە وەزارەتی دەرەوە کاری دەکرد،

به فەرمانی هووەیدای نووسی و درا بە داریوش هومایون و ئەویش دای بە ڕۆژنامەی ئیتلاعات و گوتویە کە شا دەڵێ ئەوە دەبێ چاپ بێ. کاربەدەستانی ڕۆژنامە هەموو موخالیفی ئەوە بوون کە چاپ بێ، بەڵام دوایە لە دەربار را راستەوخۆ دەستووری چاپی درا.

ئەوەی لە نووسراوەدا بوو گشتی راست بوو. باپیری خومەینی خەڵکی کشمیر بوو و براکەی لە وڵاتی هێند لە دایک ببوو و برازاکانی هیندی بوون. ئەوجار خومەینی شاعیر بوو شێعری ئاشقانە و عیرفانی دەگوت.

هەرچی بوو ئەو مقالەیە چەغماغەی شوڕشی ئیسلامی لێدا و رۆژی ١٩ بەفرانبار ١٣٥٦ خۆپێشاندانیکی گەورە لە قوم دەستی پێکرد. داواکانی خۆپێشاندەران کە لە سەر منبەر بە هۆی ئایەتوڵا موجتەهیدی کرمانی خوێندراوە، بریتی بوو لە ١٣ خاڵ کە لەوان دا داوای گەڕانەوەی ئایەتوڵا خومەینی کرابوو کە لە ساڵی ١٩٦٣ بە فەرمانی شا لە ئێران بۆ شاری نەجەف لە عێراق دوور خرابۆوە. لە خاڵێکی دیکەدا، داوای ئازاد کردنی زیندانییە سیاسییەکان وەک مونتەزری و تاڵەقانی کرابوو و هەروەها داوا کرابوو کە رێژیم پەیوەندی خۆی لە گەڵ رێژیمی ئیسرائیل بپچڕێنی. خۆپێشاندەران هەر لە دوا نیوەڕۆی ئەو رۆژە، لە رادەیەکی زۆرتر دا، لە مزگەوتی ئەعزەم کۆبوونەوە و بێ سرنج دان بە هەڕەشەی پۆلیس و ساواک، بە دروشمی "مەرگ بەر شا" رژانە سەر شەقامەکان و هێرشیان کردە سەر بانکەکان و داموودەزگاکانی حکومی و وینەکانی شایان داگرت و ئاوریان تێبەردرا. بەڵام لە پێش دەرکی پولیس، خۆپێشاندەران کەوتنە بەر دەسڕێژی هێزەکانی رێژیم و بە پێی هێندێک سەرچاوەی سەر بە خۆپێشاندەرەکان کە زۆر زیادەڕەوی تێدا دەکرا، زیاتر لە ٢٠٠ کەس کوژران. دەزگاکانی رێژیمی شا ئاماژەیان بە کوژرانی ٥ کەس کرد کە دوایە تەرمی کوژراوەکان بە بری ١٥٠٠ تمەن داوە بە بنەماڵەکانیان. خومەینی لە نەجەف بەیانییەی دا و گوتی: کارتر و دزەکانی تری کانگاکانی میللەتانی فەقیر، دەبێ بزانن کە محەمەدرەزاخان خائین و یاغییە و دەبێ بە زۆر لە سەلتەنەت ولابنرێ.

لەو خۆپێشاندانەدا بێحوڕمەتی بە سنووری ئایەتوڵا شەریعەتمەداری کرا بۆ ئەوەی بە لای خومەینی دا بشکێتەوە. تەوژم و کاریگەری راپەڕینی قوم بە رادەیەک بوو کە زۆربەی شارە گەورەکانی ئێران وەک تاران شیراز و مەشهەدی گرتەوە. لە رۆژانی ٢٠ و ٢١ بەفرانبار دا ئەو خۆپێشاندانانە رۆاڵەتی گشتی یەکگرتوویی و یەکریزی هەمەلایەنەی لە نێو گشت کۆمەڵانی خەڵک دا پێکهێنا و دروشمی نەمان و روخانی رێژم بوو بە ئاواتی هەمووان. سامی ئەو خۆپێشاندانە بە رادەیەک بوو کە ریژیم هاتە سەر ئەو باوەڕە کە بیر لە رێفۆرم و هێندیک ئیسلاحات بکاتەوە و مەلا شیعەکانی زیندانی ئازاد بکا. بەڵام رەوتی ئاڵوگۆڕەکان ئەوەندە خێرابوو کە بە هیندیک کردەوەی لاوەکی ئەوتۆ ئارام نەدەبۆوە و دەبوو کاری سەرەکی و بنچینەیی کرابا. سەرەرای ئەوانەش سەرکوت و زەبروزەنگی ریژیم بەردەوام بوو و رێژیم بە بێ تێبینی و لێکدانەوە چەند مەلای گەورەی شیعەی بۆ کوردستان و شوێنەکانی دیکە دوور خستەوە. لەوانە ئایەتوڵا مونتەزری

بۆ سەقز و ئایەتوڵا شێخ ساڵح نەجەف ئابادی و مەکارم شیرازی و ئایەتوڵا تاهیری بۆ مەهاباد و ئایەتوڵا مەهدەوی کەنی بۆ بۆکان و ئایەتوڵا خەلخاڵی بۆ بانە دوورخرانەوە.

ئەوجار لە رۆژی ١٣٥٦/١١/٢٥ بۆ یاد و رێزلێنان لە چلە شەهیدانی شاری قوم، ئایەتوڵا شەریعەتمەداری مانگرتنی گشتی لە شاری تەورێز راگەیاند و داوای لە خەڵک کرد کە لە مزگەوتان کۆ ببنەوە و نەچنە سەرکار. هێزەکانی رێژێم ویستیان بڵاوەیان پێبکەن بەڵام خەلک بە دروشمی مەرگ بەر شا و ئەمریکا رژانە سەر شەقامەکان. ئەو راپەڕینە لە ماوەیەکی کەم دا زۆربەی شوێنەکانی شاری گرتەوە و خۆپێشاندەران زۆربەی دامودەزگاکانی دەوڵەتیان بە تایبەتی بانکەکانیان ئاور تێبەر دا. رێژیم لە شارەکانی دیکە را هێزی کۆ کردەوە و بە تانک هێرشی کردە سەر خۆپێشاندەران و خەڵکێکی زۆریان کوشت و زیاتر لە ٤٠٠٠ کەس بە هۆی ساواک دەسبەسەر کران.

هاوکات لە گەڵ ئەو زەخت و زۆریانە، رێژیم بۆ مانی خۆی دەستی بە هێندێک کارقایمی کرد. مووچەی کارمەندانی ئەمنی و هێزی نیزامی زیاد کرد و دەسەڵاتی حیزبی رەستاخیزی کەم کردەوە. تا ئەوکات کە شا لە وتوویژەکاندا، دانی بە بوونی زیندانی سیاسی دانەدەنا، ئەوجار رێگای بە رێکخراوی نێونەتەوەیی ئامنیستی ئەنترناشناڵ دا کە بێن و زیندانییەکان ببینن. هەر بە هۆی ئەو رێکخراوەیە و لە سەر داوای ئەوان، عەزیز یۆسفی ئەندامی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە نەخۆشی دڵی هەبوو، لە ساڵی ١٣٥٦ پاش ٢٥ ساڵ ئازاد کرا.

خۆپیشاندانی شاری تەورێز، سەرەتای قۆناغێکی گرینگ لە خەبات بە دژی رێژیمی پاشایەتی بوو.

# بەشی ١١٤
## ئازاد بوونی عەزیز یۆسفی



عەزیز یۆسفی

عەزیزی یۆسفی ئەندامی دێرینی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات کە لە چەند قۆناغ دا گیرا و بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ زیندانی کێشا، لە ساڵی ١٣٥٦ بە دوای ئیعتراز و خۆپێشاندانەکانی سەرانسەری خەڵکی ئێران، لەسەر داوای رێکخراوی ئەمینیستی ئەنترناشناڵ (رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون) ئازاد بوو. دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات پەیوەندی لەگەڵ عەزیزی یۆسفی گرت و رەمز و نیشانەی لێوەرگرت و بەو نیشانانە دەفتەری سیاسی لە بەغدا نامەیەک بۆ جەلیل گادانی نووسی و داوای کرد کە کاک عەزیز بچێ بۆ بەغدا تا لەوێڕا بۆ چاک بوونە بنێردرێتە دەرەوەی وڵات. بەڵام کاک عەزیز بە هۆی ساوەساوی و رارایی بڕیاری نەدا کە بچێ.

کەریمی حیسامی لە لاپەرەی ٢٧١ بەرگی ٢ ی کتێبی "پێداچوونەوە" دا لەسەر ئازاد کردنی عەزیز یۆسفی دەنووسێ: دوکتور قاسملوو لە ئوروپا بۆ ئازادی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات (عەزیزی یوسفی و غەنی بلوریان ) کە ٢٥ سال زیندانیان کێشا بوو، بە حەبسی ئەبەد حوکم درابوون. تێکۆشانێکی شێلگیرانە دەست پێدەکات. لە رێکخراوی لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی (ئەمنیستی ئینترناسیونال) دا مەسەلەی عەزیزی یوسفی دێنێتە گۆرێ و پرۆفیسۆر( لوشار) لە زانستگای برۆکسێل هاندەدا کە لە تاران لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران باسی عەزیزی یوسفی و غەنی بلوریان بکا. لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانەدا رۆژنامە نووسی بەناوبانگی بەلژیکی دەتوانێ لە زیندانی کومیتە چاوی بە عەزیزی یوسفی بکەوێ و وتوێژی لەگەڵ بکات و دەقی وتوێژەکە لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٦ی مارسی ١٩٧٧ دا بڵاو دەکرێتەوە. تێکۆشانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ هێزەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی و ئەمنیستی ئینترناسیۆنال دەبێتە هۆ کە لە تاران ٩١ کەس لە زیندانیانی سیاسی ئازاد بکرێن کە کاک عەزیزی یوسفیش یەک لە وان دەبێ. پاشان هەوڵ دەدرێ کە کاک عەزیز بێتە دەر و لە ئوروپا معالجە بکرێ. بەڵام بەداخەوە پێراناگا و لە مانگی یونی ١٩٧٨ لە تاران دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێ و ئاواتی لە مێژینەی لەگەڵ خۆی دەباتە ژێر خاک. تێکۆشانی دوکتور قاسملوو بۆ ئازادی غەنی بلوریانیش هەر بەر دەوام دەبێ و ناوی لە ریزی پێشەوەی لیستەی ئەمنیستی ئینترناسیوناڵ دا تۆمار دەکرێ کە رژیمی پاشایەتی دەرووخێ و غەنی بلوریانیش پاش ٢٥ ساڵ لە زیندان دێتە دەرێ.

مەلا رەسووڵی پێشنماز لە لاپەڕەی ٣٥٤ کتێبی سەربردەی ژیانم دا باسی عەزیزی یۆسفی دەکا کە رازی نەبوو لەگەڵ ئەو بچێ بۆ عێراق و دەنووسێ: ... چەند ساڵ بوو باوکم و عەلیم نەبینیبوون، هەر بە واندا نامەی کاک عەزیزی یوسفی و نامە بۆ سەید حەسەنی هاشمی و هەندێک رۆژنامە

و تێکۆشەرم ناردن و داوام لە سەید حەسەن کردبوو نامەی عەزیز بگەیەنێت، ئەگەر بهاتایە عەلی برام بە ماشێنی خۆی دەهێنا، کە چی بە خۆشیەوە ئەو برا کۆنە توودەییە قین لەسکە نەهاتبوو، فەرموو بووی لەبەر ئەوەی کاتی خۆی حەسەنی رەستگار لایەنگری لە دوکتۆر مەولەوی کردووە کە سەردەستەی ناسیۆنالیستە کوردەکانی ناو حیزبی دیمۆکراتە، لەسەر ئەوە لەزینداندا کە سدیقە سووری خاتەمی بە دنەدانەکانی عەزیزی یوسفی جنێوی بە دکتۆر مەولەوی داوە لێیداوە و رەسووڵ پێش ئمازیش برا و ئامۆزای ئەوە، من ئامادە نیم لە گەڵی بێم.

هەروەها هاشمی کەریمی لە لاپەڕەی ٢٢٢ بیرەوەرییەکانی دا دەنووسێ کە بە هۆی عوسمانی برای پەیوەندی بە عەزیزی یۆسفی گرتووە کە بچتە عێراق تا حیزب لەوێڕا بەڕیی کا بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام مەرگ مۆڵەتی نەدا.

نەسرین قاسملوو لە لاپەڕەی ١٧٤ ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا... باسی کەسایەتی عەزیزی یۆسفی لە پێش دەستبەر بوونی، ئەوکات کە لە تاران پێکەوە دەژیان دەکا و دەنووسێ: ڕێژەیەکی زۆر لەوانە قارەمانییەتی وایان لە خۆی لە خۆیان نیشان داوە کە کەس جگە لە لێنا (نەسرین) باسیان ناکات. هەریەک لەوان بە شێوازی تایبەت بە خۆیان خەباتیان کرد و بەرەوڕووی تەنگ و چەڵەمەی زۆر بوونەوە. بۆ ئموونە، یەکێک لەوانە عەزیزی یۆسفی بوو ئەو هاو خەباتێکی بە ئاگاو شاد بوو. هەموو خۆشیان دەویست زۆر تەمبەڵ بوو، بۆ وێنە لە بری ئەوەی وەکوو هەمووان لە دەوری سیفرە چوارمەشقی دابنیشی، وەکوو ڕۆمییە کۆنەکان، ڕادەکشا. گەر پێویستی بە خوێی بووایە، سەرەڕای ئەوەی خوێدانەکە لەبەر دەستی دا بوو، لە هاوڕێکەی تەنیشتی داوا دەکرد بیداتە دەستی و ئەوەش بۆ ئەوە بوو لە شوێنی خۆی نەجوڵێت و شێوازی دانیشتنەکەی تێک نەدا. تەمبەڵیی کاک عەزیز ببووە هۆی گاڵتە و گەپی هەمووان و هەر کاتێک بەو بۆنەوە گاڵتەمان دەکرد و پێدەکەنین ئەویش بۆخۆی لەوڕۆوە کە پیاوێکی ڕووخۆش بوو لەگەڵمان دەکەوتە پێکەنین.

ماوەیەک پاش ئەو پشووەی کە پێکەوە لە گوندی قاسملوو بردمانەسەر، عەزیز دەسبەسەر بوو و کەوتە زیندان و ئەشکەنجە کرا. ڕێژیمی پاشایەتی بە تاوانی هەڵسووڕانی پیلانگێرانە بە دژی شا و ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ٢٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند.

عەزیز مرۆڤێکی دروستکردار و بەئاگا بوو. لە زیندان فێری زمانی ئینگلیسی بوو و هەندێک کتێبی لە نووسەرە بریتانییەکان وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی. شایانی باسە کە لە زیندانەکانی شادا، زیندانییەکان دەستیان بە کتێب و ڕۆژنامە دەوڵەتییەکان ڕادەگەیشت. عەزیز زۆری دەخوێندەوە. پێش دەست بەسەر بوونی، کۆمۆنیستێکی باوەڕمەند بوو. لە ساڵەکانی مانەوە لە زینداندا، گۆڕانکاری بە سەر باوەڕەکانی دا هات.

پاش ئەوەی کە لە زیندان ئازاد بوو، لە سای خوێندنەکانیدا بە سانایی توانی بەسەر ئەو ئاستەنگانەدا کە لە سۆنگەی ئاڵوگۆڕەکانەوە پێک هاتوون زاڵ بێت.

دوو ساڵ پێش ئازادبوونی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی عەزیزی وەکوو "زیندانی ساڵ" ڕاگەیاند و لەو سۆنگەوە توانی ساڵێک زووتر لە زیندان ڕزگاری بێت. پاش ئازاد بوون، عەزیز لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران نزیک بووەوە. ئەو و عەبدوڕەحمان کە هاوڕێیەتییەکی لە

مێژینەیان هەبوو، باش لە یەکتر تێدەگەیشتن. مەخابن، یازدە مانگ پاش ئازاد بوونەکەی دڵی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد.

لە کاتی ئازاد بوونی عەزیزی یۆسفی دا، رێبەری حیزب لە عێراق، بە داڕشتنی گەڵاڵەی "سیامی" وردە وردە خۆی ساز کرد تا بگەڕێتەوە بۆ نێوخۆی وڵات و لە نیزیکەوە بەشداری لە ئاڵوگۆڕەکانی ئێران دا بکا و جڵەوی کارەکانی کوردستان دا بگرێتە دەست.

**کۆتایی بەرگی ٤**

سەرچاوەکان

بەشێک لە سەرچاوەکانی زمانی کوردی کە بۆ ئەو کتێبە کەڵکی لێوەرگیراوە
١ – کوردستان و کورد، دوکتور کەماڵ مەزهەر
٢ – دەوڵەتی جمهوری کوردستان، مەحمود مەلا عیزەت
٣ – بارزانی و بزوتنەوەی رەزگاریخوازی کورد، مەسعود بارزانی
٤ – چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی ، دوکتور قاسملوو
٥ - پەنجا ساڵ خەبات، جەلیل گادانی
٦ - کوردەکان، حەسەن ئەرفەع
٧ - کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامید گەوهەری
٨ - کۆماری کوردستان، حامید گەوهەری
٩ - پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، ریچارد ئەی مۆبلی
١٠ - تاریک و روون، مامۆستا هێمن
١١ - چێشتی مجێور، مامۆستا هەژار
١٢ - ئەزموونی خەبات، عەبدوڵا حەسەنزادە
١٣ - رۆژگاری ون بوو، دەستنووسی رەحمانی قازی
١٤ - وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی عەبدوڵا قازی
١٥ - ئاڵەکۆک، غەنی بلوریان
١٦ - بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسەند
١٧ - بیرەوەریەکانم، کەریمی حیسامی
١٨ - حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا
١٩ - قازی محەمەد، حامید گەوهەری
٢٠ - قازی محەمەد، رەحیمی قازی
٢١ کاروانی خەیاڵ، خالید حیسامی(مامۆستا هێدی)
٢٢ - ئاوێنەی شکاو، خالید حیسامی(مامۆستا هێدی)
٢٣ - لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، ئەمیر قازی
٢٤ - چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم، رەشید ئەحمەدی
٢٥ - خۆم و باپیرانم، سیامەند شێخ ئاغایی
٢٦ - چەپ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەیوب ئەیوبزادە
٢٧ - گۆڤاری نیشتمان

٢٨ - رۆژنامەی کوردستان و گشت نووسراوەکانی سەردەمی کۆمار، کوردی و فارسی
٢٩ – "شەوێک و خەوێک" بیرەوەرییەکانی محەممەد نووری(عەتری گڵۆڵانی)
٣٠ - حەقیقەتی مێژوو، عەبدوڵا حەسەنزادە.
٣١ - "گەشتێک لە ئاربابای بانەوە بۆ باوەجیی کۆیە" لە نووسینی هاشمی کەریمی.
٣٢ - "کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان" لە نووسینی سمایل بازیار.
٣٣ - کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم نووسینی رەحمانی کاژەیی.
٣٤ – بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم نووسینی حەسەن رەستگار(دوو بەرگ)
٣٥ - کتێبی "بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی" لە نووسینی "کریس کۆچرا".
٣٦ – کتێبی "کورد بوون" بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی
٣٧ – کتێبی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا" لە نووسینی نەسرین قاسملوو.

بەشێک لە سەرچاوەکان بە زبانی فارسی

بەشێک لە سەرچاوەکان بە زبانی فارسی

١ – تاریخچه خانواده قاضی، خلیل فتاح قازی
٢- روزنامه تاریخ، گردآوری یوسف قاضی(چاپ نشده)
٣ - جمهوری کوردستان، ئیگلتۆن
٤ – قاضی محمد در آینه اسناد، بهزاد خوشحالی
٥ - اسرار محاکمه قاضی محمد و یارانش، محمد رضا سیف قاضی
٦ - بحران آذربایجان، عبدلله مجتهدی
٧ - پیشوای بیداری، سعید همایون
٨ - نامه هفتگی کوهستان
٩ - فرقه دموکرات آذربایجان،شارخ فرزاد
١٠ - از زندان رضاخان تا صدر فرقه دمکرات آذربایجان
١١ - خاطرات دکتر هاشم شیرازی
١٢ – خاطرات ویلهلم لیتن
١٣ – انکار و مقامت نوشته علی مراد مراغەیی
١٤ – نقاب، خاطرات محمد باقر بنی عامری

## ناوەکان

ئەحمەد تۆفیق ,118, 115, 114, 113, 111, 82 ,
122, 137, 144, 145, 146, 147, 148, 150,
151, 152, 153, 154, 155, 157, 158, 167,
169, 170, 186, 187, 188, 189, 190, 191,
192, 194, 202, 211, 214, 227, 229, 230,
231, 233, 241, 243, 244, 245, 246, 247,
248, 249, 250, 267, 279, 280, 284, 286,
287, 288, 293, 294, 295, 296, 297, 300,
303, 309, 310, 311, 313, 314, 315, 316,
317, 318, 321, 322, 323, 324, 325, 326,
327, 328, 331, 339, 340, 342, 346, 364,
377, 430, 433, 436, 470, 471, 472, 473,
474, 475, 476, 495, 533, 534, 535, 537,
538, 539, 541, 545, 546, 547, 548
ئەحمەد قاسمی402 ,
ئەحمەد نستانی637 ,636 ,635 ,
ئەفشار50 ,19 ,
ئەمیر قازی ,242 ,225 ,209 ,187 ,170 ,167 ,
247, 279, 293, 294, 296, 300, 303, 313,
315, 316, 324, 325, 326, 334, 346, 351,
354, 355, 357, 362, 369, 376, 377, 423,
424, 429, 437, 460, 462, 470, 471, 472,
473, 474, 475, 476, 485, 488, 496, 510,
553, 554, 564, 573, 626,640, 645, 654,
655
ئەمیری قازی ,267 ,247 ,245 ,187 ,170 ,167 ,
294, 296, 300, 303, 322, 324, 326, 331,
341, 346, 351, 354, 355, 356, 382, 383,
427, 429, 433, 470, 471, 472, 474, 475,
476, 487, 496, 574, 626, 630
یۆسفی خوسرەوی435 ,184 ,183 ,
ئیبراهیم ئەحمەد ,228 ,227 ,213 ,210 ,140 ,
234, 236, 265, 273, 274, 275, 276, 281,
292, 434, 549
ئیدریس بارزانی ,356 ,348 ,347 ,322 ,321 ,
376, 424, 433, 470, 474, 475, 499, 500,
540, 575, 576, 577, 578, 579, 584
ئەحمەد تۆفیق ,118 ,116 ,114 ,112 ,54 ,29 ,
119, 143, 144, 158, 159, 160, 161, 165,
166, 168, 169, 172, 173, 174, 175, 186,
187, 188, 189, 194, 197, 201, 208, 209,
210, 212, 213, 215, 217, 219, 220, 221,
222, 223, 224, 225, 227, 234, 235, 237,
238, 241, 242, 243, 246, 247, 248, 249,
250, 251, 279, 282, 283, 285, 286, 292,
294, 296, 297, 298, 299, 304, 311, 317,
318, 321, 322, 323, 324, 325, 326, 327,
328, 331, 332, 334, 339, 345, 369, 394,
431, 472, 473, 475, 476, 481, 511, 533,
534, 535, 539, 540, 541, 542, 543, 544,
545, 546, 547, 548, 549, 551, 558, 598,
599, 600
ئەحمەد کاکەمەمی134 ,85 ,
ئەحمەد نستانی603 ,503 ,493 ,452 ,
ئەحمەدی قازی ,184 ,183 ,176 ,171 ,26 ,24 ,
197, 198, 352, 353, 357, 386, 387, 388,
437, 661
ئەسعەدی خودایار549 ,247 ,158 ,86 ,
ئەسکەندەر عەلی378 ,

برایم ئەحمەد ,364 ,146 ,141 ,140 ,115 ,17 ,
383, 616, 617, 640
بنی عامری448 ,438 ,435 ,208 ,
پیشەوەری19 ,
پێشەوا ,81 ,73 ,34 ,33 ,32 ,31 ,30 ,29 ,25 ,10 ,
83, 91, 133, 156, 249, 256, 269, 270,
271, 353
تاهیری ئیلخانیزادە440 ,178 ,
تەیمووری بەختیار526 ,525 ,524 ,134 ,

جەعفەراغا کەریمی, 17
جەلیل گادانی, 42, 57, 82, 98, 122, 124, 126, 158, 169, 178, 211, 248, 389, 459, 497, 659, 666
جەلیلی گادانی, 69, 122, 168, 177
جەلال تاڵەبانی, 273, 274, 276, 277, 278, 281, 339, 485, 548, 612, 613, 614
چوکەڵی گەوهەری, 364
حامید گەوهەری, 11, 29, 30, 31, 56, 143, 156, 172, 173, 209, 212, 215, 227, 243, 292, 293, 298, 299, 328, 331, 394, 476, 481, 539, 542, 669
حەسەن رەستگار, 126, 188, 209, 211, 243, 352, 353, 470, 471, 472, 488, 489, 496, 498, 606, 656
حەسەن قزڵجی, 16, 337, 478, 479, 480, 481, 482, 568
حەسەنی باباتاهیری, 167
حەسۆ میرخان, 357, 365, 369, 424, 428
حەسۆ میرخانی ژاژۆکی, 357
حەمە پۆڵا, 551
حەمەدەمینی راتبی, 84, 98
حەمەدەمینی سیراجی, 167, 365, 383, 478, 481, 539, 565, 569, 579, 625, 645
حەمەدی قادری, 88
حوسێن مەدەنی, 194, 209, 211, 229, 243, 283
حوسێن مەدەنی, 210, 225, 288, 299
حوسێنی فروهەر, 52, 185
حوسێنی مەدەنی, 192, 201, 210, 211, 212, 214, 239, 282, 283, 284, 468
حۆسێن مەکی, 38
حەسەن رەستگار, 190, 191, 192, 194, 195, 214, 243, 244, 282, 283, 285, 288, 300, 301, 302, 313, 328, 343, 503, 599, 633, 670
حەسەنی رەستگار, 128, 129, 130, 136, 137, 189, 190, 191, 192, 194, 197, 208, 210, 212, 213, 214, 229, 230, 231, 233, 234, 244, 249, 282, 283, 286, 287, 288, 289, 295, 300, 302, 327, 342, 343, 344, 424, 508, 510, 535, 552, 555, 595, 632, 633, 656, 667
حەسەنی قازی, 402, 468
حەسەنی قزڵجی, 16, 336, 567
حەمە رەشیدخان, 386
حەمەدی مەولوودی, 43, 45, 46, 47, 670
حەمەڕەش, 85, 134, 318
خانباباتێهرانی, 402
خدر محەمەدپوور, 127
خەلیل سەدیقی, 29
خەلیل شەوباش, 467
خەلیل گادانی, 126
خەلیلی مەلکی, 22
خوسرەو تۆفیق, 115, 576, 577
داریوشی فروهەر, 137
دوکتور قاسملوو, 11, 41, 55, 68, 69, 89, 96, 100, 115, 144, 468, 470, 473, 488, 495, 497, 506, 534, 535, 556
دوکتۆر سووڵتانی وەتەمیشی, 551
دوکتور حەسەن شەتەوی, 554, 559
دوکتور سەید حەسەن ئیمامی, 51
دوکتور شیرازی, 10, 51, 91, 92
دوکتور عیزەدین مستەفا رەسوڵ, 16
دوکتور فەرەیدوون کەشاوەرز, 155
دوکتور قاسملوو, 37, 41, 52, 55, 59, 83, 86, 90, 96, 97, 98, 100, 107, 109, 111, 112, 113, 114, 115, 116, 126, 142, 143, 144, 145, 146, 147, 150, 157, 162, 163, 186, 241, 247, 249, 316, 334, 336, 337, 338, 363, 366, 367, 391, 394, 395, 396, 398, 401, 464, 477, 478, 479, 480, 481, 482, 483, 487, 488, 490, 491, 492, 495, 496, 497, 499, 500, 505, 507, 510, 533, 539, 546, 548, 549, 550, 551, 553, 554, 555,

557, 558, 559, 560, 561, 562, 563, 564, 567, 569, 570, 571, 572, 573, 574, 576, 577, 578, 579, 581, 584, 587, 590, 591, 592, 593, 594, 595, 596, 617, 624, 625, 626, 627, 629, 630, 631, 634, 635, 639, 640, 644, 645, 646, 647, 648, 651, 652, 653, 654, 655, 657, 666

دوکتور کامەران بەدرخان, 163

دوکتور مەحموود عوسمان, 494, 643

دوکتور موزەفەری بەقایی, 38, 61, 180

دوکتور مەحموود عوسمان, 614, 640, 644, 654

دوکتور ئاسۆ, 19, 20, 43, 45, 139, 156

دوکتور یاسین سەردەشتی, 294, 318, 321

رادمەنیش, 97, 326, 362, 363, 392, 393, 401, 464, 478, 479, 480, 481, 482

رەحیم جەوانمەرد قازی, 127

رەحیم سوڵتانیان, 12, 80

رەزم ئارا, 36, 39, 40

رەشید ئەحمەدی, 113, 114, 120, 121, 122, 124, 127, 137, 148, 149, 151, 152, 153, 154, 155, 202, 214, 226, 246, 277, 280, 283, 286, 377, 409, 427, 430, 530

رەحمان مسباحی, 184

رەحمانی قازی, 10, 15, 82, 446, 669

رەحمتی شەریعەتی, 135

رەحیم بەغدادی, 184, 185

رەحیم خەڕازی, 12

رەحیمی جەوانمەردی قازی, 128, 133, 185

رەحیمی خەرازی, 56

رەحیمی سوڵتانیان, 17, 42, 51, 56

رەحیمی محەمەد زادە, 199, 200

سارمەئەدینی سادق, 13

ساعیدی مەراغەیی, 39

ساڵح لاجانی, 462, 463, 467

سلێمان موعێنی, 149, 152

سمایل بازیار, 112, 339, 403, 490, 569, 670

سمایل حاجی, 504, 554, 564, 628, 655

سمایلی قاسلوو, 98

سەدام حوسین, 590

سەدیق ئەنجیری, 22, 82, 170, 242, 245, 248, 267, 296, 300, 303, 311, 313, 314, 316, 317, 318, 335

سەلاح موهتەدی, 167, 201, 202, 280

سەلام شەفیعی, 554, 564

سەید رەسوڵ دهقان, 127

سەید رەسوول دێهقان, 246, 328

سەید رەسووڵ دێهقان, 85, 98, 248, 346

سەید رەسووڵ دیهقان, 128, 625

سەید کامیل, 245, 246

سوڵتان ئاغای شێخ ئاقایی, 12

سولەیمان شافعی, 167

سولێمانی موعینی, 392

سولیمانی موعینی, 235, 248, 292, 339, 341, 344, 368, 373, 376, 423, 431, 434, 502

سولەیمانی موعینی, 168, 170, 192, 208, 209, 211, 238, 241, 242, 243, 248, 267, 279, 289, 290, 292, 297, 298, 299, 300, 301, 303, 304, 308, 309, 310, 329, 332, 333, 334, 339, 340, 342, 343, 345, 346, 351, 356, 362, 367, 391, 392, 394, 395, 405, 411, 423, 424, 427, 429, 431,432, 434, 435, 436, 437, 438, 439, 467, 492, 500

سوهەیل قازی, 29

سیروس نەهاوەندی, 402

سەعید کوێستانی, 201, 209, 212, 282, 285, 299, 330

سەید عەلی رەحمانی, 26, 184

شا, 21, 31, 34, 35, 36, 37, 38, 39, 40, 41, 47, 48, 50, 51, 52, 53, 54, 58, 59, 60, 61, 62, 63, 66, 71, 72, 73, 74, 75, 76, 77, 78, 80, 81, 82, 91, 94, 95, 100, 101, 120, 134, 137, 156, 159, 165, 171, 175, 177, 179, 180, 181, 182, 183, 185, 204, 213, 220, 221, 251, 252, 254, 255, 258, 259, 260,

261, 262, 270, 273, 291, 292, 293, 304, 311, 316, 338, 344, 354, 366, 386, 389, 393, 396, 403, 404, 432, 436, 445, 473, 478, 486, 506, 510, 524, 528, 540, 543, 553, 557, 574, 578, 579, 580, 581, 582, 585, 586, 598, 608, 619, 620, 621, 631, 632, 636, 638, 640, 642, 655, 658, 659, 660, 661, 662, 663, 664, 665
شاپەسەند ,14, 15, 16, 278, 345, 525, 526, 528, 669
شێخ لەتیف473 ,13, 37, 369, 428, 430
شێخ مەحموودی حەفید13 ,
عامری ,208, 278, 344, 372, 373, 414, 415, 416, 417, 435, 438, 439, 449
عبداله بارزانی84 ,
عەبدولکەریم قاسم ,13, 137, 139, 140, 141, 142, 157, 165
عەبدوڵڵا حەسەنزادە ,24, 325, 372, 541, 542, 584
عەزیز ساڵح حەیدەری115 ,
عەزیز یوسفی241 ,29, 82, 118, 124, 178
عەزیزی ژیان167 ,
عەزیزی یوسفی ,11, 84, 85, 90, 96, 118, 124, 127, 128, 245, 631
عەلی عەبدوڵا377 ,115, 226, 376
عەلی گەلاوێژی19 ,
عوسمان یوسفی29 ,
عومەر دەبابە273 ,213
عومەری قازی435 ,26, 28, 183, 184
عیسا پەژمان273 ,
عیسمەت شەریف163 ,
عیسمەت خانمی قازی29 ,
عیسمەتی قازی92 ,91
عەبدول نستانی603 ,459, 502, 532
عەبدوڵا حەسەنزادە ,12, 203, 250, 555, 559, 669, 670
عەبدوڵا ئیسحاقی548 ,29, 68, 95, 174, 543
عەبدوڵای حەسەنزادە ,158, 202, 249, 250, 282, 303, 318, 332, 340, 386, 408, 434, 460, 490, 492, 493, 540, 556, 558, 577, 601, 653
عەبدوڵای قازی ,33, 34, 52, 75, 76, 198, 385, 438, 443, 445, 456, 458
عەبدولڕەحمانی زەبیحی134 ,14, 15
عەبدولسەلام عارف339 ,196, 277
عەزیز ژیان184 ,
عەزیز فەلاحی184 ,122
عەزیز فەللاحی86 ,
عەزیزی شاروخ186 ,
عەزیزی فەرهادی47 ,11
عەزیزی یۆسفی ,17, 54, 65, 86, 90, 116, 118, 126, 135, 390, 666, 667, 668
عەلی حەسەنیانی492 ,184
عەلی عەسکەری614 ,273, 278, 281, 564, 612
عەلی مەولەوی387 ,26, 68, 130, 185
عەوڵای قەلەڕەشی551 ,
عەوڵای موعینی442 ,208, 394, 435, 438, 439
غەنی بلوریان ,43, 11, 12, 14, 15, 17, 29, 42, 51, 52, 54, 56, 65, 66, 68, 90, 95, 107, 108, 115, 116, 117, 121, 123, 125, 126, 130, 132, 135, 136, 137, 158, 352, 385, 390, 458, 548, 620, 623, 666, 669
قادر تەگەرانی431 ,119, 403, 411
قادر شەریف ,68, 98, 99, 159, 160, 194, 195, 210, 211, 212, 213, 225, 227, 228, 234, 236, 237, 239, 250, 282, 284, 285, 298, 459, 467, 524, 525, 530, 531, 532, 560
قادر قازی(مامەند)188 ,
قادر ئاغای چوارگا149 ,
قادری مەحموودزادە47 ,11
قازی2 ,
قازی محەممەد591 ,29, 91, 133, 249
قەرەنیاغای مامەش51 ,
کاک حەمەدی قادری67 ,

کاوه مەرەغانی460 ,459 ,
کریس کۆچرا,610 ,609 ,608 ,576 ,484 ,140 ,
612, 614, 615, 629
کەریم حەداد,628 ,564 ,554 ,498 ,496 ,474 ,
655, 656
کەریم نەستانی637 ,636 ,635 ,626 ,188 ,
کەریمی حیسامی,66 ,53 ,48 ,43 ,42 ,37 ,13 ,
67, 68, 69, 70, 82, 83, 88, 89, 97, 98, 99,
109, 114, 115, 144, 145, 146, 147, 148,
150, 152, 153, 157, 158, 162, 163, 164,
210, 308, 309, 314, 316, 330, 335, 336,
337, 338, 339, 342, 357, 362, 363, 364,
365, 366, 367, 379, 383, 392, 393, 395,
401, 405, 430, 432, 437, 450, 463, 464,
472, 478, 479, 480, 481, 482, 483, 487,
488, 491, 496, 497, 498, 499, 500, 505,
506, 507, 510, 534, 536, 537, 539, 554,
557, 559, 561, 562, 565, 567, 569, 572,
573, 574, 577, 578, 581, 582, 583, 584,
587, 588, 590, 591, 592, 593, 594, 595,
605, 611, 612, 615, 616, 617, 620, 624,
625, 626, 627, 628, 629, 630, 631, 634,
640, 642, 643, 645, 646, 647, 648, 651,
652, 653, 654, 655, 656, 657
کوروش لاشایی480 ,402 ,
کوڕی ڕەش157 ,81 ,80 ,31 ,29 ,
کەریمی حیسامی,88 ,83 ,66 ,64 ,56 ,32 ,12 ,
97, 109, 114, 122, 139, 146, 150, 162,
201, 204, 206, 248, 267, 290, 304, 308,
315, 329, 332, 333, 334, 336, 337, 338,
339, 345, 346, 362, 364, 365, 368, 373,
376, 391, 392, 393, 394, 395, 396, 398,
401, 405, 406, 423, 424, 449, 477, 481,
482, 483, 488, 499, 500, 508, 509, 510,
511, 537, 547, 555, 561, 567, 570, 573,
575, 578, 616, 628, 629, 631, 646, 652,
653, 654, 656, 657, 666, 669
لەتیف نەقشی26 ,
مام عەلی ,602 ,601 ,600 ,599 ,598 ,597 ,297 ,
603
مامە قالە127 ,
مامۆستا "هەژار274 ,
مامۆستا هەژار ,292 ,246 ,202 ,147 ,141 ,14 ,
316, 324, 325, 333, 340, 341, 354, 376,
408, 424, 428, 429, 430, 433, 437, 439,
462, 463, 473, 475, 487, 536, 538, 547,
548
مامۆستا هێدی ,447 ,442 ,412 ,369 ,359 ,299 ,
451, 453, 669
مامۆستا هیدی452 ,440 ,422 ,374 ,
مامۆستا هێمن ,63 ,62 ,53 ,36 ,35 ,17 ,15 ,13 ,
67, 73, 74, 89, 90, 91, 99, 132, 470, 471,
496, 497, 500, 505, 510, 550, 552, 554,
555, 557, 560, 561, 562, 566, 573, 577,
578, 595, 596, 599, 602, 603, 606, 629,
634, 648, 651, 652, 655, 657, 669
مامەندی قازی443 ,295 ,283 ,212 ,209 ,
محەمەد ڕەسووڵ حەسەنپوور554 ,
محەمەد ئیلخانی زاد201 ,
محەمەد کەریمی120 ,
محەممەد ڕەوشەنفکر184 ,
محەممەد شاپەسەند ,299 ,278 ,17 ,15 ,14 ,11 ,
456, 526, 527, 529, 530, 531
محەممەد موهتەدی412 ,407 ,
محەمەدی کەریمی(قاقە)11 ,
محەمەدی مولودی44 ,
مستەفا ئێسحاقی29 ,
مستەفا ئیسحاقی167 ,
مستەفا شەڵماشی20 ,
ملا مستەفا13 ,
مەجید خانی ئەحمەدی120 ,114 ,
مەحەمەد موهتەدی480 ,164 ,
مەسعوود بارزانی611 ,586 ,343 ,
مەلا ڕەحیم وردی377 ,376 ,300 ,247 ,154 ,

مەلا رەسوڵ پێشنماز ,187, 188, 189, 243, 334 ,
369, 630
مەلا محەمەدی خۆڕخۆڕە197 ,
مەلا ئاوارە ,210, 226, 284, 328, 333, 334 ,
356, 469
مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی213 ,202, 211 ,
مەلا ئەمجەد12 ,
مەلاخدری دۆڵە گەرمی551 ,
مەلارەحمان لاهیجانی127 ,
موسعود بارزانی174 ,
موسلیحی سێخولئیسلامی412 ,
موسەدیق ,36, 38, 39, 40, 41, 47, 48, 49, 50 ,
53, 54, 58, 59, 60, 61, 62, 66, 71, 72, 74,
75, 76, 77, 78, 96, 139, 180, 308, 436
مونتەقیمی قازی354 ,347, 351, 352, 353 ,
مینە شەم439 ,188, 438 ,
مەرزە خانم458 ,
مەسعود بارزانی669 ,275, 376, 434, 609 ,
مەلا برایمی رۆستەمی200 ,
مەلا رەحمانی کاژەیی600 ,492 ,
مەلا رەسووڵ پێشنماز436 ,212, 423 ,
مەلا رەسووڵ پێشنەماز209 ,
مەلا عەزیزی ئەحمەدی ,358, 495, 496, 504 ,
506, 586, 588, 615
مەلا قادر لاچینی454 ,241 ,
مەلا قادر وردی509 ,
مەلا مستەفا ,19, 43, 138, 139, 140, 142, 143 ,
144, 186, 189, 190, 192, 194, 197, 208,
213, 223, 227, 241, 242, 247, 263, 273,
274, 275, 276, 277, 279, 281, 283, 292,
295, 299, 309, 321, 322, 323, 324, 325,
334, 341, 343, 344, 366, 396, 431, 434,
436, 465, 482, 484, 492, 527, 529, 536,
542, 543, 547, 549, 550, 558, 586, 608,
609, 639, 654
مەلا مستەفا بارزانی ,139, 140, 142, 223, 247 ,
275, 281, 321, 484, 536, 543
مەلا ئەحمەدی شەلماشی239 ,
مەنوچێهر سابتیان403 ,
ناسری فەخرئارای36 ,
نوری شاوەیس281 ,274, 277 ,
نووری سەعید524 ,16 ,
نێژاد ئەحمەد115 ,
نیکخا663 ,403, 404, 405 ,
نەحۆ پاشائی359 ,
هاشم جەلالی153 ,122 ,
هاشم کەریمی ,554, 559, 564, 565, 595, 616 ,
632, 655, 656
هاشم ئەقەلولتولاب98 ,
هاشمی حوسێن زادە ,11, 42, 122, 123, 160 ,
197, 234, 236
هاشمی کەریمی ,11, 98, 389, 412, 491, 492 ,
538, 550, 554, 555, 560, 566, 596, 603,
616, 621, 625, 627, 629, 667, 670
هەمزە عەبدوڵا141 ,14, 16, 115 ,
هەمزە عەبدوڵا140 ,16 ,
وەرەهرام34 ,33 ,

**General history of Democratic Party Kurdistan**

**A time of division, war and separation.**

**Volume 4**

**By: Ghasem Ghazi**